وەرزەکانی بەرەنگاری

مێژووی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی تەمەنی خەبات و پێشمەرگایەتیم تا ساڵی ١٩٨٥

بەرگی یەکەم

شۆڕش ئیسماعیل

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافی)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەرزەکانی بەرەنگاری

مێژووی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی تەمەنی خەبات و
پێشمەرگایەتیم تا ساڵی ١٩٨٥

شۆڕش ئیسماعیل

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوی کتێب: وەرزەکانی بەرەنگاری
ناوی نووسەر: شۆڕش ئیسماعیل
بابەت: مێژوو/یادەوەری
پێداچوونەوەی زمانەوانی: د. جوتیار ژاژڵەیی
دیزاین: سیروان
چاپخانە: کارۆ - سلێمانی ٢٠٢٥
تیراژ: (٢٥٠٠) دانە
نرخ: (١٠٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٨٢٠)ـی ساڵی (٢٠٢٥)ـی پێ دراوە.

©

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە و بەبێ ڕەزامەندیی نووسەر، هیچ دەزگا و لایەنێک بۆی نییە بە شێوازی کاغەزی، دەنگی، ئەلیکترۆنی یان هەر شێوازێکی تر بڵاوی بکاتەوە.

داهاتی کتێبەکە دەبەخشرێت بە نەخۆشخانەی هیوا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشکەشە بە:

- ڕووحی (شەهید سۆفی سمایل)ی باوکم، کۆڵەکەی ژیانمان؛ باڵەوانێک کە زۆر زوو جێی هێشتین و تا ئێستاش گۆڕی ونە،

- دایکم، پێشەنگی ڕووحیم و هۆکاری بەردەوامیی ژیان و سەرکەوتنەکانم،

- جوانەمەرگ (شەهید محەمەد)ی برام،

- هەموو شەهیدانی کوردستان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوەڕۆک

پێشــەکی... ١٥

سێگۆشەی پیرمەسوور، حاجی حان، مەڵکەندی...................... ٢١
ماڵەکەمــان.. ٢٦
سۆفی سمایل (ئیسماعیل)... ٣١
ئایشێ خان.. ٤١
دایکم.. ٤٧
چەند یادەوەرییەکی منداڵیم... ٥٣
حوجرەکەی مەلا ڕەشید.. ٥٥
یاری و ڕمبازێن... ٦٠
قوتابخانــە.. ٦٢
سەرلەبەیانییەک لە بەردەرگا.. ٦٥
تێکەڵبوون بە سیاسەت.. ٦٧
کاکە ئەحمەدم و سەربازی.. ٦٩
ڕووکردنە شاخ... ٧٠
کاروانی قوتابیان.. ٧٢
زیرەکیی سوارەی سەڵتە.. ٧٤
بەرەو چۆمان... ٧٦
بۆردومانی تەیارە... ٧٨
خولی کیمیاویـی... ٨٠
هێزی کاوە... ٨٣

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چیرۆکی کاک ڕەئوف.. ٨٧
بەرەو پێنجوێن.. ٨٩
سەردانی دایکم.. ٩٣
چۆن بووم بە کۆمەڵە؟.. ٩٥
داگیرکردنی سەیدسادق.. ٩٧
ڕێککەوتنی عێراق-ئێران لە جەزائیر.................................... ١٠١
تێکچوونی شۆڕش.. ١٠٣
ئیتحیادییەکان... ١٠٧
تروسکەی هیوا.. ١٠٩
چایخانەکەی حەمەی مامە عەلی.. ١١٣
میوانی ئەمنەکان.. ١١٩
بینینەوەی ڕێبوار... ١٤٠
گەڕانەوە بۆ چیا.. ١٤٤
هەواڵی ماڵەوە... ١٥٤
مانەوەیەکی کاتی و هەڵوەستەیەک.................................... ١٥٦
بەرنامەی کۆمەڵە.. ١٦٩
نەهێشتنی نەخوێندەواری.. ١٨٦
مەڕەکانی حکومەت... ١٨٧
هەستانەوە!... ١٨٩
پەلاماری دوژمن.. ١٩٢
پەڕینەوە بۆ بناری قەندیل... ١٩٥
خەوبینین بەدەم ڕێوە.. ١٩٧
جەولەکردن بە شارباژێڕدا... ٢٠١
دەستگیرکردنی کەسوکار و خێزانی پێشمەرگە........................ ٢٠٥
وچانێک و پێداچوونەوەیەک.. ٢٠٨
دوژمن دەست دەکات بە هێرشی بەرفراوان............................ ٢١٩
قەرەداغ... ٢٢٤
بەرەو گەرمیان... ٢٢٦

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەلاماری جاشەکان.. ٢٣٠
سەدام لە مریەم بەگ.. ٢٣٣
گەڕانەوە بۆ دۆڵی جافایەتی.. ٢٣٥
دادگاییکردنی تاوانبارەکه.. ٢٤٠
دۆڵی جافایەتی.. ٢٤٢
سێوسێنان.. ٢٤٥
گەڕانەوە بۆ شارباژێر.. ٢٥٢
دوژمن لە هەموو لایەکەوە.. ٢٦٢
زۆربوونی ژمارەی پێشمەرگە و تەسلیمبوونەوەی خێرا........ ٢٦٥
ڕێکخستنی کۆمەڵە لە گوندەکاندا.. ٢٦٨
ڕێککەوتنی سوورەبان.. ٢٧١
سەردانمان بۆ لای هاوڕێ ئارام لە قەرەداغ............................ ٢٧٣
مەترسییەکانی هاتوچۆ.. ٢٧٧
شەڕی ناوخۆ و وێرانکردنی ماڵی کورد.................................. ٢٧٩
حاجی محەمەدی گورگەدەر.. ٢٨٩
باخەکەی حاجی محەمەد لە گورگەدەر.................................. ٢٩٠
ژنان لە سەنگەری فیداکاریدا.......................،................ ٢٩٢
فراوانبوونی ناوچەکانی چالاکی و زەبری پێشمەرگە............ ٢٩٦
هاتنەوەی مام جەلال و کاک نەوشیروان.............................. ٢٩٩
کۆڵەپشتی پێشمەرگە.. ٣١٥
بەکورتی.. ٣١٧
ڕۆژبەڕێکردن لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا................................ ٣٢١
جەولەیەک بۆ ڕاوگان.. ٣٢٥
بۆ چایەک.. ٣٢٨
پێشمەرگە و چا و جگەرە.. ٣٣٥
تارماییەکانی چیا.. ٣٤٠
شاخی گوێژە و ڕەبایەکانی.. ٣٤٢
پاییز.. ٣٤٥

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەرۆشی بۆمان، بەڵام!... ٣٤٧
ئاسنی سارد دەکوتن.. ٣٤٩
هەواڵنامەی پێشمەرگە.. ٣٥١
فەرماندەکانی شاربازێڕ.. ٣٥٣
هێرشێکی فراوان لە پاییزدا... ٣٥٩
تواناکانی جووڵانەوەکە.. ٣٧٢
عوسمانی قادر منەوەر.. ٣٧٣
هاتنەوەی کاک نەوشیروان.. ٣٧٦
زستانیکی سەخت... ٣٨٤
هەواڵی شەهیدبوونی کاک ئارام.. ٣٩٠
حاجی چاوشین.. ٣٩٤
عەلی لفتە... ٣٩٦
کاک ڕەحیم موبڕەیی.. ٣٩٧
هێزەکانمان.. ٣٩٨
ساڵێک لە تەمەنی شۆڕش.. ٤٠٢
ناوچەی شلێر و هێرشی دوژمن.. ٤٠٦
کەمینی جاشەکان.. ٤١٥
پلانی گەمارۆ و لەناوبردن.. ٤٢١

چەند ڕووداو و بەسەرهاتێک

١. "سلێمانییەکان یەکتری ناکوژن."... ٤٢٥
٢. ڕووداوێکی پڕئازار.. ٤٢٨
٣. عەبەی مەلا... ٤٣٠
٤. قارەمانێتیی دوو چاوشینەکە و شێخ تالیب................................... ٤٣١
٥. پشەکە خواردی.. ٤٣٥
٦. حەرەس و گوندی حاجی مامەند... ٤٣٦
٧. برینداربوونی مام ڕۆستم.. ٤٣٩
٨. گوندی هەولوو... ٤٤٠
٩. گوندی هەرمێلە.. ٤٤٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١٠. گوندی پوشێن.. ٤٤٢
١١. سەیارەی نوێی وەرگرت.. ٤٤٣
١٢. زستان ئەسپێ و هاوین هەردووکیان.. ٤٤٤
کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی و کۆبوونەوەی فراوانی کۆمەڵە لە نۆکان.. ٤٥٠
کۆمەڵە و بەرنامەی کۆبونەوەی فراوان.. ٤٥٣
لیژنەی هەرێم.. ٤٥٦
دابینکردنی پارە.. ٤٥٧
بەشداربووانی یەکەمین کۆبوونەوەی فراوانی کۆمەڵە.. ٤٦١
کۆبوونەوەکانی سێ سنوور.. ٤٧٠
مفاوەزات.. ٤٧٧
گەورەبوونی کێشەکان.. ٤٨١
پشدەر.. ٤٨٥
هاتوچۆی ناوزەنگ.. ٤٩١
دیداری دایکم.. ٤٩٣
کۆبوونەوەی فراوانی کۆمەڵە لە شێنێ.. ٤٩٩
لیستی ڕەش.. ٥٠٣
شەڕێ شێنێ.. ٥٠٧
جەنەڕاڵ بەفر.. ٥١٥
مانەوەم لە سەرکردایەتی.. ٥١٨
تێکچوونی نێوانی شیوعییەکان لەگەڵ بەعس.. ٥٢٢
گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی.. ٥٢٤
بەرەو شارباژێڕ.. ٥٢٦
چالاکییەک لەناو دڵی دوژمندا.. ٥٢٧
ئۆردوگای زۆرەملێ.. ٥٣٩
شەڕی ئەڵغام.. ٥٤٦
خۆپیشاندانی خەڵکی ئێران.. ٥٤٨
ئێران.. ٥٥١

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سجنیان بکەین یان بیانکوژین؟.......................................٥٥٦
بۆ خۆشی..٥٦١
برینداربوونـم...٥٦٥
شەهیدبوونی جگەرگۆشەیەکی بەکری حاجی سەفەر...........٥٦٨
ڕۆیشتن بەرەو دۆڵی جافایەتی..٥٧١
خولی ڕاهێنان لە لوبنان..٥٧٩
هێزەکانی ڕەفعەت ئەسەد..٦١١
سەربازانی هەڵاتوو بۆ سنوورە ئازادکراوەکان.....................٦٤٤
گەڕانەوە بۆ پیرمەسوور و حاجی حان................................٦٣٥
کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە..٦٣٨
چالاکیی هاوبەش لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی........٦٤٤
گلەیی مام جەلال و وەڵامی من...٦٥٣
ئەنجوومەنی دێهاتەکان...٦٥٦
ناوچەی قەدەغەکراو و چالاکی..٦٥٨
وازهێنانی کاکە حەمەی حاجی مەحموود لە یەکێتی...............٦٦٢
شارباژێڕ و حسک...٦٦٤
فیداکاریی موکەڕەم...٦٦٦
درووستکردنی مەڵبەند و تیپەکان.......................................٦٦٧
پێشمەرگە لە بەرزنجە..٦٧٢
هێنانی دەرمانی خەستەخانەیەک لە شارەوە..........................٦٧٤
جاشێتی..٦٧٥
شەهیدبوونی جەزای عەلی کاتب...٦٧٧
دووربینەکەی...٦٨٦
شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگە...٦٨٨
ڕزگارکردنی سەرکردەیەکی پاسۆک.....................................٦٩٠
فێری کەوچکی ماڵان بوون...٦٩٢
کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵە...٦٩٣
کۆمەڵکوژیی وڵاخدارەکان..٦٩٥

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەرگەڕایـن.. ٦٩٦
گوندی دۆڵپەموو و پەلاماری دوژمن.................................... ٦٩٨
شەڕی ئێران-عێراق و بارەگای مەڵبەندی یەک........................ ٧٠٠
گواستنەوەی مەڵبەند.. ٧٠٣
دانوسـتان... ٧٠٩
گرتنی مەقەڕی عوسمان فایەق.. ٧١٢
برووسکەیەک بۆ هەمووان.. ٧١٧

وتەی کۆتایی... ٧٢٣

وێنـەکان... ٧٢٧

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشەکی

بە بیرمدا نەدەهات ڕۆژێک بێ و قەناعەت بێنم بەشێک لە یادەوەرییەکانیم بنووسمەوە. ڕاستییەکەی چەند جارێک بەشێکیانم تۆمارم کردووە، ئەو نامە و نووسراوانەشم لای خۆم پاراستبوو کە لە هاوڕێ و بەرپرسان و سەرکردایەتییەوە بۆم هاتبوون، لەگەڵیاندا وێنە ڕەشوسپییەکانی سەرەتای شۆڕشیشم هەڵگرتبوو. ئەوانە لای من بەهایەکی مێژوویییان هەبوو؛ بۆیە دەمپاراستن و چەندین جاریش ئەملاولام پێ کردوون. بەهۆی ڕۆژگاری پڕ لە شەڕوشۆڕ، کاولکاریی کوردستان، ماڵوێرانی کورد و دڕندەیی بەعسەوە، کە بستێکی خاکی پیرۆزی کوردستان نەمابوو پۆستاڵی گڵاویانی نەگاتێ، بەشێکی ئەو ڕەنج و ئەرشیفەم بە با چوو، بەڵام من هەر کۆڵم نەدا و جارێکی تر دەستم کردەوە بە کۆکردنەوە و پاراستنی هەرچییەک کە پەیدام دەکرد. تا ئەو کاتەی پرۆسەی ئەنفالی یەک لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی دەستی پێ کرد، من لەم کارەم بەردەوام بووم.

شەڕی سەخت و هێرشە بەردەوامەکانی جەیش و جاش بۆسەر سەنگەری پێشمەرگە، بەرگریی کەموێنەی پێشمەرگە لە قەیوان-ماوەت و هێرشی فراوانی دوژمن بۆسەر سەرکردایەتیی یەکێتی لە زەوی و ئاسمانەوە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چڕتر دەبوو، بازنەی گەمارۆی دوژمنیان بۆسەر ناوچەکە قایمتر کرد. کەم شوێن هەبوون دوژمن سەدان بۆمبی کیمیاوی پێدا نەکێشابن؛ کەم ماڵی گوندەکان و بارەگای سەرکردایەتیی پێشمەرگە هەبوون وێران نەکرابن، کەم شیو و دۆڵ هەبوون دووکەڵی بۆندار بە ژەهری کیمیاوی پڕی نەکردبن.

من لای خۆم جانتایەک وێنە و نامەی سەرکردە و هاوڕێکانم بەباشی پاراستبوو. چەک و فیشەکی زیادەم زۆر هەبوو. توانیم لە چەند بەرمیلێکی گەورەی نەوتدا لەژێر زەویدا کارقاییمانە حەشاریان بدەم بەشێوەیەک باران و تەڕی و شێداری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاریان تێ نەکەن. ویستم وێنە و نامەکانیش بە هەمان شێوە و بە هەمان ڕێوشوێن و باشتریش لە ژێرزەویدا بشارمەوە و لە دەستی دوژمن بیانپارێزم. ئەو کاتە لە چاڵاوە بووین. وردە وردە پێشمەرگە لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی و بەهۆی ژەهراویبوونی ناوچەکەوە بە بۆمبی کیمیاوی، ناوچەکەی چۆڵ کرد و بەرەو ئاراستەی سنوورەکانی ئێران ڕۆیشت. ڕێگەی ڕۆیشتنی ئێمەش لە چاڵاوەوە بەرەو دۆڵی شێخ محەمەد و سەفرە و گەلاڵە بوو، دەبوو لەوێشەوە بە ڕێگەی دووردا بەرەو شاناخسێ بڕۆین. پێشمەرگەکانمان دەستە دەستە بەڕێ کرد. پلانەکە وا بوو هەموو پێکەوە نەڕۆین و بە چەند قۆناغێک ناوچەکە چۆڵ بکەین. ئێمە لەگەڵ کاک سەلاح چاوشین و کۆمەڵێک پێشمەرگەدا ماینەوە و چەند ڕۆژێک دواتر بەیەکەوە بە هەمان ڕێگەدا ناوچەکەمان جێ هێشت. ئەو پێشمەرگانەی لە شاردنەوەی چەک و تەقەمەنییەکاندا هاوکارییان کردم گوتیان، "ئەو نامە و وێنانە بۆ دەشاریتەوە؟ ئەنوەری حاجی حەمە گەورە بۆسکانی لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە دەڕوا، پێی بڵێ با ئەو ئەو شتانەی کە زۆر بە لاتەوە بەنرخن لەگەڵ خۆی بیانبا."

کاک ئەنوەر هات و زۆر پێداگری کرد شتەکان لەگەڵ خۆی ببات. گوتی، "ئێمە پێشتر دەڕۆین. ڕێگە مەترسیی نییە و ئێوە دوا دەکەون. خۆم دەیانبەم و هیچ خەمت نەبێ." من پێداگریم کرد و گوتم، "ئەوەی لەو کۆڵەپشتە کۆنەدایە گرنگ و بەبەهایە؛ساڵەهایە دەیپارێزم؛ ئەگەر شتێکی لێ بێ، بە هیچ نرخێک بۆم قەرەبوو ناکرێتەوە. تکاتان لێ دەکەم وازی لێ بێنن و لای خۆم دەیهێڵمەوە." کاک ئازاد وەندرێنەیی، کە فەرماندەیەکی قارەمان و بەرپرسی کەرتی تیپ بوو، گوتی، "ئەنوەر پێشمەرگەیەکی گورجوگۆڵە؛ قیمەتی ئەو شتانەش دەزانێ. دڵنیا بە وەک چاوی خۆی دەیانپارێزێ." ئیتر پێشمەرگەکانی دەورپشتیش هەر یەکەیان قسەیەکی فڕێ دایە ناو بابەتەکە و گوتیان لە پاراستنی شتەکاندا بە هەموویان یارمەتی کاک ئەنوەر دەدەن. من هەر دوودڵ و بەگومان بووم کە شتەکان ناگەنەوە دەستم. یەکێکیان گوتی، "کاکە بۆ متمانەت نییە! ئێمە لە شەڕدا قەت پشتمان چوڵ نەکردووی، بۆ ئەمەش سەد جار دڵنیات دەکەین کە شتەکان سەلامەت دەبن. مەگەر خۆمان تیا بچین، ئەگینا لە هەموو شتێک دەیانپارێزین." دەستیان دایە کۆڵەپشت و بردیان. لە دواساتدا گوتم، "یەک دەقە، بیهێنن" دەستێکم بە کۆڵەپشتەکەدا گێڕا و چەند وێنەیەک بەدەستمەوە هاتن. دواجار هەر ئەو چەند دانە وێنەیەم بە نسیب بوون!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چیرۆکی ڕۆیشتنمان لە ناوچەکە و تا گەیشتن بە دۆڵی شێخ محەمەد و شاناخسێ دوورودرێژە؛ بە کورتی، لە شاناخسێ لە کوژرانی حەتمی ڕزگارمان بوو. دواجار، لەگەڵ سەلاح چاوشین و بەشێک لە پێشمەرگەکان گەیشتینە بانە. لەوێ یەکەم شت کە کردم ئەوە بوو هەواڵی ئەو ئامانەتەم پرسی کە دابووم بە پێشمەرگەکان. ئەوان لە شەرما خۆیان لێ ون دەکردم. ئامانەتەکەیان نەپاراستبوو. دواتر چیرۆکەکەیان بۆ گێڕامەوە و دەرکەوت شتەکانیان سووتاندووە. دیار بوو چوار، پێنج-قۆلی ڕێک کەوتبوون چی لە کۆڵەپشتەکەدایە بیسووتێنن و خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە. بەفرێکی زۆر لە دۆڵی شێخ محەمەد باریبوو، بەدرێژاییی ڕێگە چەندین سەر حەیوانی گەورە و بچووک لەناو ئەو بەفرەدا ڕەق ببوونەوە. برادەرانیش ترسابوون ڕەق ببنەوە، ئیتر گوتبوویان "قابیلە ئەم کاغەزانە لە ڕووحی ئێمە بەنرختر بن." ئەنوەری حاجی حەمە گەورە لە جیاتی ئەوان پاساوی دەهێنایەوە، "ئەگەر ئەوەمان نەکردایە، لەناو ئەو بەفرە زۆرەدا ڕەق دەبووینەوە." لای ئەوان کاغەز کاغەزە، دەشیانزانی خۆ من لەسەر ئەوە هەر ئەوەیە عاجزیان دەکەم و گرنگ ئەوەیە نەمردوون؛ گەرچی ئێمە دوای دوو، سێ ڕۆژ بە هەمان ڕێگەدا و بەناو هەمان بەفردا ڕۆیشتین! بەزەحمەت و نارەحەتیی زۆر گەیشتینە شاناخسێ. بەم شێوەیە ئەو نامە گرانبەها و نووسین و نووسراو و وێنانەی بەشێکیان مۆر و سەنەدی چەندین ڕۆژ و مانگ وساڵیان لە تەوێڵ درابوو، کرانە خۆڵەمێش. ئەو ئەرشیفە سوودی زۆری دەبوو؛ وەک دۆکۆمێنتی مێژوویی دەمایەوە. ئەو ڕووداوە بێهیوایی و بێبڕوایی لە ناخمدا چاند و گەیاندمیە ئەو بڕوایەی باشترە بەدوای بابەتێکەوە نەبم کە تەنیا لای خۆم گرنگ و بەبەهایە.

دوای ڕاپەڕین، بەردەوام هاوڕێکانم داوایان لێ دەکردم پێش ئەوەی یادەوەرییەکانم بچنە گۆشەی بیرچوونەوەوە، گوڕ بدەمە خۆم و بیانووسمەوە، بەلام ئەو بێهیواییەی بە هۆی لەدەستچوونی ئەو هەموو نووسین و وێنانەوە تووشی ببووم ئاسۆی بیرکردنەوەی شێواندبووم و بەو دەستە بەتاڵەوە تاقەتی نووسینەوەیانم نەمابوو. فشار و هاندانی هاوڕێ نزیکەکانم و بەتایبەتیش هاوسەری خۆشەویستم، کە خۆی بەشێکە لەو مێژووە، هەر بەردەوام بوو. جارێکیان لە دانیشتنێکی خێزانییدا، کەسێکی نزیکی خێزانەکەمان بە ناوی 'کاک ئاواتی مامۆستا ئەحمەد' گوتی، "جا کێ دەڵێ ئێوە پێشمەرگە بوون؟" قسەکەیم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆر بە لاوە سەیر بوو! سەرەتا نارەحەت بووم، بەڵام کە باش لە قسەکەی ورد بوومەوە، ڕاستیی زۆری تێدا بوو. کاک ئاوات زانیی قسەکەیم بە لاوە جۆرێک بووە، بۆیە خێرا گوتی، "ئەگەر تۆ ئەو ڕابردووەی خۆت نەنووسیتەوە، ڕەنگە تەنیا تێکۆشەرانێک کە هاوخەبات و هەسەنگەرت بوون ئەو چیرۆک و ڕاستییانە بزانن کە تۆ دەیانزانی و بەشی زۆری میللەتەکەت ڕەنج و بەرهەمی بەخشینی تەمەنت بە نەتەوە و نیشتیمانەکەت نەزانن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تۆزی بێرەحمیی ڕۆژگار ڕاستییەکان داپۆشێ و بیانخاتە خانەی بیرچوونەوەوە." لێرەوە بۆ نووسینەوەی یادەوەرییەکانم بێسنوور سوپاسگوزاری هەر هەموویانم.

دوای چوونم بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و کەوتنم بەسەر ئەو هەموو ئەرکە قورس و ڕۆژانەیەدا، بەردەوام هەوڵم دەدا ئەو بەڵێنە بیەمەسەر کە دابووم بۆ خۆتەرخانکردنم بۆ ئەو ئەرکە نیشتیمانییە پیرۆزە لە پۆستەکەمدا. سەرەڕای سەرقاڵییەکانم، سوپاسگوزارم کە هێشتا توانیم دەست بدەمە قەڵەم و دەست پێ بکەم، بەڵام زۆر جار بە هۆی کاری زۆرەوە دەیان جار لە بابەتێک دەپچڕام و کاتێک دەهاتمەوەسەر نووسین، هێندە لە نووسینەکە دوور کەوتبوومەتەوە، بەنارەحەت دەمتوانی تێکەڵ بە بابەتەکە ببمەوە و بێمەوەسەر ڕاستەڕێی نووسین. بە لەدەستچوون و لەیادچوونی بەشێکی بیرەوەرییەکانم گرفتی زۆرم بۆ درووست دەبوو، چوونکە بەشی زۆری هێنانەوە و نووسینەوەی ئەو یادەوەرییانە بەند بوو لەسەر گەڕان بە تاقی تەپوتۆزاویی خانەکانی مێشکمدا بەو هیوایەی لە شوێنێکدا وەڵامم دەست بکەوێت. زۆریانم بیر دەکەوتنەوە، بەڵام چەندینی تریش سڕ و بێحەواس و خەبەرێکیان نەبوو؛ منیش بەدەستی بەتاڵ لە ماڵی جەنجاڵی مێشک دەهاتمە دەرەوە.

ئێستا کە یادەوەرییەکانم نووسیوەتەوە، ئەگەر خوێنەری خۆشەویست ڕەخنە یان تێبینییەکی لە/سەر نووسینەکان هەبوو، یان کەموکوڕییەکی تێدا بەدی کردن، هیوادارم بە لێبوردەییی خۆی مافم پێ بدات و منیش دڵنیای دەکەم کە هۆکاری سەرەکیی ئەوە سەرقاڵیی زۆرم بووە بە کارەکەمەوە و لە هەمان کاتیشدا نەمان و نەبوونی نووسراو و دۆکۆمێنتی پێویست و تۆمارکراو لەبەردەستمدا. ئەگەر شتێکی وا هەبوو، پشت بە خوا لە داهاتوودا قەرەبووی دەکەمەوە و دڵنیایی دەدەم کە هەموو سەرنج و تێبینی و پێشنیارە بەنرخەکانیان وەردەگرم و دڵنیاشم دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی یادەوەرییەکانم. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەمانە بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەنیا یادەوەریی من نین، بەڵکوو لەگەڵ فەرماندە و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان پێکەوە و بە پشتیوانیی خەڵکی دڵسۆز تۆمارمان کردوون و دواتریش هەر بە هاندانی ئەوان هێزی نووسینەوەیانم داوەتەبەر خۆم.

لە گێڕانەوەی ڕووداو و شەڕ و نەبەردی و قارەمانێتییەکاندا، ئەگەر ناوی قارەمانێکم بیر چووبێت، داوای لێبوردنیان لێ دەکەم؛ کەمتەرخەمیی منی تێدا نییە؛ کار و ئەرکەکەم تەمی بیرچوونەوەی خستۆتەسەر یادگەم. بە دڵنیاییەوە لە داهاتوو ناویان بە ئاوی زێڕ دەنووسمەوە. جێ خۆیەتی لە دڵەوە سوپاسی زۆری هاوسەنگەرانی خۆشەویستم کاک وەهاب شێخ ئەحمەد، کاک دکتۆر کەمال شاکر، کاک حەمەی تەیب، کاک ئازاد وەندرێنەیی، کاک جەمال چاوشین و دەیان پێشمەرگەی قارەمان و تێکۆشەر بکەم کە بە بیری تیژ و وەفایان بۆ ڕابردوو چەندین زانیاریی پێویستیان بۆ درووستیی نووسینەکانم پێ بەخشیم. پێکەوە لەگەڵ سەدان پێشمەرگەی قارەماندا ڕێگەی سەختی خەبات و تێکۆشانمان بڕی و لە بەرانبەر ڕژێمی دیکتاتۆریی و دڕەندەی بەعسدا، ڕژێمێک کە بەڕەوای نەدەبینی گەلەکەمان وەک مرۆڤ بژی، خەباتمان کرد. بەندەش پێشمەرگەیەکی کوردستان بووم بەوپەڕی سەربەرزییەوە بەشداریم لەو خەباتەدا کرد و داستان و چیرۆکی سەرکەوتن و فیداکاری و قوربانیدانمان لە سەنگەری بەرگریکردن لە نەتەوەکەماندا تۆمار کرد.

هەوڵ دەدەم و بەردەوام دەبم لە تەواوکردنی قۆناغەکانی تری یادەوەرییەکانم هەر لە دەستبەکاربوونمەوە وەک فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون تا سەرکردایەتیکردن و بەشداریکردن لە هێرشکردنەسەر سوپای دڕندەی داگیرکەری بەعس، بەرگریکردنی کەموێنەی پێشمەرگە قارەمان و فیداکارەکانی تیپی ٤٧، سەرکەوتنە پێکەوەیی و مێژووییەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، شەڕی قەیوان-ماوەت، داستانی ڕزگاری، شەڕی ناوشار، گرتنی ناحیەی کارێزە، چەندین شەڕ و ڕووبەڕووبوونەی تر، تا دەگاتە ئەنفال و چۆڵکردنی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. ڕەشنووسی بەشێکی ئەوانەم ئامادە کردووە. پەروەردگار پشتیوان بێت، تەواوی دەکەم و دەیخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز.

شۆڕش ئیسماعیل

تەمووزی ٢٠٢٥

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سێگۆشەی پیرمەسوور، حاجی حان، مەڵکەندی

ماڵەکەمان کەوتبووە دامێنی کۆڵانێکی لێژەوە. هەر سێ گەڕەکی مەڵکەندی و پیرمەسوور و حاجی حان لە شاری سلێمانی بازنەیەکی زیوینیان بەدەورماندا درووست کردبوو. ئەوێ سێگۆشەیەک بوو هەر سێ گەڕەکەکەی پێکەوە گرێ دەدا بەشێوەیەک بەشی زۆری دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە بەباشی نەیاندەزانی خەڵکی کامەیانن. جاران کۆڵانەکان باریک و تەسک بوون؛ ئۆتومبێل نەبوو، یان زۆر کەم بوو، بەڵام کۆڵانەکەی ئێمە زیاتر عەرەبانەی پێدا دەڕۆیشت؛ جارجاریش پیکابەکەی کاکە سەعید، کە بە 'سەعە شێت' ناسرابوو. زۆربەی ماڵەکانی گەڕەک لە خشتی قوڕ یان بەردی مەڵکەندی درووست کرابوون و سەربانەکانیان دارەڕا و گڵ بوون.

دانیشتووانی گەڕەک تێکەڵەیەک بوون لە پیشەوەرەکانی شار؛ ڕەنگە هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەڕەکەکەمان زۆر لە بازاڕەوە نزیک بوو، بۆیە بەشێک لە خاوەنپیشەکان لەو دەوروبەرە نیشتەجێ ببوون. لە بەردەمی ماڵی ئێمەوە بە چەند خولەکێکی کەم هەر بە پێ دەگەیشتیتە بەردەرکی سەرا، مزگەوتی گەورە، ئەسحابەسپی و بەربەلەدیکە. ڕەنگە بۆ ئەوەی بگەیتە لای خانەقا یان دارە سووتاوەکە پێنج، تا دە خولەکێکت بەس بووبێت. شار هەمووی هەر ئەوەندە بازاڕ و دووکانی تێدا بوو؛ بەشی هەرەزۆری دووکانەکانیش لەسەر جادەی کاوە و جادەی مەولەوی و بەردەرکی سەرا و نزیک مزگەتی گەورە بوون.

بەشێک لەو خێزانانەی لە گەڕەک یان کۆڵانەکەی ئێمەدا نیشتەجێ بوون ئەمانە بوون: ماڵی سەعیدی سەولیجان- بەئەسڵ بەرزنجەیی بوون و خێزانێکی ناسراوی شار بوون- ماڵی تەنیشتیان حاجی حەسەنی کورتاندروو بوو- ڕەنگە کورتاندروویی کاری باوک و باپیری بووبێت و وەک ناسناو و پیشە بۆی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مابێتەوە- تەنیشتیان ماڵی حاجی تەهای ئاسنگەر و ئەمدیویشیان، کە دەیکردە بەرانبەر ماڵی ئێمە، ماڵی حاجی مارف بوو؛ ئەمیان سەهۆڵفرۆش بوو. ماڵی حاجی سەعید بانەیی، حاجی ئەحمەدی حەداد، حاجی محەمەدی قەزاز و حاجی ئەحمەدی خەیاتیش، هەموویان لە یەک گەڕەک بوون و نزیکی یەک بووین.

لە بەردەمی ماڵی ئێمەوە حەمامی بەرخی و لە شانی کۆڵانی حەمامەکەشەوە بۆ ئەوسەری ماڵەکان- لای (قوتابخانەی گۆیژە)وە کە ئێستا بووە بە قوتابخانەی سورکێو- ماڵی حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا هەبوو. ئەم پیاوە کەسایەتییەکی دیار و دەوڵەمەندی شار بوو؛ لە حکومەتەکەی (شێخ مەحموود)یشدا وەزیر بووە. جارێکیان لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا، مەلیک فەیسەڵی دووەم هاتۆتە سلێمانی و یەکێک لەو کەسایەتییانەی مەلیک داوای کردووە بیانبینێت، ئەم پیاوە بووە. بەڕێز مستەفا بارزانی یەکێک لە کچەکانی ئەم کەسایەتییەی بۆ کاک ئیدریس بارزانیی کوڕی خواستووە.

هەر لە ڕیزی ماڵی حەمە ئاغا، ماڵی ڕەئووفی عەلی ئەفەندی، ئیحسانی میرزا عەفوور، کەریم چاوشین و ئەحلان چاوشین- برا بوون- نووریی میرزا غەفوور، حەمە سەعیدی خەیات و حاجی ڕەشیدی قەمچوغە، کە دەکاتە باوکی کەمال و جەمال و ئەحمەدی عەلی ئەفەندی، هەبوون.

ئەملاتر ماڵی حاجی عەبەگۆڕێ- باوکی عەلی بۆسکانی- بوو، کە زۆرجار بە 'عەلی عەبەگۆڕێ' بانگیان دەکرد. ئەم پیاوە کەسایەتییەکی خێرخواز و بەخشندە بوو؛ دۆستی نووسەران و هونەرمەندان بوو. لە سەرەتای هەشتاکاندا، (فولکەی کاوە)ی لە سەر ئەرکی خۆی درووست کردووە. بەداخەوە ساڵی ١٩٩٣ تیرۆر کرا. ئەم خێزانە خۆیان هەر دەوڵەمەند و دەسترۆیشتوو بوون؛ حەمەی عەبەگۆڕێ لە کۆنەوە لە قەیسەریی نەقیب دووکانی هەبووە. لە پەنجاکاندا عەبدولڕەحمانی عەبەگۆڕێ سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی مەلکەندی بووە؛ ئەو کاتە تیپەکە ناوی 'تیپی پێشکەوتن' بووە.

تەنیشتی ماڵی عەبە گۆڕێ، ماڵی عوسمانی حەمە نایەر بوو. عوسمان بەرانبەر بەلەدێ کۆنەکەی شار دووکانی بەقاڵیی هەبوو. هاوسەرەکەشی ناوی سەبری خان بوو. ئەم پیاوە منداڵانی زۆر خۆشدەویست و ڕۆژانی جەژن نوقڵ و شیرینیی خۆشی دەدانێ. عوسمانی حەمە نایەر ڕەئیسی (حیزبی کەران)یش بوو. دەڵێن جارێک ژنێک بەسوعبەت پێی گوتووە، "باشە تۆ شەرم ناکەی بووی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە سەرۆکی حیزبی کەران؟" ئەویش وەڵامی داوەتەوە "نەوەڵا، ئەگەر تۆش ببی بە سەرۆکی حیزبی ماکەران، ئەوە ڕێک دەکەوین." زۆرجاریش دەیگوت، "کەری لادێ لە مەلیکی شار ئاقڵترە." لە دووکانەکەیدا شیعرێکی هەڵواسیبوو دێڕی یەکەمی ئەمە بوو:

دنیا سەرانسەر پێچی مێزەرە

هەرچوار فەسڵەکەی بەهاری کەرە

ماڵی وەستا عەباسی سەراج، کە دەکاتە باوکی تۆفیقی حەڵواچی، لەوسەری گەڕەک بوو- بەرانبەر ماڵی ڕەئووفی عەلی ئەفەندی. عەبەی حەڵواچی بە 'عەباڵە' ناسرابوو. ماڵیان بەرانبەر مزگەوتی حاجی حان بوو. لەگەڵ (بەختیار)ی کوڕی زۆر هاوڕێ بووین. عەباڵە لای منداڵان زۆر خۆشەویست بوو؛ دەستودڵکراوەش بوو. لە ماڵی خۆیان کونجی و مەسکەت و حەڵوایان درووست دەکرد بۆ ئەوەی بیبەن لە دووکانەکەیان لەناو بازاڕ بیفرۆشن. زۆرجار لەو شیرینییانەی بەسەر منداڵانی گەڕەکدا دابەش دەکرد. عەبەی حەڵواچی زۆربەی زۆری تەمەنی خەریکی درووستکردنی جۆرەکانی شیرینیی خۆماڵی بوو. کابرایەک بوو ناو و ناوبانگی خۆی هەبوو.

لەودیوی ماڵمانەوە دووکانی عومەری مام عەلی هەبوو، کە میوە و وشکەی دەفرۆشت. پیاوێکی باریکەلەی باڵابەرزی قسەخۆش بوو؛ دۆستایەتییەکیشی لەگەڵ شیوعییەکاندا هەبوو. لە زەمانی کێشە و هەراکەی (کانی ماسی)دا کوژرا. بەرانبەر دووکانەکەی عومەری مام عەلی، ڕێک بەرامبەری (گەرماوی بەرخی)یەوە، دووکانی مامە عەبدوڵا هەبوو، کە خەڵک بە 'حاجی عەبدوڵڵا کوردە' بانگیان دەکرد. دووکانەکەی مامە عەبدوڵڵا بچووک بوو، پسکیت و لوقم و ئەو شتانەی دەفرۆشت، کە منداڵان حەزیان لێ دەکردن. مامە عەبدوڵڵا خۆیشی پیاوێکی بەتەمەن بوو؛ کەوا و سەڵتەیەکی لەبەر دەکرد، لە خواترس و بەقەناعەت بوو؛ زۆریش قسەخۆش بوو. جارجار دەچوومە دووکانەکەی و بایی دوو فلس یان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عانەیەک ماجوومی و مەسکەت یان جاری واش هەبوو گوومشکم[1] دەکڕی. ئەم پیاوە دۆستێکی نزیکی باوکم بوو. من ئەو کاتە منداڵ بووم و زۆر هەستم پێ نەدەکرد، بەڵام لەدوای دیارنەمانی باوکمەوە -دواتر باسی دەکەم- زۆرجار کە دەچووم بۆ دووکانەکەی مامە عەبدوڵڵا، ئەو پارەی لێ وەرنەدەگرتم، یاخود لە منداڵەکانی تر زۆرتر شیرینی دەدامێ. لە خوار ماڵیشمانەوە، وەک باسم کرد، حەمامی بەرخی هەبوو، خاوەنەکەی حاجی عەبدول بوو. پیاوێکی سەنگینی دەستودڵکراوەی سەخیتەبیعەت و وەفادار بوو. دواتر (مامۆستا جەمال عەبدول)ی کوڕی دەبێتە یەکێک لە نێودارترین مامۆستاکانی وانەی کیمیا؛ مامۆستایەکی خۆشەویست و جێی ڕێزی دانیشتووانی شار.

خەڵکی گەڕەک وەک یەک خێزانی گەورە دەژیان؛ تێکەڵاوییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەبوو. هەموو جارێک دایکم دەیگوت، "من دایکی منداڵەکانی گەڕەکم؛ زۆربەیان لەگەڵ ئێوەدا شیری منیان خواردووە." هەمیشەش دەیگوتەوە، "کوڕەکانم، ئێوە و منداڵانی گەڕەک هەمووتان خوشک و بران، دەبێت وەک یەک خێزان بژین."

زۆرجار ژنان کاری هەرەوەزیی وەک نانکردن، ساوەرکوڵاندن، سەیرانکردن و سەردانکردنی پیری شەوکێڵ لە چوارشەممانداو چوونە حەمامی دەرەوە، سەردانکردنی ماڵێک کە منداڵی تازەبوویان هەبوو، گەڕان و زۆر کاری دیکەشیان پێکەوە دەکرد. منداڵان بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی لە ماڵی یەکتریی نانیان دەخوارد و وەک ئەندامی خێزانەکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. ئەوسا ژیان زۆر سادە بوو؛ مرۆڤەکان زۆر بەدڵسافی و میهرەبانی پێکەوە دەژیان. کە منداڵ بووم، هەستم دەکرد هەموو پیاوانی گەڕەک وەک باوکم یان مامم وان؛ هەموویان دەستیان بەسەرماندا دەهێنا، ئامۆژگارییان دەکردین و نەیاندەهێشت تووشی ناخۆشی و نەهامەتی ببین.

پیاوەکان لەنێوان خۆشیاندا هەر وا بوون. بەردەوام پێکەوە بوون، شوێنی کۆبوونەوەی ئەوان زیاتر مزگەوت بوو. ئێواران کە باوکم دەهاتەوە، ئیسراحەتێکی دەکرد و بۆ نوێژی خەوتنان کڵاوە سپییەکەی دەکردە سەری و دەچوو بۆ مزگەوت؛ ماوەیەکی باش لای هاوڕێ و دۆستەکانی دەمایەوە، ئینجا دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆ خەوتن.

---

١ جۆرە نوقوڵێک بوو، لەناو خەڵکدا ئاوا ناسرابوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆربەی عەسران، پیاوانی بەتەمەنی گەڕەک، کە چوونەبازاڕیان نەمابوو، کوڕ و نەوەکانیان کارەکانیان بۆ بەڕێ دەکردن. عەسران، زۆرێک لە بەتەمەنەکان بۆ نموونە محەی سالە سوور، حاجی ئەحمەدی حەداد، حاجی سەعە بانەیی، عوسمانی حەمە نایەر و چەندین تر، لە دووکانی عوسمانی مام عەلی کۆ دەبوونەوە. پێشتر برایەکی عوسمان بەناوی 'عومەر' دووکانەی بەڕێوە دەبرا، بەلآم عومەر کوژرا و دوای ئەو عوسمان هاتەسەر دووکانەکە، کە ڕێک بەرانبەر دەرگای حەمامەکە بوو. ئەو بەتەمەنانە لەوێ هەر یەکەیان باسی بەسەرهات و قۆناغی ژیانی گەنجیی خۆی دەکرد. من، گەرچی منالْ بووم، بەلآم قسەکانیان وەک چیرۆک بەچێژ بوو بۆم و لە مێشکمدا دەچەسپان. محەی سالە سوور باسی نزیکیی خۆی لە شێخ مەحموودی حەفید دەکرد؛ وا دەزانم ئێستایە کە حاجی ئەحمەد دەیگوت، "گەنجی ئێستا خواپێداون. ئێمە جاران بە گەنجی، پاژنەی پێی ئافرەتێکمان بدیایە، حەوت گەڕەک بۆی دەڕۆیشتین." زۆر قسە و بابەتی تریش باس دەکران، کە لێرەدا دەرفەتی گێڕانەوەیانمان نییە. ڕاستە بەشێک لەو قسانە بەسەرهاتی خۆیان بوون، بەلآم بۆ ئێمەی تەمەن دە، دوانزەساڵ وانەی ژیان بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

#ماڵەکەمان

ماڵی ئێمە ڕووەو ڕۆژهەڵات، لەنێوان مزگەوتی حاجی حان و گەڕەکی (پیرمەسوور) دا بوو. کۆڵانەکەشمان بە 'کۆڵانی سەرشیوەکە' ناسرابوو- ئاوەڕۆیەکی گەورەی سەرداپۆشراوی پێدا دەڕۆیشت. ڕووبەری خانووەکەمان ١٥٠ مەتر زیاتر دەبوو. ڕووبەری خانووی پێشترمان لەوە زیاتر بوو، بەڵام دوای ئەوەی لافاوە گەورەکەی شار لە ١٩٥٧/١٠/١٨ ڕووی دا و ئەو کارەساتە ناخۆشەی لێ کەوتەوە، شارەوانی هات و دیواری بە ماڵەکان بردە دواوە، بۆ ئەوەی کۆڵانەکە کەمێک فراوانتر ببێت، ئاوی باراناو کۆ نەبێتەوە و بەرەو خوار بڕوات. من بیرمە دوو، سێ جار ئاو لەژێر دەرگای حەوشەی ماڵمانەوە دەهاتە ژوورەوە بۆ ناو ماڵەکە. لە کاتی لافاوەکەدا، تەمەنم ساڵی تەواو نەکردووە؛ هەموو پێکەوە چووینەتە سەربان تا لافاو دەستی پێمان نەگات.

وەک گوتم، خانووەکان قوڕ بوون، بۆیە زۆربەی ماڵەکان پێویست بوو تەنیا دیواری حەوشە بوو بەرنە دواوە، ئەوەش کارێکی زۆر زەحمەت نەبوو. بەم جۆرە دیواری حەوشەکان چەند هەنگاوێک لە کۆڵانەکە کشانەوە و لە ناوەوە حەوشەکان بچووکتر بوونەوە.

خانووەکەمان دوو قات بوو. دوو ژێرخانی هەبوو؛ هەریەکەیان ژوورێکی لەسەر بوو، ژوورێکیش لەدوایەوە بوو. ژوورەکان دەرگای تایبەتییان نەبوو، بەڵکوو هەر لە ژێرخانەکەوە بۆیان دەچوویت. بە ڕۆژی ڕووناک ژوورەکانی دواوە تاریک بوون. پەنجەرەیان هەبوو، بەڵام پەنجەرەکان بە بەرزییەوە بوون و بچووکیش بوون. ئەوەندەی بیرم بێت، لە قاتی ژێرەوە نەژیاوین. تا باوکم مابوو ئەوێ زیاتر وەک گەنجینە و شوێنی هەڵگرتنی کەلوپەلی زیادە بەکار دەهات، بەڵام دواتر دایکم بە کرێ دای بە دوو ماڵ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەرگایەکی بچووک دەچووەسەر شەقامەکە و ئێمە هەر لەوێوە هاتوچۆمان دەکرد. لەسەرەوە ژوورێکی گەورەمان هەبوو، کە ئەویش هەر ڕووی کردبووە حەوشە، ژوورێکی بچووکتریشمان هەبوو. هەردووکیان کەوتبوونە سەر هەیوانێکی گەورە، کە لە لاتەنیشتەوە بە پلیکانە بۆیان سەردەکەوتین. لە تەنیشتی ژوورەکەی سەرەوەش، پلیکانەیەکی دیکە هەبوو بۆ سەربان دەچوو. خانووەکەمان قوڕ و بەشی پێشەوەی بەرد بوو، ناوەوەشی بە گڵەسپی سواغ درابوو. لە حەوشە، دارسنەوبەرێک و مێوێکی لێ بوو، بەلووعەیەکیش لەسەر حەوزێکی بچووک بوو، دایکم لەوێ قاپ و کەلوپەلەکانی ماڵی دەشت. هەر لە حەوشەکەدا، ئاگردانێکیشمان هەبوو، کە شوێنی دوو مەنجەڵی هەبوو بۆ چێشتلێنان. زیاتر بە دار لە دوو مەنجەڵی مسدا برنجیان لەسەر لێ دەنا.

پاییزان دەست دەکرا بە نۆژەنکردنەوەی خانووەکان، چوونکە سەربانەکان بەزۆری گڵ بوون. ئەو جێگایانەی لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا باراناو زەفەری پێ بردبوون، سواغ دەدرانەوە، دارەڕاکان هەڵدەگێردرانەوە، سەربان دیسانەوە گڵەبان دەکرایەوە و ڕووکاری دەرەوەی خانووەکە بە قوڕ سواغ دەدرایەوە، جاری واش هەبوو شووشەی پەنجەرەکان، کە بەهۆی بەردەفڕکێی منداڵانەوە دەشکان، چاک دەکرانەوە، یان دەگۆڕدران. لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان منداڵ بووین، ئەو کارەش شارەزایی و لێزانینی دەویست، باوکم هەموو ساڵێک دوو، سێ کەسی بۆ نۆژەنکردنەوەی خانووەکە بە کرێ دەگرت.

ساڵێکیان ناوەوەی یەکێک لە ژوورەکانیان گەچکاری کرد، سپییەکی زۆر جوان بوو، من چوار، پێنجساڵان دەبووم، بۆ خۆم هەروا سەیرم دەکرد. دوو کەس قورە سپییەیان لە دیوارەکان دەدا. کە لێ بوونەوە، ناو ژوورەکە زۆر خۆش ببوو. دوای ئەوەش یەکێک لە کرێچییەکانمان ژوورەکەی وا لێ کرد و پارەکەشی لە کرێی مانگانەی خانووەکە بڕی.

زستانان بەفرێکی زۆر دەباری! جار هەبوو کە دەستی پێ دەکرد، دوو یان سێ ڕۆژ خۆشی نەدەکردەوە، یاخود لە باشترین حاڵدا، لای کەم چەند سەعاتێک بەردەوام دەبوو. کلووەکانی گەورە بوون، زۆرجار شەو تا بەیانی بەفر دەباری و بەیانییش کە دەچووینە دەرەوە، دەمانبینی شار یەکپارچە سپی بووە. خەڵک دەیانگوت، "ئەژنۆیەک بەفری تێ کردووە." ئەوەندە بەفر لە کۆڵانەکاندا دەکەوت،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاتوچۆ زەحمەت دەبوو. من کە چوومە قوتابخانە، ئینجا زانیم ڕۆیشتن بەناو بەفریکدا کە قاچت بەناویدا ڕۆدەچێت و دەچێتە ناو پێڵاوەکانتەوە زۆر قورس و بەئازارە. جگە لە بەفر، ساڵانە بارانێکی زۆریش دەباری، ئێمەش چەتر و پاڵتۆ و قەمسەڵە و شتی وامان نەبوو، لەبەرئەوە زۆر جار بەدرێژاییی ڕێگەی چوون و هاتنەوەمان لە مەکتەب هەر باران لێی داوین، بە لاشمانەوە ئاسایی بوو؛ بۆڵەمان بەسەر کەسدا نەدەکرد و بێ دەنگ جلەکانمان دەگۆڕی. نەخۆشیش نەدەکەوتین.

لە سەربان باگردێنمان هەبوو، کە باران زۆر دەباری، دەبوو کاکە ئەحمەدم بچێتە سەربان بۆ بانگێران. باگردێن بەردێکی درێژکۆلە بوو لە شێوەی لوولەکدا، دوو قوڵفەی ئاسن بە هەردوو سەرەکەیەوە بوون، گوریسیان تێ هەڵدەکێشان و ئینجا باگردێن بەسەر سەربانەکەدا دەخولێنرانەوە. بەردەکە قورس بوو، قوڕی سەربانەکەی پان دەکردەوە و دەیکوتایەوە.

بەفرماڵێنیش زیاتر کاری باوکم و ئەحمەدی برام بوو. سەرەڕای بەفر، باراناوێکی زۆریش لە (گۆیژە)وە دەهاتە خوارەوە دەبوو بە لافاو، ئینجا بەرەوخوار قوڕولیتەی زۆری لەگەڵ خۆی دەهێنا و بە گەڕەکی ئێمەدا بەرەو خوارتر دەڕۆیشت. هاژەی ئاوەکە زەندەقی دەبردین. تا ئەو کاتەی تەوژمی ئاوەکە هێواش دەبۆوە و بەرەو نەمان دەچوو، چوونەدەرەوە لە ئێمە قەدەغە بوو.

هەر جارێک باران دەباری، خەڵکەکە لافاوە گەورەکەی[1] شاریان دەهاتەوە بیر، ئیتر دەکەوتنە دووعا و نزا و دەستبەرزکردنەوە بۆ ئاسمان: "خوایە بێ ئافات بێ... خوایە گیان بە ڕەحم و بەزەییی خۆت ئەم خەڵکە بپارێزی." بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕادەکێشا ئەوەبوو دوای لافاوەکە گەڕەک یەکپارچە دەبوو بە قوڕولیتە؛ باراناو لە گەڕەکەکانی سەرووەوە دادەگەڕا بۆ خوارەوە و زۆر شتی لەگەڵ خۆی دەهێنا. هاژەی ئاوەکە زۆر ترسناک بوو. دوای کەمبوونەوەی ئاوی لافاو، زۆرجار دەمبینی خەڵک، گەورە و بچووک، لەناو لیتەکەدا بۆ شت

١ مەبەستم لە لافاوەکەی ڕۆژی ١٩٥٧/١٠/١٨ە. وەک دەگێڕنەوە سەرەتا تەرزە و دوایی بارانێکی بەخوڕ دایکردووە، پاشانیش لافاوێکی گەورە لەناو کۆڵانەکانی مەڵکەندی و سەر شەقامی پیرەمێرد و ئەسحابەسپی و سەرشەقام و گەڕەکە نزمەکانی شاردا هەستاوە. لافاوەکە ترسناک بووە و هەرچی هاتۆتەسەر ڕێی، لەگەڵ خۆیدا ڕای ماڵیوە. بەپێی گێڕانەوەکان، لافاوەکە زیاتر لە ٧٠ خانووی ڕووخاندووە، ١٥٠ خانوو بوون بەژێر ئاوەوە، کەلوپەلی ناوماڵ و دووکانەکان و عەرەبانە و تەنانەت ئۆتۆمبێلیشی لەگەڵ خۆی بردووە. لەو لافاوەدا نزیکەی ٥٠ کەس خنکاون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەگەڕان و یەک، دووجاریش ئاگام لێ بووە شتیان دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەو شتانە چی بوون؟ ئەمەیان نازانم، بەڵام لە خەڵکم بیستووە کە لەناو لیتەی دوای باراندا پارەی ئاسن و لیرە و تەنانەت پارچە خشڵ و شتی گرانبەهاشیان دۆزیوەتەوە.

لە دوای لافاوە گەورەکەوە، لە سەرەوەی مەڵکەندی و لەژوور (مزگەوتی دارۆغا) وە بەربەستێکی خۆڵین درووست کرا. بەربەستەکە بەرێکی بەرەو سەرەوە بۆ لای تووی مەلیک درێژ دەبۆوە؛ خەڵک ناویان نابوو 'سەدەکە'. ئەم سەدە بۆ گێڕانەوەی ئاو بوو تا جارێکی دیکە کارەساتی وەک ئەوەی ساڵی ١٩٥٧ ڕوو نەداتەوە. ئەو سەدە کاریگەرییەکی باشی هەبوو بۆ خاوکردنەوەی خێراییی ئاوەکە.

زۆربەی ماڵانی گەڕەک هاوینانیش لەسەربان چیغیان هەڵدەدا و لەناویدا دەخەوتن. ئێمەش هەر وامان دەکرد؛ زۆرجاریش دایکم ئێواران مەنجەڵ و قاپەکانی دەهێنایە سەربان و لەوێ نانی ئێوارەمان دەخوارد. خواردنی ئێواران بەزۆری نۆکاو، نیسکێنە، یان تەماتەی سوورەوەکراو و شفتە... بوو، پێشتر لەگەڵ دایکمدا دەچووینە سەربان و شوێنی چیغەکەمان ئاوڕشێن دەکرد، لەبەر ئەوەش کە سەربانەکە گڵ بوو، هەر زوو فێنک دەبۆوە. لەبەرئەوەی کچمان نەبوو، من و براکانم لە هەموو کارێکی ناوماڵدا یاریدەی دایکمانمان دەدا.

دار و خەڵوزێکی زۆرمان هەبوو، بۆ چێشتلێنان و خۆگەرمکردنەوە بەکارمان دەهێنان. تەباخێکی نەوت و مەقەڵییەکی جوانیشمان هەبوو کە ئێواران باوکم لە هەیوان پشکۆی تێدا دەگەشاندەوە و دوایی دەیهێنایە ژوورەوە. ئیتر چا لەسەر ئەو پشکۆیانە دەمی دەکێشا. لە ژووریشەوە لامپامان هەبوو؛ بە دیوارەکەدا هەڵدەواسرا و ڕووناکییەکی باشی پەخش دەکرد. دواتر کارەبایان ڕاکێشا.

شەوان زوو دەخەوتین و بەیانیان هەر زوو هەتاو لە گوێژە زەردەی دەدا هەڵدەستاین. هەر خۆمان جێگەمان هەڵدەگرت و لەسەر یەک دامان دەنا و بەو جاجمە جوانە ڕەنگاوڕەنگە دەستکردەی کوردەواری دامان دەپۆشی. هێشتا بەیانیی زۆر زوو بوو کە ئێمە لە هەیوانەکە نانی بەیانیمان دەخوارد، وردەنانێکیش کە دەمایەوە، دایکم دەیدا بە مریشکەکانی. باوکم دووکانی وشکەی هەبوو. هەموو شتێکی وشکە لە ماڵماندا هەبوو، ماست و گوێزمان دەخوارد، بەردەوام هەنگوینیشی لە دووکان هەبوو، بەشی پێویستی ساڵی لە ماڵدا دادەنا. دایکم خۆی لە ماڵەوە لەگەڵ چەند ژنێکی گەڕەکدا نانیان دەکرد. هەویری دەشێلا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و ناوساجی و کولێرەی دەکرد. تەنوور هەبوو؛ دەچوون لەوێ دەیانکرد، ئەوەش نەبووایە، بە ساج و دار دەیانکرد. دایکم جارجار بەتەنیاش نانی دەکرد.

دوای ڕاپەڕین چوومەوە بۆ لای ماڵە کۆنەکەمان، بە موڵک هەر هی خۆمان بوو، بەڵام خێزانێک چووبوونە ناوی. خێزانەکە ئامادە نەبوون بڕۆن، ئێمەش سەیرمان کرد خێزانێکی هەژارن و ئەگەر ناچاریان بکەین ماڵەکەمان بۆ چۆڵ بکەن، بێلانە دەبن؛ ئێ شوێنێکیشیان نەبوو بۆی بچن، لەبەرئەوە وازمان لێ هێنان. خانووەکە لە گەڕەکێکی کۆنی شاردایە و لەگەڵ خانوەکانی دەوروپشتی دەتوانرێت بکرێت بە کۆمەڵگەیەکی کولتووری و کەلەپووری، ئەوەش هەم سیمای ڕەسەنی شارەکە دەپارێزێت، هەم دەشبێت بە سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری و دارایی بۆ دانیشتووانەکەی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سۆفی سمایل (ئیسماعیل)

بـه پێـی گێڕانـەوەی (دادە حـەلاو)م، ئیسـماعیل عەبدوڵـڵا- ئیسـماعیلی باوکـم- لـە گەڕەکی دەرگەزێن (سـەرچیمەن)ی سلێمانی لەدایک بووە. کەسوکار و خوشک و برای لە خۆی گەورەتر و بچووکتری هەبووە بەڵام زۆریان لە گرانییە گەورەکەدا تیا چـوون. بـە هـۆی ئـەو دۆخـەی بەسـەر باوکمـدا هـات و ئێمـەش منـاڵ بوویـن، لـەو چیرۆکـە تـاڵ و بەئازارانـە بێبـەش بوویـن. ئەوەنـدەی ڕوونـە دایکـی باوکـم (قـەرەداغ)ی بـووە. ماوەیەکی زۆر لـە سلێمانی بـوون تـا ئـەو کاتـەی سـۆفی عـەولا بردوونێتـەوە بـۆ (گونـدی دێـرێ)ی ناوچـەی ئـالان. لـەوێ موڵـک و ماڵـی زۆری هەبـووە؛ خێزانێکـی دەوڵەمەنـد و ناسـراوی ناوچەکـە بـوون و مەڕوماڵاتێکـی زۆر و زەویوزارێکـی باشـیان هەبـووە. بـە حوکمـی ئـەوەی گوندەکەیـان ناوچەیەکـی سنوورییە، پەیوەندییـان لەگـەڵ کوردانـی ڕۆژهـەڵات هەبـووە و خزمایەتـی و کار و کاسـبییان لەنێوانـدا هەبـووە.

لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا، ماڵـی باپیـرم دێنـە سـلێمانی و لـە گەڕەکـی سـەرچیمەن نیشـتەجێ دەبن. لـەوێ خەریکی کاسبی و دووکانداری دەبن و لەنێوان ئێران و سـلێمانی و بەغدادیشـدا دەسـت دەدەنـە کاروانـی بازرگانـی.

گەڕەکـی سـەرچیمەن یەکێکـە لـە گەڕەکـە کۆنەکانـی شـار، دەکەوێتـە نێـوان دەرگەزێن و سـابوونکەران و (گاوران)ەوە. گەڕەکەکـە چیمـەن و باخێکی لێ بـووە و بەهـۆی ئـەوەوە ئـەو نـاوەی لـێ نـراوە. چایخانـە و قاوەخانەیەکیشـی لـێ بـوو، بەویش دەگوتـرا 'قاوەخانەکـەی سـەرچیمەن'. خاوەنـی ئـەم چایخانەیـە حسـەکەڕ بوو، کەسـایەتییەکی کۆمەڵایەتیی دیاری سـەردەمەکە بوو. شـەوانە خەڵـک ڕوویان دەکـردە چایخانەکـەی و لەوێـش چیـرۆک و سـەرگوزەشـتەی خـۆش دەگێڕدرانـەوە و کـوڕوکاڵ لـە خـوارەوە دەوەسـتان و گوێیـان دەگـرت. دەڵێـن (مـەلا سـمایل)ێک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەبووە شەوانی ڕەمەزان لەو قاوەخانەیەدا چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب و مەم و زین و ئەمیر ئەرسەلان و زۆری تریشی خوێندۆتەوە.

لە گەڕەکی سەرچیمەن، گەلێک کەسایەتیی ناودار هەبوون، کە بە دڵنیاییەوە کاریگەرییان لەسەر دەوروبەری خۆیان هەبووە، وەک (مەلا ئەحمەدی دیلان)ی باوکی شاعیر و هونەرمەندی گەورە حەمەساڵح دیلان و هونەرمەندی ناودار قادر دیلان. ئێستا هیچکامیان لە دنیادا نەماون. خێزانی (مەلا حەمدون)ی شاعیریش لەوێ نیشتەجێ بووە. هەموو ساڵێک لە ڕۆژی نەورۆزدا، چارەکە سەعاتێک دووعای بەسەر ئاوی ناو مەنجەڵێکی گەورەدا دەخوێند و دوایی ئاوەکەی بەسەر ماڵەکانی گەڕەکدا دەبەخشییەوە. بەو ئاوەیان دەگوت 'نەورۆزانە.' جگە لەوانەی ناوم هێنان، چەندین کەسایەتیی ناسراوی دیکەش لە گەڕەکی سەرچیمەن نیشتەجێ بوون.

وەک پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، گەڕەکی سەرچیمەن وەک ناوەندێکی هونەری و ڕۆشنبیری وا بوو. باوکم لەوێ چەندین چیرۆک و بەسەرهات و ئەفسانەی کوردەواریی بیست. دواتریش کە (دایە ئایشێ)ی خواست، شەوانە ئەو چیرۆکانەی بۆ ئەو دەگێڕایەوە؛ دواتریش دایکم هەر بەو چیرۆکانە ئێمەی سەرقاڵ دەکرد تا زۆر پرسیاری باوکمانی لێ نەکەین.

کە گرانییە گەورەکە دەست پێ دەکات، باوکم خەریکە تەمەنی هەڵدەکشێت، خێزانەکەی بڕیار دەدەن لە شار بچنە دەرەوە و لە گوندی سیتەک نیشتەجێ ببن. لەوێ مەڕ و بزن و ماڵاتیان دەبێت و خۆیان بە بەخێوکردنیانەوە خەریک دەکەن. لە چاوەڕوانیی ئەوەدا کە بزانن خوا چی دەکات، ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان بە شیر و بەروبوومی حەیوانەکان دەگوزەرێنن. ئەو کاتە باوکم و هەندێک لە پیاوە لاوەکان ناوبەناو چوونەتە شار یان ڕوویان کردۆتە ئێران بۆ کڕینی ئارد و زەخیرە، کە لەو ماوەیەدا زۆر بە زەحمەت پەیدا دەبوو. ڕۆژێکیان باوکم لە سەفەرێکی پەیداکردنی هەندێک پێویستیی ژیاندا بۆ خێزانەکەیان دەگەڕێتەوە- لەم سەفەرانەدا زیاتر بە دەستی بەتاڵ گەڕاوەتەوە- کە دەگاتەوە جێ، دەبینێت چ تاوان و تاڵانییەک دەرهەقیان کراوە. بۆی دەگێڕنەوە کە دەمەوئێوارە کۆمەڵێک چەکداری دەسەڵاتی ئەوکات داویانە بەسەریاندا و حەیوانەکانیان و هەرچی خواردنێک لە ماڵیاندا بووە گسکیان لێ داوە و هیچیان بۆ نەهێشتوونەتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەمە کارەساتێکی گەورە بوو بۆ ئەو و خێزانەکەیان. دوای ئەوە برسێتییەکی زۆر روویان تێ دەکات و کەسوکارەکەی یەک لە دوای یەک هەموویان برسێتی و نەخۆشی زۆریان بۆ دێنی و دەمرن- دایک و دوو خوشک و برای بچووکی. باوکیشم هەر بەملاولادا ڕایکردووە بۆ پەیداکردنی ئازووقە و خۆراک بۆیان، بەڵام چنگی نەکەوتووە. سەرەنجام باوکم بە تەنیا لەو خێزانە دەربازی دەبێت و ڕوو دەکاتە ماڵی (تۆفیقە فەنی)ی ئامۆزای لە گەڕەکی سەرچیمەن. ماڵی تۆفیقە فەنی لە شوێنی خۆیان مابوونەوە و شاریان جێ نەهێشتبوو.

دایکم و (دادە حەلاو)م دەگێڕنەوە کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، یەکێک لەوانەی ماڵی باوکمیان تالان کردووە دەوڵەمەندێکی دیار بووە. هاتوتە لای باوکم و داوای گەردنئازادیی لێ کردووە و پێی گوتووە، "تالانکردنی ئەو حەیوانانەی ئێوە لە ڕۆژگارەدا زوڵم و گوناهێکی گەورەیە و لە ملمانە و قەرزاربارین؛ ئەوەی ڕووی دا نەدەبوو ڕوو بدا، بەڵام تازە بووە. تکات لێ دەکەم با ئەو تاوانە قورسە لە ئەستۆمدا نەمێنی، گەردنمان ئازاد بکە، هەرچیشت دەوێت من ئامادەم لە بەرانبەر ئەوەدا بۆت بکەم یان بتدەمێ." بەڵام باوکم پێی دەڵێت ئەو کارەی ئەوان کردوویان هەموو ژیانی ئەوی وێران کردووە و بە هۆی زوڵم و تاوانی ئەوانەوە کەسوکاری بۆ نەماوەتەوە. دواتر باوکم گوتوویەتی، "با مەسەلەکە بمێنێ بۆ ڕۆژی قیامەت و خوای گەورە بە دادپەروەریی خۆی هەقی تیاچوونی ئەو خێزانەت لێ بکاتەوە." دوای ئەوە، کابرا چەند کەسێکی تریش ڕادەسپێرێت قسە لەگەڵ باوکم بکەن و بە پارە چەندی بوێت گەردنی کابرا ئازاد بکات، بەڵام باوکم لەسەر قسەی خۆی سوور دەبێت و گەردنی ئازاد ناکات.

ئەم چیرۆکە تراجیدیایەکی گەورە بووە بۆ باوکم، بەڵام ئەو سەردەمە خۆی قاتوقڕی گرانییە گەورەکە بووە، ژمارەیەکی زۆر خەڵک تیا چوون و دەریان نەبرد. باوکیشم دوای ئەوەی لە خێزانەکەی کەس نامێنێ، دێتەوە بۆ سلێمانی و دەچێتەوە بۆ گەڕەکی سەرچیمەن و لە ماڵی مامی دەمێنێتەوە. لەوێ باوکم سەرلەنوێ دەستی کردۆتەوە بە ئیشکردن و لەبەردەم مزگەوتی گەورە دووکانێکی وشکەی داناوە، دواتریش هەمان دووکانی وشکەی گواستەوە بۆ بەرانبەر سەرای سلێمانی.

پاش ماوەیەک لەو ڕووداوانە، باوکم ژنێکی بە ناوی 'ڕێحان' هێناوە کە ماڵیان لای مزگەوتی گەورە بووە. (دایە ڕێحان)یش لە ماوەی گرانییەکەدا و خوشک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برا و کەسەکانی مردوون و هەر خۆی ماوەتەوە. پاش ئەوەی هاوسەرگیرییان کردووە، باوکم و دایە ڕێحان خانوویان کردووە و چەند منداڵێکیشیان بووە، بەڵام هیچیان لە دنیادا نەماون، تەنیا (دادە حەلاو)م ماوەتەوە، کە لە کاتی نووسینەوەی ئەم یادەوەرییانەمدا، لە تەمەنی سەروو نەوەدساڵیدا گەڕایەوە لای پەروەردگار و دنیا و هەمووانی بۆ هەتاهەتایە جێ هێشت. دایە ڕێحانم ئافرەتێکی زۆر جوان بووە، کەسوکار و دەروودراوسێ ناویان لێ ناوە 'گورجیی ئەستەنبووڵ'. دوای مردنی ڕێحان بە ماوەیەک، باوکم ئایشێی دایکمی خواستووە.

باوکم شەڕواڵ و مرادخانیی دەپۆشی. پەستەکیشی لەبەر دەکرد و مشکییەکی گەورەشی دەبەست. ناواخنی جلەکانی لۆکە بوو. پشتێنێکی گەورەی گرێگرێشی دەبەست. زۆر حەزی لە پاکوخاوێنی بوو؛ بەردەوام ڕیشی دەتاشی و سمێڵێکی پڕی ماشوبرنجی دەهێشتەوە؛ جارجاریش بە مەقەستێکی بچووک ڕێکی دەخست.

باوکم زۆر حەزی لە چای خەڵووز بوو. هاوینان مەقەڵییە گەورەکەمان لەسەر سینی دەهێنرایە سەربان و باوکیشم دەستی دەکرد بە گەشاندنەوەی خەڵووز. زستانانیش لە حەوشە دەیگەشاندەوە، ئینجا دەیهێنایە ژوورەوە. کە خەڵووزەکە دەگەشایەوە، قۆرییە شووشەکەی دەخستەسەر. قۆرییەکە وێنەی پیاوێکی تێدا بوو بە جلی سەیرەوە، ژمارەیەکی زۆر قۆپچە و نیشان و شتی وا بە چاکەتەکەیەوە بوون. باوکم، بەدەم چاخواردەوەوە جگەرەی قامیشی دەکێشا. قامیشەکانی بە تۆپ دەکڕی و خزمانیش لە ئالان و (سیوەیل)ەوە باشترین جۆری تووتنیان بۆ دەهێنا. ئینجا لەماڵەوە لەگەڵ دایکم لەسەر سینییەکی زەرد دەیانکوتا، پاشان قامیشەکانیان دادەگرتەوە. لەمەوە دایکیش فێر ببوو جارجار جگەرەی دەکێشا.

باوکم زۆری قورئان لەبەر بوو. خەڵکی گەڕەک بە 'سۆفی سمایل' بانگیان دەکرد؛ خەڵکەکە وەک کەسێکی موبارەک سەیریان دەکرد. قورئانێکی هەبوو؛ لە پەڕۆیەکی سەوزی ئاڵاندبوو؛ لەسەر تاقێکی بەرزیش داینابوو. دوای ئەوەی کاکە ئەحمەدم لە حوجرە قورئانی خەتم کرد، باوکم هەندێکجار شەوانە قورئانەکەی دادەگرت و دەیدا بە ئەحمەد بۆ ئەوەی بۆی بخوێنێتەوە. باوکم گوێی بۆ ئەحمەد شل دەکرد و ئاسودەییەکی زۆر بە سیمایەوە دەردەکەوت. زۆرجاریش کە قورئانەکەی لە پەڕۆکەوە دەئاڵاندەوە تا بیخاتەوە سەر تاقەکە، دەیگوت، "کوڕم، ماڵ بێ قورئان نابێ."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆرجــار خەڵكــی گــەڕەك، یــان كەســوكار لــە گەڕەكەكانــی تــرەوە منداڵــی ســاوایان دەهێنایــە لای باوكــم؛ بەتایبەتــی ئەوانــەی تووشــی ژانەســك دەبــوون. دەیانگــوت، "دەروێش، بــەو دەســتە موبارەكانــەت چارەســەری ئــەم منداڵەمــان بــۆ بكە." باوكیشــم منداڵەكــەی دەخستە باوەشــییەوە و هەندێك قســەی خۆشــی لەگەڵ دەكــرد؛ جــاری واش هەبــوو منداڵەكــە بــەردەوام دەگریــا. ســۆفی یــەك، دوو ئایەتــی دەخوێنــد و فــووی دەكــرد بەدەوروپشــتی خۆیــدا ئینجــا چەنــد جارێــك بەقایمــی دەســتی بــە ســكی منداڵەكــەدا دەهێنــا. لــە زۆربــەی جارەكانــدا منداڵەكــە هێــور دەبــۆوە و دایكەكەشــی بــە سوپاســگوزارییەوە دەیبــردەوە ماڵــی خۆیــان. ئەگــەر منداڵەكە تەمەنی لە دوو، سێ ساڵێك زیاتر بووایە، زۆرجــار نوقوڵ و باســووق و شیرینیشــی دەدایــە.

باوكــم بەیانیــان زوو هەڵدەســتا؛ هــەر لــە ماڵــەوە دەســتنوێژی دەگــرت و دەچــوو بــۆ مزگــەوت. زۆرجــار ئــەو قەدەرێــك بــوو لــە ماڵــەوە دەرچووبــوو، ئینجــا بانگــی دەدا. كە لــە نوێژ دەگەڕایــەوە، نان و پێخۆری بەیانیان لە ماست و پەنیر و كــەرە یان هەرچی دەست بكەوتایــە لــە دووكانی خــۆی یــان دەرەوە دەیهێنــا. بــەردەوام لــە ماڵــەوە گوێــز و مێــوژ و بــادام و باســووق و ئــەو جــۆرە شــتانەمان هەبــوو. نیوەڕوانیــش دەهاتــەوە بــۆ ماڵــەوە، نانێكــی دەخــوارد، ئیســراحەتێكی دەكــرد و دەچووەوە كەبابخانــە و چێشــتخانەكە، كــە نزیكــی دووكانەكــەی بــوو. باوكــم هەرگیز بێ ئێمــە نانــی نەدەخــوارد. دەیگــوت كــە خــواردن بێ مــاڵ و منــداڵ حەرامــە و بــە دڵــەوە نانووسێ. بەیانیانی زستانیش كە دەهاتــەوە، شــێلمی كوڵاوی بۆ دەهێنایــن.

لــە بەردەركــی ســەرا، دووكانەكــەی باوكــم كەمێــك لــە خــوار ئــەو جێگەیــەوە بــوو كــە ئێســتا كتێبفرۆشــەكانی لێیــە. لــە شــانی چەپــی دووكانەكــەوە دەرمانخانەكــەی نوری عەلــی هەبوو. خەڵــك دەچوونــە لای و باســی نەخۆشــیی خۆیــان یان منداڵەكانیان بۆ دەكــرد، ئەویــش وەك دكتــۆر بڕێــك دەرمانــی بــۆ دیــاری دەكــردن و پێــی دەفرۆشــتن. لەمــلای دەرمانخانەكەشــەوە، دووكانــی بەكــری مۆرهەڵكــەن هەبــوو، كــە مــۆری دەســتیی درووســت دەكــرد.

باوكــم دوو شــاگردی هەبــوو، یەكێكیــان نــاوی حەمكــە كوێــر بــوو، كــە شــەوانە هــەر لەنــاو دووكانەكــەدا دەخــەوت. زۆرجــار بــەو دوو شــاگردەدا برنــج و ڕۆن و پێداویســتیی دیكــەی دەناردەوە بــۆ ماڵــی خۆمــان و بــۆ ئــەو دۆســت و ناســیاوانەشــی كــە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێیان دەکڕی. ئەوسا تەنیا ئێواران چێشت لێ دەنرا، زۆر جار باوکم حەمکە کوێری لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە بۆ ماڵەوە و دوای نانخواردن دەیناردەوە بۆ دووکان.

باوکم، لە ناو دووکانەکەیدا، چەرپای بۆ خۆی و ئەو ئەو دۆستانەی کە سەردانیان دەکرد بۆ دووکان دانابوو. چەرپاکە دۆشەکێکی تایبەت بوو، کە دایکم بۆی درووست کردبوو. باوکم خۆی زۆر جار لە بەشی پێشەوەی دووکانەکەدا دادەنیشت. هەر ناسیاوێک لەوێوە بڕۆیشتایە، سەرێکی لە باوکم دەدا، یان باوکم خۆی بانگی لێ دەکرد و پێکەوە بڕێک قسەیان دەکرد، ئینجا گیرفانەکانی بۆ پڕ دەکرد لە بادام و نوقوڵ باسووق و شتی دیکە و دەیگوت "ئەوە بۆ بەرخۆلەکان."

لە کۆتاییی سالانی پەنجاکاندا، باوکم، بەشێکی دەستمایەکەی، کە پارەیەکی زۆر دەبێت، لە شوێنێکی دوورە دەست لەناو دووکانەکەی دایدەنێت. باوکم کە بۆ کڕینی کەلوپەل دەچوو بۆ بەغدا، ئەو پارەیەی لەگەڵ خۆی دەبرد و کەلوپەلی پێ دەکڕی. کە دەهاتەوە، ئەوەی لە فرۆشی ڕۆژانە دەیفرۆشت وەک دەستمایە لە قوژبنێکدا دایدەنا و نەدەچووەوە بە لایدا هەتا سەرە کاروانی دواتری دەهات. جارێکیان باوکم ویستویەتی بچێت بۆ بەغدا بۆ شتکڕین، بەڵام بینیویەتی پارەکە نەماوە! دراوسێ دووکانەکانی ڕاوێژیان بۆ کردووە شکات لە شاگردەکانی بکات و پۆلیس خەریکی مەسەلەکە بێت؛ تەنانەت ژمارەیەک لەو پۆلیس و کاربەدەستانەش کە لەناو سەرادا دەوامیان دەکرد و باوکمیان دەناسی، داوایان لێ کردبوو بچێت لەو مەرکەزی پۆلیسەی کە نزیک خۆی بووە، سکاڵا تۆمار بکات. پارەکە زۆر بووە و بەشێکی زۆری دەستمایەی باوکمی پێک هێناوە، بەڵام باوکم، وەک خۆی بۆ دایکمی گێڕابۆوە، بڕیاری داوە بیداتە دەست خوا و پێی باشتر بووە شاگردەکانی، کە ساڵانێکی زۆر بوو لای کاریان دەکرد و هیچی لێ نەبینیبوون، تووشی کێشە و چەرمەسەری نەکات.

باوکم هەر جارێک سەردانی بەغدای بکردایە، کەمتر لە هەفتەیەکی پێ دەچوو. کە دەهاتەوە، کۆمەڵێک دیاریی بۆ دەهێناین، وەک شیرینیی بەغدادی بۆ ئێمە و جلوبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵیش بۆ دایکم. هەموو جارێکیش سەرێکی لە غەوزی گەیلانی دەدا و کە دەهاتەوە بە دایکمی دەگوت، "ئافرەت دووعام بۆ تۆ و منداڵەکانیش کردووە تا خوا لە موسیبەت بتانپارێزێ." غەوزی گەیلانی مەزارەکەی لە ناوچەی (بابولشێخ)ی بەغدایە لە بەری ڕەسافە. باوکم بە شێوەیەکی زۆر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تایبەتی عەقیدەی بە غەوزی گەیلانی هەبوو، زۆرجاریش بۆ ئەوەی ئێمە لە بەلا دوور بین، لە بەردەرگای مزگەوتەکەی غەوز خێر و خێراتی دەکرد.

ئەو ماوەیەی لە ماڵ نەدەبوو، هەموومان چاوەڕوانی هاتنەوەی بووین. من زۆرجار لە بەردەرگا تا ئێوارەیەکی درەنگ هەر چاوەڕێی بووم بێتەوە. کە لەدوورەوە دەردەکەوت و دوو شاگردەکەی لەگەڵدا بوو شتەکانیان بۆ هەڵگرتبوو، شاگەشکە دەبووم و بەپەلە خەبەرم دەدا بە دایکم کە ئەوە باوکم گەڕایەوە. باوکم کە لە بەغدا دەهاتەوە، سەرەتا دەچووە دووکان و ئەو شتانەی بۆ ئەوێی کڕیبوون دایدەنان، ئینجا دەهاتەوە بۆ ماڵەوە. لە هەمووی خۆشتر ئەوە بوو جۆرە شیرینییەکی تایبەتی بۆ دەهێناین کە لە لای خۆمان دەست نەدەکەوت. تامێکی زۆر تایبەتی هەبوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣دا ، هەم بۆ کاسبی و زیارەت و زیاتریش بۆ سەردانی پزیشک، باوکم بڕیاری دا سەردانێکی تری بەغدا بکات. وەک خۆی دەیگوت، ئەوە یەکەمین جار بوو بیری کردبۆوە کە دەبێت دکتۆر ببینێت. دیار بووە کێشەی لە میزەڵدانیدا هەبوو. شەوی پێش سەفەرەکەی، دایکم هەندێک جلوبەرگ و پێداویستیی بۆ دەپێچێتەوە. بۆ بەیانی باوکم بەرەو گەراج و لەوێشەوە بەرەو بەغدا بەڕێ دەکەوێت. ئیتر هەر ئەو ڕۆیشتنە دەبێتە ڕۆیشتنی یەکجاریی باوکم و لەوەبەدوا بێ هەواڵ و دەنگوباس دەبێ.

دوای تێپەڕینی ماوەیەک لە نەگەڕانەوەی باوکم و نەبوونی هەواڵیشی، کۆڵەکەی ماڵەکەمان ڕما. دایکم ترسێکی زۆری لێ نیشت و هانای بردە لای هاوڕێ و ناسیاوەکانی باوکم، ئەوانیش چووبوونە بەغدا بۆ سۆراغی و پێیان گوتبوون کە لەوێ بووە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. هەفتە دەبوو بە دوو، دوو دەبوو بە سێ و بە مانگ و ساڵ، هەواڵی باوکم نەبوو. لە لای پۆلیسیش داوامان تۆمار کرد لەسەر دیارنەمانی. باوکم خۆی کەسوکارێکی وای نەمابوو، هیچ زانیارییەک، سەرەداوێک لەبارەی باوکمەوە نەبوو؛ نە خۆی و نە ئەوانەش کە لەگەڵیدا بوون، کەس هیچ شتێکی دەربارەیان نەدەزانی. باوکم لە ماڵ چووە دەرەوە و جارێکی تر نەگەڕایەوە.

دوای ئەو ڕووداوە، ژیانمان بەتەواوی گۆڕا. دووکان داخرا، زەخیرە و شتەکان هێنرانەوە بۆ ماڵەوە، دایکم سەری لێ شێوابوو؛ نەیدەزانی چی بکات. لەناکاو، ئەرک و بەرپرسیارێتیی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی چوار منداڵی وردی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەوتە ئەستۆ. وردە وردە کەسوکارو دۆستان بێهیوا بوون لەوەی هەواڵێکیان دەست بکەوێت. ئیدی ئەوانیش دەوریان چۆڵ کردین و ڕۆیشتنەوە بە لای ژیانی خۆیانەوە. لێرەوە سەردەمێکی تەواو جیاواز لە نەهامەتی و بێنازی و هەژاری دەست پێ دەکات. جار جار ئەوانەی قەرزاری باوکم بوون- جا هەرچەند بووایە- قەرزەکەیان بۆ دەهێنایەوە. ئەوە خراپ نەبوو. هەتا بڵێی ژیانمان سەخت و ناخۆش بوو. ئیدی دایکمان بوو بە ڕابەری ڕووحی و چەتر و سایەمان.

دوای هەشت ساڵ، لە هەندێک ناسیاومان بیست کە دوای ئەوەی باوکم و هاوسەفەرانی کاروباری خۆیان لە بەغدا تەواو کردووە، کەوتوونەتەوە ڕێ بەرەو سلێمانی. (ملازم محەمەد)ی خوشکەزام، کە خۆی ئەفسەر بوو لە جەیشی عێراقدا، دوای سۆراغێکی زۆر ئەو زانیارییانەی دەست کەوتبوو. هەر ئەویش ئەو زانیارییانەی پشتڕاست کردەوە و پێی ڕاگەیاندنین کە لە (گوندی سیارە)ی دەربەندیخان سوپای داگیرکەری عێراق ئەو چەند کەسەی پێکەوە گوللەباران کردووە.

ئەو ماوەیە زەعیم سدیق بە لیواکەیەوە لە سلێمانی بووبوو، تا ئەوپەڕی دڕندەیی کوشت و کوشتاری لەناو شاری سلێمانی و دەوروبەری ئەنجام دابوو؛ ئەوەی کردبووی دەیکرد جۆرێک ببوو لە کۆمەڵکوژی.

پێش هاتنەوەی باوکم و هاوڕێکانی، پێشمەرگە، لە نزیکی ئەو گوندەی دەربەندیخان، زەبرێکی توند لە کاروانێکی سەربازیی دوژمن دەدەن و چەند سەربازێک دەکوژن. سوپاش لە تۆڵەدا، هاتبوونە جێگەکە و لە دەوروبەری (چنارە)ی لای میرەدێ و حەسەنەکارە، بۆسەیان دانابوو. لەوێ ئۆتۆمبێلەکەی باوکم و ئەوان ڕادەگرن، هەموویان دادەبەزێنن و بێ هیچ لێکۆڵینەوە و پرسیارلێکردنێک و گوێدانە تەمەن، لە جادەکە دووریان دەخەنەوە و دەستڕێژی گوللەیان لێ دەکەن و هەموویان دەکوژن. جگە لەمە، هیچ زانیارییەکمان دەربارەی باوکم نییە. چەند هەوڵمان داوە ئەو جێگەیە بدۆزینەوە، بەڵام تەنیا ئەوەندەمان زانیاری دەستکەوت کە، وەک حکومەتی عێراق دەیگوت، بەهۆی ڕووداوەکانی "باکوور"ەوە لە جادەی کەلار-سلێمانی کوژراون" هیچی ترمان دەست نەکەوت. باوکم گۆڕێکی پێ نەبڕاوە و کەس نازانێت دوای کوشتنی، چی لە تەرمەکەی کراوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بیرمە ڕۆژێکیان، دوای ڕوودانی کارەساتەکەی شەشی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣، کە تێیدا زەعیم سدیق ٤٠٠ کەسی لە پیر و لاوانی شاری سلێمانی زیندەبەچاڵ کرد، دایکم لە ژوورەکەی سەرەوە دەگریا و لە خوا دەپاڕایەوە تۆڵەی باوکم و هەموو ئەوانەی بە ناهەق لە حامییەی سلێمانی کران بە ژێر خاکەوە بکاتەوە و سەبەبکارەکەیان لەناو ببات. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کارەساتەکەی باوکم و هاوڕێکانی پێش ئەو کاتە ڕووی داوە.

دوای دەرچوونی بەیانی مێژوویی ١١ی ئازار، باوکم وەک شەهیدێکی دەستی ڕەشی غەدری بەعسییەکان بەبێ گۆڕ، وەک سەدان و هەزاران شەهیدی تری ئەم کوردستانە مووچەی شەهیدانەی بۆ بڕایەوە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بهێنم، دەمەوێت شتێکی تریش تۆمار بکەم:

چەند ساڵێک دوای ڕاپەڕین، واتە زیاتر لە ٤٠ ساڵ دوای شەهیدکردنی باوکم، ڕۆژێکیان لە پرسەی ناسیاوێکم بووین، کەسێک هاتە لامەوە و جیای کردمەوە. کەسەکە ناوی مام سادق بوو؛ خاڵی پێشمەرگەیەکی لای خۆم بوو، دەستی بۆ باخەڵی برد و گوتی، "لە ساڵی پەنجاکانەوە ١٠ دیناری ڕەحمەتی سۆفی سمایلی باوکت قەرزارم، ئێستا بۆم هێناویەتەوە و دەبێت لێم وەرگری." سەیرێکی کابرام کرد، بە لامەوە سەیر بوو دوای دەیان ساڵ چی پاڵی پێوە ناوە ئەو قەرزە بداتەوە. کابرا سوور بوو لەسەر داواکەی. ١٠ دیناری سویسریی لە گیرفانی دەرهێنا و زۆر هەوڵی دا لێی وەربگرم، بەڵام من قبووڵم نەکرد و گوتم، "مام سادق، بە هیچ جۆرێک ئەو پارەیەت لێ وەرناگرم؛ ئێرە تەعزییە." ئیتر دڵنیا بوو لەوەی داواکەی قبووڵ ناکەم و ئەویش بەناچاری وازی هێنا و ڕۆیشت. پێشمەرگەکە پرسیاری لێ کردم و ویستی بزانێت خاڵی چی دەویست وا جیای کردبوومەوە و دەستی هەر لە باخەڵیدا بوو، منیش چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە. ئینجا هەر ئەو خۆی گوتی، "جا ١٠ دیناری ئەو وەختە و ئێستا دەکەی بە یەک؟" لێرەدا، دەمەوێت بیری خوێنەری بهێنمەوە کە نزیکەی ١٠ ساڵێک دوای ئەوەی ئەو کابرایە قەرزی لە باوکم کردووە، ئێمە بەشی ژێرەوەی خانووەکەمان دا بە کرێ بە دوو خێزان، ئەو سەردەمە مانگانە بە هەردووکیان دینار و نیوێک کرێیان دەدا بە دایکم. ئەو کاتە پارەکە بۆ ئێمە باش بوو، ئێستا هەرچییەک بکات جێگای ئەوەمان بۆ ناگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سنگفراوانی و لێخۆشبوون

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەمیشە باشترین کارێکە مرۆڤ بیکات. من لای خۆمەوە هەر زوو گەردنی مام سادقم ئازاد کرد. بیرم دەکردەوە دەبێت باوکم قەرزی لای چەند کەسی تر بووبێت و قەرزکوێرەکان بۆخۆیان پێچاویانەتەوە و تەنیا مام سادق پاش ئەو هەموو ساڵە ڕەحمی جوولا. هەر باش بوو ئەوەش ڕووی دا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئایشێ خان

(ئایشێ حەسەن)ی دایکم ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی (دارۆخان)[1]ی (ناوچەی شلێر)ی سەر بە قەزای پێنجوێن لەدایک بووە، هەر بە ئەسڵیش خێزانەکەی خەڵکی ناوچەی شلێرن. کاتێک منداڵ بووە، باوکی کۆچی دوایی کردووە، خۆی و (سەعید)ی برای هاتوونەتە سلێمانی. ساڵی ١٩٥٢، کە هێشتا تەمەنی نەبووە بە هەژدە ساڵ، براکەی، بەبێ ڕەزامەندیی خۆی، لە (سۆفی سمایل)ی باوکمی مارە کردووە. دایکم ئەو کاتە بە تەمەن منداڵە و ئامادەی ئەو ئەرک بەرپرسیارێتییە قورسە نییە، بەڵام دادە حەلاو، وەک سەرپەرشتیارێکی لێزان و میهرەبان باڵ بەسەر دایکمدا دەکێشێت و هەتا ڕۆژی کۆچی دوایی دایکیشم لە ساڵی ٢٠١٩دا، وەک دوو خوشک و دوو هاوڕێی نزیک و دڵسۆز پێکەوە دەمێننەوە.

لەو ژیانە نوێیەیاندا پێکەوە، دایکم و باوکم، بوونە خاوەنی چوا کوڕ: ئەحمەد، شۆڕش، محەمەد، بەختیار. محەمەدی برام لەسەر دەستی بەعسییەکان بە دیار چاوی خەڵکی شارەوە لە ساڵی ١٩٨٦دا وەک تۆڵەکردنەوە لە زەبرێکی گەورەی پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون، کە بەندە فەرماندەی بوو، گوللەباران کرا. دواتر بەدرێژی باسی ئەمە دەکەم.

دوای دیار نەمانی باوکم و نائومێدبوونمان لە پەیداکردنی هیچ زانیارییەک لەسەر ئەوەی ماوە یان مردووە؛ دایکم، کە ئەو کات تەمەنی ٢٦ ساڵ بوو، شەروالێکی پیاوانەی هەڵکێشا و لە کارگەی پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی بوو بە کرێکار. بەیانیان زوو دەچوو بۆ کارکردن و کە دەشهاتەوە، ئیسراحەتی نەدەکرد و دەستی دەکرد بە کاری ناوماڵ و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ئێمە،

---

١ ئەم گوندە زۆر کۆنە و شوێنەواری زۆری لێیە. بەپێی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشتەوە ئاوەدان بووە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەر لە ئامادەكردنی خواردن و جلشتن و ماڵ خاوێنكردنەوەوە تا هەر شتێكی تر كە پێویست بووایە. ئێمە خوشكمان نەبوو، بۆیە بەردەوام لە كاروبارەكاندا هاوكاریی دایكممان دەكرد. كە ئەو لەسەر حەوزەكە قاپی دەشت، ئێمە دەمان بردە ژوورەوە؛ گسكمان دەدا، جێگەمان ڕادەخست، هەرچییەكی داوا بكردایە یان پێویست بووایە، ڕای هێنابووین و بۆمان دەكرد.

بەختیاری برام ساوا بوو. چوارشەممان دایكم ئەوی دەكردە باوەش، دەستی من و محەمەدیشی دەگرت و دەیبردین بۆ سەر شەخسی پیرمەسوور، كە نزیكی ماڵمان بوو. دەیگوت ئێوە منداڵن و دڵتان سافە و دووعاتان گیرایە. هەندێكجار دەچووینە سەر مەرقەدی كاك ئەحمەدی شێخ لە مزگەوتی گەورە. دایكم دەستی دەنایە بە مەزارەكەوە و دەگریا و هاواری بۆ خوا گیان دەكرد و لە كاك ئەحمەدی شێخ دەپاڕایەوە تا هەواڵێكی هاوسەرەكەی بزانێت، ئێمەش لەگەڵیدا دووعامان دەكرد خودا باوكمان بۆ بگەڕێنێتەوە.

من هەموو ڕۆژێك لە دایكمم دەپرسی، "بۆچی باوكم نایەتەوە؟" ئەویش قورگی پڕ دەبوو لە گریان و دەیگوت، "ئیشەڵلا بەم نزیكانە دێتەوە." دایكم بەردەوام دووعای دەكرد. ئێستاش وێنەكەی لەبەرچاومە كە چۆن لەسەر بەرماڵە جاجمەكەی دادەنیشت و دەنگی هەڵدەبڕی و دەیگوت، "خوایە گیان بۆ خاتری ئەم چوار منداڵە، پیاوەكەم بە سەلامەتی بۆ بگەڕێنیەوە." بەڵام ئەو هەموو چاوەڕوانییە بۆ گەڕانەوەی باوكم و بەردەوام چوونە سەرمەزاری پیاوچاكان و دووعا و نزا و پاڕانەوەكانی دایكم، لەگەڵ سەردانە یەك لەدوای یەكەكانی بۆ دائیرەی پۆلیس هیچیان لێ شین نەبوو. دایكیشم بەنائومێدی دەگەڕایەوە.

ئێستاش بەجوانی بیرمە چۆن ئەو فرمێسكە گەشانەی لە چاوی دایكم دەبارین لە ناخەوە منیشیان دەخستە گریان تا ئەوەی دەستی میهرەبانیی دایكم دەگەیشتێ و ئارامی دەكردمەوە. ئازاری سەختی بێباوكی تەنیا ئەوانەی لەو نازە بێبەش دەبن دەزانن چ ئازارێكی بێكۆتایە. گەرچی دایكم جێگەی باوك و هەموو كەسی بۆ پڕ كردبووینەوە، بەڵام بۆ خۆی ئەو هەموو چاوەڕوانییە بۆ گەڕانەوەی باوكم و ڕووەو ئاسمان پاڕانەوە و چوونەسەر مەزاری پیاوچاكان و دووعاكردنەكان، كاریگەرییان لەسەر تەواوی ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتیم درووست كرد؛ هەر ئەوەشە وای كردووە هەمیشە لە ڕیزی هەژاران و بەتایبەت ئەوانەدا بم كە لەو نازە بێبەشن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جارێکیان دوومەڵێکی پیس لە قاچی دایکم هات، خەڵک دەیانگوت مووی لێ هاتووە. ئەو دوومەڵە زۆری ئازاری دەدا؛ زۆر بەنارەحەت دەیتوانی ڕێ بکا، بەناچاری لەسەر کار بۆ چەند ڕۆژێک داوای مۆڵەتی کرد، بەڵام چاودێری کرێکاران و بەرپرسەکەیان پێدانی مۆڵەتیان ڕەت کردەوە و مۆڵەتیان بە دایکم نەدا. بۆ ماوەی دوو هەفتە، دایکم بەناچاری و بە ئازار و زەحمەتی زۆرەوە، کە بۆ نوێژی بەیانیی هەڵدەستا، نەدەخەوتەوە و بەشەلەشەل و بەو برینەوە دەچوو بۆ ئیش. ئێوارانیش کە دەهاتەوە، هەویری دەخستە سەر دوومەڵەکە و دەی پێچا تا سەرەنجام دوومەڵەکە گەیشت و بە دەرزی تەقاندی و پیسییەکەی هاتە دەرەوە. ئەو ماوەیە، دایکم ئازار و ناڕەحەتیی زۆری چەشت تا غایب نەدرێ. بە ئێمەشی دەگوت هیچی نییە و چاک دەبێت، ئێمەش جگە لەوەی خەمی پێ بخۆین، نەماندەتوانی هیچی تری بۆ بکەین. تەنیا پەروەردگار بوو چاوی لە ئەو و منداڵەکانی بوو.

جاری وا هەبوو مەزارەکەی کاک ئەحمەدی شێخ[1] زۆر قەرەباڵغ دەبوو؛ ژن و منداڵێکی زۆر دەهاتنە ئەوێ بۆ دووعاکردن. جێگە نەدەما، هەناسەمان تەنگ دەبوو، گەرمامان دەبوو، بەڵام دایکم لەبەر گریان و پاڕانەوە، ئاگای لە هیچ شتێک نەدەما. ڕۆژێکیان لەگەڵ کاکە ئەحمەدی برام چووینەسەر مەزاری پیرمەسوور.[2] بیستبوومان ئەگەر دووعا بکەیت و بەردێک بنێیت بە کێلەکەوە و بەردەکەی پێوە بنووسێت، ئەوە دووعاکە گیرا بووە. دوای چەند جارێک هەوڵدان، بەردەکەی منی پێوە نووسا. شاگەشکە بووم و دڵنیا بووم لەوەی باوکم دەگەڕێتەوە. ئەو شەوە دنیایەک خەوم بینی، لە هەموو خەوەکاندا باوکم لە ماڵەوە بوو. وردەکاریی خەوەکانم لەبیر نەماوە، بەڵام ئەوەندەم لەبیرە کە هەستم بە شادمانییەکی زۆر دەکرد.

---

١ کاک ئەحمەدی شێخ (١٧٩٣ – ١٨٨٧) زۆرجار بە 'کاک ئەحمەدی سلێمانی'یش ناوی دەهێنرێت- کوڕی (شێخ مەعروفی نۆدێ)یە و یەکێکە لە پیاوە گەورەکانی تەریقەتی قادری. مەزارەکەی لەناو مزگەوتی گەورەی سلێمانیدایە.

٢ 'پیرمەسوور' یان 'پیر مەنسوور' مەزاری پیاوچاکێک بوو لە گەڕەکی خۆمان، هەمووی پەنجا، سەد مەترێک لە ماڵمانەوە دوور بوو. قسە دەربارەی ئەم پیاوچاکە زۆر دەکرێت؛ هەندێک دەڵێن پیرێکی زەردەشتی بووە، هەندێکی تریش دەڵێن برای (پیری شەوکێڵ)ە و هەردووکیان لە باپیرانی بنەماڵەی کاک ئەحمەدی شێخن. ئێستاش مەزارەکە ماوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چوونەسەر پیرمەسوور، جگە لە دووعاکردن، یەک، دوو شتی دیکەی زۆر چاکی بۆ ئێمەی منداڵ تێدا بوو. زۆرجار، بەتایبەتی ئەوانەی دووعاکانیان گیرا دەبوو، یاخود مرادیان حاسڵ دەبوو، یاپراخیان دەکرد و دەیانهێنا لەوێ هەڵیان دەڕشت و ئێمەش تێر سکی خۆمان لێمان دەخوارد، هەندێک کەسیش نوقوڵ و شیرینییان دەبەخشییەوە و دەنکێک یان زیاترمان بەردەکەوت. بە تامەزرۆییەوە نوقوڵەکانمان دەخستە دەممانەوە.

زۆر جار، باوک یان دایکم، هەفتانە من و محەمەد و بەختیاریان دەبرد -ئەحمەد نەدەهات- بۆ حەمامی دەرەوە. ئێمە منداڵ بووین و ئەوکاتیش زۆربەی ماڵان حەمامیان نەبوو، بۆیە زیاتر سوودیان لە گەرماوە گشتییەکان وەردەگرت. حەمامی بەرخی هەمووی پەنجا هەنگاوێک لە ماڵی خۆمانەوە دوور بوو؛ حەمامێکی ڕێکوپێک و پاکوخاوێن بوو. دایکم بەختیاری دەکردە باوەش و بوخچەیەک جلی خاوێن و چڵکنی دەدا بە کۆڵیدا، من لە تەنیشتییەوە دەڕۆیشتم و محەمەدی براشم بەدەم هەڵبەزودابەز و یاریکردنەوە دەکەوتەڕێ. ئەحمەد لە من گەورەتر بوو، محەمەدیش لە من منداڵتر؛ هەردووکیان زۆر وریا بوون، من هەر لە سەرەتاوە زیاتر هۆگری دایکم بووم و بەدەگمەن لێی جیا دەبوومەوە.

عوسمانی حەمە نایەر و (حاجی عەبدول)ی باوکی مامۆستا جەمال عەبدول، کە خاوەنی حەمامی بەرخی بوو، پێکەوە حەمامەکەیان بەڕێوە دەبرد. لە دوای شەهیدبوونی باوکمەوە، کە زۆر دۆستی حاجی عەبدول بوو، لەو حەمامە پارەمان لێ وەرنەدەگیرا. کاتێک تەمەنمان کەمێک چووە سەرەوە، ئیتر کاکە ئەحمەدم دەیبردین بۆ حەمامی پیاوان و لەوێش حاجی عەبدول یان عوسمانی حەمە نایەر، کە بە نۆرە لەسەری دادەنیشتن، پارەیان لێ وەرنەدەگرتین. چەندی هەوڵمان دەدا حاجی عەبدول پارەمان لێ وەربگرێ، ئەو ڕازی نەدەبوو؛ دەیگوت، "حەمام حەمامی سۆفی سمایلی باوکتانە. باسی پارە بکەنەوە، عاجز دەبم.

حاجی عەبدول کەسایەتییەکی دیاری شار و پیاوێکی هێمن و دەستوودڵکراوە و لەسەرخۆ بوو؛ خۆشەویستی لای خەڵک بوو، ئەوەی بە لایەوە نرخی نەبوو ماڵ و سەروەتی دنیا بوو.

دوای بەیانی ١١ی ئازار، کەوتمە هاتووچۆی یەکێتیی قوتابیان، دایکیشم ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو، بەڵام دوای دوو، سێ ساڵ کە وەزعەکە گۆڕا و عێراق

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەو بەڵێنانەی بە (مەلا مستەفا بارزانی)ی دابوو پاشگەز بۆوە، دڵخۆشییەکەی دایکم بوو بە نیگەرانی. دەترسا شتێکمان بەسەر بێت؛ بەردەوام ئامۆژگاریی دەکردین لە سیاسەت نزیک نەبینەوە. دوای ئەوەی وەزعەکە بە تەواوەتی تێک چوو، خەڵکێکی زۆر چوونە شاخ و پەیوەندییان کرد بە شۆڕشی کوردستانەوە، کەسوکاری ئێمەش هەموو ڕۆیشتن. منیش لەگەڵ کاروانی قوتابییان بەرەو دەرەوە و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەڕێ کەوتم. دایکم و محەمەد و بەختیاری برام پێکەوە لە ماڵەوە مانەوە. کاکە ئەحمەدیشم ماوەیەک بوو لە هێزی خەبات لای ملازم محەمەدی خوشکەزام ببوو بە پێشمەرگە. شار کەسی وای تێدا نەما؛ زۆربەی زۆری خەڵک پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە کرد. دایکم نەیدەتوانی ڕێمان لێ بگرێت نەڕۆین. لەو ماوەیەدا کە لە دەرەوە بووین، دایکم جار جار دەهاتە پێنجوێن بۆ لامان و خۆراک و کەلوپەلی بۆ دەهێناین. کە دەیبینین، خۆشحاڵ دەبوو، دوای چەند ڕۆژێکیش زۆر بە نیگەرانی و پەژارەوە دەگەڕایەوە. دایکم هیچ چارێکی نەبوو، ژیانی پێشمەرگایەتی هەمووی مەترسییە، شار لەژێر دەسەڵات و پۆستاڵی بەعسییەکاندا هەر کوشتن و گرتن و ئەشکەنجە بوو، ئەویش نەیدەزانی چی بکات. ئیتر کورد لە ژێردەستەیی و داگیرکاریدا ژیانی لەوە باشتر نابێت.

دایکم زۆر بە گەنجی لێی قەوما. زۆرجار کەسوکار و ناسیاوەکان داوایان لێ دەکرد شوو بکاتەوە، بەڵام ئەو تووڕە دەبوو و دەیگوت، "ژیانی من ئەم چوار منداڵەیە؛ ئەمانە هەموو شتێکی منن." دایکم وەک سەدان و هەزاران ژنی ڕەشپۆشی ڕووسوور و سەربەرز ژیانی بە ئێمە بەخشی. هەمیشە دەیگوت، "تا ئەو کاتەی خوا ئامانەتییەکانم لێ وەردەگرێتەوە، خەریکی خزمەتکردنیان دەبم و پشت بە خوا هەموویان گەورە دەکەم و دەیانخەمە ماڵوحاڵی خۆیانەوە."

دایکم وەک ژنێکی پاڵەوان لە سەدان چیرۆکی پڕژەهری ژیان و چەرخی بێڕەحمی بەرپرسیارێتیدا وەک دایکێکی بەهێز و فیداکار و بەخشندە، هەمیشە جوانترین خەڵاتی ڕووسووریی پەروەردگاری پێ بەخشراوە. ژنێک بە چوار منداڵی وردەوە، ئازار و سەختی و زەحمەت و بێڕەحمیی ئەم چەرخە چەپەی ژیان دەچێژێ، بەڵام هێشتا وەک کاپتنێکی ئازا و بەتوانا لە دەریایەکی پڕزریان و شەپۆلی مەرگدا جڵەوی خێزانەکەی دەگرێتە دەست و بە لایەکیشدا سۆراخی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاوسـەرە بێسەروشـوێنەکەی دەکا. دایکـم ژیانێکـی زۆر سـەختی گوزەرانـد و بـۆ ساتێک دڵئـارام و ئاسـوودە نەبـوو. کاتێکیش ئێمـە دەبـوو خزمەتـی بکەیـن و بـە چـاوان بیگێڕیـن، لـە شـاخ بوویـن و ئەویـش لـە شـار بەشـی ڕاونـان و گرتـن و ماڵتاڵانکـردن بـوو، دواتریـش نەخۆشـی بەرۆکـی گـرت و ئینجـا بـە ئـازاری ئـەو جەستە ماندووەیـەوە ڕۆژانی کۆتاییی ژیانـی بـەڕێ دەکرد. لە زۆر جێگـەی دیکـەی یاداشـتەکانمدا، بەوپـەڕی هەسـتکردن بـە قـەرزاری و شـەرمەزارییەوە، لـە دامێنـی لووتکـەی گەورەییـی ئـەم ژنـە پاڵەوانـە نموونەییـەدا ڕادەوەسـتم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دایکم

دایکم لە ڕۆژی ٢٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٩دا، لە نەخۆشخانە چرای تەمەنی کوژایەوە و کۆچی دوایی کرد. لە کاتی نووسینەوەی ئەم بەشەی یادەوەرییەکانمدا، نزیکەی چوار ساڵ بەسەر کۆچیدا تێ پەڕیوە، بەڵام یادەوەرییەکانی بەبەردەوامی بە زەینمدا دێن و دەچن. کاتی خۆی کە دەیبردم بۆ شەخسەکەی پیرمەسوور، دەیگوت، "ڕۆڵە، دووعای منداڵ گیرایە..." منیش بەردێکم بەدەستەوە دەگرت و لە ناخی دڵمەوە دەپاڕامەوە بەردەکەم بە کێلی مەزاری پیرمەسوورەوە بنووسێ و نزاکانم بۆ گەڕانەوەی باوکم گیرا ببن. ئەو کاتانەی بەردەکەم بە کێلەکەوە دەنووسا، دایکم پڕ دەبوو لە ئومێدی هاتنەوەی هاوسەرەکەی و ڕووناکبوونەوەی ماڵەکەی، ئیتر خەو و خەیاڵی ئێمە هەر لای هاتنەوە و دەرکەوتنەوەی باوکم بوو. داخەکەم جارێکی تر دەنگی بابە نەهاتەوە گوێمان.

دایکم فەرهەنگێکی گەورەی چیرۆکیش بوو. شەوانە بە چیرۆک دەیخەواندین. ئێستاش سەرگوزەشتەی حەمەڕەشی خانی بانە، شەڕی دێوە سپییەکان، ڕۆستەم و زۆراب و چەندین چیرۆکی تر لە گوێمدا دەزرینگێنەوە. دایکم تەمەنی لاویی خۆی بە ئێمە بەخشی. هەرگیز بیرم نەدەکردەوە ڕۆژێک دابنیشم و نامەی دوای مەرگی بۆ بنووسم.

***

دایە بەیانیان زوو دەڕۆیشت و شەوانیش تا ئێمەی نەکردایەتە خەو نەدەنووست، تەنیا بەیانیانی هەینی دەیتوانی لەگەڵ ئێمە نانی بەیانی بخوات. زۆرجار هەموومانی دادەنا و بەدەورماندا دەسووڕایەوە و خۆی لە دەوری یەک بەیەکمان دەگێڕا، ئێمەش واماندەزانی یارییمان لەگەڵ دەکا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە سەروو ماڵی خۆمانەوە کەبابخانەی حەمەی عەباس هەبوو، دووکەڵ و بۆنەکەی دەگەیشتە زۆربەی ماڵەکان، بە ماڵی ئێمەشەوە. دایکم دریخی نەدەکرد و بێدڵیی نەدەکردین و زووزوو بە سینییەکەوە دەیناردین بۆ کەباب هێنان. بابۆڵە/ کەبابی بە دە فلس بوو. ئەو کەبابانە زۆر بەتام بوون، زۆرجاری تر کەبابم خواردووە، بەڵام کەبابەکەی گەڕەکی خۆمان کە بەدەستی دایە دەکرِدرا، شتێکی تر بوو.

***

مووچەی شەهیدانەی باوکم دوای بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بڕدرایەوە؛ بەڵام تازە درەنگ بوو؛ کوردگوتەنی 'لە خەم ڕەخسی بووین' و چەند قۆناغی خوێندنمان بڕیبوو؛ دەمانتوانی کار بکەین و لەگەڵ دایەدا شان بدەینە بەر سەختییەکانی ژیان. تا پێش ئەو قۆناغە، دایە بە تاقی تەنیا هەموو ئەرکەکەی لە ئەستۆ بوو. تەنها ڕۆژانی هەینی هەبوو، ئەویش بۆ حەوانەوە نا، بەڵکوو بۆ ئەوەی جلە چڵکنەکانمان بشوات، ماڵەکە خاوێن بکاتەوە و یەکەیەکە هەموومان بباتە حەمام و بە لفکە سپیمان بکاتەوە.

***

ئەی من چۆن ئەجری دایکمم دایەوە؟

ساڵی ١٩٧٦ ، دایکم و برا گەورەکەم و دوو برای بچووکتر لە خۆمم جێ هێشت و ڕووم کردە شاخ. ئەوانیش لە شار بەردەوام ڕووبەڕووی پەلامار و ئازاردانی پیاوەکانی بەعس دەبوونەوە. بەڵێ زۆر بێوەفایانە دایکی خۆمم جێ هێشت و چوومە باوەشی دایکی نیشتمانەوە.

ئەی دایکم چی بەسەر هات؟

باسکردنی ژیانی دایە لەسایەی بەعسییەکاندا پڕە لە چیرۆکی بەئازار و خوێناوی و دەبێت لە جێگەیەکی تردا بەدرێژی بیانگێڕمەوە. من دایەم جێ هێشت، بەڵام ئەو هەر دەرفەتێکی دەست بکەوتایە بە کۆڵێک خۆراک و پۆشاک و پێداویستییەوە، دێ بەدێ بەدوامدا دەگەڕا، دەیدۆزیمەوە و لە باوەشی دەکردم و بۆنی ئارەقی ماندوێتیمانی بە بۆنی خۆشترین و گرانبەهاترین عەتری دنیا نەدەگۆڕییەوە. بە بۆن و باوەشەکەمان فێنکاییەک بە دڵیدا دەهات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەر بەتەما بووم ڕۆژێک لە ڕۆژان گلەییم لێ بکات: "بۆچی ئاوا ماڵت چۆڵ کرد؟ بۆ ئاوا سەرت لە خێزانێک شێواند و هەمووانت دەربەدەر و سەرگەردان کرد؟ برات بەشەهیدکردن دا؟ ئاوا چاکەم دەدەیتەوە؟" بەڵام هەرگیز قسەی وا بە دەمیدا نەهات. ناوبەناو هاوڕێکانم گاڵتەیان لەگەڵ دەکرد و دەیانگوت، "کوڕەکەت خۆی ئامادە کردووە تەسلیم ببێتەوە." دایکیشم وەڵامی دەدانەوە، "شیری منی خواردبێ، شتی وا ناکا."

***

کاک ئەحمەدی برام زۆر زیرەک و ژیر بوو؛ هەموو ساڵەکانی خوێندنی سەرەتایی بە یەکەم دەردەچوو، بەڵام بەناچاری دەستی لە خوێندن هەڵگرت هەر لە تەمەنی لاوییەوە دەستی دایە کرێکاری، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەی ئەرکێک لەسەر شانی دایکم و خێزانەکە کەم بکاتەوە. هەر زوو بوو بە باشترین وەستای بیناسازی و وردەوردەش شارەزای بەڵێندەرایەتیی بچووک بوو. ئیتر بەهۆی منەوە ژیانی ئەویش کەوتەبەر مەترسی و خۆشاردنەوە، تا دواجار ئەویش هاتە شاخ.

محەمەدی براشم، کە چەند ساڵێک لە من مناڵتر بوو، دیسان بە هۆی منەوە خوێندنی بۆ تەواو نەکرا و بەناچاری چووە سەربازی. ماوەیەکی زۆریش لە شاخ مایەوە، بەڵام دوایی دەستی دایە کاسبی و لەسەروو ئوتێل مەولەوی بەرسەرای سلێمانی خواردەمەنیی دەفرۆشت. دوژمنی درندە دەستی لێ نەپاراست لەبەرئەوەی برای '(شۆڕش)ی سەرتیپ' بوو، شەهیدی کرد.

بەختیاری برام، خوێندکاری دواناوەندی بوو. ڕژێم هێندە چوونە سەر ماڵەکەمان بۆ گرتنی، بەناچاری هاتە دەرەوە و بوو بە پێشمەرگە. لە کۆتاییی ساڵی ١٩٧٩دا لەگەڵ کاک وەهابی شێخ ئەحمەد لە شارباژێڕ بوو، دواتریش هاتە لای ئێمە، کە هەر لە شارباژێڕ بووین.

***

دایکم ژنێکی بەدین و بەرماڵ-لەکۆڵ بوو؛ بەردەوام تەزبیحی لائیلاهەئیلەڵاکەی لە سێ، چوار جێوە پەتی لێ بەسترابوو. زۆریش هانی ئێمەی دەدا ڕوو لە خوا بین. جارێکیان هاوڕێی پێشمەرگایەتیم، حەمەی تەیب، بەگاڵتە و بۆخۆشی پێی گوتبوو، "شۆڕشی کوڕت مارکسییە و لەدین لای داوە!" دایکیشم بێ ڕاوەستان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەڵامی دابۆوە، "شۆڕش لەسەر هەر دینێک بێ، منیش لەسەر ئەو دینەم." دایکم دڵنیا بوو ڕێبازی ئێمە کوردایەتی و خزمەت و پاراستنی وڵاتی خۆمانە؛ زانیبووی دینداریـن و ئەوەی حەمە هەر بۆ سوعبەت بووە.

جار هەبووە دایکم کە ویستویەتی ئێمە ببینێت، بەخت یاوەری نەبووە و لە گەڕان بەدواماندا ماندوو دەبوو. مەفرەزەکەی ئێمەی بۆ نەدەدۆزرایەوە؛ دەچووە لای پێشمەرگەکانی تر و دەیگوت، "ئێوەش هەمووتان (شۆڕش)ن؛ وەرن با ئەم خۆراک و کەلوپەلانەتان بدەمێ."

جاری وا هەبوو ماڵی حاجی محەمەدی گورگەدەر دەیانبردە لای خۆیان و لێ نەدەگەڕان بە نائومێدی بڕواتەوە. چەندین ڕۆژ و بگرە دەگەیشتە هەفتەش لای خۆیان گلیان دەدایەوە و جوابیان دەنارد تا ئێمەیان بۆ دەدۆزییەوە. ئینجا ئەویش دەهات بۆ لامان و بەتامەزرۆییەوە لە باوەشی دەگرتین. زۆرجاریش هەستم بە تەڕایی ناو چاوەکانی دەکرد، کە تێکەڵەیەک بوو لە شادمانیی بۆ بینینی ئێمە و ترس لە نادیاریی ئایندەمان.

دایکم بەهیوا بوو ئێمە گەورە ببین و ببین بە چەتر بەسەریەوە و لەسایەماندا بحەوێتەوە، بەڵام ئەوە هەرگیز نەهاتە دی. ئێمە، نەک هەر نەمانتوانی قەرەبووی ڕۆژانی سەختی لاویی بۆ بکەینەوە، بەڵکوو خستمانە نێوان دوو بەرداشەوە و کە بەردەوام دڵ و ڕووحیان دەهاڕی. لایەک بەعس و دارودەستەکەی بوو، کە بەهۆیانەوە بەناچاری و لەترسا کاری ببوو بە خۆشاردنەوە و خۆلادان لە گرتن و ئازاردان و ماڵ تاڵانکردن و جەرگسووتان، لایەکەی تریش ئێمە بووین لە شاخ و لە هەر شوێنێک فیشەکێک بتەقیایە، دایکم دڵی بۆمان دادەخورپا و دەترسا پێشمەرگەیەک شەهید بووبێت. ئەو هەموومانی بە ڕۆڵەی خۆی دەزانی.

هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە، هەست دەکەم دایکم بەتەنیا پاڵەوانی ڕاسەقینەی ناو چیرۆکە ڕاستییەکانی کۆڵنەدان و فیداکاریی ئێمەیە. ئاخر پێش شەڕ و لە گەرمەی شەڕی عێراق-ئێراندا و لەوپەڕی دڕندەییی بەعس و بەکرێگیراوەکانیدا، ئەو سێ کوڕی پێشمەرگە بوون و یەکێکیش سەرباز! بەتاقی تەنیا خەمی هەموومانی لە کۆڵ نابوو. بە دڵێکی لە پۆڵا سەختترەوە لە ڕۆژگارێکدا کە کورد بەگشتی لەناو دۆزەخی بەعسییەکاندا دەژیا و ڕۆژانە باشترین ڕۆڵەکانی دەکرانە خۆراکی ئەو ئاگرە بێ برانەوەیە، پەروەردگار هێزێکی ئەوتۆی دابوو بە دایکم تا بەسەر ئەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەختییانەدا زاڵ ببێت و وەک دایکێکی دڵگەورەی پڕ میهرەبانی و ڕابەرێکی کەم وێنە ڕۆڵەکانی بە کوردستان ببەخشێت.

کار بەوەندەوە نەوەستا! ڕووداوەکان بە هیچ جۆرێک لە قازانجی دایکم نەبوون. ڕۆژگار بە هیچ جۆرێک بواری نەدەدا. تیپی (٤٧)ی پیرەمەگروون، کە من سەرتیپی بووم، یەکێک بوو لە چالاکترین تیپەکانی پێشمەرگەی یەکێتی. پێشمەرگە و فەرماندەکانی فیداکار و قارەمان بوون؛ بەردەوام لە چالاکیی پێشمەرگانەدا بووین لە شاخ، زۆریش دەهاتینە ناوشاردا لەبەرئەوەی شارەزایی و ئەزموونی شەڕی شارمان زۆر بوو. ئەمە بۆ دایکم و میللەتەکەشم، هەم مایەی سەربەرزی بوو، هەم نیگەرانی و ترس. هەر جاش و بەگریگیراو و بەعسییەک فیشەکێکی پێشمەرگەی ئاڕاستە کرابێت، لەولاوە دایکم زەبرێکی دراوەتی جا یان بە ڕاونان، یان گرتن، یان چوونەسەرماڵمان و تالانکردن، یان سووکایەتیپێکردن بووبێت.

ڕۆژی ٣ی تەمووزی ساڵی ١٩٨٥، لە شەقامی تووی مەلیک، مەفرەزەیەکی پێنج-کەسیی تیپەکەمان چەند بەرپرسێکی تاوانباری بەعسیان ڕەوانەی دۆزەخ کرد. دواتر دەنگی گەلی کوردستان هەواڵەکەی بڵاو کردەوە و ڕاگەیەندرا کە پێشمەرگەکانی کەرتی تیپ، تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لەناو شاری سلێمانی چالاکییەکی سەرکەوتوویان ئەنجام داوە و چەند تاونبارێکیان بە سزای گەل گەیاندووە. بەرپرسانی بەعس لەسەر لاشە سووتاوەکانەوە هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەیان لە تیپەکەمان و فەرماندەی تیپەکەی کردبوو. ئەو کاتە محەمەدی برام لە سەربازیی بەخشرابوو و لە شار کاسبی دەکرد. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ بوو. محەمەد لە دووکانەکەی خۆی بەرانبەر سەرای سلێمانی لەسەر ئیش ببوو. هەر لەوێ گرتبوویان و پەلکێشیان کردبوو؛ دوای نیوسەعاتێکیش لای مزگەوتی گەورە و بە بەرچاوی خەڵکەوە، بە دڕندانەترین شێوە گوللەبارانیان کردبوو. بە خەڵکەکەشیان گوتبوو ئەوە برای (شۆڕشی سەرتیپ)ە.

دایکم، تەنیا محەمەدی لا مابوو تا بۆنی هەموومانی پێوە بکات، ئەویش ئاوا بە دەستی بەعسییە دڕندەکان شەهید کرا. جەرگی دایکم داخ ببوو، ناخی سووتابوو، تاق و تەنیا لە شاردا، وەک خۆی دەیگوت، "حەفتەی چەند جارێک سەر نەنێم بە کێلی قەبری جوانەمەرگەوە، ئارام ناگرم." من ئەمزانی چۆن لەناخەوە ئەسووتێ، بەڵام چۆن سووتانێ! لەو دۆخە دەروونییە بەئازار

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و شـەکەتییە جەسـتەییەدا هەمـوو هۆشـی لای ئـەوە بـوو ئێمـە پارێـزراو و سـەرکەوتووبین. بەدرێژاییـی تەمەنـی پێشـمەرگایەتیم، هەمیشـە بەقەرزدارییـەوە لـە بەرانبـەر ئـەو هەمـوو باشـییانەی ئـەم پاڵـەوان و سـەرکردە ڕاسـتەقینەیەی ژیانـی شـاخ و شـارم سـەرم هەڵبڕیـوە و داوای گەردنئازادیـم لـە دایکـم کـردووە؛ دایکێـک کـە بـۆ سـاتێک نەمهێشـت پشـوو بـدات. زۆرجـار بیـرم دەکـردەوە کـە مامۆسـتا و سـەرکردەی ڕاسـتەقینە و پێشـمەرگەی فیـداکاری نموونەیـی دایکمانـە. ئـەو سـەرکردە و ڕابـەری ڕووحیمانـە و لەپێشـمانەوە دەڕوات.

***

دایە هەتا کۆچی دواییشـی کـرد، هـەر وەک منداڵ سـەیری هەموومانـی دەکرد، هەمیشـە خەمـی ئـەوەی بـوو بەباشـی نـان بخۆیـن، شـەوانە بـاش خۆمـان دابپۆشـین. هەرگیز هیچی داوا نەکرد، چاوەڕوانی سـوپاس و دەسـتخۆشـییش نەبوو، بوونی ئێمە لەبەرچاوی هەموو شت بوو بۆی. لە ژیانی خۆیدا، دوای سـەلامەتی و تەندروسـتیی ئێمـە، تەنها داوای ئـەوە بـوو سـەدام لەنـاو بچێـت؛ کاتێکیـش ئـەوە ڕووی دا، گوتـی، "ئیتـر مـن ئاسـوودە بـووم؛ هیوایەکـی تـرم نەمـاوە." پاشـان وردەوردە لەبەرخۆیـەوە دووعـای دەکـرد لـە ڕەمـەزان یـان ڕۆژی هەینیدا لـەم دونیایـە بچێتـە دەرەوە.

شـانزە سـاڵ دوای لەسـێدارەدرانی دڕندەترین دیکتاتـۆر، پـەروەردگار کۆتـا نزای میهرەبانتریـن دایکـی پەسـەند کـرد و ڕۆژی هەینـی ٢٥ی ئابـی سـاڵی ٢٠١٩ دایکـم بەئارامـی چاوەکانـی لێـک نـا و بـۆ هەتاهەتایـە خـەوی ئاسـوودەیی لـێ کـەوت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەند یادەوەرییەکی منداڵیم

لە سەرەتاوە هەندێک لە قۆناغی منداڵیم باس کرد. کە گەورە بووم، چوومەناو قووڵاییی ڕووداوەکانەوە، بەڵام هەر بە منداڵییش زۆر جار لە دوورەوە گوێم لێیان ببوو. لەبەرئەوە ئێستا زۆربەی ئەو ڕووداوانە وەک دووبارە دەهاتنەوە زەینمەوە. خۆ لە ماڵ و لە کۆڵان و لە گەڕەک باس هەر باسی کوشتن و گوند-سووتاندن و دڕندەییی دوژمن بوو.

لەگەڵ ئەمانەشدا لە خوێندندا تا دواناوەندیم تەواو کردووە. لە پشووی سەری ساڵدا، ڕۆژانە دەچووم بۆ کرێکاری یان کار و کاسبیی ترم دەکرد تا پێویستییەکانی خوێندنی پێ دابین بکەم. کە لە کرێکاری دەگەڕامەوە، بەو ماندوویێتییە خۆم دەگەیاندە تیپی گەڕەک و لەگەڵیاندا تۆپتۆپێنم دەکرد. چ دنیایەکی سەیرمان هەبوو! ماوەیەکی پێ نەدەچوو، لەبەر هەر هۆیەک بێت، دەیانگوت "تیپ هەڵوەشایەوە." ئینجا یا ئەڵڵا هەر لە هەمان منداڵانی گەڕەک تیپی نوێمان درووست دەکردەوە.

منداڵیم زۆری نەخایاند. وەک باسم کرد، هەر زوو کارەساتی لەدەستدانی باوکم ئێخەی خێزانەکەمانی گرت. خۆم بیرم نایەت، بەڵام بۆیان گێڕاومەتەوە کە لە تەمەنی چوارساڵیدا، زۆر بەخراپی سوورێژەم گرتووە. ئەوکات کوتان و شتی وا نەبووە، یان زۆر کەم بووە، لەناو خەڵکیشدا وا باو بوو هەموو کەس دەبێت جارێک سوورێژە بگرێت. نەخۆشییەکە بۆ ئەو سەردەمە دەردێکی کوشندە بوو. زۆر جار منداڵان پێی دەمردن. سوورێژەم بەپیسی گرت و ناو دەمم هەمووی بوو بە برین. بەتەواویی هێزی لەبەر بڕیبووم، بە جۆرێک کە خێزانەکەم هیوابڕاو ببوون و خۆیان بۆ مردنم ئامادە کردبوو. هەموو جارێک دایکم دەیگێڕایەوە: "تات زۆر بەرز بوو؛ نووزەت دەرنەدەهات، چاوەکانت ببوون بە گۆمی خوێن؛ بە شێوەیەکیش دەکۆکیت، دەمگوت ئێستا نا ئێستا دڵی لە دەمییەوە دێتە دەرەوە."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای نزیکەی هەفتەیەک مانەوە لە ماڵەوە، بەناچاری ماوەیەک لە نەخۆشخانەی جمهوری خستیانم. وەک دایکم دەیگێڕێتەوە، هەموو گیانم ببوو بە پەڵەی سوور، تایەکەشم دانەدەبەزی، چاوەکانم داخرابوون و ڕەنگی مردووم لێ نیشتبوو، بەڵام ئەوەی پێشبینی نەدەکرا ڕووی دا: نەخۆشییەکە نەیکوشتم، بەڵکوو چاک بوومەوە و باوکیشم لە ناخی دڵییەوە سوپاسگوزاری خوا ببوو. نەیدەزانی زۆری لە دنیادا نەماوە و کارەساتێکی تەماوی ئەو لە ئێمە دادەبڕێت و بۆ یەکجاریی لێمان زەوت دەکات.

باوکم، گەرچی زۆر لەناوماندا نەمایەوە و تەمەنی هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ دایکم دوازدە ساڵێک زیاتری نەخایاند، زۆر دڵی بە ئێمە خۆش بوو. خودا لە دایکم چوار کوڕی پێ دابوو؛ ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو. زۆر بە نازداری ئێمەی پەروەردە دەکرد. شەوانە هەر جارەی یەکێکمانی دەکردە قەڵاندۆشکان و بەناو ژوورەکەدا دەیگێڕاین؛ سیانەکەی تریشمان بەدوایدا ڕامان دەکرد. زۆر دڵی بە کاکە ئەحمەدم خۆش بوو. قورئانخوێندنەکەی کاکم خۆشترین شتی ژیانی باوکم بوو.

باوکم زۆر حەزی دەکرد خۆی پێداویستییەکانمان بۆ دابین بکات. لەگەڵ خۆی دەیبردین بۆ بازاڕ و پێڵاو و جلوبەرگی بۆ دەکڕین، یان دەیبردینە لای خەیات و جلی بۆ دەدورین بە کرد- بەتایبەتی جلی جەژن- لە ماڵیشەوە، فێری لەبەرکردنی جلی کوردی و پشتێنبەستنی کردین. کە قژمان درێژ دەبوو، دەستی دەگرتین و دەیبردین بۆ ئەسحابەسپی. لەوێ دەلاکێکی لێ بوو ناسیاوی باوکم بوو. مەکینەی لە قژمان دەدا و و بۆی سفر دەکردین، ئینجا باوکم سەیرێکی دەکردین و دەیگوت، "ئەه! ئێستا تەواوە." کە باوکم نەما، کاکە ئەحمەدم دەیبردم بۆ لای دەلاکەکە، کە دووکانەکەی دەکەوتە خوار بازاڕی عەسری. هەموو جارێکیش پرسیاری باوکمی دەکرد و ئێمەش نەماندەزانی چی جواب بدەینەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حوجرەکەی مەلا ڕەشید

تەمەنم گەیشتە نزیکەی پێنج ساڵ، مشتومڕێک لە نێوان باوکم و دایکمدا درووست بوو لەسەر ئەوەی بمنێرنە حوجرە یان قوتابخانە. ئەو ڕۆژەم زۆر بەباشی لەبیرە؛ هەر وا لەدوورەوە سەیرم دەکردن و ئەوانیش لەبارەی چارەنووسی منەوە دەدوان: حوجرە یان قوتابخانە. شتەکە بۆ من ئەوەندە گرنگ نەبوو؛ دواتریش زۆر درەنگ زانیم کە لە کاتی ناونانیشمدا دیسان لەسەر ناوەکەم مشتومڕیان بووە. باوکم ویستوویەتی ناوێکی ئایینیم لێ بنێن و دایکیشم حەزی لە ناوی کوردی بووە.

دایکم دەیویست بچمە قوتابخانە، خوێندن تەواو بکەم و ببم بە مەعاشخۆر؛ مووچەیەک وەربگرم و پێی بژیم. دەیگوت، "پیاوەکە! کوڕەکە ببێ بە مەعاشخۆر لە هەموو شتێک باشترە؛ ئێمەش لەسایەیدا دەحەسێینەوە." بەڵام باوکم پلانێکی تری هەبوو: "کوڕەکە دەنێرمە لای مەلا، با فێری قورئان ببێ و ببێ بە پیاوی مزگەوت و دنیا و قیامەتیشی بباتەوە." بە لای باوکمەوە، لە مەکتەب زانستی شەیتان دەخوێنرا و ئەگەر بیانخستمایەتەبەر خوێندن، گوناهێکی گەورەیان دەکرد. ژمارەیەک لە پیاوەکانی ئەو سەردەمە لە مزگەوت باسی لایەنە باشەکانی مزگەوت و لایەنە خراپەکانی قوتابخانەیان دەکرد؛ یەکتریان هاندەدا منداڵەکانیان نەنێرنە قوتابخانە، لەم ڕووەوە پیاوانی ئەو ڕۆژگارە کاریگەریی مەلایان زۆر لەسەر بوو.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، دژایەتیکردنی قوتابخانە لەناو کورددا زۆر باو بوو. خەڵک بە 'دامەزراوەی کافران' لە قەڵەمیان دەدا، ژمارەیەک لە مەلا شاعیرەکانیش ڕۆڵی زۆر خراپیان لەمەدا هەبوو. ڕەفیقێکی باوکم هەبوو، ناوەکەیم بیر نایاتەوە، چوارینەیەکی لەبەر کردبوو کە لە مەلای مزگەوتەکەی بیستبوو، هەرجارێک باسی قوتابخانە دەکرا، ئەو چوارینەیەی دەیگوتەوە، کە زیاتر هێرش و سوکایەتی بوو بە خوێندن لە قوتابخانەدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوە کاریگەریی لەسەر باوکم زۆر بوو، بۆیە کە دایکم داوای دەکرد من و براکانم بنێریتە قوتابخانە، ئەو شێلگیرانە ڕەتی دەکردەوە. لە کۆتاییدا قسەی باوکم سەرکەوت و بە پێنج ساڵ تەمەنەوە ڕەوانەی حوجرە کرام. ئەوەی لە حوجرە فێری بووم وەک بناغەیەکی پتەوی خوێندن بوو بۆم و سوودی زۆرم لێ بینی. پێشتریش کاکە ئەحمەدم لە حوجرە بوو، بۆیە کە من چووم، پشتیوانێکی گەورە بوو بۆم. هەرچۆنێک بێت، باوکم زۆری حەز دەکرد ببم بە مەلا و دایکیشم هیوای دەخواست ببم بە فەرمانبەر؛ منیش لەکاتێکدا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، هەست دەکەم هەردووکیانم نائومێد کردووە.

کە چوومە حوجرە، کاکە ئەحمەدم قورئانی خەتم کردبوو؛ گوڵستان[1] و ئەحمەدی[2] و چەند کتێبێکی تریشی خوێندبوو. لە سەرەوەی سەرا لە حوجرەی مەلا ڕەشید بووین لای (مزگەوتی شێخەلی)یەوە. ئەم مزگەوتە دوو دەرگای هەیە، دەرگایەکی دەچێتەوە سەر ئۆرزدی لای حەمامی سەرچنار و دەرگایەکیشی دەچێتەوە سەر شەقامی پیرەمێرد. حوجرەکە هەر وا دووسەد مەترێک لە خوار ماڵی خۆمانەوە بوو. دواتر حوجرەیەکی تر لای شەقامی برایم پاشای ئێستا کرایەوە و لەوێ دەمانخوێند. لەو ماوەیەدا هەرسێکمان- من و ئەحمەد و محەمەد- لە حوجرە بووین.

دە، دوازدە منداڵی بچووک لە ئەحمەدییەوە دەستمان کرد بە خوێندن لای مەلا ڕەشید. بەیانیان سەعات هەشت دەچووین بۆ حوجرە و تا نوێژی نیوەڕۆ لەوێ دەبووین. هەر کەس دۆشەکڵەی خۆی دەبرد- بەرگێک بوو پڕ کرابوو لە پارچە پەڕۆ بۆ ئەوەی ئەستوور و نەرم بێت. بیرمە دایکم دانیشتبوو دۆشەکڵەکەی بۆ درووست دەکردم و هەر دووعای بەسەردا دەخوێند. دۆشەکڵەیەکی بچووک بوو، هەر ئەوەندە جێگەی دانیشتنی یەک منداڵی دەبوو. حوجرەکەی مەلا ڕەشید لەناو مزگەوتدا نەبوو، بەڵکوو دووکانێک بوو. لە ناوەوە سەکۆی نزم بە تەنیشت سێ دیوارییەوە درووست

---

١ کتێبێکی (سەعدی شیرازی)یە، بە شێوەی پەخشان نووسراوە، پڕە لە پەند و بابەتی ئایینیی بەنرخ؛ یەکێک بوو لەو کتێبانەی فەقێکان دەیانخوێند.

٢ فەرهەنگێکی عەرەبی-کوردییە، شێخ مارفی نۆدێ بۆ (ئەحمەد)ی کوڕی نووسیوە تا پێی فێری زمانی عەرەبی ببێت. سەرەتاکەی ئاوایە: (رأس) سەرە/(عین) چاوە، (بدن) قالب/(إسم) ناوە. کاتی خۆی یەکێک بوو لە باشترین سەرچاوەکانی فێربوونی زمانی عەرەبی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کرابوون. دۆشەکڵەکانمان دادەنا و لەسەریان دادەنیشتین. ناو دووکانەکە مقەبای تێدا ڕاخرابوو. مەلا ڕەشید هەر لە حوجرەکەدا پسکیت و ڕەحەتەلقوم و شتی دیکەی منداڵانی دانابوو. دەبوو ڕۆژانەکانمان لای ئەو خەرج بکەین. ئەگەر بیزانیایە یەکێک لە جێگەیەکی دیکە شت دەکڕێت، لە حونجەی پیتەکان و گوتنەوەی ئایەتەکاندا جەزرەبەیەکی وای پێ دەگەیاند جارێکی تر نەیوێرایە شتی وا بکات.

پێش ئەوەی بچمە حوجرە، ڕۆژانەکەم دوو فلس بوو، دوایی بوو بە عانەیەک- چوار فلس. جگە لەوەش مانگانە پارەی خوێندنی لە خێزانەکان وەردەگرت. وا بزانم باوکم بۆ هەریەکێکمان مانگانە سێ پەنجایی یان ڕوبعە دینارێکی دەدا بە مەلا ڕەشید. ئەوەی زۆر خۆش بوو ئەوە بوو جاری وا هەبوو کە باوکم دەستی بەناو توورەکەکەیدا دەکرد بۆ ئەوەی ڕۆژانەم بداتێ، دوو عانە بەدەستییەوە دەهات، ئەویش نەیدەگێڕایەوە و دەیگوت "خۆت و شانست." ئیتر ئەو ڕۆژە دەبوو بە ڕۆژێکی هەتا بڵێی خۆش. باوکم لەناو توورەکەیەکی سپیی بچووکدا پارەی ئاسنی هەڵدەگرت، دەمی توورەکەکە پارچەیەک پەتی درێژی پێوە بوو؛ بای دەدا هەتا هەمووی تێوە دەئاڵا و پاشان دەیخستەوە ناو پشتێنەکەی.

مەلا ڕەشید پیاوێکی باریکەلەی ئەسمەر بوو، لە پەنجاکانی تەمەنیدا بوو، ماڵی خۆی لە مەجید بەگ و ماڵی خەزووریشی لە پیرمەسوور بوو. خزمی قالەی نەسیم و عەلی نەسیم بوو، کە خێزانێکی زۆر ناسراو بوون. وەک بیستم، دوای چەند ساڵێک مەلا ڕەشید گەڕایەوە بۆ شارەزوور و بوو بە مەلای یەکێک لە گوندەکان. جلی کوردیی لەبەر دەکرد و کڵاوێکی سپی دەکردە سەری، هەرگیز بە جلی مەلایەتییەوە نەمبینیوە. کوڕێکی خۆیشی لەگەڵ ئێمەدا دەیخوێند، بەڵام ناوەکەیم بیر نەماوە.

لە بەشی پێشەوەی دووکانەکەدا، لەسەر پارچە لبادێک دادەنیشت و سەرینێکی پەڕی گەورەی لای خۆیەوە دادەنا، کتێبەکەی دەکردەوە و یەکەیەکە بانگی دەکردینە لای خۆیەوە و دەرسەکەی پێ دەگوتین. هەر وشەیەکی دەخوێندەوە، لە سەرەتادا حونجەی دەکرد، منداڵەکەش بەدوایدا دەیگوتەوە، پاشان وشەکەی بەسەریەکەوە دەگوت و دەبوو منداڵەکەش بیڵێتەوە و لە کاتی گوتنەوەشیدا دەبوو لەگەڵ دەنگەکاندا پەنجەی لەسەر پیتەکان دابنێت. ئەگەر پەنجەی لەسەر پیتێکی هەڵە دابنایە، مەلا ڕەشید تەلێکی لاوە بوو، هیی تایەی پاسکیل بوو،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەو تەلە دەکەوتە کوتانەوەی پەنجەکانی منداڵەکە تا سوور دەبوونەوە. ئەگەر بگریایە، مەلا زیاتر تووڕە دەبوو، دواتریش ڕەفیقەکانی گاڵتەیان پێ دەکرد. ئەوەی لە هەمووی ناخۆشتر بوو ئەوە بوو کە مەلا قسەی دەکرد، دەمی وشک دەبوو، بەزەحمەت وشەکانی بۆ دەهات، ئێمەش بەباشی لێی تێ نەدەگەیشتین و دواتریش دەست و پەنجەمان باجەکەیان دەدا.

من هەر خۆم حەزم لە حوجرە نەبوو، ڕەفیقەکانم لە گەڕەک زۆریان لە مەکتەب بوون، ئەوانەی دەهاتنە حوجرە کەمیان منداڵی گەڕەکی خۆمان بوون. زۆرم حەز دەکرد بچمە مەکتەب. ئەو پیت و وشانەی مەلا دەیگوتن لەسەر زمانم زۆر ئاسان نەبوون، ئەمەش واتە چەند جارێک لێدانی باشم بە دەستی مەلا ڕەشید خواردووە. لە ماڵیشەوە کە باسمان دەکرد، باوکم دەیگوت، "کوڕم، ئەو شوێنەی مەلا داری لێ بدا، بە ئاگری جەهەنەم ناسووتێ." کاکە ئەحمەدم باشتر بوو، ئەو قۆناغەی تێ پەڕاندبوو، زۆریش زیرەک بوو، لەگەڵ منیشدا زۆر هەوڵی دەدا، منیش نەمدەزانی ئاگری جەهەنەم چییە و بۆچی خەڵک لەوێدا دەسووتێنرێت، بەڵام قسەکانی دایکم دەمکوتیان دەکردم و بەناچاری شانم دەدایە بەری و هەوڵم دەدا بەباشی پیت و وشەکان لەبەر بکەم تا کەمتر لێدان بخۆم. لەوانەیە بڕوا نەکەن، ئێستا نزیکەی شەست ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژانەدا تێپەڕیوە، بەڵام کە ئەم دێڕانە دەنووسم، هەست بە ئازاری پەنجەکانم دەکەم!

جارجار کە بە پەنجەی سوورهەڵگەڕاوەوە دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە، دایکم دڵی ژانی دەکرد. زۆرجار دەستوپەنجەمی دەشێلا و لەژێر لێوەوە دووعای لە مەلا ڕەشید دەکرد. هەر چەند ڕۆژ جارێک لەو ئایەتانەدا کە خوێندبوومان، مەلا ئیمتیحانێکی دەکردین. ئەو ڕۆژە دەبوو بە ڕۆژی سزادان و کەس لە دەستی مەلا ڕەشید قوتاری نەدەبوو. بەڵام لەبەرئەوەی لێدانەکە زۆربەمانی دەگرتەوە و زۆریش دووبارە دەبۆوە، وردە وردە هەموومان خۆشە ببووین. ئەوەی باش بوو، باوکم لە ماڵەوە ئایەتەکانی لەگەڵ دەوور دەکردمەوە. باوکم هەموو ئەو ئایەتانەی لەبەر بوو کە لە حوجرە دەمانخوێندن. کە غەڵەتم دەکرد، بۆی ڕاست دەکردمەوە، جارجاریش بە میهرەبانییەکەوە دەیگوت، "کوڕم، هۆشی بدەرێ، چوونکە ئەگەر بە غەڵەت بیخوێنی، گوناهبار دەبی." باوکم دڵی نەدەهات ئازارم بدات و منیش لە باوکمەوە باشتر فێر دەبووم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆڵەبۆڵی دایکم درێژەی کێشا. لە کۆتاییدا باوکم ڕازی بوو کاکم لە حوجرە دەربهێنێت و بیخاتە قوتابخانە. کاکم قورئانی خەتم کردبوو، هەر بەلەبەر ئایەتەکانی دەگوتەوە، ئەوەش بۆ باوکم بەس بوو، بگرە زۆریش دڵی پێی خۆش بوو. منیش، هەمووی نۆ مانگێک دوای کاکم، وازم لە حوجرە هێنا، بەڵام ئەمجارەیان بەهۆی کارەساتەکەی باوکمەوە بوو، کە ماوەیەک نەچوومەوە و دوایی کە دایکم وردەوردە هاتەوە سەرخۆی، بڕیاری دا منیش بنێرێتە قوتابخانە.

منیش، وەک هەموو مناڵێکی تر، حەزم لە مەکتەب بوو، بەڵام بەهۆی ئەو نەهامەتییەی بەسەرمان هاتبوو، ژیانمان تێک چووبوو، بەڵام دایکم گوێی بە هیچ نەدا و دەستی گرتم بەرەو قوتابخانەی پیرەمەگروون، کە دەکەوتە سەروو ماڵی خۆمان و نزیکی سجنی کۆن- (پارکی دایک)ی ئێستا. لەوێ ناوی تۆمار کردم ئەو ڕۆژە بوو بە ڕۆژی وەرچەرخانی ژیانم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یاری و ڕمبازێن

چوونە قوتابخانە دەرگای یاریکردنیشی لێ کردمەوە، ئیتر بە ئازادی دەچوومە کۆڵان، پێشتر هەم دایکم زۆر چاوی لەسەرم بوو، هەم خۆشم هۆگری ماڵەوە بووم. منداڵەکان زۆربەیان لە قوتابخانە بوون، زۆرجار ئەو شیعر و گۆرانییانەیان دەگوتەوە کە لە قوتابخانە فێریان ببوون. من ئەوانەم نەدەزانی، ئەوەشی فێری ببووم بە کەڵکی ناو منداڵان نەدەهات. ئەمە وای لێ کردبووم ئەوەندەی تر حەزم لە قوتابخانە بێت. پێشتر زۆرجار لە ماڵەوە پاڕابوومەوە بمخەنە قوتابخانە، بەڵام باوکم نەیدەبیست.

هەڵماتی شووشەمان دەکرێ، سەرەتا تا دەستم ڕاهات لە هەڵاماتێندا هەڵماتەکانم لەدەست دەدا، دواتر دەستم ڕاهات و کە سەرەم دەهات، بە دەستڕاستیی خۆم مووشم لەدەست دەرنەدەچوو؛ جاری واش هەبوو لە جیاتی هەڵمات، فلسمان دادەنا. بردنەوەی فلسەکان چێژێکی تایبەتی هەبوو، چوونکە دوایی بە دڵی خۆمان خەرجمان دەکرد؛ جگە لەوەش ڕەسم-ڕەسمێنەمان دەکرد. ڕەسم-ڕەسمێنە بنێشتێک بوو ڕەسمی لەگەڵ بوو، یان ڕەسمەکان کارتی یاری بوون و ئێمەش وەختی خۆمان بە خۆشی پێ بەسەر دەبردن. لەوەشدا بەختم لە هەڵماتێن باشتر بوو بەڵام لە هەلووکێندا زۆر چالاک بووم، هەم هەلووکم بەئاسانی دەگرتەوە، هەم دووریش دەمفڕاند.

ئەحمەدی برام کۆلارەی زۆر چاکی دروووست دەکرد، بۆ ئێمەشی دروووست دەکرد و پێکەوە دەچووین لە سەربان هەڵمان دەدا. ئەحمەد کۆلارەکانی بە زەمق و کاغەزێکی تایبەت دروووست دەکرد. دووکانێک هەبوو لەسەر شەقامی پیرەمێرد- ئەوسا پێیان دەگوت 'جادەی خەستەخانەکە-' کاغەزی کۆلارەی هەبوو. خاوەنەکەی ناوی 'سەید شوکر' بوو. وەک بیرم بێت، حەمەی برام، کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوو ساڵ لە من منداڵتر بوو، لە کاتی کۆلارەهەڵداندا لە سەربان کەوتە خوارەوە بەڵام ئەوەی باش بوو سەربانەکە بەرز نەبوو بۆیە ئازاری زۆر پێ نەگەیشت.

شتێکی تر کە زۆر چێژم لێ دەبینی ئەوە بوو ئێوارانی ڕەمەزان دەچووینە مزگەوت چاوەڕێمان دەکرد تا بانگی ئێوارەی دەدا، ئینجا بە ڕاکردن دەچوومەوە بۆ ماڵەوە و خەبەرم بە دایکم دەدا کە بانگی داوە. مزگەوتەکان مکەبەرەی دەستیی یان گەورەیان هەبوو بەڵام دەنگی سنوردار بوو، بە پیل ئیشی دەکرد، دەنگی ئەوەندە بەرز نەبوو بگاتە ماڵەکان، زۆرجاریش پیلەکان سکووت دەبوون و بانگبێژەکە هەروا دەستی دەخستە بناگوێی و بە دەنگی بەرز بانگەکەی دەدا.

بە شێوەیەکی گشتی، لەناو تابلۆی منداڵیمدا، من کارەکتەرێکی شەڕکەر نەبووم، لەنێوان گەڕەکەکاندا جۆرە ناکۆکی و چاوسووورکردنەوە لە یەکتری هەبوو، کە زۆر جار ملی دەنا بۆ شەڕە گەڕەک. دوو گەڕەک دەیاندا بەیەکدا و بە شەڕەبەرد سەری شەڕکەر و لاشەڕ پێکەوە دەشکا و بەردیش دەکەوتە ماڵانەوە، ئیتر ماڵ خۆی و شانسی خۆی. زۆر جار گەلەکۆمەکێ لە یەکێکی گەڕەکەکەی تر دەکرا و کاتێکیش بەتەنها دەکەوتە بەردەستی گەڕەکی بەرانبەر، زۆریان ئازار دەدا، ئینجا دواتر هەوڵی تۆڵەسەندنەوەی دەدرا. ئیتر هەر گەڕەکێک شەقاوە و شەڕکەری خۆی هەبوو کە چەقۆ و بۆکس-ی ئاسنیان لە گیرفان نابوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قوتابخانه

باوکم ئەحمەدی برامی برد بۆ مەکتەبی گویژه، کە لەناو بازاڕ لە خوار (سینەما سیروان)ەوە بوو. لەوێ ئەحمەدیان تاقی کردبۆوە و یەکسەر لە پۆلی دوو دایان نابوو چوونکە ئەحمەد لە حوجرە خوێنبووی و بە باشی دەیتوانی بنووسێ و بخوێنێتەوە. دوای شەش مانگێک نەقلیان کرد بۆ مەکتەبەکەی ئێمە- مەکتەبی پیرەمەگروون- لەوێ ئیمتیحانی سەری ساڵی دا و یەکەمی پۆلەکەی بوو. ئینجا چووە پۆلی سێ. ڕاستە ئەحمەد زیرەک بوو، هەتا پۆلی شەشی سەرەتاییشی تەواو کرد، هەموو ساڵێک یەکەمی پۆلەکەی خۆی بوو؛ ناو و وێنەشی لەگەڵ هاوڕێ یەکەمەکانیدا هەڵواسرابوو، بەڵام سەعی نەدەکرد و بە هۆی دۆخی خێزانەکەمانەوە دڵی لە خوێندن سارد ببۆوە.

گەرچی چەند مەکتەبێک لە نزیک ماڵمان بوون، وەک گۆیژە و شێخ مەحموود، بەڵام منداڵانی گەڕەک زۆریان لە مەکتەبی پیرەمەگروون بوون، مەکتەبی پیرەمەگروون دوو دەوامی هەبوو. (مامۆستا محەمەد ڕەزا)ی باوکی (ئومێد) ی برادەرمان لەوێ مامۆستا بوو. ئومێد کە گەورە بوو، لە بازاڕی عەسری دووکانی دانا و پێیان دەگوت 'ئومێدە شەل.' مامۆستا محەمەدیش مامۆستایەکی زۆر باش بوو؛ مقاوەلاتیشی دەکرد. خەڵک بە 'حەمەی حاجی ڕەزا' بانگیان دەکرد. پیاوێکی زۆر باش و وریا و دەستڕەنگین بوو.

غەفورە فەنی مدیری مەکتەب بوو، دوایی بوو بە موفەتیش، زیاتر بە 'غەفوری مەلا عەلیی مەڵکەندی' ناسرابوو.

هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە، یادەوەرییەکانم لەبارەی ئەو ماوەیەوە زۆر کز و لێڵن. ئەوەندەی بیرم مابێت، مامۆستا حسێن (وانەی حساب)ی پێ دەگوتین، مامۆستایەکی ترمان هەبوو ناوی 'عەبدولکەریم' بوو، زۆرێک لە مامۆستاکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خێزانی ئێمەیان دەناسی. پێش من، ئەحمەدی برام لەوێ دەیخوێند. من کۆتاییی ساڵی ١٩٦٣ ناوم تۆمار کرا؛ هەستم دەکرد لەچاو منداڵەکانی تردا زۆر کێشەی خوێندن و نووسینم نییە. لە حوجرەوە هاتبووم و لە تێگەیشتن و خوێندندا لەوان باشتر بووم.

مەکتەبەکەمان ساحەیەکی باسکەی هەبوو؛ ئێمەش بەوناوەدا ڕاوڕاوێنمان دەکرد. من زۆر پاکوخاوێن بووم، بەڵام، لە ماڵی خۆمانەوە بەو زستان و سەرمایە کە دەچووم بۆ قوتابخانە، دەبووایە ڕووە و ڕەشەباکە بڕۆم. دەسکێشم لەدەستدا نەبوو، کتێبەکانیشم بە دەستەوە دەگرت، تا دەگەیشتمە مەکتەب دەست و پەنجەکانم سوور دەبوونەوە سەرما دەیتەزاندن. ئەوکاتیش جلی زستانەمان باش نەبوو. زستان سارد و بەستەڵەک بوو، بەڵام گوێمان پێ نەدەدا و هەرچەند بەفر و سەرما بووایە، هەر دەچووینەوە بۆ قوتابخانە.

زۆر حەزم لە وانەی وەرزش و بە تایبەتیش فتبۆڵێنەکەی بوو. تا پۆلی شەش، هەر خۆمان لە گەڕەکدا پارەمان کۆ دەکردەوە تۆپمان دەکڕی و لە کۆڵانەکە یاریمان پێ دەکرد. زۆر کەم لە قوتابییەکان جانتایان هەبوو؛ بەرگی نایلۆنمان دەگرتە کتێبەکان و دەمانگرتن بە دەستمانەوە. هەر تەلەبەیەک قەڵەمدایەن و لاستیکی بەهەر هۆیەک پێ نەبووایە، لێدانی دەخوارد، بۆیە دەبوو هەمیشە ئەو پێویستییانەمان پێ بووایە. دایکم خۆی هەموو ئەو پێویستییانەی مەکتەبی بۆ دەکڕیم.

وەک گوتم کاکە ئەحمەدم وازی لە مەکتەب هێنا و کەوتە کرێکاری، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر کاری نەکردبوو، ئێواران کە دەهاتەوە، بەتەواوی ماندوو دەبوو. بیرمە هێشتا هەفتەیەک نەدەبوو کاری دەکرد، دەستی سووتا. وا بزانم هۆیەکەی ئەوە بوو دەستی خستبووە ناو چیمەنتۆ و گەچ و شتی واوە. دەستی ئازارێکی زۆری هەبوو. هێشتا بەتەواوی چاک نەببۆوە کە گەڕایەوە سەر کرێکارییەکەی. منیش تا منداڵ بووم، لە پشووی هاوینەدا، لە گەڕەکی خۆمان فەریکەنۆک، هەنار و کالیارم دەفرۆشت. دەبوو بەیانیان زوو لەخەو هەستم و چاوەڕوانی کاروانی ئابڵاخییەکان بم کە بە کەروبار ترۆزی و کالیاریان دەهێنا. منیش بایی ڕووبعێکم دەکڕی و لەسەر سینییەک لە نزیک ماڵی خۆمان دام دەنا و دەمانفرۆشت. منداڵانی گەڕەک تێم دەئاڵان و منیش قاش قاش بۆم لێ دەکردنەوە و ترش و خوێم پێوە دەکرد و دەمدایە دەستیان. ئیتر تا نزیکی نیوەڕۆ ساعم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەکردەوە. کە شەشی سەرەتاییم تەواو کرد، هاوینان لەگەڵ کاکمدا دەچووم بۆ کرێکاری. ئەوە داهاتێکی باش بوو بۆمان، بەشی پێداویستییەکانی قوتابخانە و هەندێک وردەمەسرەفی تریشی دەکرد و ساڵی خوێندنەکەم پێ بەڕێ دەکرد. دوای چەند ساڵێکیش، بەتایبەتی لە دوای ساڵی١٩٧٥وە، جارجار دەچووم بۆ پێنجوێن کەلوپەلی ئێرانیم دەکڕی و لە شار دەمفرۆشتەوە- لە شوێنی خۆیدا باسی ئەمە دەکەم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرلەبەیانییەک لە بەردەرگا

بەیانییەک لە بەردەرگای ماڵی خۆمان لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێیانی گەڕەک دانیشتبووم. لەناکاو، دوو کەسی غەریبەم بینی؛ نەمزانی لەکوێوە پەیدا بوون. زۆر شڵەژا بوون و بەپەلە چەند جارێک سەروخواری کۆڵانەکەی ئێمەیان کرد؛ دوو، سێ جاریش لەسەر سووچی ماڵی ئێمە ڕاوەستان. ترسمان لێ نیشت. هەر وا لە جێگەی خۆمەوە سەیرم دەکردن. زۆری پێ نەچوو یەکێکیان گوتی، "ئەوە خۆیەتی."

نەمزانی مەبەستیان کێ بوو، پێش ئەوەی فریای بیرکردنەوە بکەوم، ئەوان بە دەمانچە پیاوێکیان دایە بەر فیشەک. دەنگی تەقەکان زۆر بوو. ئێمە زۆر ترساین چوونکە پەنجا مەترێک لە ڕووداوەکەوە دوور بووین. دیار بوو فیشەکەکان جەستەی کابرایان بڕیبوو، بۆیە کابرا بە بریندارى لە جێی خۆی کەوت. تەقەکەرەکان کە زانییان کابرایان پێکاوە، زۆر بەخێرایی شوێنەکەیان جێ هێشت و خۆیان ون کرد. بوو بە دەنگەدەنگ و قەرەباڵغی. گەڕەک و دەرودراوسێ هاتنە دەرەوە. کابرای بریندار لەسەر زەوی کەوتبوو و خوێنێکی زۆری لێ دەڕۆیشت. بیرمە کراسێکی سووری لەبەردا بوو.

خەڵکێکی زۆر لەوناوە کۆ بوونەوە. دەرکەوت کوژراوەکە ناوی (عومەری سەعاتچی)یە و ماڵیان لەسەرووی ماڵی خۆمانەوە بوو لە نزیک مزگەوتی مەلکەندی. خەڵکەکە هەروا لەنێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد و داخیان بۆ دەخوارد.

دواتر کە گەورە بووم، زانیم عومەر ئەندامی حیزبی شیوعی بووە و ئەوەی ڕووی دا سەرەتای شەڕێک بوو کە دواتر بە شەڕی 'شیوعی و کانی ساردییەکان' ناسرا. بۆ من، کوشتنی کەسێک ئاوا بەو خوێنساردییە بەبەرچاوی خۆمەوە وەرچەرخانێکی دەروونیی سەیر بوو. پیاوەکە هەروا لەوێدا کەوتبوو؛

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەس نەیدەوێرا لێی نزیک ببێتەوە. منداڵانیش هاتبوونە دەرێ و منیش چووبوومە لایان. هەموو پێکەوە لە لاشەکە نزیک بووینەوە. سەیرمان کرد خەریک بوو گیانی دەدا. ئەو هەر داوای ئاوی دەکرد. تووشی حاڵەتێکی ناخۆش بووم، لە مێشکم دەرنەدەچوو، بەڵام دووبارەبوونەوەی ئەمجۆرە ڕووداوانە، هەموومانی بە باس و خواسی مردن و کوشتن و تەقەکردن ئاشنا کرد.

ئەو ڕۆژە ببوو بە فەرتەنەیەک هەر نەبێتەوە، خراپ قڵیشابۆوە. زۆری پێ نەچوو لە کۆڵانی ئەوبەری ماڵمان کەسێکی تریش کوژرا، وەک دەڵێن (شەریف تووتکانی)یان پێ دەگوت؛ دەیانگوت ئەم پیاوە دەستی لە کوشتنی (خولەپیزە)دا هەبووە.

دوایی ئەوەندە ئەو جۆرە ڕووداوانە دووبارە بوونەوە، ئێمەش لەگەڵیان ڕاهاتین و بوون بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی شار. بە ڕۆژ وەزعی گەڕەک بەوجۆرە بوو، لەپڕ دەبوو بە تەقە و هەراو فرکانفڕکان، بە شەویش ئاسمانی شار بە تەقەی جەلالی و مەلاییەکان گڕی دەگرت.

شەڕی شیوعی و کانی ساردییەکان درێژەی کێشا. هەر هەمان ڕۆژ کانی ساردییەکان دوو برای نانەوایان لە پشتی مزگەوتی داروغا کوشت. ئەوانە کوڕی میرزای پەینچی بوون؛ هەردووکیان شیوعی بوون. ماڵیان لای دووکانەکانی خەتیب و خوار مزگەوتی حاجی مەلا شەریف بوو. لە تۆڵەی ئەوانەدا شیوعییەکان پەلاماری نانەواخانەی (حەمامی سەرچنار)یان دا و (ڕەسوڵ کانی ساردی)یان کوشت. لە بەینی ئەو تەقوتۆقەدا، کەسێکیش کە توونچی حەمامەکە بوو کوژرا؛ پیاوێکی هەورامیی هەژار بوو، کاری بەسەر هیچەوە نەبوو.

دواتر، کانی ساردییەکان لە خوار پیرمەسوورەوە فرسەتیان لە (سالە عەرەب)ی شیوعی هێنا و کوشتیان، چوونە سەر ماڵی شێخ مەحموودیش، کە بەرانبەر چایخانەکەی قالەی شاسوار بوو. ئەویشیان لەبەر ماڵی خۆیاندا کوشت. ئەم کوشتنە ناڕەوایانە تەنیا لە سنوورێکی جوگرافیی بەرتەسکی (گەڕەکی مەڵکەندی)دا ڕوویان دا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تێکەڵبوون بە سیاسەت

تازە خەریک بوو دەبوومە چواردەساڵان. دوای ئاگربەست و گفتوگۆکردنی پارتی لەگەڵ حکومەتی بەغدا، کە سەدام حسێن نوێنەرایەتیی دەکرد، بەیانی ١١ی ئازار خوێندرایەوە، بارەگاکانی پارتی هاتنەناو شارەکان و لە زۆربەی قوتابخانەکاندا لقی یەکێتیی قوتابیان کرایەوە. پێشتریش، بەرلەوەی بەیانەکە ڕابگەیەنرێت، بەشێکی کەسوکارم پێشمەرگە بوون، جارجار بەنهێنی دەهاتنەوە ناوشار و چاومان پێیان دەکەوت.

من لە زەینی خۆمدا، وێنەیەکی زۆر جوانم بۆ ئەوان کێشابوو. خواخوام بوو هەرچی زووە گەورە ببم و ببم بە پێشمەرگە. پێشمەرگە بێسنوور لەناو خەڵکدا خۆشەویست بوو. سۆز و خۆشەویستیی زۆرم بۆیان هەبوو؛ خۆشەویستیی نیشتمان لە دڵمدا چەسپابوو. ئەو بەیانەش وەک دەستکەوتێکی مێژوویی خەڵکی تەواو دڵخۆش کردبوو.

بە دوو، سێ ساڵ پێش بەیانی ١١ی ئازار، شەوێک لەماڵی خوشکم بووین. ماڵیان لە سەروو (شەقامی برایم پاشا)وە بوو. گەرمەی شەڕی نێوان پێشمەرگە و ڕژێمی بەغدا بوو. لەناکاو، دوو پێشمەرگەی پارتی- عەلی فەرەج و عێزەت یەکپارچە- بە جلوبەرگی پێشمەرگایەتی و بە چەکەوە خۆیان بە ماڵدا کرد. ئەوە یەکەم جارم بوو لەنزیکەوە پێشمەرگە ببینم. هەستم بە شادمانییەکی زۆر کرد. زۆر حەزم دەکرد منیش وەک ئەوان بم. دایکم، لە حەسرەتی بێسەروشوێنکردنی باوکم، ئەوەندەی دووعای لە حکومەتی بەغدا کردبوو، مێشک و دڵی هەموومان پڕ ببوو لە حەزی تۆڵەکردنەوە لەو ڕژێمە دڕندەیە.

کە هاتنە ژوورەوە، بینیم دوو تفەنگیان پێیە. دەستم لە تفەنگەکانەوە دەدا. دیار بوو برسییان بوو؛ داوای خواردنیان کرد و پەلەیان بوو بڕۆن. دۆخی ناوشار

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خراپ بوو؛ کەس لە خۆی ئەمین نەبوو. شەڕی براکوژی نێوان جەلالی و مەلایی گەرم و خوێناوی و توند بوو. پێشمەرگەکان چەند سەعاتێکی کەم مانەوە و ڕۆیشتن. دایکم سوێندی دان کە ئیتر بەو وەزعە خراپە قەت نەیەنەوە.

کەشوهەوای ناو خێزان و بوونی پێشمەرگە و سیاسەت لەناو خێزانەکەماندا، ڕقی ئەستووری ناخم بەرانبەر ئەوانەی ئەو کارەساتەیان بەسەر باوکم هێنا، دووعا و ئاهـ و نزوولەکانی دایکم، هەموو ئەمانە وایان لێ کردبووم ئاواتم دەخواست زوو گەورە ببم و ببم بە پێشمەرگە. بۆیە کرانەوەی بارەگای یەکێتیی قوتابیان وەک بەدیهاتنی خەونێکی من وا بوو. هەر زوو پەیوەندیم پێوە کردن و بوومە ئەندام و ڕۆژانە باسوخواسی شۆڕش و پێشمەرگە و مافەکانی گەلی کوردم دەبیست؛ مێشکم دەکرایەوە و بەرچاوم ڕوونتر دەبوو.

دوای ڕێککەوتنی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراق و دەرچوونی بەیانی ١١ی ئازار، بەشێکی زۆری ناکۆکییە سیاسی و چەکدارییەکان و دووبەرەکیی ڕیزی کوردیش چارەسەر کران. ئەم هەڵوێستەی سەرکردایەتیی پارتی بڕیارێکی ژیرانە بوو بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی ڕیزەکانی کورد تا بە یەکگرتوویی داوای مافی خۆی لە حکومەتی عێراق بکات. بەیانی ١١ی ئازار ئاهەنگ و شاییی زۆری لەگەڵ خۆی هێنا، تەقوتۆق و خوێنڕشتن نەما و هەمووان باوەشیان کرد بە یەکتریدا. هەموو لایەک کامەرانییان لێ دەتکا. پێشمەرگەش بە ئازادی هاتنەوە ناوشار و بینینیان بوو بە شتێکی ئاسایی.

مولازم محەمەد لەناو سوپای عێراقدا مایەوە. ناوبەناو سەردانی دەکردینەوە. بەڵام دواتر کە نێوانی سەرکردایەتیی شۆڕش و حکومەتی عیراق تێک چوو- لەبەرئەوەی بەغدا دەستیدەستی بە کورد دەکرد و سەدام دەیویست سوود لە کات وەربگرێت- ئیتر ئەویش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرە کوردەکاندا چووە ڕیزی شۆڕش و کرایە سەر لق لە هێزی خەبات. کاکە ئەحمەدی براشم پەیوەندیی بە هێزەکەی ئەوەوە کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاکە ئەحمەدم و سەربازی

بەپێی تەسکەرەکەی، کاکە ئەحمەدم ساڵی ١٩٥٤ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٢ بانگ کرا بۆ سەربازی و لە ڕۆژی ١٥ی نیسانی هەمان ساڵدا ماڵەوەی جێ هێشت. هەمووی چەند مانگێکی کەم سەرباز بوو، پاشان فیراری کرد و ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشی کوردستانەوە کرد وچووە لای ملازم محەمەد.

سێ ساڵ بەسەر بەیانی ١١ی ئازاردا تێ پەڕیبوو. بەتەواوی ڕوون ببۆوە کە حکومەت نایەوێت مافەکانی کورد بدات. کەشوهەواکەی گرژ و ناخۆش بوو، بۆنی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان حکومەت و پێشمەرگەی لێ دەهات. هەواڵمان پێ گەیشت کە ڕەنگە بارودۆخەکە بشێوێت و لەگەڵ حکومەتدا بکەوینەوە ململانێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕووکردنە شاخ

دوای ئـەوەی پەیوەندیـی نێـوان پارتـی و حکومەتـی عێـراق بەتـەواوی تێـک چـوو، بارەگـە و دامودەزگاکانانـی پێشـمەرگە لەنـاو شـارەکاندا چـۆڵ کـران و بەشـێکی بەرچاوی دانیشـتووانی کوردسـتانیش - ئەوانەی توانای چەک هەڵگرتنیان هەبوو- چوونـە دەرەوە و چەکـی پێشـمەرگایەتیان کـردە شـان. زۆرێکیـان لـە شـارۆچکە و دێهاتـەکان گیرسـانەوە و ژمارەیەکیشـیان چوونـە ئێران و لـە ئۆردوگاکاندا نیشـتەجێ کران. ئەوانـەی مابوونـەوە شـیوعییەکان بـوون، کـە لەگـەڵ حیزبـی بەعسـدا 'بـەرەی نیشـتمانی'یان[1] پێـک هێنابوو. شـیوعییەکان نـەک هـەر پەیوەندییـان بـە پێشـمەرگەوە نەکـرد، بەڵکووشـەڕی پێشمەرگەشـیان دەکـرد.

لە مانگی ئابی ساڵی ۱۹۷۳دا، لە گوندەکانی دەوروپشتی دەربەندیخان-پەیکوڵی، گولان، کانی سارد، چەمرگە- شەڕێکی قورس لەنێوان پێشمەرگەی کوردستان و شیوعییەکاندا ڕووی دا. شیوعییەکان ئەندامێکی زۆریان لەم ناوچەیە و لە (قەرەداغ) یش هەبوو. سەرەتا شەڕ لە (پەیکوڵی)یەوە هەڵگیرسا و سێ سەرلقی پارتی- عومەری ساڵح مەنسوور، نوری شەریف، عومەر میرزا- کوژران و چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون. لە شیوعییەکانیش فەرماندەکەیان کە ناوی 'سەلام سۆڵەیی' بوو کوژرا. گوندی پەیکوڵی سەر بە قەزای دەربەندیخان، ناوچەیەکی دێرینە و شوێنەواری سەردەمی ساسانییەکانی لێیە؛ دیواری هەندێک لە ماڵە کۆنەکان نووسینی دێرینیان لەسەرە و هەندێک لە بەردەکانی گوێزراونەتەوە بۆ مۆزەخانەی سلێمانی.

---

۱ نـاوی 'بـەرەی نیشـتمانیی پێشـکەوتنخواز' بـوو. لـە ١٦ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٧٤ دا، وەک بەرنامـەی کاری هاوبـەش لەنێـوان حیزبـی بەعـس، شـیوعییەکان، حیزبۆکەیەکـی کـورد بـە نـاوی 'حیزبـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان،' ژمارەیـەک لـە لایەنگرانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و خەڵکانـی سـەربەخۆ و بێلایەنـدا درووسـت کـرا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەم شـەڕەدا، حکومەتی عێراق بـە تۆپخانەکانی پشتیوانیی لە شیوعییەکان دەکرد و سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەی تۆپبـاران دەکـرد. بەهـۆی ئـەو تۆپبارانـەوە، شـەش پێشـمەرگەی پارتـی کـوژران. پارتـی بەپەلـە بەشـێک لـە (هێزی خەبات)ی ڕەوانـەی ناوچەکە کرد. شـەڕ نزیکـەی دوو هەفتـەی خایانـد، سـەرەنجام شیوعییەکان شکان و کشـانەوە بـۆ ناوچـەی دەربەندیخـان.

زۆربـەی کەسـوکاری مـن لـە (هێـزی خەبـات)دا بـوون. ئـەو هێـزە ناوبانگیـان بـە ئازایەتـی دەرکردبـوو. مـولازم محەمـەد، سـەرلقی هێزەکـە بـوو؛ لقەکەشـی بـە ناوی (شەهید مەجید)ەوە ناوبوو. بەرەو ئەو شـەڕەی دەربەندیخـان چـوو. ئەوکات مقەڕی لقەکەیان لە نزیکی عەربەت بوو. شـەهیدانی ئەو شـەڕەش لـە هـەر دوو لا هـەر کـورد و تێکۆشـەرانی کـورد بـوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاروانی قوتابیان

لەگەڵ سەدان ئەندامی (یەکێتیی قوتابیان)دا شارمان جێ هێشت. ئەو ڕۆژە باران و تۆفان بوو، هەموومان قوتابیی شاری بووین و ئەزموونێکی ئەوتۆمان نەبوو؛ نەماندەزانی لە دۆخێکی وا نارەحەت و بارانی بەلێزمەدا چی بکەین. بەو بارانە بە پێ دەڕۆیشتین و زۆر نارەحەت بووین. ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەمان کەمی دەکرد، ئەوانەی بەرگەی ئەو ناهەموارییەیان نەدەگرت، یان دەگەڕانەوە شار، یان دەچوونە لای خزم و کەسوکاریان لە گوندەکانی سەر ڕێگە.

منیش خواحافیزیم لە دایکم کرد و گوتم دەچمە پێنجوێن و لای خزمان دەبم و خەمی منی نەبێت. دەستێک جلی کوردی نەبێت، کە لەبەر بوو، هیچی ترم لەگەڵ خۆم نەبردبوو. هەر ئەوەندەی لە شار دەرچووین، کەوتینە ناو شاخ و دۆڵ و سەختیی ڕێگەوە. زۆربەمان ئاشنای ناوچەکە و دێهاتەکان نەبووین و شارەزاییمان لە ڕێڕۆیشتندا نەبوو. ئەو ناوچە شاخاوییە بۆ ئەوانەمان کە خەڵکی شار بووین، زۆر نارەحەت و پڕئازار بوو. سەرپەرشتیاری مەیدانیمان کەمال حەسەن چاومار بوو. کەمال سەرکردەیەکی مەیدانیی گورجوگۆڵ و بەمشوور بوو، ئەو بوو بەڕێی دەخستین و بۆ نانخواردن و پشوودانیش سەرپەرشتی دەکردین، یان ئەگەر لەو نزیکانە مقەڕی پێشمەرگە هەبووایە، دەچووین لەوێ خواردنمان وەردەگرت. قۆناغ بە قۆناغ ڕۆیشتین تا گەیشتینە ماوەت و لەوێ کۆ بووینەوە. لە ڕێگەش کە شەومان بەسەر هات، کەمال فەرمانی کرد و لە نزیکترین مزگەوتی ئەو ناوەماینەوە. بۆ پشوودان و خەوتن زیاتر دەچووینە مزگەوت.

لە ماوەت شەوانە کۆڕی گفتوگۆ دادەمەزرا و کەمال چاومار باسی سیاسەتی پارتی و ڕۆڵی بارزانیی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا بۆ دەکردین. ئێمەش زۆر بەپەرۆشەوە گوێمان بۆ دەگرت، بێ ئەوەی بزانین چ چارەنووسێک چاوەڕێمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەكات. لە زەینی خۆماندا وێنەی سەركردەیەكی گەورەی نەتەوەییمان بۆ بارزانی كێشابوو، ئێمە بێ هیچ بیركردنەوە و لێكدانەوەیەك و لەسەر داوای یەكێتیی قوتابیان شارمان جێ هێشتبوو. لەملاولاوە قوتابیی دیكەش دەهاتن و پەیوەندییان پێوە دەكردین. زۆری پێ نەچوو ژمارەمان لە سێ سەد قوتابی نزیك ببۆوە. ماوەیەك لە ماوەتماینەوە و كاتمان بەسەر دەبرد، پارەیەكی كەمیشیان بەسەر هەمووماندا دابەش كرد تا هەندێك پێداویستیی خۆمانی پێ دابین بكەین. ڕۆژێكیان برووسكەیەك هات بۆ ئەوەی بڕۆین و لە ناوچەی پشدەر و ڕانیە كۆ ببینەوە. ئیتر هەموومان پێكەوە چووینە قەڵادزێ و لەوێشەوە بەشێكمان بەرەو ڕانیە بەڕێ كەوتین.

ژمارەیەكی زۆر لە خوێندكاران چووینە ڕانیە. سوارەی سەڵتە خوێندكاری دواناوەندیی سلێمانی بوو؛ كادرێكی هەڵسوڕاوی بەتوانای ناو یەكێتیی قوتابیان بوو. سوارە لە ڕانیە سەرپەرشتیاری ئێمە و ئەو ژمارەی زۆرەی قوتابیان بوو.

چەند ڕۆژێك لە ڕانیە ماینەوە، پاشان دابەشیان كردین بەسەر چوارقوڕنە و دێهاتەكانی ئەو دەوروبەرەدا، وەك گردجان و كانی ماران و قەمتەران. لەو ماوەیەدا دۆستایەتی و هاوڕێیەتیم لەگەڵ چەند كەسێكی ئەو گوندانە درووست كرد وەك كاكە سوارە، كاكە مامەند ئاغای برای، سەفیری ئەحمەدی خاڵە و چەندین هاوڕێی خۆشەویستی تر، كە بوونە هاوڕێی تەمەنم. دوای دەستپێكردنەوەی شۆڕش، ژمارەیەكیانم بینییەوە. لەم دواییانەدا، بە تەمەنی گەنجی و بە نەخۆشی مامەند ئاغا و سوارەئاغای كوڕی سمایل ئاغا و سەفیر ئەحمەد خاڵە كۆچی دواییان كرد و بۆشاییەكی زۆر و بەئازاری دەروونییان دوای خۆیان لا جێ هێشتم. یادیان هەمیشە بەخێر.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە لەو كاتەدا بەباشی نەمدەزانی چی ڕوو دەدات، دەمزانی زۆربەی كەسوكار و خزمانم هاتوونەتە دەرەوە و بوون بە پێشمەرگە، جارجار بیرم دەكردەوە بیاندۆزمەوە و بچمە لای ئەوان، بەڵام دەبوو جارێ چاوەڕێ بكەین تا بزانین چیمان پێ دەڵێن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زیرەکیی سوارەی سەڵتە

دوای ماوەیەک، بەشێکمان، کە ژمارەمان زیاتر لە سەد و پەنجا خوێندکار دەبوو، لە قەڵادزێوە نێردراین بۆ ڕانیە. سوارەی سەڵتە بەرپرسی گرووپەکەمان بوو. سوارە کوڕێکی زۆر وریا و زرنگ و بەمشوور بوو. خۆ هەمووی دوو، سێ ساڵێک لە ئێمە گەورەتر بوو، بەڵام دیاربوو ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی لە ئێمە زیاتر بوو. بۆیە بە ڕۆژ لە ترسی بۆردومانی تەیارە دەیبردینە شاخی کێوەڕەش و لە بنبەرد و لەناو ئەشکەوتەکاندا خۆمان حەشار دەدا. ئەم کێوە سەختە وەک شوورایەکی قایم باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەکەی گرتووە و وەک ئەوەی شارەکەی لە باوەش گرتبێت وایە، بەرزیی ئەم شاخە دەگاتە ١٢٠٠ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە. ناوەکەشی لەوەوە هاتووە کە کێوێکی ڕووتەنە و گژوگیای زۆر لێ ناڕوێت. لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا، هەر کاتێک بەویدا تێ دەپەڕیم، یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانە بە مێشکمدا گوزەریان دەکرد و زۆر شتم دەهاتەوە یاد.

سوارە بۆی باس کردین کە هاتنی قوتابیان بۆ ڕانیە دەنگی داوەتەوە و هەموو کەس دەزانێت قوتابی و تەلەبەکانی زانکۆ زۆریان لە قەڵادزێ کۆ بوونەتەوە، تەنانەت (ڕادیۆی شۆڕش)یش باسی ئەم بابەتەی کردووە، بۆیە دەبوو زۆر وریا بووینایە. بە ڕۆژ خۆمان حەشار دەدا و بەرچاو نەدەکەوتین. هەموو بەیانییەک، سوارە زوو دەیبردینە شاخەکە و لە پەناوپەسێردا خۆمان حەشار دەدا. ڕۆژەکەمان بە قسەکردنەوە بەسەر دەبرد و لای ئێوارە دەگەڕاینەوە بۆ ناوشار. لە شاریش، بۆ نانخواردن، دابەشی ماڵەکان دەبووین.

لە شاخ دەنگی تەیارەمان دەبیست کە بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕانەوە. هەر زوو هەواڵمان پێ گەیشت کە تەیارەکان بۆردومانی قەڵادزێیان کردووە و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مەدەنی و خوێندکاریان شەهید یان بریندار کردووە. برایەکی سوارە- سۆرانی سەڵتە- لەناو شەهیدەکاندا بوو. سوارە بەدەم کارەساتی براکەیەوە ڕۆیشت و بە ئێمەشی گوت بەرەو سەرکرایەتی لە چۆمان و ناوپردان بکەوینە ڕێ. ئەو ڕۆژە ٢٤ی نیسان بوو. فڕۆکەکانی بەعس بۆردومانی ناوشار و زانکۆی سلێمانییان لە قەڵادزێ کرد، کە مامۆستا و خوێندکارەکانی هەموو ڕوویان کردبووە ئەوێ و لەوێ زانکۆکە دامەزرێندرابۆوە. لەو بۆردومانەدا ١٦٣ کەس شەهید بوون؛ ٩ کەسیان خوێندکاری زانکۆ بوون- براکەی سوارەی سەڵتە لەوانە بوو- نزیکەی ٣٠٠ کەسی دیکەش بریندار ببوون. سوارە ڕۆیشت و ئێمەش کەوتینە ڕێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مەدەنی و خوێندکاریان شەهید یان بریندار کردووە. برایەکی سوارە- سۆرانی سەڵتە- لەناو شەهیدەکاندا بوو. سوارە بەدەم کارەساتی براکەیەوە ڕۆیشت و بە ئێمەشی گوت بەرەو سەرکرایەتی لە چۆمان و ناوپردان بکەوینە ڕێ. ئەو ڕۆژە ٢٤ی نیسان بوو. فڕۆکەکانی بەعس بۆردومانی ناوشار و زانکۆی سلێمانییان لە قەلادزێ کرد، کە مامۆستا و خوێندکارەکانی هەموو ڕوویان کردبووە ئەوێ و لەوێ زانکۆکە دامەزرێندرابۆوە. لەو بۆردومانەدا ١٦٣ کەس شەهید بوون؛ ٩ کەسیان خوێندکاری زانکۆ بوون- براکەی سوارەی سەڵتە لەوانە بوو- نزیکەی ٣٠٠ کەسی دیکەش بریندار ببوون. سوارە ڕۆیشت و ئێمەش کەوتینە ڕێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرەو چۆمان

بە پێ ڕۆیشتن بۆ ئێمە ئاسان نەبوو، بە تایبەتی کە یەکەم جار بوو ئەو ناوچانەمان دەبینی و هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆمان نەبوو، بەڵام خۆشبەتانە ڕێگە قەرەباڵغ بوو؛ ناوچەکە پڕ بوو لە ئاوەدانی و گوندەکان وەک دەنکە مرواریی ملوانکەیەکی پساو بە هەموو شوێنێکدا بڵاو ببوونەوە، قوتابییەکانیش زۆر بوون. کە شەوانە لە گوندێک لامان دەدا، دەبووین بە زەحمەتێکی زۆر بەسەریانەوە، بەڵام ئەوان، وەک باو و باپیرانیان، هەمیشە میواندۆست و بەخزمەت بوون. خۆ هەر ئەوان بوون و ئەوانن هێزی لەبنەهاتوی بەردەوامی شۆڕش و پێشمەرگایەتی؛ هەر ئەو جووتیارە بەخشندانە بوون کە هەمیشە دەرگای دڵ و ماڵیان بۆ میوان کراوە بوو.

لەسەر داوای سوارە و دوای ئەو بۆردومانەی قەڵادزێی وێران کرد، ئیتر دەستە دەستە بەرەو چۆمان و ناوپردان کەوتینەڕێ. لەوێ چووین بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری. نامەی یەکێتیی قوتابیانمان دایە دەستیان. وەک بۆیان باس کردین و ڕوونیان کردەوە، سەرکردایەتیی شۆڕش بەرنامە و پلانی هەبوو بۆ ئەو هەموو گەنجە خوێندەوارەی هاتبوونە ڕیزی شۆڕشەوە، ئەوەش بە کردنەوەی چەند مەدرەسەیەک بوو بۆ ڕاهێنانی ئەو سەدان گەنجە خوێندەوار و خاوەنشەهادەیە لە بوارەکانی مەدفەعی، بەکارهێنانی بێتەل، خۆپاراستن، بەرەنگاربوونەوەی چەکی کیمیاوی، برینپێچی و دژەهەوایی و هتد. لە مەکتەبی عەسکەری یەکەیەکە موقابەلەی هەموومانیان کرد و جۆرەها پرسیاریان لەسەر ئاستی خوێندن، تەمەن، شار و ناوچە لێ کردین تا دابەشمان بکەن بەسەر ئەو مەدرەسانەی هەبوون. سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری دابوو ژمارەیەکمان- من یەکێک بووم لەوانە- بنێرن بۆ مەدرەسەی کیمیاوی و بەشێکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ترمان بۆ مەدرەسەی مەدفەعی و هەندەسە و هتد، ئەوەش بەو ئامانجەی بەو گەنجە ڕاهێنراوانە هێزی پێشمەرگە لەو بوارە جیاوازانەدا بەهێزتر ببێت.

دەبوو بە پێ بەرەو سەرکردایەتی بڕۆین، ئەوەش ڕێگەیەکی دوورودرێژ بوو؛ هەر تەواو نەدەبوو. کە ماندوو دەبووین، لە دێهاتەکان لامان دەدا بۆ نانخواردن و پشوودان. من کوڕی شار بووم، ئاشنای نەریت و دەستوور و بەخشندەیی گوندنشینان نەبووم؛ زۆر هەستم بە خۆشەویستی دەکرد کە دەمبینی بەوجۆرە خزمەتمان دەکەن و ڕێزمان دەگرن. بەڕاستی ئەوەی گوندنشینەکان بۆ شۆڕشیان دەکرد و ئەو خزمەتەی ئەوان بە ئێمەیان دەکرد، قەڵەم توانای گێڕانەوەی نییە. هەر لەو ڕۆژانەوە، خۆشەویستیی گوندنشینان بە جۆرێک لە دڵمدا ڕەگی داکوتاوە کە تا ئیمڕۆش نزیکترین دۆست و ئازیزانم خەڵکی گوندەکانن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆردومانی تەیارە

چۆمان شارۆچکەیەکی قەرەباڵغ بوو؛ جمەی دەهات. ساڵی ١٩٦١ دروست کراوە و یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە هەولێر. چۆمان دەکەوێتە سەر ڕێگەی هامیلتۆن و ٢٥ کیلۆمەترێک لە سنووری ئێرانەوە دوورە. پێشتر ناحیە بووە، بەڵام دوای ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کرا بە قەزا. چۆمان ناوچەیەکی هەتا بڵێی قەرەباڵغ بوو؛ دووکان و بازاڕی زۆر و فرۆشگەیەکی گەورەی شۆڕشیشی لێ بوو؛ هاتوچۆی پێشمەرگە و خەڵکیشی زۆر بەسەرەوە بوو، هەر بۆیە دوژمن ناوبەناو بە تەیارەی سۆخۆی لە ئاسمانەوە هێرشی دەکرد و چۆمان و دەوروبەری بۆردومان دەکرد. لە لووتکەی شاخەکان و چواردەورەوە دژەهەواییەکانی شۆڕش وەڵامیان دەدانەوە و دەبوو بە هەرا و فەرتەنەیەک نەبێتەوە. ئەو ناوە پڕ بوو لە کونە تەیارە، خەڵکەکە دەچوونە ئەو کونانەوە تا خۆیان لە پەلاماری تەیارە مەرگهێنەرەکان بپارێزن. دوای تەواوبوونی بۆردومانەکە و نەمانی مەترسی، ئینجا دەهاتنە دەرەوە و دەچوونەوە بە لای کار و کاسبیی خۆیانەوە. خەڵکەکە زۆرجار دەکەوتن بەسەر ماڵی ڕووخاو، یان مەڕوماڵاتی کوژراودا، بەڵام ئەوەی لە هەموو شت گرنگتر بوو خۆپاراستن بوو لە بۆمبارانی تەیارەکانی دوژمن. زۆر جاریش هاووڵاتیی مەدەنی دەبوونە قوربانی.

من دیمەنەکەم زۆر بەلاوە سەیر بوو. وشەی 'سۆخۆی' لە مێشکمدا دەزرنگایەوە. دواتر زانیم ئەمە فڕۆکەیەکی جەنگییە، ڕووسەکان دروستیان کردووە، خێراییەکەی لە دەنگ زیاترە و توانای هەڵگرتنی بڕێکی زۆر تەقەمەنیی هەیە. توانا سەربازییەکانی سۆخۆی زۆرن؛ فڕۆکەکە دەتوانێت شەڕی زەمینی بکات و لە ئاسمانیشدا ڕووبەڕووی فڕۆکەی دوژمن ببێتەوە. بە درێژاییی ژیانی پێشمەرگایەتیم چەندین جاری دیکە ئەم فڕۆکانەم بینیوە بۆردومانیان کردووە و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرەنگاربوونەوەشیان بۆ پێشمەرگە زەحمەت بووە، بەتایبەت لە نەبوونی چەکی کاریگەری دژ بەم بەلایانەی بە ئاسمانەوە دەهاتن و دەچوون. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، سۆڤیەت فڕۆکەی سۆخۆی ١١ی بە عێراق فرۆشتووە. درێژیی ١٨مەتر و چەند سانتیمەترە، توانایان هەبوو نزیکەی پێنج کیلۆمەتر تا ١٨ هەزار مەتر لە ئاسماندا بەرز ببنەوە. ئەم جۆرە فڕۆکانە لە یەک چرکەدا ٢٣٠ مەتریان دەبڕی و خێراترین فڕۆکەی ئەو سەردەمە بوون. توانای ئاراستەکردنی ڕۆکێتیشیان هەبوو.

زۆرجار لەگەڵ هاوڕێکانمدا سەیری دەرکەوتنی ئەم فڕۆکانەمان دەکرد. لەبەرئەوەی دژەفڕۆکەکان لەو ناوچەیە جێگیر کرابوون، فڕۆکەکان زۆر لە بەرزییەوە بۆمبەکانیان فڕێ دەدایە خوارەوە. کە لە ئاسماندا گوللەی دژە هەواییەکانمان دەبینی، هاوارمان دەکرد و خواخوامان بوو فڕۆکەکان بپێکێت. دیمەنی ئەو ئاگربارانە زۆر سەیر و زۆریش تۆقێنەر بوو. بەرگرییە زەمینییەکان و فڕۆکەکان وەک دوو گای شێت بە گژ یەکدا دەچوون و ئەو ناوەیان دەکرد بە چرە دووکەڵ و بۆنی بارووت بە هەموو لایەکدا بڵاو دەبۆوە.

چۆمانیش خۆی ناوچەیەکی سنووریی بوو؛ دەرچەی هێزی پێشمەرگە بوو بەرەو حاجی ئۆمەران و لەوێشەوە بۆ ئێران، کە ڕێی سەرەکیی گەیاندنی هاوکاری و کەلوپەلی سەربازی و چەک و تەقەمەنیی ئێرانییەکان بوو بۆ هێزی پێشمەرگە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خولی کیمیاویی

دوای جیاکردنـەوە و دابەشـکردنمان بەسـەر خولەکانـدا، لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـدا نووسـراوی (مەکتەبـی عەسـکەری)یمان وەرگـرت و چووین بـۆ ناوچـەی ئـازادی لـە حاجـی ئۆمـەران تـا بەشـداریی خولەکانـی ڕاهێنـان بکەیـن. ژمارەیەکمـان بـۆ مەدرەسـەی مەدفەعی، من و چەند هاوڕێیەکیش بۆ مەدرەسـەی کیمیاوی. هەر زوو جێگە و ڕێگەیان بۆ دیاری کردین و چادرێکیان داینێ. تا کۆتایی خولەکە لەوێ ماینەوە. ئیتر بووین بە گرووپێک و هەموو شتێکمان بەیەکەوە بوو: نانخواردن، خوێندن، ڕاهێنـان، خەوتـن و هـەر پێکیشـەوە جارجـار دەچووینـە بـازاڕی حاجـی ئۆمـەران، یـان گەڵاڵـە بـۆ کڕینـی کەلوپـەل و پێویسـتییەکانمان.

لـە (شۆڕشـی ئەیلـوول)دا، مەترسـیی ئـەوە هەبـوو عێـراق چەکـی کیمیـاوی دژی پێشـمەرگە بـەکار بهێنێـت، بۆیـە سـەرکردایەتی بیـری لـەوە کردبـۆوە پێشـوەخت ئامـادەکاری بکات بۆ ئاشـناکردنی پێشـمەرگە بە مەترسییەکانی چەکی کیمیاوی و چۆنێتیی خۆپاراستن لێی. بۆ ئـەم مەبەستەش ڕاهێنانی بە ژمارەیەک پێشمەرگە لە هـەر هێز و بەتالیۆن و لقێکدا کردبوو بۆ ئـەوەی لە کاتی ڕوودانی هـەر هێرشێکی کیمیـاوی و فسـفۆریدا، ئامـادە بـن و بتوانـن هەنـگاوی خۆپارێـزی و چارەسـەری سـەرەتایی بۆ بەرکەوتـووان، لـە هاوڵاتـی پێشـمەرگە، بنێـن.

بەیانییـان زوو لەخـەو هەڵدەسـتاین؛ ڕوومـان دەکـردە گۆڕەپانێکـی فـراوان و لـەوێ وەرزشـی بەیانییـان و هەندێـک ڕاهێنانـی جەسـتەییمان دەکـرد. دوای چەنـد ڕۆژێـک خوێندنـی تیـۆری، ئینجـا فێـری بەکارهێنانـی چەکیـان کردیـن بـۆ مەبەسـتی خۆپاراسـتن. چەکـەکان کلاشـینکۆف و بڕنـەو بـوون؛ هـەر لـە تەقاندنـەوە تـا دەگاتـە هەڵوەشـاندن و پاککردنـەوە، فێـری هەمـووی بوویـن. پـاش ماوەیـەک، هەریەکەمـان بڕنەوێکـی وەسـەتی نوێیمـان بـە فیشـەکەوە وەرگـرت. ئیتـر ئاواتەکـەم هاتـە دی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بووم بە خاوەنی چەکی خۆم. هەستم دەکرد بەڕاستی پێشمەرگەم و هەموو نارەحەتییەکانم بیر چووبۆوە. خولەکە لە مایسی ساڵی ١٩٧٤دا دەستی پێ کرد و ٩٤ کەس بەشدارییمان تێدا کرد. تێکەڵەیەک بووین لە خوێندکاری قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی؛ چەند خوێندکارێکی زانکۆشمان لەگەڵدا بوو. خولەکە خولێکی زۆر چڕ و پڕزانیاریی بوو؛ مامۆستاکان زۆر بەجیدی لەگەڵمان خەریک دەبوون و ئێمەش هەموو ئەرکەکانی سەرشانی خۆمان بەباشی ڕادەپەڕاند.

بەرپرسی سنفی کیمیاویی، محەمەد کەریم بوو. سنفەکە سەر بە مەکتەبی عەسکەری بوو. بەڕێوەبەری خولەکەش نەقیب ئیسماعیل دەلۆیی بوو. کومەڵێک مامۆستای مەدەنی و عەسکەری وانەیان دەگوتەوە، وەک ساماڵ شاڵی، شیروان عومەر بابان، ئەسعەد قەرەداغی، محەمەد حەمەصالح، حەمە ئەمین کۆکۆیی، عومەر شەمەیی، ملازم نەوزاد چەلەبی، ملازم جەمال هەولێری، عەلی ئەمین جەباری، تەها ئەحمەد، جەباری حاجی مەجید و چەند مامۆستایەکی تر. ئەم مامۆستایانە وانەی تیۆری و مەیدانییان پێ دەگوتینەوە. پێکهاتەکانی چەکە کیمیاوییەکان، چۆنێتیی خۆپاراستن لێیان و چارەسەرکردنی ئەوانەی بەو چەکانە بریندار دەبن، هەموویان بۆ ڕوون دەکردینەوە. وانەکانیش بریتی بوون لە عەوامیلی کیمیاویی ژەهراوی، چەکی ناوەکی، کەشوهەوا، ئاگرپژێنەکان (قاذفات اللهب)، خاوێنکردنەوە، چەکی بایۆلۆجی، خوێندنەوەی نەخشە، فریاکەوتنی سەرەتایی، خۆپاراستن و بۆمبی ناپاڵم.

بەشێکی زۆر گرنگی خولەکە بریتی بوو لەوەی فێرمان بکەن چۆن ڕێنماییی هێزی پێشمەرگە و دانیشتووانی ناوچەکان بکەین تا خۆیان لە چەکی کیمیاوی بپارێزن و بۆیان ڕوون بکەینەوە ئەو چەکە چ کاریگەرییەکی هەیە، هەروەها ڕاهێنانێکی چڕیشمان کرد لەسەر چۆنێتیی پێدانی چارەسەری سەرەتایی بەو کەسانەی بەر چەکی کیمیاوی دەکەون. بە ڕاهێنان و دووبارەکردنەوە زۆر شتیان فێر کردین، وەک بەکارهێنانی ماسکی خۆپاراستن یان ئەو کەرەستە سەرەتاییانەی بەردەستن لە بەرەی شەڕدا؛ فێری جۆرەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی و برینپێچی و دەرزیلێدان و ناسینەوەی دەرمانەکان و بەکارهێنانیشیان بووین. بۆ زیاتر شارەزابوون، چەند ڕۆژێک بردیانین بۆ نەخۆشخانەی وەرتێ، کە لە خوار چۆمان و نزیک پردی گەلاڵە بوو. لەوێ بەکردەیی ڕاهێنانیان پێ کردین. ئەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەزموونێکی زۆر باش بوو، چوونکە ڕۆژانە برینداریان دەهێنایە ئەوێ و ئێمەش بە شێوەیەکی کرداریی ڕاهێنانمان لەسەر شێوازەکانی برینپێچی و دەرزیلێدان و تەداویکردن و دوورینەوەی برین و خاوێنکردنەوە و زۆر شتی تر کرد.

وەرتێ ناوچەیەکی شاخاوییە و سەر بە قەزای ڕەواندزە؛ دیمەنی زۆر دڵڕفێن و جوانی لێیە. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام خەڵکی ئەو ناوچەیە بە گشتی هەموویان پێشمەرگە بوون؛ گەورە و بچووک چەکیان پێ بوو. لەم ساڵانەی دواییدا زانیم دانیشتووانی گوندەکە زیاتر لە ٢٠٠ شەهیدیان هەیە. لە نزیکی کەمپی ڕاهێنانەکەمانەوە ژمارەیەک کونە تەیارە درووست کرابوون بۆ ئەوەی لە کاتی بۆردوماندا خۆمان بخزێنینە ناویان. چەند جارێک ڕاهێنانی ئەوەمان کرد کە ئەگەر فڕۆکە هات و ئاگادار کراینەوە، چۆن بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بێ شڵەژان و گەڕەلاوژە خۆمان بگەیەنینە کونە تەیارەکان.

ڕۆژانی هەینی پشوومان بوو. لە یەکەمین ڕۆژی هەینی خولەکەدا، بردیانین بۆ حاجی ئۆمەران و سەیری ئەوماڵەمان کرد کە حکومەتی بەعس ویستبووی مەلا مستەفای بارزانیی تێدا تیرۆر بکات. خۆشبەختانە بارزانی بە سەلامەتی ڕزگاری ببوو، بەڵام شوێنەکە وەک جێگەیەکی کەلەپووری و نەتەوەیی لێ هاتبوو؛ ڕۆژانە خەڵک دەچوون و سەردانیان دەکرد. لە سەردانەکەدا، بۆیان ڕوون کردینەوە کە لە ڕۆژی ٢٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧١دا بارزانی لەو ماڵەدا پێشوازیی لە چەند میوانێک کردووە، کە سیانیان پۆشاکی مەلایان پۆشیوە. ئەو میوانانە پیلانیان هەبووە بارزانی بکوژن، بەڵام پیلانەکەیان سەری نەگرتووە و تەنیا بارزانی بە سووکی بریندار بووە.

خولەکەمان نزیکەی ٤٠ ڕۆژی خایاند. لە ڕووی وانەگوتنەوە و دابینکردنی پێداویستییەکانەوە زۆر سەرکەوتوو بوو، لە هیچ شتێکمان کەم نەبوو. دوای تێپەڕینی مانگێک، مووچەیان پێ داین، کە ١٥ دینار بوو. لەبەرئەوەی هەموو شتێکمان بۆ دابین کرابوو، ١٠ دینار لەو پارەیە مووچەی پێشمەرگایەتی بوو، ٥ دینارە زیادەکەش بۆ ئەو بڕوانامەیە بوو کە وەرمان گرتبوو. بۆ ئەو کاتە پارەیەکی زۆر بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێزی کاوە

خولەکە بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات. زانیاریی باشمان وەرگرت و لە زۆر کایەی سەربازی و پەلامارە چاوەڕوانکراوەکانی دوژمندا شارەزا بووین. من ئەوەندە بەجۆشەوە وانەکانم خوێندبوو و ڕاهێنانەکانم ئەنجام دەدا، هەتا ئێمڕۆش زۆرێک لەو زانیارییانە لە مێشکمدا هەر ماون و لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سوودێکی زۆرم لێ وەرگرتوون. مەسەلەکە بۆ من جگە لە هەستی نیشتمانی، هەستی تۆڵەکردنەوەی باوکیشم بوو؛ هەستێک کە بەردەوام لە ناخمدا جۆشی دەخوارد.

دوای چەند ڕۆژێک پشوو، بەڕێوەبەرانی خولەکە، لەسەر داوای سەرکردایەتیی پارتی، بەسەر هێز و ناوچەکانی کوردستاندا دابەشیان کردین. من و کاوە مەخمووری و چەند هاوڕێیەکم ڕەوانەکراین بۆ هێزی کاوە، کە سنوورێکی فراوانی هەبوو. هێزەکە هەموو ناوچەکانی پشدەر و بیتوێن و (مەرگە)ی دەگرتەوە، چەک و کەلوپەل و کەرەستەی پێویستیان بۆ دابین کردین- چەند ماسکێکی خۆپاراستنیش، تا لەگەڵ خۆمان بیانبەین و پێشمەرگەکان ئاشنا بکەین بەوەی لە چ کاتێکدا و چۆن بەکاریان بهێنن. دەرزیی دژە کیمیاوی و کەرەستەی برینپێچی و سرنجەکانی دەرزلێدان و لەفاف و شاش و شتی دیکەی لەو جۆرەشمان پێ بوو. ئینجا بەڕێیان کردین بۆ ئەو سنوورە.

ئێمە ئەوپەڕی گڕوتینی کارکردنمان تێدا بوو. هەموو بوونی خۆمان بۆ خزمەتکردنی شۆڕش تەرخان کردبوو. نەماندەزانی ڕۆژگارێک دێت بەناچاری دەچینەوە شار و خۆمان تەسلیمی ڕژێمەکەی بەعس دەکەینەوە. بێگومان ئەمەش دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول. با ئەم باسە بمێنێت و لە شوێنی خۆیدا قسەی لەبارەوە دەکەم. دەمەوێت لێرەدا باسێکی کاوە مەخمووری بکەم، کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکم بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئـەم تێکۆشـەرە سـاڵێک لـە مـن منداڵتـر بـوو. بـە درێژاییـی مـاوەی خولەکەمـان لـە چۆمـان پێکـەوە بوویـن و دواییـش لـە زۆر قۆناغـی شۆڕشـدا یەکمـان گرتـەوە. کوردگوتەنـی، وەک گیانێـک لـە دوو جەسـتەدا دەژیایـن، بـەڵام کاتێـک لـە سـاڵی ١٩٧٦دا، دوای ڕووداو و کارەسـاتی زۆر، کـە هەموویـم لـە شـوێنی خۆیـدا بـاس کـردووە، جارێکـی تـر دەچمـەوە دەرەوە بـۆ پێشـمەرگایەتی و بەشـداریکردن لـە دەسـتپێکردنەوەی شۆڕشـدا، دوای ماوەیـەک، هەواڵـم پـێ دەگات کاوەش هاتۆتـە دەرەوە. ئـەوەم زۆر پـێ خـۆش بـوو. کاوەش کۆمەڵـە بـوو؛ هەردووکمـان لەژێـر ئاڵای کۆمەڵە و یەکێتیدا دیسـان یەکمـان گرتـەوە. هـاوڕێ[1] کاوە مەخمووری یەکێک بوو لـە پێشـمەرگە نەبەز و چالاکەکانی دەشـتی هەولێر و لـە سـاڵی ١٩٨٣دا چووە کاروانـی نەمرانـەوە.

***

هێزی کاوە بـارەگای سـەرەکی لـە (گونـدی کوزینـە)ی پشـدەر بـوو. لـە چۆمـان و قەسرێ و (دۆڵی شـەهیدان)ەوە ملی ڕێگەمـان گرتەبـەر و بـەرەو شـوێنی دیاریکراو ڕۆیشـتین. نامەیەکی ڕەسـمیی مەکتەبی عەسـکەریمان پێ بوو بۆ فەرماندەی هێز، کە نـاوی 'حەسۆ میرخـان' بـوو. زانیارییـان دایـنێ کە بـارەگای خەلفیی هێز هاتۆتە گوندی بێلوولە، بۆیە ئاڕاسـتەی ڕۆیشـتنەکەمان ڕووەو بێلوولە گۆڕی. چەند ڕۆژێک لە بێلوولـە مایـنەوە تـا فەرماندەی هێز لە جەولـەی سـنووریی هێزەکـەی گەڕایـەوە. چەنـد خانوویـەک بـە قـوڕ درووسـت کرابـوون بـۆ حەوانـەوەی پێشـمەرگەکان و کۆگای هەڵگرتنی زەخیرە و تەقەمەنیی بەشـێکی زۆری هێزەکـەش هـەر لـەوێ بـوو. خـواردن و شـوێنی مانەوەیـان بۆ دابین کردین. دنیـا گـەرم ببوو، بۆیـە لەسـەربان دەخەوتیـن.

کاتێک حەسـۆ میرخـان لە جەولە گەڕایـەوە، لە سـەربانی بـارەگا جێگەیـان ئامـادە کـرد و مەجلیسـێکی گـەورە سـاز کـرا. دوای نانخواردنـی ئێوارە، ئێمەیـان بـردە لای حەسۆ میرخـان و ئێمـەش نامەکـەی مەکتەبی عەسـکەریمان پێ دا. حەسـۆ میرخـان نامەکـەی خوێنـدەوە و بەگەرمـی بەخێرهاتنـی کردیـن. پاشـان پرسـیاری زیاتـری کـرد لەسـەر ئـەو بەشـەی ئێمـە کاری بـۆ دەکەیـن. حەسـۆ میرخـان، وەک فەرماندەیەکـی

---

[1] لـە درووسـتبوونی کۆمەڵـەوە، ناسـناوی 'هـاوڕێ' بـۆ هەمـوو ئەندامێکـی کۆمەڵە لەپێش ناوەکەیەوە بـەکار دەهات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەربازی، زیاتر خەیاڵی لای کەرەستەی سەربازی و پێداویستییەکانی بوو تا بتوانێ هاوسەنگیی هێز و شەڕەکەی بەرانبەر بەعس- چەند کەمیش بێت- بگۆڕێ، بۆیە نەیدەزانی چی لە ئێمە بکات. قسەکانی بەو ئاڕاستەیەدا بوو کە ڕەنگە نەتوانین سوودێکی ئەوتۆ بە هێز و لەشکرەکەی بگەیەنین. ئەو ڕێزی لێ گرتین، ئێمەش مناقەشەمان زۆر نەکرد و پرسیمان داخۆ ئاساییە بگەڕێینەوە بۆ مەکتەبی عەسکەری.

ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، عەبدولوەهاب ئەترووشی نامەکەی وەرگرت و خوێندییەوە، ئینجا ڕووی کردە حەسۆ میرخان و گوتی، "ئەم لاوانە لە مەکتەبی عەسکەرییەوە هاتوون و گەنجی خوێندەوارن، لەسەر بابەتی گرنگ و پێویست دەرسیان خوێندووە و کارەکەیان زۆر گرنگە. ئێوە دەتوانن لە ئاییندەدا سوودێکی زۆریان لێ وەربگرن."

خواحافیزیمان لە مەجلیسەکە کرد و دواتر خۆمان لەنێوانی خۆماندا قسەوباسی زۆرمان لەسەر هەموو لایەنەکانی مانەوەمان لە سنووری هێزەکەی حەسۆ میرخاندا کرد. سەرنجام گەیشتینە ئەوەی بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتبووین.

ئەو شەوە، لەوێ نووستین و سبەینێ بەیانیی زوو هەر پێنجمان بە خۆمان و کەلوپەلەکانمانەوە کەوتینەوە ڕێ و چۆن هاتبووین ئاوا گەڕاینەوە بۆ چۆمان. دواتر، ڕاپۆرتێکمان لەبارەی سەفەرەکەمانەوە دا بە مەکتەبی عەسکەری و هۆی نەمانەوەمان بۆ ڕوون کردنەوە؛ مەکتەبی عەسکەرییش بڕیاری دا هەریەکەمان ڕەوانەی جێگەیەکی تر بکات؛ گوتیشیان هەر جێگەیەک خۆمان پێمان خۆشە، دەماننێرین بۆ ئەوێ. ئەمە بۆ من شتێکی باش بوو، داوام کرد ڕەوانەی (هێزی خەبات)م بکەن، کە بارەگا سەرەکییەکەی لە پێنجوێن بوو. زۆرێک لە خزم و ناسیاوەکانم لەو هێزەدا بوون.

لە ناوپردان مقەڕێکی بەشی کیمیاوی لێ بوو، هەروا دوو، سێ چادرێک دەبوو. ماوەیەک لەوێ مامەوە.

لە بەرەی زۆزک، کە چیایەکە لە (قەزای سۆران)ی سەر بە هەولێر، بەتالیۆنێکی هێزی خەبات لەگەڵ حکومەت لە شەڕێکی سەختدا بوو. ناوچەی شەڕەکە فراوان بوو بۆیە لە زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگەی ناوچە جیاجیاکانەوە بە سەرە بەتالیۆنێک لە هێزەکانیان بۆ ماوەیەک دەهێنا بە ئامانجی بەرگری لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شاڵاوی سوپای دڕندەی دوژمن و پاراستنی ناوچەکانی نزیک لە سەرکردایەتیی شۆڕش. پاش ماوەیەک هێزەکە دەگۆڕا بە یەکێکی تر چوونکە هیچ هێزێک نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر لەو جەبهەیە بمێنێتەوە هێندە شەهید و بریندار دەدا. شەڕەکە قورس بوو، دوژمن هەموو چەکێکی بەرانبەر پێشمەرگە بەکار هێنا، بەتایبەت تۆپبارانی بەردەوام و چڕ بەڵام هێزی پێشمەرگە زۆر قارەمانانە ڕێگەی لە پێشڕەویکردنی سوپای داگیرکەر گرت. پاڵەوانەکانی شەڕی ئەو ماوەیە چەندین فەرماندەی لق و پەل و پێشمەرگەکانی هێزی خەبات بوون؛ لەناویاندا فەرماندەی بەتالیۆن نوری حەمە عەلی. ناوی پاڵەوانەکان بەسەر زاری هەموو پێشمەرگە و کەسێکەوە بوو. ڕۆژانە چەندین پێشمەرگە شەهید و بریندار دەبوون. پێشمەرگەکانی ئەو بەتالیۆنەی هێزی خەبات بەردەوام دادەبەزین بۆ کڕینی کەلوپەل. ئەوان شوێنی ئێمەیان دەزانی و دەهاتنە لای بارەگاکەمان لە ناوپردان. گەر بمانایەتەوە، شەوێک دەمانەوە و پاشان دەڕۆیشتنەوە بۆ بەرەکانی شەڕ. لەو بارەگایەدا لە چاوەڕوانیی ئەو هێزەدا بووم تا بگەڕێنەوە و منیش لەگەڵیاندا بگەڕێمەوە بۆ پێنجوێن.

مەدرەسەی کیمیاوی دوای ماوەیەک مەفرەزەیەکی لە دەرچووانی خولەکە پێک هێنا، کە لە عەبدولکەریمی مەلا قادر، برایم ئەحمەد، شێخ فەتاح، جەلال حەمە ئەمین، سەمەد فەیلی، سلێمان داود پێک هاتبوون؛ بەرپرسی مەفەزەکەش شیروان عومەر بوو، منیش لەسەر داوای خۆم چوومە لای ئەوان لە هێزی خەبات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چیرۆکی کاک ڕەئوف

ڕۆژێکیان پێشمەرگەیەک هات بۆ بارەگاکەمان، کە چەند خێمەیەک بوو لە خواری ناوپردان. پێشمەرگەکە ناوی 'ڕەئوف' بوو؛ لەگەڵ لقەکەی ملازم محەمەد بوو لە شاخی حەسەن بەگ زۆزگ. پرسیاری شەڕەکە و هێزەکەیانم لێ کرد، ئەو هەر دەیگوت شەڕێکی زۆر سەختە و ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە، تۆپ سەری دەپەڕێنێ. بە جۆرێک باسی شەڕەکەی دەکرد کە کەس بە سەلامەتی لێی دەرناچێت. ڕەئوف چەند ڕۆژێک لە بارەگای ئێمە مایەوە و نەڕۆیشتەوە بۆ لای هێزەکەی خۆیان. هەستم کرد دەیەوێت لای ئێمە بمێنێتەوە تا خۆی لە شەڕ بدزێتەوە.

ڕۆژێکیان لێم پرسی، "ئەرێ بەنیاز نی بگەڕێیتەوە بۆ لای هێزەکەتان؟" ئەو لە سووچێکدا بۆ خۆی بێدەنگ دانیشتبوو؛ سەری هەڵبڕی و کەمێک هەروا لە سەروسیمامی ڕوانی، پاشان بە بێزارییەکەوە گوتی، "ناتوانم. بەرگەی ئەو وەزعەی ئەوێ ناگرم؛ ئاگربارانێکی زۆر قورسە، هەرکەس لەوێ بێ، دەکوژرێ." منیش گوتم تۆ برا و هاوڕێ و خۆشەویستەکانی من و خۆشتت لەوێ جێ هێشتووە، ئیتر چۆن دڵت ئۆقرە دەگرێ. زۆر قسەم لەگەڵ کرد و هەوڵم دا وورەی بەرز بکەمەوە و ڕازی بکەم بچێتەوە لای هاوڕێکانی، بەڵام ئەو بڕیاری خۆی دابوو. ئەوەم زۆر پێ ناخۆش بوو، ئاخر من خۆم خواخوام بوو ڕەوانەی جێگەیەکم بکەن و بەشداریی ڕاستەقینە لە شۆڕشدا بکەم و خزمەتی پێشمەرگەکان بکەم، کەچی ئەم برادەرە ئاوا پشتی کردبووە هاوسەنگەرەکانی و لە بارەگا پاڵی لێدابۆوە.

من و ڕەئوف یەک، دوو جاری تر قسەمان کرد، بەڵام سوودی نەبوو، ئەو زۆریش تکای دەکرد یارمەتیی بدەم تا بە هەر بیانوویەک بێت لای ئێمە بمێنێتەوە. من هیچ بەرپرسیارێتییەکم نەبوو، ڕاستە بەرپرسی هێزەکە خوشکەزای من بوو، بەڵام ئەو پیاوێکی بەتەمەن و بەئەزموون، منیش تازە خەریک بووم فێری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگایەتی دەبووم، هیچم لە دەست نەدەهات بۆ ڕەئوفی بکەم، جگە لەوەی هەوڵ بدەم ڕازی بکەم بڕواتەوە بۆ لای هێزەکەی.

پاش ماوەیەک هێزەکەی خۆیشی هەستیان بە خۆدزینەوەی ڕەئوف کرد. کەسێکیان بەدوایدا نارد بۆ ئەوەی بچێتەوە بۆ لایان، بەڵام ئەو بیانووی هێنایەوە گوایە قاچی لەجێ چووە و منیشی کرد بە شایەت. ئەوە زۆر ناخۆش بوو. ئەم کوڕە بە تەمەن لە من گەورەتر بوو؛ دەیتوانی بڵێت بەرگەی شەڕناگرم و ناتوانم، نەک درۆ بکات.

زۆری پێ نەچوو مولازم محەمەد و هێزەکەی ئەرکیان تەواو بوو. ئەوان ڕێگەپێدراو بوون بە چەکەوە بەناو ئێراندا تێپەڕن. سەیارەی گەورەیان بۆ ئامادە کرابوو. بە خۆیان و چەک و کەلوپەلە سەربازیەکانیانەوە بێ لادان بەرەو ناوچەی خۆیان لە پێنجوێن دەگەڕانەوە، منیش تفەنگەکەم و فیشەکەکانم پێ دان تا لەگەڵ خۆیان بیبەن و لە پێنجوێن لێیان وەربگرمەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرەو پێنجوێن

لە (ناوپردان)ەوە سوار جیپێک بووم و بەرەو حاجی ئۆمەران بەڕێ کەوتم، لەوێشەوە ڕۆیشتم بۆ خانە- پیرانشار- کە هاوسنوورە لەگەڵ حاجی ئۆمەران. شەوێک لەوێ مامەوە، ژمارەیەکی زۆر خێزانی ئاوارەی لای خۆمان لەو شارە بوون، هیچ شوێنێک بەرنەدەکەوت، چایخانە و چێشتخانە و میوانخانەکان هەموویان جمەیان دەهات. بۆ سبەینێ سواری پاس بووم و بە سەردەشت و (بانە)دا تێپەڕیم و ئێوارەکەی گەیشتمە مەریوان. مەریوانیش دیسان هەر ژمارەیەکی زۆر خێزانی ئاوارەی لای خۆمانی لێ بوو. بۆ ڕۆژی دوایی چوومە باشماخ. لەوێش سەدان خێزان لەناو خێمەدا ژیانیان دەگوزەراند. لە باشماخ بەشێک لە خزمەکانم دۆزییەوە و شەوێکیش لای ماڵی مامۆستا فەهمی مامەوە. ڕۆژی دواتر گەیشتمە پێنجوێن و لەگەڵ ملازم محەمەد چووم بۆ بارەگای سەرەکیی هێزی خەبات. پێشتریش مەفرەزەکەمان چووبوون بۆ لای فەرماندەی هێزی خەبات و نامەی ڕەسمیی مەکتەبی عەسکەرییان پێ دابوو. لەگەڵ ملازم محەمەد چووینە لای فەتاح ئاغا. ئەو ڕێزی زۆری لێ گرتم و پرسیی "چیت پێویستە بۆت بکەم؟" فەتاح ئاغا زانیاریی لەسەر خولی کیمیاوی هەبوو؛ دیاریش بوو پێشتر برادەران بۆیان باس کردبوو کە من ئەو خولەم خوێندبوو. زۆری پێ خۆش بوو، گوتی، "بوونی ئەم بەشانە بۆ خۆی مانای بەرەوپێشچوون و گەشکردنی شۆڕشە، ئەم بەشەی ئێوەش بۆ هێزی پێشمەرگە زۆر بەسوود دەبێ." فەتاح ئاغا پێشتر فەرمانی کردبوو شوێن بۆ مەفرەزەی کیمیایی، کە لەپێنجوین بوون، تەرخان بکرێت و بۆشیان کردبووین؛ گوتیشی هەرچیمان پێویست بێت، بۆمان دابین دەکات و بۆشی دابین کردین. دڵخۆش بووم بەو ڕێز و پێشوازییە گەرمەی لێی کردین. لەڕاستیدا، فەتاح ئاغا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فەرماندەیەکی فیداکار و بەتوانا بوو؛ خۆشەویست بوو لەناو هێزی خەبات و خەڵکی ناوچەکەدا. لە ناخی خۆمدا بڕیارم دا سەربەرزانە و بەوپەڕی توانامەوە ئەرکی پێشمەرگایەتی و ئەو پیشەیەی فێری بووین جێبەجێ بکەم.

ناوی تەواوی فەتاح ئاغای جوامێر 'فەتاح محەمەد ئەمین'. ئەو پیاوە هەموو تەمەنی خۆی بە پێشمەرگایەتی و خزمەتکردنی کوردستان بەخشی. ساڵی ١٩٨٠ لە حاجی ئۆمەران، لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا، شەهید کرا.

لەسەر بڕیاری فەتاح ئاغا، لەناو بارەگای بەتالیۆنی پێنجوێندا، شوێنێکیان بۆ تەرخان کردین. لەگەڵ برایم ئەحمەد و شێخ فەتاحی شێخ سدیق، کە هاوڕێی نزیکی یەک بووین، یەکمان گرتەوە. دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول، لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێیە درێژەمان بە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی دا. کاک برایم، کە لە ڕێکخستنی شار بە 'بەختیاری وێنەگر' ناسرابوو، دواتر و دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول بووە بەرپرسی (ڕێکخراوی هەڵمەت)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە سلێمانی. تێکۆشەرێکی بەتوانا و شارەزا بوو لە کاری ڕێکخراوەییدا. بەرانبەر دڕندەیی بەعسییەکانیش کادرێکی وشیار و ئازا و چاونەترس بوو.

جەلال سیرینی و کاک عەبدولکەریم پێشمەرگەی مەفرەزەکە بوون. ئیتر وەک مەفرەزەیەکی پێنج-کەسی بەرنامەی کارمان دانا. وردە وردە کارەکانی بەشەکەمان ڕێک خست و بیرمان لە ڕێکخستنی خولی ڕاهێنان کردەوە. ڕاوێژمان لەگەڵ فەرماندەی هێز، فەتاح ئاغا و فەرماندەکان کرد و ئەوان بیرۆکەکەیان بەدڵ بوو؛ ئێمەش نووسراوێکمان بۆ فەرماندەی هێز کرد و داوامان لێ کرد کە هەر لقێک یەکێک لە پێشمەرگەکانی بنێرێت بۆ خولی ڕاهێنان؛ بۆ ئەوەی خولی ڕاهێنانیان بۆ بکەینەوە و ئەوەی خۆمان لە خولەکەی ئازادیدا فێری بووین، بگوێزینەوە بۆ پێشمەرگەکان و لەم زانستە گرنگە بەسوودە سوودمەند بن و بتوانن لە ئامادەباشیدا بن بۆ هێرشی کیمیایی بۆ سەر هەر ناوچەیەک. مەبەستمان بوو ئەو پێشمەرگانە زانیاریی پێویستیان لەبەر دەست بێت بۆ چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ئەم چەکە کوشندەیە و بتوانن بە شێوەیەکی زانستیی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

هەموو ئامادەکارییەکمان بۆ ڕێکخستنی خولەکە کرد، بەڵام وەک دەڵێن، هەموو جارێک با بە خواستی کەشتییەکان هەڵناکات. لەبەرئەوەی ئەزموونێکی ئەوتۆمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەبوو، کاتێکی گونجاومان هەڵنەبژاردبوو، زستانێکی سەخت بوو؛ بەفرێکی زۆر باریبوو، هاتوچۆکردن لەنێوان شوێنەکاندا زەحمەت بوو، جگە لەوەش هێزی خەبات لە گەرمەی شەڕێکی سەختدا بوو لەگەڵ سوپا و جاشەکاندا. هەرزوو بۆمان دەرکەوت کە ناتوانین بەرنامەکەمان جێبەجێ بکەین و بڕیارمان دا خولەکە ڕابگرین و سەرەتای بەهار دەست پێ بکەینەوە.

بە درێژاییی ئەو ماوەیە، ناوبەناو فەتاح ئاغا بەسەری دەکردینەوە و پرسیاری دەکرد ئایا پێویستیمان بە هیچ شتێک نەبوو، هانیشی دەداین بەردەوام بین لە خۆئامادەکردن بۆ ڕێکخستنی خول و وانەی فێرکاری بۆ پێشمەرگە. هەمیشە دەیگوت، "ئەم کارەی ئێوە زۆر گرنگە" و دەبێت پەرەی پێ بدەین.

هەموو بەیانییەک، زوو لەخەو هەڵدەستاین، بڕێک وەرزشمان دەکرد و دەستمان دەکرد بە نانخواردن. بەیانییەکیان، لەناکاو، فەتاح ئاغا خۆی کرد بە ژووردا و سڵاوی لێ کردین، ئێمەش فەرمووی نانخواردنمان لێ کرد، بەڵام ئەو بە پێکەنینەوە گوتی، "هەر ئەوەندە ویستم سڵاوتان لێ بکەم و بزانم کیمیاوی لێی نەداون."

فەتاح ئاغا پیاوێکی خوێندەوار بوو، پڕ زانیاری بوو لەسەر مێژووی کورد و لە کوردایەتییەکەیدا ساغ بوو؛ سەرکردایەتیی پارتی و خودی بارزانییش زۆر ڕێزیان لێ دەگرت. هەمیشە لەناو پێشمەرگەداو مشورخۆریان بوو و خۆی لێ جیا نەدەکردنەوە. ئەوەندەی بیرم مابێت، هێزەکە چوار بەتالیۆنی هەبوو- پێنجوێن، چوارتا، بەرزنجە، خانەقین- هەر بەتالیۆنێکیش سێ، چوار لقی هەبوو. ملازم تایەری عەلی والی بەرپرسی بەتالیۆنی پێنجوێن بوو، (عوسمان سندی)یش بەرپرسی بەتالیۆنی چوارتا بوو، بەتالیۆنی بەرزنجەش شێخ محەمەد فەرماندەیی دەکرد.

خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردبووە پێنجوێن و تەواو قەرەباڵغیان کردبوو. بۆیە بەردەوام مەترسی بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسی لەسەر بوو. دووکان و بازاڕی زۆر و حەمامی گشتیی تێدا بوو، چەندین چایخانە و چێشتخانە و سەرتاشخانە و نانەواخانەشی لێ بوو؛ فرۆشگەیەکی گەورەشی تێدا کرابۆوە بە ناوی 'فرۆشگای شۆڕش'. فرۆشگەکە کەلوپەلی ناومال و خواردنی بەهەرزانتر لە بازاڕ دەفرۆشت. ڕۆژانە خەڵک لە دەرەوەی شارەوە دەهاتن و هاتوچۆیان دەکرد. پێنجوێن زۆر ئاوەدان ببوو، هەموو پێداویستییەکانی ژیان لەم شارەدا دەست دەکەوتن، ژمارەیەکی زۆریش بارەگای پێشمەرگەی لێ بوو. لەبەرئەوەش

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

که دەکەوێتە سەر سنووری ئێران، جموجۆڵی بازرگانی و هێنان و بردنی کەلوپەل تێیدا زۆر گەرم بوو، چەندین سەڕاج لەوێ کاریان دەکرد و تاقمی کلاشینکۆف و بڕنەو و کیفی دەمانچە و هەرچی لەو بابەتانەت بویستایە، بۆیان درووست دەکردیت. هاوینانی پێنجوێن فێنک و زستانانیشی سارد و بەفراوین. کۆمەڵێک شاخی بەرز دەوری شارەکەیان داوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەردانی دایکم

ئەوە یەکەم جارم بوو ماوەی ئاوا درێژ لە ماڵ نەبم؛ نزیکەی شەش مانگ تێپەڕیبوو. زۆر بیری دایکمم دەکرد، دایکم لەگەڵ محەمەد و بەختیاری برامدا لەماڵ مابوونەوە. محەمەد کاسبی دەکرد و بەختیاریش تەلەبە بوو، ئێمەش دوو برا لە شاخ. دایکم زۆر خەمی ئێمەی بوو. لە شاخەوە ئەندێشەم دەکرد دایکم لەسەر بەرماڵەکەی دانیشتووە، دووعا دەکا، فرمێسک بەچاویدا دێنە خوارەوە و داوا دەکا خوای گەورە جارێکی دیکە جەرگی داخ نەکا.

مقەڕەکەمان لە پێنجوێن چەپەک بوو. ناسراو و بەرچاو نەبووین؛ لە پێشمەرگایەتیدا دەمتوانی بە هەر لایەکدا بڕۆم، بۆیە بەئاسانی دەهاتم و دەچووم و کەس نەیدەناسیم. کاکە ئەحمەد و ملازم محەمەدیش زۆر ئاگادارییان دەکردم و چاویان لێمان بوو. ڕۆژێکیان بە مولازم محەمەدم گوت حەز دەکەم سەرێک لە دایکم بدەم، ئەویش بەڵێنی پێ دام یەکتربینینێکمان بۆ ڕێک بخات. گوتی، "وات بۆ ڕێک دەخەم کە گوایە بە ئیشی حیزب چووی بۆ ناوشار." فەرماندەیەک لە پێنجوێن بوو، هەر خۆی خەڵکی مەڵکەندی بوو؛ ناوی عوسمانی دەروێش قایەر بوو. پیاوێکی زۆر ئازا و چاونەترس بوو؛ شەوانە بە مەفرەزەوە دەهاتنە ناوشار. ملازم محەمەد بۆ بابەتی هاتنەوە بۆ ناوشار قسەی لەگەڵ کردبوو. ڕۆژێکیان کاک عوسمان بانگی کردم و گوتی، "خۆت حازر بکە و دەڕۆین. شەوێک لەگەڵ خۆمان دەتبەین بۆ سلێمانی." منیش لەگەڵیاندا چوومە چوارتا و لەوێ بۆ مۆکەبە و مارەڕەش و لەوێشەوە بۆ دۆڵەڕووت. لەو ناوەماینەوە تا شەو داهات، ئینجا خۆمان کرد بە شاردا. یەکەمجار چووینە گەڕەکی ئیسکان، لەوێ تەسلیمی ماڵێکیان کردم و پێیان گوتن کە ئامانەتم لایان. ماڵەکە ماڵی خوشکی عوسمان بوو؛ زۆر خزمەتیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کردم. عوسمان داوای لێ کردن بەیانی بمبەنەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئەوانیش هەر وایان کرد و بە سەلامەتی تا ماڵەوەیان بردمەوە.

دەوروبەری سەعات ٩ی بەیانی بوو کە خۆم بە ماڵدا کرد. دایکم کە بینیمی، حەپەسا؛ یەکسەر باوەشی پێدا کردم و دەستی کرد بە گریان. خێرا ئاوی بۆ گەرم کردم و جلەکانمی لێ وەرگرتم تا بیانشوات. من زۆریش چڵکن نەبووم، چوونکە لە پێنجوێن هەموو شتێکی لێ بوو، ئاوی زۆر هەبوو، جلوبەرگ و پێداویستی هەبوون. منیش کە ئیشێکی ئەوتۆم نەبوو، زۆریش دەرنەدەچووم بۆ شوێنان، بەئاسانی دەمتوانی خۆم بشۆم و بە خاوێنی بمێنمەوە.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەوە بوو گەڕەک تا ڕادەیەکی زۆر چۆڵ بوو، زۆربەی برادەرەکانم لە شار نەمابوون و ببوون بە پێشمەرگە. یەک، دووانێکیان مابوونەوە، ئەوانیش هەستی نەتەوەیی لەناخیاندا دەکولا. پیاسەیەکی ناوشارم کرد؛ دەتگوت شار هەمووی چۆڵی کردووە! بەڕاستییش وا بوو. شۆڕشەکە گەورە و فراوان ببوو، ژمارەی ئەوانەی لە شار مابوونەوە و پەیوەندییان بە شۆڕشەوە نەکردبوو ئێجگار کەم بوو.

وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، لە شۆڕش مووچەیەکمان هەبوو. من لەو مووچەیە بڕی ٣٥ دینارم کۆ کردبۆوە. ٢٠ دینارم بۆ دایکم جێ هێشت. چەند هەوڵی دا ڕەتی بکاتەوە و بە بیانووی ئەوەی خۆم پێویستیم پێی دەبێت، بەڵام من گوتم، "هیچ مەسرەفێکم نییە، دایە گیان." بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ شاخ، لە مەوعیدی خۆیدا چوومەوە بۆ هەمان ماڵ، شەوەکەی عوسمان و مەفرەزەکەی هاتن و لەگەڵیاندا ڕۆیشتمەوە بۆ دەرەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چۆن بووم بە کۆمەڵە؟

لەگەڵ شێخ فەتاح و برایمی مصەوەر، کە ناسناوەکەی لە ڕێکخراودا 'بەختیاری وێنەگر/مصەوەر' بوو، هاوڕێی نزیک بووین و جێی متمانەی یەکتر بووین؛ تەنانەت خزمایەتیشم لەگەڵ شێخ فەتاحدا هەبوو. هەرسێکمان لە پێنجوێن پێکەوە بووین. ئەوان ناوبەناو دەڕۆیشتن و شەوێک یان ڕۆژێک نەدەهاتنەوە. نەمدەزانی خەریکی چین؛ پرسیاریشم نەدەکرد. دواتر خۆیان هەندێ قسەیان دەکرد کە جیاواز بوو لە قسەی پارتییەکان. قسەیان لە من نەدەشاردەوە، زۆریش حەزم بە قسە و بیرکردنەوەکان دەکرد.

یەکەم جار، لە پێنجوێن، هەر لە کاک برایم و شێخ فەتاحەوە ناوی 'کۆمەڵە'م بیست. خولیام بوو زیاتر لەسەر ئەو ڕێکخراوە بزانم. جارجار، کتێبیان بۆ خۆیان دەهێنا، کە زیاتر کتێبی مارکسی بوون و منیش دەمخوێندەوە. دواتر هەر لە پێنجوێن، زانیم برایم بەرپرسیارێتی لە (کۆمەڵە)دا هەیە، شێخ فەتاحیش ئەندامی کۆمەڵەیە و تێکۆشەرێکی چالاک و وریا و قسەزانە و دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول یەکێک بووە لە پێشمەرگە و فەرماندە قارەمانەکانی دەستە سەرەتاییەکانی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش. برایم و شێخ فەتاح هەردووکیان پەیوەندییان لەگەڵ کەسانێکی دیکەدا هەبوو کە من نەمدەناسین، نەشم دەویست بیانناسم. دیار بوو کۆبوونەوە و ڕاگۆڕینەوەیان لەگەڵ دەکردن. دواتر بۆم دەرکەوت ئەو جارانەی کە بە جووتە دەڕۆیشتن و یەک، دوو ڕۆژیان پێ دەچوو، دەچوون بەزۆری لە دەرەوەی پێنجوێن- کۆبوونەوەیان لەگەڵ هەڤاڵانیان دەکرد.

من و برایم و شێخ فەتاح لە خولی کیمیاویدا پێکەوە بووین. ئەوان هەردووکیان دوو کەسی زۆر زرنگ و وریا و بەوەفا بوون. بەباشی بیرم نایەت ئایا من پێش ئەوان گەیشتمە پێنجوێن یان ئەوان پێش من گەیشتبوون. لە ماوەی خولەکەدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەر پێکەوە بووین و لە پێنجوێنیش هەروا پێکەوەماینەوە. ئیتر متمانەیان بە من پەیدا کرد و وردەوردە قسەوباسیان لای منیش دەکرد. هیچیان لێ نەدەشاردمەوە. سێقوڵی لە ژوورێکدا دەخەوتین. ئەو ماوەیە شەو و ڕۆژ لەگەڵ برایم و شێخ فەتاح بووم. ئاگاداری زۆربەی کارەکانیان بووم. ئەمە سەرەتای ئاشنابوون و تێکەڵبوونم بوو بە بیروباوەڕێکی تەواو جیاواز لە بیروباوەڕی پارتی و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول.

برایم و شێخ فەتاح زۆر نهێنیپارێز بوون، منیشیان ئاگادار کردەوە کە نابێت کەس ئاگای لە قسەوباسەکانمان بێت بۆ ئەوەی تووشی سەرئێشە نەبین. بۆیان ڕوون کردمەوە کە ڕێکخستنێکی نهێنییان هەیە و لە ئێستادا لەبەر شۆڕش هیچ چالاکییەکی سەربازی یان ئاراستەیەکی دژمان نییە و هەموو تواناکانیان لە پێناوی سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا بەکار دەهێنن، بەڵام لە ڕووی ئایدیۆلۆجیا و بیرکردنەوەی سیاسییەوە، تێڕوانینی جیاوازیان هەیە. ئاگام لە کۆبوونەوە و چالاکییەکانیان بوو، ئەوانیش وەک دۆست و هاوڕێی کۆمەڵە حسابیان بۆ دەکردم، هەر کتێب و سەرچاوەیەک دەگەیشتە لای ئەوان، لەچوارچێوەی ئەو چالاکییەدا کە ناویان نابوو 'ئەڵقەی ڕۆشنبیری،' دەیاندا بە منیش و دەمخوێندنەوە. لەڕێگەی ئەم دوو هاوڕێ خۆشەویستەوە- بەتایبەت برایم- ئاشنای بیروباوەڕی مارکسیزم بووم.

هەستم کرد لای خۆمەوە تەواو هۆگری برایم و شێخ فەتاح ببووم؛ بیرکردنەوەکانیان کاریان تێ دەکردم. دوای گەڕانەوەمان بۆ شار، واتە دوای شکستهێنانی شۆڕشەکە، ئیتر بەتەواوی پەیوەندیم بە (کۆمەڵە)وە کرد و بوومە ئەندام. مارکسیزم بۆ من ڕێبازێکی نوێ بوو؛ تەواو کاریگەرییشی لەسەر بیرکردنەوە و ئاییندەبینیم دروست کرد. من خۆم کوڕی خێزانێکی هەژاری ستەملێکراو بووم، بیرکردنەوەم وا بوو کە ڕێکخراوێک بتوانێت چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی نەیەڵێت و چینی زەحمەتکێش و کرێکار بکاتە دەسەڵاتداری وڵات و یەکسانی و دادپەروەری بچەسپێنێ ئەوە سەرکەوتنی خەونی گەورەی هەمووان دەبێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەگەڵ خواستەکانی مندا زۆر دەگونجا، بۆیە هەر زوو و بەبێ هیچ دوودڵییەک پەیوەندیم پێوە کردن و هەتا دوایین ساتی زیندەبەچاڵکردنی کۆمەڵە بێ دابڕان مامەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

داگیرکردنی سەیدسادق

لە دەوروبەری بەهاردا، ڕژێم، لەناو سەیدسادق، پەلاماری پێشمەرگەی دا. شەوی ٨ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٤، شەڕ دەستی پێ کرد و جاشەکانی شارەزوور پەلاماری شاری سەیدسادقیان دا. لەناو شۆڕشدا ئەوکات پێیان دەگوتن 'جاش دەرویش،' ژمارەیەکی زۆر جاشیان هەبوو. لە پەلامارەکەدا توانییان پێشڕەویی بکەن و ژمارەیەک لە بەرزاییەکانی دەوروپشتی شار بگرن. هاتبوونە ناو سەیدسادق و ناو بارەگای پێشمەرگەکانی (لقی ملازم حەمەی فەرەج)ەوە.

پێشمەرگەکان زانیارییان هەبوو کە جاشەکان پەلامار دەدەن، بەڵام کەمتەرخەمییان کرد و زۆر گوێیان پێ نەدا، تا وەختێکیان زانی دەوریان گیراوە. بەشێکی بە قارەمانێتیی خۆیان و بەشێکیشی بە هۆی شڕەخۆریی جاشەکانەوە، پێشمەرگەکانی ناو بارەگای لق، بە شەڕ و ناڕەحەتییەکی زۆر، توانییان لە مقەڕەکەنیان دەرباز ببن و ڕوویان کردە شاخەکانی ئەو دەوروبەرە.

بەیانییەکەی هەواڵ گەیشتە لای ئێمە کە سەیدسادق گیراوە و پێشمەرگەش زیانی زۆری بەر کەوتووە. ملازم حەمەی فەرەج و برا و ژمارەیەک لە خزمان لەوێ و لەناو سەیدسادقدا بوون؛ دەبووایە هەر چۆنێک بووە خۆمان بگەیەنینە ناوچەکە بۆ سۆراغیان. لەگەڵ عەبدولکەریم و شێخ فەتاحدا سەیارەیەکمان پەیدا کرد و بەرەو سەیدسادق بەڕێ کەوتین. دوانیوەڕۆ گەیشتینە شانەدەری. شەڕ زۆر گەرم بوو، دوژمن بە هێزێکی زۆری زرێپۆش و تانکەوە پەلاماری ناوچەکەی دابوو. جاشەکان سەیدسادقیان گرتبوو، جەیشیش بەدوایاندا بە تانک و زرێپۆشەوە هاتبووە ناوشار و بەرەو شانەدەری دەجووڵا. ئێمە لە ئۆتۆمبێل دابەزین و کەوتینەناو ئەو جەیش و جاشانەوە کە بە زرێپۆشی زۆرەوە بەرەو شانەدەری دەهاتن. یەکەم جارم بوو بکەومە شەڕێکی وا قورس لەگەڵ دوژمندا،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵام دواتر بە شەڕ لەناو شانەدەریدا توانیمان جێگەی قایم بگرین هەنگاو بەهەنگاو شەڕی جاش و جەیش بکەین و ڕێگە نەدەین دووژمن زەفەرمان پێ بەرێت. زیانی زۆریشمان لێ دان. هێزەکەیان هێندە زۆر بوو هەرچۆنێک تەقەمان لێ دەکردن، زیانیان بەردەکەوت.

محەمەدی سەید عەلی حافز، کە معاونی پۆلیس و فەرماندەی هێزی ئەزمەڕ بوو، لەگەڵ بەشێک لە هێزەکەی شانەدەری بوون. وا بزانم ئەمان و زۆری هێزەکەیشی ماوەیەک پێش شەڕەکە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو. فەتاح ئاغا و بەشێک لە (هێزی خەبات)یشی لێ بوو، شەڕەکە زۆر قورس و نابەرانبەر بوو؛ دوژمن پێشڕەویی زۆری دەکرد و پێشمەرگەش زیانی زۆری بەرکەوتبوو.

معاون شێخ محەمەد و هێزەکەی و ژمارەیەک پێشمەرگە شەڕێکی قارەمانانەیان کرد. سێ، چوار پێشمەرگە و ژمارەیەک لە پاسەوانەکانی شەهید یان بریندار بوون. دوژمن زۆری بۆ هێنان و لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقەی دان. دوژمن هێزی زیاتری بۆ مەیدانی شەڕەکە دەهێنا و تا دەهات شەڕەکە خوێناویتر و نابەرانبەرتر بوو. ژمارەی پێشمەرگەکان لە چاو سوپای داگیرکەر و جاشەکان یەک بە سەد بوو، واتە هەر پێشمەرگەیەک دەیان جاش و جەیشی بەردەکەوت. هێزی پێشمەرگە بەو ژمارە کەمەوە فیداکارانە چەند سەعاتێک ڕووبەڕووی ئەو هێزەی دوژمن لە جاش و جەیش دەبنەوە و شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ دوژمن دەکەن. معاون شێخ محەمەد، دوای بەرگرییەکی کەموێنە، پێ دەچێت فیشەکی پێ نەمابێت، بۆیە بڕیار دەدات وەک سەکردە و فەرمانەیەکی فیداکار و نەترس، بە دەمانچەکەی بە دوافیشەکی کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت وەک سەرکردەیەکی نەمر ناوی بچێتە ڕیزی شەهیدانی کوردستانەوە. دواتر تەرمەکەی دەکەوێتە دەستی دوژمن و بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک، بەناو شاردا دەیگێڕن.

هەر لەو شەڕەدا، غەفور مایاوەیی، جێگری فەرماندەی لق، بە برینداری دەستگیرکرا و حوکمی ئیعدام درا، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی شۆڕش و تەسلیمبوونەوەی پێشمەرگە، لە لێبووردنێکدا ئازاد کرا.

ئەنوەری مەجید سوڵتان، سەرلقی یەکێک لە هێزەکانی بیارە بوو، ڕۆڵێکی جوامێرانەی لەو شەڕەدا گێڕا. لە دوایین ساتدا، کە خەریک بوو کارەسات بقەومێت، ئەو لەگەڵ مەفرەزەکەی خۆیدا هاتنە دەست و بە چەکی ١٠٦، کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەسـەر جێبێک بـوو، پەلامـاری ناقیلەکانـی دوژمنیـان دا و نەیانهێشـت لـەوە زیاتـر پێشـڕەوی بکـەن. ئەگـەر قارەمانێتیـی ئـەم فەرمانـدە نەبـەزە نەبووایـە، پێشـمەرگە زەرەروزیانێکـی گـەورەی بەردەکـەوت.

مـلازم ئەنـوەر لـە (گەڕەکـی گۆیـژە)ی سـلێمانی لەدایـک بـووە، خەباتگێڕێکـی سەرسـەختی کوردایەتـی بـوو، بـاوەڕی بە سـنووورە دەسـتکردەکانی نێوان پارچەکانی کوردسـتان نەبـوو. سـاڵی ١٩٧٩، لـە شـەڕێکی سـەختدا لـە پـردی دووئـاوان، لەنێوان هـەردوو شـاری بانـە و مەریوانـدا شـەهید کـرا.

دۆخەکـە زۆر ناخـۆش بـوو؛ بەتـەواوی شـپرزە ببوویـن. لەگـەڵ شـێخ فەتاحـدا، دوای شـەڕێکی دەسـتەوئێخەمان لەگـەڵ دوژمـن، بـە نارەحەتییەکـی زۆر لەنـاو شـانەدەری دەربـاز بوویـن، بـەڵام عەبدولکەریـم، کـە لەگـەڵ ئێمـەدا بـوو، دەسـتگیر کـرا. دوایـی زانیمـان سـزای ٢٠ سـاڵ زیندانیـی بەسـەردا دراوە.

دوای ئـەوەی شـەڕەکە یەکلایـی کرایـەوە و جـاش و جەیشـەکە شـکان، کەسـەکانی خۆمـان، کـە پێشـمەرگە بـوون، لـە لـق بۆیـان بـاس کـردم کـە لـە مـاوەی ڕابـردوودا چەنـد جارێـک خەبـەر هاتبـوو دوژمـن هێـرش دەکاتـە سـەر سەیدسـادق و ناوچەکـە، هەمـوو جارێکیـش هێـزەکان خۆیـان ئامـادە کردبـوو و لـە سـەنگەردا دامەزرابـوون، بـەڵام هێرشـەکە نەکرابـوو، ئەمجـارەش دیسـان خەڵکـی دڵسـۆز هەمـان هەواڵیـان بـۆ پێشـمەرگەی مقەڕەکـە هێنابـوو کـە ئـەو شـەوە جەیـش و جـاش هێرشـتان بـۆ دەکـەن، بـەڵام وا دیـارە وەهـا بیـری لـێ کرابـۆوە کـە ئەمـەش وەک جارەکانـی پێشـوو دیعایەیە و هێرشـەکە ناکرێـت، بـەڵام ئەمجارەیـان مەسـەلەکە ڕاسـت بـوو. مەلابانگـدان دەوری مقەڕەکەیـان و شـارەکە دەگیرێـت پێشـمەرگەکان بـە شـەڕێکی قارەمانانـەوە ڕێگـەی دەرچوونیـان دەکەنـەوە. تـا توانییـان بگەنـە دەرەوەی شـارەکە؛ زۆرێـک لـە کەلوپـەل و پێداویسـتییەکانیشـیان بـۆ دەربـاز نەکـرا. بۆیـە دەبێـت فەرمانـدە سـەربازییەکان بـۆ هـەر زانیارییـەک کـە دەسـتیان دەکەوێـت شـیکردنەوەی ورد بکـەن و ئامادەباشـیی تـەواو وەربگـرن و گـوێ بـە ماندووبـوون نـەدەن.

وا دیـار بـوو، ئەمـە خـۆی هـەر تاکتیکـی دوژمـن بـوو، هەواڵـی درۆی بـڵاو دەکـردەوە بـۆ ئـەوەی هەواڵـە ڕاسـتەکە لەناویانـدا ون ببێـت. ئەمـە وانەیەکـی زۆر گرنـگ بـوو بـۆ مـن، بـە جۆرێـک بـە درێژاییـی ژیانـی پێشـمەرگایەتیم، هەمـوو هەواڵێکـم بـە هەنـد وەرگرتـووە و هەرگیـز پشـتگوێم نەخسـتووە، گەرچـی زۆرجاریـش هەواڵـەکان وا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەرنەدەچوون. بەڵام لە ئامادەباشیدا بیت و دواتر دەربکەوێت هەواڵەکە ڕاست نییە، زۆر باشترە لەوەی غافڵگیرت بکەن.

لەگەڵ شێخ فەتاح و ژمارەیەک پێشمەرگەدا، دوای دەربازبوونمان لە دوژمن، خۆمان گەیاندە بناری سوورێن و لەوێوە چووینەوە بۆ دۆڵەسوور، کە هێزێکی زۆری پێشمەرگەی لێ بوو. هێزەکانی پێشمەرگە لە دۆڵەسوور خۆیان قایم کرد، سەنگەریان لێ دا و ئەو شوێنەیان کردە هێڵی بەرگری. دواتر زانیمان کە هێزەکەی ملازم محەمەد شەڕێکی قورس و بەرگرییەکی قارەمانانەیان کردووە و زیانی زۆریان لە جاش و جەیشەکەش داوە، دواتر هێرشەکەیان ڕاگرتووە و پاشەکشەیان بە دوژمن کردووە. خۆشبەختانە خۆشیان سەلامەت بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێککەوتنی عێراق-ئێران لە جەزائیر

لەگەڵ شێخ فەتاحدا گەڕاینەوە پێنجوێن. ئەوەندەی پێ نەچوو قسەوباس لەسەر ڕێککەوتنی عێراق و ئێران هاتەناو ناوان و ترسێکی زۆری لەناو پێشمەرگەدا درووست کرد. دەمانزانی ئەگەر ئێران سنوورەکانی دابخات و هاتوچۆ لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و ئێراندا نەمێنێ، زەبرێکی قورس لە شۆڕشەکەمان دەدرێت. هەتا ئەو ساتە خەڵک و پێشمەرگەیش وا ڕاهێنرابون کە ئێران پشتیوانیی شۆڕشی کوردە و دەستبەرداریمان نابێت، بەڵام دەرکەوت ئەو تێڕوانینە هەڵەیە و ئێران، بۆ بەرژەوەندیی خۆی، ئێمەی بەکار هێناوە.

بەداخەوە کورد هەموو هێلکەکانی خۆی خستبووە سەبەتەی ئێرانەوە؛ ئێرانیش هەرکاتێک بەرژەوەندییەکانی خۆی بەدەستهێنا، دەرگای سنوور دادەخات، ئەگەر پێویست بکات شەڕیشت لەگەڵ دەکا.

نزیکەی ساڵێک بوو شۆڕش بەردەوام بوو، سەرکەوتنی زۆری سەربازی و پێشمەرگایەتیی بەدەست هاتبوون، حکومەتی عێراق بەتەواوەی لاواز ببوو، لەناکاو ئەم پیلانگێڕییە گەورەیە کۆتایی بە هەمووی هێنا.

ئەم ڕێککەوتنە، لە ڕۆژی ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥دا واژۆ کرا و ئێران دەستی لە پشتیوانیکردنی کورد هەڵگرت. ڕێککەوتنەکە زۆر لە بەرژەوەندیی ئێران بوو، بە ڕادەیەک لە ساڵی ١٩٨٠دا سەدام حسێن لە دیمانەیەکدا دانی بەوەدا نا کە ناچار بووە ئەو ڕێککەوتنە بکات، بۆ ئەوەی یاخیبوونی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانی لەناو ببات. بەڵام ئەمەش جێگای سەرنجە: سەدام ئامادە نەبوو دان بەوەدا بنێت کە کەرکووک شارێکی کوردستانییە، کەچی ئامادە بوو نیوەی شەتی عەرەب بدات بە ئێران!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، عێراق و ئێران گەڕانەوە بۆ ئەو پرۆتۆکۆلەی لە ساڵی ١٩١٣دا بۆ کێشانی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتەکە ئامادە کرابوو، لەگەڵ ئەو فایل و دۆسییانەشدا کە ساڵی دواتر بۆ کێشانی سنووری نێوان دوو دەوڵەتەکە کێشرابوو. جگە لەوەش، سەدام بەشێکی گرنگی شەتی عەرەبی دا بە ئێران، کە لە بنەڕەتدا پرۆتۆکۆلەکە ئەوەی تێدا نەبوو. ئەو ڕێککەوتنە پیلانگێڕییە ڕژێمی عێراقی ڕزگار کرد و هەرەسی بە گەورەترین شۆڕشی کورد هێنا. جێگەی سەرنجە کە ڕێککەوتنەکە خۆی پێشێلکردنی مادەی ژمارە (٣)ی دەستووری عێراق بوو، کە ئەو خاڵە تایبەتە بە سەروەریی وڵاتەکە و دەستبەردارنەبوون لە هیچ بەشێکی.

ئەم ڕێککەوتنە زیاتر سیاسی بوو، نەک ستراتیجی، زیاتر بەرژەوەندییەکانی ئێرانی بەدی دەهێنا، سەدامیش خۆی ئەوەی دەزانی، بەڵام کەوتبووە حاڵەتێکەوە کە دەبوو بڕیاری خۆی بکات: یان مافەکانی کورد بسەلمێنێت، یاخود خواستەکانی ئێران جێبەجێ بکات. دواجار دووەمیانی هەڵبژارد و ئەوەش بووە سەرەتای تیاچوونی خۆی و ڕژێمەکەی؛ گەرچی ڕژێمی سەدام دەیانگوت ئەم ڕێککەوتنە ناچاریی بووە.

دوای ئەوەی عێراق خۆی ڕێک خستەوە و تواناکانی بۆ گەڕایەوە، دوای پێنج ساڵ، خودی سەدام حسێن ڕایگەیاند کە دان بەو ڕێککەوتننامەیەدا نانێن و ئەنجامەکەشی شەڕی نێوان هەردوو وڵاتەکە بوو، کە هەشت ساڵی خایاند؛ شەڕێک کە لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، بە درێژترین جەنگی نێوان دوو وڵات دادەنرێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تێکچوونی شۆڕش

زۆری پێ نەچوو لە سەرکردایەتیی پارتییەوە برووسکەیەک هات و تێیدا ڕاگەیەندرابوو کە شۆڕش کۆتاییی هاتووە. برووسکەکە دوو بژاردەی خستبووە بەردەستی ئەو خەڵکە زۆرە کە نزیکی چارەکە ملیۆنێک دەبوون، چوونکە زۆربەی پێشمەرگەکان کەسوکاریشیان لەگەڵ خۆیان بردبووە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. خەڵک و پێشمەرگە لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشەوە ئازاد کرابوون، دەچن خۆیان تەسلیمی دەوڵەتی عیراق دەکەنەوە، یاخود ڕوو دەکەنە ئێران و لەوێ دەبن بە پەناهەندە.

سەرکردایەتیی کۆمەڵە، دوای ئەوەی دڵنیا بوون لەوەی شکستی گەورەی شۆڕشی ئەیلوول ڕاگەیەنراوە، وەک ئاگر بەربووبێتە پوش و پاوەن، بە شێوەیەک گڕ لە ورە و توانای پێشمەرگە بەردرا، ڕاگرتن و ڕێگرتن لە پێشمەرگە ئاسان نەبوو.

وەک ئەوکات، ئێمە هەر لە پێنجوێن بووین. سەرمان لێ شێوا بوو؛ نەمان دەزانی چی بکەین. برایم ئەحمەد (برایمی وێنەگر) گوتی، "باشترە چاوەڕێ بکەین و بزانین سەرکردایەتیی کۆمەڵە چ بڕیارێک دەدەن." وام بیست سەرکردایەتیی کۆمەڵە دوا کۆبوونەوەیان لە پێنجوێن لەماڵی حەمەی میرزا کردبوو، کە خاڵە شەهاب و ئاوات غەفوور و چەندین ئەندامی تری سەرکردایەتیی کۆمەڵە بەشدارییان تێدا کردبوو تا بارودۆخی دوای شکستەکە هەڵبسەنگێنن و بڕیارێک بدەن. ئێمە زیاتر دڵمان بەوە خۆش بوو کە سەرکردایەتی کۆمەڵە بڕیاری درێژەدان بە خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی دەدەن، بەڵام دواجار لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کە ئیدی درێژە بە شۆڕش و بەرگری نادرێ و دەبێت هانی خەڵک بدەین بەرەو عێراق بگەڕێنەوە، چوونکە مەیدانی خەباتی ئێمە کوردستانە، نەک ئێران. ئێمەش بەنائومێدی بەرەو عێراق گەڕاینەوە. ئەو کات و زەمانە، سەدانی وەک من و فەرماندەی تری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەئەزموون ئامادەی بەرگری و درێژەدان بوون بە پێشمەرگایەتی و شۆڕش و زەمینەش لەبارتر بوو بۆ درێژەدان بە بەرگری دژی داگیرکەری بەعس، بە سەدان پێشمەرگە و فەرماندەی پێشمەرگە ئامادەی گیانبازی و درێژەدان بوون بە شۆڕش و پێشمەگایەتی نەک تەسلیمبوونەوە بە دڕندەترین دوژمن.

ڕای ئێمەومانانی ئەو کاتە، کە خۆمان لە ناوەندی بڕیاردا نەبووین، ئەوە بوو کە لە سەدا سەد کۆمەڵە بڕیاری درێژەدان بە شۆڕش و بەرگری دەدات، بەڵام بۆ نەیکرد؟ نازانم. پێشمەرگە و زۆربەی فەرماندەکان ئامادەبوون بۆ مانەوە و بەرگری، بەڵام کە هیچ دەنگ و نووزەیەکی پاراستنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە نەما، جگە لەوەی هەموو پێکەوە چەکیان فڕێ دەدا، هیوا و ئومێدیشیان لەدەست دا.

دیمەنی شاری پێنجوێن، لە شارێکەوە کە جمەی دەهات لە پێشمەرگە و ورەبەرزی و ڕووحی بەرگری و فیداکاری، لە کتوپڕێکدا گۆڕا و شێوا. ئەو جۆش و خرۆش و نەترسی و قارەمانێتییەی پێشمەرگە قڵپ بۆوە و بووە دیمەنێکی تا بڵێی ترسناک. هەموو وەک شێتیان لێ هاتبوو؛ لەو ماڵوێرانییەدا کە کوردی تێ کەوتبوو، کەس نەیدەزانی چی بکا و ڕوو لە کوێ بکات.

پێشمەرگەکان، وەک ئەوەی ئازیزێکی زۆر نزیکیان لەدەست دابێت، سیمایان شێوا بوو؛ دڵیشیان پڕ لە ناڕەحەتی و گریان بوو؛ دەتگوت تازێبارن. لەڕاستیدا، خەڵک هەمووی تازێبار بوو بە دۆخە چاوەڕواننەکراوە. شار دەتگوت خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە؛ خەڵک هەمووی تاساو و بێتاقەت و بێزار بوو. پێشمەرگە زۆرێکیان چەکەکانیان فڕێ دەدا، چوونکە نەیاندەزانی چییان لێ بکەن. لەو ڕۆژەدا باشترین جۆری چەک بە نرخی تۆڵەکە دەفرۆشرا. باشترین کلاشینکۆفی بێقۆناغی سیخۆ، لەگەڵ دەمانچەیەکدا، پێکەوە بیست دینار تا پەنجا دیناریان دەکرد، چەند ڕۆژێک پێشتر ئەو دووانە نرخیان دە تا پانزە هێندە بوو.

لە پێنجوێن فرۆشگەیەکی شۆڕش بۆ فرۆشتنی کەلوپەل و خواردەمەنی لەلایەن شۆڕشەوە کرابۆوە، خواردەمەنی و پێداویستیی تری ناوماڵی بە نرخێکی هەرزان بە خەڵک دەفرۆشت بۆ ئەوەی بتوانن گوزەران بکەن و ناڕەحەت نەبن. دوای ڕاگەیاندنی شکست، ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە لێشاو پەلاماری ئەو کۆگایەیان دا و هەموویان تالان کرد. بە هەر لایەکدا دەتڕوانی کەسانێکت دەبینی شتێکی کۆگاکەیان بەکۆڵەوەیە یان خستوویانەتە سەرشانیان- خواردنی وشکە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قاپ و قاچاخ و مەنجەڵ، ڕاخەر، هتد. وەزعەکە لە کۆنترۆڵ دەرچووبوو، حاڵەکە زۆر شڕ بوو، سلێمانی قەساب هەوڵی دا ڕێگریی لەو تالانکارییە بکات، بەلام ملازم محەمەد و ئەوانی تر پەشیمانیان کردەوە و گوتیان چار نییە و تازە کار لە کار ترازاوە. هەمووی سەعاتێکی پێ نەچوو ئەو کۆگا گەورەیە، کە دەیان تۆن خۆراک و پێداویستیی تێدا بوو، گسکی لێ درا.

خەڵک چەکیان فڕێ دەدا. هەندێکیان دەیانشکاند و ژمارەیەکیشیان هەوڵیان دەدا بیفرۆشن. پێشمەرگەیەکی ڕەقەڵەی ڕەشتاڵەم بینی کلاشینکۆفێک و دەمانچەیەکی پێ بوو، دەیگوت دەیفرۆشم، لێم پرسی، "بە چەندی دەدەی؟" من بە نیازی تفەنگ کڕین نەبووم، بەس ئەوەندە ویستم بزانم بە چەندی دەدات، هیچ نرخێکم پێ نەدا، ئەویش کەمێک دوور کەوتەوە و پاشان گەڕایەوە و گوتی "بە پازدە دیناریشی دەدەم." دوای هەندێک قسەکردن کە بۆی دەرکەوت من کڕیار نیم، لێم دوور کەوتەوە و ڕۆیشت.

ژمارەیەکی زۆر لە ئەڵقەلەگوێ و بەکرێگیراوەکانی حکومەتی بەغدا بە هەموو شوێنێکدا بڵاو ببوونەوە، خەبەری ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتیی دەرکردووە و ئامادەیە بۆ پێشوازیکردن لێتان و هەمووتان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵوحاڵی خۆتان و کەس تووشی لێپرسینەوە نابێت. سەدام فەرمانی بە هەمووان کردووە ئازاری کەس نەدەن و ئاسانکاریی بۆ هەمووان بکەن. خەڵک نەیدەزانی چی بکەن، بڕوات بەرەو ئێران یان بگەڕێتەوە بۆ شار. هەر زوو سەیارەکان هاواریان کرد بۆ سەیدسادق، کە دوژمنی تێدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەئاسانی جێگەت دەست نەدەکەوت!

بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگە بە خۆیان و چەکەکانیانەوە یان بەبێ چەک بەرەو ئێران کەوتنەڕێ، هەندێک لە خێزانە مەدەنییەکانیش هەر وایان کرد، باقیەکەی ملی ڕێیان بەرەو شار گرت و تەسلیم بوونەوە. ئەوانەی چوونە ئێران هەر لەسەر سنوور چەک کران و بێ چەک ڕەوانەی ئۆردوگاکان کران و لەوێ نیشتەجێ کران، ئەوانەشی کە تەسلیم بوونەوە، ناویان لێ نرا 'عایدون' و ژمارەیەکی زۆریان چوونەوە ناو ماڵوحاڵی خۆیان و هەندێکیشیان بە سەڵتە زەلامی یان لەگەڵ خێزانەکانیاندا نەفی کران بۆ شارەکانی باشووری عێراق و چەندین ساڵ لەوێ مانەوە.

لە ڕێگای کاک برایم و شێخ فەتاحەوە زانیم کۆمەڵە دەیەوێت بەردەوامیی بە خەبات بدات، ئێمەش هەر لەسەر ڕاسپاردەی کۆمەڵە، دەستمان کرد بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شاردنەوەی کەلوپەلەکانمان. چەند چەکێکمان پەیدا کرد و ئەوانیشمان حەشار دا. زۆر دڵم بەوە خۆش بوو کە خەریکی ئامادەکارییبن بۆ بەرگریکردن ئەوەش وەک بەدیلێک بۆ درێژەدان بە شۆڕش. بەوە دڵخۆشیان کردین کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەی بەردەوامدان تا بەرنامەی بەردەوامیدان بە شۆڕش ڕابگەیێنن، بەڵام ئەو هەواڵانەش هیچیان لێ سەوز نەبوو، ئێمەش هیچ بژاردەیەکمان بۆ نەمایەوە جگە لەوەی یەکێک لەو دوو ڕێگەیە هەڵبژێرین کە خرابوونە بەردەممان. سەرەنجام، بڕیاری گەڕانەوەمان بەرەو سلێمانی دا.

پێش هاتنەوەمان، دانیشتین و بیرمان کردەوە لە چ ڕێگایەکەوە بچینەوە بۆ شار. لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەوەی هەریەکەمان بەجیا بڕواتەوە و یەکسەر بچێتەوە بۆ ماڵەوە و خۆی تەسلیمی سەیتەرەکان نەکات. بۆ یەکەمین جار گوێم لێ بوو کەسێک هاواری نەفەراتی دەکرد: سلێمانی... سلێمانی. سواری ئەو جێب و پاس و شتانە نەبووم، ڕووم کردە ناڵپارێز و لەوێشەوە چوومە چوارتا، ئەو ماوەیەی لەوێ مابوومەوە تا ڕادەیەکی باش شارەزای ناوچەکەی کردبووم. لە چوارتا شەوم بەسەر هات و بۆ ڕۆژی دوایی بە سەیارە هاتمەوە بۆ سلێمانی و لە نزیکی ئەزمەڕ دابەزیم. لە لاڕێوە خۆم کرد بەناو شاردا و چوومەوە بۆ ماڵی خۆمان. چەند ڕۆژێک مامەوە، ئینجا چووم بۆ تەجنید.[1] ئەو کات سلێمانی یەک تەجنیدی هەبوو، ئەویش لە شەقامی پیرەمێرد بوو بەرانبەر خەستەخانەی جمهوری بوو. لەوێ دەفتەر خیدمەیان بۆ دەرهێنام و بە ناوی عایدونەوە تەسریحیان کردم، پاشان دووبارە بۆ خوێندن چوومەوە دوا پۆلی ئامادەیی پیشەسازی، واتە ساڵێکم فەوتا.

دایکم لە گەڕەکی شێخ محێدین، لە پشتی ئامادەیی صەناعە و نزیک مەعمەلی جگەرەکە، ئەرزەیەکی کڕیبوو. وەک لەبیرم بێت، ١٥٠ دیناریکی پێ دابوو. کاکە ئەحمەدم ببوو بە وەستا و پێکەوە بە هاوکاریی یەکتر کردیان بە خانوو، ئیتر بێدەنگ لە مەلکەندییەوە ماڵمان گوێزایەوە بۆ ئەوێ، بێ ئەوەی خانووەکەی مەلکەندی بفرۆشین.

---

١ ناوی هەموو ئەوانەی دەبوون بە ١٨ ساڵ و کاتی ئەوەیان بوو لە سوپای عێراقدا ببنە سەرباز دەنێردرا بۆ ئەو شوێنە و لێرەوە یەکەم هەنگاوی بوون بە سەرباز دەستی پێ دەکرد. ئەوانەی خوێندکار بوون یان پاساوێکی جەستەیی یان تەندروستییان هەبوو بەشێوەیەکی کاتی لەو خزمەتە سەربازییە زۆرەملێیە دەبەخشران.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئیتحیادییەکان

چوومەوە دوا پۆلی خوێندن لە ئامادەیی صەناعە و دەستم بە خوێندن کردەوە بەڵام ئیتحیادییەکان وازیان لێ نەدەهێنام، بەردەوام بانگیان دەکردم، هەڕەشەیان لێ دەکردم و ئینزاریان دەکردم کە نابێت ئیتر خۆم لە سیاسەت بدەم. لە سەرەتادا بەخێرهاتنەوەیان کردم و ئاماژەیان دەکرد بۆ ئەوەی سەرۆک زۆر بە میهرەبانییەوە باوەشی بۆ کردووینەتەوە، لەکاتێکدا دەیتوانی هەموومان تووشی ئەوپەڕی چەرمەسەریی و نەهامەتیی بکات، بۆیە بە ڕای ئەوان پێویست بوو ئێمەش ئەو چاکەیەمان لەبەرچاو بێت. ژوورەکەیان وێنەیەکی گەورەی سەدام حسێنی لێ بوو، مێزێکی ئاسن و لۆکەرێک و قەنەفەیەکی کۆنیش دانرابوون، هەموو ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون جگەرەیان دەکێشا. جگەرەکێشان لە قوتابخانە قەدەغە بوو، بەڵام مامۆستاکان بۆ ئەوان هیچیان نەدەگوت.

'ئیتحادی تەلەبە' ڕێکخراوێکی سەر بە حیزبی بەعس بوو؛ لەناو قوتابخانەکاندا لقی هەبوو، ئەندامەکانی سیخوڕییان بەسەر تەلەبە و مامۆستاکانەوە دەکرد، ڕاپۆرتیان دەنووسی، خەڵکیان بە گرت دەدا. لە بەرانبەریشدا ئیمتیازی تایبەتیان هەبوو، زۆر دەوامی مەکتەبیان نەدەکرد، حیسابیان بۆ مامۆستاکان نەدەکرد، هەموو ساڵێک و لەهەر پۆلێکدا دەرچوونیان مسۆگەر بوو.

ئیتیحادییەکان چەند جارێک داوایان لێ کردم پەیوەندییان پێوە بکەم، بەڵام من بیانووم دەهێنایەوە و دەمگوت جارێکی تر نزیکی سیاسەت ناکەوم و دەمەوێت خوێندن تەواو بکەم، دابمەزرێم و هەقم بەسەر هیچەوە نەبێت. هەندێک شتیان خستە بەردەمم بۆ ئەوەی هاوکاریم بکەن و لە خوێندندا سەرکەوتوو بم، بەڵام من خۆم دەدزییەوە و نەدەچوومە ژێر باریان. ئەوان دەیانویست پێمان بڵێن کە ئاگامان لێتانە، چاودێریتان دەکەین، ئێوە قەرزاری ئەم حکومەتەن کە لێتان خۆش بووە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڕێوەبەری ئامادەییەکە عەبدوڵڵا شێخ بوو؛ پیاوێکی زۆر نیشتمانپەروەر بوو، لە دڵەوە ڕقی لە بەعسییەکان بوو، ئەوەشی کە لەگەڵ ئیتیحادییەکان نەبوو، ئەم خۆشی دەویست. عەبدوڵڵا شێخ ئاگای لە جموجۆڵ و هاتووچۆی ئێمە هەبوو؛ جارجار بە نوکتە و سوعبەت و هەندێجاریش بە تووڕەبوون لە زۆر شت دەیپاراستین و ئاگاداری دەکردینەوە. زۆرجار من لە مەکتەب غایب دەبووم، بەڵام کە دەچووە لای ئەو، ناوەکەمی دەکوژاندەوە و بە 'غایب' نەیدەنوسیم. جارجار دەچووم داوای مۆڵەتم دەکرد، ئەو ڕازی دەبوو، بەڵام زوو زوو دەیگوت، "ئاگاتان لە خۆتان بێت، سەری خۆتان مەکەن بە گۆما، کێشە بۆ خێزانەکانتان و مامۆستاکانیش درووست مەکەن. ئەم جرتوفرتە سەرتان دەخوات. وریای خۆتان بن. دنیا چاوی لەسەرتانە، هەموو کەس چاودێریتان دەکا." لە صەناعە، دوو، سێ مامۆستای میسریمان هەبوون وانەکانی ڕەسم هەندەسی و ئەو دەرسانەیان پێ دەگوتینەوە. مامۆستا کوردەکان هیچیان بەعسی نەبوون. دوای ڕاپەڕین چەند جارێک مامۆستا عەبدوڵڵا شێخەم بینیوەتەوە، خۆم سەردانم کردووە و ئەویش هاتوتە لامان. ئەم پیاوە ئەوەندەی پێی کرابێت، هاوکاریی کردووین، مامۆستا خانەنشین ببوو، چووبووە ساڵەوە، بەڵام من بەردەوام بە چاوی خۆشەویستی و گەورەی و ڕێزی تەلەبەییەوە تەماشام دەکرد. ئەو هەستی بە شانازییەکی گەورە دەکرد کە قوتابییەکانی ببوون بە پێشمەرگە و هەموومانی زۆر خۆش دەویست. من لە ژیانی خۆمدا زۆر قەرزاری ئەم مامۆستایەم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ترووسکەی هیوا

دوای دەستگیرکردنی سەرکردایەتیی کۆمەڵە- خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی- لە لایەن ئێرانەوە و تەسلیمکردنەوەیان بە عێراق، کۆمەڵە تووشی دۆخێکی نالەبار و نەخوازراوی ڕێکخراوەیی ببوو. جۆرێک بێئومێدی و ترس لای بەشێکی ڕێکخستن درووست ببوو. هاوڕێ ئارام و کاک سالار عەزیز و مەلا بەختیار و هاوڕێکانیان لە کۆمیتەی هەرێمەکان لێبڕاوانە و ئازایانە توانییان ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ڕێک بخەنەوە. ئامانج لەم کارە ئەوە بوو لە قۆناغێکی مەترسیداری بێهیوایی و نائومێدی و دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوولدا، کۆمەڵە بتوانێت ڕۆڵ و ئەرکی مێژوویی خۆی بگێڕێت، ڕوبەڕووی داگیرکەری بەعس ببێتەوە و خۆی ئامادە بکات بۆ دەستپێکردنەوەی جووڵانەوەی چەکداری. کارێکیش تریش کە کۆمەڵە مەبەستی بوو بیکات ئامادەکردن و ناردنەدەرەوەی پێشمەرگەی دەستە سەرەتاییەکان بوو بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و پڕکردنەوەی بۆشاییی گیرانی ئەو هاوڕێیانەی سەرکردایەتی کۆمەڵە، ئەمانەش لەو قۆناغەدا ئەرکی لە ڕادەبەدەر سەخت بوون، بەڵام ئەوان توانییان سەرکەوتووانە موستەحیل بکەن بە واقیع و جێبەجێیان بکەن.

لە هەلومەرجێکی وا سەختدا، کە هاوکات بوو لەگەڵ باڵادەستیی دەزگا جاسووسیەکانی بەعس و بێهیوابوونی خەڵکیش بەهۆی شکستی شۆڕشەوە، کۆمەڵە توانیی بە یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگەی دەستە سەرەتاییەکانی ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان سەنگەرە وێرانەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا ئاوەدان و پڕئومێد بکاتەوە.

پێکهاتەی دەستەکەش ئەمانە بوون: شێخ عەلی؛ خولە کەشکۆڵ، حەمەی حاجی مەحموود، شەوکەتی حاجی موشیر، حامیدی حاجی غالی، دکتۆر ڕەزا، فاتیح، فەرماندەی لێهاتوو عەلی شیعە، کە فەرماندەی مەفرەزەکە بوو. ئەمە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکەمین مەفرەزەی چەکدار بوو لە پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری، کە بووە دەستکەوتێکی پڕبەهای کۆمەڵە و جووڵانەوەکەی.

گرفتەکان زۆر بوون؛ هەندێک ئەمنی بوون، هەندێک دارایی، گرفتی تریش دیاریکردن و هەڵبژاردنی کەسەکان بوو بۆ ناردنەدەرەوەیان بۆ ئەو ناوچانەی بۆ دەستە سەرەتاییەکان دیاری کرابوون. دیاریکردنەکە تا ڕادەیەک پەلەکردنی زۆر و کەمدیقەتیی تێدا بوو. گرفتەکانی بەردەم کاک ئارام و کۆمیتەی هەرێمەکان زۆر بوون، بۆ نموونە گرتنی بەشی زۆری سەرکردایەتیی کۆمەڵە و پەرتەوازەبوونی ئەندامانی، بوغرابوونی بەعس و توانای بێسنووری ڕژێم لە هەموو ڕوویەکەوە، گرفتی پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی- بە زەحمەتی زۆر چەک پەیدا دەبوو تا بدرێت بە مەفرەزە سەرەتاییەکان و دەبوو خۆیان هەوڵی پەیداکردنی بدەن- گرفتی دارایی و پاراستن و ناردنەدەرەوەی پێشمەرگە سەرەتاییەکان دوور لە چاوی بەعس و سیخوڕەکانی تا سەرکەوتووانە دەستیان بگاتە ئەو ناوچانەی لەلایەن کۆمیتەی هەرێمەکانەوە بۆیان دیاری کرابوون. سەرەڕای ئەو هەموو لەمپەرانە، کاک ئارام و هاوڕێکانی لە کۆمیتەی هەرێمەکان و دەیان تێکۆشەری فیداکاری گومناوی ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە پێکەوە کاریان کرد بۆ سەرخستنی کارێکی پڕمەترسی، بەڵام کارێک کە جێی ئومێدی میللەتێک بوو. خۆ ئەگەر هەڵە یان کەمتەرخەمییەک ڕووی بدایە، کارەسات ڕووی دەدا و مێژوو بە شێوەیەکی تر دەنووسرایەوە.

لەو هەلومەرجە سەختدا، ئەمە نەک هەر کارێکی زەحمەت بوو، بەڵکوو دەستبردن بۆ کاری لەو شێوەیە بە موستەحیل ئەژمار دەکرا لەبەرئەوەی دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول، حوکمەتی بەعس زۆربەی زۆری ئەو چەکانەی بە پێشمەرگە و خەڵک بوو، بە پارەیەکی باش یان بە هەڕەشە و سزای قورس، لای خۆی کۆ کردبووەوە. چەک زۆر کەم ببۆوە.

خەڵکی دێهاتەکان بەشێکیان گوێیان بە هەڕەشە و گوڕەشەی بەعس نەدابوو. چەک و هەندێ تەقەمەنییان بۆ خۆیان شاردبووەوە، بەڵام متمانەیان بە کەس نەبوو بیدەنێ تا پێشمەرگە پەیدا بووەوە و جۆرێک لە متمانە گەڕایەوە ناو خەڵک. خۆ زۆربەی خەڵک وا ڕاهاتبوون بێ چەک ئیدارەیان نەدەکرد. هەندێک لەو چەک و تەقەمەنییانەی لەژێر زەویدا هەڵگیرابوون بە هۆی باران

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و تەڕبوونەوە ژەنگیان هەڵهێنابوو، بەڵام بۆ ئەو کاتی پێشمەرگە هەر بەسوود بوون.

پێش دەستپێکردنەوەی شۆڕش، قاچاخچییەکان بەسەر هەموو ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا گەڕابوون و بە ئیجازە و ئاگاداریی بەعسییەکان چەکیان دەکڕییەوە و بە نرخێکی باش چەکەکانیان دەدایەوە بە بەعسییەکان.

دوای هاتنەوەم و چوونەوەم بۆ مەکتەب، مانگێک زیاتری پێ چوو ئینجا من کەوتمەوە ناو برادەرانی ڕێکخستن. من دوای شکستی شۆڕش و هاتنەوەم، هەستم بە کاسی و وڕییەک دەکرد. پەیوەندیکردنەوەم بە ڕێکخستنەوە، بوارێکی دیکەی تێکۆشان بوو لە پێناو میللەتەکەمدا.

ئێمە زۆر جار بەشێک لەو هاوڕێیانەی خۆمان دەچووینە حەوشەی پشتەوەی کتێبخانەی گشتی دادەنیشتین، جا بۆ سەعیکردن لە وانەکانی مەکتەبدا یان بۆ قسەوباس و بینینی هاوڕێکانمان. من زۆر حەزم لە کتێبی مێژوویی و ئەدەبی بوو، ئێستاش هەر حەزم لێیەتی. لەوێ بە ناوی سەعیکردنەوە کۆ دەبووینەوە و گفتوگۆمان دەکرد. شوێنێکی گشتی بوو، گومانی لەسەر نەبوو، خوێندکاران کەم دەهاتنە ئەوێ. ڕۆژێکیان ڕێبواری ئەحمەدی تاپۆ، کە دوور بە دوور یەکمان دەناسی، هات بۆ لام. من لە هۆڵەکەی ژوورەوە خەریکی خوێندنەوە بووم. ڕێبوار کەمێک لامان دانیشت، ئەو خۆیشی جارجار دەهاتە ئەوێ. دوای کەمێک، بەچرپە گوتی، "هاوڕێ شۆڕش!" من حەپەسام، چوونکە ئەوە ناوی نهێنیی من بوو. گوتم، "تۆ باسی چی دەکەی؟" گوتی، "با پیاسەیەک بکەین و دوو قسە بکەین." چووینە حەوشەی پشتەوە، لەوێ ڕێبوار گوتی، "برادەرانی کۆمەڵە، ناردوویانم بۆ لات تا دیسانەوە دەست بەکار ببینەوە." منیش گوتم، "کێ تۆی ڕاسپاردووە؟" بەڵام ئەو هیچ ناوێکی پێ نەگوتم. بەڵام متمانەیەک لە نێوان من و ڕێبواردا هەبوو؛ کە ناوە نهێنییەکەشمی گوت، من زۆر لێی ورد بوومەوە. ڕێبوار لە قسەکانی بەردوام بوو، "کۆمەڵە خۆی ڕێک خستۆتەوە، هەندێک کار و چالاکی کراوە، برادەران زۆریان پەیوەندییان کردۆتەوە." وەک بیرم بێت، ڕێبوار یەکەمین بەیانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)یشی لە گیرفاندا بوو. ویستی پیشانم بدات، بەڵام من گوتم پێویست ناکات، چوونکە بۆیان ناردبووم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەمزانی ماڵی ڕێبوار لە پشتی کتێبخانەوەیە، لای ئەو شوێنەوە کە ئێستا تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستانی لێیە. ئەو لە ئامادەیی سلێمانی دەیخوێند. ئەوسا تەلەبە بەئاسانی تێکەڵ دەبوون، جۆرە برادەرایەتییەک لە نێوانماندا هەبوو. هەر خۆی خەڵک زۆر نەدەهاتنە کتێبخانە، سێ، چوار کەسێک لە عەقارییەوە دەهاتن، بەڵام تێکەڵاویان نەدەبووین. قەت ڕێکەوتی نەکردووە پازدە کەسم لەوێ بینێت.

ئێمە چەند کەسێک بووین، هەموومان لە ڕووی بیرکردنەوەوە لە یەکتر نزیک بووین و بۆنی کۆمەڵەمان لە یەکتریی دەکرد، لەوانە شێخ مەحموود، هۆشیار ڕزگار، مامە سەعە و چەند برادەرێکی تر. هەرچی کۆمەڵە دەری دەکرد بەزوویی دەگەیشتە دەستمان، ئێمەش دەمانخوێندەوە و بێ ترس دەماندا بە هاوڕێکانیشمان. ئیتر بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر دەستم بە کارکردن لە کۆمەڵەدا کردەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چایخانەکەی حەمەی مامە عەلی

لەو ماوەیەشدا هاوڕێیەتی و پەیوەندیی من و کاک برایم و شێخ فەتاح بەردەوام بوو. ئەوان هەر لە سلێمانی بوون؛ زۆرجار پێکەوە یەکتریمان دەبینی. وەک پێشتر باسم کرد، کاک برایم لە مەدرەسەی کیمیاوی لە شاخ ماوەی ساڵێک بەرپرسی ڕاستەوخۆی من و شێخ فەتاح بوو، دەیگوت شێخ فەتاح خۆی ئامادە کردووە وەک یەکەم دەستەی پێشمەرگە بچێتە دەرەوە.

چایخانەکەی حەمەی مام عەلی، کە لە نزیک گەڕەکی خۆمان و سەرجادەی ئۆرزدی باک بوو، شوێنی یەکتربینینی من و هاوڕێیانی گەڕەک بوو. لەوێ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەدی تاپۆ و سوارە سیوەیلی و کارزان کۆیی و چەندین هاوڕێی تر دادەنیشتین و قسەمان دەکرد. خاوەنی چایخانەکە خۆی پێشمەرگەی ئەیلوول بوو، پیاوێکی نەترس و سنگفراوان و نیشتیمانپەروەر بوو، بەشێوەیەک لە شێوەکان زانیم یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی ئیغتیالاتی سلێمانی و لەگەڵ یەکێتیدا کار دەکات، بەتایبەت لەگەڵ یاسینە ڕەش و برایم قاسم و سمایل قاسم، وەک دەستەیەک یان گرووپێکی بوێر و چاونەترس، لە ڕۆژگاری دوای شکستدا، کار و چالاکیی پێشمەرگانەیان ئەنجام دەدا. جووڵەی بەشێک لەو برادەرانە بەئاسانی لای زۆربەمان هەستی پێ دەکرا. لەو قۆناغی بێهیواییەی کورد و دەسەڵاتی ڕەهای بەعسدا، چالاکییەکانی کۆمەڵە و یەکێتی لە سفرەوە بە هیواوە لە شارەوە دەستیان پێ کردەوە. کۆمەڵە و ئەو برادەرانەی لەسەرەوە باسم کردن و چەندینی تریش کە سەرکردایەتیان دەکردن، بۆ خۆیان پاڵەوانی سەردەمی گەشانەوەی ڕووحی بەرگریی خەڵکی کوردستان بوون.

چایخانەکە حەمەی مام عەلی زۆر قەرەباڵغ بوو؛ ڕەنگە بیست، تا سی دەست تاوڵە و دۆمینەی تێدا بووبێت. ئەوێ قەرەباڵەغترین شوێن بوو لەسەر جادەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئۆرزدی، نازانم ئەو کاتە ئۆرزدی کرابۆوە یان نا. کە پشووی مەکتەب بووایە، ئیتر کاتمان دادەنا و لەگەڵ هاورێکانماندا لە چایخانەکەدا خۆمان بە تاوڵە و دۆمینە و قسەکردنەوە سەرقاڵ دەکرد. زۆرجار دەمبینی یاسینە ڕەش دەمانچە و شتی لای حەمەی مام عەلی دادەنا، ئەویش چاونەترسانە هەر لەناو چایخانەکەدا بۆی هەڵدەگرت. ئەمانە پیاوی زۆر بەجەرگ بوون، بەڵام ئێمە سڵمان دەکردەوە: چەند جارێک قسەم لەگەڵ کاک یاسین کرد و گوتم هەست دەکەم چاوت زۆر لەسەر بێت. ئەو بەتەمەن لە ئێمە گەورەتر بوو؛ دەیزانی ئێمەش کۆمەڵەین. هیچی لێ نەدەشاردینەوە. متمانەی زۆر بە من و ڕێبوار هەبوو. ئەوکات ماڵی یاسین لە برایم پاشا بوو؛ هەر لەسەرو ماڵی ئێمەوە. یاسین و ئەوانەی باسم کردن ترس لە وجودیاندا نەبوو.

ئێمە هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخستنمان بە ئەوانەوە نەبوو، هیچ کارێکی هاوبەشمان نەکردووە لە ناوشار، هەرگیزیش منیان بۆ چالاکیی چەکداریی نەدەنارد و پێشیان نەدەگوتم. نەمدەویست بزانم کێن ئەو کارانە دەکەن، بەڵام یاسینە ڕەش و هاورێکانی زۆر گوێیان بە نهێنیپارێزی نەدەدا؛ دەشیانزانی ئەوە باش نییە، بەڵام خۆیان هێندە ئازا و ڕقلەدڵ بوون بەرانبەر بەعسییەکان، پێیان وا بوو بەو کارانە ترسی دڵی خەڵک لە بەعس دەشکێنین.

یاسینە ڕەش بەرپرس و کادرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو؛ ئەوەی پێی بڵێی ترس لە فەرهەنگی ئەم تێکۆشەرە ئازا و فیداکارەدا نەبوو. لەو ڕۆژگارەدا کە زۆری خەڵک لە دڵی خۆشیاندا نەیاندەوێرا قسەیەک بە بەعس بڵێن، یاسین و هاورێکانی بەوپەڕی پاڵەوانێتییەوە دژ بە سەدام ورەیان بە خەڵک دەبەخشی. لەگەڵ کاکە حەمەی خاوەنی چایخانەکە، کە خۆی کەسێکی چالاک و ئازای ئەو دەستەیەش بوو، هەروەها لەگەڵ یاسینە ڕەش، سمایل قاسم، برایم قاسم، ڕێبواری ئەحمەدی تاپۆ، کارزان کۆیی و سوارە سیوەیلی بەردەوام لەم چایخانەیە پێکەوە کۆ دەبووینەوە. ئێمە هەموو کۆمەڵە بووین کاری ڕێکخستنمان دەکرد.

یاسینە ڕەش، لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا گیرا و لەزیندانە تاریکەکانی دوژمندا وەک پۆڵا خۆڕاگر بوو؛ تەنانەت وشەیەکیشی نەدرکاند تا بەعس سوودی لێ وەربگرێت. دواجار لەسێدارەیان دا. یاسینی تێکۆشەر بەرپرسیار بوو لە چالاکییە نهێنییەکانی ناو سلێمانی. جەستەیەکی بەهێزی تێکسمراوی هەبوو، ئەسمەرێکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تۆخ بوو، دەمووچاویشی گۆشتن بوو. یاسین فەرمانبەر بوو. بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی حیزبییمان پێکەوە هەبێت، خۆی بۆ ئێمە ئاشکرا کردبوو کە ئەندامی کۆمەڵەیە. ئەو دەیزانی ئێمە کۆمەڵەین بەڵام نەیدەزانی چۆن چۆنی، بەردەوام کە دەهاتە چایخانەکە، زەرفێکی پێ بوو کە نارنجۆک، دەمانچە یان بڵاوکراوەی کۆمەڵەی تێدا بوو. جارێکیان قسەم لەگەڵ کرد و گوتم "کاک یاسین بۆ خاتری خوا، چۆن ئەمە دەهێنی بۆ ئێرە." بەڵام ئەو ترس لە ڕووحیدا نەبوو، زۆر گوێی بە قسەکانی ئێمەی گەنج نەدەدا.

دوای شکست، خەڵک لە دۆخێکی دەروونیی خراپدا بوون و بێهیوا بوون، بۆیە کۆمەڵە مەبەستی بوو تاکی کورد لەو نائومێدی و سەرلێشێواوییە دەربهێنێت کە تێی کەتبوو، هەروەها خەڵکیش وریا و وشیار بکاتەوە لەوەی گەر کەسانێک نیاز و بەرنامەیان هەبێت بچنەناو ڕیزەکانی بەعس و دەست لەگەڵ دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی وەک ئەمن و ئیستخبارات تێکەڵ بکەن، دوور بکەونەوە و ئەو کارە نەکەن. بۆ ڕێگری و ئاگادارکردنەوەی ئەو جۆرە کەسانە، کۆمەڵە چەند چالاکییەکی دژ بەوانەی سەر بە بەعسن لە سلێمانی ئەنجام دا، بەمەش خەڵک ئاهێکی بەبەردا هاتەوە و زانییان پێشمەرگە ماوە و شۆڕش دەست پێ دەکاتەوە.

یەکێک لەوانەی لەو چالاکییانەی کۆمەڵەدا کوژرا عومەر گورچیلە بوو. عومەر گورچیلە دەستی لەگەڵ ئەمنەکان تێکەڵ کردبوو،ماڵیان لە کۆڵانی ماڵی حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا بوو، لە خوار مزگەوتی حاجی حان. عومەر لە جادەی پیرەمێرد، دووکانی وێنەگریی هەبوو. باس دەکرا کە دەستی لەگەڵ دائیرەی ئەمن تێکەڵ کردووە و جاسووسی بەسەر کەسانی نیشتیمانپەروەرەوە دەکات. هەموو ئەو زانیارییانە بۆ ئێمە تازە بوون.

لەپشتی هەموو ئەو جوولە ڕێکخراوەیی و چالاکییانەی ناوشارەوە، سەرکردایەتییەک هەبوو کە نەخشە و پلانی دادەنا، ئەوانیش ئەمانە بوون: کاک ئارام، وەک کەسی یەکەمی کۆمەڵە، کاک سالار عەزیز، مەلا بەختیار و کاک دلێری سەید مەجید و چەندان تێکۆشەری تر.

ئیتر دەستمان کردەوە بە ئیشکردن، پێکەوە لەگەڵ ڕێبوار و هاوڕێیان کۆ دەبووینەوە. باسی بەرنامە و ئامانجەکانی کۆمەڵەمان دەکرد و هەر ئەرکێکمان پێ بسپێردرایە، جێبەجێمان دەکرد. بە زۆریی کۆبوونەوەکانمان لە کتێبخانەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گشتی بوون، یاخود لەگەڵ چەند هاورێیەکم دەچووینەوە بۆ ماڵی خۆمان. بە پەروەردەیەکی چڕ و درێژخایەنی سیاسی و ڕێکخراوەییدا تێ پەڕین. لەو کاتەدا ژمارەیەک لە سەرکردەکانی کۆمەڵە لە ئێران دەستگیر کرابوون. زۆر باسی ئەوەمان دەکرد کە چەند مەفرەزەیەکی سەرەتایی درووست بکرێنەوە، بۆ ئەوەی حکومەت بزانێت کە هێشتا بەرەنگاری ماوە، هەروەها ئەو بیئۆمێدییەش بڕەوێتەوە کە ئاسمانی کوردستانی تەنیبوو. دایکم زۆر ئاگای لێ نەبوو ئێمە خەریکی چین، بەڵام وەستا ئەحمەدی برام زوو زوو دەیگوت "شۆڕش، ئەم کتێبانە چین دەیانخوێنیتەوە؟ کتێبەکانی مەکتەبت بخوێنەرەوە باشترە، ئەمانە تووشی کێشەیەکت دەکەن."

بەدرێژایی ئەو ماوەیە، زیاتر لەگەڵ ڕێبواردا پەیوەندیی و نهێنیی لەنێوانماندا هەبوو. هەر شتێک هەبووایە لەڕێگەی ئەوەوە ئاگادار دەکرامەوە. جگە لە ڕێبوار، پەیوەندیی من لەگەڵ سوارە و کارزانیش بەردەوام بوو. سوارە سیوەلی ئاگای لە هەموو شتێکی ئێمە بوو. ئەو هێشتا لە قوتابخانەی ناوەندیی دەیخوێند.

ئەو ماوەیە، وەک خولێکی ڕۆشنبیریی چڕ وا بوو، لەپاڵیشیدا دەرفەتێک بوو بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی بەکەڵکی ڕێکخستن دەهاتن. کتێبە مارکسییەکانمان دەخوێندەوە، *گیڤارا و شەڕی پارتیزانی، چەپکێ لە وتەکانی ماو، سەرەتایەک بۆ ماتریالیزمی دیاکتیکیی ستالین، ژیان و کردەوەکانی لینین، چی بکەین؟ بەچی دەست پێ بکەین؟، دوو نامیلکەی بچووکی لینین، قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ*...

هەر لەو ماوەیەدا بڵاوکراوەیەکمان پێ گەیشت، ناونیشانەکەی (*یەکێتیی نیشتمانی بۆچی؟*) بوو. ئەوەمان بەناو ئامادەیی پیشەسازی و ماڵەکانی گەڕەکەکانی ئەو دەوروبەرەدا بڵاو کردەوە. چەندین جاری دیکەش ڕێبوار بەیانی تری هێنا و لە چەند شوێنێک دەمانخستنە ژێر دەرگای ماڵان و لە شوێنان جێمان دەهێشتن. جاری وا هەبوو لە کاتی تەواوبوونی دەوامی مەکتەب کەمێک خۆم دوا دەخست و لەناو کورسییەکانی پۆلەکانی تری مەکتەب دام دەنا، جارجاریش شەوان دەهاتینە دەرەوە و چەند جێگایەکمان دیاریی دەکرد و هەریەکەمان دەچوو کۆمەڵێک بەیانی بڵاو دەکردەوە. من زۆرجار دەچوومە گەڕەکەکانی مەڵکەندی، بەتایبەت کە زۆری کەس و ناسیاوی خۆمان بوون، بەیانەکانم دەخستە ژێر دەرگای ماڵانەوە، یان حەوشەکانیان. ئەوەندە بەوریایی کارەکەمان دەکرد، بەدرێژایی ئەو جوولە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەترسیدارە ڕووبەڕووی هیچ مەترسییەک نەبوومەوە. جگە لەوەش حکومەتی عێراق لە سەرکەوتنەکەی ساڵی ١٩٧٥یدا بەسەر شۆڕشی کوردستاندا، وای حیساب دەکرد کۆتایی بە هەموو شتێک هێناوە و میللەتێک چۆک دا دەدات و جارێکی تر بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری لە کوردستان دروست نابێتەوە.

کۆمەڵە خۆی ڕێک خستەوە و دوای شکست شانی دایەبەر ئەو ئەرکە قورسە. زۆرێک پێیان وا بوو ئەم کارە کاری نەکردەیە، چوونکە شکستەکە هەموو سنوورەکانی بێهیوایی تێ پەڕاندبوو، باڵادەستیی بەعس لە لایەک و ڕووخاویی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە لایەکی تر هێندەی تر خەڵکیان بەرەو ڕووخان و بێورەیی بردبوو، بۆیە کاری سەرەکیی کۆمەڵە لەو قۆناغەدا، جگە لە خۆڕێکخستنەوە و خۆئامادەکردن بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، زیندووکردنەوەی ئومێدیش بوو لە دەروونی خەڵکدا، تا دووبارە وا لە خەڵک بکات باوەڕ پەیدا بکەنەوە بەوەی دەتوانین ڕووبەڕووی بەعس ببینەوە.

هەستمان دەکرد چاوی ئەمن و ئیستیخباراتە کوردەکانمان لەسەرە. ئیتحادییەکان زۆرجار بانگیان دەکردم. زۆرجار دەرسی عەمەلیمان هەبوو تا درەنگ دەماینەوە، ئیتیحادیش بەردەوام دەرگایان کراوە بوو، بەردەوامیش ئەو پرسیارەیان دەکرد کە ئێمە بۆچی هەڵسوکەوتمان لەگەڵیاندا دۆستانە نییە. منیش کە وەڵامم دەدانەوە و دەمگوت بۆچی و چیمان کردووە وا دۆستانە نین، ئەوان هەڕەشەی ئەوەیان لێ دەکردم کە من مادام لەگەڵیاندا کارناکەم، مانای وایە دژیانم.

ئیتیحادییەکان گومانیان نەک هەر لە من، بەڵکوو لە زۆر خوێندکاری تریش کردبوو. زۆر جار بەیان بڵاو دەکرایەوە و تەعلیق و قسەی ناشیرینیش لەلایەن خوێندکارەکانەوە بە ئیتیحادییەکان دەگوترا؛ کەسمان ترسێکمان لەمان و لە دەسەڵاتەکەی بەعس نەبوو. ناو ئامادەییی پیشەسازی زۆرترین ئەندام و لایەنگری کۆمەڵەی تێدا بوو. بە هەموو شێوەیەک فشاریان دەخستە سەرمان تا سەرەداوێکیان لێمانەوە دەست بکەوێت. بەڵگەیان بە دەستەوە نەبوو. دەیان جار لە گەرمەی وانە خوێندندا بانگیان کردووم بۆ ژووری ئیتیحادییەکان و پێیان دەگوتم، "بۆچی خۆت تووشی چەرمەسەری دەکەی؟ باش دەزانی هەر کەسێک بگیرێ لەسەر ئەوەی دژی حیزبمانە، خۆی و خێزانەکەی پارچە پارچە دەکەین."
زوو زوو بیریان دەخستینەوە کە ئێمە یەک جار عەفو کراوین نابێت بە دووان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ماوەی مانەوەی من لە شار کەم بوو؛ هەمووی ساڵێک دوای هاتنەوەم دیسانەوە ڕووم کردەوە شاخ، بۆیە بەرکەوتنم لەگەڵ ئیتیحادییەکان کەمتر بوو؛ تەنانەت سەروسیما و ناویشیانم لەبیر نەماوە. ئیتحیادییەکان جگە لەناو قوتابخانە، لەسەر ئاستی پارێزگاش کۆبوونەوەیان پێ دەکرا و هیی هەموو مەکتەبەکان دەچوون. دیار بوو لەو کۆبوونەوانەدا داوایان لێ کرابوو تەرکیزیان زیاتر بێت و بزانن کێ ئەم بەیان و شتانە بڵاو دەکاتەوە. لە شار، کۆمەڵە ئەندامەکانی پەروەردە دەکرد و ڕۆشنبیری دەکردن، پاشانیش بەپێی پێویست ئەرک و بەرپرسیارێتیی دەدانێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

میوانی ئەمنەکان

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦دا و لە وەختی تاقیکردنەوەی سەری ساڵدا، من لە پۆلی سێ بووم؛ ساڵی کۆتایی قۆناغی ئامادەییم بوو لە ئامادەیی پیشەسازی. لەو ساڵەدا ئیتحیادییەکان چەند جارێک بانگیان کردم و قسەیان لەگەڵ کردم؛ کەم کەمەش هەڕەشەیان لێ دەکردم. پێیان گوتم کە ئاگایان لێمە و دەزانن چی دەکەم. من هەر ئەوەم دووبارە دەکردەوە کە جگە لە خوێندن، هیچی تر ناکەم. خاڵی بەهێزی من لەوەدا بوو کە هەموو ڕۆژێک لە کاتی خۆیدا لەناو پۆل ئامادە دەبووم و هەرگیز دوا نەدەکەوتم، گەر نەشهاتمایە، ئیجازەم وەردەگرت. بەردەوام ئەوەم دووبارە دەکردەوە کە من خەریکی خوێندنم و کارم بە هیچی ترەوە نییە.

دنیا گەرم ببوو. کراسی قۆلکورت و پانتۆڵم لەبەردا بوو. ڕۆژێک دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوە، کاتژمێر دەوروبەری ١١ی بەیانی بوو. لەگەڵ یەکێک لە هاوپۆلەکانمدا بە پێ بەرەو جادەی ئۆرزدی دەڕۆیشتین تا بچین بۆ چایخانەکەی حەمەی مام عەلی. من تازە فێری تاوڵە ببووم و زۆر حەزم لێ بوو؛ برادەرانیشم لەوێ بوون و دەمتوانی هەواڵی تازە دەربارەی یەکێتی و کۆمەڵە و برادەرانی تر بزانم. بە هیچ جۆرێک بیرم لەوە نەکردبۆوە کە بەنهێنی چاودێری دەکرێم و بەدوامەوەن. گەیشتینە سەرەتای جادەی ئۆرزدی، لەناکاو دوو سەیارەی بیجۆ وەستان- ئەوکات دائیرەی ئەمن سەیارەی بیجۆیان هەبوو. هەرچۆنێک بیری لێ دەکەمەوە، وەها دێتەوە خەیاڵم کە ڕەنگیان جەرگییەکی کاڵ بووبێت. ئەوکات جادەی ئۆرزدی زۆر قەرەباڵغ نەبوو، ئێمە لەمبەرەوە بووین، بەرانبەر شانی بانکی ڕافیدەین. بانکەکە دەکەوتە شانی چەپمان و لە شانی ڕاستیشمانەوە ئوتێل مەولەوی بوو.

سەیارەکان زۆر لەناکاو وەستان و بەپرتاو ژمارەیەک کەس لێیان دابەزین. من خورپەیەکم کرد. فریای هیچ بیرکردنەوەیەک نەکەوتم و هەر ئەوەندەم زانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قاچەکانم بە ئاسمانەوەن و سەریشم بە دەست کەسانی دیکەوەیە. یەکسەر خستیانمە دواوەی سەیارەیەکیانەوە، پاڵیان خستم و قاچیان خستەسەر جەستەم. من هێشتا نەمدەزانی چی ڕووی داوە، ئەمانە کێن و بۆ کوێم دەبەن. هەموو شتەکە لە چاوترووکانێکدا ڕووی دا. بەتەواوی حەپەسا بووم، قاچێک لەسەر پشتی ملم بوو، پێڵاوەکان ئازاریان دەدام. قەدەرێک تێ پەڕی، ئینجا مێشکم کەوتەوە ئیش: لەوانەیە ڕێبواری ڕەفیقم یان یەکێک لەوانەی دەمناسین گیرابێت و ناوی منی دابێت. بڵێی لە چاپخانەکە کەس گیرابێت یان هەر ڕاپۆرتی ئیتحادییەکانە لەسەرم؟ ئەم پرسیارانە مێشکیان جەنجاڵ کردبووم.

پاشان بیرم کردەوە من ئەندامێکی کۆمەڵەم، چەک و شتم لا نییە، لە هیچ لیژنەیەکدا نیم، ماڵیشمان هیچ شتێکی لێ نییە، خۆشم هیچم پێ نییە. لە ماڵمان، جگە لە هەندێک کتێبی مێژوویی و نامیلکەی ماو و ئەم شتانە، هیچی تر نییە. وردە وردە ورەم دایەبەر خۆم و بڕیارم دا هەرچییەک بێت، دان بە خۆمدا بگرم. سەیارەکان زۆر بەخێرایی دەڕۆیشتن. دوای چەند خولەکێک، ڕاوەستان.

لە دەرگای پێشەوەی دائیرەی ئەمنەوە بردیانمە ژوورەوە. ئەو کاتە ئەمنە سوورەکە درووست نەکرابوو. لەسەروو (کارگەی جگەرە)کەوە فیرقە هەبوو، بەرانبەر فیرقەش لەوبەرەوە دائیرەی ئەمن بوو. بردیانم بۆ ئەوێ. لەدواوە هەردوو دەستمیان بادابوو، پشتی ملمیان گرتبوو، سەریشیان دانەواندبووم. بە ڕاڕەوەکاندا، بە پاڵ بردیانمە ژوورەوە.

یەکسەر بردیانم بۆ ژوورێک و لەوێ هەموو گیانمیان تەفتیش کرد، پێڵاوەکانیان لە پێ داکەندم و سەیری ژێر ناوکەفەکانیان کرد، هەر چییەک لە گیرفانمدا بوو- قەڵەم، لاستیک، قەڵەمدایەن، وەرەقەی ئیمتیحان، پێناس، پارە- هەموویان لێ سەندم و لەسەر مێزێک دایاننا. سەعاتێکم لەدەستدا بوو، ئەویشیان لە دەستم داکەند. دەفتەر و کتێبەکانمیان بەدەستەوە و بەوردی و پەڕە پەڕە سەیری هەموویان کرد تا بزانن هیچم لەناویاندا هەڵنەگرتووە. من هەر وا لەبەر دەستیاندا حەپەسابووم. هێشتا بۆم ڕوون نەبۆوە مەسەلە چییە. دوای ئەوەی بەتەواوی هەموو گیانمیان پشکنی- تەنانەت جلەکانیشیان پێ داکەندم- جلەکانم لەبەر کردەوە و بردیانمە ژووری زیندان. کارەکە هەمووی بە بێدەنگی تێ پەڕی و هیچیان لێ نەپرسیم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کردیانمە ژوورێکەوە. ژوورەکە پێنج مەتر بە حەوت مەترێک دەبوو، بە بەرزییەوە و نزیکی بنمیچەکە ڕیزێک پەنجەرەی بچووک هەبوو؛ هەر یەکێک لەو پەنجەرانە تۆزێک لە کتێبی مەکتەب گەورەتر بوو. شووشەیان تێدا نەبوو، هەر وا چوارچێوەی ئاسن بوون و تەواو. لە دیوی دەرەوە شیشیان پێوە لەحیم کرابوو بۆ ئەوەی بچووکتریش ببنەوە. ژوورەکە ئەوەندەی خەڵک تێ کرابوو، جێگە نەبوو دابنیشم. هەر وا چاوم بەسەر دەمووچاوەکاندا دەگێڕا، (ئەحمەد حەبیب)م بینی. ئەم پیاوەماڵیان لە مەڵکەندی بوو، لای ماڵی خۆمان، ئەندامی حیزبی شیوعی بوو. (شێرکۆ)ی کوڕی ناسیاوم بوو. ماڵیان لای مەکتەبی پیرەمەگروون بوو.

ئەحمەد حەبیبیش یەکسەر منی ناسییەوە. دڵم بەو کرایەوە. ئەحمەد بردمیە لای خۆیەوە. ئیتر دەورم لێ درا. هەر یەکە و پرسیارێکی لێ دەکردم، منیش هیچم نەدەگوت، تەنیا ئەوە نەبێت کە خۆشم نەمدەزانی لەسەر چی گیراوم. کاک ئەحمەد بۆی باس کردم کە چەند مانگێکە لەو ژوورەدا زیندانییە. ڕۆژانە سەرنجم دەدا بە مووکێش ڕیشی خۆی هەڵدەکێشا، دەیویست ڕیشی درێژ نەبێت. پیاوێکی دیکەشی لێ بوو، هەر لە گەڕەکی خۆمان بوو، بە شێوە دەمناسی. (کەریم کانی ساردی)یشم هەر لەوێ بینی. ئەویش زیندانی کرا بوو، بەڵام نەمدەزانی لەسەر چی.

هەر ئەوەندەی هێمن بوومەوە، ئیتر هەر هەموویان دەستیان کرد بە پرسیار لێ کردنم: لەسەر چی گیراوی؟ چۆن گیرای؟ لێیان دای؟ چۆن هێنایانی؟ هیچت پێ گیراوە؟ وەڵامی من هەر ئەمە بوو: "من خوێندکاری ئامادەییی پیشەسازیم، لە ئیمتیحان تەواو بووم و بە ڕێگاوە بووم بۆ ماڵەوە، لەناکاو پەلاماریان دام و هێنایانم بۆ ئێرە. هیچ شتێک نازانم، ئاگام لە هیچ نییە، بەڕاستی نازانم بۆچی منیان گرتووە."

گەرچی ئەوە یەکەم جار و دوا جاریشم بوو بکەومە زیندان، بەڵام زۆرجار لەگەڵ برادەران باسی گیران و زیندانمان کردبوو، قسە هەبوو پێشتر دەمزانی کە لەناو زیندانییەکانیشەوە قسە دەگاتەوە بە بەرپرسانی ئەمن چوونکە خۆیان پیاوی خۆیان دەنێرینەناو زیندان و لەگەڵ ئەوانی تر دادەنیشێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و دەرهێنانی قسە لەوانەی تازە دەیانهێنن. بۆیە بڕێک ئامادەکاریی دەروونیم هەبوو.

ژوورەکە زیاتر لە چل کەسی تێدا بوو، هەواگۆڕکێی نەبوو، بۆگەنێکی زۆریشی لێ دەهات، بۆگەنێکی خەستی ناخۆش. وەخت بوو دڵم دەهاتە دەرەوە. بۆنی هەناسەی ئەو ژمارە زۆرە و بۆنی ئارەقە و چڵک و ئەو میزەی لە تەنەکەیەدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە گۆشەی ژوورەکەدا دانرابوو، کاسیان دەکردیت. وردە وردە لووتیش بەو بۆنە ڕاهات. ڕۆژانە، تەنها سێ جار دەیانهێشت بچینە تەوالێت. کە دەریان دەکردین، بە دەستی چەپی دەرگای ژوورەکەدا دەڕۆیشتین. سێ تەوالێتی لێ بوو. لە ژووریشەوە تەنەکەیەکیان لای دەرگاکەوە دانابوو بۆ میزکردنی ئەوانەی زۆر پێویستیان بە تەوالێت دەبوو. چوونکە چوون بۆ تەوالێت لە کاتی دیاریکراودا بوو، بەردەوامیش پاسەوانێک لەبەر دەرگاکەدا بوو. لە ژووری زیندان، ژمارەیەک خەڵکی لادێکان هەبوون، خەبەریان لێ درابوو گوایە چەکیان شاردۆتەوە؛ لەسەر ئەوە گیرابوون. ژمارەیەکیان خەڵکی گوندەکانی ناوچەی دۆڵەڕووت بوون.

کە بیرم لەوە دەکردەوە، هەم لە ناخی دڵمەوە شادمان بووم بەوەی شۆڕش خەریکە سەرهەڵدەداتەوە، هەم خەمی ئەوەشم دەخوارد کە بەکرێگیراوان بە پارەیەکی کەم خۆیان دەفرۆشن و خەڵکی هەژار ماڵوێران دەکەن. ئەو کات وام بیر دەکردەوە، ئاخر چۆن دەبێت لەناو گوندەکاندا کەسی وا هەبێت دژی دراوسێ یان کەسی نزیکی خۆی سیخوڕی بۆ دوژمن و داگیرکەری وڵاتەکەی بکات! وا بیرم دەکردەوە کە دەبێت هەموو کەسێک ئەم دڵسۆزییەی منی بۆ نیشتمان هەبێت.

لە شوێنی خۆم سڕ ببووم، هەموو لەشم ژانی دەکرد. نەتدەتوانی لە جێی خۆت بجووڵێیت. لەناو ئەو ژوورە پڕ لەخەڵکە زیندانیکراوەدا بەئاستەم دەتتوانی جێپێی خۆت بکەیتەوە.

هەر کە دەرگا دەکرایەوە، وام دەزانی بۆ من هاتوون، چوونکە لەگەڵ هەر دەرگا کردنەوەیەکدا کەسێک بانگ دەکرا. چاوەڕوانیکردن بۆ ئەوەی بانگم بکەن زۆر ناخۆش بوو. لەو ماوەیەدا بیرم کردەوە بۆچی نەهاتن لە ماڵەوە بمگرن؟ ئەوان کە چاودێرییان کردووم، حەتمەن زانیویشیانە ماڵمان لە کوێیە. وەهام لێک دەدایەوە کە پێیان وا بووە بە ڕۆژ شتم پێیە، بۆیە ویستوویانە بە بەڵگەوە بمگرن. وا دیارە ئەوان ماوەیەکی زۆرە چاودێریم دەکەن و ویستوویانە بەیان و شتەکانم پێوە بگرن.

چاو لە دەرگا دانیشتبووم، ئەوە زۆر ناخۆش بوو، بیرکردنەوە و خەیاڵاتیش لەوە ناخۆشتر. بەبەردەوامی ورەم دەدایە بەر خۆم: "لەت و پەتیشت کەن، هیچ قسەیەک نەکەی، هیچ شتێک ئاشکرا نەکەی." ئەحمەد حەبیبیش وەک فریادڕەسێک وا بوو بۆم، زۆر شتی بۆ ڕوون کردمەوە. بەردەوام دەیگوت، "نابێت هیچ شتێک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بلێی، هەر ئەوەندەی شتێکیان لێ دەرهێنای، ئیتر لە ژێر دارا دەتکوژن و دەیانەوێ شتی ترت لێ وەربگرن."

هەندێک لەوانەی ناو ژوورەکە چەند مانگێک بوو لەوێ بوون. چڵک و پیسی هەموو گیانی داپۆشیبوون. شوێنەکە ببوو بە مۆڵگەی کێچ و ئەسپێ. زوو زوو یەکێک چەرخێکی دادەگیرساند و ئەسپێکانی پێ دەسووتاند. هەر ڕۆژێک بە ساڵێک دەڕۆیشت. ئەو ماوەیە لە زیندان بۆ من بوو بە زەخیرەیەکی زۆر گرنگ. لەو ڕۆژەوە هەتا ئیمڕۆش ڕێزێکی زۆر تایبەتم بۆ زیندانییە سیاسییەکان هەیە. هەر کەس لە زیندانی بەعسدا زیندانی کرابێت و خۆڕاگر بووبێت، قارەمانێکی کەموێنەیە.

ئەو بینایەی تێیدا گل درابووینەوە کاتی خۆی مەکتەبی وەتەن، پاشان پێیان چۆڵ کرابوو و کرابووە دائیرەی ئەمن. دوای ڕاپەڕینیش ساڵانێک مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی تێدا بوو. تەنیا ئەو دوو ناوە لە مێشکمدا ماون. بیناکە هەر سەر بە وەزارەتی پەروەردە بوو، دواتریش کە ئەمنە سوورەکە دروست کرا، شوێنەکە درایەوە بەو وەزارەتە و کرا بە بەڕێوەبەرێتیی چالاکیی قوتابخانەکان.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی سەیر و ترسناک بوو سەیری زیندانییەکانم دەکرد، بە سەروسیما وەک مرۆڤی کێوییان لێ هاتبوو. زیندانەکە خەڵکی جۆراوجۆری تێدا بوو، هەموویان چڵکن و جلدڕاو، جگە لە ئەحمەد حەبیب کە وەک باسم کرد بە مووکێش مووەکانی ڕیشی هەمووی هەڵکەندبوو. ئەو پیاوە تێکۆشەرە زۆر دڵی دامەوە؛ ئومێدی ئەوەی لە دڵمدا دروست کرد کە ئەو ڕۆژگارەش کۆتایی دێت و ڕۆژێک هەر دەچینە دەرەوە. بەڕاستی ئەو پیاوە بەئەزموونە بۆ من وەک مامێکی میهرەبان وابوو.

ڕۆژی دووەم، لای نیوەڕۆکەی مەنجەڵێکیان هێنایە ژوورەوە، دووان لە بەندکراوەکان هەستان، یەکێکیان قاپی بەسەردا دابەش کردین و ئەوەی تریان خواردنەکەی تێ کرد. من ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە نازانم ئەوەی خواردمان چی بوو. تامی هەر نەبوو. من دڵم گیرابوو، هیچم پێ نەدەخورا. سەیری ئەوانی ترم دەکرد، زۆر بەخێرایی دەیخۆن. ئەحمەد حەبیب سەری هێنایە بناگوێم و گوتی "بیخۆ، دوایی برسیت دەبێ." بە نابەدڵی دەستم کرد بە خواردنی. دوایی قاپەکان هەمووی کرانە ناو مەنجەڵەکەوە. نازانم خواردنەکە خۆی هەر وا ناخۆش بوو،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یان نیگەرانی و بێتاقەتیی من ئەو هەستەی لا درووست کردبووم. بە درێژاییی ئەو ماوەیە نەمزانی ئەو خواردنانەی پێمان دەدەن چییە. جار هەبوو برنج و شلەیەک بوو، شلەکەی هەر چڵکاوێک بوو. لە تەنەکەیەکیشدا چایان دەهێنا.

هێشتا چاوم نەکرابۆوە، چەند سەعاتێک بوو گیرابووم، وەک ئەوەی بەنج کرابم وابوو، تاقەتی قسەکردنم زۆر نەبوو، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێت چییان لەسەرم هەبێت، بۆچی منیان هێناوەتە ئێرە؟ چیم بەسەر دێت؟ وەزعی ماڵەوەمان چۆنە و بڵێی چووبێتنە سەریان و ئازاریان دابن؟ زۆر شت بە مێشکمدا دەهاتن. لە لایەکەوە دەترسام و لە لایەکی تریشەوە ورەم دەدایە بەرخۆم و بە خۆمم دەگوت پیاو دەبێت خۆڕاگر بێت، خەباتکردن بێ ئازار و ناخۆشی نابێت.

ناوبەناو یەکێک هەڵدەستا و میزی دەکردە تەنەکەکەوە. دەنگی میزەکەی و بۆگەنی میزەکەی دیمەنێکی زۆر قێزەون و بێزارکەر بوون. من پێشتر شتی وام نەدیبوو، تەنانەت کە خۆم میزم هات، ماوەیەک خۆم گرت، تا ئەو کاتەی دەرگایان دەکردەوە، بە درێژایی ئەو ماوەیە تەنەکەکەم بەکار نەهێنا.

ئەو زیندانە جێگەیەکی زۆر سەیر بوو. لە تەنەکەیەکدا میز دەکرا، لە تەنەکەیەکی تردا چایان بۆ دەهێناین. ئەوەی باش بوو من زۆر چاخۆر نەبووم، تەنانەت کە چووشمە دەرەوە، هەر حەزم لە چا نەبوو. جگە لە بەیانیان، کاتەکانی دیکە چام نەدەخواردەوە. بیرمە جارجار دایکم، کە خۆی زۆر حەزی لە چا بوو، دەیگوت، "تۆ چا نەخۆی، ڕۆژێک سەرت دەکەوێتە خوارەوە." مەبەستی لەوە بوو تووشی ژانەسەرێکی قورس دەبم.

کات لە زیندان ڕاوەستابوو. ڕۆژ دووبارە بوونەوەیەکی تاقەتپڕوکێن بوو. خەڵکێکی زۆر لە ژوورێک ئاخنراون، هەر کەسێک قسە بکات، هەموو گوێمان لێیە، نووستن و نانخواردن و هەموو جۆرە جووڵەیەکمان وەک ئەوە وا بوو خۆیان ڕوو بدەن و بە دەست ئێمە نەبێت. ئەگەر کەسێک پێویستیی بە تەوالێت بووایە، جگە لە کاتی خۆی، نەیاندەکردە دەرەوە. هەرچەند لە دەرگا بدرایە و هاواریان بکردایە: یەکێک نەخۆشە، تەنگاوە، گرفتێکی هەیە، کەس وەڵامی نەدەدایەوە، تەنانەت نەشدەهاتن تا بڵێن لە دەرگا مەدەن و هاوار مەکەن. کەشوهەوایەکی زۆر ئازاربەخش و ترسناک بوو.

نانخواردن لە زیندان خۆی چیرۆکێکە بۆ خۆی: بەیانیان پارچە پەنیرێک بە نانی وشک و چای شیرینەوە. هەر دوو کەس یان سێ کەس لە کووپێکی فافۆندا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چایان بەردەکەوت و بە نۆرە هەر یەکەو قومێکی لێ دەدا. ئێوارانیش شلەیەکیان دەهێنا، کە بە زەحمەت دەمزانی شلەی چییە، چلکاوێک بوو. بەحاڵ پارچەیەک پەتاتە یان دوو دەنک فاسۆلیات تێدا دەدۆزییەوە، جگە لەوەی هیچ تامێکی نەبوو. ئینجا قاپەکان هەموویان چەورییان پێوە بوو، بە باشیی نەدەشۆران. ئاوێکی گەرمی پیسیان لە تەنەکەیەکی ژەنگاویدا بۆ دەهێنایە ژوورەوە. تەنەکەکە کونێکی تێ کرابوو، دۆلکەیەکی نایلۆنیشی وەک دۆلکەی چا، بە پەتێک پێوە بەسترابوو. دەبوو دەستی پێوە بگرین و تا جاری داهاتوو پڕی دەکەنەوە بەش بکات. خۆ ئاویش کەم دەخورایەوە چوونکە میزکردن بۆ خۆی جۆرێک بوو لە جۆرەکانی ئەشکەنجەدانمان. میزکردن و چاخواردنەوە و ئاوخواردنەوە هەر سێکیان لە تەنەکەی پیسی ژەنگاویدا.

پێڵاوەکان هەموویان لە ژوورەوە و لای دەرگاکە داکەندرابوون؛ لەسەر یەک کەڵەکە ببوون و دیمەنێکیان درووست کردبوو زۆر سەیر بوو. تێماندا بوو پێڵاوەکانی دڕابوون، بۆیە بەپێی پەتی دەهاتە دەرەوە و دەچوو بۆ تەوالێت. ئەوە شەوە لای پێڵاوەکانەوە مامەوە. لەبەرچاوم وەک کێوێکیان لێ هاتبوو.

بەگشتی، بەیانیان پێش نانخواردن بواری چوونە سەرئاویان پێ دەدایِن، نیوەڕوانیش دەبوو پەلە بکەین بۆ ئەوەی فریا بکەوین بەپەلە دەستێک بشۆین، ئێوارانیش جارێکی دیکە بواریان دەدایِن بچین بۆ سەرئاو، ئێواران دوو خولەک زیاتر بواریان نەدەدا و هاواریان بەسەردا دەکردیت، "ولەک گەواد ئێتلەع" لەگەڵ سەد جنێو و سووکایەتی. نەشیان دەهێشت دەرگای تەوالێتەکە دابخەیت.

مەسەلەی چوونەسەرئاو بۆ خۆی چەندین چیرۆکی هەیە. جارێکیان زۆر پێویستم بە تەوالێت بوو. داوام دەکرد بمبەنە دەرەوە، بەڵام کەس گوێی نەدەگرت، ڕۆژی سێ جار لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بۆت هەیە بچیتە دەرەوە. دەرگاوانەکان کە تووڕە دەبوون، هەڕەشەیان دەکرد و دەیانگوت کە دەیکەنە دوو جار. هەرچەند هاوارم دەکرد ئەوانەی دەرەوە گوێیان نەدەدایە و ئەوانەی ژوورەوەش پێکەنینیان دەهات، چوونکە دیاربوو خۆیان پێشتر هەوڵیان دابوو بەڵام سەرکەوتوو نەببوون. دوای ئەوەی نائومێد دەبووم، بەدەم ناڕەحەتییەوە چاوەڕێم دەکرد تا کاتی خۆی دێت و بوارمان دەدەن بچینە تەوالێت. جا لەوێش چیرۆکێکی دیکە هەبوو، یەک یەک و دوو دوو دەیانبردینە دەرەوە بۆ تەوالێت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و تەنها پنج خولەکت هەبوو بۆ ئەوەی لە تەوالێت بمێنیتەوە، یەک تۆز دوا بکەوتیتایە، بەزۆر و بە جنێودان دەیانهێنایتە دەرەوە.

لە شتێک زۆر دەترسام: لەپڕ کەسێک بهێننە بەرامبەرم و بڵێن دەی ئەوە زانیاریی ورد لەسەر هەڵسوکەوتەکانت دژی دەسەڵاتی نیشتیمانی، بەڵام هەر زوو ئەو خەیاڵەم ون دەبوو، کە دەمزانی هاوڕێکانم وەک پۆڵان و جار جاریش دڵی خۆمم بەوە خۆش دەکرد کە پاسەوانەکان دێن بانگم دەکەن و دەڵێن تۆ بەهەڵە گیراویت. خۆ لە زیندان تەنها هەر خەون و خەیاڵن کە بە مێشکدا دێن.

هەموو زیندانییەکان بەردەوام گوێیان بۆ تەقەی دەرگا هەڵخستووە، شتی تر نییە سەرنجی لەسەر دابنێن، بۆیە بەندەش بەردەوام چاوم لە دەرگاکە بوو لێی بدرێت و بانگ بکرێم، تەنانەت گەر بۆ ئەشکەنجەدانیش بێت!

هەموو زیندانییەکان بەو قۆناغی چاوەڕوانییەدا تێ پەڕیبوون. هەبوو زۆر و زۆر زیاتر چاوەڕوان بوو، هەشبوو دەیانگوستەوە بۆ شوێنی تر، یان بەخت یاوەری دەبوو بۆ چوونە دەرەوە لەو جەهەنەمە. زیاتر زیندانیی تازەیان دەهێنا، بەڵام بەربوون کەم و دەگمەن بوو. جار جار ترس جەستەی دادەگرتم و بە خۆمم دەگوت بۆچی بانگم ناکەن، دیارە کەسێک گیراوە و خەبەری لە من داوە، ترسەکەشم بۆ گیانی خۆم نەبوو، گەرچی من ئەزموونی خەباتی نهێنیم زۆر نەبوو، بەڵام کۆمەڵێک زانیاریی گرنگم لابوو، هەر بە حوکمی متمانە و دووبارەبوونەوە و ڕێکەوت و زۆر شتی تریش کەوتبوونە لام. کاتێک زۆربەی ئەو زانیارییانە ئاشکرا دەکرێن، بۆ خۆی ئەوە زەبرێکی گەورە دەبێت لە ڕێکخستن.

پێش گیرانم، ئەو زانیارییانە لەڕێگەی گفتوگۆکردن و هاتوچۆکردنی چایخانەکەی حەمەی مام عەلییەوە گەیشتبوونە لای من. لەلایەن ئەو هاوڕێ کۆمەڵانەی دەهاتن بۆ چایخانەکە هەموو قسەیەکم بۆ دەکرا. کە بیرم لەمانە دەکردەوە، دەمگوت کەسانێک لە کاری ڕێکخستنی نهێنیدا کار بکەن دەبێت کەمترین کەس بیانناسێت: تەنها کەسی سەرووی خۆی و کەسێک لەگەڵ خۆی بیناسێت بۆ ئەوەی کە مەترسی پەیدا بوو، کەمترین زیان بەر ڕێکخستن بکەوێت.

بڕیارم دابوو ئەو زانیارییانە لە سووچێکی تاریکی ناخمدا ون بکەم و لە مێشکمدا بیانسڕمەوە، بەجۆرێک کە تەنانەت خۆشم نەزانم چین. ئیتر بارودۆخێکی سەیروسەمەرە بوو، لە لایەکەوە بەهیوا بووم پێم بڵێن تۆ بەهەڵە گیراویت و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بڕۆ خوات لەگەڵ، لە لایەکی تریشەوە بمخەنەبەر ئازار و ئەشکەنجە. لەوێدا وەک دوو کەسم لێ هاتبوو: یەکێکیان ئومێدی هەبوو ئێستا نا ئێستا دەرگای دەرەوەی بۆ بکەنەوە و دەری بکەن، ئەوەی تریشیان بیری لە مانەوە و خۆڕاگری و بەرگەگرتن دەکردەوە. ئەویان دەیگوت زۆری پێ ناچێت دەچمەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئەوەی تریشیان دەیگوت تازە دەرچوونت لێرە زەحمەتە، گرنگ ئەوەیە خۆت نەدۆڕێنیت.

دوو ڕۆژی یەکەم زۆر بێجێگە بووم، بەڕۆژ ئەحمەد حەبیب جێگەیەکی بچکۆلەی لای خۆیەوە بۆ دەکردمەوە، بەڵام کارەسات شەوەکەی بوو. هیچ بوارێک بۆ ڕاکشان نەبوو. بەناچاریی دەچوومە لای دەرگاکەوە خۆم گرمۆڵە دەکرد. بەیانی کە خەبەرم دەبۆوە، هەموو گیانم تێکشکابوو. بەزەحمەت دەمتوانی بجووڵێمەوە. گوتم "کە خەبەرم دەبۆوە" بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە تەنها دەربڕینێکە، ئەگینا ئەو دوو شەوە بەسەریەکەوە دوو سەعات خەوم لێ نەکەوتووە، هەرتۆزێک چاوم گەرم دەبوو خێرا ڕادەچڵەکیم. بە پێچەوانەی تەسکی و نارەحەتی شوێنەکەوە، خەیاڵم زۆر فراوانتر کاری دەکرد، بیرم لە جۆرەها شتی سەیروسەمەرە دەکردەوە. دایکمم دەهاتە بەرچاو کە ئەمنەکان سووکایەتی پێ دەکەن، یادی باوکمم دەکرد، کە هەر لە تەمەنی شەش ساڵیمەوە نەمبینیوەتەوە، ترسی دەستگیرکران و تووشبوونی هاوڕێکانمم هەبوو. دایکم هەموو ڕۆژێک کە نزیکی کاتی گەڕانەوەم دەبوو، دەهاتە بەردەرگا و دادەنیشت و چاوەڕێی دەکردم. هەرگیز ڕۆژێک ڕێکەوتی نەکردووە بگەڕێمەوە ماڵەوە و ئەو لە بەردەرگا چاوەڕێم نەبووبێت. دایکم بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی چاوەڕێی دەکردم، تەزبیحێکی بەدەستەوە دەگرت و لائیلاهەئیلەڵاێ دەکرد، ئایەتەلکورسی دەخوێند، دووعای بۆ دەکردم و فووی دەکرد بە دەوری خۆیدا، منیش دەستیم ماچ دەکرد و تکام لێ دەکرد کە بەو شێوەیە لەبەردەرگا چاوەڕێم نەکات، بەڵام سوودی نەبوو. جارێکیان لێم پرسی، "باشە دایکە تۆ لێرەدا چی دەکەی، من کە لە مەکتەب تەواو بووم، یەکسەر دێمەوە، ئیتر بۆچی ئاوا خۆت عەزیەت دەدەی؟" بەکزییەکەوە وەڵامی دامەوە، "ئاخر کوڕم دنیاکە خراپە، دڵم ئۆقرە ناگرێ لە ژوورەوە دانیشم."

ئەمەش خۆی خەمێکی دیکە بوو بۆم، بە تایبەتی ڕۆژی یەکەم، کە دڵنیا بووم دایکم تا درەنگانێک هەر چاوەڕێی کردووە، بەڵام من هەر نەگەڕاومەتەوە. ئێستا کە ئەم دێرانە دەنووسم، هەست بە خەجاڵەتی دەکەم، چوونکە بەڕاستی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ساڵانێکی زۆر بوومەتە مایەی جەرگسوتان و ئازار و زەحمەت و ماندووبوونی بێسنوور بۆ دایکم.

زیندانییەکان زۆریان لەسەر پارچە مقەبا و شتی وا دەنووستن. ژوورەکە هیچی تێدا نەبوو. هەموو لەشیان پڕ ببوو لە ئەسپێ، بۆگەنی عارەق و هەناسەش لەولاوە بوەستێت. زۆری پێ نەچوو هەموو گیانم هاتە خوران، وا دیاربوو دەمێک بوو ئەسپێکان لەشێکی ئاوا ناسک و پاکیان دەست نەکەوتبوو. هەستم دەکرد هەرچی ئەسپێ لە ژوورەکەدا هەیە بە جارێک هێرشیان بۆ من هێناوە. ڕۆژەکەی زیندانییەکان بۆیان باس کردبووم کە ئەسپێکان دێنە وێزەی منیش. هەرچۆنێک بێت جێگەیەکی تەنگ و کەشوهەوایەکی پیس لەگەڵ بیرکردنەوەی زۆر نەیانهێشت ئەو شەوە خەو بچێتە چاوم.

جێگەکە ناخۆش و پیسوپۆخڵ بوو، خواردنەکە بێتام و ناتەندرووست، مامەڵەی پاسەوانەکانیش نامرۆڤانەو دڕندانە. بەعسییەکان دەیانویست بە ئازارە دەروونی و سووکایەتییەکانیان ئەو هەستە لە دەروونی گیراوە لاوازەکاندا دروست بکەن کە تاکە ڕێگە بۆ دەربازبوون لەم دۆزەخە ئەوەیە تەسلیم ببیت و ئەوان هەرچی دەڵێن تۆ وا بکەیت. بۆیە زیندان قوتابخانەی فێربوونی وانەی ژیان و خۆڕاگرییە. بێگومان هەڵسوکەوتی دوژمنانە و نامرۆڤانەی بەعسییەکان بۆ خۆی وات لێ دەکەن کە هەزار هێندە لە ناخدا ڕق و هەستی تۆڵەکردنەوەت بەرانبەریان زیاد بکات.

زۆر جار دەبوو بەپێوە ڕابوەستیت یاخود لەسەر چۆک دابنیشیت هێندە زیندانیان خزانبوە تەنیا ژورێکەوە. بە درێژاییی ئەو ماوەیە نەمتوانی چوارمشقی بۆ ماوەی دە خولەک دابنیشم. بەدرێژاییی کاتەکە هەستم بە سڕی دەکرد. تاکە شتێک کە بتوانیت بیکەیت، قسەکردنە، هەر دوو دوو سێ سێ بەیەکەوە کە قسەیان بۆ یەکتری دەکرد ژوورەکە دەبوو بە غەڵبەغەڵبێکی سەیر و پیاو سەری ژانی دەکرد. ئێ زیندانی بیت لەو جێگەیەدا کە شوێنی مرۆڤ نییە، دەبێ چی بکەیت؟ هەر قسە هەیە بیکەی، چوونکە ڕادیۆ، جەریدە و کتێب قەدەغەی قەدەغە بوو.

شتێک کە بەباشی لێی تێ نەگەیشتم، بوونی ئەحمەد حەبیب بوو لەوێ. ئاخر لەو کاتەدا حیزبی شیوعی بەرەی پێکەوەکارکردنی لەگەڵ حکومەتدا هەبوو، بۆچی حکومەت کادرانی سەر بەو حیزبە دەگرن! بەڵام بەعسییەکان کوا گوێ بە هاوپەیمان و دۆست و برا دەدەن. لەبەر داڵغە و پرسیارە زۆرەکانی ناخم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بیرم بەلای ئەوەدا نەدەچوو پرسیاری لێ بکەم، بە جوانیشم نەدەزانی ئەو پرسیارە بکەم.

کاتێک ئەمنەکان منیان بەو جۆرە برد، برادەرەکەم بەپەلە چووبوو بۆ ماڵەوە و پێی گوتبوون کوڕەکەتان گیراوە. دایکم بەپەلە پەیوەندیی دەکات بە ملازم محەمەدی کچەزایەوە.

دوای دوو هەفتە چاوەڕوانی، جارێک دەرگای ژووری زیندان کرایەوە. خۆ هەر دەرگاکردنەوەیەک هەموو زیندانییەکان قوت دەبنەوە و هەرکەس چاوەڕێیە داوا بکرێ، ئەم جارەیان بانگی منیان کرد بچمە دەرەوە. دوو کەس کراس و پانتۆڵیان لەبەردا بوو، زۆر ناشرین و ڕەزاگران بوون. بردیانمە ژوورێک و لەوێ لەبەردەمی کەسێکدا ڕایانگرتم. کەسەکە دانیشتبوو، مێزێکیشی لەبەردەمدا بوو. بە عەرەبی پرسیاری لێ کردم، "تۆ دەزانی لەسەر چی گیراوی؟" یەکێک لەو دوو کەسەی هێنایانم پرسیارەکەیان بۆ کردم بە کوردی، منیش وەڵامم دایەوە، "نەخێر، نازانم." ئینجا کەوتە لێپرسینەوەم، "تۆ چ پەیوەندییەکت بە جەماعەتی جەلالییەکانەوە هەیە؟" من لە ناخەوە هەر ورەم دەدایە بەرخۆم، بە خۆمم دەگوت نابێت هیچ قسەیەک بکەیت. وەڵامم دایەوە، "من نە پەیوەندیم پێیانەوە هەیە و نە تەمەنیشم هی ئەوەیە ئەو کارانە بکەم." بە گاڵتەجاڕییەکەوە سەیری کردم وەک ئەوەی بڵێت، کوڕی باش کێ دەخەڵەتێنیت! ئینجا بە توورەیی گوتی، "با، هەتە و دیعایەشیان بۆ دەکەی." من هەم دەترسام و هەم هەوڵم دەدا بەهێمنی قسە بکەم و هەرچی دەیڵێم بیری لێ بکەمەوە. کابرا هەروا سەیری دەکردم، قسەیەک هاتە سەر زمانم، "جا ئەوانە لەکوێن؟ من هیچ کەسێکم نەبینیوە بڵێ من جەلالیم." ئەم قسەیە توورەتری کرد. شتێکی گوت، بەڵام بۆیان نەکردم بە کوردی. هەستم کرد جنێوم پێ دەدات. ماوەیەک خۆی بێدەنگ کرد، پاشان لەناکاو گوتی، "ئاقڵ بە! من چیت لێ دەپرسم بەڕاستی وەڵام بدەرەوە، ئەگینا سەرەوخوار هەڵت دەواسین."

گەرچی ئەو توورە ببوو، بەڵام من لە قسەکانییەوە هەستم کرد هیچی وا دەربارەم نازانن. کەمێک ورەم دایە بەرخۆم، خۆم دایە دەست قەدەر و لە دڵی خۆمدا گوتم، "چی دەبێ با ببێ." ئەو بەردەوام بوو، "ئێوە حکومەت عەفووی کردوون، دەرگای بۆ کردوونەتەوە، یارمەتی داون، میهرەبانیی نواندووە بەرانبەرتان، بەڵام وا دیارە شایستە نین. تۆ دوێنێ هاتوویتەتەوە، دەتەوێ ئەمڕۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خیانەت لە خاک و نیشتمان بکەی؟ ئەمە هەرگیز جێگەی لێخۆشبوون نییە." لەم جۆرە قسانەم لە ئیتیحادییەکان زۆر بیستبوو، گوێم پڕ ببوو، دڵنیابوومەوە کە هیچ دەربارەم نازانن. لە ژوورەوە پێیان گوتبووم کە ماوەیەک بەهێمنی قسەت لەگەڵ دەکەن و پاشان ئەو بەڵگانەت نیشان دەدەن کە لەسەرت هەیانن. یەکسەر خەیاڵم بۆ ئەوە چوو ئیتحادییەکان ڕاپۆرتیان لێ دابم. گوتم، "من تەلەبەم، ئاگام لە هیچ نییە، لە هیچ شتێکدا نیم."

من ئەم قسەیەم کرد و ئەویش ئیشارەتێکی بۆ دوو کەسەکە کرد، ئەوانیش دوو، سێ شەق و یەک، دوو زللەیان لێ دام. زۆر بێڕەحمانە تێیان سرەواندم، گەرچی یەکەم جار بوو لە ژیانمدا ڕووبەڕوی لێکۆڵینەوەی لەو جۆرە ببمەوە، بەڵام من لەناخەوە خۆم بۆ هەموو شتێک ئامادە کردبوو. دوای تێهەڵدان و ئەزیەتدان، کابرای لێپرسراو گوتی، "مۆڵەتێکت دەدەمێ، کە بانگم کردیتەوە، هەرچی هەیە پێمان نەڵێی، جارێکی تر ڕووناکی بەو چاوانەت نابینیتەوە." ئینجا فەرمانی پێ کردن بمبەنەوە زیندانەکە. ئەوانیش پێش خۆیان دام، دەرگای ژوورەکەیان کردەوە و پاڵێکیان پێوەنام بۆ ژوورەوە. یەک تۆزی مابوو بەدەمدا بکەوم.

یەکسەر ئەحمەد حەبیب هاتە لام و پرسیی: "چی بوو؟" نەمدەزانی چۆن وەڵام بدەمەوە، هەر قسەیەکت دەکرد، نیوەی ژوورەکە گوێی لێ بوو، دەشبوو وەڵامی ئەو بدەمەوە. گوتم، "تۆزێکیان تێهەڵدام و ناردیانمەوە." ئەو بەمە ڕازیی نەبوو. پرسییەوە، "چییان گوت؟" منیش وەڵامم دایەوە:

- گوتیان تۆ جەلالییت. منیش گوتم من تەلەبەم و هیچ نازانم.
- هەر ئەوەندە؟
- ئا.
- ئاسانە، بەس ورەت هەبێت، لەوە ناچێ شتێکی ئەوتۆیان لەسەرت هەبێ.

ئەم ڕستەیەی کۆتایی زۆر بەهێواشی گوت، چوونکە هەر تۆزێک دەنگ هەڵببڕیت، هەمووان گوێیان لێ دەبێت، بەتایبەتی کە یەکێک دەبەن بۆ لێپرسینەوە، هەموو چاوەکان دەچنە سەری، هەموو گوێچکەکان قوڵاغ دەبن. ئیتر یەک، دوو کەسی تریش پرسیاریان لێ کردم و منیش هەر هەمان وەڵامم بە هەموویان دایەوە.

کاک ئەحمەد حەبیب پشتیوانێکی گەورە بوو بۆ من؛ زۆر هەوڵی دەدا شتەکان ئاسان بکات. وەک تێکۆشەرێکی بەئەزموونی نەترس، بەردەوام دەیگوت، "تاکە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چارەسەر ئەوەیە گوێ نەدەیتێ، من خۆم داناوە ساڵێکی تریش لێرە بم، هەر بە خەیاڵیشمدا نایەت." بەردەوامیش ئامۆژگاریی دەکردم کە هیچ نەدرکێنم، چوونکە هەر ئەوەندەی شتێکیان لێ دەرهێنام، ئیتر وازم لێ ناهێنن و لێدان و فەلاقەکردنم دەبێت بە کاری هەموو ڕۆژێکیان.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە دیسان بانگیان کردمەوە بۆ ژوورێکی جیاواز، لەوێ کەسێکی جیاواز بە زمانێکی جیاواز و بە شێوازێکی نەرم پێی گوتم، "تۆ تەلەبەی، گەنجی، دەزانم بە تەمای ژیانیت و دەتەوێ ئاییندەت مسۆگەر بکەی. بۆچی سەر لە خۆت تێک دەدەی، بۆچی ئەوەی دەیزانی پێمان ناڵێی، بۆچی نایەی هاوکاریمان بکەی و ئێمەش چیت پێویست بێ بۆت بکەین." لەم قسانەی زۆر بۆ کردم. کە لێ بۆوە، گوتم: "ئاخر من چی بڵێم ئەگەر هیچ نەزانم!" بە چاوێکی مۆن و تاریک سەیری کردم و بەردەوام بوو، "با، زۆر شت دەزانی، ڕەفیقت زۆرە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتیت فراوانە، لە صناعەی سلێمانی تەلەبە زۆر دەورت دەدەن، زۆر دەچیتە چایخانەی سەروو ئۆرزدی. گوێ هەڵبخە بزانە چی دەڵێن، چی دەکەن، ئەو شتانەی دەیبیستی پێمان بڵێ." دیسانەوە گوتمەوە، "من تەلەبەم و جگە لە خوێندنەکەم ئاگام لە هیچی تر نییە." بە زمانێکی کەمێک توند و وەک ئەوەی بیەوێت تێم بگەیەنێت ئاگایان لە هەموو شتێکە، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، "ئێوە زۆر جار دەچنە حەوشەی پشتەوەی کتێبخانەی گشتی و کۆ دەبنەوە و پێکەوە قسە دەکەن. پێم بڵێ باسی چی دەکەن؟" هەر خێرا گوتم: "ئەمە ڕاستە، ئێمە دەچینە کتێبخانەی گشتی، لەوێ سەعی لە دەرسەکانماندا دەکەین، ئەوانەی لەگەڵیانم هەموویان خەڵکی گەڕەکی خۆمانن و زۆر دەمێکەوە پێکەوەین. جگە لە باسی دەرس و خوێندن، تا ئێستا هیچی ترم لێ نەبیستوون."

ئەو زۆری گوت، بەڵام من لەسەر قسەی خۆم سوور بووم و هەر دەمگوت من هیچ شتێک نازانم و ئەوەی تۆ باسی دەکەیت وەک ئەوە وایە لە سەربان بمخەنە خوارەوە. نە ئاگام لە هیچە و نەکەسیش متمانەم پێ دەکات شتێکم لا باس بکات، ئەسڵەن هەر ناشزانم تۆ باسی کێ دەکەیت. کە وام گوت، کەمێک تۆنی دەنگی گۆڕا، "ئەی تۆ ناچیتە چایخانەکەی سەروو ئۆرزدی باک؟" گوتم، "با، بەڵام من بۆ تاوڵە و دۆمینە دەچم، تازە فێری بووم و حەزم لێیەتی."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئیتر تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیا بووم لەوەی کەس لە هاوڕێکانم نەگیراوە و هیچ زانیارییەکی ئەوتۆشیان دەربارەی من لا نییە، قسەکانیان هیچ تۆمەتێکی ڕاستەوخۆیان تێدا نەبوو، ڕەنگە هەر تەنسیقی نێوان ئیتحادییەکان و ئەمنەکان بووبێت بۆ درووستکردنی سیناریۆیەک بۆ ترساندنم، تا بمخەنە ژێر باڵی خۆیان. هەڕەشەیان لێ دەکردم کە لە زینداندا دەمرزێنن و ئیعدام دەکرێم، گومانی زۆریان لەسەرم هەبوو، بەلام نەیانتوانی هیچ حاسڵ بکەن.

لەوانەیە یەکێک لەو تەلەبە بەعسییە ئیتیحادییانە ڕاپۆرتێکی لێ دابم. من جگە لە ئیتیحادییەکان کەسی ترم نەدەناسی لە صناعە بەعسی بووبێت. ڕۆژێکیان لە ئیتیحاد پێیان گوتم، "تۆ قسە دەکەی و نزیکی ئێمە نابیتەوە، خەڵک هان دەدەی نەبێ بە ئیتحیادی و هاوکاریمان نەکا." خۆ ئەو قسانەیان ڕاست بوو؛ بە هەموو شێوەیەک دژیان قسەمان دەکرد و سڵمان لێ نەدەکردنەوە، بەلام من بە هیچ جۆرێک نەچوومە ژێر باری ئەو قسانەی کە لە لایەن ئەو ئەفسەرەی ئەمنەوە ڕووبەڕووم کرانەوە. هەموو قسەکانی بە تۆنێکی توندی دوژمنانەوە بۆ ترساندنی بەرامبەرەکەی، کە من بووم، کرد.

کابرای ئەفسەر، لە کۆتاییی قسەکانیدا، باسی ئیتیحادی تەلەبەی کرد و بەهەڕەشەوە دەیگوت تەلەبە دەبێت هەموو بچنە ناویانەوە و پەیوەندییان پێوە بکەن چوونکە ئەوان زۆرترین خزمەت بە تەلەبە دەکەن.

پاشان بەتووڕەیی گوتی، "ئێستا بڕۆرەوە بۆ شوێنەکەی خۆت، ئەمشەو بە باشی بیری لێ بکەرەوە، بەیانی بانگت دەکەمەوە، ئەگەر بە قسەمان بکەی، ژیانت بە تەواوەتی دەگۆڕێ، ئەگەر ڕازی نەبی، هەموو نینۆکەکانی دەست و قاچت دەردەهێنین؛ کارێکت پێ دەکەین دوایی خۆت دەستمان ماچ بکەی بۆ ئەوەی ئیشمان لەگەڵ بکەی. گوتم، "من لەبەر دایکم کە بەڵێنم پێ داوە هیچ شتێک ناکەم بچوکترین ئازار و نارەحەتی بۆ ئەو تێدا بێ جگە لە خوێندن، ئەو زۆر هیوای پێمە و دەیەوێ خوێندن تەواو بکەم، بۆیە بە هەموو توانای خۆمەوە هەوڵ دەدەم نائومێدی نەکەم. من زۆر هۆگری دایکمم؛ ناتوانم دڵی بشکێنم."

ئەمجارەیان بێ لێدان ڕزگارم بوو. ئەوان دەیانویست بە هەر شێوەیەک بێت، بە ترساندن یان تەماع خستنەبەر، بە لای خۆیاندا ڕامبکێشن. ئیتر بەتەواوی دڵنیا بووم کە هیچیان لەسەرم نییە. ئاسوودە گەڕامەوە بۆ زیندان. کەس

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەگیراوە و هیچیشیان لەسەرم نییە؛ گرتنەکە زیاتر گومانە. لەو گفتوگۆیەشەوە بۆم دەرکەوت کە دەمێکە چاودێرییم دەکەن و بەدوامەوەن.

کە گەیشتمەوە ژوورەکە، جەماعەت دەستیان کرد بە پرسیارکردن لێم، منیش بەکورتی پێم گوتن، "ئەم جارەیان پرسیارلێکردن بوو بەهەڕەشەوە."

ڕۆژانە چەند کەسێکیان دەبرد بۆ لێکۆڵینەوە، هەر کەسێکیش کە دەهاتەوە، هەمووان تێی دەوروووکاون و پرسیاری زۆریان لێ دەکرد. من هەرگیز نەدەچوومە پێشەوە و پرسیارم لە کەس نەدەکرد؛ هەر بۆشم گرنگ نەبوو. گوێم لە قسەکانیان دەبوو، بەڵام لە مێشکمدا نەدەمانەوە. بەڵام کە من دەهاتمەوە، ئەوان داوایان دەکرد هەموو شتێکیان بۆ بگێڕمەوە. لە ناویاندا هەبوو دەیگوت من چوار یان شەش مانگە لێرەم. ئەوە زۆر دەیترسانم؛ هەستم دەکرد منیش هەروا لەوێ دەمێنمەوە.

ئەو شەوە هەم جێگەیەکی باشترم دەست کەوت بۆ خەوتن و هەم ماوەیەکی زیاتریش خەوتم. ئیتر چار نەبوو، دەبوو لەگەڵ ڕەوشەکە رابێم. ئەوەندە ماندوو بووم، بە هیچ جۆرێک خەبەرم نەبۆوە. بەیانی لە دەنگەدەنگ و قسەی ئەوانی تر هەستام و هەروا لە جێگەی خۆم لەسەر ئەژنۆکانم دانیشتبووم و کەوتبوومە ناو بێدەنگییەکی قووڵەوە. ئەگەر بە زۆر قسەیان لەگەڵ نەکردمایە، قسەم لەگەڵ کەس نەدەکرد. بەڵام لە ناخەوە بیرم لە هەزار شت دەکردەوە، مێشکم بە جۆرێک جەنجاڵ ببوو، شتی وەها سەیر دەهات بە مێشکمدا کە مەگەر هەر لە زیندانێکی وەک ئەم درندانەی بەعسدا بیری لێ بکەیتەوە و خەیاڵت ئاڵۆز و پەرشوبڵاو بکات.

ئەو ڕۆژە بانگیان نەکردم. وا دیار بوو دەیانویست هەر وا لە نیگەرانیدا بمهێڵنەوە. بۆ ڕۆژی پێنجەمیش تا ئێوارە دەنگیان نەبوو. شەوەکەی نزیکەی سەعات ١٠، دیسان بانگیان کردمەوە. ئەم جارەیان شێوازی قسەکردنی کابرای پشت مێزەکە گۆڕابوو، نوقوڵێکی شیرینی پێ دام و گوتی، "بیخۆ." نوقڵەکەم خستە دەممەوە. زۆر خۆش بوو. دوای ئەو هەموو خواردنە بێتامە، ئەوە بۆ من چێژێکی زۆر تایبەتی هەبوو. ئینجا کابرای ئەفسەر کەوتە قسە، "تۆ کوڕێکی زۆر باشی، من دڵنیام بیر لە ئایندەی خۆت دەکەیتەوە. ئەگەر لەگەڵماندا کار بکەی، مانگانەشت بۆ دەبڕینەوە و دەشتکەین بە بەرپرسی ئیتحیادی تەلەبە لە صناعە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای تەواوکردنی صناعە، بە زەمالە دەتنێرین بۆ خاریج، تا پلەی بالاتر بەدەست بهێنی. هەرچی پێویستییەکت هەبێ، بۆت جێبەجێ دەکەین. بۆ دامەزراندنیش لە باشترین شوێن کارت بۆ دەدۆزینەوە. ئەگەر بتەوێت زیاتر بخوێنی، هەموو شتێکت بۆ دەکەین. ئێمە دەزانین ئێوە خێزانێکی هەژارن، دەتوانی ببی بە پشتیوانێکی زۆر باش بۆ خێزانەکەت. من دڵنیام باش بیرت لێ کردۆتەوە و ئەقڵی خۆت بەکار دەهێنی و دەزانی بەرژەوەندیت لە چیدایە." کەمێک بێدەنگ بوو، ئینجا دەستی پێ کردەوە، "بە هەموو تواناشمان پارێزگارییت لێ دەکەین. ترسی ئەوەت نەبێ تۆڵەت لێ بکەنەوە. لە هیچ شتێک مەترسە."

من کەمێک بێدەنگ بووم، پاشان گوتم، "من جارێک چوومە دەرەوە، ساڵێک خوێندنم فەوتا، ئیتر بەتەواوەی تەمبێ بووم. هەرگیز نامەوێ جارێکی تر تێکەڵ بە حیزبایەتی ببمەوە. من جگە لە خوێندن هیچی ترم ناوێ. بەتەواوەی سیاسەت و ئەو شتانەم لەبەرچاو کەوتووە و ئەو بەڵێنەشم بە دایکم داوە و ناتوانم دڵی دایکم بشکێنم."

ئەو گوتی "ئاخر ئێمە زانیاریمان هەیە کە تۆ خەریکی شتێکی!" یەکسەر گوتم، "من خەریکی دوو شتم: یەکەم، دەخوێنم و دووەمیش کە کاتم دەبێ، لەو چایخانەیە خۆم بە تاوڵە و دۆمینەوە مەشغوڵ دەکەم. لەوە زیاتر هیچ شتێکی تر ناکەم."

بێگومان قسەکانم بەم ڕێکوپێکییە نەبوون، لەوانەشە دارشتنەکەشیان وا نەبێت، بەڵام کەم کەمە دەمم تەتەڵەی دەکرد و دەترسام و قسەکانم هەر لە چوارچێوەی ئەم مانایانەدا بوون. جگە لەوەش من بەردەوام بیرم دەکردەوە کە ئەگەر بانگیان کردم، چی بڵێم و چۆن قسەیەکی وا نەکەم کە بەهۆیەوە تووشی گێچەڵی خراپتر ببم. هەرچۆنێک بێت، کە ئەم قسانەم کرد، کابرا دەموچاوی گۆڕا و بە دەنگی بەرز، بە جنێوەوە گوتی، " تۆ ئێمە بە چی دەزانی؟ ئێمە بەزەییمان پێتدا هاتەوە و گوتمان گەنجە و با دەرفەتێکی بدەینێ. ئەگینا سەد ڕێگەمان هەیە بۆ ئەوەی بتهێنینە قسە. بۆ خۆت باشترە هەر ئێستا هەموو شتێکمان پێ بڵێی."

تووڕەبوونەکەی وەک ئەوە وابوو ساڵێک بێت ڕاهێنانی بۆ کردبێت تا بەرانبەرەکەی بترسێنێت. هەر وا بێ ویستی خۆم هەنگاوێک چوومە دواوە، ئینجا گوتم، "من هەموو شتێکم بە ئێوە گوتووە. هەر چییەک لە مێشکمدایە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ ئێوەم ئاشکرا کردووە. لەوە زیاتر هیچ شتێکم لا نییە، هیچی تر نازانم، یەک وشەی ترم بزانیایە، دەمێک بوو پێم گوتبوون." مۆرەیەکی لێ کردم. گوتم "هەموو شتێک دەربارەی خوێندن، ژیانی تایبەتیم، خزم و کەسوکار و ڕەفیقەکانم، هەمووی ئاشکرایە، خۆشتان دەیزانن، گەر دەتانەوێ، خۆشم بۆتان باس دەکەم. من سیاسەت ناکەم، بڕیارم داوە کە نەیکەم و هەرگیزیش جارێکی تر ئەو غەڵەتە ناکەمەوە. تەنانەت کە ئەو ساڵەش چوومە دەرەوە، خزمەکانم لەگەڵ خۆیان بردیانم، هەر بە خەیاڵیشمدا نەهاتبوو شتی وا بکەم."

ئەوان هەموو زانیارییەکیان لەبارەی چوونەدەرەوەمەوە لا بوو. ئەفسەرەکە گوتی، "ئێمە دەزانین تۆ لەگەڵ 'جێبل عەمیل' بووی، پرسیاری ئەوەت لێ ناکەین. تۆ ئێستا هەڵسوکەوتت پێچەوانەی قسەکانتە." ئینجا دەستی کرد بە هەڕەشەکردن و چەندین جنێوی پێ دام و تفی لێ کردم و گوتی، "بە شەق بیبەن." دوو کەس بە شەق و زللە گەڕاندیاندمەوە زیندان. تا بەردەم زیندانەکە بە بۆکس دەیانکێشا بە سەر و دەموچاومدا، ئینجا لەوێ لەقەیەکیان لێ دام بۆ ژوورەوە و دەرگاکەیان داخستەوە.

ڕەنگە خوێنەری نوێ بە دەستەواژەی 'جێبل عەمیل (الجیب العمیل)' ئاشنا نەبن. با کەمێک ڕوونی بکەمەوە. دەستەواژەکە بە مانای 'گیرفانی بەکرێگیراو' دێت. کاتێک حیزبی بەعس لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا نێوانیان تێک دەچێت، ئەم ناسناوە لە شۆڕشی کوردستان دەنێن، بە واتای ئەوەی خۆی و تاقمەکەی کەسانێکی بەکرێگیراون، هەر لایەنێک پارەیان پێ بدات، کار بۆ ئەو دەکەن. ئیتر سەرانی بەعس کە باسی پارتی و بارزانییان دەکرد، وەک تانە و سووکایەتی دەیانگوت 'گیرفانە بەکرێگیراوەکە'.

بەڕاستی حاڵێکی زۆر ناخۆش بوو. جگە لەوەی ئازارێکی زۆرم هەبوو، هەستم بە سووکایەتییەکی گەورەش دەکرد کە دەمبینی مێژووی کورد لێوانلێو بووە لە زیندانیکردن، کوشتن و ئاوارەیی و هەوڵی تێکشکاندن. ئەحمەد حەبیب و ئەوانی تر دڵیان دامەوە و گوتیان، "لێرە ئەم شتانە ڕوو دەدەن. مادام لێیان داوی و ئاوا هێناویانیتەوە، یەعنی هیچی وایان لەسەرت نییە، بەس گومانت لێ دەکەن. خۆت ڕابگرە، ئەمە زۆر ناخایەنێ." ئەو قسانە بۆ من سەبووری بوون. لە دڵی خۆمدا دەمگوت، "ئەم ڕێگەیەی هەڵم بژاردووە سەخت و دژوارە و پڕ ئازار و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناڕەحەتییە، ئامانجی هەموو ستەمکار و داگیرکەرانە کە بەوپەڕی دڕندەییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژێردەستە و نەیارانیان بکەن."

ژیان لە زیندان زۆر زەحمەت بوو؛ بەردەوامیش بۆڵەبۆڵ و جنێو و عاجزبوون لەنێوان سجنەکاندا ڕووی دەدا. یەکێک دەیگوت، "کاکە، خۆ تۆ لە ئوتێل دانەبەزیوی، تۆزێک خۆت هەڵکێشە." یەکێکی تر گیانی دەخوراند، زۆرێک خەریکی ئەسپێ کوشتن بوون. من هەر سەیری کاک ئەحمەدم دەکرد کە بە مووکێش ڕیشی خۆی هەڵدەکێشا. نەمدەزانی ئەو موکێش و ئاوێنە بچووکەی چۆن لەناو زیندان دەست کەوتبوو.

چەند ڕۆژێک هەر وا لە ژوورەوە مامەوە، بێ ئەوەی بانگم بکەن، بەڵام بانگیان بکردمایە خۆشتر بوو. من بە بێدەنگی لە سووچێکدا دانیشتبووم، وەک ئەوەی لەناو ئەو قەرەباڵغی و هەراوزەنا و بۆگەناوەی ژوورەکەشدا نەبم. ئەوەندەم بیر لێ کردبۆوە، خەریک بوو مێشکم دەوەستا. دوای ئەوەی فڕێیاندامە ژوورەوە، ئینجا پرسیارێک دڵمی گوشی: ئەمانە چییان لە من دەوێ؟ باشە بۆچی من؟ هەرچۆنێک بیرم لێ دەکردەوە، تەنها شت کە زۆرترین گوزەری بە مێشکم دا دەکرد ئەو جاسووسیکردنەی تەلەبە بەعسییەکانی ناو مەکتەب و جووڵەکانم بوون لە دەرەوەی ئامادەیی. دەیانویست ئەوانە بەکار بهێنن بەڵکوو بە هۆیانەوە شتێکیان بۆ هەڵبڕێژم، بەڵام ئیمەی گەنج و پەروەردەکراوی کۆمەڵە چ باکمان بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەی ئەم بەعسییانە هەبوو.

ڕۆژگارێکی زۆر سەخت بوو! بەڵام دواتر کە چیرۆکی ئەشکەنجەدان و پاڵەوانێتیی زیندانیکراوانی کورد- بەتایبەت پێشمەرگە و هاوڕێیانی کۆمەڵە-م دەبیست، بۆم دەرکەوت ئەوەی لە زیندان بە من کرا، کوردگوتەنی، هەر زەڵاتە بووە.

سێ، چوار ڕۆژ دواتر، نزیکی سەعات ١٠ی بەیانی بانگیان کردمە دەرەوە. ئەم جارەیان بردمیان بۆ ژوورێکی تر. پێم وا بێت مدیری ئەمن لەوێ دادەنیشت. ئەم پیاوە زۆر بەنەرمی قسەی لەگەڵ کردم. هەر کە چوومە ژوورەوە، گوتی، "دانیشە." لەسەر کورسییەک لای مێزەکەیەوە دانیشتم. ئینجا داوای کرد چایەکم بۆ بهێنن. من، وەک پێشتر پێم گوتن، خۆم هەر تالیبی چا نەبووم، بەڵام نەموێرا بڵێم چا ناخۆمەوە؛ دەترسام بە جۆرێکی دیکە لێکی بدەنەوە. دوو جاریش بە خەستیی بەدەستیان لێدانم خواردبوو. چایان بۆ هێنام. خواردمەوە. یەکەمین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جارم بوو لەو ماوەیەدا لە پیاڵەدا چا بخۆمەوە. زۆر خۆش بوو. پاشان پرسی، "ئەحمەد لامی چۆن دەناسی؟"

ئەو پیاوەم نەدەناسی، هەر ناویشیم نەبیستبوو، بەڵام بە قسەکاندا وا دیار بوو خزمی بەڕێوەبەری ئەمنە. ماوەیەک بیرم کردەوە، ترسام ئەمەش دیسان هەر فێڵی خۆیان بێت. لەم ماوەیەشدا بەڕێوەبەری ئەمن هەر وا سەیری سەروسیمامی دەکرد و چاوەڕوان بوو قسە بکەم. دوایی خۆم کۆ کردەوە و گوتم، "نایناسم، نازانم کێیە!" بە سەرسوورمانێکەوە سەیری کردم، "چۆن نایناسی؟ لە (ناسرییە) وە تەلەفۆنیان بۆ ئێرە کردووە!"

لەو کاتەدا، کابرا تەلەفۆنێکی بۆ هات. ملازم محەمەدی خوشکەزام بوو. مدیری ئەمن پێی گوت، "ئەوەتا لای خۆمە. بە ڕەفیقە عەزیزەکەشت بڵێ ئەوە لەبەر خاتری ئەو بەرەڵای دەکەین." ئیتر لە مەسەلەکە تێ گەیشتم و زانیم ملازم محەمەدی خوشکەزام، کە دوور خرابۆوە بۆ ناسرییە، هەواڵی گیرانی منیان دابوویە، ئەویش پەیوەندیی کردبوو بە دۆستێکی خۆیەوە، ئەو دۆستەش داوای لە مدیری ئەمنی سلێمانی کردبوو ئازادم بکەن. کامەرانییەک دایگرتم، لە خۆشیدا جێگەم بە خۆم نەدەگرت.

کابرا تەلەفۆنەکەی داخستەوە و دەستی کرد بە ئامۆژگاریکردنم، "تۆ گەنجێکیت و تازە پێ دەگەی، ئاگات لە خۆت بێ و ئەملاولا مەکە. خۆت لە شتی بێکەڵکەوە مەگلێنە، چاوت زۆر لەسەرە، ها. خەریکی خوێندنی خۆت بە و هەقت بەسەر هیچەوە نەبێ. دوایی هەر خۆت زەرەر دەکەی."

من لەبەر خۆشحاڵیم بەوەی ملازم محەمەدی کوڕی دادە حەلاوم زانیوێتی کە من لێرەم، بیرم لە هیچی تر نەدەکردەوە. ملازم محەمەد، کاتێک دوای هاتنەوەی نەفی کرابوو بۆ ناسرییە، لەوێ بەڕێوەبەری بەلەدییەی ناسیبوو، دۆستایەتییان زۆر خۆش بوو، ڕووی لێ نابوو کە فریای من بکەوێت و دوای پرسیارکردن، زانیبوویان خزمی خۆیانە. ئەم خێزانە دەسترۆیشتوو بوون، برایەکیان هەبوو عەقیدی فڕۆکەوان بوو، برایەکی تریان لیوا بوو. بەڕاستی ئەمانە فریادڕەسی من بوون، ئەگەر وا نەبووایە لای کەم شەش، حەوت مانگێک لەوێ دەمامەوە، دیار بوو خزمانم سۆراخیان کردبووم، بۆیان دەرکەوتبوو ملازم محەمەد دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول دوور خرابۆوە بۆ باشووری عێراق و لەگەڵ مولازم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تایەری عەلی والی و (مـلازم شـێردڵ)دا پێکـەوە لـە شـارەوانیی عەمـارە کرابـوون بـە کارمەنـد.

من هـەروا بێدەنـگ مامـەوە. لـەوێ موتەرجیمـی لـێ بـوو، بۆیـە تـا ئـەو قسـەکانی بۆ تەرجومـە دەکـردم، مـن خـۆم بـۆ وەڵام ئامـادە دەکـرد. هـەر ئەوەنـدەم گـوت کـە من جگـە لـە خوێنـدن هیچـی تـر لـە بەرنامەمـدا نییـە. دیسـانەوە جەختـی کـردەوە، "هەرچییەک بکەی، پێمان دەگاتـەوە، ئـەم جـارە بێیتـەوە ئێـرە، هیـچ هێزێـک لـە چنگـی ئێمـە دەرتناهێنـێ. ئـەوەی بینیوتـە، هـەر هیـچ نییـە."

یەکێـک لـەوێ بـوو. کابـرای پێـی گـوت، "بیبـە." ئەویـش دەسـتی گرتـم و بردمـی بـۆ پرسـگەکە. کاتـی خۆشـی هـەر لەوێـوە هاتبووینـە ژوورەوە، بـەڵام لەبـەر شـڵەژاویی سـەرنجم نەدابـوو. لـە خۆشـیدا هەمـوو گیانـم دەلـەرزی، خواخـوام بـوو زوو لـە دەسـتیان نەجاتـم ببێـت و هـەر هیـچ نەبێـت تـۆزی هـەوای پـاک هەڵمـژم.

بەڕێوەبـەری شـارەوانیی عەمـارە نـاوی ئەحمـەد لازم هاشـم ئەللامـی بـوو؛ لەگـەڵ مولازم محەمـەد و برادەرەکانیدا نێوانیـان خـۆش بـوو، برایەکیشـی بـە نـاوی 'موقـەدەم ئیبراهیـم' لـە فیرقـەی حەوتـی بەشـی تەوجیهـی سیاسـی[١] بـوو، کـە ئـەو کاتـە لـە سلێمانی بـوو. مـلازم محەمـەد تەلەفـون بـۆ برادەرەکـەی دەکات و ڕووی لـێ دەنێـت تـا قسـە لەگـەڵ مودیـری ئەمـن بـکات. کاتێـک کابـرا قسـە لەگـەڵ مودیـری ئەمـن دەکات، مودیـری ئەمـن دەڵێـت. "بـڕوا بکـە زانیاریـی زۆری لەسـەرە و ئیـش بۆ جەلالییـە تێکدەرەکان دەکات." ئەویـش گوتبـووی، "ئـەم کـوڕە خـزم و دۆسـت و تێکەڵاوی خێزانیمـان هەیـە. کەفالەتـی دەکەیـن و دەبـێ ئـازادی بکـەی."

من هـەر لەوێدا بەڵێنـم بـە خـۆم دا کـە لەوەبـەدوا زۆر بەوریایـی هەڵسـوکەوت بکـەم و کەمتـر بچمـە شـوێنە قەرەباڵغەکانـی وەک چایخانـە و شـوێنی گشـتییەکان تـا جارێکـی تـر نەکەومـە دەسـت ئـەو دڕندانـە. لـە دەرگـای پرسـگەی ئەمـن هاتمـە دەرەوە. وەک ئـەوەی تـازە ژیانـم پـێ درابێتـەوە وا بـوو. باڵم گرتبوو زوو لێیان دوور بکەومـەوە. یەکسـەر پەڕیمـەوە بـۆ جـادەی ئەوبـەر و بـەرەو گەڕەکـی شـێخ محێدیـن بـۆ لای ماڵـی خۆمـان- تـازە ماڵمـان چووبـووە ئـەو گەڕەکـە. دایکـم، بـەو هەمـوو چڵـک و

---

١ لـە هەمـوو دامەزراوەیەکـی سیاسـیدا بەشـێک هەبـوو پێیـان دەگـوت، 'تەوجیهـی سیاسـی'. ئـەم بەشـە ڕاستەوخۆ پەیوەسـت بـوو بـە حیزبـی بەعسـەوە و کـاری بڵاوکردنـەوەی بیروباوەڕی بەعس بـوو لەنـاو دامـەزراوەی سـەربازییدا. ئەفسـەر و پلەدارەکانـی ئـەم بەشـە لـە هەمـوو دامـەزراوە و فەرمانگـە حکومـی و سیاسـییەکانی عێراقـی ئـەو کاتـەدا دەسـتیان دەڕۆیشـت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆنی ئارەق و پیسییە سجنمەوە، باوەشی پێدا کردم و تا تێر نەبوو لە بۆنکردنم، دەستی لێ بەرنەدام. هەر ماچی دەکردم و شوکرانەی پەروەردگاری دەکرد. ئاخر مەزنیی دایک ئەوەیە لای ئەو یەک بۆن هەیە کە دەگمەنترین بۆنە، ئەویش بۆنی جگەرگۆشەکەیەتی، دڵخۆشیش بوو کە پەرەوردگار دووعاکانی گیرا کردبوو.

گەیشتمەماڵەوە. بینیم هەموو چاوەڕوانی منن. ڕۆژی پێشووتر بەڕێوەبەری ئەمن بەڵێنی بە هاوڕێکەی ملازم محەمەدی خوشکەزام دابوو کە بەیانی ئازادم بکەن، ئەویش دایکمی ئاگادار کردبوو، بۆیە هەر چاویان لە دەرگا بوو. خۆم شت و چیرۆکی گرتن و بەشێکی چیرۆکەکانی زیندانیشم بۆ گێڕانەوە. زیاتر لە دوو هەفتە لە زیندان مابوومەوە، بەڵام وەک ئەوە بوو دوو ساڵ زیاتر لە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیدا زیندانی بووبم.

بە درێژاییی ماوەی مانەوەم لە زیندان بەباشی نەمزانی بۆچی منیان گرتبوو. بەڵام دوایی ملازم محەمەد بۆی گێڕامەوە کە پێیان گوتووە ئەم کوڕە ڕاپۆرتی زۆری لەسەرە و خەریکی چالاکیی تێکدەرانەیە. هەموو ڕاپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئەم کوڕە جەلالییە و ئیشیان بۆ دەکات، دژی بەعس کار دەکات، لەملاولا قسە دەکات و ڕەخنە دەگرێت، خۆی داوەتە پاڵ گرووپێکی گوماناوی و هتد. ئینجا گوتی، "من نەسیحەتت دەکەم دوور بکەوەرەوە لێیان، ئەمجارە بگیرێی، کائینات بەرت نادا. ئەمە دواهەمین فرسەتە بۆ ئەوەی زۆر ئاگات لە خۆت بێ و سەرکێشی نەکەی."

کاتی خۆی لە خۆشیی ئازادبوونم لە زیندان ئاگام لە هیچ نەمابوو، بە لاشمەوە گرنگ نەبوو بزانم ئەو ئەحمەد لامییە کێیە. ئێستا و پاش دەیان ساڵ وا دانیشتووم یادەوەرییەکانی خۆم دەنووسمەوە حەزی ئەوەم لا درووست بوو بزانم ئەو پیاوەی فریای من کەوت کێ بوو! گەڕام و پرسیارم کرد و تاکە شتێک کە بۆم دەرکەوت ئەوەیە عەشرەتی (لام) کاتی خۆی لە سعودییە دەستڕۆیشتوو بوون، دوایی، بە هەر هۆیەک بێت، بەشێکیان ڕوویان کردۆتە باشووری عێراق بۆ ناوچەی بادییە و چوار سەد ساڵێک دەبێت لەوێ دەژین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بینینەوەی ڕێبوار

دوای چەند ڕۆژێک، ڕێبوارم بینییەوە. دوای چاکوچۆنی، ئەو یەکسەر پرسیی، "دەمانزانی گیراوی و دڵمان لات بوو؟" مەسەلەکەم بۆ باس کرد. دیار بوو برادەران ئاگاداری گیرانەکەم بوون. ڕێبوار پێی گوتم کە ڕای خۆی و برادەرانیش ئەوەیە من ئاگام لە خۆم بێت، چوونکە ئەگەری ئەوە هەیە دیسان بگیرێمەوە. ئینجا بە پێکەنینێکی دۆستانەوە گوتی، "ئەمە هەر دانەڕۆکە بوو، ئەم جارە بتخەنە داو، دەربازبوونت نییە." ئیتر ڕێک کەوتین لەسەر ئەوەی تا برادەران دڵنیا دەبن دەرسم لە گیرانەکەم وەرگرتووە، هاتوچۆ کەم بکەینەوە و دوایی قسەیەکی تر لە شتەکان بکەین.

ڕێبواری ئەحمەدی تاپۆ کادرێکی ئازا و چاونەترس و چالاکی کۆمەڵە بوو. ماوەیەک بوو چووبوومە دەرەوە، ئەویش، کە ئاشکرا دەبێت، پەیوەندی بە مەفرەزەکانی پێشمەرگەی قەرەداغەوە دەکات. بەرلەوەی زەفەری پێ ببەن و بیگرن، توانیبووی خۆی دەرباز بکات و خۆی بگەیەنێتە ناو هێزی پێشمەرگە. دوای ماوەیەک لە گوندی بارۆیی لە ناوچەی بازیان، نزیک هەزارمێرد، لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید بوو.

لە سجن بەربووم. زانیم لە دەریشەوە کۆمەڵێک چیرۆکی دیکە هەن. ئەو ڕۆژەی گیرام هاوڕێکانم خەبەریان پێ گەیشتبوو. دەستبەجێ کەوتبوونە خۆیان و خۆیان شاردبۆوە. لە ماڵی خۆشمان، دایکم دنیای هێنابووە یەک و هانای بۆ هەموو خزم و کەسوکار بردبوو. حەمەی برام خەریکی کاسبی بوو؛ هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، بەختیاریش تەلەبەیەکی منداڵ بوو. دەبوو هەموو شتێک هەر دایکم بیکات. باسی ئەوەم کرد کە سەری لە مەکتەب دابوو، بەپەلە چووبووە لای دادە حەلاوم و لەوێوە تەلەفونیان بۆ ملازم محەمەد کردبوو، ئەویش لای خۆیەوە کەوتبووە جووڵە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دایکم هەر دەیگوت، "کوڕم وا مەکە؛ تێکەڵی ئەو شتانە مەبە، سیاسەت ماڵ وێران دەکا." ئەو هیچی لە دەست نەدەهات، ئەو ماوەیەی هەر بە گریان و دووعاکردن و پاڕانەوە لە خوا بەسەر برد بوو. نەیدەزانی چی بکات. چووبوو بۆ سناعە، لەوێ پێیان گوتبوو لە تاقیکردنەوە چۆتە دەرەوە و ئیتر نەهاتۆتەوە. ئینجا دایکم خۆی گەیاندبووە بەردەرگای ئەمن، بەڵام جوابیان نەدابۆوە- ئەوان جوابی کەس نادەنەوە؛ هەر باشیش بووە دایکمیشیان سجن نەکردووە. دایکم، هەر کە منی بینی، گوتی، "ئەوە خوا دووعاکانی منی گیرا کردووە." دەستی کرد بە دووعا و حەمدوسەنا و سوپاسگوزاری بۆ خوا. دەپاڕایەوە، "ئەم جارە خوا فریامان کەوت، جارێکی تر هەقت بەسەر هیچەوە نەبێ. باوکت تیاچوو، تۆ بۆ کێ خۆت وا لێ دەکەی. بیکە بە خاتری خوا واز بهێنە. من تەنیابالم، کرێکاریتان بۆ دەکەم بەس بۆ ئەوەی مەکتەب تەواو بکەن." دایکم ئەوەندە ترسابوو، ئەگەر کتێبێکیشم بگرتایە بە دەستەوە، دەیگوت دیسان دەستت پێ کردەوە. تا تێم دەگەیاند کتێبی مەکتەبە، ماوەیەک مشتومڕمان دەکرد. دایکم ژنێکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام لەسەر تاڵی و سەختییەکانی ژیان و ئەو ماڵوێرانییەی بەسەر تاکی کورد و خەڵکی وڵاتماندا هاتووە، خاوەن ئەزموونێکی زۆر و زەوەندە بوو. زۆر دەترسا و جەرگی بۆ منداڵەکانی دەسووتا، چوونکە سەدان ژنی دیبوو و دەناسی کە ڕۆڵەیان بەوپەڕی بێڕەحمی کوژرابوون. دایکم لە هەموو شتێک دەترسا.

هێشتا گەنج بوو کە هاوسەری شەهید کرابوو. هەموو ئاواتی ئەوە بوو ئێمە پێ بگەیەنێت و وەک خۆی دەیگوت، "لە پیریدا لە سایەتاندا بحەسێمەوە." ماوەیەکی زۆر لێپرسینەوەی لێ کردم کە لەسەر چی گیراوم. دەیگوت تۆ لەگەڵ ئەو کوڕانەدا دەگەڕێیت و سەرتان ناوە بە سەری یەکەوە و سەری خۆتان بە فەتارەتدا دەدەن. دەیگوت سەدا سەد خەریکی شتێکیت، دڵی خەبەری دابوو، بۆیە دەیگوت، "کەس لە خۆیەوە نایەت بتگرێت." لەو ڕۆژە بەدواوە هەستم دەکرد زیاتر دەترسا. منیش فشارێکی دەروونیی زۆرم لەسەر بوو. لەلایەکەوە باوکم بەو شێوەیە شەهید کرابوو، لە لایەکی تریشەوە دایکم ڕەنجی فەرهادی دابوو بۆ ئێمە. هەستم بە ئازارێکی سەختی ویژدان دەکرد کە دەمبینی ناهێڵین دایکم بەئارامی پشوویەک بدات.

دایکم تا ڕادەیەکی زۆر هەقی بوو، هێندە ترس و دڵەڕاوکێ لە دەروونیدا پەنگی خواردبۆوە، باکی بەوە نەبوو لەناو تەپوتۆزی کارگەی تووتندا تا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرئێسقان ماندوو ببێت بۆ بەڕێوەبردنی منداڵەکانی، بەڵام دەیگوت "بۆ دەبێت ئێوە پێش خەڵکی تر بکەون بۆ ماڵوێرانی خۆتان؟ بۆ ئەو ڕێیەتان تاقی کردەوە و هەمووتان چوونە دەرەوە؟ (مەبەستی ساڵی ١٩٧٤ بوو) چیتان دەست کەوت؟ جگە لە فەوتانی خوێندن و دەربەدەری و ...! ئیتر بۆچی تێ ناگەن؟ بۆ واز لەم کارانە ناهێنن؟"

منیش تووشی حاڵەتێکی ناخۆش ببووم. لە لایەکەوە پەرۆشی و خۆشەویستی و ڕێزی زۆرم بۆ دایکم، لە لایەکی تریشەوە چاوداخستن و گوێنەدان بەو هەموو تاوانە قێزەونانەی بەعس بەرانبەر گەلەکەم دەیکردن. ئەوەش بۆ خۆی جۆرە تاوانێکە، بۆیە نابێ لێی بێ دەنگ بین و ژێردەستەیی داگیرکەر قبووڵ بکەین، چوونکە ڕۆڵەی ئەم خاکەین.

پشووی مەکتەب بوو. وەستا ئەحمەدی برام لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ کرێکاری. جاری واش هەبوو لەگەڵ برادەرێکی وەستا ئەحمەددا دەچووم بۆ کرێکاریی و پارەی خوێندنی ساڵی داهاتووم کۆ دەکردەوە. خۆ ئەو چەند ساڵەی تریش بۆ بەڕێکردنی خوێندن هاوینان هەر کرێکاری و کاری خۆژێنیی ترمان دەکرد، مەسرەفیشمان کەم بوو؛ دوو پانتۆڵت بکڕییایە بەشی ساڵەکەی دەکردی.

پەیوەندیم لەگەڵ برادەرانم بەردەوام بوو، بەڵام زۆر لە جاران نهێنیتر بوو. لە دوای گیرانەکەمەوە، هەرگیز نەمهێشت دایکم هەست بە هیچ بکات. شوێنی کۆبوونەوە و یەکتربینینمان گۆڕی. زیاتر لە شەقامی مەولەوی و بەدەم پیاسەکردنەوە قسەمان دەکرد، هاوڕێکانم نەدەهاتن بۆ کتێبخانەی گشتی، جگە لەو یەک، دوو جارە نەبێت کە ڕێبوار هات. من هەر دەچووم، لەوێ سەعیم دەکرد، کتێبم دەخوێندەوە و خۆم وا دەردەخست هەقی هیچم نییە.

ڕۆژێکیان کاکە ئەحمەدم گەیشتە تینی و پێمدا تەقییەوە: "تۆ خەریکی چی؟ ئەم کتێب و شتانە چین دەیانهێنیتەوە بۆ ماڵەوە؟ (چەند نامیلکەیەکی (ماو تسی تۆنگ)م پێ بوو). نابینی چیمان بەسەر هاتووە؟ بۆچی دانانیشی؟ بۆچی سەری ئێمەش و خۆشت بە فەتارەتدا دەدەی؟"

ماوەیەک خووم دایە هێنانی کەلوپەلی ئێرانی لە پێنجوێنەوە. لەناو بازاڕ هەندێک لە دووکاندارەکان ناسیاومان بوون. لە شار کەلوپەلەکانم بە ئەوان دەفرۆشتەوە و پارەیەکم دەست دەکەوت. هەرجارەی بایی پەنجا تا سەد دینار

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شتم دەکڕی و نزیکەی بیست دیناریکی خێر دەکرد. لەوێ لە پێنجوێن شتەکانم دەکڕی. پیکابی تایبەت هەبوون ئەو کارانەیان دەکرد و بۆیان دەهێنامەوە. بە پشتی سەیتەرەکاندا و بەڕێی قاچاخدا دەڕۆیشتن و دەیانهێنایەوە بۆ سلێمانی و لەوێ لێمان وەردەگرتن. ئەمە هەم سەرچاوەیەکی دارایی بوو، هەم لە چاوی ئەمنەکانیش دووری دەخستمەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەڕانەوە بۆ چیا

لەگەڵ ڕێبوار قسەوباسمان لەسەر چوونەدەرەوەمان زۆر دەکرد. ئەو دەیگوت برادەران دەڵێن ڕێوشوێنی چوونەدەرەوەم بۆ ئامادە دەکەن و دەبێت هەرچی زووە خۆم ئامادە بکەم بۆ ڕۆیشتن. پێویستی نەدەکرد پرسیاری لەسەر ناوی ئەو "برادەران"ە لێ بکەم کە باسی دەکردن. دڵنیا بووم هاوڕێ برایم لە مەسەلەکەدایە، بەڵام پرسیارم نەکرد. ڕۆژێک، بێ ئەوەی لە ڕێبوار بپرسم ئەو خۆی پێی گوتم ئەو هاوڕێیانە کێن و گوتی، "هاوڕێ شۆڕش، مەلا بەختیار پێی ڕاگەیاندووم نابێت بمێنیتەوە، چاوت لەسەرە و ئەگەری ئەوە هەیە بگیرێی. دەبێت تا ئەو کاتەی چوونەدەرەوەکەت ڕێک دەخرێ، ئاگات لە خۆت بێ و خۆت زۆرنەخەیتە بەرچاو." مەلا بەختیار ئەوەشی بە ڕێبوار گوتبوو کە ئەگەر لە شوێنی خۆم دڵنیا نیم، باشترە بچمە ماڵی ئەوان، یان شوێنی ترم بۆ دابین بکەن.

جار جار کە دەچووم بۆ لای کاک برایم بۆ دووکانەکەی، قسەوباسی زۆرمان لەسەر زۆر بابەت دەکرد، بەتایبەت چوونەدەرەوەم. ئەویش زۆری پێ باش بوو. زوو زووش شێخ فەتاحم دەبینی. ئەو بەتەواوی خۆی ئامادە کردبوو بۆ چوونەدەرەوە. حەزی دەکرد پێکەوە بڕۆین. دەمویست تا ئەو کاتەی دەتوانم، بۆ کاری ڕێکخستن بمێنمەوە. شێخ فەتاحیش وای کرد، دواتریش پێش ئێمە چووە دەرەوە. منیش، پێش ئەوەی بڕۆم، جارێکی تر ڕای کاک برایمم وەرگرت. ئەو زانیی من خۆم ئامادە کردووە بۆ ڕۆیشتن، گوتی، "هاوڕێ ئارام و مەلا بەختیار ئاگادارن و ئەوانیش پێیان باشە تۆ لە شار نەمێنی."

کاتێک ئاگاداریان کردم ناوەڕاستی مانگی ٩ یان کۆتایی مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٦ بوو. ماوەیەک هەر وا بیرم لێ دەکردەوە: ئەوە ڕاستە، زۆر ڕێی تێدەچێت جارێکی دیکەش بکەومەوە زیندان بەوەی چاوی دوژمنمان لەسەرە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵام خۆشم حەزم دەکرد ببم بە پێشمەرگەی دەستە سەرەتاییەکان و لەو ترسەترسەی شار و خەباتی نهێنیی ناوشار ڕزگارم ببێت. تا ڕادەیەک کاری ڕێکخستن لە شاردا قورسترە لە خەباتی شاخ. ئەو شەڕە شاراوەیەی شار کە کادر و ئەندامەکانی ڕێکخستن دەیانکرد لووتکەی ئازایەتی و فیداکاری بوو چوونکە هەموو ساتەوەختێک ئەندامانی ڕێکخستن ئامادە بوون بۆ گرتن و لە گرتنیشدا ئەشکەنجەی درندانە و دواتریش لەسێدارەدان.

لە کۆبوونەوەکانی خۆماندا زۆر باسمان لە بابەتی چوونەدەرەوە کردبوو، هەمووشمان ئامادەییمان دەربڕیبوو هەر کاتێک داوامان لێ کرا، بێ هیچ دوودڵییەک ڕەزامەندی نیشان بدەین، بەڵام گرفتێکی گەورە هەبوو: چی لە دایکم بکەم! چۆنی پێ بڵێم؟ خوایە گیان قورسترین و سەختترین ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ تاقە سەرکردە و ڕابەری ڕووحیمدا، کە بە ڕووح قەرزاریم، چۆن دڵ ڕێگەم دەدا و زمان دەتوانێ بابەتێکی ئاوای لەگەڵ باس بکا؟

ماوەیەک هەر ئاوا لە مێشکی خۆمدا لێکم دەدایەوە، زۆریش بەوریاییەوە ڕەفتارم دەکرد و سڵم لە هەموو شتێک دەکردەوە. قەلەقی وا لێ کردبووم خەویشم پچڕپچڕ بێت. شەوان زوو زوو بە خەبەر دەهاتم، یان نەمدەتوانی بخەوم، ترسم هەبوو ئەم جارەیان بە هەر هۆکارێک بێت، درندەکانی بەعس بێنە سەرماڵمان فڕێمان بدەنەوە زیندان. جار جار ختوورەی سەیروسەمەرە بە مێشکمدا دەهاتن، "تۆ بڵێی پێیان زانیبێ من بە نیازی ئەوەم بڕۆمە دەرەوە؟ ئیخباریی نەکرابم؟" بەڵام هەر زوو ئەو بیرکردنەوانەم لە مێشکی خۆم دەردەکرد و بە خۆمم دەگوت، "جا کێ ئاگای لەمەیە؟ برادەرانی خۆم بەتەواوەتی جێگەی متمانەن، غەیری ئەوان تەنانەت دایکیشم هیچ نازانێ."

دایکم هەستی دەکرد کە دەترسم و لە شتێک دەسڵەممەوە. بە سەرسووڕمانەوە سەیری هەڵسوکەوتەکانمی دەکرد. کە شەوانە جار جار دەچوومە دەرەوە، پرسیاری لێ دەکردم، "چیتە، کوڕم؟ لە چی دەترسی؟" من هیچم نەدەدرکاند و نکووڵیشم دەکرد لەوەی هیچ شتێک مایەی سڵەمینەوە و نیگەرانیم بێت. ئەویش کە دەیزانی هیچی پێ ناڵێم و دڵیشی دەترسا و ناڕەحەت دەبوو، ئامۆژگاریی دەکردم کە ئاگام لە خۆم بێت، هۆشداریی دەدامێ بگیرێم ڕووناکی نابینمەوە خۆم و ئەوانیش تووشی ناڕەحەتی و دەردی سەریی دەکەم و دەبمە مایەی سەرئێشە بۆیان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوبەناو بۆ ئەوەی زیاتر خۆم بپارێزم، لە ماڵی هاوڕێکانم دەمامەوە، ئەوەش شتێکی خۆش نەبوو، چوونکە هەر دایکم و بەختیار بە تەنها لە ماڵەوە دەمانەوە، بەختیاریش تازە لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بوو. جگە لەوەش، کە نەدەرۆیشتمەوە، دایکم زیاتر گومانی دەکرد و زیاتر هەوڵی دەدا لێم تێ بگات کە خەریکی چیم و بەتەمای چیم. دەیویست دڵنیا بێت کە دیسان ناکەومەوە داوی ئەمنەکان. جارجار، لە ماڵی سوارە سیوەیلی یا کارزان کۆیی دەمایەوە. کە ڕۆژی دواتر دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ناچار دەمگوت، " دایە گیان، وەڵا ترسم هەیە لە خۆوە ئیخباریم بکەن و بەعس گێچەڵم پێ بکەن و بمگرن." دایکیشم دەستی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی دەکەوتە نزا و پاڕانەوە لە پەروەردگار تا لە بەڵای بەعسییەکان بەدوور بین. دەیگوت، "کوڕم ئەمانە دڕندەن و ڕەحم بە کەس ناکەن. ئاممان ئاگات لە خۆت بێ."

جارجار بە لای چاو سەیری سیمای دایکم دەکرد. خوادیە چ ترسێکم بەدی دەکرد لەو ڕووە نوورانییەیدا، بەڵام بەسەر خۆی نەدەهێنا و دەست بە تەسبیح و دەم بە زیکری پەروەردگار لە دووعا بەردەوام دەبوو. بە خۆمم دەگوت، "خودایە بۆ دەبێ بەختی ئێمەی کورد لەجیاتی دانەوەی چاکە و خزمەتکردنی دایکمان ئەوە بێ بەناچاری جێی بهێڵین و ببینە مایەی خەم وخەفەت و ناڕەحەتی بۆی!"

بیرم دەکردەوە کە من زۆری پێ ناچێت دەچمە شاخ و ئەمانیش لە شار لەژێر سایەی دوژمندا دەمێننەوە. ئەو کات هەر کەس بیووایە بە پێشمەرگە، کەسوکاری زیندانی دەکران، بۆیە دایکم و براکانم دەبینی ئەمنەکان بە پۆستاڵەکانیان لێیان دەدەن و دەیانخەنە پشتی مسەلەحەکانیانەوە.

دوا جار کەوتمە خۆئامادەکردن و خۆڕاهێنان لە ڕووی دەروونییەوە بۆ ئەوەی داواکەی کۆمەڵە جێبەجێ بکەم. ئاگاداریش بووم کە کۆمەڵە توانای دارایی و کەرەستە و پێویستیی سەربازیی زۆر خراپ بوو، لە ئاستی نەبووندا بوو؛ هەتا لە جێگەیەک چوار مەخزەن فیشەک یان دوو تفەنگی شکاویان پەیدا دەکرد، قیر سپی دەبوو.

بەو توانا کەم و پەرشبڵاوییەی کۆمەڵەوە، بە هیمەت و توانای بێسنووری هاوڕێ ئارام و هاوڕێکانی لە کۆمیتەی هەرێمەکان، کۆمەڵەیان تا ڕادەیەکی زۆر ڕێک خستەوە، زۆر کادری ئامادە کرد بۆ ناردنە دەرەوە بۆناو مەفرەزە سەرەتاییەکان. بە پەلەپەلکردنێکی ژیرانە مەفرەزەکانی گەیاندە ئاستێکی وا کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆربەی ناوچەکان مەفرەزە و دەستەی سەرەتاییی خۆیان بۆ نێردرا بوو، ئەم هەنگاوەش بۆ خۆی قورسترین هەنگاوی دەستپێکردنەوەی شۆڕش بوو. کاری لەو شێوە موستەحیلەش بێگومان بێ کەموکووڕی نابێت.

لە ماڵەوە دەخەوتم. شەوێکیان نزیکەی سەعات ٢ی شەو دەنگی ئیستۆپی سەیارەیەک لە بەردەرگای ماڵمانەوە هات. ڕاچڵەکیم و بەهێواشی چوومە دەرەوە بزانم چییە. هەمیشە سەیارەی ئەمنەکان ئاوا دەوەستان. دوای ئەوەی دڵنیا بووم هیچ نییە، هاتمەوە ژوورەوە. بینیم دایکم لە ژووری دواوە خۆی گرمۆڵە کردووە و بەترسەوە دانیشتووە. کە منی بینی، گوتی، "تۆ خەریکی چی؟ بۆ وا لە من دەکەی؟" منیش دڵم دایەوە و بۆم ڕوون کردەوە کە بەس ویستم بزانم ئەو دەنگە چییە، خۆ دەبێت ئاگامان لە خۆمان بێت و دنیا هەزار شتی خراپی تێدایە.

دەبێت هەرچۆن بووە شتێک بە دایکم بڵێم تا جۆرە دڵنیاییەکی- گەر کاتییش بێت- لە لا درووست ببێت؛ خۆ ناکرێت لەپڕ و بێ ئاگاداری لەبەرچاوی ون ببم، نەدەبوو ئەوە بەرانبەر دایکێک بکەم کە بە ڕووحم خۆم بە قەرزارداری دەزانم.

بۆیە پێم گوت، "دایکە گیان، برادەرەکانم زانیاریان داوەتێ کە دائیرەی ئەمن بەنیازن جارێکی تر بمگرن، بۆیە وا باشترە ماوەیەک خۆم ون بکەم. دەچمە ماڵی برادەرێکم. ماڵیان لە دەرەوەیە لە مەنتیقەی مەرگە." دایکم کە ئەمەی بیست، سڕ بوو، دەمی وشک بوو، تا چەند ساتێ قسەی بۆ نەکرا. باوەشم پێدا کرد و هەندێ قسەم بۆ کرد تا قەناعەتی پێ بێنم کە گەر ئەمە نەکەم، دەگیرێم و ئەوسا کەس نازانی لای ئەم دڕندانە چارەنووسم چی دەبێت. ئەم پەپوولەی بەهەشتە کەوتبووە نێوان دوو بەرداشەوە و دەسەڵاتی نەبوو، نەیدەزانی ڕوو بۆ کام لایان بنێ. گوتم، "خەمت نەبێ، دووعاکانت لە هەموو ئاگرێک دەمپارێزن و ئیشەڵا بەزوویی دێمەوە لات."

بەیانییەکی سەرەتای مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٦ لە ماڵ هاتمە دەرەوە و هەتا چەند ساڵێک چاوم بە دایکم نەکەوتەوە. چوونەدەرەوەم بڕیارێکی قورس و سەرەتای قۆناغێکی تری سەخت و پڕەردەسەری بۆ دایکم و براکانم، گرتن، ئازاردان، ماڵوێرانی، تاڵانکردنی ماڵ، برا کوشتن و دەربەدەربوونی دایک و براکانم بوو.

هاوڕێ ڕێبوار پێی گوتم، "ئامادەکارییان بۆ کردووی بۆ چوونەدەرەوە، سبەی بەیانی، خۆشم زوو دێم." ئەو هات و بە جلە کوردییەکانمەوە، کە تازە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کردبووم، لەگەڵ بڕێک پارە- هەر وا دە، پانزە دینارێک- لەماڵ هاتمەوە دەرەوە و لەگەڵ ڕێبوار یەکمان گرتەوە. وایان ڕێک خستبوو لای کتێبخانەی گشتی سەعات ٨ی بەیانی کەسێک چاوەڕێم بکات. لە کاتی دیاریکراودا من و ڕێبوار چووینە شوێنی دیاریکراو. کە چووین، ئەو برادەرەی تر لەپێش ئێمەوە لەوێ بوو. ڕێبوار دەیناسی؛ سڵاوی لێ کرد و گوتی، "ئەوە شۆڕشە." منیش خۆم پێ ناساند، ئەویش پێی گوتم کە ناوی 'فارس'ە. دڵنیا بووم ئەوە ناوی خۆی نەبوو، بەڵام هیچم نەگوت. فارس سەیارەیەکی ئامادە کردبوو. بە جووتە خواحافیزیمان لە ڕێبوار کرد و کەوتینە ڕێ؛ بەدەم ڕێگەشەوە کەوتینە قسە. دیار بوو سایەقی سەیارەکەش هەر ئاشنا و جێگەی متمانە بوو، بۆیە کەوتینە باسی دۆخی خراپی ناوشار و دڕندەیی بەعس، هەر لە گرتن و ڕاگواستن و بەبەعسیکردنی خەڵک بەزۆر و بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی پێشمەرگە و درووستبوونەوەی شۆڕش. لەو کاتی نائومێدییە زۆرەی خەڵکی کوردستاندا، هەواڵی پەیدابوونەوەی پێشمەرگە خۆشترین هەواڵ بوو بۆ خەڵک، بۆیە گەر چەند پێشمەرگەیەک بچوونایەتە گوندێک، دەماودەم دەکرا بە دە هێندە.

من دڵم هەر لای دایکم بوو.

بۆ هەر حاڵەتێکی کتوپڕ، پێناسێکی ئامادەییم خستبووە گیرفانمەوە. یەکەم جار، چووینە دووکان. فارس لەڕێی خزمەکانییەوە هەموو شتی بۆ گەیشتن بە گوندی (کانی توو) بۆ ئامادە کردبووم. دیار بوو ئامانجەکە چوونمان بوو بۆ کانی توو. یەکەم جارم بوو ناوی گوندی وا ببیستم. لە دووکان، بە بەلەم لە ئاوەکە پەڕیمەوە، ئەوەش هەر یەکەم جارم بوو سواری بەلەم ببم بە ئاودا سەفەری کورتیش بێ، بیکەم، بۆیە بە شێوەیەک لەگەڵ شەپۆلی ئاوەکەدا تێکەڵ ببووم کاکی بەلەمەوان چەندین پرسیاری لێ دەکردم، بەڵام کە خەریک بوو دەگەیشتینە نزیک کەناری ئەوبەر، ڕووم لە ئاوەکە وەرگێڕا و کاکی بەلەمەوان گوتی، "قسەم زۆر بۆ کردی، گوێت لێم نەبوو!" ئینجا پرسیی، " بۆچی دەچی بۆ کانی توو؟ خزمت لەوێ هەیە؟" منیش بە "بەڵێ" وەڵامم دایەوە. ئەو دەیویست پرسیاری تر بکا، بەڵام باش بوو من قسەکانیم پێ گۆڕی بۆ ڕاوەماسی و خێروبێری بەلەمەوانی. ئیتر ڕزگارم بوو لە پرسیارەکانی. کاک فارس بە بەلەمەوانەکەی گوتبوو کە تەسلیمی کاک محەمەد ناوێکم بکات، ڕووشی کردە من و گوتی، "پارەی بەلەمەکە دراوە، تۆ هەقت نەبێ." لە کەناری دەریاچەکە دابەزین و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چووینە گوندی کانی هەنجیر. کاک فارسی چاوساغم بەلەمەوانەکەی ڕاسپاردبوو بمداتە دەستی کاک محەمەد و ئەویش بمگەیەنێتە بنگرد و لەوێشەوە بۆ مەرگە و گوندی کانی توو. ڕێگەکە هیچ سەیتەرە و خاڵێکی پشکنینی لەسەر نەبوو.

کەناری ئاوەکە تراکتۆرێکی لێ بوو. چووینەماڵی کاک محەمەد لە گوندی کانی هەنجیر و پێکەوە لەگەڵ کاک محەمەد بە تراکتۆرەکە بەرەو بنگرد بەڕێ کەوتین. ڕێگەیەکی ناخۆش و تا ڕادەیەکی چۆڵ بوو. تراکتۆرەکە عەرەبانەی پێوە نەبوو، من لە لایەک و ئەو برادەری لەگەڵم بوو لە لایەکەی تری شۆفێرەکەوە لەسەر چەمەلەغی تایەکان دانیشتبووین. تاکوتەرا خەڵکمان لەو ڕێگەیە دەبینی. گەیشتینە بنگرد. باش بوو جێبێک حازر بوو. سەرکەوتین و چووین بۆ مەرگە. ئێستا ئیتر نزیکی نیوەڕۆ بوو، ئێمە لە سەعات ٨:٣٠ دەقیقەی بەیانییەوە دەرچووبووین. لە مەرگە نەوەستاین و یەکڕێ چووین بەرەو کانی توو. لە ڕێگەماندا بەرەو کانی توو، ڕووم کردە ئەو برادەرەی لەگەڵ بوو و پێم گوت، "دەمەوێ کاک زێڕۆ ببینم. پێشمەرگەیە. خۆی خەڵکی ئەم ناوچەیەیە، بەڵکوولەناو دێ پرسیار بکەین و شوێنەکەیمان پێ بڵێن." مقەڕەکەیان نیشان داین، کە کەوتبووە سەرووی ماڵەکانەوە.

مقەڕی پێشمەرگەکان لە خانوویەکی بە قوڕدرووستکراوی ئاساییی ناودێدا بوو. محەمەد هەتا لای بارەگاکە لەگەڵم هات. لەوێ چەند پێشمەرگەیەک بە چەکەوە لەسەر بانی بەردەم مقەڕەکە وەستا بوون. بە بینینیان هێندە دڵخۆش بووم ماندووبوونی ڕێ و هەموو نارەحەتیی ڕابردووم بیر چۆوە. سڵاومان لێ کردن و گوتمان دەمانویست کاک زیڕۆ ببینین. یەکێک لە پێشمەرگەکان فەرمووی لێ کردین و پێشمان کەوت بەرەو ئەو ژوورەی مقەڕ کە کاک زیڕۆی لێ بوو. کە چووینە ژوورەوە، پاش بەخێرهێنان و چا خواردنەوە، کاک زیڕۆ گوتی، "فەرموو، من زێڕۆم." منیش گوتم، "من لە شارەوە و لە لایەن ڕێکخستنی کۆمەڵەوە هاتووم." ئەو بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم. ئەو کوڕەی گەیاندبوومی دوای ئیجازەی لێ کردن گوتی، "ئەوە ئامانەتییەکەم بۆ هێنان، گەر کارتان بە من نەبێ، دەگەڕێمەوە." خواحافیزیمان کرد و ئەو گەڕایەوە.

دیار بوو مقەڕەکەی کانی توو کاتی بوو. ئەو ژوورەی ئێمەشی لێ بووین زۆر هەژارانە بوو؛ لە کومبارێکی کۆن و چەند بەتانییەک زیاتر شتێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کومبار و بەتانییەکان بە ڕۆژ بۆ دانیشتن و شەویش بۆ خەوتن بەکار دەهاتن. کاک حەمەی مامە سەلام فەرماندەی سەربازیی و کاک زێڕۆ عەبدوڵڵا بوو، کە بەرپرسی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە و سیاسیی ناوچەکە بوو. ڕێز و خۆشەویستیی زۆری هەبوو لەناو خەڵکی سنوورەکەدا. (حەمەی مامە سەلام)یش، کە فەرماندەیەکی سەربازی بوو، بە هەمان شێوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە دۆستایەتیی من لەگەڵ کاک زێڕۆ دەستی پێ کرد و دوور و نزیک بوونیایە هەر وەک بەرپرس و هاوڕێم لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی شاخ و شاردا پاراستوومە.

تا ئەو کاتە نامەکەی ڕێکخستنم شاردبۆوە، دەرم هێنا و دامە دەستی کاک زێڕۆ. کە خوێندیەوە، بە کاک حەمەی مامە سەلامی گوت، "شۆڕش کادری کۆمەڵەیە، ماوەیەک لەم ناوە دەمێنێتەوە و دواتر دەچێ بۆ لای هاوڕێ ئارام و برادەران." زۆر ڕێزی لێ گرتم و زۆری پێ خۆش بوو گەنجێکی تری خوێندەوار هاتۆتە دەرەوە. ئەوە یەکەمین جارم بوو ئەم دوو فەرماندەیە ببینم. کاک زێڕۆ فەرماندە و سەرکردەیەکی گەنج و چالاک و کاک حەمەی مامە سەلامیش دیار بوو چەند ساڵێک تەمەنی هەڵکشاوتر بوو بەڵام هەر گورجوگۆڵیی پێوە دیار بوو.

ئەوکات هێشتا هیچ پێکهاتەیەکی سەربازی و پێشمەرگەیی و سیاسیی یەکگرتوو دروست نەکرابوو، پێشمەرگە زیاتر خۆی لە یەکەی بچووک و مامناوەد (کەرت و مەفرەزە)دا ڕێک خستبوو، بۆ ئەو قۆناغەش هەر ئەو شێوە ڕێکخستنە بۆ پێشمەرگە گونجاو بوو.

کاک زێرۆ خۆی خەڵکی ئەو ناوچەیە بوو، چەند خزمێکی نزیکی خۆشی لەگەڵیدا ببوون بە پێشمەرگە، پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ دانیشتووانی سنوورەکە هەبوو، خەڵکێکی زۆر دەیانناسی و ڕێزی تایبەتیان بۆ دادەنا، کادرێکی بەئەزموون و لێهاتوو بوو. لەگەڵ ئەوەشدا من کە چوومە ئەوێ، شتێکی جیاوازترم بینی لەوەی چاوەڕوانی بووم، وام دەزانی پێشمەرگە زیاتر بەخۆپەروەردەکردنەوە سەرقاڵە و زۆربەی کات لەدەرەوەی گوندەکانن و تەنها شەو دێنەوە ناودێ و هەموو جووڵە و هەڵسوکەوتیان ڕێکخراو و بەبەرنامەن. ساڵێک زیاتر بوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست ببوو، هەر چەند مانگێک بوو دەستە سەرەتاییەکانی پێشمەرگەش لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆناساندن و وشیارکردنەوە و پڕۆپاگاندەی خەباتی چەکداریدا بوون. دانانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم مقەڕانەش ئاماژەی سەرەتایی بوون بۆ دوو ئاراستەی جیاوازی چۆنێتیی سەرکردایەتیکردن و ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە لە قۆناغێکدا کە حیزبی بەعس سوپاکەی بالادەست بوون.

کۆمەڵە بەرنامەی وا بوو کادر و پێشمەرگەکانی لە ڕووی چۆنایەتییەوە بە شێوەیەک پەروەردە و ئامادە بکات کە هێزی پێشمەرگە- سەرەڕای کەمیی ژمارەکەی- بە بیروبڕوای پۆلایینەوە لە ئاستی بەرپرسیارێتیی ئەو قۆناغە لەڕادەبەدەر سەختەدا بێت. بەرنامەکەی کۆمەڵە خۆی لە شەڕی پارتیزانی و خەباتی درێژخایەندا دەبینیەوە. سیاسەتی کۆمەڵە گرنگی زۆری نەدەدا بە خۆنماییشکردن و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین پێشمەرگە و هێز تا لەڕێی نیشاندانی هێزەوە فشار بخرێتە سەر حکومەت تا بەهەر شێوەیەک بێت لەگەڵیان ڕێک بکەوێت.

بە هۆی ئەو زەختە زۆرەوەی دەستەی دامەزرێنەر لە دەرەوەی ولاتەوە خستبوویانە سەر کاک ئارام و هاوڕێکانی، سەرئەنجام کۆمیتەی هەرێمەکان کەوتنە هەڵەی پەلەپەلکردن لە پەیداکردن و ناردنەدەرەوەی کەسانێک کە دوورونزیک بڕوایان نە بە کۆمەڵە و نە بە سیاسەتی کۆمەڵە هەبوو، نە پەیوەست بوون بە ڕەفتار و ڕەوشتی پێشمەرگەوە، بۆیە هەر زوو پشتیان لە کۆمەڵە و یەکێتی کرد و لێی دوورکەوتنەوە و بوونە سەرئێشەی زۆر. کەوتنە سەرانەسەندن و ڕاوڕووت و ئازاردانی خەڵک و کوشتن و تەعەداکردن لە هاوولاتییان و دواتریش تەسلیمی حکومەت بوونەوە- هەرچەندە ئەم کارە لە کردار و دەستکەوتە مێژووییەکانی کاک ئارام و سەرکردەکانی ناوەی وولات و هاوڕێکانی لە کۆمیتەی هەرێمەکان و هەڤالانی بزووتنەوە کەم ناکاتەوە کە دامەزرێنەری یەکێتی بوون لە ناوەوەی ولات و داینەمۆی دەستپێکردنەوەی شۆڕش بوون، بە تایبەت لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر و کەرکووک.

ئامادەکردن و ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ سنووری بادینان، گەیاندنی چەک و تەقەمەنی و کردنەوەی ڕێگەیەکی تا ڕادەیەک پارێزراو لە سووریاوە بۆ بادینان، لەوێشەوە بۆ ئەو ناوچانەی تر کە مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەر بەرپرسیارێتیان گرتبوونە ئەستۆ، پەلاماری قیادەی مۆقەتە و شەهیدکردنی برایم عەزۆ و هاوڕێکانی وەک یەکەم مەفرەزەی دەستپێکردنەوەی شۆڕش، هەموو پێکەوە گورزێکی کوشندەیان لە یەکێتی دا. بەمەش بەرنامەی ناردنەوەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگە و چەک و تەقەمەنی بۆ بادینان پەکی کەوت. پێ دەچێت ئەمە لە ئەنجامی باش نەخوێندنەوە و باش هەڵنەسەنگاندنی سرووشتی کۆمەڵایەتیی ناوچەکە و هاوسەنگیی هێزی تێکەڵ (قیادەی مۆقەتە و چەکداری خێڵە هاوپەیمانەکانیان)ەوە لە ناوچەکەدا بووبێت.

کاک زێرۆ، لە ساڵی ١٩٧٠دا، لە ئەڵقە سەرەتاییەکانی درووستبوونی کۆمەڵە بوو. پەیوەندییەکی فراوانی هەبوو، لە زۆر شوێن و ناوچەی جیاوە هەواڵ و زانیاریی بۆ دەهات، لە نزیکەوە ئاگای لەو واقیعە نوێیە بوو. هێشتا ماوەیەکی کەم بوو لایان بووم، ڕۆژێک گوتی، " لەلایەن بزووتنەوەکەوە هەوڵی زۆر هەیە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین خەڵکی چەکدار و پیشاندانی هێزی زۆر بەرانبەر بە عێراق تا ئەوە وەک فشارێکی سیاسی و چەکداری بەکار بهێنرێ و عێراق بە لای کەمەوە بە داخوازییەکانی جووڵانەوەکە ڕازی بێ." ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بۆ خۆی مەترسیی گەورەی هەبوو لەسەر خۆڕاگریی هێزەکە لە بەرانبەر ئەو مەترسییانەی لە ئاییندەدا ڕووبەڕووی دەبوونەوە.

زۆربەی پێشمەرگەکانی مەقەڕ لەگەڵ کاک حەمەی مامە سەلامدا بوون و کاک حەمەش خزمی کاک عەلی عەسکەریی بوو، هەر بە هۆی ئەویشەوە هاتبووە دەرەوە، ئەو پێشمەرگانەش کە لەگەڵیدا بوون کەس و نزیکی خۆی و پەیوەست بوون بە بزووتنەوەوە و بە چەکی خۆیانەوە هاتبوون.

بۆ نیوەڕۆ، لەگەڵ پێشمەرگەکان نۆکاومان خوارد. بارەگاکە لە ناودێ بوو، بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی لەوێ بووم، زۆرتر لە مقەڕ بووم. چەند جارێک بۆ نانخواردن دەچووینە ماڵە دۆست و نزیکەکانی کاک زێرۆ. ناودێ دووکانی تێدا بوو، پێشمەرگەکان دەچوون کەلوپەلی پێویستیان لەوێ دەکڕی و کێشەی خواردنیشیان نەبوو. لەلایەکەوە لە دووکانەکان شتیان دەکڕی، لە لایەکی تریشەوە خەڵکی گوند لە نانکردن و دابینکردنی ماستی بەیانیاندا هاوکارییان دەکردن.

پێشمەرگەکان خۆیان خواردنیان درووست دەکرد و لە ناودێش نانی تیرییان بۆ درووست دەکردین. جارجار پێشمەرگەکان بۆ جگەرە و کڕینی کەلوپەلی دیکە دەچوونە ناودێ. بەداخەوە ناوی هیچکام لەو پێشمەرگانەم بیر نەماوە.

ڕۆژانە پێشمەرگە لە شێوەی مەفرەزەدا لە شوێنی ترەوە دەهاتن و دەڕۆیشتن، خەڵکانی ناوچەکە و دەوروپشتی بە زۆری بە چەکی خۆیانەوە ببوون

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە پێشمەرگە، هەر یەکەو جۆرە جلوبەرگ و چەکێکی پێ بوو، چەن سەرنجم دەدا پێشمەرگەکان زیاتر بەهۆی خزمایەتی یان سۆز و خۆشەویستیی کاتییەوە بۆ پێشمەرگە و ناوی پێشمەگە، یان وەک کاردانەوە بەرانبەر دڕندەیی ڕژێمی بەعس چەکیان هەڵگرتبوو.

دوژمن زیاتر خەریکی زانیاری کۆکردنەوە و خۆئامادەکردن بوو بۆ پەلاماری فراوان بۆیە جارجار کۆپتەری دوژمن بەسەر ناوچەکەدا دەسووڕانەوە، ئەوەش ئاماژەیەکی خراپ بوو!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەواڵی ماڵەوە

ئەوەی باش بوو ماڵە تازەکەمان لای حکومەت ئاشکرا نەبوو. ئەوان زۆر بەدوامدا گەڕابوون و ویستبوویان بچنەسەر ماڵمان، بەڵام ماڵەکەی مەڵکەندیمان کرێچی تێدا بوو. حکومەت زۆری بۆ (عارفی حاجی ئەمین)ی موختاری مەڵکەندی هێنابوو تا ناونیشانی ماڵی ئێمەیان پێ بدات. لەگەڵ عارفدا دۆستایەتی و ناسیاویمان هەبوو، پیاوێکی باش بوو، زوو زوو دەچووە لای کاکە ئەحمەدم و پرسیاری منی لێ دەکرد و دەیگوت، "پیاوی چاک بن ئەو کوڕە بهێننەوە، من ئیسراحەتم لێ هەڵگیراوە؛ بە خوا تووشی بەزمێکم دەکەن." هەر کاتێک ئەمنەکان داوای زانیارییان لەسەر ئێمە دەکرد، عارف خەبەری بە ئەمنەکان دەدا کە نازانێت بۆ کوێ بارمان کردووە و هیچ دەربارەمان نازانێت.

چوونەدەرەوەی من کێشەی گەورەی بۆ ماڵەوە نابۆوە، دراوسێکانمان لە گەڕەکی شێخ محێدین خەڵکی زۆر باش و دڵسۆز و دژبەحکومەت بوون؛ خۆشیان کوڕیان پێشمەرگە بوو، چەند جارێک پرسیاری منیان کرد بوو، دایکم گوتبووی لە بەغدا دەخوێنێت، ئیتر بەوە تێ گەیشتبوون. بۆیە دوای ئەوە، ئیتر نەیان پرسیبۆوە، زۆریش هەوڵیان لەگەڵ دایکم دەدا گەر شتێک ڕووی دا، هەموو ماڵەکان بە ماڵی خۆی بزانێت.

خەڵک بەگشتی زۆر لە دڕندەیی و بێڕەحمیی بەعسییەکان دەترسان، دایکیشم بە هەمان شێوە، ئەگەر شەو دەنگی سەیارەیەک بهاتایە، ئەو وای دەزانی بۆ گرتنی ئەو هاتوون. خۆی ئامادە دەکرد تا گەر بۆ ئەو هاتبن، خێرا بە دیواری نزمی ماڵە دراوسێکانماندا بچێتە ئەودیو و خۆی دەرباز بکات. بێ لەو چەند ماڵەی دراوسێمان، گەڕەک خێزانی ئێمەی نەدەناسی، تەنیا دایکم و بەختیاریش مابوونەوە. دواتر دایکم پێی گوتم کە شەوان لە ترسی دوژمن و دارودەستەکەی، ماڵی وا تاریک دەکرد وەک ئەوەی ئاوەدانی تێدا نەبێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوەش فریایان نەکەوت و دەستی غەدر و تالآنیی بەعس ڕەحمی پێ نەکردن و باجی قورسیان دا.

محەمەدی برام، کە کوڕە ناونجی بوو، بە زۆری لە ماڵی دادە حەلاوم دەمایەوە. کوڕەکانی دادە حەلاو هاوتەمەنی ئەو بوون و نێوانیان زۆر خۆش بوو، بۆیە هەمیشە حەزی بەوێ بوو، ئەوەش بۆ ئەو باشتر بوو، دایکم دەترسا لەناکاو بدەن بەسەر ماڵماندا و دەستگیری بکەن. وەستا ئەحمەدی براشم تازە ژنی هێنا بوو. بەترسێکی زۆرەوە چووبووە ماڵی خۆی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مانەوەیەکی کاتی و هەڵوەستەیەک

کانی توو هاوسنووره لەگەڵ گوندەکانی چنارتە و گۆمەزەل و کانی کیژ و چەند گوندێکی تریش؛ ناوچەکە بەگشتی سەخت و عاسی و دارستاناوییە. دۆخی مقەڕەکەمان لە کانی توو، کە زۆربەی پێشمەرگەکانی کەس و خزمی نزیکی حەمەی مامە سەلام بوون و هیچ پەیوەستبوونێکی حیزبییان نەبوو، وای دەخواست بەهێمنی و لەسەرخۆیی، ئەوەندەی لەو ناوچەیە دەمامەوە، ئەرکی خۆم لە ڕێکخستندا- کۆبوونەوەکردن بە خەڵک و پێشمەرگە- جێبەجێ بکەم. بۆیە زیاتر خەریکی گفتوگۆکردن و درووستکردنی پەیوەندیی باش بووم لەگەڵ پێشمەرگەکان و خەڵکی دێیەکان و ئەو خەڵکانەی تر کە لە ناوچەکانی ترەوە دەهاتن و سەردانی کاک زێرۆ و کاک حەمەی مامە سەلامیان دەکرد. لەو سەردانانەشدا ئێمە دەمانتوانی بیانبینین و قسەیان لەگەڵ بکەین تا زانیاریی زیاتر و شارەزاییی زیاترمان لەسەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی خەڵک و ناوچەکە دەست بکەوێت، چوونکە لە ناوچەکە و دەوروپشتیدا، خەڵکێکی زۆر ببوون بە پێشمەرگە. خەڵکی ئەو گوندانەی ناوچەی مەرگە و سێدەر و شارستێن و هەموو ئەو گوندانەی تر زۆربەیان چەکیان هەبوو. لە دوای شکستی ئەیلوولەوە چەکەکانیان شاردبۆوە. کە پێشمەرگە پەیدا بۆوە، ئیدی وردە وردە ترسیان شکا و چەکەکانیان دەردەهێنایەوە یان دەیانبەخشی بە پێشمەرگە یان خۆیان بۆ کاتی پێویست بەکاریان دەهێنان، نموونەش کۆمەڵکوژیەکەی (گوندی شارستێن)ە، کە لەلایەن سوپای داگیرکەری بەعسەوە ئەنجام درا.

لە نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٧٦/١٢/٢٥ەوە تا ڕۆژی دواتر شەڕی خەڵک و پێشمەرگە و ئەو جەیشە زۆرەی لە (دووکان)ەوە بۆ قەتولوعامی خەڵکی شارستێن هاتبوون، بەردەوام بووە. جەیشەکە خەڵکی گوند، بە ژن و منداڵ و پیرەوە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لـە دەرەوەی گوندەکـە کـۆ دەکەنـەوە. حاجـی مـەلا ڕەسـوڵ، کـە مامۆسـتایەکی ئایینیـی پایەبـەرز بـوو لـە شارسـتێن، وەک وەرگێـڕ قسـەی فەرمانـدە عەرەبەکـە بـۆ خەڵکەکـە دەکات بـە کـوردی. حاجـی مـەلا ڕەسـوڵ قورئانێکـی پیـرۆزی بـە دەسـتەوە دەبێـت؛ لەبەرچـاوی ئـەو خەڵکـە بێدەسـەڵاتە، ئەفسـەرێکی دڕەنـدە مـەلا ڕەسـوڵ جیـا دەکاتـەوە و هـەر لەوێـدا و بـە بەرچـاوی ئـەو خەڵکـەوە گوللەبارانـی دەکات و شـەهیدی دەکـەن.

پاشـان سـەربازەکان، وەک دڕنـدە، بەردەبنـە گیانـی ئـەو خەڵکـە و دەیـان ژن و منـداڵ و پیـاو شـەهید دەکـەن. وەک بـاس دەکرا، گـەر لـەو کاتـەدا کە خەڵکەکـە بـۆ گوللەبـاران کـردن کـۆ کرابوونـەوە، پێشـمەرگە تەقـەی لـە دوژمـن نەکردایـە، ئـەوا ژمـارەی شـەهیدەکان چەنـد هێنـدە دەبـوو؛ ئـاواش سـوپاکە دەیـان ژن و منداڵـی تـر بـە دیلـی لەگـەڵ خۆیانـدا دەبـەن. پێشـمەرگەکانی یەکێتـی، قیـادەی مۆقەتـە، خەڵکـی قارەمانـی شارسـتێن و دەوروبـەری بەشـداری لـە شـەڕەکەدا دەکـەن، ژمارەیـەک پێشـمەرگە شـەهید یـان برینـدار دەبـن و ژمارەیەکـی زۆر لـە سـەربازە دڕندەکانـی بەعـس دەکوژرێن. کە هەواڵەکەمـان زانـی، جارێکـی تـر دوژمـن ڕووی ڕاسـتی خـۆی لـە دڕندەیـی و منـداڵ کوشـتن دا ئاشـکراتر کـرد. مـن چوونکـە خـۆم لـەوێ و لـە شـەڕەکە نەبـووم، نەمتوانـی وردەکاریـی تـەواوی لەسـەر بنووسـم.

زۆرینـەی پێشـمەرگەکانی ئـەم سنوورە، زیاتر هەسـت و سـۆزی کاتـی کوردایەتی یـان خزمایەتـی بەسـەریاندا زاڵ ببـوو، نـەک ئـەوەی بـە بیروبـاوەڕەوە هاتبـن بـۆ پێشـمەرگایەتی، بۆیـە پێویسـتی دەکرد پێشـمەرگەکان، لـە ڕووی سیاسـی و فیکـری و ڕێکخراوەییـەوە، پـەروەردە بکرێـن تـا پشـوودرێژ بـن بـۆ خەباتێکـی درێژخایـەن، ئەمـەش، لـە دۆخێکـی وادا، کارێکـی ئاسـان نەبـوو. بۆیـە زۆر جـار پێمـان دەگوتـن کاریگەرترین چەک بۆ ڕووبەڕووبونـەوەی هێزی زەبـەلاح و دڕندەی بەعس ئەوەیە پێویسـتە هـەر پێشـمەرگەیەک لای کـەم چەکدارێکـی وشـیار بێـت دۆسـت و دوژمنـی نەتـەوەو خاکەکـەی بناسـێت و لـە ئـەرک و ڕەفتـاری پێشـمەرگانەدا بەئـاگا و کارا بێـت. بەشـێوەیەکی گشـتی، قۆناغـی خەباتـی نهێنـی لـە بەرانبـەر خەباتـی ئاشـکرای پێشـمەرگایەتیی شـاخدا زۆر لـە یـەک جیـاواز بـوون.

لێرە و لـەم مقەڕەی کانـی تـوو، زۆربـەی پێشـمەرگەکان بـە هـۆی کاک حەمـەی مامـە سـەلامەوە سـەر بـە بزووتنـەوە بـوون. هیـچ جـۆرە کۆبوونەوەیەکـی حیزبییـان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێ نەدەکرا و زیاتر هێزێک بوون ڕاستەوخۆ کاک عەلی عەسکەری و بەشێکیشیان (کاک ڕەسوڵ مامەند)یان بە فەرماندە و بەرپرسی خۆیان دەزانی. من و کاک زێڕۆ و چوار، پێنج پێشمەرگە لەوێ کۆمەڵە بووین، دەمزانی لە یەکەم هێرشی بەعس بۆ سەر ناوچەکە ئەم هێزە توانای خۆڕاگرتنی نابێت، هەم لە ڕووی جۆر و ژمارەی چەک و بوونی بارەگا لە سەرەتای قۆناغێکی وا سەختدا، هەم هێزەکە بۆ شەڕی پارتیزانیی درێژخایەن ئامادە نەکرابوو.

زۆر جار بەوە دڵی خۆمم دایەوە کە ڕەنگە ئەمە بەو جۆرە نەبێت کە من بۆی دەچم، ئێرە ناوچەیەکی بچووکی دابڕاوە و ناکرێ بکرێتە نموونە بۆ هەموو کوردستان. بەڵام دواتر کە چوومە ناو قووڵاییی ڕووداوەکانەوە و ناوچە و سەرکردە و هێز و فەرماندەکانی ترم بینی، بەرچاوڕوونتر بووم و دەرکەوت کە ئەم وێنە بچووکەی لە گوندی کانی تووی ناوچەی مەرگە بینیم تا ڕادەیەک وێنەیەکی بچووککراوەی یەکێتییە لە تەواوی کوردستان و لەم قۆناغەدا ئامانج کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی چەکدار بوو.

کۆمەڵە داینەمۆی جووڵانەوەکە بوو. هەڵوێست و بەرنامەی زۆر جیاوازی هەبوو بۆ ئاراستەکردن و پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە بە پلان و بەرنامە. کۆمەڵە دەیویست هەنگاو بە هەنگاو بناغەی هێزێکی جیاواز دروست بکات کە لەگەڵ دۆخی قۆناغەکەدا بگونجێت؛ هێزێک لەسەر بنەمای چۆنایەتی بنیات نرابێت و خۆڕاگر و پشوودرێژ بێت، بەڵام لەو دۆخەدا کە هاتبووە پێش، بە بوونی ئاراستەیەکی تەواو جیاواز، بەتایبەت لای بزووتنەوە، کۆمەڵە نەیدەتوانی لەسەر ئەرزی واقیع ئەوەی مەبەستی بوو لە پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەدا بیکات- گەرچی کۆمەڵەش بەشێک لەو تەپوتۆزی زۆر و بۆرییەی بەسەردا نیشتەوە.

ئێمە لە قوژبنێکی دابڕاوی گوندێکی کوردستان خەریکی خەون و خەیاڵەکانمان بووین بۆ ئایندە و بیرمان لەوە دەکردەوە چۆن کۆمەڵە لە گوندەکان و لەناو پێشمەرگەردا گەشە پێ بدەین و دۆست و لایەنگری بۆ پەیدا بکەین. ئاراستەی کاری کۆمەڵە بەو شێوە بوو. خۆ ئەوکات یەکێتی لە دێهاتەکاندا شانە و ڕێکخستنی نەبوو؛ زۆربەی کادرەکانی کۆمەڵە شانەی ڕێکخستنی یەکێتیمان دروست دەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی چەپ بە بیروباوەڕی نوێ و ئاڕاستەی کاری سیاسیی جیاوازەوە دەیویست سەرکردایەتیی جووڵانەوەی چەکداری لە کوردستاندا بکات. بڕیاری ئامادەکردن و ناردنەدەرەوەی مەفرەکان بۆ ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک درا و ئەوەش بڕیارێکی مێژوویی چەسوورانەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بوو بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش.

کۆمەڵە، لەپاڵ ئەو خەباتەدا کە بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی دەیکرد، بە هەموو تواناشیەوە خەباتی بۆ ڕزگاریی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەکرد. ئامانجی بوو کورد لەژێر ستەم و چەوساندنەوەی داگیرکەری بەعس دەربهێنێت. بۆیە بڕیاری خەباتی درێژخایەنی بۆ ڕزگاریی کوردستان لەبەرنامەیدا چەسپاندبوو، شیکردنەوەی تەواوی بۆ هۆکارەکانی شکستی جووڵانەوەی چەکدرای کورد و دەرئەنجامەکانیشی کردبوو، بۆیە بەکورتی، کۆمەڵە ئامانجی بوو خۆی وەک بەدیلی حیزب و سەکردەکانی ڕابردوو بناسێنێت، ئەو سەرکردانەی نەیانتوانیبوو جووڵانەوەی کورد بەرەو سەرکەوتن بەرن. بە مانایەکی تر، کۆمەڵە خۆی وەک جێگرەوەی باڵی جەلالی و مەلایی پێناسە دەکرد و دەبینی، گەرچی ئەم سیاسەت و بەرنامە و دنیابینییە لەناو کۆمەڵە، لە شاخ و لە شار و ناوچە جیاجیاکان، جیاوازی و ئاڕاستەی جیای هەبوو، بەڵام لای کاک ئارام و بەشێک لە هاوڕێکانی ڕوون ڕوون بوو، کاک ئارامیش کاری ڕۆژانەی لەسەر دەکرد بۆ بەئەنجامگەیاندنی.

بێگومان کارکردن لە شار لە هەموو ڕوویەکەوە لە خەباتی شاخ جیاوازە. ئەوەی لە ناو کتێبەکاندا دەیخوێنیت و لە کۆبوونەکاندا گفتوگۆی لەسەر دەکەی لە مەیدانی کار و پراکتیکدا تەواو جیاوازە و جێبەجێ ناکرێت. گەر بتەوێت ئەوەی لەناو کتێبە تیۆرییەکاندا نووسراوە دەقاودەق لە کاری ڕۆژانەدا جێبەجێ بکەیت تووشی هەزارویەک کێشە دەبیت.

هەر ئەندام و کادرێکی کۆمەڵە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەست بوو بە پرەنسیبەکانی کۆمەڵەوە. جیاوازیی بیرکردنەوە و ئاڕاستەی کار و هەڵوێست و ڕەفتاری ئەندامان وای کردبوو ئەندامان بەئاسانی لەناو خەڵکدا لە ئەندامی حیزب و لایەنەکانی تر جیا بکرێنەوە. هەر بە چەند مانگێکی کەم، لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشەوە، ژمارەیەکی زۆر چەکدار کۆ کرابوونەوە و بێ جیاوازی بە هەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەموویان دەگوترا 'پێشمەرگە'. بێ ئەوەی هیچ جۆرە رێکخستن و پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندێکیان بۆ بکرێت، کەرت و مەفرەزەیان بۆ درووست کرابوو، ئیتر ئەم جۆرە هێزە بە هیچ جۆرێک خۆراگر نابێت لەبەردەم هێرش و پەلامارەکاندا. بەم جۆرە رووداوی تەسلیمبوونەوە بەبەردەوامی، بەڵام سیخوڕیکردن، کاری ناڕەوای دوور لە ڕەفتاری پێشمەرگە لێرە و لەوێ ڕوویان دەدا.

لە گۆشەیەکی دوورەدەستی دابڕاو لە گوندی کانی تووەوە، لەگەڵ کاک زێڕۆ دوو قۆڵی بەرنامەمان دانابوو تا پێشمەرگەی مەقەڕ سەرقاڵ بکەین بە خولی پەروەردەییەوە، بۆ نموونە فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بۆ ئەو پێشمەرگانەی نەخوێندەوار بوون و لەگەڵ هەندێ بابەتی رۆشنبیری و مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان. کاک حەمەی مامە سەلام ئەم هەنگاوەمانی پێ باش بوو. کاک زێڕۆ ناردبووی هەندێ کتێبیان بۆ هێنا بووین. ئامانج ئەوە بوو مقەڕەکە بهێڵینەوە، چوونکە دەمانزانی بەلەبەرچاوگرتنی توانای ئێمە و باڵادەستیی دوژمن، پێشمەرگە توانای پاراستنی ناوچەکان و مەقەڕەکانی لە پەلامارەکانی دوژمن نابێت.

لەو ماوە کەمەدا، سوودێکی زۆرم لە ئەزموونی زۆری کاک زێڕۆ وەرگرت. لە ماوەی شەڕی براکوژی سالی شەشتەکاندا، کاک زێڕۆ لە کۆلێجی شورتە خوێندوویەتی و دوایی بووە بە مفەوەز و لە چەندین ناوچەی جیاجیادا کاری کردووەو. توانایەکی زۆری هەبوو لە کۆکردنەوەی خەڵک و قایلکردنیان و چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانیان. لە لایەکی تریشەوە پیاوێکی خوێندەوار و بەئاگا بوو، شارەزای ناوچەکان و سرووشتی کۆمەڵایەتیی خەڵکەکەیان بوو، پەیوەندییەکی فراوانیشی لە سنوورەکەدا هەبوو. زۆربەی خەڵکەکە خزم و کەسوکار و ناسیاوی بوون و دەیان جار لەگەڵیدا بۆ سەردان و بەسەرکردنەوەی کەس و دۆستەکانی سەردانی ماڵەکانیانمان دەکرد. چ لەناو کانی توو، یان مەرگە و گوندەکانی دەوروپشتی، ڕێزو خۆشەویستی زۆری لای خەڵکی ناوچەکە هەبوو.

لەناو گوندی کانی توو تا ڕادەیەک دابڕابووین، کانی توو خۆی لە کۆتایی دۆڵی مەرگەدایە و شانی داوە بە (شاخی کوڕکوڕ)ەوە. گوندێکی قەرباڵغ بوو، قوتابخانە و مزگەوت و خەستەخانەیەکی هەژارانەشی تێدا بوو، ڕەز و باخی زۆر و ئاوی سازگاری هەبوو، هەڵکەوتەی جوگرافیی گوندەکە سرووشتێکی جوانی ئەوتۆی پێ بەخشیبوو و وەک پارچەیەک لە بەهەشت دەنوێنێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جار جار، لە لای هاوڕێ ئارام و کاک سالار عەزیزەوە نامە بۆ کاک زیرۆ دەهات یان برادەران سەردانی مەقەڕیان دەکرد، لەو دوو ڕێگەیەشەوە هەندێک هەواڵ و زانیاریی زیاترمان لەسەر ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و قیادەی مۆقەتە و ناکۆکیی نێوان بزووتنەوە و کۆمەڵە دەبیست. خۆ یەکێتی نە بێتەل و نە ڕادیۆ نە ڕاگەیاندنی هەبوو، تەنها ڕادیوێ کوردیی بەغدا هەبوو، ئەویش تەنیاوتەنیا پێداهەڵدان بوو بە سەدام و بەعسییەکاندا، وەکوو تر بە وشەیەکیش باسی کورد و پێشمەرگەی نەدەکرد.

لە مادێنە، کە ئەشکەوتێکی بچووکە لەنێوان یاخسەمەر و (هەڵەدن)ایە، شوێنێک بۆ چاپکردنی بەیاننامە و بڵاوکراوەکان دروست کرابوو، لەوێ بە ئامێرێکی تایپکردنی کۆن، کە هەر کاک حەمە سەعید بەو سەلیقە وردەی خۆی دەیتوانی کاری پێ بکات، شتەکان چاپ دەکران. من، تەنیا بە ناوهێنان و باسکردنی، دەمزانی مادێنە دەکەوێتە خوار هەڵەدنەوە و لە تەنگێکدایە. کاک سالار عەزیز و دواتریش کاک عەلی عەسکەری و چەند هەڤاڵ و هاوڕێیەک، کە لەو سنوورە بوون، لە سەرەتادا لەو ئەشکەوتە ماونەتەوە و دواتر لە گەورەدێ مەقەڕێکی بچووکیان دروست کردبوو. چاوەڕوان بووم لە دەرفەتێکدا لەگەڵ کاک زێرۆ یان مەفرەزەیەکدا بچم بۆ لایان. تا چەند مانگێکی سەرەتای شۆڕش، پێشمەرگە بەگشتی کەم بوون، بەڵام دواتر بەشێوەیەکی کتوپڕ ژمارەکە ڕووی لە زیادبوون کرد، ئەویش دوای هاتنەدەرەوەی کاک عەلی عەسکەری دکتۆر خالید و ئەو برادەرانەی تر.

گوندەکانی دەوری قەندیل و ناوچەی باڵەکایەتی پێشمەرگە و فەرماندەی پێشمەرگەی زۆر لێ بوو. قادر خەبات، وەک پاڵەوانێکی ئەفسانەیی لە شکستی ئەیلوولیشدا هەر مابۆوە و تەسلیمی دوژمن نەببوو، جێی متمانەی خەڵک بوو، زۆریشی خەڵک لە دەور بوو، خەڵکی ئەو ناوچەیەش بۆ خۆیان بە سرووشت ئازا و بەرگریکاری سەرسەختی ناوچەکەیان بوون و هەرگیز دەستەمۆی دوژمن نەدەبوون. ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، لەبەر خۆڕاگریی خەڵکەکەی، دەستیان بەو ناوچەیە نەگەیشتووە. بەشی زۆری برادەرانیش ڕوویان کردبۆوە قەندیل، ناوچە و گوندەکانی دەوروپشتی ناوچەکە. زۆری کادرەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوە و سەدان پێشمەرگەی تر لەو ناوە قەرەباڵغییەکی خستبووە ناوچەکە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگەکانی مەقەڕ کەمترین ئەرکیان وەرگرتبوو- تەنها حەرەسیاتیان دەگرت و خواردنیان بۆ مەقەڕ درووست دەکرد. زۆربەی کاتەکانیان، بە چوونە ناودێ و مزگەوت و خەو و قسە و گاڵتەوگەپ دەگوزەراند. لەوە زیاتر هیچ نەبوو، هیچ بەرنامەیەکی تریان نەبوو، گەرچی لەگەڵ کاک زێرۆ هەولمان دا، بەڵام کەمتریان حەزیان بەو پلانی فێربوونە بوو کە بۆمان دانابوون، چوونکە بەشێکیان خۆیان بە کاتی دەزانی.

تا ڕادەیەک ئێمە لە دنیا دابڕابووین، ڕادیۆمان لا نەبوو، هیچ زانیارییەکمان دەربارەی جیهانی دەرەوەی خۆمان لا نەبوو، جگە لەوەی ناوبەناو چەند کەسێک دەهاتن و دەڕۆیشتن، زانیاریی نیوەوناچڵمان بۆ دەهات و دەبیست و لەوە زیاتر هیچی تر ڕووی نەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێستا بیری لێ دەکەمەوە، پێم وایە ئەوە ئازایەتی و فیداکاری بوو کە ئەو کەسانە دوای شکستێکی گەورە و نائومێدیی بێسنوور زۆرینەیان بە چەکی خۆیانەوە دەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون لای زۆربەیان دیار نەبوو، نەیان دەزانی دواتر چی ڕوو دەدات و بەشێکی فەرماندەکانیش ئەم ڕاستییەیان بۆ ڕوون نەدەکردنەوە. بۆیە، وەک پێشتر ئاماژەیەکم پێ دا، لە هێرشی بەهاردا لافاوی تەسلیمبوونەوە زیانی زۆر گەورەی بە شۆڕش و ناو و ناوبانگی پێشمەرگە گەیاند.

وردە وردە ئێمە دەستمان کرد بە کۆبوونەوە بە پێشمەرگەکان و ڕێکخستنیان. ئەوە تا ڕادەیەک بەسوود بوو؛ هەستم دەکرد خەریک بوو هەندێکیان بە کۆبوونەوەکان ڕادەهاتن.

شەوانە دوو کەس دەبوونە پاسەوان، دوای ماوەیەک یەکێکیان دەخەوت و یەکێکی دیکە جێگەی دەگرتەوە. گەرچی پێشمەرگەکان ژمارەیان زیاد بوو، داوام کردبوو دەبێت حەرەسیات بۆ منیش دابنێن. بە لامەوە گرنگ نەبوو چ کاتێک سەرە حەرەسیاتم بۆ دادەنێن، زۆری کات بەدەر لە حەرەسیات، بەیانیانیش لەگەڵیان بۆ کەمین دەردەچووم. دنیا خەریکبوو ساردی دەکرد، قەمسەڵەم نەبوو. پێشیان گوتبووم کە قەمسەڵە و شتی زستانە لەگەڵ خۆم نەبەم لەبەر سەلامەتیی ڕێگە تا گومانم لێ نەکەن. دواتر ناردیان لە ڕانیە قەمسەڵەیەکیان بۆ هێنام و زستانەکەم پێ بەڕێ کرد. هەر زوو پێڵاوەکانی شارم فڕێ دا و جووتێک پێڵاوی لاستیکم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کڕی. خۆ هەر ئەوە بەرگەی ئەو قوڕوچڵپاوەی دەگرت، ئەو پێڵاوە لاستیکانەی ئەوکات بۆخۆی لاستیکێکی هێندە خراپ بوو بەسەرما دەبوو بە شەختەی سەهۆڵ و هاوینیش دەبوو بە ئاگر.

شەوان لەبەر چرای نەوت گفتوگۆ و قسەی خۆشمان دەکرد و نوکتەمان دەگێڕایەوە. لە هەیوانی مەقەڕیش فانۆسێک یان فتیلەیەک دادەنرا بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێک ئیشی هەبوو، بەئاسانی پێڵاوەکانی بدۆزێتەوە. ڕۆژەکان یەک لەدوای یەک تێ دەپەڕین و هیچ شتێکی نوێ ڕووی نەدەدا. هەندێک کتێب و نامیلکەمان لابوو، ئەوەندەی دەرفەت هەبوو دەمانخوێندەوە. کاک زێڕۆ لە هەوڵدا بوو چەکێکم بۆ پەیدا بکات. هەر چۆن بوو بە ئامانەت کلاشینکۆفێکی بۆ پەیدا کردم. چەند کەسێکی دیکە هاتنە لامان و چەکی خۆیانیان پێ بوو. لە کۆتاییی مانگی دوانزەدا، پێشمەرگەکان ژمارەیان سی پێشمەرگە دەبوو، زۆربەیان جگەرەخۆر بوون پێیان سەیر بوو من جگەرە ناخۆم- لە ڕاستیدا، ناڕاستەوخۆ منیش جگەرەخۆر بووم چوونکە ئەوان ژوورەکانیان بە دووکەڵ قانگ دەدا. خەڵکی زۆر ڕووی تێ دەکردین و ئامادە بوون ببن بە پێشمەرگە، بەڵام چەک نەبوو بیاندەینێ.

جێگەی داخە، ناوی ئەو پێشمەرگانەم بیر نایەتەوە، زۆر مێشکم دەهێنم و دەبەم بۆ ئەوەی ناوەکان بهێنمەوە یادی خۆم، بەڵام تەنیا (کاک عەبدوڵلا سەعید)م لە یاد ماوە و لەوە زیاتر یادەوەریم یارمەتیم نادات. ئومێدێکم بەوە هەیە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، ژمارەیەکیان- هیوادارم هەموویان لە ژیاندا مابن- بیرم بخەنەوە و بڵێن ئێمە لەوێ بووین و منیش لە چاپی دووەمی کتێبەکەمدا باسیان بکەم.

ئاڕاستەی سیاسەتی کۆمەڵە، بەتایبەت بۆ پێشمەرگە و جووڵانەوە چەکدارییەکە، ئەوە بوو کە دەبێت پێشمەرگە تەنیا پشت بە خۆی و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ببەستێ و جەماوەر بە سەرچاوەی سەرەکیی پشتیوانیی خۆی بزانێت و چاوی لە هاوکاریی و پشتیوانیی دەوڵەتانی دراوسێ نەبێت، بۆیە کۆمەڵە وەک پلانێک دەیویست کەسانی هەڵبژاردە پەروەردە بکات، کە وەک تێکۆشەری سەرسەختی پشوودرێژ، لەو خەباتە درێژخایەنەدا کە لەڕێمان بوو، پشت بە خاک و گەلەکەیان ببەستن، ئەوەش بە ئامانجی ئەوەی هەر ڕێککەوتن و پیلانگێڕییەکی وڵاتانی دەورووپشت ڕووی دا، کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر ئاڕاستە و ئامانجی جووڵانەوەکە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەبێت. بەداخەوە ململانێی نێوان لایەنەکانی ناو جووڵانەوەی کورد و شەڕی براکوژی ئەو ئاراستە و پڕەنسیبەی لە ئەنجامی ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەی مێژوو بەدەست هاتبوو، بە دیوێکی تردا شکاندەوە.

هەر دەرفەت هەبووایە کۆبونەوەمان بە پێشمەرگەکان دەکرد. پێشمەرگە بۆ خۆی نموونەی باڵای فیداکاری و قارەمانێتی بوو، لەپێناو خەڵکدا دەستی دابووە چەک، بۆیە دەبوو ئەوە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەی پێشمەرگەکاندا لەگەڵ دانیشتووانی دێهاتەکان و خەڵکدا بەکردەوە ڕەنگ بداتەوە بەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتە پێشمەرگە دەیتوانی ببێتە جێی متمانەی خەڵک و خۆشەویستییان بەدەست بهێنێت.

لە پاڵ ئەو کۆبوونەوە فراوانانەدا، لەناو بارەگای پێشمەرگە لە کانی توو شانەی بچووکی سێ-کەسیمان درووست کردبوو. لەو شانانەدا، زیاتر کارمان لەسەر بابەتی فیکری و ڕێکخراوەیی دەکرد.

لەناو پێشمەرگەکاندا من لە هەموویان گەنجتر بووم، لەناویاندا هەبوو تەمەنی لە چل ساڵ بەرەو ژوور و خێزاندار بوو. بە شێوەیەکی گشتی بچووکترینیان پێنج، شەش ساڵ لەمن گەورەتر بوو. بەهۆی کاری ڕێکخراوەییمەوە، هەر لە سەرەتاوە وەک کادر و پێشمەرگە، ئەرکی خۆم لەناو پێشمەرگە و خەڵکدا بەجێ دەگەیاند. کاک زێرۆ لەو ڕووەشەوە هاوکار و پشتیوانم بوو. لە زۆربەی مەجلیس و کۆبوونەوەکاندا دەیناساندم، ئەمەش سەرەتایەکی فێربوونی کاری پێشمەرگەیی و جەماوەریم بوو.

کەم شەو هەبوو، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لەناو مەقەڕدا لەگەڵ پێشمەرگەکاندا باسی هەندێک بابەتی گرنگ نەکەین، بۆ نموونە بارودۆخی دوای شکست و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە، توانای دوژمن، چۆنێتیی خۆپاراستن لە پەلامارەکانی، شەڕی پارتیزانی، کێ دۆست و پشتیوانی شۆڕشی کوردستانە و کێ دژ و دوژمنیەتی. زۆر بابەتی تریشمان باس دەکرد وەک پرسیاری ئەوەی ئایا دەتوانین پشت بە خۆمان ببەستین؟ چۆن دەتوانین جەماوەر بۆ ئەم مەبەستە پەروەردە بکەین؟ پرسیاری تریش هەبوون و لەسەروو هەموویانەوە پرسی پەیوەندیی ئێمە و قیادەی موەقەتە، کە جووڵەیان لە ناوچەکەدا هەبوو. کاک زێرۆ یەک، دوو جار لەگەڵیان کۆ بۆوە بەلام هیچ سوودی نەبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جەماوەرو پێشمەرگە ترسی زۆریان لە دووبارەبوونەوەی شەڕی براکوژی هەبوو، بەتایبەت دوای ڕووداوی شەهیدکردنی برایم عەزۆ و هاوڕێکانی لە بادینان لە لایەن قیادەی مۆقەتەوە. قیادەی مۆقەتە لە ناوچەی مەرگە و جافایەتی مەفرەزەی پێشمەرگەیان هەبوو، بۆیە ترسی پێکداهەڵپژان لە هەموو کاتێکدا چاوەڕوانکراو بوو.

خۆ هەر لە سەرەتای دروستبوونی یەکێتییەوە، لەلایەن قیادەی مۆقەتەوە هێرشی ڕاگەیاندن بۆسەر یەکێتی و هێرشی ڕاگەیاندنی یەکێتییش بۆسەر قیادەی مۆقەتە، دەستی پێ کردبوو. لە بڵاوکراوەی '*یەکێتیی نیشتیمانی بۆچی؟*' هێرشی توند کرابووە سەر قیادەی مۆقەتە، بۆیە گرژی و ئێسکشکاندنی ئێمە و ئەوان چاوەڕوانکراو بوو، گەرچی هاوڕێ ئارام، وەک سکرتێری کۆمەڵە و کاک عەلی عەسکەری، وەک فەرماندەی هێزی پێشمەرگە، هەروەها زۆربەی زۆری سەرکردایەتیی بزووتنەوە و کۆمەڵەش، بە هەموو توانایانەوە دژی هەڵگشانی ئاڵۆزییەکان بوون لەگەڵ سەرکردایەتیی کاتیی پارتیدا.

ئەوەی ئەو ماوەیە لە کانی توو بۆ ئێمە گرنگ بوو ئەوە بوو تا توانیمان پێشمەرگەکانمان سەرقاڵ کرد بە بابەتی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەییەوە و هەستم کرد لەگەڵ کاک زێڕۆ کارێکی باش و بەرهەمدارمان کردووە.

دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول، حکومەتی بەعس، بە پارەیەکی باش یان بە هەڕەشە، زۆربەی زۆری ئەو چەکانەی بە پێشمەرگە و خەڵک بوو بردەوە لای خۆی و دەزگاکانی، بۆیە چەک زۆر کەم ببۆوە. خەڵک بڕوای نەدەکرد وا بەزوویی پێشمەرگە و شۆڕش دروست ببێتەوە. خەڵک وای دەزانی ئەوە خەونێکە تەواو بووە.

کاک سالار عەزیز، وەک بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵە بۆ سەرکردایەتیکردنی دەستە سەرتاییەکانی ناوچەی سلێمانی- شاربازێڕ، جافایەتی، پێنجوێن و هەورامان- (جەمالی عەلی باپیر)یش وەک فەرماندەی مەفرەزەی سەرەتایی بۆ سنووری جافایەتی دیاری کرابوون. لە هەردوو ناوچەی جافایەتی و ئالان و سیوەیل جووڵەی زۆری دەست پێ کردبوو، ئینجا چەند ئەفسەرێک، کە ئەندامی کۆمەڵە بوون، نێردرانە دەرەوە، وەک ملازم جوامێر و ملازم عومەر و ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان، ملازم ستار و کەسانی دیاری وەک سیروان تاڵەبانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و حەمە مۆریاسی و عومەر ئاوەکەڵەیی و چەند کەسێکی تر. زۆربەی ئەم کەسانە چوونە ناوچەی شارباژێری سەخت و تەخت. مەفرەزەکەی ملازم جوامێر یەکەمین مەفرەزەی ناوچەی شارباژێڕ بوو.

کاک عەلی عەسکەری و بەشێک لە خزم و دۆست و هاوڕێ و ناسیاوەکانی هاتبوونە دەرەوە و لە دەوری کۆ ببوونەوە، بەوەش جووڵانەوەکە هەنگاوێکی تر چووە پێشەوە. سەلاح چاوشین، زێرۆ عەبدوڵا، سەلیم هەڵەدنی، عەبدولقادر هەڵەدنی و چەند هەڤاڵ و هاوڕێیەکی تر لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی مانەوە، بەکری حاجی سەفەر وەک مەفرەزەیەکی سەرەتایی لە ناوچەی پێنجوێن و شارباژێڕ و ڕەئووف بەگ و ڕۆستەم بەگ و ئەنوەر بەگ و ئەحمەد چەقڕی و بەختیار مەجیدخان لە ناوچەی شلێر مانەوە. زۆربەیان برا و ئامۆزای یەکتری و کەسی نزیکی ملازم تایەری عەلی والی بوون و لە ژێر فەرمانی ئەودا بوون. ملازم تایەر خۆی پێش ئەوان هاتبووە دەرەوە و لە ناوچەی شلێر جێگیر ببوو. وەک چەند مەفرەزەیەک بوونی خۆیان سەلماند و پەیوەندییان بە بزووتنەوەوە هەبوو، لە ڕێی ملازم تایەریشەوە پەیوەندییان بە کاک عەلی عەسکەرییەوە هەبوو. عومەر دەبابە و دکتۆر خالید و سەعدی گچکە و سەید کاکە شاریان جێ هێشت و ڕوویان کردە ناوچەی قەندیل. لە ڕانیە و قەڵادزێ، ڕەسوڵ مامەند و حاجی برایم و بەشێک لە ئاغا و کوێخاکانی مەنگوڕ و پشدەر و بیتوێن هاتنە دەرەوە و لە ناوچەی باڵەکایەتی، پشدەر و قەندیل جێگیر بوون. قادر خەبات خۆی هەر لە شاخ بوو. دەتوانم بڵێم پێش هەموو مەفرەزەکان ئەو لە شاخ و ناوچەکە بوو. کە شۆڕش تێک چوو، خەبات هەر لە شاخ مایەوە، ئەم مەفرەزانە دەنگیان دابۆوە و خەڵک وردە وردە هیوا و ورەی بۆ گەڕابۆوە، حکومەتیش کەوتبووە جموجۆڵ و کۆکردنەوەی زانیاری و گرتنی کەسوکاری پێشمەرگەکان- دایک و باوک و خێزان و منداڵەکانیان- پاشانیش بۆ زیندانیکردنیان دەیبردنە باشوور و ناوەڕاستی عێراق.

هاوڕێ ئارام، بۆ ڕێکخستنی کارەکانی کۆمەڵە و یەکێتی، ماوەیەک لە شار مابۆوە.ماڵی چەند هاوڕێیەکی کۆمەڵەیان- بۆ نموونە ماڵی ئاوات قارەمانی- وەک ناوەندی سەرکردایەتیکردنی شۆڕش و کارەکانی کۆمەڵە و یەکێتی بەکار دەهێنا؛ ماوەیەکی زۆریش لە ماڵی کاک لەتیفی شێخ عومەر و کاک شێخ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عوسمان باراوی و ماڵی چەندین تێکۆشەری تر بوون. کۆمەڵە بە شێوەیەک لەبەر یەک ترازابوو، توانا و سەلیقەی سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی وەک کاک ئارام نەبووایە، کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی لێکترزاو و پەرشوبڵاو دەمایەوە، بەڵام کاک ئارام توانیی ڕێکی بخاتەوە و بیکات بەو ڕێکخراوە پۆڵایینەی بووە داینەمۆی یەکێتی و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و ئاوێنەیەکی ڕوونی بێخەوشی شۆڕش و شۆڕشگێران. کاک ئارام لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٦دا، شاری جێ هێشت و ڕووی کردە شاخ.

کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئامادە بوو؛ هەموو تواناکانی خۆی خستبووە خزمەتی سەرکەوتنی شۆڕشەکە و لەو ماوانەدا هیچ جووڵەیەکی دژ بە بەرژەوەندیی جووڵانەوەکە نەبووە. دواتر شۆڕش تێک شکا و بەشێکی زۆری سەرکردایەتی و سکرتێری ڕێکخراوەکە لەلایەن ڕژێمی شاهنشاهییەوە زیندانی کران و دواتریش ڕادەستی دەوڵەتی عێراق کرانەوە، لەوێش لە زیندانە تاریک و ترسناکەکانی بەعسدا تا ئەوپەڕی ئازار و ئەشکەنجە دران، بەڵام ئەوان خۆڕاگرانە بەرانبەر بە دڕندەییی بەعسییەکان وانە و ئەزموونێکی کەموێنەیان بۆ هاوڕێیان و ئەندامان و تێکۆشەرانی کۆمەڵە نارد و سەلماندیان کۆمەڵە سەرمەشقی گیانبەخشین و خۆڕاگری و بەردەوامییە لە سەنگەری بەرگریدا، ئەوەش لەپێناو بەدەستهێنانی مافی زەوتکراوی گەلی کوردستاندا.

درووشمی ئەو هاوڕێیانە درووشمێک بوو تەنیا سەرکردە مەزنەکانی وەک شەهاب و جەعفەر و ئەنوەری هاوڕێی دەتوانن لە کاتی لەسێدارەداندا بە هاوڕێکانیان و بە هەمووان بڵێن. شەهاب گوتبووی، "دەبێ بە پێی پلەی بەرپرسیارێتی بەرەو پەتی سێدارە بڕۆین؛ من بەرپرستانم، بۆیە دەبێت پێش هەمووتان پەتی سێدارە لە مل کەم." ئەوان کەم-ژیان و کەڵ-ژیانیان کردە درووشمی خەبات و شۆڕش، بەو هەڵوێست و هەنگاوە شۆرشگێڕانەیەشیان پەیامی بەردەوامبوونیان بۆ نەوەی دووەمی کۆمەڵە لە شاخ و شار نارد.

هەڵوێست و ئازایەتیی خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی لە زیندانی بەعسییەکاندا هێندەی تر جۆشوخرۆشی شۆڕشگێڕانەی لەناو تێکۆشەرانی کۆمەڵەدا درووست کرد و دەیان و سەدان و بگرە هەزاران ئەندامی کۆمەڵە گیانبازیان دەکرد بۆ پەیوەست بوون و گیانبەخشین بۆ کورد. هەموو تێکۆشەر و ئەندامانی کۆمەڵە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە دەیانبینی سەرکردەکانی کۆمەڵە وا بە عیشق و درووشمی "کەم بژی و کەڵ بژی"یەوە بەرەو پیری مەرگ دەڕۆن، ئامادەیی گیانبەخشین بۆ کورد و کوردستان لای ئەوانیش- جا لە شار بووبن یان لە شاخ یان لە زیندانەکانی بەعسدا- جۆشی دەستاند. بەعسییەکان ڕووڕەش و ڕسوا تا ئەوپەڕی لاوازی داماو و سەرسام بوون بەرانبەر بەو ئازایەتییە بێسنوورەی تێکۆشەران و لە درووشمەکانی کۆمەڵە دەترسان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرنامەی کۆمەڵە

کۆمەڵە، پلان و بەرنامەکانی خۆی لەسەر بناغەیەکی پتەوی بڕوابوون بە بەها نیشتیمانی و سەربازییەکان، هەروەها گونجاندن لەگەڵ دۆخی سەپاوی باڵادەستیی بەعسییەکان و تواناکانی کۆمەڵە و شۆڕش دارشتبوو. سەرەتا مەفرەزەیەک بۆ هەر ناوچەیەک دیاری کرا، کە ئەرکیان هۆشیارکردنەوە و بەئاگاهێنانەوەی خەڵک بوو بەوەی پێشمەرگە سەنگەری بەرگریی لە کوردستان ئاوەدان کردۆتەوە و ڕێگە نادات بەعسی داگیرکەر پلانی ترسناکی دژ بە گەلی کوردستان جێبەجێ بکات. پلان هەبوو ڕێکخستنەکانی ناو شار و شارۆچکە و گوندەکان بەهێز بکرێن و وەک دوو ئەڵقەی تەواوکاری و ڕێکخستن بۆ پشتیوانیی تەواوی هەنگاوەکانی پێشمەرگە بەکار بهێنرێن، هەروەها قۆناغ بە قۆناغ و هەنگاو بە هەنگاو و بەپێی پێویست گەشە بە چۆنایەتیی هێزی پێشمەرگە لە شاخ بدرێت و بازنەی کار و چالاکییەکان فراوان بکرێت.

کاری لەپێشینەی کۆمەڵە ئەوە بوو پێشمەرگە بۆ خەباتی درێژخایەن پەروەردە بکات، بە شێوەیەک پێشمەرگەکان پشوودرێژ و خۆڕاگر بن. کۆمەڵە پێداگری لە ئاکار و ڕەفتاری میانڕۆیانە و پابەندبوون بە دابونەریتی کوردەوارییەوە دەکرد، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی پێشمەرگە لای جەماوەر خۆشەویست ببێت و کۆمەڵە جیاواز بێت و بە ڕەفتاری جوان، خزمەتکردنی خەڵک و فیداکاری جیا بکرێتەوە و بناسرێتەوە. ئامانجەکە ئەوە بوو وێنەیەکی ڕاست و درووستی وا بۆ پێشمەرگە درووست ببێت کە پێشمەرگە نموونەی جوامێری و نەبەزی و کۆڵنەدان، ڕەوشتبەرزی و لە پێناو خەڵکی کوردستاندا خەبات دەکات و خزمەتکاری ڕەنجدەرانی بیر و بازووە و جەماوەر بە سەرچاوەی ژیان و بەردەوامی و سەروەریی خۆی دەزانێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەبەستمە لێرەدا ئەوە بڵێم ئەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە دەیانویست کۆکردنەوەی هێز بەو جۆرە و بەو بێبەرنامەییە لەگەڵ ویستی کۆمەڵە بۆ دروستکردنی هێزێکی نوێ پڕچەککراو بە بیروباوەڕ و پەیوەست بە بنەما سەرەکییەکانی خەباتی چەکداریی درێژخایەن یەکی نەدەگرتەوە. کۆمەڵە دەیویست پێشمەرگە و خەباتگێڕەکانی لەسەر شێوازی شەڕی پارتیزانی ڕابهێنێت؛ هەر لەسەرەتاوە هەموویانی وا ڕاهێنابوو کە خەباتەکەمان درێژخایەنە و خۆڕاگری و قوربانیی زۆری پێویستە، هەوڵیش دەدرا، بە هەر شێوەیەک بێت، سوود لە ئەزموونی وڵاتانی تر لە بواری شەڕی پارتیزانیدا وەربگیرێت، جا چ لە ڕێگەی وانە و پەروەردەکردنەوە، یان ئامادەکردن و وەرگێڕانی کتێب لەبارەیانەوە.

هەلومەرجی ئەوکات ئەوەی دەخواست شەڕی پارتیزانی وەک تەنیا هەڵبژاردە پەیڕەو بکەین. تا ڕادەیەکی زۆر لە شاخیش کۆمەڵە هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەمەی دەدا. چەند مەفرەزەیەکی بچووک دروست کرابوون و ناو نرابوون 'مەفرەزەکانی پڕوپاگەندەی چەکداری.' کاری ئەم مەفرەزانە لە سەرەتادا شەڕکردن و بەگژداچوونەوەی دوژمن نەبوو، بەڵکوو خۆپیشاندان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا بزانن پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داگیرکەر دەستی بە خەباتی چەکداری کردۆتەوە، لەم ڕووەشەوە ئومێد و هیوایەک بۆ خەڵکی کوردستان بگەڕێتەوە.

دەتوانم بڵێم کۆمەڵە پەلەیان کرد لە دیاریکردن و هەڵسەنگاندن و دواتریش ناردنەدەرەوەی هەندێک لەو پێشمەرگانەی ناو دەستە سەرەتاییەکان. ئەمە لە شاخ وەک هەڵەیەکی بێزارکەر ڕووبەڕووی کۆمەڵە بۆوە و پێشمەرگە و جووڵانەوەکە زیانی بەرکەوت.

لەگەڵ هەڤاڵ زێڕۆدا بەرنامەیەکمان دانا بۆ بەسەرکردنەوەی دانیشتووانی ئەو گوندانەی دەروبەری مەرگە. لەو گەڕان و کۆبوونەوانەدا باسی شەڕی پارتیزانی و شۆڕش و یەکێتیمان بۆ خەڵکەکە دەکرد. وەک باسم کرد، خۆ ئەو کات یەکێتیی نیشتیمانی ڕێکخستنی نەبوو، زیاتر ئێمەی کادرەکانی کۆمەڵە دەستمان کردبوو بە دروستکردنی ڕێکخستنی یەکێتی. ماوەیەکی پێ چوو، وردە وردە کاریگەریی قسە و کۆبوونەوەکان دەرکەوت. لە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا ئەم باس و خواسانە دەوروژێنران:

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

١. هەڵەکانی شۆڕشی ئەیلوول چی بوون؟ خاڵی بەهێز و لاوازی شۆڕشەکە چی بوو؟ بۆچی لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا سەدان هەزار پێشمەرگە سەنگەرەکانیان چۆڵ کرد؟ ئەمە پرسیارێک بوو بەردەوام ڕووبەڕوی دەبووینەوە. تەنانەت ئەو خەڵکەشی کە دەهاتن و دەبوونە پێشمەرگە ئەم پرسیارانە و پرسیاری تریشیان هەبوو، بۆ نموونە کە بەو هێزە سەدان-هەزارییە هیچ نەکرا، ئێوە بەم چوار چەکە شکاوەوە چیتان پێ دەکرێ؟ گەرچی هۆی سەرەکیی ئەو هەرەسە گەورەیە پیلانگێڕیی فراوانی ناوچەیی و هەرێمی بوو- تەنانەت دەستی دەوڵەتانی وەک ئەمەریکاشی تێدا بوو. هەموو تاکێکی کورد دەیزانی و دەزانێ کە وڵاتانی دەوروپشت بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە و ئەو بەرنامانەش دوور و نزیک پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانەوە نییە. ڕۆژێک لە کۆبوونەوەمدا لەگەڵ یەکێک لە دانیشتووانی ناوچەکە، کەسێک- بەداخەوە بیرم نەماوە خەڵکی چ گوندێک بوو- شتێکی پێ گوتم کە لە مێشکمدا چەسپیوە و هەرگیز بیرم ناچێت. گوتی، "ئەو هەموو پێشمەرگە و فەرماندەیە ڕۆیشتن و نەیانتوانی شتێک بکەن، ئەی ئەم سەدان سیاسییە قسەزانە پیاوێک نەبوو خۆی بکاتە سەرکردە و بەردەوامی بە شۆڕش بدات؟!" گوتم، "وەڵا پرسیارەکەت زۆر جوانە، بەس من ناتوانم وەڵامت بدەمەوە و دەبێ داهاتوو وەڵامت بداتەوە."

٢. پەیوەندیی نێوان ئێمە و قیادە مۆقەتە چییە؟ هەر لە سەرەتاوە خەڵک ئەو ڕاستییەی لا ڕوون بوو کە ناکۆکیی قووڵ لەنێوان ئێمە و ئەواندا هەیە، چوونکە هەر دوو لامان درێخیمان لە هێرشی ڕاگەیاندن بۆسەر یەکتر نەدەکرد. کە برادەرانی قیادەی مۆقەتەمان دەبینی، پێمان دەگوتن کە ئێمە ڕێکخراوێکی جیاوازین، بەڵام ئەوان هەر بە جەلالییان دەزانین و وەک نەیاری خۆیان سەیریان دەکردین. خۆ ڕاگەیاندنی یەکێتیش لە بەیان و بڵاوکراوەکانی حیزبەکەدا لە هێرش بۆ سەر قیادەی مۆقەتە درێخی نەدەکرد، ئەمەش ببۆوە خاڵێک کە خەڵکی دێهات و ئەوانەی لە شارەوە سەردانی ناوچەکانیان دەکرد تکا و ڕجایان بوو ناکۆکی وەلا بنێن، چوونکە دوژمن هەر کورد بیت، وەک دوژمن حسابت بۆ دەکات و جیاوازی ناکات. بوونی مەفرەزەکانی قیادەی مۆقەتە لە ناوچەکەدا ترسەکەی زیاتر کردبوو.

٣. چۆن چەک و تەقەمەنی پەیدا بکەین؟ دەتوانم بڵێم تەنها ڕێگە ڕێگەی سووریا بۆ بادینان بوو، کە بەشێکی زۆری ئەو چەکانەش فەڵەستینییەکان دابینیان دەکرد، ئەو ڕێگەیەش بە هۆی شەڕ و ململانێی نێوان ئێمە و قیادەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مۆقەتـەوە داخرابـوو. دەبووایـە خەڵـک بێهیـوا نەکەیـن، بۆیـە هەمیشـە بـە خەڵکمـان دەگـوت ئـەم شـەڕ و کوشـتنەی نێوانمـان کاتییـە و سـەرکردەکان ئەزمـوون و وانـەی زۆریـان لـە شـەڕی براکوژی وەرگرتـووە، هەرچی زووە کۆتایی پـێ دێت و دەرگای بەختمـان لـە هێنانـی چـەک تەقەمەنـی دەکرێتـەوە، پاشـانیش دەتوانیـن هـەزاران کـەس چەکدار بکەیـن. ئـێ هـەر دەشـبوو وا بڵێـم، لـە ئاسـمان بێدەسـەڵات و لـە زەوییـش بسـتێ ئەرزمـان بەدەسـتەوە نەبـوو.

٤. کۆمەڵـە و یەکێتـی چیـن و لـە قۆناغـی خەباتـی چەکداریدا چـۆن کار دەکـەن؟

کۆمەڵـە لـە سـاڵی ١٩٧٠ و یەکێتـی لـە سـاڵی ١٩٧٥ دوای شکسـتی شـۆڕشـی ئەیلـوول دامـەزران. لـە مەیدانـی خەباتـی چەکداریـدا، هـەر دوو ڕێکخراوەکـە بـە ڕێکخـراوی نـوێ دەردەکەوتـن، بۆیـە پێویسـتیی زیاتریـان بـە خۆماندووکردنـی هەموومـان بـوو تـا خەڵکـی بەئـاگا بێنیـن لەسـەر نـاو و بەرنامـە و درووشـم و سـەرکردایەتیی یەکێتـی، ئێمـەش دۆسـت و لایەنگـری زیاتـر بـۆ کۆمەڵـە پەیـدا بکەیـن، چوونکـە، وەک پێشـتر گوتـم، سـەرکردەکانی کۆمەڵـە کارەکتـەر و نـاوی نـوێ بـوون و لـە شۆڕشـی ئەیلوولـدا پۆسـت و پلـەی دیاریـان نەبـوو تـا خەڵـک پێشـوەختە ناسـیبنی، بـەڵام بزووتنـەوە بەشـی زۆری سـەرکردەکانی کەسـانی دیـار و ناسـراو بـوون وەک کاک عەلـی عەسـکەری، کاک عومـەر دەبابـە، کاک دکتـۆر خالیـد، کاک ڕەسـوڵ مامەنـد، کاک سـەعدی گچکـە، کاک سـەید کاکـە و چەندینـی تـر.

کارەکان بەباشـی دەچوونـە پێشـەوە؛ جەمـاوەر بـە باشـیی پێشـوازیی لـە پێشـمەرگە دەکـرد و بەخۆشـحاڵییەوە لـە کۆبوونەوەکانـدا ئامـادە دەبـوون، پرسـیاری زۆریشـیان دەکـرد. ترووسـکایی ئومێـد لـە چاوەکانیانـدا دەبینـرا. لـە میانـی چەنـد کۆبوونەوەیەکـدا، توانیمـان پەیوەندیـی تـاک وەک دۆسـت و لایەنگیریـی کۆمەڵـە لـە چەنـد گوندێکـدا درووسـت بکەیـن. ئەوانـەی پەیوەندییـان کـرد پـەرۆش بـوون و لـە کاری ڕێکخسـتندا چـالاک بـوون؛ بەدڵسـۆزییەوە کاریـان دەکـرد و زانیاریی پێویسـتان لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە بـۆ دەناردیـن، تەنانـەت زانیاریـی جموجۆڵـی دوژمـن لـە ڕانیـە و بنگـرد و شـوێنەکانی تریـش. دەتوانـم بڵێـم لـەو قۆناغەشـدا خەڵکـی گوندەکان بـە گشـتی پشـتیوان و دڵسـۆز و پێشـمەرگەی شـۆڕش بـوون.

مانـەوەی ئـەو ماوەیـەم بـۆ خـۆی وەک خولێکـی فێرکاری پێشـکەوتووی مەیدانـی نـاو جەمـاوەر وا بـوو؛ زۆر شـتی نوێـی لێـوە فێـر بـووم. یەکـەم جـارم بـوو وەک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کادر لـه مقـەڕی کانـی تـوو، لەسـەر یەکێتـی و شـۆڕش و پێشـمەرگایەتی، قسـە بـۆ کۆمەڵێک پێشـمەرگە بکـەم. ئیتـر ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ زیاتـر کۆبوونـەوەم بـە خەڵـک و دێهاتییـەکان دەکرد. فەزڵـی خوڵقاندنـی زەمینـەی یەکـەم کۆبوونـەوە سـەرەتاییەکانم بـۆ کاک زێـڕۆ دەگەڕێتـەوە کـە وەک سـەرکردەیەکی بەئەزموونـی کـورد و کۆمەڵـە و وەک هـاوڕێ و برایەکـی گـەورەم، لـەو ڕۆژگارە سـەرەتاییە سـەختانەدا، هەمـوو هاوکارییەکـی سـەرکەوتنی بەنـدەی دەکـرد.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو قۆناغە کورت بوو، بەڵام ئەزموونی سەرەتایی بەبەهام لێ وەرگرت و لێوەی فێر بووم، ئەزموونێک کە دواتر بوو بە بەشێک لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیم و سوودێکی زۆری بە کارەکانی داهاتووم گەیاند، چوونکە فێری ئەوە بووم چۆن بۆ خەڵکانی جۆراوجۆر قسە بکەم، زیاتریش وەک قوتابی گوێ لە خەڵک بگرم و لێیانەوە فێر ببم. بوونت هەمیشە لەناو خەڵکدا و پەیوەندیی دۆستانەت لەگەڵیان بۆ خۆی گەورەترین فێرگەی فێربوونە و پاراستنیشی خاڵی سەرەکیی سەرکەوتن بوو بۆ ئێمەی گەنج، کە تازە تێکەڵ بە جووڵانەوەیەکی چەکداری دەبووین. تێکەڵبوون و پەیوەندیی بە جوتیاران و خوێندەوارانی دێهاتەکانەوە زۆر شتی نوێی فێر کردین، ڕێزگرتنی لایەنی دەروونیی خەڵک و تێکەڵبوون و گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵیاندا زیاتر تێی گەیاندم کە جوتیاران بەگشتی دڵێکی ساف و دەروونێکی بێگرێ و پشتیوانێکی بێسنوری پێشمەرگەن. ئیتر ئاشناییم لەگەڵ بیرکردنەوەی خەڵکی ئاسایی و پێشمەرگەشدا زۆر زیاتر بوو، قسە و ئامۆژگاریی گوندنشینەکان هەموویان لە دڵەوە بوون و بۆ بەرژەوەندیی ئێمە بوون. دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم ئەوە بەشێکی سەرەکیی پاراستن و گەشەکردنمان بوو.

خواردنی ڕۆژانەمان خواردنی مەقەڕ بوو، وەک ساوەر و نۆکاو و هەندێکجاریش برنـج. هـەر جارێـک کاک زێـڕۆ، لەلایـەن دۆسـت و ناسـیاوەکانییەوە خواردنـی بـۆ درووسـت بکرایـە، بـە بـێ ئێمـە نەدەچوو، زۆرجاریـش بـەس نـان و چـای شـیرینمان دەخـوارد. مەقـەڕ هیـچ پارەیەکـی نەبـوو، خانوویەکـی چـۆڵ بـوو. زسـتانیش دەهاتـە پێشـەوە و دنیـا سـاردی دەکـرد. ئێمـەش لـە شـوێنێکی سـەخت و نـاو شـاخاندا بووین. دەبـوو حیسـابی داربڕین و پۆشـاکی زسـتانە و ڕاخـەر و بەتانیی زیاتریش بکەین. لەمـەدا خەڵکـی گوندەکـە زۆر هاوکارمـان بـوون. کانـی تـوو ئـەو کاتـە نزیکـەی هەشـتا ماڵێـک دەبـوو. خەڵکەکـەی بـەردەوام دەسـتیان پێمانـەوە بـوو، زۆر دڵیـان پێمـان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆش بوو، پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵیاندا هەبوو. زۆر هاتوچۆی کاک زێڕۆ و کاکە حەمەیان دەکرد و ئەوەی لە توانایاندا بووایە درێخیان لە پێشمەرگە نەدەکرد، گەرچی دانانی مەقەڕ پێچەوانەی بنەماکانی قۆناغی شەڕی پارتی زانی بوو، کۆمەڵەش کەوتبووەوە بەر باری ئەو دۆخە و دەبوو شانی بداتە بەر.

چەند جارێک داوام لە کاک زێڕۆ کرد تا بچم بۆ لای هاوڕێ ئارام و کاک سالار، کە لە گەورەدێ بوون. کاک زێڕۆ داوای کرد بمێنمەوە، بەڵام من داوای لێبوردنم لێ کرد و گوتم کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بچم بۆ لای ئەو هاوڕێیانە. پێشتر کاک سالار عەزیزم دەناسی، چوونکە کوڕی گەڕەکی خۆمان و ناسیاو بوو، گەنجێکی هەڵکەوتووی گەڕەک و یەکێک لە سەرکردە تێکۆشەر و چالاک و بەتواناکانی کۆمەڵە و ناوێکی دیار بوو، هاوڕێ ئارامیش وەک سکرتێر و ڕابەری کۆمەڵە، ببوو بە ڕەمزی هەستانەوە و دووربەدوور دەمناسی؛ مەلا بەختیاریش ناوێک بوو بە چاونەترسی و پڕجووڵە.

هەواڵم زانی برادەران لە (گەورەدێ)ن و مقەڕێکی بچووکیان داناوە. دەبوو بچوومایە بۆ لایان. کاک زێڕۆ ڕازی بوو بڕۆم، بەڵام گوتی سەرەتا دەیەوێت هەواڵی ئەوێی بۆ بێت و پاشانیش کە ڕۆیشتم، پێشمەرگەم لەگەڵ بنێرێت.

ئەو هێزەی لەگەڵ کاک عەلی عەسکەری بوون زیاد لە سی پێشمەرگە دەبوو. هاتنە کانی توو، وەک زانیم پێشتریش یەک دوو جاری تر هاتبوون. سەردانی مەقەڕەکەیان کرد و ماوەیەکی باش لە مقەڕ لای کاک زێڕۆ و کاکە حەمەی مامە سەلام مانەوە. کاک عەلی عەسکەری ڕێزی زۆری لە کاکە حەمەو کاک زێڕۆ دەگرت، بەشێکی قسەکانم بیر ماوە، بەتایبەت لەسەر پەیوەندیی یەکێتی و قیادەی مۆقەتە کە لە سنوورەکەدا هەبوون. گوتی، "نابێ بە هیچ بیانوویەک بکەوینەوە دژایەتیان و بیر لە شەڕی یەکتر و براکوژی بکەینەوە." ڕای وا بوو حکومەت ناچار دەبێ بە بوونی هێزی پێشمەرگە بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵماندا. نەمزانی ئەمەیان وەک بڕوابوونە بەو بنەمایە، یان دەیویست ورە بداتە فەرماندە و پێشمەرگەکان. قسەکانی تەواو کرد و لەگەڵ کاکە حەمە چوونە ناودێ و خەڵکی زۆر ڕێزیان لێ گرتن. کاک عەلی سەرکردایەتییەکی قسەزان بوو، قسەکانی پڕ بەسەرهات و نوکتە بوون و خەمرەوێن بوون. پیاوێکی هەتا بڵێی شارەزا بوو لە هونەری گێڕانەوەی بەسەرهات و نوکتە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و قسەی نەستەقدا. چەند ڕۆژێک لەو ناوچەیە مانەوە. تێ گەیشتم کاک عەلی عەسکەری پیاوێکی زۆر خۆشەویستە و جێی متمانەی خەڵک و پێشمەرگەش بوو؛ خەڵکیش پێیان خۆش بوو خزمەتی بکەن.

ئەوە یەکەم جارم بوو کاک عەلی عەسکەری ببینم؛ پێشتر تەنیا ناویم بیستبوو. پیاوێکی باریکەلەی ئەسمەر بوو، دەستێک جلی کوردیی زەیتونیی لەبەر دەکرد، چاوەکانی گەورە بوون، جامانەکەی بە جۆرێک دەبەست وەک ئەوەی بە پشتا کەوتبێت. بنەماڵەکەیان خەڵکی شەدەڵە بوون و باوک و باپیری شێخی تەریقەت بوون، دواتریش چەند جارێکی تر لە شوێن و ناوچەی تر بینیمەوە.

کاک عەلی عەسکەری لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا لە خواکورک کرایە فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی. لەگەڵ سەرکردە و فەرماندەکانی کۆمەڵەدا گونجاو بوو؛ گەر گرفتێک درووست ببوایە، بەزوویی ڕێک دەکەوت و چارەسەری دەکرد، جیاوازیی لەنێوان پێشمەگەری بزووتنەوە و کۆمەڵەدا نەدەکرد؛ سەرکردەیەکی سادە و خاکی بوو، بەلایەوە ئاسایی بوو پێشمەرگە و مەفرەزەی قیادەی مۆقەتە لە ناوچەکەدا بن. لەگەڵ (فەقێ سمایلی یاخی)یان، کە فەرماندەی مەفرەزەی قیادەی مۆقەتە بوو، یەکتریان دەبینی و دۆستایەتیان هەبوو. دواتر چەند جارێکی تر لە شارباژێڕ و قەندیل بینیمەوە.

جارجار لە مقەڕ دەهاتمە دەرەوە و دەچوومە ناودێ. لە پشتی مەقەڕەوە شوێنێکی بچووکیان درووست کردبوو ئاویان تێدا گەرم دەکرد بۆ خۆشتن. لەو ماوەیەدا چەند جارێک توانیم خۆم بشۆم، پێشتر ناردبوومان لە ڕانیە کراس و گۆرەوی و جلی ژێرەوەیان بۆ هێنابووم، دەستێک جلی دیکەشیان بۆ هێنام. بوونی ئەسپێ لە مقەڕ و ماڵی دەرەوەدا شتێکی ئاسایی بوو، دەبوو خۆتی لەگەڵ بگونجێنی، هەستم دەکرد لەشم دەخورێت و ئەسپێ سەری تێ کردووە، گەرچی جار جار دەمبینی دەرمانی ئەسپێ دەرێژن.

دنیا سارد بوو، بارانیش بەبەردەوامی دەباری. کاک زێڕۆ خەبەری پێ دام کە کاتی ئەوە بوو بەڕێ بکەوم بۆ گەورەدێ بۆ لای برادەران. سێ پێشمەرگەی لەگەڵ ناردم تا بمگەیەننە گەورەدێ بۆ لای کاک ئارام و کاک سالار، ئەگەر لەوکاتەدا ئەوانیش لەوێ نەبوون بمگەیەننە مەقەڕەکەی کۆمەڵە. پێشمەرگەکان هەرسێکیان چەکیان پێ بوو. من تفەنگە ئەمانەتەکەمم جێ هێشت، بەڵام کاک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زێڕۆ دەمانچەیەکی بە قایش و شانە و فیشەکەکانیەوە پێ دام و گوتی، "ئەگەر لەوێ چەکیان پێ دای، ئەمەم بۆ بگەڕێنەرەوە."

کەوتینە ڕێ، بە ڕێگەی سەری (باراوێ)دا بە گومەزەڵ و پشتی (چالاوە)دا ڕۆیشتین و گەیشتینە گوندی یاخییان، بەڵام لامان نەدا و بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن. بە دۆڵێکدا شۆڕ بووینەوە و گەیشتینە پشتی گەورەدێ. نزیکەی چوار سەعات بەڕێگەوە بووین و هیچ وچانمان نەدا. زۆریشم بە لاوە خۆش بوو کە دەمتوانی پێبەپێی ئەوان بڕۆم. ئەوان خۆیان پەروەردەی ئەو شاخ و کێوانە بوون، بەڵام من نە دوا کەوتم لێیان و نە داوای وچانیشم لێ کردن. ئەوان شارەزا بوون. یەکسەر چووینە مەقەڕی کۆمەڵە، کە لەناو گوندی گەورەدێدا بوو. مقەڕەکە تاقە ژوورێک بوو. جگە لە هاوڕێ مارف کەسی دیکەی لێ نەبوو. وا دیاربوو هەڤاڵان زووتر ڕۆیشتبوون و هاوڕێ مارف بەدیار مەقەڕەکەوە مابۆوە. گوتی کە زۆر نییە کاک ئارام و پێشمەرگەکانی ڕۆیشتوون بۆ سەفرە و زەروون، لە زەروونیش ماوەیەک بوو کۆمەڵە مقەڕێکی بچووکی دانا بوو. گوندی زەروون لەناو قەدی شاخێکی سەختدایە و پشتی ناوە بە (چیای ئاسۆس)ەوە، نزیکی سەفرە و (گەلاڵە)ی (ناوچەی شینکایەتی)یە.

گەورەدێ دەکەوێتە سنووری ناحییەی گاپیلۆن و سەر بە (قەزای ماوەت)ە، لای باکوورەوە گوندی گەلاڵە و لە باشوورەوە گوندی کانی مێو و گەڕەدێ دۆڵی جافایەتییە، لە ڕۆژهەڵاتییەوە ولاغلوو و قامیش هەن و لە ڕۆژئاواشیەوە گوندێ گوێزیلە هەیە. (گەورەدێ)یەکی تریش هەیە لە ناحیەی ئاغجەلەری سەر بە قەزای چەمچەماڵ، ڕەنگە لە ناوچەی تریش هەمان ناو هەبێت. گەورەدێ لە دۆڵێکدا لەنێوان شاخی گۆجاڕ و (شاخی ژیلوان)دایە. ژیلوان لە نێوان مالوومە و گوندەکەدایە، گۆجاڕیش دەکەوێتە پشتی گوندەکەوە.

شەوێک لای هاوڕێ مارف لە مقەڕ مامەوە. هاوڕێ مارف تێکۆشەرێکی پشودرێژ و کادرێکی چالاکی کۆمەڵە بوو، برازای عەلی بچکۆل بوو، پێشتر یەکترمان ناسیبوو، خەبەریشی هەبوو کە من دەچم بۆ ئەوێ. پرسیارم لێ کرد، "لەم ناوە کێی لێیە؟" گوتی، " ڕەئیس عەبدوڵڵا و چەند پێشمەرگەیەکی تر لە دۆڵەکەی خوارەوەن." من ڕەئیس عەبدوڵڵام نەدەناسی. زانیم کە هاوڕێ مارف چاوەڕوانی کەسێکی تریش بوو تا لەگەڵی بڕوات و مەقەڕەکە جێ بهێڵێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەر ئەو بۆی باس کردم کە بەنیازن مەقەڕەکانیان دابخەن، چوونکە زانیاری هەبوو کە جەیشی عێراقی خۆی کۆ دەکاتەوە تا لە نزیکترین کات بۆ ئەوەی پەلامار بدات، گوتیشی بەیانی کە ئەو برادەرەی تریش هات، پێکەوە مەقەڕ چۆڵ دەکەین و دەچینە لای ڕەئیس عەبدوڵڵا و ئەوان، زانیشم کە ماوەیەک پێشتر کاک عەلی عەسکەری و کاک سالار عەزیز و هاوڕێ ئارام هەموویان لەوێ بوون، بڕیاریشیان دابوو قەرەباڵغی و کۆبوونەوە لە مەقەڕەکاندا نەهێڵن و پێشمەرگە زیاتر لە جەولەدا بێت و لە جێگەیەکی دیاریکراو نەمێنێتەوە.

ئەو شەوە لای هاوڕێ مارف مامەوە، ئەوەندەم پرسیار لێ کرد ماندووم کرد، ئەویش زۆر بەهێمنی و بێ ئەوەی بێزار ببێت، وەڵامی هەموو پرسیارەکانمی دایەوە. بۆ بەیانی نانمان خوارد و دەوروبەری سەعات ١١ کەوتینە ڕێ بۆ لای ڕەئیس عەبدوڵڵا (خەبات حاجی مارف)، لە دووری ناودێ و لە نزیک دۆڵی شێخ محەمەد لەناو ڕەزێکدا بوو. ناوچەکە عاسی بوو. ڕەئیس عەبدوڵڵا لە کۆلێتێکی بچووکدا بوو کە بە کەڵەکەبەرد و دار درووست کرابوو؛ بە قوڕیش کونبڕ کرابوو، پارچە بەڕەیەک و ڕاخرابوو، سێ، چوار بەتانیش لە سووچێکەوە قەد کرابوون. ڕەئیس بەتاقی تەنیا بوو، هیچ پێشمەرگەی دیکەی لەگەڵدا نەبوو، قۆرییەکی ڕەشی لەسەر سێکوچکەیەکی بەرد دانابوو، خەڵوزیشی گەشاندبۆوە. من چاوەڕوان بووم پیاوێکی بەتەمەنی سەروڕیش سپی بێت و دەموچاوی چرچ و لۆچ و ددانەکانیشی شاش، واتە من بە ناوەکەی دا وێنەی تێکۆشەرێکی بەتەمەنم لە زەینی خۆمدا بۆ کێشابوو، تێکۆشەرێک کە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە پێشمەرگەیە. کە چووینە ئەوێ، بینیم ڕەئیس عەبدوڵڵا کوڕێکی گەنجی گەنمڕەنگی باڵا مامناوەندە، هەر وا دوو، سێ ساڵێک لە خۆم گەورەتر بوو. ناوە ئەسڵییەکەی 'خەباتی حاجی مارف' بوو. تاقم و تفەنگی خۆی پێ بوو، کلاشینکۆفێکی کۆن بوو، ڕەنگە ڕەشەکەی چووبۆوە. ئەو کاتە تفەنگێکی ئاوا و بگرە خراپتریش بە زەحمەت پەیدا دەبوو. چەکەکان بە زۆریی هی شۆڕش بوون و دواتر خرابوونە ژێر خاکەوە، یان لە کون و قوژبندا شاردرابوونەوە و دواتر دەرهێنرابوونەوە. وردە وردە کڕین و فرۆشتنی چەک پەیدا ببۆوە، گەر پارەمان هەبووایە، دەمانتوانی دەمانچە و کلاشینکۆف و فیشەک بکڕین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بڕیـار درا بـوو مەقـەڕ دابخرێـت، بۆیـە بڕیـارم دا چەنـد ڕۆژێـک لای ڕەئیـس عەبدوڵـڵا بمێنمـەوە. هـاوڕێ مـارف دوو، سـێ شـەو لامـان مایـەوە و پاشـان جێـی هێشـتین، بـەڵام دوو سـاڵ و لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٧٨دا لای مـام جـەلال وەک دەسـتەی نزیـک بـۆ پاسـەوانی کەسـی یەکـەم و جێمتمانـەی لـەوێ مابـۆوە.

دانیشـتووانی گونـدەکان بـە زۆری دڵسـۆز و هـاوکاری پێشـمەرگە بـوون، گونـدی گەورەدێـش بـە هەمـان شـێوە خزمەتـی پێشـمەرگەیان دەکـرد، لـە پـاڵ ئـەو دڵسـۆزییەی خەڵکدا، کەسـانێک ڕێکخـراو لەنـاو گونـد لـە لایـەن کۆمەڵـەوە بـۆ کـاری تایبـەت و پێوسـت ڕادەسـپێردران و گـەر پێویسـتی بکردایـە زانیـاری و خواردنیـان دەگەیانـد. هـەر لـەو کەسـانەی جێـی متمانـەی ڕێکخسـتن بـوون، ڕۆژانـە یـەک، دوو جـار برادەرێـک دەهـات و خـواردن یـان هـەر پێویسـتییەک هەبووایـە بۆیـان دەهێنایـن بۆنـاو ئـەو ڕەز و کۆڵیتـەی دوور لـە دێیەکـە تێیـدا مابوویـنەوە.

شـوێنەکەمان سـەخت و نـاو دارسـتان و ڕەزوبـاخ بـوو، شـوێنێکی چەپـەک و بێشـک بـوو بـۆ خۆپاراسـتن و دوورکەوتنـەوە لـە چـاوی دوژمـن. هـاوڕێ خەبـات هەندێـک کتێبـی لا بـوو. دەرفـەت هەبـوو بـۆ خوێندنـەوە، هـەر بـە ڕۆژ دەمانتوانـی بخوێنینـەوە، چوونکـە شـەو فانۆسـێکی بچووکمـان لا بـوو دەبووایـە ئەویـش بەکزی هەڵبکەیـن. نەدەبـوو ڕووناکـی بچێتـە دەرەوە. هـەر لـە ئێوارەوە کـە دنیـا تاریـک دادەهـات، دەبووایـە بچینەنـاو ئـەو بەنـاو ژوورە بچووکـەوە، هـەر زوو دەخەوتیـن و بەیانـی زۆر زوو لـە خـەو هەڵدەسـتاین.

کـە ئـەم دێڕانـە دەنووسـم قسـەی هاوڕێیەکـی خۆشەویسـتم بـە نـاوی 'مامۆسـتا سـەرکەوت' بیر دێتەوە. سـەرکەوت کادرێکـی بەئەزموون و تێکۆشـەرێکی پشـوودرێژ و فیداکار و خۆشـەویستی کۆمەڵە و یەکێتی بوو لە ناوچەی شارەزوور و هەورامان. زۆر جار بەدەم پێکەنینـەوە بە خەباتی خۆمانی دەگوت، "سیاسـەتی خۆحەشـاردان و قەلاچۆکردنـی دوژمـن." بـە ڕاسـتییش وا بـوو، ئێمـە لـە بنـی دنیـا و لەنـاو کـون و قوژبـن و کونـە ڕێویـدا خۆمـان مـات کردبـوو، بەنیازیـش بوویـن ڕژێمێکـی بەهێـزی وەک بەغدا بڕووخێنین. مامۆسـتا سـەرکەوت و هاوڕێکانی لە هاوینەوە لە دەشتی شـارەزوور بـە ڕۆژ لەنـاو بێسـتان و گوڵەبـەڕۆژەدا خۆیـان حەشـار دەدا. بەحـاڵ هەناسـەیان بۆ دەدرا، شـەویش لە تـاو مێشـوولە خـەو و ئیسـراحەتیان نەبوو، بـەڵام مامۆسـتا سـەرکەوت بەوەفـا بـوو بـۆ وەسـێتی خاڵـە شـەهاب؛ خـۆی و هاوڕێکانـی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بوونە بناغەی درووستبوونی هێزێکی جۆریی پێشمەرگەی یەکێتی لە شارەزوور و دەیان و سەدان قارەمان و فیداکار بوونە دەرویشی ئەو ڕێبازە.

***

چەند مانگێک تێ پەڕیوە و هیچ هەواڵێکم لە دایکم نییە. ئەو ڕۆژەی لە ماڵ چوومە دەرەوە دایکم بەهیوای ئەوە بوو بەزوویی هەواڵی خۆمی بۆ بنێرم. ویژدانم زۆر ئازاری دەدام کە نە من و نە ئەوان هەواڵی یەکتر نازانین. زیاتر لە خەمی دایکم بووم، دەمزانی دەروونی چۆن بۆتە تەندوورێک و ڕۆژ بە ڕۆژ کڵپە دەستێنێ. هەستم بە شەرمەزاریی دەکرد. ئایا دەیبینمەوە یان نا؟ ئەگەر بینیمەوە، چی بڵێم لە بەرانبەر ئەو هەموو ئازارە دەروونییەی تووشم کردبوو، لە بەرانبەر جەستە ماندووەکەی بەدەستی بەعسییەکانەوە؟ دڵی خۆم دەدایەوە کە خۆشەویستیی دایک بێسنوورە و بە هەواڵێکی ڕۆڵەکەی دڵی وەک مرواریی پاک هەرگیز بەرانبەر ڕۆڵەی گەرد ناگرێ، دایک هەر دایکە و لانکەی ئارامیی ڕۆڵەکانێتی. ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەمیشە هەست بە ئازاری دەروونیی زۆر دەکەم کە چۆن بوومە هۆکاری ئەو هەموو مەینەتی و نارەحەتییە بۆ دایکم. ئەو خۆی، بە هۆی ژیانی سەختی ڕابردوویەوە، دڵ و دەروونی پڕ بوو لە جەور و ئازاری ڕۆژگار. دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کە فرمێسکی لێبوردنی هێندە گەورەیە بەقەدەر گەورەییی دایک خۆی.

ئەو ماوەیە لەگەڵ خەبات پێکەوە لەو شوێنە ماینەوە. زۆربەی کاتەکانمان بە قسە و گفتوگۆوە بەسەر دەبرد. هەرچی بابەت هەبوو قسەمان لەسەر دەکرد و وەختەکەمان پێ بەڕێ دەکرد. خەبات کەسێکی خوێندەوار و تێکۆشەرێکی ڕۆشنبیر و کادرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو، زۆر لە پێشی ئێمەوە لە ڕێکخستنی کۆمەڵەدا کاری کردبوو، خۆشەویستی هاوڕێیان و هەڤالان، بە تایبەت کاک ئارام، بوو. وردەکاریی زۆری ڕێکخستن و پەیوەندیی نێوان بزووتنەوە و کۆمەڵەی لا بوو. لەو ڕووەوە بەرچاوڕوونی زۆرم لەسەر دۆخەکە وەرگرت. ئێمە بە هەردووکمان تەمەنمان چل ساڵێکی تێپەڕاندبوو، لەناو کەڵەکەبەرد و تەڕوتووشی و قوروچڵپاوی ڕەزێکدا باسی فراوانبوونی هێزی کۆمەڵە و سەرکەوتنی شۆڕشی کوردمان دەکرد و تەنانەت زۆرجار لە گفتوگۆکانماندا قسەمان لەسەر کوردستانی گەورەش دەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سـەرەتای زسـتان بـوو، ڕەز و دارەکانـی ئـەو نـاوە ڕووت ببوونـەوە. گـەڵاکان وەریبوون و لقەکان ڕووت بـەو ناوەدا بـڵاو ببوونـەوە، سرووشـت جوانییەکـی پـێ بەخشـیبوون وەک ئـەوەی فەرشـی ئاوریشـم بێت و ڕاخرابێـت. هەرچەنـد سـەیرم دەکـرد چیرۆکـی شـازادە خەوتووەکـەم بیـر دەکەوتـەوە کـە دایکـم شـەوانە بـۆی دەگێڕاینـەوە. بەزمـی پێـڵاوە لاسـتیکەکانیش لـەولاوە بوەسـتێت. بەیانیـان دەبـوون بـە پارچەیـەک شـەختە و نەدەچـوون بـە پێمـدا، دەبـوو ماوەیـەک لەبـەر هەتاوەکـە دایانبنێـم- گـەر هەتـاو بووایـە- تـا کەمێـک نـەرم دەبوونـەوە.

لـەم ناوچەیـە بـەو ژوورە بچووکەی تێیدا بووین دەڵیـن 'چەرەس' یان 'خێوەت'. کۆڵەکـەی ئەسـتووری داربـەڕووی بـۆ دادەنێـن و سەریشـی هـەر بـەداری بـەڕوو دارەڕا دەکـەن. سـاڵانە لـە ڕەزبڕینـدا لقی بڕاوی مێوەکانی لەسـەر دادەنێن و بەهەمان شـێوە مێولاکەیانـی لەسـەر کەڵەکـە دەکـەن، ئینجـا بـە شـێوەیەک دەکوترێتـەوە کـە بـە هیـچ شـێوەیەک دڵۆپـە و بـاران دانـادا و نـاو ژوورەکـە وشـک و برینگـە و بـە ئیسـراحەت سـێ، چـوار کەسـی تێدا دەخەوێت.

خەبات ڕادیۆیەکی بچووکی لا بـوو، زیاتر گوێمـان لـە هەواڵەکانـی بەغدا و تـاران و مۆنتیکارلۆ و لەنـدەن و ئـەو شـوێنانە دەگـرت. ئەگـەر لـە لایەکەوە هەواڵێک لەبارەی کوردەوە پەخش بکرایـە- کـە ئـەوە زۆر دەگمـەن ڕووی دەدا، یـان کوردگوتەنـی لـە کوولەکـەی تەڕیشـدا نـاوی کـورد نەدەهـات- لـەو ڕادیۆیـەوە دەمانبیسـت و بەشـێک لـە هەواڵـی دنیاشـمان دەزانـی. ئـەوە دڵخۆشـی دەکردیـن.

تـا دەهـات زیاتر بەرچاوڕوونتر دەبووم کـە دوو جـۆر بیرکردنەوە لەنـاو یەکێتیدا هەیـە بەتایبـەت لـە ڕووی ئاراسـتەکردنی هێـزی پێشـمەرگەوە: بزووتنـەوە دەیەوێـت هێزێکـی گـەورەی زۆروبـۆر پێکـەوە بنێـت و بـە هـۆی زۆریـی ژمارەکـەوە حکومەتـی عێراق مل بۆ هەندێ داوای جووڵانەوەکە بدات، کۆمەڵەش دەیویست هێزی پێشمەرگە بـە شـێوەی سرووشـتیی خـۆی گەشـە بـکات و بەرگـەی ناڕەحەتـی و تەنگانـە بگرێـت، واتـە لـە ڕووی چۆنایەتییـەوە گەشـە بـکات. ماوەیـەک پێشـتر، زۆربـەی سـەرکردەکان و فەرماندە عەسـکەرییەکان- کاک ئـارام و کاک عەلـی عەسـکەری و سـالار عەزیـز و مـەلا بەختیـار و ئـازاد هەورامـی..- لـە گـەورەدێ بووبـوون و گفتوگـۆی توند و جیاوازیان لەسـەر چۆنێتیی ڕێکخسـتنەوەی پێشـمەرگە کردبوو، بەڵام نەگەیشـتبوونە دیدێکـی هاوبـەش؛ چـۆن بـوو هـەر وا بەردەوامـی پـێ درا و سـەرکردایەتیی بزووتنەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەسەر چۆنێتیی خۆڕێکخستنەوە و درووستکردنی هێز و مەفرەزەکان لەسەر ڕای خۆیان مانەوە. سەرکردایەتیی کۆمەڵە بەرچاوڕوون بوو کە کۆکردنەوەی هێز بەو شێوەیە کە هەر کەسە و بە چەند پێشمەرگەیەکەوە وەک فەرماندەیەکی سەربەخۆ ئازاد بێت و بگرە و بکوژە پەیڕەو بکات، کێشە و گرفتی زۆر بۆ جووڵانەوەکە درووست دەکات و دواتریش پێشمەرگە و جەماوەر باجەکەی دەدەن.

جارجار لەپاڵەوە سەیری ناو دۆڵەکەم دەکرد؛ چرستانێک بوو مەپرسە، دۆڵێکی قووڵ بوو، ئەو شوێنەش کە ناوی 'کانی پەڵک' بوو کەوتبووە نێوان شاخی سەختی ژیلوان و شاخی گۆجاڕ و درێژ دەبۆوە و بەرەو ژوور دەڕۆیشت، ئینجا سەردەکەوتەوە بۆ ئەودیو و لەوێوە گەر بەدەستی ڕاستدا بڕۆیشتیتایە، دەچوویتە دۆڵی شێخ محەمەد. لە خواریشەوە ئەوسەریم نەدەبینی. بە ڕۆژ دیمەنەکە زۆر جوان بوو، بەڵام کە شەو دادەهات، دەنگی ڕەشەبا و زۆر جاریش هەورە برووسکە و دەنگ و لوورەی ئاژەڵی کێوی تێکەڵ بەیەک دەبوون و ڕەشەباش بەناو درەختەکاندا دەیلووراند، ئێمەش بەناچاری گوێمان لەو دەنگە وەرسکەرانە دەگرت.

ماوەیەک لەوێ مامەوە. خەڵکی دێ ماست و کەرە و هێلکەی کولاویان بۆ دەناردین، دەستەوارە نانمان بۆ دەهات و خۆشمان دار و چیلکەمان کۆ دەکردەوە چامان لێ دەنا. ژیانێکی سەخت و ناخۆشمان دەگوزەراند. ئەو کاتە گەنج بووین بەعسیش لەوپەڕی دڕەندیی خۆیدا بوو بۆیە ئێمەش دەبوو زیاتر بۆ میللەتەکەمان بکەین. بە هیچ جۆرێک هەستم بە ماندووبوون یان بێزاربوون نەدەکرد. خەونی ڕزگاریی کوردستانمان هەبوو؛ بە هەموو تواناشمانەوە بۆی دەجەنگاین.

چەند ڕۆژی کۆتایی دەمانویست بزانین هاوڕێ ئارام و کاک سالار لەکوێن، دەمزانی مەقەڕێکمان لە زەروون هەیە، بەڵام دڵنیا نەبووم کە برادەران لەوێن یان نا. دوای ئەوەی دڵنیا بووم لە زەروونن، ئیتر من کەوتمە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی بچم بۆ لای ئەوان، بەڵام خەبات نەهات و دیار بوو نیازی چوونە قەرەداغی هەبوو. وا ڕێک کەوتین بەیانیی زوو دوو برادەری خۆمان لە گوندی گەورەدێ لەگەڵم بێن. کە برادەرانم بینی، لە گەلاڵەی شینکایەتی یان سەفرە، ئیتر ئەوان بگەڕێنەوە. بەیانییەک بە هاوڕێیەتی ئەو دوو برادەرە، کە خەڵکی گەورەدێ بوون، بەرەو شوێنی مەبەست لە گەلالە و سەفرە بەڕێ کەوتین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بیرمە ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتین چڵکن بووم؛ جلەکانم قوڕوچڵپاوی زۆریان پێوە بوو. سەعات ٨:٣٠ دەقیقەی بەیانی بوو کە کەوتینە ڕێ. کاک خەبات بەو دوو برادەرەی گوت، "ئەگەر برادەرنتان لە گەلاڵە نەبینی، بچنە زەروون؛ لەوێ مقەڕی کۆمەڵەی لێیە." بە درێژاییی ڕێگەکە ئەوان بێدەنگ و منیش هیچ قسەیەکم نەکرد. ڕێگەکە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند. بە لای دۆڵی شێخ محەمەددا تێ پەڕین و لە کوێستانی خەندەکی چەندماڵێکمان بینی کە خەڵکی گەلاڵە بوون. لە ترسی پەلاماری جەیش بۆ سەر گوند و ناوچەکەیان، بە ماڵ و منداڵەوە ڕایان کردبوو، بۆیە شپرزە بوون و زۆر دەترسان. ئەو دوو کەسەی لەگەڵم هاتبوون چەکیان پێ نەبوو، تەنیا من ئەو دەمانچەیەکم پێ بوو کە زێرۆ پێی دابووم.

گوندی قامیش دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاتی گوندی گەورەدێ و هاوسنوورە لەگەڵ ولاغلوو و دری. گوندی درییش هاوسنوورە لەگەڵ دۆڵبێشک و یالانقۆز و ولاغلوو. ئەمانە کۆمەڵێک زانیاریین کە لەو کاتەدا نەک هەر نەمدەزانین، بەڵکوو کوردگوتەنی فرم بەسەریانەوە نەبوو.

ئێمە نەدەچووین بۆ قامیش. زانیمان کە شەڕەکە سەخت بووە و ژمارەیەک سەرباز کوژراون. ڕێگەی ئێمە بەرەو گەلاڵە بوو، خەڵکی گوندەکە هەموویان چەکدار بوون، زۆربەی خەڵکی ئەو گوندە خەریکی قاچاخچێتیی چەک بوون. خەڵکەکە زۆر ترسابوون لەوەی دوژمن دەست نەپارێزێت. ئەوە دووەم جار بوو دووژمن بەو ژمارە زۆرەی سەرباز و دەبابە و کۆپتەری جەنگییەوە پەلاماری ناوچەی شینکایەتی- قامیش، گەلاڵە، سەفرە و زەروون و ..- بدات.

پرسیاری پێشمەرگەکانمان لە خەڵکەکە کرد و ئەوان گوتیان کەسی لێ نەماوە و هەموویان چوونەتە گوندی زەروون. ئەو دوو برایەی چاوساغ و شارەزا بوون لاڕێیان گرت و هەندێک لە گوندی گەلاڵە دوور کەوتنەوە تا بەسەلامەتی بمگەیەننە شوێنی مەبەست. پێش ئەوەی بگەینە سەفرە، بە تووڵەڕێی هەورازێکدا سەر دەکەوتین، چەند کۆپتەرێک پەیدا بوون و بەناچاری و بەپەلە لە پاڵ دارودەوەندا خۆمان حەشار دا تا دوور کەوتنەوە و دیار نەمان. کەوتینەوە ڕێ تا خەریک بوو دەگەیشتینە ئاسۆکە، لە ناکاو یەکێک لە بنی دارێکەوە لێمان ڕاپەڕی، تفەنگی لێ ڕاکێشاین و گوتی، "نەجوڵێن! دەتانکوژم!"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوو کەسی تری لەگەڵ بوون، بەڵام ئەوان چەکیان پێ نەبوو. بۆیە زۆر نەترسام، بەڵام هەرسێکمان حەپەساین و لە شوێنی خۆمان ڕاوەستاین. ئەمە چی بوو ئاوا پیاوێکی بەتەمەن هێندە تووڕە و چاونەترسانە بەتەنیا چەک لە سێ کەس ڕادەکێشێ! ئێمە هەر زوو زانیمان جاش و چەکداری دوژمن نین، بەڵام کێشە ئەوە بوو ئەو ئێمەی بە پیاوی حکومەت دەزانی، خۆی کلاشینکۆفێکی مزەلی پێ بوو. ئەو دوو کەسەی لەگەڵم بوون هیچیان چەکیان پێ نەبوو، بە کابرایان گوت، "ئێمە خەڵکی گەورەدێین، ئەم پێشمەرگەیەمان لەگەڵ خۆمان هێناوە بۆ لای ئێوە." کابرا گوتی، "شتی وا نییە، ئێوە پیاوی حکومەتن، لەم دەشتودەرەش وازمان لێ ناهێنن! دێن و پێش جەیش دەکەون و جاسووسیمان بەسەرەوە دەکەن." هەرچیمان دەگوت، کابرا نەیدەبیست؛ وشک و کەللەڕەق بوو، زۆر بەجدی بەرانبەرمان وەستابوو، داوای دەکرد دەمانچەکەم دابنێم. ئێ شتی وا چۆن دەبێت! پێم گوت، "کاکە من کادرم، پێشمەرگەم، دەچم بۆ مقەڕی کۆمەڵە لە زەروون بۆ لای کاک ئارام." کابرا بەتووڕەیی و ڕقێکەوە چەکی خستبووەسەر پێ و دەیگوت، "ئەو چەکە دانەنێی، تەقەت لێ دەکەم."

ئەو زۆر بە ڕاستی بوو. لەو ناوەدا بەس من چەکم پێ بوو، زۆریش ترسی ئەوەم هەبوو کارەکە ناخۆش ببێت. کابرام نەدەناسی، بۆیە دەمانچەم پێ نەدەدا، دەبوو ڕێگەیەکی دیکە بدۆزمەوە بۆ خۆدەربازکردن. ئەو دووانەی لەگەڵی بوون خەڵکی ناوچەکە بوون. کێشەمان لەگەڵ ئەواندا نەبوو. لەو مشتومڕ و هەرایەدا ئەو دووانەی لەگەڵیشم بوون سەریان لێ شێوا بوو، نەیاندەزانی چی بکەن، چوونکە ئەوانیش چەندیان لەگەڵ کابرا گوت، بێسوود بوو.

دوا جار گوتم، "من نامەی کاک ئارامم پێیە، کادری کۆمەڵەم و هاتووم بۆ لای ئەو." کە ئەم قسەیەکم کرد، کابرا کەمێک سڵەمییەوە، تۆنی دەنگی گۆڕا و گوتی، "کوا نامە؟" من کە ئەو قسەیەم کرد، لە دڵی خۆمدا هیوام دەخواست ئەم کابرایە نەخوێندەوار بێت؛ تەمەن و شێوازی قسەکردن و ڕەفتاریشی هەر بۆنی ئەوەی لێ دەهات. دەستم کرد بە گیرفانمدا، پارچە کاغەزێکم دەرهێنا کە کاتێک لە مەقەڕ بووین، هەندێک سەرنج و تێبینیی خۆمم لەسەر نوسیبوو، بۆم بەرزکردەوە و گوتم، "ئەمە نامەکەیە."

قسەکەم ئەوی ڕازی کرد و کێشەیەکی گەورەمان لەکۆڵ بۆوە. کابرا هەر نەشهاتە پێشەوە لێمان. هێشتا نزیکەی پەنجا مەتر لێمانەوە دوور بوو. بێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوەی سەیری نامەکە بکات، گوتی، "دە باشە بڕۆن خوا حافیزتان بێت. نامەی کاک ئارام هەموو شتە بۆ ئێمە، دەبوایە زوتر واتان بگوتایە."

ڕۆیشتین و چووینە سەفرە، کەسی لێ نەبوو، خەڵکەکە ترسابوون و چۆڵیان کردبوو، دابوویانە ئەو شاخ کێوە. ئێمەش لەوێ نەماینەوە و ڕوومان کردە زەروون. کە گەیشتین، هاوڕێ ئارام و سالار عەزیز و ئازاد هەورامی و ژمارەیەک هەڤاڵی تر لەوێ بوون. برادەران زانیارییان لا بوو کە دوژمن بەنیازی پەلاماردانی سەفرە و زەروون و پشتی زەروونە، بۆیە بەو هێزەی لەبەر دەست بوو، ئامادەکاریی پێویستیان کردبوو.

کاک سالار ناسیمیەوە. ئێمە کوڕی یەک گەڕەک بووین لە مەڵکەندی و دۆستایەتی و تێکەڵیی خێزانیمان هەبوو. زۆر ڕێزی لێ گرتم و وای کرد لەگەڵ خۆی بمێنمەوە. نامەکەی ڕێکخستنم لا مابوو، پێم دان. لایان مامەوە و کاک ئارامیش هەر ئەوەی پێ باش بوو.

چەند ڕۆژێک دواتر، هەمان ئەو پیاوەی میلی تفەنگی لێ ڕاکێشابووین هاتە لای هاوڕێ ئارام. یەکسەر ناسیمەوە، بەڵام ئەو منی نەناسیەوە، باسی کۆمەڵێک شتی کرد وەک هێرشی دوژمن و زانیاری لەسەر ئەو شوێنانەی دوژمن لێی ماوەتەوە، زانیاری لەسەر ئەوەی خەڵک لە ترسا زۆربەیان ماڵیان چۆڵ کردووە و بەو سەرما و بارانە لەو دەشتودەرەن، ئەوەش کە هەندێکیان بەرەو سلێمانی و ئەو دەورووپشتە ڕۆیشتوون، پاشانیش باسی ڕووداوەکەی ئێمەی بۆ کرد و گوتی، "لەو کاتەی جەیش چوو بۆ ناودێ، سێ زەلام پەیدا بوون وەک ئەوەی پێش جەیش کەوتبن و جاسووس بن و چاوساغییان بۆ بکەن، هێندە نارەحەت بووم و دڵم پڕ بوو، ئەگەر وەرەقەی تۆیان پێ نەبووایە، دوور نەبوو تەقەیان لێ بکەم. هەر باش بوو نەمکوشتن."

هاوڕێ ئارامیش بە پێکەنینەوە دەستێکی بۆ من ڕاکێشا و گوتی، "ئەمە خۆیەتی؟" پێشتر خۆم بابەتەکەم بۆ باس کردبوو. کابرا سەیرێکی کردم، ئینجا ڕووی کردەوە هاوڕێ ئارام، "ئەرەوەڵا ئەمەیە." هاوڕێ ئارام زۆر مەمنونی بوو کە ڕێزی نامەکەی گرتووە و گوتی، "کاک شۆڕش کادری خۆمانە" و هەندێ قسەی تر کە زۆربەی مەدحی بەندە بوو. ئینجا بۆی باس کردم کە ئەو پیاوە جوامێر و کوردپەروەرە خۆبەختکەرەش (حاجی مەحموودی گەلاڵە)یە و لەناو خەڵکدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە 'خولە هۆمەر' ناسراوە. ئەم پیاوە بە خۆی و ماڵ و منداڵییەوە چووبووە ناو شۆڕش، هەموو کوڕەکانی پێشمەرگە بوون. بێ کۆڵدان لە ڕیزی شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا بەردەوام بوون، خۆشی کەسێکی هەتا بڵێی فیداکار و پشوودرێژ بوو. یەکێک لە کوڕەکانی بە 'حەسەن قارەمان' ناسرابوو، فەرماندەی مەفرەزە بوو، زۆر ئازا و بەهەڵمەت بوو. لە شەڕێکی سەختی نابەرانبەردا شەهید کرا. (حەمە عەلی)ی برایشی پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، وەک فەرماندەیەکی هەڵکەوتوو بەشداری لە دەیان چالاکیدا کردبوو، سەرپەرشتی و سەرکردایەتیی دەیان شەڕی قارەمانانەشی کردووە. حسێن و کەمالیش کوڕی حاجی مەحموود بوون، ئەوانیش پێشمەرگە بوون ڕۆڵی بەرچاویان لە قارەمانێتی و خوڕاگریدا نیشان دابوو، حاجی لە هەموو شەڕەکانی (قەیوان-ماوەت)دا بەشداریی کردبوو. کەرتەکەیان زۆرترین پێشمەرگەی هەبوو، لە کەرتە چالاکەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بوون. لەو ڕۆژەوە لەگەڵ خۆی و کوڕەکانیدا دۆستایەتییەکی پتەو لەنێوانماندا پەیدا بوو، زۆریش حەزم لە قسە خۆشەکانی دەکرد. لە هەموو شوێنێکدا قسەی خۆی دەکرد و شەرمی لە کەس نەدەکرد. هەرگیز لە دانیشتن لەگەڵی بێتاقەت نەدەبووی.

حاجی مەحموود فەرماندەی کەرت بوو. زۆربەی پێشمەرگەکانی کەرتەکەی کەسوکار و نزیکی خۆی و خەڵکی ئەو دێهاتانە بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەهێشتنی نەخوێندەواری

کۆمەڵە بنکە و بارەگای لە زەروون هەبوو. بەرلەوەی هاوڕێ ئارام بچێتە ئەوێ، هەڤاڵان مزگەوتی دێکەیان کردبوو بە مەکتەب. بەیانیان نوێژی تێدا دەکرا و ئێوارانیش منداڵانی گوندەکە و دەوروبەری وانەیان تێدا دەخوێند. پیاوێکی بەخشندەی خەڵکی زەروون بە ناوی 'ئەحمەدی حاجی ڕەسوڵ' زۆرجار پارەی بەقەرز پێ دەداین بۆ ڕاییکردنی کارەکان؛ ناوبەناو فیشەکیشی بۆ پەیدا دەکردین. مەکتەبەکە ٥٤ قوتابیی هەبوو، زۆربەیان کوڕ و کچی منداڵ بوون، ژن و پیاویشیان تێدا بوو. چەند پێشمەرگەیەک وانەکانیان دەگوتەوە:

حەمە سەعیدە قەڵەو: وانەی زمانی کوردی

حەمە شەریف (کاوە): بیرکاری

تەها باراوی: هۆشیاریی سیاسی

بەم کارانەش پێشمەرگە ببوو بە بەشێک لە خەڵکی گوند و لە خۆشی و ناخۆشیدا پێکەوە بوون.

کاک ئارام نامیلکەی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟" کە مام جەلال بە عەرەبی نوسیبووی، وەرگێڕابووە سەر زمانی کوردی. لای کاک زێرۆش کۆپییەک هەبوو، لە شاریش بەفراوانی بڵاو کرابۆوە. لە ناو کادرەکاندا، نامیلەکە گفتوگۆی زۆری لەبارەوە دەکرا. حەمە سەعید خستییە سەر ستێنسڵ و ژمارەیەکی زۆریان لێ ڕاکێشا و ناردیان بۆ زۆر شوێن تا زیاتر بڵاو ببێتەوە. لە سلێمانییش چەند هەزار دانەیەکی دیکەی لێ چاپ کرابوو، ئیتر هەر وەرەقە بوو، بە دەرزیی مەکینە دەکران بە نامیلکە و هەڵدەرانە ناو ماڵەکانی شارەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەڕەکانی حکومەت

برادەران زانیارییان هەبوو حکومەت لە ناوچەی قولەرەیسی نزیک سەرچنار لە چەند قاعەیەکدا مەڕی زۆری هەیە و بەخێویان دەکات، پاش کۆکردنەوەی زانیاری، مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیان نارد بۆ هێنانی مەڕەکان تا وەک سەرچاوەیەکی داهات بۆ خزمەتی پێشمەرگە سوودیان لێ وەربگیرێت. پێشمەرگەکان شەو فرسەتیان هێنا و ڕانەمەڕێکی گەورەیان هێنا، کە نزیکەی ٨٠٠ سەر مەڕ دەبوو. بێ وەستان هێنابوویان تا گەیاندبوویانە دۆڵی جافایەتی و لای شینکایەتی. ئەم گێڕانەوەیە لە دوو دێڕدا سەختیی و گەورەیی ئەو کارە ڕوون ناکاتەوە. قولەرەیسی ئێستا یەکێکە لە گەڕەکەکانی سلێمانی، ئەوسا گوندێک بوو سەر بە ناحیەی بەکرەجۆ. گەلاڵە و زەروون لەسەر سنوورن دەکەونە ئەوپەڕی قەزای ماوەتەوە. هێنانی ئەو هەموو مەڕە لە قولەرەیسییەوە بۆ زەروون کارێکی زۆر زەحمەت و ئازایانە بوو.

ئەوە سامانێکی باش بوو بۆ پێشمەرگە. ژمارەیەک لە مەڕەکانیان بەخشی بە گوندنیشینەکان، زۆر دەمێکیش بوو پێشمەرگە تامەزرۆی گۆشت بوو، بۆیە چەند سەرێک بۆ پێشمەرگە سەر بڕدران و ئەوانیتریش فرۆشران. ئەمەش بۆ خۆی داهاتێکی باش بوو بۆ ئەوکات و قەرزی هەندێ کەس هەبوو دایانەوە و هەندێ چەکی پێ کڕدرا و ماوەیەکی باشیش هەندێ کاروبار و پێویستیی پێشمەرگەکانی پێ مەیسەر بوو. خۆ ئەو کات پێشمەرگە هیچ داهاتێکی نەبوو، لە دۆخێکی داراییی خراپیشدا بوو. ئەم کارە بە بڕیاری کاک ئارام و کاک عەلی عەسکەری و سالار عەزیز ئەنجام درا.

خەڵکی زەروون زۆر بەخوڵق و باش بوون، زۆر هاوکارییان دەکردین. کوێخای گوندەکە- کوێخا مەحموود- لەگەل هاوڕێ ئارامدا پەیوەندییەکی زۆر خۆشی هەبوو، لە لایەکی تریشەوە، مامە حەمەی برای کوێخا مەحموود و چەند

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەسێکی تر مەفرەزەیەکیان درووست کردبوو. بە چەکی خۆیانەوە پارێزگارییان لە مقەڕەکە و لە خۆشیان دەکرد. ئەمانە، لە کاتی پەلاماری دوژمندا بۆسەر ناوچەکە، پشتیوانێکی گەورە بوون بۆ ئێمە. خەڵکی زەروون و قامیش و گەڵاڵە و سەفرە ئەوەندەی توانایان هەبوو بەرگرییان لە گوند و ناوچەکەی خۆیان و پێشمەرگەش دەکرد، بە جۆرێک کە دوژمن نەیتوانی بۆ ماوەیەک ئەو شوێنانە بگرێت کە مەبەستی بوون. دوای چەند ڕۆژێک لە شەڕکردن، ورەی سوپای دوژمن ڕووخا و نائومێدانە پاشەکشەی کرد.

هەر لە زەروون، کۆمەڵە خولێکی بۆ کادران کردەوە. هاوڕێ ئارام و سالار عەزیز و ئازاد هەورامی وانەکانیان ئامادە دەکرد و هەر خۆشیان دەیانگوتنەوە. ئەم خولە بۆ ئەو کاتە سوودێکی زۆری هەبوو، بگرە زۆر گرنگیش بوو. پێشمەرگە و بەشداربووان زۆر پێویستییان بەو زانیارییانە هەبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەستانەوە!

ماوەی دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول زۆری نەخایاند، بەڵام لەو ماوە کورتەدا، بەعسییەکان هەرچییەکیان لەدەست هات کردیان. زۆر دڕندانە و بێڕەحمانە مامەڵەیان لەگەڵ خەڵک دەکرد، بچووکترین گومانیان لە کەسێک هەبووایە لە زیندانیان توند دەکرد، زۆرێک لە تێکۆشەران و فەرماندە و پێشمەرگەکانیان نەفی کرد بۆ شارە دوورەکانی باشووری عێراق، بە تایبەتی ناسرییە و ئەنبار. ئێستاش لە فەلووجە گەڕەکێک هەیە بو ناوی 'حي الاكراد' کە درووستبوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای نەفیکردنی خێزانە کوردەکانی شارەکانی کوردستان، بە تایبەت کەرکووکییەکان. بەعس هەرچی لەدەست هات کردی بۆ ئەوەی جووڵانەوەی کورد جارێکی دیکە سەرهەڵنەداتەوە، هەر بۆیەشە ئەو تەنازولە گەورەیەی بۆ ئێران کرد و کردی بە برابەش لە شەتولعەرەبدا، بەڵام کۆمەڵە و یەکێتی و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان ئەو تەلیسمەیان شکاند و توانییان کارە سەختەکە بکەن. پێش ئەوەی ژیلەمۆی شۆڕش دابمرکێتەوە، پێشمەرگە سەرلەنوێ ئاگری بەرەنگاری و تێکۆشانی خۆش کردەوە.

بارودۆخەکە سەخت و نائومێدکەر بوو، بەڵام جەماوەر بەوپەڕی ئامادەیی و بە گیانێکی پڕ هیواوە باوەشیان بۆ یەکێتی و پێشمەرگە کردەوە و پشتیوانیی خۆیان بۆ دەربڕی. بە ڕووح و گیان پارێزگارییان لە ئێمە دەکرد. هەواڵ و زانیارییان لە شارەکانەوە دەهێنایە لامان؛ بەو هۆیەوە بەردەوام زۆرترین زانیاریمان لەسەر دوژمن هەبوو. ژمارەیەکیان بوونە پێشمەرگە، ئەوانەشی کە پێشمەرگە نەبوون وەک پێشمەرگە ڕەفتاریان دەکرد و لە هەموو جێگەیەک ببوون بە چاو و گوێی ئێمە. ئەمە شتێک بوو کە بەعس حیسابی بۆ نەکردبوو، هەر بۆیە دوای چەند ساڵێک لە تۆڵەی ئەوەدا، گوند و ناوچەکانی کوردستانی وێران کرد و (سیاسەتی خاکی سووتاو)ی پێڕەو کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەکەکانمان زۆر کۆن و سادە بوون. زۆربەی کلاشینکۆف و تاکە تاکە برنەویشی تێدا بوو، تەنانەت ئارپیجی و ڕەشاشیشمان نەبوو، بەڵام چەکێکی زۆر لەوانە گرنگتر و کاریگەر ترمان هەبوو: بڕوایەکی پتەو بە مەسەلەی کورد و ورەیەکی بەرز و پۆڵایینی لەبننەهاتوو. ئەو بڕوا بەهێزە بنەما و دینامۆی بەردەوامیمان بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو سەختییەکان و بەگژداچوونەوەی توانا و بالادەستیی دوژمن. زۆرێک لە کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵەش لە ڕێکخستنەوە پەروەردە کرابوون و ڕاهێنرا بوون، ئامادە بوون لە هەموو بارودۆخێکدا بەشانازییەوە گیان بەخت بکەن و وەک کۆڵەکە و داینەمۆی شۆڕش بەردەوام بن لە خەبات.

جێی خۆیەتی لێرەدا شتێکی خۆش بگێڕمەوە:

حەمەی حاجی سابیر، پێشمەرگەی سەرەتایی و تێکۆشەرێکی بەئەزموون و دیاری گەلەکەمان بوو، کادرێکی چالاک و پێشکەوتووی جەماوەری بوو، کۆبوونەوەی زۆری بە گوندنشینەکانی سنووری هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور دەکرد، قسەزان و قسەخۆش بوو، بەسەرهاتی زۆری لا بوو. کۆبوونەوەکانی لەگەڵ جوتیاراندا گەرموگوڕ و پڕ قسەوباس بوون. لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ کۆمەڵێک جوتیار حەمەی حاجی سابیر باسی یەکێتی و شۆڕش دەکات، پرسیاری لێ دەکەن و دەپرسن: "شۆڕشی ئەیلوول بەو هەموو هێز و هاوکاری و چەک و جبەخانەیەوە هیچی پێ نەکرا، ئێوە بەم ژمارە کەمەی پێشمەرگە و ئەم چەکە ژەنگاوییانەوە چیتان پێ دەکرێت؟ بۆ سەری ئێمە و خۆشتان دەکەن بە قوڕا؟" ئەویش دەست دەکات بە باسی پشتبەخۆبەستن و پشت بە جەماوەر بەستن و دەڵێت کە بە خەباتی درێژخایەن و شەڕی پارتیزانی دەتوانین دوژمن وای لێ بکەین مەجبوور بێت لەگەڵ کورد ڕێک بکەوێت. هەرچی دەکات قسەکانی ناچنە عەقڵی ئامادەبووانەوە، بۆیە هاووڵاتییەک جارێکی تر هەمان پرسیاری لێ دەکات و پێی دەڵێت، "گەر بەتەمای ئەم قسانەن، خوا ڕەحمتان پێ بکا!" ئیتر حەمەی حاجی سابیر بۆی دەردەکەوێت ئەو قسانە ناچنە ئەقڵی خەڵکەکەوە، بۆیە ڕوو دەکاتە خەڵکەکە و دەڵێت، "شتێکی تریش هەیە، کە زۆر نهێنیە و ناتوانم باسی بکەم. ئەمیان بەڕاستی زامنی سەرکەوتنمانە، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکار و تا دوژمن نەزانێ، جارێ لای کەس باسی ناکەین." کابرای پرسیارەکەی کردووە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەو وەڵامە دڵخۆش دەبێت و بەوپەڕی جۆشەوە دەڵێت، "بەقوربانە، با کەس نەیزانێ، بە خوا ئەوەتان لێ کەشف ببێ، ئەم شۆڕشەشتان لێ تێک دەدەن."
ساڵ تێ پەڕین و زەمانە وەڵامێکی زۆر ڕاشکاوانەی پرسیارەکەی دایەوە. کۆمەڵە و یەکێتی و لایەنە شۆڕشگێڕەکانی تر توانییان مەشخەڵە کوژاوەکە دابگیرسێننەوە و گەلەکەمان لەو نشوستییە گەورەیە دەرباز بکەن.

لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا، یەکێتی لە زۆربەی ناوچەکاندا خۆی لەناو مەفرەزە و کەرتدا ڕێک خستبوو. کاک ئارام پەیڕەوی ناوخۆی بۆ دەستە چەکدارەکان نووسیبوو، تێیدا ئەرک و بەرپرسیارێتیی فەرماندەی سیاسی و سەربازی و دەستە و کەرتەکانی دیاری کرابوو؛ باسیش لە چۆنێتیی هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا کرابوو. چالاکیی پێشمەرگە و گەڕان و خۆنیشاندانی پێشمەرگە بە گوندنشینان زۆر زیاتر ببوو. ژمارەیەکی زۆر کادری سیاسی و سەربازیی کۆمەڵە لە ناوچە جیاجیاکاندا سەنگ و قورسایی خۆیان چەسپاندبوو، ڕێکخستنێکی نهێنی لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا گەشەی کردبوو، چەک و تەقەمەنی زیاتر پەیدا کرابوون، چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پێشمەرگانەی سەرکەوتوو لەگەڵ دوژمن ئەنجام درابوون و سەدایەکی زۆریان دابۆوە. ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری خەڵک و بە گڕوتینێکی زیاترەوە ڕوو بکەنە سەنگەرەکانی بەرگری. ئیدی خەڵک و تەنانەت دوژمنیش ئەو ڕاستییەیان لا چەسپا کە شۆڕشی کورد بەردەوامە و بە هیچ هێزێکی سەربازی تێک ناشکێ. بە کورتی هێزی پێشمەرگە قۆناغێکی لەڕادەبەدەر سەختی تێ پەڕاند و مانەوەی خۆی لەسەر زەوی و دڵی خەڵکدا بە سەرکەوتوویی چەسپاند.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەلاماری دوژمن

کوردگوتەنی، چەم بێ چەقەڵ نابێت. دوژمن چاوساغ و سیخوڕی زۆری خۆی هەبوو، زانیاریی پێ دەگەیشت و تا ڕادەیەکی زۆر ئاگاداری جموجووڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگە بوو، ئێمەش زانیاریمان هەبوو کە دوژمن خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ هێرشێکی بەرفراوان تا ئەم ئاگرەی کردوومانەتەوە هەر لە کوانووەکەدا بکوژێنێتەوە. پلانێکی سێسەرەی ژەهراوی دانابوو:

١. بە هەموو هێز و توانای سەربازییانەوە پەلاماری ناوچەکانی پێشمەرگە بدات، تا لەناومان بەرن و ڕیشەکێشمان بکەن.

٢. دانیشتووانی ئەو ناوچانەی دوورەدەست و سەختن ڕابگوێزێن و لە شوێنی دیکە لە ئۆردوگای زۆرەملێدا نیشتەجێ بکرێنەوە تا پێشمەرگە و جەماوەر لەیەکتر دابڕێن.

٣. لە شارەکاندا هەڵمەتی بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردنی دەست پێ بکرێت. لەم ڕێگەیەوە ڕژێم دەیویست زۆرترین خەڵک بباتە ناو ڕیزەکانی حیزبی بەعس و مەفرەزەی جاش و بەکرێگیراوی خۆیان زیاتر و زیاتر بکەن. بۆ ئەم پیلانە ترسناکانەشی دژ بە کورد، پارەیەکی بێشوماری هەڵڕشت.

دوژمن دەیزانی پێشمەرگە لە ناوچەکەدایە و لە زەرووونیش بارەگا هەیە. پێشتر پەلامارێکی دیکەی لە کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٦دا دابوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، خۆی کۆ کردبۆوە و جارێکی تریش هێرشی هێنا و پەلاماری ناوچەکەی دایەوە. ئەم جارەیان سوپایەکی زۆر گەورەی هێنابوو، هەلیکۆپتەری جەنگی و بارهەڵگریش پشتیوانی لێ دەکرد تا کەرەستە و پێویستیی شەڕ و سەربازی بەخێرایی بگەیەنێت بۆ هەر جێگەیەک کە سوپاکە پێویستی بێ. هەر لووتکە و شاخێکیش سەخت و عاسی بووایە، کۆپتەرە بارهەڵگرەکان بەئاسانی سەربازیان لێ دادەبەزاند.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له ۱۹/۱۲/ ۱۹۷٦دا، له گەرمەی بەستەڵەک و بەفربارینیدا، ڕژێم پەلاماری (کەلکی قامیش)ی دا. خەڵکی قامیشیش زۆربەیان چەکدار بوون و گوند چەکی زۆر تێدا بوو، بۆیە سەنگەریان لە دوژمن گرت و لێیان هاتنە دەست، بەرگرییەکی مەردانە و قارەمانانەیان کرد، جەیشیان شکاند و سەربازێکیان بەدیل گرت، دوو سەربازیش کوژران. ئەم شەڕە جەماوەر کردی و پێشمەرگە بەشدارییەکی ئەوتۆی تێدا نەکرد. لە ڕاستییشدا پێشمەرگە خۆی هێشتا توانای ئەوەی نەبوو بەرەنگاری ئەم سوپا گەورەیە ببێتەوە، ئەوەی دانیشتووانی ناوچەکە کردیان ئازایەتی و فیداکارییەکی کەموێنە بوو.

سێ مانگی پێ نەچوو، لە ڕۆژی ۱۷ ی ئازاردا دیسان ڕژێم پەلاماری ناوچەکەی دایەوە. ئەم جارەیان سوپایەکی گەورەی هێنا و بەپشتیوانیی کۆپتەری بارهەڵگر پەلاماری دەست پێ کرد. لەگەڵ کاک سالار عەزیز و کاک نەبەز بەو هێزەوە کە لە زەروون بوو هاتینە سەفرە تا لە نزیکەوە کاک سالار لەگەڵ بەشێک لەو پێشمەرگانە و خەڵکی گوندەکە قسە بکات و ئەرکیان پێ بسپێرێت بۆ بەرگریکردن. کە چووینە سەفرە، خەڵکی کەم مابوونەوە. زۆربەیان لە ترسی پەلاماری دڕندانەی دوژمن دێکەیان چۆڵ کردبوو. مەفرەزەی بەرگری ئەو گوندانە و پێشمەرگەکان لەچاو ئەو هێزە زۆرەی دوژمن شتێکی ئەوتۆ نەبوون. کاک سالار ئەوەی هەبوو لە پێشمەرگە دابەشی کردن و خۆیشی سەرپەرشتیی شەڕەکەی دەکرد. چەند مەفرەزەیەک لە خەڵکی سەفرە و گەلاڵە بە چەکی خۆیانەوە هاتن و بەشداریی شەڕەکەیان کرد. شەڕێکی سەخت و نابەرانبەر بوو، چەند ڕۆژێکیشی خایاند. هێزی دوژمن بە هەموو گرد و تەپۆڵکەیەکەوە زرێپۆش یان دەبابەیەکی دانابوو، ئەمە جگە لەو ژمارە زۆرە کۆپتەرە جەنگی و بارهەڵگرانەی هێنابوونی. کە سەیری سوپاکەت دەکرد، دەتگوت دوژمن ئەم هێزە زەبەلاحەی بۆ شەڕی دەوڵەتێک هێناوە، لە کاتێکدا هەموو پێشمەرگەکانی سنوورەکە هەر پەنجا پێشمەرگەیەک دەبوون. پاش شەڕ و بەرگریی قارامانانە، کاک ئارام و سالار عەزیز بڕیاریان دا باشتر وایە ناوچەکە چۆڵ بکەین، چوونکە دوژمن لە هەموو لایەکەوە و بە هێزی زۆرەوە دەیویست بەتەواوی ناوچەکە گەمارۆ بدات.

دنیا زۆر سارد و تەڕوتووشی بوو. چەکی ئێمە تەنیا کلاشینکۆف و برنەو بوو، فیشەکیشمان هەر ئەوە هەبوو کە پێمان بوو، هیی تر نەدەهاتە جێگەی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەپێچەوانەی هێزەکانی دووژمنەوە کە زۆر بەخێرایی فیشەک و تەقەمەنی و خواردن و پێویستیی تریان پێ دەگەیشت. جگە لەوەش، پزیشک و برینپێچ و شارەزای پزیشکیمان لەگەڵ نەبوو تا لە حاڵەتی برینداربووندا تیماری پێشمەرگەکانمان بکات. کە ئێمە ناوچەکەمان جێ هێشت، زۆربەی خەڵکەکەش تەسلیم بوونەوە، ژمارەیەکیان دەستبەسەر کران، بەڵام دوایی هەموویان ئازاد کران.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەڕینەوە بۆ بناری قەندیل

بڕیار درا بەرەو بناری قەندیل بڕۆین. دەمەو ئێوارە زەروونمان جێ هێشت. هەریەکەمان کۆڵەپشتی خۆی لەکۆڵ نا و خۆی توندوتۆڵ کرد. بە تووڵەڕێی سەخت و بەردەڵاندا ملی ڕێمان گرت و بەرەو بێ ترخێ و لبانێ ڕۆیشتین. ئەم گوندە دەکەوێتە دامێنی (چیای ئاسۆس)ەوە و زێی بچووک بە بەردەمیدا تێ دەپەڕێت. زنجیرەچیای ئاسۆس زۆر سەختە و دۆڵ و لووتکەکانی زۆر ئاڵۆزن و بەناویەکدا چوون. بەرزترین لووتکەشی (نوای کوریس)ە. ئەم زنجیرەچیایە ناوچەکانی مەرگە و پشدەر لە یەکتریی جیا دەکاتەوە.

خەریک بوو بەهار دەهات. ئاوی ڕووبارەکە هەستابوو؛ ڕەش دەچۆوە و هەر لە دوورەوە گوێمان لە لرفە و هاژەی بوو، وەک ئەوەی ئاگادارمان بکاتەوە و بڵێت، "دوور بکەونەوە و خۆتان لە من مەدەن؛ بوارتان نادەم."

هێزەکەی ئێمە ٣٠ تا ٤٠ پێشمەرگە دەبوو. دەبوو چەند دەتوانین بەخێرایی لەو ناوچەیە دوور بکەوینەوە. بۆیە بە چووپ یان ئەوەی پێی دەڵێن 'کەڵەک' بەو شەوە بە چەند جارێک لە ڕووبارەکە پەڕاندیانینەوە. بەرەو دەشتاییی پان و بەرینی قەلادزێ بەناو قوڕ و چڵپاودا بێ وەستان ڕێمان کرد تا پێش خۆرهەڵاتن بگەینە شوێنێکی سەلامەت. بۆیە نەدەبوو ڕاوەستین. ناوچەکە شوێنێکی کراوە و دەشت بوو، گەر ڕۆژمان لێ ببووایەتەوە، بەو هێزە زۆرەوە لای دوژمن ئاشکرا دەبووین.

ڕۆیشتنی زۆر بەناو قوڕدا، بارانیش لەسەرت بباریت، زۆر ماندووت دەکات. کەسانێک کە بەخۆوەن یان قەڵەون و ڕانەهاتوون بە ڕۆیشتنی زۆر نارەحەت دەبن و گرفتی ڕێکردنیان بۆ درووست دەبێت. حەمە سەعید، کە پێمان دەگوت 'حەمە سەعی قەڵەو' بنی هەردوو پێیەکانی تلۆقیان کردبوو؛ وای لێ هات چیتر نەیتوانی بەردەوام بێ لە ڕۆیشتن و پەکی کەوت، بۆیە هێزەکەش بەناچاری ڕاوەستا. شارەزای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوچەکەمان لەگەڵدا بوو دیار بوو؛ لەگوندێکەوە نزیک بووین، دوو پێشمەرگە چوون ئێمەش لەو بەر باران و ناو قوڕاوەدا چاوڕێ بوون. ئەوەندەی پێ نەچوو وڵاخێک و خاوەنەکەی پەیدا بوون. کاک حەمە سەعید سواری وڵاخەکە بوو. خاوەنی وڵاخەکە ڕەشمەی وڵاخەکەی ڕادەکێشا. وەک پێشتر دەستمان کردەوە بە ڕۆیشتن بە یەک ڕیز و یەک بەدوای یەکدا بە هێشتنەوەی ماوەیەک لە نێوانماندا کەوتینەوە ڕێ. نمە نمە باران دەباری. ئێسترەکە لە پێش ئێمەوە دەڕۆیشت. کاتێکم زانی وڵاخ شێت بوو و چوو بە ئاسماندا. کەس نەیتوانی وڵاخ ڕابگرێ. حەمە سەعیدی فڕێ دایە خوارەوە بۆناو قوڕ و چلپاوەکە.

ڕیزی ڕۆیشتنەکەمان تێکچوو. غەڵبەغەڵب درووست بوو. هەموو وەستاین و بەپەلە بەهانای کاک حەمەسەعیدەوە چووین؛ دەستمان خستە ژێر باڵی تا دڵنیا بین سەلامەتە. وڵاخەکە خراپ فڕێی دابووە خوارەوە. زۆریش دەترساین جێگەیەکی شکابێت، یان شوێنێکی بەسەختی زامدار بووبێت. کاتێک هێنامانەوە، هەموو گیانی لە قوڕ هەڵکێشرابوو، من یەک، دوو جار لە تەلەفیزیۆن بینیبووم کە هەندێک لە هۆزە سەرەتاییەکان لە هاویندا قوڕ دەدەن لە دەموو چاویان بۆ ئەوەی خۆر نەیانبات، ڕێک ئاوای لێ هاتبوو. شوکری خوامان کرد کە شوێنێکی نەشکاوە، بەڵام ئازاری زۆری پێ گەیشتبوو.

هاوڕێ ئارام لە پێشەوە بوو. بەهۆی غەڵبەغەڵب و دەنگە دەنگەکەوە بەتووڕەیی گەڕایەوە بۆ دواوە. سەرەتا لە وڵاخدارەکەی پرسی کە بۆچی ئێسترەکە وای کرد. ئەویش گوتی، "دیارە عەزێتی دراوە، وڵاخی من عەیبی نییە." خۆ ڕەشمەی وڵاخەکە هەر بە دەستی خاوەنەکەیەوە بوو، بەری نەدا بوو.

دەرکەوت مەسەلەکە شتێکی تر بووە: ئەو پێشمەرگەیەی لە دوای وڵاخەکەوە ڕێی کردووە بەشێوەیەک ئەزێتی هێسترەکەی دابوو، هێسترەکەش ترسا بوو. شکم لە برادەرێک بوو بەڵام نەمزانی بە چ هۆکارێک ئەوەی کردبوو. دارێکی لەبن کلکی هێسترەکە دابوو، ئەویش شێت ببوو. کاک حەمە سەعید پێدەچوو بەسەر ئێسترەکەوە خەوی لێکەوتبێت، بۆیە نەیتوانیبوو خۆی بگرێت تا نەکەوێتە خوارەوە. ماوەیەک چاوەڕێمان کرد، بۆ ئەوەی کەمێک بێتەوە سەر خۆی، ئینجا خستمانەوە سەر وڵاخەکە و کەوتینەوە ڕێ. دەبوو هەرچۆنێک بێت لەو ناوە دوور بکەوینەوە، بۆیە ڕۆیشتنەکەمان خێراتر کرد تا لەو دەشتە ڕۆژمان لێ نەبێتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەوبینین بەدەم ڕێوە

دەمەوبەیان گەیشتینە ناوچەیەکی تا ڕادەیەک باشتر و چووینە گوندی کەڵەشێرە. نانێکمان خوارد و بەرەو شێخەودەلان ڕۆیشتین. لە گوندی شێخەودەلان جارێکی تر دامەزراینەوە. من لەگەڵ هاوڕێ ئارام و کاک سالار عەزیز لەماڵێک بووم. ئێمە ڕێگەیەکی دوورمان بڕی و زیاتر لە دە سەعات بەناو قوڕ و باراندا ڕێمان کردبوو. هەموومان پێویستمان بە کەمێک پشوو هەبوو. حەواینەوە و ماندوویێتیی ڕێگەمان بیر چۆوە.

کەریمی دادە مەنە ئاگام لێبوو شەو زۆری هەوڵ دابوو تا کاک ئارام کۆڵەپشتەکەی بداتێ و هاوکاری بێت لەو ڕێگە دوور و ناخۆشەدا، بەڵام کاک ئارام ڕازی نەبوو. تا گەیشتینە شوێنی مەبەست، کۆڵی خۆی هەر بە کۆڵی خۆیەوە بوو. دانیشتین و ئاهێکمان پێدا هاتەوە. دوای کەمێک، کەوتینە باسی شەوی ڕابردوو. دیاربوو کاک ئارام کەمێک تووڕەبوونەکەی خاو ببۆوە، بەڵام هەر دەیویست بزانێ کێ ئازاری وڵاخەکەی داوە، دوایی خۆمان زانیمان کێ بووە، بەڵام پێمان نەگوت.

دواتر کاک حەمە سەعید ئینکاریی دەکرد بەسەر وڵاخەکەوە خەوی لێ کەوتبێت، کاک ئارامیش، بۆ خۆشکردنی جەوەکە، دەیگوت، " کاک حەمە سەعی خۆ منیش ئەوەندە شەکەت بووم، جار جارە بەڕێگەوە سەرخەوێکم دەشکاند." گوتی خەویشم بینیوە و خەوەکانیشی بۆ گێڕاینەوە. خۆ ڕێگە هێندە دوور بوو نەدەبڕایەوە. کاک ئارام زیاتر مەبەستی لە خۆشکردنی مەجلیسەکە بوو تا حەمە سەعید دانی پێدا بنێ شوێنەکەی خۆش بووە و بەسەر وڵاخەکەوە خەوتوە. کۆڕ و دانیشتنی هاوڕێ ئارام هەمیشە پڕ خۆشی و زیندوویێتی و زانیاریی نوێ بوو.

کاک عەلی عەسکەری و کاک دکتۆر خالید و کاک ڕەسوڵ مامەند و ملازم عومەر و کاک حەمەی وەتمان و کاک حاجی حاجی برایم و کاک تالیب ڕۆستەم و زۆر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرکردە و بەرپرس و فەرماندەی تری پێشمەرگە لە ناوچەی شێنێ و دێهاتەکانی دەوری قەندیل کۆ ببوونەوە. لە عاشقولە بوون لە بناری قەندیل. کاک ئارام و کاک سالار عەزیز سەردانیان کردن و لەوێ کۆبوونەوەیان کرد، ئەبو شەهابیش ئامادەی کۆبوونەوەکان ببوو. لەو ناوچەیە چاوم بە کاک عەلی عەسکەری کەوتەوە و زۆر هاوڕێ و هەڤاڵی تریشم ناسی، لەگەڵ بەشێکیاندا، بۆ نموونە کاک قادر خەبات و کاک حەمەی وەتمان و کاک لەتیف سەنگەسەری، بووینە هاوڕێ. لەتیف کادری پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو لە ناوچەی پشدەر. (عەلی مام ڕەسوڵ)یشم بینی، خەڵکی سوورەزێ بوو، گەنجێکی وریا و بەهیمەت بوو، تازە هاتبووە دەرەوە و ئەندامی کۆمەڵە بوو. بە بینینی ئەم کادر و هەڤاڵانە زۆر دڵخۆش بووم.

ژمارەیەک کەسایەتی و خەڵکی دیاری ناوچەکەش هاتبوونە دەرەوە و پەیوەندییان بە پێشمەرگەوە کردبوو، بەوەش قەرەباڵغییەکی بەرچاو درووست ببوو. هێرشی سوپای داگیرکەر لە زۆربەی ناوچەکان دەستی پێ کردبوو یان دوژمن لە ئامادەکاریدا بوو بۆ هێرش، هەر ئەوەش وای کرد وردە وردە تەسلیمبوونەوە بە تاک و کۆمەڵ دەست پێ بکات.

کاک ملازم عومەر و کۆمەڵێک هاوڕێی دیکەی کۆمەڵە، وەک کاک شێخ تالیبی زەڕەنگەڕ، کاک عەلی شامار، کاک خەلیل جەلال، لەو ناوچەیە بوون. من هەر هەموویانم لەوێ ناسی و هەستی ئەوەم لا درووست بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەڵە گەورە دەبێت و جەماوەری زیاتر لە دەوری بەرنامەکانی کۆ دەبنەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبوون ئەو هێزە زۆرەی لەو ناوچەیە کۆ بۆتەوە دابەش ببنەوە بەسەر ناوچەکاندا، چوونکە زانیاریی هەبوو دوژمن پەلاماری ئەو سنوورە دەدات. بە دابەشبوونی هێزی پێشمەرگە بەسەر ناوچەکانی تردا هێزەکە لە پەلاماری دوژمن پارێزراو دەبوو.

کاک سالار عەزیز بڕیاری دابوو بگەڕێتەوە بۆ سنوری سلێمانی، کاک ئارام و ملازم عومەریش هەر گەڕانەوە بۆ ناوچەی سلێمانی، کاک عەلی عەسکەرییش هەواڵی پێ گەیشت کە ماڵ و منداڵەکەی هاتوونەتە دێیەکی ئەو نزیکانە و خۆشی بەرەو پیریان چوو بۆ ئەوێ، ئێمەش لەگەڵ کاک سالار گەڕاینەوە.

سەرەتای بەهار بوو، وەرزی باران. ڕێگە قوڕ بوو. هێشتا بەزەحمەت هەنگاومان بۆ دەنرا. زۆر جار پێشمەرگە لەناو ئەو قوڕەدا تاکێکی پێڵاوە لاستیکەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یان هەردووکی لێ بەجێ دەما و بەناچاری هەر ڕێی دەکرد، ئەوەش تەنیا بۆ خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە مەترسیی پەلامارە لەناکاوەکانی دوژمن. بۆیە باسکردنی چەند سەعاتێکی وا بە نووسین ڕەنگ زەحمەت بێت و نەتوانێت تەعبیر لەو هەموو مەترسی و ماندووبوونە بێئەندازەیەی پێشمەرگە بکات.

شەو درەنگ ببوو. گەیشتینە گوندی بەرگورد، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی (گوندی سەفرە)وە. دەمانزانی ڕەبایەی دوژمن بەسەر بەشێک لەو شاخانەوە هەیە، بۆیە دەبوو بەشەو و زۆر بە شارەزایی بڕۆین و گوندەکە تێپەڕێنین.

هەر شەو، پەڕینەوە بەری ئالان و گەیشتنیە لای کوڕەداوێ و بە گوندەکانی ئالان و سیوەیلدا گەیشتینەوە شارباژێڕی سەخت.

لە شارباژێڕی سەخت بۆ یەکەم جار چاوم بە ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان و حەمە مۆریاسی کەوت. هەریەکەیان کۆمەڵێک پێشمەرگەیان لەگەڵدا بوو. پێیان دەگوتن 'کەرت'. پێشمەرگەی کەرتەکەی حەمە مۆریاسی زیاتر بوون، چوونکە زۆربەی کەسوکارەکەشی لەگەڵی هاتبوونە دەرەوە. هەموو خەڵکی مۆریاس و ئەو گوندانەی دەوروبەری بوون. پێشتریش مولازم جوامێر سیامیر وەک فەرماندەی مەفرەزە، لە تەمووزی ساڵی ١٩٧٦دا وەک یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی کۆمەڵە ناردبوویانە شارباژێڕ. سیروان تاڵەبانی ڕابەری سیاسیی مەفرەزەکە بوو. ئەو چەند پێشمەرگە سەرەتاییەی لەگەڵیدا هاتبوونە دەرەوە هەر یەکەیان چووبووە شوێنی تر، بەڵام ملازم جوامێر خۆی هەر لە شارباژێڕ مابۆوە. ماوەیەک لە جەولە لە دێهاتەکان پێکەوە بووین. ئەو گلەیی زۆری لە دیسپلینی پێشمەرگە بوو، ئەو دەیویست پێشمەرگە پەیوەست بێت بە زەبت و ڕەبتی توندی سەربازییەوە؛ جێبەجێکردنی ئەوەش زەحمەت بوو، بۆیە دەیویست بچێتە قەرەداغ، دواتریش چوو. کە هێزەکەمان پەڕینەوە بۆ قەرەداغ، دواجار لەو ناوچەیە بینیمەوە. ماوەیەک لەو ناوەش مایەوە. ملازم جوامێر باسی دەکرد کە زیاتر حەزی لەوە بوو بچێتە ناوشار و کاری ڕێکخستن بکات. دیار بوو لەوێوە بە کاری ڕێکخستن ڕەوانەی بەغدا کرا و لەوێش (ڕێکخراوی هەڵۆی سوور)ی درووست کرد، خۆشی وەک هەڵۆ هەر لە بەرزی و بە پێوە گیانی بە کورد و کوردستان بەخشی.

بەکری حاجی سەفەرم لە (گوندی ئارووزەر)ی شارباژێڕی سەخت بینی و کاک سالار عەزیز بە یەکتریی ناساندین. پێشتریش باسم کردبوو کاک سالار عەزیز

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرپەرشتیی هێزی پێشمەرگەی دەکرد لە ناوچەکانی سلێمانی، بە هەڵەبجە و هەورامانیشەوە. لە فەرمانە سەربازییەکانیدا سەرکردەیەکی سیاسیی سەربازیی لێهاتووی توندوتۆڵ بوو. هەموو ئەو فەرماندانەی ئەو ناوچانە پەیوەست بوون پێیەوە. پەیوەندییەکی باش و هاوسەنگی لەنێوان خۆی فەرماندەکان و جەماوەردا درووست کردبوو.

هەمووی ساڵێکی پێ نەچوو ئەو فەرماندانەی پێشتر کەس خۆیان و ڕێکخراو و کۆمەڵە و پێشمەرگەکانیانی نەدەناسی بوونە جێی متمانە و خۆشەویستیی خەڵکیان بەدەست هێنا. کۆمەڵە ئەو تەلیسم و پەیڕەوەی شکاند کە بۆ ئەوەی ببیت بە سەرکردە و فەرماندە دەبێت پاشخانی خێزانی و دیوەخانت هەبێت، لە ئەکادیمیای سەربازی خوێندبێتت، یان شەهادەی باڵات هەبێت و ناو و ناوبانگ و بەرپرسیارێتیت لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووبێت، ئینجا ڕێگەت پێ دەدری بۆ هەڵکشانی لێپرسراوێتیی سیاسی یان سەربازی. ئەم بنەما سەرەکییەی کارکردنی کۆمەڵە کە وەک مەدرەسەیەکی پڕ بەها چەندین سەرکردەی بەتوانا و سەدان کادری سەربازی و سیاسی و ڕێکخراوەیی لەناو ڕێکخستنی شار و هێزی پێشمەرگە لە شاخ پێ گەیاند، دواتریش هەموویان ڕۆڵی گرنگیان بینی و لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا و بوونە نموونەی فیداکاری.

لە شارباژێڕی سەخت و شارباژێڕی تەخت، جگە لە مەفرەزەکانی ملازم ئەنوەر و حەمە مۆریاسی، عوسمانی قادر منەوەر، خاڵە نەبەز، چەندین مەفرەزەی تر هەبوون وەک مەفرەزەکانی مامۆستا عومەر ئاوەکەڵێ، کەریمی دادە مەنە، تایەری حاجی عەزیز، دەرسیم؛ هەمووشیان کۆمەڵە بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جەولەکردن بە شاربازێڕدا

یەکێک لە ئەرکەکانی کادر و پێشمەرگەی کۆمەڵە ئەوە بوو بچنە ماڵان و پەیامی شۆڕش و کۆمەڵە لەم قۆناغە نوێیەدا بگەیەننە جووتیاران، ئەوەش بە ئامانجی ئەوەی خەڵکی باشتر و زیاتر بەرچاوڕوون ببن و لە درووشم و ئامانجی ئەم شۆڕشە تێ بگەن و مەترسییەکانی سەر کوردستان لە لایەن بەعسییەکانەوە بزانن. هەوڵمان دەدا سەرکردەکانی کۆمەڵە و بەتایبەت کاک ئارام، وەک سەرکردە و ڕابەری کۆمەڵە، زیاتر بە خەڵک بناسێنین. لە چوونمان بۆ ماڵەکاندا پێشمەرگە نەدەبوو بابەتێک باس بکەن کە دوور بێت لەو بەرنامەیەی بۆیان دیاری کرابوو، واتا هەر پێشمەرگەیەک بۆ خۆی کادرێکی ڕێکخستن بوو. ئەم بەرنامەیەش لەو ماوەیەدا، کە ساڵێک کەمتر بوو، ئامانجی خۆی پێکا و لە هەر تاکێکی گوندنشینەکانت بپرسیایە، بەئاسانی کۆمەڵەی لەوانی تر جیا دەکردەوە. یەکسەر هەواڵی کاک ئارامیان دەپرسی و حەزیان بە بینینی دەکرد. بێگومان لە ناوچەی سلێمانی سەرکردە و فەرماندەکانی کۆمەڵە کۆبوونەوەی جەماوەرییان بە خەڵکی دێهاتەکان دەکرد، بە تایبەت شەوان و دوای کۆبوونەوەش لە گوندەکان دوور دوور دەکەوتینەوە. ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییانەش لە گوندەکان و لەناو مزگەوت یان لە دیوەخانەکاندا- گەر گوند مزگەوتی نەبووایە- دەکران.

بە شێوەیەکی گشتی، خەڵک کاک ئارامیان خۆش دەویست؛ هەر ئەو خۆشەویستییەش وای کرد لە زۆر ناوچەی جیاجیا ئەو منداڵانەی تازە لە دایک دەبوون بە ناوی 'ئارام'ەوە ناو دەنران.

کە بەسەر ماڵەکاندا دابەش دەبووین- ئەو دابەشبوونە پێی دەگوترا 'دامەزراندن-' بۆ نانخواردن، جگە لەوەی نانمان دەخوارد، بەشی ژەمێکیش نانمان لە گەڵ خۆماندا دەبرد، کە نانی تیری بوو، چوونکە لە هەموو ساتێکدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەگەری ئەوە هەبوو دوژمن پەلامار بدات، ناوچە و دێهاتەکان داگیر بکات و نەتوانین نزیکی گوندەکان ببینەوە، بۆیە پێویست بوو بڕێک نانمان پێ بێت.

لەم قۆناغەدا، هیچ جۆرە ئامێرێکی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندنمان نەبوو، دەبوو دەماودەم و ڕاستەوخۆ باسوخواس و پرسەکان بە جەماوەر بگەیەنین. بۆ ئەمەش جگە لە کۆکردنەوەی خەڵکی گوند لە مزگەوت، یان بڵاوکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی ڕێکخستنەوە، یان کاتی دابەشبوونی پێشمەرگە بەسەر ماڵاندا بۆ نانخواردن، دانانی سەیتەرە لەڕێگەی سەرەکیی نێوان شار و شارۆچکەکاندا، ڕێگەیەکی تری پەیوەندیکردنمان نەبوو. دەبوو لە یەک کاتدا نانیش بخۆین و باسی کۆمەڵە و یەکێتی و پێشمەرگەیان بۆ بکەین، بەزوویی نان بخۆین بگەڕێینەوە بۆ بەردەمی مزگەوت، هەموو کاتێکیش ئامادە بین بۆ هەر ڕووداوێکی لەناکاو، کە ئەویش زیاتر پەلاماری دوژمن بوو.

کاک سالار عەزیز وای پێ باش بوو لەپاڵ کاری ڕێکخستنی ناو جەماوەردا، بچمە کەرتەکەی حەمە مۆریاسی و وەک کادری ڕێکخستن کار بکەم. منیش بێ دوودڵی ڕازی بووم و گوتم هەر ئەرکێکم پێ بسپێرن، جێبەجێی دەکەم. ئەو کات سەرکردایەتیی کۆمەڵە بڕیارێک یان پێشنیارێکیان بۆ هەر ئەندامێکی کۆمەڵە بکردایە- جا لە کۆمەڵەوە بووایە یان سەرکردایەتیی یەکێتییەوە- بە ڕووح ئامادەی جێبەجێکردنی بووین، گەر سووریش بمانزانیایە دەکوژرێین.

دەمەو ئێوارەیەک لە گوندی پاڕەزان بووین. کاک سالار عەزیز بە کاک حەمە مۆریاسیی گوت کە شۆڕش کادری کۆمەڵەیە و نزیکەی ساڵێکە لە دەرەوەیە؛ زۆریش مەدحی کردم و پێویست ناکات ئەوەیان باس بکەم. ئینجا پێی گوت کە وەک کادر دەمنێرێتە کەرتەکەی ئەو. کاک سالار هیوای خواست کە هاوکاریم بکەن و بە کاکە حەمەی گوت، "ئەمانە گەنجن، خوێنەوارن، سوودی زۆریان لێ دەبینن." ئەوەشی بۆ دووبارە کردەوە کە "شۆڕش دەبێتە پشتیوانییەکی باش بۆ خۆت و کارەکانیشت." کاکە حەمە تۆزێک بێدەنگ بوو، پاشان بڕێک ورتەورتی کرد، "ئاخر چۆن و کادر و تەمەن و ..." هەر چۆنێک بێت بە قسەی پچڕپچڕ کاک سالاری تێ گەیاند کە دەبێت کادر تەمەنێکی هەبێت و ڕیش و سمێڵی هاتبێت و بەخۆوە بێت.

ئەوکات لە هەرەتی گەنجیمدا بووم و ڕیش و سمێڵم بەتەواوی نەهاتبوو. دیار بوو کاک حەمە گەنجێکی وەک منی بۆ بەرپرسیارێتیی وا پێ باش و قبووڵ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەبوو، بێشک هەر ئەو نا، ئەم بۆچوونە لەو کاتەدا باو بوو، زۆر کەس هەمان وێنەی کاکە حەمە مۆریاسییان لە زەیندا بوو بۆ ئەو کەسانەی کە دەبنە کادر یان بەرپرس و فەرماندە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوە بوو کادرانی کۆمەڵە زۆربەیان گەنج بوون و ژمارەیەکی بەرچاویشیان تەمەنیان هەر لە تەمەنی مندا بوو، سەرەنجام بە هەمووومان ئەو وێنەیەمان سڕییەوە و بووین بە داینەمۆی شۆڕش.

کاک سالار ڕێزێکی تایبەتی بۆ کاک حەمە مۆریاسی هەبوو، بەڵام ئەم وەڵامە تا ڕادەیەک تووڕەی کرد، بۆیە گوتی، "ئێمە کە دەڵێین کۆمەڵە و شۆڕشی نوێ، واتە هەموو شتێکمان نوێیە. قسەکردن و هەڵسوکەوتمان، سیاسەت و بەرنامەکانمان، کادرمان... کۆڵەکەی ئەم شۆڕشە گەنجانن، ئەمانە داینەمۆی شۆڕشەکەن. ئینجا وەک لە کوردەواریشدا دەڵێن، 'بە ڕیش نییە، بە ئیشە.'"

ئیتر کاکە حەمە داوای لێبووردنی کرد و گوتی هەموو هاوکارییەکم دەکات، منیش وردە وردە لەناو پێشمەرگەکانی کەرتەکە و ناو جەماوەریشدا دەستم بە کارەکانم کرد.

کاک شێخ تالیبیش لەو سنووورە کادری جەماوەریی یەکێتی بوو. کاک شێخ لە کاری جەماوەری و ناو جەماوەردا خۆشەویست و بەئەزموون و سەرکەوتوو بوو. لە شێخانی بەرزنجە بوو. پەیوەندیمان هاوڕێیانە و پێشمەرگانە بوو. شێخ لە ئێمە گەورەتر بوو، ئێمەش هەر وەک براگەورەمان ڕەفتارمان لەگەڵ دەکرد. پەیوەندیی ئەو لەگەڵ حەمە مۆریاسی توندوتۆڵ بوو. حەمە مۆریاسی هەمیشە بە شێخی دەگوت، "تۆ لە ساداتی بەرزنجەی، دووعات دەڕوا. دووعا بکە لەم دۆخە ڕزگارمان بێ."

دوای ماوەیەک مانەوەم لە کەرتەکەدا، کاک حەمە متمانەی تەواوی بە من پەیدا کرد، لە زۆر کاروباردا پشتی پێ دەبەستم و ڕێزی زۆری لێ دەگرتم. منیش هەتا بۆم بکرایە ئەرکی زیاترم دەخستە ئەستۆی خۆم و ماندووبوونم نەدەزانی. لە هەموو کارێکدا پرس و ڕاوێژم پێ دەکرد تا بتوانم متمانەی بەدەست بهێنم. وەک برا گەورەم ڕەفتارم لەگەڵ دەکرد.

کاک حەمە مۆریاسی دوو هاوسەری هەبوو، منداڵی زۆریش. هەندێکیان هاتبوونە شاخ و هەر ڕۆژەی لە دێیەک و لە ماڵێکدا بوون، ژمارەیەک لە منداڵەکانی لای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دووژمـن زیندانـی یـان دەستبەسـەر بـوون، ئەمـەش قورسـاییی دەروونـی زۆری لەسـەر کاکە حەمە درووست کردبوو، بەڵام کاکە حەمە مۆریاسـی لەوانە نەبوو کە ئەرکی قورس و باری سـەختی ڕۆژگار شـانی پێ دابدەن. ئەم پیاوە ئەزموونێکی دەوڵەمەنـدی لـە پێشـمەرگایەتیدا هەبـوو. ماوەیـەک لـە سـوپای عێراقدا عەریـف بـوو، شـارەزاییەکی زۆری لـە تەقاندنی هاوەنـدا هەبـوو، لـە شۆڕشـی ئەیلوولیشـدا فەرماندەیەکی دیار و جوامێر بووە. زۆرجار بە 'عەریف محەمـەد' بانگیان دەکرد. لـە سـەرەتای درووسـتکردنی مەفـرەزە سـەرەتاییەکاندا کۆمەڵـە قسـەی لەگـەڵ دەکـەن- مـن پێم وایـە دەبووایـە ڕەچاوی دۆخـی خێزانییـان بکردایـە- ئەویش بـێ دوودڵـی ڕازی دەبێت و خـۆی و چەند کەسـێک لـە خزمانـی بـە چەکی خۆیانـەوە دێنـە دەرەوە. لـەو کەرتـەدا نـاوی چەند کەسـێکم بیـر مـاوە لەوانـە: غەفوور حەمـە، عوسـمان تۆفیـق- چوار پێشـمەرگەی تریش کـە بـە چەکی خۆیانـەوە هاتبوون- قانع مـارف، شـاوەیس محەمـەد، باوەیس محەمـەد- ئـەم دووانـە بـرا بـوون- هەروەهـا حەمـە ڕەشـید- نـاوی باوکـی نازانم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەستگیرکردنی کەسوکار و خێزانی پێشمەرگە

بەعس پەلاماری هەموو شتێکی دەدا. هەرچی لە دەست بهاتایە دەیکرد تا ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ لای خەڵک و پێشمەرگە درووست بکات. زۆر هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی پێشمەرگە تووشی دۆخی دەروونیی خراپ و بێزارکەر بکات. یەکێک لە کارە هەرە قێزەونەکانی دەستگیرکردنی خێزان و کەسوکاری ئەو کەسانە بوو کە پەیوەندییان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکرد، جا گەر هاوسەری نەبووایە، دایک و باوک و خوشک براکانی دەگرت و دەیبردن لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق زیندانیی دەکردن. ئەم سیاسەتە چەپەڵە هەوڵێک بوو بۆ دابەزاندنی وەرەی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی پێشمەرگە خۆیان تەسلیم بکەنەوە و چەکی پێشمەرگایەتی دابنێن. ئەم کارەی بەعس تا ڕادەیەک کاری خۆی کرد و بەشێک لەوانەی خێزانیان گیرا بوو یان ترسی گرتنیان هەبوو، خۆیان تەسلیم کردەوە، بەڵام زۆر فەرماندە و پێشمەرگەش ئەم سیاسەتە گڵاوەی بەعس کاری تێ نەکردن و درێژەیان بە خەبات و پێشمەرگایەتی دا. بۆیە ئەم سیاسەتەی داگیرکەر شکستی هێنا. لەو دۆخە سەختەشدا ئەوانەی ورەیان ڕووخا و چەکیان دانا خۆیان هەر لە بنەڕەتدا زۆر گەرموگوڕ نەبوون و چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرا ڕۆژێک لە ڕۆژان چەک دابنێن.

بەعس شەرمی نەدەکرد، دەیان هاوسەری پێشمەرگەی خستە زیندانەوە. هەندێکیان لەسەر منداڵبوون بوون و هەر لە زینداندا منداڵەکانیان بوو، بۆ نموونە خێزانی بەکری حاجی سەفەر، شەوکەتی حاجی موشیر، حەمەی حاجی مەحموود و هاوسەری چەندین پێشمەرگەی تریش لە زیندانەکانی بەعسدا دوور لە هەموو ڕێکار و خزمەتگوزارییەکی تەندرووستی منداڵیان بوو. بەعس و سوپا دڕندەکەی بەتەنیا لە شار و شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ئەم کارانەی نەدەکرد، بەڵکوو دەیان جار بە کۆپتەر پەلاماری گوندەکانی دەدا بۆ گرتنی خێزان و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەسوکاری پێشمەرگە. لەم ڕێگەیەوە دەیانویست پێمان بڵێن، "هیچ شوێنێک بۆ ئێوە پارێزراو نییە، ناتوانن لە هیچ جێگەیەکدا بحەوێنەوە و دەستمان دەگاتە هەمووتان!" لەڕاستیدا، هەر واش بوو.

لەلایەن خەڵک و ڕێکخستنەکانەوە زانیاریی زۆر وردمان لەسەر جموجووڵی دوژمن بۆ دەهات، ئاگادار دەکراین لە زۆریی جووڵە پێشوەخت و بەرنامەکانی دوژمن و هێرشەکانی بۆسەر ناوچەی شارباژێڕ. بە دیوێکی کەشدا دوژمن هەوڵی زۆری دەدا و پارەیەکی زۆری خەرج دەکرد تا زانیاری لەسەر پێشمەرگە لە هەموو ڕوویەکەوە کۆ بکاتەوە. کەسانی بەکرێگیراو و جاسووسی خۆی زۆر بوو کە بە هەر بیانوویەک بووایە دەیناردنە ناوچەکە، بەڵام ئەمانە هەر زوو بۆ پێشمەرگە ئاشکرا دەبوون، چوونکە خەڵکی دێهاتەکانی شارباژێڕ بەگشتی لەگەڵ پێشمەرگە بوون.

پێش ئەوەی ئێمە لە مانگی ٧ و ٨ی ساڵی ١٩٧٦دا بچینە ناوچەی شارباژێڕ، هەردوو کوێخای چنارەی پارەزان و حاجی مامەند، لەلایەن ئەو دەستەی پێشمەرگە سەرەتاییەی شارباژێڕەوە کوژرا بوون. ئەمەش بۆخۆی ترسی زۆری لای زۆربەی کوێخای گوندەکانی ناوچەکە درووست کردبوو. دواتر سەرکردایەتیی کۆمەڵە بڕیاری دا ئەو کەسانەی گومانیان لێ دەکرد- جا کوێخا بوونایە یان کەسی تر- سەرەتا ئاگادار بکرێنەوە و ئەگەر بەردەوام بوون لە پەیوەندییان لەگەڵ و بەعس و سەرپێچی بڕیاریان کرد، ئەوکات ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێت. بەم هەنگاوە، تا ڕادەیەک کوشتن ڕاگیرا.

مەفرەزە سەرەتاییەکان ژمارەیان کەم بوو، ئەو چەکەش کە پێیان بوو باش نەبوو، بۆیە دەبوو ڕێوشوێنی توندوتۆڵ بگرنەبەر و لە هەڵسوکەوتیشدا تا ئەوپەڕی وریا بن. جموجووڵیان دوور لە چاوی خەڵکی بوو تا زانیاری لەبارەی شوێنی خواردن و خەوتن و مانەوەیان نەگاتە بەردەستی دوژمن. ئەوە دەبووە هۆی زیانی زۆر و کارەساتی گەورەی بەدوای خۆیدا دەهێنا. دوای ئەوەی ژمارەی پێشمەرگە زیادی کرد و تا ئاستێکی باش شوێنپێی پێشمەرگە قایم بوو، ئەو بەڵێنەی دوژمن دابووی کە گوایە لە ماوەی ساڵێکدا ڕەگوڕیشەی پێشمەرگە لەبن دێنێ و کۆتاییان پێ دێنێت، شکستی هێنا. دوژمن نەک هەر نەیتوانی پێشمەرگە تێک بشکێنێ، بەڵکوو ژمارەی پێشمەرگە زیادی کرد و بازنەی کار

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و جووڵـه و چالاکییەکانیش فـراوان بـوو. ئیتـر پێشـمەرگە تـا ڕادەیـەک بـە هێـزی زیاتـرەوە و بەئاشـکرا و بـە بەرچاوانـەوە هەندێـک جووڵـەی دەکـرد.

کۆمەڵە و یەکێتی لە سەرانسەری کوردستاندا- بادینانی لێ دەرچێت- ببوونە هێزێکی ئەوتۆ کە جار جار لەو قۆناغە سەرەتاییە سەربازییە لاوازەدا، دەیانتوانی ڕووبەڕووی پەلاماری دوژمن ببنەوە و بەرگری لە بوون و مانەوەی خۆیان بکەن. لە هەمان کاتدا، دەشیانتوانی زیانی گەورە لە دوژمن بدەن. بەرچاومان ڕوونتر بوو، خەڵکمان زیاتر ناسی، ئەوانەی جۆرە گومانێکی پەیوەندییان لەگەڵ حکومەت هەبوو بەرچاو بوون، ئاگادارکرانەوە کە نابێت هاتوچۆ و هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان بە دوژمنەوە هەبێت. هەر سەرپێچیەک سزای قورسی خۆی هەبوو. ئەو خەڵکانەی گومانیان لەسەر بوو ئاگادار کرابوون بێ پرس نەچنە شار، هەر جارێکیش بچوونایە بۆ شار، بە پرس و ئاگاداری ئێمە دەچوون. زۆربەی ئەو کەسانە زیاتر خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد.

زۆرجار کە کەسێک هەنگاوێکی هەڵەی دەنا یان نیازی باشی نەدەبوو، بانگمان کردووە و پێمان گوتووە تۆ لەو ڕۆژەدا سەردانی ئەو دائیرەیە و ئەو کەسەت کردووە، حاشای لێ دەکرد و سوێندی دەخوارد کە هیچی لە مێشکدا نییە و نەچۆتە ئەو شوێنە. ڕووی داوە کە کەسەکە سوێندی بە قورئان خواردووە، ئینجا داوامان لێ کردووە تەلاق بخوات، بەڵام لە ئەمیاندا ئەمسەروئەوسەری زۆر دەکرد و نەیدەویست تەلاق بخوات، دوا جار تەلاقەکەی نەدەخوارد و دانی بە ڕاستیی زانیارییەکانماندا دەنا، ئینجا داوای لێبووردنی لە پێشمەرگە دەکرد. بە لامەوە سەیر بوو کەسێک سوێندی درۆ بە قورئان بخوات، بەڵام ئامادە نەبێت تەلاق بخوا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وچانێک و پێداچوونەوەیەک

پێکهاتەی یەکێتی لای ئێمە لە کوردستان و لەناو هێزی پێشمەرگە سەرەتا ڕێکخراوی کۆمەڵە و ڕێکخراوی بزووتنەوە بوو. هەردووکیشیان ڕێکخستن و کادر و ئەندامیان هەبوو. دوای گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان، ناوی 'هێڵی گشتی'یش هاتەناو ناوان. ئەم ناوە نوێیە هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی لەناو جەماوەر یان پێشمەرگەدا نەبوو، دواتر لەناو خۆماندا بە 'خەتی گشتی یان خەتی پان' ناومان دەبردن، بەو حسابەی ئەوانەی کۆمەڵە یان بزووتنەوە نین، وەک 'هێڵی گشتی' خۆیان بناسێنن. لە سەرکردایەتیی یەکێتیشدا نوێنەریان بۆ دیاری کرا، ئەمەش تەنها هاوسەنگی دروستکردن و سنووردانان بوو بەرانبەر هێز و توانای کۆمەڵە و بزووتنەوە.

ئەم هەیکەلە ڕێکخراوەییە ئاڵۆزەی یەکێتی، هەر لە سەرەتاوە سەرچاوەی گرفت و کێشە بوو. بەئاسانی بەڕێوە نەدەبرا. بەشێکی کێشەکان چارەسەر دەکران و بەشێکیشیان هەر پینەوپەڕۆ دەکران. وەک بۆمبی نەتەقیو لە جەستەی یەکێتیدا مابوونەوە. تەنها مام جەلال بوو دەیتوانی بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆکی و کێشانەدا سەرکەوتووانە سەرکردایەتیی یەکێتی بکات.

کۆمەڵەش، هەر لە سەرەتاوە، گلەیی و ڕەخنەی خۆی هەبوو، ترس و سڵی لەو جۆرە پێکهاتەیەی یەکێتی دەکردەوە و بە هەڕەشە بۆسەر ئایندەی کۆمەڵە تەماشای دەکرد. بۆیە کاک ئارام هەمیشە لەگەڵ هاوڕێکانی ئەم ترسەی باس دەکرد و چەندین جار لەگەڵ خۆشم ئەمەی باس دەکرد. لێم بیستووە کە دەیگوت، "دەبێ کۆمەڵە سەربەخۆییی سیاسی و ڕێکخراوەییی خۆی بپارێزێ." لە دۆخێکی وای ناو یەکێتیدا ئەم ئاڕاستەی بیرکردنەوە و بینینە لەناو بەشێکی زۆری سەرکردایەتیی بزووتنەوەدا بەئاشکرا دیار بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆیە کۆمەڵە، لە قۆناغی سەرەتایی خەباتی شاخدا، گرنگییەکی زۆری بە کاری ڕێکخراوەیی خۆی دەدا و تا ئەوپەڕی پەیوەست بوو بە بەها و پرەنسیپەکانی کاری ڕێکخراوەییەوە؛ ئەندام و کادری خۆی لە ڕووی فیکری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتییەوە پەروەردە و ئامادە دەکرد.

ئەم سیاسەتە ڕوونەی کۆمەڵە وای کردبوو گەنجان زیاتر لە دێهات و شاردا لە بازنەی ڕێکخستنی ئەم ڕێکخراوەدا کۆ ببنەوە. لە ماوەی ساڵێک لە خەباتی ئاشکرای خۆیدا، ڕێکخستنی فراوانی کۆمەڵە لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا درووست بوو. کۆمەڵە کاری بەوە نەبوو زۆرترین کەس لە خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام زۆرترین خەڵکی بۆ ڕێکخستنی یەکێتی کۆ دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەی کەسانی پەیوەست بە کۆمەڵەوە بەئاسانی نەدەبوونە ئەندام تێیدا، لە بەرانبەر ئەو چەندایەتییەدا کە لە دەوری یەکێتی کۆ ببوونەوە، کۆمەڵە توانیبووی باشترین چۆنایەتی بنیات بنێت.

بزووتنەوە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازی هەبوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا، خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە. بە بۆچوونی ئەوان، پیشاندانی هێزی زۆر وا لە حکومەتی عێراق دەکات بێتە ژێر باری دانوستانەوە و دەتوانرێت لەم ڕێگەیەشەوە هەندێک دەستکەوت بۆ کورد بەدەست بهێنرێت، بەڵام کۆکردنەوەی ئەو خەڵکە زۆرە لەسەر بنەمایەکی دیاریکراوی پتەو نەبوو، هەروا زۆروبۆر بوو. بێگومان ئەم حاڵە لە زۆربەی ناوچەکان و شارباژێڕیشدا هەر وا بوو. زۆر جار کارەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچوو و دەبووە مایەی کێشەی زۆر بۆ یەکێتی و جەماوەریش. ئەمە دەرفەتێک بوو بۆ کەسانی خراپ و گوماناوی تا خۆیان بخزێننە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە و ناو و ناوبانگی پێشمەرگەش خراپ بەکار بێنن، خەڵکی دێهاتەکان ئەزیەت بدەن و زوڵمیان لێ بکەن.

کۆمەڵە هەوڵی دەدا کارێک بکات سنوورێک بۆ ئەم فراوانبوونە ناسرووشتییەی هێزەکان دابنێت، بەڵام شتێکی ئەوتۆی پێ نەکرا. لە بناری قەندیل و دۆڵی جافایەتی و دواتریش شارباژێڕ، هەر کات سەرکردایەتیی کۆمەڵە دەرفەتی هەبووبێت، لەگەڵ برادەرانی بزووتنەوە ئەم بابەتەی باس کردووە و قسەی جدی لەسەر کراوە تا بگەنە ڕایەکی هاوبەش و سنوورێک بۆ ئەو فراوانبوونە بێبەرنامەیەی پێشمەرگە دابنرێت، بەڵام ئەو هەموو هەوڵانە هیچی ئەوتۆیان لێ سەوز نەبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەشێک لەو مەفرەزانەی قیادەی مۆقەتە کە لە ساڵی ١٩٧٧دا لە ئێرانەوە هاتنەوە بۆ کوردستان وەک مەفرەزەی پێشمەرگە ماوەیەک جەولەیان دەکرد و بە ناوچەکاندا دەگەڕان و تێکەڵ بە پێشمەرگەکانی یەکێتی و خەڵک دەبوون. هەموان دڵمان بەو نزیکی و پێکەوەبوونە خۆش بوو، فەرماندە و پێشمەرگەکانی ئێمە هاوکار و یارمەتیدەریان بوون.

عەسرێک لە (گوندی چنگیان)ی شارباژێڕی تەخت بووین. مەفرەزەیەک پێشمەرگە دەرکەوتن. دوای ئەوەی خۆیان بە کەمینەکەمان ناساندبوو، هاتنە ناودێ و خۆیان بە ئێمە و ئێمەش خۆمان بە ئەوان ناساند. بەرپرسەکەیان تەحسین شاوەیس و وا بزانم (قادر فەرج)یش بوو. دیار بوو لە ئێرانەوە گەڕابوونەوە. ژمارەیان، ١٠ بۆ ١٥ پێشمەرگە بوو.

لەگەڵ مولازم ئەنوەر لە ناودێ بووین. ژمارەی پێشمەرگەکانی ئێمە زیاتر بوو، زۆر حورمەتمان لێ گرتن و خۆشحاڵیی خۆمان نیشان دان کە هاتوون شانبەشانی ئێمە پێکەوە ڕووبەڕووی داگیرکەر دەبنەوە. زۆر قسەوباسمان کرد و ئەوانیش پرسیاری زۆریان لەسەر ناوچەکە و دوژمن کرد و ئێمەش وەڵاممان دانەوە. ئەوان گوتیان نیازیانە بچن بۆ دۆڵی جافایاتی و لەوێشەوە بۆ سنووری خۆیان. ئێمە پێمان گوتن چۆن بڕۆن و لەکوێوە بڕۆن، ئەوانیش سوپاسیان کردین گوتیان شارەزایان لەگەڵە پێویستیان بە کەس نییە. ئەوەشیان گوت کە دەیانەوێ هەر ئەو شەوە بپەڕنەوە بۆیە داوایان کرد زوو دابەشی ماڵان ببن و نان بخۆن و بڕۆن. بەم شێوەیە بەسەر ماڵەکانی گوندی چنگیاندا دابەش کران.

ئێمە لای مزگەوتەکە ماینەوە. مولازم ئەنوەر گوتی، "من متمانەم بەمانە نییە. قسەکانیان تێکەڵ دەکرد. دەمێ دەیانگوت دەڕۆین و دەمێ دەیانگوت دەمێنینەوە. پرسیارە زۆرەکانیان لەسەر ژمارەی پێشمەرگەکانی ئێمە هەمووی جێی گومان بوون." گوتم، "کاک ئەنوەر، بڕیارت چییە وا دەکەین." گوتی، "لێرە نامێنینەوە." لەبەر ئەوە ئێمەش لە چنگیان نەماینەوە و بۆ نانخواردن چووینە گوندی باراو. بەیانی هەواڵمان زانی ئەوانیش نانیان خواردووە و بەرەو گەڕەدێ چوون. دیار بوو بە لای (تەگەران)دا پەڕیبوونەوە بۆ بەری سیرەمێرگ و ئەولاتر.

هەر زوو هەواڵمان زانی تەحسین شاوەیس، لە پاڵ دۆستایەتی و ئاشنایەتی و هاوخەباتیدا، لەگەڵ حەمە غەفوور ئاغجەلەری، کە پێکەوە لە سنووری گوندەکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆیە جەولەیان دەکرد و نانیان دەخوارد، سەرەڕای ئەو متمانەیەش، لە شەوی ٢١ی تەمووزی ساڵی ١٩٧٧دا، لە کاتی خەودا و لە ئەنجامی دەستتێکەڵکردنی پێشمەرگەیەکی دەستەکەی حەمە غەفوور بە ناوی 'محەمەد سابیر' لەگەڵ جەماعەتی تەحسین شاوەیس و قالە فەرەجدا، لە کاتی حەرەسیاتی خۆیدا کارئاسانی بۆ تەحسین شاوەیس و ئەو تاوانبارانەی لەگەڵیدا بوون دەکات و ئەوانیش دێن و خیانەت و تاوانێکی قێزەون دەکەن و لە (گوندی کانی بی)ی سنووری کۆیە حەمە غەفوور ئاغجەلەری و نۆ پێشمەرگە شەهید دەکەن و پێشمەرگەیەکیش ئەسیر دەکەن. پاشان کۆپتەری دوژمن دێت و جەنازەکان و پێشمەرگە گیراوەکە و خۆفرۆشەکان دەباتەوە لای بەعس. ئەو تاوانبارانە لە گەرمیان و قەرەداغ و چەمچەماڵ و زۆر ناوچەی تر، بەردەوامییان بە تاوان و کوشتن و ڕاوە پێشمەرگە دا. بەئاشکرا پێش هێزەکانی دوژمن دەکەوتن بۆسەر پێشمەرگە.

مەفرەزەکانی کاک عەبدولمەلیک عەلی عوسمان و (ملازم ستار سەعید خەڵەف)یش لە ناوچەی شارباژێر بوون، جارجاریش دەپەڕینەوە بۆ دۆڵی جافایەتی. خۆیان و پێشمەرگەکانیان ئازاری خەڵکیان دەدا، سەرانەیان لێ وەردەگرتن و سووکایەتیان پێ دەکردن. ملازم ستار کۆمەڵە و کاک عەبدولمەلیک بزووتنەوە ناردبوونییە دەرەوە. هەردووکیان یەکێتی بوون، هەر پێکیشەوە چوونە ناو قیادەی مۆقەتە تا خۆیان لە لێپرسینەوە دەرباز بکەن و بە ئارەزووی خۆیان بێ لێپرسینەوە هەرچی کاری نەشیاو و دوور لە بەها پیرۆزەکانی پێشمەرگەیە بەرانبەر خەڵکی ئەو دێهاتانە بیکەن.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٧، ڕۆژێکیان دەمەوعەسر دووقۆڵی لەگەڵ کاک وەهاب شێخ ئەحمەد، کادری دیاری شارباژێری تەخت، لامان دایە چایخانەی قەیماسە تا لای خاڵە مەحموود چایەک بخۆینەوە. لەوێ چاومان بە عەبدولمەلیک کەوت. لە چایخانەکەدا ١٠ پێشمەرگەیەکی لەگەڵ بوو. پێمان گوت، "ناکرێ تۆ ئەمەندە ئازاری خەڵک نەدەی، ئێمە خەڵکمان لەگەڵ نەبێ، وای بە حاڵمان." ئەو خۆی گێل کرد و گوتی، "سەرانە و ئەزیەتی خەڵکی چی!" کاک وەهاب پێی گوت، "بۆ نموونە، بەزۆر پارە لە خەڵک دەستێنی. مادام ئەو پارەیە بەزۆر لەو خەڵکە دەستێنی، ناوی بنێ زەکات و بە ڕەزامەندیی خۆیان شتێکی کەمیان لێ وەربگرە." منیش پێم گوت، "خەڵک لەم هەڵسوکەوتەی ئێوە بێزارن." ئەویش بەپێکەنینەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەڵامی دایەوە و گوتی، "شۆڕش بە پارەی زەکات ناکرێ. بەرنامەی لەمەودوام ئەوەیە پارەی زیاتریان لێ بستێنم. خۆ من کۆمەڵە نیم بە نانە ڕەقە شۆڕش بکەم." گوتمان "ئاخر خۆ یەکێتی تا سنوورێک ئەمەی ئێوەی پێ قبووڵ دەکرێ." زۆرمان لەسەر ئەم بابەتە گوت، بەڵام ئەو لە دنیای خۆیدا بوو.

لەگەڵ ملازم ئەنوەردا جەولەیەکی ناوچەی سیوەیلمان کرد. ئەو سنوورانە بەهۆی زۆریی هاتوچۆی سەر سنوور و کاسبیی و قاچاخچێتییەوە قەرەباڵغ بوون. ئاڵوگۆڕیی بازرگانیی نێوان ئەمدیو و ئەودیو لەبرەودا بوو، عەبدولمەلیک و ستار هەر ماوە ماوە سەردانی ئەو ناوچانەیان دەکرد و پارەیەکی زۆریان لە خەڵکەکە دەستاند. گوندی سیرین بەتایبەتی ببووە بازاڕێک، بازاڕەکەش هەر چەند خێمەیەک و چەند کەپرێک بوو. زۆربەی کەلوپەلە قاچاخەکانی دیوی ئێران و دیوی عێراق دەهێنرانە ئەو گوندە و لەوێ ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا. شوێنەکە جمەی دەهات. بەشی زۆری کەلوپەلەکان بە ولاخ دەگوێزرانەوە و دەهێنرانە سلێمانی یان بە پێچەوانەوە بەرەو ئێران دەبران. بەهۆی هێنان و بردنی کەلوپەلەوە بە ولاخ، خەڵکی ئەو ناوچەیە ژیان و گوزەرانیان باش بوو. کاک عەبدولمەلیک چووبوو بۆ سیرین و بە ناوی هێزی پێشمەرگەوە بەزۆر پارەیەکی زۆری لەو خەڵکە سەندبوو. کە چووینە سیرین و سەردانی بازاڕەکەمان کرد، بۆیان گێڕاینەوە کە داوای ٣٠٠ دیناری ئەوکاتەی لە هاووڵاتییەکی هەمان دێ کردبوو، کابراش گوتبووی کە ئەو پارە زۆرەی پێ پەیدا ناکرێ، ئینجا کاک عەبدولمەلیک بەتووڕەییەوە پێی گوتبوو، "چۆن نیتە؟ تۆ ئۆرتەیەکت -مەبەستی فەرشی گەورە بووە- بەستووە بەسەرتەوە." کابرای بەستەزمانی کاسب مشکیی بەسەرەوە بووبوو. دوای ترساندنێکی زۆر و هەڕەشەی کوشتن، دوا جار پارەکەی لە کابرا سەندبوو. بەڕاستی ئەو پارەیە بۆ ئەو ڕۆژە و لەساڵی ١٩٧٧دا پارەیەکی زۆر بوو. پێشتریش چەند کەسێک هاتنە دەرەوە و هەندێک سەرانەیان لە خەڵک سەند و تەسلیم بوونەوە و بوونە جاشی ڕژێم، لەوانە شێخ محەمەد باساکی، کە ماوەیەک ڕاووڕووتی کرد و پاشان تەسلیم بۆوە. ئەم کارانە هەمووی لە خزمەتی دوژمندا بوون. دوژمن تا ڕادەی زۆر هێرش و پەلاماری بۆسەر ئەم جۆرە هێزانە نەدەکرد، چوونکە ناو و ناوبانگی پێشمەرگەیان خراپ دەکرد و خەڵکیان لە پشتیوانیکردنی شۆڕش سارد دەکردەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ ئێمە ئاسان نەبوو لە چەند سەنگەرێکەوە شەڕ و بەرگری بکەین. لە لایەکەوە ڕووبەڕووی حکومەتی بەعس ببینەوە و هەمیشە لە ترسی ئەوەدا بین قیادەی مۆقەتە لە پشتەوە پەلامارمان نەدا. لە بادینان شەهیدکردنی برایم عەزۆ و پێشمەرگەکانی بۆخۆی زەنگی ترسناکی بەردەوامی شەڕی ناوخۆ بوو، ئیتر یەکێتی بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەچوو کە ڕێگە نەدات مەفرەزەکانی قیادەی مۆقەتە لە سنووری سلێمانی بەردەوام بن.

لە ناوچەی سلێمانی و شارباژێڕ، سیاسەتی زاڵ، کە کاک ئارام ئاڕاستەی دەکرد، خۆبەدوورگرتن بوو لە شەڕی براکوژی. کاک ئارام بڕیاری دابوو شەڕی قیادەی مۆقەتە نەکەین و ئێمەش هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بوو ئاگری شەڕی نەگریسی براکوژی ئێمە نەگرێتەوە. زۆر خۆمان لەو شەڕە دەپاراست تا بتوانین خوێنی کورد بەدەستی کورد نەڕژێ و خۆمان بۆ ئەرکە گران و سەختەکەی پێشمەرگایەتی زیاتر ئامادە بکەین.

هەر بۆ ئەو مەبەستەش کاک ئارام لەگەڵ کاک عەبدولمەلیک، کە وەک نوێنەری قیادەی مۆقەتە لە سنوورەکە بوو، ڕێککەوتنێکی ئیمزا کرد کە بە 'ڕێککەوتنی سوورەبان' ناو دەبرێ. ئامانجی کاک ئارام ئەوە بوو پەیامێک بە دۆست و دوژمن بدات کە کۆمەڵە قیادەی مۆقەتە بە دوژمنی خۆی نازانێت و هەرگیز نایەوێت ململانێ و دەستشکانەوەی لەگەڵدا بکات، بەڵکوو بە هاوخەبات و هاوسەنگەری خۆی دەزانێت و مەبەستیەتی وەک هاوپەیمانێک پێکەوە ڕووبەڕووی بەعس ببنەوە.

لە قۆناغێکدا کە بەشێک لە سەرکردەکان بە شەهیدکردنی فەرماندە و پێشمەرگەکانی یەکێتی لە بادینان زۆر تووڕە ببوون، ئەم هەنگاوە نیشتیمانییەی کاک ئارام ئەوپەڕی دووربینی و بەخەمەوەهاتن بوو بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی نەگریسی براکوژی و خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لێی. کاک ئارام بەئاشکرا دەیگوت "دەبێت پێشمەرگە خۆی تەرخان بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێم و دەبێت هێزە کوردستانییەکان نەفرەت لە دوژمنایەتیی یەکتر و ململانێی ناڕەوا بکەن. ئەرکی ئەم قۆناغە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە لە سیاسەت و بەرنامەی یەکێتی و شۆڕشی گەلی کوردستان" ئەوەش ئەرکێکی قورس و ڕێگەیەکی سەخت بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧وە تا کۆتاییی ساڵی ١٩٧٩، مەفرەزەکانی پێشمەرگە زیاتر هەر بە شەوانی زستان و پاییز لە گوندەکاندا دەمانەوە، ئەویش تەنها کاتە سارد و پڕ تەڕوتووشییەکان، کە زەحمەت بوو دوور لە ئاوەدانی بژین، بەڵام لە وەرزەکانی تردا، زۆربەی کات هەر لە دەرەوەی گوندەکان بووین و دەمانتوانی بە نانی وشک و میوەی باخەکان ڕۆژەکانمان بەڕێ بکەین. پێشمەرگە لە گوندێک بووایە و شەڕی تێدا بووایە و دوژمن زیانی بەر بکەوتایە، دەچوو تۆڵەی لە خەڵکی هەژار و بێدەسەڵاتی گوندەکە دەکردەوە. گەر زۆر ناچاریش بووینایە، بەوریایی یەک، دوو پێشمەرگە دەچوون پێویستییەک لە خواردن و جگەرە و شتی تریان پەیدا دەکرد یان دەکڕی، پاشان لە ئاوەدانی دوور دەکەوتینەوە. هەر جارێک پێشمەرگە پەیوەست نەبووایە بەم بنەما سەرەتاییانەی خۆپاراستنەوە، دەکەوتە بەر پەلاماری دوژمن و زیانی گەورەی گیانیی بەردەکەوت و بەشێکی شەهیدبوونی پێشمەرگە بەهۆی کەمتەرخەمیی واوە بووە.

❊❊❊

ڕۆژ دوای ڕۆژ پەیوندیمان لەگەڵ شاردا بەهێزتر دەبوو. خۆشمان دەمانتوانی شانەی ڕێکخستنی خۆمان هەبێت یان پەیوەندیی تاک لەگەڵ کەسانی دڵسۆز یان کەسانێک کە بە شێوەیەک نزیک بوون لە بەعسییەکان و بەڵێنی هاوکارییان پێ دابووین، درووست بکەین. سوودی زۆرمان لەو پەیوەندییە سەربەخۆیانە دەبینی. زۆرکات، لەو ڕێیەوە هاوکاری و داوودەرمان و جلوبەرگ و قەمسەڵە و پێڵاومان بۆ دەهات یان زانیاریمان لەسەر بەعسییەکان پێ دەگەیشت. ئەو کەسانە بەردەوام زانیاریی وردیان دەداینێ یان بۆ دەناردین. زۆرجار ئاگاداری پلانەکانی دوژمن دەبووین و بە چەند هەنگاوێک دەکەوتینە پێشیان. پێش ئەوەی دەژمن هێرش بکات، ئێمە ئاگادار دەکراین. لەوەش گرنگتر ئەوە بوو خەڵکی گوندەکان سەرچاوەی ژیان و درێژەپێدان و گەشەکردنی یەکێتی و هێزی پێشمەرگە بوون. لەپاڵ هاوکاری و پشتیوانی و دابینکردنی جێگەی حەوانەوە و خواردن بۆ هێزی پێشمەرگە، پردێکی بەهێزی پەیوەندییشیان لەگەڵ شاردا بۆمان درووست کردبوو. کەسانی دڵسۆزی لادێکان و دەیان کەسی تریشم لە شار وەک دۆست و پشتیوان و سەرچاوەی زانیاری دەناسی. ئەم پشتیوانییە بێسنوورە و خزمەتی خەڵک بۆ پێشمەرگە سەرچاوەی هێز و ورە و بەردەوامیمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بوو. ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێی لای خەڵک و لەناو پێشمەرگەدا درووست کردبوو کێشە و ململانێی نێوان یەکێتی و قیادەی مۆقەتە و دواتر ناکۆکیی ناو خودی یەکێتی -یەکێتی و بزووتنەوە- بوو.

ئێمە هێشتا لە قۆناغی خۆڕێکخستنەوە و هۆشیارکردنەوەی جەماوەردا بووین. بۆ ئەوەی بتوانین ڕووبەڕووی پیلانە گڵاو و مەترسیدارەکانی دوژمن ببینەوە، دەبوو یەکگرتوویی خۆمان بەرانبەر دوژمنێک پیشان بدەین کە تەڕ و وشکی وڵاتەکەمانی پێکەوە دەسووتاند. دەرکەوتنەوەی ناکۆکی و دەستشکاندنەوەی نێوان یەکێتی و قیادەی مۆقەتە، لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی جووڵانەوەکەدا، بووە هۆی زیانێکی گەورە لە کورد و ئامانجەکانی شۆڕشی کوردستان، جگەلەوەش دۆخێکی دەروونیی خراپی لەناو خەڵکی دڵسۆزدا درووست کرد، کە لە بەرژەوەندیی دوژمن بوو. بیانووش بوو بۆ هەندێک بۆ جاشێتی و خۆفرۆشتنیان بە دوژمن.

لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی جووڵانەوەکەدا، ئێمە وەک کۆمەڵە و یەکێتی تا ڕادەیەکی زۆر خۆمان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن دەپاراست چوونکە هێشتا لە سەرەتای بنیاتنان و خۆبەهێزکردندا بووین. جار جار لە خاڵێکی لاوازی دوژمنمان دەدا تا کۆمەڵانی خەڵک لە زەبر و چالاکیی پێشمەرگە بەئاگا بن، بەڵام وەکوو تر زیاتر خەریکی درووستکردنی ڕێکخستنی گوندەکان و کۆبوونەوەی جەماوەریی بووین تا بەرنامە و هەڵوێستی خۆمان لەبارەی ڕووداوەکانەوە بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوە.

لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک پڕوپاگەندەی ژەهراوی لەناو خەڵکدا بڵاو کرابوونەوە کە گوایە کۆمەڵە شیوعی و کافرن و بڕوایان بە هیچ شتێک نییە. لە بڵاوکردنەوەی ئەم پڕوپاگەندە ژەهراویانەدا زیاتر نەیارەکانی کۆمەڵە و دەزگاکانی بەعس و ساواکی ئێرانیش بەشدار بوون و دەیانویست لەو ڕێگەیەوە ڕێ لە درووستبوونەوەی شۆڕش و گەشەی کۆمەڵە بگرن و ناوبانگی پێشمەرگە بشکێنن. بەڵام بە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە و فەرماندەکانی توانرا پڕوپاگەندەکان پێچەوانە بکەینەوە و کۆمەڵە سەنگی خۆی لە دڵی جەماوەردا بچەسپێنی و پشتیوانیی جەماوەر بۆ خۆی مسۆگەر بکات، هەروەها ڕێکخستن و هێزەکەی فراوانتر بکات و بگاتە قۆناغێک کە ئیتر مەترسی لەناوبردنی لەو دەستپێکە سەختەدا بکاتە مەحاڵ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوژمن لە بەشێکی گوندەکان، (یەکێتیی جووتیاران)ی درووست کردبوو، ئەوەش وەک دەرگایەک بۆ بەبەعسیبوونی جووتیاران و درووستکردنی شانەیەکی سیخوڕیکردن لەناو گوندەکاندا. هەر زوو هەڕەشەمان لێ کردن و ئیتر لە ترسی پێشمەرگە ناوێکیان نەما.

بەعس زۆربەی کتێبەکانی خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکاندا کرد بە عەرەبی. هەر زوو ئاگاداری مامۆستای مەکتەبی گوندەکانمان کرد دەبێ ئەو کتێبانە بسووتێنرێن و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بێت. ئیتر خوێندن لە هەموو ئەو گوندانە بە کوردی بوو.

ڕاستە هەموومان لەژێر چەتری یەکێتیدا خەباتمان دەکرد، بەڵام لە ڕووی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتییەوە کۆمەڵە قورسایی زۆری هەبوو، قوربانیی زۆریشی دەدا تا جووڵانەوەکە بەهێز و گەشەسەندوو بێت. وەک داینەمۆی شۆڕش، کۆمەڵە قورسایی زۆری لە ئەستۆدا بوو. لەسێدارەدانی پۆل پۆل لە کادر و ئەندام و سەرکردەکانی کۆمەڵە لە زیندانەکانی بەعسدا و شەهیدبوون لە شاخ لەناو فەرماندە و پێشمەرگەکاندا ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنن، ئەوەش لە بایەخی بەهاداری و فیداکاری و بەخشینی شەهید و قوربانیدانی لایەنە شۆڕشگێڕەکانی جووڵانەوەکە کەم ناکاتەوە، بەڵکوو ئەو شەهیدبەخشینە پێشبڕکێیەکی شۆڕشگێڕانەی باڵا بوو بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانیی کوردان.

***

کوردگوتەنی، 'شەو قەڵای مەردانە،' بۆیە لەم قۆناغەدا زیاتر بە شەو دەردەکەوتین و دەچووینە ناو گوندەکان، ئەویش بۆ نانخواردن و پشوویەکی کورت. بەپەلە نانمان دەخوارد و بەشی ژەمێک یان دووان خواردنمان، کە هەر نانی وشک بوو، لەگەڵ خۆمان دەبرد و زۆر دوور دەکەوتینەوە. نەدەچووینە سەر کانی و ئاو و نزیک ڕێگەکان و ئەو شوێنانەی جێگەی گومان بوون. دەیان جار بۆ خۆ دەربازکردن و دووربوون لە چاوی دوژمن چووینەتە نزیک ڕەبایەکانی دوژمن لە بناری گۆیژە بە دیوی شارباژێڕدا. هەرگیز دوژمن بیری بۆ شوێنی وا نەدەچوو، شارباژێر ڕەز و باخی میوەی زۆر و فراوانی تێدایە. لەناو ڕەزەکاندا خۆمان ون دەکرد، خۆمان دەپاراست لە هاتوچۆ و جووڵە و ئاگرکردنەوە. پێشمەرگە لەبن مێوێک یان دەوەنێکدا وردە بەرد و دڕکوداڵی لەو شوێنە لا دەبرد و دەیکرد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە چەرپای خەو. بەدرێژاییی چەندین ساڵ لەو شاخ و ناو دەوەن و دارستان و چۆڵەوانییەدا خەوتووم. ڕۆژێک لە ڕۆژان ترسێک لە مار یان دەعبایەک بە دڵماندا نەهاتووە و گوێمان پێی نەداوە.

***

هاوڕێ ئارام و کاک سالار هاتنەوە شارباژێڕی سەخت؛ ئێمەش لەگەڵ کاک حەمە مۆریاسی و ملازم ئەنوەر لەگەڵیاندا یەکمان گرتەوە. چەند ڕۆژێک لە گوندەکانی دەرەمیانە، ئارووزەر، شێخەڵمارێن و مکڵ و قەلاتێ ماینەوە. بەڕۆژ خۆمان لە دەوری دێ لەناو چنار و دەوەنەکاندا حەشار دەدا. کاک عەلی عەسکەرییش لە بەری جافایەتییەوە سەردانی شارباژێڕی کردەوە و لە پارەزان لەگەڵ هێزەکەی شارباژێڕ یەکیان گرتەوە. کاک عەلی عەسکەری پێشمەرگەیەکیشی بە ناوی ئازاد، کە برایەکی خۆی بە ناوی 'سۆران' شەهید کردبوو، بە دەستبەسەری لەگەڵ خۆی هێنابوو و تەسلیمی هاوڕێ ئارامی کرد.

ڕووداوە بەم شێوەیە ببوو. ڕۆژێکیان کاک سۆران و کاک شێخ فەتاح و کاک جیهانی وەستا حەسەن و ئازادی برای سۆران لە (مالوومە)وە دەچن بۆ چۆخماخ. دەگەنە دەربەندەکەی چۆخماخ و پشوویەک دەدەن، ئازاد فرسەت دەهێنێت و یەک مەخزەنی کلاشینکۆف بەسەری سۆرانی برایەوە دەنێت و هەر لەوێدا شەهیدی دەکات. ئەو برادەرانە ئازاد چەک دەکەن و تەرمی سۆران لە گوندی چۆخماخ دەنێژن، بکوژەکەش تەسلیمی کاک عەلی عەسکەری دەکەن، کە ئەو کاتە لەو ناوە دەبێت؛ ئەویش بە دەستبەسەری هێنای و تەسلیمی برادەرانی کۆمەڵەی کرد، چوونکە هەردوو برا ئەندام و پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون.

ئازاد بە کوشتنی براکەی هیچ شڵەژان و خەمبارییەکی پێوە دیار نەبوو، وەک ئەوەی هەر هیچ ڕووی نەدابێت، زۆر ئاسایی ڕەفتاری دەکرد. پرسیارم لێ کرد، "بۆچی ئەو کارەت کرد؟ بۆچی برای خۆتت کوشت؟" وەڵامی دایەوە، "ئەم برایەی من بمایە، هەموو دونیای دەکرد بە دوژمنی خێزانەکەمان." ملازم ئەنوەریش لێی پرسی، "چۆن دڵت هات سۆران بکوژی" هەمان وەڵامی ئەویشی دایەوە.

سۆران فەرماندە و پێشمەرگەیەکی چاونەترس و فیداکاری کەموێنە بوو؛ چەندین چالاکیی پێشمەرگانەی سەرکەوتووی لەناو شاردا ئەنجام دابوو، فەرماندەیەکی شارەزای لێهاتوو و بەتوانای شەڕی ناوشار بوو. لە یەکێک لە چالاکییەکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوشاردا فیشەکێک بەر ئەژنۆی کەوتبوو، تازە برینی جێ فیشەکەکەی چاک ببۆوە کە بە دەستی برا بچووکەکەی خۆی شەهید کرا.

سۆران و فاخیر کەرکووکی لە تەقەکردن لە پارێزگاری سلێمانی ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکییان هەبوو. ئەوە بۆ ئەو کات چالاکییەکی جەسوورانەی کەموێنە بوو. لە سەرتاسەری کوردستاندا دەنگی دایەوە بەوەی بە ڕۆژی ڕووناک پێشمەرگە هێرشێکی سەرکەوتووی لەناو دڵ و دەسەڵاتی بەعسییەکاندا ئەنجام داوە و بەعسییەکانی تووشی شۆک کردووە. شەهیدبوونی سۆران وەک هاوڕێمان و وەک پێشمەرگەیەکی نموونە لە ئازایەتیدا خەسارەتێکی گەورە بوو لە هێزی پێشمەرگە و کۆمەڵە.

لەو ماوەیەدا چەند جارێک کاک عەلی عەسکەریم بینییەوە، پیاوێکی بەهیمەت و قسەخۆش و دەم بە پێکەنین، لە هەڵسووڕان و هاتووچۆدا زۆر لەشی سووک بوو، ڕێزی زۆری لە کادر و فەرماندەکانی کۆمەڵە دەگرت و لە هەڵسوکەوت و قسەکردن لەگەڵ ئێمە، کە کۆمەڵە بووین، هەستمان نەدەکرد لە ڕێکخراوێکی جیادایە و لە ئێمە جیاوازە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوژمن دەست دەکات بە هێرشی بەرفراوان

ناوەڕاستی نیسانی ساڵی ١٩٧٧، دوژمن هێرشێکی بەربڵاو و فراوانی بۆسەر ناوچەکانی شارباژێڕی سەخت و تەخت بەگشتی دەست پێ کرد. زانیاریی پێشوەختمان لەسەر هێرشەکە هەبوو. پێش حەفتەیەک لە هێرشی دوژمن، کاک عەلی عەسکەری بە خۆی و هێزەکەیەوە ناوچەی شارباژێڕی جێ هێشت و گەڕایەوە بۆ بەری ئاسۆس و ناوچەی شینکایەتی. هێرشی دوژمن بۆسەر هەر دوو شارباژێڕی سەخت و تەخت و ئالان و سیوەیل بوو، کەم لووتکە هەبوو کۆپتەرە بارهەڵگرەکان سەربازی لێ دانەبەزێنن؛ کۆپتەرە جەنگییەکانیش ئاسمانی ناوچەکەیان پڕ کردبوو، لە زەوییشەوە دەیان فەوج و لیوای سەربازی مغاویر و سەربازی پیادە و تانک و زرێپۆش و هێزی تایبەت تەواوی گوند و پێدەشت و ڕێگەکانی ناوچەکەیان تەنیبوو.

دەبوو هەرچی زووە ناوچەکە چۆڵ بکەین و دوور بکەوینەوە. کاک ئارام و کاک سالار و کاک بەکری حاجی سەفەر و ملازم تایەری عەلی والی و ملازم عومەر و ملازم ئەنوەر و چەندین فەرماندەی تر لە بادانە و ئارووزەر بوون. لەوێ هێزەکە بوو بە دوو بەشەوە. کاک بەکری حاجی سەفەر و ملازم تایەر بە خۆیان پێشمەرگەکانەوە جیا بوونەوە و بەرەو شلێر ڕۆیشتن. ئێمەش بەو هێزە زۆرەوە پێش ئەوەی هێرشی دوژمن بگاتە ئەو ناوچانە، بەرەو پارەزان و حاجی مامەند ڕۆیشتین.

لە قەڵاتێ، کاک ئارام؛ کاک فوئادە ڕەش و کاک وەهابی ناردنەوە بۆ شار بۆ هەندێ کاروباری ڕێکخستن و پێویستی. هێزەکە بە هەموو سەرکردە و فەرماندەکانەوە- کاک ئارام، کاک سالار، ملازم عومەر، ملازم ئەنوەر، کاکە حەمە مۆریاسی، کاک عوسمانی قادر منەوەر، مامۆستا عومەر ئاوەکەڵەیی و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەندین فەرماندەی مەفرەزەی وەک کەریمی دادە مەنە و دەرسیم- نزیکەی ٨٠ پێشمەرگە دەبوو. ئاراستەی ڕۆیشتنی هێزەکە بەرەو پارەزان بوو، لەوێشەوە بۆ حاجی مامەند. لەدیوی حاجی مامەند شاخی 'سێیەر' بوو، کە بەسەر ناوچەکەدا دەیڕوانی و نزیک لە (وەندرێنە)یە، جەیشی پێوە بوو. من وای بۆ دەچووم بەرەو چەمی گەلاڵ بڕۆین.[١] خۆ نەشدەزانرا ئەوێ جەیشی لێیە یان نا، چوونکە دیار بوو هێرشەکە زۆر فراوانە. دوژمن لە سلێمانی و چوارتا و شارەزوورەوە هێرشی بەرەو ئەو ناوچانەی دەیزانی پێشمەرگەی لێیە دەست پێ کردبوو. دیار بوو دەوری وەندرێنە جەیشی زۆری لێ بوو، باش بوو زۆربەی پێشمەرگەکانی هێزەکەمان خەڵکی دێهاتی ناوچەکە بوون، بۆ نموونە گوندەکانی مۆریاس و وەندرێنە و حاجی مامەند و گوندەکانی تری ئەو ناوە بوون، بۆیە شارەزای بەرد بە بەردی ناوچەکە بوون، بۆ نموونە خاڵە نەجم، عەبدول وەندرێنەیی، شەهاب گێڵدەرەیی، عەزیز چاوشین، عەلی چاوشین و قانع و غەفوور مۆریاسی و چەندین پێشمەرگەی ترمان لەگەڵ بوو. بەوپەڕی ئازایەتییەوە بە لاڕێ و بە ناوجەرگەی دوژمن و بە نارەحەتیی زۆردا بەناو ئەو گەمارۆیەدا، کە دەیان هەزار سەربازی دوژمن لەو هێرشە فراوانەدا بەشدار بوون، ئەو شەوە لە چەندین شوێنەوە لە دەوروبەری وەندرێنە تەقەیان لێ کردین، بەڵام ئێمە خۆمان بێدەنگ کردبوو، چوونکە تەقەکان زیاتر هەڕەمەکی بوون. شەوەکەی ئاسمان ساف و مانگەشەو بوو، ئەوەش بۆ شەوڕۆیشتنی پێشمەرگە لەو دۆخەدا تا ڕادەیەک مەترسیدار بوو. گەر چاودێری بکرایایە، بەئاسانی دەبینراین.

لە هەندێک لووتکە، جەیش هەڕەمەکییانە فیشەکی گڕداری بە هەموو لایەک و شیو و دۆڵەکاندا دەتەقاند. ئەوەش ئاماژە بوو بەوەی شوێن نەماوە جەیشی داگیرکەری پێوە نەبێت. ئەوە بۆ ئێمە باش بوو خۆیان پێیان دەگوتین لێرە هەین و دوور بکەونەوە. پێ دەچوو پشتی وەندرێنە بە دیوی بەرزنجە و و گێڵەرەدا وەک دیوارێکی بەهێزی ئابلووقەکە بێت. شوێن نەبوو ئاگری جەشی پێوە نەبێت، لە قوڵی لووتکەی چەقەنە و لای گوندی وەندرێنەش تەقەی زۆریان لێ کردین دیار بوو هەر کوێرانە و عەسکەرەکان لە ترسی خۆیان بوو، بەڵام لەبەرئەوەی

١ لە شاخ، سەرکردە و فەرماندە سەربازییە بالاکان ئامانج و ئاراستەی ڕۆیشتنی هێزی پێشمەرگەیان دیاری دەکرد- جا بۆ هەر کوێیەک بووایە، پێشمەرگەکان، بۆ ڕێزگرتن لە دیسپلینی پێشمەرگایەتی، بەبێ پرسیارکردن بەرێ دەکەوتن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەو بوو، لاپاڵ و پەنا بەرد زۆر بوو تا فیشەکیان نەمانگریتەوە. هەرچۆنێک بوو توانیمان دەرفەتی دەرباز بوون پەیدا بکەین، ئەوەش بەهۆی شارەزاییی ئەو پێشمەرگانەوە بوو. بە لارێدا و بەبێ زیان لەو گەمارۆ قورسە دەرباز بووین. لەوەدا پێشمەرگە وەندرێنەییەکان ڕۆڵی بەرچاو و جوامێرانەیان هەبوو. گەیشتنیە نزیک مۆریاس. ئەوێش هەر جەیشی لێ بوو. چەمی گەلاڵ و هەموو لووتکەکانی ئەو ناوەش جەیشیان پێوە بوو. ناچار هەر ڕۆیشتین بەرەو سورێن و بانی بنۆک و بە لای (شانەیەری)دا، کە هێشتا وەک ئۆردوگای زۆرەملێ درووست نەکرابوو. ڕۆژ بۆوە. شەکەت ببووین. نزیکەی بیست سەعات بوو بەڕێوە بووین. کەس توانای نەمابوو. سەیر بوو کۆپتەرەکانی ڕژێم بەسەرماندا ڕۆیشتن و ئەو هێزە زۆرەیان نەبینی. ڕەنگە هیی ئەوە بوو بێت کە کەس نەجوولا بۆ ئەوەی ئەوان هەست بە شتێک نەکەن. دواتر چووینە بانی بنۆک لە بناری سورێن، نازانم بۆچی ئەو هێزە هەموو پێکەوە بووین و بەسەر شوێن و ناوچەکاندا دابەش نەببووین.

بەناچاری ڕۆژەکەی لە بانی بنۆک ماینەوە. ئێوارە بەزوویی نانمان خوارد و بە نیازی پەڕینەوە بۆ قەرەداغ کەوتینە ڕێ. دیسان بەرەو کانی سپیکەی پەرخ و بە لای (کانی پانکە)دا بەو دەشتی شارەزوورەدا پەڕینەوە بۆ بەری قەرەداغ. ڕۆژ بۆوە. هەتاو گەرم ببوو. گەیشتینە (سۆلە)ی نزیک دەربەندیخان. ڕێگەیەکی دوور و ناخۆشتر بوو. لە کانی پانکەوە زیاتر بەناو ئەو دەشتە کێڵراوەدا دەڕۆیشتین و ئەوەش هێندەی تر ماندووی دەکردین. لەو گوندە دامەزراین و نانی بەیانیمان لەوێ خوارد. سەرباری ئەوەی زۆر هیلاک بووین، دوای نان خواردن، زوو لە ماڵەکان هاتینە دەرەوە و بەرەو گوندی سێوسێنان بەڕێ کەوتین تا بگەینە لای برادەرانی قەرەداغ.

لەپاڵ هێرشی بەرفراوانی دوژمندا بۆسەر زۆربەی ناوچەکان و ترس و تۆقاندنی خەڵک بە هەموو شێوەیەک، هێرشە بەرفراوانەکەی دوژمن بێئەنجام بوو.

دوژمن لێبوردنی گشتی ڕاگەیاند. هەواڵەکە لە هەموو ماڵێکدا باس دەکرا، چوونکە بە تەیارە بڵاوکراوەی بەسەر زۆربەی ناوچە و گوندەکاندا بڵاو کردبۆوە. بەم هەنگاوە، بەعسییەکان زیاتر مەبەستیان ڕووخاندنی وورەی پێشمەرگە و زیانگەیاندن بە جووڵانەوەکە و لاوازکردنی بوو. لێبووردنەکە بە جۆرێک بوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە هەموو ئەوانەی دەگرتەوە کە چەکیان دژی ڕژێم هەڵگرتبوو، جگە لەوەش لە خزمەتی سەربازی دەبەخشران. ئەمە بۆ خەڵکە لاوازەکان و ئەوانەی بۆ مەبەستێک ببوون بە پێشمەرگە و چەکیان هەڵگرتبوو، لە هەمان کاتدا ئەو لەشکر و توانا سەربازییەی دوژمنیان بینیبوو، دەرفەتێکی باش و گونجاو بوو بۆ تەسلیمبوونەوە. بۆیە زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ قەرەباڵغیدا هاتبوون و خاوەنی بیروباوەڕ نەبوون، تاک تاک چەکیان دەبرد و زۆریشیان مەردانە چەکەکانیان لە شوێنی پێشمەرگایەتیی خۆیان لە کەرت و مەفرەزەکاندا جێ دەهێشت و خۆیان تەسلیمی بەعس دەکردەوە. سەرباری ئەوەی بەم تەسلیمبوونەوەیە زیان بەر پێشمەرگە و ناوبانگی پێشمەرگە کەوت، بەڵام هەر باش بوو کەمبوون ئەوانەی چەکیان لەگەڵ خۆیان دەبرد، چوونکە لەو سەردەمەدا چەک زۆر بەزەحمەت پەیدا دەکرا.

زۆربەی زۆری ئەوانەی بە بیروباوەڕێکی تەواوەوە هاتبوون بۆ پێشمەرگایەتی مانەوە و باکیان بەو یاری و گەمانە نەبوو کە بەعس خەڵکی پێ فریو دەدان، چوونکە ئەو کەسانە سرووشتی دڕندەییی بەعسیان باش دەناسی، بۆیە هیچ لەو پڕوپاگەندە ڕووخێنەرانە کاری نەدەکردە سەر بڕوابوونیان بە خەباتی ڕەوای گەلەکەیان. ئەو پاڵەوانانە، وەک شاخ لە جێگەی خۆیان مانەوە و لێبووردن فریوی نەدان، تەنانەت گاڵتەشیان بە درۆ و چەواشەکارییەکانی بەعس دەهات. بەڵام سەدان پێشمەرگەش لە زۆربەی ناوچەکانەوە خۆیان دایەوە دەستی بەعسییەکان و تەسلیم بوونەوە.

توانای مادی و سەربازی و هەواڵگریی بەعس بێئەندازە بوو. بەعس دەستی بە هەموو ناوچەکان دەگەیشت و باڵادەست بوو، لە هەر کاتێکدا و بۆ هەر کوێ بیویستایە بە ئارەزووی خۆی پەلاماری دەدا و بۆی دەچوو؛ توانای پێشمەرگەش لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر سنووردار بوو. بەعس و سوپا دڕندەکەی هەموو قورساییی خۆیان خستبووە سەر ئەم پەلامارە کتوپڕە بۆسەر دێهات و ناوچەکان. بۆیە خۆڕاگریی پێشمەرگە و مانەوەیان لە بەرانبەری ئەم هێزە زەبەلاحەدا، تێکۆشەری پۆڵایینی دەویست تا بتوانێ خۆی ڕابگرێ. پێشمەرگەش پۆڵایەک بوو نەدەشکا، بەعس هەرچی دەکرد نەیدەتوانی بمانڕووخێنێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەردەوام هەوڵمان دەدا ئەو بۆشاییە زۆرەی بەهۆی تەسلیمبوونەوەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگەکانەوە درووست ببوو پڕ بکەینەوە و چارەسەری بکەین، ئەوەش بە هێنانی خوێنی نوێ بۆناو ڕیزەکانی پێشمەرگە، یان ئەنجامدانی چالاکیی جۆری لە دژی دوژمن.

تەسلیمبوونەوە بەو ژمارە زۆرە و لەو قۆناغە سەرەتاییەی جووڵانەوەکەدا ڕاستیی سیاسەتی کۆمەڵەی سەلماند کاتێک پێداگریی دەکرد کە نابێت بەو لێشاوە هێزی زۆروبۆر بەبێ هیچ پێوەر و بنەمایەک کۆ بکرێتەوە. ئەو کەسانە، چۆن بەلێشاو هاتن، هەر وا بە لێشاویش تەسلیم بە دوژمن بوونەوە. ئەو شەپۆلە پێشمەرگە و کادری کۆمەڵەشی گرتەوە.

بەدڵنیاییەوە ئەم دیاردەی ڕووخان و تەسلیمبوونەوەیە کاریگەرییەکی دەروونیی خراپی لەسەر پێشمەرگە هەبوو؛ ترسیشی لای خەڵک درووست کردبوو، بەتایبەتی لای دانیشتووانی گوندەکان کە خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد و لە دەمی خۆیان دەگرتەوە و دەیاندا بەوان. لەڕاستیدا، وەک باسم کرد، گوندنشینان لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتی پێشمەرگەیان دەدا، ئەوانیش ئاوا بێباکانە تەسلیم دەبوونەوە. خەڵک دەشترسان ئەوانەی تەسلیم بوونەتەوە لای بەعس ڕاپۆرتیان لێ بدەن بیانخەنە داوی بەعسەوە تووشی کێشەیان بکەن.

هەرچۆنێک بێت، ئەو لێبووردنانەی بەعس ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ئێمە نەبوو بەڵام ئەوەی تەسلیم دەبۆوە یەکسەر خێزان یان دایک و باوک و خوشک برای ئازاد دەکرا.

بە پێچەوانەوە، کەسوکاری زیاتری ئەو پێشمەرگانەی بەردەوام بوون لە پێشمەرگایەتی زیاتر ئازار دەدران؛ ئەوەی نەگیرابوو دەگیرا و تا ئەوپەڕی سووکایەتیان پێ دەکرا، ئازاری دەروونی و جەستەیی دەدران. ئەمەش ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەندێ پێشمەرگە درووست دەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قەرەداغ

قەرەداغ ناوچەیەکی شاخاویی فراوانە؛ دارستانی زۆرە و شوێنی زۆر لەبار و گونجاوی تێدایە بۆ خۆحەشاردان. هەر ئەو ڕۆژەی گەیشتین، لە گوندی مەسۆیی ئاوات قارەمانیمان بینی، کە ئەو کات فەرماندەی پێشمەرگەکانی قەرەداغ بوو، سیروان تاڵەبانی و مام ڕۆستەم و بەشێکی ئەو برادەرانەشم جارێکی تر بینیەوە کە پێشتر یەکتریمان ناسیبوو. ئێمە هێزێکی زۆر و هیلاکیش بووین. کاک ئارام، کاک سالار، ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان، کاک حەمە مۆریاسی، کاک عوسمانی قادر منەوەر و پێشمەرگەکان هەموو پێکەوە بوون. شەو لە گوندی بەلەکجاڕماینەوە. مەلا مەحموود دەربەندیخانی خۆی و دوو برا و دوو کەسی تری لەگەڵ بوو. هەموو بە چەکەوە هاتبوونە دەرەوە. ناوبراو کەسێکی دیار و ناسراو بوو لە دەربەندیخان و ئەو گوندانەی دەوروبەری. مەلا مەحموود ماوەیەک شیوعی بووە و دوایی بۆتە بەعسی. لە دەربەندیخان دادەنیشت، کەسێکی دەستڕۆیشتوو بوو لە ناوچەکەدا. ڕۆژێک نێوانی لەگەڵ بەرپرسی دائیرەی ئەمن تێکدەچێ و پەنا بۆ پێشمەرگەکانی قەرەداغ دێنێ. هەر ئەو ئێوارەیەی هاتبوو چەکیان کردبوو، لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵ کردبوو، بەڵام ئەو هەر سوور بیوو کە بۆ پێشمەرگایەتی هاتووە. قسەکانی لە لای ئەو برادەرانەی قەرەداغ بە هیچ جۆرێک جێی بڕواپێکردن نەبوون؛ چاوی گومانی زۆر لەسەر بوو؛ دەگوترا بەعس ناردوویەتی. خۆ ئەوە تەنها گومان بوو بەڵام هیچ زانیاریی درووست و لە شوێنی بڕواپێکراوەوە لەسەری نەهاتبوو.

زۆربەی هێزەکە لە مزگەوتەکەی بەلەکجاڕ بووین. تاریکەشەوێکی باراناوی بوو؛ چاو چاوی نەدەبینی، بۆیە بڕیاریان دا چەند پێشمەرگەیەک ببەن بەو شەوە تۆزێک بیترسێنن بەڵکوو گەر زانیارییەکی لا بێت، ئیعتیراف بکات. ئەوەندەی پێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەچوو چەند سەلیەیەک کلاشینکۆف تەقی. ئەو بردەرانەی بردبوویان هاتنەوە و گوتیان لە دەستیان ڕای کردووە. دیارە ترساوە کە دەیکوژن، بۆیە خۆی لە دەستیان قوتار کردووە و بەو تاریکەشەوە ڕای کردووە. ئەو پێشمەرگانەش کە تەقەیان لێ کردبوو دەیانگوت نازانن کە کوژراوە یان دەربازی بووە. مەلا مەحموود بەئاشکرا دەیگوت هاتووم ببم بە پێشمەرگە و ئەو سووکایەتییەی بەعس دەیکات بە کەس قبووڵ ناکرێت. دواتر زانیاریمان بۆ هات کە خۆی گەیاندۆتە قەرەداغ و لەوێوێ خۆی تەسلیم کردۆتەوە. دوای تەسلیمبوونەوەی دەخرێتە زیندانەوە و پاشان لەسێدارەی دەدەن.

هەواڵی تەقە و ڕاکردنی مەلا مەحموود لەناو پێشمەرگەکان و ناو مزگەوتدا بڵاو بۆوە. دوو براکەی، کە ئەوانیش چەک کرابوون، لەناو مزگەوت کردیان بە گریان و هاوار گوتیان کوشتووتانە و لە ئێمەی دەشارنەوە. بەیانی کە هەواڵیان زانی گەیشتۆتە قەرەداغ، دڵنیا بوون نەکوژراوە و ڕایکردووە.

مەلا مەحموود، هەر کە سەیرت دەکرد، دەتزانی کەسێکی وریا و جەربەزە و کردە و بەتوانایە، ئەو کارە بەو شێوەیە نەبووایە، دەبووە فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا.

هێزەکەی ئێمە، کە لە شارباژێڕەوە هاتبووین، تێکەڵ بوو. تا ڕادەیەک لەو زۆروبۆرە بوو کە باسم کرد، بەڵام ئەو مەفرەزەیەی لە قەرەداغ بوون زۆربەیان خوێندەوار بوون و لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شارەوە هاتبوون؛ لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریاندا لەنێوان خۆیان و خەڵک و دەوروپشتیاندا جیاوازتر بوون، تا ڕادەیەکی زۆر لەو پێشمەرگە چۆنایەتییانەی کۆمەڵە بوون کە زۆریان لە ناوشار کادر و کەسی دیاری کۆمەڵە ببوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرەو گەرمیان

مانگی شەش یان حەوتی ساڵی ١٩٧٧ بوو. کاک ئارام مەفرەزەکەی سیروان تاڵەبانیی بۆ کارێک لە دیوی گەرمیان راسپارد. من و مام ڕۆستەم و چەند پێشمەرگەیەکی خۆمانی لەگەڵدا نارد تا لەگەڵیان بین و هاوکارییان بکەین. لە دیوی قۆپیەکانی قەرەداغەوە بەرەو گەرمیان چووین. پێم وایە ئەوە یەکەم مەفرەزەی کۆمەڵە بوو بچینە گەرمیان. بەرەو ئەو ناوچەیە ڕۆیشتین و چەند ڕۆژێک لە گوندەکانی ئەو ناوە و دەورووپشتی هەزار کانی ماینەوە، وەک گوندەکانی کچان، پونگەڵە، هەمزە ڕوومی، هەشەزینی، قەڵاگە. گەرمای کردبوو، مانەوە لەو هەڵەتانەی گەرمیان و لەو دەشت و جەولە- بە قەولی خۆیان- بۆ ئێمەی کوێستانی شتێکی نوێ بوو. هەتاو هەموومانی سووتاندبوو. لە دەرەوەی گوندەکان دەماینەوە و بە کوندە ئاویان بۆ دەهێناین؛ ئاوەکەش گەرم بوو، تام و ڕەنگیشی جیاواز بوو.

مام ڕۆستەم لە فەرماندە دیار و ئازاکانی یەکێتی بوو. ئەو کات لە قەرەداغ فەرماندەی مەفرەزە بوو. کاک ئارام زۆری خۆش دەویست و متمانەی زۆری پێی بوو. ساڵی ١٩٧٦ ببوو بە پێشمەرگە و هاتبووە ناوچەی دۆڵی جافایەتی و بە پارەی خۆی مزەلییەکی بۆ خۆی کڕیبوو.

شەوێکیان بۆ دەستگیرکردنی چەند کەسێک چووینە گوندی هەزار کانی و دەوری ماڵەکەیانمان گرت. کەسی ناوبراومان بانگ کرد، لەگەڵ دوو کوڕی و چەند کەسێکی دییەکەش لە دەرودراوسێکان. هەموو هاتن بەدەم بانگ کردنیانەوە. کاک سیروان پێی گوتن، "فەرمانمان پێ کراوە لەگەڵ خۆمان بتانبەین. چەند پرسیارێکمان هەیە و دواتر ئازادتان دەکەین." دکتۆر ئاسۆ، کە کادری کۆمەڵە و پێشمەرگەیەکی گورجوگۆڵ بوو، دەرچووی پەیمانگەی تەندرووستی بوو،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕووبەڕووی کاک سیروان بۆوە و لە کاتێکدا خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵ ئەو کەسانەی دەمانویست بیانگرین. دکتۆر ئاسۆ گوتی، "هاوڕێ سیروان، ڕەخنەی توندم هەیە لەم بڕیارە و نابێ جێبەجێ بکرێ." کاک سیروان دەیویست بە زمانی هاوڕێیانە ڕازیی بکات شتەکە گەورە نەبێت، چوونکە دراوسێکانیان هاتبوونە دەرەوە و ئەوە یەکەم جار بوو پێشمەرگە ببینن. مەبەستی بوو ئەو خەڵکە خراپ لێمان تێ نەگەن. دکتۆر ئاسۆ هاوڕێمان بوو. لێمان پرسی بۆچی ئەو قسەیەی کرد، ئەویش گوتی، "لەبەرئەوەی مناقەشەمان لەسەر نەکردووە. دەبێ دوای وەرگرتنی ڕای هەمووومان ئەو کارە جێبەجێ بکرێ." گوندەکە نزیک بوو لە دوژمن و دەمانویست بەخێرایی کارەکە ئەنجام بدەین، هەوڵی زۆرمان لەگەڵ دکتۆر دا و گوتمان لە کاتی وادا موناقەشە چۆن دەکرێت، بەڵام سوودی نەبوو. خۆ لە کاتی وادا بڕیاری سەرەوە بێ مناقەشە جێبەجێ دەکرێت، بۆیە کارەکە ئەنجام درا. ئەو کەسانەمان لەگەڵ خۆمان هێنا و لە گوندەکە دوور کەوتینەوە و دووسێ ڕۆژی تر لەو ناوە ماینەوە، پاشان گەڕاینەوە بۆ دیوی قەرەداغ. ئاووهەوای ئەم بەشەی قەرەداغ تا ڕادەیەک فێنک بوو.

هەواڵمان زانی کاک ئارام و برادەرانی تر لە مێوڵێ و گوڕباز بوون. ماندوو بووین و شەو لە قازانقایە ماینەوە. بۆ بەیانی لەگەڵ برادەران یەکمان گرتەوە. ماوەیەک بوو گۆشتمان نەخواردبوو، کاک ئارام ناردبووی دوو مەڕی چاکیان کڕی و دەعوەتی پێشمەرگەکانی کرد. هەموو چووینە پشتی مێوڵێ و لە نزیک کانی و ئاوێک کۆ بووینەوە. مەڕ سەر بڕدرا و دەست کرا بە گۆشت وردکردن و ئاگرکردنەوە و برژاندن. هەر پێشمەرگەیە و خۆی چوو لە شووڵی باریکی داربەڕوو سەرووی دوو شیشمان بۆ گۆشت برژاندن درووست کرد. چەند شیشی زیادەشمان هەر درووست کرد بۆ ئەوانەی نەیاندەزانی یان نەیاندەتوانی شیش درووست بکەن.

جگە لە هاوڕێ ئارام و کاک سالار عەزیز، ملازم عومەر، کاک ئاوات قارەمانی، کاک سیروان تاڵەبانی، مام ڕۆستەم، کاک حەمە مۆریاسی، هاوڕێ خەبات حاجی مارف و چەند هاوڕێیەکی تریش لەوێ بوون کە ناوەکانیانم بیر نەماوە. هەموو بە شێوەی بازنەیی لە دەوری هاوڕێ ئارام دانیشتین. کاک سیروان باسی جەولەکەی گەرمیانی بۆ گێراینەوە کە خەڵکی ئەو گوندانە چەندە پەرۆشی پێشمەرگەن و خزمەتیان کردوون و داوایان کردووە مەفرەزەی هەمیشەیی پێشمەرگە بنێرین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ گەرمیان و ناوچەکە. کاک سیروان بەکورتی مەفرەزەکەی هەڵسەنگاند و بە گیانی ڕەخنەوە ڕەخنەی لە دکتۆر ئاسۆ گرت؛ باسی ڕەفتاری ئەو شەوەشی بۆ کاک ئارام و کاک سالار کرد. هەر یەکە و قسەیەکمان لەسەر جەولەکە و ئەو ناوچەیە کرد کە بۆی چووبووین.

هەر لەوێدا کاک ئارام بڕیاری دا یەکەم مەفرەزە بۆ دیوی گەرمیان تەشکیل بکرێ. لەو قسانەدا بووین گرەگری کۆپتەر لەدوورەوە هات و دەنگەکە لە ئێمە نزیک دەبۆوە. چاوەڕێمان دەکرد کاک ئارام فەرمان بکات بڵاو ببینەوە. دەبوو بە بیستنی دەنگی کۆپتەر بەزوویی بڵاو ببینەوە و خۆمان حەشار بدەین و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگری بین، بەڵام هاوڕێ ئارام زۆر بەهێمنی توند مەچەکی دکتۆر ئاسۆی گرت و بە ئێمەشی گوت، "نابێ کەس بڵاوەی لێ بکات!" دکتۆر ئاسۆ گوتی، "ئاخر چۆن شتی وا دەبێ، کۆپتەرەکان بمانبینن، لێمان دەدەن." هاوڕێ ئارام بە زمانێکی هاوڕێیانەی ڕەخنەئامێزەوە پێی گوت، " دەبێ مناقەشە بکەین بزانین چی بکەین و چ بڕیارێک بدەین." دکتۆر لە مەبەستی کاک ئارام گەیشت و گوتی، "ڕەخنە لە خۆم دەگرم. من هەڵە بووم و نابێ لە کاتی وادا ڕەخنە بگیرێ و مناقەشە بکرێ." بوو بە پێکەنین. دەنگی کۆپتەرەکان نزیکتر بۆوە. هەموومان بڵاوەمان لێ کرد و یەک یەک و دوو دوو بۆ بندار و دەوەنەکان کشاین. دیار بوو کۆپتەرەکان بە دیوی سەنگاودا تا سەری سەگرمە هاتن و گەڕانەوە. کە دوور کەوتنەوە و مەترسییەکە لەسەر ئێمە نەما، دەرکەوتینەوە.

هاتینەوە دەوری ئاگرەکە و دەستمان کردەوە بە گۆشت برژاندن. هاوڕێ ئارام لەو کارە مەبەستێکی هەبوو: لە کاتی پەلاماری کۆپتەردا، کۆبوونەوە و موناقەشەکردن کارێکی ژیرانە نییە، بە هەمان شێوەش لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکدا گفتوگۆکردن شیاو نییە. دەبێت کارەکە ئەنجام بدرێت. ئەگەر ڕەخنەیەکیش هەبوو، ناتەواوییەک، سەرنجێک شتێک هەبوو، دەبێت هەڵبگیرێت بۆ کاتێک کە لە جێبەجێکردنی ئەرک و چالاکیدا نین و ئەو کاتە دەتوانین بێ ترس کۆبوونەوە بکەین، نەک لە کاتی جێبەجێکردنی چالاکیدا هەڵەی کوشندەی لەو جۆرە بکەین کە مەترسی بخاتەسەر ژیانی هاوڕێکانمان.

کاک ئارام وەک سەرکردەیەکی بەتوانا بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی هاوڕێکانی بەو زمانە هاوڕێیانەیە و لە کاتی خۆیدا دەبووە وانە بۆ هەموومان. بەم ڕەفتارە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حیزبییە، کاک ئارام ئەوەندەی تر لای هەمووان گەورەتر و خۆشەویستتر بوو، وەک نموونەی باڵا لە ڕابەریکردنی کۆمەڵەدا دەمانبینی.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی خۆش بوو. باران زەویی تەڕ کردبوو. خەبات حاجی مارف (ڕەئیس) کامێرایەکی ڕەشوسپیی پێ بوو. دوو فلیمی کامێرای لە شارەوە بۆ هاتبوو، لەگەڵ کاک ئارام و برادەران وێنەی زۆرمان گرت. ئەوکات تەنها وێنەی ڕەشوسپی هەبوو. وەک بیرم مابێ کاک مولازم عومەر گوتی ئەو دەینێرێت بۆ شار تا بۆمان بشۆنەوە و بۆمان چاپ بکەن، یان وا بزانم کاک خەبات بوو وەری گرت و ناردی، لە دوایشدا زۆرم پرسیار و سۆراخی وێنەکانم کرد، بەڵام هیچم دەست نەکەوتەوە. ئیتر ئاوایە، وێنە بە ئاسانی دەگیرێت، بەڵام بەزەحمەت دەست دەکەوێتەوە.

لە قەرەداغ ماینەوە. ڕۆژێک لەگەڵ کەرتەکەی ملازم ئەنوەر و کاک حەمە مۆریاسیدا لە (گوندی کەسنەزان)ەوە بەرەو گوندی خاوێ و قازانقایە دەچووین. عەسر بوو، لەناکاو دوو یان سێ کۆپتەری جەنگیمان لێ پەیدا بوو. هەر پەیدا بوون یەکسەر کەوتنە ڕەمیکردن لە دەوری دێی کەسنەزان. دیاربوو زانیارییان لا بوو ناوێ پێشمەرگەی تێدایە، بەڵام ئێمە لە ناوێ نەمابووین. ئەو شوێنەی لێی بووین چڕ و دارستاناوی بوو، هەر دەستڕێژێکی لە ئێمە بکردایە کوێرانە بوو، بۆیە کۆپتەرە جەنگییەکان زیاتر (پشتی خاوێ)یان بۆردومان دەکرد. دیار بوو پێشمەرگەکانی قەرەداغ لەوێ بوون و کۆپتەر بینیبوونی، بۆیە زیاتر دەستڕێژی گوللەکانی بۆ پشتی گوندەکە بوو. یەکەمین جارم بوو ببینم کۆپتەری جەنگی بە ئاسمانەوە ڕابوەستێت و تەقە لە ئامانجەکەی بکات. ئێمە لەگەڵ ملازم ئەنوەر و حەمە مۆریاسی بووین. شوێنی خۆمان قایم کرد و چاوەڕوان بووین کۆپتەری حەماڵ بێت و هێز دابەزێنێ. دیار بوو لەبەر ئەوەی دەمەوعەسر بوو، ئەو کارەیان پێ نەکرا. ماوەی دوو سەعاتێک کۆپتەرەکان بە ئاسماندا سووڕانەوە و تەقەیان کرد، دواتر چۆڵیان کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەلاماری جاشەکان

هێشتا لە ناوچەی قەرەداغ بووین. هەواڵمان زانی جاشەکانی تەحسین شاوەیس و قادر فەرەج لە ١٩٧٧/٩/٣دا لە گوندی قازانقایەی نزیک خاوێ، پەلاماری پێشمەرگەیان داوە. ڕۆژی دوای ڕووداوەکە چووینە گوندەکە و ڕووداوەکەیان بۆ باس کردین. مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە ناودێ دەبن و بەڕۆژ دەمێننەوە، چەند پێشمەرگەیەک لە مزگەوتەکەی قازانقایە خەریکی خۆشتن و جلشتن دەبن، مەفرەزەیەکیش لە ماڵەکانی دوور لە مزگەوتەکە دەبن. پێ دەچێت ئاگاداری یەکتر نەبووبن. پێشمەرگەکان بە خۆیان نازانن تا جاش دێنە ناودێ و بەرەو مزگەوتەکە دەچن. جاشەکان لەناو مزگەوتەکەدا پەلاماری پێشمەرگەکان دەدەن و تەقەیان لێ دەکەن. دیارە پێشمەرگەکان حەرەسیان نەبووە و بێئاگا بوون لەوەی جاشەکان گەمارۆی مزگەوتەکەیان داوە. هەندێک لە پێشمەرگەکان جلوبەرگیان لەبەردا نەبووە و خەریک بوون جلەکانیان شتووە. کاتێکیان زانیوە گەمارۆ دراون و دەسترێژی گوللەیان لێ دەکرێ. چاریان نەماوە و پێویست بووە شەڕی مان و نەمان بکەن. هەر ئەو بڕوا قووڵەیان بوو بە کوردستان و کۆمەڵە و بەوپەڕی ئازایەتی و جوامێریەوە گیانی خۆیان بەخشی تا نەکەونە دەستی دوژمن. وەک خەڵکی گوندەکە باسیان دەکرد، سێ لە پێشمەرگەکان بە ڕووتی هێرشیان بۆ جاشەکان بردووە و شەهید بوون. خەریکی خۆشتن و جلشتن بوون و دەستیان نەگەیشتۆتە چەکەکانیان. مەفرەزەیەک پێشمەرگە لەناو گوندەکە و ماڵەکانی پشتی دێکە دەبن، بەڵام ئەوان دەچنە پشتی گوندەکە، هێزێکی تریش لە مێوڵێ دەبن. کاک ئارام، مامۆستا عەزیز، ئاوات قارەمانی و مام ڕۆستەم، کە ماوەیەک پێشتر بریندار بووە، بەو برینداریییەوە لەگەڵ- برادەران کاک ئازاد سەگرمە، کاک عەلی ئامەخان- بەرەو شەڕەکە دێن. هاوڕێ کە بە تایەر، کە فەرماندەیەکی پێشمەرگەی بەتوانای ئازا بوو لە چالاکیی بوێرانەی ناوشاردا چەندین گورزی بەئازاری لە دوژمن دابوو-

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگەڵ هێزەکەی کاک سیراون تاڵەبانی یەک دەگرنەوە و پەلاماری ناو گوندی قازانقایە دەدەن. جاشەکان زانیویانە پێشمەرگە بەدەم تەقەکانەوە دێن بۆیە ئەو پێشمەرگەیەی کە بەدیل گرتبوویان لەگەڵ خۆیان دەبەن و بەرەو ئاراستەی قەرەداغ دەڕۆن. گەرچی پێشمەرگەکان دوایان کەوتبوون، بەڵام دەستیان بە جاشەکان نەگەیشتبوو. جاشەکان تێکەڵەیەک بوون لە جاشەکانی تەحسین شاوەیس و قادر فەرەج و چەندینی تر.

هەواڵی لەدەستدان و شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگەی نموونەیی و بەدیلگرتنی پێشمەرگەیەکی تر بەدەستی جاشەکان هەمووانی تاساندبوو. لەو قۆناغەدا، کە سەرەتای دانانی بناغەی هێزی پێشمەرگەی قەرەداغ و ناوچەکە بوو، ئەو ڕووداوە زیانێکی گەورە بوو لە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان. خۆ هەمیشە پێشمەرگە و تێکۆشەران لە زیندانەکانی بەعس و لە خەباتی شاخیشدا نموونەی باڵای ورەبەرزی و گیانبەخشین بوون، بەڵام شۆڕشی کوردستان پێویستی زۆری بە توانا و لێوەشاوەیی ئەو پۆلە شەهیدە بوو.

بێگومان شەهیدبوونی ئەم پۆلە پێشمەرگەیە جۆرێک لە کەمتەرخەمی خۆیان و بەکەمحسابکردنی دوژمنیشی تێدا بوو. ئەوکات مەفرەزەکانی پێشمەرگە بە ڕۆژ لەناو گوندەکان نەدەمانەوە، بەڵکوو دوای عەسران زیاتر دەهاتینە ناو گوندەکان و ئاوەدانی.

شەهیدەکانی ئەو ڕووداوە ئەمانە بوون:

١. شوان عەلی سەعید، کە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری دیار بوو. کادرێکی چالاک و وشیاری ئاستی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بوو. سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران بوو، هاوڕێی نزیک و خۆشەویستی خۆشم بوو.

٢. مەلا ئەحمەد مەسۆیی، کە کادرێکی بەتوانا و بەئەزموونی ناو کایەی خەباتی جووتیاران و جەماوەر بوو. لە شۆڕشی ئەیلوولدا کادرێکی ناسراو و دیار بووە. خۆشەویستی ناو خەڵک بوو. قسەزان و وتاربێژێکی بەتواناش بوو. لە کاری ڕێکخستندا چالاک و گورج بوو. لە یەکەم سەردانماندا بۆ قەرەداغ لە نزیکەوە ناسیم و بووینە هاوڕێی نزیک. پێ دەچوو ئەو لەناو مزگەوتەکەدا شەهید نەکرابێت، وەک باسیان کرد لەچەمەکەدا خەریکی خۆشتن بووە و هەر لەوێ شەهیدیان کردبوو.

٣. ئازاد محەمەد ئەمین کە لە نزیکەوە دەمناسی. ماوەیەک لە قەرەداغ پێکەوە بووین. کادرێکی بەتوانا و وشیاری کۆمەڵە و پێشمەرگەیەکی چاونەترس و ئازا بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤. سمکۆ عەلی مستەفا
٥. عەبدوڵا وایەرمەن
٦. عەلی محەمەد سلێمان
٧. غەریب عەزیز، ئەمیان بە دیل دەگیرێ و دواتر لە موسڵ لە سێدارە دەدرێت.

لە خاوێ و مێوڵێ لەگەڵ کاک ئارام و کاک ئاوات قارەمانی و مام ڕۆستەم و کاک سیروان تاڵەبانی یەکمان گرتەوە. شەوێک پێکەوە بووین و ڕۆژی دواتر ئێمە لەگەڵ ملازم ئەنوەر و دەرسیم بەرەو جافەران گەڕاینەوە. ماوەیەک لە قەرەداغ بووین و دواتر گەڕاینەوە شارباژێڕ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەدام لە مریەم بەگ

ملازم ئەنوەر لە ناسینی خەڵکدا پیاوێکی شارەزا بوو. ناوبەناو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری خەڵکی بانگ دەکرد و پرسیاری لە خەڵک و گەنجانی دەوروبەر دەکرد. ڕۆژێکیان لە مریەم بەگ بووین، کەوتە پرسیارکردن لە چەند کەسێک. لەناو خەڵکەکەدا گەنجێکی بانگ کرد و پرسیاری لێ کرد، "خەڵکی ئێرە چی دەکەن و چی ناکەن؟" بە شێوازی وەڵامدانەوەی گەنجەکەدا، گومانێک لای ملازم ئەنوەر دروست بوو، دەستی کرد بە گیرفانیدا و شتەکانی دەرهێنا. وێنەیەکی سەدام لەناو جزدانەکەیدا بوو. ملازم ئەنوەر لێی تووڕە بوو، "ئەمە چییە؟" کوڕەکە زۆر پاڕایەوە و هاواری کرد، "بۆ ئەوە هەڵم گرتووە لە سەیتەرە ڕێگریم لێ نەکەن." بەڵێ، دڕندەیی بەعس لە ئاستێکدا بوو خەڵک پەنای بۆ ئەم جۆرە کارانە دەبرد بۆ ئەوەی لە گێچەڵی پیاوەکانی دوژمن دەربازی ببێت. قسەی گەنجەکە قایلکەر بوو، ئێمە قەناعەتمان کرد و داواشمان لە ملازم ئەنوەر کرد چاوپۆشی لێ بکات، ملازمیش قسەکەی وەرگرت و ئیزنی دا. یەکێک لە خاسییەتە جوانەکانی ئەم فەرماندە سەربازییە ئەوە بوو زۆر هاوکار و پشتیوانی کادر و ڕێکخستنەکان بوو، زۆریش گوێی لە ڕا و پێشنیارەکانی ئێمە دەگرت و هەرگیز ڕەتی نەدەکردەوە؛ بۆ زۆر بابەتیش ڕاوێژی پێ دەکردین.

هەر لە ناوچەی قەرەداغ چاوم کەوت بە مەفرەزەیەک کە لە هەولێرەوە بۆ سەردانی کاک ئارام هاتبوون. چەند ڕۆژێک پێکەوە بووین. مەفرەزەکە لەمانە پێک هاتبوو: کاک شاخەوان عەباس، کاک عەلی ساڵح، کاک ڕێباز و دوو برادەری تریش. مەفرەزەکە دادوبێدادیان بوو بەدەست بزووتنەوەوە، گلەیی ئەوەیان دەکرد کە بزووتنەوە جۆرەها خەڵکی خراپیان لە ڕیزەکانی خۆیاندا وەرگرتوە و حساب بۆ کەس ناکەن و لەگەڵ کۆمەڵەش پەیوەندییان خراپە. دیار بوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بزووتنـەوە زۆریـان بـۆ هێنـا بـوون، ئەوانیـش سـەردانی کاک ئارامیـان کردبـوو تـا ڕێگەچارەیەکیـان بـۆ دابنـێ. کاک ئـارام زۆر ڕێـزی لـێ گرتـن و بـۆ ماوەیـەک لای خـۆی هێشـتنیەوە. زۆر جـار پێکـەوە لـە مـاڵان دادەمەزرایـن. هاوڕێیەتیمـان پتـەو و بـەردەوام بـوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەڕانەوە بۆ دۆڵی جافایەتی

کاک سالار عەزیز دەگەڕایەوە بۆ دۆڵی جافایەتی و لەوێوە بۆ شارباژێڕ، ئێمەش زۆربەی ئەوانەمان کە لە شاربازێڕەوە چووبووینە قەرەداغ خۆمان ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتن و گەڕانەوە لەگەڵیدا. ئەوکات کە بۆ شوێنێک یان ناوچەیەکی تر دەڕۆیشتین کەمترین پێشمەرگە دەیانزانی بۆکوێ دەچین. هێزەکەمان بە کەرتەکەی حەمە مۆریاسییەوە چل پێشمەرگە دەبوو. لە (سەرزەل)ەوە بە ئاڕاستەی تاسڵوجە بەڕێ کەوتین تا لەوێوە بپەڕینەوە بۆ دۆڵەڕووت. شەو درەنگ گەیشتینە گوندی تەپەڕەش، کە لە باشووری ڕۆژئاوای سلێمانییە و نزیکی (تاسڵوجە)یە.

ماندوو ببووین و پشوویەکمان دا. ڕێگەمان دوور بوو؛ هەرچەند حسابمان دەکرد بە پێ بڕۆین بۆ قولەرەیسی و شێرکوژ و دۆڵەڕووت تەواو ڕۆژمان لێ دەبێتەوە. ئەو ڕێگە دوورە تەواو نابێ. من نازانم بۆ بەم ڕێگە دوورەدا هێنایانین. گەر لە باخی بەختیاری و (قلیاسان)ەوە بڕۆیشتینایە، نزیک تر بوو، خۆ شارەزاش بووین!

لەناو گوندی تەپەڕەش، کاک سالار دوو پێشمەرگەی نارد بزانن کێ تراکتۆری هەیە تا لەگەڵماندا بێت تا دەگەینە لای شێرکوژی پشتی سەرچنار. دیار بوو ماڵی کەسێکیان نیشان دابوو کە ئەوان تراکتۆریان هەیە، ئێمەش لەنێوان خۆماندا قسەمان دامەزراندبوو و نوکتەمان دەگێڕایەوە، جارجارەش هەندێک ڕووداوی خۆش و ناخۆشی خۆمان دەگێڕایەوە. هەموومان پێدەکەنین. لە گەرمەی پێکەنیندا بووین حەمە مۆریاسی هاتە نزیکمان و گوتی، "ئاخری خێر بێ! ئەم پێکەنینە بەڵایەکمان بەسەر دێنێ! ئاخر پێم ناڵێن بە چی پێدەکەنن؟

خۆی هەر واش بوو، لە سەرێکەوە هەقی بوو، بەلام ئێمەش وا نەبووایە و بە قسەی خۆش کاتمان بەڕێ نەکردایە، کات نەدەڕۆیشت و قۆناغەکەش

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەیخواست بیر لە زۆر بابەتی جیاواز لە پێشمەرگایەتی بکەینەوە. ئەوەی زۆر گرنگ بوو ئەوە بوو هەمیشە ئامادە و دەست لەکاردا بیت بۆ دوژمن. هەوڵمان دا ئەویش بخەینە پێکەنین و گوتمان ئەم ڕێگە و کاتە درێژانە بە پێکەنین و قسەی خۆش نەبێت هەر نابڕێنەوە.

ئەوانەی چوون بۆ تراکتۆرەکە ماوەیەکیان پێ چوو تا هاتنەوە، بۆیە پێشمەرگەی تر چوون تا پەلەیان لێ بکەن. خەریک بوو شەو هەڵدەکشا. هەمووی چەند خولەکێک بەسەر قسەوباس و ناردنی پێشمەرگەکەدا تێ نەپەڕیبوو کە فیشەکێک تەقی. بەرەو ڕووی تەقەکە چووین. فیشەکێکی تریش تەقی. یەکێک لە پێشمەرگەکان بە هەڵەداوان گەڕایەوە بۆ لامان و گوتی، "لە پەنجەرەی ماڵێکەوە تەقەمان لێ دەکەن، عەزیز بەرکەوتووە و برینداره."

عەزیز خەڵکی قرگە بوو. ڕوومان کردە شوێنی تەقەکان، بریندارەکەمان دوور خستەوە، پێشمەرگەیەکی ترمان، کە ئەویش هەر ناوی عەزیز چاوشین وەندرێنەیی بوو، چووە بەر پەنجەرەکە و زۆر بەدڵسۆزانە لە لای پەنجەرەکەوە بانگی کابرای کرد و گوتی، "کاکە گیان، ئێمە پێشمەرگەین، دەمانەوێ ترکتۆرەکەمان بدەیتێ تا لە جادە دەپەڕینەوە." فیشەکێکی دەمانچەی بەویشەوە نا و برینداری کرد. عەزیز کەوت.

کابرامان لێ عاسی بوو. بە هیچ شێوەیەک خۆی بەدەستەوە نەدەدا. ئیتر کاک سالار نەیهێشت پێشمەرگەی تر بچنە بەر پەنجەرەکە. هەرچی هەوڵمان لەگەڵ دا، سوودی نەبوو، قسەمان زۆر لەگەڵ کرد، کوردگوتەنی ئەو سوار کەلی شەیتان ببوو و دانەدەبەزی، گوێی لە هیچ نەدەگرت. ناچار پێشمەرگە چوونە سەربانی ماڵەکەی گوتیان نەیەیتە دەرەوە و خۆت بەدەستەوە نەدەی، ئەوا لە لوولەی زۆپاکەوە نارنجۆکت بۆ دەکەینە ژوورەوە و هەرچی بەسەر خۆت و ماڵ و منداڵت هات خۆت بەرپرسی. کابرا دڵنیا بوو کە پێشمەرگە ئەو کارە دەکات، خێزان و منداڵەکانیشی لە ژوورەوە هاواریان دەکرد و دەگریان. کابرا چاری نەما و لەبەر سەلامەتیی ماڵ و منداڵەکانی، بە ناچاری خۆی بەدەستەوە دا. پێشمەرگە ماڵەکەی تەواو پشکنی. هەر ئەو دەمانچە چواردەخۆرەی تێدا بوو کە ئەو تەقانەی پێ کرد. پێ دەچوو هەر ئەو دوو فیشەکەشی پێ تەقی بێت کە ئەو شەوە تەقاندنی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کابرا دەستی هەڵبڕی و هاتە دەرەوە بۆ لامان. بە سجنیی تەسلیم بە چەند پێشمەرگەیەک کرا تا لەگەڵ خۆماندا بیبەین.

دەمانچەکەی زۆر تازە بوو. ئەو جۆرە چەکە تازانە پەیدا نەدەبوو. تەنیا لای حکومەت هەبوو؛ لە ئەمنەوە دەدرا بە ئەڵقەلەگوێکانی خۆیان. کە ناومان لێ پرسی، گوتی ناوی 'عوسمان'ە. خەڵکی دێکەش زۆربەیان هاتنە دەرەوە و یارمەتیان داین تا بریندارەکان تەگبیر بکەین و لەو گوندە دووریان بخەینەوە. کە پرسیاری ئەم کابرایەمان کرد، خەڵکەکە گوتیان ناوی (عوسمانی هۆکل)ە، کە بە 'عوسەی هۆکل' ناسرابوو.

هەر شەو هەندێ پرسیاری لێ کرا، بیانووی زۆری هێنایەوە گوایە دوژمندارە و نەیویستووە تەقە لە پێشمەرگە بکات. ئەو بە ئاشکرا درۆی دەکرد. پێشمەرگەکان زۆریان لە دەرگا دابوو، نەیکردبۆوە، لە پەنجەرەیان دابوو، گوتبوویان، "ئێمە پێشمەرگەین و پێویستیمان بە تراکتۆرە تا جێگەیەک بمانبا." ئەویش بێ هیچ دوودڵییەک، یەکسەر تەقەی لێ کردبوون.

دوو بریندارەکە عەزیز چاوشین وەندرێنەیی و عەزیز قرگەیی بوون. دەبوو چارەسەریکیان بکەین، برینپێچ و شارەزامان لەگەڵ نەبوو، شتێکی ئەوتۆمان لەدەست نەدەهات. هەردووکیان فیشەک بەر سنگیان کەوتبوو. لە ناودێ و هەر لەوێدا عەزیز قرگەیی گیانی سپارد و شەهید بوو، عەزیز چاوشینیش حاڵی باش نەبوو. دەترساین ئەویش شەهید ببێت، چاریشمان نەبوو، دەبوو هەرچۆنێک بووە بیانگێڕینەوە بۆ سەرزەل. دەمانزانی ملازم ئەنوەر شەو لەوێ دەمێنێتەوە، چوونکە عەسر لەوێ خواحافیزیمان لێ کردبوو.

تا ولاخ و خەڵکی ناودێمان پەیدا کرد بۆ ئەوەی عەزیزی بریندار و شەهید عەزیز بنێرینەوە، مەفرەزەیەکمان لە شەهاب گێڵەرەیی و ڕەحیم گێڵەرەیی و جەباری حەمەی فەرەج و عومەر عەلی ڕەحیم درووست کرد. ئەوانمان بەڕێ کرد. کات درەنگ ببوو؛ ترسمان هەبوو ڕۆژمان لێ ببێتەوە.

مەفرەزەکە لە ئێمە جیا بوونەوە و بەناڕەحەتی و فەلاکەتێکی زۆر خۆیان گەیاندە سەرزەل. هەرچۆنێک بێت، لە دەرەوەی گوند ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان پێشمەرگەکانی دەبینن و دۆخەکەی بۆ باس دەکەن، خاڵە نەجم وەندرێنەیی، کە فەرماندەی مەفرەزە بوو لای ملازم ئەنوەر، لە ناو دەوەنێکدا عەزیز چاوشین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەندرێنەیی کە برینداره دەشارنەوە، تەرمی شەهیدەکە و بریندارەکە بە گەڵای زۆر دادەپۆشن، بەیانی جەیش بە کۆپتەر پەلاماری ناوچەکە دەدەن. دیارە زانیویانە بریندار و شەهیدەکە بەرەو سەرزەل گەڕێنراونەتەوە بۆیە جەیش و جاش تا دوا نیوەڕۆ کێومالّی ناوچەکە دەکەن، بەڵام دوانیوەڕۆ پاشەکشە دەکەن. لای ئێوارە ملازم ئەنوەر و خالە نەجم و پێشمەرگەکان لە سەرزەل شەهید عەزیز قرگەیی بەخاک دەسپێرن و عەزیز چاوشینیش چارەسەری سەرەتایی وەردەگرێت و تیمار دەکرێت، ئینجا بە مەفرەزەیەکدا ڕەوانەی شارباژێری دەکەن.

تا ئەوانمان بەڕێ کرد، هێزەکەی ئێمە لەناو گوندی تەپەڕەش زۆر دوا کەوت و کاتێکی زۆرمان لێ ڕۆیشت. خەریک بوو ڕۆژ دەبووە. بەرەو هاوین دەڕۆیشتین؛ شەو کورت ببوو، دنیا زوو ڕووناک دەبۆوە و بەئاسانی دەبینراین. تاریک و ڕوون بوو کە تراکتۆرمان دەست کەوت. هیچ چارەیەکمان نەبوو جگە لەوەی بە تراکتۆر زۆری بە جادەی گڵ و جار جار بە جادەی قیردا بڕۆین و بپەڕینەوە بۆ ئەوەی بە کورتترین ڕێگەدا- ئەمە جۆرێک لە موجازەفەش بوو- بڕۆین و دوور بکەوینەوە. بەرەو سۆتکە و سوورگە کەوتینە ڕێ و کابرای تەقەکەریشمان بە دەستبەسەری لەگەڵ خۆمان برد. لەو کاتەدا هەرکەس چاوی پێمان بکەوتایە، وای دەزانی جاشین و لەوانەیە لە دڵی خۆیدا برێک جنێویشی پێ بدابنایە. ئاخر ناهەقیان نەبوو، ئێمە بەڕۆژی ڕووناک و بەچەکەوە بە لای سەربازگە و مۆڵگەی دوژمندا دەڕۆیشتین، بە بەردەمی مەعەسکەر سەلامدا پەڕینەوە. ناچار بووین و دەبوو وا بکەین تا چیی زووە لەو ناوە دوور بکەوینەوە.

بە تراکتۆر تا لای کانە بەردەکانی شێرکوژ ڕۆیشتین، لەوێوە کابرای تراکتۆرمان ئیزن دا و بەپێ کەوتینە ڕێ. بە دیوی دۆڵەڕووتەدا ڕوومان کردە هەنارانی خواروو، کەمێک دوور لە دێیەکە و دوور لە چاوی خەڵک پشوویەکمان دا تا ئێوارە.

ئەوەی بەو بەیانییە کردمان سەرکێشییەکی گەورە بوو، بەڵام چارێکی ترمان نەبوو. حکومەت و سیخوڕەکانیشی چاوەڕوانی ئەوە نەبوون ژمارەیەکی ئاوا پێشمەرگە بە ڕۆژ و بە بەرچاوی ئەو هەموو سەربازگەیەوە تێ بپەڕن و دوور بڕۆن. دوژمن وای زانیوە بەرەو قەرەداغ گەڕاوینەتەوە، بۆیە بۆ بەیانی ئەو هێرشە فراوانەی بۆ سەرزەل و بەشێک لەو گوندانە کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەرچۆنێک بێت، ڕۆژەکەی کوێخا حسێنی هەناران، کە زۆر دۆستی پێشمەرگە بوو و سەروماڵی خستبۆوە خزمەتی پێشمەرگەوە، هاتە لامان و نان و ئاوی بۆ هێناین؛ بۆ ئێوارەش لە ناودێ دامەزراین و دوای نانخواردن بەرەو قزلەر و لەوێشەوە بۆ چۆخماخ بەڕێ کەوتین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دادگاییکردنی تاوانبارەکە

لە هەناران، کاک سالار عەزیز پرسیاری لە عوسەی هۆکل کرد، "ڕاستم پێ بڵێ، تۆ بۆچی وات کرد؟" ئەویش بە ساردی و بێمنەتییەوە وەک ئەوەی هەر ئەویش نەبووبێت، گوتی، "ئیتر ئاوا بوو. چی بکەم." زۆر لەگەڵیدا خەریک بوون تا ڕاستیی جۆری پەیوەندیی خۆی و دەزگا سیخوڕییەکان بڵێت و دان بە تاوانەکەیدا بنێت، بەڵام ئەو هەرگیز دانی نەنا بەوەدا کە تاوانی کردووە و دەمانچەکەی لە دوژمن وەرگرتووە. هەرگیز نەپاڕایەوە و داوای لێخۆشبوونی نەکرد.

لە چۆخماخ بڕیار درا لە بەرانبەر تاوانی شەهیدکردنی پێشمەرگەیەک و بریندارکردنی یەکێکی تردا سزای ئیعدام بدرێ. تاوانەکەی گەورە بوو، لەلایەکەوە ببوو بە پیاوی دوژمن، چوونکە وەک باسی کرا و زانیاری ڕێکخستنی لەسەر هات، هەر ئەو ڕۆژە دەمانچەکەی لە ئیستیخبارات وەرگرتبوو؛ شەویش ئەو کەتنەی پێ کرد. کە ئەمە خۆی زۆر مەترسیدار بوو بۆ ئەو کاتە ناسکەی پێشمەرگە، سەرباری ئەوە ئەو تاوانەشی بەرانبەر پێشمەرگەکانمان کرد، بۆیە بڕیاری کوشتنی درا و بەیانیەکەی دایانە دەستی سێ پێشمەرگە: مستەفا کە بە 'مچەی ئەحە پووت' ناسرا بوو، محەمەد، کە خەڵکی هەڵەبجە بوو، هەروەها پێشمەرگەیەکی تریش. ئیتر قۆڵیان بە پشتێنێک لە پشتەوە بەستەوە و بردیان سزاکەی بەسەردا جێبەجێ بکەن.

لەدوورەوە گوێمان لە دەنگی چەند ڕیزێک تەقەی کلاشینکۆف بوو. هەموو سەرنجمان بۆ ئەوە دەچوو کە بڕیاری ئیعدامکردنی تاوانبارەکە لەلایەن ئەو مەفرەزەیەوە جێبەجێ کراوە.

ماوەیەکی پێ چوو کە گەڕانەوە، گوتیان لە دەستمان هەڵاتووە. ئەو ڕووداوە قابیلی بڕواکردن نەبوو. ئاخر ئەو کابرایە دەستی لە پشتەوە بەستراوە، چۆن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەتوانێت ئاوا بە ڕۆژی نیوەڕۆ لەدەستیان دەربچێت و ڕابکات. برادەران زۆر لەو سێ پێشمەرگەیە تووڕە بوون و هەر سێکیانیان چەک کرد. ڕاستییەکەی مچە خۆی کەسێکی باش نەبوو، بەنهێنی فەرمانی ئەوە هەبوو ئیعدام بکرێت، بەڵام بەهۆی هێرشی بەردەوامی دوژمنەوە، دەرفەتی جێبەجێکردنی بڕیاری ئیعدامکردنی نەڕەخسابوو. وا دیاربوو برادەران ویستبوویان ئەو تاوانبارەش بە پیاوخراپێکی تر بکوژن.

دوای ماوەیەک لە هەڵاتنی عوسەی هۆکل، مچەش گومان دەکات کە شۆڕش نیازیەتی شتێکی بەرانبەر بکات، بۆیە فرسەت دەهێنێت و تەسلیم دەبێتەوە و دەبێت بە جاش. مچە تا ڕاپەڕین درێخی نەکرد لە شەڕی دژ بە پێشمەرگە.

هەڵاتنی بکوژی پێشمەرگەکان وا بەئاسانی لەدەستی مەفرەزیەک لەو کاتەدا جێی بڕواکردن نەبوو. چۆن ئەو پێشمەرگانەی فەرمانیان پێ کرابوو بڕیارەکە جێبەجێ بکەن و دەشیانزانی ناوبراو دەستی سوورە بە خوێنی هاوڕێکانیان ڕێگەیان دابوو ئەوە ڕوو بدات!

بەدرێژاییی هەموو ئەو ماوەیە لە شارباژێڕەوە بۆ شارەزوور و مانەوەی زۆر لەو ناوچەیە و گەڕانەوە بۆ دۆڵی جافایەتی، ئازاد، کە سۆرانی برای شەهید کردبوو، لەگەڵ هێزەکەدا مابۆوە و بە هیچ لایەکدا نەڕۆیشتبوو، لەکاتێکدا دەیتوانی لە هەر کاتێکدا خۆی دەرباز بکات، سەیر لەوەدا بوو هیچ پەشیمانی دەرنەدەبڕی لەوەی بەرانبەر سۆرانی برای کردبووی و شەهیدی کردبوو، بە پێچەوانەوە ئەوەی دەردەکەوت دڵ و دەروون ئاسوودە بوو. زۆربەمان بەرانبەر ئەو کارە قێزەونەی دەست لە ئەژنۆبووین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دۆڵی جافایەتی

ئەو هێزە زۆرە ماوەیەک لەو ناوچەیە مایەوە. هاوڕێ ئارام و کاک سالار و مولازم عومەر و کاک سەلاح چاوشین و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی کۆمەڵە لەوێ بوون وەک کاک دلێری سەید مەجید، هاوڕێ جەبار، خاڵە شێخ سدیق، کەسایەتی دیارو ڕێزلێگیراوی ناوچەکە و کادرێکی بە ئەزمون و جەماوەریی، خۆشەویست بوو. هەم قسە خۆشەکانی، هەم بەسەرهاتەکانی ژیانی، سەرنجراکێش بوون. بە توانایەکی هونەریی بەرزی گێڕانەوەوە چیرۆکەکانی ژیانی خۆی دەگێڕایەوە؛ هەمیشە مەجلیسەکانی خۆش و گەرموگوڕ بوون. لەو ڕۆژگارە پڕ لە ناخۆشی و دەردی سەرییەدا لەو ساڵە سەرەتاییانەدا جەیش و جاش هێرش دەکەنە سەر ناوچەکە، ئەمانیش دەچنە شاخ و خۆیان ون دەکەن، چوونکە پێشمەرگەکان ژمارەیان کەم بووە. خاڵە شێخ سدیق نازانێت کلاشینکۆفەکەی فیشەکی لەبەرە و ئەمنیش نەکراوە، دوو جوندی لێیان نزیک دەبنەوە. خاڵە شێخ بە تفەنگەکەی نیشانەیان لێ دەگرێ و دەڵێ، "ئای بۆ کوڕێکی ئازا." نازانێ تفەنگ لەسەر پێیە، زیاتر نیوەی مەخزەن بەتاڵ دەکاتەوە، جوندییەکان دەکوژرێن و ئەمانیش ئاشکرا دەبن. شەڕێکی گەرم درووست دەبێت. تا ئێوارە شوێنیان قایم دەبێت و پێشمەرگە تووشی زیان نابن. دەمویست هەندێک لە شتەکانی تری لێرەدا بگێڕمەوە، بەڵام بە کورتییەکەی زۆر 'شێخ ڕەزایانە'ن، بۆیە لە شوێنی تر باسیان دەکەین.

خاڵە شێخ لە بنەماڵەیەکی دیاری ئایینی بوو؛ تێکۆشەرێکی خوێندەوار و وشیار و پشوودرێژی چاونەترس بوو. لە سەرەتای درووستبوونی کۆمەڵەوە، ئەندامی چالاکی ئەو ڕێکخراوە بووە. خۆی بناغەیەکی باش و زەمینەیەکی بەهێزی بۆ هاتنی یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی بۆ سنووری جافایەتی ڕەخساندبوو. بۆ هەر شت و پێویستییەک بۆ پێشمەرگە پەکی نەدەکەوت و دانەدەما. هەرچی کەسایەتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و خەڵکی دۆڵەڕووت و دۆڵی جافایەتی هەبوو بە چاوی خۆشەویستی و ڕێزی زۆرەوە وەک بنەماڵەیەکی ئایینیی دیار و جێی متمانە لێیان دەڕوانی.

کاک جەمالە ڕەش و کاک ئازادی سەگرمە لەگەڵ هاوڕێ ئارام هاتبوونە ناوچەکە. کاک شێخ فەتاح شێخ سدیق پێشمەرگەی دەستە سەرەتاییەکانی دۆڵی جافایەتی بوو، هاوڕێی نزیکی شەهید سۆرانیش بوو، پێکەوە لە شار چەندین چالاکیی دلێرانەیان ئەنجام دابوو. ئەو ماوەیە لەو سنوورە پێکەوە بووین. کاک عەبدولقادر هەڵەدنی کەرتێک پێشمەرگەی لەگەڵ بوو، ئەوانیش پشتیوانێکی بەهێز بوون بۆ کۆمەڵە لە ناوچەکەدا؛ ماڵەکەشی وەک بنکەیەکی کۆمەڵە وا بوو. (غەریب)یش لاوێکی وریا و چالاک بوو؛ لە پرشنگی چاویدا دیار بوو دەبێتە تێکۆشەرێکی گەورە.

کاک ئارام و بەشێک لە برادەران گەڕانەوە بۆ قەرەداغ و هێزەکەی تر لەگەڵ کاک سالار عەزیزدا لە دەوروبەری چۆخماخ مایەوە؛ هەر لەوێش سەرکردایەتیی کۆمەڵە بڕیاری کوشتنی ئازادی برای سۆرانی دابوو.

کاک حەمە مۆریاسی و کەرتەکەی بەرەو شارباژێر دەگەڕانەوە، من و کاک دەرسیم (غەفوور) و دوو پێشمەرگەی تر بە ڕێگەی (باخی بەختیاری)دا گەڕاینەوە بۆ قەرەداغ بۆ لای ئەو مەفرەزانەی خۆمان کە بە هۆی ئەو ڕووداوەی گوندی تەپەڕەشەوە لە ناوچەی قەرەداغ جێ مابوون.

ماوەیەک لەو ناوچەی قەرەداغ لەگەڵ هاوڕێ ئارام جەولەمان کرد. چەند جارێک فازیلی مەلا مەحموود و ڕەئیس عەبدوڵڵا (خەبات) و (سامی شۆڕش)مان بینی. خەبات هاوڕێم بوو؛ لە دۆڵی جافەتی پێکەوە بووین، کاک ئارامیش خۆشی دەویست و ڕێزی لێ دەگرت. سەرەتا وام دەزانی کاری ڕێکخستنی کۆمەڵە دەکات، ڕۆژێک پێکەوە قسەمان کرد و بۆم دەرکەوت لەگەڵ سامی و فازیلدا لە ڕێکخراوێکدان بە ناوی 'وحدة القاعدة' واتە 'قیادەی مەرکەزیی حزبی شیوعی' و لەگەڵ فازیل کاریان دەکرد.

هەموو ڕێکخراوەکە هەر ئەو سێ، چوار کەسە بوون. نازانم لە دەرەوە یان لەناو عێراق و کوردستان بنکەی ڕێکخراوەکەیان لە چ ئاستێک دا بوو. ئەوەی کە خەبات تێیان ئاڵا بوو شتێکی ئاسایی نەبوو. خەبات کۆمەڵەیەکی کوردستانی و سەرەتای دەستە سەرەتاییەکان لە شاخ و لە شاریش کادر و تێکۆشەرێکی دیار

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بوو، ماوەیەکیش لە گەورەدێ پێکەوە بووین، بیرکردنەوە و ئاڕاستەی سیاسیی خەبات ڕوون بوو. وەک باسیان دەکرد فازیل دەیویست کۆمەڵە بچێتە سەر ڕای ئەو و ببێتە ڕێکخراوێکی عێراقی. دەهاتن گفتوگۆیان لەگەڵ هاوڕێ ئارام دەکرد و جۆرەها بیانوویان دەهێنایەوە، بەڵام کاک ئارام دەیویست بە لۆژیک و وردبوونەوەی ژیرانە بۆیان ڕوون بکاتەوە کە ڕەوایەتی بۆ کوردستانیبوونە. توانای فیکری و سیاسی و بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیریی کاک ئارام بوو کە دەیتوانی ڕەوایەتیی کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانی سەربەخۆ بە ئەوان و بە زۆری تریش بسەلمێنێ. ئەوان لە قسەی خۆیان نەدەهاتنە خوارەوە؛ هەوڵیشیان دەدا هەندێک لە پێشمەرگە و فەرمانەدەکان ڕازی بکەن، بەڵام هیچیان بۆ نەچووەسەر، هەر وەک خۆیان بەو چەند کەسەوە مانەوە و دوای ماوەیەک لەبەرچاو وون بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سێوسێنان

ئێوارەیەکی ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧، هەموو هێزەکان لە گوندی سێوسێنان کۆ بووینەوە. سێوسێنان گوندێکی گەورە بوو؛ ٦٠ ماڵ زیاتر دەبوو. پەیوەندی و هاتوچۆ بۆ شار گەرموگوڕ بوو؛ ڕۆژانە چەند سەیارەیەک هاتوچۆیان دەکرد. لەوێ بۆ یەکەم جار چەند هەڤاڵێکم ناسی، لەوانە مامۆستا ئەنوەر- کە ناوە ڕاستەقینەکەی 'ڕەفیق عەبدول سەبری' بوو، بە کۆڵەپشت و تاقم و تفەنگ و مەتارە و پێویستییەکانی تریەوە، نموونەی پێشمەرگە و کادر و فەرماندەی پارتیزانی بوو- شەماڵ (حەمە ئەمین پۆلا) کادری ڕۆشنبیر و بیرفراوانی کۆمەڵە، پیاوێکی هەتا بڵێی ڕووحسووک و گورجوگۆڵ و بەتوانا بوو.

هەر لە سێوسێنان کاک جەماله ڕەشم بینییەوە، کە بۆ خۆی کێوێک بوو لە وره و ئازایەتی. جەمال، بەدەر لەوەی کادرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو، ئەرکی دارایی و پەیداکرن و دابینکردنی چەکیشی بۆ پێشمەرگە سەرەتاییەکان گرتبووە ئەستۆی خۆی. چاونەترسانە چوو بۆ سووریا و نامەی مام جەلالی بۆ کاک ئارام هێنا و وەڵامەکانیشی گەڕاندنەوە؛ چەندین ئەرکی قورسی تری ئەو قۆناغەشی بۆ پێشمەرگە و بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵە جێبەجێ دەکرد. جەمال بەتەنها خۆی بنکەیەکی بۆ کۆمەڵە لەشاردا درووست کردبوو.

وەک باسم کرد، ئەو ماوەیە کاک شاخەوان عەباس و کاک ڕێباز و کاک عەلی ساڵح و چەند پێشمەرگەیەک لە هەولێرەوە هاتبوون بۆ سەردانی کاک ئارام. ئامانجەکەیان زیاتر گەیاندنی کێشە و گرفتەکانی سنووری هەولێر و گێچڵەکانی بزووتنەوە بوو لە سنوورەکەیان. کاک ئارام داوای کرد کاک مەلا بەختیار بچێتە ناوچەکەیان بۆ سەرپەرشتیکردن و پشتیوانیکردنیان تا هێزی پێشمەرگە لە دەشتی هەولێر و سنووری خۆشناوەتی گەشە بکات. کاک مەلا بەختیار ئەزموون

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و شارەزایی زۆری هەبوو لە فەرماندەیی پێشمەرگەدا. ئێوارە بوو؛ خۆمان ئامادە کردبوو تا بەسەر ماڵاندا دابەش ببین؛ چوونکە لە حاڵەتی بوونی ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە لە ناوچەیەکدا، دوو دوو یان سێ سێ ڕەوانەی ماڵێک دەکراین. لە ماڵەکەدا دەبووینە میوان و هەرچییەکیان هەبووایە لەسەر سفرەی خۆیان دایاندەنایین و خواردنیان لەگەڵماندا دەکرد بە دوو بەشەوە، بەشە زۆرەکە بۆ پێشمەرگە و بەشە کەمەکەش بۆ خۆیان.

بەدرێژایی ماوەی پێشمەرگایەتیم، ڕووی گرژم لە هیچ ماڵێک نەبینیوە، گەرچی ئێمە ئەرکێکی قورس بووین بەسەر شانیانەوە و میوانی بەردەوامی ماڵەکانیان بووین، بەڵام گوندنشینان بە بەخشندەیی و خانەدانیی خۆیان هەمیشە فریای ئێمەش دەکەوتن، بەتایبەتی لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشدا، کە نەک هەر ژەمە نانخواردنیان پێ دەداین، بەڵکوو زۆرجار بەشی دوو ژەمیش نان و پێخۆریان بۆ دەپێچاینەوە تا لەگەڵ خۆمان بیبەین نەوەک نەتوانین بچینە ئاوەدانی.

دەمەوێت دیمەنێکتان بۆ بگێڕمەوە کە وەک شتێکی خۆش و سەرنجڕاکێش لەیادم ماوە. لەگەڵ زۆربەی پێشمەرگەکانی ناوچەی قەرەداغ لە گوندی سێوسێنان بووین. عەسرێکی درەنگ بوو؛ چاوەڕێمان دەکرد بەسەر ماڵەکاندا دابەش ببین. منداڵێک لە یەکێک لە ماڵەکانەوە هاتە دەرەوە، هەر وا سێ، چوار ساڵێک دەبوو، بە قژیدا لەوە دەچوو کچ بێت، یەک یاپراخی سڵقی بەدەستەوە بوو، دەتگوت بۆ کەسێکی هێناوە. کاک ملازم عومەر چوو بەرە و ڕووی مناڵەکە و ماچێکی کرد، یاپراخەکەی لێ وەرگرت، سێ بەشی خوارد و تۆزێکی دایەوە دەستی مناڵەکە. خۆ ئێمە ئەوەی چاومان لێ بوو دڵمان بۆ خواردنی لێی دەدا. کاتێک هاتەوە لای ئێمە، گوتی، "تامێکی عەجایبی هەبوو، نەمخواردایە دەبوو بە گرێ." خەڵکی شارە حەیاتەکە لەزەت لە خواردن دەبینێ. لە کاتی پێشمەرگایەتیدا زۆر جار حەزی خواردن بۆخۆی سەرکێشییەک بوو کە دەبووە زیانی گەورە و هۆی لەدەستدانی سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەکان.

کاک جەماڵە ڕەش و ملازم ئەنوەر هاوڕێی زۆر نزیک بوون. ملازم ئەنوەر داوای لە کاک جەماڵە ڕەش کرد و پێی گوت، "کاک جەمال، تکایە ئەمەندە مەچۆرە شار! ترسم هەیە تووشی بەڵایەک ببی و بەدەستی ئەم مەلعوونە بەعسییانە بگیرێی." جەمال وەڵامی دایەوە، "خەمت نەبێ ناچم." ملازم ئەنوەر لە قەرەداغ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مایەوە و ئێمەش، بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ دۆڵە ڕووت و دۆڵی جافایەتی، بەرەو جێشانە بەڕێ کەوتین. ملازم ئەنوەر پێی ڕاگەیاندنین کە ئەوانیش پاش چەند ڕۆژێکی تر دەگەڕانەوە بۆ لامان لە شارباژێڕ.

پێشمەرگە لای کاک ئارام شکاتیان لە کاک حەمە سەعید قەڵەو کردبوو کە شەو لە کاتی خەودا تاقمی کلاشینکۆفەکەی دەکاتەوە، کە ئەمەش بۆ ئەو زەمانە قبووڵکراو نەبوو. دەبوو پێشمەرگە بە تاقمەوە بخەوێت تا هەر حاڵەتێکی کتوپڕ هاتە پێش، ئامادەی دەستکردنەوە بێت. کاک ئارام بانگی کرد حەمە سەعیدی کرد و گوتی، "بۆچی شەو تاقم و مەخزەنی کلاشینکۆف دەکەیتەوە؟ مەگەر بڕیار نییە پێشمەرگە بە تاقمی تفەنگەکەیەوە بخەوێ؟" کاک حەمە سەعید لە وەڵامدا بە کاک ئارامی گوت، "گەر بە مەخزەنی کلاشینکۆفەکەمەوە بخەوم، مەخزەنەکان دەقوپێن و دوایی لە کاتی پێویستدا بە کەڵک نامێنن!" بەوە خۆی دەرباز کرد، کاک ئارام و هەمووانی ڕازی کرد و بوو بە پێکەنین.

ئەو شەوەش لە سێوسێنان ماینەوە. بەیانیی زوو گوندەکەمان جێ هێشت، چوونکە نیازی گەڕانەوەمان هەبوو بۆ شارباژێڕ. وامان دانابوو بچینە جێشانە و لەوێوە بۆ دۆڵی جافەیەتی، لەوێشەوە بۆ شارباژێڕ. لەو ماوەیەدا چەند جارێک بۆ سەردانی کاک ئارام چووبووینە قەرەداغ.

کاک دەرسیم پێشمەرگەی سەرەتایی و فەرماندەی مەفرەزە بوو لە شارباژێڕ. لەگەڵ سێ، چوار پێشمەرگەی ئەو مەفرەزەیەی لە قەرەداغ مابوونەوە، بەرەو جێشانە ڕۆیشتین تا لەوێوە بە باخی بەختیاری و قلیاساندا بەرەو دۆڵەڕووت بڕۆین. دەرسیم خۆی پێشمەرگەیەکی گورج و وریا بوو، بەڵام زوو هەڵدەچوو، بەردەوام تووڕە بوو، بەزۆریش لە هاووڵاتییان.

دنیا تەواو گەرمی کردبوو؛ دارودرەختیش گەڵایان کردبوو. دەمانتوانی بەڕۆژ نزیک ببینەوە. لەسەر شاخی بەرانان و پشتی جێشانە پشوویەکمان دا. سەیرێکی شارە ڕەنگین و ئیلهامبەخشەکەی شۆڕش و ڕاپەڕین؛ سلێمانیمان کرد. دەمانزانی مەفرەزەکانی ئەمن و بەعس چی بە خەڵکی شارەکە دەکەن. شارە حەیاتەکە وەک شارێکی بچووک و پارچەیەک لە بەهەشت لە چاو و دڵی ئێمەدا دەردەکەوت. هێشتا جادەی شەست-مەتری درووست نەکرا بوو، بەکرەجۆ هەر وەک گوندێکی بچووک دەردەکەوت. نێوانی ئەو گوندانەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەرەوەی شار بەڕوونی دیار بوو. کە لەو بەرزییەوە تەماشات دەکرد، بە دەوری شاردا دەیان مەعەسکەر و سەدان ڕەبایەت دەبینی. سلێمانی وەک شارێکی داگیرکراو دەهاتە بەرچاو. بەعسییەکان هەروا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو شارە خۆڕاگرەدا دەکرد. دەمانبینی ئەو جادە سەرەکیانەی بەرەو شار دەچوون چەندین سەیتەرەو ڕەبایەیان تێدا دانرابوو، تا هەر هاووڵاتییەک لە کاتی چوون بۆ شار یان دەرچوون لێی، سەرباری پشکنینی، سووکایەتیی زۆریشی پێ بکرێت.

لە عەسر بەدواوە خەڵک لە ترسی دڕندەیی بەعس کەمتر جووڵە و هاتوچۆیان دەکرد، زیاتر جاش و جەیش دەهاتن و دەچوون. لەژێر دارەکاندا بە شاخەوە بەدەم بیرکردنەوەی ڕۆیشتن و پەڕینەوە بە باخی بەختیاریدا و خۆدەربازکردن لە کەمینی دوژمن، بێ ئەوەی ببینرێین، ڕۆژمان تا عەسر بەڕێ کرد. دوای عەسر هەر بە ڕووناکی بەڕێ کەوتین بەرەو بەکرەجۆ و باخی بەختیاری.

هاوین بوو. ئێمە دەمانتوانی بەڕێ و لاڕێدا بڕۆین. جارجار خەڵکمان دەبینی، بەڵام وایان دەزانی جاشین؛ بڕوایان نەدەکرد پێشمەرگە بەو ڕووناکییە بەرەو بەکرەجۆ بڕوات.

بۆ چوون بەرەو قولەرەیسی دەبوو بە نێوانی سلێمانی و تاسڵوجەدا بپەڕینەوە. دەوروپشتی باخی بەختیاری بۆ پێشمەرگە باشتر بوو لەبەر ئەوەی بەردەوام دەمانتوانی زانیاریی ورد لە سەر جووڵەی دوژمن وەربگرین.

کەمینی جاشەکان و قوە خاسەی دوژمن بە بەردەوامی لەو شوێنانەی کە دەیانزانی سەرەڕێی ڕۆیشتن و پەڕینەوەی پێشمەرگەن بۆ چەند سەعاتێک دادەنرا و جار هەبوو زۆر زیاتریش دەمایەوە، ئەمە سەرباری ڕەبایە و مەعەسکەری زۆر لەو شوێنانە. پێویست بوو جار جار، لەبەر سەلامەتیی خۆمان، شوێنی هاتوچۆ و پەڕینەوەکانمان بگۆڕین، گەرچی ئەوەندە بەشەو بەو ڕێگەیانەدا پەڕیبووینەوە ناوچەکە تەواو شارەزا ببووین. دەمانتوانی بەئاسانی جێگۆڕکێ بکەین.

ڕۆیشتن بەشەو لەو شوێنانەوە کە مەترسیی هەبوونی کەمینی دوژمنیان لەسەر بوو زەحمەت بوو. بکەوتیتایە کەمینەوە زیانی زۆرت دەکرد. دەبوو زۆر بەوریایی هەنگاو بنێیت. لە حاڵەتی وادا چاو کەمتر ڕۆڵی دەبینی، بەڵام هەر دەبوو چاو بۆ تاریکی و شەوەزەنگ ئامادەی بینین بێت، گەر وەک تارمایش بێت،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڵام هەست ڕاگرتن و هەستی بیستن ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە داوی دوژمن. پێشمەرگە بە شێوەیەک لە بواری بیستن و هەست وەرگرتن شارەزا ببوو کە جەستەی هەمووی دەبوو بە گوێ و گەر شتێک هەبووایە، لەدوورەوە دەمانزانی.

کاتێک لە باخی بەختیاری دەپەڕینەوە و دەچووین بەرەو پشتی و قولەرەیسی و شێرکوژ، خۆمان لە قلیاسان پاراست و تۆزێ دوور کەوتینەوە. لە شێرکوژ بەردی سپی بۆ دروستکردنی خانوو هەمووی لەو کانانەوە دەهاتە شار. زۆر جار کرێکاری کانە بەردەکانی شێرکۆژی پشتی سەرچنارمان دەبینی، چایەکیشمان لەگەڵ دەخواردنەوە. ئەوان حەزیان دەکرد هەرچی خواردن لایانە بماندەنێ و لەگەڵ خۆماندا ببەین.

لە قولەرەیسی و شێرکوژەوە ڕۆیشتین بۆ دۆڵەڕووت، ئەوەش زیاتر بەپێ. ڕۆیشتن بە سەیارە و تراکتۆر مەترسیی زۆر گەورەی لەسەر ژیانی پێشمەرگە دروست دەکرد. بە پێ ڕۆیشتن سەلامەت بوو، زانیاریی زۆریشی بۆ شارەزابوونی بست بە بستی ناوچەکە پێ دەبەخشیت. پێیەکانمان تاکە ئامرازی ئێمە بوون بۆ ئەوەی لە جێگەیەکەوە بچینە جێگەیەکی تر. ئەم جووڵە و جێگۆڕکێ و ڕۆیشتنە بەردەوامەمان مایەی سەلامەتیشمان بوو.

لەسەر ڕێی پەڕینەوەمان، لەگەڵ دەرسیم لامان دایەماڵێکی لاپەڕی گوندی کۆستەی چەم، کە کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی بەکرەجۆ و نزیک بە باخی بەختیاری بوو. کە ماڵەکە ئێمەیان بینی، هێندە دڵخۆش بوون لە خۆشیاندا نەیاندەزانی چیمان بۆ بکەن. زۆر خولقیان کردین نان بخۆین بەڵام ئێمە گوتمان درەنگمانە و دەبوو بڕۆین. هەر ئەو ماڵە پێیان گوتین کە ئێوارە جاش و قوە خاسەی زۆر لە دەوری باخی بەختیاری بوون؛ ئاگاداریشیان کردینەوە کە کەمینی زۆر لەسەر جادەکە هەیە و باشترە بگەڕێینەوە و نەڕۆین. گەنجێکی ماڵەکە گوتی: "داروبەردی ئەو ناوە کەمینی جەیش و جاش بێ، من بە شوێنێکدا دەربازتان دەکەم." گەنجەکە کوڕێکی زۆر ئازا و گورجوگۆڵ بوو. لەگەڵمان هات تا پشتی باخی بەختیاری؛ لەوێ ویستمان ئیزنی بدەین و پێمان گوت کە لەوێوە خۆمان شارەزاین و پێمان باشە ئەو بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو پێی داگرت و جێی نەهێشتین و تا تەواو لە مەترسی دوور کەوتینەوە لەگەڵمان هات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای ئەوەی کورەکە جێی هێشتین، ئێمە نەوەستاین تا گەیشتینە هەنارانی خواروو. لەوێ پشوویەکمان لە ماڵی کوێخا حسێنی هەناران دا. ماڵەکە مقەڕی بەردەوامی پێشمەرگە بوو. لەوێوە بەڕێ کەوتین بەرەو چۆخماخ. گەیشتنە چۆخماخ زیاتر لە دوو سەعاتی پێویست بوو. لە ترسی پەلاماری کتوپڕی کۆپتەری جەنگیی دوژمن، دەبوو بە لاڕێ و تووڵە ڕێگەکاندا بڕۆین. هاتووچۆی سەیارە لەسەر ئەو جادە گڵەی بەرەو مێرگەپان دەڕۆیشت زۆر کەم بوو؛ ڕۆژانە یەک، دوو پیکاب یان جێب ڕەت دەبوون؛ تراکتۆریش بەکەمی دەبینرا.

چەند ڕۆژێک لەگەڵ خاڵە شێخ سدیق لە چۆخماخ و ئەو گوندانەماینەوە. وەک پێشتر باسم کرد، خاڵە شێخ لە بنەماڵەیەکی بەڕێز و خۆشەویست و ئایینیی ناسراوی ناوچەکە و سلێمانین. شێخ خوێندنی ئایینی تا ئاستێکی باڵا لای زانایانی ئایینی خوێندووە و کەسایەتییەکی خوێندەوار و شارەزا بوو لە بواری ئایینی و ئەدەبی و سیاسیدا، پەیوەندییەکی فراوانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ شار و گوندەکانی دۆڵە ڕووت و جافایەتی و شینکایەتی هەبوو، شارەزای بستەبستی ناوچەکە بوو. خاڵە شێخ بۆ ئێمەی گەنجیش، لە هەموو ڕوویەکەوە، قەڵایەکی پشتیوانی بوو. دەیان و سەدان بەسەرهات و ڕووداو و نوکتە و قسەی خۆشی لابوو، حەزت دەکرد هەر گوێت لە قسەکانی بێت کە هەمووی وانە و گەیاندنی خەرمانی ئەزموونەکانی بوون بە هاوڕێیان و دەوروپشتی. خەڵکی ناوچەکە متمانەی تەواویان پێی هەبوو، کادرێکی سەرکەوتووی کۆمەڵەی ناو جەماوەر و مەفرەزە سەرەتاییەکانی ناوچەی دۆڵی جافایەتی بوو. چاوپۆشی لە هەڵەی هیچ کەسێک نەدەکرد، جا لە هەر پۆست و پلەیەکدا بووایە. ڕەخنە و قسەی خۆی هەبوو، لای ئەو هەق، هەق بوو، هەرگیز لە ڕاستی لای نەدەدا. هەرکات دەچووینە ئەو ناوچەیە، دەبووایە چەند ڕۆژێک لەگەڵ خاڵە شێخ بووینایە، ئەویش بە نوکتە و قسەی خۆش و وەفاداریەکەی دڵی ئاوەدان دەکردینەوە.

لە چۆخماخ چاوم بە کاک سەلاح چاوشین و کاک جەمالی عەلی باپیر و هاوڕێ جەبار کەوتەوە. هاوڕێ جەبار لە بواری کاری ڕێکخراوەییدا کادرێکی وشیاری بەتوانا بوو، پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا و فیداکار بوو، ئەندامی مەکتەبی عەسکەرییش بوو. برایەکی قارەمانی بە ناوی 'سەردار' لە شەڕی قەیوان-ماوەتدا شەهید بوو. لەگەڵ خاڵە شێخ سدیق چەند ڕۆژێک لایان مامەوە و پێکەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بووین. کاک سەلاح چاوشین و کاک جەمالی عەلی باپیر دوو فەرمادەی سەربازی و مەیدانی پێشمەرگایەتی و پاڵەوانی شەڕی پارتیزانی بوون. خاڵە شێخ سدیق و هاوڕێ جەبار دوو کادری بەئەزموون، فیداکار بەتوانا و خۆشەویستی ناو جەماوەر بوون. بە ڕۆژ، تا درەنگ، لە دەرەوەی گوندەکان دەماینەوە. شاخ و دەشت و دەرەوەی گوندەکان مەیدان و قەڵای قایمی خۆمان بوون. لەوێ گەر لەگەڵ دوژمندا ڕووبەڕوو ببووینایەوە، دەرفەتی بەرگری و زیانگەیاندن بە دوژمنمان زیاتر بوو؛ بەدووریش دەبووین لە گەمارۆدان و سەرکەوتنمان مسۆگەر دەبوو.

دۆخەکە سەخت و نارەحەت بوو، هەستت دەکرد کات وەستاوە. هەموو ڕۆژەکان وەک یەک بوون و نەدەڕۆیشتن. هەواڵی ڕۆژ هەر هەواڵی شەهیدکردنی تێکۆشەران و پێشمەرگە و هاووڵاتیان و سووتاندنی چەند گوند و ڕاگواستن و وێرانکردنی کوردستان بوو، یان لەسەر شەقامەکانی شار گوللەبارانکردنی گەنجان یان پەت و سێدارە بۆ ملی شۆڕشگێرانی ناو زیندان. ڕۆژانە ئەم هەواڵانە و چەندین هەواڵی تری دڕندەیی بەعسییەکان وەک ڕەشەبای شووم خۆی دەخزاندە دڵی هەموو تێکۆشەران و پێشمەرگەوە. بەکورتی، هیچ کەس، بە خەڵکی شار و لادێکانیشەوە، بۆ ساتە وەختێک لە ژیانی خۆی منداڵەکانی دڵنیا نەبوو.

چەند ڕۆژێک پێکەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێ خۆشەویستانە ماینەوە و دواتر بە مەبەستی ڕۆیشتن بەرەو ناوچەی شارباژێڕ، لە یەکتر جیا بووینەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەڕانەوە بۆ شارباژێڕ

نیازی گەڕانەوەمان بۆ شارباژێڕ هەبوو. زانیاریی وردمان هەبوو کە دوژمن تەواوی ناوچەکەی داگیر کردووە و ڕەبایە و مەعەسکەری زۆری لێ داناوە. لای گوندی کۆڵەرد بووین. سەلاح چاوشین و جەمالی عەلی باپیر دوو پێشمەرگەی شارەزایان لەگەڵ ناردم. چەند گوتم کە خۆم شارەزام و پێویستم نییە، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون. پێشمەرگەکان هاتن و تا لە جادەی ئەزمەڕ-چوارتا، نزیک قولە ڕەش نەپەڕیمەوە، دەستیان لێ بەرنەدام. ئەو شوێنە مەترسیی زۆری کەمینی دوژمنی هەبوو.

خۆم شارەزای ڕێگەکان ببووم. بە ئاراستەی گورگەدەر، بەرەو شارباژێڕی تەخت ڕۆیشتم. لە قەیماسە مەعەسکەری گەورەی لێ بوو، زۆربەی زۆری لووتکەی شاخ و بەرزاییەکانیش ڕەبایەی دوژمنیان پێوە بوو. دەمەوبەیان نزیکی گورگەدەر بوومەوە. نەچوومە ناودێ و لەو ڕەز و باخانەی پشتی گوندەکە مامەوە. دواتر ڕۆژ درەنگی کرد و خەڵکی گورگەدەر هاتن بۆناو ڕەز و باخیان، منیش هەواڵی ناوچەکەم بەوردی وەرگرت، بەتایبەت زانیاری لەسەر ڕەبایە و مەعەسکەرەکانیان. زانیم مڵازم ئەنوەر گەڕاوەتەوە و لە دەوری بزینیانە. بەهۆی دۆستەکانی خۆشمانەوە زانیم بە دیاریکراوی لە کوێن.

شارەزای تەواوی ناوچەی شارباژێڕ ببووم و جوگرافیای ناوچەکەم وەک وێنە هەمیشە لەبەرچاو بوو. بە هەموو ڕێ و توولەڕێ و کوردگوتەنی بزنەڕێ و کانی و شیو و دۆڵەکانیدا گوزەرم کردبوو. هێندە زانیاریمان بۆ دەهات شوێنی کەمینی جاش و سوپای دوژمنمان لەسەر ڕێ و لاڕێکان دەزانی، ئەمەش بۆ خۆی خاڵێکی بەهێزی ئێمە بوو. دوژمن نەیدەتوانی زیانمان پێ بگەیەنێت.

لە پشتی گوندی بزەینیان، لە شارباژێڕی تەخت، لەناو ڕەز و باخی پڕ لە جۆرەها داری میوەدا، کە بەو دارە گەورە و گەڵا سەوزە جوان و بێگەردەیانەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەک ئاوێنـە شـەوقیان دەدایـەوە و ببونـە چەتـر بـۆ پاراسـتنی ئێمـە و زەوییـان داپۆشـیبوو، بـە هەمـوو کۆپتەرەکانـی سـوپای داگیرکـەر نەیاندەتوانی بماندۆزنـەوە. ڕێکخستنەکانی خۆمـان گەیاندمیانـە ئـەو شـوێنەی مـلازم ئەنوەری مەجید سـوڵتان و پێشـمەرگەکانی خۆیـان تێدا پەنـا دابـوو. ژمـارەی پێشـمەرگەکانی مـلازم ئەنـوەر زۆر کەمتـر بـوون لەوانـی پێشـتری کەرتەکـەی. خاڵـە نەجـم وەندرێنەیـی وەک فەرمانـدەی مەفـرەزە و چەنـد پێشـمەرگەیەکی کـەم مابوونـەوە، ئەوانـی تـر لـە عافواتەکـەدا و هاوشـان لەگـەڵ هێرشـە بەربڵاوەکـەی سـوپای داگیرکـەردا بۆسـەر ناوچـەکان خۆیـان تەسـلیم کردبۆوە. بەشـێکی زۆریـان چەکەکانیـان جێ هێشـتبوو و بێ چـەک تەسـلیم ببوونـەوە.

شـەویش هـەر لـە نـاو ڕەزەکاندا ماینـەوە. هـەر یەکەمـان بنمێوێکمـان تۆزێ تەخت کرد و لـە نزیکی یەکتر حەرەسـیاتمان دانا و بەوریایی لێی خەوتین.

ڕۆژی دواتـر، لەپشـت گونـدی بزەینیـان، لەگـەڵ کاک ئەنـوەری مەجید سـوڵتان و (خاڵـە نەجـم)دا لەبـن سـێبەری دارێـک دانیشـتبووین. بەیانیی زوو، لـە ناودێوە نـان و ماسـت و ئـاوی خواردنەوەیـان بـۆ هێنایـن. لەبـن داربەڕوویەکـی بەتەمـەن و لـە دنیایەکی بێدەنـگ وئاسـمانێکی سـاف و بێگـەردی بێ کۆپتـەری دوژمـن و هەوایەکی فێنکی بەیاندا نانی بەیانیمـان دەخـوارد. هەتـاو تـازە خەریـک بـوو تیشـکی پیـرۆز و زیوینی پەخشـدەکرد. مـلازم ئەنـوەر گوتـی، "خـوا بەخێری بگێڕێ؛ ئەمشـەو خەوێکی ناخۆشـم بینـی." مـلازم بەردەوام بـوو، "ئەمشـەو لـە خەومـا جەماله ڕەش لە سلێمانی گیرا!" مـلازم ئەنـوەر هـەر لەبـەر خۆیەوە دەیگـوت، "خـوا بەخێری بگێڕێ." ئێمـەش بـۆ دڵدانـەوەی، پێمـان گـوت، "ئیشـەڵڵا هـەر خـەوە. شـتی وا زەحمەتـە ڕوو بـدا. جگە لـەوە تـۆ خـۆت بـەو شـێوەیە پێـت گـوت ئـاگای لـە خـۆی بێ؛ ئاگامـان لـێ بـوو کاک ئارامیش چەندین جـار ئـاگاداری کـرد کـە نابێ بـە هیـچ شـێوەیەک بچێتـە شـارەوە و خـۆی تووشـی شـتی وا بـکا."

ڕۆژی دواتـر، هەواڵمـان پـێ گەیشـت هـاوڕێ جەمـال لـە ناوشـار کەتۆتـە داوی بەکرێگیراوەکانـی دوژمنـەوە و دەسـتگیر کـراوە. جەمالـە ڕەش وەک چـۆن قارەمانـی شـاخ بـوو، ئاوەهـاش قارەمانـی زینـدان بـوو؛ هەرچـی جـۆری ئـازار و ئەشـکەنجەی ژووره تاریـک و خوێناوییەکانـی بەعـس هەبـوو لـە جەمالـدا تاقـی کرایـەوە، بـەڵام ئـەو هـەر بـە جەمـاڵ و جوانـی و خۆڕاگـر وەک پـۆڵا و سـەربەرز وەک هەندرێـن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرانبەریان وەستا و دوژمن نەیتوانی وشەیەک لەم قەڵا داخراوەی کورد و کۆمەڵە دەربهێنێت. ئەم قارەمانە نموونەییە لە زیندانی موسڵ لەسێدارە درا.

دوو بۆ سێ رۆژ لە پشتی بزەینیانماینەوە، هیچ ترس و گومانێکمان لە خەڵکی بزەینیان و دێهاتەکانی تری شارباژێر نەبوو؛ ئاخر چەند رۆژێک پێشمەرگە لە سنووری دێیەکدا و لەو رۆژگارە باڵادەستیەی دوژمن و سەرەتای دەسپێکردنەوەی شۆرش دا مەفرەیەکی پێشمەرگە بتوانێت بمێنێتەوە و رۆژانە خواردن و پێویستیت لەو گوندەوە بۆ بێنن و بتپارێزن بۆ خۆی نیشاندەری ئەو راستییە بوو کە خەڵکی ئەو ناوچەیە تا ئەوپەری متمانەیان بە خۆیان بوو؛ هیچ ترسێکیشیان لە بەعسییەکان و درندەییان نەبوو. ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیەیان ئەوە نیشان دەدات کە تا چ رادەیەک خەڵکی شارباژێر پێشمەرگەیان دەپارست و پارێزگاریان لێ دەکردین. دانیشتووانی ناوچەکە پێشمەرگەیان وەک بەشێک لە خۆیان حساب دەکرد. رێکخستنێکی بەهێزیشمان لەناویاندا درووست کردبوو، گەرچی بە ژمارە کەم بوون بەڵام کاریگەر بوون، بەو هۆیەوە ئاگاداری هەموو جووڵەیەکی گوماناویی دەبووین. بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی نەناسراو بهاتایە بۆ گوندێک، دەستبەجێ ئاگادار دەکراین و ئەوانیش خۆیان بەچاوی گومان تەماشایان دەکرد و روویان پێ نەدەدا.

زۆرجار دوژمن خەڵکی خۆی بە ناوی حەیوان کڕین و وردەواڵەفرۆشی یان بە هەر ناوێکی ترەوە دەناردە ئەو گوندانە، تا بە شێوەیەک زانیاریی کۆ بکەنەوە یان ئەگەر زانیارییەکیان لەسەر پێشمەرگە پەیدا کرد دەستبەجێ بیگەیەننە دوژمن.

خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆر خزمەتیان کردین. دڵسوز و کوردپەروەر بوون؛ بەدەگمەن پیاوخراپیان تێدا بوو. حاڵیشیان باش بوو. بەگشتی کاسب و دەسترەنگین بوون لە باخدارییدا، لە پاڵ ئەوەشدا وڵاخدارییان دەکرد و باریشیان لە ناوچەکەیانەوە بۆ شار و لەشاریشەوە بۆ دەرەوەی شارو سنوورەکان دەگواستەوە. لە چەند جێگەیەک بازاڕ و شوێنی بارخستن و گواستنەوەی کەلوپەل بە وڵاخ درووست کرابوو، لەسەروو ئەمانەشەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئەم ناوچەیە جیاواز بوو لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی زۆر ناوچەی تر. لەم سنوورە خێڵ و تیرە و عەشرەت و پەیوەندیی عەشایەری و رۆشنبیریی خێڵ لەناویاندا نەبوو؛ هەر کەس خاوەنی زەوی و بەرهەم و داهات و ئاغای خۆی بوو. زیاتر کاریگەریی شاریان لەسەر بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوژمـن لـه پـلان و بەرنامـەی خۆیـدا، هـەر دوای شکسـتی شۆڕشـی ئەیلـوول، بڕیـاری وێرانکـردن و گواسـتنەوەی زۆرەملێـی گوندەکانـی سەرسـنووری بـە قووڵاییـی بیسـت بـۆ سـی کیلۆمەتـر دابـوو. کـە شـۆڕش دەسـتی پـێ کـردەوە، بەعـس کەوتـە پەلەکـردن لـە جێبەجێکردنـی ئـەم پیلانـە مەترسـیدارە دژ بـە خەڵکـی کوردسـتان. دیـارە مەبەسـت لـە پیلانەکـەش تواندنـەوە و لەناوبردنـی گەلـی کـورد بـوو، بۆیـە لـەو شـوێنانەدا کـە لەژێـر دەسـەڵاتی خۆیـدا بـوون، بەعەمەلـی کەوتـە درووستکردنی ئۆردوگا زۆرەملێیەکان، ئەرکی درووستکردنەکەشی دابووە دەست چەند بەڵێندەرێکی کورد و کێبڕکێش بوو لە نێوانیاندا لەسـەر وەرگرتنی گرێبەست و خێـرا جێبەجێکردنـی پیلانەکـە.

لەگـەڵ مەفرەزەکـەی مـولازم ئەنـوەر لـە شـارباژێڕی تەختـەوە بـەرەو گوندەکانـی نۆرک، نەڵەسـوو، بارێی گـەورە، بارێی بچووک، سـیرین و ناوچەی سـیوەیل چووین. لـە (گونـدی سـوورەبان)ی سـیوەیل لەگـەڵ بەکـری حاجـی سـەفەر یەکمـان گرتـەوە. ماوەیەکـی بـاش لـەم ناوچەیـە ماینـەوە و پێکـەوە جەولەمـان دەکـرد. وەرزی میـوە بوو؛ هەمـوو میوەکان پێ گەیشتبوون. لەناو هەمـوو میوەکاندا، کاک بەکـری حاجـی سـەفەر زۆری حـەز لـە تـرێ بـوو. گـەر نیـوە شـەو بچووینایەتـە دێیـەک، کـە لێیـان دەپرسـیین چیمـان دەویسـت، ئـەو یەکسـەر دەیگـوت، "ئەگـەر تـرێ هەیـە، هەندێکمـان بـۆ بێنـن." هەمیشـە دەیگـوت، "لەسـەر هێلاکـی، لـە پشـوویەکی کورتـا، تـرێ شـای میوەکانـە و ئارامکەرەوەیـە." هەمیشـەش حـازر بەدەسـت بـوو، ئامادەکردنـی بـۆ ئـەو گوندنیشـینانە زەحمەتـی تێدا نەبوو. جا ترێی ئـەو کات تـەواو سرووشـتی بـوو؛ هیـچ دەرمانێکـی کیمیاوی تێدا نەبوو؛ لـە باشـترین جۆرەکانـی ترێـی دنیـا بـوون.

شـەو درەنـگ بـوو. کوێخـای سـوورەبان بەدەممانـەوە هـات. زۆر زۆر دەترسـا. دیـار بـوو چـاوی لـە مـلازم ئەنـوەر بـوو. کاک بەکـر گوتـی، "بـڕۆ هەنـدێ ترێمـان بـۆ بێنـەوە و هیچـی ترمـان لـە تـۆ نـاوێ." ئیتـر کوێخـا ئیسـراحەتی کـرد. کوێخـای گونـدەکان، بەگشـتی، لـە کوشـتنی ئـەو دوو کوێخایـەی شـارباژێڕی سـەخت لـە سـەرەتای دەسـپێکردنەوەی شۆڕشـدا کوێخـاکان بەگشـتی ترسـیان لـێ نیشـتبوو، هەرچەنـدە زۆربەشـیان بـاش و دڵسـۆز و بێکێشـە بـوون.

ئـەم گوندانـە لەسـەر سـنووری ئێران بـوون. گوزەرانـی خەڵکەکەیـان زۆر بـاش بـوو، زۆریش خزمەتـی پێشـمەرگەیان دەکـرد. زۆربەیـان لەسـەر سـنوور خەریکـی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قاچاخچێتی بوون، هاتوچۆ و وڵاخدارییش هەتا بڵێی گەرم بوو. بە بار کەلوپەلی ئێرانی-عێراقی دەهێنران و لەو سنووره و چەند گوندێک ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرا. ئەوە سوودی باشی بۆ زۆربەی خەڵکی ناوچەکە تێدا بوو. کەلوپەلی ئێرانی بە پشتی وڵاخ بۆ شار و لە شاریشەوە هەر بە وڵاخ بۆ سنووری ئێران و بە لاڕێدا ئەودیو دەکران. ئەم کار و کاسبییە زۆری دانیشتووانی شارباژێڕی سەرقاڵ کردبوو.

خەڵکی ئەم ناوچەیە ئاگادار کرابوونەوە کە ڕادەگوێزرێن. هەموو ترسیان لێ نیشتبوو کە دەبرێنە ئۆردوگای زۆرەملێ و ژیانیان لێ تێکدەچێ، پاشانیش و گوندەکانیان وێران دەکرێن. نە خۆیان و نە پێشمەرگەش هێز و دەسەڵاتێکی وایان نەبوو بتوانن ڕێگری لە کارێکی وا ترسناک بکەن. دەبوو خەڵک بە ناچاری مل بۆ ڕاگواستنی زۆرەملێی بەعس بدات.

لە نۆرک، لەگەڵ هاوڕێ شێرکۆ، کە لەنێو هاوڕێکانیدا بە 'شێرکۆ جدی' ناسرا بوو؛ بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە ئالان و سیوەیل، یەکمان بینییەوە. بۆ نیوەڕۆ، چووینەماڵی هاوڕێ سۆران و هاوڕێ عومەر، کە برا بوون و ئەندامی کۆمەڵە بوون. شێرکۆ جدی بە یەکتری ناساندین، تا گەر ڕێمان کەوتەوە ئەو ناوە و کارێکمان هەبوو، یارمەتیمان بدەن. ماڵیان وەک بنکەیەکی پێشمەرگە وا بوو. ئێوارەش نەیانهێشت بڕۆین، لایان ماینەوە و زۆر خزمەتیان کردین. زیاتر یەکتریمان ناسی و بووینە هاوڕێی قۆناغە سەختەکانی خەبات. هاوڕێ سۆران و هاوڕێ عومەر دوو گەنجی چالاک و چاونەترس و هەڵسوڕاو بوون بۆ کۆمەڵە و ڕێکخستنەکانی. بەداخەوە هاوڕێ سۆران شەهید کرا.

ماوەیەک لەوێ بووین و پاشان ڕوومان کردە ناوچەی ئالان. چەند ڕۆژێکیش لەوێ لە گوندەکانی شاناخسێ و مەروێ و سەراو و میراوا ماینەوە. ناوچەی ئالان درێژکراوەی ناوچەی سیوەیلە؛ بەشێکی گوندەکانی سەر بە (ناحیەی باسنێ)ن و ئەوانەی تر سەر بە (ناحیەی ماوەت)ن. ئەم گوندانە جووڵەی کاسپی و فەلاحەتی زۆر تێدا بوو؛ گەرچی ڕووباری گەورەی کەڵوێ لەسەر سنووری هەردوو کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور، زستان و بەهار بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوەکەیەوە هاتووچۆ و پەڕینەوەی بۆ وڵاخدار و پیادەکانیش زەحمەت دەکرد، هیچ پردێکیش بۆ پەڕینەوە لەسەر ڕووبارەکە درووست نەکرابوو. هاوین کێشە نەبوو، دەتتوانی بە بوارەکاندا بپەڕیتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زستانان و بەهاران خەڵک بەناچاری سیمیان لەمبەر و ئەوبەری ڕووبارەکە دادەنا بۆ پەڕینەوەی خەڵک. جار جار وڵاخە بەرزەکانیشیان و زۆری بارەکان و کاروانچییەکانی پێ دەپەڕاندەوە. کاروانی وڵاخەکان وەستانی نەبوو؛ قافڵەیان دەبەست. ئەم ناوچەیە زەویی زۆری کشتوکاڵیی بەپیتی هەبوو، هەردوو ناوچەی ئالان و سیوەیل بە هەزاران هەزار دارگوێزی زۆر نایابیان هەبوو کە تەمەنی زۆرێکیان سەدان ساڵی تێپەڕاندبوو. خۆیان-گوتەنی پشتێن بە قەدی نەدەگەیشتەوە.

ئەم ناوچەیە بە هۆی ئاوی زۆر و سازگارەوە ناوبانگێکی زۆری لە بەرهەمهێنانی باشترین جۆری تووتندا هەبوو. جۆرێک تووتنی بۆنداریان بەرهەم دەهێنا؛ سیغاریان بەو تووتنە دەپێچایەوە دایان دەگیرساند، حەزت دەکرد بۆنی بکەیت چوونکە بۆنێکی سرووشتیی خۆشی بڵاو دەکردەوە. ساڵانە تووتنێکی زۆریان بەرهەم دەهێنا و تووتن ببووە سەرچاوەی داهاتێکی زۆر باش بۆ خەڵکی ناوچەکە. خانوەکانی ئەم گوندانە پاکوخاوێن و بۆیاخکراو بوون؛ شێوەی هەندەسیی جوان و سەرنجڕاکێشیان هەبوو، دیوەخانی گەورە و بەخزمەتیش. سەماوەریان بەردەوام داگیرساوو گیزەی دەهات و هەر کە دادەنیشتین، یەک لەسەر یەک چای ڕەشی خەستیان بۆ تێ دەکردین. ئەمە کەمێک بۆ من باش نەبوو، چوونکە زۆر حەزم لە چا نەبوو، لەوێش نەخواردنەوەی چا شتێکی نائاسایی و دەگمەن بوو، زۆرینەیان تەنانەت پێش نانی بەیانی چەند چایەکی خەستیان فڕ دەکرد.

خەڵکی ئەم ناوچەیە هەتا بڵێی ئیشکەرن، هەم وڵاخداری و ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی ئەمدیو و ئەودیو- عێراق و ئێران- یان دەکرد، هەم مەڕوماڵاتیان زۆر بوو، فریای کشتوکاڵیش دەکەوتن. بەگشتی، هەموویان دەوڵەمەند بوون و گوزەرانیان باش بوو. زۆر بەخزمەت بوون و ڕێزێکی زۆریان لە پێشمەرگە دەگرت. زۆرجار ١٥ تا ٢٠ پێشمەرگە لە دیوەخانی یەک ماڵ نانمان دەخوارد و شەویش دەماینەوە. گەر بۆ ڕۆژی دواتریش بماینایەتەوە، خاوەنماڵ ڕێی نەدەداین شوێن بگۆڕین و سوێندی لێ دەخواردین گەر بە مانگیش بمێنینەوە، هەر لە خزمەتماندا دەبێت. خودایە دەستودڵکراوەیی و گەورەیی و خانەدانی هەر لەوان دەوەشێتەوە و هەر لە خەڵکی دەرەوەدا ڕەنگی داوەتەوە و دەیبینی. کە خواردن دەهات- ئەو کات زیاتر لەسەر سینی بوو- هەر دوو پێشمەرگە یان زیاتر سینیەکی ڕازاوەیان بەردەکەوت. بەیانیان، ماست بە سەرتوێژەوە لەگەڵ هەنگوین و گوێز بە نانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تیریی تەندووری یان کولێرەی گەرمیاییان دادەنا، نیوەڕوان و ئێوارانیش سینی هەر پڕ و بەدڵی پێشمەرگە بوو.

بۆ یەکەم جار (کاکە حەمەی مەلاعەلی بێژوێ)م لە ناوچەی ئالان بینی؛ هاتبوو سەردانی کاک بەکری حاجی سەفەری کرد و ڕاسپاردە و هاوکاریی کۆمەڵەی ئێرانی بۆ یەکێتی هێنابوو. کاکە حەمە تێکۆشەرێکی دیار و کوردپەروەرێکی بەهەڵوێستی چاونەترسی ڕۆژهەڵات بوو؛ جێی متمانە و بڕوای خەڵک و پێشمەرگە بوو، هاتنی لە کاتێکی وادا کە ڕژێمی شاهنشاهی لەوپەڕی قودرەت و دەسەڵاتیدا بوو، ئەوپەڕی ئازایەتی و فیداکاری بوو لە پێناو خزمەتکردن بە پێشمەرگە و میللەتی خۆی. هەرچی سەروەت و سامانی هەبوو لەپێناو میللەتەکەیدا بەختی کردبوو؛ هەر لە پێناوی گەل و خاکی کوردستانیشدا بەوپەڕی ئازایەتی و جوامێرییەوە ژیانیشی بەخشی و چووە کاروانی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستانەوە.

نازانم کاک محەمەد ئەو جارە (خانەی موعینی)ی لەگەڵ خۆی هێنابوو یان جارێکی تر بوو، چوونکە هەرچی بچووینایەتە ئەو سنوورە، کاکە حەمە سەردانی دەکردین پێم وابوو هەر ئەو جارە بوو کاکە حەمە مەبەستی بوو بگاتە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ. خانەی معینی برای شەهید سلێمانی موعینی بوو؛ لە سەرکردە دیارەکانی کۆمەڵەی ئێران بوو.

خانە لەگەڵ هێزەکەی کاک ئەحمەد فەتحوڵڵا دەبێت تا ئەو کاتەی دەیگەیەننە سەرکردایەتی، لە ٢١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٨ دا و لە نزیک گوندی دڕی سەر بە ناحیەی ماوەت، بەیانیی زوو دوژمن بە هێزێکی سەربازیی زۆر و کۆپتەری جەنگی و بارهەڵگرەوە ئابلۆقەی ناوچەکە دەدا و پەلاماری پێشمەرگەکان دەدا. پێشمەرگەکان شەڕێکی قارەمانانەی دەستەویەخە دەکەن. لەو شەڕەدا پۆلێک پێشمەرگە شەهید دەبن و خانەی موعینی و ئەحمەد فەتحوڵڵا (جێگری فەرماندەی هەرێمی ٣) سەرقافڵەیان دەبن؛ چەند پێشمەرگەیەکیش بە برینداری دەرباز دەبن و سێ پێشمەرگەش بە برینداری بە دیل دەگیرێن.

شێخ بەکر ماوەتی کادری پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو؛ جێی ڕێز و خۆشەویستیی خەڵکی ناوچەکە بوو. ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەودا پێکەوە لە گوندەکانی ئالان بووین. شێخ بەکرد بەتەمەن لە ئێمە گەورەتر بوو؛ ئەزموونی زۆری کاری ڕێکخستنی ناو جەماوەریشی هەبوو. هەموو دڵمان پێی خۆش بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

(ئەحمەد فەتحوولڵلا)م هەر لە ناوچەی ئالان ناسی. فەرماندەی کەرت بوو؛ نزیکەی ٢٠ پێشمەرگەی لەگەڵ بوو. ئەحمەد کەسایەتییەکی خۆشەویست و جێمتمانەی خەڵک بوو. توانیبووی ژمارەیەک پێشمەرگە ڕێک بخات و وەک فەرماندەیەکی سەربازی بەوپەڕی سەرکەوتوویی خۆیان لە سنوورەکە بچەسپێنن. هاوڕێی نزیک و دێرینی سەلاح چاوشین بوو. سەلاحیش لەگەڵ مەفرەزەکەی خۆیدا سەردانی (سنووری ئالان)ی کرد و بۆ ماوەیەک لەگەڵ ئەحمەد فەتحولا لە سنووری گوندەکانی ئالان جەولەیان دەکرد.

ئەحمەد فەتحوڵلا و سەلاح چاوشین پێش دەستپێکردنەوەی شۆڕش هاوڕێی نزیک بوون. ماوەیەک پێکەوە جەولە دەکەن لە جەولەکردن و گەڕانیاندا پێویستی دەکرد تا ئەوپەڕی وریا و چاوکراوە بن. لە پەلامارێکی لەناکاوی دوژمندا، سەلاح حەرەسیاتی شەو بۆ خۆی و هەموو پێشمەرگەکان دادەنێت. ئەو کات کادر و فەرماندە مەیدانییەکانی پێشمەرگە بەگشتی شەوانە کاتە مەترسیدارەکانیان، بەتایبەت پێش بانگی بەیانی، بۆ خۆیان دادەنا. چەند جارێکیش کاک ئەحمەد فەتحوڵلا دەکاتە حەرەس و کەمین. ڕۆژێک کاک ئەحمەد بە شێخ تالیب، کە کادرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە و یەکێتی بوو، دەڵێ برۆ بە کاک سەلاح بڵێ بۆچی هەموو کات من دەکات بە کەمین و زۆرترین سەعاتم بۆ دادەنێت. شێخ قسەکە هەر بۆ سوعبەت دەگەیەنێتەوە بە کاک سەلاح چاوشین، سەلاحیش بە شێخ تالیب دەڵێ، "برۆ پێی بڵێ ئەگەر پێشمەرگایەتیی پێ ناکرێ، با بروا خوا حافیزی بێ." شێخ خۆی ئەمەی بۆ گێڕامەوە. کاک سەلاح زۆر هاوڕێم بوو؛ پێم گوت شتێکی وا هەبوو، ئەو کردی بە پێکەنین و گوتی وا نەبووە. ئەوان هاوڕێیەتییان هێندە نزیک و بەهێز بوو هەموو ئەو شتانەیان بە پێکەنین و دڵپاکیی پێشمەرگانەوە تێ دەپەڕاند. کاک سەلاح زۆر قسەخۆش بوو، دەمودەستیش قسەی خۆی بۆ هەموو بابەت و پێشهاتێک پێ بوو؛ هێندەش سەڕاست و ڕاستگۆ بوو لەگەڵ هاوڕێکانیدا، هەر قسەیەکی دەکرد متمانەی هاوڕێیەتییانی پێ بەهێز دەبوو.

لە سەردانماندا بۆ سیوەیل، لەگەڵ کاک بەکر و ملازم ئەنوەردا چووینە گوندی بارێ و سەردانی (حەمە ئەمین ئاغای بارێ)مان کرد. ئەم پیاوە کەسایەتییەکی دیار و جێی ڕێزی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە بوو. پێشتر لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە و فەرماندە ببوو، دۆستێکی نزیکی مام جەلالیش بوو. کاک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حەمە ئەمین ئاغا خۆی ئامادە کردبوو تا هەر کاتێک یەکێتی پێویستی پێ بوو، بە خۆی و چەند پێشمەرگەیەکەوە، کە ئامادەی کردبوون، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکات. خاوەن توانایەکی دارایی زۆر باش بوو؛ چەندین جار بە چەک و پارە یارمەتیی پێشمەرگەی دابوو؛ تا ئەو کاتەش کە دوژمن هەموو گوندەکانی سنووری بە قوڵایی ۳۰ کیلۆمەتر بە زۆرەملێ گواستەوە، ماڵەکەی هەر بنکە و مقەڕی پێشمەرگە بوو.

گوندەکانی ناوچەی ئالان-سیوەیل چەندین مووچە و قۆخیان هەبوو. ئەمانە شوێنی پەنا و بێشک بوون بۆ حەوانەوەی پێشمەرگە. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوە بوو جیا لە گوندەکان، چەند خانووەیەکیش بەپەرتوبڵاوی هەبوون. لێرە ماڵێک و چەند سەد مەترێک یان زیاتر لەولاتر دوو ماڵ و بەو شێوەیە، هەریەکەشیان ئاوەدانییەکی بۆ خۆی درووست کردبوو. بەوانەیان دەگوت 'قۆخ' یان 'مووچە' و هاتوچۆی خەڵکیان زۆر بەسەرەوە نەبوو. ناوی یەکێکی سیوەیلم بیرماوە کە پێیان دەگوت، 'قۆخی جەلال'. هەر بە ناوی کاک جەلال خۆیەوە ناونرا بوو. کاک جەلال کەسایەتییەکی ڕووخۆش و بەخزمەت بوو. ماڵەکەی تەنیا ماڵ بوو. خێزانێکی تا ڕادەیەک قەرەباڵغ بوون. چەندین جار بە ژمارەی زۆر چووینەتە دیوەخانەکەی. خاوەن دیوەخان و سەخیتەبیعەت بوو. لە دیوەخانە گەورە و گەرموگوڕە پڕخزمەتەکەیدا شەو و ڕۆژ و زیاتریش ماوینەتەوە خزمەتی کردووین. سرووشتی ماڵەکەی بە شێوەیەک بوو دەیان دارگوێزی تەمەن سەدساڵە چووبوون بە ئاسماندا. کە سەیری ئاسمانت دەکرد، نەخشی خواکردی گەڵای دارگوێزەکان تشکی ئاڵتوونیی خۆری دەکردە سەدان دەزوولەی ئاوریشمیی ژیانبەخش. لەبەر گەڵا ئاسمانی شینت نەدەبینی خودایە چ جەنەتێک بوو بۆخۆی.

بۆ خۆونکردنمان لە چاوی دوژمن گرنگ بوو ئەم تاقە ماڵ و چەپەک و لاڕێیانە بزانین. هاتوچۆی وڵاخدار و کاروانی ڕێبوارانیان بەسەرەوە نەبوو، بۆیە بێ ترس لەوێ دەماینەوە و زۆریش خزمەتیان دەکردین.

لەو پێشمەرگانەی لەو ماوەیەدا لەو سنوورە بوون، ناوی ئەمانەم لەیاد ماوە:

١. تالیب ڕۆستەم

٢. عەلی چوارتایی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. حەمە ئەمین ئاغای بارێ
٤. شێرکۆ جدی
٥. ئەحمەد فەتحوڵڵا
٦. شێخ بەکری حەمە لاو (لە دەرەوە بە 'شێخ برایم' بانگمان دەکرد)
٧. زۆر جار جەمالی عەلی باپیر دەهات و ماوەیەک لەم سنوورە دەمایەوە.
٨. عوسمانی عەریف مەجید
٩. محەمەد شێخ مەحموود سەراوی
١٠. عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید سەراوی

گەر ناوێکم بیر چووبێت، پێش وەخت داوای لێبووردن دەکەم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوژمن له هەموو لایەکەوە

ئێمە هەموو دەمانزانی لەنێوان دەوڵەتی عێراق و ئێراندا ڕێککەوتنی ئەمنی و ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەیە، ئەوەش بۆ پاراستنی سنوورەکانیان لە هاتوچۆی پێشمەرگە. ئێمەش تا ڕادەیەکی زۆر بەوریاییەوە لە نزیکبوونەوە لە سنووری ئێران، کە دەسەڵات پڕی کردبوو لە چریک[1] خۆمان دەپاراست. پێشمەرگە ئاگادار کرابوو بە هیچ شێوەیەک بەتەنیا نەچنە ئەودیو سنوور، چوونکە دەکرا بگیرێن و تێدا بچن. ئێران بە چاوێکی دوژمنکارانەوە سەیری یەکێتیی دەکرد و بە کۆمۆنیست و مەترسی بۆسەر خۆی حسابی دەکرد. ئەگەر پێشمەرگەیەکی ئێمە بەهەڵە یان بە هەر شێوەیەک بچووایەتە ئەودیو سنوور، دەگیرا و تەسلیم بە عێراق دەکرایەوە، عێراقیش لەسێدارەی دەدا.

عێراق و ئێران کۆمەڵێک لیژنەی هاوبەشیان لەنێوان خۆیاندا دروووست کرد، بەتایبەتی لە دیوی ئێران و لەناو هەموو شارە کوردستانییەکانی سەر سنوور، ئامانج لەمەش ڕێکخستنی هاوکاریی سەربازی و ئەمنیی نێوانیان و دژایەتیکردنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی شۆڕشی کورد بوو.

بەهۆی ئەم پیلانگێڕی و هاوکارییەی نێوان سەدام و شای ئێرانەوە، چەندین پێشمەرگەی یەکێتی گیران، پاشانیش تەسلیم بە عێراق کرانەوە و لەسێدارە دران. جارێکیان دوو پێشمەرگەی یەکێتی- یەکێکیان 'فاروق'ی ناو بوو، پێشتر پۆلیس بوو، بە چەکەوە هاتبووە ناو پێشمەرگە و لای کاک ملازم عومەر بوو- ئەوی تریشیان ناوی 'ساڵح' بوو. فاروق و ساڵح ڕێگەیان لێ تێک دەچێت و بەهەڵە دەچنە ناو سنووری ئێرانەوە، ئێرانیش دەستگیریان دەکات و تەسلیمی حکومەتی عێراقیان دەکاتەوە. دوای ماوەیەک هەردووکیان لەسێدارە دران.

---

١ هێزێکی چەکداری سەر بە دەوڵەتی شاهنشاییی ئێران بوون، دەسەڵاتی زۆریان درابوویە بۆ پاراستنی سنوور و ئەو گوندانەی سەرسنوور لە هەر جووڵەیەکی گوماناوی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوچەکە خۆی هەمووی یەک نیشتمانە، بە زۆرداری و بە ڕەنگی سەر نەخشە لێک جیا کراوەتەوە، وەکوو تر هەست بەوە ناکەیت کە خاکی دوو وڵات بێت. هەندێک جار بەناچاری هەر دەکەوتینە ناو خاکی کوردستانی ئەودیو- ئەوکاتە زاراوەکانی 'خۆرهەڵاتی کوردستان و باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا' زۆر باو نەبوون. خۆ ئەگەر بە هێزێکی زۆرەوە بڕۆیشتینایە بەوێدا تێبپەڕینایە، ئەوانیش سڵیان دەکردەوە و نەیان دەوێرا نزیکمان بکەونەوە دەیانزانی زۆرمان بۆ بێنن شەڕیان دەکەین، نوێنەریان دەهات و داوای دەکرد بەزووی خاکەکەیان جێ بهێڵین.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٧دا، هەفتەیەک زیاتر لەم ناوچەیە ماینەوە. جەمالی عەلی باپیریش چەند ڕۆژێک لەگەڵمان مایەوە. خەڵکی ناوچەکە زۆر خزمەتیان کردین، یارمەتییان داین و بە هەموو شێوەیەک هاوکارمان بوون. زۆر هانیان دەداین بەردەوام بین و کوڵ نەدەین. بۆ ئەوەی ورەی ئێمە بپارێزن، خەڵکی گوندەکان کاتێک دەچوونە ماوەت و چوارتا و باسنێ و شوێنەکانی تر و دەهاتنەوە بۆ ناودێ، باسی دڕەندەیی بەعسیان بۆ دەکردین. ژیرانە دەیانگوت ئەوە نیشانەی ڕووخاندنی بەعسە. خەڵکی ئەم ناوچانە و دێهاتەکانی تری کوردستان هۆیەکی سەرەکی و بنەڕەتیی گەشەکردنی هێزی پێشمەرگە بوون؛ هەر ئەو خەڵکە دڵسۆزەی ئەو سنوورە هۆکاری بنەڕەتی بوون لە دروستبوونی یەکێک لە باشترین تیپە ئازاو شەڕکەرەکانی یەکێتی کە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بوو. تیپەکە لەو ناوچەیەدا دەیان فەرماندە و سەدان پێشمەرگەی فیداکار و نەبەزی بە کورد و کوردستان بەخشی.

خەڵکی ئالان و سیوەیل پەیوەندی و هاتوچۆی بەردەوامیان لەگەڵ چوارتا ماوەت و شاردا هەبوو. بەشێکی گەنجەکانیان لە شار دەیانخوێند، کۆمەڵەش توانیبووی لەو ماوە کەمەدا، کە هەر ساڵێک دەبوو، بە ئاشکرا خەباتی سیاسی و چەکداری بباتە ناو گەنج و خوێندەوارەکان، ڕایەڵەی ڕێکخستنی فراوان دروست بکات و دۆست و پشتیوانی زۆر بۆ پێشمەرگە پەیدا بکات. لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاو خەڵک ورەی بۆ گەڕابۆوە و تەمی نائومێدی و بێهیوایی بەهۆی تێکشانی شۆڕشی ئەیلوول لە دڵ و دەروونیاندا بەرەو ڕەوینەوە دەچوو. ئیتر خەڵک متمانەی بە شۆڕش پەیدا کردبۆوە.

لەگەڵ بەکری حاجی سەفەر گەڕامەوە بۆ شارباژێڕ و لە پشتی چوارتاوە بۆ موبڕە و مامەخەلان، پاشانیش بەرەو پاڕەزان و گوێزەڕەش بەڕێ کەوتین. چەند

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕۆژێک لە گوندەکانی هەولوو، دولپەموو، گوێزەڕەش، پاڕەزان و چنارەی پاڕەزان مابنەوە. ئەم گوندانە پشتیان داوە بە ڕیزە شاخێکی سەختەوە بەناوی 'هێلانە هەڵۆ،' کە بە دارستانی چڕ لەدامێن و ناوەڕاستیدا داپۆشراوە، ڕەزوباخی زۆریشی پێوەیە. کە سەرنجت دەدا، هەستت دەکرد دەست و پەنجەو ماندووبونی چەندین نەوەی پێوە نەخشابوو. لە پشتی دۆڵپەموو، لەژێر دارمێوی بەتەمەنی سرووشتیدا خەوتووم. کە چاوت دەکردەوە، هەستت دەکرد کەپرێکی خواکرد بەسەر سەرتەوە دەتپارێزێ و بەدیارییش باشترین ترێی بەهەشتت پێ دەبەخشێ.

پێشمەرگە دەیتوانی بەبێ خەم خۆی حەشار بدات و لە کاتی پەلامار و هێرشیشدا خۆی بپارێزێ و بەرگری بکا. دەبوو بە ڕۆژ بە هیچ شێوەیەک لە ناودێ نەمێنێتەوە. ئەمە داوای دانیشتووانی گوندەکانیش بوو، چوونکە لە هەر پەلامارێکی دوژمندا، دوژمن جیاوازیی لەنێوان پێشمەرگە و خەڵکدا نەدەکرد و بە یەک چاو تەماشای دەکردن. دەستی لە ماڵ و منداڵ و تەنانەت ئاژەڵ و وڵاخە بەرزەکانیش نەدەپاراست. دوژمن لە ڕووی سەربازی و لۆجستی و داراییەوە هێندە باڵادەست بوو هەر زانیارییەکی لەسەر پێشمەرگە بەدەست بگەیشتایە دەستبەجێ بە چەندین کۆپتەری بارهەڵگر و جەنگی و سەدان سەربازەوە دەهات بۆ ناوچەکە بۆ شەڕی پێشمەرگە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆربوونی ژمارەی پێشمەرگە و تەسلیمبوونەوەی خێرا

لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٧٧دا، پێشمەرگە بەشێوەیەکی ناسرووشتی لە ڕووی ژمارەوە زیادی کردبوو؛ زیادکردنەکە زیاتر لە ڕووی چەندایەتی بوو نەک چۆنایەتی. پاڵنەری ئەم ژمارە زیادبوونە زیاتر سۆز و عاتیفەیەکی کاتی بوو بۆ پێشمەرگە و چەند سەرکردە و فەرماندەیەک، نەک بڕوابوون بە خەباتێکی درێژخایەن و پشوودرێژانە و بەرگەگرتنی هەر ئازار و سەختی و نەهامەتییەک کە بەهۆی دوژمنەوە دەهاتە ڕێمان. کۆکردنەوەی هێزی زۆر بەم شێوەیە و لەو قۆناغەدا کە هێشتا پێشمەرگە هیچ توانایەکی دارایی و سەربازی نەبوو زیانی بە پێشمەرگە گەیاند. ئەو کاتە پێشمەرگە نەک هەر چەک و کەرەسەی جەنگیی بۆ پاراستنی ناوچەکانی نەبوو، بەڵکوو چەکی سووکی سەرەتاییشی بەزەحمەت بۆ پەیدا دەکرا. لەبەر ئەم هۆکارانە، پاش ماوەیەک کە ئەم هێزە بە ژمارە زۆرەی کۆ کرابۆوە بەرگەی هێرش و شاڵاوی بەرفراوانی سوپای عێراقی نەگرت. ئەو پێشمەرگە تازانە کە ئەو هێزە زەبەلاحەی دوژمنیان بینی، نەک خۆیان پێ نەگیرا و نەیانتوانی بەرگری بکەن، بەڵکوو پێشمەرگەی خۆڕاگریشیان ڕووخاند و تێکەڵ بە شەپۆلی خۆبەدەستەوەدانیان کردن.

بزووتنەوە لەناو یەکێتی و قیادەی مۆقەتەش لە دەرەوەی یەکێتی سیاسەتی خۆیان پەیڕەو دەکرد. هیچ بنەمایەکی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا نەبوو بۆ وەرگرتنی پێشمەرگە. لەو قۆناغەدا نەیاندەشاردەوە و هەر کەس بیویستایە ببێت بە پێشمەرگە، وەریان دەگرت. ڕێککەوتنێک لەنێوان کۆمەڵە و بزووتنەوە نەبوو لەسەر ئەم بابەتە گرنگە تا پێوەری وەرگرتنی پێشمەرگە دیاری بکرێت. سەرەتا کۆمەڵە هەوڵی دا ئەوە بکات، بەڵام لەگەڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوە نەگیشتنە ڕێککەوتن. وەک پێشتر ئاماژەیەکم پێ دا، هەر لە سەرەتاوە کاک ئارام و سەکردەکانی کۆمەڵە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕایان گەیاند کە ئەو شێوە هێزکۆکردنەوەیە بە زیان دەشکێتەوە بە سەرماندا چوونکە دەرگای بۆ هەموو کەس دەکردەوە بێنەناو هێزەکانی پێشمەرگەوە. دواتریش هەر ئەمە بوو وای کرد لە هێرشی فراوانی جەیشی عێراق بۆسەر ناوچەکانی کوردستان دەیان فەرماندە و سەدان پێشمەرگە تەسلیم ببنەوە بە شێوەیەک ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی لە ناوچە جیاجیاکان مانەوە تەنیا چەند مەفرەزەیەک بوون لە سنووریکی زۆر فراواندا. دەبێت ئەوەش بڵێم کە لە زۆر شوێندا کۆمەڵەش لە کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگەدا بەشدار بوو.

خەڵکی کوردستان و ناوچەکان کە لێشاوی تەسلیمبوونەوەی پێشمەرگەیان دەبینی، ترس و ناڕەحەتی دایدەگرتن. دەترسان لەوەی ئەو پێشمەرگانەی پێشتر هاتبوونە ماڵەکانیان و خزمەتیان کردبوون کەسانی نمەکبەحەرام بن و دواتر لای دوژمن زمانیان لێ بدەن و بەگرت یان بەکوشتیان بدەن. هەر دوو بۆچوونەکەی خەڵک- ئەوەی کە ئەم خۆبەدەستەوەدانە پێشمەرگە لاواز دەکات، ئەوەش کە دەکرا بەهۆی ئەوەوە مەترسییان بکەوێتەسەر- ڕاستییان تێدا بوو.

تەسلیمبوونەوە بەو شێوەیە زیانی زۆر بۆ هێزی پێشمەرگە هەبوو، بەڵام پێشمەرگە خاوەنبڕواکان سەنگەری خۆیان پاراست و وەک شاخ خۆڕاگر بوون. کە دەچووینە ماڵان بۆ نانخواردن، بەئاشکرا ڕووبەڕووی ئەو ترس و دڕدۆنگییەی خەڵک دەبووینەوە، بەڵام ئێمە دڵنیامان دەکردنەوە کە شۆڕش و پێشمەرگایەتی بەردەوامە.

تەسلیمبوونەوەکە لە بەرژەوەندیی دوژمن بوو لە ڕووی سیاسی و دەروونییەوە. بەشێکی کەم لەوانەی تەسلیم دەبوونەوە دوژمن دژی پێشمەرگە بەکاری دەهێنانەوە، جا یان لە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە نووسین و وتاری پێ بڵاو دەکردنەوە، یان دەیکردنە جاش بۆ دژایەتی میللەتی خۆیان. ماوەیەکی ویست تا پێشمەرگە توانیی ئەو متمانەیەی خەڵک بەدەست بێنێتەوە و قەناعەتیان پێ بکات کە پێشمەرگەی ڕاستەقینە سەنگەر چۆڵ ناکات.

ناوبەناو ڕاگەیاندنەکانی بەعس لە تەلەفیزیۆنە ڕەشوسپیەکەی خۆیانەوە پڕوپاگەندەیان بۆ ئەو کەسانە دەکرد کە، خۆیان-گوتەنی، پێشتر یاخی ببوون بەڵام دواتر گەڕابوونەوە 'ڕیزی نیشتمانی'. وێنەکانیان بڵاو دەکرانەوە و بەعس پێیدا هەڵدەدان، خەڵکیش نەفرەت لێ دەکردن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ بوون بە پێشمەرگە لە زۆربەی مەفرەزە و کەرتەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، دەبوو ڕێکخستن یان کەسێکی ناسراو لە هەموو ڕوویەکەوە پشتگیریت بکات و چەکی خۆیشت پێ بێت، ئینجا وەردەگیرایت. دواتر لە شانەی ناو مەفرەزەکەدا ڕێک دەخرایت. ئەو کات هەر مەفرەزە و کەرتێک ڕابەری سیاسیی (کادری سیاسیی) هەبوو، کە ئەرکی بوو ئاشنایان بکات بە بەها جوانەکان و بنەماکانی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و نەتەوە و دیسپلینی پێشمەرگایەتی و شۆڕش و شیکردنەوە و سەرەتاکانی بیروڕای کۆمەڵە و پەیوەستبوون بە بەرنامەی کۆمەڵە و ئەو ڕێسا بنەڕەتییانەی هێزی پێشمەرگەیان بەرەو گەشەکردن و سەرکەوتن دەبرد. پێشمەرگە بە شێوەیەک پەروەردە دەکرا دەبوو لە هەڵسوکەوت و گفتوگۆکانیدا لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگە جیاواز و نموونەیی بێت.

کە دەرگاکانی پێشمەرگایەتی کرابوونەوە و خەڵک بەلێشاو دەهاتن، تەنانەت ئەگەر لایەکیش وەری نەگرتنایە، چەند لای تر فەرموویان لێ دەکردن و ئیمتیازیان دەدانێ. وای لێ هات گەر لەسەر کاری نابەجێ و هەڵە سزای پێشمەرگەیەک یان فەرماندەیەک بدرایە، ئەوا بەئاسانی سەنگەری دەگواستەوە بۆ لایەنی تر و لایەنی بەرانبەر دەیپارست، تەنانەت شەڕیشی لەسەر دەکرد و پلەی و پۆستی زیاتریشی پێ دەبەخشی، ئەوەش تەنها بۆ ئەوەی فلان بە ژمارە چەند کەسێکی بە چەکەوەی زیاتری لا بێت، ئیدی گرنگ نییە کەسەکە چۆنە، باشە یان خراپە، گرنگ خۆی چەکی پێیە و لە هێزەکەیدا چەکێک زیادی کردووە! ئەم بیرکردنەوە و ڕەفتارانە کێشەی تریان لەنێوان لایەنەکاندا دروست دەکرد. زۆر جار کێشە و ئاڵۆزی و تەنانەت شەڕی دوو لایەنەشیان لێ دەکەوتەوە، دواتریش سووک و باریک کەسەکە تەسلیم بە ڕژێم دەبۆوە و تەنانەت تێیاندا بوو چەکیشی دژی پێشمەرگە هەڵدەگرت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێکخستنی کۆمەڵە لە گوندەکاندا

سەرکردایەتیی کۆمەڵە، بەتایبەت لە کاری ڕێکخستن لە دێهاتەکاندا و هەر لە سەرەتای چوونی دەستە سەرەتاییەکانەوە بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش، بە لایەوە گرنگ بوو ئەو دێیانەی ڕێکخستنی کۆمەڵەیان تێدا نییە، لە هەر یەکێکیاندا هەوڵی تەواو بدرێت بۆ دروستکردنی ڕێکخستن و لای کەم ئەندامێکی کۆمەڵەی تێدا جێگیر بکرێت؛ لەوەشەوە ئەڵقەیەکی پێکەوەیی لەنێوان هەموو دێهاتەکاندا دروست بکرێت. کارکردنی کادرەکانی کۆمەڵە لەناو جەماوەردا بە هەمان بنەماو ڕێچکە و بۆ هەمان ئامانجی ڕێکخراوەیی بوو. لەو چوارچێوەیەدا، چەند جارێک کاک ئارام ئەم سەرەتای کارکردنەی بە گرنگییەوە چەندبارە کردۆتەوە.

ئەوکات لەناو گوندەکان و تەنانەت شارەکانیشدا ڕێکخستنی یەکێتی نەبوو. بەشێک لە برادەرانی بزووتنەوە خەریکی دروستکردنیان بوون، ئەرکی دروستکردنی شانەکانی تری یەکێتیش کۆمەڵە جێبەجێی دەکرد. لەناو ئەو شانانەی یەکێتیدا کە دروستمان دەکردن خوێندەوار و چالاکەکانیان دەکرانە کۆمەڵە، ئیتر ئەوانە بوونە ناوک و داینەمۆی فراوانبوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە دێهات و شارۆچکەکاندا و دواتریش پەلیان کێشا بۆناو شارەکان. ئەوانەی کاری ڕێکخستنمان دەکرد بەو ڕێنماییەی کاک ئارام و سەرکردایەتی کۆمەڵە هەنگاومان نا و سەرکەوتوو بووین.

لە ماوەی ئەو ساڵەدا لە دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە هەموو گوندێکدا کۆمەڵە ڕێکخستنی خۆی هەبوو، کە ببوونە پشتیوانێکی بەهێز بۆ مەفرەزە سەرەتاییەکانمان. زۆرترین زانیاری و گەیاندنی ڕاسپاردە و نامەکان لەنێوان مەفرەزە و فەرماندەکانیاندا بەم ڕێکخستنانە سپێردرابوو. بەشێکی زۆری پێوستییەکانی پێشمەرگەیان لە شارەکانەوە دەگەیاندە دەستی پێشمەرگە. خەڵکی گوندەکان خۆیان هەر لەبنەڕەتەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شۆڕشگێڕ بوون و گیانی کوردایەتی لە ناخیاندا بلێسەی دەدا. سەرەنجام زۆربەی مامۆستا و معاون توبی و خوێندەوارەکانی گوندەکان لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کومەڵەدا بەتایبەتی و یەکێتی بەگشتی، ڕێک خران.

لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، کەم گوند مابوون لای کەم هاوڕێیەک یان چەند هاوڕێیەکی چالاکی کۆمەڵەیان لێ نەبێت. ئەو هاوڕێیانە ببوونە بانکی زانیاریی بەتوانا و لە هەموو ڕوویەکەوە بەرچاوڕوونییان بە پێشمەرگە دەدا. هاوڕێیانی کۆمەڵە توانییان لە خزم و کەسوکار و دۆستانی خۆیان تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی دروووست بکەن و تەنانەت خۆیان یان کەسانی متمانە پێکراویان بخزێننەناو دەزگا سیخوڕی و سەربازییەکانی دوژمنیش.

زۆربەی زۆری پێشمەرگە و فەرماندەکان ڕێزی زۆریان لە گوندنشینان دەگرت و هەوڵیان دەدا نەبنە مایەی زەحمەت و بارگرانی بۆیان. زۆر جار وا ڕێک دەکەوت کەسانێک لەناو گوندەکان حەزیان دەکرد داوەتی بەرپرسەکان بکەن و زۆریان دەکرد تا کاک ئارام و کاک سالار یان بەرپرسەکانی تر دەعوەت بکەن بۆ نانخواردن. چەندین جار بینیومە کە ئەوان بە ڕێز و حورمەتەوە پێیان دەگوتن کە پێشمەرگەکان بەرنەوە و ئەوان نایەن و پێویست ناکات داوەتی بەرپرسەکان بکەن. تکایان لێ دەکردن ئەو جیاوازییە لەنێوان پێشمەرگە و فەرماندەکاندا نەکەن. ئەم هەڵسوکەوتەی بەرپرسانی یەکەمی کۆمەڵە هێندەی تر خۆشەویستی لەنێوان پێشمەرگە و سەرکردەکاندا دروووست دەکرد. ئەوان بەکردار جیاوازیکردنیان بەلاوە دەنا؛ زۆرێکیش لە هاووڵاتیان وازیان لەو کارە هێنا.

لە دابەشبوونمان بەسەر ماڵانی گوند و مانەوەمان لایان، وردە وردە پەیوەندیی بەهێز لەنێوانماندا دروووست بوو. خەڵکەکە زۆر سەرسام بوون بە سادەیی فەرماندە و سەرکردە و و کادرەکان. مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی لای خەڵکی لادێکان هەتا بڵێی خۆشەویست بوون.

لە شەڕەکاندا بەرپرس و فەرماندەی مەفرەزەکان لەپێشەوە بوون، لە کاتی پشوودااندا ئەرکی ئەوان لە هی پێشمەرگەکانی تر گرانتر بوو. خەڵک پێشتر شتی وایان نەدیبوو. یەکێتی ئەو نەریتەی بڵاو کردەوە و بەهۆیەوە پێشمەرگەکان ئەو بڕوایەیان لا چەسپا کە پێشمەرگە سەنگ و قورسایی و خۆشەویستی لە ئاست فەرماندە و بەرپرسە باڵاکاندایە و قسە و پێشنیار و ڕەخنەکانیان بەجێکانیان جێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەگرن. پێشمەرگە هەموویان وەک یەک جەستە و یەک ڕووح دەژیان، تەنانەت ئەو پێشمەرگە و فەرماندانەی تریش کە لە ناوچەی دوور لەیەکتر کار و چالاکییان دەکرد و هەرگیز چاویان بە یەکتر نەکەوتبوو، هەر کە دەمانبیست دڵۆپە خوێنێکی پێشمەرگە لە هەر یەک لەو جێگە و ناوچانە بە دەستی دوژمن ڕژاوە، هەموو دەهەژاین و ئازارمان دەچەشت، وەک ئەوەی هاوڕێیەکی خۆشەویست و دۆستێکی نزیکمانن لەدەست دابێت. هەموو پێشمەرگە و کادر و فەرماندەکان ڕووحمان بەسەر یەکەوە دەردەچوو. ئەوە قۆناغە زێڕینەکەی کوردایەتی و شەڕی پارتیزانی و مەفرەزە سەرەتاییەکان بوو؛ مێژوویەکی زێڕینی کوردایەتی کە دووبارە نابێتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێککەوتنی سوورەبان

دوو یان سێ مەفرەزەی قیادەی مۆقەتە لە سنووری شاربازێڕ هەبوون. نە ئێمە و نە بەشی زۆری ئەوانیش پێمان خۆش نەبوو کێشە و ناخۆشی لەنێوانماندا ڕوو بدات و ئەوەی لە بادینان هەیە بگوێزرێتەوە بۆ سنووری شارباژێڕ. بۆ ئەوەش جۆرە پەیوەندییەکی دۆستانەمان لەنێوان خۆماندا درووست کردبو تا بە هەر شێوەیەک بێت، خۆمان لە بەریەککەوتن بپارێزین.

کاک عەبدولمەلیک خۆی هێز و توانای ئەوەی نەبوو شەڕ دژی یەکێتی بکات، بەڵام کاک ئارام ڕێزی لە قیادەی مۆقەتە دەگرت، کە پارتیی لە پشتەوەی بوو، ئەوەش دیسان بۆ نیشاندانی نیازپاکیی کۆمەڵە بوو؛ تەنانەت بزووتنەوەش هەمان بۆچوونیان هەبوو و نەیاندەویست نەریتی قێزەونی ڕابردوو دووبارە بکەنەوە. ئەوانە چەند مەفرەزەیەکی کەم بوون، مامەڵەیان لەگەڵ گوندنشینەکان باش نەبوو، ئەزیەتی خەڵکیان دەدا، لێرە و لەوێ بەزۆر پارەو سەرانەیان لە خەڵک دەستاند، پێشمان دەگوتن ئەو کارانەیان زیانی زۆر لە ناوبانگی پێشمەرگە دەدات، بەڵام ئەوان گوێیان بەو قسانە نەدەدا و هەرچی خۆیان بیانویستایە ئەوەیان دەکرد.

لەناو فەرماندەی ئەو مەفرەزانەی قیادەی مۆقەتە کە لە ناوچەکەدا دیار بوون، کاک عەلی چوارتایی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری لە هەڵسوکەوتی مەفرەزەکانی تری قیادەی مۆقەتە زۆر جیاواز بوو. کاک عەلی فەرماندەیەکی ئازا و خۆشەویست بوو، ڕێزی خەڵکی زۆر دەگرت. نەمبیستووە کەسێک لەسەر دەستی ئەو ئەزیەت درا بێت. وەڕسکردنی خەڵک و زۆربۆهێنانیان کارێکی نەشیاو بوو، بگرە زۆریش خراپ بوو، ئاخر خەڵک سەرچاوەی ژیان و بەردەوامی هێزی پێشمەرگە بوون.

بە شێوەیەکی گشتی، پێشمەرگە لەو ڕۆژەوەی دەستی داوەتە چەک بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان ناوێکی پیرۆز و سونبولی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆشەویستی بووە، هەر لە پێش دروستبوونی (کۆماری کوردستان)ەوە و لە ڕۆژانی سەردەمی کۆمار و لەوێشەوە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی باکوور تا شۆڕشی ئەیلوول و دەسپێکردنەوەی شۆڕش لە باشووریش ئەم پیرۆزییەی پاراستووە و دەبێت بشپارێزرێت.

لە قۆناغی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتیدا پەیوەندی و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە جوان بوو؛ جێی ڕەزامەندیی خەڵک و دانیشتووانی ناوچە جیاجیاکان بوو. لە ماوەیەکی کەمدا پەیوەندی و تێکەڵاوییەکی زۆر بەتین دروست ببوو، پێشمەرگە ببووین بە بەشێک لە خەڵکی گوندەکان و لە منداڵەکانی خۆیان جیایان نەدەکردینەوە. کە خەڵک لە هەموو ڕوویەکەوە هێندە باش و پشتیوان و هاوکار بوو، بۆیە هەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی نامۆ لەلایەن هەر بەرپرس و دەستە و گرووپێکەوە بەرانبەر خەڵک بکرایە، قبووڵ نەدەکرا و لێپێچینەوە بەرانبەر بکەرەکانی دەکرا، بەڵام دەسەڵات بەسەر هەندێکدا نەبوو کە لە ناوچەی سلێمانی وەک قیادە واحیدە بوون، وەک ستار و عەبدولمەلیک.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەردانمان بۆ لای هاوڕێ ئارام لە قەرەداغ

هاوڕێ ئارام لە قەرەداغ بوو. هەر دەرفەت هەبووایە و پێویست بووایە، دەمانتوانی سەردانی بکەین. بۆ ئێمە لە شارباژێڕەوە نزیک بوو، بەڵام ڕێگەکانی چوون زۆر مەترسیدار بوون. ئێمە شارەزا ببووین، جادەی عەربەت-سلێمانیمان دەبڕی و بەرەو قەرەداغ دەچووین. کاک ئارام لە هەر کوێ بووایە، دەماندۆزیەوە و دەچووینە لای و هەواڵ و باسی ناوچەکانی شارباژێرمان- بە تەخت و سەخت و ئالان و سیوەیلەوە- بۆ باس دەکرد، هەروەها هەڵسەنگاندنێکی گشتیی هێزەکانی کۆمەڵە و یەکێتی و لایەنەکان و دۆخی ڕێکخستن و خەڵکیشمان بۆ باس دەکرد و وەک خۆی وێنەیەکی ڕوونمان لەسەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانمان دەدایە، ئەویش دڵی خۆش بوو بەوەی ڕێکخستن بەو جۆرە گەشەی کردووە.

پێشتر چەند جارێک بە نامە یان سەردان تێبینی و ڕا و هەڵسەنگاندنی خۆمان بە زانیاریی وردەوە لەسەر یەک بە یەکی مەفرەزەکانی شارباژێڕ بە هیی خۆمان و قیادەی مۆقەتەوە لەگەڵ باس کردبوو؛ ئەوەشمان پێ گوتبوو کە بەهۆی هەڵسوکەوتی ناشیرین و نابەجێی ئەوانەوە خەڵک بێزار بوون گلەییی زۆریان هەیە و خەریکە ناو و ناوبانگی پێشمەرگە خراپ دەکەن. پێمان گوت کە ئێمە خۆمان دەمانزانی لەو کاتەدا چارەسەری هەندێک لەو مەفرەزانەی سەر بە یەکێتی نەبوون نەدەکرا، بەڵام خۆ دەمانتوانی ئیجرائات لەگەڵ ئەوانە بکەین کە سەر بە یەکێتی بوون.

لەگەڵ کاک وەهاب شێخ ئەحمەد ئێوارە لە (شارستێن)ەوە بە (وێڵەدەر)دا بەرەو ئاراستەی سەیتەرەی جارانی عەربەت-سلێمانی ڕۆیشتین؛ لەوێشەوە پەڕینەوە بۆ قەرەداغ و لە دەرەوەی تەنگی سەر بە ڕووی (سەرزەل)دا لەناو باخێکدا چاومان بە کاک ئارام کەوتەوە. کاک ئاوات قارەمانییشی لەگەڵ بوو. زیاتر لە سێ سەعات لایان ماینەوە، بۆ زۆری بابەتەکانیش تەنها کاک ئارام و کاک وەهاب و من بووین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سێقۆڵی هەموو بابەتێکی پەیوەست بە پێشمەرگە و دۆخی ڕێکخستن و ناوچەکە و کێشەکانمان لە سنووری شارباژێڕ وەک خۆیان باس کرد.

کاک ئارام، وەک ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ، گوێی لە هاوڕێکانی دەگرت و ڕا و تێبینی و ڕەخنەکانی بەهەند وەردەگرت؛ چاوپۆشی لە هیچ هەڵەیەکی برادەرەکانیشی نەدەکرد، بەتایبەت ئەو هەڵانەی زیانیان بە شۆڕش و کۆمەڵە و یەکێتی دەگەیاند. کاک ئارام، لەگەڵ ئەوەی مەرجەعی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە بوو، وەک پێشتریش گوتم، لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە کۆمیتەی هەرێمەکان دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی و دەستپێکردنەوەی شۆڕش بوو لە ناوەوەی وڵات. هاوڕێکانی کۆمەڵە- کاک عەلی عەسکەری و کاک دکتۆر خالید و کاک ڕەسوڵ مامەند و هاوڕێکانیان سەرکردە و فەرماندە دیارەکانی سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشن و دەتوانین بڵێین دەستەی دامەزرێنەری یەکێتین لە کوردستان و ناوەوەی وڵات.

کاک ئارام گوێی گرت تا ئێمە قسەی خۆمانمان تەواو کرد، ئینجا ئەو قسەی دڵی خۆی لەسەر زۆر بابەتی پێشمەرگایەتی و سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵە و یەکێتی بۆ کردین و ئەرکی فەرماندە و کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی لەو قۆناغەکەدا بۆ ڕوون کردینەوە؛ هەڵسەنگاندنی خۆیشی لەسەر برادەران و دۆخی کوردستان و یەکێتی خستەڕوو. گوتی ئەوەی بەلای ئەوەوە لە هەموو شتێکی تر گرنگتر و سەرەکیترە پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵە و ڕێگەنەدانە بەوەی کۆمەڵە هێڵی فیکری و سیاسیی خۆی تێکەڵ بە یەکێتی و سیاسەتی ڕابردوو بکات.

(مامۆستا نەریمان) کادرێکی گورجوگۆڵی کۆمەڵە و بەتوانای ڕێکخستنەکانی شار بوو، جێی متمانەی کاک ئارام بوو. کاک ئارام بۆی باس کردین کە مامۆستا نەریمان لە (گۆستێ)وە هاتۆتەوە بۆ لای و بەدرێژی باسی ئەو کۆبوونەوانەی سەرکردایەتیی بۆ کردووە کە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٧٧دا لە دۆڵی گۆستێ کراون و بڕیارەکانی بە کاک ئارام گەیاندووە لەگەڵ چەند نامەیەکی برادەران. کاک ئارام زۆری پێوە دیار بوو کە بێتاقەت بوو بەو بڕیارانەی کۆمیتەی سەرکردایەتی. دەیگوت نابێ ڕێگە بدەین کۆمەڵە سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات. زۆر بابەتی تریشی لەسەر ئەو کۆبوونەوانە بۆ باس کردین و ناڕازیبوون و بێزاریی پێوە دیار بوو. ئەو دایناوو قەرەداغ جێ بهێڵێت و بەرەو جافایەتی بێت، لەوێشەوە بۆ شارباژێڕ بۆ لای ئێمە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک ئارام بـه مـن و کاک وەهـاب شـێخ ئەحمـەدی گـوت چاوەڕێـی کاک مـلازم عومـەرە، بەرنامەکەشـی وا بـوو کـە دێتـە دۆڵـی جافایەتـی و کاک جەمالـی عەلـی باپیـر و هێزێـک لەگـەڵ خـۆی دەهێنێـت بـۆ ناوچـەی شـارباژێڕ، ئامانجەکەشـی ڕێکخسـتنەوەی هێزەکانـی شـارباژێڕ و سـزادانی هەنـدێ فەرماندەیـە بـە لابردنیـان لـە بەرپرسـیارێتی.

کاک ملازم عومـەر کرابـووە فەرمانـدەی هەرێمـی قـەرەداغ و گەرمیـان. کاک ئارام خەریکـی دەرکردنـی یەکـەم ژمـارەی (ڕۆژنامـەی ئـاڵای شـۆڕش) بـوو. گوتـی کـە ئەوە تـەواو دەکات و ئـەو ناوچەیـە جـێ دەهێڵێـت، بـەڵام هەسـتمان دەکـرد کـە نامـە و زانیارییەکانی مامۆسـتا نەریمانیش یەکێکـن لـە هۆکارەکانـی مانـەوەی لـە قـەرەداغ.

مـن زانیاریـم نەبـوو کـە دوای ئـەو بڕیـار و گلەییانـەی کاک ئـارام و کۆمیتـەی هەرێمـەکان لـەو کۆبوونەوانـە و لـەو بڕیارانـەی بـە دڵیـان نەبـوون، ئایـا هیـچ کۆبوونەوەیەکیـان کـردووە یـا نـا؟

وتوویـژ لەگـەڵ کاک ئـارام هێـز و توانـای پـێ دەبەخشـیت؛ نەتدەزانـی کات چـۆن تـێ دەپەڕێ. دوای تەواوبوونـی قسـەکانی ئێمـە و بڕیـار و ڕێنماییەکانـی ئەویـش بـۆ ئێمـە، داوای ئیجازەمـان لـێ کـرد و گوتمـان دەبـوو هـەر ئـەو شـەوە بگەڕێنـەوە بـۆ شـارباژێڕ. کاک ئـارام هەوڵـی دا چیمـان پێویسـت بێـت بۆمـان جێبەجـێ بـکات، مـن و کاک وەهـاب زۆر سوپاسـمان کـرد و خواحافیزیمـان لـە کاک ئـارام و کاک ئـاوات قارەمانـی کـرد. بـە کاک ئارامـمان گـوت خەڵکـی ناوچەکـە و خۆشـمان لـە شـارباژێڕ چاوەڕێـی دەکەیـن.

بـۆ نانـی ئێـوارە، لەگـەڵ کاک سـیروان تاڵەبانـی، کاک شـەماڵی بـاخ، کاک ئـازادی سـەگرمە و مـام ڕۆسـتەم لـە تەنگـی سـەر ماینـەوە. نانـی ئێوارەمـان خـوارد و لەگـەڵ کاک وەهـاب دووقۆڵـی بـەرەو شـارباژێڕ گەڕاینـەوە.

لـە گەڕانـەوەدا، نەمانویسـت بـە هەمـان ئـەو ڕێیـەدا کـە چووبوویـن بگەڕێنـەوە، بۆیـە ڕێگەمـان گـۆڕی و بـە لای زرگوێـز و تانجـەرۆ و نزیـک سـەیتەرەی عەربەتـی جـاران، کـە نزیـک ئـەو فولکەیەیـە کـە ئێسـتای لیـوەی لا دەدەی بـۆ تانجـەرۆ، هاتیـن. چەنـد شـوانێکمان بینـی. لێیـان نزیـک بووینـەوە بـەڵام ئـەوان خۆیـان وا هەڵـە کـرد کـە خەڵکـی ئـەو نـاوە نیـن. چەنـد هەوڵمـان دا و گوتمـان پێشـمەرگەین و دەمانویسـت بـەرەو وێڵەیـەر بڕۆیـن، بـەڵام ئـەوان هاوکارییـان نەکردیـن. ئێمـە خۆمـان ئاڕاسـتەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێی خۆمان دەزانی، ئەم دوو، سێ شوانە خەریک بوو سەرمان لێ تێک بدەن بە مینجەمینج. داوامان لێ کردن یەکێکیان لەگەڵمان بێت بەوپێیەی ئەوانە ڕۆژ تا ئێوارە لەوێ و لەو ناوەن لە دەوری ئەو سەیتەرەیە بوون و ئاگایان لە هەموو شتێک بوو. کە دڵنیا بوون پێشمەرگەین، خۆیان هێمن کردەوە و ڕاستییان پێ گوتین. شوان بوون و دانیشتووی سنووری تانجەرۆ بوون. یەکیان بەگورجی لەگەڵمان هات و تۆزێک لە ڕێ دووری خستینەوە. شوێنی مەترسیمان جێ هێشت و خواحافیزیمان لێی کرد. ئەو زیاتر دڵنیا بوو کە پێشمەرگەین، باوەشی پێدا کردین و گوتی، "ئێمە لە عەشیرەتی (شوانکارە)ین. چیتان پێویست بوو لە خزمەتتانداین."

بەزۆری هەر بە لاڕێدا دەڕۆیشتین. بە ئاڕاستەی گوندی وێلەیەر کە دەنگەدەنگێکمان گوێ لێ بوو. دەنگەدەنگەکە لێمان نزیک بۆوە، ئێمەش دەنگمان دان. دیار بوو ولاخدار بوون؛ لە ترسان ولاخ و بارەکانیان، کە باری قاچاخ بوو، بارەکانیان جێ هێشت و خۆیان ون کرد. بانگمان کردن بێن بە لای بارەکانیانەوە بەڵام ئەوان ماوەیەکیان پێ چوو تا دڵنیا بوون جاش و جەیش نین. کە هاتن، دوو بۆ سێ کەس بوون و هێشتا هەر دەترسان، بەڵام کە بینییان ئێمە دوو چەکدارین، تۆزێ هێور بوونەوە. کە گوتمان ئێمە پێشمەرگەین، یەکیان گوتی، "پێشمەرگەی چی؟ کوا پێشمەرگە لەم ناوە هەن؟" بڕوایان نەدەکرد ئێمە پێشمەرگە بین؛ دەیانگوت پێشمەرگە نزیک شارو ئەم شوێنانە ناکەوێتەوە، جاش و خراپەکار زیاتر نزیک ئەم ڕێیانە دەبنەوە. نیو سەعات زیاتر قسەمان بۆ کردن، ئەوان زیاتر خەمیان بوو لەو چۆڵەوانییەدا کەلوپەلەکانیان لێ نەستێنرێت. زانییان ئێمە پیاوی ڕاووڕووت نین و کەلوپەلی ئەوان بە کەڵکی ئێمە نایەت. ئێمەی گەنج و پێشمەرگە حەزمان دەکرد باسی پێشمەرگەیان بۆ بکەین. ماوەیەک لەسەر دەستپێکردنەوەی شۆڕش قسەمان بۆ کردن. حەزیان دەکرد زیاتر لەگەڵیاندا بمێنینەوە. هەناسەی ئاسوودەییان دا و باوەشیان پێدا کردین؛ ئێمەش بەڕێی خۆماندا بەرەو شارباژێڕ ڕۆیشتین. لە بزەینیان نانی بەیانیمان خوارد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەترسییەکانی هاتوچۆ

لەو قۆناغەدا جەیشی داگیرکەر بە توانای زەبەلاحی خۆی و ژمارەی زۆری چەکدارە بەکرێگیراوەکانیەوە کەتبووە خۆی، لەبەر ئەو هۆکارەش هاتوچۆی پێشمەرگە لەنێوان ناوچە جیاواز و دوورەکاندا نەک هەر ئاسان نەبوو، بەڵکوو دەبووایە بەناو دەیان ڕەبایە و مەعەسکەری دوژمن و کەمینی جاش و چڵکاوخۆرەکانی بەعسدا بڕۆیت و پارێزگاری لە خۆت و پێشمەرگەکانیش بکەیت و نەهێڵیت ئەو هەموو ئاگرەی دەوری تەنیبوون زیانیان پێ بگەیەنێت.

لە سەرەتای شۆڕشەوە تا پێش شەڕی ئێران-عێراق، زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان بە جەیش و جاش تەنرابوون؛ کەم لووتکە و گردۆڵکە هەبوون ڕەبایەی دوژمنیان لێ نەبێت و پێدەشتەکانیش هەمووی مەعەسکەری گەورەی داگیرکەر بوون.

تووڵەڕێ و ئەو شوێنانەی دەیانزانی ڕێی پێشمەرگەن بە تێکەڵی جاش و مەفرەزەکانی ئەمن و ئیستیخبارات کەمینیان لێ دادەنان. ئەتوانم بڵێم دوژمن کوردستانی کردبووە ئەرزێکی داگیرکراوی پڕکراو لە سوپایەکی دڕندەی داگیرکەر.

پێشمەرگەکانی ئەو قۆناغە زۆر سەخت و دژوارە هەر زوو توانییان خۆیان لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە پڕداگیرکارییەدا بگونجێنن. زۆر جار دڵخۆشی خۆمان بەوە دەدایەوە کە بەهۆی بوونی چەند مەفرەزەیەکەوە لە ناوچە جیاجیاکان دوژمن سەدان هەزار سەرباز و جاشی بڵاوە پێ کردووە و بەردەوام کۆپتەرەکانی بە ئاسمانەوەن، ئەوەش ئاماژەیەکی ڕوون بوو چۆن پێشمەرگە بەو هێزە کەمەیەوە چ ترسێکی گەورەی خستبووە دڵی دوژمنەوە دەیزانی ئەم پریشکە ئاگرە دەبێتە دۆزەخ بۆ داگیرکەر.

هێزەکەی دوژمن بەو بڵاوەپێکردنە هیلاک بوو، خەرجیی زۆریشی دەویست. دوژمن خاڵی لاوازی زۆر بوو؛ بەئاسانی دەمانتوانی زیان بە سەرباز و ئالیاتەکەنی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بگەیەنین؛ هەر واشمان دەکرد. بڕوای تەواومان بەوە هەبوو برینداركردن یان کوشتنی سەربازێکی داگیرکەر لەو قۆناغەدا سەرکەوتن بوو، بە مانایەکی تر، واتە ئەو جۆرە چالاکییانە بە ڕووکەش بچووک بوون بەڵام لە ناوەرۆکدا گەورە و کاریگەر بوون. لە مانگێک یان دوو مانگدا ژمارەی ئەو چالاکییانە کۆ دەکرانەوە، هەستت دەکرد پێشمەرگە توانیویەتی زەبری گەورە لە دوژمن بدات؛ لەگەڵ چالاکییەکانیشدا ترسی زۆر و سەرلێشێوانی لەناو سوپای دوژمن و بەعسییە داگیرکەرەکاندا درووست کردبوو.

چەند ڕۆژێک لە شارباژێری تەخت ماینەوە، پاشان من بەرەو شارباژێری سەخت گەڕامەوە. ماوەیەک بوو دوور کەوتبوومەوە لە سنوورەکە. کاتی بوو کۆبوونەوە بە دانیشتووانی دێهاتەکان بکەین. ئەگەر مزگەوتیان هەبووایە، شەوان هەوڵم دەدا دوای نوێژی خەوتنان کۆبوونەوەکان لە مزگەوت بکەین، ئەگەر نەشبووایە، لە دیوەخانێکی گەورەی ماڵەکاندا کۆ دەبووینەوە. تا کۆبوونەوەکە تەواو دەبوو، چەند گەنجێکی دۆست و ئەندامی خۆمان ئێشکیان دەگرت و دەیانپاراستین. کە لە مەفرەزەکانی خۆمان بۆ کاری ڕێکخستن جیا دەبوومەوە، هەر دوو پێشمەرگەم لەگەڵ دەبوو؛ یەکیان لە ژوورەوە و ئەوی تر لەگەڵ گەنجەکاندا لە دەرەوەی مزگەوتەکە دەمایەوە. خەڵک ئەم جۆرە کۆبوونەوانەی زۆر پێ باش بوو. دوای تەواو بوونیان، خۆیان دەیانگوت دەسەڵاتی ئێمە خزمەتکردنی پێشمەرگە و نزاکردنە لە پەروەردگار بۆ سەرکەوتنتان بەسەر ئەم بەعسە زاڵمە خوانەناسەدا؛ زۆر جاریش بێترس بە بەخشینی پارە یارمەتییان پارەیان دەدایـن و دەیانگوت ئەوەش بۆ پێویستیی پێشمەرگەکانە. دەیان جار کەسەکان ڕێکخستنیش نەبوون، بەڵام دەهاتن بۆ لامان و دەیانگوت ئەو ڕۆژە لە شار بوون و زانیارییان دەداینێ. ئەوە زۆر بەسوود بوو بۆمان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەڕی ناوخۆ و وێرانکردنی ماڵی کورد

کۆمەڵە وەک هێزێکی چەپی کوردستانی درێژەی بە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی و چەکداریی خۆی دا. جیاوازتر لە حیزب و ڕێکخراوەکانی تر، درووشم و پەیامی خۆی هەبوو. گەرچی کۆمەڵەش لەناو خۆیدا لەسەر هەموو پێشهات و هەڵوێستەکانی یەک ئاراستە نەبوو، بەڵام بەگشتی سەرکردایەتی و بنکەی ڕێکخراوەییی کۆمەڵە خۆی بە درێژکراوەی سیاسەتەکانی پێشتری پارتی- بە هەر دوو باڵەکەیەوە- نەدەزانی، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەیویست ببێتە بەدیلی هەر دوو لایان، بەڵام شەهیدبوونی کاک ئارام زیانی گەورەی بەم ئاراستە سیاسییە نوێیەی مەیدانی سیاسی و حیزبایەتی لە کوردستان گەیاند.

زۆر پێویست نەبووایە بەتەنیا لەگوندەکاندا جەولەمان نەدەکرد، یان پێکەوە لەگەڵ کاک شێخ تالیب و کاک وەهاب و چەند پێشمەرگەیەک جەولەمان دەکرد یان زۆربەی کات لەگەڵ کاک ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان و هێزەکەیدا بووین. ئەو حەزی دەکرد نزیکی بین تا زیاتر پارێزراو بین؛ بەردەوام هاوکار و پشتیوانمان بوو، دڵیشی پێمان خۆش بوو کە کادری کۆمەڵەین و جووڵە و چالاکیمان زۆرە. خۆیشی ئەندام و کادری کۆمەڵە بوو.

سەرەتای شوباتی ساڵی ١٩٧٨، ڕۆژێک دەمەوعەسر لەگەڵ کاک وەهابدا چووینە عازەبان. ئەم گوندە سەر بە ناحیەی سیتەکە و سنووری لەگەڵ گورگەدەر و ئاڵەسیاو و وێڵە و بزەینیانە. بەرنامەمان دانابوو ڕێکخستنەکان بەسەر بکەینەوە و ئەگەر گونجاش، شەوەکەی لەگەڵیان کۆ ببینەوە. لای مزگەوتی گوندی عازەبان وەستا بووین؛ چەند کەسێکی خەڵکی گوندیشمان لا بوو. زۆریان پێ خۆش بوو سەردانمان کردبوون. قسەمان دەکرد و ئەوان باسی شار و دڕندەییی بەعس و کار و کاسبیی خۆیان بۆ دەکردین، پرسیاریان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەکـرد و ئێمـەش وەڵامـمـان دەدانـەوە. هەمـوو خوێنگـەرم و دڵسـۆزی کـورد و شـۆڕش بـوون، هـەر سـاتێک پێویسـتییەکمان هەبووایـە، بـێ دوودڵـی لای خۆیـان یـان لـە شـار بۆیـان جێبەجـێ دەکردیـن.

لـە پشـتی دێـوە لـە ئاسـتی گورگـەدەرەوە مەفرەزەیـەک پێشـمەرگە دەرکەوتـن بـە ئاڕاسـتەی نـاو دێ. ئێمـە لەگـەڵ ئـەو گەنجانـە و خەڵکـی دێ هـەر خەریکـی قسـەکردن بووین. کە پێشمەرگەکان نزیک بوونەوە، گەنجـەکان پێش ئێمە ئەوانیان ناسـیبەوە. خەڵکـی دێ ڕۆیشـتن بـە لای کاری خۆیانـەوە و بـە ئێمەشـیان گـوت ئاگامـان لـە خۆمـان بێ. مەفرەزەکـەی قیادە مۆقەتە بوون و گەیشتنە لامـان، هـەروا پـازدە کەسـێک دەبـوون، فەرماندەکەیـان (وەزیـرە کەچـەڵ) بـوو. بـە گەرمـی تەوقـە و چاکوچۆنییـان کـرد و لامـان وەسـتان. وەک دۆسـتی نزیـک قسـەیان دامەزرانـد و خۆیـان وا نیشـان دا بـەرەو شـار دەچـن.

وەزیـرە کەچـەڵ ماڵـی لـە گورگـەدەر بـوو، دۆسـتایەتی و هاتوچۆمـان هەبـوو، زۆربـەی کات هـەر خـۆی دەچـووە سـەر ڕێـی ئـەو کاروانچییانـەی گورگەدەربـاری کەلوپەلـی ئێرانییـان بـەرەو شـار دەبـرد و لە پشـتی گورگەدەر گومرکی لێ دەسـەندن. ئەو کات باسـی گومـرک وەرگرتـن هـەر نەبـوو. وەک گلەیـی چەنـد جارێـک بـە خـۆی و بـە برادەرەکانیمـان دەگـوت واز لـەو کارە بێنـن، بـەڵام ئـەوان حاشـایان لـێ دەکـرد شـتی وایـان کردبێـت. کـە دانیشـی پێدا دەنـا، بەڵێنـی دەدا دووبارەی نەکاتـەوە بـەڵام هـەر بـەردەوام دەبـوو.

لەگەڵیـان کەوتینـە قسـە. ئـەوان مەفرەزەیـەک و ئێمـەش دوو کـەس. قسەوباسـی زۆر لەسـەر ناوشـار و چۆنێتیـی چـوون بـۆ سـلێمانی و دەنگوباسـی دوژمـن کـرا. ئەوان خۆیان زۆر بـە خەمخـۆری پاراسـتنی برایەتیـی نێوانمـان نیشـان دا و داوایـان دەکرد کە نابێت نێوانی پێشـمەرگە تێک بچێت، بەتایبـەت یەکێتـی و خۆیـان؛ ئێمـەش هـەر بـە نەفەسـی برایەتیـی جـاران قسـەمان لەگـەڵ دەکـردن و پرسـیارمان لـێ کـردن، "خێرە! بـەم ئێوارەیـە! نیـازی کوێتـان هەیـە؟" وەزیـرە کەچـەڵ وەڵامـی دایـەوە، "نیـازی شـارمان هەیـە." بـەردەوام بوویـن لـە قسـەکردن و لەناکـاو بـە هەموویـان پەلاماریـان دایـن، وەختێـک بـە خۆمـان زانـی، هـەر باڵێکمان بە دەسـتی دوو، سـێ چەکدارەوە بـوو.

ئێمە چاوەڕوانی کارێکی وا نامەردانەمان لێ نەدەکردن. هیچ ترس و حەزەرێکمان لـێ نەکردبـوون، بیرمـان لـەوە نەکردبـۆوە ئەوەنـدە ناپـاک و بێبەهـا بـن، بـەڵام ئـەوان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فرسەتیان لێ هێناین و بە پانزە کەس پەلاماریان داین. هەوڵ و خۆڕاپسکاندنمان سوودی نەبوو. دەستمان کرد بە قسە پێ گوتنیان، قسەی زۆر ناشیرین و ئەوەی چۆن لەپاڵ دۆستایەتیدا، کاری وا نامەردانە دەکەن. هەوڵەکانمان بۆ خۆڕزگارکردن لەو هەموو دەستەناپاکەی لە جەستەمان گیربیوون، بێئەنجام بوو. وەزیرە کەچەڵ گوتی، "من دەسەڵاتم نییە؛ مولازم ستار ئەمری پێ کردووین چەکتان بکەین و شتی خراپتریش." قسە زۆر کرا. زۆرمان هەوڵ دا، بەڵام وەک ئەوە وا بوو قسە لەگەڵ بەرد بکەین؛ هیچ بە گوێیاندا نەدەچوو. چەکیان لێ سەندبووین و زۆریان دەکرد لەگەڵیان بچین بۆ گورگەدەر. خەڵکی گوندەکەش کۆ بوونەوە و زۆر قسەی دڵسۆزانەیان کرد؛ پێیان گوتن، "ئیتر بۆ باسی بەعس دەکەن کە ئاوا خۆتان خۆتان دەبڕێننەوە." ئەوان هیچیان نەبیست و گوتیان فەرمانیان پێ کراوە.

دنیا تاریک بوو. هەر یەکەمان لەنێوانی چەند کەسێکیاندا، بەدەستبەسەریی براین بەرەو گورگەدەر. لەنێوان گورگەدەر و بزەینیاندا، لای باخە چنارەکانەوە، شوێنەکە لاڕێ و کەندڕێکی لێ نزیک بوو، کاک وەهاب هەلێکی بۆ ڕەخسا و بازێکی دایە ناو کەندڕەکەوە و هەڵات، ئیتر بە هەموویان ئاڵانە من و دەستیان بە پشتێن بەستمەوە. پێشتر هەرچی کاغەز و دەفتەرێکی بچووکی نووسینی تێبینیشم پێ بوو، بەدەم ڕێگەوە لە تاریکییەکەدا فڕێم دان هیچم پێ نەما. ئیتر هێندە توند دەستیان لە پشتەوە بەستبووم، خەریک بوو شانم دەردەچوو .

ملازم ستار لەدەرەوەی گوندی گورگەدەر لە نزیک دار و شەخسی دێ بە خۆی چەکدارەکانیەوە وەستا بوون. بانگی وەزیری کرد. وەزیرە کەچەڵ گوتی، "یەکیانمان هێناوە." هەر کە گەیشتمە لایان، بێ پرسیار و قسە، وەک ئەوەی دوژمنێکی ترسناکیان دەست کەوتبێت، بەو هەموو چەکدارەوە وەک دڕندە بەربوونە گیانم. نیوە بێهۆش بووم، سەر و گیانم هەمووی خوێنی لێ دەچۆڕا. جلەکانم گەڕان؛ هیچیان تێدا نەبوو.

ستار گوتی، "ناوی ڕێکخستنی شارباژێرمان پێ بڵێ."

گوتم، "لام نییە."

ئەو هەرچی خوا پێی ناخۆشە و دوور لە هەموو بەهایەکە، بە خۆم و بە کۆمەڵە و بە یەکێتیی و سەرکردەکانی کۆمەڵەو یەکێتی گوت، ئینجا پرسیی،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"کێ بەرپرسی ڕێکخستنی کۆمەڵەیە لە سلێمانی؟ ناوی ڕێکخستنەکانتان لە دێهاتەکاندا؟ پێمان بڵێ."

زۆریان پێ کردم. لەسەر ئەو زەوییە کەوتبووم، ئەو هەموو لوولەی تفەنگەش بەسەر سەرمەوە هەڕەشەی کوشتن دەکەن گەر ناویان پێ نەڵێم. خودایە ئەمانە چ ئیشیان بەو ناوانەیە؟! چەندیان هەڕەشە دەکرد، من هەر جوابیشم نەدەدانەوە، بۆیە ستار خێراخێرا دەیگوت، "قسە نەکەی، بە ئەڵڵا بە دەستی خۆم کەللەی سەرت هەڵدەگرم." وەک ئەوەی هیچ قسەم نەبیستبێت، هەرچی ستار بە خۆی و ئەو هەموو چەکدارەوە بەرانبەرم کرد، سوودی نەبوو. من هەر بێ وەڵام بووم. ئینجا ستار گوتی، "بیهێنن."

بە قۆڵبەستراویی بردیانمە ماڵی مامۆستای گوندەکە، کە نزیکی ئەو شوێنە بوو. مامۆستاکە ناوی 'سیروان' بوو؛ هاوڕێ و دۆستی نزیکی خۆشمان بوو. لەوێ دیسان هاتنەوە وێزەم و داوای ناوی ڕێکخستنەکان و بەرپرسانی کۆمەڵە و بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی سارایان دەکرد. ستار تفەنگی لێ ڕاکێشام، خستییە سەر سەرم و لە دیوەخانی ماڵەکەداو گوتی، "ئەگەر قسە نەکەی، لێرەدا دەتکوژم." چەکدارەکان، کە بە پێوە و بەسەر سەرمەوە ڕاوەستا بوون، خێرا خێرا دەیانگوت، "ئەمانەی کۆمەڵە دەبێ سەریان پان بکەینەوە." منیش جلدڕاو و جل-خوێناوی لەتاو ئازار خۆم پێ نەدەگیرا و خواخوام بوو بمکوژن و ڕزگارم بێت لەو دڕندانە. ستار ئاگری لێ دەبۆوە و هەرچی قسەی خراپ و ناشیرینە بە خۆم سەرکردەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی دەدا و بە زمانی بازاڕی دەیگوت، "خۆم بە دەستی خۆم پێستت لێ دەکەمەوە." منیش دەمگوت، "لەبەر دەستتدام و کەس دەستی نەگرتووی." ڕاستی دەمویست نەجاتم بێ لە دەستیان. کە وام گوت، ئاگری گرت و گوتی، "بیبەنە دەرەوە وەک........". ئەوانیش بە پاڵ بردیانمە دەرەوە و لەسەر زەوییەکە فڕێیان دام، لەوێش میلی چەکیان لێ ڕاکێشام و گوتیان، "فەرمانی کوشتنمان پێیە، ئەمە دوا دەرفەتە و ئەگەر قسەیەکت هەیە، بیکە." کە هەر جوابم نەبوو، ڕیزێک کلاشینکۆفیان بە بەدەورووپشتم و لای سەرمەوە نا. تۆزێک بەیەکدا هاتن و دوو، سێ کەسیان ڕۆیشتن. دیار بوو چوون بۆ لای گەورەکەیان.

دەیانزانی هەواڵی گرتنی ئێمە لەڕێی ڕێکخستنەکانمانەوە بەزوویی دەگاتە لای هێزی خۆمان. دەترسان بە پێشمەرگەوە بێنەوە سەریان، بۆیە بەزوویی دوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تراکتۆریان هێنا و بە قۆڵبەستراویی خستیانمە ناو عەرەبانەی تراکتۆرێکەوە. چەکدارەکان توند دەستیان پێمەوە بوو، نەک لە دەستیان ڕابکەم. گورگەدەرمان جێ هێشت و دیار بوو بە ئاڕاستەی قەیماسە دەڕۆین. لە دۆڵەتوو لایان دا. ئەم گوندە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای گوندی چنگیانەوە و کەوتۆتە دۆڵێکەوە و شاخی کەتوو وەک لەمپەرێک ڕۆژئاوای گوندەکەی گرتووە.

ئەو گوندە چەندماڵێک بوو. دیوەخان و مزگەوتی وا گەورەی تێدا نەبوو هەمویان بگرێت و پێکەوە تێیدا بخەون. ملازم ستارو هێزەکەی ٢٥ بۆ ٣٠ کەس دەبوون، بۆیە خەڵکی گوند دابەشیان کردن بەسەر دووماڵ بۆ خەوتن. منیان تەسلیم بە مەفرەزەیەکی دە-کەسی کرد و چووینە دیوەخانێکی بچووکی ماڵێک لە نزیک مزگەوتەکە.

لە ڕێگە هەر بیرم لای دەرفەتێک بوو خۆم فڕێ بدەمە خوارێ- تەنانەت ئەگەر کوشتووشیانم. لەو کاتەدا گرنگ بوو لەو دۆخە ڕزگارم ببێت؛ هێندەش دەستیان لێم توند کردبوو، بە باڵی بەستراوەوە جووڵەم بۆ نەدەکرا. بەو جەستە بەئازار و خوێناوییەوە جار جاریش هەر بیرم لەوە دەکردەوە ناوی بەرپرسی ڕێکخراوی سلێمانی و ڕێکخستنیان بۆ چییە؟! وا هیی لادێکان خۆیان دەتوانن بیانگرن و ئازار و سەرانەیان لێ وەربگرن، ئەی بۆ شار چی؟ دیارە مەبەستی زۆر خراپیان هەیە و ڕەنگە تەسلیم بە بەعس ببنەوە و ناوەکانیان بۆ ئەوە بوێت. دوا جار قەناعەتیان کردبوو کە هیچ سوودێک لە من نابینن بۆیە کە تەسلیمی ئەو مەفرەزەیەیان کردم، ستار سوێندی خوارد و گوتی، "بەیانی لە قەیماسە بە دەستی خۆم ڕەمیت دەکەم، جا با کۆمەڵە هەر فریات بکەوێ."

لەگەڵ ئەو دە پێشمەرگەیە منیشیان برد و چووینە ئەو ژوورەی تێیدا دەخەوتین. بەتانییەکیان بە منیش دا. ستار لەبەرچاوی من جارێکی تر هەڕەشەی لە پێشمەرگەکان کرد و گوتی، "ئاگاداری بکەن، شتێک ڕوو بدا، هەمووتان ڕەمی دەکەم." پێڵاوەکانیان لە پێ داکەندم و بردیان. نازانم چییان لێ کردن و شاردیانەوە. ژوورەکە بچووک بوو؛ حەرەسیان لەبەردەمی دەرگا دانا و ئاگاداریان کردم هەر هەوڵێک بدەم، بە کۆتاییهێنانی ژیانم تەواو دەبێت، ئینجا دەرگایان داخست. حەرەس بەردەوام لەبەر دەرگا بوو، گەرچی هەموو هیلاک بوون، بەڵام چاویان هەر لەسەرم بوو. من بۆساتێکیش نەخەوتم و لە گۆڕینی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حەرەسیشدا سەیری من دەکرا و تا حەرەس دڵنیا نەبووایە من مەوجوودم، نەدەچووە بەردەرگا بۆ حەرەسیات. ئەو ژوورەی منیان بەدەستگیرکراوی تێدا دانابوو، ژێری گەوڕ بوو. کە حەرەس هاتوچۆی دەکرد، دەنگی پێی و جووڵەی هەست پێ دەکرا.

دەمەوبەیان وەختێک هێشتا دنیا تاریک بوو، سەرم بەرز کردەوە و بینیم ئەوانەی ژوورەوە پرخەیان دەهات. گوێم لە دەنگی جووڵە و پێی کەس نەبوو. هەستم کرد حەرەس چۆتە شوێنێک. بەهێواشی لە جێی خۆم هەستام و لە درزێکی دەرگاوە سەیری بەردەمی دەرگام کرد. حەرەسم نەدی. چاوم بۆ پێڵاو گێڕا بەڵام هیچ پێڵاوی لێ نەبوو. شاردبوویاننەوە. وایان دەزانی گەر پێڵاوم لە پێدا نەبێت، ناتوانم بڕۆم. ئیتر نەوەستام تا بزانم حەرەس لەکوێیە و چی دەکا. لەوێشدا بووایە هەر ئەوەم دەکرد کە کردم. باکم نەبوو تەقەم لێ دەکەن و دەکوژرێم. پێڵاوم لەپێدایە یان نا گرنگ نەبوو. دوو هەنگاوم نا. بەرزی بوو. بازم دایە خوارەوە. نەم نەدەزانی چی لێیە. چۆن کەوتم و چۆن هەستام و ڕام کرد هەر بە قسە خۆشە! بە پێی پەتی بەناو تەڵاشە بەرد و دڕکدا ڕابکەیت و وا بزانی بەسەر فەرشی ئاوریشمدا باز دەدەیت! تا ماوەیەک بەناو داروبەردی ئەو هەورازەدا کە بەرەو سوێرەڵە دەچوو وەک ئاسک ڕۆیشم. هەر چەند سەد مەترێک و ڕێک داگەڕام و بە دۆڵەکدا پەڕیمەوە بەرەو شاخی کەتوو. بە ناوقەدی شاخ و بەناو ئەو هەموو داروبەردەدا بە پێی پەتی خێرا دەڕۆیشم. دنیا ڕووناک ببۆوە من بە بەرزی بە ناو قەدی شاخەکەوە بووم. جادە و ڕێگەکانم باش باش لێوە دیار بوو.

بە ڕاکردن هێند خێرا ڕێم کردبوو بواری ئاوڕدانەوەشم نەبوو تا بزانم بەدوامەوەن و چی بەرانبەرم دەکرێ یان ناکرێ. گەیشتمە خاڵێک کە ئیتر دڵنیا بووم بە ئەوان نادۆزرێمەوە، ئینجا پشوویەکی کورتم دا و بە ئیسراحەت سەیری دەوروبەری خۆمم کرد.

ڕۆژ بەتەواوی هەڵهاتبوو. سەعات زیاتر دەبوو لە دەستی ئەوان هەڵاتبووم. لە جێگەیەکی بەرزی شاخی کەتوو، کە دەیڕوانی بەسەر (چەمی تەنکەبوار)دا دانیشتبووم و دڕکو تەڵاشەدار و لە قاچەکانم دەردەهێنا. لە چەندین لاوە تەڵاشە بەرد و دڕکیان پێدا چووبوو. جلەکانم دڕاو و خوێناوی بوون؛ سەر و دەموچاوم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە چەند شوێنەوە شکا بوون و خوێنیان پێوە بوو. جار جار خەیاڵم دەڕۆیشت و بە خۆمم دەگوت وای دابنێ لە شەڕێکدا لەگەڵ دوژمنی داگیرکەر تا دوا فیشەک جەنگاوم بە هەر شێوەیەک بێت بەدیلی کەوتومەتە دەستی ئەو سەربازە تووڕانەی دوژمنی داگیرکەر کە هاوڕێکانیان بە فیشەکی من کوژراون، بەڵام ئەمەیان وا نەبوو. ئەمەیان هاوزمان و هاوسەنگەرەکانی دوێنێم بوون پێیان دەکردم، ئەوانەی کە خۆیان بە پێشمەرگە و هاوسەنگەرم دەزانی و لەپاڵ برایەتیدا ناپاکییان لێ کردم. بیرم دەکردەوە دەبێت چەندەهای وەک من کە تەنها بۆ کورد و لە پێناو کوردستاندا خۆیان و ئازیزەکانیان فیدای ئەم خاکە کردبێت، بەڵام ئاوها دەستی غەدر پێیان گەیشتووە و لە جیاتی دوژمن لەناویان بردوون. منێک لەو یەکەمانەو ئەو پێشمەرگانەی بۆ هەر ناوچەیەک هێندەی پەنجەی دەست بوون و سەنگەرە ڕووخاوەکانی کوردایەتیم لە ساڵی ١٩٧٦دا ئاوەدان کردبێتەوە و ئێستا بەو دڕندەییە دەمخەنە بەر بەرداشی دڵی ڕەشیان، دەبێت لەو ساڵانی ڕابردووی شەڕی براکوژیدا (واتە پێش دەستپێکردنەوەی شۆڕش و تا ئەم ساتەی وا خەیاڵم دەڕوات) چ تاوانی گەورە و دڕندانەیان کردبێت و هێشتا بکەرەکانیشیان لەعنەتی وڵاتیان بەسەردا نەباریوە!

ڕۆژ خەریک بوو گەرم دەبوو. خەیاڵ بەریدام و سەیرێکی ئەو جادەیەم کرد کە لە (دۆڵەتوو)ەوە بە دۆڵەکەدا بەرەو چەمی تەنکەبوار شۆڕ دەبۆوە. بینیم تراکتۆرێک بە عەرەبانەکەیەوە بەرەو تەنکەبوار دێت. کۆمەڵێک چەکداری تێدا بوو. جادە و جادە چاوم لەسەریان نەدەترووکاند، لە نزیکی چەمەکە چەکدارەکان دابەزین، ماوەیەک ئەوناوەیان گرت و سووڕانەوە. بە هەموو عەقڵیان وایان دەزانی جادە و جادە دەڕۆم و دێن لەسەر چەم دەمگرنەوە؛ نەیان دەزانی بە تووڵەڕێگەکانیشدا ناڕۆم! پێشتریش خۆمان وا ڕاهێنا بوو بۆ خۆلادان لە دوژمن، هەمیشە شوێنێکمان دەگرتەبەر کە بە هیچ شێوەیەک گومان و چاوی لەسەر نەبێت.

بە لامەوە سەیر بوو ئەمانە لەو ڕۆژگارەدا کە بەعسی باڵادەست کون بە کون بەدوای پێشمەرگەوەن، ئەمانە ئاوا بەڕۆژ بەتراکتۆر دێن و بەئاسانی لەناو گوندەکاندا دەمانەوە و بەئارەزووی خۆشیان ئازاری خەڵکیان دەدا! جۆرەها خەڵکیش لە شارەوە سەردانیان دەکردن، لایان دەمانەوە و خواردن و خواردنەوەیان بۆ دەهێنان. مەلازم ستار، بۆ خۆدوورخستنەوە لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خراپەکارییەکانی، هەرچی گرتن و سەرانە و خەڵک کوشتن بوو دەیکرد و دەیگوت، "ئەوە فەرمانی جەنابی کاک عەبدولمەلیکە."

خۆ لە هێزەکەیاندا کەسانی وەک حەمەی مام عەلی و ئەنوەری عەلی نەجاڕ و چەندانی تری تێدا بوو، کە پێشمەرگەی ئازا و دڵسۆز و پاک بوون، بەڵام ملازم ستار هەموویانی عاجز کردبوو؛ هەندێکیشیانی چەک کردبوو یان خۆیان کەنار گرتبوو لێیان.

لە لایەک هەندێک بە تراکتۆر و عەرەبانەکەیەوە هاتبوون بۆ گرتنەوەم، مەفرەزەیەکی تریش بە تراکتۆرەوە چووبوون بۆ چایخانەی قەیماسە و دیوی چنگیان. نازانم ئەمانە چۆن لە پێشمەرگەیەکی سەرەتایی تێ گەیشتبوون! پێشمەرگەیەک کە شەو و ڕۆژ بێ سرەوت بەو شاخانەوە هەر سات و دەقەیەی لە شوێنێک بووا! دوژمن بە لەشکرێکی زۆر و توانای بێسنووری جەیشە درندەکەیەوە نەیدەتوانی زەفەر بە ئێمە بێنێت، ئێستا ئەوان، ئەگەر خیانەتی پاڵ برایەتی نەبووایە، دەیانتوانی زەفەرمان پێ بەرن!

هەر دوو مەفرەزە بۆ دیوی قەیماسە و تەنکەبوار بە دەستی بەتاڵ بەرەو دۆڵەتوو گەڕابوونەوە. ماوەیەکی تر چاوەڕێم کرد، تا تەواو دڵنیا بووم مەترسی نەماوە، ئینجا تینم دایە خۆم. خەریک بوو لەشم سارد دەبۆوە، هەموو جەستەم لە ئازاردا دەیزریکاند. دیسان بەپێی پەتی بەسەر ئەو دار و چقڵ و بەردەدا کەوتمەوە ڕێ. کە پێم دادەنا، دەتگوت پێ بە پشکۆدا دەنێم. دەبوو هەر بڕۆم و نەوەستم. تینم دایە خۆم و تۆزێک بەخێرایی بەرەو چەمەکە بەڕێ کەوتم. کە گەیشتمە نزیکی چەمەکە، دنیا تەواو گەرمی کردبوو. بەخێرایی چوومە ئەوبەری چەمەکە و لەوێ بە دیوی موبڕەدا لە قەراخی ئاوەکەوەدا وەستام تا هیچ نەبێت ئەو قوڕ و خوێنە لە دەموچاو و جلەکانم بکەمەوە. خەریک بوو لا بدەمە ناو داربییەکان تا لەچاو ون ببم. لەو کاتەدا لەسەر چەمەکە کەسێک لەدیوی موبڕەوە پەیدا بوو. ناوی 'حاجی ئەحمەد' بوو، فریشتەیەک بوو خوا بۆ منی ناردبوو. خودایە دەرگایەک دادەخەی و سەدی تر دەکەیتەوە! کە حاجی ئەحمەد منی بینی، حەپەسا: جلم دڕاوە، کراس قۆپچەی پێوە نەماوە، دەموچاو بریندارە، پێخاوسیشم. گوتم دەبوو لەو ڕێیە دوور بکەوینەوە. لەگەڵ حاجی ئەحمەد چووینە چەپەکێک چوونکە هەر ترسم هەبوو ستار بەرەو موبڕە و سیوەیل بێت. حاڵ و وەزعی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆمـم بـۆ حاجـی ئەحمـەد بـاس کـرد ئەویـش مـەردانـە چـوو بـۆ مووبـرە کـراس و گـۆرەوی و پێـڵاوی بـۆ هێنـام، برێـک نـان و کـەرەش. کـە ئـەوەم خـوارد، کەمێـک هێـزم تـێ گەڕایـەوە، گۆرەوییەکانـم بەسـەر ئـەو بریـن و براویانـەی قاچمـدا لەپـێ کرد و گوێم بـە هیـچ نـەدا. دەمویسـت هـەرچی زووە لـە ناوچەکـە دوور بکەومـەوە.

حاجـی لـە ناودێـوە هێسـترێکی هێنـا و یەکێکـی لەگـەڵ نـاردم و گوتـی، "بـۆ هەرکـوێ ویسـت، لەگەڵـت دێ." مـن بـۆ گونـدی (مـکل)م دەچـووم. سـواری پشـتی وڵاخ بـووم. هـەرچی گیانـم بـوو دەیزریکانـد. گەیشـتینە گونـدی مـکڵ، کـە بەرانبـەر چنـارەی پاڕەزانـە، زۆر مەمنونـی کابـرا بـووم و ئیزنـم دا.

گوندی مکڵ چەند ماڵێک بوون و هەموو کەسی یەکتر بوون؛ دۆست و ناسیاو و جێی متمانەشمان بوون. لە ماڵی حاجی ڕەشیدی مکڵ لام دا و لەوێ خزمەتی زۆریان کردم. وەزعەکەم تەنها بۆ حاجی ڕەشید باس کرد، هێندە خەفەتی خوارد ئیتر من دڵخۆشیی ئەوم دەدایەوە. حاجی ڕەشیدی مکڵ لەو کەسە جوامێر و مەردانە بوو کە هەموو پێشمەرگە قەرزاری خۆی و بنەماڵەکەیان و ئەو خزمانەی مکڵیشن، کە زۆرترین ئەرکیان لەسەر شان بوو، زۆرترین خزمەتی پێشمەرگەشیان کردووە-لە شوێنی تر بەدرێژی باسیان دەکەم. دەستێک جلیان بۆ هێنام. چەند هەوڵیان دا بمێنەوە تا تەواو چاک دەبمەوە بەڵام من گوتم دەچمە چنارەی پاڕازان. عەسر درەنگ بە وڵاخ و بردیانم بۆ چنارەی پاڕەزان و لەوێ دوو، سێ ڕۆژ لە ماڵی حاجی ڕەشید مامەوە. حاجی ئەندامی ڕێکخستن و پیاوێکی دڵسۆز و بەخزمەت بوو. لەوێش خزمەتێکی زۆریان کردم. من بەیانیان زوو لە گوندەکە دەردەچووم و عەسر درەنگ دەهاتمەوە. بە وڵاخ دەیانبردم و دەیانهێنامەوە. پاشان ماڵئاواییم لێ کردن و هەر بە وڵاخ ناردیانم بۆ ئارووزەر بۆ لای ڕێکخستنەکانی خۆمان. هەواڵم زانی بوو ملازم ئەنوەر و برادەران لە ناوچەی شلێرن.

شـەو لـە ئارووزەر مامـەوە. بەیانیی زوو وڵاخێکیـان بـۆ پەیدا کـردم و بردیانم بۆ ناوچـەی شـلێر. لەگەڵـم بـوون تـا برادەرانـم دۆزییـەوە. کاک مـلازم ئەنـوەر باوەشـی پێـدا کـردم و بەلایـەوە سـەیر بـوو بـەو شـێوەیە و بەتەنیـا گەیشـتوومەتە لایـان. ڕووداوەکـەم بـۆ گێڕایـەوە و هەڵسـوکەوتی سـتار و تاقمەکەیـم بەرانبـەر کاک وەهـاب و خـۆم بـۆ بـاس کـرد. ئـەو هێنـدە نارەحـەت و تـووڕە بـوو، بـە ددانەکانـی لێـوی خـۆی دەکرۆشـت. گوتـی، "ئەمانـە شـەڕ و گێچـەڵ بـە هەمووـمـان دەکـەن و دوایـش تەسـلیم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەبنەوە." منیش گوتم کە بەڵێ وایە و هەموو هەڵسوکەوت و قسەکانیان ئەوەیان نیشان داوە کە تەسلیم بە بەعس دەبنەوە.

لەگەڵ ملازم ئەنوەر بە چەمەک و (سپیار)دا بەرەو ناوچەی سیوەیل هاتین. هەر لەو ناوچەیە جارێکی دیکە کاک عەلی چوارتاییمان بینی. خۆشمان دەویست و ڕێزمان لێ دەگرت، ئەو فەرماندەیەکی ڕەوشتبەرز و لێهاتوو بوو، تەنانەت جارێکیان لە گوێزە ڕەش کاک سالار عەزیز پێی گوت، "تۆ چی دەکەی لە ناو ئەوانەدا؟! جێگەیٚ تۆ ناو کۆمەڵەیە ڕەوشت و هەڵس کەوتت نمونەین." کاک عەلی چوارتایی لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان بوو، لە سنوورێکی فراوانی ناوچەی ئالان و سیوەیلدا چالاک بوو. سادە، هێمن، ڕەفتارجوان و قسەخۆش بوو؛ ئەوەش وای کردبوو ببێت بە خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە. کوڕی خێزانێکی هەژار بوو، لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەدا زۆر خۆڕاگر بوو. لەسەرروو هەموو ئەمانەشەوە شارەزای هەڵگرتنەوەی ئەڵغام بوو، سەدان ئەڵغامی دوژمنی هەڵدەگرتەوە و لەسەر ڕێگەی هاتوچۆی سەربازەکانی دوژمنی دایدەنانەوە. یەکێک لەو فەرماندانە بوو شەڕێکی شاراوەی ئەوتۆی لەگەڵ دوژمن دەست پێ کردبوو. لە سنووری خۆی دەیان سەرباز و پلەداری جەیشی بەو ئەڵغامانە کوشتبوو یان بریندار کردبوو. زەبری زۆری لە دوژمن دەدا.

کاک عەلی چوارتایی لە فەرماندە سەرکەوتووەکانی شۆڕش بوو. وەک زۆری فەرماندەکانی ئەو ڕۆژگارە بە دەستی خۆی خۆی پێگەیاندبوو، فیداکارو سادە و خۆشەویستی ناو پێشمەرگە و خەڵک بوو، سەرەتا بووە سەرتیپی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ و دواتر تیپی ٣١ی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٥ دوژمن هێرشێکی گەورەی دەست پێ کرد بۆ شارباژێڕ. عەلی چوارتایی و هاوڕێکانی لە پیری شەوکێڵ ڕووبەڕوویان بوونەوە و لە شەڕێکی قورسی نابەرامبەردا، دوای ئەوەی زیانی زۆریان لە دوژمن دا و نەیان هێشت سوپای داگیرکەر هیچ پێشڕەویەک بکات، دواجار گیانی بەخشی و چووە کاروانی شەهیدانەوە.

لەگەڵ ملازم ئەنوەر چووینە (گوندی ئەحمەد ئاوا)ی شلێر، چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی ئێمە بچینە ئەو گوندە، ملازم ستار لەوێ ببوو، شەوێک مابۆوە و سووکایەتیی بە خەڵکەکە کردبوو. هاووڵاتییەک بانگ دەکات تێر جنێوی پێ دەدات و سووکایەتی پێ دەکات، دواتریش دەیکوژن و گوندەکە جێ دەهێڵن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حاجی محەمەدی گورگەدەر

حاجی محەمەدی گورگەدەر پیاوێکی بەخشندە و دڵفراوان بوو، زۆر خزمەتی پێشمەرگە و کەسوکاری پێشمەرگەی دەکرد. بەردەوام دەیگوت، "ئەو نانەی دەیدەم بە پێشمەرگە، لە جێگەدا خوا دە ئەوەندەم دەداتەوە." دیوەخانەکەی بەردەوام جمەی دەهات. دایکم دەیان جار چووەتە ماڵ و دیوەخانەکەیان لە گورگەدەر و سۆراخی منی کردووە، کە من لەوێ نەدەبووم و دەست دایکم نەدەکەوتم، حاجی محەمەد و هاوسەرەکەی و مناڵەکانی بە هەفتە دەیانهێشتەوە، وەک گوڵ خزمەتیان دەکرد و دڵنەواییان دەکرد تا خۆی بە زۆر دەگەڕایەوە بۆ سلێمانی حەزیان دەکرد بە ساڵ لایان بمێنێتەوە. ئێمەی پێشمەرگە شوێنی دیاریکراومان نەبوو؛ بەردەوام لە گەڕان و جێگۆڕکێدا بووین. بۆ دایکم ئەوێ سەلامەتتر بوو، بەڵام ئیدارەی نەدەکرد و بە ئەمڕۆ و بەیانی من دەگەم دەیانهێشتەوە. ئەگەر دەستیان بە منیش بگەیشتایە، هەواڵیان بۆ دەناردم بچم بۆماڵیان. چەندین جار لە ماڵی ئەم زاتە گەورەیە بە خزمەتی دایکم گەیشتووم.

باسکردنی نانبدەیی و دەستودڵباشی و دڵسۆزیی حاجی محەمەد تەواو نابێت؛ هەرچی بڵێم هێشتا هەر هەقی خۆیم نەداوەتێ. هەموو پێشمەرگە و فەرماندەکانی پێشمەرگە ڕێزی زۆریان لێ دەگرت، ئەویش ئامۆژگاریی هەمووانی دەکرد کە "دەبێت برایەتیمان پتەو بێ؛ دوژمنەکەمان دوژمنێکی غەدارە و ڕەحم بە کەس ناکا." بە ژیانی لە ئامۆژگاری و قسەی باش و خزمەتی بەردەوامی بۆ پێشمەرگە بە بێ جیاوازی زیاتری نەبووە هیچ کاتێکیش نە بۆ خۆی نە بۆ کوڕی داوایەی شتێکی لێ نەکردووین. حاجی دەیگوت، "بەرەی ژێر مناڵەکان بۆ پێشمەرگە بفرۆشم کەمە."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

باخەکەی حاجی محەمەد لە گورگەدەر

حاجی محەمەد باخێکی نزیکی دێیەکە بە ئاراستەی عازەباندا هەبوو. باخەکە کارێزیکی تێدا بوو؛ ئاوێکی جوانی سازگاری لەبەر دەڕۆیشت؛ پەڵە چناری گەورە و زەویی بەراوییشی بۆ بەرووبووم سەوزەی هاوینە بەبەر دەمییەوە بوو. سوودی زۆریان لەم باخ و ئاوە وەردەگرت؛ جار جار ئێمەش بە لایدا دەرۆیشتین و چەندین جار پشووی کورتمان لێ داوە. حاجی محەمەد ئەم کارێزەی لە باووباپیرانییەوە بۆ مابۆوە.

هەر کات ڕێم بکەوتایە گورگەدەر، سەردانی کاک حاجیم دەکرد و لە هەواڵیم دەپرسی. ڕۆژێکیان لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا چوومە خزمەتی. دەبووایە هەر نان بخۆین، دوای نانخواردن کەوتە گلەیی لە هەندێ پێشمەرگە و گوتی، "بە تەمەنی خۆم و پشتاوپشتم بیرم نایەت و لە کەسیشم نەبیستووە ئاوی کارێزەکەم ڕۆژێ لە ڕۆژان وشکی کردبێ، بەڵام لەوەتەی ئەو جەماعەتە- ک. ج . د- و چەند کەسێکی تر فێر بوون و دەچن عارەقی لێ دەخۆنەوە، کارێزەکەم وشکی کردووە و کەو دەنووکی لێ تەڕ ناکا."

کاک حاجی محەمەد گوتی کە خۆی چەند جارێک داوای لێ کردوون و تکا و ڕجای کردووە کە پێی خۆش نییە بەو شێوەیە لەسەر کارێزەکەی عارەق بخورێتەوە. پێی گوتم "بە فلانم گوت بەڵام بە قسەتان نەکردم، تا خوا منیشی بەهۆی ئێوەوە سزا دا و کارێزەکەی وشک کردم." بێگومان هەر پێشمەرگەکانی قیادەی مۆقەتە نەبوون کە ئەو کارەیان دەکرد، بەڵکووجار جار هی ئێمەشی تێ دەکەوت، ئیتر بۆ عارەق خواردنەوە یەک جەبهە بوون. ئەوەی باسی دەکەم هیی ساڵەکانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ە.

ماوەیەک بوو گەڕابووینەوە لای کاک ئارام، کە لە ناوچەی قەرەداغ بوو. پێکەوە لەگەڵ کاک وەهاب لە شارباژێڕ بووین. کاک جەمالی عەلی باپیر سەردانی کاک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئارامی کردبوو، پەیامێکی بۆ ئێمەش ناردبوو. پێی گوتبوو، "خۆت و هێزەکەت ئامادە بکە، دەچینە شارباژێڕ بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی شارباژێڕ و لێپێچینەوەش لەگەڵ هەموو ئەوانە دەکەم کە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری نەگونجاویان دەرهەقی خەڵکی ئەو گوندانە کردووە، لە گورگەدەر بووین کە نامەی کاک جەمالی عەلی باپیرمان پێ گەیشت. نامەکە زیاتر بۆ دڵنیاکردنەوەی ئێمە بوو کە دەبێت سەبرمان هەبێت و کاک ئارام سەردانەکە دەکات و بڕیاری لێپرسینەوەکەش جێبەجێ دەکرێت.

***

پێشمەرگە نەک بستێک زەویی ڕزگارکراوی لەبەر دەستدا نەبوو، بەڵکوونەیدەتوانی بەئاشکرا و بۆ ماوەیەکیش لە گوندێک یان لە شوێنێکی دیاریکراودا بمێنێتەوە. گەر دوژمن پەلاماری بدایایە، ئەوەندە شەڕمان دەکرد تا نەکەوینە گەمارۆی دوژمن و خۆمان لە دەستی ڕزگار بکەین.

دوژمن سوپایەکی زەبەلاحی دڕندەی پڕچەک و پۆشتەوپەرداخی هەبوو؛ خوا خوای زانیارییەکی بوو لەسەر پێشمەرگە تا پەلامار بدات. پاراستن و مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو قۆناغەدا بۆخۆی جۆرێک بوو لە سەرکەوتن. سەرباری ئەو دۆخە سەختەی پێشمەرگە لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەدا، کەچی ئەوە ئێمەش ڕووبەڕووی ئەم شەڕی خۆکوژی و براکوژییە بووینەتەوە و بە دیار چاومانەوە دوژمن تەڕ و وشکی کوردستان پێکەوە دەسووتێنێ؛ لە بێبەختیی کوردان، ئێمەش مێژووی خوێناویی شەڕی ناوخۆ و یەکتر قبووڵنەکردن وا دووبارە و دەبارە دەکەینەوە.

هێزی پێشمەرگە لەو قۆناغە سەرەتاییە زۆر سەختەدا هەنگاوی گەورەی بۆ بەهێزکردنی خۆی دەنا و لەناو خەڵکیشدا زیاتر ڕەگی دادەکوتا. زیانگەیاندنی زۆر و بەردەوام بە دوژمن ئەوەندە زۆر بوو زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم هەر پێشمەرگەیەک کۆپەتەریکی دوژمنی بەردەکەوت. پێشمەرگە ژمارەی زۆر کەم بوو، جیاوازیی توانای پێشمەرگە و توانای سوپاش وەک جیاوازی ئەرز و ئاسمان بوو بەڵام بەعس بەو هەموو توانا و دەسەڵات و هێزەشەوە نەیتوانی هێز و ئیرادەی کوردو پێشمەرگە بشکێنێت و لەناوی بەرێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژنان لە سەنگەری فیداکاریدا

بۆ سەندن و بەدەستهێنانی مافی میللەتەکەکانیان، کچان و ژنان لە مەیدانی خەباتی نیشتیمانی و نەتەوایەتیدا شانبەشانی پیاوان لە سەنگەری پێشەوەی تێکۆشان و فیداکاریدا بوون. ئەمە بەگشتی لە زۆرێک لە مێژووی خەباتی گەلاندا سیمایەکی هەرە گەشی راپەرین و شۆڕشەکان بووە. لە کوردستانی خۆشماندا، ژنان مێژوویەکی پرشنگداریان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەراندا هەبووە و هەیە. کۆمەڵە تا ڕادەیەک لە خەباتی نهێنیی شاردا گرنگی بەم بوارە دابوو، ژنان و کچان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە خۆڕێکخستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی بەعس و داگیرکاری.

ساڵی ١٩٧٧، وەسفیە بەنی وەیس و ئەندازیار شەونم شێخ محەمەد غەریب باساکی، (ڕێکخراوی ژنان)یان وەک ڕێکخراوێکی سەر بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە سلێمانی دامەزراند.

کەرتی شەهید لەیلا لە سلێمانی و چەندین پۆل و کەرتی ژنانی تر لە شار و شارۆچکەکان و بوونی ژنان بە فراوانی لەناو تەواوی کەرت و پۆل و ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ژنان ئامادەن لە سەختترین قۆناغەکانیشدا سنگی خۆیان بکەنە قەڵغانی بەگژداچوونەوەی ڕژێمی داگیرکەر و باکیان بە گیانبەخشین نەبێت. شاعیری گەورەی کورد، پیرەمێرد-یش، دەڵێت،

تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا

قەڵخانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەکاتێکدا هەموو تێکۆشەرانی خەباتی نهێنی لە شار و شارۆچکەکاندا، بە ژن و پیاوەوە، کە ئاشکرا دەبوون، گرتنیان لە لایەن دوژمنەوە چاوەڕوانکراو بوو. ئەوەی دەگیرا وەک سونبولی پاڵەوانێتی لە زیندان خۆڕاگر دەبوو، ئەوانی تریش بۆ درێژەدان بە خەباتی چەکداری دەهاتنە شاخ. پیاوەکان کێشەیەکیان نەبوو، ئازاد بوون لە هەرکوێ درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بدەن جا لە هەر سنوور و ناوچەیەک بووایە.

بەڵام بۆ کچان و ژنان پلان و بەرنامەی پێشوەخت نەبوو تا کە دێنە دەرەوە بتوانن بەردەوامی بە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتیان بدەن لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دا. دەبوو یان هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڕێیەکی پێشمەرگەیاندا بکەن، یان گەر دەرفەتیان هەبوو، بچنە دەرەوەی وڵات. بەشێک پۆست و جێگەی دیاریکراویان بۆ دیاری کرا، بەتایبەت لە ڕاگەیاندن و ئێزگە و خەستەخانە و شوێنی دیکەدا، ئەویش دوای ئەو کاتەی سەرکردایەتی توانیی لە ساڵی ١٩٧٨دا بنکە و بارەگای خۆی لە ناوزەنگ دابنێ؛ وەکوو تر لەناو مەفرەزەکانی پێشمەرگەدا لە سنوورە جیاجیاکانی کوردستان بنکە و بارەگای پارێزراو نەبوون قۆناغێکی یەکجار سەخت بوو ئامادەکاری بۆ ئەوە نەکرابوو تا لەناو دەستەو مەفرەزەکاندا بتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، لە کاری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتیشدا ژمارەی ژنان زۆر کەم بوو، بەدەگمەن ئەگەر بەرچاو بکەوتایە ژنانیش هاوشانی پیاوەکان ببن بە پێشمەرگە یان فەرماندە و لە سنوورە جیاجیاکاندا وەک فەرماندە پیاوەکان لە جووڵە و چالاکیدا پێشمەرگانەدا بن.

دەیان و سەدان ژنی بەتوانا و ئازا لە شاخ شانبەشانی هاوسەرەکانیان وەک پێشمەرگە سەرباری ئەوەی بەردەوام لەژێر هەڕەشە و پەلاماری دوژمندا بوون، ئەرکی سەرشانیان لە پێشمەرگە سەختر بوو. بەخێوکردنی منداڵ لە دۆخی سەختی بێتوانایی دارایی و نەبوونی دکتۆر و دەرمان، هەروەها لەژێر بۆردومان و هێرشی دوژمندا ئێجگار قورس بوو. لەناو دێهات و کونە ئەشکەوتدا خزمەتی هاوسەر و ئەو میوانە زۆرانەیان دەکرد کە دەهاتنە گوندەکان. خۆ ئەوکات گەر ماڵە پێشمەرگەیەک لە گوندێکدا هەبووایە، ئیتر خۆ پێشمەرگە لە وەخت و ناوەختدا ڕوویان تێ دەکرد و دەبوونە میوانیان و ئەوانیش دەبوو خزمەتیان بکەن. گەر جلوبەرگ، تەڕ و قوڕاویش بوونایە، دەبوو کابانە سەربەرزەکان ئەرکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شتنی جلوبەرگەکانیش لەئەستۆ بگرن، بۆیە دەتوانم بڵێم هەموو ئەو شێرە ژنانە پێشمەرگەی ڕاستەقینەی قۆناغێکی سەختی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمانن.

هەموومان دەمانزانی ژنان لە ڕێکخستنەکانی شاردا زۆر چالاک و نەترسن و ڕۆڵی بەرچاویان لە ئەرکی ڕێکخراوەییدا هەیە. لە خۆپیشاندانەکانی ناوشارەکاندا کچان و ژنان لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بوون و چاونەترسانە بەرەنگاری دوژمن دەبوونەوە؛ بەو هۆیەشەوە تووشی گرتن و ئەشکەنجەی زۆر دەبوونەوە. ژمارەیەکی بەرچاوی ژنان، هەر یەک لە سنووری ناوچەی خۆی، پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە هەبوو. لە سنووری ئێمە لە شارباژێڕ چەندین ژن سەردانی پێشمەرگەیان دەکرد و دەرمان و پێداویستیی زۆر گرنگیان بۆ دەهێنایەن و لە گواستنەوەی چەک و تەقەمەنییشدا بۆ ناوشار ڕۆڵی بەرچاو و ئازایانەیان دەنواند.

زۆرێک لەو ژنانەی ناو ڕێکخستن کە لە چاوی دوژمن ئاشکرا دەبوون و فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەردەچوو، خۆیان دەرباز دەکرد و دەهاتنە دەرەوە. وەک باسم کرد، کە دەهاتن، لە چەند دەزگایەک کاریان دەکرد، ئەمەش هەر دڵخۆشکەر بوو بۆ ئەوکات، بەڵام بەرنامەیەک نەبوو بۆ ئەوەی ژنان لە مەفرەزە و کەرتەکاندا ببن بە پێشمەرگە و ڕێژەی بەشداریکردنیان لە شۆڕشدا زیاتر ببێت. خۆ ژمارەیەکی بەرچاوی ژنان ئامادەییان تێدا بوو شانبەشانی پیاوان کاری ناو جەماوەر و ئەرکی پێشمەرگایەتی سەرکەوتووانە ئەنجام بدەن، بەڵام زۆربەمان بیردەکردنەوەمان بۆ ئەو قۆناغە بەو جۆرە بوو کە چۆن دەبێت ژن لە جەولە و گەڕان و خەوتن لە مزگەوت ماڵەکاندا وەک پیاوان بەشدار بێت.

دەبوو زۆر زیاتر لەسەر مەسەلەی ژن لە شۆڕشدا بنووسم، بەڵام زانیاری و سەرچاوەم لەبەردەستدا نەبوو. ئەوەی نوسیوومە ئەو زانیارییانە بوون کە زیاتر لای خۆم بوون و دەزانم و دڵنیام دەیان و سەدان ژنی فیداکار وەک سەرکردەی هەڵکەوتووی جووڵانەوەی کورد جێپەنجەیان بە هەموو سەرکەوتنەکانی خەباتی چەکداریمانەوە دیارە و وەک سەربازی ون نەتوانراوە مەدالیای باڵای نیشتیمانیان لە یەخە بدرێ.

ئەو کاتانەی سەردانی سەرکردایەتیم دەکرد دەمبینی چەندین ژن لەوێ بوون، بەڵام هێرۆ خان وەک ژنێکی دیاری هەڵکەوتوو، بە ماوەیەکی کەم دوای هاتنەوەی لە ساڵی ١٩٧٩دا، وەک خوشکێکی گەورە و دڵسۆزو ژنە سەرکردەیەکی بەهێز

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگەکان و زۆربەی بەرپرس و فەرماندەکان و خەڵکی سنووری سەرکردایەتی درووست کرد. ئەو بە دەم هەمووانەوە بوو و لێی دەپرسینەوە. دەتوانم بڵێم پردێکی بەهێزی ڕێز و خۆشەویستیی لەنێوان مام جەلال و سەرکردە و فەرماندە سەربازییەکاندا درووست کردبوو، ئەوەش بە ئامانجی گەیاندنی ڕاستییەکان و چارەسەری داوا و کێشەکان- گەر هەبووایە- ئەمە سەرباری تۆمارکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی شۆڕش کە ئەوەش بۆخۆی دەسکەوتێکی مێژووییە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فراوانبوونی ناوچەکانی چالاکی و زەبری پێشمەرگە

لەگەڵ ئەنجامدانی چالاکییە بەزەبر و بەردەوامەکانی پێشمەرگە دژی سوپای داگیرکەر و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی لەناو شارەکان و دەرەوەی شارەکانیشدا، هەر زوو لە چەند سەعاتێکی کەمدا هەواڵ و زانیارییەکان لەسەر زیانەکانی دوژمن دەگەیشتنە تەواوی خەڵک، چوونکە خەڵک زۆر تینووی هەواڵی پێشمەرگە بوون. خۆ ئەو کات هیچ کەرەستەیەکی گەیاندن نەبوو، تەنیا دەماودەم زانیارییەکان وەک برووسکە دەگەیشتنە زۆربەی خەڵک.

لە دووەم ساڵی دەستپێکردنەوەی شۆڕشەوە ئیتر خەڵک دڵنیا بوون پێشمەرگە دەتوانێت بەرگرییان لێ بکات و تۆڵە لە بەعسییەکان و داروودەستەکانیان بکاتەوە. بە دێوێکی تردا، ئەو چالاکییانە ببوونە هەوێن و کەرەستەی گەشەکردن و فراوانبوونی بازنەی جەماوەریی یەکێتی لە تەواوی کوردستاندا.

یەکێتی، هەر لە سەرەتای درووستبوونییەوە، جۆرێک لە ناکۆکی لەنێو خۆی و لایەنەکانی تریشدا لەگەڵ خۆی داهێنابوو. بوونی بەرنامەیەکی هاوبەشی کاری مەیدانی و خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی لەگەڵ لایەنەکان، بەتایبەت قیادەی مۆقەتە، لە ئاستی نەبووندا بوو، تەنانەت هێڵی گشتی ڕێکخستن و هێزو هیچ ئۆرگانێکی نەبوو، بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوەی وڵات و لەیەکەم کۆبونەوەی خۆی لە برادۆست وەک باڵێکی یەکێتی ناوی هێنراو هەر وەک کۆمەڵەو بزوتنەوە لە سەرکردایەتی یەکێتی دا شەش نوێنەریان بۆ دیاری کرا. گەر ئەو کات ڕاستەوخۆ ڕەخنەیەک لەو شێوە دابەشکارییە نەبووبێت، بەگشتی دووربەدوور قسە و ڕەخنەی زۆری لێ دەگیرا. ئەم خاڵە لاوازەی کاری پێکەوەیی ناو یەکێتی لەگەڵ بەهێزبوون و فراوانبوونی پێشمەرگە و بوونی ناوچەی ئازادکراودا زیادی کرد و شێوە نادادپەروەرییەکی لە دابەشکردنی پۆستدا بەدوای خۆیدا هێنا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆر جار لە بەرپرسە باڵا و فەرماندەکانی بزووتنەوەم دەبیست گلەییان هەبوو؛ دەیانگوت گوێیان لێ ناگیرێت و هەقی خۆیان پێ نادرێت، ئیتر ناکۆکی و ململانێ بەردەوامەکانی نێوان بزووتنەوە و یەکێتی گەیشتنە ئەوەی سەرئەنجام جیابوونەوە هاتە گۆڕێ و دواتریش شەڕی خوێناوی لەنێوان ئەم هاوپەیمانێتییەدا هەڵگیرسا و چەند ساڵێک بەردەوام بوو.

لایەنی باشی سیاسەت و ستراتیجی کارکردنی یەکێتی ئەوە بوو شێوازی کاری فرەحیزبی هێنایە ناو خەباتی سیاسیی کوردستانەوە، بەڵام میکانیزمێک بۆ بەردەوامی و گەیشتن بەو ئامانجە نیشتیمانییە نەهاتە دی، تا کار گەیشتە ئەوەی دوژمنی داگیرکەر ئەنفال و کیمابارانی بەسەر گەلی کوردستان هێنا و ئاوارەی ئێران بووین. لە ئێران، دوای ئەنفال، توانرا بەرەی کوردستانی، کە یەکێتی و پارتی و لایەنەکانی تری لەخۆ گرتبوو، درووست بکرێت.

گەرچی لەنێوان بزووتنەوە و کۆمەڵەدا ناکۆکی و جیاوازیی سیاسی و فیکری و پێشمەرگایەتی هەبوو بەڵام لە چوارچێوەی کاری هاوبەش و پێکەوەیی دابووین، لەناو سەرکردەکانی بزووتنەوەشدا ناکۆکی و ئاراستەی سیاسی جیاواز هەبوو. دەستەی دامەزرێنەر لە دەرەوەی وڵات دەیانویست یەکێتی یەکێتییەکی بەهێز بێت، بەڵام بزووتنەوە ناکۆکییەکانی لەگەڵ مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەر نەدەشاردەوە. ئەوەی نەیدەهێشت لە قۆناغێکدا ئەم ناکۆکییانە تەشەنە بکەن، یەکەم: نەبوونی ناوچەیەکی ئازاد. دووەم: بوونی سەرکردەی وەک کاک عەلی عەسکەری لە ئاستی هەرە باڵای بزووتنەوەدا و درندەیی و باڵادەستیی بەعس. بەدیاریکراوی تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ سەرکردایەتیی کۆمەڵە و بزووتنەوە و یەکێتی توانییان لە شێنێ و زەڵێ و گۆڕە شێر و سەر سنوور چەند بنکە و بارەگایەک بۆ پێشمەرگە درووست بکەن، ئیتر دوای بوونی ئەو سنوورە کەمە ئازادکراوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ناکۆکی و ململانێکان زەقتر و قووڵتر بوونەوە، تا ئەوەی بزووتنەوە لە یەکێتی جیا بۆوە.

ڕووخانی شای ئێران و درووستبوونی جمهوریی ئیسلامیی ئێران و هەڵگیرسانی شەڕی عێراق-ئێران هەموویان لە بەرژەوەندیی گەلی کورد بوون. دۆخەکە وای دەخواست کورد خۆی ڕێک بخاتەوە تا سوود و دەستکەوت لەو شەڕ و ناکۆکییەی ئەو دوو وڵاتە ببینێت. بەڵام بە پێچەوانەوە ناکۆکی و ململانێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و شەڕی خوێناویی نێوان لایەنە سیاسییەکان قووڵتر و خوێناویتر سەری هەڵدا. شەڕی ئەم دوو دەوڵەتەش بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی کورد؛ ئێران لەسەر حیسابی کورد ئیمتیازی گەورەی لە شەتولعەرەبدا دەست کەوتبوو، بەڵام دوای ئەوەی عێراق خۆی بەهێز کردەوە، لە ڕێککەوتنەوەی لەگەڵ ئێران پەشیمان بۆوە. بێگومان هۆی دیکەشی هەبوو، وەک ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشایی لە ئێران و هاتنەسەر حوکمی سیستمێکی ئیسلامیی شیعە، کە مەترسی بوو بۆ سەر دەسەڵاتی سونەی عێراق، چوونکە عێراق زیاتر لە نیوەی دانیشتوانەکەی شیعەیە، هەموو سوننەکان، بە هیی کورد و عەرەب و تورکمانەکانیشەوە، کەمێک زیاتر لە نیوەی شیعەکان دەبن، ئەنجامیش سەدام ڕووخا و لە عێراقدا ڕژێمێکی شیعە فەرمانڕەوایی عێراقی گرتە دەست.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاتنەوەی مام جەلال و کاک نەوشیروان

هێز و ڕێکخستنەکانی یەکێتی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردبوو. ساڵێک زیاتر بوو پێشمەرگە لە زۆربەی ناوچەکان بناغەی خۆی داکوتا بوو؛ لە چوارچێوەیەکیشدا بە شێوەیەک ڕێک خرابوون. سەرباری ئەوەی بەعس و سوپا دڕندەکەی هەموو توانایەکی خۆیان خستەکار بۆ شکاندن و لەناوبردنی هێزی پێشمەرگە، بەڵام نەیانتوانی.

گەڕانەوەی کاک نەوشیروان و دواتر مام جەلال لە تەمووزی ساڵی ١٩٧٧دا و دەستپێکردنی کۆبوونەوەکان سەرەتای گەشەی قۆناغێکی تری کاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتیی یەکێتی بوو. لەو کۆبوونەوانەدا نوێنەرانی کۆمەڵە و بزووتنەوە بۆ سەرکرایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دیاری کران، مام جەلالیش وەک سکرتێری یەکێتی دەستنیشان کرا.

هاتنەوەی مام جەلال گڕوتینێکی زیاتری بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی دا و خەڵک و پێشمەرگە لە ڕووی مەعنەوی و دەروونییەوە ورەیان بەرز بۆوە. بەڵام یەکێتی هێشتا لە ڕووی سەرکردایەتیکردنی هێزی پێشمەرگەوە پەرشوبڵاوی زۆری پێوە دیار بوو.

هاتنەوەی مام جەلال و کاک نەوشیروان وەرچەرخانێکی گرنگی مێژوویی بوو بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان؛ وەرچەرخانێک کە ماوەیەکی زۆر بوو هەموو چاوەڕوانیان دەکرد. بە هاتنەوەیان هێزی پێشمەرگە و شۆڕش چەند قۆناغێک چوونە پێشەوە.

هەواڵی هاتنەوەیان بەزوویی بڵاو بۆوە، خەڵک و پێشمەرگە زۆر دڵخۆش بوون کە ئیتر شۆڕش لەوە بەدوا پێی دەنایە قۆناغێکی پێشکەوتووتر. بە هاتنەوەیان زۆربەی سەرکردە و بەشێک لە فەرماندەکانیش بە خۆیان و پێشمەرگەوە بەرەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پیریان چوون و دوای بینینان، لە گەڕانەوەیاندا بۆ ناوچەکانی خۆیان زانیاریی نوێ و هەواڵی خۆشیان بە خەڵک و پێشمەرگەی ناوچەکەیان دەگەیاند.

هەر زوو کۆبوونەوەکان دەستیان پێ کرد. سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری پێک هێنران و هێزی پێشمەرگە لە چەند هەرێمێکدا ڕێک خران، فەرماندە و جێگر بۆ هەرێمەکان دانران و چەندین بڕیاری گرنگی تر دران. ئەم هەنگاوانە هەموو هەنگاوی نوێ بوون و لە بەرژەوەندیی هێزی پێشمەرگە و گەشەی یەکێتی و جووڵانەوەکەدا بوون.

❊❊❊

کۆمەڵە و بزووتنەوە لە زۆر ڕووەوە هێز و مەفرەزەکانیان جیاواز بوون، بۆ نموونە لە ڕووی دیسپلین و پەروەردەی حیزبییەوە تا دەگاتە ئاستی مەرکەزییەت و ملکەچبوون بۆ بڕیارەکانی سەرەرەوەی خۆیان و کار و هەڵسووکەوتی ناو جەماوەر. مەبەستم زیاتر ئەو هێزانەیانە کە لە سنووری سلێمانی بوون.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیدا لە سێ سنووردا مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دیاری کرا؛ کاک ئارام و کاک سالار عەزیز، وەک نوێنەری کۆمەڵە، بوونە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، کاک عەلی عەسکەری و ڕەسوڵ مامەندیش وەک نوێنەری بزووتنەوە بۆ مەکتەب سیاسی. کاک عەلی عەسکەری، سەرباری ئەندامبوونی لە مەکتەبی سیاسیدا، کرایە فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەش.

دوای شەهیدبوونی کاک عەلی عەسکەری، ئیتر بزووتنەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر لە کاری پێکەوەیی لەگەڵ کۆمەڵە و یەکێتی دوور دەکەوتەوە، بەشێوەیەک ئەو دوو لایەنە کەمترین هەماهەنگیان پێکەوە ما، تەنانەت ڕێکخستنەکانیان لە شار و شاخیش، پەیوەندی و هاوکاریی نێوانیان چووە ئاستێکی خراپ، شەڕە قسەی زۆریش لەنێو پێشمەرگە و کادرەکانی هەر دوو لادا درووست ببوو.

زۆرێک لە سەرکردە و فەرماندە و کادرەکانی کۆمەڵە گەنج بوون و ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە سەرکردایەتی و فەرماندەییکردنی هێزی پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوولدا نەبوو؛ وەک سەرکردەکانی لایەنەکانی تر ناسراو و ناوی دیار نەبوون.

سەرکردە و کادر و فەرماندەکانی کۆمەڵە لە ماوەیەکی کەمدا توانا و لێوەشاوەیی خۆیان لە چەند بوارێکدا سەلماندا، بۆ نموونە لە دامەزراندنی یەکێتی لە ناوەوەی وڵاتدا، هەڵگیرسانی شۆڕش، سەرکردایەتی و فیداکاری، شەڕ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن لە شاخ، هەڵوێستی کەموێنە و ئازایەتیی سەرکردە و کادر و ئەندامەکانی لەناو زیندانەکانی بەعسدا، هەروەها کاری ڕێکخراوەیی چاونەترسانەی ئەندام و کادرەکانی لە خەباتی نهێنیی شاریشدا. چالاکیی بوێرانەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کۆمەڵە لە شاردا ئەو ڕاستییەی سەلماند کە سەرکردە و فەرماندە گەنجە خاوەن ئیرادەکان دەتوانن ببنە جێی متمانە و شانازیی میللەتێک. دیاردە باوە نادرووستەکان- ئەوەی دەبێت کوڕی بنەماڵەیەکی دیار، جا ئاغا، شێخ، سەرۆکی عەشرەت و خێڵ بێت، یان ئەوەی لە شۆڕشی ئەیلوولدا فەرماندە و سەرکردەی دیار بووبێت- خرانە لاوە و بەبێ ئەوانەش دەتتوانی پلە و پۆست لەم شۆڕشەدا وەربگری. کۆمەڵە ئەوەی بەتەواوی پێچەوانە کردەوە.

کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی مارکسیی ماندوو دوای گیرانی سکرتێر و زۆربەی سەرکردەکانی، جیابوونەوە و لێکترازان و دوورکەوتنەوەی بەشێک لە کادر و سەرکردە دیارەکانی پێش دەستپێکردنەوەی شۆڕش، لەسێدارەدانی سکرتێر و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی و حوکمدانی چەندین سەرکردە و کادر و ئەندامیشی، فشارێکی زۆری کەوتبووە سەر، بەڵام کاک ئارام وەک سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی بەتوانا لەگەڵ کۆمیتەی هەرێمەکاندا- کاک سالارعەزیز، کاک مەلا بەختیار، کاک ئازاد هەورامی، کاک عەبدولڕەزاق- هەر یەک لە شارێک و پێکەوە توانیان لەسەر ئەو داروپەردووە کۆمەڵە بکەنەوە بەو ڕێکخراوە بەهێز و خاوەن توانا سەربازی و ڕێکخراوەیی و جەماوەرییە گرنگەی لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا لەشکرێکی فراوان لە پێشمەرگە و فەرماندە و ئەندام و کادر و جەماوەر لە ژێر چەتری خۆیدا پەروەردە بکات و بیانکاتە داینەمۆی سەرکەوتن و بەردەوامیی شۆڕش. بەدڵنیاییەوە، گەر کاک ئارام شەهید نەبووایە، کۆمەڵە شتێکی تری لێ دەردەچوو؛ مێژووی یەکێتی و شۆڕشیش بە شێوەیەکی جیاوازتر لە ئێستا دەنووسرایەوە.

کەم نەبوون ئەوانەی لە سەرکردایەتیی یەکێتیدا بڕوایان بەوە هەبوو کە دەکرێت حکومەتی عێراق بەشێک لە داواکانی کورد جێبەجێ بکات، کاتێکیش کە عێراق داوای وەفدێکی لە یەکێتی کردبوو، سەرکردایەتیی یەکێتی لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٧دا کاک عەلی عەسکەریی ناردە بەغدا تا چاوی بە سەدام بکەوێت و هەندێ لەو داواکاریانەی کورد هەیەتی بە سەدام بگەیەنێت. وەفدەکە لە (لۆلان)ەوە بە کۆپتەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕۆیشت. دوای چەند ڕۆژێک، کاک عەلی عەسکەری چاوی بە سەدام کەوت و بێ وەرگرتنی هیچ بەڵێنێک لێی، بۆ نموونە نیازپاکیی سەدام لە ڕاگرتنی ڕاگواستنی دێهاتەکانی سنوور و لای کەم جێبەجێکردنی بەشێک لە داواکانی کورد، بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە گوندی لۆلان. ئەم سەردانە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە بەعس سوورە لەسەر جێبەجێکردنی پلانە مەترسیدارەکانی لەسەر کورد هەر لە ڕاگواستن و بەعەرەبکردنەوە تا بەبەعسیکردن و سڕینەوەی سیما و بوونی کورد لە عێراقدا.

ئەو کات سەدام و بەعسییەکان کورد و جووڵانەوەی گەلی کوردستانیان لە ئاستێکی وادا نەدەبینی کە مەترسی بێت بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان، کورد و یەکێتی و هێزی پێشمەرگە لە دۆخێکی ئەوتۆدا نەبوون کاریگەریی سیاسی، سەربازی و جەماوەری لەسەر پێگەی بەعس درووست بکەن، لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە، کورد خۆی پەرشوبڵاو بوو؛ هەر حیزب و لایەنەی لە ئاوازێک دەیخوێند و سەرقاڵی ئێسکشکاندنی یەکتر بوون.

ئەوەندە نەبوو شۆڕشی گەورەی ئەیلوول تێکشکابوو، دەیان هەزار پێشمەرگە سەنگەرەکانیان چۆڵ کردبوو، بەعس لەوپەڕی غروور و لووتبەرزی و بێمنەتیدا بوو، بۆیە زۆربەی سەرکردە و کادرەکان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم لەو دۆخەدا هەر چاوەڕوانی ئەوەیان لە سەدام دەکرد داوای چەکدانان و خۆبەدەستەوەدان لە کورد بکات.

کۆمەڵە و بزووتنەوە ڕێکخستنی تایبەت بە خۆیان لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا هەبوو، بەڵام خەتی گشتی هیچ یەکێک لەوانەیان نەبوو، ئەوەش بۆ خۆی باسی دوورودرێژی دەوێت و ئێرە بۆ ئەو باسە بە گونجاو نازانم.

لەو کۆبوونەوانەدا کە لە برادۆست کران هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی باشتر لە چوارچێوەی هەشت هەرێمدا ڕێک خرا؛ هەر هەرێمێک سنوورێکی فراوانی بەرپرسیارێتیی سەربازی و جەماوەری و سیاسی و چالاکی بۆ دیاری کرا، فەرماندەکانیش بەم جۆرەی خوارەوە دەستنیشان کران: چوار هەرێم بۆ کۆمەڵە و سێ هەرێم بۆ بزووتنەوە، هەرێمی بادینانیش بۆ خەتی گشتی:

١. بادینان، بە فەرماندەیی حوسێن بابە شێخ/ خەتی گشتی،

٢. هەرێمی پێنجوێن و هەورامان بە فەرماندەیی ملازم تایەر عەلی والی بەگ/ بزووتنەوە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣. هەرێمی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی سەید کاکە/ بزووتنەوە،

٤. هەرێمی شارباژێر (سلێمانی) بە فەرماندەیی کاک نەوشیروان/ کۆمەڵە،

٥. هەرێمی کەرکووک بە فەرماندەیی ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان/ کۆمەڵە،

٦. هەرێمی قەرەداغ بە فەرماندەیی ملازم عومەر/ کۆمەڵە،

٧. هەرێمی خۆشناوەتی بە فەرماندەیی سەعدی عەزیز (سەعدی گچکە)/ بزووتنەوە.

٨. هەرێمی پشدەر بە فەرماندەیی مامۆستا تالیب ڕۆستەم/ کۆمەڵە.

کاک عەلی عەسکەری کرایە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە. ئەم چوارچێوە سەربازییە نوێیە هەنگاوێکی پێوست و گرنگ بوو تا هێزی پێشمەرگە لەژێر دەسەڵاتی ناوەندێکی سەربازیدا فەرمان وەربگرێت، بەڵام چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ بادینان و ڕوودانی کارەساتی هەکاری زۆربەی بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەی بەعەمەلی لە مەیداندا تێک دا و وای کرد ڕەنگدانەوەیان تەمەنکورت بێت.

بێگومان لەناو هێزی پێشمەرگەدا گرفت و کێشە زۆر بوون، بەتایبەت لەنێوان مەفرەزە و کەرتەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوەدا، ئەمەش بۆ فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە ئەرکێکی قورس بوو. دەبوو هەنگاو بە هەنگاو چارەسەریان بکات، بەڵام کارەساتی هەکاری و شەهیدبوونی کاک عەلی عەسکەری ئەو بەرنامەیەی یەکێتیی کۆتایی پێ هێنا.

دوای درووستکردنی هەرێمەکان، هەر هەرێمێک بەسەر چەند یەکەیەکی سەربازی بچووکتر- کەرت-دا بۆ سنوورێکی جوگرافیی بچووکتر لە سنووری هەرێمەکەدا دابەش کران. هەر کەرتێک لە چەند مەفرەزە و هەر مەفرەزەیەکیش لە یەک بۆ سێ دەستە پێک دەهاتن. هەرێم بۆ سنوورێکی جوگرافیی دیاریکراو درووست دەکرا، وەک سنووری قەزایەکی گەورەی وەک پشدەر یان لەسەر ئاستی پارێزگایەکی وەک کەرکووک. مەرج نەبوو ژمارەی پێشمەرگەکانی زۆر یان دیاریکراو بێت، هەر لە چوارچێوەی ئەو هەرێمەشدا کاروباری سەربازی و سیاسی و دارایی و کۆمەڵایەتی خۆی ئەنجام دەدا. بۆ چالاکیی پێشمەرگانە و پەلاماردانی دوژمن فەرماندەکان سەرپشک کرابوون بچنە ناوچەکانی یەکترییەوە. هاوکاری یەکتر دەبوون بۆ ئەنجامدانی هەر چالاکییەک دژی دوژمن، بەڵام گەر فەرماندەیەک لە دەرەوەی سنووری خۆی سزای کەسێکی بدایە- جا کەسەکە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هـەر کارێکـی کردبووایـە- ڕێگەپێدراو نەبـوو. هەنـدێ جـار دەبـووە کێشـەی نێـوان دوو فەرماندەی سنووره جیاوازەکان، تەنانـەت گـەر هـەر دوو فەرماندەکـەش سـەر بـە یـەک ڕێکخـراو بوونایـە.

دابەشـکردنی هەرێمـەکان بـەو جـۆرە، بەهـۆی فراوانـی و گـەورەیی سـنوورەکەوە گرفتـی پەیوەندیـی لەنێوانیانـدا هەرێمەکانـدا درووسـت کـرد. مەفـرەزە و کەرتەکانـی سـنووری هەرێمـەکان لەیەکتـرەوە دوور بـوون و کاروبـاری ئیداری و گۆڕینـەوەی زانیاریی بەئاسـانی ئەنجـام نـەدەدرا. فەرماندەی هەرێمەکە کەمتر ئاگاداری کـەرت و مەفرەزەکانی ژێر دەسـەڵاتی بـوو، هیـچ ئامرازێکـی پەیوەندیکردنیش لەبەردەسـتدا نەبـوو- ئێمـە چەکمـان بەزەحمـەت دەسـت دەکـەوت، چ جـای بێتـەل و ئامـرازی پەیوەندیکـردن- بۆیـە پێشـمەرگە و فەرمانـدەکان بەزەحمـەت دەسـتمان بەیـەک دەگەیشـت و زۆر ئـاگاداری یەکتـر نەبووین. بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی بـە کەرتێـک یـان مەفرەزەیەکـەوە بکەیـت، دەبـوو نامـە بنووسـی و بـە پێشـمەرگەیەکدا ڕەوانـەی بکەیت، ئینجـا ئەویش بڕوا و بیاندۆزێتـەوە. تـا دەڕۆیشـت و دەهاتـەوە کاتـی زۆر دەویسـت. هەبـوو شـەو و ڕۆژێکـی پـێ دەچـوو، ئەمـەش بـۆ کاروبـاری سـەربازی و شـەڕ و ڕووبەبوونـەوەی دووژمـن ماوەیەکـی کـەم نەبـوو. لە پرسـە سـەربازییەکاندا کات زۆر گرنگـە و دەبێـت هەمیشـە لـە کـاری سیاسـی و سـەربازیدا حیسـابی وردی بـۆ بکرێت. ئێزگـەی دەنگـی گەلـی کوردسـتان، کـە لـە ١٩٧٩/٣/٢١دا کەوتـە کـار، بـووە ناوەندێکـی پەیوەندیـی نێـوان سـەرکردایەتیی هەرێمـەکان لـە لایـەک و هەرێـم و کەرتـەکان لـە لایەکـی تـر، ئـەوەش بـە هـۆی گەیاندنـی جفـرەکان بـە هێـز و مەفـرەزەکان. ئـەم تاکتیکـە تـا درووسـتکردنی تیپـەکان بەردەوامـی بـوو.

کـەرت و مەفرەزەکانمـان بەبەردەوامـی لـە فراوانبـوون گەشەسـەندندا بـوون؛ پێشـمەرگەیەک شـەهید دەبـوو، بەدوایـدا گەنجـی خوێنگـەرم دەهاتـن و دەبوونـە پێشـمەرگە، بەمـەش بەزوویـی جێـی شـەهیدەکان پـڕ دەبـۆوە و پێشـمەرگە زیاتـر گەشـەی دەکـرد، بـە مانایەکـی تـر، هـەر پێشـمەرگەیەک شـەهید دەبـوو، خوێنـی شـەهیدەکان دەبوونـە هانـدەر و بەرزبوونـەوەی ڕق و تۆڵەکردنـەوە لـە داگیرکـەر و سـەنگەری شـەهید بـە چۆڵـی نەدەمایـەوە.

چالاکییەکانی پێشمەرگە زیادیان کرد، کە هێزیشمان زیادی کرد، تاکتیکی پێشمەرگە گۆڕا. ئەم جارە لەبری خۆحەشاردان لە ترسی پەلامارە کتوپڕەکانی سوپای داگیرکەر،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆمان مەفرەزەمان دەردەکرد و دەچووین و لەنزیکەوە لە ناوجەرگەی دەسەلاتی دوژمندا زەبری توندمان لە جەیش و بەکرێگیراوەکانی دەدا. چالاکیی زۆری پێشمەرگە لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و ناوچەکانی تری کوردستان، شەڕی قورس ڕووبەڕووبونەوەی بەردەوام لەگەڵ دوژمن و شەهیدبوونی چەندین کادر و فەرماندە و پێشمەرگە، ناو و ناوبانگی پێشمەرگەکان و یەکێتییان گەیاندە بووە ئاستێکی بالای شانازی لای تاکی کورد و خەڵکی کوردستان. خەڵک ئومێدی بۆ گەڕایەوە، تەنانەت سەرباز و جاش و بەکرێگیراوان زۆر دەترسان و بێورەییان لێ دەباری. زۆریان بەناڕاستەخۆ جۆرێک لە پەیوەندییان پێمانەوە کردبوو. دوژمن پارە و ئیمتیازی زیاتری بۆ کەسانی خۆفرۆش هەڵڕشت و تەواو دەستی والا کرد بۆ ئەوانەی دەبنە جاش و بەعسی و ئەمن و ئیستیخبارات، بەشێوەیەک بازاڕی خۆفرۆشتن بە بەعس و داگیرکەر زیندوو بۆوە، دەیان مەفرەزەی جاشی تایبەت و فەوجی خەفیفە بۆ پەلاماردانی پێشمەرگە دروست کران؛ ڕۆژ بەڕۆژیش زیادیان دەکرد. جاشێتی گەیشتە قۆناغێک کە ئیتر زۆرێک شەرمیان لە هەڵگرتنی چەکی جاشێتی و خۆفرۆشن بە دوژمن نەدەکرد. بەعس بەم هەنگاوە شکستخواردووەشی نەیتوانی ڕێ لە گەشە و فراوانبوون و بەهێزبوونی هێزی پێشمەرگە بگرێت؛ بە پێچەوانەوە پێشمەرگە ڕۆژ دوای ڕۆژ ناوچەی فراوانی زیاتر دەبوو.

بەعس لە دوای ئەو هەموو پەلامارە فراوانەی جەیش و جاشەکانی و سەرەڕای خستنەکاری ئەو هەموو دامودەزگا سەرکوتکەر و جاسووسی و کوشتن و بڕین و تۆقاندنەی هاووڵاتیان و خەرجکردنی سامانێکی بێئەندازەی دارایی و مرۆیی و سەربازی، دەرکەوت نەک ناتوانێت جووڵانەوەی کورد لەناو بەرێت، بەڵکووڕۆژ دوای ڕۆژ زیانە قورسە گیانی و ئابووری و مەعنەوییەکانی ڕوویان لە هەڵکشان کرد.

گەنجان لە شار و دێهاتەکانەوە بەبەردەوامی پەیوەندییان بە مەفرەزەکانەوە دەکرد و دەبوونە پێشمەرگە، بوون بە پێشمەرگە لەو قۆناغەدا مانای بەخشینی گیان و سەروماڵ و خانەوادە بوو بە کورد و بە جووڵانەوەی کورد، چوونکە بەعسییەکان بە بوونی پێشمەرگەیەک لە هەر خێزانێکدا، خێزانەکەیان وێران دەکرد و وایان لێ دەکرد کەسیان بە تەمای ژیانی خۆیان نەبن.

لەهەر چالاکییەکی پێشمەرگانەو ڕووبەڕووبونەوەکان لەگەڵ دوژمن دا، هێندەی تر بەعس و جەیشەکەی هار و دڕندەتر دەبوون و ئیتر دەستیان لە هیچ شتێک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەدەپاراست و تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسووتاند؛ تۆڵەی زیانەکانیان لە هاووڵاتیان دەکردەوە و جیاوازییان نەدەکرد لە نێوان پێشمەرگە و هاووڵاتی و تەنانەت ئاژەڵ و دار و بەرددا و هەموویانیان پێکەوە دەسووتاند.

تەسلیم بوونەوە لە ناوچەی شارباژێڕ و قەرەداغ و شارەزوور و هەورامان، کە زۆربەی پێشمەرگە و فەرماندەکانیان کۆمەڵە بوون، بە بەراورد بە ناوچە و شوێنەکانی تر، کەمتر بوو. فەرماندە و پێشمەرگەکانی ناوچەی شلێری بزووتنەوە و پێشمەرگە و فەرماندەکانی کۆمەڵەش بەشێکی زۆر کەمیان تەسلیم بوونەوە.

ڕێکخستنی کۆمەڵە لەناو شاری پێنجوێن و دێهاتەکانی شلێر تۆکمە و فراوان بوو. ڕۆڵی کاک بەکری حاجی سەفەر وەک سەرکردەیەکی متمانەپێکراوی ناو خەڵک هێز و گڕوتینی زیاتری بە خەڵک بەخشی بوو؛ هانیشی دەدان لەناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا خۆیان ڕێک بخەن. مەفرەزەی قیادەی مۆقەتە لە ناوچەکە هەبوون بەڵام دواتر لەگەڵ درووستکردنی هەرێمەکاندا تەسلیم بوونەوە، ملازم تایەر عەلی والی کرا بە فەرماندەی هەرێمی پێنجوێن. چەند جارێک لە شارباژێڕ و شلێر دەمانبینی و جۆرێک لە ناسیاوی و پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبوو. کەسایەتییەکی سادە و لەسەرخۆ و فەرماندەیەکی بەئەزموون و ئازا و خۆشەویستی ناو پێشمەرگە خەڵک بوو. هەرگیز کارێکی وای نەکردووە دڵی هاووڵاتییەک برەنجێنێت. چەندین فەرماندەی سەربازی لە هەرێمەکەدا بوون، نموونەی ڕەئووف بەگ کە سەرکردەیەکی دیار و قارەمانی هەرێمەکەو ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوە بوو، فەرماندەیەکی ڕەوشتبەرز و لەناو جەماوەریشدا خۆشەویست بوو، لە ئەرکی پێشمەرگانەدا گورجوگۆڵ و بەئەزموون بوو؛ شارەزای زۆری بواری سەربازیی هەبوو. جگە لە خۆی، برا و چەندین ئامۆزا و خزمیشی هاتبوونە دەرەوە بۆناو شۆڕش و پلەی جیاجیای سیاسی و پێشمەرگایەتیان هەبوو. بەشداریکردنی بنەماڵەی ملازم تایەر و ڕەئووف بەگ لەو ڕۆژگارە سەخت و دژوارەدا کاریگەریی ئەرێنی هەبوو، هاندانێکی گەورە بوو بۆ دانیشتووانی ناوچەکەی خۆیان و دەوروپشت و خەڵکانی تریش. لە ڕۆژگارێکدا بووین زۆری خەڵک دەیانگوت، "ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە" یان "دەست بە کڵاوەکەتەوە بگرە با با نەیبا". ئەم پەند و قسانە هەمووی بۆ خۆدزینەوە و خۆدوورگرتن بوون لە مەیدانی خەبات و فیداکاری و پشتیوانیکردنی کورد و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جووڵانەوەکەی، بەڵام ئەم بنەماڵەیە، وەک چەندین بنەماڵەی شۆڕشگێڕی تر، بە تەواوی ئەوانەوە کە توانای پێشمەرگایەتیان هەبوو، هاتبوونە دەرەوە و بێباک بوون لە هەڕەشەوگوڕەشەی بەعس.

ڕەئووف بەگ لە ناوەڕاستی مانگەکانی ساڵی ١٩٧٨دا لە شەڕەکانی هەکاری، کە لەنێوان هێزی پێشمەرگە و خێڵەکانی ناوچەکە و قیادەی مۆقەتەدا ڕوویان دا، بە سەختیی بریندار دەبێت و بە برینداری دەکەوێتە دەست هێزەکانی سوپای تورک و دەگاتە کاروانی نەمران. لەو شەڕەدا بەشێکی بەرچاوی سەرکردەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست، وەک کاک عەلی عەسکەری و کاک دکتۆر خالید، کە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەکە بوون، لەگەڵ کاک شێخ حوسێن بابە شێخ لە هێڵی گشتی، شەهید دەبن و ژمارەیەکی زۆری فەرماندەکان دەکەونە دەستی قیادەی مۆقەتە. زۆرێک شەهید یان بریندار دەبن و بەگشتی هێزەکە تەفروتونا دەبێت.

ئەم کارەساتە زۆری لەسەر گوتراوە و نووسراوە؛ لێرەدا هەر چی بڵێم دووبارەکردنەوەی ئەوانەی پێشووە، بەڵام ئەو لایەنەی کە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت دوای ئەم کارەساتەیە، بە مانایەکی تر ناکۆکیی نێوان بزووتنەوە و یەکێتی و بەدیاریکراوی بزووتنەوە لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی و سکرتێری یەکێتی قووڵتر بۆوە، تا لە کۆتاییدا و لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩دا، بزووتنەوە لە یەکێتی جیا بۆوە. ئەوە زەبرێکی کاریگەر و کوشندە بوو بەر یەکێتی و هێزی پێشمەرگە و جووڵانەوەکە کەوت. سەرەتا بزووتنەوە لەگەڵ دکتۆر مەحموود یەکیان گرت و دواتر لەگەڵ پارتی و حیزبی شیوعی و پێکەوە هاوپەیمانێتییان درووست کرد. ئەم هاوکێشە نوێیە بووە سەرەتای هەڵگیرسان و درووستبوونی شەڕێکی خوێناویی براکوژیی نێوان بزووتنەوە و یەکێتی و دواتریش جود[1] و شەڕەکەش چەند ساڵێکی خایاند.

***

١ 'جەبهەی وەتەنیی دیموکراتی'. بەرەیەک بوو لە پارتی و شیوعی و حیزبی سۆسیالیست و دواتر پاسۆک و پارتی گەل بوونە ئەندامی جەبهەکە، بەرانبەر یەکێتی شەڕیان دەکرد. یەکێتیی بەرەی خۆی ناونابوو 'جوقد- جەبهەی وەتەنیی قەومیی دیموکراتی' کە پێک هاتبوو لە یەکێتی و چەند حیزبێکی عەرەبیی عێراقی. پێشتر (حسک)یشی تێدا بوو هەر زوو ئەوەی لە دیمەشق ئیمزاکرا لە لایەن دکتۆر مەحمود عوسمان کە نوێنەریان بوو سەکردایەتی سۆسیالیست لەو ئیمزایە پاشگەز بوونەوە لەگەڵ پارتی دیموکرات کوردستان و حیزبی شیوعی بەرەی جودیان درووست کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێمان خۆش بوو کاک نەوشیروان وەک فەرماندەی هەرێمی شارباژێڕ دەستنیشان کرابوو. ناوچەی شارباژێڕ ناوچەیەکی گرنگ بوو؛ هێزی پێشمەرگەی سنوورەکە چەندایەتییەکی بە ژمارە زۆر و بەهێز بوون و کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە لەلایەن هەر هێزێکەوە بۆ خۆی کلیلێک بوو لەو قۆناغەدا شاری سلێمانییشی دەدایە دەستت.

بوونی کێشە لەناو هێزەکانی یەکێتیدا لەم سنووره هەستیار بوو، دەبوو هەرچی زووە چارەسەر بکرێن. بڕیار بوو کاک ئارام بێت- پێشتر هۆکارەکەیم باس کرد- بەڵام ڕێک نەکەوت و نەهات، بەو هۆیەوە لێپێچینەوە لە هەندێک و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی کۆمەڵە دواکەوت، بۆیە هاتنی فەرماندەی هەرێم بۆ سنوورەکە دەرفەتێک بوو تا ئەو ئەرکە جێبەجێ بکرێت. بە مانایەکی تر، سنووری شارباژێڕ کێشەی زۆری تێدا بوو؛ بەشێک لە کێشەکان پەیوەست بوون بە مەفرەزەکانی عەبدولمەلیک و ستارەوە، بەشێکیشیان پەیوەست بوون بە پێشمەرگە و فەرماندەکانی ناوچەکەوە، کە یەکێتی بوون. ناوچەکە بۆ خۆشی بەو هەموو گوند و خەڵکە باش و دڵسۆزەوە گرنگیی لەڕادەبەدەری بۆ پێشمەرگە هەبوو.

ساڵی ١٩٨٠، هەرێمی ٩ی بەمۆ بە ناوی 'شاخی بەمۆ'وە دامەزرێنرا. سنووری هەرێمەکە نێوان چیای زمناکۆ و خانەقین بوو. کاک شەوکەتی حاجی موشیر کرا بە فەرماندەی هەرێمەکە و سەلاحی موهەندیس بووە جێگری. ناوچەی بەمۆ ناوچەیەکی سەخت بوو؛ زۆربەی دانیشتووانی گوندەکانی لە گوندەکانی خۆیان دەربەدەر کرابوون ئاوارەی ئێران ببوون، لە ئێرانیش، بە هەمان شێوەی بەعس، سیاسەتی شای ئێرانیش ئەوە بوو کە هەر خێزان و دوو خێزانی فڕێ دابووە شارێک و وەک ئاردی ناو دڕکی لێ کردبوون. بەعس لە باشوور و ناوچەکانی دیکەوە عەرەبیان بۆ هێنرابوو؛ ناوچەکەیان بە عەرەب کردبوو، سنوورێکی فراوان و جێی چالاکی بوو. نەتوانرا هەرێمەکە لە ناوچەکەدا جێگیر ببێت، ئەوەش زیاتر لەبەر دووری و دابڕاویی سنوورەکە بوو. فەرماندەی هەرێم و جێگر و ئەو هێزەی ناویان لێ نرابوو 'هەرێمی بەمۆ' زیاتر لە گوندەکانی دەوری هەڵەبجە جەولەیان دەکرد. کاک حەمەی تەیب هاوڕێی نزیکی سەلاح بوو؛ لە زۆربەی ژیانی پێشمەرگایەتییاندا پێکەوە بوون. کاک حەمەی تەیب و کاک شەوکەتی حاجی موشیر ماوەیەک پێکەوە جەولە دەکەن تا کاک شەوکەت شوێنەکانی پێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نیشان بدات. شەو بۆ هەر کوێ دەچن و دەجووڵێن، کاک حەمە لەدوای کاک شەوکەتەوەو کورد ووتەنی بە بست لێی دورناکەوێتەوە، کاک شەوکەت دەکەوێتە شکەوە و پێی دەڵێ، "بۆچی تۆ هەر بەدوای منەوەی؟" کاک حەمەش دەڵێ، "هەنگاوم لە جێی هەنگاوت دادەنێم تا خەیاڵ نەکەی لەم دووری و نەشارەزاییە تووشی بەلایەک ببین و لەکۆڵت ببینەوە." ئەم قسانەی کاک حەمە هەر بۆ خۆشی و خۆشکردنی جەوی برایانەیان بوو.

کاک سەلاحی موهەندیس و کاک حەمەی تەیب دوو هاورێی پێشمەرگایەتیم بوون؛ دوو فەرماندە و تێکۆشەری پشوودرێژ بوون. ماوەیەکی زۆر لە گەڕان و جەولەکردن پێکەوە بووین. سێ برای کاک حەمە پێشمەرگە بوون، یەکێکیان ناوی کاک 'مەحموودی تەیب' بوو، لەگەڵ کاک غەریبی خولەی ئەمینی بووک لە بۆسەیەکی دوژمندا لە سەرەتای ١٩٧٧دا لە نێوان قڕگەو وێڵەدەر دەکەونە کەمینی دووژمن و کاک مەحمود بە برینداری و سێ فیشەکی پێوە دەبێت و دەگیرێن و لە زیندانیش نموونەی خۆڕاگری بوون. دواجار هەردووکیان لە زیندانی لە ٧ / تەموزی ١٩٧٧دا لە قەسابخانەکەی موسڵ لەگەڵ ٩ تێکۆشەرو شۆڕشگێڕی کوردا لەسێدارە دران و چونە کاروانی شەهیدانەوە.

دواتر کاک سەلاحی موهەندیس کرایە فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون. کاک سەلاح یەکێک بوو لە فەرماندە سەربازییە ئازا و چالاکەکانی کۆمەڵە و یەکێتی. لە ٢٥/ ١٩٨٢/٧ لە دۆڵی جافەتی لە شەڕی چەکدارانی لەشکری ئیسلامی شەهید بوو.

ڕێکخستنەکان لە گوند و شار و شارۆچکەکاندا تا دەهات فراوانتر دەبوون. زۆرجار لە دۆست و خەڵکی باش و دڵسۆز هەندێک پارەیان بۆ کۆ دەکردینەوە تا ئەگەر پێشمەرگەکان پێویستییەکی سەرەتاییان هەبوو، پێی دابین بکەین وەک جلوبەرگ و پێڵاو و قەمسەڵە و داوودەرمانی پێ پەیدا بکەین خۆ شتێک بە ناوی مووچەوە نەبوو. بەکورتی، توێژێکی دیاریکراو لە شار و شارۆچکەکان و دانیشتووانی گوندەکان بەگشتی هاوکار و یارمەتیدەری بێسنووری پێشمەرگە بوون و سەروماڵیان دەبەخشی بە شۆڕش و دریغییان نەدەکرد.

پێشمەرگە کە ئەم هەموو پشتیوانییە زۆرەی لەو خەڵکەوە دەبینی هێندەی تر هێز و وزە توانای زیادی دەکرد و ڕووحی فیداکاری و پشوودرێژیی دەگەیشتە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئاستی بالا. زۆر لە پێشمەرگەکان وێنەی خۆیان دیاری دەکرد و دەیانگوت، "کە شەهید بووم، ئەم وێنەیەم بۆ بکەن بە پۆستەر."

***

لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ناو گوندەکاندا، لەو سەیتەرانەشدا کە لەسەر شەقامە سەرەکییەکانی نێوان شارەکاندا دامانەدەنان، قسەمان بۆ خەڵک دەکرد. بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو خەڵک بزانن پێشمەرگە جووڵە و چالاکی و هێزی هەیە. لەڕێگەی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییانەوە پەیامی خۆمان و هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگە و ڕووی دزێوی سیاسەتی داگیرکاری و دڕندانەی بەعسمان دەگەیاندە جەماوەر، ئەمەش ڕەنگدانەوە و کاریگەری باشی لەناو خەڵکدا هەبوو.

هەر زوو خەڵکی ناوچەکە ئەو ڕاستییەیان لەسەر پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆ ڕوون بۆوە کە پێشمەرگەکانی یەکێتی لە ڕەفتار و قسەکردن و هەڵسوکەوتدا جیاوازن. هۆکاری ئەمە ئەوە بوو لەناو ئێمە بەردەوام ڕۆژانە ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن هەبوو، بە تایبەتیش لەناو مەفرەزە و کەرتەکانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا کە خاوەن دیسپلینێکی ڕێکخراوەیی و سەربازیی توندوتۆڵ بووین. لێپرسینەوە هەموو ئاستەکانی دەگرتەوە، کەسی لێ بەدەر نەبوو؛ هەر کەسێک لە هەر پۆستێکدا بووایە و هەڵەی بکردایە، ئامۆژگاری دەکرا، لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرا و ڕەخنەی زۆری لێ دەگیرا؛ هەندێک جار سزای پێویستیش دەدرا. ئیدی سەرپێچی و هەڵەی فەرماندە و پێشمەرگەکان لە شوێن و ناوچەیەک و لە قۆناغە یەکلەدواییەکانی هەڵکشان و بوونی ناوچەی ئازاد و دەسەڵاتی فەرماندەکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات، هەندێ جاریش نەدەکرا.

بەردەوام لە کۆبوونەوە گشتییەکانماندا لەگەڵ دانیشتووانی گوندەکان یەکێک لەو داوایەمان لە ڕێکخستنەکان و خەڵک دەکردەوە گەر هەر کادر و فەرماندە و پێشمەرگەیەکی ئێمە هەڵەیەک یان ڕەفتارێکی ناشایستەی کرد، بەزوویی ئاگادارمان بکەنەوە. وای لێ هات خەڵکی دڵسۆز بچووکترین هەڵەیان لە هەر کەسێکی ئێمە یان لایەنەکانی تر ببینایە ڕاستەوخۆ ئاگاداریان دەکردین. کۆمەڵە چاوپۆشی لە هەڵەکان نەدەکرد و لێپێچینەوەی پێویستی بەرانبەر دەکردن، جەماوەریش ڕاستیی ئەم بەڵێنانەی بە کردەوە دەبینیەوە ئەمەش متمانە و دڵنیایی زیاتری لەنێوان خەڵک و پێشمەرگەدا درووست دەکرد. ئاستی خۆشەویستی و بڕوابوونیان پێمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زیاتر و زیاتر دەبوو. من باسی دوو یان سێ ساڵی یەکەمی شۆڕش دەکەم بێگومان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەکی تر تا ڕادەیەک ئاستی پەیوەست بوون بەم بنەمایانەوە جیاواز بوو، دواتریش لای بەشێکی زۆری سەرکردە و فەرماندە و کادر و پێشمەرگەکان بەردەوامی هەبوو. ئەم سیاسەتە ڕوون و ئاڕاستەکراوە بە لای منەوە سەردەمێکی نموونەیی خوڵقاندبوو بەتایبەت بۆ گەشەکردنی کۆمەڵە لەڕووی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی و جەماوەرییەوە.

***

خەڵک حەزیان لێ بوو هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگەی ناوچەکانی تر یان هەر هەواڵێک چ لەسەر ڕژێم و تاوانەکانی بێت یان پەیوەست بە کورد و جووڵانەوەکەیەوە یان لەسەر پەیوەندیی نێوان یەکێتی و پارتی بە دیاریکراوی بزانن. لە هەواڵ و دەنگوباسی عێراق و ناوچەکە و دنیادا ناوی کورد نەدەهێنرا. یەکێتی خۆیشی لە ساڵی یەکەمی دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا لە ناوخۆی کوردستاندا ڕادیۆ، یان بڵاوکراوەیەکی مانگانە یان وەرزیی نەبوو تا هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگە بەشێوەیەکی نووسراو بە هێزی پێشمەرگە و خەڵک بگەیێنێت و بیانکاتە دۆکۆمێنت، لەجێی ئەوە، زیاتر بە نامە و دەماودەم پێمان دەگەیشت و ئێمەش لە کۆبوونەوەماندا لەگەڵ گوندنشینەکان هەواڵ و زانیارییەکانی پەیوەست بە شۆڕش و پێشمەرگە و سەرکردایەتیمان باس دەکرد. هەر کات لە هەر گوندێک داوای کۆبوونەوەمان کردبێت، زۆربەی زۆری دانیشتووانی گوندەکە لە مزگەوتی دێیەکە ئامادە دەبوون.

لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٨وە *هەواڵنامەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان* بڵاو کرایەوە. هەواڵنامەکە زانیاریی زۆر و هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگەی ناوچەکان و بابەتی تری تێدا بوو. سوودی زۆرمان لێ وەردەگرت، بەتایبەت لەکاتێکدا بەزەحمەت هەواڵ و زانیاری بڵاو دەکرایەوە و دەکەوتە دەستی پێشمەرگە و ڕێکخستن و خەڵک. کادر و فەرماندەکان دەیانتوانی بابەتی ناو هەواڵنامەکە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ خەڵک باس بکەن. بێگومان ئەم کۆبوونەوانەش بۆ خۆیان نێوانی پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکانی پتەوتر و خۆشتر دەکرد.

وەک پێشتر باسم کرد، هەر دەستە و مەفرەزە و کەرتێک ڕابەری سیاسیی خۆی هەبوو، بەڵام وەک کاک عوسمانی قادر منەوەر بۆ خۆشی دەیگوت،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"مەفـرەزە و كەرتــەكان بەدەسـت ڕابــەر سیاسـییەكەوە گیریــان خــواردووە." بـۆ نەگبەتـی دوو ڕابـەر سیاسـیان بـۆ مەفرەزەكـەی مـن دانابـوو؛ یەكیـان بـە لایەكـدا دەڕۆیشـت، ئـەوی تـر دەمایـەوە. تـەواو بـەوە نارەحـەت ببـوو، حـەزی دەكـرد جـار جـار ڕابـەر سیاسـیی مەفرەزەكـەی بـە لایەكـدا بـڕوات و بـۆ خـۆی هەناسـەیەك بـدات و ئەوەنـدە ڕەخنـەی لـیٚ نەگـرن. هـاواری لـیٚ هەسـتابوو دەیـوت كـە هـەژار دەڕوات، جوتیـار لەجێـی خـۆی دادەنـیٚ.

ڕۆژێكیـان خاڵـە عەفـان لەگـەڵ (هـەژار)دا، كـە ڕابـەر سیاسـیی كەرتەكـەی بـوو، بـە یاوەریـی لەگـەڵ مەفرەزەكەیدا لـە شـارباژێری تەخـت كۆبوونـەوە بـە دێهاتـەكان دەكـەن. لـە گونـدی نۆدیٚ لەگـەڵ گوندنیشینەكاندا كـۆ دەبنـەوە. هەژار باسـی شـۆڕش و پێشـمەرگە و تاوانەكانـی بەعـس دەكات و كۆبوونـەوە بەباشـی بەڕێـوە دەچێـت، بەدرێژیـی قسـە دەكات و هەرچـی بابەتێـك لـەو ڕۆژەدا هەبـووە، هەمـووی بـۆ ئـەو خەڵكـە بـاس دەكات. بەكورتـی، هیـچ بـۆ خاڵـە عەفـان ناهێڵێتـەوە باسـی بـكات، ئینجـا خەڵكەكـە داوا لـە خـاڵ عەفـان دەكـەن ئەویـش هەندێـك قسـەیان بـۆ بـكات، خاڵـە عەفـان تەماشـا دەكات هیچیـان بـۆ نەهێشـتۆتەوە باسـی بـكات- دەشـبوو شـتێك هـەر بڵێـت- بۆیـە دەسـت دەكات بـە باسـكردنی زەرەر و زیانەكانـی داربڕیـن، بەتایبەتـی دارە سـەوزەكان و داری تـەڕ، كـە پێشـمەرگە سـوودی زۆری لـیٚ وەردەگـریٚ بـۆ خۆحەشـاردان لـە چـاوی سـوپا و كۆپتەرەكانـی دوژمـن. بۆیـە دەڵێـت بـە هەمـوو شێوەیەك داربڕیـن قەدەغەیـە هـەر كـەس داری تـەڕ ببڕێـت، سـزای دەدەیـن. ئـەوە بڕیـاری سـەركردایەتیمانە.

ڕۆژی دواتـر دەچـن بـۆ گونـدی گورگـەدەر، كـە بـە ڕێگـەی چەمەكـەدا هـەر چارەكیٚ لـە نۆدێـوە دوورە. شـەوەكەی لەگـەڵ دانیشـتووانی گورگەدەریـش لـە مزگەوتـی دێیەكـەدا كـۆ دەبنـەوە. هـەژار دەسـت دەكات بـە قسـەكانی و هەمـوو بابەتەكانـی لەسـەر شـۆڕش و پێشـمەرگە و یەكێتـی و دوژمـن بەجوانـی بـاس دەكات، ئینجـا پێش ئـەوەی كۆتایی بـە قسـەكانی بهێنێت، باسـی داربڕینش دەكات و دەڵێت، "ئیتر لەمـەودوا داربڕین بـە هەمـوو شـێوەیەك قەدەغەیـە. ئاگادار بـن هەركـەس دار ببڕیٚ، سـزای دەدەیـن." قسـەكانی خـۆی تـەواو دەكات و ڕوو دەكاتـە عوسـمان و پرسـیاری لیٚ دەكات كـە ئایا ئـەو قسـەیەكی هەیـە بیكات؟ عوسـمان خێرا دێتـە دەسـت و دەڵیٚ، "قسـەی چـی بكـەم، كـوڕی عاسـمان؟ هـەر داربڕینەكـە مابـوو، ئەویشـت بـاس كـرد."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جاری وا هەبوو خەڵکانێک لە شارەوە دەهاتن بۆ سەردانی خزم و کەسوکاریان، بەرێکەوت ئێمەش لەو ناوە دەبووین و نیازی کۆکردنەوەی گوندنشینانمان هەبوو بۆ ئەوەی قسەیان بۆ بکەین، شارییەکانیش دەهاتن و ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبوون. ئەمە بۆ ئێمە زۆر باش بوو، چوونکە شارییەکان بەگشتی کەسانی بیرکراوەتر و رۆشنبیر بوون، هەروەها زانیاریی شاریشیان لابوو، بۆیە کۆبوونەوەکە دەوڵەمەندتر دەبوو، زۆرجاریش زانیاریی گرنگمان دەربارەی جموجووڵەکانی حکومەت و پیاوەکانی لەو کەسانەوە پێ دەگەیشت.

لەگەڵ ئەوەی خەڵکی دێهات بەیانی تا ئێوارە کاریان دەکرد و ماندوو دەبوون، بەڵام بۆ کۆڕوکۆبوونەوەکانی ئێمە گوێیان بە ماندوویێتی نەدەدا و بە گەنج و پیرەوە بەپەرۆشەوە دەهاتن بۆ کۆبوونەوەکان؛ هەوڵیشیان دەدا هەر زانیارییەکیان لا بێت، بە ئێمەی بگەیەنن. گەر لەناو کۆبوونەوەکەشدا، لەبەر سەلامەتی خۆیان، پێیان نەگوتینایە، هەر دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە بە قسە یان بە نامە پێیان دەگوتین. لە کۆبوونەوەکاندا گەنجی دێهاتەکان پرسیاری زۆریان دەکرد: پێشمەرگە مووچەی هەیە؟ چەک لە کوێوە پەیدا دەکەن؟ بە تایبەت چەکی قورس و دژە کۆپتەر و هتد؟ پێشمەرگە موچەی نەبوو، ئەگەر خۆی توانای کڕینی پێڵاو یان جلوبەرگی نەبووایە، لەلایەن کەسوکار یان دڵسۆزانی پێشمەرگەوە بۆ دابین دەکرا.

خەڵک دەیانزانی جۆرێک لێکهەڵبەزینەوە و دوورکەتنەوە لەنێوان ئێمە و قیادەی مۆقەتە هەیە، بەڵام بەردەوام تکای ئەوەیان لێ دەکردین کە کارێک نەکەین خوێن بکەوێتە بەینمانەوە و دوژمن بە خۆمان خۆش بکەین. بەردەوام و رۆژانە ئەم داوا دڵسۆزانەیەی خەڵک دەهاتە گوێی زۆربەی لایەک و لایەنەکان لە شاخ و شار.

لەو جەولە و کۆبوونەوانەی دێهاتەکاندا چەند جارێک کاک تایەری حاجی عەزیز و مەفرەزەکەیم دەبینی؛ چەند رۆژێک پێکەوە دەبووین و ئەوان لە راپەڕاندنی کارەکانماندا هاوکارمان دەبوون. هەرچی پێویست بووایە بۆ سەرکەوتن و پاراستنی ئێمە جێبەجێی دەکرد، بەتایبەت لە شاربازێڕی سەخت. تایەر فەرماندەیەکی لێوەشاوە و گورجوگۆڵ و ئازا بوو؛ زۆر حەزی بە چالاکی و زیانگەیاندن بە دوژمن بوو؛ لە سنوورێکی فراوانی ناڵپارێز و رەبایەکانی جادەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەیدسادق و پێنجوێن و ئەو شەقامە سەرەکییەی سەیدسادق-پێنجوین بەردەوام چالاکیی پێشمەرگانەی ئەنجام دەدا. لەناو خەڵکی سنوورەکەشدا خۆشەویست و جێمتمانە بوو.

هەر کاتێک زانیاریمان لەبارەی جووڵانی هێزەکانی دوژمنەوە بۆ دەهات، مەفرەزە و کەرتەکانمان کۆ دەبوونەوە. زۆرجار لەگەڵ ملازم ئەنوەردا یەکمان دەگرت. ملازم ئەنوەر، لە بواری پێشمەرگایەتیدا، فەرماندەیەکی توندوتۆڵ و ئازا و بەدیسپلین بوو؛ ڕێزی زۆری لە کادرەکانی کۆمەڵە دەگرت؛ لەگەڵ ئێمەش زۆر نزیک و هاوڕێ بوو، تەنانەت بەو جیاوازیی تەمەنەشەوە پرس و ڕاوێژی پێ دەکردین، گوێی لە ڕا و پێشنیارەکانمان دەگرت و ئاسانکاریی زۆری دەکرد بۆ ئەوەی بتوانین ئەرکەکانمان ڕاپەڕێنین؛ هانی پێشمەرگەکانی خۆیشی دەدا پەیوەست بن بە بنکەکانی ڕێکخستنەوە. چەندین جار ئاگادار بووم کە پارەیەکی لە شارەوە بۆ دەهات، هەمووی بەسەر پێشمەرگەکاندا دابەش دەکرد و هەرگیز پارە لە گیرفاندا نەدەمایەوە. بێگومان ئەم ڕەفتارە جوانە ڕەفتاری زۆربەمان بوو، نەک هەر پارە، زۆر جار جل و پێڵاو یان کراس کە بۆ کەسێک دەهات، گەر پێشمەرگەیەک زیاتر پێویستی پێ بووایە، بێ دوودڵی کەسەکە شتەکانی دەبەخشییە ئەو پێشمەرگەیە.

ئەم ڕووحییەتە بە شێوەیەک لە ناخی پێشمەرگە و فەرماندەکاندا ڕەگی داکوتابوو کە بۆ یەکتری و لە پێناوی یەکتردا لە کاتی پێوست و شەڕ و ڕووبەڕووبووەکان لەگەڵ دوژمندا ڕووحمان بە هاوڕێکانمان دەدا و لەپێناویاندا دەبەخشی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆڵەپشتی پێشمەرگە

کۆڵەپشت ناوی بە خۆیەوە بوو. بە پشتەوە قایم دەکرا. هیی زۆربەمان سەربازی بوو؛ لە جەیشەوە پەیدامان کردبوو. لەو قۆناغە سەرەتاییانەدا وەک شوناسی پێشمەرگە وا بوو. گوندنشینەکان هەر لە دوورەوە دەیانناسییەوە. جانتایەکی سەربازیی بوو؛ قایشوقرووشی زۆری پێوەبوو. خۆمان کۆڵەپشتی خۆمان پەیدامان دەکرد بۆیە مەرج نەبوو لەیەک بچن، یاخود هەر جانتایەکی دیکە کە بتوانرێت بکرێتە پشت و دەستت نەگرێت. قەبارەیەکی مامناوەندیی هەبوو. ئەم جانتایە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، چوونکە بەردەوام لەگەڕاندا بووین و زۆربەی کاتەکانیش لە چۆڵەوانیدا خۆمان حەشاردەدا و لە ئاوەدانی دوور دەکەوتینەوە، بۆیە دەبوو پێداویستییە سەرەتاییە گرنگەکان لەگەڵ خۆمان و لەو کۆڵەپشتەدا هەڵبگرین وەک، نانی وشک بۆ دوو ژەم یان زیاتر، چەقۆی بچووک و لایت، کە بە پیلی قەڵەمی ئیشی دەکرد، دەرزی و دەزوو، ئاوێنە و مقەستی بەرسمێڵ و مووکێش بۆ ئەوانەی ڕیش و سمێڵیان زۆر بوو. لە سەرەتادا ئاوێنە و مقەست بۆ من گرنگ نەبوو، چوونکە ڕیش و سمێڵم نەهاتبوو. زۆر سوودم لە مووکێش بینیوە بۆ دەرهێنانەوەی ئەو دڕکانەی بە قاچ و دەستماندا دەچوون. جگە لەو شتانەی سەرەوە، ئەوەی حەزی بکردایە، فلچەی ددانشتنی هەڵدەگرت- جاری وا هەبووە چەند مانگێک هەر ئەو فلچەیەم بەکار هێناوە، گەرچی زۆربەی پێشمەرگەکان بەکاریان نەدەهێنا و ئەو کات هەر پەیداش نەدەبوو. لە دووکانی گوندەکان دەست نەدەکەوت، چوونکە گوندنشینەکانیش مەگەر تاکە تاکە ئەوانەی خوێندەوار و لە شار دەژیان بەکاریان بهێنایە، وەکوو تر زۆربەیان هەر گوێیان پێ نەدەدا. زۆربەمان فیشەکی زیادە یان ڕوومانەی دەستییشمان دەخستە کۆڵەپشتەکانمانەوە. هەندێکمان کتێبمان لەناویدا هەڵدەگرت و دواتر لای ئەندام

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و دۆستەکانمان ئاڵوگۆڕمـان پـێ دەکـرد، زۆر جاریـش مەتـارەی ئاومـان دەکـردە ناوی، گەر خواردنێکی تری وەک گۆشـتی قوتـوو، کە جارجـار دووکانداری گونـد دەیانهێنـا یـان نوقـڵ و چکلێـت هەبوونایـە، دەمانکڕیـن و ئەوانەشـمان تـێ دەکـرد. هەندێ داوودەرمانی سـەرەتاییمان بۆ برینداریش پـێ بـوو. بێگومـان، بـەزۆری لـە سـەرەتای شۆڕشـەوە تا هەڵگیرسانی شـەڕی ئێران-عێراق دەبوو ئەم کۆڵەپشـتەمان پـێ بێـت، کـە وردە پێویسـتی لـە چەقـۆ و دەرزی دەزوو یـان هـەر پێویسـت تـر، پێشـمەرگەش هەبـوو گوێـی زۆر پـێ نـەدەدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەکورتی

لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە دەورەی کیمیاویدا فێری هەندێک بنەمای سەرەتایی برینپێچی و فریاکەوتنی خێرا و ناسینەوەی دەرمانەکانی خاوێنکردنەوەی برینەکان ببووم، ئەزموون و پێویستیی ڕۆژانەش زیاتر قاڵی کردینەوە، بۆیە بەردەوام لەناو کۆڵەپشتەکەمدا لەفاف و مەڵحەم و چەند جۆرە دەرمانێکی خاوێنکردنەوە و حەبی سەرئێشە و حەساسییەت و ئەو شتانەمان پێ بوو. زۆربەی کاتەکان بە شەو و بە ڕۆژ لەو دەشت و کێوە لەپاڵ گابەردێک یان دارێکدا خۆمان مات دەکرد. نەدەبووایە ببینرێن چوونکە ئەو کات ئاسایی بوو دوژمن بۆ شەڕی تەنها پێشمەرگەیەک چەندین کۆپتەری جەنگی و حەماڵیی بناردایە. زۆربەی شەوەکانی ئەو چەند ساڵەی پێشمەرگایەتیم لەو دەشتودەر و چۆڵەوانییە خەوتووم. خۆم و ئەو هاوڕێیانەی پێکەوە دەماینەوە نە مار و نە دووپشک و نە هیچ شتێکی ترم نەدیوە لە کاتی خەودا ئازاری پێ گەیاندبین، هەر بیریشمان لەوە نەدەکردەوە، بەدەگمەن بیستوومە پێشمەرگە بەهۆی حەشەراتەوە تووشی ناڕەحەتی بووبێت، نەمدیوە و نەمبیستووە لە خەودا مار یان دووپشک بە پێشمەرگەیەکییەوە دابێت، گەرچی زۆر جار هەبووە کە بە ڕۆژ بەردێکمان لا دەبرد تا جێگەیەک خۆش بکەین، جۆرەها مێروو و قالۆنچە و هەزارپێ و حەشەراتی تری سەیروسەمەرەمان دەبینی یان لەسەر ڕێگە خۆڵەکاندا جار هەبووە کە بە شەو ڕۆیشتوین قاچمان بەری کەوتوە.

ئەو خواردنانەی لە ماڵەکاندا دەمانخواردن بە زۆری ڕووەکی بوون، وەک نیسکێنە، ساوەر، نۆکاو، زۆربەی بەیانیانیش نان و ماست یان نان و کەرە، جار جاریش هەنگوین بە کەرە یان کەرەمان بە چای شیرینەوە دەخوارد. زۆرجاریش کە نەماندەتوانی بچینە ناودێ- بە نانی وشکی گیرفانمان ژەمەکەمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەڕێمـان دەكـرد، گـەر دەبەیەكیش دۆمـان لـە شـوێنێكەوە دەسـت بكەوتایـە، ئـەو نیعمەتـی خـوا بـوو.

لـە هەمووی گرنگتر ئـەوە بوو كوڵەپشتی بەشێكی برادەران و كادران بـەردەوام كتێبی تێدا بوو. كتێب بۆ ئێمـە زۆر گرنـگ بـوو، زۆربـەی مامۆسـتای گوندەكان و معـاون توبی یـان جـار جـار كەسـوكاریش، كـە هاتوچـۆی شـاریان دەكـرد، لەسـەر داوای خۆمـان كتێبیان بۆ دەهێناین. كاتێكی زۆرمـان بەدەستەوە بوو. لـەو دەشـت و چۆڵەوانییـە كات وەسـتابوو؛ بۆیـە گـەر كتێبمـان دەسـت بكەوتایـە، نیعمـەت و یارمەتیـدەر بـوو بـۆ بەسـەربردنی كات و فێربوونـی زیاتـر. ئێسـتا كـە بیـری لـێ دەكەمـەوە، پێكەنینـم دێـت: بـۆ كاتێكـی ئاواهـی، چـی لـە ڕۆمـان و چیـرۆك باشـترە بیخوێنیتـەوە؟ بـەڵام ئایـا وا بـوو! لەڕاسـتیدا هەمـوو ئـەو كـەژ و كێـوەت بدایـە بەسـەریەكدا، جگـە لـە ڕۆمانـی 'دایـك'ی مەكسـیم گۆركـی و 'پاژنـە ئاسـنینەكان'ی جـاك لەنـدەن- ئەوسـا نەكرابـوو بـە كـوردی- و یـەك دوو ڕۆمانـی دیكـە، كـە هەموویـان بـە تامـی ماركسـیزمەوە نوسـرابوون، هیچـی تـرت دەسـت نەدەكـەوت. ئـەوەی لەگـەڵ خۆمانـدا دەمانگێڕا، ژمارەیـەك نامیلكـەی مـاو تسـی تونـگ و لینیـن و ماركـس و شـتی تـری لـەم جـۆرە بـوون؛ مـن دیوانێكـی (هێمن)یشـم پـێ بـوو. ئیتـر ئـەو شـاخ و دۆڵانەمـان كردبـوو بـە كتێبخانـەی گشـتی، هـەر ئەوەنـدەی لـە جێگەیـەك لامـان بدایـە، كتێـب دەردەهـات و دەسـت دەكـرا بـە خوێندنـەوە. هـەر وەك هێمن دەیگوت، ئێمـەی پێشـمەرگە "عاشـقی چـاوی كـەژاڵ و گـەردنی پڕخـاڵ"[1] نەبوویـن و مەعەشـقووقی ئێمـە "كێـو و تـەلان و بەنـدەن و بـەرد"ی كوردسـتان بـوو. بیرمـە هەمـوو جارێـك كـە لـە دیوانەكەیـدا دەگەیشـتمە شـیعری "ترۆپكـی ڕزگاری،" مووچڕكـە بـە گیانـم و دەهـات؛ هـەر زووش ئـەو دێڕەم لەبـەر كـرد كـە دەڵێـت، "دەڕۆم بـەرەو ئاسـۆ، بـەرەو ئاسـۆی ڕوون/ دەڕۆم، دەڕۆم تـا ترۆپكـی ڕزگاربـوون." ئـەوە یەكێكـە لـە شـاكارەكانی مامۆسـتا هێمـن و لێـرەدا بـۆ یـادی ڕووحـی بەرزەفـڕی ئـەو شـاعیرە گەورەیـەی میللەتەكەمـان، پێـم خۆشـە وچانێـك بـدەن و دڵ و ڕووحـی كوردانەتـان بەشـێكی شـیعرەكەی ئاوپرژێـن بكـەن.

---

١ هێمن موكریانی، "كوردم ئەمن،" لە دیوانی *تاریك و ڕوون*، بنكەی پێشەوا، ١٩٧٤، ٤٩.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ترۆپکی ئازادی[1]

ڕێبوارێکم ئازا و بەزیبک و زاکوون
دەبڕم چۆڵ و چیا و پێدەشت و بێروون
بەرهەڵستم دەکەم هەپروون بە هەپروون
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

کەند و کۆسپ هەنگاوم پێ ناکا شل
بێتە سەر ڕێم هەزاران گابەردی زل
بەهێزی شان و باهۆ پێی دەدەم تل
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

پێم گرتەوە، دەرچووم لە دارەدارە
ڕێم گرتەوە ڕێگای (قازی) و (ئاوارە)
نامترسێنی گوللە، پەتک، سێدارە
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

ڕۆڵەی کوردم فێری هەوراز و لێژم
تا زۆر بڕۆم زیاتر ئارەق بڕێژم
کورتتر دەبێ ڕێگای دوور و درێژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٧٧.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم
گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتم
هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕۆژبەڕێکردن لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا

ڕادیۆیەکی بچکۆلەم پەیدا کردبوو، بە پیلی قەڵەمی کاری دەکرد. بەردەوام پیلی زیادەم لە کۆڵەکەمدا پێ بوو، چوونکە دایم ڕادیۆکەم بەکار دەهێنا؛ پیلیشی زۆر سەرف دەکرد، زۆر جار لە گوندەکانیش پیلی قەڵەمی بەزەحمەت پەیدا دەبوو، بەڵام پیلی گەورە بەئاسانی دەست دەکەوت، چوونکە زۆربەی ماڵەکان تەسجیل یان ڕادیۆ و لایتی گەورەیان هەبوو کە بە پیلی گەورە کاریان دەکرد. ئەم ڕادیۆ بچووکە سەرچاوەی زانیاری و هەواڵ بوو، لەگەڵ ئەوانەشەدا هاوڕێیەکی بەسوود بوو. بەیانیان گوێم لە (ئێستگەی تیرانا)ی پایتەختی ئەلبانیای مارکسیستی ماویی دەگرت، واتە هەمان بیر و ڕێبازی فەلسەفی کۆمەڵەی هەبوو، بەرنامەکە بە عەرەبی بوو، بۆ عەرەبییەکەشمان باش بوو. زۆر جار چەند هاوڕێیەک پێکەوە گوێمان لێ دەگرت، تایبەت بۆ ئەو بەرنامانەی پەیوەست بوون بە خەباتی چینایەتی و شیکردنەوەی فەلسەفەی مارکسی و زۆر بابەتی فیکری و سیاسیی تر. بۆ ئەوەی برادەرەکانم خەبەر نەکەمەوە، دەچووم لە سووچێکدا گوێم لێ دەگرت. کاتی ئەلبانیا سەعاتێک یان دوو سەعات- بەپێی وەرز- لە دوای بەغداوەیە- ئەوسا بە کاتی بەغدا سەعات دیاریی دەکرا. ئەمەش بۆ من باش بوو. ئەگەر بەرنامەکان سەعات پێنجی بەیانی ئەوان بووایە، لای ئێمە زیاتر بوو، گوێم بۆ بەرنامەکان شل دەکرد و بیروبۆچوونەکانم لەگەڵ بارودۆخی کوردەواریی و عێراقدا بەراورد دەکرد. جار جار گوێمان لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەگرت کە زیاتر هەواڵەکانی ناو عێراقی پەخش دەکرد و شەویش دەبوو بە مۆنتیکارلۆ. بۆ تەنیا جارێکیش گوێم لێ نەبوو باسی کورد بکات، تەنانەت بەخراپییش. پێمان خۆش بوو هەر باس بکرێین. جارێک لە ناوزەنگ بووم، گوێمان لە مۆنتیکارلۆ دەگرت، لە کچێکیان پرسی، "هیوایەتت چییە؟ گوتی، "خلیسکان لەسەر بەفر." کاک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئازاد هەورامی گوتی، "دە وەرە ئێمە وا لەبەفردا ڕەق دەبینەوە ئەو برادەرەش سەمای سەربەفری دەوێ، جا بزانە ئێمە لە کوێ و ئەوان لە کوێ!"

بەکورتی، ئەمە ژیانی ئێمە بوو: دەگەڕاین، پشوومان دەدا، کتێبمان دەخوێندنەوە، لەگەڵ خەڵکی گوندەکان قسەمان دەکرد، گاڵتەوگەپمان دەکرد، پێشمەرگەکان، کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەڕۆیشتین، بەدەم ڕێگەوە سروودی 'ڕێی خەبات' و سروودەکانی تری کۆمەڵەمان دەگوتەوە. ڕەنگە زۆر کەس نەزانن کە ئەم سروودە خۆی لەبنەڕەتدا ڕووسییە و هاوڕێ ئارام کردوویەتی بە کوردی و ئاوازەکەشی هەر ڕووسییە. دوو خۆشترین دەنگ کە بیستبێتم ئەم سروودەیان گوتبێتەوە کاک سالار عەزیز و کاک ئازاد هەورامین. کاک ئازاد هەورامی بە خۆی و گیتارەکەیەوە! ماڵی کاک ئازاد هەورامی خەڵکی تەوێڵە بوون، ئازاد خۆیشی ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی (زێوییە)ی ئیمام قاسم لە کەرکووک لەدایک ببوو.

ژیانێکی سەخت بوو، بەڵام چێژی خۆی هەبوو. ئێستا کە دانیشتووم و ئەم دێڕانە دەنووسمەوە، پڕ بە دڵ سۆز و پەرۆشییم بۆ ئەو ڕۆژانە دەجووڵێت؛ ئەو ڕۆژانەی پڕ بوون لە خۆشەویستی بۆ نیشتمان و ڕاستگۆیی لە بەڵێن و بەها جوانەکانی نێوان هاوڕێکان.

ئەگەر سەد جاری تریش باسی ئەوە بکەم کە خەڵک چیی بۆ کردووین هێشتا هەر هەست دەکەم هەقی خۆیم پێ نەداوە. بێ یارمەتیی بێسنووری هاووڵاتیان و هاوکاریی تایبەتی خەڵکی لادێکان، بێ ئەو پشتیوانییە و ئەو هەست و سۆز و خۆشەویستییەی ئەوان بۆ پێشمەرگەیان هەبوو- گەر ماوەیەک پێشمەرگە دوور بووایە، کە دەمانبینینەوە بەتاسەوە دەیانگوت "زۆرمان بیر دەکردن-" ژیانی پێشمەرگە و بەردەوامبوونی پێشمەرگایەتی مەحاڵ دەبوو؛ نەماندەتوانی بەو دابڕاوییەوە لە هەموو شارستانییەک بەو شاخانەوە بژین. ئێمە هیچ پارەیەکمان نەبوو، هیچ جۆرە مووچە و یارمەتییەکی داراییمان لە حیزبەوە بۆ نەدەهات، سەرچاوەی دارایی کەسە هەرە نزیکەکانی خۆت یان هەندێ لە نیشتیمان پەروەر و لادێنشینەکان بوو، کە لە ڕووی داراییەوە لە خەڵکی تر باشتر بوون، یان تەنها و تەنها بە نان و پێخۆر و پێخەفی دانیشتووانی گوندەکان دەژیاین. خۆ پارە ئەو گرنگییەی نەبوو چوونکە خۆی هەر ئەسڵەن لەو شاخانە شوێنێک نەبوو خەرجی بکەین، هەندێک لە گوندەکان، بەتایبەتی ئەوانەی نزیک بوون لە جادە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یان ڕێی هاتووچۆیان لەسەر بوو،ماڵێک شوێنێکی بچووکی درووست کردبوو ناوی نابوو 'دووکان' و تێیدا پسکیت و جگەرە و وردەواڵەی دەفرۆشت. ئەوەش هەر بە کەڵکی ئێمە نەدەهات، چوونکە بە ڕۆژ نەدەچووینە ناو گوندەکان. تاکە شتێک کە دەبوو بە پارە بیکڕین چەک و تەقەمەنی بوو. بۆ ئەوەش قاچاخچیمان ڕادەسپارد بۆی دەهێناین و بە پارەی ئابوونە و یارمەتی خەڵک دەمانکڕی. نابێت ئەوەش لەبیر بکەم کە کەسوکاری پێشمەرگە بەردەوام دەستیان پێمانەوە بوو. شاری بوونایە یان گوندنشین، زۆرجار دەهاتنە لای کوڕەکانی خۆیان و پارە و کەلوپەل و پێداویستی و خواردنی بەتامی شاریان بۆ کوڕەکەیان و هاوڕێکانیش دەهێنا. ئەوەش بۆ ئەو کاتەی ئێمە زۆر بەنرخ بوو؛ جێی خۆی دەگرت.

لە جێگەیەکدا کە لە جیهان دابڕابوو، سەرمان کردبوو بەیەکدا، بەوناوەدا دەگەڕاین و خۆمان لێ ببوو بە گیڤارا؛ ڕاستییەکەی گیڤارای زۆریشمان تێدا هەڵکەوت، بەڵام دواتر ململانێی ناوخۆیی و ناپاکی و بادانەوە نابەجێکان لێ نەگەڕان گیڤاراکانی ئێمە کارەکانی خۆیان بکەن. بۆ نموونە، ملازمئەنوەری مەجید سوڵتان گیڤارایەک بوو بۆ خۆی، باوەڕی بە سنووری نێوان پارچەکانی کوردستان نەبوو، خۆی بە جەنگاوەری هەموو کوردستان دەزانی و سەرەنجامیش لە ساڵی ١٩٧٩دا، لەسەر (پردی دوو ئاوان)ی نێوان سەقز و بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شەڕێکدا دژی سوپای ئێران و بە فیشەکی سوپای پاسداران شەهید کرا. چوومە لای. فیشەک کڵاوەی ئەژنۆی وردوخاش کرد بوو، بەڵام ئەو هەر بە ورەی بەرزەوە دڵخۆشیی دەداینەوە. بەرەو بانە بەڕێ کرا. دیار بوو خوێنی زۆر لەبەر ڕۆیشتبوو، هەر بەوەش شەهید بوو. دوای شەهیدبوونی، کە جلەکانی دەگەڕێن تا بزانن چی تێدایە تا بیپارێزن، تەنیا فلچەیەکی ددان و سێ، چوار تمەنی وردەی ئێرانی دەدۆزنەوە، دەیان جیڤارای وەک ملازم ئەنوەر گیانیان بەخشی بەم کوردستانە .

ساڵ دوای ساڵ دۆخی دارایی و توانای پێشمەرگە باشتر دەبوو. تا ڕادەیەک بووژاینەوە؛ ئەندامانی ڕێکخستن زیادیان کرد، گوندییەکان یارمەتیی زیاتریان دەداین، کەسوکاری پێشمەرگەش بەردەوام دەستیان بە ڕۆڵەکانیانەوە بوو. تا ئەو کات کە مقەڕاتمان نەبوو، گومرک لە هیچ کاسبکارێکی سنوورەکان وەرنەدەگیرا، دواتر گومرک ڕێک خرا و داهاتی زیاتر بۆ پێشمەرگە پەیدا بوو، داهاتی گومرک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەرکەزی بوو؛ دەگەڕایەوە بۆ مەکتەبی دارایی یەکێتی، ئێمەش هەرچی جاش و جەیشی شەعبیمان دەگرت، چەکێکمان پێ دەکڕی یان پارەی چەکێک سزامان دەدا، بەو داهات و هاوکاری و یارمەتییە کەمەی خەڵک چەکمان دەکڕی، دەمانتوانی جار جاریش حەیوان بکڕین، لەگەڵ دابینکردنی هەندێک پێویستی بۆ پێشمەرگە. وەک پێڵاوی لاستیک، بەو دواییانەش کالەی ئەدیداسی ئێرانی پەیدا بوو. ئیتر لە پێڵاوی لاستیک ڕزگارمان بوو.

پێڵاوی لاستیک هاوین قاچمانی تێدا دەسووتا و هێندە ئارەقەی دەکرد قاچ بۆگەنی دەکرد، زستانیش قاچت تێیدا دەتەزی. ئەو ڕۆژەی حەیوان دەکڕدرا و سەردەبڕا، پێشمەرگە جەژنی بوو. پێشمەرگە حەیوانی لە گوندنشینەکان دەکڕی یان زۆر جار خەڵکی گوند بەدیاری پێیان دەداین، یان لە کاتی کڕیندا زۆر خاتریان دەگرتین. جار هەبوو کە حەیوانی زیادەیان بۆ دەهێناین، دەبوو لای کەسی گوندەکە جێمان دەهێشت و بۆی بەخێو دەکردین، هەرکاتیش پێویستمان بووایە دەیانهێنا. گەر بە نەخۆشی یان پەلاماری گورگیش بفەوتایە، بۆیان قەرەبوو دەکردینەوە.

چەند جارێک بینیومە کە کاک حەمە مۆریاسی خۆی بە دەستی خۆی حەیوانەکەی سەربڕیوە و چاکی کردووە. هەر حەزت دەکرد سەیری دەست و جووڵەی پەنجەکانی بکەیت. چەند بەخۆشییەوە لەتوپەتی دەکرد. زەوقێکی جوانی بە خۆی و ئێمەش دەبەخشی. پێشمەرگە جەژنی بوو، کاتێکت دەزانی حەیوان سەربڕاوە و کەوڵیش کراوە و جگەر لەسەر پشکۆی ئاگر و گۆشت بە شیشی داربەڕوووەوەیە. درەنگ درەنگ گۆشتمان دەخوارد، بۆیە ئەمە چێژێکی تایبەتی هەبوو. زۆربەی جاریش لە ترسی پەلاماری لەناکاوی دوژمن، دوور لە کانی و سەرچاوەی ئاو و شوێنە بەرچاوەکاندا حەیوانمان سەر بڕیوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جەولەیەک بۆ ڕاوگان

پێکەوە لەگەڵ وەهاب و حەمە مۆریاسی و نزیکەی بیست پێشمەرگەدا، بۆ خۆدوورخستنەوە لە شارباژێڕ، جەولەیەکمان کرد بۆ ناوچەی شلێر. مۆریاس گوندێکی نزیک بەرزنجەیە، بەگشتی بە 'ناحیەی سرۆچک' ناو دەبرا، ئەو کات ناحیەکە سەر بە قەزای پێنجوێن بوو، بەڵام لە ساڵی ۲۰۰۷دا سەیدسادق کرا بە قەزا و سرۆچکیش بوو بە یەکێک لە ناحیەکانی.

بە پشتی (دەرەمیانە)دا بەرەو شاخی کۆلارە و تارییەر هەڵگەڕاین. تارییەر شاخێکی چڕ و دارستاناویی سەختە؛ خوارەوەی دۆڵێکی قووڵی چڕە و پڕە لە داربەڕووی گەورە گەورەی تەمەن سەدانساڵەی قەدئەستوور. هەستت دەکرد دەستی وێرانکاری مرۆڤ و داگیرکەری پێ نەگەیشتووە، بۆیە وا بەو چڕوپڕییە مابۆوە. لەشکرێکی گەورەی پێشمەرگە بەئاسانی دەیتوانی خۆی لەناو ئەو چڕستانەدا حەشار بدات. گوندێکی تر هەبوو ناوی (سەردەرە)یە و تەنها دوو، سێ ماڵی تێدا بوو. دابەش بووین بەسەر ئەو دوو، سێ ماڵەدا. ئێمە چووینە ماڵی کوێخا قادری سەردەرە و شەویش هەر لەوێ ماینەوە. زۆر خزمەتیان کردین. باوکی کاک عەلی سەردەرەیی بوو. کوێخا قادر خاوەن کەسایەتی دیار و خۆشەویست و دەستودڵفراوان بوو، خاوەن دیوەخان بوو بە تایبەت بۆ خزمەتی پێشمەرگە و میوان و هەمیشە دەرگای کراوە بوو. وەک بەرنامەی خۆمان بەیانیی زوو چووینە دەرەوەی ماڵەکان و کەمێک دوور کەوتینەوە. عەلی سەردەرەیی و کوڕەکەی نان و خواردنی پێویستی ڕۆژەکەیان بۆ هێناین. ئەو ڕۆژە بەردەوام بە دەم ئێمەوە بوون، زۆر خزمەتیان کردین و چەندین جار ئەو ڕۆژە خۆی و کەماڵی کوڕی سەردانیان کردینەوە و زۆریش پێمانەوە ماندوو بوون، ئێوارەش بۆ نانخواردن چووینە ئەو دوو، سێ ماڵە و لەوێش خزمەتی زۆر کراین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو دوو، سێ ماڵە کەسی نزیکی یەک بوون و بێگانەیان تێدا نەبوو. گوندەکە چەپەک بوو، ڕێی خەڵکی تری بەسەرەوە نەبوو، بۆیە پێشمەرگە بۆ پشوودان و خۆونکردن زیاتر ڕووی لەم شوێنە دەکرد.

کاک عەلی سەردەرەیی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە فەرماندەکانی یەکێتیەوە هەبوو بە تایبەت بە کاک بەکری حاجی سەفەرەوە. هەرچی لە توانایدا بوو خزمەتی شۆڕشی کوردستانی کرد، دەیان جار بە خۆی و ئەسپەکەیەوە بۆ گەیاندنی زانیاری و هاوکاری خۆی گەیاندۆتە لای فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە.

ئێوارە نامان خوارد و بە دەشتی پێنجوێندا بەرەو دێهاتەکانی ناوچەی شلێر بەڕێ کەوتین. گەیشتینە نزیک جادەیەک، کە لە پێنجوێنەوە بۆ گوندی سەرسووراو دەچوو. لەوێ مەخفەرێکی پۆلیسی لێ بوو. ویستمان بەوریایی لە جادەکە بپەڕینەوە، بەڵام لە دوورەوە لایتەکانی سەیارەیەک دەرکەوتن. لایتەکان بەهێز بوون، بەو درەنگانە زەحمەت بوو سەیارەی مەدەنی لە پێنجوێنەوە بەو جادەیەدا بڕوات، دڵنیا بووین سەربازییە. خۆ ئەو کات دوژمن مەبەستیان هەر شوێنێک بووایە، بێ ترس شەو بووایە یان ڕۆژ، بۆی دەچوون.

بەپەلە کەوتینە خۆمان و هەندێکمان لە نزیک جادەکە دامەزراین. هەندێک پێشمەرگەی تریش دوور لە جادە چوونە تاریکی تا دیار نەبن. من و کاک وەهاب کە کادر بووین، ڕامان وابوو سەیارەی دوژمنە و دەبێت نەهێڵین دەرباز ببێت، دەبوو فەرماندەی هێزەکە بڕیار بدات و ئەگەر زانرا سەیارەکە سەیارەیەکی سەربازییە- جیاکردنەوەی سەیارەی سەربازییش ئاسان بوو- لێی بدەین. هەندێک بەردمان لەسەر جادەکە دادەنا تا سەیارەکە بەناچاری دەوەستا، ئینجا بەرچاوڕوون دەبووین و بڕیاری پێویستمان دەدا بە لێدان یان لێنەدانی. چەند پێشمەرگەیەکی لای کاکە حەمە لەگەڵ ئەو ڕایەدا نەبوون و ڕازی نەبوون تەنانەت گەر سەربازییش بوو لێیان بدەین، زۆری نەمابوو لێمان ببێت بە کێشە و نێوانمان تێک بچێت، بۆیە زۆر لەسەری نەڕۆیشتین، خۆمان خستە پەناوە و سەیارەکە گەیشت. پێشەوە تەنیا زیلێکی سەربازیی بوو کە پێ دەچوو چەند سەربازێک و کەلوپەل و ئازووقەی تێدا بێت. دەتوانرا بێ کێشە سەربازەکان و سەیارەکە بگرین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دواتـر بۆمـان دەرکـەوت ئـەو برادەرانـەی نەیانهێشـت کارەکـە بکەیـن بەنیـاز بـوون تەسـلیم ببنـەوە، نامەیەکـی دووررودرێژیـان لەسـەر ئـەو شـەوە بـۆ کاک ئارام نوسـیبوو، تەنهـا بـۆ ڕەوایيـدان بـە تەسـليمبوونەوەيان بـە دوژمـن.

ماوەیەکـی زۆر لەگـەڵ کەرتەکـەی کاک حەمـە مۆریاسـیدا کادر بـووم. فەرماندەیەکـی بەئەزمـوون و شـارەزا لـە شـەڕی پێشـمەرگانە و ڕاگرتنـی پەيوەنديـی توندوتـۆڵ و دۆسـتانەی لەگـەڵ پێشـمەرگەکانی و خەڵکدا، ئـەو شـەوە ئەویـش هـەر لەگـەڵ ڕایەکـەی ئێمـەدا بـوو، بـەڵام بـۆ ئـەوەی کێشـە درووسـت نەبێـت، قسـەی وای نەکـرد و پێـی باشـتر بـوو کارەکـە نەکرێـت. کاک حەمـە مۆریاسـی خێزانێکـی گـەورەی هەبـوو زۆربـەی خێزانەکـەی بـە هەمـوو منداڵەکانییـەوە لای بەعسـییەکان زیندانـی کرابـوون. تەمەنـی کەمێـک هەڵکشـابوو، سـەرباری ئـەوەش سـەرکردەیەکی سـەربازیی گورجوگـۆڵ و ئـازا و فەرماندەیەکـی بەتوانـا بـوو، پیاوێکـی هەتـا بڵێـی قسـەخۆش و لێهاتـوو بـوو، خـزم و کـەس و جەماوەرێکـی فراوانـی هەبـوو، زۆربـەی بـرازا و کەسـە نزیکەکانـی لەگـەڵ خۆیـدا پێشـمەرگە بـوون.

لەگـەڵ هێزەکـەی کاک بەکـری حاجـی سـەفەر لـە گوندەکانـی شـلێر یەکمان گرت و جەولەیەکـی دووهەفتەییمـان بـە گوندەکانـی شـێوەگوێزان و داروخـان و شـایان و مشـیاو چەنـد گوندێکـی دیکـەی (ناحییـەی گەرمـک)دا کـرد. چەنـد ڕۆژێـک لەوناوە بوویـن و دوایـی گەڕاینـەوە بـۆ شـارباژێڕی سـەخت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ چایەک

لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٧٧دا، لەگـەڵ کاک وەهـاب شـێخ ئەحمـەد، لـە شـارباژێڕی سـەخت چەند کۆبوونەوەیەکمـان بـە دانیشـتووانی گوندەکانـی پاڕەزان و دۆڵپەمـوو و گوێزڕەش و ژمارەیـەک گونـدی تری سـنوورەکە کرد. پێشـمەرگەی زۆر تەسلیم دەبوونـەوە، ئێمـەش مەبەسـتمان بـوو ڕاسـتیی ئـەو تەسـلیمبوونەوەیە بـۆ خەڵـک ڕوون بکەینـەوە و پێیـان بڵێیـن شـۆڕش بەردەوامـە و بـە تەسـلیمبوونەوەی زۆری ئەوانـە ڕیزەکانـی پێشـمەرگە پـاک و پوخـت بوونەتـەوە.

لـە شـارباژێڕ ژمارەیەکـی زۆر کـەم پێشـمەرگە مابوونـەوە، بـەڵام دەتوانـرا بـەو چەنـد مەفرەزەی کەمـەی پێشـمەرگەوە ناوچەکە کۆنتـڕۆڵ بکرێـت و زەبری توندیـش لـە دوژمـن بوەشـێنرێت.

کارەکانمان تەواو کرد و بەرنامەمان دانا پێکەوە بۆ هەمان مەبەست بگەڕێینەوە بۆ شارباژێڕی تەخت. بۆ ئێوارە، هەردووکمان گەیشتینە نزیک گوندی هەوڵوو و لای زەلان لە ماڵێک نانمان خوارد. هەواڵمان پێ گەیشت کە دوژمن هێزێکی زۆری هێناوەتە چوارتا و پلانی هێرشکردنیان هەیە بۆسەر ناوچەکە، بەتایبەت ئەم سێ چوار گوندە. دوای نانخواردن و بینینی ئەندامان و دۆستەکانمان، بەرەو دەرەوەی دێ دەرچووین. هاوین بوو؛ دنیا گەرم بوو. شەو لە دووری دێ و لەو شاخە هەر هەردووکمان هەر یەکە و لەپاڵ بەردێکدا بێ بەتانی و ڕاخەر تاقم و مەخزەنی تفەنگەکانمان کردەوە، جامانەمان لەسەر تفەنگ دانا و تفەنگمان کردە سەرین. هیلاک بووین و هەر زوو خەومان لێ کەوت. تا بەیانی بەوریایی لێی خەوتین.

ئەوەنـدە بـەو شـاخ و کێـوەوە بووین، بەتـەواوی لەگـەڵ سرووشـتدا سـازابووین. بـۆ ئێمـە ئـەو کاتانـە ئیسـراحەت بوویـن کـە دوور لـە ئاوەدانـی و لـەو شـاخ و کێوانـە دەخەوتیـن و دەمایـنەوە و خەڵـک و خۆشـمان لـە دوژمـن دەپاراسـت. هێشـتا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تاریک و ڕوون بوو کە هەردووکمان خەبەرمان بۆوە. خۆمان کۆ کردەوە. دنیا تۆزێک ڕوون بۆوە. بە دووربین سەیری ناوچەکە و هەموو ئەو شوێنانەمان کرد کە گومانی بوون و هاتنی دووژمنمان لێ دەکردن، بەتایبەت بەرزاییی نزیک گوندەکان و دەووروپشتی دێکان. دەرکەوت مەترسییەک لەئارادا نییە، بەو بەرزیی شاخەوە بەسەر هەموو ناوچەکەدا و تا چاو بڕکات و دووربین ئاشکرای بکات، دەمانڕوانی و لەو سرووشتە جوان و دڵفرێنەی ناوچەکە ڕادەماین، ئەو هەوا فێنەکە گوڵاوپژێنی ڕووحی دەکردین و ڕووح و دڵمانی هێندەی تر دەکردە فیدا و خۆشەویستی ئەم نیشتیمانە، نیشتیمانێک کە دوژمن خەریکبوو دەیکردە دۆزەخ لە خەڵکە ڕەسەنەکەی.

بەرنامەکەمان وا دانا بوو تا لای چنگیان لە هیچ شوێنێک لا نەدەین. لە گوندی هەولوو زانیاریمان وەرگرت لە هەر کاتێکدا بێت دوژمن پەلامار دەدا، بۆیە وردە وردە شاخەوشاخ و بە لاڕێدا بەرەو چنگیان کەوتینە ڕێ. دوای ماوەیەک گەیشتینە نزیک گوندی هەرمێلە. لە بەرزییەوە وەهاب ڕاوەستا و گوتی، "سەرم زۆر ژان دەکا. ئەڵێی چی بچینە ناودێی هەرمێلە و بەخێرایی چایەک بخۆینەوە؟" من حەپەسام، کەمێک سەیرم کرد و گوتم، "ئەوە بەڕاستتە! بۆ خاتری خوا! بەم وەزعە قوڕە چای چی؟ مەگەر نازانی پەلاماری دوژمن لە ئانوساتدایە؟" ئەو گوتی، " چا نەخۆم، تەحەمول ناکەم! ژانەسەرەکەم زۆری بۆ هێناوم و تەواو بێتاقەتی کردووم." لە شوێنی خۆی نەجووڵا. بەردەوام بوو، "بڕوا بکە ئەرزەکە نابینم، چایەک نەخۆمەوە، ناتوانم بڕۆم." کەمێک بێدەنگ بوو، خۆشی دەیزانی ئەوە کارێکی مەترسیدارە، جەیش و جاش لەو ناوەن و ئامادەی فەرمانێکن بۆ پەلامار. دیسان گوتی، "با بچین لە ماڵی مام کوێخا تۆفیق بەپەلە چایەک بخۆینەوە."

من قسەکەم هیچ بەدڵ نەبوو، مەترسیی زۆری تێدا بوو. ویستم پەشیمانی بکەمەوە، بۆیە پێداگریم کرد و و گوتم، "شتی وا نابێ! هێشتا بەیانییە، ئەگەر تووشی شەڕ ببین، بە دوو کلاشینکۆفەوە بەچی و چۆن شەڕ بگەیەنینە ئێوارە." بۆ پێشمەرگە گرنگتر بوو کە تووشی شەڕیش بووین، دوانیوەڕۆ بێت بۆ ئەوەی بتوانین بەو چەکەی پێمانە بەرگری بکەین تا دنیا تاریک دەبێت، ئیتر جەیشەکە ناوێرێت جووڵە و پێشڕەویی بکات. پێشمەرگە شارەزای هەموو بندەوەن و دارێکی ناوچەکە بوو. بەئاسانی دەمانتوانی خۆمان دەرباز بکەین. زۆر هەوڵم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگەڵ وەهاب دا و بیرم هێنایەوە کە دوژمن بەنیازی پەلامارە، زانیاریمان هەیە و ئێمەش دوو چەکین، خۆ ئەزانم تا مردن بەرگری لە یەکتر دەکەین، بەڵام لە ئێستاوە ئێمە زەرەرمەندی سەرەکیین و گوندەکەش بە وێرانکردن دەدەین. زۆرم گوت و ئەو هیچی نەبیست. لە کۆتاییدا گوتی، "دەی باشە، تۆ بەردەوام بە لە ڕۆیشتن، من دەچم چایەک دەخۆمەوە بۆ سەرئێشەکەم و دوایی پێت دەگەمەوە." بۆ ئەوەی پەشیمانی بکەمەوە، پێم گوتبوو کە لەگەڵی ناچم.

هەر ئەوەندەی بیست، ئیتر چاوەڕێی وەڵامی تری منی نەکرد و بەرەو هەرمێلە شۆڕ بۆوە. هەر وا سەد مەترێک دوور کەوتبۆوە، لە دڵی خۆمدا لێکم دایەوە: "تووشی شتێک دەبێ و دوایی من ویژدانم ئازارم دەدا، ناتوانم لە خۆم خۆش ببم." من دڵنیا بووم ئەم کارە درووست نیە، بەڵام هەموو شتێکم خستە لاوە، هاوارم لێ کرد بوەستێت منیش لەگەڵی بڕۆم. کە گەیشتمە لای، گوتی، "چۆن بوو ڕات گۆڕی؟" وەڵامم دایەوە، "ئەگەر شتێک قەوما، دووان بین لە یەکێک باشترە. گەرچی ئەمەمان کارێکی عاقڵانانە نییە."

دەوروبەری دێی هەرمێلە هەمووی ڕەز و باخ بوو، دیمەنێکی هەتا بڵێی جوان و دڵڕفێنی هەبوو، هەر بە سەیرکردنی ماندوویێتیت دەڕەوییەوە. بەدەم سەیرکردنی دیمەنی ئەو بەهەشتەوە گەیشتینە ناو ماڵەکان. خەڵکی گوند بە گەورە و بچووکەوە زۆرێکیان ئێمەیان بینی کە بەرەو لای ماڵی کوێخا تۆفیق دەڕۆیشتین. بە لایانەوە سەیر بوو ئێمە بەتەنیا و دووقۆڵی و بەو ڕۆژی ڕووناکە دێینە ناودێ، وا ڕێکەوت کوێخا لەبەردەرگا. بوو وەک چاوەڕێی شتێک بکات. ئێمەی دەناسی. کە بینینی، کێشای بەسەری خۆیدا گوتی، "ئەوە شێت بوون! دنیا هەمووی جەیشە! دیارە خۆتان لێ تەوقە وا هاتوون بۆ ئێرە؟"

من وەڵامم دایەوە، "کوێخا وەختی ئەوە نییە، هاتووین بەپەلە چایەک بخۆین و بڕۆین، کاک وەهاب تووشی ژانە سەرێکی خراپ بووە و تەنها چا دەرمانە بۆ چارەسەر بخوات، چاک دەبێ."

کوێخا تۆفیق دەیزانی ئەوە مەترسییەکی گەورەیە، بەڵام لەبەر ئێمە قسەی نەکرد. بردینییە ژوورەوە. نان و چا خورابوو، دێهاتییەکان بەیانیان زۆر زوو لە خەو هەڵدەستن و هەر زووش نان دەخۆن. هێشتا ئاگردانەکە پشکۆی تیا مابوو، منداڵەکانی بەپەلە هەندێک چیلکە و چەواڵیان هەڵدایە سەر پشکۆکان و ژێر سێپای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناو ئاگردان. ئاگر خۆش کرا و کترییە ئاویان خستەسەر. هێمنییەکی سەیر باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، وەک دەڵێن هێمنیی پێش گەردەلوول، ماڵ و منداڵی کوێخا شپرزە و پەشۆکاو بوون، وەک ئەوەی شتێک بزانن، نەخێر! هێشتا ئاوەکە شلەتێن نەببوو تەپەتەپ و دەنگی گرمەگرمی کۆپتەر ئەوناوەی داگرتەوە. بۆ ئەو کاتی پێشمەرگایەتیی ئێمە، ئەو دەنگە ناخۆشترین و بێزراوتین دەنگ بوو. بە گلەییەکەوە سەیری کاک وەهابم کرد و گوتم، "بۆ چایەک!" بەڵام وەختی گلەیی و گازاندە نەبوو، یەکەم شت، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوایی لە بەڵا ڕزگار بکەین، دەبوو لە ناودێ دوور بکەوینەوە. ئاخر بەعس سڵی لە هیچ نەدەکردەوە؛ خوا خوای بوو لەناو دێکەوە شەڕی لەگەڵ بکرێ و فیشەکێکی ئاڕاستە بکرێت، ئینجا هەرچی لەو ناوەدا بوو بەتەڕ و وشکەوە بەسەر یەکدا بدات و وێرانی بکات. ماڵ و منداڵیان کەوتنە دۆخێکی زۆر خراپەوە و هەر دەستیان بەرەو ئاسمان بوو. نزایان دەکرد ئێمە و خۆیان و دێکەشیان لە تاوانی ئەم پۆستاڵ گڵاوانەی سوپا بپارێزێین. لەوەدا بوو بڕۆین، کوێخا دەترسا لە کاتی چوونەدەرەوەمان لە ماڵی ئەوان پەلامار بدرێن و تیا بچین، بۆیە گوتی، "با لەناو کایەنەکەدا حەشارتان بدەم. شوێنێکی بێشک و سەلامەتە و دڵنیا بن بە ڕووحی خۆم و مناڵەکانم دەتانپارێزم." من و کاک وەهاب هیچمان ڕازی نەبووین و ئەوەمان بەدڵ نەبوو، کردمان بە سوعبەت گوتمان، "ناشێ بەنیاز بی وەک باشترین دیاری تەسلیمان بکەی." مام کوێخا کەسێکی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر و خۆشەویستی ئێمەش بوو، زۆر بەهێمنی و وریایی و هەندێ پەلەکردنەوە لە ماڵیان چووینە دەرەوە و ڕووەو شاخی بەردەمی گوندەکە هەنگاومان نا. کۆپتەرە جەنگییەکان کوێرانە کەوتبوونە تەقەکردن و دارودەوەنیان دەسووتاند. دەستیان لە هیچ نەدەپاراست. وایان دەزانی هەر بنداره و پێشمەرگەیەکی نیشتیمانی تێدایە. کۆپتەرە بارهەڵگرەکانیش عەسکەریان لەسەر بەرزاییەکان دادەبەزاند- سەرەتاش زیاتر لە پشتی گوند و خوارووی گوند. لە چوونەدەرەوەماندا ئەوەمان بەباشی دەبینی و دەمانزانی ئەوان مەبەستیان بوو بەتەواوی گوندەکە گەمارۆ بدەن بە شێوەیەک کەس نەتوانێت دەرباز ببێت. لە حاڵەتی وادا زوو بڕیاردان مەرگ و مانەوە یەکلایی دەکاتەوە.

مام کوێخا چەند هەنگاوێکیش لەگەڵماندا هات. پێمان گوت، "تۆمان پێویست نییە؛ با بەهۆی ئێمەوە تووشی بەڵایەک نەبی و خواحافیزت بێ، ئێمە ڕێگەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆمان، بە هێز بێت یان بە بێدەنگی، دەکەینەوە." گرنگ بوو ئەو مەترسییە گەورەیەمان لە ماڵی مام کوێخا و گوندەکە دوور خستەوە. ئەمەیان بۆ ئێمە دەستکەوتێکی گەورە بوو.

کوێخا تۆفیق کوێخای گوندی هەرمێلە بوو؛ پیاوێکی چاک و کوردپەروەر بوو. کوێخاکان هاتوچۆی دەزگا حکومییەکانی قەزا و ناحییەکانیان دەکرد. زۆربەیان، گەر زانیارییەکیان دەست بکەوتایە و بۆ ئێمە بەسوود بووایە، ئاگاداریان دەکردینەوە، تاکە تاکەیەکیشیان چوون بۆ شاریان لێ قەدەغە کرابوو.

ئەگەر لە ماڵی کوێخا بمایناینایەتەوە، ئامادە بوو سەری خۆی دابنێت و ئێمە بپارێزێت، بەڵام بۆخۆی مانەوەی ئێمە مەترسییەکی گەورە بوو بۆ ئەو خێزانە قەرەباڵغە، بۆیە دەبوو لەوێ بڕۆین و هەر واشمان کرد. تەنها دەمانویست زوو بگەینە ناو ڕەز و باخ و دار و دەوەنەکان، لەوێشەوە دەرفەت بێنین بە شەڕ یان بێ شەڕ- کە ئەمەیان بۆ ئێمە باشتر بوو-خۆمان دەرباز بکەین.

دەبوو بزانین کۆپتەرەکان لەکوێ دەنیشنەوە، کاتی دەویست تا جەیش بەتەواوەی گوندەکە ئابلۆقە بدەن، چوونکە عادەتیان وا بوو بەرلەوەی پەلاماری ناودێ بدەن، ژمارەیەکی زۆر سەرباز لەسەر لووتکەی شاخ و بەرزییەکانی دەوری گوندەکان جێگیر دەکران تا گەمارۆکە مەحکەم بێت و شوێنێک نەمێنێت پێشمەرگە بتوانێت خۆی لێوە دەرباز بکات.

هێشتا بەباشی لە ماڵی کوێخا دوور نەکەوتبووینەوە کە بینیمان کۆپتەر لە چەند جێگەیەکەوە سەرباز دادەبەزێنن. ئەوان گومانیان دەکرد پێشمەرگە ڕێی خواری دێ هەڵدەبژێرن، بەڵام ئێمە ئاڕاستەی پێچەوانەمان هەڵبژارد. دیار بوو جەیش هەواڵی هەبوو پێشمەرگە لەو ناوچەیەدایە بۆیە وا بەو هێز و کۆپتەرە زۆرەوە هێرشی هێنا بوو بۆ گوندێکی بیست تا بیست و پێنج-ماڵی، بەڵام نەیدەزانی کە تەنها دوو پێشمەرگەن و عەشقی چا سەری لێ تێکداون و بۆ چایەک خۆیان خستۆتە ناو چارەنووسێکی پڕمەترسییەوە.

کۆپتەرە جەنگییەکان وەک شارە زەردەواڵە ورووژابوون و زۆر بەنزمی دەسووڕانەوە. خەریک بوو بەر درەختەکان دەکەوتن، بە ئارەزووش گوللەبارانی دەورووپشتی گوندەکەیان دەکرد، ئێمەش بە شێوەیەک دەڕۆیشتین تا لە درووستبوونی هەر تەقەیەکدا بتوانین بەرگری لە یەکتر بکەین. ژیان و مەرگ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەسـەر مەحـەک بـوو، هـەر هەڵەیەکی بچووکـی ئێمـە کارەسـاتی دەخوڵقانـد. بـە بەردەوامـی چاومـان لـە جووڵـەی سـەربازەکانی دوژمـن بـوو.

سرووشـتی سـەربازەکانمان تـا ڕادەیـەک دەزانـی: هاتـوون و دەیانەوێـت بـە زیندوویی بڕۆنـەوە بۆیـە زۆر سەرکێشـی ناکـەن و هێنـدە چـاو لەسـەر شـتەکان ڕاناگرن. دەیانزانی ئێمـە نـە شـوێنمان هەبوو بۆی بڕۆینـەوە، نـە باکیشـمان بە مردن بـوو. دەمێـک بـوو سـەربازەکانی سـوپای عێراق لەگـەڵ ئـەم ڕاسـتییە ڕاهاتبـوون. ئـەوان زیاتـر بـۆ گیانـی هاوولاتیـی بێچـەک ئـازا بـوون و لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ پێشـمەرگەدا، کاتێک مەترسی لەسـەر ژیانیـان درووسـت دەبـوو، هـەر زوو ورەیـان دەڕووخـا و سـەنگەریان چـۆڵ دەکـرد.

ئەوەندەمان نەما بوو بگەینە سەر ئاسۆ و بە دیوی لای سوێرەڵەدا خۆمان لە چاوی دوژمن ون بکەین، بۆیە زیاتر حەزەرمان کرد تا بە سنگەخشکێ و بەخێرایی ئەو چەند مەترە ببڕین، کە دیار و بەرچاو و مەترسیدار بوو. وا ڕێک کەوتین بەدوای یەکدا بڕۆین و لەو تێپەڕبوونەدا بەرگری لە یەکتر بکەین. بەدوای یەکدا خۆمان خستە نەدیوی و بەخێرایی بەرەو پشتی سوێرەڵە بەرەو ئاڕاستەی گەڵی دوور کەوتینەوە. چەند مەترێک دوور کەوتبووینەوە کۆپتەرەکان لەو شوێنەش سەربازیان دابەزاند، کۆپتەرە جەنگییەکانیش هەر هەموو ئەو شاخانەیان سووتاند. ئێمە لە هەرمێلە و جەیشەکە دوور کەوتینەوە و مەترسیمان لەسەر نەما، ئینجا کەوتینە گاڵتەوگەپ. بە کاک وەهابم گوت، "ئەگەر بکوژراینایە، برادەران ناویان دەنایـن 'دوو قوربانییەکەی ڕێی چاخواردنەوە.'"

دەمـەو ئێـوارە گەیشـتینە قەیماسـە. لای چایخانەکـەی خاڵـە مەحمـوود کاک عەبدولمەلیکمـان بینی. ئەویش زانیاریی هەبـوو کـە جەیش پەلامـاری ئـەم ناوچەیـە دەدا. گوتـی، "مـن دەپەڕمـەوە بـۆ بـەری خەمـزە و هۆمـەراخ و تۆزێـک دوور دەکەومـەوە." لەگـەڵ کاک وەهـاب گوتمـان، "ئێمـەش دێیـن." شـەو درەنـگ چووینـە هۆمـەراخ و لـە ماڵی کاک برایـم نانێکی درەنگانەمـان خـوارد، بـۆ خەویش چووینـە شـوێنێکی زۆر قایـم، کـە پێـی دەڵێـن شـیوی جەهەنـەم و لـە پشـتی گوندەکەوەیـە. عەبدولمەلیـک حەقـی نەبوو؛ دەبوو ئـەو خواردنـەی بـۆی دەهێنـن بـاش بێـت، ئینزاری دەکـردن کـە گۆشـی گیسـک ناخـوا، بیشـیان هێنایـە بـۆی، بەتووڕەیـی دەینـارەدەوە و دەیگـوت، "دەبێ مـەڕ بێ" ئەگینـا سـزای دەدان، دەیگوت کە ئێتر ئابوونەش لە هەموو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەڵک دەستێنێت و دەبێت خەڵک هەموو بەشدار بن لە یارمەتیدانی پێشمەرگەدا. بە شێوەیەک هەڵسوکەوتی دەکرد وەک ئەوەی خەڵک هەموو ئەندامی حیزبەکەی ئەو بن. دەیگوت دەبێ خەڵک ئیلتیزامی هەبێت و ئەوەی دەیڵێت جێبەجێی بکەن.

شێوی جەهەنەم زۆر سەخت و نەدیو و چڕستانە. نانی بەیانییان بۆ هێناین بۆ ئەوێ؛ بۆ نیوەڕۆش حەیوانیان سەربڕی بوو. خواردنێکی باشیان بۆ هێناین؛ خواردمان و دەمەوعەسر ئەوێشمان جێ هێشت. دوو، سێ ڕۆژ لەو ناوە ماینەوە و پاشان گەڕاینەوە شارباژێڕ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگە و چا و جگەرە

بە سرووشتی خۆم بە منداڵی حەزم بە چاخواردنەوە نەبوو. لە چوونم بۆ شاخ و پێشمەرگایەتی ئەم حاڵەتەی من لەناو پێشمەرگە و خەڵکی دێهاتەکاندا تا ڕادەیەک نامۆ بوو. دەیانگوت چۆن دەبێت پێشمەرگە چا نەخواتەوە! بۆ ئەوەی تووشی ئەو بگرەوبەردەیە نەبم، بێ قرە چاکەم دەخواردەوە، بەڵام پێشمەرگە بەگشتی زۆریان حەز لە چا بوو- هەم بەتەنیا هەم وەک پێخۆرو وەک تەواوکاری بۆ جگەرە کێشان یان لەگەڵ نان و ماست- بۆیە پێویست بوو بابەتی چاخواردنەوەی پێشمەرگە بە شێوەیەک چارەسەر بکەین.

ژمارەی پێشمەرگە تا ڕادەیەک زیادی کردبوو، زۆربەی ڕۆژەکانیش هەر لە دەرەوەی دێکان دەماینەوە، زۆرێک لە کەرت و مەفرەزەکان وڵاخی خۆیان پێ بوو. ئەو شتانەی پێ بوو کە پێویستیان پێیان دەبوو وەک شەکر و چا و بەتانی، کتری و دۆلکەی چا- کە زۆربەی پێشمەرگەکان دەیانکرد بە تاقمی کلاشینکۆفەکەیانەوە- مەتارەی فافۆنی سەربازی کە بۆ ئاو و چاخواردنەوەش بەکاریان دەهێنا. زۆربەی پێشمەرگەکان ئەو مەتارەیەیان پێ بوو.

ئیتر لە هەرکوێ پشوو بدرایە، دەبوو ئاگرێکی بێ دووکەڵ بکرێتەوە تا چای لەسەر لێ بنرێت، هەموو دەزانین دووکەڵ زۆر لە دوورەوە دەبینرێت و ئەوەش نیشانەیەکی سەرنجڕاکێش دەبوو بۆ چاوی دوژمن و ڕاستەوخۆ مەترسیی لەسەر پێشمەرگە درووست دەکرد. دەبوو هەرچۆن بووە لە کاتی ئاگرکردنەوەدا کارێکی وا بکەیت ئاگرەکە کەمترین دووکەڵ بکات یان هەر نەیکات، خۆ پێشمەرگەکانی خەڵکی دەرەوە بەتایبەت لەسەر بەفریش بووایە، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو ئاگریان دەکردەوە و کەرەستەی چالێنان و چا خواردنەوەش هەمیشە بەردەست بوو. چای خۆیان لێ دەنا بەڵام بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چاخواردنەوەیەکیش ڕێگەمان نەدەدا پێشمەرگە سەرکێشی بە ژیانی خۆیەوە بکات و ژیانی پێشمەرگە بخاتە مەترسییەوە.

زیاتر لە هاویناندا ئاگری بێ دووکەڵمان دەکردەوە و ئەوەش پێویست بوو، چوونکە کەشوهەوا ساف بوو، لە دوورەوە دووکەڵەکە دەبینرا، بەڵام بۆ زستان ئەوەندە گرنگ نەبوو، چوونکە هەر خۆی کەشوهەواکەی تەماوی و هەور بۆو، ڕۆشنایی کەم بوو، جاری وا هەبوو لە دووریی سەد مەترەوە چیاکانت نەدەبینی. جگە لەوەش ئاگری بێ دووکەڵ پێویستیی بە چیلکە و چەواڵی زۆر وشکە و بە هەموو کەس ناکرێتەوە و شارەزایی دەوێت. زیاتر خەڵکی دێهاتەکان دەیانزانی ئەوە بکەن. زستان بەئاسانی ئەو ئاگرە نەدەکرایەوە، بەڵام کە پێویست دەبوو، زستانیش بووایە پێشمەرگەکان لەملاولا چیلکەی وشکیان بۆ ئاگرکردنەوە لەو ناو قوڕ و بارانەدا پەیدا دەکرد و ئاگر دەکرایەوە.

پێشمەرگەی شار لە ئاگرکردنەوەدا شارەزا نەبوون و زۆریش گوێیان پێ نەدەدا، گەرچی لە بەرگی دووەمدا بەدرێژی باسی ئەم بابەتە دەکەم، بەڵام پێم خۆش بوو کە باسی ئاگرکردنەوە دەکەم، لەسەر مەسەلەی ئاگر لە شەڕی مێژوویی قەیوان-ماوەت شتێک لەسەر ئەم بابەتە باس بکەم.

فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بووم. بەرپرسیارێتیی پاراستنی شاخی حەسەن بەگ و پشتی ولاغلوو و کەڵکی قامیش بە تیپەکەی ئێمە سپێردرا بوو. زستان بوو، باران و سەرماوسۆڵە بوو؛ نوایەک نەبوو پێشمەرگە لە باران و تەڕبوون بپارێزێت، تیپەکەمان بەو جەبهە فراوانە خێمەیەکی شڕمان هەبوو کە بە هەر چوار لایدا ئاو دەهاتە خوار. بەردەوام تۆپباران و هێرشی دوژمنیشمان لەسەر بوو. چەند هەوڵم دا پێشمەرگەکان ئاگر بکەنەوە، ئەو هەموو دارەی لێ بوو بەڵام ئارەزوویان نەبوو. تەحەمولی ئەو باران و سەرمایەیان دەکرد، بەڵام تاقەتی ئاگرکردنەوەیان نەبوو زۆربەیان خەڵکی شارە حەیاتەکە بوون. تیپی ٤٣ی ئاسۆس، کە کاک عەبدولڕەحیم فەرماندەی تیپ بوو، هات بۆ پشتیوانیمان. ماوەی چەند مانگێک بوو دوژمن بەردەوام هێرشی بۆ ئەو زنجیرەشاخە دەکرد تا بیگرێت. ئێمە شەهید و برینداری زۆرمان دابوو، سەدان سەربازی دوژمنیش کوژراو یان بریندار ببوون و جەنازەی دەیان ئەفسەر و جوندی لەو ناوە جێ مابوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک عەبدولڕەحیم و فەرماندە قارەمانەکانی لەگەڵی بوون، وەک کاک مەحموود سێدەری و کاک عوسمان شارستێنی، لەگەڵ چەندین پێشمەرگەی تر، لەماوەیەکی زۆر کەم دا داریان بەشی دوو هەفتە ئاگرکردنەوە هێنا. ئەوان تەوراسی داربڕینیان پێ بوو؛ دەیانزانی زۆر پێویستە. لەناو ئەو قوڕ و بەربارانەدا ئاگرێکیان کردەوە. بۆ پێکەنین کاک عەبدولڕەحیم، گوتی، "ئەرێ وەڵا بۆ یەکەم جار ئاگر دۆزرایەوە." دواتر، چیرۆکی شەڕی قەیوان-ماوەت و حەسەن بەگ بەدرێژی باس دەکەم.

بەکورتی، بۆ کردنەوەی ئاگری بێ دووکەڵ، خەڵکی دەرەوە سێ بەردیان دادەنا وەک سێ کوچکە، کترییەکەیان دەخستەسەر و بەلێزانی و بەهێواشی بە دەنکە شقارتە یان چەرخی نەوت ئاگریان لەژێر چەند چیلکەیەکی باریکی وشک دەکردەوە. ئەوکات هەندێ لە جگەرەخۆرەکان ئەو چەرخە قەدیمییەیان پێ بوو؛ بۆ ئاگرکردنەوەش سوودی زۆر بوو، ئینجا لەنێوان بەردەکانەوە چیلکە و چەواڵی وشک بە جۆرێک ڕیز دەکەیت کە ناوەڕاستەکەی بۆش بێت. چیلکەکان بە شێوەی گۆشەیەکی تیژ کە تیژەکەی بۆ سەرەوە بێت لەسەر یەکتر کەڵەکە ناکەیت، ئینجا لە ناوەڕاستیاندا ئاگر دەکەیتەوە: گەڵای وشک دڕک و داڵ، شتێکی لەو جۆرە دەخەیتەسەری، پاشان وردە وردە چیلکەکان دەبەیتە پێشەوە و چیلکەی تریشیان بۆ زیاد دەکەیت، ئیتر چیلکەکان دەسووتێن. چڵە داری وشک ئاگر دەگرێت دووکەڵی ئەوتۆش ناکات کە لە دوورەوە دیار بێت، چایەکەش بە ئیسراحەت دەم دەبێت.

ئاگرکردنەوە بۆ شارییەکان قورس و نارەحەت بوو، چەند جار هەوڵم داوە شێوەی ئەوان ئاگر بکەمەوە و سەرکەوتوو نەبووم. دار و چیلکەیەکی زۆرم سەرف دەکرد و ئاگرێکی کەم و دووکەڵێکی زۆریی دەکرد. ئیتر تێ گەیشتم کە ئاگرکردنەوە بەو شێوەیە هونەرێکە بۆ خۆی، چوونکە پێشمەرگەکانی خەڵکی دەرەوە هەر یەک، دوو چیلکە و پەڵاشیان دەست بکەوتایە، دەتگوت سیحری لێ دەکەن. دوو سێ فوویان لێدەکردوو ئاگرێکی باشیان دەکردەوە گەر پێویست بووایە، دەیانکردە ئاگری نەورۆز.

چا خواردنەوە کێشەیەکی گەورە بوو. کورد بەگشتی حەزیان لە چایە، بەتایبەتی دانیشتووانی گوندەکان. لە هەندێک ناوچە، وەک ناوچەی ئالان و سیوەیل، پێش نانخواردن چا لەدوای چا بۆت دادەنێن؛ چای خەستیش. ئەمە جێگەی سەرنجە؛ مێژووی چاخواردنەوە لەناو کورددا زۆر کۆن نییە و لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەد ساڵێک تێناپەڕێت. کورد 'چایی'شی پێ دەڵێن. ناوەکە لە ئەسڵدا لە زمانی چینییەوە هاتووە و لەو زمانەشدا هەر پێی دەگوترێت 'چا'. زۆربەی گەلانی تر وەریان گرتووە و کەمێک دەستکارییان کردووە، بۆ نموونە عەرەبەکان پێی دەڵێن 'شای،' چوونکە ئەوان پیتی 'چ'یان نییە، ئینگلیزەکان پێی دەڵێن 'تی.' چا گەڵای ڕووەکێکە زیاتر لە خۆرهەڵاتی ئاسیا دەڕوێت و جاری وا هەیە نزیکەی نۆ مەتر بەرز دەبێتەوە. بەدرێژایی ساڵ گەڵاکانی سەوزە، بەزۆریی لە هیندستان و چین و سیلان و ئەو ناوچانە بەرهەم دێت. مادەی کافایینی تێدایە و چێژێکی تایبەتی دەبەخشێت و هەر ئەم مادەیەشە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان جۆرە ئالوودەییەکیان بۆ چا تێدا درووست ببێت. مێژووی چا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر و سەرەتا خواردنەوەی ئیمپراتۆری چین بووە. واز لە هونەرە جۆراوجۆرەکانی چاو ئامرازە جیاکانی ئامادەکردن و شێوازەکانی لێنانی بهێنە، دەیان جۆری جیاوازی تریشی هەیە. باسکردنی ئەوە هەر تەواو نابێت، بۆیە ئەو کورتەیشم باس کرد هێندەی نەمابوو بۆ چا خواردنەوەیەک لەگەڵ هاوڕێکەم تیابچین.

زۆربەی پێشمەرگەکان جگەرەیان دەکێشا، خۆشم هەر لە شاخ فێری جگەرەکێشان بووم. ئەوکات جگەرەکان پاکەتی پاکەتی بەغداد، پاکەتی جمهوری، دواتر (جگەرەی سۆمەر)یش پەیدا بوو، جگەرەی ئەجنەبییش زۆر بوو، لە زۆربەی دێهاتەکاندا جگەرە عێراقییەکان دەست دەکەوتن. هەمان بوو ڕۆژانە جگەرەی زۆر دەکێشا و جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند.

قەناعەتی جیاجیا لەناو پێشمەرگەدا درووست ببوو لەسەر جگەرەکێشان. هەندێک پێشمەرگە وایان بیر دەکردەوە ڕۆژانە گەر جگەرەی زۆریش بکێشێت، سپیایی بخوات کاریگەریی خراپی جگەرەکە لە جەستەتدا نامێنێ. ڕۆژێک لە مزگەوتی چنگیان بووین، نەخۆشێک هاتە لای دکتۆر هەژار؛ کێشەی کۆکە و ئازاری سنگ و قوڕگی هەبوو، دکتۆر پێی گوت، "ئەگەر جگەرەخۆری، ئیتر یان مەیخۆ یان کەمی بکەرەوە چوونکە خراپە بۆ سنگ و قوڕگت." پێشمەرگەیەک ناوی جەمال بوو، لەو لاوە بە دەنگێکی بەرز و گڕ هەڵی دایە و گوتی، "دکتۆر گیان، کەی وایە! من ڕۆژی دوو پاکەت جگەرە دەخۆم و چەند کەوچکێک ماست دەخۆم هەموو سنگ و قوڕگم پاک پاک دەکاتەوە." گوێم لە وەڵامی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دکتۆر هەژار نەبوو، بەڵام خۆ وەڵام بۆ کەسی وا چ سوودێکی هەبوو. دڵنیام کابرای نەخۆش قسەی جەمالی پێ پەسەندتر بوو لە قسەی دکتۆر.

زۆربەی پێشمەرگەکان دەیانزانی جگەرە خراپە، بەڵام دەیانگوت خۆ هەر دەکوژرێن ئیتر بۆ جگەرە نەخۆین. هەندێک پێشمەرگە زۆر حەزیان لە جگەرە بوو بەڵام هەموو کاتێکیش دەستیان نەدەکەوت یان تووتنیان پێ نەدەما، کە ئەوەش ڕووی دەدا، نارەحەت و بێتاقەت دەبوون؛ جار هەبووە پێشمەرگە پەنای بردۆتەبەر گەڵای وشک. وردی دەکرد و وەک تووتن لە سیگاردا دەیکێشا و بەو دووکەڵە ئیسراحەتی دەکرد.

شەو لە ڕێڕۆیشتندا تا دەگەینە شوێنی مەبەست دەبوو پێشمەرگە بە هیچ شێوەیەک جگەرە نەکێشێت یان کاتێک لە سەنگەر یان لە ئەرکدا بوو. هەبوون تەحەمولیان نەدەکرد و بەو شەوە جگەرەیان دادەگیرساند، ئەوەش لە دووری دوورەوە دەبینرا. جار هەبووە ئەوە زیانی لە پێشمەرگە داوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تارماییەکانی چیا

بە ڕۆژ لە گوندەکان دوور دەکەوتینەوە، ئێوارانیش هەر ئەوەندەی نانمان دەخوارد، جارێکی تر دوور دەکەوتینەوە. بەسەر چەند گوندێکدا دەڕۆیشتین و جێگەی زۆر پەناو نادیارمان بۆ خەوتن هەڵدەبژارد. تەنانەت دۆستەکانیشمان شوێنی ئێمەیان نەدەزانی. نیوەڕۆ پێشمەرگەیەکمان بەبێ چەک دەچووە ناودێ و نان و چا یان ماست و دۆ یان گەر هاوین بووایە، نان و تەماتە و پیازی وشک یان تەڕەپیازی بۆ دەهێناین. ئەوە خواردنی ئێمە بوو. لە هاتوچۆدا هەتا بمانتوانیایە بە ڕێگە ئاشکراکاندا نەدەڕۆیشتین، بۆ ئەوەی شوێن پێمان دیار نەبێت، بۆیە زۆر بەزەحمەت دەتوانرا ئاراستەی هاتوچۆمان بدۆزرێتەوە.

لەو شاخ و کێوانە ڕێگەڕۆیشتنی شەوانە زۆر زەحمەت بوو، بەڵام لە ئەنجامی دووبارە و دەبارەبوونەوەیدا، بەتەواوی شارەزای هەموو ناوچەکە بووین، بە ڕادەیەک نەخشەی هەموو ناوچەکە لە مێشکماندا چەسپ ببوو، کوردگوتەنی، هەموو ڕێگەکانمان لەبەر بوو؛ لە ڕۆشتن و هەڵبژاردنی جێگە و ڕێگەدا پێویستمان بە کەس نەبوو.

لە هەر جێگەیەک دەماینەوە، هەوڵمان دەدا هیچ نیشانەیەک- تەنانەت ئاغزە جگەرەیەکیش- لەدوای خۆمان جێ نەهێڵین. لە کاتی ڕۆیشتندا هەموو شوێنەوارەکانمان پاک دەکردەوە و گڵمان دەکرد بەسەریاندا، تەنانەت ئاغزە جگەرەکانیشمان دەکرد بە ژێر خۆڵەوە. ئەگەر بمانزانییایە شوێنپێکانمان دیارن، چڵێک دارمان بە گەڵاوە دەهێنا و لەدوای خۆمانەوە ڕاماندەکێشا بۆ سڕینەوەی شوێنپێکانمان. زۆر بەوریایی جموجووڵمان دەکرد، تەنانەت ئەگەر هاوڕێکانی خۆشمان بهاتنایەتە ئەو ناوچەیە، بەئاسانی نەیاندەدۆزینەوە. بۆ سەرلێشێواندنی دوژمنیش، زۆر جار دەبووین بە سێ، چوار کۆمەڵ و دەچووینە چەند دێیەک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تـا دوژمـن بزانـێ پێشـمەرگە لـە چەنـد گوندێـک بـوون، دواتـر لـەو نـاوە زۆر دوور دەکەوتینـەوە.

بـەم جۆرە بەتـەواوی سـەرمان لـە دوژمـن تێک دابوو. نەیدەزانی ئێمـە لـە کوێین، بـەڵام ئێمـە زۆر بەباشـی چاودێریـی ئەوانمـان دەکـرد و ئاگامـان لـە جموجووڵـە سـەربازییەکانیان بـوو، هـەر دەسـتە و مەفرەزەیـەک ئـەم سـەرەتای خۆپاراسـتنەی بـە باشـی جێبەجێ نەکردبێت، تووشـی زەبـر و زیانی گـەورە بۆتـەوە و بـەو هۆیەشـەوە دەیـان فەرمانـدە و کادر و پێشـمەرگەمان شـەهید بـوون. ئێمـە بـۆ خۆمـان ئـەم پاراسـتنە سـەرەتاییانەمان پەیـڕەو کـردووە، بۆیـە بـۆ جارێکیـش نەکەوتووینەتـە حاڵەتـی پەلاماردانـی لەنـاکاو و گەمـارۆی دوژمنـەوە.

دەیـان شـەو درەنـگ چووینەتـە نـاو دێیـەک، بەتایبەت پاییزان، بەڵام نەمانویسـتووە خەڵکەکـە نارەحـەت بکەیـن، خۆشـمان لـە مزگـەوت دەپاراسـت، بەتایبـەت ئەگـەر کـەم بووینایـە، چوونکـە گـەر شـەو یـان دەمەوبەیـان دوژمـن هێرشـی بکردایەتـە سـەر گوندێـک، سـەرەتا ئابڵوقـەی مزگەوتەکـەی دەدا. بـە هـەر شـێوەیەک بووایـە، جێگەیەکمـان دەدۆزییـەوە و بـە حەرەسـیاتەوە لێـی دەحەواینـەوە. کـە بەیانیـی زوو خەڵکەکـە بەهـۆی حەیـوان و ماڵاتـەوە دەهاتنـە دەرەوەی ماڵەکانیـان، دەیانزانـی کـە شـەو درەنـگ هاتوویـن و کەسـمان ئەزیـەت نـەداوە و لەسـەر تەندوورێـک ڕۆژمـان کردۆتـەوە. چەندین جار گلەییان لـێ کردووین کە بۆچی خەبەرمـان نەکردوونەتەوە. ئـەم جـۆرە ڕەفتارانـە هێنـدەی تـر پێشـمەرگەیان خۆشـەویسـت کردبـوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شاخی گۆیژە و ڕەبایەکانی

شـاخی گۆیـژە و ئەزمـەڕ وەک دیـواری قەلایەکـی سـەخت لـە هەمـوو قۆناغەکانـدا سـلێمانییان پاراسـتووە. لـە کاتـی شـۆڕشـی ئەیلوولیشـدا گۆیـژە چەنـد ڕەبایەیەکـی قایمـی پێـوە بـوو وەک ڕەبایەکانـی هەڕوتـە، چاڵـە بەفـرەکان، چایخانـەی گۆیـژە، کەڵکی سیتەک، قوتـەی مەحموود خـان، هتد. پێشـمەرگە لەو قۆناغانـەدا چەند هەوڵی گرتنی داوە و شـەهیدی لە پێناودا داوە، گرتوویەتی و دواتر جێی هێشـتووە، ئێمە لـە (داسـتانی ڕزگاری)دا سێ قایمترین ڕەبایەکانـی شـاخەکەمان گرت و شـەهید و بریندارمـان دا بـەلام دوای چەنـد سـەعاتێک لـە ڕۆژبوونـەوە چۆڵمـان کـردن. دواتـر لە بەرگـی دووەمدا بەدرێژی باسـی دەکـەم. ئەم ڕەبایانـە وەک دومەڵـی سـەردڵی خەڵکی شـار هێمای تۆقانـدن و ترسـاندن بۆ شـارە حەیاتەکە و شـارباژێڕ وا بوون و لـە هەموو قۆناغەکانـدا سـەرچاوەی هەڕەشـەی ڕاسـتەوخۆ بـوون بۆ شـارباژێڕی تەخـت و کاروانچییـەکان و ئەوانـەی هاتوچـۆی شـاریان دەکـرد. عێـراق گـەر لـە کاتـی شـەڕدا نەیتوانیبێـت لـە ناوچەکانـدا ڕەبایـە درووسـت بـکات، ئـەوا لـە کاتـی گفتوگۆکانـدا لەگـەڵ سـەرکردایەتیی جووڵانـەوەی کوردیدا بـە دەسـتێک ئاشـتی لەگـەڵ کردووین و بـە دەسـتەکەی تـر خەریکـی دانانـی ڕەبایـە و درووسـتکردنی جـادەی سـەربازی و پیلانگێـڕی بـووە دژی پێشـمەرگە.

زۆربـەی ڕەبایـەکان جگـە لـە چاودێریکردنـی ناوچەکـە و ڕەسـەدی کۆپتـەرە شـەڕکەرەکان و وەرگرتنـی زانیـاری لەسـەر جووڵـەی پێشـمەرگە ئـەوکات تەختـی شـارباژێر دارو دارسـتانی کـەم و هـەر جولـە و سـەیارەیەکی پێشـمەرگەیان بدیبایـە دەیانگەیانـد ناوەنـدە سـەربازییەکانی سـەروو خۆیـان، لـە هێرشـەکانی دوژمنیشـدا بۆسـەر ناوچـەی شـارباژێر و لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنەوەی شۆڕشـەوە تـا پرۆسـەی ئەنفـال ڕۆڵـی تاوانکارانەیـان هەبـوو لـە زیـان گەیانـدن بـە پێشـمەرگە و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەڵکی ناوچەی شارباژێڕی تەخت؛ زۆر جاریش کەمینیان دەهاتنە سەر ڕێگەی هاتوچۆی کاروانچی و هاتوچۆی شارباژێڕییەکان بۆ شار و زیانیان زۆر لە هاووڵاتی و پێشمەرگە دەدا.

لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، خزمەتی سەربازی زۆرەملێ بوو؛ ئەوەی خوێندنیشی تەواو دەکرد دەبوو ساڵێک بۆ ساڵ نیوێک سەربازی بکات. کە شەڕی ئێران-عێراقیش بەسەردا هات، ئەو ماوەیەشی نەهێشت؛ دەبوو نەگبەتانە هەر سەرباز بن، سەدان و هەزاریان بوون بە سووتەمەنی ئەو شەڕە نەگریسە. زۆربەی سەربازی ناو ڕەبایەکانیان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەکان بوون. دەیانمان لێ گرتوون کە زۆربەیان دەرچووی کۆلێجەکان و خاوەنی بڕوانامە بوون و دوور لە ویستی خۆیان بەناچاری مابوونەوە، هەر ئەوەش وای لێ کردبووین کە دەمانگرتن، دەمانپاراستن و ڕۆژێک لای خۆمان دەمانهێشتنەوە و ئازادمان دەکردن. بەهۆی شوان و خەڵکی گوندەکانی نزیک ڕەبایەکانەوە جۆرە ڕێککەوتنێکی ناڕاستەوخۆمان لەگەڵ بەشێک لەو ڕەبایانەی سنووری شارباژێڕ و نزیک جادە و گوندەکان هەبوو. ئیتر وای لێ هاتبوو نە ئەوان و نە ئێمە مەترسیمان لەسەر یەکتر درووست نەدەکرد تەنها داوایان ئەوە بوو زۆر بەئاشکرا و بەڕۆژ و قەرەباڵغی بەبەردەمیاندا نەڕۆین. هەندێک لەو ڕەبایانەی کە جاشیان تێدا بوو مەگەر جوندییە بەعسییەکان هێندەی ئەوان دڵسۆزی بەعس بووبن و دژ بە پێشمەرگە شەڕیان کردبێت! بێگومان جاشیش هەبوون جۆرێک لەو هاوکارییانەیان دەکردین، یان هەر پەیوەندییان پێمانەوە هەبوو، لەبەر پاراستنی گیانی خۆیان، کەم کەم فیشەک و گوللەی ئاڕبیجییان بۆ دەناردین.

❊❊❊

کە باسی خواردنی پێشمەرگە دەکەم، ڕەنگە نەوە نوێیەکانی دوای ڕاپەڕین خەیاڵیان بۆ ئەوە بچێت خواردنی پێشمەرگە شتێکی تایبەت بووە، بەڵام لەڕاستیدا خواردنی ئێمە بەزۆری نان و دۆ، یان نان و ماست یاخود کەرە بوو، جار جار هێلکەشی تێدا بوو، ئەوەش هەموو کات حازربەدەست و ئامادە بووە، هەر ئەوانەش بەکەڵک دەهاتن، چوونکە لەو شاخ و دۆخە نالەبارەدا کە ئەوە پەیدا دەبوو شوکرانەی خوامان دەکرد و زۆریش پێی ڕازی بووین، بەڵام کە ئێواران دەهاتینە ناودێ، ماڵ و خێزانەکان چیان ئامادە کردبوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ نانی ئێوارەیان هەر ئەوەشیان بۆ ئێمە دادەنا؛ زۆر جاریش غەدریان لە منداڵەکانی خۆیان کردووە و بەشی ئەوانیشیان لەبەردەم ئێمە داناوە. چەند جارێک ئاوا سفرەی ڕازاوە و پڕنانی خۆشمان خواردووە... لە خەومدا! چەند جارێک و بە تایبەتی لە سەرەتاکاندا خەوم بە خواردنی خۆش و زۆرەوە دەبینی، بەڵام کە ڕاهاتم، ئیتر خەوەکانیش نەمان، لە لایەکی تریشەوە بەشی زۆری گوندەکان هەژار بوون، بەتایبەت دەرەوەی سنووری شارباژێڕ. لە ڕووی جۆرەوە، خواردن لە شارباژێڕ لە ناوچەکانی تر جیاواز بوو.

***

لە ماوەی پێشمەرگایەتیمدا زۆربەی کاتەکان لە ناوچەی شارباژێڕ بووم، بۆ کاری پێویست یان لەسەر داوای سەرکردایەتی نەبووایە نەدەچوومە ناوچەیەکی دیکە، ئاشنایەتی و دۆستایەتیی زۆرم لەگەڵ زۆربەی شارباژێڕییەکاندا درووست کردبوو. زۆربەی ماڵەکان وەک ماڵی خۆمیان لێ هاتبوو، خەڵکەکە تا ئەوپەڕی جێی متمانە و میواندۆست و دڵسۆزی کورد و پێشمەرگە بوون و لە میوانداریدا کەموێنە بوون؛ بە دەگمەن کەسێک هەبوو لەم سنوورە و خەڵکی ئەم گوندانە سەری لە خیانەت خورابێت، واتە حەزی بە خیانەت و جاشێتی بووبێت یان فەوجی جاشی خەفیفە، ئامرفەوج، یان سریە و مەفرەزە خاسەیان هەبووبێت، یان خیانەتکار بووبن. جاشەکانی چوارتاش زۆر کەم بوون و ژمارەیەکی زۆریان خەڵکی ناوچەکە نەبوون، بەڵکوو لە شوێنەکانی دیکەوە هاتبوون. جگە لەوەش لە شارباژێڕ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی زۆر ناوچەی تر تەواو جیاوازن، بەوەی لە دێرزەمانەوە سیستمی عەشایەر و تیرە و خێڵ و عەشرەت لەم ناوچەیە وجوودی نەبووە، ئەم شێوە پەیوەندییە لە شارباژێڕدا بەگشتی کاریگەریی ئەرێنیی زۆری لەسەر درووستبوونی شاری سلێمانی هەبووە لە (قەڵاچوالان)ەوە کە ئەوکات پایتەختی تەواوی ناوچەکە و ئەمارەتی بابان بووە. لەوێوە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جوانە بۆ شار گواستراوەتەوە.

بێگومان لەم ناوچەیەدا کوشتن و دوژمنایەتییش دەگمەن بوو، دز و جەردە و هەڵکوتانەسەرخەڵک بۆ تاڵانی و ماڵبڕین دەتوانم بڵێم لە ئاستی سفردا بوو. هەرکەس دەچێتە ناویان، دوای ماوەیەک وەک یەکێک لە خۆیان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاییز

پاییز بۆ پێشمەرگە لە ساڵانی سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشەوە تا هەڵگیرسانی شەڕی ئێران-عێراق وەرزێکی سەخت و پڕ ناڕەحەتی بوو. دنیا ساردی دەکرد و باران دەباری، دەشتودەر هەمووی دەبوو بە قوڕ و دارەکانیش گەڵایان پێوە نەدەما. وەک گۆرانی شاعیر دەڵێت، "پاییز، پاییز/ بوکی پرچ زەرد/ من مات تۆ زیز/ هەردوو هاودەرد." دار ڕووتوقووت دەبوونەوە و نەیاندەتوانی پێشمەرگە لەژێر سێبەری خۆیاندا حەشار بدەن. وەرزەکە وەرزی گەڵاڕێزان و خۆگۆڕینی دارودرەخت و خۆپاککردنەوەی سرووشت بوو. ئەو گەڵا زۆرە ئاڵتوونییانەی دەکەوتنە سەر زەوی و زەوییان بە بەرگی پاییز دەگۆڕی و دەیانکردە جوانترین تابلۆی خواکرد کە هەرگیز چاو لە سەیرکردنی ماندوو نەدەبوو، بەتایبەت گەڵای ڕەز و باخەکان کە بە لق و پەلی دارمێو و هەڵوژە و چوالە و قەیسییەوە دەمانەوە یان سرووشت ژیانی تری پێ دەبەخشین و دەکەوتنە سەرزەوی و ڕەنگیان دەگۆڕا و دەبوونە دەیان ڕەنگی جیاواز. دیمەنی ئەو دەشت کێوەیان دەگۆڕی و دەبوونە جوانترین بووکی ڕازەوەی ژیان و سرووشتی کوردستانیان بە شێوەیەک دەنەخشاند وەک ئەوەی پەروەردگار نووری جوانی و پیرۆزیی بەو کوردستانە بەخشیبێت.

مانەوەی پێشمەرگەش لەو قوڕ و بەرباران و سەرمایەدا لە دەرەوەی گوندەکان زەحمەت بوو. جلوبەرگی زستانەی باشمان نەبوو. دارودرەخت ڕووت دەبوونەوە و هاتوچۆکردنمان تا ڕادەیەک ئاشکراتر بوو. بۆ نانخواردن و ساردوو سەرمای زۆر چارمان نەبوو؛ هەر دەبوو پەنا بۆ گوندەکان بەرین، دوژمنیش ئەم ڕاستییەی دەزانی کە پێشمەرگە بەناچاری لەبەر سەرما و باران پەنا بۆ گوندەکان دەهێنێت و دەمێنێتەوە، بۆیە ئەویش زۆربەی هێرشەکانی دەخستە ئەم وەرزەوە بەتایبەت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو ڕۆژە ساردانەی بارانیش دەباری. زەویی قوڕ و دنیا سارد بوو، دەبووایە پێشمەرگە لەوپەڕی وریایی و ئامادەییدا بێت تا لەو هێرشە کتوپڕانەی دوژمن لە پاییزدا پارێزراو بێت، یان بەکەمترین زیان لێیان دەرباز بین، چوونکە لە کەمترین کاتدا فڕۆکە شەڕکەرەکانی دوژمن دەگەیشتنە ئاسمانی ناوچەکە بۆ پەلاماردانمان. گەر پێشمەرگە تا ئەوپەڕی خۆی نەپاراستایە، پاییز و سەرەتای بەهار بە شێوەیەکی گشتی دۆخەکە لە بەرژەوەندیی سەربازانی دوژمن بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەرۆشی بۆمان، بەڵام!

چەندین جار لە دابەشبوونمان بەسەر مالاندا، بەتایبەت لە ساڵی یەکەم و دووەمی سەرەتای شۆڕشدا، من و هاورێکانم ڕووبەڕووی هەندی قسە شەخسی دەبووینەوە. زۆر جار ژنی خاوەنماڵ وەک کوڕ و منداڵی خۆی پەرۆشی و سۆزی بۆ دەردەبڕین و دەیگوت، "چۆن دایک و باوکتان دڵیان دەسرەوێ ئێوە بوونەتە پێشمەرگە و ژیانی ئەوانتان خستۆتە دۆزەخەوە! هەر ڕۆژێک بێ ئەم دڕندانە زەفەرتان پێ دەبەن و تیا دەچن. بۆ کێ خۆتان بەکوشت دەدەن." سەرەتا، هەندێک هەر بە شێتیان دەزانین و دەیانگوت خۆتان بە چییەوە خەریک کردووە، ئەوانە و چەندین قسەی تر کە لە ڕووی دەروونییەوە ناڕەحەتیان دەکردین، بەڵام ئیتر دەبوو ئەو قسانەش بێ ناڕەحەتبوون وەربگرین و گوێیان نەدەینێ.

- چۆن دڵتان هاتووە دایک و باوک و کەسوکاری خۆتان جێبهێڵن؟
- دایک و باوکتان چۆن تەحەمول دەکەن ئێوە ببن بە پێشمەرگە؟
- ئێوە لە عەسکەری فیرارتان کردووە بۆیە هاتوونەتە دەرەوە!
- ئێوە گەنجن و کاسبی زۆرە و پارە هەڵڕژاوە، بۆ ناچن کاسبییەک بکەن و ژیانێک بۆ خۆتان پێکەوە بنێن؟
- ئەوانەی پێش ئێوە هیچیان پێ نەکرا، ئێوەش هیچتان پێ ناکرێ؟ ئەمانە بەشێک لەو قسانە بوون کە هەندێک کەس پێیان دەگوتین. بیرمە گەنجێک لە گوندی (وەلانە)ی شارباژێڕ پێی گوتین "ئێوە ئاسنی سارد دەکوتن."

بێگومان ئەم پرسیارانە زیاتر لە سەرەتای شۆڕشدا دەکران. دواتر کە زیاتر ناسیانین و زانییان سەربازی ڕاکردوو نین و لە ژیان و خۆشیی شارەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاتووین و زۆربەی زۆرمان خاوەنی کار و شەهادەین، باوەشیان زیاتر بۆ کردینەوە. لە ئەنجامدا، بووینە بەشێک لەوان و دواتر وردە وردە پرسیاری دیکەی جۆراوجۆر قوت بوونەوە، وەک "بۆ واز لە شەڕی براکوژی ناهێنن؟"

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئاسنی سارد دەکوتن

ئێوارەیەکی ساردوسەرمای سەرەتای شۆڕش، بەناو قوڕ و چڵپاویکی زۆردا لە وێڵەدەرەوە من و کاک وەهابی شێخ ئەحمەد چووینە گوندی وەڵانەی نزیک سیتەک. سەرتاپامان تەڕ و قوڕاوی بوو. لە ماڵێک دامەزراین تا نان و ماستێک بخۆین، خۆمان وشک بکەینەوە و پشوویەک بدەین. ماڵەکە کوڕێکی گەنجیان هەبوو؛ پێ دەچوو لە سلێمانی خەریکی خوێندن بێت. قسەمان لەگەڵ دامەزراند و باسی شارمان لێ پرسی و گوتمان لەژێر دەسەڵات و سایەی بەعسییەکاندا دەبێت لە چ جەهەنەمێکدا بن، باسی کۆمەڵە و شۆڕشمان بۆ کرد و هانمان دا کە دەبێت دۆست و پشتیوانی پێشمەرگە بێت، گوتمان ئێمەش وەک ئەو خوێندوومانە و لەبەر کورد وازمان لە مستەقبەلی خۆمان هێناوە، ئیتر لەو قسانەدا بووین و دەمانوویست قسەیەکمان بۆ بکات لەسەر دۆخی ناو شار، چاوەڕوانی بووین پشتیوانی قسەکانی ئێمە بکات، لەناکاو گوتی، "وەڵا بابە ئێوە ئاسنی سارد دەکوتن. ئەمەی ئێوە دەستتان داوەتێ، هیچ ئەنجامێکی نابێ. هەر ئاسنی سارد کوتانە." چاوەڕوانی قسەی وا ڕەق و نادۆستانە نەبووین، ڕەنگە بۆ زۆر کەس کە لەو قۆناغەدا دەستیان بە کڵاوەکەی خۆیانەوە گرتبووە ڕاستییەک لەم قسەیەدا هەبووبێت، بەڵام بۆ ئێمە نا. ئێمە دەستمان دابووە کارێک کە لە مەحاڵەوە نزیکتر بوو تا واقیع. بڕێک بە بێدەنگی سەیری کوڕەکەمان کرد و پاشان گوتمان، "ئەی چی بکەین؟ ژێردەستەیی قبووڵ بکەین؟ تۆ لە شاریت، دەزانی دوژمن چی بەرانبەر خەڵک دەکا؟ بە بڕوای تۆ هەر وا بێدەنگ بین و لێگەڕێین بەعس بە ئارەزووی خۆی قەلاچۆمان بکات و کورد لەناو ببا." بڕێک مشتومڕمان کرد، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی خەباتکردنی ئێمە کارێکی درووست نییە و ئاسنی سارد کوتانە. لە کۆتاییدا پێمان گوت، "هەست ناکەی ئەم قسانە زیانیان زیاترە؟ واتە بێهیوایی بڵاو دەکەنەوە و ناڕاستەوخۆ خزمەتی سیاسەتی دوژمن دەکەی!" ئێمە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆر بەنەرمی لەگەڵی دەدواین و ئەویش زیاتر پێداگریی دەکرد کە وەکوو دوای کڵاوی بابردوو کەوتبین. ئەم قسانەمان بە دەم خۆوشککردنەوەوە کرد. لەپاڵ زۆپای ماڵەکەدا دانیشتبووین، کە لەبەر خاتری ئێمە هێندەیان داری بەڕوو پێوە نابوو سوور سوور ببۆوە. باران هێندە تەڕی کردبووین کەمتر هەستمان بە تینی ئەو زۆپا گەرمە دەکرد، ڕەنگە ئەو قسانەی ئەو کوڕەش وای کردبێ زیاتر هۆشمان لەسەر ئەو قسە بێتامانەی ئەو بێت. گوتمان، "جا خۆ ئەم قسانە بۆ کەسی سادە بکەی، دەیڕوخێنی. لەگەڵ ئەوەی ئێمەت بەو وەزعەوە بینی کە وشکایی لە جل و جەستەماندا نەبوو، لە جیاتی ئەوەی هانمان بدەی بۆ بەردەوامی لە پێشمەرگایەتی، دەتەوێ بەو قسانە ساردمان بکەیتەوە. قسەکانی ناحەزانە و دژ بە پێشمەرگایەتی بوو، گەر مەبەستیشی نەبووبێت قسەکانی ڕووخێنەر بوون، بۆیە گوتمان، "تۆ دڵ و نییەتی خراپت هەیە، ناچارین ئەمشەو لەگەڵ خۆمان بتبەین تا لە نزیکەوە ئاشنای ژیان و کارەکانی ئێمە بیت." لێرەدا ئیتر کوڕەکە سڵەمییەوە و تۆنی قسەی گۆڕا. ئەوەمان پێ خۆش نەبوو، بەڵام چاری ترمان نەبوو، ئەو قسەیەش کە کردمان تەنها بۆ ئاگادارکردنەوەی بوو، چوونکە ئەگەر بشمانبردایە، دەبوو بە بار بەسەرمانەوە. ئاخر ئێمە خۆمان جێگەیەکی دیاریکراومان نەبوو، بەڵام گوتمان هەر لەگەڵ خۆماندا بە سجنی دەتبەین، ئیتر باوک و برا و ماڵەکەیان تۆزێک شێوان و ترسان، دواتر کەمێک دڵمان دایەوە و گوتمان، "تۆ گەنجیت و خوێندەواری و کوڕی دێهاتی، هەرچۆن سەیر کەی دەزانی بەعس جیاوازی لە نێوان پێشمەرگە و هاووڵاتییەکدا ناکا جا ئەگەر هاووڵاتییەکە ژن و منداڵ یان پیر و گەنج بێت، ئەو هەر بە چاوی دوژمن لێیان دەڕوانێ، گەر قسەی باشت نەکرد و بۆت نەکرا، قسەیەک مەکە زیان بە خۆت و خەڵک بگەیەنێ." قسەکەی پێشوومان بێدەنگییەکی ناخۆشی دروووست کردبوو لەناو ماڵەکەدا، کە ئەمەمان گوت، هەمووان هێور بوونەوە. بۆ ئەوەی کەشوهەواکە هێورتر بکەینەوە بە سوبعەتەوە بە کوڕە گەنجەکەمان گوت، "تۆ کوڕی ئەم کەژوکێوەی، جارێکی تر کە هاتین، چاوساغیمان بکە بۆ ناوشار." خۆ گەر هەق بڵێین ئەو کات و زەمانە بەشێکی زۆری خەڵک وەک ئەو گەنجە بیریان دەکردەوە. جلەکانمان وشک بوونەوە، بەڵام باران هەر دەباری، ئێمەش دەبوو بڕۆین. ماڵئاواییمان کرد و بەو بارانە بەرەو عازەبان و بزەینیان ملی ڕێمان گرت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەواڵنامەی پێشمەرگە

دۆخی پێشمەرگە تا ڕادەیەک بەرەو باشیی دەڕۆیشت، بەتایبەت لە دابینکردنی پێویستییە سەرەتاییەکانی سەربازی وەک فیشەک و تەقەمەنی و دووربین و قەمسەڵە و هتد. پێداویستیی ڕۆژانەی باشترمان پێ دابین دەکرا، ئەمەش زیاتر پەیوەست بوو بەوەی خەڵک دڵنیا بوو پێشمەرگە و شۆڕش بەردەوامن و ئەو سوێندەی بەعس خواردبووی کە گوایە لە ماوەی ساڵێکدا شۆڕش و پێشمەرگە لەناو دەبات نەیتوانی و پێی جێبەجێ نەکرا و بۆ هەتاهەتاش سەد سوێندی تری وا بۆ لەناوبردنی کورد بخورێت، هەموویان دەکەون!

یەکەم ژمارەی *هەواڵنامەی پێشمەرگە* لە ئایاری ساڵی ١٩٧٨دا بڵاوکرایەوە و دوا ژمارەشی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١دا دەرچوو. بە کۆی هەمووی، پانزە ژمارەی لێ دەرچوو. کاک نەوشیروان، دوای هاتنەوەی بۆ کوردستان، خۆی سەرپەرشتیی ژمارە ١-٦ی کرد. سێ ژمارە لەوانە لە ڕۆژانی سەختی کەمتوانایی یەکێتی لە قەندیل چاپ کراون و سێ ژمارەکەی تری لە ناوزەنگ لەنێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩دا دەرچوون.

شەش ژمارەی تری هەواڵنامەکە لە ساڵی ١٩٨٠دا، لە تووژەڵە لەلایەن دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتییەوە، کە مامۆستا جەعفەر بەرپرسی بوو، چاپ کراون. هەواڵنامەکان بەشی هەرە زۆری چالاکییەکانی پێشمەرگەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و چەندین وتار و بابەتی هەمەجۆری سیاسی و هەواڵ و زانیاریی گرنگیان لەخۆ دەگرت. بڵاوکراوەکە بۆ خۆی بۆ بەدۆکۆمێنتکردنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. زۆر جاریش کادرەکان یان فەرماندەکان لە کۆبوونەوەکاندا هەندێک بەشی گرنگیان بۆ خەڵکی گوندەکان دەخوێندەوە تا جەماوەر ئاگاداری کۆی چالاکییەکانی پێشمەرگە ببن. لەناو ڕێکخستنەکانیشدا گەر ژمارەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێویست نەبووایە، ڕێکخستنەکان هەواڵە گرنگەکانیان بەدەست دەنووسییەوە و بۆ هاوڕێ و هەڤاڵانیان دەنارد و بڵاویان دەکردەوە.

بەدەر لە هەواڵنامە، کۆمەڵە و یەکێتی گرنگیی زۆریان بە نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕۆشنبیری و سیاسی و فەلسەفی و ڕێکخراوەیی و هتد دەدا، دەیان بڵاوکراوە و نامیلکە و کتێبیش چاپ و بڵاو دەکرانەوە، ئەوەش سەرچاوەیەکی گرنگی پەروەردەکردنی کادر و پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فەرماندەکانی شارباژێڕ

هەموو فەرماندەکانی دیکەی جافایەتی، شارباژێڕ و هەورامان و پێنجوێن بەگشتی ڕێزی زۆریان لە کاک سالار و بڕیارەکانی دەگرت و فەرماندە و کادرەکانی کۆمەڵەش بەتەواوی پەیوەست بوون بە فەرمانەکانیەوە. کاک سالار لە ڕووی سەربازییەوە سەرکردەیەکی بەتوانا بوو، بە سرووشتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکاندا کەسێکی توند بوو، بۆ ئەو قۆناغەش ئەمە پێویست بوو، بەڵام زۆربەی جارەکان تووڕەییەکەی لە جێی خۆیدا بوو.

کاک سالار سەرکردە و فەرماندەی سنورێکی فراوان چاوی لە هەڵەی هیچ فەرماندە و بەرپرسێک نەدەپۆشی، بە هەڤاڵ و هاوڕێکانیشیەوە. لەوپەڕی مەترسی و ناخۆشیدا لە پێش هەموو پێشمەرگەکانەوە بوو، لەگەڵ ئەوەی وەک فەرماندەیەکی باڵای شۆڕش لە سەرەتادا نە کەس ناوی بیستبوو، نە وەک ئەو فەرماندانەی تریش ناوی هەبوو کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا پلە و پۆستیان هەببوو، بەڵام لە ماوەیەکی دیاریکراودا کاک ئارام بەرپرسی یەکەم و کاک سالار عەزیز و کاک مەلا بەختیار و کاک ئازاد هەورامییش بوونە سەرکردەی دیار و ناسراو و ڕێزلێگیراوی ناو خەڵک و پێشمەرگە.

زۆر جار کاک سالار عەزیز لە ڕێڕۆیشتن و جەولەکاندا لە پێش هەموومانەوە دەڕۆیشت و سروودەکانی کۆمەڵەی لەگەڵ دەوت و ئێمەش لەگەڵمان دەگوتەوە. ئەم سروودانە خۆیان جۆرێک لە حەماسەتیان دەدا بە هەمووان. هەموو پێشمەرگە سروودەکانی کۆمەڵەمان لەبەر بوو، کاک سالار خۆی لە پێشەوەی پێشمەرگەکانەوە بە دەنگە بەسۆز و خۆشەکەی سروودەکانی دەگوتەوە و ئێمەش لە دوایەوە بەدەم ڕێوە دەمانگوتنەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە خوارەوە لیستێک لە ناوی ئەو فەرماندانەدا دادەنێم کە لە ناوچەی شارباژێڕ- بە سەخت و تەخت و ناوچەی شلێریشەوە- لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا لە نزیکەوە ناسیمن.

١. بەکری حاجی سەفەر: سەرکردەیەکی بەئەزموونی خاوەن دەیان ساڵ خەبات و فیداکاری، فەرماندەیەکی ئازاو هێمن و خۆشەویستی ناو خەڵک و پێشمەرگە.

٢. تایەری عەلی والی بەگ: فەرماندەیەکی دیاری شۆڕشی ئەیلوول و سەرکردەی بزووتنەوە و فەرماندەی ناوچەی هەرێمی هەورامان پێنجوێن و کەسایەتییەکی سادە و لەسەرخۆ بوو. خاوەنی پێگەیەکی جەماوەریی و پێشمەرگایەتی فراوان و بەهێزیش بوو.

٣. ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان: سەرکردە و فەرماندەیەکی سەربازیی دەستپاک و داوێنپاک و چاونەترس و توند لە کاری سەربازیدا، بۆ ساتێکیش نەمدیوە حەفتاوپێنجیەکەی لە شان نەبێت. چاوپۆشیی لە هەڵە و کەمتەرخەمیی هیچ پێشمەرگەیەک نەدەکرد.

٤. عەلی چوارتایی: لە سەرەتادا فەرماندەیەکی قیادە مۆقەتە بوو؛ بەڵام بە پێچەوانەی هاورێکانییەوە هەرگیز ڕەفتاری نابەجێی لێ نەوەشایەوە، زۆر جیاوازیش بوو، پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ جەماوەردا هەبوو، لە ناو خەڵکیشدا زۆر خۆشەویست بوو، جگە لەوەش سەرکردەیەکی شارەزا و لێهاتووی شەڕی پارتیزانی بوو. لەدوای تەسلیمبوونەوەی ستار و عەبدولمەلیک بە ڕژێمی بەعس، پەیوەندیی کرد بە یەکێتیی نیشتیمانییەوە و وەک یەکێک لە باشترین فەرماندە سەربازییەکانی یەکێتیی- فەرماندەی تیپی ٣١ی سلێمانی و ٣٧ی شارباژێڕ- تا ڕۆژی شەهیدبوونی دەیان و سەدان چالاکیی سەرکەوتووی دژی دوژمن ئەنجام دا.

٥. عوسمانی قادر منەوەر: فەرماندەیەکی سەربازیی نەترس و تێکۆشەرێکی بەئەزموون بوو، پیاوێکی قسەخۆش و سادە و دڵپاک بوو، قەت بۆ قسەی خۆش و دانەدەما و مەجلیسەکانی لە پێشمەرگایەتیدا هەر بەزم و پێکەنین و خۆشی بوون. لەناو خۆماندا زۆرجار بە 'خاڵە عەفان' بانگمان دەکرد؛ خۆیشی ئەوەی پێ خۆش بوو.

٦. خاڵە نەبەز (مەحموودی جگەر): لە سەرەتادا فەرماندەی دەستەی پێشمەرگەکانی کاک سالار عەزیز بوو، دواتریش بوو بە فەرماندەیەکی مەیدانیی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چاونەترس و ئازا و خۆشەویست لەناو جەماوەر و پێشمەرگە و هاوڕێکانیدا. ماوەیەکی زۆریش پێکەوە لەگەڵ کاک مستەفا چاوڕەش، خاڵە عەفان لە لیژنەی سەرپەرشتی هەرێمی ٣ی شارباژێردا بوو.

٧. مامۆستا عومەر (عومەر ئاوەکەڵی): گورجوگۆڵ و قسەزان بوو، شارەزایی باڵای هەبوو لە کۆکردنەوەی پێشمەرگەدا، زۆر زیرەکانە بیروباوەڕەکانی کۆمەڵەی بۆ خەڵک شی دەکردەوە، دوو پێشمەرگەی تەسلیم ببوایەتەوە، زۆری پێ نەدەچوو بەلێهاتوویی خۆی چوار تری دەهێنایە جێگەیان.

٨. حەمە مۆریاسی: فەماندەی کەرت بوو؛ پیاوێکی بەهیمەت و تێکۆشەرێکی بەئەزموون بوو، ناوێکی دیار و ناسراوی شۆڕشی ئەیلوولیش بوو، یەکێک بوو لە فەرماندە و پێشمەرگە سەرەتاییەکان، ژمارەیەکی زۆری کەسە نزیکەکانی لەگەڵیدا ببوون بە پێشمەرگە.

٩. ڕەئووف بەگ: سەرکردە و فەرماندەیەکی فیداکار بوو لە ناوچەی شلێر، تێکۆشەرێکی دیار و بەهیمەت و بەهەیبەتی یەکێتی بوو، برا و ئامۆزاکانی هەموو هاتبوونە دەرەوە و پێشمەرگە بوون، ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی قارەمانی لەگەڵ بوو.

١٠. ملازم جوامێر: فەرماندەی یەکەم مەفرەزەی شارباژێر بوو، نموونەی ئازایەتی بوو، لە ماوەی زیندانیکردنیشیدا قارەمانێکی کەموێنە و پاڵەوانێکی زیندان بوو.

١١. سیروان تاڵەبانی: ڕابەری سیاسیی یەکەم مەفرەزەی شارباژێری دەستە سەرەتاییەکان و فەرماندەیەکی گورجوگۆڵ و فیداکار و چاونەترس بوو.

١٢. ڕۆستەم بەگ: فەرماندەی کەرت و تێکۆشەرکی قارەمانی خۆشەویست بوو لە ناوچەی شلێر.

١٣. ئەنوەر (هەڤاڵ برندە): لە ئازایەتیدا ئەو ناسناوەیان پێ بەخشیبوو. لە هەرە فەرماندە ئازاکانی یەکێتی و تێکۆشەری ڕۆژی سەختی و تەنگانەی ناوچەی شلێر بوو بەڵام ئەو خۆی بە پێشمەرگەی هەموو کوردستان دەزانی.

١٤- حەمەمینی خەلیفە سەعید: فەرماندەی کەرت بوو لە ناوچەی شلێر. کەرتەکەی ئەو کات زیاتر لە ٢٥ پێشمەرگە بوون. لەو سەردەمەدا هونەری دەویست بتوانیت هێزی وا درووست بکەیت، گورجوگۆڵ و ئازا و نەترس و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شاعیریش بوو! بۆ هەموو بۆنەکان و دژ بە بەعس چەندین شیعری پڕحەماسەتی شۆڕشگێڕانەی هەبوو، هەموویانی لەبەر بوو، هەر دەرفەت ببووایە، بەو دەنگە زوڵاڵەی شیعری بۆ خەڵک و پێشمەرگەکان دەخوێندەوە.

١٥- شێخ کاوەی شێخ لەتیفی حەفید و کوڕەزای شێخ مەحموودی نەمر: کەسایەتیەکی دیار و خۆشەویست لە شارباژێڕ. ماڵی دایکی هەر لە سیتەک بوو. شێخ پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی فراوانی هەبوو. خەڵک وەک جوانترین یادگاریی بنەماڵەی شێخ مەحموودی نەمر تەماشایان دەکرد. پێشمەرگە زۆر دڵخۆش بوون بە هاتنە دەرەوەی بۆ شاخ و بۆ ناوچەی شارباژێڕ.

١٦- ئەحمەد فەتحوڵڵا: فەرماندەی کەرت بوو لە سنووری ئالان. کەرتەکەی چەندین پێشمەرگەی قارەمانی تێدا بوو، خۆشی فەرماندەیەکی بەتەدبیر و ئیداری و فیداکار بوو.

١٧- دلێر جاف: لە سەرەتادا زۆربەی کات لە ناوچەی شلێر بوو، دواتر چووە شارەزوور و هەورامان. فەرماندەیەکی ئازا و قارەمان بوو، لە بواری سەربازیدا بەتوانا بوو.

١٨- بەختیار مەجیدخان: پاسۆک بوو؛ پاسۆک وەک مەفرەزەی پێشمەرگەی لەگەڵ بوو، هەر هێزی ئەمیان هەبوو لە ناوچەی شلێر.

٢٠- ئەحمەد چەقزی: فەرماندەی کەرت بوو، لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە ببوو، ئەزموونێکی زۆری لە بواری سەربازیدا هەبوو کە هەموو تەمەنی بەخشی بە خزمەت و خەبات بۆ نیشتیمانەکەی بۆ ساتێک چۆکی بۆ دووژمن دانەدا...

٢١- حەمەی حیزب: پێشمەرگەیەکی ماندوونەناسی پشوودرێژ و قسەخۆش بوو؛ دنیایەک بەسەرهات و ڕووداوی خۆش و ناخۆشی لا بوو؛ کە بەو زمانە پاراو و جوانەی دەیگێڕانەوە، هەر حەزت دەکرد گوێی لێ بگریت.

٢٢- وەهاب شێخ ئەحمەد: کادری ڕێکخستنی کۆمەڵە و فەرماندەیەکی سەربازی سەرکەوتووی هێزی پێشمەرگە بوو، خۆی و سێ برای پێشمەرگە بوون، بەو هۆیەشەوە خاڵە شێخ ئەحمەد و دایکی دەربەدەر کرابوون و لە ترسی دووژمن هەر ڕۆژەی لە جێگە و شوێنێک خۆیان دەشاردەوە، برایەکی بە ناوی شێخە شەهید بووە.

٢٣- ڕەئووفی خەلیفە سەعید: پێشمەرگە و کادر و فەرماندەیەکی دیار و قسەزانی بەئەزموون و شارەزا لە بواری کاری ڕێکخراوەیی و سەرکردایەتیکردندا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢٤- مەلا نەجم قاینجەیی: کادریکی وشیاری شارەزا لە کاری ناو جەماوەر، دەم پڕ لە بەسەرهاتی پڕ وانە و قسەی خۆش و نوکتە. مەجلیسەکانی پڕ دەکرد لە پێکەنین و دنیای بە جیاوازتر لە ئێمە دەبینی.

٢٥- ئەحمەد زەردوویی: فەرماندەیەکی سەربازیی ئازا و نەترس.

٢٦- ڕەشەی کەچە: فەرماندەیەکی ئازا و قارەمان.

٢٧- مەحموود زەردوویی: فەرماندەیەکی سەربازیی چاونەترسی قارەمان.

٢٨- جەمالی حەمەی خوا کەرەم: فەرماندەیەکی گورج و فیداکاری شارەزا لە شەڕی پێشمەرگانەدا.

٢٩- فەرەیدوونی حەمە سالح: فەرماندەیەکی ئازای نموونەیی و خۆشەویست بوو.

٣٠- جەمال جەلال: کادریکی دیار و ناسراو و خۆشەویستی ناو خەڵک و پێشمەرگە بوو، بۆ هیچ کاریک دابینکردنی هەر پێویستییەک بۆ پێشمەرگە دانەدەما. پەیوەندییەکانی هێندە فراوان بوون، چیمان بویستایە یەک و دوو پەیدای دەکرد.

٣١- عەبدوڵڵای حاجی عەزیز: فەرماندەیەکی سەربازیی بەتوانا و خاوەنی ئازایەتی و پشوودرێژییەکی بێسنوور.

٣٢- حەمەی دەرویش عەبدوڵڵا: فەرماندەیەکی سەربازیی ئازا و بەئەزموون لە چالاکی و شەڕی پێشمەرگانەدا.

٣٣- دەرسیم: فەرماندەی مەفرەزەی کۆمەڵە.

٣٤- ئەنوەری تۆفیق هەورامی (سۆران): کۆمەڵە بوو. فەرماندە و پێشمەرگەیەکی فیداکار و چاونەترس بوو لە چالاکیی پێشمەرگانەی ناوشاردا. پێکەوە لە گەڵ فاخیر کەرکووکی، کە ئەویش هاوڕێم بوو، لەو ڕۆژگارە سەختەی بێهیواییدا، ئازایانە لە ناوچەرگەی شاردا تەقەیان لە پارێزگاری سلێمانی کرد.

٣٥- کەریمی دادە مەنە: فەرماندەی مەفرەزە و تێکۆشەرێکی خۆڕاگری دەستە سەرەتاییەکان بوو؛ زۆر جار کە دەچووینە گوندەکان و پێشمەرگەکانی بۆ دوو، سێ پێشمەرگە کەم ببوونەوە، بە دەنگی بەرز دەیگوت، "قووەتەکەی من جیا بێتەوە." پێمان دەگوت، "دوو، سێ پێشمەرگەت ماوە، قووەتی چی!" دەیگوت، "دڵم پێی خۆشە بڵێم 'قووەتەکەم.'"

٣٦- تایەری عەزیز: فەرماندەیەکی دیاری سەربازیی چاونەترسی ئازا بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٣٧- فایەقی شەفیق: فەرماندەیەکی ئازا و دیاری پێشمەرگەی بوو؛ لە سەرەتای شۆڕشەوە هاتبووە دەرەوە.

٣٨- فوئادە ڕەش ناسراو بە 'هەژار': کادرێکی ڕۆشنبیری بەتوانا و پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس بوو. ساڵی ١٩٧٩ لەناو جەگەرگەی شاردا و لە چالاکییەکی سەرکەوتوودا دەستیان گرت بەسەر پارەیەکی زۆری دوژمندا.

٣٩- سەباح: ناسناوی 'جوتیار' بوو، برای فوئادە ڕەش بوو، کادرێکی چالاکی وشیار و بەتوانای کۆمەڵە بوو، لە کاری ڕێکخراوەییدا شارەزا و ورد و بەئەزموون بوو.

٤٠- عەبدولمەلیک: ئەفسەری پۆلیس و فەرماندەی سەربازیی بزووتنەوە بوو دواتر بووە قیادەی موەقەتە.

٤١- ملازم ستار: فەرماندەی سەربازی و کۆمەڵە بوو، دوتر بووە قیادەی موەقەتە.

٤٢- حاجی چاوشین، کادری پێشکەوتووی کۆمەڵە و یەکێتی بوو؛ خۆشەویستی جەماوەر بوو. نموونەی ئازایەتی و ماندوونەناسی بوو. لەو قۆناغە سەختە سەرەتاییەدا توانیبووی پەیام و فەرمانی سەرکردەکان بەوپەڕی فیداکاری و نەترسییەوە بگەیەنێتە کادر و فەرماندە سەربازییەکان.

چەندین فەرماندەی قارەمانی تر لە ناوچەی هەورامان و شارەزوور بوون، وەک کاک عەلی شیعە، کاک شەوکەتی حاجی مشیر، کاک حامیدی حاجی غالی، کاک حەمەی حاجی مەحمود، کاک حەمەی حاجی سابیر، دکتۆر کەمال، مامۆستا شاهۆ، مامۆستا پشکۆ و چەندین فەرماندەی فیداکار و کادری بەتوانا و نەترسی تر. تا ڕادەیەک دوور بوون و ئێمە کەمتر ڕێمان دەکەوتە ناوچەکەیان، بەڵام لە سەردانەکانمدا زۆریانم لە نزیکەوە دەبینی یان کە ئەوان سەردانی شارباژێریان دەکرد، یەکمان دەگرتەوە. بەدڵنیاییەوە لێرەدا ناوی چەند فەرماندەیەکی قارەمانم بیر چووە و بۆ ئەوەش داوای لێبووردن دەکەم. هەر دەرفەت هەبوو لە شوێنێکی تردا بەدرێژی باسی هەموو ئەو فەرماندانەی ناوچەکانی تر دەکەم، بەتایبەت فەرماندە و کادرەکانی شارەزوور و هەورامانی کۆمەڵە و یەکێتی، کە زۆربەیانم لە ساڵەکانی ١٩٧٦ و بەدواوە ناسی و لە زۆر ڕووداو و ڕێکەوت و جەولەکردن و شەڕدا پێکەوە هاوڕێ و هاوسەنگەر بووین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێرشێکی فراوان له پاییزدا

کۆتاییەکانی پاییزی ساڵی ١٩٧٧ بوو. دنیا تەواو ساردی کردبوو. من و کاک وەهابی شێخ ئەحمەد لە چنگیان بووین. زانیاریمان هەبوو دوژمن بەنیازی هێرشێکی بەرفراوانە؛ ئێمەش لای خۆمانەوە وا بیرمان لێ کردبۆوە کە پێویست دەکات لەگەڵ مەفرەزەکانی ئەو دەوروبەرەدا یەک بگرینەوە و پێکەوە بین. مەبەستیش لەمە زیادکردنی توانای خۆپاراستن بوو لە حاڵەتی هێرشی فراوان ڕوودانی شەڕدا. بۆیە دەبوو پێشوەخت بکەوینە خۆمان و ئامادەکاری بۆ هەر شتێک کە دەکرا ڕوو بدات.

دەمانزانی گوندی نۆدێ پێشمەرگەی خۆمانی لێیە. دوای نانی ئێوارە ڕوومان کردە نۆدێ، کە دەکەوێتە خوارووی چنگیانەوە. لە ناودێ کاک نەبەز و مەفرەزەکەیمان بینی، نزیکی دە پێشمەرگە دەبوون. ئەو شەوە دنیا سایەقەی ساماڵ بوو؛ زۆر سارد بوو. قادری برای کاک عەبدولمەلیک و مەفرەزەکەی قیادەی مۆقەتەش هەر لە نۆدێ بوون. ئەوانیش شەش بۆ حەوت پێشمەرگە دەبوون. هەمووومان بووین بە نزیکەی بیست پێشمەرگە، حەرەسیات و کەمینی باشمان دەرکرد و کاک ملازم ئەنوەر و پێشمەرگەکانی لە دۆڵەتووی لای گەڵی بوون.

نزیکی نیوەشەو، حەرەسەکان هاتن و هەمووومانیان بێدار کردەوە و ئاگاداریان کردینەوە کە جەیش هاتووە و جووڵەی زۆر لەو مەخفەرە کۆنەکەی بەسەر نۆدێدا دەڕوانێت دەبینرێت. بەپەلە خۆمان گورج کردەوە و هاتینە دەرەوە، لە پشتی مەخفەرەکەی نۆدێوە دەنگی دەستڕێژی کلاشینکۆف دەهات. مانگەشەوێکی وەک ڕۆژ وابوو؛ هەموو شتمان دەبینی. لای مەخفەرە کۆنەکەی نۆدێوە تارمایی جووڵەی سەربازمان دەبینی کە خەریکن بەرەو ناودێ دێن و دەیانەوێت لە پشتی حەوز و ئاوەکەی گوندەوە بەرەو گردی پشتەوەی مزگەوتەکە بڕۆن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زانیمان دەیانەوێت گەمارۆی دێیەکە بدەن. ئەو شەوە دەمانزانی ملازم ئەنوەر و پێشمەرگەکانی لە گوندی دۆڵەتوون، ترسی ئەوەمان لێ نیشت هێرشی دوژمن نەبن و جەیش و جاش لەناکاو بدەن بەسەریاندا. دەمانویست هەرچۆن بووە ئاگاداریان بکەین لەو هێرشە بەربڵاوە بەڵام هیچ ئامێرێکی پەیوەندیکردنمان پێ نەبوو. باشترین ڕێگە ئەوە بوو چەند پێشمەرگەیەک بچن و تەقە .لە جەیشەکە بکەن، جەیش وەڵامی تەقەکان بەچڕی دەداتەوە و ئیتر ملازم ئەنوەر و پێشمەرگەکانی کە گوێیان لە تەقە دەبێت، ئاگادار دەبنەوە و فریای خۆیان دەکەون. مام هێرش و کاک قادری برای عەبدولمەلیک لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا بەپەلە مەفرەزەیەکیان درووست کرد و چوونەسەر جەیشەکە و زۆر لە نزیکەوە چەند دەسرێژێکیان لێ کردن.

زۆر سەیر بوو، جەیشەکە وەڵامی تەقەکانیان نەدایەوە، تەنانەت فیشەکێکیشیان نەتەقاند. سوپایەکی ئاوا بەو هەموو توانایەوە ئەو هەموو دەسترێژەی لێ بکەیت و هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت! شتێک بوو نەدەچووە ئەقڵەوە، چار نەمابوو؛ دەبوو هەتا زووە لە نۆدێ دەربچین و خۆمان بگەیەنینە بزەینیان. ئەوێش پێشمەرگەی لێ بوو، بەڵام مانگە شەوێک بوو، چ مانگەشەو! دنیای کردبوو بە ڕۆژی نیوەڕۆ؛ کاتەکەشی درەنگ بوو دنیا زۆر ساردو کزەی بای ساردی هەبوو وەک دەرزی دەم و چاوی دەتەزاند، بە ماتەمات ڕۆیشتین و لای ماڵی حاجی سەعییەوە لەوپەڕی ئاوایی تێ پەڕین و بە پشتی ماڵی ئەواندا بەرەو بەرزایی هەڵگەڕاین، ئینجا خۆمان کرد بەناو ڕەز و باخەکاندا. جەیش پشتی دێیەکەی گرتبوو، دەربازبوون زۆر زەحمەت بوو، بەڵام ئەوەی باش بوو لە کاتی ڕۆیشتندا تاوە بارانێکی بەخوڕ دایکرد. ئاگامان لە مەفرەزەکەی کاک قادر نەما، باران هیچی نەهێشتین؛ وەک کولێرە هەمووومانی خووساند. جەیشەکەش توانای جووڵەی نەما، ئێمە لەدەست جەیش ڕامانکرد و جەیشیش لە دەست باران وەک ڕانەمەڕ خڕ بوونەوە. کاتێک دڵنیا بووین جەیش بە لای بزەینیاندا نەهاتووە، ڕوومان کردە ناو دێیەکە. بە جۆرێک تەڕ ببووین ئاومان لێ دەچۆڕا. ماڵەکان هەموو ناسیاومان بوون، چووینە ماڵێک و کەمێک خۆمان وشک کردەوە و نانێکمان خوارد.

عەبدولمەلیک شەو لە بزەینیان لە ماڵێکی نزیک مزگەوتەکە، کە ماڵی کاک عەبدول بوو، دامەزرابوو، لەگەڵ کاک وەهاب شێخ ئەحمەد و خاڵە نەبەزدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چووینە لای تا تەگبیرێک بکەین، بینیمان لەسەر لا شانی داداوە. پێمان گوت کە دەبێت سەعات یانزە و نیو گوندەکە جێ بهێڵین و ناتوانین لەوە زیاتر بمێنینەوە. دیار بوو ئەو ماندوو بوو؛ حەزی دەکرد زیاتر بمێنێتەوە. کاک عەبدولمەلیک هەر بۆ خۆی پیاوێکی قسەخۆش بوو؛ زۆر وشەی عەرەبییشی تێکەڵ بە قسەکانی دەکرد، ئەو لە بەری خەمزەوە پەڕیبۆوە شارباژێڕ، هاتبووە گەڕەدێ و بەرەو نۆدێ چووبوون. جەیشەکە تەقەی لێ کردبوون پەرێشانیان کردبوون. کاک عەبدولمەلیک بە سرووشتی خۆی قسەکانی جۆرێک دەکرد کە خۆش و بەبەزم بوو. لە وەڵامی ئێمەدا کە گوتمان مەترسییەکە زۆرە و دەبێت بڕۆین، بە عەرەبی گوتی، "بەس ساعتێن." پێداگریمان کرد و بۆمان ڕوون کردەوە کە وەزعەکە هیی مانەوە نییە، تووشی شەڕی نابەرانبەر و قورس دەبین و خەڵکی گوندیش بە خۆمانەوە گیرۆدە دەکەین، ئەو گوتی، "ساعە و نوص". ڕازی نەبووین و دیسان زۆرمان لێ کرد، لە کۆتاییدا بە سەعاتێک ڕازی بووین- ئەو مەبەستی بوو دوو سەعات ئیسراحەت بکات، ئێمەش گوتمان زۆرە و کردی بە سەعات و نیوێک و دواتر پێمان کرد بە تەنیا یەک سەعات. خۆشمان زۆر ماندوو بووین، وەک حەز حەزمان لێ بوو زیاتر بمێنینەوە، بەڵام دۆخەکە هیی ئەوە نەبوو کەمتەرخەمی بکەین. جا کە ماندوو دەبیت و گیانت هەمووی تەڕ دەبێت، تۆزێک پشوویەک دەدەیت و گەرماییەک لێت دەدا، ئیتر لەشت خاو دەبێتەوە حەزت لە خەوە. کە دێیتەوە دەرەوە بۆ بەر سەرما و دەتەوێت بڕۆیت، هەست دەکەیت سەرما دەچێتە ئێسقانەکانتەوە. ماوەیەکی دەوێت تا بە هۆی ڕێکردنەوە لەش و جەستەت لەگەڵ سرووشتی دەوروبەر ڕادێنەوە و تۆزێک گەرم دەبێتەوە.

بڕیارمان دا دوانزە و نیوی شەو ناودێ چۆڵ بکەین و بڕۆین. لە کاتی دیاریکراودا کەوتینە ڕێ. دنیا سارد و ئەرزیش قوڕ بوو. بەرەو وشکەشیو، کە دەکەوێتە پشتی نۆدێ و چنگیانەوە، بەڕێ کەوتین. دواتر هەواڵمان زانی کە حەرەسەکەی ملازم ئەنوەر گوێی لە تەقەکان بووە و ملازم ئەنوەری خەبەر کردۆتەوە، بەڵام ملازم گوتویەتی، "'بەوریایی بخەون؛' بۆ ئێمە نییە."

بەناو ڕەز و باخەکانی پشتی بزەینیاندا دەڕۆیشتین. قوڕ و چڵپاوێک بوو هەر مەپرسە. ئەوە لە ڕۆیشتندا زۆر ئەزییەتی دەداین؛ تاوتاویش باران دایدەکرد و ڕۆیشتنی ئەوەندەی تر زەحمەت دەکرد. بەناو ئەو ڕەزانەدا کە قاچمان لەسەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زەوییەکە دادەنا، پێڵاوەکانمان لە قوڕدا دیار نەدەمان، بە هەزار فەلاکەت دۆڵی وشکەشیومان بڕی. کە لێی دەرچووین، دنیا بەتەواوی ڕووناک ببۆوە، دنیا ساف و ڕۆشن و ئاسمان سایەقەی ساف بوو، دار و درەخت ڕووتوقووت بووبوونەوە و گەر سەرنج بدرایانایە، لە دوورەوە دەبینراین. کورد گوتەنی وەک گای قەشە دیار بووین. دەبوو خۆمان بگەیەنینە سەرشاخ، کە بەدیوی ئەودیویدا گوندی باراو بوو. گوتمان بەڵکوو جەیش نەچووبێتە ئەوێ و لەسەر شاخیشەوە باشتر دەوروپشت ببینین و ئاگامان لە جووڵەکانی جەیش دەبێت. گەیشتینە سەر شاخی قەڵاسارم کە دەکەوێتە بەرانبەر باراو. ئەم شاخە زۆر بەرز بوو؛ بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەیڕوانی، پشتی چنگیانیش تەمومژ دایپۆشیبوو.

ئێمە ئیتر ترسمان لە جەیش نەبوو، گەر پەلاماریشی بدایانایە، دەمانتوانی تا ئێوارە شەڕ و بەرگری بکەین و دوژمن نەتوانێت زاڵ بێت و زیانی زۆریشی لێ بدەین. بەو شاخ و ناو دار و بەردەدا دەمانتوانی بچینە ناو ڕەزەکانیشەوە بۆ شەڕ و خۆحەشاردان؛ گەر برسیشمان ببووایە، ترێمان دەخوارد. ئەو کات تا بەفریش دەباری، ترێ دەمایەوە. بە هەموومان نزیکەی چل پێشمەرگەیەک دەبووین.

یەکێتی و قیادەی مۆقەتە پێکەوە بووین لەسەر شاخ کۆبوونەوەیەکی خێرامان کرد. مەبەستمان بوو بزانین ئایا بچینە ناودێوە یان هەروا لێرە و لە دەرەوە و دووری گوند تا ئێوارە بمێنینەوە. قەدەرێکی باش بە دووربین سەیری ناودێمان کرد. شتێکی وامان نەبینی جێی گومان بێت. زۆر وورد بووینەوە، بەڵام گومانێکمان نەکرد. کاک عەبدولمەلیک و مەفرەزەکەی نەهاتن و لەسەر شاخ لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر مانەوە.

نەبەز و مام هێرش و کاک قادری برای عەبدولمەلیک لە پێشەوە ڕۆیشتن، من و کاک وەهاب و چەند پێشمەرگەیەکیش یەک دوو مەترێک لەدووریانەوە بەڕێ کەوتین. بەناو ڕەزەکاندا دەڕۆیشتین، برسیمان بوو، ڕەزەکان ترێیان پێوە بوو، هەر هێشوویەک جوان بووایە لێمان دەکردەوە و بەدەم ڕێوە دەمانخوارد. ئەوە وزەیەکی باشی پێ دەبەخشین. خۆی ئەو هێشووە ترێ بچووکانەی پاییز کە بەجێ دەمێنن، تامی باشترین جۆری ترێی هاوین دەدەن. دیمەنەکە زۆر جوان بوو، هەموو شاخەکە بە دیوی باراودا یەکپارچە ڕەز بوو، لە وەرزی پاییزدا گەڵای دارمێوەکان و داری میوەکانی تر ڕەنگیان زۆر لە ڕەنگی بەهار دڵگیرتر و جوانتر بوو، گەڵای دارەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەوەرییە سەر زەوی، بەڵام دار مێوەکان تا درەنگ گەڵاکانیان بەو دەیان ڕەنگەوە تێکەڵ بە دیمەنەکانی تری سرووشتەکە دەبوون. هێندە جوان و سەرنج ڕاکێش بوون مەگەر وێنەکێشە دەستڕەنگینەکان بتوانن ئەو جوانییە دەگمەنە وەک خۆی بنەخشێنن.

پاییزی ئەم کوردستانە بەو هەموو ڕەنگە جیاواز و جوانانەوە بە شێوەیەک جوان بوو سەرت لە کاری پەروەردگار سوور دەما و بە بیرتدا دەهات کە خودا سرووشتی کوردستانی وەک وێنەیەکی دوبارەی بەهەشت خوڵقاندووە. ناوبەناو لەو بەهەشتە خواکردەدا هەڵوەستەیەکمان دەکرد و بۆ دەقەیەک دەوەستاین. پاشان ورد دەبووینەوە لە ناودێ تا شتێکی نامۆ لە جووڵەی داگیرکەری کوردستان سەرنجمان ڕابکێشێت و وریا بین. دووکەڵی زۆپای هەمووماڵەکان پڕ بە پڕی لوولەی سەربانی ماڵەکان دووکەڵی لێ دەهاتەوە دەرەوە و وەک تەمێکی سپی بێگەردی مەیلەوشین بە پێچاوپێچ سەردەکەوت. ئەوە هێندەی تر دیمەنی ئەو گوندە نازدارەی دڵگیر کردبوو. هێشوویەک ترێم بۆ عەبدوڵڵای میرزا ڕاگرت، بەڵام ئەو گوتی "من خۆم بە ترێ تێر ناکەم." دوو هێشووی جوانی گرتبوو بەدەستیەوە و دەیگوت، "لە ماڵی حاجی عەلی- کە دۆست و خۆشەویستمان بوو- دەیشۆمەوە و لەگەڵ هێلکەی کوردی بە ڕۆنی کوردییەوە دەیخۆم." گەرچی باران ترێکەی جوان شتبۆوە تۆز و خۆڵی پێوە نەمابوو، بەڵام ئەو بڕوای نەبوو؛ دەیگوت تۆزی زۆر پێوەیە. ئێمە بەشێکمان خۆمان بەو ترێ بەتام و بۆڵە بچووکە دەگمەنەی بەهەشتی ڕەزەکانی باراو تێر کرد.

لە ناودێ نزیک بووینەوە، ماوەیەک وەستاین و چاومان گێڕا، ناودێ کشومات بوو، زۆر ورد بووینەوە هیچمان نەبینی. بێدەنگییەکە زۆر سەیر بوو، بەڵام ئێمە ئەوەندە ماندوو بووین، ئەوە سەرنجی ڕانەکێشاین. ئاخر چۆن دەبێت خەریکە دەبێت بە چێشتەنگاو و ناودێ نە جووڵە، نە دەنگێک، نە سرتەیەکی تێدا نییە! هەندێ سەرباز لەبەر سەرما و ترسی ڕەقبوونەوە خۆیان خزاندبووە ناو ماڵەکان. نزیکی ناودێ بووینەوە. چاومان گێڕا؛ هەستمان بە هیچ نەکرد. ناودێ و دەوری مزگەوت تەواو بێدەنگ و بێجووڵە بوون، تا نزیکیش دەبووینەوە، زیاتر سەرنج و چاومان دەخستە سەر دەوری دێ و ماڵ بە ماڵی دێیەکە. هەستمان بە هیچ نەکرد، بەتایبەت کە دەوری دێ بە جەیش نەگیرابوو. گوتمان دیارە هێرشی دوژمن ئەم گوندەی نەگرتوتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تومەز جەیش چووبوونە ناودێ، بەڵام سەرما زۆری بۆ هێنابوون و هەموو خۆیان خزاندبووە ناو مزگەوت وماڵەکان بۆ خۆگەرمکردنەوە؛ خەڵکەکەش لە ترسا لە ماڵەکانی خۆیان مابوونەوە نە هاتبوونە دەرەوە. بەم ڕۆیشتن بەرەو ناو دێ و بەو بێ حساب کردنە بۆ دوژمن کەمتەرخەمی کوشندەو هەڵەیەکی خۆکوژی بوو کە نزیک بوو هەموو ئەوانەی بەرەو ناو دێ دەچوین تیابچین. بەدەم قسەکردنەوە شۆڕ بووینەوە بۆ ناودێ.

خەڵک ئێمەیان بینیبوو، بەدەست زۆر ئیشارەتیان بۆ کردبووین نەیەینە خوارەوە بۆ ناودێ و جەیشی لێیە، بەڵام کەسمان چاومان بە ئیشارەتەکان نەکەوتبوو، لە ترسی عەسکەرەکانیش کەس نەیوێرابوو هاوار بکات. جەیشەکە خەیاڵیان ڕاحەت و شوێنیان گەرم ببوو. بە خەیاڵیاندا نەهاتبوو پێشمەرگە بێتە ناودێوە، خەریک بوو تەواو نزیک دەبووینەوە بۆ مزگەوت. لەناکاو یەک دووانێک لە پاسەوانە دەنگزل و ترسنۆکەکانی سوپای داگیرکەر هاواریان کرد "سەیدی، ئیجالعوسات"، واتە 'گەورەم، عوسات هات-' بە پێشمەرگەیان دەگوت 'عوسات' واتە 'یاخی'. ئەوە حەرەسی ئەو عەسکەرانە بوو کە چووبوونە ناو مزگەوتەکەوە. پێ دەچوو ئەوانیش کە چاویان کردۆتەوە و ئێمەیان بینیوە، لە ترسا تۆقیبن. نەیانتوانی ڕووبەڕوومان ببنەوە. دەیانتوانی هاوار نەکەن و یەکسەر تەقەمان لێ بکەن، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو تیا دەچوو.

ئەوان چەند کەسێکیان وەک حەرەس لە دەرەوە دانابوو بەڵام ئەوانیش لە تاو سەرما ئاگایان لە دەوروپشتی خۆیان نەبوو، هەر ئەوەندە بوو ئیتر شەڕ دامەزرا. عەسکەر لەناو ماڵەکانەوە و بەقەرەباڵغی لەناو مزگەوت و بەردەمی مزگەوتەوە ڕووبەڕووی یەک بووینەوە. ئاگری چەکی دوو هێزی نزیک و بەرانبەر بەیەکدا دەچوون و شەڕێکی قورس هەڵگیرسا. ئێمە حازرو دەستلەکاردا بووین. کە جوندی هاواری کرد، بە یەک جار چەند تفەنگێک تەقەمان لێ کردن و زیانی زۆرمان لە کوژراو و بریندار لێ دان. ئیتر بەناچاری بەدەم شەڕ و تەقەوە دەبوو چۆن هاتووین هەر وا بەو ڕێگەیەدا بگەڕێنەوە؛ ڕێگەکەش هەورازێک بوو ڕووبەڕی جەیشی ناو مزگەوت و ماڵەکان. سەدان چەکی جۆراوجۆری دوژمن تەقەی لێ دەکردین و وەک نیشانە و ئامانجێکی دیار و ڕوون بووین بۆ جەیشەکە. هیچ چارێکی تریشمان نەبوو، دەبوو شەڕ بکەین تا زیانی زیاتریان لێبدەین و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زیاتر پشێویان تێدابێت هەنگاو بە هەنگاویش بە بەرگری لەیەکترییەوە بەرەو دوا بڕۆین و بگەڕێینەوە بۆ سەرشاخ. ترسی ئەوەشمان هەبوو کۆپتەر لە پشتمانەوە سەرباز دابەزێنێت چوونکە دنیا هەور و سایەقە بوو، قوڕو چلپاوی ئەو ناوەش لەولاوە بووەستێ کە هەر مەپرسە چەند ماندووی کردین. خۆمان لەوێوە بەناو ئەو ڕەزانەدا هاتبووین و شێلابوومان، بەوەش ئەوەندەی تر ڕۆیشتنمانی بەناو ئەو قوڕەدا خراپتر کردبوو.

ئەوان هێرشیان دەهێنا و ئێمەش باش لێمان دەدان و دەمانشکاندن، ئەوان سەرەتا وایان دەزانی پێشمەرگە هێرشی بۆ کردوون و گەمارۆ دراون، ئەوەش بۆ خۆی ترسێکی زۆری بۆیان درووست کردبوو، ئێمەش هیچ چارێک نەبوو جگە لەوەی دەبێت هەرچۆنێک دەکرێ لە ناودێ دوور کەوینەوە بە شەڕ و نیشانگرتنەوە لەوانەی دەیانویست هەنگاو بەرەو لای ئێمە بێنن، بەڵام هێندەیان لێ کوژرا و هێندەش دەترسان و سەرماش زۆری بۆ هێنابوون، توانای شەڕی پێشمەرگەیان بە گشتی لەم شەڕە و شەڕەکانی دواتریشدا نەبوو.

کاک عەبدوڵڵا، کە پێشمەرگەی ئەیلوول و پارتی بوو، تازە هاتبووە دەرەوە و پەیوەندیی کردبوو بە قیادە مۆقەتەوە. تا بڵێی دڵسۆز بە کورد بوو، خواستی بە برایەتیی نێوان یەکێتی و قیادەی مۆقەتە بوو، لەبەرخۆیەوە دەیگوت، "مەڕێکم خێری مەولوودی پێغەمبەر بێ، باراو جەیشی لێ نەبێ." ڕۆژی پێشتریش کە بەو فەلاکەتە لە نۆدێ دەرچووین و چووین بۆ بزەینیان مەڕێکی تری کردبوو بە خێر، کە بزەینیان جەیشی لێ نەبێت تا گەیاندمانە سەرشاخ یەک، دوو سەر مەڕی تریشی هەر کرد بە خێر.

کاک عەبدوڵلا کەسێکی بەئیرادە بوو، لە ئێمە بەتەمەنتر و قورس و بەخۆوە بوو؛ نەیدەتوانی وەک ئێمە بەخێرایی بڕوات، بەتایبەتی بەو هەورازە سەخت و قوڕەی ناو ئەو ڕەزانەدا کە قوڕەکەیان وەک کەتیرە قاچیان دەگرتیت، لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەیەکی ئازا و نەترس بوو. دەمانچەیەکی پێ بوو، زۆر ئازایانە بە دەمانچە چواردەخۆرەکەی شەڕی پێ دەکرد، لەناکاو هاواری کرد و بە کاک نەبەز و کاک وەهاب و منی گوت، "توخوا جێم مەهێڵن." زۆربەی هاوڕێکانی لێی دوور کەوتبوونەوە و دەستیان پێی نەدەگەیشت. دڵمان دایەوە و گوتمان، "بە هیچ شێوەیەک جێت ناهێڵین. ڕووحمان لەگەڵ ڕووحتە و هەرچی جەیشی دنیا بێ، جێت ناهێڵین." ئیتر دەبوو هەم شەڕ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بکەین و هەم یارمەتی کاک عەبدوڵڵا بدەین تا لەناو ئەو قوڕەدا بڕوات و لە مەیدانی شەڕ دووری بخەینەوە. ئێمە شەڕمان دەکرد. کە چەند مەترێک دوور دەکەوتەوە، دەیگوت، "مەڕێکم خێری مەولوودی پێغەمبەر بگەمە ئەو گردە." وا بزانم هەر ئەو ڕۆژە تا نزیکی لووتکەی شاخەکە بووینەوە، دوو یان سێ مەڕی تری کرد بە خێر. ڕاستی ئێمە ئەو ڕۆژە و لەو شەڕەدا بە هەندێک برادەرمان گوت یارمەتیمان بدەن بەڵام نەهاتن بەدەممانەوە و بگرە بە لاماندا دەڕۆیشتن و ئاوڕیشیان لێ نەدایەوە. دەمانویست بێن و یارمەتیی کاک عەبدوڵڵا بدەن.

لەگەڵ کاک نەبەز و کاک وەهاب و مام هێرش و کاک قادری برای عەبدولمەلیک، ڕووبەڕووی ئەو هەموو جەیشە بووینەوە. ڕۆیشتنەکەمان وا بوو ئەوان هەرسێکیان بە دوو هەنگاوێک لەپێش من و کاک وەهابەوە بوون، هەر پێنجمان چووبووینە ناو گوندەکە. ئەوان لە پێشەوە بوون. کە هاواری جوندیمان گوێ لێ بوو، ئێمە تۆزێ شوێنەکەمان بەرزتر بوو لە جەیشەکە، هێرشی سەربازەکان بۆمان زیاتر بۆ خۆڕزگارکردن بوو لەناو مزگەوتەکەوە. لە دەستڕێژی یەکەمدا چەندین جوندی دوژمن کوژران یان بریندار بوون. باڵادەستیمان بەسەر جەیشەکەدا نواند و زیانی زیاترمان لێ دان. خەڵکی ناو باراو بە گەورە و بچووکەوە ئاگاداری شەڕی پێشمەرگە و سوپای داگیرکەر بوون. دەستیان لەسەر دڵیان بوو. نزایان دەکرد خوا پێشمەرگە بپارێزێت. زۆرێک وەک خۆیان دواتر باسیان کردو بیستمانەوە خێریان بۆ سەلامەتی و سەرکەوتنی پێشمەرگە قەرار دابوو.

لە ناوەڕاستی هەورازەکەی بارو بوین دەنگی کۆپتەر هات، تۆزێک بەسەرماندا خولانەوە و دەنگ و ڕەنگیمان نەبینییەوە. زانیمان دوورکەوتنەوەی کۆپتەرەکان بە هۆی گۆڕینی ئاووهەواکەوە بوو. خۆ ئەگەر ئەو هەور و تەمی سەرشاخەکان بەو خێرایە ئاسمانی ناوچەکەی نەگۆڕییایە، کۆپتەری جەنگیی دوژمن لەو بەیانییەدا تەواو ناڕەحەتی دەکردین. وردە وردە تەمێکی چڕ سەری شاخەکانی گرت لە سەری سێیەر و قجی کە دەڕوات بەرەو دۆڵپەموو بەفرێکی چڕ بە زریانەوە بەسەر جەیشەکەدا دەباری، شەویشیان بەسەردا هات. ئیتر بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر سەرباز و ئەفسەری دوژمن ڕەق بوونەوە، جەنازەکانیان بردنەوە بۆناو بەرزنجە. نزیکەی دووسەد سەرباز هەر سەرما کوشتنی و دەیانیشیان لە (شەڕی باراو)دا کوژران یان بریندار بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێمە لەگەڵ کاک نەبەز و کاک وەهاب و کاک عەبدوڵڵا و مام هێرشدا لە شەڕەکە دوور کەوتبووینەوە، هەر پەنجا مەترێکمان مابوو بگەینە لووتکەی شاخەکە تەواو هیلاک ببوین. هەندێک فیشەکی زیادە و پێویستیی خۆم لە کۆڵەپشتەکەی خۆم دەرهێنا لەبن مێوێکدا شاردمەوە. پێشمەرگەیەک هەر چەند مەترێکی کەم لە ئێمەوە دوور بوو، قسەیەکمان هەبوو پێی بڵێین کە بۆ، بەڵام فریا نەکەوتین قسەکە بکەین هاواری لێ هەستا و کەوتە سەر زەوی. فیشەکی قەناس بەر ئەستوورایی ڕانی کەوتبوو. ئێسکی ورد کردبوو. پێشمەرگەکە ناوی بەکر سیرەمێرگی بوو؛ سەر بە بزووتنەوە بوو. بەکر خوێنی لێ دەڕۆیشت، خێرا بە پشتێنەکەی لای برینەکەمان بەست. دەبوو لەوێ دووری بخەینەوە. خاڵە نەبەز ئازایانە دای بەکۆڵیدا لەتاو ئازار هاواری زۆر دەکرد داوام لێکرد بێ دەنگ بێت، ئێمەش لەگەڵ کاک وەهاب بە شێوەیەک هەردوو قاچیمان گرتبوو تا زۆر نەجووڵێت و بەر زەوی نەکەوێ. لە شوێنی برینداربوونی دوورمان خستەوە تا فیشەکی قەناسی دوژمن نەمانگاتێ.

ئەم شاخە هەتا بڵێی بەرز و سەختە، ئەگەر لە دامێنەوە بەشێنەیی سەربکەویت، کاتت زۆر دەوێت. ئەو ڕۆژە بەدەم شەڕ و بریندارێکیشەوە ماوەیەکی باشی پێ چوو تا گەیشتینە نیوەی سەرەوەی شاخەکە. بریندارەکەمان بەڕووی شاربازێڕی تەختدا بەرەو وشکەشیو برد. لەوێ نوایەکمان پەیدا کرد کە باران نەیدەگرتەوە. لەگەڵ بریندار و بەشێک لە پێشمەرگەکان لەوێ گیرساینەوە. ئیتر درەنگ ببوو، کات نیوەڕۆی تێپەڕاندبوو، زۆر ترسی تەیارەشمان نەبوو، کردیە بارانی بەخوڕو هەورهەلایەک بینین ئاسان نەبوو، ئاگرێکی گەورەشمان کردەوە تا تۆزێ خۆمان گەرم بکەینەوە بەپێی توانا و ئەو شارەزاییەی هەمانبوو برینەکەی بەکرمان پاک کردەوە و بە لەفاف و پێداویستییەکانی بەردەستمان بۆمان شەتەک دا. نازانم یەکێک دەرزی نەزیفی پێ بوو، دەرزییەکیشمان لێ دا.

ئەوەی باش بوو تەمومژ و هەوری زۆر وردە وردە ئاسمانی ناوچەکەیان داگرتبوو بە شێوەیەک کۆپتەر نەیدەتوانی لە ئاسمانەوە شەڕمان لەگەڵ بکات. ئێمە تەنها چەکی کلاشینکۆفمان پێ بوو، بەهۆی بوونی کوژراو و برینداری زۆری جەیشیشەوە، جەیشەکە نەیدەتوانی دوامان بکەوێ، بەڵام لە دوورەوە تەقەیان دەکرد و تەنها فیشەکی بیکەیسی و قەناسەکانیان دەگەیشتنە ئێمە. کاتێک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە ڕووی دیوی باراودا دەڕۆیشتین، فیشەکەکانیان لە دەوروبەرمان لە زەوییان دەدا کە چوین بە دیوی وشکە شیوو دا ئەوێ نەما. لەوەدا بوو بڕۆین بەرەو بزەینیان کە بوو بە تۆف و بارانێکی بێئەندازە. ناچار بەدیار ئاگرەکەوە تا عەسرێکی درەنگ لەوێ ماینەوە.

حاجی عەلی لە گوندی باراو دۆست و خۆشەویسمان بوو، پیاوێکی دەستودڵکراوە بوو، دەرگای ماڵی بە ڕووی پێشمەرگەدا وەک هەموو ماڵە خاوەن دیوەخانەکانی باراو کراوە بوو؛ هەمیشەش سفرەی پڕیان لەبەر دەم پێشمەرگە دادەنا. حاجی عەلی کۆڵەپشتەکەمی دۆزیبۆوە و بردبووی لە ماڵی خۆیان شاردبوویەوە. گوتبووی ئەمە هی فلان کەسە. دوای ماوەیەک کە ڕێمان کەوتەوە باراو، دایەوە دەستم.

بریندارەکەمان دۆخی باش نەبوو؛ خوێنی زۆر لێ ڕۆیشتبوو. دەترساین دوژمن ناوچەکە چۆڵ نەکات. لە کاتی وادا دەبێت ناوچەکە بەتەواوی چۆڵ بکەین. چووین لە بزەینیان وڵاخێکمان پەیدا کرد، دەمەوئێوارە بە بریندارەکەوە گەڕاینەوە بزەینیان. چ نارەحەتییەک بوو! ماندوو، برسی، هەموو گیانمان تەڕ و قوڕاوی، ساردوسەرما، قوڕ و چڵپاو، هەر مەپرسە! هەتا گەیشتینە ناو بزەینیان هەموومان تەواو شەکەت ببووین. زۆر خۆش بوو کە زانیمان بزەینیان جەیشی تێدا نییە، لەوێ نانێکمان خوارد و ئیسراحەتمان کرد. دەبوو چاودێر و مشورخۆری بریندارەکەش بین، لەگەڵ کاک وەهاب ڕێک کەوتین بچینە لای ئەشکەوتی کاژاو، کە دەکەوێتە نێوان وێڵە و کاژاو. لەو ئەشکەوتەدا چەند ڕۆژێک خۆمان و بریندارەکەمان حەشار دا تا بەلایەکدا بینێرین. زیاتر مانەوە لەم شوێنەدا و دوور لە دکتۆر و چارەسەر ترسی ئەوەی هەبوو برینەکە خراپتر بکات، بۆیە شەوێک زۆر بەنارەحەت بەکر سیرەمێرگیمان هێنا بۆ چنگیان. لەوێ خەستەخانەیەکی بچووکی لێ بوو، معاون توبییەک بە ناوی 'دکتۆر غەفوور' سەرپەرشتیی خەستەخانەکەی دەکرد. برینەکەی تەواو بۆ پاک کردەوە و تەداویی کرد، بۆ دوو ڕۆژ لە چنگیان بە نهێنی لە ماڵی حاجی عەزیز، کە دوو کوڕی بە ناوەکانی 'جەلال' و 'جەمال' هەبوون، ماینەوە. ڕۆژانە دکتۆر غەفوور- کە ئەندامی کۆمەڵە بوو؛ ناوە نهێنییەکەشی لە ڕێکخستندا 'شاخەوان' بوو- بەنهێنی سەردانی دەکرد و تەداویی دەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەوێک هەر لەگەڵ کاک وەهاب چووینە (ئەحمەد ئاوا)ی لای (کانی سارد)ی شارباژێڕی تەخت. کەسێکی لێ بوو بە ناوی 'مینە حەکیم' کە زۆر شارەزا بوو لە شکاویی ئێسقان و چارەسەری برین دا. تەمەنی هەبوو، چاریشمان نەبوو. وڵاخمان بۆ گرت و هێنامان بۆ چنگیان. لەوێ شکاوییەکەی بۆ بەکر گرتەوە و بەستی، دوای دوو ڕۆژ نامەیەکمان بۆ کاک بەکری حاجی سەفەر نووسی و بە دوو وڵاخدا بەکرمان نارد بۆ ناوچەی شلێر بۆ لای کاک بەکر، ئەویش زۆرترین چاودێری و خزمەتی کرد و تا تەواو چاک بۆوە، پاراستی.

***

شەڕی باراو شەڕێکی نابەرانبەر بوو؛ چەکی دەستی ئێمە تەنیا کلاشینکۆف بوو. ژمارەی سەربازانی دوژمن بە سەدان و تەنانەت هەزارانیش دەبوو؛ ئێمەش چەند پێشمەرگەیەک بووین کە بەرەو ناودێ دەچووین. دوژمن جۆرەها چەکی جۆراوجۆر و تەقەمەنیی زۆری پێ بوو، پشتیوانیی ئاسمانییشی هەبوو، تێر و پۆشتە بوون، لە هەر کوێ بۆ ماوەیەکی کەم دەمانەوە و دواتر دەڕۆیشتن، فیشەکی زۆر و سەدان قوتووی موعەلەباتی خواردنیان جێ دەهێشت. گەرچی ئێمە زۆرمان نەمان دەخوارد ترسمان هەبوو دوژمن بە پلان و نیازپیسی ژەهراویی کردبن، بەڵام تاک تاک پێشمەرگە هەبوو قیروسیای دەکرد و لە برسا خواردنە جێماوەکەی دەخوارد و گوێی نەدەدایە چی دەبێ.

ئێمە تفەنگی کۆن و ژەنگاویمان پێ بوو، ماندوو و برسی بووین، چەند ڕۆژێکیش بوو لەبەر سەرما و لەناو قوڕ و چلپاودا ڕێمان کردبوو، نانە ڕەقیشمان پێ نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە تەقە هەڵگیرسا، ئەوان زۆر ترسان و بەکۆمەڵ لە مزگەوتەکە هاتنە دەرەوە بۆ خۆدەربازکردن و شەڕکردن، بەڵام کە پێشمەرگە زەبری لێ دان، نەیاندەزانی بۆ کوێ ڕا بکەن. ئێمە بەدیار چاومانەوە کوژراو و برینداری زۆرمان دەبینی و دوای چەند ڕۆژێک دڵنیا بووینەوە کە کوژراو و بریندار یان زۆر بووە و نەیانتوانیبوو لەچاوی خەڵکی ناوچەکەی بشارنەوە. جگە لەوە، ئەو جەیشەش کە چووبوو بۆ سەری سێیەری نێوان گوندەکانی حاجی مامەند و وەندرێنە دیسان بەهۆی سەرماوسۆڵەی زۆرەوە زۆریان لێ ڕەق ببۆوە. شەپۆلێکی سەرمای خەست دابووی بە سەریاندا و ژمارەیەکی زۆر سەربازیان ڕەق ببوونەوە، خەڵکی ئەو دێهاتانە چەک و تەقەمەنی باشیان دەست کەوت و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دواتر فرۆشتیانن. دوژمن نەیتوانیبوو کوژراو و بریندار و سەربازەکانی، کە سەرما و شەختە وەک تەختەی لێ کردبوون و ڕەق ببوونەوە، لە چاوی خەڵکی بەرزنجە بشارێتەوە.

بەم شێوەیە ئەو هێرشەی کە ماوەیەکی زۆر بوو دوژمن ئامادەکاری بۆ دەکرد و هەزاران سەرباز و کۆپتەری جەنگی و بارهەڵگری بۆ ئامادە کردبوو، شکستی هێنا و دوژمن بە زیانی زۆرەوە پاشەکشەی کرد و ناوچەکەی چۆڵ کرد. لەو شەڕە قورسەدا، پێشمەرگە تەنها شەهیدێک و برینداریێکی هەبوو، بەڵام دوژمن دەیان سەرباز و پلەداریان لێ کوژرا، بریندار بوون، یان ڕەق بوونەوە. ئەم شکستە گەورەیەی سوپای داگیرکەر بۆ ئەو قۆناغە سەرکەوتنێکی گەورەی هێزی پێشمەرگە بوو بەسەر ئەو هێزە زەبەلاحەی دوژمندا کە لەناوچەکە و سلێمانی دەنگی دایەوە. پەلامارە فراوانەکەی سوپای عێراق ئامانجێکی ترسناکی هەبوو: ئەویش کۆتاییهێنان بە پێشمەرگە لە ناوچەکەدا.

دوایی کە چووینە بزەینیان، هەواڵمان زانی هێزەکەی مولازم ئەنوەری مەجید سوڵتان لە دۆڵەتوو لەگەڵ دوژمن ڕووبەڕوو بوونەتەوە و لە شەڕێکی قورسدا زیانی زۆریان لە دوژمن دابوو. پێشمەرگەیەکی قارەمان و فیداکار بە ناوی 'عەلی مام کەریم،' کە خەڵکی گەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی بوو، شەهید ببوو. لە شەڕ و بەرگریدا لەگەڵ ئەو لەشکرە بێشومارەدا بە کلاشینکۆف شەڕ لەئاسمان لەگەڵ کۆپتەرەجەنگییەکان لە زەویش لەگەڵ جەیشی داگیرکەر کردبوو، هەر بە دەستڕێژی کۆپتەرە جەنگییەکانیش شەهید کرابوو.

چەند ڕۆژێک دوای ئەو شەڕە، کەوتینەوە خۆمان، حیسابی ئەوەمان کرد کە ڕەنگە سوپا هێرش بکاتەوە، بۆیە بڵاوەمان بە هێزەکە کرد بۆ ئەوەی بواری خۆشاردنەوە و دەربازبوون ئاسانتر بێت. من و وەهاب چەند ڕۆژێک لەنێوان پوشێن و وێڵەداماینەوە. ئەوێ چڕستانێکی لێ بوو، کە ماوەیەک پێشتریش هەر لەوێ خۆمان حەشاردابوو. هۆی هەڵبژاردنی ئەو شوێنە ئەوە بوو نزیک بوو لە شاخی گۆیژە و (جادەی دووکانیان)ەوە و دوژمن بیری لەوە نەدەکردەوە پێشمەرگە لە شوێنی وادا بمێنێتەوە.

فەریق ڕکن عەبدولجەبار شەنشەلی، سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، بوو کە کتێبێکی لەبارەی شەڕەکەی باراوەوە نووسیوە بەشێوەی بەر بڵاوو بڵاویان کردبوەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گوتووتبووی لەو شەڕەدا زیانی زۆر قورسیان لە یاخیبووەکان داوە و گوایە بە سەدانیان لە ئێمەی پێشمەرگە کوشتووە و بریندار و ئەسیر کردووە. شەڕەکەی بە سەرکەوتنێکی گەورەی سوپای عێراق بەسەر یاخیبووەکاندا لە قەڵەم داوە.

هەر وەک زانیارییەک: عەبدولجەبار شەنشەلی لە ساڵی ١٩٢٠ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٤٠ چۆتە کولییەی عەسکەری عێراق و ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٨٤ سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بووە، پیاوێکی موسڵاویی بوو، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی سوپای داگیرکەری عێراق و زیاتر لە ٦٠ ساڵ لە سوپای داگیرکەر خزمەتی کردووە. بەشداریی هەموو جەنگەکانی سوپای کردووە. جۆرەها مەدالیا و نیشانەی وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠١٤دا تووشی جەڵتەی مێشک بووە و لە جێگەدا کەوتووە، هەر لە هەمان ساڵدا و لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا لە ئەردەن مردووە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تواناکانی جووڵانەوەکە

بەعس هیچ بڕوای بە چارەسەری کێشەی کورد بە ئاشتی نەبوو. کورد و جووڵانەوەکەی لە قۆناغی دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوولدا هیچ کارتێکی بەهێزیان بەدەستەوە نەبوو تا دوژمن ناچاری ئەوە بکەن بەشێک لە داواکانی کورد و شۆڕشەکە جێبەجێ بکات، بۆیە بۆ ئەو قۆناغە یەکێتی داوای ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان و دیموکراتیی بۆ عێراق دەکرد. گەرچی دروشمەکە هەرگیز واقیعی نەبوو، بەوەی عێراق مەحاڵ بوو ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی تا لە سایەیدا ئۆتۆنۆمی وەک بەشێک لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بەدی بهێنرێت.

بەشێکی زۆر لە کادرەکانی کۆمەڵە بڕوامان بەو دروشمی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان نەبوو؛ دەمانگوت دەبێت یەکێتی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین بەرز بکاتەوە و خەباتی بۆ بکات، خۆ کورد و یەکێتی دروشمی جیابوونەوەش بەرز بکاتەوە، دوژمن و هەر بەو چەک و بەو دڕندەییە پەلامارمان دەدات و سیاسەتی چەپەڵی خۆی لە قڕکردنی کوردا جێبەجێ دەکات.

کاک ئارام خۆشی ڕای وا بوو دەبێت ئەم دروشمی ئۆتۆنۆمییە بگۆڕدرێت بە دروشمی مافی چارەی خۆنووسین. کۆمەڵە بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆی کە دروشمی مافی چارەی خۆنووسین بکاتە دروشمی سەرەکی- نەک هەر کۆمەڵە، بەڵکوو لەناو یەکێتیشدا گفتوگۆ لەسەر لابردنی ئەو دروشمە کۆنە دەکرا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عوسمانی قادر منەوەر

چووینە بزەینیان و لەوێ کاک عوسمانی قادر منەوەرمان بینی. لەگەڵ کاک وەهاب لای مزگەوتەکە لەگەڵی وەستاین و پێکەوە قسەمان دەکرد. ئێمە خۆمان زۆرمان حەز بە قسە و بەسەرهاتەکانی کاک عوسمان بوو. هەروا پێکەوە قسەمان دەکرد گوێمان بۆ قسەکانی گرتبوو، لەناکاو منداڵێک لە نزیکمانەوە شەقێکی لە تەنەکەیەکی بەتاڵ هەڵدا و دەنگێکی گەورەی لێ هات. عوسمان ڕاپەڕی و ئاوڕی دایەوە و بێ ویستی خۆی هاواری کرد، "ئەی دایکت وا و وا لێ بکەم، باشە! خۆ خەریک بوو دڵم بوەستێ." ئێمە تۆزێک پێکەنین و پاشان گوتمان، "کاک عوسمان بۆ خاتری خوا خەڵک گوێی لێیە، دایکی منداڵەش لە سەربانێکی نزیک ئێمە بوو." ماڵی منداڵەکە هەر نزیک مزگەوتەکەو ئێمە بوو، ئەویش یەکسەر گوتی، "من دڵم بەقەدەر تاڵە دەزوویەکی پێوە ماوە، تەحەمەلی دەنگی بەرز ناکەم و دەنگێکی تری وا ڕێک دڵم ئەپچڕێ و ئەمرم. هەر کەس گوێی لێیە بە جەهەنەم."

عوسمان گێڕایەوە و گوتی، "لەناو برادەرانی پارتیدا جار جار لە قسەکردندا وشەی عەرەبیم بەکاردەهێنا، ئەوانیش وایان دەزانی وەک بولبول بە عەرەبی قسە دەکەم. ماوەیەک دوای یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، کۆنگرەی نەقابەی کرێکارانی عێراق هەبوو لە بەغدا، وەک نوێنەری نەقابەی کرێکارانی سلێمانی لقی چوار دیاریان کردم و لەگەڵ وەفدێکدا چووین بۆ بەغداد تا بەشداری لەو کۆنگرەیەدا بکەین. ئەوە دەرفەتێک بوو بۆ خۆم بچم پیاسەی ناو پایتەخت بکەم پێم خۆش بوو، بۆیە ڕۆیشتم، هەر وا لەناو هۆڵی کۆنگرە دانیشتبووم. دەیانزانی لە کوردستانەوە هاتووم، بەڵام ئەو هەموو قسەیەیان دەکرد، من نە گوێم دەگرت و نە لێشیان تێ دەگەیشتم چوونکە بابەتی من نەبوو. لەناکاو کامێرا و مایک لێم نزیک بوونەوە و کەوتنە پرسیارکردن لێم، هەر نەشم دەزانی چی دەڵێن، لەپڕ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە دەممدا هات و گوتم، "بینیسبە فروع رابیع، گال لا سوئال و لا جەواب." ئەو خەڵکەی لەوێ بوون دەستیان کرد بە پێکەنین و ئەوانیش وازیان لێ هێنام.

خاڵە عەفان زۆر جار پێشمەرگەکانی کەرتەکەی کە نەدەگەیشتنە بیست پێشمەرگە ڕێک دەخستەوە و پلەی بەسەریاندا دابەش دەکرد. بۆ هەریەکەیان پلەیەکی سەربازی بۆ دیاریی دەکرد: فەرماندەی کەرت، جێگری کەرت، فەرماندەی مەفرەزە، ڕابەر سیاسی و هتد. پێشمەرگەیەک ناوی 'خاڵە وەفا' بوو، هاوڕێی نزیک و جێی باوەڕی بوو. خاڵە وەفا پێشمەرگەیەکی نەبەز و چاونەترس بوو، پەیوەندییشی لەگەڵ خاڵە عەفان زۆر نزیک و خۆشەویستانە بوو. زۆر جار کە خاڵە عەفان خاڵە وەفای دەناساند، دەیگوت، "خاڵە وەفا، حەریفی سەد پێشمەرگەیە" بەڵام لەم دابەشکردنەدا هیچ پۆستێکی بۆ دیاری نەکردبوو، خاڵە وەفاش بۆ خۆشی پێی دەگوت، "خاڵە عەفان، تۆ هەموو پلەکانت بەخشییەوە، بەس منێک کە حەریفی سەد پێشمەرگەم، هیچ پلەیەکت بۆ دیاریی نەکردم؟" کاک عوسمان قەت بۆ قسە دانەئەما، یەکسەر پێی گوتبوو، "خاڵە تۆ ڕۆحەکەی!" ئیتر ببوو بە پێکەنین و پێشمەرگەکان خاڵە وەفایان بە رووحەکە بانگ دەکرد. ڕەنگە ئەگەر نوکتەکانی کاک عوسمان کۆ بکەیتەوە، کتێبێکیان لێ دەربچێت.

خاڵە عەفان پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو. فەرماندەیەکی وریا و گورجوگۆڵ و بەئەزموون بوو، لە هەڵسوکەوتیدا ئەوپەڕی وریا و خۆپارێز و بەدەستوبرد بوو، هێندە قسە خۆش و دڵپاک بوو، هەرگیز ڕقت لێی نەدەبۆوە. لەسەرەتای شۆڕشەوە هاتبۆوە دەرەوە، چەکەکەی بە پارەی خۆی کڕی بوو. هەموومان ڕێزمان زۆر لێ دەگرت و دۆستایەتیی نزیکمان لەگەڵیدا هەبوو، بەڵام زەمانە وای کرد دوایی ڕێگەمان لەیەکتریی جیا بۆوە. ئەو چووە بزووتنەوە و دواتریش چووە ناو پارتی. گەڕێکی نوێی شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد و خوێنێکی زۆری پێشمەرگە ڕژا، دواجار من و ئەو، دوای ئەوەی ساڵانێک پێکەوە هاوڕێ و هاوخەبات بووین، کەوتینە دوو سەنگەری دژ بەیەکتر. وەک هەزاران تێکۆشەر و پێشمەرگەی ئەم وڵاتە بێ ویستی خۆمان و خۆیان، براکان بوونە دوژمنی براکان و لەسەر هیچ خوێنی یەکترمان حەڵاڵ کرد و ڕووی چەکەکانمان کردە یەکتری. من و سەدان پێشمەرگەی تر لە ناخی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دڵمانەوە ئەوەمان پێ ناخۆش بوو، دڵنیام ئەویش و زۆربەی هاوڕێکانی پێیان ناخۆش بووە. دواجار لە ساڵی ١٩٩٤دا و لە گەڕێکی تازەتری شەڕی خوێناویی ناوخۆدا، ئەم فەرماندەیە، دوای دەیان ساڵ پێشمەرگە و خزمەت بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی کورد، لە شەڕی براکوژیدا شەهید بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاتنەوەی کاک نەوشیروان

کاک نەوشیروان ببوو بە فەرماندەی هەرێمی شارباژێڕ، (حاجی حاجی برایم)یش ببوو بە جێگری، بەڵام لەگەڵیدا نەبوو. چاوەڕێمان دەکرد کاک نەوشیروان بگاتە سنوورەکە و سەردانی بکەین. هەواڵمان زانی کە گەیشتووەتە دۆڵی جافایەتی. پێکەوە من و کاک شێخ تالیب و کاک وەهاب لەگەڵ مەفرەزەیەکدا لە شارباژێڕەوە بۆ دۆڵی جافایەتی بەڕێ کەوتین. لە گوندی چۆخماخ چاومان بە کاک نەوشیروان و دەستەکەی و ئەو برادەرانەی لەگەڵی بوون کەوت. پێی خۆشبوو ئێمەی بینی و ڕێزی زۆری لێ گرتین. دیار بوو دوور بە دوور دەیناسین و پرسیاری دۆخی ڕێکخستن و ناوچەی شارباژێڕ و هێزەکانی دوژمن و مەفرەزەکانی خۆمان و قیادەی مۆقەتەی لێ کردین. مـلازم عومەر و مامۆستا عەزیز و بەشێک لە فەرماندەکانی ناوچەکە و ناوچەی شارباژێڕی لەگەڵ بوون. زۆربەیانم دەناسی، هاوڕێ جەبار کادری کۆمەڵە بوو، لە دۆڵی جافایەتی چاومان بە ئەویش کەوتەوە. بەسەرهاتی ئەو چەند ڕۆژ ڕێڕۆشتنەی وەک چیرۆکێکی پڕ بەزم و خۆشی بۆ گێڕاینەوە. بۆ یەکەم جار (مستەفا چاوڕەش)م لە چۆخماخ بینی و یەکتریمان ناسی. دیار بوو لەگەڵ کاک نەوشیروان لە سووریاوە گەڕابۆوە.

ئەو هێزەی لەگەڵ کاک نەوشیرواندا هاتبوو لە ڕووی چەکەوە لە چاو مەفرەزەکانی ناوچەکەدا پڕچەک بوو، چەکەکانیشیان تازەتر بوون. یەکەم جار بوو کلاشینکۆفی یەک لاق ببینین، لە هەموو چەکەکان پێویستتر چەکی ئاڕبیجیی نوێ بوو کە ئەوان ئەویشیان پێ بوو. دڵمان زۆر بەو ئاڕبیجییە خۆش بوو؛ وامان دەزانی پێشکەوتووترین چەکی دژە تەیارەمان بۆ هاتووە. چەکی ئاڕبیجی بۆ ئەو ساتە و تا ئێستاش چەکێکی پێویست و کاریگەرە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاتنی فەرماندەی هەرێم بۆ ناوچەکە ببووە قسەو باسی ناو خەڵک و جەماوەر زۆریان پێ خۆش بوو. سەرکردایەتیی یەکێتی بڕیاری درووستکردنی هەرێمەکانی دابوو؛ بۆ هەر هەرێمێکیش سنووری جوگرافیی و فەرماندەی هەرێمیی دیاری کران. فەرماندەکان بەرپرسیارێتیی کاری ڕێکخراوەیی و سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەبوو. بوونی فەرماندەی هەرێم بۆخۆی کۆتایی بەو پەرشوبڵاوی و جۆرێک لە پاشاگەردانییەی ناوچەی شاربازێڕ و ناوچەکانی تر هێنا. پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگە بەکردەوە چوونە قۆناغێکی پێشکەوتووی سەرکردایەتیکردن و ئاڕاستەکردنی هێزەکەیانەوە.

ئیتر هەر وەک خووپێوەگرتنی تاکە تاکەی ئەوانەی کاتێ بەرپرسی تازە دێتە ناوچەکەیان، لەبری ئەوەی پێشنیار و بابەتی گرنگی سەبارەت بە گەشەکردنی پێشمەرگە پێ بڵێن و خاڵە لاوازەکانی دوژمنی بۆ بەرپرسی نوێ ڕوون بکەنەوە، دێن- جا بۆ هەر مەبەستێک بێت- کاری لە پێشینەیان درووستکردنی جۆرێک لە مشاغەبە دەبێت لەسەر چەند تێکۆشەرێکی چالاک و سەراستی سنوورەکە. نازانن دوایی لە پێشبڕکێی نێوان ژیان و مردندا پەلوپۆیان دەشکێت. کاک نەوشیروان پێی گوتین، "زمانیان لێ داون و پێیان گوتووم کە ئێوە عێراقچین و ڕەئی جیاوازتان هەیە کە جیاوازە لە هیی کۆمەڵە؛ گوایە ئەم بۆچوونەشتان زیانی گەورە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەدا. پاشان گوتی، "پێم گوتوون دڵخۆشم بە بوونی ڕای جیاواز لەناو ڕێکخستندا؛ ئەوە بۆخۆی مانای وایە ڕێکخستنی کۆمەڵە زیندوو و کارایە و بەهێزیی ڕێکخراوەکەش نیشان دەدا."

ئەوە سەرەتای گفتوگۆو یەکتر ناسین و تێگەیشتنی ئێمەی کادرانی کۆمەڵە بوو لە سنوورەکەدا کە بوە بناغەی متمانەی پێویست لەگەڵ فەرماندەی هەرێم کاک نەوشیرواندا.

لە کاتی ئاژاوەگێڕی و زماندان لە کەسە تێکۆشەرەکان ئەو سەکردانەی قووڵن و هەست بە بەرپرسیارێتیی گەورە دەکەن دەتوانن ئەودیوی هۆکاری زمانلێدانەکە بخوێننەوە، بۆیە هەر زوو نادرووستی و ناڕاستیی بابەتەکان لایان دەبنە نەخشی سەر ئاو. لەناو شۆڕش و یەکێتیدا کەسانێک هەبوون کە دەستی باڵایان لەم کارەدا بەرانبەر هاوڕێکانیان هەبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای مانەوەی هێزەکە بۆ چەند ڕۆژێک لە ناوچەکەدا، ئێمە زیاتر ئاشنایەتیمان لەگەڵ فەرماندەی نوێی هەرێمەکە درووست کرد و نزیکتر بووینەوە پیی ووتین ئیتر ئێوە وەک برایەکی خۆم لەگەڵ من بمێننەوە ئێمەش پێمان باش بوو و بە قسەی ئەومان کرد.
بڕیار درا هێزەکە بەرەو شارباژێڕی تەخت بڕوات، کە سنووری هەرێم بوو.

چووینە خەمزە تا لەوێ هێزەکە پشوویەک بدات و دواتر لە جادەی ئەزمەڕ- چوارتا بپەڕینەوە. لەناو خەمزە ماینەوە. هەڵکەوتەی گوندەکە سەخت بوو؛ وەرزەکەش وەرزی تەپوتووشی بوو. چەکی ئارپیجیشمان پێ بوو. وامان دەزانی ئیتر بەهێزترین چەکی دژەکۆپتەرمان دەست کەوتووە، بۆیە وامان دانابوو بوو گەر دوژمن پەلاماریش بدات، دەتوانین بەرگری بکەین. گوندی خەمزە پاڵی داوە بە درێژکراوەی شاخی ئەزمەڕەوە و ئەم شاخە دەڕوانێ بەسەر سلێمانی سەربازگەکانی دوژمن و ئەو ڕەبایانەدا کە نزیک بوون لە گوندەکەوە.

من و کاک وەهاب لەگەڵ کاک نەوشیروان چووینە ماڵی کاک سمایل خەمزەیی، کە کادرێکی چالاک و فیداکاری کۆمەڵە بوو. کاک ئیسماعیل لای خەڵکی ناوچەکە خۆشەویست و بەڕێز بوو. کۆمەڵە لە خەمزە و قەیوان کادری جەماوەری بەتوانا و چالاکی هەبوو. لە خەمزە کاک ئیسماعیل و کاک حامید، کاک بابە ڕەسوڵی شێخ جەلال لە قەیوان، کە کادر و پێشمەرگەی فیداکار بوو؛ ماڵیشیان بنکەی پێشمەرگە بوو لە قەیوان، دواتر گیرا و لەلایەن دوژمنی داگیرکەری بەعسەوە لەسێدارە درا و چووە کاروانی شەهیدانەوە.

کە دەچووینە دێیەک، یاسای هەڵسوکەوتمان وا بوو کە پێشمەرگە و فەرماندەکان لە دوای هەر ژەمێکی نانخواردن، لە ماڵەکان نەدەمانەوە و دەهاتنە دەرەوەی ماڵ. گەر گوندەکە مزگەوتی تێدا بووایە، نزیکی مزگەوت کۆ دەبووینەوە گەر دنیا خۆش بوایە دەچوینە دەروەی گوند، ئەوەش زیاتر بۆ ئەوەی گەر مەترسیەک هەبوو، کۆ بین و پێکەوە باشتر بتوانین دابەش ببین بۆ بەرگریکردن لە خۆمان و گوندەکە. کاتێ ژمارەی پێشمەرگەکان زیاد بووایە، چەند حەرەسێکمان لە بەرزاییی گوندەکە دادەنا؛ گەر هەر مەترسییەکیش هەبووایە، پێشمەرگەی زیاتر دەگەیشتنە لای بۆ بەرگری.

ئیتر بۆ خۆی کە لەبەردەم مزگەوت پێشمەرگە کۆ دەبنەوە، قسەوباس دادەمەزرێ. لەگەڵ کاک وەهاب لە ماڵی خانەخوێ هاتینە دەرەوە و بەرەو مزگەوت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەوتینە ڕێ بۆناو قەرەباڵغیی پێشمەرگەکان. زۆریان هاوڕێ و برادەرمان بوون. فەرماندەی یەکێک لە مەفرەزەکانی خۆمان بەلاقرتێوە بە برادەرێکی گوت، "دەزانی کادرەکانی کۆمەڵە خەریکە ڕەفیقمان بەدەستەوە ناهێڵن." ئێمەش وەڵاممان دایەوە و گوتمان، "کادرەکان هەر خەریکی پینەوپەڕۆی هەڵەوپەڵەکانی ئێوەن، ئێوە کە بوون بە هاوڕێی کەسانێ کە دەخۆنەوە و بەسەرخۆشی ئەزیەتی خەڵک دەدەن."

فەرماندەیەک هاتە ناومان و گوێی لە قسەکان بوو. هەستی کرد خەریک بوو جۆرێک لە عاجزیی درووست دەبێت، ئەویش خۆی تووڕە کرد و ڕۆیشت، ئێمەش هەرکەسەو چووینەوە ماڵی خانەخوێکەمان. ئەوەی ئێمە ماڵی ئیسماعیل خەمزەیی بوو؛ کاک نەوشیروان خۆیشی لەوێ میوان بوو.

ئیتر ئەو برادەرە چووبووە لای کاک نەوشیروان و باسەکەی گێڕابۆوە. خۆی عاجز و تووڕە کردبوو. کە باسی کادرەکانی کردبوو، ناوی کاک وەهاب و منیشی هێنابوو. بەسەر باسکردن و ناوی خۆماندا چووین. بەرپرسەکە دەیگوت، "ئەمانە تەدەخول لە هەموو شتێک دەکەن و خەڵکیان بەخۆڕایی لێمان عاجز کردووە." دیوەخانەکە پڕ بوو لە پێشمەرگە و فەرماندەکان. ئێمەش خەریک بوو قسە بکەین، کاک نەوشیروان ڕووی کردە ئەو برادەرە و گوتی، "کەی ئەوانەی باسیان دەکەی ئەوەن تۆ هاوڕێکانی خۆتیان لەسەر عاجز بکەی!" ئیتر پێویستی نەکرد ئێمە قسە بکەین. ئیسماعیل خەمزەیی، کە نموونەی کادری دیار و تێکۆشەری بەهەڵوێست و جوامێر بوو، قسەی زۆر پێویستی لەسەر کادرەکان و ئێمە کرد و قسەی مەجلیسەکەی گۆڕی و بابەتەکە بە دوا قسە و پرسیاری کاک نەوشیروان لە ئیسماعیل خەمزەیی کۆتایی هات.

هەر ئێوارە دوای نان خواردن، لە دەرەوەی گوند کۆ بووینەوە بۆ ڕۆیشتن. ڕێگە هەر توولەڕێ و لابەلا یان سەرەوخوار بوو؛ هەورازی تێدا نەبوو، بۆیە ڕۆیشتن بۆ پێشمەرگە خۆشتر بوو. بەرەو لای سیرەمێرگ و لەوێشەوە بۆ تەگەران و چەمی تەگەران- گەرچی ئاوی زۆر بوو بەڵام سەلامەت تر بوو- بەڕێ کەوتین. بەناچاری لە ئاوەکەمان دا و لەوێوە پەڕینەوە. پێشمەرگە زۆری شەرواڵی تەڕ ببوو. لە پەڕینەوەدا دەبووایە جادەی سلێمانی-چوارتا ببڕین و بەرەو گەرەدێ بڕۆین، لەوێشەوە بۆ شارباژێڕی تەخت.

کاک نەوشیروان چەند ڕۆژێک لە شارباژێڕ مایەوە. خەڵکی زۆری دەبینی و خەڵکیش، لەسەر هەڵسوکەوتی هەندێ لە بەرپرسەکان، سکاڵای زۆریان بردە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لای. هەقیشیان بوو چوونکە هەندێک لە بەرپرسەکان هەڵسوکەوتیان باش نەبوو، لەپێشەوە زۆر لەم بارەیەوە قسەم کردووە و لێرەدا دووبارەی ناکەمەوە. خەڵکەکە گلەییی زۆریان لە دەرسیم و هەندێکی تر هەبوو. کاک نەوشیروان دەرسیمی لە فەرماندەی مەفرەزە لابرد، بەڵام دەسەڵاتی بەسەر زۆرێکی تردا، کە لە دەرەوەی یەکێتیدا بوون، نەبوو تا ئیجرائاتیان لەگەڵ بکات. نارەحەت بوو بەو کارە نامەردانەیەی ستار و جەماعەتەکەی لەگەڵ من و کاک وەهاب کردبوویان و پێی گوتین، "دڵنیام خۆتان دەرباز نەکردایە، هەردووکتانیان دەکوشت."

لە مزگەوتەکەی گوندی چنگیان بووین. داوام لە کاک نەوشیروان کرد دەمەوێ بچمە قەرەداغ و پێشم خۆشە بە ڕەزامەندیی ئەو بێت. زۆرێک لە برادەران لەگەڵ قسەکەمدا بوون، بەڵام ئەو بە هیچ جۆرێک ڕازی نەبوو، بەرپرسێک لەو لاوە هاتە قسە و پرسی، "بۆ لای کاک ئارام؟" گوتم، "بەڵێ." دەمزانی مەبەستی چییە، بەس لەبەر کاک نەوشیروان قسەم نەکرد. کاک نەوشیروان بە هیچ جۆرێک ڕازی نەبوو، ئیتر منیش بێدەنگەم لێ کرد.

کاک دکتۆر خالید و کاک شێخ حسێن و هێزەکانیان هاتن بۆ ناوچەی شارباژێڕ و لەگەڵ هێزەکەی شارباژێڕ یەکیان گرتەوە و بوون بە یەک هێز. ژمارەی هێزەکە زۆر زیادی کرد. زۆربەی دێهاتەکانی شارباژێڕی سەخت پێشمەرگەیان تێدا بوو. لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشەوە تا ئەو کاتە یەکەم جار بوو بەو ژمارەیە پێشمەرگە لە سنوورەکەدا هەبێت. خەڵکی ناوچەکە هێزی وا و ئەو ژمارە زۆرە فەرماندەیەی نەدیبوو. دانیشتووانی ئەو دێهاتانە لەگەڵ ئەوەی ئەرکیان زۆر لەسەر بوو لە دابینکردنی خواردن و پێویستیی بۆ پێشمەرگە، بەڵام دڵخۆش بوون کە پێشمەرگە هێزی زیادی کردووە و چەکی تازەشی بەدەست گەیشتووە.

بەگشتی کادرەکانی کۆمەڵە لە سنووری شارباژێڕ ئەمانە بوون: کاک شێرکۆ جدی، کاک شێخ تالیب، کاک شێخ برایم ماوەتی (شێخ بەکر)، کاک حاجی چاوشین، کاک وەهاب و شۆڕش.

هەر زوو دۆستایەتی و هاوڕێیەتیمان لەگەڵ کاک شێخ حوسێن بابە شێخ و دکتۆر خالید پەیدا کرد. کاک شێخ حوسێن کەسێکی هەتا بڵێی هێمن و لەسەرخۆ بوو، زۆر پڕهیوا و گەشبین بوو، لە ورە و جوامێریی خۆی بەشی هەموومانی دەدا، هەرگیز سەختی و نارەحەتیی عەزمی ئەم پیاوەیان لەق نەدەکرد، زمانی گفتوگۆی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێندە شیرین و سەلمێنەر بوو، هەر حەزت دەکرد گوێی لێ بگریت، خۆی لەگەڵ هێڵی گشتیدا بوو، بەڵام ئێمە وامان هەست دەکرد سەرکردەی کۆمەڵەیە. زۆر بە ڕێزەوە گوێی بۆ پێشمەرگە و هاوولاتیان دەگرت، خۆی هەر بە بالا و شێوە لە فەرماندەیەکی بالای ئەڵمانەکان دەچوو. کەمدوو بوو بەڵام کە قسەی دەکرد، هەمووانی ناچار دەکرد گوێی لێ بگرن. لە هەموو کێشە یان کاروبارێکدا کاک شێخ حوسێن و کاک دکتۆر خالید پشتیوانیی گەورەی ئێمە بوون. پێشمەرگەکانی شێخ حوسێن، کە زۆربەیان ئێزدی و مەسیحی بوون، هەر زوو بوونە هاوڕێمان. لەڕاستیدا، ئەوانە نموونەی ڕاستەقینەی پێشمەرگەی پارتیزان بوون.

کاک دکتۆر خالید پیاوێکی بەهیمەت و بەهەیبەت و گورجوگۆڵ و قسەزان بوو. هەرچۆنێک سەیرت بکردایە بیرت دەکردەوە خوا ئەم سەرکردە جوامێرەی وەک پاڵەوانێک بۆ ڕۆژی تەنگانەی کورد ناردووە، پیاوێکی سەنگین، هەڵسوکەوتی سادە، سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی کوردایەتی. هەر دەرفەت هەبووایە، لەگەڵ پێشمەرگەکان کۆ دەبۆوە و بەشێک لەو ئەزموونە دوورودرێژە پڕبەهایانەی پێشمەرگایەتی بۆ باس دەکردن. لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ خەڵک، هێندە بەشارەزایانە وتاری دەدا، هێندەی تر بڕوا و متمانەی خەڵکی بە پێشمەرگە و یەکێتی زیاد دەکرد. دەنگیشی بەرز بوو، چەند هێزەکە زۆر بووایە، گەر ئاسمان ساف و سایەقە بووایە لە دێ دەچووینە دەرەوە و لەو دەرودەشتە هەموو هێزەکەی کۆ دەکردەوە وتاری دەدا.

ئێمە وەک کادری کۆمەڵە لەگەڵ بەشێک لە فەرماندە سەربازییەکان گرفت و شێوە لێکتێنەگەیشتنێکمان هەبوو کە پەیوەست بوو بەهەڵە تێگەیشتن لەئەرکی کادر، کە لەسەر بنەماکانی کارکردن لەناو پێشمەرگە و پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکدا بوو.

کاک دکتۆر خالید و شێخ حسێن هێندە بەدەم ئەو کێشانەی ئێمەوە بوون و پشتگیرییان دەکردین، لە زۆربەی ئەو بابەتانەدا ڕەوایەتییان بە قسەی کادرەکانی کۆمەڵە دەدا. بەو ماوە کەمە، لە زۆربەی ڕاستییەکانی ناو خەڵک و پێشمەرگە گەیشتن. بە مانەوەی ئەم سەرکردانە بۆ ئەو ماوە کەمە کۆمەڵێک یادەوەریی زۆریان لای ئێمە و خەڵکی ناوچەکەش جێ هێشت.

ڕۆژێکیان لە ناوچەی شلێر، لە دۆڵێکی پشتی گوندی دارۆخان لە چەمی کچەزەن و دۆڵین، کە پشتی کوێستانەکانی (گامارۆ)یە، کاک دکتۆر خالید لەسەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چۆنێتیی بەکارهێنانی چەکی ئارپیجی قسەی بۆ هەموو هێزەکە دەکرد؛ ویستی قسەکان بکات بە کردار و بە تاقیکردنەوە پیشانی هەموو پێشمەرگەکان بدات، بەردێکی گەورەیان بە شاخەکەوە کردە نیشانە، کە هەر سێسەد مەترێک دوور بوو. ئارپیجییەکەی خستە سەرشانی، چاوی خستە سەر نیشانە شکێنی ئارپیجی و ڕێک لە ناوەڕاستی نیشانەکەی دا.

بەشی زۆری کادرەکان لەگەڵ هێزەکەی کاک نەوشیرواندا بووین. گوێی لێ دەگرتین و ڕێزی لە پێشنیارەکانمان دەگرت و وەک هاوڕێی خۆی ڕەفتاری لەگەڵ دەکردین. لە هەر ماڵ و شوێنێک بووایە، لەگەڵی بووین. هەمیشە دەیگوت، "برایەکم هەیە ناوی 'بەختیار'ە، ئێستا خوا چەند برایەکی تری داومەتێ وەک هاوڕێ جەبار و وەهاب و شۆڕش و ...... شانازیی بە هەمووتانەوە دەکەم." ئیتر بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە شارباژێڕ و شلێر ماینەوە هەر لەگەڵ ئەودا بووین.

لە پاڕەزان، هێزەکەی ملازم ئەنوەر و مامۆستا عومەر ئاوەکەڵەیی و بەکری حاجی سەفەر لەگەڵ هێزەکەی کاک نەوشیرواندا یەکیان گرت. ڕۆژێکیان هەموومان لەبەردەم مزگەوتەکەی پاڕەزان کۆ ببووینەوە، ملازم ئەنوەر کەسێکی خەڵکی پاڕەزانی بانگ کرد بە ناوی 'ح. ئ' کە پیاوێکی باش و دۆستی هەمووان بوو؛ تازەش لە شار هاتبۆوە. کە هاتە پێشەوە، ملازم ئەنوەر لێی پرسی، "وەرە بزانم لەکوێ بووی؟" کابرا ڕەنگی تێکچوو؛ دەمی وشک بوو و تەتەڵەی دەکرد. ملازم ئەنوەر زۆر لێی کەوتە گومانەوە؛ کابراش هێزی وەڵامدانەوەی نەبوو، بۆیە بەناچاری ملازم کەوتە پشکنینی. گیرفانەکانی، باخەڵی، بەر پشتێنەکەی و شوێنی دیکەی گەڕا. هیچی دەست نەکەوت، دواجار لە پزووی شەڕواڵەکەیدا نامەیەکی دەرهێنا. لێی پرسیی، "ئەمە چیە؟" کابرا ڕەنگی پێ نەمابوو؛ نەیدەزانی بڵێت چێ.

ملازم ئەنوەر خەڵکی دەناسی، گومانی لە هەر کەسێک بکردایە، تا ڕادەیەکی زۆر دەیپێکا. هەروا بەهێمنی مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەسەدا کرد و تووڕە نەبوو، نەیهێشت خەڵکی دەورووپشت بە باسەکە بزانن، بێدەنگ چوو بۆ لای کاک نەوشیروان و نامەکەی خستە بەردەستی، ئیتر برادەران تێگەیشتن و زانییان ئەمە نامەی ئیستیخباراتە و بۆ عومەر ئاوەکەڵیی نووسراوە. کاک نەوشیروان تکای لە برادەران کرد مەسەلەکە نەدرکێنن و بە نهێنیی بیهێڵنەوە تا لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر نامە دەکرێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەموومـان مامۆسـتا عومـەر ئاوەکەڵیمـان دەناسـی بۆیـە ئـەم بابەتەمـان بـەلاوە سـەیر و جێی گومـان بـوو. مامۆسـتا عومـەر فەرماندەیەکی چالاک و دڵسۆز بـوو؛ خەڵکـی دێهاتەکانیش خۆشـیان دەویسـت. بێدەنگەیـان لـە بابەتەکـە کـرد تـا زیاتـر باشتر شیکردنەوە بۆ ئەو نامەیە بکەن. کاک دکتۆر خالید و کاک شێخ حسێن لـە سـەرەتاوە گومانیـان لـە درووسـتیی نامەکە هەبوو؛ بڕوایـان بـە شـتی وا نەدەکرد.

کاک نەوشـیراوان هـەر لەگـەڵ گەیشـتنیدا بۆ سـنووری هەرێمـی سـێ، سـەرباری ڕێکخسـتنەوەی مەفرەزە و کەرتەکانی سـنووری هەرێمەکە، مەبەسـتیشی بـوو ئـەو هێـزەی قیـادەی مۆقەتـە و سـتار و عەبدولمەلیـک بـەو شـێوەیە نەمێنـن و خۆیـان یەکلایـی بکەنـەوە. بـە (کەریمـی دادە مەنـە)دا نامـەی بـۆ نـاردن تـا بزانێـت ئەوانـە بەتەمـای چیـن و دەیانەوێت چـی بکـەن. لـە گونـدی حاجی مامەنـد بوویـن. هـەر بـە کەریمدا وەڵامـی نامەکەی کاک نەوشـیروانیان ناردبۆوە و نووسـیبوویان کە ئـەوان تەسـلیمبوونەوە بـە حکومـەت هەڵدەبژێرن. دوای چەنـد ڕۆژێـک لـەو نامەیـە، بـە چەنـد کۆپتـەری باهەڵگر لـە سـنووری سـیوەیل و گوندەکانی بـارێ و نەڵەسـوو تەسـلیم بـە عێـراق بوونـەوە و ئیدی لـە سـنووری هەرێمەکـە قیادەی مۆقەتـەی لـێ نەمـا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زستانیکی سەخت

زستانێکی هەتا بڵێی سەخت بوو. ماوەیەک بوو ئەو هێزە زۆرە لەو سنوورە بووین. کاک نەوشیروان و کاک دکتۆر خالید و کاک شێخ حسێن ئێزدیی و کاک بەکری حاجی سەفەر بڕیاریان دا ناوچەکە جێ بهێڵین و بەرەو ناوچەی شلێر بکەوینە ڕێ. ئاوەکەی چەمی پاڕەزان، کە 'گۆگە سوور'یان پێ دەگوت، بەهۆی باران و بەفرەوە زیادی کردبوو. نەماندەوێرا خۆمانی لێ بدەین بۆ پەڕینەوە. گوندی مکڵ لەوبەری ئاوەکە بوو، حاجی ڕەشیدی مکڵ دۆستێکی نزیکی پێشمەرگەو پیاوێکی بەهیمەت و ماندووبوونی نەدەزانی، هەر چۆن بوو بە هاوار و تەقاندنی چەند فیشەکێک لەلایەن ئێمەوە، دوا جار حاجی ڕەشید بە خۆی برازاکانیەوە هاتن بەدەممانەوە و سەعاتێک زیاتر لەناو ئەو ئاوە بەفراوەدا پێشمەرگەیان پەڕاندەوە بۆ ئەوبەر، واتە بۆ بەری دەرەمیانە و ئارووزەر. هەر پێشمەرگەیەک چەک و تاقم و جلەکانی دادەکەند و بە کۆکراوەیی دەیخستنەسەر سەری، تفەنگی دەکردە ملی و دەستێکی بە جلەکان و دەستێکی تری بە دەستی حاجی ڕەشید یان کوڕ یان برا یان برازایەکیەوە بوو. دەبوو خۆشت ئازایانە هەنگاو بنێت و دەست بەرنەدەیت. بەو شێوەیە هەموومانیان پەڕاندەوە.

گوندەکە خۆی هەر شەش حەوتماڵێک دەبوو، بەڵام هێندەی سەد ماڵ خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد، پیر و لاوی ئەو گوندە هەر لە منداڵییەوە لە چەمەکەدا فێری مەلە ببوون. هەموویان مەلەوانی زۆر کارامە بوون. زستانان ئەو چەمە بە جۆرێک پڕ دەبوو، دەیکرد بە هاژە و لرفەیەک مرۆڤ سامی لێ دەکرد. حاجی خۆی بەو تەمەنەوە لەگەڵ برا و برازاکانی لەناو ئەو ئاوەدا ئەمبەراوبەریان دەکرد تا هەموومانیان پەڕاندەوە. حاجی، دوای ئەوەی دڵنیا بوو هەموومان بە سەلامەتی پەڕیوینەتەوە، بە پێکەنین و بە ڕوویەکی خۆشەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خوڵقی کردین بۆ ئەوەی لە ماڵی خۆی میوانداریمان بکات، هێزەکەی ئێمە زۆر بوو، بۆیە لەوێ نەماینەوە و دەبوو بە ئاراستەی شلێر بڕۆین.
هەر جارێک پێشمەرگە ڕووی لە گوندی مکڵ کردبێت، بەدڵ میوانداریان کردووین. جارێک لە هاوینی ساڵی ١٩٧٧دا، چووینە گوندەکە. ئەو کات لەگەڵ کاک سالار و کاک بەکری حاجی سەفەر و چەند فەرماندەیەکی هێزەکە پێکەوە بووین. سەتڵێکی گەورە دۆیان بۆ هێناین دایانە دەستی کاک سالار وەک ڕێزێک کە بەرپرسی یەکەمی ناوچەکە بوو. مامۆستا عومەر ئاوەکەڵی گوتی، "مەیخۆ، کاک سالار. با گرەوێک بکەین بزانین من تۆ کاممان دەتوانین سەتڵیکی وا دۆ بخۆینەوە." مامۆستا عومەر دەیگوت، "من بە یەکجار هەموو دۆیەکە دەخۆمەوە" کاک سالاریش دەیگوت، "ناتوانیت." ئینجا مامۆستا عومەر گرەوی لەگەڵ کرد و گوتی، "لەسەر ئەو سەعاتەی دەستت." سەتڵە دۆکەی هەڵگرت، نای بە سەریەوە و بە یەک بین چۆڕبڕی کرد. کەسمان بڕوامان نەدەکرد ئەو هەموو دۆیە بەو شێوەیە بخورێتەوە، بۆیە گرەوەکەی بردەوە سەعاتەکەشی وەرنەگرت. دوای پشوویەکی کەم کەوتینە ڕێ بەرەو گوندی جارخ.
هێزەکەمان هێزێکی زۆر بوو، هەموو ئەوانە بووین کە لەگەڵ کاک نەوشیروان هاتبوونە ناوچەکە و کاک دکتۆر خالید و کاک شێخ حسێن و هێزەکەیان. فەرماندە و پێشمەرگەکانی شاربازێڕ بووین. بە دۆڵی چەمەک و سپیاردا بەرەو ناوچەی شلێر دەڕۆیشتین. لە چەمەک دەرچووبووین. چەند پێشمەرگەیەکمان بینی چەکیان پێ نەبوو؛ زۆر تووڕە و ناڕەحەت بوون. کە باسیان کرد، دەرکەوت بە فێڵ لە لایەن (بەختیاری مەجیدخان)ەوە، کە فەرماندەی پێشمەرگەکانی پاسۆک بوو، چەک کرابوون. مەفرەزەکە مەفرەزەی کاک بەکری حاجی سەفەر و فەرمادەکەش کاک جەمال بوو. ئەوە بۆ هەموومان جێی سەرسوڕمان بوو؛ ئێمە و پاسۆک نێوانمان دۆستانە بوو؛ کاک بەختیاریش کوڕی مەجیدخان و کوڕەزای حەمە ڕەشیدخان بوو، کە یەکێک بوو لە چوار جەنەڕاڵەکەی کۆماری کوردستان. مەجیدخان، کە باوکی بەختیارە، یەکێک بوو لە فەرماندە دیارەکانی ناوچەی بانە و کەسایەتییەکی خۆشەویست بوو لە سنوورەکە، وەک بنەماڵەش هەمیشە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە خزمەتیان بە شۆڕش و کوردایەتی کردووە؛ هەمیشەش لە سەنگەری کورد و کوردایەتیدا بوون. ئەم هەڵە گەورەیە کە کاک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەختیار کردبووی زۆربەی زۆری هێزەکەی تووڕە کردبوو، بۆیە فەرماندە باڵاکانی هێزەکە بڕیاریان دا بەختیار و هێزەکەی چەک بکرێن، ئەوەش زیاتر بۆ خاوکردنەوەی تووڕەیی پێشمەرگەکان بوو. پێمان وا بوو کە بەرەو ناوچەکەش دەچین، ڕەنگە کاک بەختیار خۆی هەنگاوێک بنێت بۆ چارەسەرکردن، گەرچی هەر زوو چەکەکانی ناربووەوە بۆ کاک بەکری حاجی سەفەر.

ئەو مەفرەزەیە لەگەڵ کاک نەوشیروان و کاک بەکری حاجی سەفەر گەڕاینەوە بۆناو چەمەک. کاک نەوشیروان زۆر قسەی بۆ ئەو پێشمەرگانە کرد تا هەندێ خاویان بکاتەوە و پێی گوتن کە ئیجارائاتی پێویستیان لەگەڵ دەکرێت. ئیتر بە دۆڵی چەمەک و سپیارەدا بەرەو ناوچەی شلێر بەڕێ کەوتین و بووین بە سێ قۆڵەوە. هێزەکە کە بەرەو گوندەکانی وێنە و دارۆخان چوون، گوتیان بەختیار لە ناودێی وێنە بووە و دەوری دێکەش گیراوە، بەڵام نازانم ئەوە چەند ڕاستی تێدا بوو. گوتیان لەلایەن ئەو هێزەی مامۆستا عومەر ئاوەکەڵییەوە ڕێی بۆ کراوەتەوە و ڕۆیشتووە.

ناحیەی شلێر کەوتوتە نێوان چەند زنجیرە شاخێکەوە: لە باشوورەوە تاریدەر؛ لە باکووریشەوە کۆتەڕەش و گامارۆ؛ بەری ڕۆژئاواشی شاخی نهێنی و بەردە دێوانەیە. ناوچەکە ژمارەیەک گوندیشی هەیە وەک شایان، مشیاو، لارەدەر، هاربڕ، نەنۆر، شێرزاد، وێنە، دارۆخان، کانی دارۆخان، باریکەدەر، گۆخلان و چاش و عەوالان، کانی هەرمێ و شیوە گوێزان و چەندین گوندی تر؛ بەری ڕۆژئاواشی ئەمانەن: کەنەسوورە، سووراو، حوشتراوا، سارداو، ئەحمەد ئاوا، سەیرانبەن و سیاگوێز. لە بەری ڕۆژهەلاتیشیەوە پێنجوێن و گەرمک هەن. لەم ناوچەیەدا، لەپاڵ چاندنی توتن و گەنم و جۆ، پەڕشەش دەکرێت، کە جۆرە خواردنێکی ڕەنگ گەنمیی دەنک باریکی زۆر بەتامە و وەک برنجیش بۆ خواردن سوودی لێ وەردەگیرێت. لە برنج و ساوەر زۆر سووکترە.

خەڵک بە زۆری بە بەخێوکردنی مەڕومالات و ولاخداری و هەنگەوانییەوە لەنێوان هەردوو سنووری ئێران و عێراقدا سەرقاڵن. لەم ناوچەیەدا، کەمتر ڕەز و باخ هەبوو، بەڵام پەڵەچناری زۆرت دەبینی، هاتوچۆ و کاسبی و ولاخداری لەنێوان ئەمدیوی شلێر و بانە و (مەریوان)دا هەبوو. ئەوەی لە دەشتی شلێر سەرنجی ڕاکێشام پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان هەمان شێوەی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شاربازێڕن. تیرە یان عەشرەت یان خێڵێکی دیاریکراو لە ناوچەکەدا نییە؛ گەر هەش بێت زۆر کەم و سنووردار بوو، بەڵکوو زیاتر لەسەر بنەمای ژن و ژنخوازی و خزمایەتییە.

خەڵکی ئەم ناوچەیەش بەگشتی دۆست و هاوکار و پشتیوانی پێشمەرگە بوون. ماوەیەک لەو ناوچەیە ماینەوە، چەند ڕۆژێک لەگەڵ کاک نەوشیروان و کاک بەکر لە ماڵی کاک حەمە ئەمین خان، کە کوڕی حەمە ڕەشیدخان بوو، لە گوندی شیوەگوێزان ماینەوە. ژمارەشمان زۆر بوو، دنیا باران و تەڕوتووشی بوو. کاک حەمە ئەمین خان دیوەخانێکی گەورەی هەبوو، جێگەی پێشمەرگەی زۆری تێدا دەبۆوە. ئەو سێ، چوار ڕۆژەی لەوێ ماینەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خزمەتی زیاتر و باشتریان دەکردین. ماڵێک بوون خانەدانان و لە دەستودڵکراوەیی و ماڵکراوەییدا بەرانبەر میوان و بەتایبەت بەرانبەر پێشمەرگە نموونە بوون.

لەسەر مەسەلەی مامۆستا عومەر، زۆربەی فەرماندەکان ڕایان وا بوو چەک بکرێت، بەڵام کاک نەوشیروان و کاک شێخ حسێن و کاک دکتۆر خالید ڕایان وا بوو پەلە نەکرێت لە چەککردنی و لێکۆڵینەوەی زیاتری لێ بکرێت پاشان بڕیار بدرێت. بابەتی گرتنی نامەی دائیرەی ئەمن گوایە بۆ ئەو نێردراوە، لەگەڵ خۆی باس کرابوو بەڵام ئەو بە هەموو شێوەیەک نەهیی لە بابەتە دەکرد و دەیگوت، "ڕقیان لێمە و بۆم درووست کراوە."

قسەکانی مامۆستا عومەر قەناعەتی بە زۆرینەمان کردبوو. بەڕاستی نەماندەتوانی گومانی لێ بکەین کە دەستی لەگەڵ ئیستیخبارات تێکەڵ کردووە. ئێمە ئەوانەی شاربازێڕ بەتایبەت دەیان جار پێکەوە جەولەمان کردووە و هیچ شتێکی گوماناویمان لێ نەبینیوە. فەرماندەکان کۆ بوونەوە و بڕیاریان دا کە مامۆستا عومەر چەک بکرێت. هەندێک دەیان ویست لە ماڵی کاک حەمە سدیق خانی میشیاو چەکی بکەن. کاک بەکری حاجی سەفەر گوتی "لەبەر حورمەتی کاک حەمە سدیق خان و ماڵەکەی نابێ لەوێ ئەو کارە بکرێ." ئیتر بڕیارەکەیان گۆڕی و لە مزگەوتەکەی گوندی میشیاو مامۆستا عومەر خۆی پێشمەرگەکانی چەک کران.

چەند ڕۆژێک مامۆستا عومەر لای مولازم ئەنوەر بە دەستبەسەری مایەوە. جۆرە ترسێکی نیشان دەدا بۆیە داوای لە کاک دکتۆر خالید و کاک شێخ حسێن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کرد کە غەدری لێ دەکەن و ترسی هەیە بیشکێنن، داوای کرد لای ملازم ئەنوەر نەیهێڵن و بیبەنە لای خۆیان. هەر بۆ دڵنیاییپێدانی زیاتر بە مامۆستا عومەر کە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەن، کاک نەوشیروان داوای کرد بیدەنە دەستی پێشمەرگەکانی کاک شێخ حسێن، کە زۆربەی زۆریان بادینی بوون.

بەشێک لە هێزەکە بەرەو گوندی کانی دارۆخان چووین. ئەم گوندە لە بناری شاخێکی هەزاربەهەزاردایە و ڕووی کردۆتە باشوور و لەسەر سنووری ئێرانە. نزیکی گوندەکە شەخسێکی لێ بوو داری بەڕووی زۆر گەورە و بەتەمەنی تێدا بوو. دارەکان زۆر ئەستوور بوون و پشتێن بە دەوریاندا نەدەهاتەوە؛ پێیان دەگوت 'شەخسی حاجی حەقدە'. نزیکی ناو دێ بوو. خەڵکی گوندەکە نەیاندەوێرا لقە وشکەکانی بەکار بهێنن بۆ سووتاندن، ئەو هەموو دارە وشکەڵەی دەیان ساڵی لەسەر کۆ ببۆوە، بەڵام ئەوان دەیانگوت هەر کەس دەستیان بۆ ببات و بیانبات- جا بۆ هەر مەبەستێک بێت- دەستی وشک دەبێت و چاویشی کوێر دەبێت.

ناو قەدی ئەو دار بەڕووە گەورەیە، پوورە هەنگێکی گەورەی تێدا بوو، کە لانە و جێگەی چەندین ساڵەیان بوو، کەس نەیوێرابوو نزیکی بکەوێتەوە و دەستی بۆ هەنگ و هەنگوینی بەرێت، هەنگەکان شوێنی باش و سەلامەتیان بۆ خۆیان دۆزیبۆوە.

مامۆستا عومەر ئاوەکەڵەیی لە خەڵکەکەی پرسی، "چۆنە تا ئێستا ئەو هەنگەتان نەبریوە و هەنگوینەکەتان دەرنەهێناوە؟" هەر کردیان بەکێودا، "کێ زاتی ئەوە دەکات دەستی بۆ ببا؟ دەستی لێ بدەی، یەکسەر دەستت وشک دەبێ و جارێکی تر ناتوانی بیجوڵێنی!" مامۆستا عومەر دەستی کرد بە پێکەنین. گوتی، "من ئەیشکێنم، با دەستم وشک ببێ و کوێر ببم." هاواریان کرد و زۆری لێ پاڕانەوە کە کاری وا نەکات و خۆی کوێر نەکات، بەڵام ئەو گوتی، "با کوێر ببم." داوای تەورێکی کرد. خەڵکەکە دوودڵ بوون؛ کەس نەیدەوێرا تەوری بۆ بهێنێت. دوو پێشمەرگە چوون پەیدایان کرد و هاتنەوە. ئینجا مامۆستا عومەر چووە وێزەی دارەکە، کە زۆر ئەستوور و قایم بوو. زۆری ماندوو کرد. بەشێکی دارەکەی شکاند و دووکەڵی بە هەنگەکەوە نا. هەنگەکان دوور کەوتنەوە. هەنگوینی زۆری تێدا بوو. زۆربەی ماڵەکان بەریان کەوت. کەسم نەدی بڵێ ناوێرم و نایخۆم. پێشمەرگە هەموو لێمان خوارد. بەشێکی زۆری هەنگوینێکی ڕەشی چەندساڵە بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوای نانی نیوەڕۆ، مامۆستا عومەر ڕووی کردە خەڵکی گوندەکە، "بینیتان؟ دارەکەم شکاند، هەنگوینەکەم دەرهێنا، دەستیشم وشک نەبوو، چاویشم کوێر نەبوو." ئینجا کەمێک قسەی بۆ کردن دەربارەی ئەوەی نابێت باوەڕ بەمجۆرە شتانە بکەن. بە زمانی خۆیان بۆیان دەدوا، زۆر جوان قسەی کرد، تا ڕادەیەکی زۆر باوەڕی بە هەموویان هێنا. دەیگوت، "باشە خوا هەنگی بۆچی درووست کردووە؟ ئەگەر ئێوە هەنگوینەکەی نەخۆن، بۆچی باشە؟ خۆ شەخسەکە لێی ناخوات، ئینجا ئێوە بە زستان خەریکن ڕەق دەبنەوە و ئەو هەموو دارەوشکەڵە لەوێدا کەوتووە؛ ئەمە کەی ڕاستە!"

مامۆستا عومەر هەروا لەگەڵ ئەو پێشمەرگە بادینانیانەدا ئازاد بوو. خۆی دەهات و دەڕۆی و چاودێریی لەسەر نەبوو. زۆربەی دڵنیا بوون کە بەزوویی کێشەکە بە بەرژەوەندی مامۆستا عومەر چارەسەر دەبێت. دوای چەند ڕۆژێک مانەوەی لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەدا، خۆی ون کرد و دیار نەما. دواتر زانرا کە تەسلیم بە دوژمن بۆتەوە.

مامۆستا عومەر لەکاتێکدا ئەو کارەی کرد، کە زۆربەی کادر و فەرماندەکان پشتیوانیمان دەکرد و زۆربەی زۆری فەرماندەکان دڵیان لێی پاک ببۆوە و وامان هەست دەکرد نامەکە ساختەیە و دەزگا جاسووسیەکان بۆ ئاژاوە و نانەوەی ئاڵۆزی لەناو پێشمەرگەدا ئەو نووسراوەیان درووست کردووە. مامۆستا عومەر، بەم هەنگاوەی کە نای و خۆی تەسلیم بە دووژمن کردەوە، هیچ گومانێکی لەسەر درووستیی نامەکە نەهێشت و هەموو ئەوانەی بەرگریان لێ دەکرد زۆر ئیحراج بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەواڵی شەهیدبوونی کاک ئارام

لە ناوچەی شلێر و لە گوندی چاژ بووین. کاک نەوشیروان نامەیەکی لە ڕێکخراوی کۆمەڵەوە لە سلێمانییەوە بەدەست گەیشت و بە خوێندنەوەی زۆر تێک چوو. لە نامەکەدا هەواڵی شەهیدبوونی هاوڕێ ئارامیان پێ ڕاگەیاندبوو. کاتێک ناوەڕۆکی نامەکەی پێ گوتین، من هاوڕێ جەبار و کاک وەهاب چەند برادەریک لەوێ بووین، لە شوێنی خۆمان سڕ بووین و تاساین. ئاخر هەواڵەکە نەدەچوو بە عەقڵدا! چۆن دەشێت و دەبێت هاوڕێ ئارام سکرتێری کۆمەڵە، کە هەموو چاوی هیوامان لەسەری بوو، ئاوا بە تەنها و بێ هیچ پاسەوانێک بەو شێوەیە شەهید بکرێت؟ چەند جارێک تەئکیدمان لە کاک نەوشیروان کردەوە بەڵام ئەو گوتی نامەی ڕێکخراوە و زانیارییەکان ڕاستن.

بە شەهیدبوونی کاک ئارام قەڵایەکی بەهێزی کۆمەڵە ڕووخا و کەسیش ناتوانی جێی پڕ بکاتەوە. ئەم هەواڵە بەدەر لەوەی پێشمەرگە و کادر و فەرماندەکانی زۆر ئازار دا، جەماوەری کوردستانیشی تازێبار کرد. جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان سەرکردە و ڕابەر و یەکێک لە ئەندازیارەکانی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی لە دەست دابوو.

هاوڕێ ئارام داینەمۆی گەشەکردن و پاراستن و ڕاگرتنی کۆمەڵە بوو؛ سەرکردەیەکی لەڕادەبەدەر بەتوانا بوو، هەر ئەو بوو توانیبووی کۆمەڵە لەو قەیرانە قووڵ و گەورەیەی تێی کەوتبوو دەرباز بکات. دوای دەستگیرکردنی کاک شەهاب و هاوڕێکانی، ئەو بوو شانی دابووە بەر بەرپرسیارێتییەکی قورس و ئەرکێکی مێژوویی کەموێنەی گرتبووە ئەستۆ. ئەو بوو نەیهێشت کۆمەڵە لە قۆناغێکی ترسناکی ڕووبەڕووبونەوەی بەعس و داگیرکاریدا ڕۆڵی بەرپرسیارێتی لەدەست بدات. دوای گرتنی سەرکردەکانی، ئەندامانی کۆمەڵە پەرشوبڵاو ببوونەوە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەریان لێ شێوابوو، کاک ئارام وەک ڕابەری جووڵانەوەیەک لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئەندامانی کۆمەڵەی لە سەرتاسەری کوردستاندا ڕێک خستەوە و کردییەوە بەو کۆمەڵەیەی لە تاریکترین ڕۆژەکانی مێژووی میلەتەکەماندا ڕۆڵی پێشڕەوایەتی مێژووی بگێڕێت. لەگەڵ هاوڕێیانی لە کۆمیتەی هەرێمەکان- کاک سالار عەزیز لە سلێمانی، کاک مەلا بەختیار لە خانەقین، کاک عەبدولڕەزاق لە هەولێر، کاک ئازاد هەورامی لە کەرکوک- کۆمەڵەیان کرد بە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی بەهێزی دەسپێشخەر لە دەستپێکردنەوەی شۆڕش دا.

هەر زوو نەخشەی ناردنەدەرەوەی دەستە سەرەتاییەکانیان دانا و لە مەیداندا توانیان چەندین مەفرەزەی پێشمەرگە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئامادە بکەن و بنێرنە دەرەوە، ئەوەش بۆ خۆی قورسترین تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی کاک ئارام و هاوڕێکانی بوو لە کۆمیتەی هەرێمەکان. بەو هەنگاوە سەرەتاییە، کە پڕ بوو لە ئازایەتییەکی بێسنوور، توانییان سەنگەرە وێرانەکانی پێشمەرگە ئاوەدان و پڕجووڵە و چالاکی بکەنەوە.

کاک ئارام لە خۆشەویسترین سەرکردەکانی شۆڕشی کوردستان بوو، تەنانەت نەیارەکانیشی ڕێزیان لێ دەگرت. خودایە ئەمە چ کۆستێکە! کۆمەڵە چۆن بتوانێ لەم زەبرە و زیانە گەورەیە خۆی بگرێتەوە، دوای کاک ئارام کێ دەتوانێ ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکاتەوە!

شەهیدبوونی کاک ئارام جگە لەوەی زەبرێکی کەمەرشکێن بوو لە کۆمەڵە و جووڵانەوە نوێیەکی کوردستان، بۆ من و هاوڕێکانمان و بۆ هەموومان وەک ڕووخانی کێوێکی گەورەی پشتیوانیی بوو. ئەم سەرکردە گەورەیە چۆن ئاوا بەئاسانی بێ دەستەیەک پێشمەرگە بۆ پاسەوانی و پاراستنی بەو شێوەیە شەهید دەکرێت؟ کادرانی کۆمەڵە کاس ببوون، هەزاران پرسیار لە مێشکیاندا گێنگڵی دەدا و وەڵامێکی ئەوتۆشمان دەست نەدەکەوت تا ئەم ڕووداوە بەدرێژی بزانین. دواتر زانیمان بە دەستی جاشەکانی تەحسین شاوەیس و قادر فەرەج شەهید کراوە، گەرچی جاشەکان تایبەت بۆ ئەو نەهاتبوون، ئەوکات جاشەکان وایان ناو لە خۆیان نابوو کە دێ بە دێ و شاخ بە شاخ دەگەڕێن بۆ ڕاوە پێشمەرگە. زیاتر لە قەرەداغ و دیوی بازیان و سەنگاو جاشەکان ئەوەیان بۆ دەلوا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جاشـەکان کە بـەرەو تەنگیسـەر دێن، گوایە کاک ئارام ئاگادار دەکـەن کـە جاش نزیک بۆتـەوە و بـەرەو نـاودێ دێن؛ پێشـی دەڵێن نابێت لـە ماڵ دەربچێت. ئیتر ئـەو چۆن و بۆچی بڕیاری داوە شوێنی خۆی جێ بهێڵێت و لـە کاتێکی وا نەگونجاودا بەتەنیا بچێتە دەرەوە نەزانراوە. دیارە کە هاتۆتـە دەرەوە و بـەرەو دامێنی گوند ڕۆیشـتووە بـە مەبەسـتی دوورکەوتنـەوە لـە نـاودێ، جـاش گەیشـتوونەتە نـاودێ، بۆیە جاشـەکان پرسـیاریان لـە خەڵـک کردبـوو کـە ئـەوە کێیـە ڕادەکات، گوایـە بریسکی چەکەکەیـان بینیوە، ئیدی کە بۆیـان دەرکەوتبوو چەکی پێیـە و تەقەیان لێ کردووە. دوایی کـە دەچنـە سـەری، دەبینن کلاشینکۆفێکی یـەک لاق و پێناسێکی پێ بووە، کە بە ناوێکی ترەوە بووە. جاشـەکان چـەک و هەویەکـەی بـە دیاریی بۆ بەعسییەکانی دەبەنـەوە و تەرمەکـەی لـە شـوێنی خۆی جێ دەهێڵن، چوونکە نازانن کێیـە. جاشـەکان ڕۆژانـی دواتـر زانیبوویـان کـە چ تاوانێکـی گەورەیـان بەرانبـەر مشتێ پارەی گڵاوی خۆفرۆشـی بـۆ دوژمـن ئەنجـام داوە.

چەنـد ڕۆژێـک دوای شـەهیدکردنی کاک ئـارام، کاک نەوشـیروان باسـی لـەوە کـرد کـە پێویسـتە هەرچـی زووە کۆبوونـەوەی فراوانـی کادرەکانی کۆمەڵـە بکەیـن تـا بەهـۆی شـەهیدبوونی کاک ئارامـەوە بۆشـایی گـەورەی لـە سـەرکردایەتیی کۆمەڵـەدا درووسـت نەبێـت.

کۆبوونەوەیەکی لـەو جۆرە زۆر پێویسـت بـوو تـا نەخشـەڕێی داهاتـووی کۆمەڵـە لەلایـەن کادرە بنەڕەتییەکانـی کۆمەڵـەوە لـە هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتانەوە دیـاری بکرێـت و ڕای ڕێکخسـتن لـە شـارەکان بـۆ ئـەو مەبەسـتە وەربگیرێـت. کاک نەوشـیروان لـە مێشـکی خۆیـدا بەرنامـەی داڕشـتبوو کـە دەبێـت ئـەم کارە دوا نەکەوێـت. پێـی گوتیـن ئێمـەش وەک کادرەکانـی کۆمەڵـە لـە سـنوورەکەدا ئـاگادار دەکرێیـن تـا لـە کاتـی دیاریکـراودا لـە نـۆکان ئامـادە بیـن بـۆ ئـەو کۆبونەوەیـە، کـە لـە مانگـی چـواردا ئەنجـام دەدرا.

ئەو چەند هاوڕێیەی لەو جەولە دووروودرێژەدا پێکەوە بووین بەردەوام بیرمان لەوە دەکردەوە چۆن و کێ ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، خۆ سەرکردەیەک کە شەهید دەبێت هەرگیز وەک خۆی ئەو جێیە بە کەسی تر پڕ ناکرێتەوە، بەڵام خۆ ناشکرێت ڕێکخراوێکی وەک کۆمەڵە بەو ئەرکە چارەنووساز و مێژووییەی لە ئەستۆیەتی و لە قۆناغێکی وادا کەسی یەکەم و دەسەڵاتی باڵای بڕیاردان تێیدا گیر ببێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێمە لەو بازنە بچووکەی خۆماندا ئەو چەند هاوڕێیە زۆر گفتوگۆمان لەسەر ئەو بابەتە کرد کە کێ دەتوانێت جێگەی هاوڕێ ئارام بگرێتەوە لەناو ئەو سەرکردانەی کە لەناو شۆڕش و کاری ڕێکخراوەییدا بەشێک لە ڕەوشت و ئاکار و لایەنە باشەکانی کاک ئارامیان تێدایە؟ هەرچەند سەرمان هێنا و سەرمان برد، زۆرمان ئازاد هەورامیمان بۆ ئەو جێگەیە پێ پەسەند بوو. کاک ئازاد لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەدا پەیوەست بوو بە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵەوە. بۆنی کاک ئارامی لێ دەهات دڵنیا بووین زۆری هاوڕێیانیش هەمان بۆچونیان دەبێت، بەڵام کادر و سەرکردەکانی کۆمەڵە نەیانتوانی بابەتە پێش کۆبوونەوە ساغ بکەنەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حاجی چاوشین

هێزی پێشمەرگە بە ژمارە زیادی کردبوو، بەڵام لە ڕووی چەک و پێداویستی و کەرەستەی پەیوەندیکردنەوە لەوپەڕی لاوازیدا بووین؛ لەبەرانبەر دوژمنێکیشدا شەڕمان دەکرد کە بە هەموو پێوەرەکان قەبارەی توانا دارایی و سەربازی و لۆجستی و مرۆییەکانی لە هیی ئێمە زۆر زیاتر بوو. لەو قۆناغەدا، هۆکاری بەردەوامبوونی پێشمەرگە تەنیا و تەنیا ئەو ئیرادە بەهێزە بوو کە دەیویست پلانی مەترسیداری بەعس و سوپاکەی بۆ لەناوبردنی شۆڕش و پێشمەرگە و جووڵانەوەی سەربازیی کورد تێک بشکێنێت. هەرچەندە چەندین فەرماندە و پێشمەرگە شەهید بوون، بەڵام پلانی دوژمن شکستی پێ هێنرا و شۆڕش و پێشمەرگە گەشەیان کرد.

حاجی چاوشین کادری پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو؛ شارەزای هەموو شاخ و دۆڵ و دێ بە دێی کوردستان بوو، ڕایەڵەی درووستکردنی تۆڕی پەیوەندی و گەیاندنی هەواڵ و نامە و زانیاریی نێوان فەرماندە و پێشمەرگەکان و سەرکردایەتی بوو لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا. عەلی لفتەش، لە قۆناغێکی سەخت و پێویستدا، سەرچاوەی پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی بوو بۆ زۆربەی هێزی سنوورەکە.

حاجی چاوشین کادرێکی جەماوەریی گورجوگۆڵی ئازا و نەترس بوو؛ خۆشەویستی ناو جەماوەر و هێزی پێشمەرگەش بوو. حاجی شەو و ڕۆژ وەستانی نەبوو، هەروا لەناکاو پەیدا دەبوو؛ کۆمەڵێک نامە و زانیاریی گرنگی دەگەیاندە دەستمان، زۆریش لەناو پێشمەرگەدا نەدەمایەوە و دەبوو بچێتە جێگە و شوێنی تر و لای دەستە پێشمەرگەی تر. جێی متمانەی تەواوی خەڵک و فەرماندە و پێشمەرگەکان بوو؛ لە هەموو ناوچە جیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی نامەی فەرماندە و ڕێکخستنەکانی دەهێنا و نامە و وەڵامی نامەکانی بە خێراییەکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەڕادەبەدەر دەبرد، بەتایبەت لەنێوان سەرکردە و فەرماندەی ناوچە جیاجیاکاندا، دواتریش نێوانی ناوچەکان و سەرکردایەتی.

حاجی وەک پڵنگ لەمسەری شارباژێڕەوە دەچوو بۆ ئەوسەری قەندیل وقەرەداغ و لەوێوە بۆ هەورامان و دەگەڕایەوە بۆ شار؛ زۆری پێ نەدەچوو دیسان دەهاتەوە. لەنێوان هەموواندا نامەی دەهێنا و دەبرد. ئەم پیاوە هەرگیز بە تراکتۆر هاتوچۆی نەدەکرد و لە ڕێکردندا کەس نەیدەتوانی پێ بە پێی بڕوات. لەڕێڕۆیشتندا ماندوو نەدەبوو، هەموو ڕێگەکان- بە توولەڕێگەکانیشەوە- شارەزا بوو؛ پێویستی بە چاوساغ نەبوو. دۆست و ئاشنا و کەسانی زۆریشی هێنابووە ناو ڕێکخستنی کۆمەڵەوە. حاجی بۆخۆی بانکێکی زانیاری بوو لەسەر دوژمن.

حاجی پەیکە چاپووک و چاونەترس و ماندوونەناسەکەی یەکێتی بوو؛ پردێکی بەهێزی نەدیوی لەنێوان هێزی پێشمەرگەدا درووست کردبوو، هەموو مەفرەزەکانی سنووری سلێمانی دەیانناسی و کە لە دوورەوە دەردەکەوت، یەکسەر دەمانزانی نامەی بۆ هێناوین و هەواڵ و زانیاریی پێیە. هەر ئەوەندە بەس بوو فەرماندەیەک بڵێیت "ئەم نامەیە بگەیەنەرە دەستی فلان کەس لەو جێگەیە". وەک ئەوە وا بوو ژمارەی دەرگای ماڵێکت پێ گوتبێت. بەدرێژاییی ئەو ماوەیە بۆ جارێکیش ڕێ نەکەوتووە ڕێگە هەڵە بکات.

بەداخەوە جارێک سوار تراکتۆر دەبێت. ئێمە هاوڕێکانی سەرەتا بڕوامان نەدەکرد حاجی لەنێو ئەو تراکتۆرەدا بووبێت کە کاک سیروان تاڵەبانی و پۆلێک پێشمەرگەی لە نزیک زەڕایەن تێدا شەهید کرا. ئەو لە ڕێڕۆیشتن و هاتووچۆدا هەرگیز کەمتەرخەمیی نەدەکرد؛ لە هەموو جووڵەیەکیدا ورد وریا و بەتەدبیر بوو.

ئەو شەوە من لە پارەزان بووم. کە هەواڵەکەم بیست، بڕوام نەکرد. ئاخر حاجی زۆر شارەزای ناوچەکە بوو، هەرگیز خۆی نەدەدا لە ڕێگەیەک بچووکترین مەترسی لەسەر بووایە یان گومانی لێ بکرایە. هەموو ئەوانەی لە ترکتۆرەکەدا شەهید بوون هاوڕێی چەندین ساڵەی خەباتی شاخم بوون: سیروان تاڵەبانی، حەسەن خاوێی، نەجات کەرکووکی، محەمەدی حاجی بارام، عەلی چەلەبی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عەلی لفتە

کاک عەلی پێشمەرگەی جوامێری گومناوە. ئەو بۆ خۆی کارگەیەکی دروستکردنی چەک و تەقەمەنی بوو بۆ پێشمەرگە. بەشی زۆری ئەوەی پێویستیی پێشمەرگە بوو لە چەک و تەقەمەنی و گوللەی ئارپیجی، لەژێر ئەرزیش بووایە، ئەو بۆ پێشمەرگەی پەیدا دەکرد و دەیگەیاندە دەستمان. دەیان جار ژیانی خۆی و منالەکانی خستۆتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی پێشمەرگە بێ چەک و تەقەمەنی نەبێت. کاک عەلی بە هەق پێشمەرگەیەکی خۆبەخش و گیانبەخشی کوردایەتی بوو. خەڵکی پینجوێن بوو؛ماڵیشی لە (گوندی قەلاتێ)ی شارباژێری سەخت بوو. لە دەستی بەعس دەربازی ببوو. بەو ئەسپە ڕەسەنانەی هەیبوو دەچووە هەموو ئەو شوێن و جێگەیانەی لەژێر دەسەلاتی دوژمندا بوون تا پێویستییەکانی ئێمە دابین بکات. بەشی هەرە زۆری هێزەکانی شارباژێر چاومان لە دەستی عەلی لفتە بوو. لەپێناو دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگە سڵی لە هیچ مەترسییەک نەدەکردەوە؛ گەر گیانی خۆشی لەپێناودا ببەخشیایە. زۆرجار ئەگەر پارەشمان نەبووایە، هەر خۆی بە قەرز دەیدایێ. دڵنیاشم زۆربەی ئەو پارانەی فەوتان و نەدراونەتەوە پێی. یەکێتی قەرزاری ئەم جۆرە پیاوە مەرد و جوامێرانەیە کە لەو ڕۆژگارە سەخت و پڕمەترسییەدا بێبەرانبەر خزمەتی زۆریان بە پێشمەرگەی کوردستان کردووە. لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا لە نزیک قەندیل منداڵەکەی لەسەر ولاخ و لەناو بەفردا دەکەوێتە خوارەوە و دەچێت بیهێنێتەوە، لەوێ هەردووکیان لەناو بەفردا شەهید دەبن و دەچنە کاروانی شەهیدانەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک ڕەحیم موبڕەیی

کاک ڕەحیم خەڵکی گوندی موبڕەی نزیک چوارتا بوو. کار و کاسبیی باش بوو، سەرمایەدارێکی میهرەبان بوو. دیوەخانی هەمیشە پڕ بوو لە میوان و پێشمەرگە. بێ ئەوەی پێشمەرگە و مەفرەزەکان داوای هاوکاری و یارمەتیی لێ بکەن، ئەو خۆی دەستپێشخەریی دەکرد و یارمەتیی دەداین. کەم کەسم بینیوە هێندەی کاک ڕەحیم پشتیوانمان بووبێت و هاوکاریی کردبین. جاری وا هەبوو ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ ئێمە بوون ٢٠ بۆ٣٠ پێشمەرگە دەبوون، کاک ڕەحیم ٣٠ قات جل و پشتێن و پێڵاوی باشی بۆ هەموویان دەکڕی؛ لە کڕینی فیشەک و تاقمی تفەنگ و گوللەی ئارپیجیشدا هاوکاریی دەکردین و هەموو ئەوانەی بەبێ حساب بۆ پەیدا دەکردین و کوردگوتەنی دەست بە دەستی نەدەزانی. ئاگادار بووم ئەوەی بۆ منی دەکرد بۆ زۆر پێشمەرگە و فەرماندەی تریش دەکرد. لە پارەی ئەو ڕۆژگارە، سەد هەزار دینار زیاتری بە قەرز دابوو بە کاک بەکر، کە لێپرسراوی مەڵبەند بوو؛ مەڵبەندیش قەرزەکەی پێ نەدرایەوە. کاک ڕەحیمیش هێندە عیزەتی بەرز بوو، دەیگوت "ئەوە بۆ شۆڕش و پێشمەرگەیە. ئەگەر یەکێتی دایەوە، باشە، ئەگەر نا من خۆم داوای ناکەمەوە."

کاک ڕەحیم لەگەڵ کەسایەتی دیار و خۆشەویستی ناوچەی سلێمانی کاک مەجید سەلیم، سەر و ماڵی خۆیان بە کۆمەڵە و یەکێتی بەخشی و چەندین جار ئاگام لێ بووە بەو سەیارە گەورانەی باریان پێ دەگواستنەوە، کاتێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعسەوە دەگەڕانەوە، لەناو بارەکاندا چەک و تەقەمەنی و گوللەی ئارپیجییان بۆ ئێمە و مەڵبەندی یەک و کاک نەوشیروان دەهێنا. بەو شێوەیە تا ئەوپەڕی مجازەفەیان دەکرد و ئاشکرا ببوونایە، نەک خۆیان، بگرە ماڵ و منداڵیشیان زیندەبەچاڵ دەکران.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێزەکانمان

تەشکیلەیەکی ڕەسمی بۆ هێزی پێشمەرگە نەکرا بوو. ئەو کەرت و مەفرەزانەی بزووتنەوە یان کۆمەڵە کە لە مەیدانی خەباتدا بوون، پەیوەست بوون بە سەرکردایەتیی خۆیانەوە؛ کۆمەڵە بۆ کۆمەڵە و بزووتنەوە بۆ بزووتنەوە. لە سنووری پارێزگای سلێمانی، لە قۆناغی سەرەتاییدا لەناو هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکاندا شتێک نەبوو بە ناوی 'خەتی گشتی' یان 'خەتی پان'. ئەو هێزانە زۆریان لە ناوچەی شلێر بوون، وەک هێزی ڕەئووف بەگ، ئەندامی سەرکردایەتیی بزووتنەوە، ڕۆستەم بەگ، فەرماندەی کەرت، ئەنوەر عوسمان، فەرماندەی کەرت، حەمە ئەمین خەلیفە قادر، فەرماندەی کەرت و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ، کە بەردەوام بە دەنگە زوڵاڵەکەی شیعری نیشتیمانی و شۆڕشگێڕیی بۆ پێشمەرگە دەخوێندەوە. تفی لە جادەی قیر دەکرد گەر بەئازادی و سەربەزی و دوور لە دەسەڵاتی داگیرکەر پێیدا نەڕۆیشتایە. من شیعرەکانیم لەبەر نییە، بەڵام ناوەڕۆکی هۆنراوەکە ئەوە بوو کە "تف لە جادەی قیر کە ژێردەستە و داگیرکراو بێت و تا دوژمن نەڕوخێ و کورد و پێشمەرگە سەرنەکەون، ناچمەوە سەر جادەی قیر و ژیان و سەنگەری پێشمەرگە بە هەموو کۆشک و تەلاری ئاڵتوونیی ژێردەستی بەعس ناگۆڕمەوە." هۆنراوەکانی زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و خەڵک بوون. دڕندەیی بەعسی زیاتر نیشان دەدا. فەرماندەیەکی پێشمەرگەی قارەمانی وەک کاک حەمە ئەمین بەم شیعرانەی کاریگەریی زۆری لەسەر پێشمەرگە و هاووڵاتیان درووست کردبوو.

ئەم فەرماندانە خۆیان و پێشمەرگەکانیان ڕاستەوخۆ فەرمانیان لە ملازم تایەر وەردەگرت. ناوچەی شلێر و پێنجوین هێزەکەی کاک بەکری حاجی سەفەر کە هەموویان کۆمەڵە بوون، لەناو ڕێکخستنەوە پاڵێوراو بوون و لەناو ڕێکخستنەوە هاتبوون و بە ژمارە لە هێزەکەی ملازم تایەر و بزووتنەوە کەمتر بوون، لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەمان ناوچەدا بوون و زۆر جار پێکەوە جەولەیان دەکرد و پەیوەندیی باش و دۆستانە لە نێوانیاندا هەبوو.

***

مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٧ بوو، ئێمە لە شارباژێڕ بووین. ئەوە چەندەمین جارم بوو؛ کاک عەلی عەسکەرییش هات و سەردانی ناوچەکەی کرد و بینیمەوە. چەند ڕۆژێک مایەوە و لەگەڵ کاک سالار عەزیز و بەشێک لە فەرماندەکان لە شارباژێڕی سەخت و گوندەکانی ئارووزەر و دەرەمیانە ئەو ناوە بوو ڕاوێژ و گفتووگۆی زۆریان پێکەوە لەگەڵ کاک سار دەکرد. بە ڕۆژ دەچووینە دەرەوەی گوند و ئێوارانیش دەگەڕاینەوە. دڵنیا بووین دوژمن لە خۆئامادەکردندایە بۆ هێرشکردنەسەر پێشمەرگە. هەموو ئەو زانیارییانەی دەگەیشتە دەستمان باسیان لەوە بوو کە دوژمن هێزی لەڕادەبەدەری کۆ کردۆتەوە بۆ پەلاماردان و گەمارۆدانی ناوچەکە و پێشمەرگە. زیاتر خۆمان دەپاراست و زیاتر لە دەرەوە گوندەکان دەماینەوە. جیاوازیی نێوان ئێمە و دوژمن لە ڕووی ژمارە و جۆری چەک و توانای سەربازییەوە بێحساب بوو. ئەو چەکی نوێ و پێشکەوتووی هەبوو، ژمارەی سەربازەکانی زۆر بوو، ئێمەش ڕێک بە پێچەوانەوە بووین، چەکەکانمان کۆن بوون، هەندێکیان لەکار کەوتبوون، ژمارەشمان لەگەڵ ئەو سوپا زەبەلاحەدا هەر بەراورد نەدەکرا. هەموو توانا لۆجیستییەکانیشمان قاچەکانمان و پێڵاوە لاستیکەکانی پێمان بوون. ئەو کۆپتەری حەماڵ و سەربازی هەبوو، هەر شوێن و جێیەک مەبەستی بووایە، بێ کێشە و بێ ترس بۆی دەچوو، بەردەوام بە پێ لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە دەڕۆیشتین. سوپای دوژمن زۆر پۆشتە بوو، پارەی بۆ هەڵڕێژرابوو، جاشی زۆری لەگەڵدا بوو، بەشێکی زۆری داهاتی وڵاتەکە بۆ سوپا و کردە سەربازییەکانی سەرف دەکرا؛ ئێمەش گیرفانی بەتاڵ، بێپارە و بێ داهات لەو شاخ و کێو و پێدەشتانەدا بەرەنگاری دەبووینەوە.

بەڵام ئێمەی پێشمەرگە شتێکمان هەبوو کە دوژمن نەیبوو: ئێمە خاوەنی پرسێک بووین لە پێناویدا بجەنگین، پرسی نەتەوە و نیشتیمانەکەمان، درووستکردنی شوناسی تایبەت بە خۆمان، بەرزکردنەوەی ئاڵاکەمان لەناو ئاڵای گەلانی دیکەدا؛ سەلماندنی ئەوەی ئێمەش هەین و لێرەین و بە هەموو توانامانەوە داکۆکی دەکەین. سوپای دوژمن لە سەربازی بەزۆر ڕاکێشراو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێک هاتبوو، هیچ پرسێکی نەبوو، نەیدەزانی بۆچی دەجەنگێت. ئەم جیاوازییە وای کردبوو پێشمەرگە خاوەنی چەکێکی کاریگەر بێت کە سەربازەکانی دوژمن هەرگیز دەستیان نەکەوت: ورە و بڕوابوون بە ڕەوایەتیی ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دەجەنگاین! ئەوان هیچیان نەبوو بۆی بجەنگن و بەزۆر کرابوونە سەرباز بۆ داگیرکردنی نیشتیمان و خاکی کوردان؛ دەهاتن بۆ ئەوەی بە زیندوویی بگەڕێنەوە، پێشمەرگە باکی بەوە نەبوو دەمێنێت یان شەهید دەکرێت، ئەمە هەموو هاوکێشەکەی گۆڕیبوو. سوپای عێراق تەنانەت لەو کاتەشدا کە پەلاماری دەدا، هەر لە داکۆکییدا بوو، ئێمەش کە داکۆکیمان دەکرد، هەر لە هێرشدا بووین! ئەوان هەمیشە لە حاڵەتی خۆپارێزیدا بوون، بۆیە لە زۆربەی هێرش و پەلامارەکانیاندا بێ دەستکەوت و بەشکاوی و بە زیانی زۆرەوە ناوچەکەیان چۆڵ دەکرد. زۆر جار سەربازمان بە ئەسیری دەگرت و ئەو ڕاستیانەی بێ ترس پێ دەگوتین، پێشمەرگەش هەر زوو ئازادی دەکردن.

سالآنێکی زۆر بەرگەی ئەم سوپا زەبەلاحە دڕندەیەمان گرت، دوای نزیکەی دوانزە ساڵ لە تێکۆشان و بەرگری و تۆمارکردنی دەیان سەروەری و داستانی جەنگیی کەمونێنە و شەهیدبوون و برینداربوونی هەزاران پێشمەرگە، لە بەرانبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە ناچاری سەرکردایەتی بڕیاری چۆڵکردن و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا.

کاک عەلی عەسکەری چەند ڕۆژێک لە گوندەکانی شارباژێڕی سەخت مایەوە و دواتر گەڕایەوە دۆڵی جافایەتی، خەڵکێکی زۆری عەشایەریش لەم ناوچەیەدا چەکیان هەڵگرتبوو؛ زۆربەشیان سەر بە بزووتنەوە بوون.

ئەو ماوەیە کاک عەلی عەسکەری بە سەردان لە ناوچەکە بوو؛ لای هێزەکانی شارباژێڕ کاک سالار، کاک بەکری حاجی سەفەر و فەرماندە سەربازییەکانی سنوورەکە بوو. ڕۆژ درێژ بوو بۆیە دەرفەتی قسەکردن زۆر بوو. کات تەواو نەدەبوو. لە سەر چەند بابەتێکی گرنگ و ئەو هەلومەرجەی پێشمەرگەی تێدایە موناقەشە و گفتوگۆ زۆر بوو لەنێوان کاک سالار عەزیز و کاک عەلی عەسکەریدا. کاک عەلی عەسکەری پێداگریی لەسەر زیادبوونی لەناکاوی پێشمەرگەی دەکرد و پێی وا بوو زیادبوونی هێزی پێشمەرگە حاڵەتێکی سرووشتییە و هاوسەنگیی هێز لەنێوان ئێمە و بەعسدا دەگۆڕێت؛ کاک سالار عەزیزیش ڕای پێچەوانە بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەیگوت کاتێ ناتوانین چەکی پێویست و دارایی پێویستیان بۆ دابین بکەین، مانای وایە ئەمانە زیاتر لەسەر بنەمای عەشایەری کۆ بوونەتەوە و توانای مانەوەیان نییە کاک عەلی بە پێکەنینەوە دەیوت ڕای هەرکاممان درووست دەرچوو گرنگە لە خزمەتی شۆڕش و کوردستان دا بێت. دەربارەی یەکێتیی و قیادەی مۆقەتەش، کاک عەلی و کاک سالار پێداگر پێکەوە هاوڕا بوون لەوەدا کە نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە شەڕ و ئاڵۆزبوونی نێوانمان بدرێت، بەڵکوو دەبێت کێشە و گرفتەکانمان لەگەڵیاندا بە گفتوگۆ و برایەتی چارەسەر بکەین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ساڵێک لە تەمەنی شۆڕش

داوی ساڵێک لە دەستپێکردنەوەی شۆڕش، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان پێشمەرگەیان تێدا بوو. ژمارەکە دەبوو هەر ئەوەندە بێت کە لە ناوچەکەدا توانای خۆگونجاندن و خۆحەشاردانیان هەبێت؛ هەر خۆی تاکتیکی شەڕکردنی ئەو قۆناغەش وا بوو، بەڵام پێشمەرگە بە شێوەیەک کۆ کرابۆوە و زیادی کردبوو کە یاسا و ڕێساکانی شەڕی پارتیزانی پێشێل کرابوون. دەچوویتە هەر شوێنێک و ناوچەیەک سەدان چەکدارت دەبینی. لە ساڵی ١٩٧٧دا ڕوون بۆوە کە ئەوە قەرەباڵغی درووستکردنە و هیچی تر.

چەند مەفرەزەیەکی قیادە مۆقەتەش لە ناوچەی شلێر بوون. ئەمانە زۆر خۆیان پێ نەگیرا و هەموویان تەسلیم بوونەوە، ڕەنگە تا ڕادەیەک تەسلیمبوونەوەیان باشتر بووبێت، چوونکە مانەوەیان مایەی سەرئێشە و ناڕەحەتی بوو بۆ خۆیان و یەکێتی و خەڵکیش. بەردەوام ترسی ئەوە هەبوو لەنێوان یەکێتی و ئەواندا شەڕ هەڵبگیرسێت. متمانە لەنێواندا نەبوو؛ هەر مەفرەزەیەی بەهەر هۆکارێک تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە و ناوچەیان چۆڵ کرد.

هێزەکەی ئێمە لە گوندی دارۆخان بوو. دوو ڕۆژماینەوە. کەسێک هات بە کاک نەوشیروانی گوت چەند پێشمەرگەیەک بەنیازن خانووەکەی حەمە ڕەشید خان بسووتێنن. لەگەڵ کاک نەوشیروان و کاک بەکر و زۆری فەرماندەکان کابراو چووینە لای خانووەکە. پێدەچوو ماوەیەکی زۆر بێت چۆڵ کرابێت و کەسی تێدا نەژیا بێت. ئەم خانووە شێوەیەکی ئەندازیاریی زۆر جوانی هەبوو؛ لە شێوەی قەڵایەکی قایمدا بوو. کاک نەوشیروان ڕووی کردە فەرمانەو پێشمەرگەکان و بەتووڕەیی گوتی، "هەر کەس بیر لە شتی وا بکاتەوە، توندترین سزای دەدەم. ئەم خانووە بەشێکە لە مێژووی شارستانییەتی تەلاسازیی ئێمە." خانووەکە حەوزێکی گەورەی تێدا بوو،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە جۆگە ئاوی بۆ هاتبوو. دیار بوو ئاوەکە لەدوورەوە هاتبوو. بەدەوری حەوز و ئاوەکەدا باخێکی جوان درووست کرابوو. خەڵکی ناوچەکە باسیان دەکرد کە هەموو کەرەستەکانی درووستکردنی خانووەکە لە (شاری بانە)ی ڕۆژهەڵاتەوە بە زەحمەتی زۆر هێنراون و ئەم تەلارە جوانەیان پێ درووست کراوە. لەگەڵ کاک نەوشیروان بەتەواوی ژوورەکاندا گەڕاین. بەئاسانی دەتزانی لەپشت درووستکردنی ئەم تەلارەوە کەسایەتییەکی مێژوویی و دەسەڵاتدارێکی بەتوانا بەو ژێرییەی بناغەی ئەم تەلارەی نەخشاندووە تا بە شای ڕۆم و عەجەم بڵێ ئێمەش شای وڵاتی خۆمانین. دەسەڵاتی داگیرکەری بەعس دەستی بە وێرانکردنی کوردستان کرد و شار و شارۆچکە و پێنج هەزار گوندی سووتاند. قەڵای حەمە ڕەشید خانیش لەو وێرانکارییەدا بەرکەوت.

گوندی دارۆخا دوو دووکانی تێدا بوو؛ ئەوانیش هەروا هەندێک وردەواڵەیان تێدا بوو. کالەی لاستیکی ئێرانییان هێنابوو، جۆری لاستیکەکەی زۆر باش بوو، یەکەم جار بوو پێڵاوی لاستیکی وا زۆر باش ببینین، کە بە سەرما و بەفر و بەستەڵەک هەر وەک خۆی دەمایەوە، بۆ ڕۆیشتنیش باشتر و نەرمتر بوو. سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕش پێشمەرگە کێشەی پێڵاومان زۆر بوو، خۆ تەنیا پێڵاوی لاستیکی عێراقیمان دەست دەکەوت، کە جۆرەکەی زۆر خراپ بوو. هاوین هەردوو پێی پڕ دەکردین لە عارەق و لە ڕۆیشتندا ناڕەحەتی دەکردین. بەناچاری بە سەری قەوانی فیشەک ڕووی سەری پێڵاوەکەمان کون کون دەکرد تا ناو پێڵاوەکە هەوای بۆ بچێت. ئەم جۆرە پێڵاوە زستانیش دەبوو بە بەرد و قاچی زۆر ئازار دەداین.

ئەم پاتە ئێرانییە هەرزان و گونجاوتر بوو بۆ هاتوچۆی زۆر و بەردەوامی پێشمەرگە. زۆربەمان سەروجووتمان کڕی. کاک نەوشیروان بەیانییەکەی جووتێکی کڕی، نیوەڕۆ کە ویستمان بچین بۆ نانخواردن، پێڵاوەکەی نەمابوو. ئەو بە ئاسایی وەری گرت و چوو جووتێکی تری کڕی، هاتەوە مزگەوت و دواتر بۆ ئێوارە کە هاتە دەرەوە بڕۆین بۆ نانخواردن، سەیری کرد دیسان پێڵاوەکانی دیار نەماون. زۆر تووڕە بوو. ناهەقی نەبوو. دوو جار لە ڕۆژێکدا پێڵاوت بفەوتێت، بۆیە گوتی "ئیتر لەسەر پێڵاوەکانم شتێک دەنووسم تا کەس لێی تێک نەچێ."

***

دووژمن دەیزانی ئەو هێزە زۆرەی پێشمەرگە لە سنووری ناوچەی شلێرین، بەبەردەوامی کۆپتەر بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕایەوە؛ بۆیشمان نەبوو بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوورکەوتنەوە و خۆدەربازکردن بچینە ناو خاکی ئێرانەوە. ئێران لەگەڵ عێراق لەسەر ئەم بابەتی پارێزگاری پاراستنی ئەمنی سنوور ڕێک کەوتبوون. ڕێککەوتنی جەزائیر لە بەرژەوەندیی ئێران بوو، بۆیە ئێران پابەندی ڕێککەوتنەکە بوو. لەو هێڵە سوورەی لەسەر نەخشە کرابوو بە سنوور پێشمەرگە بچووایەتە ئەودیو، گەر بە ژمارە کەم بوونایە، ژیانیان لەسەر دەستی سەربازانی ئێرانی دەکەوتە ئەوپەڕی مەترسییەوە. تەنها و تەنها ئێمە دەبووایە بەناو خاکی کوردستانی عێراقدا هاتوچۆ و جووڵە بکەین، هەر واشمان کرد و ناو خاکی کوردستانمان کردە مەیدانی خەباتی پێشمەرگایەتی و خۆمان لەگەڵ ئەو دۆخەدا گونجاند.

هەر ساتێک مەترسیی زۆرمان لەسەر بووایە، دەمانتوانی بەخێرایی ناوچەکە چۆڵ بکەین و بڕۆین بۆ ناوچەیەکی تر، یان بۆ چۆڵەوانیی دوور لە ئاوەدانی. ئیتر لە شێوە شەڕێکی پارتیزانی بێسنووردا بووین و سیاسەتی شەڕمان بەو ئاڕاستەیە بوو کە ئەو شەڕەی توانامان بەسەریدا ناشکێ و هەڵبژاردەی دوژمنە خۆمانی لێ لا بدەین؛ مەگەر لە عەسران و دەمەوئێوارەدا تووشی شەڕ ببووینایە، ئەو کاتە دەمانکرد و دوژمن شکستی دەهێنا. پشتبەستن بە خەڵک و جەماوەر سەرچاوەی سەرەکیی ژیان و بەردەوامی هێزەکانمان و جووڵانەکە بوو.

ئەم سیاسەت و هەڵوێست و بیرکردنەوەیە ساڵانێکی زۆر ڕێبازی کارکردنی یەکێتی بوو. بەم شێوەیە یەکێتی توانیبووی لەسەر خاکی خۆی بوونی خۆی بسەلمێنی و ئەوەش سیاسەتێکی سەرکەوتوو بوو. دواتر هاوکێشەکە گۆڕا، هەم خۆمان هەڵەی زۆرمان کرد و هەم ململانێی سیاسی و شەڕی براکوژی یەکێتییان پەلکێشی هەمان سیاسەتی ڕابردووی شۆڕش و جووڵانەوە کوردییەکان کرد لە پەیوەندیمان بە دەروودجیرانەوە، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز بۆ ساتێکیش وەک یەکێتی لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە نەبووینە هۆی زیانگەیاندن بە کوردانی بەشەکانی تری کوردستان. ئەم باسە نووسینی تایبەتی خۆی دەوێت و نامەوێ لێرەدا لەسەری بڕۆم.

بگەڕێمەوە بۆ ساڵی ١٩٧٧. ئێرانی شاهنشاهی ئێمەی بە چەپ و کۆمۆنیست دەزانی و ئەوپەڕی دوژمنایەتیی دەکردین. خۆی دوژمنایەتییەکە بۆ کورد و جووڵانەوەکەی بوو، ڕژێمی شاهنشاهی هەر پێشمەرگەیەکی یەکێتی پێی بخستایەتە خاکەکەیەوە، دەستبەجێ دەیگرتن و بە زیندانیکراوی ڕادەستی ڕژێمی سەدامی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەکردنـەوە؛ لـە عێراقیش لـە سـێدارە دەدران. وەک پێشـتر باسـمکرد کاک مـلازم عومـەر پێشـمەرگەیەکی لا بـوو نـاوی 'فـاروق' بـوو؛ گەنجێکـی تازەپێگەیشـتووی گورجوگۆڵ و پێشمەرگەیەکی ئازا بوو. لەسەر سنوور چریکی ئێرانی گرتبوویان، دواتر ڕادەستی عێراقیان کرد و لە موسڵ لە سێدارە درا. ئەوکات لەنێوان عێراق و ئێراندا نرخێک بۆ تاکی کورد دانەدەنرا، گرتن و تەسلیمکردنەوەی فارووق مشتێکە لە خەرواری پڕ لە تاوان و درندەییی ئەو دوو ڕژێمە بەرانبەر بە کورد.

ئێران و عێراق لیژنەی ئەمنیی هاوبەشیان درووست کردبوو. چەندین پێشمەرگە لەلایەن ئێرانییەکانەوە دەستگیر کران و تەسلیمی عێراق کرانەوە و وەک فاروق لە زیندانی موسڵ لەسێدارە دران. ئەو لیژنە هاوبەشە هەر کاریان گرتن و ڕادەستکردن نەبوو، بەڵکوو کۆکردنەوە و گۆڕینەوەی زانیارییش بوو لەسەر پێشمەرگەکانی یەکێتی و تێکۆشەرانی کورد بەگشتی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوچەی شلێر و هێرشی دوژمن

ئێمە وەک هێزەکەی کاک نەوشیروان هەر لە شلێر مابووینەوە. دواجار دوژمن هێرشی فراوانی بۆ سەر ناوچەی شلێر و شارباژێری سەخت و تەخت کرد. ئێمە بڕیاری خۆمان دابوو: ناوچەکەمان چۆڵ دەکرد. شەڕێک دوژمن خۆی کات و شوێنەکەی دەستنیشان بکات و لەو ناهاوسەنگیی هێزەدا بکرێت کاری کردە نییە. دوور کەوتینەوە و چووینە گوندەکانی سەر سنوور بە دیوی ئێراندا، لای سەیرانبەن و گوندەکانی ئەودیو سنووری ئێران. ئەم گوندە ڕێک ئەودیوی سنوور بوو، دیار بوو ئێران ئاگاداری هێرشی عێراق بوو، بۆیە ئەو هەموو هێزەی هێنابووە نزیک سنوور. ئێمە بەناچاری، ئێرانی گوتەنی، سنوورمان بەزاند و چووینە ئەودیوی سنوور. لەو گوندە نانێکی پەلەمان خوارد، چریکەکان ئاگادار بوون، بەڵام هێزەکەی ئێمە زۆر بوو، نەیانوێرا خۆیانمان لێ بدەن، ناچار هێزێکی گەورەیان کۆ کردەوە. تا ئەوان خۆیان سازکرد، ئێمە ناوچەکەمان جێ هێشت و سنووراوسنوور ڕۆیشتین بە مەبەستی ئەوەی لە چەمپاراو یان (شیوەگوێزان) ەوە بگەڕێینەوە بۆ ناوچەکەی خۆمان.

لە ڕێگە هێزێکی دیکەی چریکمان تووش بوو، بەڵام کە زانییان ئێمە زۆرین و ترسمان نییە، ئەفسەرەکەیان هێزەکەی لە دوورەوە ڕاگرت و هاتە پێشەوە. داوای کرد لەگەڵ بەرپرسی هێزەکەماندا قسە بکات. کاک نەوشیروان بە فارسییەکی جوان و بەتووڕەیی وەڵامی دایەوە، "من بەرپرسی ئەم هێزەم، چیت دەوێ؟" ئەفسەرەکە سەری سووڕما، گوتی "ئایا تۆ ئێرانییت وا ئەم فارسییە جوانە دەزانی؟" کاک نەوشیروان وەڵامی دایەوە، "نا، لێرە نانێک دەخۆین و دەڕۆین، ئێمە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانین، دژی داگیرکەری بەعس و دژی ئێوەشین، بۆ ڕزگاریی کوردستان خەبات دەکەین." ئەفسەرەکە داوای کرد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خێرا بڕۆین، ئەگینا هێزی زیاتر دەهێننە سەرمان، بەڵام کاک نەوشیروان زۆر بەڕەقی وەڵامی دایەوە؛ هێرشی کردە سەر خۆی و ڕژێمەکەی و قسەی بە شای ئێرانیشی گوت، گوتی، "کارمان بە ئێوە نییە، بەڵام ئەگەر بێنە سەر ڕێگەمان، ئەوە شتێکی ترە." ئەوان کە زانییان لەوێ نامێنینەوە و دەڕۆین و هێزەکەشمان زۆرە، لێمان دوور کەوتنەوە و لە دوورەوە چاودێرییان دەکردین.

ئێرانییەکان ڕۆیشتن و ئێمەش ملی ڕێگەمان گرتە بەر. دەبووایە بە مەسافە بڕۆین، مەسافە ڕۆیشتنی پێشمەرگە واتە ڕۆیشتن یەک بەدوای یەکدا کە دەبوو نێوانی دوو پێشمەرگە مەترێک زیاتر یان کەمتر بێت. ئەم مەسافە وەرگرتنە بە شەو یان لە شوێنی مەترسیدا زیاد و کەمی دەکرد. هەمووی چەند سەد مەترێک لە چریکی ئێرانی دوور نەکەوتبووینەوە کە دەنگەدەنگ و قسەی بەرز لەناو ڕیزەکەی دوامانەوە درووست بوو. ئێمە گەڕاینەوە بزانین چی بووە، کاک ملازم عومەر تووڕە ببوو؛ ئاگری دەکردەوە. ئێمە نزیک بووین. هەوڵمان دا کاک عومەر خاو بکەینەوە، دیار بوو لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆماندا، کە کادری کۆمەڵە بوو لە هەورامان، پێک هەڵپژا بوون. کاک نەوشیروان کە خۆی لە پێشەوەی هێزەکە بوو، گەڕایەوە بۆ لای قەرەباڵغییەکە تا بزانێ چی ڕووی داوە. کە زانیی کەسی دووەم کێیە، لێ تووڕە بوو بۆ ئەوەی ملازم عومەر خاو بکاتەوە. بیرم نایەت شەڕ و بەگژیەکداچوونەکەیان لەسەر چی بوو، ئێمە سەدان شاخ و کێومان بڕیوە و لە دەستی سوپای بەعس هەڵاتووین و تازەش ڕیشمان لە دەستی ئێرانییەکان بۆتەوە، کاری لەم شێوەیە کارێکی باش نەبوو، کاتەکەشی هەر باش نەبوو، کاک ملازم عومەر زۆر تووڕە ببوو، قسەی لەگەڵ نەدەکرا، تاقم و تفەنگی فڕێ دا و پێی دا بە زەویدا و گوتی، "من لەگەڵتان نایەم، بڕۆن من لێرە دەمێنمەوە." زۆر هەوڵمان لەگەڵی دا، کاک نەوشیروان زۆری پێ گوت و لەگەڵی خەریک بوو، بەڵام ئەو قسەی کەسی وەرنەگرت و لە قسەی خۆی نەدەهاتە خوارەوە؛ نەشدەکرا ئەم هێزە زۆرە بەدیار تاکە کەسێکەوە و لە شوێنێکی ئاوادا بمێنێتەوە.

لەکۆتاییدا کاک نەوشیروان بڕیاری دا من و کاک وەهاب و هاوڕێ جەبار لەگەڵ ملازم عومەر بمێنینەوە، بە ئومێدی ئەوەی ڕازیی بکەین لەگەڵمان بگەڕێتەوە. باقی هێزەکە ڕۆیشتن. ئێمە هێشتا لەناو خاکی ئێران و لە قەراخی ماڵەکاندا بووین، چووینە نزیکترین ماڵ و هەر زوو نانی باشیان بۆ ئامادە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کردین. نـان و چامـان خـوارد و ئیسـراحەتمان کـرد؛ کاک مـلازم عومـەر کەوتـە گێڕانـەوەی نوکتـە و قسـەی خۆش. وەختـی ئـەوە بـوو داوای لـێ بکەیـن کـە بڕۆیـن تـا بـە بـرادەران بگەینــەوە، ترسـمان هەبـوو چریکـەکان جارێکـی تریـش بێنـەوە سـەرمان. دەکرا ئەمجارەیان پەلامارمـان بدەن و ئێمـەش بـە چوار کەسـەوە لەگـەڵ هێزی زۆری ئێرانیدا هـەر شـتێکمان بکردایـە سـەرکەوتوو نەدەبوویـن و دەبـوو بـە شـەڕی مـان و نەمـان.

دەبـوو هەتـا زووە ئـەو جێگەیـە چـۆڵ بکەیـن و بڕۆیـن، مـلازم عومـەر خۆشـی ئـەوەی دەزانـی، بۆیـە کـە قسـەمان لەگـەڵ کـرد، پێداگرییەکـی پێشـووی نەمابـوو، ڕەنگیشـە تووڕەبوونەکـەی هـەر برسـێتی و هیلاکـی بووبێت؛ کەسـانی زۆر هـەن کـە برسـیان دەبێـت و دۆخەکەیـان بـەدڵ نییـە، سـەبر و ئارامیـان نامێنـێ و بـە هەمـوو شـتێک هەڵدەچـن. بـەم جـۆرە بـەدەم نوکتـە و قسـەی خۆشـەوە شـوێنەکەمان جـێ هێشـت و بـەرەو لای بـرادەران بـەڕێ کەوتیـن و پێیـان گەیشـتینەوە.

کاک مـلازم عومـەر گەرچـی وا تـووڕە دەبـوو، بـەڵام سـەرکردەیەکی دڵپـاک و سـادە بـوو، هەرگیـز ڕق و کینـەی لـە دڵـدا هەڵنەدەگـرت و هەمـوو کات پشـتیوان و هـاوکاری هاوڕێکانـی بـووە.

حکومەتـی ئێـران هەمـوو سـنوورەکانی خـۆی لەگـەڵ باشـووری کوردسـتاندا بـە جـاش و چریـک قاییـم کردبـوو، بەڵام لـە واقیعدا یـەک ئـەرزو یـەک سرووشـت و یەک جوگرافیا و یـەک زمـان و یـەک کولتـوور و یـەک مێـژووی هاوبـەش بـوون، خەڵکەش تێکـەڵ بـوون بـە یەکتـری و خزمـی یـەک و ژن و ژنخوازیـی نێوانیـان و پەیوەندیـی بازرگانیـی گەرموگـوڕی نێوانیـان هێنـدەی تـر پەیوەندیەکانیانـی توندوتـۆڵ کردبـوو. دانیشـتووانی ئـەو گوندانـەی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات تەسـکەرە و جنسـییەی عێراقیـان هەبـوو، هەرچۆنێـک سـەیرت بکردایـە، هیـچ جیاوازییـەک لەنێـوان خەڵکـی ئەمدیـوی سـنوور و ئەودیـوی سـنووردا نەبـوو.

سـاڵانی دواتـر، کاتێـک ڕژێمـی شـا ڕووخـا و ئێـران و عێراق لەوپـەڕی دوژمنایەتی و دژایەتیی یەکتـردا بـوون، ئێـران و یەکێتـی بەرژەوەندییـان لـەوەدا بـوو پەیوەنـدی و هاوکاریی نێوانیان باشـتر بکـەن. بەهـۆی شـەڕی ناوخـۆ و دڕندەیـی سـوپای عێـراق و فروانبوونـی هێـزی یەکێتـی و کردنـەوەی ڕێگەیەکـی هاتوچـۆی نێـوان یەکێتـی و دنیـای دەرەوە ئـەم پەیوەندییـە لـە سـنوورێکدا پێویسـت بـوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەوەی سنووری عێراق و ئێران لە یەکتری جیا دەکاتەوە، تەنها کێلەیەکی چیمەنتۆیە لەسەر بەرزیی شاخەکان دانراوە. بەرزییەکەی هەر مەترێک دەبێت و وەک دارعەموودێک چەقێنراوە. هەر چەند کیلۆمەترێک و دانەیەک دانراوە بۆ ئەوەی بە هەموو کەس بڵێن لێرەوە سنووری وڵاتێکی دیکە دەست پێ دەکات و هەر کەس پێ بخاتە ئەودیو، سزای قورسی سنووربەزاندنی بەسەردا دەسەپێنرێت.

گەیشتینەوە بە برادەران و بە دیوی سیاگوێزدا هاتینە خوارەوە. شەو لە گوندی سیاگوێز ماینەوە، کە گوندێکی گەورە بوو؛ ژمارەی ماڵەکان لە دووسەد ماڵ زیاتر دەبوو، هێزەکەی ئێمەش هەمان هێز و کاک دکتۆر خالید و کاک شێخ حسێن و باقی ئەو فەرماندانە بووین کە لە شارباژێڕە و هاتبووین بۆ ناوچەی شلێر. سیاگوێز هاوسنوورە لەگەڵ گوندی کەندەسوورە و قوسامەدین، کە هەردووکیان دەکەونە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە.

دەمەوبەیان سیاگوێزمان جێ هێشت و بەرەو سوورەبان هاتین، کە گوندێکە لە گوندکانی ناوچەی سیوەیلی شارباژێڕ و پشتی داوە بە (شاخی سورکێو) ەوە. ئەم گوندە خاوەنی هەزاران دارگوێز و باشترین جۆری گوێز و ئاوی سارد و سازگارە، جووڵەی کار و کاسبی و ولاخداری لەنێوان گوندەکانی بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سوورەبان لە باشوور لەوپەڕی گەرموگوڕیدا بوو. لە دوای ڕاگواستنی گوندەکانی سەرسنوور، مەیدانێک بۆ ولاخداری بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی کاڵاکانی هەر دوو لا لە نزیک ئەم گوندە کرابۆوە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، کۆپتەرە جەنگییەکانی بەعس پەلامارێکی دڕندانەیان کردە سەر ئەو مەیدانە و چەندین هاووڵاتییان کوشت یان بریندار کرد، دەیان ئەسپیشیان بە ساروخ و گوللەی کۆپتەرەکان کوشت. خوێنی هاووڵاتییان و ئەم ولاخانە تێکەڵ بەیەک ببوون. ئەوانەی لەو قەسابخانە و کۆمەڵکوژییە دەرباز بوون چیرۆکی ئەو پەلامارەیان بە جۆرێک دەگێڕایەوە هێندەی تر نەفرەتت لە بەعسییەکان و ڕژێمە تاوانکارەکەیانت دەکرد دەکرد کە چەندە فاشیست و شۆڤێنین.

کاک نەوشیروان و کاک دکتۆر خالید و کاک شێخ حسێن و پێشمەرگەکانیان بڕیاریان دابوو بگەڕێنەوە بۆ نۆکان. ئێمەش ڕانەوەستاین و بە لای هەردوو بارێی گەورە و بچووکدا تێ پەڕین و چووینە نەڵەسوو. ئەم گوندانە هەموویان لە بناری چیای سەربڵندی سوورکێودان. کاتێک لە گوندی نەڵەسوو بووین،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برێک قسە کەوتە نێوان مـلازم ئەنوەر و کاک نەوشیروانەوە. لە ماڵی عەلی ئاغا بووین. کاک نەوشیروان بە مـلازم ئەنوەری گـوت، "کاک ئەنـوەر، تـۆ کـراوی بـە فەرماندەی هەرێمی کەرکووک، بۆچی ناچی بۆ سنووری هەرێمەکەت؟" ئەویش بە زبرییەکەوە گوتی، "هـەر لێرە دەمێنمەوە ئەو بڕیارە بـە سزادان دەزانم." پێشتر بۆ ئێمەی باس کردبوو کە وا هەست دەکات وەک سزادان و بۆ دوورخستنەوە ئەو پلەیەی پێ دراوە؛ کاک نەوشیروانیش بەتوندی لێی هاتە دەنگ و ساردی کەوتە نێوانیانەوە. من و کاک وەهاب مـلازم ئەنوەرمان بردە دەرەوە و قسەمان بۆ کرد و خاومان کردەوە، ئینجا لەگەڵ کاک نەوشیرواندا دواین و بۆمان ڕوون کردەوە کە ڕاستە مـلازم ئەنوەر کەسێکی تـا ڕادەیـەک تووڕەیە، بەڵام یەکێکە لە فەرماندە بەهەڵوێست و ئازا و بەڕەوشتەکانی کۆمەڵە؛ ئەو گەرچی لە ئێمە گەورەتر و بە ئەزموونترە، بەڵام لە هەموو کارێکدا ڕاوێژمان پێ دەکات، لە هەموو فەرماندەکانی دیکە پابەندترە بە دیسپلینەکانی کۆمەڵەوە ئێوەشی زۆر خۆشدەوێت. کاک نەوشیروانمانیش هێور کردەوە و کەشوهەواکە ئاسایی بۆوە. بڕیارمان دا شێوەیەکی دیکەش هەر لەم ناوچەیە بمێنێتەوە. شەوەکەی کاک نەوشیروان ویستی بە تەواوی مـلازم ئەنوەر ئاشت بکاتەوە. پێشنیاری بۆ کرد سەردانی سەرکردایەتیی یەکێتی بکات و ڕاشکاوانە ڕای خۆی بۆ ئەوان ڕوون بکاتەوە و گوتی کە ئەویش پشتگیریی دەکات.

مـلازم ئەنوەر بەرانبەر کاری ناڕەوا و نابەجێ زۆر تووڕە و ڕەق بوو، هەر بە سرووشتی خۆی کەسێکی وریا بوو، زۆر حەزەری دەکرد، گومانی لە بچووکترین شت دەکرد، هەرگیز لەگەڵ خەڵکی سەرسەری و بەدفەڕ نەدەبووە هاوڕێ و خۆشیی لێیان نەدەهات، بە شێوەیەکی تایبەتی توند بوو لەگەڵ ئەوانەدا کە گومانی سیخوڕی دەکەوتە سەریان، هیچ بەزەییەکی بەرانبەر ئەوانە نەبوو کە دەبوونە پیاوی ڕژێم و کاریان بۆ دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر قسەخۆش بوو، زۆر بەمیهرەبانییەوە لەگەڵ پێشمەرگەدا مامەڵەی دەکرد، ڕێک براگەورە و فەرماندەیەکی بەتوانا و بەپەرۆش و توندوتۆڵ بوو. هاوڕێیەکی دڵسۆزی هەموومان بوو، هەتا بڵێی ڕاستگۆ بوو؛ قسەی دڵ و زمانی یەک بوو، لە ڕوو چۆن بوو، لە پاشملەش هەر هەمان وێنە بوو بەرگری سەختی لە هاوڕێ و دۆستەکانی دەکرد، ڕای خۆی بە ئاشکرا دەردەبڕی، درۆکردن و موجامەلەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

درۆی بـەلاوە زۆر ناشـرین بـوو. یەکێـک لـە سـیفەتە جوانەکانـی مـلازم ئەنـوەر ئـەوە بـوو لـە کاتـی مەترسـیدا، هەتـا دوابەیەکـی پێشـمەرگەکانی دەربـاز نەکردایـە خـۆی نەدەرۆیشـت، لـە هەڵمـەت و پەلاماریشـدا، خـۆی لـە پێش هەموویانـەوە بـوو.

مـلازم ئەنـوەر پێشـمەرگەیەکی لەگەڵـدا بـوو نـاوی 'شـەریف' بـوو، جارێکیـان لەگـەڵ پێشـمەرگەیەکی دیکـەدا ناخۆشـی دەکەوێتـە نێوانیانـەوە، شـەریف تـوورە دەبێت و بە پێشـمەرگەکە دەڵێت، "یـەک مەخزەن فیشـەکت تێدا خاڵی دەکەمـەوە!" بەرێکـەوت مـلازم ئەنـوەر گوێـی لـەم قسـەیە دەبێت، هـەر لەوێدا و لـە پێشـچاوی هەمـوو پێشـمەرگەکان پێـی دەڵێت، "شـەریف، ئەوە کـێ دەکـوژی؟" شـەریفیش کـە دەزانێـت تـێ کەوتـووە، زۆر بەهێمنـی وەڵامـی مـلازم ئەنـوەر دەداتـەوە و دەڵـێ، "سـەربازی دوژمـن." ئیتـر مـلازم دەداتـە قاقـای پێکەنیـن و شـەریفیش خـۆی لـە توورەیـی مـلازم ئەنـوەر و رەخنـەی پێشـمەرگەکان دەپارێزێـت. ئـەم هەڵوێسـتەم تا ئێسـتاش بیر مـاوە، ئـەوکات و ئێسـتاش هـەر خۆزگە دەخوازم هەمووومـان وەک شـەریف بمانتوانیایە بەهێمنی و نەترسـانە هەڵەکانمـان چارەسـەر بکەیـن. شـەریف کانـی سـاردیی بـوو. لـە شـەرێکی قارەمانانـەی دەسـتەویەخەدا لەگەڵ جاش و قوات خاسـەدا لـە نزیـک مزگەوتـی خانەقـا و سـینەما دڵشـاد شـەهید بـوو.

لـە سـەرەتای پێکهێنانـی مەفرەزەکەیـەوە لـە سـاڵی ١٩٧٦دا، مـلازم ئەنـوەر کورێکـی لەگەڵـدا بـوو نـاوی 'نەجمەدیـن' بـوو؛ خەڵکـی گونـدی وەندرێنـە بـوو، دوایـی لـە خۆشەویسـتیدا هـەر بـە 'خاڵـە نەجـم' بانـگ دەکـرا. وەندرێنـە یەکێکـە لـە گوندەکانـی شـارباژێری تەخـت، سـەر بـە ناحییـەی بەرزنجەیـە و پشـتی داوە بـە شـاخی سـەختی (کـورە کاژاو)ەوە. ئـەم گونـدە زۆرتریـن پێشـمەرگە و زۆرتریـن شـەهیدیان بـە کوردایەتـی بەخشـیوە کـە سـەرقافڵەیان شـەهیدان فـەرەج وەندەرێنەیـی، فەقـێ جەمـال، مسـتەفا و سـەلامن.

مـلازم ئەنـوەر زۆر متمانـەی بە خاڵە نەجم بوو، خاڵە نەجمیش پێشـمەرگەیەکی سـەرەتایی و گورجوگۆڵی ئازای پشـوودرێژی بەئیدارە بوو. لەگـەڵ پێشـمەرگەکاندا لـە هێرشـی بەهـاری سـاڵی ١٩٧٧دا، کاتێـک چوونـە ناوچـەی قـەرەداغ و زۆری ئەوانـەی هاتبـوون بۆ پێشـمەرگایەتی تەسـلیم بـە رژێـم بوونـەوە، خاڵـە نەجـم بـوو کـە نەیهێشـت ئـەو کەسـانەی دەڕوخێن و تەسـلیم بـە دوژمـن دەبن چەکەکان لەگـەڵ خۆیـان ببەنـەوە. بـە ولاخ و بەزەحمەتـی زۆر چەکەکانـی گەیانـدەوە شـارباژێری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەخت و تا ئەو ڕۆژەی ملازم ئەنوەریش شەهید بوو، وەک پێشمەرگە و فەرماندە و پیاوێکی بەوەفا هەر لە پشتی بوو. زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ ملازم ئەنوەر بوون پێشمەرگەی فیداکار و قارەمان بوون، وشیار حاجی مامەندیی پێشمەرگە و فەرماندەیەکی هەتا بلێی ئازا و چاونەترس بوو، دواتر چووە هەورامان و لە شەڕی براکوژیدا شەهید بوو.

گوندی حاجی مامەند نزیکەی حەفتا ماڵ دەبوو، پێکهاتەی کۆمەلایەتیی خەڵکی ئەم گوندە وەک بەشێکی گوندەکانی تری شاربازێڕ لە خەڵکی ئاسایی و شێخ پێک هاتبوو، سەرچاوەی ژیانی دانیشتووانەکەی باخداری و حەیوان بەخێوکردن بوو، هەر وەک شارباژێڕی تەخت، شارباژێری سەختیش بەگشتی هەر کەسە و خاوەنی باخ و ڕەز و گیرفانی خۆیان بوون ئاغا و مەلاک نەببوون بە برابەشیان.

لە ناوچەی سیوەیل لە گوندی نەڵەسوو بووین. بەیانیی زوو دەنگی کۆپتەر هاتە گوێمان. پێشمەرگە کە گوێی لە دەنگی کۆپتەر یان شاور دەبوو، دەیزانی دەبێت یەک، دوو لە هەر ماڵێکە هەستێ و خێرا بگاتە لای بەرپرسەکەی. بۆیە کە ئەوە ڕووی دەدا، پێشمەرگە بەزوویی لە ماڵەکان هاتنە دەرەوە. ملازم ئەنوەر دەستبەجێ فەرمانی بە پێشمەرگەکان کرد یەک یەک و دوو دوو بەرەو دۆڵێک کە لە پشتی ماڵەکانەوە بوو بڕۆن. بەم شێوەیە ڕەوانەی دەرەوەی گوندەکەی کردن و ئێمەش چاودێریی پێشمەرگەکان و کۆپتەرەکانمان دەکرد. لەبەرئەوەی زۆر نزم دەفڕین و ژمارەشیان زۆر بوو، دەبوو هەرچی زووە لە ناودێ دوور بکەوینەوە. شاخی پشتمانەوە سورکێو بوو، کە شاخێکی سەخت و کوێستانێکی ڕووتەن و بێ دار و دارستانە. هەرچۆن بووایە هەر دەرەوەی گوندەکە باشتر بوو، جا چ بۆ شەڕ یان بۆ خۆونکردن. من و کاک وەهاب و ملازم ئەنوەر ماینەوە؛ کۆپتەرەکانیش هەر بە ئاسمانی ناوچەکەوە بوون. لە زۆر شوێنی دووری نەڵەسوو سەربازیان دادەبەزاند. ملازم ئەنوەر زۆر لەگەڵمان خەریک بوو تا من و کاک وەهاب لەگەڵ پێشمەرگەکان بڕۆین، بەڵام ئێمە قبووڵمان نەکرد و جێمان نەهێشت ووتمان جێت ناهێڵین. کە هەموو پێشمەرگەکانمان ڕەوانە کرد، ئینجا بە سێقۆڵی بەرەو لایان ڕۆیشتین. شوێنەکە باخە چنار و دار بی و درەختی تری لێ بوو، خۆمان تیا حەشار دان و ئامادەش بووین بۆ شەڕ.

چاومان لە کۆپتەرە جەنگییەکان بوو. ئەوەندە نزیک بوون لێمانەوە وامان دەزانی بۆ شەڕی ئێمە هاتوون. چەن جارێک زۆر بەنزمی بەسەر ئەو شوێنەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێمە خۆمان تێدا حەشار دابوو خولانەوە. بڕیار وا بوو تا ئەوان تەقە نەکەن ئێمە تەقە نەکەین. ئەوان زۆر جار وا بەنزمی دەسووڕانەوە بۆ ئەوەی پێشمەرگە وا بزانێ ئاشکرا بووە. تەقەیان نەکرد، بۆیە ئێمەش بێدەنگ بووین.

چەندین جار کۆپتەر پەلاماری داوین و هێرشمان بۆ کراوە بەڵام کەمجاری تر ئەو ژمارە زۆرەی کۆپتەرم بەیەکەوە بینیوە کە لە ئاسمانی ناوچەیەکدا دەربکەون. تەنیا پەلاماری ئەو گوندەیان نەدا کە ئێمەی لێ بووین. بەڵکوو پەلاماری چەند گوندێکی نزیک ئەم گوندەیان دابوو. لەو دێهاتانەی دەوری نەڵسوو و سەربەرزییەکان و ناو گوندەکان بەسەدان سەربازیان دابەزاند و گەمارۆیان دان.

شاخی سورکێو دەکەوتە پشتی ئەو شوێنەی خۆمان تێیدا حەشار دابوو. ئەودیوی گوندی چەمپاراوی ڕۆژهەڵات بوو، ئەو شاخە بەوەی کوێستانە کەمتر داری پێوەیە، بۆیە شاخێکی ڕووتەن و سەختە، چارمان نەبوو، هەر لە پشت گوندەکەوە دابەش بووین و چووینە ناو چنار و دارودرەختەکانەوە.

ئێوارە کە جەیشەکە پاشەکشەی کرد و چووینەوە ناودێ، باسیان کرد کە هێرشەکەی دوژمن فراوان بووە و زۆربەی گوندەکانی گرتۆتەوە و تەنیا ئەم گوندە هێرشی نەکراوەتەسەر. دیارە زانیارییەکەیان وا پێ گەیشتووە کە گوایە ئێمە ئەم گوندەمان جێ هێشتووە.

کاک حەمەمین ئاغای بارێی بچووک یەکێک بوو لە تێکۆشەرە دێرینەکانی کوردایەتی. کەسایەتییەکی دیار و سەنگینی سنوورەکە بوو. پەیوەندیی بەتینی لەگەڵ مام جەلال و سەرکردە و فەرماندەکانی یەکێتیدا هەبوو، هەر جارێک لەو ناوە بووینایە، سەردانمان دەکرد. دیوەخانی پڕ لە خزمەت بوو، زۆریش بۆ پێشمەرگە دەستکراوە بوو.

پێش ئەوەی ئەرکی فەرماندەییکردنی پێشمەرگە بگرێتە ئەستۆ، لە شاخ چەندین جار چەک و تەقەمەنی و هاوکاریی دارایی بە کۆمەڵە و یەکێتی لە شار و شاخ دابوو، دواتر بوو بە فەرماندەی کەرت و ژمارەیەک خەڵکی ناوچەکە بە چەکی خۆیانەوە لەگەڵیدا بوونە پێشمەرگە. ڕۆڵ و کاریگەری زۆری لەناوچەکە و ناو هێزی پێشمەرگەدا بینی. کاک حەمەئەمین ئاغا کەسایەتییەکی جوامێر و فەرماندەیەکی هەتا بڵێی ئازا و فیداکار و ڕەوشتبەرز بوو. کاتێک ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕووی دا، خۆی و هێزەکەی لەگەڵ کاک عەلی چوارتاییدا چوونە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕیـزی پێشــەوەی خەڵکی ڕاپەڕیـوی بانـە و پشـتیوانیی کوردانـی ڕۆژهەڵاتیـان لـە شـاری بانـەو دەورپشـتی کـرد. ئـەوەش جۆشـێکی زیاتـری بـە خەڵکی ڕاپەڕیـوی ناوچەکـە بەخشـی و ئـەو دوو پاڵەوانـەش مێژووییەکـی جـوان و پڕشـانازییان بـۆ خۆیـان پێشـمەرگەی یەکێتـی و جووڵانەوەکـە تۆمـار کـرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەمینی جاشەکان

گوندی چنگیان تا ڕادەیەک لە گوندەکانی دیکە گەورەتر بوو. ڕۆژانە هاتوچۆی سەیارە لەنێوان چنگیان و سلێمانیدا هەبوو. گوندەکە نەخۆشخانەیەکی بچووکی تێدابوو، سەرەتا دکتۆر غەفوور و دوای ئەویش دکتۆر حەمید، کە هەر خەڵکی چنگیان بوو، کاریان تێدا دەکرد. سەرباری کاری خزمەتکردنی هاووڵاتیان، زۆربەی داوودەرمان و پێداویستیی سەرەتاییان بۆ پێشمەرگە دابین دەکرد و پێشمەرگە بریندار و نەخۆشەکانیان تیمار دەکرد. هەر دەرمان و پێویستییەکی پزیشکیمان داوا بکردایە بۆیان دەهێنایـن، ئەگەر لای خۆیان دەست نەکەوتایە، خۆیان دەچوون و لە شار بۆیان پەیدا دەکردین.

چنگیان قوتابخانەی سەرەتاییشی تێدا بوو، بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا ڕەفیق بوو؛ هەر خۆی وانەشی دەگوتەوە. پیاوێکی دڵسۆز و کوردپەروەر بوو، ماڵەکەی ببوو بە مقەڕی پێشمەرگە و خزمەتی زۆری پێشمەرگەیان دەکرد. خانووەکەیان کۆنکرێت بوو؛ حکومەت درووستی کردبوو؛ لە بەردەم گوندەکەدا بوو، نزیک و سەرەڕێ بوو. ماڵەکە لە پشتەوە حەمامێکی لەوانەی ناوشار تێدا درووست کرابوو. بەردەوام داری لە ژێردا بوو و حەمام گەرم بوو. پێشمەرگە کە دەچوونە ناودێ، ئیتر بەتایبەت لە ئێوارە بەدواوە یەک یەک دەچوون و خۆیان تێدا دەشت. ئەوانە وەک ماڵی خۆمان خزمەتیان دەکردین ماڵەکەیان ببووە ماڵی دووەممان.

خۆشتن یەکێک بوو لە کێشەکانمان، بە تایبەتی لە زستاندا، چوونکە وەرزەکانی تر هەرچۆنێک بووایە دەرفەتمان دەبوو لە سەر کانی و ئاوەکان لە شاخ و دۆڵەکاندا خۆمان بشۆین، زۆرجاریش بەناچاریی ماوەی درێژ نەماندەتوانی خۆمان بشۆین؛ جاری وا هەبوو دوو مانگ بواری خۆشتنم نەبووە، بەڵام گەر کترییەک ئاویشمان گەرم کردبێ، حەفتەی جارێک توانیومانە سەرمان بە ملدا بشۆین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ماڵەکەی مامۆستا ڕەفیق وەک بنکەی پۆستە و مەقەڕی پێشمەرگەی لێ هاتبوو، خەڵکێکی زۆر پێی ئاشنا بوون، کەسوکاری پێشمەرگە لە شارەوە جلەبەرگ و پێویستییان دەنارده ماڵی مامۆستا و شیرین خانی خێزانیشی، وەک خوشکی گەورەی هەمووان، شتەکانی لای خۆی دادەنا تا ڕێمان دەکەوتەوە گوندەکە و ماڵەکەیان.

چنگیان گوندێکی گەورە و ئاوەدان بوو؛ زیاتر لە شەست ماڵ دەبوو؛ دوو، سێ دووکانی تێدا بوو، کە هەندێک پێویستیی پێشمەرگەیان هەبوو، بە تایبەت جگەرە و ساردی. گوندەکە مزگەوتێکی گەورەی کۆنکرێتیشی تێدا بوو کە جێی پێشمەرگەی زۆری تێدا دەبۆوە، چەند دیوەخانێکیشی تێدا بوو، بە تایبەت دیوەخانی ماڵی حاجی سەعید، تا کاک حاجی لەوێ بوو کراوە و پڕخزمەت بوو، دواتر ئەوان چوونە شار و کاک عەلی برایان لەخۆیان زیاتر لەو دیەخانە خزمەتی پێشمەرگەیان دەکردوو دەیان جار بە قەرەباڵغی زۆرەوە چوین و باشترین خزمەت کراوین، بەگشتی پێشمەرگە زۆر جار شەوان تیاندا دەماینەوە. ئەوە بۆ پێشمەرگە سەلامەتتر بوو لە خەوتن لە مزگەوتدا.

ئێوارەی ڕۆژی ١٨ی شوباتی ساڵی ١٩٧٨، کاک نەوشیروان و زۆربەی هێزەکەی دەچنە ناو چنگیان. وەرزەکە وەرزی سەرماوسۆڵە و زستانە. دوو شەو لەوێ دەمێننەوە، کاک ملازم عومەر و کاک جەمالی عەلی باپیر و خاڵە نەبەز و کاک عوسمانی قادر منەوەر و کاک مستەفا چاوڕەش و کاک عەلی چوارتایی و چەندین فەرماندەی مەفرەزە و پێشمەرگە بۆ دوو شەو لەو گوندە دەمێننەوە، ئیتر شاریش نزیکە و هاتوچۆی زۆر و خواردن و پێداویستییان بەئاسانی دەگاتە دەست. مانەوە بەو شێوەیە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەو ڕۆژگارەدا و لە یەک شوێندا لەگەڵ ئەو هەموو فەرمادەی باڵایە- بە کاک نەوشیروانیشەوە، بۆ خۆی مەترسیی زۆری بۆ سەر پێشمەرگە درووست دەکرد. سەرباری ئەوەی زانیارییان هەبووە کە دوژمن هێرشیان بۆ دەکات و کاک نەوشیروان پێی گوتوون، بەڵام دیارە هەندێک لەو برادەرانە هەواڵەکەیان بە هەند وەرنەگرتووە و کەمتەرخەمی کراوە.

کاک نەوشیروان پێی گوتوون زانیاریی هەیە هێرشمان بۆ دەکەن و دەبێ لەوێ نەمێنینەوە، بەڵام برادەران گوتوویانە کەمینی زۆر دەردەکەن و کێشە نییە. خاڵە عەفان مەفرەزەیەکی هەشت کەسیی خۆی دەنێرێتە چایخانەکەی قەیماسە، کە لەناو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دێوە مەسافەی پانزە بۆ بیست دەقیقە دوورە. هێزەکە ئیتر بێ ترس لێی خەوتوون و بە پشتی ئەو کەمینەی کە چوون بۆ چایخانەکەی قەیماسە دڵنیا بوون کە هەر جووڵەیەکی دووژمن هەبێت، بەزوویی ئاگادار دەبن.

قەیماسە لە ڕووی سەربازییەوە شوێنێکی گرنگە؛ دوژمن هەر هێرشێکی بۆ سەر ئەو گوندانەی شارباژێڕی تەخت بکردایە، هەنگاوی یەکەم هێزی خۆی لەو شوێنەدا جێگیر دەکرد.

ناردنی کەمینی پێشمەرگە بۆ ئەو شوێنە لەڕادەبەدەر پێویست بوو، بەڵام پێشمەرگە لەو قۆناغە سەخت و سەرەتاییەدا هیچ کەرەستە و ئامرازێکی پەیوەندیکردنی نەبوو بە سەرووی خۆی یان بە هاوڕێکانی؛ ئەو کات بە تەقە و دەستڕێژی فیشەک زیاتر دەبووە هۆی وریاکردنەوەی هێزەکە کە پێشمەرگەکانی قەیماسە بە هۆی ئەو دۆخەی توشی بوون لە جۆرێ کەمتەرخەمی نەیانتوانی ئەو کارە بکەن.

پێشمەرگەکان کەمینیان لە پشتی دێیەکە نەبووە، جاش دەگەنە نزیکی گوندی چنگیان. لەوێ ترساون، بۆیە نەیانتوانیوە پشتی دێ بگرن، دەمە و بەیان یەکێک لە جاشەکان لە نزیکی دێیەکە ریزێک فیشەکی کلاشینکۆف دەتەقێنی، ئەمەش دەبێتە بەئاگاهێنانەوەی هەموو پێشمەرگە و فەرماندەکان، ئیتر هەموویان بەدەم شەڕ و تەقەکردنەوە ڕوو دەکەنە بەرانبەری چنگیان و بە شاخەکەدا سەردەکەون، جاشەکانیش لە خوارەوە تەقەیان لێ دەکەن. دوو لەو پێشمەرگانەی ئازایانە شەڕی دوژمنیان کرد مستەفا وەندرێنەیی و ئەبوبەکر عەبدووڵا بوون. بەکر بەو قارەمانێتی و فیداکارییەوە گیانی خۆی بەخشی بە نیشتیمان و شەهید بوو.

ئەم ڕۆژە بۆ پێشمەرگە و بۆ کوردستان ڕۆژێکی ڕەش و بەئازار بوو. ئەو هەشت پێشمەرگەیە لە چایخانەی قەیماسە هەموویان گیرابوون، لەناو چنگیانیش پێشمەرگەیەک شەهید ببوو.

مەفرەزەکەی قەیماسە هەشت پێشمەرگە بوون. دەچنە چایخانەکەی قەیماسە کە وەک ناوەندی نێوان هەر سێ گوندی چنگیان و دۆڵەتوو و نۆدێیە و کانی ساردیش دەکەوێتە بەری ڕۆژئاوایەوە. ئەوێ سەر ڕێگەی قاچاخچی و هاتووچۆی خەڵک بوو، خەڵک و وڵاخدارەکان کە هاتوچۆیان لەو ڕێیەدا بوو، بەزۆری ڕوویان دەکردە ئەم چایخانەیە. خاڵە مەحموود خاوەنی چایخانەکەی قەیماسە بوو؛ماڵیشی لە چنگیان بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پیاوێکی دەستودڵکراوەی کەموێنە بوو، حەزی دەکرد هەرچی هەیەتی بیبەخشێت بە پێشمەرگە و خەرجی کات بۆ خزمەتی خەڵک. کاک جەمالی کوڕی لە زانکۆ دەیخوێند و جار جار دەهاتەوە بۆ گوند. ئەویش ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە بوو، ماڵەکەیان وەک ماڵی پێشمەرگە وابوو؛ بۆ ئێمەش ماڵی خۆمان بوو. زۆر جار کە دەچووینە چنگیان، دایکی کاک جەمال لە کاک جەمالی کوڕی، زۆر زیاتر خزمەتی دەکردین و خۆشترین خواردنی بۆ ئامادە دەکردین؛ لەگەڵ جەمالی کوڕی فەرقی نەدەکردین. کاک مەحموود شەوانەش لەبەر پێشمەرگە چایخانەکەی دانەدەخست، یان کلیلەکەی لە جێگەیەکی دیاریکراودا بۆ دادەنایـن، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕێمان کەوتە ئەوێ، بتوانین چایەک بخۆین و پشوویەک بدەین.

زستانێکی زۆر سەخت بوو؛ خۆڕاگرتن لە دەرەوە ئاسان نەبوو. ئەو پێشمەرگانەش دیارە شارەزای جوگرافیای ناوچەکە نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا کەمتەرخەم بوون؛ لەبری ئەوەی بەوریایی و ئامادەیی و گومانەوە لە شوێنەکە نزیک ببنەوە، چووبوونە ناو چایخانەکەوە و دوو پاسەوانیان لە دەرەوە دانابوو. دیارە جاشەکان پێشتر ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کردووە، ئاگاداری هاتنی پێشمەرگەکان بوون و خۆیان لێ بێدەنگ کردوون، تەقە لە نێوانیاندا درووست دەبێت و دواتریش کۆپتەر دەگاتە سەریان، پێشمەرگەکان دەبن بە دوو بەشەوە: دیاری چاوشین و دوو پێشمەرگەی تر ڕوودەکەنە نۆدێ، بەڵام کۆپتەر وازیان لێ ناهێنێت و دوای بەرگرییەکی قارەمانانە، کاتێک فیشەکیان پێ نامێنێ، دەستگیریان دەکەن، پێشمەرگەکەکانی ناو چایخانەکەش گەمارۆ دەدرێن و هەر زوو دەستگیر دەکرێن؛ واتە هەر هەشت پێشمەرگەکە بە زیندوویی دەکەونە دەستی جاشە تاوانبارەکان.

هێزەکەی ناو چنگیان ئاگای لەم بارودۆخە نییە، هیچ ئامێرێکی پەیوەندیکردنیش نییە، تا لە بەرەبەیاندا بەهۆی ئەو دەستڕێژەی کابرای جاشەوە پێشمەرگەکان خۆیان کۆ دەکەنەوە و لە تاریک و ڕووندا تەقە دەست پێ دەکات. دوژمن چنگیانی تەوق کردبوو، وەک پێشتر گوتم، پێشمەرگە بە شاخەکەی بەرانبەر چنگیاندا هەڵدەگەڕێن و بە تەقەکردن وردە وردە دوور دەکەونەوە و دەگەنە سەرشاخ. بە دیوی (گەڵێ) دا لەناو دارودەوەنی ئەوێدا خۆیان بۆ هێرش ئامادە دەکەن. کۆپتەر بەسەریانەوە دەبێت. چەند پێشمەرگەیەک دەمێننەوە بۆ بەرگریی لە کاک نەوشیروان و برادەرانی تر تا دوور دەکەونەوە. لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا پێشمەرگەیەک لە نزیک دێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەهید دەبێت و لە قەیماسەش هەشت پێشمەرگە بە دیلی دەگیرێن کە ئەمە زەبرێکی قورس بوو بەر پێشمەرگە کەوت، یەکەمجار بوو زیانی وا قورس لە پێشمەرگەکانی شارباژێڕ بکەوێت. پێشمەرگەکان ئەمانە بوون:

١- دیاری ئەحمەد کەلان،

٢- نامیق چەمەکی، فەرماندەی مەفرەزە،

٣- جەلال پێنجوێنی،

٤- نەسرەدین پێنجوێنی،

٥- ئازاد سالح، لای مستەفا چاوڕەش بوو،

٦- ئازاد، کە پۆلیسی تەجنید بوو؛ تازە هاتبووە دەرەوە،

٧-برایم، کە بە 'مام تەها' بانگیان دەکرد. خەڵکی سەرکاریز بوو،

٨-نەجۆ،

٩-ئەبوبەکر عەبدوڵڵاش تا فیشەکی پێ بوو لە ناو دێی چنگیان دژی دوژمن شەڕی کرد و دواتر لەناو چنگیان شەهید بوو.

شەش پێشمەرگەیان لە موسڵ لە سێدارە دران، بەڵام دیاری ئەحمەدی کەلان، لەبەرئەوەی تەمەنی منداڵ بوو، حوکم درا و دواتر بە لێبوردن ئازاد کرا. نەجۆ ئازاد کراو لای حیزبی شۆشیالیست بۆوە بە پێشمەرگە و دواتریش لە مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی سلێمانی و بەربووە گیانی کەسوکاری پێشمەرگە و پێشمەرگە. ئەم هێرشەی دوژمن بۆ ناوچەی شارباژێڕی تەخت بە چاوساغی و ڕێنمایی جاشە خۆفرۆشەکانی چوارتا بوو.

لەگەڵ ملازم ئەنوەردا لە دەوری موبڕە و مامەخەلان بووین کە هەواڵەکەمان بیست. سەرەتا قورس بوو بڕوا بکەین بەوەی ئەو ژمارە زۆرە پێشمەرگەیەمان بە دیلکراوی کەوتوونەتە دەستی دوژمن، بەڵام هەر زوو بەهۆی ڕێکخستنی چوارتاوە، وردەکاریی هێرش و پەلاماری دوژمن و ناوی جاشەکان و چۆنێتیی شەڕەکە گەیشتە دەستمان. هەواڵەکە زۆر نارەحەتی کردین؛ خەڵکیش زۆر بەداخ بوو بۆ لەدەستدانی پۆلێک پێشمەرگە بەو شێوەیە و لەو کات و ساتەدا. ئەوە سەرکەوتنێکی کاتی بوو بۆ دوژمن و زیانێکی گەورەش بوو بۆ پێشمەرگە، گەرچی ئەو تەقانە نەبووایە پێشمەرگەی ناودێ بێئاگا دەبوون لەوەی چی لە دەوروپشتیان دەگوزەرێت و بەیانی تووشی شەڕی قورس دەبوون و زیانەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەند هێندە زیاتر دەبوون. دواتریش کە چووینە گوندی چنگیان، زانیاریی زیاترمان لەسەر شەڕەکە دەست کەوت.

***

لە نیسانی ساڵی ١٩٧٨دا مەخفەری پۆلیسی چوارتا تەقییەوە و ژمارەیەکی زۆر پۆلیس کوژران. دیار بوو فەرمانگەی ئیشغال بڕێکی زۆر مادەی تی ئێن تی لەناو مەخفەرەکادا هەڵگرتبوو لە ترسی ئەوەی پێشمەرگە دەستی بەسەردا نەگرێت. بڕیار بوو تی ئێن تییەکە بۆ ڕاکێشانی جادەی سەربازی بەکار بهێنرێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پلانی گەمارۆ و لەناوبردن

دوای ئـەوەی شۆڕشـی ئەیلـوول بەهـۆی پیلانگێڕیـی نێودەوڵەتییـەوە شکسـتی خـوارد، دەوڵەتـی عێراق هەمـوو توانـا سیاسـی و سـەربازی و دارایـی و مرۆیـی و ئەمنییەکانـی خـۆی خسـتە گـەڕ تـا لێنەگەڕێت جارێکـی دیکە شۆڕشـی کوردسـتان سـەر هەڵبداتـەوە؛ بـۆ ئەمـەش پـلان و پیلانـی جۆراوجـۆری مەترسـیدار و دڕندانـەی بـۆ هەمـوو قۆناغەکانـی جووڵانـەوەی کـورد دانـا. بەشـی زۆری ئـەو پیلانانـەی بەهـۆی خیانـەت و خۆفرۆشـیی هەندێـک کـوردەوە ئەنجـام دا و تـا ڕادەیـەک بـە کاتـی سـەرکەوتوو بـوو لـە زیانگەیانـدن بـە سـەرکردە و فەرمانـدە و پێشـمەرگەی کوردسـتان و ڕەوتـی بەرەوپێشـچوونی جووڵانەوەکـە.

هەروەهـا جۆرەهـا هەوڵـی ناوچەیـی و هەرێمـی و هەواڵگریـی دا، زەبروزەنـگ و تۆقانـدن و کۆمەڵکـوژی گرتەبـەر، پارەیەکـی خەیاڵـی بـۆ بەهێزکردنـی سـوپا و دامـەزراوە ئەمنییـەکان و وێرانکردنـی کوردسـتان تەرخـان کـرد، بـۆ ئـەوەی بتوانـێ زۆرتریـن زیـان لـە کـورد و جووڵانەوەکـەی بـدات.

بێگومان هۆکار زۆرن کە دەرگای چوونەپاڵ دوژمن لە جووڵانەوەی کوردا هەمیشە کراوە بووە، کەسانێک هەن ڕەگێکی خیانەت و خۆفرۆشییان تێدا بێت، بەڵام هۆکاری تریش زۆر بوون بۆ چوونەناو ئەو زەلکاوە، لەوانە بە شێوەیەک لە شێوەکان یەکلاییکردنەوەی کێشە و ناکۆکیی نێوان دەستە و تاقم و لایەنە سیاسییەکان بە زەبری هێز و بوونی شەڕی براکوژی و، کە بۆ خۆی جۆرێک لە بیانووی نارەوای دەدا بەو کەسە بۆ نزیکبوونەوە لە دوژمن و دەستتێکەڵکردن لەگەڵی، یان شکاندنی کەسایەتیی کەسانی نیشتیمانپەروەر و فەرماندە و تێکۆشەران. پێشمەرگە لەبەرچاوی خەڵک سووکایەتی پێ دەکرا، ئەویش لەو دۆخی هەڵچوون بێزراوییەدا سەنگەری جێ دەهێشت و بڕیاری خۆ تەسلیمکردنەوە دەدا. هەندێ قایمتر بوون و بەهێمنی لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاری سیاسی و سەربازی دوور دەکەوتنەوە و سەری خۆیان هەڵدەگرت و ڕێی هەندەرانیان دەگرتە بەر.

لە ماوەیەی ئەو چەند ساڵە کەمەی بەسەر دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا تێ پەڕیبوون، زۆرم خۆبەدەستەوەدانی پێشمەرگە بە دوژمن بینیوە، هەندێک ناو کە هەستت نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوا لە شەو و ڕۆژێکدا ئەم تێکۆشەرە سەنگەری کوردایەتی و پێشمەرگایەتی جێ بهێڵێت و بچێتە سەنگەری دوژمنەوە. زۆریش هەبوون دیار بوو بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان بەناوی عەشرەتیانەوە دەچوونە پاڵ دوژمن و دواتر سەدان فەوجی خەفیفە دروووست کران و ژمارەی جاشە خۆفرۆشەکان سەدان هەزاریان تێپەڕاند.

لە دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش، بینیمان ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی کەسانی سەر بە ڕژێم و مەفرەزەکانی بوون بە جاش و درووستکردنی مەفرەزەی جاش زیاتر دەبوو. پێویستە ئەم دیاردەی بوون بە جاش و خۆفرۆشتنە بە دوژمن هەڵسەنگاندنی بابەتییانە و توێژینەوەی زانستیی لەسەر بکرێت.

حکومەتی عێراق دەوڵەمەند بوو؛ وڵاتەکەی نەوتییە و پارە و سامانی زۆری هەبوو بۆ بەهێزکردنی سوپاکەی و پەیداکردن و بەدەستهێنانی جۆرەها چەکی پێشکەوتووی هێرشبردن وەک فڕۆکە و کۆپتەری جەنگی و بارهەڵگڕ زیادکردنی ژمارەی سوپاکەی و بەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی و خەرجکردنی پارەیەکی خەیاڵی، کە دەتوانم بڵێم لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا بۆ هەر پێشمەرگەیەک هەزاران سەرباز و هەر دەستەیەکی سێ پێشمەرگەیی کۆپتەرێکی جەنگی و کۆپتەرێکی بارهەڵگری بەردەکەوت.

لە ڕاستیدا، بە بوونی ئەو هەموو توانا سەربازی و ئەو هەموو جاشەوە دوژمن هێشتا هەر نەیتوانی کوردستان بە شێوەیەک داگیر بکات کە جووڵە و هەناسە لە پێشمەرگە و جووڵانەوەی کورد بگرێت، بۆیە کەوتە پلانی لەناوبردنی کورد و سرووشتی کوردستان. بەرنامەی تواندنەوە و جینۆسایدی کوردی دانا ئەوەش بە ڕاگوێزانی دێهاتەکان و کوشتنی بەکۆمەڵ و ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی؛ لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیشدا سیاسەتی خاکی سووتاوی پەیڕەو کرد و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە کاری ڕۆژانەی سوپاکەی بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوژمن هەر ئەوەندەی زانیارییەکی دەست بکەوتایە، هێزێکی زۆری سوپا و زرێپۆش و کۆپتەری شەڕکەر و بارهەڵگری دەنارده سەر ناوچەکەمان و ناوچەکەیان دەکردە مەیدانی شەڕ. دەستیان لە هیچ نەدەپاراست بۆ ئەوەی ئەڵقەیەکی ئاگریین بە دەورماندا بکێشن و بمانخەنە داوی ئابلۆقەی خۆیانەوە، بەڵام بۆ تەنیا جارێکیش لە شارباژێڕ لەو چەند ساڵەدا نەیتوانی لە پیلان و پەلامارە سەربازییەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

تەنیا ئەوجارەی کە جاشەکانی چوارتا بۆ چاوساغیی هێزی دوژمن پەلاماری ناوچەکەیان دا و لە چنگیان و چایخانەی قەیماسە بەهۆی کەمتەرخەمییەوە پێشمەرگە ئەو زەبر و زیانەیانەی بەرکەوت. هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی دوژمن لە پەلامارەکانیدا، یەکەم: وەک پێشتر باسم کرد، دڵسۆزی و پاکیی خەڵکی ناوچەکە بوو کە جاش و خۆفرۆشی تێدا هەڵنەدەکەوت، دووەم: ئەو زانیارییانەی لەسەر دوژمن دەستمان دەکەوتن گرنگ بوون و کارمان پێ دەکردن. سێیەم: هەڵکەوتەی سرووشتیی ناوچەکە و جووڵەی زۆری مەفرەزەکان و بەکەمنەگرتنی دوژمن و شارەزایمان بۆ خۆی پشتیوان بوون تا پێشمەرگە بتوانێ پلانی گڵاوی دوژمن تێکبشکێنێت. چەندین جار هەوڵیان داوە و هێرشیان کردووە بەشکاوی گەڕاونەتەوە.

***

سەرکردەکانی سوپا و دەزگا ئەمنییەکان بەڵێنیان بە سەدام حسێن دابوو لە ماوەیەکی کورتدا کۆتایی بە پێشمەرگە و جووڵانەوەی چەکداریی دەهێنن. لەپاڵ پەلامار و هێرشی فراوان و بەردەوامی سوپادا بۆ سەر پێشمەرگە، خێزان و کەسوکار و خزمە نزیکەکانی پێشمەرگەیان دەستگیر دەکرد و لە زیندانەکانی باشووردا دەستبەسەریان دەکردن، تا وەک کارتێکی فشار بۆسەر پێشمەرگە بەکاریان بهێنن. ئامانج لەمە ئەوە بوو پێشمەرگە و فەرماندەکان تووشی دۆخی دەروونیی قورس ببن و دواجار ورە لەدەست بدەن و خۆیان تەسلیم بە دوژمن بکەنەوە تا دایک و باوک و خوشک و برا و خێزان و منداڵەکانیان ئازاد بکرێن.

دوژمن شار و شارۆچکە و ناوچەکانی پڕ کردبوو لە جەیش و جاسووس و ئەڵقەلەگوێکانی خۆی؛ هەر تێکۆشەر و پێشمەرگەیەک بکەوتایە دەستی، دوای ئازار و ئەشکەنجەی زۆر، لە سێدارەیان دەدا، تەنانەت چەندین جار ئەگەر وێنەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگەیەک لە ماڵی هاووڵاتییەکدا بدۆزرایەتەوە، ئەوە جەهەنەمیان بە زیندووی بۆ دادەخست و ماڵەکەشی دەڕووخێنرا.

لە ساڵانی دواتردا کە چالاکی و شەڕی پێشمەرگانەی ناوشار زیادی کرد، دوژمن پەنای بردەبەر کردەوەیەکی قێزەون: کە ئەندامێکی ڕێکخستن یان پێشمەرگەیەکی ناوشار دەستگیر دەکرا، بە بەرچاوی خەڵکی شارەوە و لە شوێنێکی گشتیدا گوللەبارانیان دەکرد، دایک و خوشک براکانیشی دەکوژران و گۆڕغەریب دەکران، خانووەکەیان دەڕووخێنرا و پارەی فیشەکی شەهیدەکەشیان لە خێزانەکەی وەردەگرتەوە. لەناو شاری سلێمانیدا لە کاتێکدا شێخ جەعفەر پارێزگاری سلێمانی بوو، گوللەبارانکردنی گەنجان لەسەر جادەکان زۆر زیادی کردبوو، بە بڕیاری ئەم تاوانبارە بەزۆریش کارمەندانی حکومەت دەهێنران تا لە نزیکەوە گەنجەکانی شار ببینن بەچاوبەستراوی گوللەباران دەکرێن و خۆی لە پێشی کارمەندانەوە چەپڵەی بۆ ئەو تاوانە قێزەون و دڕندایە لێدەدا. مەبەست لەمەش چاوترساندن و دوورکەوتنەوەی خەڵکی سلێمانی بوو لە دژایەتیکردنی بەعس.

دایک و باوکی پێشمەرگە بەتایبەت هانی کوڕەکانیان دەدا بەردەوام بن لە پێشمەرگایەتی و لەو ڕێگە پیرۆزە؛ شانازییان دەکرد کە کوڕیان پێشمەرگەیە، چەندین جار ئەو حاڵەتەم بینیوە کە دایک و باوک و خوشک و برای پێشمەرگەیەکی شەهید لەسەر جەنازەی کوڕەکەیان دڵخۆشیی ئێمەیان دەدایەوە و بە دڵێکی پڕ ورەوە دەیانگوت کوڕی ترمان دەنێرین و با بۆ کوردستان شەهید بن. ئێوەش هەر هەموو کوڕو منالی ئێمەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەند ڕووداو و بەسەرهاتێک

(١)

"سلێمانییەکان یەکتری ناکوژن."

لە هاوینی ساڵی ١٩٨١دا، شەڕ لەنێوان یەکێتی و حسک (حیزبی سۆسیالیستی کوردستان) بەردەوام بوو. کاک عوسمان لە دۆڵی جافایەتی لەگەڵ هێزەکەی حسک دەبێت. لەوێ دەشکێن ناوچەکە چۆڵ دەکەن. سەید کاکە بەرەو ناوچەی خۆی و کاک عوسمان بەرەو ناوچەی خۆی- شارباژێڕی تەخت- دەگەڕێنەوە. کاک عوسمان چوار پێشمەرگەی لەگەڵ دەبێت. یەکێکیان 'مام ئاراس' بوو، کە شارەزای تەواوی سنووری ناوچەکە و سرووشتی خەڵکەکەی بوو.

هێزەکەی ئێمە نزیکەی نەوەد پێشمەرگە دەبوو. کاک وەهاب و کاک سەلاحی موهەندیس چوون بۆ سەرکردایەتی و هێزەکەیان مانەوە. هەر دوو هێزەکە پێکەوە بووین. بۆ عەسر چووینە گوندی نۆدێ، کە دەکەوێتە ناوەندی هەردوو گوندی چنگیان و گوگەدەرەوە، لەگەڵ نزیکبوونەوەماندا لە دێیەکە، مەفرەزەیەک پێشمەرگەم ناردە مەخفەرێکی کۆن کە کەوتبووە بەرزاییی بەردەمی گوندەکە و شوێنێکی قایم بوو بۆ پارێزگاری لە نۆدێ. لەوێوە ئاگاداری هەموو جووڵەیەکی شارباژێڕ دەبووین.

دڵنیا بوو پێشتر کاک عوسمان خەڵکی ناردبوو تا بزانێت نۆدێ پێشمەرگەی لێیە یان نا، چوونکە فەرماندەیەکی وریا و بەئەزموون بوو، بەڵام ئێمە دوای ئەوە چووین و عەسر درەنگ بوو. پێشمەرگەکان بە جیهاز پێیان گوتین کە چەند چەکدارێک بەرەو لایان دەهاتن. گوتم، "خۆتان بێدەنگ بکەن تا نزیک دەبنەوە و دێنە ناوتان، کە تەواو نزیک بوونەوە، دەنگیان بدەن." دەرکەوت چەکدارەکان سەر بە (حسک)ن و کاک عوسمان و سێ پێشمەرگەن و تازە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەجالی دەربازبوونیان نییە. لە پێشمەرگەکانی ئێمە دەپرسن کە ناودێ کێی لێیە، ئەوانیش ناوی من دەهێنن.

دوو پێشمەرگە لە سەرەوە بۆ پاسەوانی دادەنێن تا دنیا تەواو تاریک دەبێت، ئینجا پێکەوە بەرەو ناودێ و لای ئێمە دێن. ئێمە هەموو پێشمەرگەکان لەبەردەمی مزگەوت کۆ ببووینەوە تا یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی گوند بێت و پێشمەرگەکان بۆ نانی ئێوارە دابمەزرێنن، هەر کات پێشمەرگە بە ڕۆژ لە ناودێ بمایەتەوە بۆ هەر سێ ژەمی نانخواردن دەچووە ماڵێک تا ئەو کاتیش بارەگامان دانەنابوو هەر دەبووینە زەخت و نارەحەتی زۆر بۆ گوندنشینەکان. شاربازێڕ- بە تەخت و سەختەوە- بەتایبەتی لەو ڕووەوە بەردەوام ماڵ و دێهاتەکانیان پڕ بوون لە میوان/پێشمەرگەی ناوەخت و لەگەڵ ئەوەشدا، وەک پێشتریش گوتوومە، ڕووگرژییەکەم لە ماڵێکیان نەدیوە.

کاک عوسمان، هەر کە نزیک بۆوە، باوەشی پێدا کردم و سوێندی خوارد گوتی، "زانیوومە لێرەیت و بۆ لای تۆ هاتووم." زۆر ڕێزم لێ گرت و قسەوباسی خۆشمان کرد. بەهۆی گرژیی نێوان یەکێتی و حسکەوە دەمێک بوو یەکترمان نەدیبوو. کاک عوسمان زۆرتر خۆی دوورەوپەرێز ڕادەگرت لە یەکێتی. کە وەختی ئەوە هات بچین بۆ ماڵێک، گوتم، "گەر پێت خۆشە، پێکەوە دەبین." گوتی، "نەوەڵا، دەچمە ماڵی حاجی محەمەد." حاجی محەمەد دۆست خۆشەویستی هەمووان بوو؛ ماڵیان دەکەوتە ئەوپەڕی دێوە بە ڕووی ڕۆژهەڵاتدا. خاوەن دیوەخان بوو؛ خۆی ماڵ و منداڵیشی لە خزمەتی پێشمەرگەدا بوون.

کاک حەمەی تەیب، کە فەرماندەی ئەو هێزەی کاک سەلاحی موهەندیس بوو، ئەوەندەی بیرم مابێت فەرماندەکانی تریش کە پێکەوە بووین ئەمانە بوون: کاک حاجی ئاراس، کاکەبرا بەرزنجی، کاک حەمە عەلی بەرزنجی، کاک ئازاد وەندەرێنەیی، کاک جەمال چاوشین و هتد. لەناو مزگەوتەکەی نۆدێ کۆبوونەوەیەکی بەپەلەمان کرد. گوتیان دەبێت چەکیان بکەین. گوتم، "باشە، دوای نانخواردن دەچینە لایان و ماوەیەک دادەنیشین، دواتر کە ویستمان بڕۆین، هەر کە گوتم، 'یا ئەڵڵا،' پەلاماریان بدەن و چەکیان دەکەین." من لای خۆمەوە دەمویست ئەو فەرماندانە ڕابگرم هەندێ خاویان بکەمەوە، هەرگیز خۆم بڕوام بە گرتن و کوشتن بەو شێوەیە لە پاڵ دۆستایەتی و هاوڕێیەتیدا نەبووە و نابێت چوونکە ئاستێکی نزمی بەرپرسیارێتییە و ڕەوشتی پێشمەرگە ئەوە قبووڵ ناکات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەرچی حسک دەستی لە هیچ پێشمەرگەیەکی ئێمە نەدەپاراست و لە هەر شوێنێک دەرفەتیان هەبووایە، زیانی گیانییان لە پێشمەرگە و کادری ئێمە دەدا. ئەوان لە ماڵی کاک حاجی محەمەدی نۆدێ مانەوە و نەڕۆیشتن، چوونکە دەیانزانی دەوری دێ کەمینی زۆری لێیە و مەجالی دەرچوونیان نییە. دەیانزانی هەر هەوڵێکی وایان بدایە، خۆیان تووشی تالووکە دەکرد، لەلایەکیشەوە هۆکاری مانەوەیەکان ئەوە بوو کاک عوسمان دڵنیا بوو من زیانی پێ ناگەیێنم.

لەگەڵ کاک حەمەی تەیب و ژمارەیەک لەو فەرماندانە دوای نانخواردن و نوێژی خەوتنان چووین بۆ لایان و لە دیوەخانەکەی کاک حاجی محەمەد لایان دانیشتین. کە بەو قەرەباڵغییە چووین، هەر زوو بێمتمانەییەکی زۆرم لە ڕووخساری کاک عوسمان و پێشمەرگەکانی و خاوەن ماڵ و مناڵەکانیدا بەدی کرد. ترسی زۆر بە ڕووی هەموویانەوە دەبینرا و نەیاندەزانی پاش چەند دەقەی تر چی ڕوو دەدات، ئایا لە دیوەخانی ماڵی جووتیارێک پێشمەرگە دەست دەخەنە خوێنی یەکتر و کارەساتێک دەقەومێت یان نا!

لەو کاتەدا کە ئەوانەی بەرانبەر بە من ئەو خەیاڵە ترسناکە بە بیریاندا گوزەری دەکرد من لە جێگە و خەیاڵی تردا بووم و بیرم دەکردەوە چۆن تەنها کەسێک هەر خۆی بە بڕیارێکی نابەرپرسانە بڕیاری قەسابخانەی براکان دەدات و خۆیشی وەک پاڵەوان دەناسێنێ! من شەرم و شوورەییم لە بڕیارێکی لەو جۆرە دەکرد و نەفرەتم لە هەموو ئەوانە دەکرد کە کاری لەو جۆرە بەرانبەر مرۆڤەکان دەکەن، چ جای برا و هاوسەنگەری خۆیان! ماوەیەک لایانماینەوە و بۆ ئەوەی دۆخی دەروونیی هەمووان و خاوەن ماڵیش ئارام بکەینەوە، زۆر قسەی خۆش و نوکتە و بەسەرهاتمان گێڕایەوە. ئیتر کاتی ئەوە بوو دڵنیایان بکەمەوە کە هیچ ڕوونادات و ئەوان هاوڕێ و برای ئێمەن و دەیانپارێزین.

بێ هیچ پێشەکی و مجامەلەیەک گوتم، "کاک عوسمان ئەوە نهێنیی شەومانە[1] و هەر کات ویستتان بە شەو بڕۆن، بە ویستی خۆتان دەتوانن وەک پێشمەرگەی خۆمان سەربەست بڕۆن." خواحافیزیمان کرد و ڕۆیشتینەوە بەرەو مزگەوت.

---

١ فەرماندەی مەفرەزەکانی پێشمەرگە، بەتایبەت لە شەودا، بۆ ناسینەوەی یەکتری پێشوەختە 'نهێنیی شەو'یان بە پێشمەرگەکان دەدا، کە وشەیەکی دیاریکراو بوو؛ هەموو پێشمەرگەکانی ئەو دەستە و مەفرەزەیە ئەو وشە نهێنییەیان لا بوو، تا ئەگەر حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراو یان نەخوازراو هاتە پێش، بەئاسانی و هەر لەدوورەوە بەم نهێنییە یەکتری بناسنەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جەماعەت هەر چاوەڕی ببوون بڵێم 'یا ئەڵڵا،' بەڵام من ئەوەم نەگوت و لەجیاتی ئەوە نهێنیی شەوم پێ دان.

چووینەوە مزگەوت. جەماعەت کردیان بە بۆڵە و ڕەخنەگرتن و گوتیان نەدەبوو وا بکەم. خەریک بوو زیاتری لەسەر بڕۆن، منیش گوتم، "من بەرپرسم و بەرپرسیارم و بڕیار دەدەم. بڕیاریشم داوە، ئێستاش هەر هاوڕێ و هەڤاڵێک بڕیاری منی بەدڵ نییە، پێویست ناکا زیاتر لەسەر ئەو بابەتە قسە بکا، تەنیا دەتوانێ بچێتە سەرکردایەتی و سکاڵام لەسەر تۆمار بکا." بێ دەنگەیان لێکردوو دواتر هەر واشیان کرد.

کاک عوسمان و پێشمەرگەکانی لەگەڵ بانگی بەیانیدا ڕۆیشتن و ئێمەش هەر بەیانیی زوو نانمان خوارد بە پشتی نۆدێدا چووینە بزەینیان. دڵنیا بووم حاجی محەمەدی نۆدێ خۆی منداڵاکانی خێر و نزای زۆریان کردبوو تا ماڵ و دیوەخانیان لە بەڵا و خوێنڕشتن بەدوور بێت و کارەساتێک لە دیوەخانەکەیاندا نەقەومێت. ئەوان ڕۆژانە لەو دیوەخانەدا میوانداریی پێشمەرگەیان دەکرد و خزمەتیان دەکردن. چۆن دەبوو ئەو شەوە دەست بخەینە خوێنی یەکتر و دیوەخان و دڵی کاک حاجی بۆ هەتاهەتایە وێران و پڕ ئازار بکەین.

دوای شەش مانگ زیاتر ڕێم کەوتەوە سەرکردایەتی. زۆربەی کات هەر لای کاک نەوشیروان و لە بارەگاکەی ئەو دەمامەوە. جەماعەت هەر زوو سکاڵاکەیان گەیاندبووە دەستی. لەوێ لەبەردەم ئەو هاوڕێیەدا، کە دڵنیا بووم ئەو بووە سکاڵاکەی خۆی و ئەو چەند برادەرەی گەیاندبوو، کاک نەوشیروان دۆستانە پرسیاری لەسەر ڕووداوەکەی نێوان ئێمە و کاک عوسمان لێ کردم؛ منیش ڕاستیی بابەتەکەم، وەک ئەوەی لێرەدا باسم کرد، بۆ کاک نەوشیروان باس کرد. کە تەواو بوو، ئەو بەلەسەرخۆییەوە گوتی، "دڵنیام سلێمانییەکان یەکتری ناکوژن."

(٢)

ڕووداوێکی پڕئازار

بەختیاری ئامۆزای ڕەئوف بەگ، کادرێکی لێهاتووی بزووتنەوەی سۆسیالیست بوو، تێکۆشەرێکی هێمن و ڕووخۆش، جوامێر و خۆڕاگر بوو، لە سەرەتای شۆڕشەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ببوو به پێشمەرگە و کادری چالاکی ناوچەی شلێر و شارباژێڕ، چەمی گۆگە سوور کە لە ناڵپارێز و بە بەردەمی پاڕەزان بەرەو خوار دەڕۆیی، لە سەر چەمەکە و نزیک گوندی مکڵ پردێکی دارین درووست کرابوو بۆ پەڕینەوەی سەڵتە زەلام. کە بەسەریدا دەپەڕیتەوە، پردە دارینەکە دەلەرییەوە، یەکێک شارەزا نەبووایە لە پەڕینەوە بەسەریدا ترسی لێ دەنیشت. هەر وەک پەیژە لەو شوێنەی چەمەکە ئەمبەرەوبەری نزیک بوو بەسەر پلەکانیدا دەبوو بەوریایی بڕۆیت.

ئەو پردە هەر بە ناو پرد بوو؛ بۆ هەندێ کات باش بوو؛ فریامان دەکەوت بەڵام دەبوو بەوریایی بەسەریدا بپەڕینەوە، خۆ قەراخ و شتی وای نەبوو تا لە ڕۆیشتندا دەستی پێوە بگرین. دەبوو هاوسەنگیی خۆت بپارێزی.

بەختیار سەعید والی- برای کاک ئەنوەر- کە فەرماندەیەکی ئازای دیاری ناو هێزی پێشمەرگە بوو؛ ئامۆزای ملازم تایەری عەلی والی بەگ و ڕەئوف بەگ ڕۆستم بەگ بوو. لەکاتێکدا هێزەکەی ملازم تایەر لە چەمی پاڕەزان-گوێزە ڕەش، کە ناوی 'گۆگە سوورە' دەپەڕنەوە و بەرەو پاڕەزان دەڕۆن، بەختیار لەگەڵ ئەو هێزەدا دەبێت. بەختیار خۆی چەندین جار بەسەر ئەو پردەدا پەڕیوەتەوە، بەڵام ئەم جارە دەکەوێتە خوارەوە بۆناو ئاوی چەمەکە و ئاوی چەمەکەش زۆر زیادی کردووە، هەر لە نزیکی پردەکە لە دارودەوەنی ژێر پردەکە دەئاڵێ و خۆی بۆ ڕزگار ناکرێ.

چەندین کەسی مەلەوانی ئەو گوندانە بەدوایدا دەگەڕێن و بۆیان نادۆزرێتەوە. چەمەکە هەستا بوو؛ زۆریش سارد بوو. بۆ ڕۆژی دوایی، دوای ماندووبوونێکی زۆری ئەو مەولەوانانە، لە نزیکی پردەکە جەنازەکەی بەختیار دەدۆزنەوە و دواتر لە گوندی قولە گیسکان بەخاکی دەسپێرن. زۆرێکمان لەگەڵ کاک نەوشیروان بەشداری بەخاکسپاردن و پرسەکەیمان کرد، کە لە ماڵی کاک شێخ عەبدوڵڵای باوکی حەمە زیاد بوو. ئەو ماڵە لەو قۆناغە هەرە سەختەدا بنکەیەکی پێشمەرگە بوو؛ بەوپەڕی دەستودڵکراوەییەوە خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد.

بەختیار کادرێکی بەئەزموونی کوردایەتی بوو؛ تێکۆشەرێکی پشوودرێژی هێمن و لەسەرخۆ و سەنگین بوو؛ لەناو خەڵکی دێهاتەکاندا خۆشەویست و جێی متمانە بوو، لەدەستدانی لە ڕووداوێکی وادا بۆ هەمووان بەئازار بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

(٣)

عەبەی مەلا

عەبدوڵڵای مەلا، کە بە 'عەبەی مەلا' ناسراوە، هونەرمەندێکی دەنگخۆش بوو؛ دەنگی هێندە دڵنشین بوو بەئاسانی نەتدەتوانی لە دەنگی حەسەن زیرەکی جیا بکەیتەوە؛ هەموو گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکیشی لەبەر بوو. عەبەی مەلا توانایەکی زۆریشی هەبوو لە دارشتنی شیعردا بۆ گۆرانییەکانی. لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە بووە و دواتر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشەوە ببوو بە پێشمەرگە. پێشمەرگەیەکی ئازا و گورجوگۆڵی چاونەترس و فیداکار بوو؛ ماوەیەک لای ملازم تایەر و دواتریش چووە لای ئەنوەری ئامۆزای ملازم تایەر. هەر کاتێک داوای گوتنی گۆرانییەکی لەلایەن هاوڕێکانییەوە لێ بکرایە و شوێنەکە گونجاو بووایە، گۆرانی بۆ دەگوتین. هەرگیز دڵی کەسی نەدەشکاند، لە ڕێڕۆیشتن و پشووداندا، گۆرانیی بۆ پێشمەرگەکان دەگوت؛ چەندین جار لەناو مزگەوت لە دوای نوێژی خەوتنان و لە خۆحەشاردان لەدەرەوەی دێهاتەکاندا داوای گۆرانیمان لێ کردووە، ئەو چەندیش ماندوو بووایە، دڵی هاوڕێ پێشمەرگەکانی نەدەشکاند.

عەبدوڵڵا بەهرەیەکی هونەریی بێسنووری لە گۆرانیگوتن و دانانی ئاوازدا هەبوو، شیعری بۆ گۆرانی دادەنا و هەر خۆشی بە دەنگە زوڵاڵە کەموێنەکەی دەیچڕی، بێ وەستان بەستەی بە باڵای پێشمەرگە و قارەمانێتیی پێشمەرگەدا هەڵدەدا، نوکتە و قسەخۆشەکانی فەریقە کوێری وەک خۆی دەگوتەوە. عەبدوڵڵا جارێکی تر ڕووحێکی زیندووی پڕجۆش و خۆشیی دەکردەوە بە بەری قسەکاندا. هەر حەزت دەکرد گوێی لێ بگریت، هەر کۆڕ و مەجلیسێک ئەوی لێ بووایە، نەدەزانرا کات چۆن تێدەپەڕێت. هەمووانی دەخستە دنیایەکی تری جیاوازتر لەدنیای دڕندەییی بەعس و دنیای پێشمەرگایەتی و شەڕ و کوشتار.

بەخت یاوەرمان بوو لەناو ئەو دۆخ و دۆزەخەی بەعس بۆ کوردی درووست کردبوو ئێمە دەیان جار لە نزیکەوە گوێمان لە دەنگە بەرز و بەسۆزەکەی عەبەی مەلا بووە. دەنگێکی وا ڕەسەن و زوڵاڵ کە گوێم لێ دەبوو دژ بە دەوڵەتی داگیرکەر لە شاخ و لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا شیعری خۆی دەکردە گۆرانی و دنیایەکی پڕجۆش و خۆشی بۆ ئێمە و خەڵک درووست کردبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عەبدوڵڵا زۆر حەزی لە ئاڵوگۆڕکردنی جلوبەرگ و کەلوپەلەکانی بوو وەک پشتێن و سەعات و مەخزەنی تفەنگ و تاقمەکەی. زۆرجار لەگەڵ پێشمەرگەکاندا پشتێن و سەعات و قەڵەم و ڕادیۆی ئاڵوگۆڕ دەکرد، زیاتر مەبەستی گەرمکردنی پەیوەندیی هاوڕێیانەی هاوڕێکانی بوو؛ زۆربەی جاریش ئەم ئاڵوگۆڕە لە زەرەری خۆی بوو بەڵام بۆ دڵخۆشیی هاوڕێکانی هەموو قوربانییەکی دەدا، حەزی نەدەکرد کاک ئەنوەری بەرپرسی ئەو بابەتە بزانێت نەک پێی ناخۆش بێت.

ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندە (عەبدوڵڵا محەمەد قازی)یە. لە شاری پێنجوێن لەدایک بووە و هەر لە منداڵییەوە بووە بە پێشمەرگە. یەکێک لە هەرە دیارترین گۆرانییەکانی (شایە دەگەڕێ)یە، کە لەگەڵ (تیپی مۆسیقای سلێمانی)دا تۆماری کردووە. گۆرانی تۆمارکراوی زۆرە، بەزۆریی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکی دەگوتەوە، بەجۆرێک شارەزای بوو، ئەگەر خۆت ڕووبەڕوو چاوت لەسەری نەبووایە، وات دەزانی دەنگی حەسەن زیرەکە.

عەبدوڵڵای مەلا لەگەڵ ئەو هێزەی یەکێتی بوو کە بەرەو بادینان دەچوون و لە سێ سنوور و ناوچەی برادۆست کۆپتەرە جەنگییەکانی سوپای داگیرکەری بەعس پەلاماری هێزەکە دەدەن و عەبدوڵڵاش بەوپەڕی ئازایەتی و قارەمانێتییەوە بە چەکی کلاشینکۆف ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. دواجار گوللەی دۆشکەی کۆپتەرە جەنگییەکانی دوژمن دەیپێکێ و لە ڕۆژی ١٢ی مایسی ساڵی ١٩٧٨دا شەهید دەبێت. دواتر جەنازەکەی دێننەوە بۆ سلێمانی و لە گردی سەیوان بەخاکی دەسپێرن.

هەر لەو پەلامارەی دووژمندا، ئەنوەری سەعید والی بە سەختی بریندار دەبێت، دواتر خەڵکی ناوچەکە دەیپارێزن، لە مردن ڕزگاری دەکەن و دوای چارەسەری پێویست دەگەڕێتەوە ناو هێزی پێشمەرگە.

(٤)

قارەمانێتیی دوو چاوشینەکە و شێخ تالیب

پلانی سەربازیی سوپای دوژمن لەو قۆناغەدا ئەوە بوو زۆرترین زیان بە پێشمەرگە بگەیەنێت، پەلاماری کتوپڕ بدات، گەمارۆی دێهاتەکان بدات و کەمین لەسەر ڕێگە سەرەکییەکانی ئەو ناوچانەی زۆرترین چالاکی و جموجۆڵی پێشمەرگەی تێدا بوو دابنێت. پێشمەرگە ئەزموونی زۆری لەم ڕووەوە پەیدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کربوو، بۆیە هەموو جووڵەیەکی بەوپەڕی وریاییەوە دەکرد تا دوژمن نەتوانێت هەنگاوە ترسناکەکەی بەرانبەر پێشمەرگە جێبەجێ بکات.

هێزەکەمان نزیکەی سێ پێشمەرگە دەبوو. لەگەڵ کاک بەکری حاجی سەفەر و برادەراندا لە گوندی پارەزان بووین؛ زانیاریمان بۆ هات کە دوژمن نیازی پەلاماردانی دێهاتەکانی سنوورەکەی هەیە؛ بەدیاریکراوی پارەزان و گوێزەڕەش و چنارەو دۆڵ پەموو. ئێمە هەر شەو زوو لە پارەزانەوە چووینە شاخی قچی، کە دەکەوێتە پشتی دێیەکەوە. شاخێکی سەختە و پڕ ڕەز و دارستانە؛ گەر دوژمن پەلاماری بدایانە، لەو شاخە دەمانتوانی شەڕیان لەگەڵ بکەین و زیانی زۆریشیان لێ بدەین. دیاربوو هەر شەو هێزەکەی دوژمن لە چوارتاوە هاتبوون و دەوری چەند دێیەکیان دابوو، لەوانە گوێزەڕەش و دۆڵپەموو و بەشێکی سنوورەکەش. گوێزە ڕەش هەر دە دەقەیەک لە گوندی پارەزانەوە دوورە. هێزەکەی دوژمن نەهاتە پارەزان و گەمارۆی مەحکەمی گوندی گوێزەڕەشی دا تا کەس نەتوانێت لێی بچێتە دەرەوەی.

سەلاح چاوشین و حاجی چاوشین شێخ تالیب پێکەوە لە پارەزان لەگەڵ هێزەکەی بەکری حاجی سەفەر بووین. ئەوان گوتیان دەچن بۆ گوێزەڕەش و دواتر دێنەوە بۆ لاتان. دەمەوبەیان کە هێشتا ڕۆژ بەتەواوی هەڵنەهاتووە بەرەو گوندی گوێزەڕەش دەڕۆن و لەنێوان هەردوو گوندەکەدا دەکەونە ناو کەمینی گەورەی جەیشەوە. عەسکەرەکان دەزانن ئەمانە چەکدارن بۆیە چەکیان لێ ڕادەکێشن و هاواریان لێ دەکەن خۆیان بە دەستەوە بدەن، هەرسێکیان لە سوپای دوژمن دێنە دەست و تەقەیان لێ دەکەن و هەوڵ دەدەن بە دەم تەقەکردنەوە خۆیان لەو کەمینە دەرباز بکەن. سەلاح چاوشین و حاجی چاوشین ڕووەو باخەکانی ناو گوێزەڕەش دەچن و شێخ تالیبیش بەرەو ئاراستەی شاخ بۆ لای ئێمە دێت. دەیان سەرباز بەتەقەوە دوایان دەکەون و هەزاران فیشەکیان ئاراستە دەکەن، هەردوو چاوشین بەدەم ڕۆیشتنەوە تەقە لە جەیشەکە دەکەن تا بیانوەستێنن.

حاجی چاوشین شارەزای بست بە بستی ناوچەکەیە، بۆیە داوا لە سەلاح چاوشین دەکات خۆیان بکەن بە کارێزێکدا کە باشترین بژاردەیە بۆ خۆونکردن لە چاوی دوژمن. سەلاح بەوە ڕازی نابێت- ئەگەر ئەمەیان بکردایە، لەو دۆخە ئاڵۆزە ڕزگاریان دەبوو. حاجی زۆر تکای لێ دەکات لەگەڵیدا بچێت و پێی دەڵێت کە چاریان نییە، بۆیە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێی دەڵێت ئەگەر ئەویش نەیەت، ئەو خۆی دەچێتە کارێزەکەوە. لەبەردەم ئاگری زۆری چەکەکانی دوژمن و بەدەم شەڕ و مقاوەمەتەوە ئەم گفتوگۆ خێرایە دەکەن. حاجی خۆی دەکات بەو کارێزەی بەردەمی ماڵەکانی گوێزەڕەشدا و خۆی لەو جەیشە زۆرەی بەدوایانەوەیە دەرباز دەکات.

ئیتر هەموو ئەو جەیشە زۆرەی دوژمن دەئاڵێنە سەلاح چاوشین، ئەویش بەدەم ڕاکردن و ئاوڕدانەوە و وەستانی کەمەوە بۆ خۆپاراستن و نیشانەگرتنەوە لە دوژمن و زیان پێگەیاندیان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. دوژمن دەیان چەکی جۆراوجۆر لەیەک کاتدا بۆ تەنیا پێشمەرگەیەکی فیداکاری کوردستان دەخاتە کار و هەزاران فیشەکی ئاراستە دەکا، کاک سەلاحیش بەو هەموو ئەزموون و وریایی و ئازایەتییەی خۆیەوە بەرەنگاریان دەبێتەوە. بۆ ئەوەی دوژمن زیاتر لێی نزیک نەبێتەوە، کەوکوژیی نیشان لە نزیکترین جوندییان دەگرێتەوە تا لەوە زیاتر لێی نزیک نەبنەوە. دوژمن سەرەتا دەیویست کاک سەلاح بە زیندوویی بگرێت. چەند جارێک سەربازانی دوژمن هێندە لێی نزیک دەبنەوە داوای چەکدانانی لێ دەکەن، بەڵام کاک سەلاح بە فیشەک و کوشتن و بریندارکردنی چەندین سەربازی دوژمن وەڵام دەداتەوە و بە ئازایەتی و قارەمانێتیی کەموێنەی خۆی بەتەنیا دوژمن دەشکێنێت. دوژمن ئەوەی ویستی بۆی نەکرا و کاک سەلاحیش وەک فەرماندەیەکی نەبەز و ئازای نموونەیی بەئەزموون و سەرکەوتوو توانیی مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ خۆی و پێشمەرگە تۆمار بکات.

لەنزیکەوە هەموو ئەو ئەفسەر و سەربازانەی دوژمن ئەم وێنە سینەماییەیان بینیوە و زانیویانە تەنیا یەک پێشمەرگەی خاوەن بیروباوەڕ دەتوانێت زۆرترین هێزی پڕچەکی داگیرکەر بشکێنێت. دواتر کۆپتەرە جەنگییەکانی دوژمن هاتن و کەوتنە تەقەکردنی هەرەمەکییانە لە ناوچەکە و زیانی ماڵیی زۆریان لە جوتیارەکانی ناوچەکە دا؛ هاووڵاتییەکی هەژاری گوندی پارەزانیان شەهید کرد بەڵام جەیشەکە بە شکاوی و کوژراو و بریندارەوە پاشەکشەی کرد و ناوچەکەی چۆڵ کرد.

ئێمە زۆر دڵمان لای ئەو دوو هاوڕێیەمان بوو کە دوژمن زەفەری پێ بردبن و شەهیدی کردبن، شێخ تالیب بەیانی هەر زوو لە پشتی پارەزانەوە گەیشتەوە لای ئێمە و ڕووداوەکەی بۆ گێڕاینەوە. گوتی کە لە پارەزانەوە چوون بۆ گوێزەڕەش، لەسەر ئەو باسکەوەی بەرەوە گوێزە ڕەش دەڕوات، عەسکەر بەعەرەبی داوای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆ بەدەستەوەدانیان لێ کردوون، ئەوانیش بە دەم تەقەکردنەوە لێیان بەرەو گوێزەڕەش ڕۆیشتوون و شێخ تالیبیش بەدیوی پاڕەزاندا ڕۆیشتووە.

مەبەستمان بوو هەرچی زووە هەواڵێکی کاک سەلاح چاوشین و کاک حاجی چاوشین بزانین. هەر کە زانیمان جەیشەکە پاشەکشەی کردووە، دەمەو ئێوارە هاتینەوە ناودێ و لە ناودێ حاجی چاوشینمان بینی و دڵمان خۆش بوو کە چاومان پێی کەوتەوە. ئەویش ڕووداوەکەی بۆ گێڕاینەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بە سەلاحیشی گوتووە لەگەڵیدا بچێتە ناو کارێزەکەوە بەلام ئەو نەهاتووە.

کاک سەلاح لە (گەڕەکی چوارباخ)ی سلێمانی لەناو خێزانێکی نیشتیمانپەروەری ناسراوی شار لە دایک بووە. هەر زوو پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات و لە شۆڕشی ئەیلوولدا دەبێتە پێشمەرگە و وەک فەرماندەیەکی ئازا و لێوەشاوەی بەتوانا لە شەڕەکاندا دەردەکەوێت، دواتر پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەوە. لە سەرەتای دروستبوونەوەی شۆڕشەوە یەکێک دەبێت لەو پێشمەرگە و فەرماندە سەرەتاییانەی ڕۆڵیان دەبێت لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشدا. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەرپرسیارێتیی باڵای پێشمەرگایەتیی هەبووە، لە ڕۆیشتن و گواستنەوەی بۆ ناوچەی تر جێپەنجەی لە چالاکیی پێشمەرگانە و ئازایەتیدا دیار بووە و سەرکەوتوو بووە. سەرکردەیەکی سەربازیی بەتوانا و ئازا و فیداکار و بەئەزموون بوو؛ قسەی خۆش و سەرگوزەشتەی دنیای لابوو، هەرگیز بۆقسە دانەدەما. نیشتیمانپەروەرێکی پاک و بێگەرد بوو. لە ساڵی ١٩٨٠دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تریش پێکەوە لە باشووری لوبنان لای بەرەی دیموکراتی ڕزگاریخوازی فەلەستین بەشداریی خولێکی سەربازیمان کرد.

لە دۆڵی مالیمۆس و ناوزەنگ، کاک سەلاح سەرپەرشتیی ئەو پێشمەرگانەی دەکرد کە لەو فێرگەیەدا لە ڕووی هونەری و سەربازییەوە ئامادە دەکران و دواتر ڕەوانەی کەرت و مەفرەزەکانی ناوچەکانی خۆیان دەکرانەوە. چەندین پلەی فەرماندەیی باڵای پێشمەگانەی بەتوانای خۆی بەدەست هێناوە وەک فەرماندەی هەرێمی دوو، فەرماندەی تیپی ٣١ی بەرزنجە؛ سەرپەرشتی جەبهەیەکی فراوانیشی لە شەڕی قەیوان-ماوەتدا کردووە. ژیانی کاک سەلاح چاوشینی جوامێر و فیداکار دەوڵەمەندە بە خەبات و دلێری و گیانبەخشین لە پێناوی گەل و نیشتیمانەکەیدا. ئەوە پیاوە مەردە دەیان و سەدان جار لە لێواری مەرگ گەڕاوەتەوە و پشوودرێژانە و نەترسانە درێژەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە تۆمارکردنی سەروەرییەکانی لە جووڵانەوەی کوردا داوە. دواجار ساڵی ٢٠١٩ بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی شار ڕووحی نەمری چووە پاڵ ڕووحی نەمرانی کوردستان.

(٥)

پشەکە خواردی

جارێکیان لە ناوچەی شلێر چووینە گوندی ئەحمەد ئاوا. پێش ئێمە سوپا پەلاماری گوندەکەی دابوو، بەڵام هیچیان دەست نەکەوتبوو. ئەفسەرێکی دوژمن پیاوێکی فەقیری بەگیر هێنابوو، پیاوەکە ناوی 'مام مەتڵەب' بوو؛ ئەقڵی تەواو نەبوو. لە کاتی پەلامارەکەدا مام مەتڵەب لە دەرەوەی گوند دەبێت، ئەفسەرەکە دەیبینێت و دوو سەرباز دەنێرێت پەلی بگرن و بیهێنن. خۆ ئەفسەرەکانی ڕژێم زۆربەیان هەستی مرۆڤدۆستی لە دەمارەکانیاندا نەبوو. ئەفسەر پرسیاری پێشمەرگە لە مام مەتڵەب دەکات، مام مەتڵەبیش لە دنیای خۆیدایەتی. نە عەرەبی دەزانێت، نە تێ دەگات چی دەڵێن- بەو دۆخەشەوە زۆر ترسابوو، ناحەقیشی نەبوو، خۆ داروبەرد و هەرچی ڕووحلەبەر بوو لە دڕندەیی بەعس و جەیشەکەی دەترسان، ئەوانیش بە تایبەت بۆ گیانی خەڵکی هەژار و بێدەسەڵات ئازا بوون. سەربازێکی کوردی ناو سوپا بانگ دەکەن و دەیکەن بە وەرگێڕ. لە مام مەتڵەب دەپرسن، "ئەم ناوە پێشمەرگەی لێیە؟" ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت، "بەڵێ."

- دەی پیشانمان بدە لەکوێن.
- باشە، دوام کەون.

مام مەتڵەب لەگەڵ خۆی دەیانبات و ماوەیەکی باش ئەملاولایان پێ دەکات بەو شاخ و دۆڵەدا دەیانگێڕێت. ئەفسەر و جوندییەکان هەموویان هیلاک دەبن، ئەفسەرەکە تووڕە دەبێت و بە وەرگێڕەکە دەڵێت، "بەم سەگبابە بڵێ، پێشمەرگەکان لە کوێن و تەواو!" ئەویش پرسیار لە مام مەتڵەب دەکات و دەڵێت، "جەنابی ئەفسەر زۆر تووڕە بووە." مام مەتڵەبیش زۆر بەسادەیی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت، "وەڵا پشەکە خواردی!"

- چی پشەکە خواردی؟
- پشەکە خواردی و تەواو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەفسـەر و سـەربازەکان دەزانـن کـەم ئـەم کەسـە ئـاگای لـە دنیـا نییـە، بـەڵام بـێ ئـەوەی گـوێ بدەنـە ئـەوەی ئەقڵـی تـەواو نییـە و بەتەمەنیشـە، ئەوەنـدەی لـێ دەدەن هەمـوو گیانـی تێک دەشـکێنن و بە نیوەمردوویی جێی دەهێڵن. مـام مەتڵـەب ماوەیەکـی زۆر لەجێگـەدا دەکەوێت. ئێمـە دەیـان جـار مـام مەتڵەبمـان لـە سـنووری شـارباژێڕ بینیینـەوە؛ قسـەی خۆشـی بـۆ پێشـمەرگە دەکرد و بێدەنگ و بێزیـان بـوو.

(٦)

حەرەس و گوندی حاجی مامەند

شـەوێکی سـاردی زسـتان بـوو؛ بەشـێکی زۆری هێزەکەمـان لەگـەڵ کاک نەوشـیروان و دکتـۆر خالید و شـێخ حسـێن چووینـە گونـدی حاجـی مامەنـد. دوای نانخـواردن، بـۆ خەوتـن و ئیسـراحەت، زۆربـەی پێشـمەرگەکان چووینـە مزگەوتەکـەی نـاودێ، ئـەو گونـدە زیاتـر لـە هەشـتا مـاڵ دەبـوو، لەنێـوان دۆڵێکـی درێژکۆلـەدا بـوو، کـە هـەردوو بـەری شـاخی سـەخت و دارسـتان بـوون. خـوارووی ڕۆژهەڵاتـی شـاخی سـەختی کورەکاژاوە و پشـتیشـی (شـاخی بـەردە بەکۆز)ە.

لـە وەرزی بـاران و سـەرمادا پێشـمەرگە کـە بـە ژمـارەی زۆر لـە گوندەکان دەمایـەوە، چەنـد حەرەسـێک دادەنـران و بەیانییـان لەگـەڵ بانگـی بەیانـی پێشـمەرگە بەئـاگا دەبـۆوە کەمینمـان بـە دەووری دێـدا دادەنـا. دوژمـن هـەر بەشـەو دەهـات و دەوری گوندەکانـی دەگـرت. بـۆ ناردنـی ئـەو کەمینانـە پێـش وەخـت ئاگاداری هەمـوو جووڵەیەکـی گوماناویـی نزیکـی دێ دەبـوو ، بەمـەش بەخێرایـی پێشـمەرگە دەیتوانـی نـاودێ جـێ بهێڵێـت. مزگەوتـی گونـدی حاجـی مامەنـد گـەورە بـوو؛ زۆربەمـان بـۆ خەوتـن چووینـە ئـەوێ. کاک نەوشـیروان خۆشـی بـۆ خەوتـن هـەر هاتـەوە مزگەوت و بەشـێک لـە پێشـمەرگەکان لـە ئەمسـەر و ئەوسـەری دێ لـە دوو دیوەخانـی ماڵەکانـدا مانـەوە.

ئەگـەر هێزەکەمـان کـەم بووایـە، خۆمـان لـە مانـەوە لەنـاو مزگەوتەکان دەپاراست، چوونکـە جـاش و جەیش یەکەمیـن شـوێن پەلاماریـان دەدا مزگەوتـی گوندەکان بـوو، بـەڵام گونـدی حاجـی مامەنـد لەنێوان دوو شـاخی سـەختدایە کـە پێشـمەرگە دەیتوانـی شـەو و ڕۆژ شـەڕی تێـدا بـکات و دوژمـن بشـکێنێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئیحتیاتـی خۆمـان هـەر دەخسـت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بچووینایە بۆ هەر شوێنێک و شەو یان ڕۆژ بمانیایەتەوە، حەرەسمان دادەنا. ئەگەر دوو حەرەس بوونایە، یەک لە دەرەوە لە شوێنی خۆی دەمایەوە، دووەم دەچوو حەرەسی دوای خۆی بانگ دەکرد تا حەرەس نەهاتایە دەرەوە، نەدەبوو ئەمان لە شوێنی خۆیان بجووڵێن واتە دەبوو جێگە بدەنە حەرەسی دوای خۆیان، ئەگەر ژمارەشمان زیاتر بووایە، دوو حەرەس یان زیاترمان دادەنا، زۆر جار ئەو هێزەی خۆم پێکەوە دەبوین من دەوریەشم چەند جارو بەردەوام بۆ شەو دەردەکرد گەر مەترسی هەبوایە.

دەیان جار کە بە زستان دەچووینە دێهات- ئەوکات ژمارەمان کەم بوو- کات هەبوو دوو کەسیش بووین، بەڵام کەمتەرخیمان نەدەکرد و بە نۆبە تا بەیانی حەرەسیاتمان دەگرت تا ئاگاداری خۆمان و ئەو شوێنەش بین کە تێیدا بووین.

پۆلیسێک لە چەمچەماڵەوە هاتبووە دەرەوە و چەکەکەشی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بەڵام گومانی لێ دەکرا تەسلیم ببێتەوە، بۆیە چەکەکەی لێ وەرگیرابوو؛ لەژێر چاودێریشدا بوو، ئەوکات پۆلیس زۆر دەهاتنە دەرەوە و ماوەیەک دەمانەوە و تەسلیم دەبوونەوە، بەو هۆیەوە ڕژێم متمانەی پێیان نەدەما و لە سەربازی دەبەخشران و بۆ خۆیان ئازاد دەبوون لەو کەفالەت و ئەرکە زۆرەی ڕژێم دەیخستە سەریان.

بە هەموومان گوترابوو کە ئەو کەسە گومانی لەسەرە و بە هیچ شێوەیەک بۆ حەرەسیات دانەنرێت. ئەو شەوە بە هەڵە خرابووە لیستی حەرەسیاتەوە، کاتێک خەبەری دەکەنەوە بۆ ئەوەی ببێت بە حەرەس، حەرەسی پێش خۆی نازانێت کە نابێت ئەو کەسە حەرەسیات بگرێت، بۆیە بەهەڵە چەکەکەی خۆی دەداتێ بۆ حەرەسیات گرتن؛ چەکەکەش هیی خۆی نەبوو. کلاشینکۆفێکی سیخۆی بێقۆناغی تازە بوو، هیی کاک شێخ تالیب بوو. دنیا سارد بوو. ژمارەیەک پێشمەرگە قەمسەڵەیان نەبوو؛ زستانی ئەو کاتەش سەخت بوو. حەرەسی یەکەم قەمسەڵەکەی خۆشی دەداتە کابرای پۆلیس بۆ ئەوەی کاتی حەرەسیات سەرمای نەبێ.

کابرا کە دەبینێت چەکی دەست کەوتووە و پێشمەرگەش هەموو نوستوون، بە حەرەسەکەی تر دەڵێت، "تا ئەو لایە دەچم؛ بزانم ئەو دەنگەدەنگە چی بوو." ئیتر بەو شێوەیە فرسەت دەهێنێت بە چەکەکەوە دەڕوات و تەسلیم بە ڕژێم دەبێتەوە، بێ لە چەکە تازەکە، قەمسەڵەی ئەو پێشمەرگەیەش لەگەڵ خۆی دەبات. حەرەسی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دووەمیش گومانی شتێک ناکات تا ماوەیەکی باشی پێ دەچێت، کە هەست دەکات بەڕاستی دیار نەماوە، دێتە ژوورە و چەند کەسێکمان خەبەر دەکاتەوە.

هەر زوو دەرکەوت کابرا ڕۆیشتووە. لەناو مزگەوت بوو بە دەنگەدەنگ لەسەر دانانی ئەم کەسە بە حەرەس، کاک نەوشیروان بەئاگا هات. لایتێکی بەدەستەوە بوو، زانیی شتێکی خراپ ڕووی داوە. زۆر تووڕە بوو؛ دەیویست بزانێ کێ ئەو حەرەسیاتەی داناوە؛ کەس خۆی نەکرد بە خاوەنی، بەپەلە دوو مەفرەزەی بەدوایدا نارد تا شوێنپێی هەڵبگرن و هەرچۆنێک بووە بیدۆزنەوە، بەڵام لە شەوی ئاوا سارد و باراناویدا و لەناو ئەو قوڕ و چڵپاوەدا، کە چاو چاوی نەدەبینی، کەسێک بییەوێت خۆی دەرباز بکات زۆر ئاسانە و دۆزینەوەشی زۆر زەحمەتە، بۆیە دە مەفرەزەش دوای کەوتینایە تازە پێمان نەدەدۆزرایەوە.

کەسێکی گوماناوی دەرفەتێکی وای بۆ هەڵبکەوێت کە ماوەیەکی زۆرە خۆی بۆ ئامادە کردووە چۆن لە دەستی دەدا. کاتی باشی بەدەستەوە بوو تا بتوانێت تەواو خۆی دوور بخاتەوە لە مەترسی و گرتنەوەی لەلایەن پێشمەرگەوە! تازە لەدەست دەرچووبوو.

کێشەکە هەر بردنی چەکەکە نەبوو، مەترسی هەبوو پێشتر پەیوەندیی کردبێت و دوژمن ئاگاداری خۆبەدەستەودانی بێت و هێرش بکاتە سەرمان، بۆیە بەو سارد و سەرمایە بەیانیی زوو کە هێشتا دنیا تاریک بوو، هەموو پێشمەرگەکان لە گوندی حاجی مامەندەوە دەستبەجێ ڕوومان کردە شاخی پشتی گوندەکە و تا تەواو دنیا ڕووناک بۆوە و تۆزێک درەنگی کرد بە شاخەکەوەماینەوە، دواتر دڵنیا بووینەوە کە مەترسیی هاتنی دوژمن نییە گەڕاینەوە ناو دێ.

کلاشینکۆفەکە هیی کاک شێخ تالیب بوو؛ دابووی بە کەسێکی نزیک خۆی، ئەویش بەهەڵە و نەشارەزایی لە کاتی حەرەسیات گۆڕیندا دابوویە دەست ئەو کەسە گومانلێکراوە. ئیتر چەک برا و نەبینرایەوە.

شێخ تالیب لە تەمووزی ساڵی ١٩٧٦وە هاتبووە دەرەوە و لە دەستە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا بوو؛ لە شار زێڕینگەر بوو؛ توانای داراییشی زۆر زۆر باش بوو. کۆمەڵە داوای لێ کردبوو وەک پێشمەرگەی دەستە سەرەتاییەکان بچێتە دەرەوە، ئەویش داواکەی قبووڵ کردبوو؛ وازی لەو هەموو بەرژەوەندی و کاسبییە باشەی خۆی هێنا بوو. بە پارەی خۆی باشترین چەکی کڕیبوو، وەک کادرێکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جەماوەریی چالاک و ئازا و خۆشەویست و بەئەزموون لە چەند ناوچەیەک ئەرک و بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆ گرتووە. نموونەی کادر و تێکۆشەری سەرکەوتوو بوو، خۆی لە ساداتی بەرزنجە بوو، زۆرجار کە لە مالان دادەمەزراین و دەیانزانی شێخە، زیاتر خزمەتیان دەکرد و داوای دووعای خێریان لێ دەکرد بۆ نەخۆشەکانیان، ئەویش دلی نەدەشکاندن و ئامۆژگاریی دەکردن باشترە بچنە لای دکتۆر.

(٧)

برینداربوونی مام ڕۆستەم

لە شەڕێکدا فیشەک لە کلاوەی ئەژنۆی مام ڕۆستەمی دابوو؛ قاچێکی لە جوولە کەوتبوو؛ بۆیە پێویستی بە چارەسەری بەپەلە بوو. لەو ڕێگە دوورەی قەرەداغەوە بەو دۆخە تەندرووستییە خراپەوە، مەترسیی ڕێگاوبانیش لەولاوە، بەناڕەحەتییەکی زۆر گەیاندیانە شارباژێڕ. لەگەڵ کاک وەهاب دەمانویست تا دەیگەیەنینە سنووری ئێران لەگەڵیدا بین. مام ڕۆستەم هاوڕێی نزیک و خۆشەویست و فەرماندەیەکی قارەمان و فیداکار بوو؛ لە ناوەڕاستی مانگەکانی ساڵی ١٩٧٦وە ببووە پێشمەرگە. سەرکردایەتیی دەیان شەڕ و ڕووبەڕووبونەوەی کردبوو؛ لە دوایین شەڕدا بەسەختی بریندار ببوو. ئەو کات ئێمە سەیارەی باشمان هەبوو، کە لە دوژمنمان دەگرت. پێکەوە بردمان و چووینە گوندی زێ لای (چالە خەزێنە)ی شارباژێڕی سەخت. ماڵی کاک مەحموود هەر زوو حەیوانیان بۆ سەر برین و خزمەتی زۆریان کردین. شەو مام ڕۆستەم پێویستی بەوە بوو بچێت دەست بە ئاو بگەیەنێت، ئەو کارە بۆ دۆخی تەندرووستی ئەو زۆر زەحمەت بوو، بەڵام چار نەبوو، شوێنێکیان بۆ دیاری کرد و بە چەند کەسێک بردیان، کە هاتەوە و دوای چەند خولەکێک هاواری لێ هەستا. تومەز لە جیاتی مەسینەی ئاوی بدەنێ، پێشمەرگەیەک مەسینەیەکی پڕ نەوتی دابووێ، ئەویش جوان جوان تارەتی پێ گرتبوو. جا وەرە و ئەمەش چارە بکە.

شەو لەوێ ماینەوە و بۆ بەیانی ڕەوانەمان کرد بۆ بلەکێ تا لەوێوە بە سەیارە بینێرنە سەرکردایەتی. ئەو کات هێشتا ئێران شارەکانی کوردستانی نەگرتبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

(٨)

گوندی هەوڵوو

حاجی فەتاح کوێخای گوندی هەوڵوو بوو؛ پیاوێکی خانەدان و کوردپەروەر بوو؛ زۆریش بەدین بوو. دیوەخانێکی گەورەی هەبوو هەمیشە دەرگای بۆ پێشمەرگە کراوە بوو. زۆربەی بەرپرسەکانی هەرێم لەگەڵ کاک بەکر بۆ نانی بەیانی لە دیوەخانەکەی حاجی فەتاح بووین: کاک بەکر، کاک سەلاحی موهەندیس، کاک وەهاب، کاک حەمە ئەمینی خەجێ، کاک جەمالی حەمەی خواکەرەم، کاک فەرەیدوون حەمە سالح و کاک حەمەی تەیب.

دارشەخسێک لە باکووری ڕۆژهەلاتی گوندەکە بوو، زۆربەی جار کە دەهاتینە ناو دێ، حەیوانی مردارەوبوومان لە سەر ڕێگەکە دەبینی. ئەو ڕۆژەش کە لە دۆڵپەمووەوە هاتین، بەهەمان شێوە. کاک سەلاح گوتی، "کاک حاجی ئەو هەموو حەیوانەتان نەخۆش دەکەون، ئەوە چوارتایە! بۆ دکتۆریان بۆ ناهێنن. تا کەی بڕواتان بەو شتە کۆن و خورافیاتانە هەیە؟ (بەشێکیان بڕوایان بەو شەخسە بوو بۆیە حەیوانە نەخۆشەکانیان دەبردە ئەوێ تا چاک ببنەوە). ئەوەتا هەموویان دەمرن و تووشی زیانی گەورە دەبن. ماڵتان ئاوا بێ خەڵک چۆتە سەر مانگ و ئێوە تازە بە تازە بە دوای ئەم شتانەوەن."

حاجی فەتاح زۆر تووڕە بوو. ڕووی کردە کاک بەکر و گوتی، "چۆن لێیان قبووڵ دەکەی بۆ خاتری خوا! بەرد دەباری دەڵێ، 'دەڵێ خەڵک چۆتە سەر مانگ' ئەمە کوفرە نابێ ڕێی بدەی." کاک بەکریش گوتی، "کاک حاجی خوا هیدایەتی مرۆڤی داوە، ئەرەوەلا چوون و شتی پیسیشیان لەسەر فڕی داوە." کاک حاجی ناڕەحەت بوو، بەلام هێند ڕێز و حورمەتی دەگرتین، بێدەنگەی لێ کرد.

(٩)

گوندی هەرمێلە

هەر کاتێک دوژمن نیازی هێرشی دەبوو، زۆربەی هێزی هەرێمی سێ پێکەوە کۆ دەبووینەوە تا ئەگەر تووشی شەڕ بووین، بتوانین باشتر بەرگری لە خۆمان و ناوچەکە بکەین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بارانێکی بەخوڕ دەباری. نانی ئێوارەمان لە مووبرە خوارد و پەڕینەوە بۆ بەری هەولوو و هەرمێلە. درەنگ گەیشتینە ناو هەرمێلە، هەموو گیانمان تەڕ و قوڕاوی بوو. لە مزگەوت جلە قوڕاوی و پێلاوە لاستیک و گۆرەوییەکانمان شت و لە نزیکی زۆپای مزگەوت هەڵمانخستن تا خۆمان و جلە تەڕەکانمان وشک ببنەوە. کاک شەریف، کە بە 'شەریفی قورئانی' ناسرابوو، فەرماندەیەکی پشووودرێژی ئازا و نەبەز بوو. بەشپرزەیی و جیهاز بەدەستەوە خۆی بە مزگەوتدا کرد و چووە لای کاک بەکری حاجی سەفەر و گوتی، "بە جیهازەکە گوێم لێ بووە بە عەرەبییەکەی خۆی گوتویەتی، 'عوسات داخل قریە هەرمێلە.'" ئەم هەواڵە دەبێت سەد لە سەد حسابی بۆ بکەین. زۆر گوێمان لە جیهاز گرت، هیچ دەنگێک نەبوو. لەگەڵ شەریفی قورئانی زۆر قسەمان کرد، ئەو هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی، گەرچی ئێمە بەشێک لە فەرماندەکان گومانمان هەبوو، بەڵام کاک بەکر بڕیاری دا بڕۆین و گوندەکە جێ بهێڵین. جلەکانمان هەر بەو تەڕییە لەبەر کردەوە و بەو باران و سەرمایە هێزەکەمان بەرەو گوندی هەولوو ڕۆیشتین. نێوانی ئەم دوو گوندە هەر نیو سەعاتێک دەبێت. کە گەیشتینە ناو هەولوو، شەو هەڵکشابوو. ماوەیەک لە مزگەوت ماینەوە و دواتر بەشێکمان چووینە ماڵی حاجی فەتاح. پێش بانگی بەیانی، ئاواییمان جێ هێشت و ڕووەو شاخەکەی پشتی دێ ڕۆیشتین. سەرماکەی لەوەدا نەبوو، لە شاخی پشتی گوندی هەولوو دابەش بووین و خۆمان ئامادە کرد بۆ هەر ئەگەرێک. شوێنەکەمان لە بەرزی بوو، بۆیە کە تۆزێک دنیا ڕووناک بۆوە، هەموو شوێنێکمان دەبینی و هیچ جووڵەیەکی مەترسیدارمان بەدی نەکرد. پاییزێکی درەنگ بوو؛ دنیا سارد و قوڕ و باران بوو. ئاگرێکی گەورەمان کردەوە و زۆربەمان لەدەوری کۆ بووینەوە. کەمینی باشمان بە دەوری خۆماندا دانابوو، ئیتر باس بوو بە باسی جیهازەکەی کاک شەریف. یەکێک دەیگوت، "گوێت زرنگاوەتەوە" ئەوی تر دەیگوت، "بزانە جاشەکانی چوارتا لە تێریدا گۆرانییان گوتووە" یان "خۆت مانەوەت لەو دێیە پێ خۆش نەبووە و چوونکە نزیکە لە چوارتاوە." کاک شەریف تووڕە بوو. گوتی، "گەر قسەشم نەکردایە و تووشی شەڕێک ببوونایە، چیم بکردایە لەگەڵ ویژدانی خۆم." جیهازەکەی دایە دەست کاک بەکر و گوتی، "ئیتر جیهاز لای من نابێ."

کە دنیا زیاتر ڕووناک بۆوە دەموچاوەکان باشتر دەرکەوتن، سێ گەنجمان بینی کە تازە هاتبوونە دەرەوە. کاک بەکر پرسیاری ناوی خۆیان و باوکیانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لێ دەکردن و دوایی دەیگوت، "ئەی لەقەبتان چییە؟" هەر سێکیان گوتیان کە هیچ لەقەبێکیان نییە و هەر ناوی باوک و باپیریان هەیە. کاک سەلاح موهەندیس وەڵامی دایەوە و گوتی، "کاک بەکر بۆ وا دەزانی خەڵکی سلێمانی هەموو لەقەبیان هەیە." ئیتر بوو بە پێکەنین.

جەیش لە هیچ شوێنێک جووڵەی نەبوو؛ نەهات و هێرشی نەکرد، بەڵام هەموو کات ئێمە زانیارییەک کە دەهات و دەمانبیست، زۆر گرنگیمان پێ دەدا و کارمان پێ دەکرد. ئەو ڕۆیشتنە بەو سەرما و تەڕوتووشییە بۆخۆی توانا و هێزی پێشمەرگەی پێ بەرز دەبۆوە و وریایی و ئامادەیی بەردەواممان لەبەرانبەر دەوژمندا دەچووە ئاستی باڵا.

(١٠)

گوندی پوشێن

ئێوارەیەک لەگەڵ پێشمەرگەکانی کەرتەکەمدا لە گوندی پوشێن ماینەوە. کەسێکم بانگ کرد و قسەم لەگەڵ کرد. نەمهێشت هیچ کەس ئاگای لە قسەکانم بێت، تەنها پێشمەرگەکانی خۆمان نەبێت. بەو کەسەم گوت، "تۆ نابێ بڕۆی بۆ عەربەت" چوونکە تەنها گومانمان لێی بوو "گەر چووشی، سەردانی ئەو دائیرانە مەکە." کابرا تێکچوو و گوتی، "نەچووم، بەسەر چاویش چی بڵێن وا دەکەم." منیش گوتم، "ماڵت ئاوا بێ و زۆر سوپاس." ئەم قسانە هەر خۆم و خۆی بووین، لەبەر چاوی خەڵک هەرگیز قسەی وام بە کەس نەگوتووە نەکا دڵی بشکێت، بەڵکوو تەنها وەک ئامۆژگاری قسەم لەگەڵ کردووە و کەس ئاگای لێ نەبووە.

شەو درەنگی کردبوو؛ پێشمەرگەکان زۆربەیان خەوتبوون. من لەگەڵ ئامرمەفرەزەکان دانیشتبووم و قسەمان دەکرد. حەرەسێکیان هاتە ژوورەوە و گوتی، "کەسێک هاتووە ئیشی پێتە." گوتم، "با بێ." سەیرم کرد ئەو کابرایە بوو کە شەو قسەم لەگەڵ کردبوو. گوتم، "فەرموو دانیشە. خێرە بەم شەوە درەنگە هاتووی." ئەو خێرا گوتی، "خۆم دەکوژم."

- چی بووە؟ کێ زوڵمی لێ کردووی؟

- تۆ ئەو قسەیەت پێ گوتم کە من هاتوچۆی عەربەت نەکەم. بۆ نەچم؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

- ئێ دووقۆڵی هۆکارەکەیم پێ گوتی.
- ئاخر کێ پێی گوتی؟
- ئەوە ئیشی تۆ نییە.

کابرا هەر دەیگوت "خۆم دەکوژم." زۆر هەوڵم لەگەڵ دا. زیاتر لە سەعاتێک حەمە عەلی بەرزنجی و ئازاد وەندرێنەیی و جەمال چاوشین گوتمان، "نابێ و ناکرێ. تۆ تەمەنت هەیە؛ منداڵ نی و چۆن قسەی وا دەکەی." ئەو کەوتە سوێند خواردن کە تەواو خۆی دەکوژێت.

تەواو هیلاک بووم بەدەستییەوە. نەماندەزانی چی بکەین؛ شەویش درەنگە هەموو هیلاکین و پێشمەرگە خەوتووە. چار نەما، لە داخا تفەنگەکەم مەخزەنی حەفتاوپێنجی لەسەر بوو؛ ڕام کێشا و خستمە بەردەستی. ئەوانەی ناوم هێنان لەدەورم بوون و گوتیان، "چی دەکەی! نابێ!" گوتم، "یەک کەس قسە بکا، خوا هاوار! هەر دەبێ خۆی بکوژێ. دوو سەعاتە دەستی ماچ دەکەین کاری وا نەکا." چەند جارێکم پێ گوت، "فەرموو ئەوە تفەنگ و فیشەکیشی لەبەرە." دەمزانی هەر ئێمە ئازار دەدا، گەر لە خۆ کوشتن بووایە، بۆ دەهاتە لای ئێمە؛ لە ماڵ چی بویستایە دەیکرد و تەواو. هەستم دەکرد جەماعەتی خۆمان دڵییان لەسەر هەزار لێی دەدا، بەس لەبەر من بێدەنگ ببوون.

کە پێم گوت "خۆت بکوژە" و نەیکرد، تفەنگەکەم هێنایەوە لای خۆم و گوتم، "فەرموو بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە و تۆ برای ئێمەی." دوایی برادەران گوتیان، "خوا دەیزانێ ئەوەندە دەترساین لەپڕ دەست بداتە چەک و خۆی و تۆ بکوژێ و ڕیزێک حەفتاوپێنجی بەناو ئێمەشدا بکا." من سەدا سەد دەمزانی کاری وای لێ ناوەشێتەوە؛ واش نەبووایە دەبوو تا بەیانی قورئانی دنیا بخەینە کۆشییەوە تا خۆی نەکوژێت.

(١١)

سەیارەی نوێی وەرگرت

کاک حامیدی حاجی غالی هاتە شارباژێڕ. سەیارەیەکی شڕی پێ بوو هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو. داوای لە من کرد سەیارەیەکی بدەمێ. سەیارەیەکی تۆیۆتای پیکابی زۆر باشم پێبوو بۆ ئێمە ئەوە باش بوو، زۆرترین پێشمەرگە لە دواوە جێی دەبووەوە، ووتی ئەوەم دەوێت کاک حامید هاوڕێم بوو خۆشم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەویست گوتم، بەسەر چاوو پێم بەخشی گوتم "ئەوەی خۆشت بۆ خۆت." بەڵام ئەو گوتی جێی دەهێڵێت. سەیارەکەی کەڵکی پێوە نەبوو. بە پێشمەرگەکانم گوت لە شوێنێک دایبنێن گەر پارچەکانیمان پێویست بوو، کێ ویستی، با بەکاریان بهێنێت. کاک حامید هەر کە لە ئێمە دوور کەوتبۆوە و بینیبوویان سەیارەی نوێی پێیە، پرسیاریان لێ کردبوو ئەو سەیارە نوێیەت لەکوێی بووە، ئەویش گوتبووی، "وەڵا کەرەکەی خۆم گۆڕیوەتەوە بەم هێسترە کەشخەیە." هەر زوو قسەکەمان بۆ هاتەوە و بوو بە پێکەنین. کاک حامید هاوڕێی خۆشەویست و فەرماندەیەکی دیار و بەئەزموون و ئازا بوو؛ هەموومان بۆ یەکتری تا ئەوپەڕی دەستکراوە بووین، دوایی کە کاک حامیدمان بینەوە، پێم گوت، "ماڵت ئاوا بێ! ئەمیشت خستە قاڵبی شۆخییەوە!"

(١٢)

زستان ئەسپێ و هاوین هەردووکیان

کێچ و ئەسپێ دوو هاوڕێی بەردەوام و گیانیبەگیانیی پێشمەرگە بوون. جاری وا هەبوو بە دوو هەفتە پشتێنمان نەدەکردەوە، هەر بە هەمان ئەو جلانەی بەرمانەوە دەخەوتین، هەر ئەو جلانە بوون کە دەبوو بیانشۆین و لەبەریان بکەینەوە. هەندێک جار ماوەی زیاتر لە مانگێک دەرفەتی خۆشتنمان نەدەبوو؛ جووڵە و گەڕانی بەردەوامی شەو و ڕۆژ بە مەبەستی خۆونکردن و خۆشاردنەوە لە دوژمن، هیلاکیی بەردەوام و ئارەقکردنەوە، کە هەر بە جلەکانمانەوە وشک دەبۆوە، خەوتن هەر شەوەی بە بەتانیی ماڵێک، هەموو پێکەوە جەستەی ئێمەیان دەکردە شوێنێکی گونجاو بۆ گەشەی کێچ و ئەسپێ و لە جەستەی پێشمەرگە باشتریان دەست نەدەکەوت. ئیتر زستان ئەسپێ و هاوین هەردووکیان، هەم کێچ، هەم ئەسپێ تەشریفیان دەهێنا و بە دووقۆڵی حەشریان پێ دەکردین، تەنانەت بە هۆی هاتنی قژمانەوە جار هەبووە کە قژمان شانە دەکرد- خۆ قژداهێنان بۆ کەشخەیی نەبوو، چوونکە کڵێتەی سەربازی یان جامانەمان دەکردە سەر و لە چڵکنیدا شانەمان پێدا دەهێنا- چەندین جار ئەسپێ لە بەینی دەمێ شانەکانەوە دەهاتە دەرەوە. ئاخر خۆشتن کارێکی ئاسان نەبوو تا ئەو کاتی شەڕی ئێران-عێراق هەڵگیرسا و پێشمەرگە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

توانیی بارەگا و بنکەی ئازادکراو دابنێت، یان زیاتر لە گوندەکاندا بمێنێتەوە، جەیشیش وەک جاران نەیدەتوانی پەلاماری پێشمەرگە بدات.

چەندین جار ڕووی داوە پێشمەرگە خەریکی خۆشتن بووە و جەیش و جاش فرسەتیان هێناوە و هێرشیان کردووە و زیانی زۆریان لە شەهید و بریندار لێ داوین، هەر بۆیە بەناچاری درەنگ درەنگ خۆمان دەشت. هەندێک جاریش نەماندەزانی دەرمانی دژی کێچ و ئەسپێ بەباشی بەکار بهێنین. بەهۆی ئەو خراپبەکارهێنانەوە من نزیک بوومەوە لە مردن؛ کێشەی ژەهراویبوونی ناوبەناو بە هۆی دەرمانی ئەسپێوە ئێخەی پێشمەرگەی تریشی دەگرت.

ئەو دەرمانە بەدفەڕە کە دەمانکرد بە جلەکانمانەوە لەناو ئارەقی لەشماندا دەتوایەوە و لە ڕێی پێستەوە دەچووە ناو خوێن و جەستەی ژەهراوی دەکردین، پێستیشمان سوور دەبۆوە و بلّقی گەورەی دەکرد، ئەوەش بۆ خۆی جۆرێک لە سووتانی خراپی پێستی لێ دەکەوتەوە. لەو کاتانەدا حەزت دەکرد بە نینۆک پێستی خۆت دابماڵیت.

دەمویست لە پاڕەزانەوە بچم بۆ شارباژێڕی تەخت. ماوەیەکی زۆر بوو خۆمان نەشتبوو، ڕۆژەکەشی گەرم بوو. دوای نیوەڕۆ، لەگەڵ دوو پێشمەرگە ڕوومان کردە گوێزەڕەش، نێوان پاڕەزان و گوێزەڕەش هەروا چارەکە سەعاتێک بە پێ دوور بوو. دەمێک بوو خۆمان نەشتبوو؛ ئەسپێ هەراسانی کردبووم. لە ناودێ دووکانێکی بچووک هەر وا وردەواڵەی هەبوو. دەرمانی دژە ئەسپێشیان هەبوو، چوونکە خەڵک زۆر پێویستییان پێی بوو دوکاندار دەیانهێنا. دەرمانم کڕی و بە پێشمەرگەکانم گوت بەخێرایی بچینە چەمەکە خۆمان بشۆین و دەرمانەش بەکار بهێنین. چووینە سەر چەمەکە لە شوێنێکی وادا کە زۆر دیار نەبین. ترسی کوێتەرە جەنگییەکانی دوژمنمان هەبوو. بەپەلە ئاومان گەرم کرد تا جلەکانی تێدا بکوڵێنین و هەرچی ئەسپێ و گەرای ئەسپێی ناو جلەکانمانە بە ئاوە کوڵهاتووەکە بمرن. دوای جل کوڵاندنەکە، بەپەلە جلەکانمان بە سابوون و ئاوی چەمەکە شت و لەسەر بەردە گەورەکانی قەراغ چەمەکە و داربییەکان هەڵمانخستن. هەتاوی ڕۆژگاری هاوین هەر زوو جلەکانی وشک کردەوە. خۆمان شت و دەرمانمان بە جلەکانەوە کرد، بە تایبەت کراس و جلی ژێرەوە. جلەکانمان لەبەر کردەوە و کەوتینە ڕێ بەرەو شارباژێڕی تەخت و گوندی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چنگیـان. بـه دۆڵپەمـوو، زەلان، هەولـوو، هەرمێلـه، سـوێرەڵە و دۆڵەتـوودا بەبـێ وەسـتان و لادان بـەرەو چنگیـان ڕۆیشـتین.

لـەو ڕێگـه دوورەدا مانـدوو بووین. عارەقێکـی زۆرم کردبـۆوه. لـه ڕێگـه ورده ورده هەستم کرد لەشم کەوتە خورووه سـەرەتا وامزانی خەتای ئارەقکردنەوەکەیه یان هیی ئەوەیه دەمێکه جەستەم وا خاوێن نەبووه. نزیک چنگیان بوومەوه، ئازار و خورانی جەستەم تـەواو ناڕەحەتی کردم. کـه سـەیری جێگەی خورانەکەم کرد، بینیم سـوور بۆتـەوه و لەشم یەکپارچه بووه بـه بڵق. تاقمی کلاشـینکۆفەکەیان لـێ وەرگرتم و ورده ورده هێزم تێدا نەما. هەرچۆن بوو گەیشتینه چنگیـان و یەکسـەر بۆ لای دکتۆر غەفوریان بردم لـه خەستەخانه بچووکەکەی چنگیان. دکتۆر غەفور کەسێکی زۆر شـارەزا و دڵسۆز و بەمشـوور بـوو، خەڵکی کەرکووک بـوو، هـاوڕێ و ئەندامی کۆمەڵـه بـوو، هـاوڕێ و دۆستێکی زۆر نزیکمان بوو. کـه بینیمـی، سـەری سـووڕما، وایزانی ژەهرخـوارد کراوم، پێستی لەشم یەکپارچـه بریـن بـوو، زەرداوی لێ دەتکا ووتم ژەهـر نیـه دەرمانی کێچ و ئەسپییه.

دەسـتبەجێ کەوتـه تەداویکردنـم و پێسـتی لەشـمی خاوێـن کـردەوه. ماوەیەکـی باش پێمـەوه خەریک بـوو، بـۆ سـبەینێ زوو نـاردی بـۆ شـار و دەرمانی تایبەتیان بۆ هێنام و ڕۆژانـه دوو جـار تەداویی دەکردم. ئەگـەر هیمەتـی ئـەم سـەربازه دڵسـۆزه گومنـاوەی کوردایەتـی نەبووایـه، دوور نەبـوو جەسـتەم بەتـەواوی ژەهـراوی ببێـت و مەترسـی لەسـەر ژیانم درووسـت ببێـت. لەگـەڵ ئـەو دوو پێشـمەرگەیەی لەگەڵـم بـوون، بـۆ خـەو چووینـه سـەربانی ماڵێکـی پشـتی گوندەکـه، بـەڵام بـۆ سـاتێکیش خـەو نەچـووه چـاوم، هاوڕێکانـم تـا بەیانـی حەرەسـیاتیان لـێ گرتـم، چەنـد گەنجێکـی ناودێـش بـەردەوام ئاگایـان لێمـان بـوو، ڕۆژی دواتـر نانیشـم بـۆ نەخـورا، هەمـوو گیانـم لەسـەر ئـازار بـوو، پێسـتم دەسـووتایەوه و ئارامـم لەبـەر بڕابـوو.

شـەوی دووەم بۆ بەیانی لەناکاو دوو کەسـی نـاودێ هاتن و گوتیـان، "فریاکەون، جەیش هات!"

- لەکوێوه؟

- قافڵەیەکه، چەند ناقیله و زیلی عەسکەری و جەیشێکی زۆر جاده و جاده دێن.

گوێم هـەڵ خسـت دەنگی کۆپتـەر نەدەهـات. ئـەوه خاڵێکـی بـاش بـوو؛ پەلەکردنـی نەدەویست. پەلەیـان لـێ کردین تـا خێرا بڕۆیـن و بـه سـێ چەکـەوه تووشـی شـەڕ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"عەزێتی چی! حەیوانمان کردبوو بەخێر بۆ سەلامەتیی ئێوە تا تووشی هیچ نەبن لەگەڵ ئەم زاڵمانە. دوو ڕۆژە نانت نەخواردووە. دڵ و جگەری حەیوانەکەمان سوور کردەوە و بۆ ئێوەمان هێنا. دڵمان هەر لەلاتان بوو."

پرسیاری جەیشەکەمان لێ کردن، گوتیان، "چەند ئەجنەبییەکیان لەگەڵدا بوو کە دەیانگوت پۆڵۆنی بوون؛ چوونە سەر شاخی بەفرە سووران لە پشتی گوندی باراوە- شوێنێک کە بەسەر چنگیاندا دەڕوانێت و بەرزترین لووتکەی ناوچەکەیە- چەن سەعاتێک لەوێ مانەوە و ڕۆیشتن."

عەسرەکەی چووینەوە ناودێ، زانیمان یەک، دوو کەسی ناودێیان لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ چاوساغی، گوتیان بەپێی قسەی نێوان ئەندازیارە عەرەبەکان و ئەجنەبییەکان ئەو ناوە کانزای بەنرخی لێیە. ئەوانەی هاتبوون کۆمەڵێک ئەندازیاری پۆڵەندی بوون؛ بە دوو سەیارە و دوو زیلی عەسکەری پاسەوانیان لێ کردبوون. کە هەواڵەکە گەیشتە ئێمە، گوتیان چەندین زرێپۆش و سەیارەی عەسکەری و جەیشێکی زۆرە! ئیتر گواستنەوەی هەندێ زانیاری تا دەگاتە شوێنی خۆی سەد کلک و گوێی زیادەی پێوە دەنێن. چوومەوە لای دکتۆر غەفور و ئەویش دیسان کەوتەوە تیمارکردنم.

ژیانی پێشمەرگایەتی ئاوها بوو، زستان ئەسپێ و هاوین کێچ دوو بەڵا بوون ئێخەی پێشمەرگەیان بەرنەدەدا. ئێمە دەرفەتی خۆشتنمان زۆر کەم بوو، ئارەقمان دەکردەوە و وشک دەبۆوە و چڵکن دەبووین و تۆز و قوڕ لە جلەکانمان دەنیشت. هەر شەوە و بە لێفە و بەتانییماڵێک و لە ماڵێکدا یان لە مزگەوتێکدا دەخەوتین. خۆشتن و جلشتن ئاسان نەبوو. زیاتر لە زستاندا کە دەچووینە گوندێک، لە عەسردا مەنجەڵێکی گەورەمان وەردەگرت و لە مزگەوتەکە ئاگرمان دەکردەوە، ئاومان گەرم دەکرد و بە نۆرە خۆمان دەشت. چەندین جار لە کاتی خۆشتن و جل شتندا هەواڵ هاتووە کە جەیش بەڕێوەیە. بەپەلە جلە تەڕەکانمان لەبەر کردۆتەوە و لەو ناوە دوور کەوتووینەتەوە. جارێکیان چەند پێشمەرگەیەک لە (گوندی قازانقایە) ی قەرەداغ لە کاتی خۆشتندا لە مزگەوتی گوندەکە کەوتنە بەر پەلاماری دوژمن. وەک پێشتر باسم کردووە، لەو ڕووداوەدا چەند پێشمەرگەیەک شەهید دەکرێن.

زۆر جار کە قژمان دەهات، دەبووە لانکەی ئەسپێ و ئەسپێکان دەچوونە بێخی سەرمانەوە، دەبوو یان سفری بکەین یان خزمەتی بکەین، بێگومان بۆ سەرەتای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شـۆڕش تـا ڕووخانـی شـای ئێـران و هەڵگیرسـانی شـەڕی ئێران-عێـراق هیچیـان ئاسـان نەبـوون. هەرچۆنێـک بێـت بـەو هەمـوو یارمەتـی و چارەسـەرە پزیشـکیەی دکتـۆر غەفوور بـۆی کـردم، دوو هەفتـە زیاتـرم پێویسـت بـوو تـا توانـای ئـەوەم تـێ گەڕایـەوە تاقـم و تفەنگ ببەسـتم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی و
کۆبوونەوەی فراوانی کۆمەڵە و
بزووتنەوە لە نۆکان

یەکێتی لە نۆکان بارەگایەکی بچووکی سەرکردایەتیی هەبوو، هەر وا دوو، سێ ژووری لە قوڕ دروستکراو بوو، هەر بەناو خانوو بوو. پێدەچوو پێشتر مقەڕی قیادەی مۆقەتە بووبێت. پێشمەرگە خۆیان بۆ خۆیان بەهەرەوەزیی دروستیان کردبوو. ئەو شوێنەش ناو خاکی ئێرانە، هەر بۆیە ئێران زوو زوو دەیکردە سەر ئەو مقەڕانە و دەیگوت دەبێت بەزوویی ئەو ناوە چۆڵ بکەن.

مام جەلال و کاک عەلی عەسکەری وکاک ئازاد هەورامی و کاک بەشیری خوسرەوی و دکتۆر حسین، کە لە هاوڕێیانی سازمانی ئینقیلابی ئێران بوو، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تردا- دکتۆر مەحموود، کاک شەمسەدین موفتی، کاک قادر جەباری، کاک فوئاد چەلەبی- لیژنەی ئامادەکاریی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لەو خانووە بە قوڕ دروستکراوانەدا بوون لە نۆکان.

ئەو خێمە گەورەیەی لە نۆکان دیاری کرابوو بۆ یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵە چەند مەترێک لە خوار ئەو خانووە لە قوڕدروستکراوانەوە بوو کە مام جەلالی لێ بوو. شوێنەکە نزیکی چەمی گەورەی نۆکان بوو.

ساڵێک بەسەر کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی لە خواکورک تێ نەپەڕیبوو، بەڵام کارەسات و ڕووداوی ناخۆش زۆر ڕوویان دابوو، نزیک بەدوو ساڵێک بوو خەباتی چەکداری دەستی پێ کردبۆوە و هێزی پێشمەرگە بوون و مانەوەو بەردەوامیی خۆی لە ناوچەکاندا سەلماندبوو، کێشەو گرفت لەناو یەکێتی و نێوان بەشێکی بزووتنەوە و لەگەڵ کۆمەڵە و مام جەلال سەری هەڵدابوو، نەبوونی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێزی یەکێتی لە بادینان و سنووری سووریا و شەڕ لەگەڵ قیادەی مۆقەتە لەو گرفتە سەرەکییانە بوون کە دەبوو چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

مام جەلال و مەکتەبی سیاسی بڕیاریان دابوو کۆبوونەوەی دووەمی سەرکردایەتی لە نۆکان بکرێت. هەلومەرجی قۆناغەکە بە شێوەیەک بوو تەواو جیاوازتر بوو لەساڵی ڕابردوو، بە تایبەت بڕیاری ڕاگواستن و چۆڵکردنی دێهاتەکانی سەرسنوور وەک قۆناغی یەکەم لە ڕاگواستنی دێهاتەکان بە قووڵایی ٣٠ کیلۆمەتر و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگای زۆرەملێدا درابوو. سەدام لە پەرتووکێکی بچکۆلەدا بەناونیشانی "سەنگەرێک یان دوو سەنگەر؟"[١] ئەم بابەتە مەترسیدارەی زۆر بەڕوونی باس کردبوو. هێڵە گشتییەکانی ڕاگواستن سەرەتا سنوورەکان و دواتریش شار و شارۆچکەکانیان دەگرتەوە، پیلانەکە چۆڵکردن و وێرانکردنی کوردستان و بەعەرەبکردنی کورد و و بەبەعسیکردن بوو کە وەک سێ بزماری ژەهراوی بۆ جەستەی کورد و لە پەلوپۆخستن و تێکوپێکدانی ڕایەڵەی پەیوەندیی کورد و جووڵانەوەکەی داکوترابوون.

لە نۆکان، کۆمەڵە و بزووتنەوە و لیژنەی ئامادەکاری (لیژنەی تەحزیری)، کۆبوونەوەی خۆیان بەجیا دەست پێ کردبوو. سەرکردایەتیی یەکێتی کۆبونەوەی خۆی ئەنجام دا، هەر سێ لایەن و یەکێتی کۆبوونەوەی خۆیان لەیەک کاتدا لەو سنوورە بچووکەدا دەست پێ کردبوو. پلانی ترسناکی بەعس لە دژی کورد لەو هەلومەرجەدا بۆ ئەوە بوو کۆمەڵێک نیشان بەیەکەوە بپێکێت:

١. کۆکردنەوەی دانیشتووانی گوندە سنوورییەکان وەک قۆناغی یەکەم لە ناو ژمارەیەک ئۆردوگای زۆرەملێدا، بۆ ئەوەی دوژمن لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوت و جموجۆڵی تاک بە تاکی ئەو خەڵکە ڕاگوێزراوە زۆرە ملێ یە بێت، واتە خەڵکەکە لەناو زیندانێکی کراوەدا لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی بەعسییەکان و دەزگا جاسووسیەکانیاندا بن دواتر تەواوی گوندەکان و شارو شارۆچکەکان بە هەمان سیاسەتی وێرانکاری دێهاتەکانی سنور جێبەجێ بکات ئەنجامیش وای کرد.

٢. درووستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێ بۆ ئەوە بوو پێشمەرگە لە جەماوەر دابڕێت و سەرچاوەی هاوکاری و پشتیوانیی پێشمەرگە ببڕێت، ئابووریی کوردستان لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنێت و سەرچاوەی داهاتی دانیشتووانەکەی لە

---

١ خندق واحد ام خندقان؟

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەموو ڕوویەکەوە لەناو بەرێت و دانیشتووان ملکەچ بکات و تاکی ڕاگوێزراوی کورد چاوی لە دەستی بەعسییەکان بێت بۆ بژێویی ژیانی و بە زۆر ئابوورییەکی ناوەندی بسەپێنێت.

٣. جەماوەری کوردستان لەو ئەرز و ئاوەی خۆیان جیا بکاتەوە کە هەزاران ساڵە لەسەری دەژین و بەرگریی لێ دەکەن و بە ڕەنجی شانی خۆیان و ئارەقی ناوچەوانیان بژێویی خۆیانی تێدا پەیدا دەکەن. لەم کارە دزێو و چەپەڵەیدا بەعس مەبەستی بوو هەستی پەیوەستبوون بە خاک و نیشتمانەوە لە ناخی تاکی کوردا لاواز بکات و هەنگاو بە هەنگاو ئەو هەستە لەناو ببات، لەوێشەوە شیرازەی کۆمەڵایەتی تێکوپێک بدات.

٤. بیانکاتە بێکار و بێپیشە و لەوێشەوە بیانباتە ناو حیزبی بەعسەوە و خۆیان و نەوەکانیان بەو شێوەیە پەروەردە بکات و لە قاڵبیان بدات.

٥. ئەگەر بەعس لەم بەرنامەیەدا سەرکەوتوو بوو، ئەوە قۆناغ بە قۆناغ ئەوەندەی بۆی کراو پێویستی بوو بیانکاتە جاش و جاسووس و بەعسی و ئیتر ئەرکی دوژمنایەتیکردنی کورد و تێشکاندنی هەر جوڵەیەکی سیاسی و چەکداری ڕووبەڕووی خۆفرۆشان و جاش و دەزگا کارتۆنییەکانی بەناوی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی بکاتەوە و ئامانجەکانی خۆی بەوان بهێنێتە دی. دواجار توانیی بەم سیاسەتە سەدان هەزار جاش لە کورد دژی شۆڕشی کورد و پێشمەرگە ئامادە بکات کە هەمان ڕۆڵی بەعسییە داگیرکەرەکانیان دەبینی و بگرە زۆریان خراپتریش بوون.

کارەکە لێرەدا تەواو نەدەبوو، بەڵکوو ئەمە قۆناغی یەکەمی پرۆسەیەکی درێژخایەنی ڕاگواستنی زۆرەملی و بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن بوو، کە وەک پلانێک سێ دەمی ژەهراوی تا دەست و قاچ و زبانی کوردی بۆ هەتاهەتایە لە جووڵە بخات. ئەنجامی کۆتاییی ئەم سیاستە تا سەر مۆخ فاشیستی و شۆڤێنی بوو، ئامانجەکە سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد و وێرانکردنی تایبەتمەندێتییە نەتەوەییەکانی و دروستکردنی تاکێک بوو کە وەک ئامێر بە دەستی خۆیەوە بێت و چۆنی بوێت ئاوا هەڵیبسووڕێنێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆمەڵە و بەرنامەی کۆبوونەوەی فراوان

کۆمەڵـە خـۆی لـە هەلومەرجێکـی بابەتـی و خۆییـی وەهـادا بـوو کـە سـازکردنی کۆبوونـەوەی فراوانـی کادرەکانـی زۆر پێویسـت بـوو؛ هیـچ ئامادەکاریـی پێشـوەخت بـۆ ئـەم کۆبوونەوەیـە نەکرابـوو- نازانـم ئەگـەر کۆمیتـەی هەرێمـەکان کردبێتیـان و ئێمـە ئـاگادار نەبووبێتیـن. لەبنەڕەتـدا، بیرکردنـەوە لـە کۆبوونەوەیەکـی وا فراوانـی کۆمەڵە دوای شـەهیدبوونی کاک ئارام سـەرەتا لای کاک نەوشـیروان گەڵاڵە بووبوو، هـەر لە نۆکانیش ئامـادەکاری بۆ کرابـوو. یـەک، دوو ڕۆژ دوای شـەهیدبوونی کاک ئارام، هـەر لـە ناوچـەی شـلێر بووین کە کاک نەوشـیروان پێی گوتین "لـەو نزیکانە کۆبوونەوەیەکـی فـراوان دەکەیـن و ئێـوەش ئامـادە بـن."

ئەم کۆبوونەوە فراوانە بۆ خۆی سەرەتای چوونە قۆناغێکی گەشەسەندووی کۆمەڵە بوو؛ لە ڕووی ڕێکخراوەیی و سەربازی و سیاسییەوە پێویست بوو، چوونکە کاک ئارام سکرتێری کردەیی کۆمەڵە شەهید ببوو، ئەوەش جۆرێک شپرزەیی لەناو کادر و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا لە تەواوی کوردستاندا درووست کردبوو؛ ڕێکخستنەکان لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا فراوان ببوون و گەشەیان کردبوو، پێویست بوو جێگرەوەی شەهید ئارام دیاری بکرێت و سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ کۆمەڵە هەڵبژێردرێت، بۆیە بڕیاری بەستنی کۆبوونەوەی فراوانی کۆمەڵە بڕیارێکی بەجێ و پێویست بوو. کۆمەڵە بانگهێشتی کادرە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی لە تەواوی ناوچەکاندا کرد تا لەو کاتەی دیاری کرابوو ئامادەی کۆبوونەوەکە بن. ڕێکخستنی شارەکان بە ڕاپۆرت بەشداری کۆبوونەوەکەیان کرد.

هـەر لـە نـۆکان بزووتنـەوەش کۆبوونـەوەی خـۆی هەبـوو، یەکێتیـش سـەرقاڵی کۆبوونــەوەی ســەرکردایەتی بــوو. دکتــۆر مەحمــوود و لیژنــەی ئامــادەکاری کۆبوونــەوەی خۆیــان هەبــوو، بۆیــە زۆربــەی زۆری فەرماندەکانــی یەکێتــی بــە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەردوو ڕێکخراوەکەوە دەبووایە لە کاتی دیاریکراودا لە نۆکان کۆ بنەوە و ئامادە بن.

دوژمن زانیاریی هەبوو کە سەرکردایەتیی یەکێتی و کۆمەڵە و بزووتنەوەش بەنیازی سازکردنی کۆبوونەوەی فراوانن، بۆیە هەموو توانا سەربازی و هەواڵگرییەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی لە کاتی چوونی فەرماندە و هێزەکان بۆ سەرکردایەتیدا زۆرترین زیان بە پێشمەرگە بگەیەنێت.

لە (گوندی دەشتێو)ی پشدەرەوە، سەعدی گچکە، کە فەرماندەیەکی دەرکەوتووی سەربازیی بوو، لەگەڵ هێزەکەیدا بەرەو نۆکان دەکەونە ڕێ، کاک سەعدی گچکە لە سەرکردە دیارەکانی بزووتنەوە و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی بوو، فەرماندەی هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێریش بوو؛ یەکێک بوو لەو سەرکردانەی لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول، لە ساڵی ١٩٧٥دا لەگەڵ کاک عەلی عەسکەری و کاک دکتۆر خالید و کاک ڕەسوڵ مامەند و سەیدا ساڵح یوسفی و چەند کەسایەتی دیکەدا بزووتنەوەیان درووست کرد و دواتر هاتنە ناو یەکێتییەوە.

لە ڕێگەی هاتنیان بەرەو نۆکان بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکانی بزووتنەوە و یەکێتیدا کاک سەعدی گچکە لەگەڵ چەندین فەرماندە و پێشمەرگەی قارەماندا لە گوندی دەشتێوی نزیک قەڵادزێ لە لایەن سوپای داگیرکەری بەعسەوە پەلامار و گەمارۆ دەدرێن. لە بەرەبەیانێکی زوودا لەگەڵ دوژمن دەکەونە شەڕێکی سەختی دەستەوئێخە. دوژمن بەبەردەوامی هێزی زیاتری دەهێنایە مەیدانی شەڕەکە و گەمارۆی لەسەر هێزەکە توندتر دەکرد. کاک سەعدی گچکە وەک فەرماندەیەکی نەبەزی کەموێنە سەنگەر بە سەنگەر شەڕی مان و نەمان لەگەڵ هێزی دوژمن دەکات و زیانی گەورەی گیانی و مادیی لێ دەدات. بە پاڵەوانێتیی کەموێنەی خۆی و شەهید و و بریندارە دیلکراوەکان و ئەو پێشمەرگە ئازایانە دەرباز بوون. شەڕی دەشتێویان وەک داستانێکی لەبیرنەکراوی گیانبەخشین و خۆبەدەستەوەنەدان و جەنگان تا دوا فیشەک تۆمار کرد. دوژمن بە هەموو توانای سەربازیی خۆیەوە لە فڕۆکەی جەنگی و هێزی پیادە هێرشەکەی کردبوو، هێزەکەی کاک سەعدی گچکە ژمارەیەکی زۆر ئەفسەر و سەربازی دوژمن دەکوژن و بەوەش گورزێکی گەورەی کەمەرشکێنی لێ دەدەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ڕۆژی ٨ی ئازاری ساڵی ١٩٧٨دا، سەعدی گچکە لەگەڵ دوازدە پێشمەرگەدا شەهید دەبن و چوار پێشمەرگەی قارەمانیش بەبریندارییی زۆرەوە و دوای پێنەمانی فیشەک بەدیلی دەگیرێن و لە قەسابخانەی موسڵ لە سێدارە دەدرێن. شەهیدبوونی سەعدی گچکە و پۆلێک لە پێشمەرگە فیداکارەکانی یەکێتی زیانێکی گەورەی بە کورد و شۆڕشەکەی گەیاند.

پێشمەرگە و فەرماندەکانیان فیداکارییەکی کەموێنە و جوامێرانەی ئەوتۆیان تۆمار کرد تەنانەت دوژمنەکانی کوردیش لە گێڕانەوەکانیاندا نەیانتوانیوە ڕاستیی قارەمانێتیی پێشمەرگە باس نەکەن، هەر بۆیە ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سوپای عێراق کە لەو شەڕەدا بەشدارییان کردووە بە چەندین شێوەی جیا باسیان لە قارەمانێتیی سەعدی گچکە و پێشمەرگەکان کردووە، هەموو خەڵکی ناوچەکەش بە ناوچەی پشدەر و بیتوێنەوە تا دەگاتە دووکان و سلێمانی شاهیدی فیداکاریی پێشمەرگە و زیانە زۆرەکانی دوژمن بوون. ئێمە لە نۆکان هەواڵەکەمان زانی و ئازاری زۆری هەمووماني دا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لیژنەی هەرێم

سەرکرایەتی لە هەرێمی سێی سلێمانی بۆ ماوەیەک لیژنەیەکی سێ-کەسی درووست کرد بۆ سەرپەرشتیکردنی هەموو کارە سەربازی و ئیداری و داراییەکانی هەرێم. لیژنەکە پێک هاتبوو لە کاک مستەفا چاوڕەش، کاک نەبەز و کاک عوسمان قادر منەوەر.

سەرباری کێشەی زۆری سنوورەکە، تا ڕادەیەک کارەکان بەڕێوە دەچوون، بەڵام هەموو هاوڕێ بوون و دەیانتوانی پێکەوە کارەکان بەڕێ بکەن، بەڵام خۆ ئەوکات هەرێم بارەگایەکی نەبوو تا بەردەوام هەماهەنگی پێکەوە بکەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دابینکردنی پارە

کۆمەڵە زۆر بێپارە بوو. کە کاک نەوشیراون گەڕایەوە بەرەو نۆکان، گوتی، "بزانن هەندێ پارەمان لە ڕێکخستن و دۆستەکان بۆ پەیدا ناکەن." هیچ سەرچاوەیەکی داهاتمان نەبوو، جگە لەوەی لە ڕێکخستنەکانمان و دۆست و دانیشتووانی گوندەکان یارمەتیان دەداین و کۆمان دەکردەوە. بە گشتی پارە کەم بوو، هەموو هەوڵێکی خۆمان خستەگەڕ تا توانیمان نزیکەی شەش سەد دینارێک کۆ بکەینەوە.

ساجید کەرکووکی ماوەیەک بوو ڕێکخستنی سلێمانی ناردبوویە دەرەوە بۆ شارباژێڕ لە ترسی ئەوەی دووبارە نەگیرێتەوە، ماوەیەک لەگەڵ من و کاک وەهابدا لە شارباژێڕ مایەوە. وا ڕێک کەوتین من و کاک وەهاب و کاک ساجید پێکەوە لەگەڵ کاک ملازم ئەنوەر و کاک عوسمانی قادر منەوەر و پێشمەرگەکانیان، کە ژمارەمان دەگەیشتە سی پێشمەرگەیەک، پێکەوە بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان- هەر یەکەمان لەگەڵ ڕێکخراوی خۆیدا- بەرەو نۆکان بڕۆین. لە شارباژێڕی تەختەوە بەرەو ناوچەی سیوەیل و گوندەکانی ناوچەی ئالانی شارباژێڕ، کە هێشتا گوندەکانیان ڕانەگوێزرابوون، کەوتینە ڕێ. مەبەستمان بوو نیوەی ڕێ بەشێکی بە سنوور و ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڕۆین، چوونکە دوژمن زۆربەی ناوچەکانی بە هێزی زۆر و کەمین تەنی بوو دەشیزانی زۆری فەرماندە و بەرپرسەکان بەرەو نۆکان دەچن، بۆیە دەبوو لە چەمی کەڵوێ بپەڕینەوە کە هەردوو ناوچەی ئالانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی لێک جودا کردۆتەوە، ئینجا لەوێوە بڕۆینە ئەوبەری ڕووبارەکە، کە گوندەکانی بێژوێ و بێتووش و چەند گوندێکی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. بەهاران ئەم ڕووبارە بە شێوەیەک زیاد دەکات کەس ناتوانێت ئەمبەروئەوبەری لێ بکات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک ملازم ئەنوەر و خاڵە عەفان دەیانزانی ئەو پارەیەم پەیداکردوەو لامە، دەگەیشتینە هەر ئاوەدانییەک داوایان دەکرد شتێ پارەیان بدەمێ تا دوو حەیوانی پێ بکڕن، گەرچی خۆشیان پارەیان پێ بوو، بەڵام دەیانویست لەوەی ئێمە سەرف بکەن، بەڵام من ڕازی نەدەبووم دەمگوت ئەوە پارەی ئامانەتە ناتوانم دەستکاریی بکەم. گەیشتینە ناوچەی ئالان، پێیان کردە کەوش و گوتیان دوو حەیوان دەکڕین و دەبێت تۆ پارەکەمان بۆ بدەیت. بەڵام چۆن! ئەوە پارەی ئامانەتە لای من، بۆ کۆمەڵە کۆ کرابۆوە، چۆن دەستی بۆ ببەم! ملازم ئەنوەر ڕێزی زۆری بۆمان هەبوو، گوتی، " بۆ نابێ لەو پارەیە خەرج بکەی؟" منیش بۆم باس کرد کە بەو شێوەیە وەک ئامانەتە و لە ڕێکخستنەکان و خەڵکی دڵسۆزەوە دابینمان کردووە و دەبێت وەک خۆی بێ دەستکاری بیگەیەنمە لای کاک نەوشیروان. قەناعەتی کرد و ئیتر باسی نەکردەوە، بەڵام خاڵە عەفان هەر پێداگریی دەکرد. گوتم، "پارەت لایە، لێی سەرف بکەن. کە گەیشتینە سەرکردایەتی، بۆتان وەردەگرمەوە." بەوەش ڕازی نەبوو، من هیچم لە پارەکە سەرف نەکرد و کە گەیشتینە سەرکردایەتی، پارەکەم وەک خۆی دایە دەستی کاک نەوشیروان زۆری پێ خۆش بوو. چوارسەد دینار زیاتر بوو. دواتر ئەو برادەرانە لای کاک نەوشیروان گلەییان لێ کردبووم کە چەند داوای پارەیان لێ کردووم و نەمداونەتێ، بەڵام ئەو زۆر گوێی بە گلەییەکەیان نەدابوو.

لە ترسی کۆپتەرەکانی دوژمن، دەبوو هەر دوانیوەڕۆ هەوڵی پەڕینەوە بدەین و بەناو خاکی ئێراندا بەرەو نۆکان بڕۆین. سیمی قایم دانرا بوو لەمبەر بۆ ئەوبەر تا باری وڵاخدارەکان و خەڵکیش پێیدا بپەڕنەوە بۆ بەری ئێران و بەپێچەوانەشەوە. ئەم سیمە وەک پردێکی پەڕینەوە بوو لە سنووری دوو وڵاتی جیا. خەڵک یان کەلوپەل و تەنانەت هەندێک جار وڵاخیشیان پێ دەپەڕاندەوە، ئەو سیمە لەسەر چەمی کەڵوێ لەنێوان هەر دوو ناوچەی ئالانی ئێران و ئالانی عێراق هەڵدرابوو. ئالان ناوچەیەکی فراوانە لە چەندین گوند پێک هاتووە سنووری تیپی ۳۷ی شارباژێڕ بوو. کاتێک تیپەکان درووست کران، لەم سنوورەدا کەرتی کاک عەلی چوارتایی و کاک ئەحمە فەتحوڵڵا چالاکی پێشمەرگانەیان دژی داگیرکەر ئەنجام دەدا. بەشی زۆری پێشمەرگە و فەرماندە قارەمانەکانی ئەم ناوچەیە خەڵکی ناوچەکە و دانیشتووی سنوورەکە بوون و لە باشترین و قارەمانترین پێشمەرگەکانی یەکێتی بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاوڕێ ساجید، کە ئەندامێکی چالاک و نەترسی کۆمەڵە بوو، تازە لە سجن ئازاد کرا بوو. وەک هاوڕێیەکی کۆمەڵە بەو ماوە کەمەی لەگەڵماندا بوو هەستمان دەکرد چەند ساڵێکە پێکەوەین. لە نامەی ڕێکخستنی نهێنیی کۆمەڵە لە شاردا باسی قارەمانێتی و پاڵەوانێتی و خۆڕاگریی ساجید لە زیندان کرابوو، باسی ئەوەش کە چۆن سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە، هێشتا گیانی هاوڕێکانی پاراستبوو. ساجید بووە جێی شانازیی هەموو هاوڕێیانی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا و دڵنیا بووین لە خەباتی شاخیشدا دەبێتە نموونەی کادری سەرکەوتووی کۆمەڵە و پێشمەرگەی هەڵکەوتووی گەلەکەمان.

هاوڕێ ساجید لەگەڵ خۆی چەند کتێبێکی هێنا بوو، وەک هەموو هاوڕێیانی کۆمەڵە هەر دەرفەت هەبووایە لە بن سێبەرێک یان نوایەکدا دادەنیشت و دەستی دەکرد بە کتێب خوێندنەوە. ملازم ئەنوەر و کاک عوسمان وایان دەزانی کەسێکی نەناسە و هاتوتە دەرەوە، بۆیە گومانیان چوبووە سەری کە ڕەنگە دوژمن ناردبێتییە دەرەوە و دەیانگوت، "لە هەر شوێنێک ئێمە پشوو دەدەین، ئەو کتێبێک دەردێنێ و بە حساب کتێب دەخوێنێتەوە، بەڵام لە دوورەوە بە لای چاو چاودێری ئێمە دەکات و گومانی زۆرمان لەسەری هەیە کە دوژمن ناردبێتی."

هەردووکیان داوایان کرد کە دەبێت لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت، کە بۆمان ڕوون کردنەوە کاک ساجید لە قارەمانەکانی زیندانە و کادری کۆمەڵەیە و کۆمەڵە خۆیان ناردوویانەتە دەرەوە، ئیتر ناسییان کە چ فیداکارێکی کوردایەتییە و زۆر ڕێزو خۆشەویستییان بۆ نیشان دا.

هەر کەس بۆ پەڕینەوە، لە هەر بەرێکی چەمەکەوە، بیویستایە لە ئاوەکە بپەڕێتەوە، سیمێک وەک پەتی جۆلانێ بە ئەڵقەیکی ئاسنی قایم بە سیمە سەرەکییەکەوە بەسترابوو؛ لەسەری دادەنیشتی و دەبوو خۆت بەباشی ببەستیتەوە دەست بەو تاڵە سیمەوە بگری کە لەنێوان ئەڵقەی سیمەکە و کۆتاییی ئەو سیمەدا بوو کە لەسەری دانیشتبووی. ئیتر ئەو سیمە بە شێوەیەک بوو سەرێکی لەوی تر بەرزتر بوو، بۆیە کە دەستیان لێ بەردەدای، پاڵێکیشیان پێوە دەنای. ئیدی سیمەکە دەیگەیاندیتە ئەوبەر، حەبلێکیش بە ئەڵقەی سیمەکەوە بوو، کە سەری ئەو حەبلە بە دەستی کەسێکەوە بوو لەوبەری ئاوەکە تا گەر کەسەکە یان هەر شتێک کە دەپەڕێتەوە، لە ناوەڕاستی ئاوەکە وەستا، لەو بەرەوە سیمەکە ڕابکێشێ و بەسەلامەتی بتگەیەنێتە ئەوبەر.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاتێک ویستمان بپەڕینەوە، خاوەنی سیمەکە پێی گوتین، "سەیری ناو ئاوەکە مەکەن، با سەرتان گێژ نەخوا." هەر واش بوو؛ ئاوەکە بە شێوەیەک هاژەی دەهات سام و ترسی دەخستە دڵەوە. جگە لەوەش مەترسیی ئەوە هەبوو لەناکاو کۆپتەر پەیدا ببێت و بە سەر ئاوەکەوە ببین بە نێچیرێکی ئاسان بۆی، بۆیە دەبوو خاوەخاو نەکەین بەزوویی بپەڕینەوە و مەفرەزەیەک لەو بەرەوە سەنگەر بگرێت بۆ پاراستنی هێزەکە لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو، ئێرانیش ئاگادار بووایە، کێشەی بۆ درووست دەکردین، بۆیە دەبوو زوو ئەو ناوەش چۆڵ بکەین، چاریش نەبوو هەردەبوو بەو ڕێگەیانەدا برۆین، لە بەری ئێرانیش بە زیاتر لە سێ سەعات لە ڕۆیشتی بەردەوام گەیشتینە گوندەکانی بن خەڵەف و کانی زەرد کە چەندین بنکە و پاسگای جەیشی ئێرانیان تێدا بوو. بە شێوەیەک هاتین هێزەکەمان لەگەڵ چریکی ئێرانی بەریەککەوتنمان نەبێت. دەبوو ئیتر لەوێشەوە بەرەو نۆکان برۆین. ملازم ئەنوەر گوتی، "ئێمە لێرە لە کانی زەرد دەمێنینەوە." لەگەڵ کاک وەهاب و هاوڕێ ساجید و چەند پێشمەرگەیەک بەرەو نۆکان ڕۆیشتم.

ئێوارە بوو بە غەڵبەغەڵب. گوتیان قیادەی مۆقەتە هاتوون و گەیشتوونەتە کانی زەرد. خەریک بوو دەبوو بە کێشە. کە ئێمە بە مەسەلەکەمان زانی، گوتمان، "برادەرینە، خۆتان نارەحەت مەکەن؛ ئەو هێزە ملازم ئەنوەرە، دوانیوەڕۆ پێکەوە بووین؛ هیلاک بوون و لەوێ ماونەتەوە. بەیانی دێن بۆ ئێرە." ئیدی دۆخەکە گۆڕا و لە کێشەیەک ڕزگارمان کردن.

لە سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٨دا گەیشتینە نۆکان. دنیا زۆر سارد بوو. خێمەیەکی کۆنی گەورەیان هەڵدابوو، نزیکەی سی کادر لەژێر ئەو دەوارەدا دەخەوتین و بەزەحمەت جێگەمان دەبۆوە. ئەگەر یەکێک بە هەر هۆکارێک بچووایەتە دەرەوە، بەتایبەت ڕۆژی یەکەم و دووەم، جێگەی خۆی بەزەحمەت دەست دەکەوتەوە.

زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە و بزووتنەوەو فەرمانەدەی عەسکەرییەکان لە نۆکان بوون، مام جەلال و دکتۆر مەحموود،عەلی عەسکەری، لەگەڵ زۆربەی زۆری کادرە سیاسی و سەربازییەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوەش.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەشداربووانی یەکەمین کۆبوونەوەی فراوانی کۆمەڵە

ئەم ناوانەم بیرم ماوە: کاک نەوشیروان، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، شێخ عەلی کەشکۆڵ، دلێر سەید مەجید، مامۆستا عەزیز مەحموود، ملازم عومەر، بەکری حاجی سەفەر، تالیب ڕۆستەم، حامیدی حاجی غالی، وەهاب شێخ ئەحمەد، عەلی ساڵح، زیرۆ عەبدوڵڵا، شاخەوان عەباس، قادر خەبات، حەمە سەعیدە قەڵەو، شێخ شەماڵ باخ، سەلاح چاوشین، هاوڕێ شێرکۆ (شێرکۆ جدی)، عەلی ئامە خان، ئاوات قارەمانی، هاوڕێ جەبار، ساجید کەرکووکی، مامۆستا سەرکەوت(هەڵەبجە)، حەمە سەعید حەمە ئەمین (دکتۆر ڕەزا)، محمەدی حاجی سابیر.

کۆبوونەوەکان تا درەنگانێکی شەو درێژەیان دەکێشا، زۆرجاریش بە قسەی خۆش و نوکتەی جۆراوجۆر شەومان تەواو درەنگ دەکرد. مامۆستا عەزیز لە هەرکوێیەک بووایە قەرەباڵغیی درووست دەکرد. ئەوەندە قسەی خۆشی لابوو، قەت تاقەتت لێی نەدەچوو؛ هەندێک جار حەماس دەیگرت و دەنگی بەرز دەبۆوە. جارێکیان مامۆستا عەزیز تۆزێک دەنگی بەرز بۆوە، فەرماندە و سەرکردەی هەڵکەوتووی دەشتی هەولێر کاک شاخەوان عەباس، پێی گوت، "مامۆستا ئەو گارەگارەت لەچییە؟" هەموومان دەستمان کرد بە پێکەنین، بەڵام قسەکە مامۆستا عەزیزی تووڕە کرد، ڕووی تێ کرد و گوتی، "هاوڕێ تۆ دەزانی گارەگار بۆ چی بەکار دێ؟" برادەران مانای درووستیان بۆ مامۆستا ڕوون کردەوە کە ئەوە قسەی هەولێرییانە و زۆریش ئاساییە؛ ئەو مانایەی نییە کە خەڵکی سلێمانی لێی تێ دەگەن. ئەویش کە لە مەبەستەکە تێ گەیشت، قاقایەکی بەرزی لێ دا و هیچی لە دڵدا نەما. لەو ڕۆژە بەدواوە، ئەگەر کەسێک بەبێ مۆڵەت قسەی بکردایە، مامۆستا عەزیز پێی دەگوت، "گارەگار مەکە!" ئیتر ئەو دەستەواژەیە بوو بە قسەیەکی ئاسایی ناو کۆبونەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مامۆستا عەزیز پێشنیارێکی بۆ خۆشی و بەزم کرد و گوتی، "دەڵێن چی داوا بکەین هەر مەفرەزەیک دوو قازمان بۆ پەیدا بکەن و لەگەڵ خۆمان بیانگێڕین!" ئێمەش حەپەساین، گوتمان: "قازمان بۆ چیە؟" ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە، "چۆن بۆچیمانە؟ قاز زۆر وریایە و هیچی لەدەست دەرناچێ، ئیتر حەرەسیاتمان لەکۆڵ دەبێتەوە و هەموو بە ئیسراحەت دەخەوین."

لەناو خێمەکەدا لە گەرمەی گفتوگۆ و مشتومڕدا بووین. نزیکەی سی کادر و فەرماندەی سەربازی دەبووین. یەکەم جار بوو ئاوا پێکەوە کۆ ببینەوە؛ قسە تەواو نەدەبوو. ماشەڵا زۆربەشیان دەنگیان بەرز بوو؛ باسی جۆرەها مەسەلەی سیاسی و پێشمەرگایەتی و ڕێکخراوەیی و دنیامان دەکرد. کاک عوسمانی قادر منەوەر بە لای خێمەکەماندا ڕۆیشتبوو تا بچێتەوە بۆ لای برادەرەکانی خۆی کە لە پشتی خێمەکەی ئێمەوە ببوون، یەکێک لە بردەرەکانمان خوڵقی کردبوو: "خاڵە عەفان بۆ کەمێک نایەیت و لامان دانانیشی؟"

"خەریک بوو بێم، بەڵام کە گوێم لەو مناقەشەیەتان بوو نەموێرا تخونتان بکەوم. ماڵتان ئاوا بێ گوێم لە مناقەشەیەک بوو کلکی کەری تیا دەپچڕا."

***

ئەوەندەی بیرم مابێت، نوێنەرانی سازمانی ئینقلابی ئێران دوو کەس بوون؛ یەکێکیان ناسناوەکەی 'مەحموود' بوو (بەشیری خوسرەوی) ئەوەی تریشیان دکتۆر حسێن بوو، سەرنجم دابوو کاک مەحموود هەموو ڕۆژێک بەو بەفراوەی چەمەکە خۆی دەشت. من ئەمەم بەلاوە سەیر بوو، چۆن دەیتوانی لەناو ئەو سەهۆڵاوەدا خۆی بشوات، لێم پرسی: "چۆن تەحەمولی ئەو ئاوە سارده دەکەی؟" ئەویش هەروا بەسادەیی وەڵامی دایەوە، " کە لە نەمسا بووم، لەوێ خۆم ڕاهێنا لەسەر ئەوەی بە ئاوی زۆر سارد خۆم بشۆم، دەمویست ئامادەکاریی بکەم بۆ سەرماوسۆڵەی زستانی کوردستان."

دوای ماوەیەک، ئەم پیاوە قسەخۆش و قسەزان و گورجوگۆڵە، کە ببووە هاوڕێیەکی نزیکی هەموومان، لە شەڕی هەکاریدا شەهید کرا.

***

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دکتۆر ڕەزا بەرپرسی ناوچەی هەڵەبجەی یەکێتی و کۆمەڵە بوو، هاوڕێ و دۆستی زۆر نزیکم بوو، چەندین جار پێکەوە جەولەی شارباژێڕ و ناوچەکانی ترمان کردووە، جار جار کە بە هەورازدا سەردەکەوتین، ئەو بەشێنەیی دەڕۆیشت و دەکەوتە دواوە، لێم پرسی، "کاکە دکتۆر بۆچی پێبەپێی ئێمە ناڕۆی؟" ئەویش هەروا بە ڕوویەکی خۆشەوە دەیگوت، "هاوڕێ، ڕێگەکە درێژە، درێێێژ! نابڕێتەوە!" ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم وێنەی دکتۆر ڕەزام بە جوانیی لەبەرچاوە.

عەسرێک لە کەناری چەمەکەی نۆکاندا دکتۆر وەکو پادشای مەملەکەت لەسەر بەردێکی گەورە دانیشتبوو؛ شەرواڵەکەی تا ئەژنۆ هەڵکردووە و قاچی خستوتە ناو ئاوی بەفراوی ڕوباری نۆکانەوە کە سەرچاوەکەی ئاوی بەفراوی ئەو کوێستانانەی ناوچەکە بوو. دەنگی لێ هەڵبڕیبوو گۆرانیی (ڕەفیق چالاک)ی دەگوت. دەنگی زۆر خۆش بوو؛ دەنگی لەگەڵ هاژە و قەڵبەزەی ئاوەکە و سرووشتی دڵڕفێنی ناوچەکە تێکەڵ بەیەک ببوون و ببوونە کۆرس بۆ یەکتری. لەگەڵ گوتنی گۆرانییەکەدا، کە سەرنجت دەدا، هەر بەڕاستی هەستت دەکرد ئەم پیاوە مەست بووە و ئاگای لە دنیای پڕژاوەژاوی دەوروپشتی نەماوە؛ ئێمەش چەند هاوڕێیەک بێدەنگ و بێجووڵە هەموو جەستەمان کردبوو بە گوێ و لە ناخی دڵەوە بە ئاسودەیی دڵی هاوڕێکەمان و بەو چونە ناو دنیای عیرفانەوە بێدەنگ و دڵئاسوودەی دەکردین.

کاک ملازم عومەر هات و لامان وەستا. گوێی بۆ گۆرانییەکە شل کردبوو، ماوەیەکی پێ چوو، کاک ملازم عومەر بانگی کرد، "دکتور ڕەزا...." بەڵام ئەو مەست بوو، لەناو سرووشتدا توابۆوە، ئاگای لە دنیای ئێمە نەمابوو، جارێکی تریش بانگی کردەوە هەر وەڵامی نەبوو، ملازم عومەر ئەم جارەیان بە دەنگی بەرز هاواری لێ کرد، ئەویش سەری هەڵبڕی و گوتی: "بێقەزابی، کاک ملازم عومەر! لە گەرمەی یادەوەریی ڕۆژانی لاوی و دڵگەرمییمدا بووم. چییە کاکە! خۆ ڕاپۆرتیان لێ نەداوم؟"

ئاگاداربووم جارێک ڕاپۆرت و زمانیان لێی دابوو، گوایە بە دزییەوە کەمێک شەرابی خواردۆتەوە. ئەوسا کێ دەیتوانی دەم بۆ ئەو جۆرە شتانە ببات.

***

ئەو کاتەی کۆبوونەوەی فراوانی کۆمەڵە لە نۆکان بەسترا، تەمەنی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و چەکداریی کۆمەڵە هەشت ساڵی تێ نەپەڕاندبوو. لە دوای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەسپێکردنەوەی شۆڕشەوە، ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی فراوانی کادرەکانی کۆمەڵە بوو. ئەگەر کۆمەڵە لەدوای گرتنی خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی، سکرتێر و ئەندامانی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی نەبووبێت، ئەوا کاک ئارام، وەک پێشتر باسم کردووە، بە کردەوە سکرتێری کۆمەڵە و کۆمیتەی هەرێمەکان و سەرکردایەتی بوو. ئەرکی ڕێکخستن و ناردنەدەرەوەی دەستە چەکدارییە سەرەتاییەکان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی لەسەر بوو، نزیکەی دوو ساڵ دەبوو خەباتی سەختی چەکداری لە شاخ دەکرد و ئەرک و بەرپرسیارێتیی قورس و مێژوویی قۆناغەکەی جێبەجێ کرد. دوای گرتن و ڕاونانی هاوڕێیانی کۆمەڵە لە لایەن بەعسییەکانەوە و شەهیدبوونی کاک ئارام وەک سکرتێر و ڕابەری کۆمەڵە، بۆ یەکەمین جار بەو شێوەیە کۆبوونەوەی کادرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لەڕادەبەدەر پێویست بوو- ئەسڵەن دەبوو پێشتریش بکرایە.

کۆبوونەوە پێویست بوو بۆ ئەوەی سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵبژێردرێت و بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵە لە شاخ و شاردا بگرێتە ئەستۆ. بە کردەوە و سەرکەوتووانە هاوڕێ ئارام وەک سکرتێری کۆمەڵە بوو، کاک سالار عەزیز و کاک مەلا بەختیار و کاک ئازاد هەورامی لە شاخ بەتایبەت ڕۆڵی دیار و بەرچاویان لە سازدان و فەرماندەییکردنی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکاندا هەبوو. بێگومان دەیان سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەی گومناوی تر هاوشان و پشتیوانی ئەو هاوڕێیانە بوون لەو کاروانە پڕ لە هەواز و نشێوییەدا.

بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی پێشمەرگایەتی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵە لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕش و تەنانەت ساڵانی خەباتی ژێرزەمینییەوە ئەو کۆبوونەوەیە گرنگ بوو. نزیکەی سی ئەندامی کۆمەڵە لە کادر و فەرماندەکانی بەشدارییمان تێدا کرد. کاک عەلی عەسکەری و کاک دکتۆر خالید وتاری بەخێرهاتنیان خوێندەوە، دکتۆر مەحموودیش محازەرەیەکی لەسەر شۆڕشی ئەیلوول و هۆکاری شکست و تواناکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول پێشکەش کرد. یەکەم جار بوو لەنزیکەوە دکتۆر مەحموود ببینم.

مام جەلالیش بەشدار بوو؛ لە بەشێکی کۆبوونەوەکاندا بە درێژی باسی مێژووی کۆمەڵە و ڕۆڵی خۆی لە دروستکردنی ئەو ڕێکخراوە و قۆناغەکانیدا کرد، باسی پەیوەندیی یەکێتی بە فەلەستینییەکان و وڵاتانی سووریا و لیبیا و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پارت و ڕێکخراوە عێراقی و عەرەبییەکانەوە کرد. دەیگوت کودەتای سەربازی لە عێراق دەبێت و بەعس دەڕووخێت. لای مام دائیم بەهار بوو، ئاماژەی بە خراپیی پەیوەندیی نێوان یەکێتی و قیادە مۆقەتە کرد و گوتی، "دوژمنانی کورد نایەڵن کورد ڕێک بن." لە باسی ئێراندا گوتی، "پەیوەندیمان لەگەڵیاندا لەوپەڕی ئاڵۆزی و خراپیدایە؛ ئەوەتا لەم بستە شوێنە (مەبەستی نۆکان بوو)، هەموو ڕۆژێک دەکەنە سەرمان و دەڵێن 'نەڕۆن لێتان دەدەین.'"

یەکەم جار بوو مام جەلال لە کۆبوونەوەیەکی وا تایبەتدا ببینم. ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا قسەیەکی مام جەلال بوو کە گوتی، "من تا ئێستا ئەندامی کۆمەڵەم، لە دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکەم، ئێستاشی لەگەڵ بێ نە دەستم کێشاوەتەوە، نە دووریش خراومەتەوە." لانی کەم بۆ هەندێکمان، کە لە دەستەکانی سەرەتای کۆمەڵەدا نەبووین، ئەوە زانیارییەکی نوێ بوو، چوونکە ئاڕاستەی سیاسەتی کۆمەڵە کە کاک ئارام ڕابەرایەتی دەکرد خۆدوورخستنەوە بوو لە کاریگەریی سیاسەتی ڕابردووی جەلالی و مەلایی لەسەر سیاسەت و هەڵوێست و ئاڕاستەی کۆمەڵە.

مام باسی پارتە کۆمۆنیستەکانی کرد کە لە جیهاندا لە پاشەکشەدا بوون و جەماوەریان بەرەو کزیی دەڕۆیشت. بەشێک لە برادەرانی بەرپرسی باڵای کۆمەڵە هاتوچۆی شاریان دەکرد، مام جەلال و زۆربەی برادەران زانیارییان هەبوو. مام جەلال سەرنجی ڕاکێشان کە هەڤاڵان لە چوونە سلێمانی خۆیان بەدوور بگرن.

کاک نەوشیروان سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی دەکرد. بەوردی و بەڕوونی دیوێکی تری مێژووی کۆمەڵەی باس کرد و ڕای خۆی بە ئامادەبووان دا. لەسەر دۆخی کۆمەڵەی دوای شەهید ئارام و پلان و بەرنامەی ئایندەی ڕێکخراوەکە و دۆخی سیاسی و پێشمەرگایەتی کۆمەڵە لەناو یەکێتی و کوردستاندا قسەی کرد. بەدرێژی باسی درووستبوونی کۆمەڵەی کرد و گوتی کە ئەویش یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەیە و دواتر بە هۆکارێک دوور کەوتۆتەوە. هۆکارەکەی باس کرد، بەڵام ڕەنگە پێویست نەکات من لێرەدا باسی بکەم. زۆر بەتوندییش سەرزەنشتی چوونە شاری هاوڕێیانی کرد گوتی پێچەوانەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەیە و لە نامەکانی کۆمیتەی ڕێکخستنی شاریشدا داوای هەمان شت کراوە. ئاشکرای کرد هەر هەڤاڵێک بچێتە ناو شار، دووچاری لێپرسینەوە دەبێت، بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تایبەتیش ڕووی کردە مامۆستا عەزیز تا ئەوانی تر تێبگەن و گوتی، "گلەیی زۆر لە تۆ دەکەن و دەڵێن زوو زوو سەردانی شار دەکەی."

***

دکتۆر مەحموود پارتێکی تازەی درووست کردبوو بە ناوی 'لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان.' کاک قادر جەباری و کاک عوسمانی قادر منەوەر و چەند پێشمەرگەیەکی لەگەڵدا بوو، کتێبێکیشی دەربارەی هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی ئەیلوول نووسیبوو؛ تێیدا نهێنیی زۆری لەبارەی توانای دارایی و لۆجستی و سەربازیی هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولەوە باس کردبوو؛ زانیاریی زۆر تازەی تێدا بوو، زۆر دیوی شاراوەی شۆڕشەکەی خستبووە ڕوو. لە کۆبوونەوەکەی ئێمەشدا محازەرەیەکی دووروودرێژی پێشکەش کرد لەسەر خاڵە بەهێز و لاوەزەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و قیادەی مۆقەتە و کۆبوونەوەکانی یەکێتی و خۆیان و معارەزەی عێراقی لە سووریا.

لەدوای هەر باسێک کە کاک نەوشیروان دەیکرد یان میوانەکان دەهاتن و قسەیان دەکرد، دەرگای گفتوگۆکردن و دەربڕینی ڕا و بۆچوونەکان دەکرایەوە و گفتوگۆی زۆری بەرهەمدار دەکران. لە ئەنجامدا، پێشنیاری گرنگ دەهاتنە ئاراوە و کۆبوونەوە و بڕیارەکانیان دەوڵەمەند دەکرد. کۆبوونەوەکە دەرئەنجام و بڕیارەکانی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی بردە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە بووە هۆی نوێبوونەوەی ڕووحی هاوڕێیەتیی نێوان هەموو ئەو هاوڕێیانەی لە ناوچە جیاوازەکانەوە هاتبوون. زیاتر شارەزا بووین بە جوگرافیای کاری سیاسی و پێشمەرگایەتیی هاوڕێیان لە ناوچەکانیان گرفت و ڕێگرییەکان و گۆڕینەوەی ئەزموونی بەدەستهاتووی هەر هاوڕێیەک لە هەر ناوچەیەک. گەرچی پێشتر زۆربەیان هاوڕێمان بوون، بەڵام بە هۆی دۆخی سەختی داگیرکاری بەعس و دووریی ناوچەکەمان لە یەکترەوە، بە تاسەوە بووین بۆ دیدارێکی لەو جۆرە.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرکردایەتییەکی نۆ کەسیی کاتی بۆ کۆمەڵە هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی کارەکان ڕاپەڕێنن تا ئەو کاتەی کۆنفرانس دەبەسترێت. ئەندامەکان ئەمانە بوون: کاک نەوشیروان، مەلا بەختیار، سالار عەزیز، ئازاد هەورامی، بەکری حاجی سەفەر، مەحموود عەبدولڕەحمان (شێخ عەلی)، ئاوات قارەمانی،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مامۆستا جەعفەر، ئەحمەد کرێکار. مامۆستا جەعفەر خۆی ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو، بەڵام کاک نەوشیروان شایستەبوونی بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵە پێ پەسەند بوو، بۆیە پێشنیاری کرد ئەویش بپاڵێورێ بۆ ئەندامی سەرکردایەتی و پێشنیارەکەشی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ئەحمەد کرێکاریش هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە نەبوو، کاک ئەحمەد لەسەر پێشنیاری کاک ئازاد هەورامی و کاک مەلا بەختیار بوو دەنگی زۆرینەی کۆبوونەوەی بەدەست هێنا. کاک ئەحمەد تێکۆشەرێکی بەتوانا و سەرکردەیەکی مەیدانیی نەترس و بەئەزموون و پێویست بوو بۆ ڕێکخستنە نهێنییەکانی کەرکووک.

ماوەیەکی زۆر بوو کێشەی مۆری کۆمەڵەمان هەبوو، وا باس دەکرا کە دوای خاڵە شەهاب، مۆری کۆمەڵە گەیشتۆتە دەستی تەها یاسین ڕەمەزان.[1] چەندین چیرۆکی ناڕەوا و بێبنەما درووست کرابوون و درابوونە پاڵ سەرکردەی دڵسۆز و خاوەن مێژووی تێکۆشانی ناو کۆمەڵە. کاک عەلیی ئامە خان، کە فەرماندەیەکی سەربازیی بەتوانا و کادری کۆمەڵە بوو، هاتە قسە و گوتی، "کاک نەوشیروان! هاوڕێیان من نهێنییەکم لایە و ماوەکی زۆرە پاراستوومە و ویستومە لە کۆبوونەوەیەکی وا گرنگدا باسی بکەم. خاڵە شەهاب مۆرەکەی کۆمەڵەی ڕادەستی من کردووە و منیش تا ئێستا پاراستوومە، چۆن و کێتان پێ باشە تەسلیمی ئەوی دەکەم." بەمەش گرێکوێرەی گومانێکی زۆر گەورە ڕەوییەوە، گومانێک کە بەناڕەوا خرابووە سەر باشترین و بەتواناترین هاوڕێی کۆمەڵە و لەملاولا بە خیانەت تۆمەتبار دەکرا. ئەوسا ئێستاش بیری لەو درکاندنە دەکەمەوە. دەبێت چەند تێکۆشەر و خەباتکار بەناڕەوا تاوانبار کرابن و بە زمانی خراپەکاران و بێتواناکان شکێندرابن و سزای قورسیش درابن، ڕاستییەکەش پێچەوانەی درۆ و بوختانەکان بووە.

لە کۆتاییی کۆبوونەوەکەشدا دەستەیەک، کە لە سێ هاوڕێ پێک هاتبوو، وەک ناوەندی کۆمەڵە بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵە و ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوە یان کۆنفرانسی داهاتووی کۆمەڵە، دەستنیشان کران. کاک نەوشیروان، سەرۆکی دەستەکە بوو، کاک ئازاد هەورامی و مامۆستا جەعفەریش ئەندامی بوون.

---

١ ئەم پیاوە کوردێکی دانیشتووی موسڵ بوو، لە ساڵی ١٩٥٦دا و لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا بووە بە بەعسی و لە ساڵی ١٩٩١ەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ جێگری سەدام بووە. دوای ڕووخانی ڕژێمەکە دەستگیر کرا و لە ساڵی ٢٠٠٧دا لەسێدارە درا. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕادەکێشا ئەوە بوو ئەم پیاوە خۆی کوردی شەبەک بوو، کەچی لە دادگاییکردنەکەیدا بەردەوام بە دشداشە و عەگالەوە دەردەکەوت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک نەوشیروان و سەرکردایەتیی نوێی و کادر و فەرماندە سەربازییەکانی کۆمەڵە لە شار و شاخ توانییان لە بواری سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتیدا کۆمەڵە بە شێوەیەکی بەرچاو بخەنەسەر ئاراستەی گەشەکردنێکی بەرچاو، پەیوەندیی نێوان ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەیان لە شار و شاخ بەهێز کرد، ناوەندێکی بڕیاریان بۆ کۆمەڵە درووست کرد، هەیکەلی ڕێکخستنی کۆمەڵە دارێژرایەوە و سەرکردایەتیی شارەکان دەستنیشان کران، هەوڵێکی زۆریش درا بۆ باشترکردن و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوە، چوونکە لە ئاستێکی خراپدا بوو. بەرنامەی کاری داهاتووی ئۆرگانەکانی ڕێکخستن ئامادە کرا، زەمینە خۆش کرا بۆ کۆبوونەوەی فراوانی داهاتووی کۆمەڵە، ئیتر کۆمەڵە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە.

کۆبوونەوەی نۆکان وەرچەرخانێکی جۆریی پڕبایەخ بوو؛ ئەوەندەی تر کۆمەڵەی گەشاندەوە و وەک حیزبێکی پێگەفراوان خستییە سەر ڕێگەی درووستی هەڵکشان و پێشکەوتن.

***

زۆر دەمێک بوو کاک ئازاد هەورامیم نەدیبوو؛ بەهۆی ئەم کۆبوونەوەیەوە دەرفەتمان بۆ درووست بوو قسە لەسەر زۆر بابەتی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە بکەین، کاک ئازاد دنیابینیەکی ورد و تەواوی بۆ کۆمەڵە و ئایندەی کۆمەڵە هەبوو؛ لە کاری ڕێکخراوەیی و سەرکردایەتیکردندا خوێندەوار و قووڵ بوو؛ ئاییندەی باش دەبینی؛ یەکێک بوو لەو سەرکردانەی بەزوویی دەبووە هاوڕێی زۆر نزیک و تێکەڵ دەبوو؛ بەبێ ئەوەی داوایشی لێ بکەیت، دەبوو بە بەشێکی سەرەکی لە چارەسەری کێشەکەنمان. هەموو ئەو بەها و پرەنسیپانەی تێدا بوو کە لە کاک ئارامدا هەبوون.

کاک ئازاد هەورامی هەر وەک کاک ئارام بیری دەکردەوە، بە لایەوە گرنگترین ئەرک لە ئەستۆی ئەندامانی کۆمەڵە پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵە و ئاییندەی کۆمەڵە و بنەما فیکری و ڕێکخراوەییەکانی کۆمەڵە بوو، ئەمەش ستراتیژی کۆمەڵە بوو کە کاک ئارام دای ڕشتبوو. زۆر کاری لەسەر ئەم پرەنسیبە گرنگە دەکرد؛ هەمیشە قسە و پێشنیارەکانی بەو ئاراستەیەدا دەڕۆیشتن. بە دڵنیاییشەوە ئەمە کارە درووستەکە بوو کە دەبوو بەردەوام و بۆی تێ بکۆشین. ساڵانی سەرەتا توانیمان ئەمە بکەین، بەڵام دواتر ئاراستەی ڕووداوەکان بە جۆرێکی دیکە بوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تا لە کۆتاییدا ڕۆژێک هاتە پێشەوە کە ئەو بنەما بەهادارانەی کۆمەڵە بوون بە بەشێک لە ڕابردوو.

زۆر سەرسام بووم بە ئارامی و لەسەرخۆیی کاک ئازاد لە قسە و هەڵسوکەوتیدا، بەقووڵیی بیرکردنەوەی لە سیاسەتدا، بە واقیعبینی و دووربینییەکەی؛ پیاوێک بوو ڕاست و ڕەوان دەدوا و واقیعیانە بیری دەکردەوە؛ قسەلەڕوو بوو، چاوی لە هەڵەی هاوڕێکانی نەدەپۆشی، گەر هەڵەیەی بکردایە، ڕەخنەی لە خۆی دەگرت، پیاوی چالاکی ناو کۆبوونەوەکان بوو، زۆر کارایانە بەشداریی لە گفتوگۆکردن و مشتومڕەکاندا دەکرد، سەرکردەیەکی پڕ لە هێز و توانای خەبات و تێکۆشان و هەڵکەوتوویەکی بەتوانای سیاسی و ناو خەڵک و پێشمەرگە بوو. کاتێک هاوڕێ ئارام شەهید بوو، زۆربەی هاوڕێیانمان چاومان لەسەر ئەوە بوو کاک ئازاد هەورامی جێی بگرێتەوە و ببێتە سکرتێری کۆمەڵە.

***

سوپای ئێران بەردەوام فشاری دەکرد و داوای دەکرد هەرچی زووە مقەڕەکانی نۆکان چۆڵ بکەین، بۆیە دەبووایە یەکێتی هەرچی زووە کۆبوونەوەکانی کۆتایی پێ بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆ بەری عێراق. بۆیە بەشێک لە هەڤاڵان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، بەپێی بڕیارەکانیش ژمارەیەک لە هەڤاڵان خۆیان ئامادە کرد تا بەرەو بادینان بکەونە ڕێ. نۆکانمان جێ هێشت و گەڕاینەوە بۆ ناوچەکانی خۆمان.

بزووتنەوەش هەر لە نۆکان کۆبوونەوەی فراوانی خۆی ساز کرد. بەپێی ئەو دەنگوباسەی دەگەیشتە لامان، گازندە و گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان و کۆمەڵە لەلایەک و مام جەلال لە لایەکی تر درووست ببوو. وەک باس دەکرا جۆرە دوورییەک لەنێوان کاک عەلی عەسکەری و کاک ڕەسوڵ مامەندا هەبوو، هەردووکیان وەک نوێنەری بزووتنەوە لەناو مەکتەب سیاسیی یەکێتیدا دیاری کرابوون، بەڵام لەبنەڕەتدا کاک عەلی عەسکەری لە شاخ وەک بەرپرسی یەکەمی بزووتنەوە بوو. لەدوای کۆبوونەوەکانیان لە نۆکان، کاک ڕەسوڵ مامەند لە ئەندامێتیی مەکتەبی سیاسی کشایەوە و کاک ملازم تایەر چووە جێی. دوای کارەساتی هەکاری ڕوونتر دەرکەوت کە ناکۆکیی زۆریان لەنێواندا هەبووە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆبوونەوەکانی سێ سنوور

نوێنەرانی بزووتنەوە لە کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا بریتی بوون لە کاک عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا (عومەر دەبابە)، ملازم تایەر، دکتۆر خالید، سەید کاکە، حاجی حاجی برایم.

نوێنەرانی کۆمەڵە لە سەرکردایەتیی یەکێتی ئەمانە بوون: کاک نەوشیروان، کاک ئارام، کاک سالار عەزیز، کاک ئازاد هەورامی، کاک مەلا بەختیار، کاک ملازم عومەر. کاک ئارام و سالار عەزیز وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی دیاری کران.

لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی لە سێ سنوور، شەش هەڤاڵ کرانە نوێنەری هێڵی گشتی لە سەرکردایەتی یەکێتیدا، ئەوانیش بریتی بوون لە کاک حسێن بابە شێخ، کاک دکتۆر فوئاد مەعسوم، کاک دکتۆر کەمال فوئاد، کاک عادل مراد، کاک عەبدولڕەزاق فەیلی، کاک عومەر شێخ مووس. لە نوێنەرانی خەتی گشتی تەنها کاک شێخ حسێن لە کوردستان بوو، باقیی ئەوانی تر لە دەرەوەی وڵات بوون و وەک ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی بوون. مام جەلال بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا، چوار هەڤاڵیش بوونە ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە ئەمانە بوون: کاک ئارام و کاک سالار عەزیز وەک نوێنەری کۆمەڵە؛ کاک عەلی عەسکەری و کاک ڕەسوڵ مامەندیش وەک نوێنەری بزووتنەوە. وەک پێشتر گوتم، دواتر کاک ڕەسوڵ مامەند دەستی لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی کێشایەوە. ملازم تایەری عەلی والی لە جێی دانرا.

تالیب ڕۆستەم دەستی لە ئەندامێتی سەرکردایەتیی یەکێتی کێشایەوە بەوەی لە کۆبوونەوەی فراوانی نۆکاندا نەیتوانی دەنگی پێویست بۆ بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی بەدەست بهێنێت، کاک ئازاد هەورامی چووە جێگەی و بووە ئەندامی مەکتەب سیاسی وەک نوێنەری کۆمەڵە، واتە سالار عەزیز و ئازاد هەورامی هەردووکیان نوێنەری کۆمەڵە بوون لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەرکردایەتیی یەکێتی لە نۆکان ژمارەیەک بڕیاری دا، لەوانە:

بنکەیەکی سەرکردایەتی لە ناوچەی برادۆست، کە ناوچەیەکی ستراتیجیی گرنگە، جێگیر بکرێت. بوونی هێز و دەسەڵات بەسەر ئەو ناوچەیەدا بە بەرژەوەندیی سیاسی و سەربازیی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ هەر هێزێک کە باڵادەستی لەو ناوچەیەدا هەبێت. ئەو ناوچەیە پردێکی پەیوەندیی بەهێزە لەنێوان باشووری کوردستان و باکوور و ڕۆژهەڵاتدا و بوونی بنکەیەکی سەربازیی بەهێز دەبووە بەهێزبوونی جێپێی سەربازی و لەوێشەوە دەتوانرا پشتیوانیی گەشەکردن و فراوانبوونی هێز لە بادیناندا بکرێت. یەکێتی ئەو ناوچانەی بەدەستەوە بوو؛ هێز و بارەگای هەبوو، بەڵام چۆڵیان کردبوون.

بەگشتی، چەک و پێویستیی سەربازی زۆر کەم بوو؛ بەئاسانی دەست نەدەکەوت، برادەران باسی ئەو هەموو چەکەیان دەکرد کە لەبەردەستە و لە سووریا و فەڵەستینییەکان وەریان گرتووە، بەڵام گرفتێکی گەورە ئەوە بوو ڕێگەی هێنانەوەیان بۆ ناوەوەی وڵات قورس بوو، هۆکاریش بە پلەی یەکەم قیادەی مۆقەتە و خێڵە چەکدارەکانی سەر سنووری تورکیا بوون.

بەبێ کۆتاییهێنان یان جۆرە ڕێککەوتنێک لەگەڵ قیادەی مۆقەتە زۆر زەحمەت بوو بتوانرێت ئەو چەکانە بگەنە دەستی پێشمەرگە. لە کۆبوونەوەی نۆکاندا بەڕوونی هەستمان بەوە دەکرد کە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ قیادەی مۆقەتە نییە و هێشتا ناکۆکیی قووڵ هەن.

گرفتی نەگەیشتنی چەک و ئەو ڕێگریانە یەکێک بوو لە گاڵتەجاڕییەکانی زەمانە: دەوڵەتێکی وەک لیبیا لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە چەک دەنێرێت بۆ ئێمەی کورد، ئێمەی کوردیش خۆمان دوژمنی خۆمانین و خەریکی شەڕی ناوخۆ و براکوژیین و داگیرکەرمان بیر چۆتەوە، داگیرکەرێک کە سەرقاڵی جێبەجێکردنی پیلانی ڕاگواستنی گوندەکان و وێرانکردن و گواستنەوەی خەڵکەکەیەتی! بێشک ئەوە ڕاستە کە دار پوازی لە خۆی نەبێت ناقەڵشێ!

مشتومڕێک لەسەر چوون و نەچوونی مام جەلال بۆ بادینان درووست بوو. کاک عەلی عەسکەریی داوای دەکرد مام لەگەڵ هێزەکەدا بێت، بەڵام کاک نەوشیروان ڕێگری و پێداگری کرد و گوتی، "کە ئێوە گەیشتن، ئێمە وەک وەجبەی سێیەم دێین." ڕای جیاوازی دیکەش هەبوو لەناو کۆمەڵەدا کە دەیگوت با سەرەتا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگەڵ قیادە مۆقەتە ڕێک بکەوین، دوایی هێز ڕەوانە بکەین بۆ هێنانی چەک، کە ڕێککەوتنیشمان کرد، با سەرەتا هێزێک بچێتە ناوچەکە و کەرەستە و ئامرازی پێویست بۆ گوێزانەوەی چەکەکان ئامادە بکات، دوای ئەنجامدانی ئەم کارە ئینجا هێزی بادینان هەوڵ بدات جێ و ڕێی خۆی بکاتەوە، دواتر ئەگەر پێویستی کرد، مامیش بچێت بۆ ئەوێ.

سەرکردایەتیی یەکێتی بڕیاری دابوو هێز ڕەوانەی ناوچەکانی بادینان بکات و شوێن بنکە و بارەگاکانی ساڵی ڕابردووی ناوچەی برادۆست بگرێتەوە دەست و ئاوەدانیان بکاتەوە و هێزیان تیدا جێگیر بکات. هەنگاوی دواتر بادینی و هێزی بادینان لە بادینان جێگیر بکرێت و ڕێگە بۆ هێنانی چەک و هاتوچۆ بۆ سووریا بکرێتەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەش داوا لە زۆربەی فەرماندەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کرابوو لە ناوچەکانی خۆیان بەشێکی کەم لە هێزەکەیان جێ بهێڵن و ئەوانی دیکەیان بکەن بە پێکهاتەی سەرەکی ئەو هێزەی بەرەو بادینان دەچوون.

هێزە گشتییەکە هەر دوو هێزەکەی کاک عەلی عەسکەری و کاک دکتۆر خالید و چەندین سەرکردە و فەرماندەی سەربازیی لەخۆگرتبوو. لە دوو کاتی جیاوازدا بە ئاڕاستەی برادۆست جووڵابوون. بە هەردووکیان نزیکەی هەشت سەد پێشمەرگە دەبوون. ژمارەیەک پێشمەرگەیان بێچەک بوون و بۆ ئەوە بوو لە کاتی هێنانی چەکەکاندا چەکدار بکرێن. لە ناوەڕاستی نیساندا بە ئامانجی دیاریکراو بەڕێ کەوتن.

هەر دوو هێزەکە هەر لە یەکەم هەنگاویانەوە، لەلایەن هەردوو سوپای عێراق و ئێرانەوە، دووچاری گرفتی زۆر و شەڕ و پەلاماردان بوونەوە، ئەوەش بووە هۆی شەهیدبوون و بریندار بوونی ژمارەیەک لە پێشمەرگە و فەرماندەکانی هێزەکە، سەرباری ساردوسەرمای زۆر و نەمانی خواردن و برسێتیی و ماندووکردنی هێزەکە، کە بووە هۆی زیانی گیانیی زۆر. بە کورتی، سرووشت و جوگرافیا و خێڵ و عەشیرەتەکانی باکووری کوردستان و قیادەی مۆقەتە ڕەحمیان بەو لەشکرە نەکرد. هەر سێ دەوڵەتی دژ بە کورد چاویان لەوە بووە و بە سەرکەوتنی خۆیان زانیوە کە کورد بەو شێوەیە دەستیان خستۆتە خوێنی یەکتر و یەکتر قڕ دەکەن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تێداچوونی ئەو هێزە زۆرەی یەکێتی بەو هەموو سەرکردە و و فەرماندە و پێشمەرگەیەوە زیانێکی گەورە بوو لە جووڵانەوەی کورد بەگشتی، دواتریش کارەساتی گەورەی هەکاریی لێ کەوتەوە و دەیان ڕۆڵەی کورد لەو شەڕانەدا کوژران و زیانی گەورەی بێقەرەبوو بەر شۆڕشی کورد کەوت. دوژمنانی کوردیش وەک سەرکەوتنێکی گەورەی خۆیان حیسابیان دەکرد و خۆشحاڵ بوون بەوەی کورد خەریکی شەڕی یەکترن و دوژمنیان بیر نەماوە.

تێداچوونی ئەو هێزە زۆرە بەو شێوەیە بەزوویی بە هەموو لایەکدا بڵاو بۆوە و خەڵکی کوردستانی بەگشتی ناڕەحەت بوون کە زانییان بەهۆی شەڕی براکوژییەوە کورد و پێشمەرگە ئەو زیانە گەورەیەیان کردووە. ئەوەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر هێزی ناوچە جیاجیاکان هەبوو.

لەو هەلومەرجە سەخت و ئاڵۆزەدا، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبوو لە ئامادەکردن و ناردنەدەرەوەی ئەندامان و کادراندا بۆناو هێزی پێشمەرگە. ئەتوانم بڵێم کۆمەڵە وەک داینەمۆیەک یەکێتیی هەڵدەسووڕاند و بە پشتیوانیی جەماوەر و پێشمەرگە توانیی تا ڕادەیەکی زۆر هەنگاو بەهەنگاو بەشێک لەو ئازارو برینە قووڵە تیمار بکات و شان بداتە بەر ئەو شکستە گەورەیە و وا بکات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هێزی پێشمەرگە گەشە بکاتەوە. لە قەندیلەوە مام جەلال و کاک نەوشیروان توانییان بەوپەڕی لێوەشاییەوە شان بدەنە بەر شکستی هەکاری و ڕێگر بن لە شکست و کارەساتی گەورەتر.

فەرماندە و کادری ناوچە جیاجیاکان هەر یەکەمان لە سنووری گوند و ناوچەکانی کارکردنماندا کۆبوونەوەی زۆرمان دەکرد و هەوڵی زۆرمان دەدا تا خەڵک هان بدەین بۆ پێشمەرگایەتی. دوژمن و دەزگا جاسووسییەکانی جەنگێکی دەروونیی فراوانیان بەرانبەر یەکێتی و پێشمەرگە و جووڵانەوەی کورد بەرپا کردبوو بەوەی کارەساتی هەکاری جووڵانەوەی کوردی تێک شکاندووە و هەرچی زووە دەبێت ئەوەی ماوە تا لێخۆشبوون هەیە چەک دابنێن و تەسلیم ببنەوە. ئێمە نەک ئەم شەڕە دەروونییەی بەعسمان شکست پێ هێنا، بەڵکوو پێشمەرگە بووەوە هەوێنی درووستبوونەوەی پێشمەرگەی زیاتر و گەشەی گرنگ.

لە یەکێک لە دێهاتەکانی شارباژێڕی تەخت چووینە لای برادەرێک کە پێشمەرگە بوو و تەسلیم ببۆوە. داوامان لێ کرد ببێتەوە بە پێشمەرگە و پێمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گوت کە تەسلیمبوونەوەکەی هەڵەی ئەوی تێدا نییە، بەڵام ئەو گوتی، "بە حەیاتی نابمەوە بە پێشمەرگە، ئەوەی من دیومە، هەر کەس ببینێ، جارێکی تر چەک هەڵناگرێ." لێمان پرسی چیی بینیوە تا بۆمان باس بکات، گوتی، "کە تەسلیم بووینەوە، بردیانین بۆ مەعەسکەرێکی گەورە لە کەرکووک. چیم بینی! تا چاو بڕ کات دەبابە و زرێپۆش و کۆپتەری حەربی و حەماڵ بوو! چی چەکی قورسی دنیا هەیە لەوێ بوو! بەخوا بەو کلاشینکۆفە شەڕی ئەو دەوڵەتە ناکرێ و سوێندم خواردووە چەک هەڵناگرمەوە." دڵنیام زۆری تری لەو جۆرە هەبوون و سەدانی تر سوێندیان خواردبوو نەبنە پێشمەرگە و ئاوا بەو شێوەیە بە دەستی کورد و برای خۆیان بکوژرێن، سیاسەت و پلانی دوژمنانی کوردیش هەر ئەوە بوو.

ئەتوانم بڵێم دوای ئەوەی لە بەهاری ساڵی ١٩٧٧دا و لەدوای هێرشی بەرفراوانی دوژمن بۆسەر ناوچەکان ڕووی دا سەدان پێشمەرگە تەسلیم بونەوە، هەکاری دووەم شکستی گەورە بوو ڕووبەڕووی یەکێتی بۆوە. لە پەلاماری یەکەمیشدا زۆربەی زۆری ئەوانەی چەکیان هەڵگرتبوو تەسلیم بە دوژمن بوونەوە؛ کەسانی واشیان بە خۆیانەوە ڕووخاند و کە هەرگیز پیاوی ورەبەردان و چەکدانان نەبوون، بەڵام جیاوازییەکە ئەوە بوو کە ئەو پێشمەرگانە خۆڕاگر نەبوون، ئەمانتوانی ئەمە بە خەڵک بڵێین، بەڵام بۆ شەڕی ناوخۆ و ئەو هەموو شەهیدە و بێسەرشوێنبوونی دەیان پێشمەرگە و شەهیدبوونی پۆلێک سەرکردە و تیاچوونی ئەو هێزە زۆرە بەو شێوەیە نەماندەزانی چۆن خەڵک ئارام بکەینەوە.

کارەساتی هەکاری بۆ یەکێتی و هێزی پێشمەرگە بووە زەبرێکی گەورەی بێقەرەبوو، بزووتنەوە زۆربەی سەرکردە و فەرماندەکانی لە هەکاری لەدەست دا. کاک عەلی عەسکەری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە و کاک دکتۆر خالید و کاک شێخ حوسێن ئێزیدی سەکردە و فەرماندەی دیاری ناو پێشمەرگە و یەکێتی بوون. هەموویان دەستگیر کران و لەلایەن قیادەی مۆقەتەوە گوللەباران کران.

چەندین سەرکردە و فەرماندەی پێشمەرگەی کۆمەڵە و یەکێتی کەوتنە دەستی قیادەی مۆقەتە، ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەکانی شەهید و برینداز و بێسەروشوێن بوون، ژمارەیەکیشیان بە ناوچەکەدا پەرتەوازە بوون، چەند پێشمەرگەیەک بەوپەڕی نارەحەتی خۆیان گەیاندەوە سەرکردایەتی. پێشتر و لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ساڵەکانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧دا برایم عەزۆ و حەسەن خۆشناو و چەندین پێشمەرگەی تر هەر لەلایەن قیادەی مۆقەتەوە لە بادینان شەهید کرابوون.

بزووتنەوە کێشەی ناوخۆیی زۆر بوو؛ کاک ڕەسوڵ مامەند ناکۆکیی لەگەڵ بەشێک لە سەرکردەکانی حیزبەکەی و یەکێتیدا هەبوو، لەسەر کۆمەڵێک هۆکار دەستی لە ئەندامێتیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کێشابۆوە. کاک ڕەسوڵ نەیدەشاردەوە و بەئاشکرا لە مەجلیس و کۆبوونەوە و میوانداریدا ڕەخنە و قسەی توندی دەکرد بەتایبەت کە مەقەڕیان لە ناوزەنگ و زەڵێ و شێنێ بوو. هەڵوێستی خۆی لەسەر جیاوازی و ناکۆکییەکانی لەگەڵ مام جەلال و کۆمەڵە دەردەبڕی. بزووتنەوە وایان دەبینی کە کۆمەڵە و مام جەلال یەکن و جیاوازی لەنێوانیاندا نییە و تەواکەری یەکترن و بە هەردوو لا غەدریان لێ دەکەن. بەمانایەکی تر، بزووتنەوە بیرکردنەوە و ئاڕاستەی سیاسیی جیاوازتری هەبوو لەو ئاڕاستە سیاسییەی یەکێتی. لەسەر ناکۆکی و ململانێی نێوان یەکێتی و قیادەی مۆقەتە لەسەر درووشمی یەکێتی بۆ ڕووخانی ڕژێم ڕای جیاوازی هەبوو؛ پێیان وا بوو کە ڕژێمی بەعس ناڕوخێت و زیاتر مەیلیان بە لای مفاوەزاتدا هەبوو. کارەساتی هەکاری وای کرد کاک ڕەسوڵ مامەند بووە بەرپرسی یەکەمی بزووتنەوە، واتە هەکاری و بوونی مقەڕاتی پێشمەرگە لەو بازنە بچووکەی ناوزەنگ و زەڵێ، شێنێ و بەری گۆڕەشێر و جووڵەی سەرەتای خۆپیشاندەران لە ئێران تا ڕادەیەکی زۆر ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی کێشەکانی بزووتنەوە لەگەڵ یەکێتی بە ئاقارێکی تردا بڕۆن و سەرەنجامەکەی جیابوونەوەی بزووتنەوە بێت لە یەکێتی.

لەڕاستیدا، هەر جیابوونەوە نەبوو، بەڵکوو بوونە دوو سەنگەری دژ بەیەک و ئەنجام گەیشتە ئەوەی شەڕی ناوخۆی خوێناوی لەنێوان دوو لایەنی سەرەکیی پێکهێنەری یەکێتیدا درووست ببێت و ببنە دوو دوژمنی سەرسەختی یەکتر و دەیان و سەدان پێشمەرگەش ببنە قوربانیی ئەو شەڕە. جگە لەوەش، نێوانی یەکێتی و قیادەی مۆقەتە بەتەواوەتی تێک چووبوو؛ چاوەڕوانی هیچ جۆرە ڕێککەوتن و نزیکبوونەوەیەکیان لێ نەدەکرا.

کورد خەریکی شەڕی براکوژی بووین، داگیرکەری بەعسیش پلانی خۆی لە وێرانکردنی کوردستان و قڕکردنی نەتەوەیەک لەسەر خاکی هەزاران هەزار ساڵەی خۆی جێبەجێ دەکرد- دەشڵێن مێژوو دووبارە نابێتەوە!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەڕی ناوخۆ ڕەنگە زۆر هۆکاری هەبووبێت. لە سیاسەتدا، ئەگەر بتەوێت باشترین دەکەیتە خراپترین و خراپترین دەکەیتە باشترین، بۆیە ئاسانترین شت ئەوەیە بۆ هەر کارێک کە مەبەستتە و لە بەرژەوەندیتە بیانووی زۆر و پاساوی ڕەوایەتی بۆ بهێنیتەوە، بەڵام ئەتوانم بڵێم هۆی سەرەکیی هەڵگیرسان و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان، جا چ سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ئابووری بن، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتداری. ئێمە وەک میللەتی کورد ڕانەهاتووین دەسەڵات دابەش بکەین و دەوروپشتمان هاوبەش و ڕازی بکەین، کە ئەمەشمان نەکرد، ئیتر بۆ شەڕ و گێچەڵ بەیەکترکردن و هێرش و پەلاماردانی یەکتر دەیان بەهانەی جوان دەهێنینەوە. پێمان وا دەبێت هەرچی بکەین مافی خۆمانە، ئیتر شەڕ و یەکترکوشتن دەست پێ دەکاتەوە، وەک چۆن مێژوومان پڕە لە یەکترکوشتن و یەکترسڕینەوە.

بەعس چەندین ئۆردوگای زۆرەملێی لە ناوچە جیاجیاکاندا بۆ خەڵکی ڕاگوێزراوی گوندەکانی سەرسنوور درووست کردبوو. پێشمەرگە بە ژمارە کەم بوو؛ لە ڕووی توانای سەربازی و لۆجستییشەوە لەوپەڕی خراپیدا بوو، بۆیە توانای شەڕی فراوان و بەرگری و ڕێگریکردنی سوپای بەعسی نەبوو؛ سوپایەک کە دەستی کردبوو بە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان.

بەعس بۆ هەر خێزان و هاووڵاتییەکی ڕاگوێزراو تەخمینی زۆر و کەمیی زەویوزاری دەکرد و بەو پێیە بڕە پارەیەکی وەک قەرەبوو دەدانێ وەک ئەوەی بڵێت زەوییەکانتانم لەبری ئەو پارەیە لێ کڕیون و بێدەنگیان بکات. زۆربەی خەڵک بەناچاری وەریان دەگرت و تاکەتاکەش هەبوو کە ئەو پارەیەیان بە گڵاو دەزانی و وەریان نەدەگرت. کادرە جەماوەرییەکان یان بەشێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بڕێک لەو پارەیەیان وەک هاوکاری لەو جوتیارانە وەردەگرت، هەشبوو خۆی بەشێکی دەبەخشی بە پێشمەرگە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مفاوەزات

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشەوە، بەشێک لە سەرکردەکان بەئاشکرا دەیانگووت دەبێت لە هەوڵدا بین بۆ گفتوگۆ، ئەم بۆچوونەش بەشێکی پێشمەرگەی مقەڕەکانی سەرکردایەتی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. پێشمەرگە خوازیاری ئەوە بوون گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا بکرێت تا کێشەی کورد بە ڕێگەی سیاسی و ئاشتییانە یەکلایی بکرێتەوە؛ دیارترینی ئەوانەش دکتۆر مەحموود بوو، کە لایەنگری زۆری بۆ ئەم بابەتی مفاوەزاتە درووست کردبوو. وشەی 'مفاوەزات' کورت کرابۆوە بۆ 'مفە' و 'مفە'ش ببوو بە مایەی گاڵتەوگەپ و نوکتە؛ هەندێک شیعریشی لەبارەوە گوترابوو. هەندێک بە تەنزەوە دەیانگوت "بەقەدەر کفتە حەزمان لێتە مفە." زۆرێک لە سەرکردەکان بڕوایان بە هەندێک بەڵێنی بەعس هەبوو؛ دەیانگوت گوایە بەعس هەنگاو بە هەنگاو کێشەی کورد چارەسەر دەکات، بەڵام شتی وا ڕووی نەدا.

پڕوپاگەندە بڵاو دەکرایەوە گوایە ڕژێم بە شێوەیەک لە شێوەکان زەمینە بۆ ئازادیی سیاسیی خۆش دەکات و حیزبە سیاسییەکان دەتوانن بەئاشکرا کاری سیاسی خۆیان بکەن و ئەو ئەنجوومەنە تەشریعی و تەنفیزییە کارتۆنییەی ئەوکاتیش چاکسازیی تێدا دەکرێت و کێشەی کورد چارەسەر دەکرێت.

هاوڕێ جەباری هاوڕێمان، کە لە مەفرەزەی دەستە سەرەتاییەکان بوو، تێکۆشەرێکی ڕاستگۆ و پشوودرێژی ئازابوو، قسەی دڵی لای هاوڕێکانی و بەشێک لە سەرکردەکان نەدەشاردەوە و دەیگوت "خەباتی چەکداری هەر کوشتن وماڵوێرانیی بەدواوەیە و باوی نەماوە." زۆرێک پشتیوانیی ئەم ڕایەیان دەکرد. هاوڕێ جەبار یەکێک بوو لەوانەی زۆر حەزی لە مفاوەزات و کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداریی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا تا ڕاپەڕین بەئازایانە درێژەی بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگایەتی دا. لەشەڕی ئێران-عێراقدا بەردەوام ڕادیۆی بە گوێوە بوو؛ ئێران هەر هێرشێکی سەرکەوتووی بکردایە، دەیکردە هاوار و قاقای بەرزی لێ دەدا. ئیتر دەمانزانی عێراق لە شکستدایە. هەرچی زەرەر و زیانی عێراق هەبوو لەو شەڕەدا بە وردەکارییەوە لای هاوڕێ جەبار هەبوو. سوپا و دەوڵەتی داگیرکەری بەعس هێندە کوشت و کوشتار و ناحەقی و وێرانکاری دەرهەق بە خاک و خەڵکی کوردستان کردبوو حەزمان دەکرد ڕۆژێک زووتر تەخت و تاراجی نەمێنێت.

هەندێک لە سەرکردەکان باوەڕیان بەو قسانەی بەعس هێنابوو کە ناوچەی حوکمی زاتییان تەسلیم دەکات، بە شێوەیەک ئازادیی کاری سیاسی ڕێک دەخات و ئەمانیش سەربەستانە کاری سیاسیی دەکەن و ئەو حوکمی زاتییەی پێمان دەگوت 'کارتۆنی' هەنگاو بەهەنگاو بەرەو باشتر دەڕوات. خۆ هاتنەوەی بەشێک لەو سەرکردانەی شۆڕش لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول بۆ عێراق دیارە هەر بەو ئامانجە بووە، تەنانەت سکرتێری بزووتنەوە، سەیدا ساڵح یوسفی، تا شەهیدبوونیشی هەر لە بەغدا مایەوە.

سەرچاوەی ئەم زانیارییانەش هەر ئەو سەرکردانە خۆیان بوون و ئەو دەنگۆیانەیان لە شاخ و ناو پێشمەرگە بڵاو دەکردەوە، ئەم دەنگوباسانە زیاتر لە مەقەڕەکانی سەرکردایەتی بوون، لە خوارەوە لەناو هێزەکاندا باسێک لەو بارەیەوە نەبوو. کە دەچووینە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ، ئێمە- من، کاک سەلاح موهەندیس، کاک ئاوات قارەمانی، کاک وەهاب و کاک حەمەی تەیب- ئەوەندەی دەماینەوە زیاتر دەچووینە بارەگای کاک نەوشیروان و لای ئەوان دەماینەوە. خۆی ڕێزی زۆری دەگرتین. کاک ئازادی سەگرمە و هاوڕێ جەبار و کاک حەمە سەعیدە قەڵەو هاوڕێی نزیک بووین و بۆ ئێمە گونجاوتر بوو لەوێ بین.

ناوزەنگ کە بە زمانی خەڵکی ناوچەکە 'نێرزەنگ'ی پێ دەگوترێ، نزیکی زەڵێ و (شێنێ)یە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٨دا سەرکردایەتیی یەکێتی ئەو ناوچەیەی کردە بارەگای سەرکردایەتی. 'ناوزەنگ' بۆ پێشمەرگە ئاسانتر دەهاتە سەر زمان و هەموو هەر وامان دەگوت. ناوزەنگ گوند یان شوێنێکی ئاوەدان نەبووە و شوێنێکی سەختی شاخاوییە و زستان بەفری زۆر لێ دەباری؛ هەر ئەو سەختی و بێڕێگایی و سەهۆڵبەندانەش وایان کردبوو بێ ماڵ و بێ ئاوەدانی بێت. ناوزەنگ کەوتۆتە سەرسنووری ئێران نزیک گوندی کانی زەرد بەدیوی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕۆژهەڵاتیدا. ئەم گوندە سەر بە شاری سەردەشتە، گوندی شینێش کەوتبووە باکووری ڕۆژئاوایەوە. لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەڵادزێیە.

سەرکردایەتیی یەکێتی لەو چەند کیلۆمەترە کەمەدا ڕۆژ دوای ڕۆژ بنکە و بارەگاکانی خۆی زیاتر و فراوانتر دەکرد و ناوچەکە قەربالغتر دەبوو بە پێشمەرگە و هاووڵاتی؛ دووکان دانرا؛ دووکانێک بوو بە دووان و سیان و دواتر بازاڕێکی بچکۆلە، کە لە چەند دووکانێک پێک هاتبوو؛ زۆربەیان هەر لە خێمەدا بوون؛ دواتر هەندێکیان بە بەرد و قوڕ ژوورێکی بچووکیان بە ناوی دووکانەوە درووست کردبوو؛ بەشێکی زۆری پێویستییەکانی پێشمەرگەیان هەبوو. گەر شتێکت پێویست بووایە و لایان نەبووایە، دەیاننارد لە دیوی سەردەشت و ئێران یان قەڵادزێوە بۆمان بێت و لە یەک، دوو ڕۆژدا دەیانگەیاندە دەستمان. بەکورتی، هەموو شتێکیان بۆ پەیدا دەکردی، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام زانیاریی هەمەجۆری ڕاست و ناڕاستت بەرگوێ دەکەوت لەسەر سنووری دوو وڵاتی عێراق و ئێران کە هاتوچۆی زۆری دوو وڵاتی جیا لە ڕووی دەسەڵاتداری و هەبوونی بەرژەوەندیی جیاواز. قورس بوو جیاوازی بکەیت لە نێوان ئەو هەموو قسەوباس و زانیارییانە؛ بەشێکیان ڕاست بوون و بەشێکی تریشیان مۆری نەدیوی دەزگایەکی جاسووسیی وڵاتێکی دژ بە شۆڕشی کوردیان پێوە بوو. هەر کەس چۆنی پێ خۆش بووایە بەو شێوەیە زانیارییەکانی شی دەکردەوە.

چەمێکی بچووک، کە سەرچاوەکەی ئاوەکەی توژەڵێ بوو، بازاڕەکەی دەکرد بە دوو بەشەوە. ڕووی پێشەوەی بازاڕەکەش چەمی گەورەی نۆکان بوو، کە لقێکی گەورەی زێی بچووکە و دەڕژێتە (بەنداوی دووکان)ەوە، پشتەوەشی کە ناوزەنگ بوو، لە دۆڵێکی بچووک و دۆڵێکی درێژتر پێک دەهات، کە دەڕۆیشتەوە بۆ لووتکەی مامەندە؛ بارەگاکەی کاک نەوشیراون کەوتبۆوە پێشەوەی گردێکی درێژکۆلە لەنێوان ئەو دوو دۆڵەدا و دەیڕوانی بەسەر توژەڵە و ناوزەنگدا. بارەگای مام جەلال لە ناوزەنگ و دواتر نزیک سەرچاوەی توژەڵێ بوو.

برادەرێک چووبوو بۆ بازاڕ، کە هاتەوە، کاک حەمەی تەیب لێی پرسی، "خەبەری بازاڕەکە چی بوو؟" ئەویش گوتی، "دیعایە هەیە ئەڵێن مفاوەزاتە." کە باسی مفاوەزات دەکرا، کاک حەمە خۆشی دڵی دەکرایەوە. دواتر لە کاک نەوشیروانی پرسی و ئایا ڕاستە مفاوەزات هەیە، کاک نەوشیروان گوتی، "کێ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وا دەڵێ؟" کاک حەمە ناوی برادەرێکی هێنا کە لەوێ نەبوو تا شتەکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، زانیی کاک نەوشیروان ئەو پڕوپاگەندەیەی پێ ناخۆش بوو. کاک نەوشیروان بەتووڕەیی گوتی، "ئەمە چ جۆرە قسەیەکە دەیهێنن بۆ مقەڕ! هەر لە قسەی چایخانە دەچێ." ڕاستیشی دەکرد، ئەگەر مفاوەزات بکرێت، دەبێت کاک نەوشیروان ئاگادار بێت و زانیاریی لا بێت، ئەو کاتە ئێمەش دەمانزانی؛ کە ئەوان ئاگاداری نەبن، ئیتر مفاوەزاتی چی! بەکورتی، هەمووی حەزی لە مفە حەیاتەکە بوو. کاک حەمەی تەیب لێزان بوو لە وەرگرتنی زانیاری لە سەرکردایەتییەکان بە ناوی برادەرانەوە، ئەگەر وەڵامێکی توندی وەربگرتایە، خۆی لێ دوور دەخستەوە و دەیگوت فڵانە برادەر وای گوتووە، هەموو تووڕەبوونی کەسی بەرانبەر بۆ ئەو فڵانە بەدبەختە دەڕۆیشت کە ئەسڵەن هەر ئاگای لە بابەتەکە نەبوو.

بەڵام خۆ هەر ئەو جارە نەبوو، بابەت هەبوو کە پرسیاری لە بارەوە دەکرا، زۆر جار برادەران پرسیاری لەو جۆرەیان دەکرد کە ڕاستیی تێدا نەبوو، بۆیە لە وەرگرتنی وەڵامدا جۆرە ئیحراجبوونێک ڕووی دەدا، بەڵام کەسیان وەک کاک حەمەی تەیب لێزان نەبوون لە خۆدەربازکردن لەو جۆرە مەوقیفانەدا. ڕۆژێک کاک حەمەی تەیب چووە بازاڕ و هاتەوە پرسیاری لەسەر بابەتێک کرد، ئەم جارەیان کاک نەوشیروان تووڕە بوو و گوتی، "ئەوانە کێن ئەم قسە هەڵەقومەڵەقانە بڵاو دەکەنەوە؟" کاک حەمەی تەیبیش نەوەستا و یەکسەر گوتی فڵان کەس باسی کردووە، دوایی کە کاک نەوشیروان هێمن بۆوە، لە لاوە لە حەمەم پرسی، "بەڕاستت بوو کە وتت فڵان کەسە؟" ئەویش وتی "نەوەڵا، بەس بۆ ئەوەم بوو خۆم لە تووڕەییی کاک نەوشیروان ڕزگار بکەم؛ خۆ تووڕەبوونی هەر دەقەیەکە".

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەورەبوونی کێشەکان

دوای شەهیدبوونی کاک عەلی عەسکەری، کاک ڕەسوڵ مامەند بەرپرسی یەکەمی بزووتنەوە بوو؛ توانیی هێزی سەربازی و ڕێکخراوەیی بزووتنەوە لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە و هەڤاڵەکانی پەیوەست بکات بە بڕیار و فەرمانەکانیەوە. هەر لەسەرەتاوە، ناکۆکی و جیاوازیی بیرکردنەوە لەنێوان خۆی و ئاراستەی گشتیی یەکێتیدا هەبوو. لە دوای کارەساتی هەکارییەوە، ڕوونتر و ئاشکراتر ئەو ناکۆکییانە ڕۆژ دوای ڕۆژ درز و ترازانی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەیان گەورەتر دەکرد، بزووتنەوە تا دەهات زیاتر لە یەکێتی دوور دەکەوتەوە، هەرچی کادر و پێشمەرگەیان هەبوو هەمان ناڕەزایی و بێزارییان تێدا بوو بەرانبەر بە یەکێتی و کۆمەڵە. لەگەڵ فەرماندە سەربازی و کادرەکانیان کە هاوڕێ و دۆستمان بوون لە یەک سەنگەردا بووین لەو بارەیەوە زۆر قسەمان کرد. لەگەڵ ئێمە وەک هاوڕێ قسەیان دەکرد بەڵام ئەوانیش لە شوێنان هێرشی زۆریان دەکردە سەرمان و پەیوەستبوون بە بیروڕا و بۆچوونی سەرەوەی خۆیانەوە.

بزووتنەوەی سوسیالیستی کوردستان یەکێک بوو لەو دوو ڕێکخراوە سەرەکییەکەی لەگەڵ کۆمەڵەدا (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)یان پێک هێنابوو. دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول، گرووپێک لە تێکۆشەران- کاک عەلی عەسکەری و کاک دکتۆر خالید و کاک عومەر مستەفا و کاک عەلی هەژار و کاک کاردۆ گەلاڵی و ملازم تایەری عەلی والی بەگ و کاک سەعدی گچکە و کاک سەید کاکە و کاک مەلا ناسیح ئیسماعیل (مەلا ناسیح) و چەندین تێکۆشەری دیاری دیکە- کە ئاوارەی ئێران ببوون، پاش ماوەیەکی کەم لە مانەوەیان لە ئێران، پاش چەند کۆبوونەوەیەک پێکەوە لە دیوی ئێران، بیرۆکەی دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسییان لا دروست ببوو. لەگەڵ گەڕانەوەیاندا بۆ عێراق ڕێکخراوەکەیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

درووست کرد و سەیدا ساڵح یوسفییان کردە سکرتێری حیزبەکەیان. حیزبەکەیان ناو نابوو 'بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان.' مەبەستیان بوو بەشێک لەو دۆخە خراپە چاک بکەن کە دوای شکست بەسەر گەلی کوردستاندا هاتبوو، یان لای کەم بتوانن لەو دۆخەی دوای شکستی جووڵانەوەکەدا کاری سیاسی بکەن، تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو یاسایەی بەعس کە لە ساڵی ١٩٧٤ دەری کردبوو بۆ حوکمی زاتیی کوردستان گەشەی پێ بدرێت تا بتوانرێت کاری سیاسی و خەباتی مەدەنی پەرەیان پێ بدرێت.

حکومەتی بەعس خەیاڵێکی تری هەبوو؛ خەیاڵێک کە لەوپەڕی غرووریدا بوو، حکومەت مەستی سەرکەوتنەکانی بوو بەسەر پێشمەرگە و شۆڕشی کوردا، ئەوەی بە بیریدا نەدەهات ئەوە بوو ڕێگە بە ڕەخساندنی دەرفەتێکی وا بدات و دەرگای خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی بکاتەوە و کوردان لە ڕێگەی خەباتی مەدەنی و ئاشتییانەوە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بدەن.

سەرباری مەترسیی زۆر لەسەر ئەو تێکۆشەرانە لەلایەن دەزگا جاسووسییەکانی سەدامەوە و دۆخی خراپی ژیانیان، سەرەنجام چەندین تێکۆشەری دیکەش پەیوەندییان پێوە کردن و هاتنە شاخ و قەناعەتیان بە چەندین کەسایەتیی دیکەش کرد هەمان شت بکەن. ئاراستەی بیرکردنەوەیان بە لای ئەو چارەسەرە ناچارییەدا هەر هەبوو، بیروبۆچوونەکانیان ماقووڵ بوون، تێزەکانیان قابیلی کارلەسەرکردن بوون لەگەڵ ڕژێمێکی دیموکراتیدا، بەڵام بەعس و سەدامییەکان تەنیا زمانی چەکیان بۆ کورد هێشتبۆوە.

خۆ حیزبی شیوعی هەرچی لە توانایدا بوو بۆ ڕازیکردنی بەعس کردی، ئەو ڕێگەیەشی تاقی کردەوە، سەرئەنجام ئەو کارەساتە گەورەیەی بەرانبەر حیزبی شیوعی لێ کەوتەوە و بەناچاری دەستیان دایە چەک دژی بەعس. لەگەڵ درووستبوونی یەکێتی و دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا، کاک عەلی عەسکەری و بەشی زۆری سەرکردەکانی بزووتنەوە هاتنە شاخ و لە گەشەکردن و فراوانبوونی هێزی پێشمەرگەدا کاریگەریی ئەرێنیی بەرچاویان هەبوو.

دوای کارەساتی هەکاری، ڕۆژ دوای ڕۆژ کێشە و گرفتەکانی نێوان بزووتنەوە و یەکێتی زیادیان دەکرد. لەو کاتانەدا لە سنووری سەنگەسەر تا چۆمان کادری ڕێکخستنی کۆمەڵە بووم و نزیک لە سەرکردایەتی لەناو ڕووداوەکاندا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بووین. ناوچەکەمان نزیک سەرکردایەتی بوو لە ناوزەنگ، تا ڕادەیەک زانیاریی بەردەوامم هەبوو لەسەر بەشێکی ناکۆکییەکان و توندبوونی ئاڵۆزییەکانی نێوان بزووتنەوە و یەکێتی.

لە چەند مانگی پێش جیابوونەوەی بزووتنەوە لە یەکێتی پەیوەندییەکان لەوپەڕی خراپیدا بوون، زیاتر کاک دکتۆر مەحموود وەک لایەنێکی دەرەوەی یەکێتی و نزیک لە مام جەلال پەیوەندیی گەرم و هاتوچۆی مام جەلال و برادەرانی دەکرد. لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩دا، بزووتنەوەی سۆسیالیست بڕیاری خۆی دا. شەوێکیان بنکەیان لە ناوزەنگ و زەڵی و ئەو سنوورە پێچایەوە و چوونە (گوندی گۆڕەشێر)ی بەرانبەر شێنێ. ئیتر ڕووباری نۆکان کەوتە نێوانمانەوە و بەتەواوی لێک جیابووینەوە.

کادرە دیار و بەرچاوەکانیان هەموو ڕۆیشتن و لەناو یەکێتیدا نەمان: کاک ڕەسوڵ مامەند، کاک سەید کاکە، کاک عادل موراد، کاک حاجی حاجی برایم و ملازم تایەر و ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان و کاک قادر عەزیز و کاک عوسمانی قادر منەوەر و مەلا ناسیح و چەندین سەرکردە و فەرماندەی سەربازیی تر. لە سەرکردایەتیی بزووتنەوە لە شار کاک عەلی هەژار و کاک کوردۆ گەلاڵی و سەیدا ساڵح یوسفی، کە وەک خۆیان دەیانگوت سکرتێری بزووتنەوە بوو، لەگەڵ دەیان فارماندەی سەربازی و سەدان پێشمەرگە لە یەکێتی جیا بوونەوە. ئەوەی زۆر جێگەی نیگەرانی و بروانەکردن بوو دکتۆر مەحموود بوو، کە لە مام جەلالەوە نزیک بوو بەردەوامیش پێکەوە بوون، بۆیە زۆرێک لە برادەران بڕوایان نەدەکرد دکتۆر مەحموود لەگەڵ بزووتنەوە بڕوات و لە یەکێتی جیا ببێتەوە.

ئەگەر کارەکە لێرەدا ڕابوەستایە، هەر خراپ نەبوو، ئێمە ئەو هەموو ماوەیە پێکەوە خەباتمان کرد و یەکێتیمان لە ناوەوەی وڵات دروووست کرد و پێشمەرگە و ڕێکخستنی یەکێتیمان پێکەوە گەشە پێ دا و فراوانمان کرد، هاوڕێ و هاوخەبات و هاوسەنگەر بووین، سەدان شەو و ڕۆژ لە ئاوەدانی و دوور لە ئاوەدانی ڕۆژە سەختەکانمان پێکەوە بەڕێ کرد و مێژووی خەباتی سەختی دژوارترین قۆناغمان پێکەوە تۆمار دەکرد و پێکەوە خوێنمان لەیەک سەنگەر دەڕژا و تێکەڵ بەیەک دەبوو. دوای هەموو ئەمانە، لەشکرێکی تری جیاواز درووست بوو کە هەرچی قسەی خراپ و ناشیرینە لەناو خەڵکدا بەیەکتریمان دەگوت، ئەگەر بەڕێکەوت لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شوێنێک یان گوندێک یەکتریمان ببینایە، بێ سڵاوکردن و ڕێزگرتنەکەی جاران بە لای یەکدا تێ دەپەڕین و لە یەکتر دوور دەکەوتینەوە، ئیتر قسە و پڕوپاگەندەی دژی یەکتر بوو بە ڕق و ئەوەش وردە وردە زەمینەی پێکداهەڵپژانی چەکداریی خۆش کرد و گەیشتنینە قۆناغی شەڕێکی خوێناوی، کە تێیدا چەندین فەرماندە و پێشمەرگەی هەردوو لا بوونە قوربانی.

ئەو ناوچانەی زۆرترین هێزی پێشمەرگەی سۆشیالیستی لێ بوو دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی بوون، کە زۆرترین شەڕی یەکێتی و سۆشیالیستی تێدا ڕووی دا. لە ناوچەی سلێمانی هێزی ئەوتۆیان نەبوو، دواتر کاک حەمەی حاجی مەحموود لە یەکێتی دوور کەوتەوە و لە شارەزوور پەیوەندیی بە سۆشیالیستەوە کرد. لە دۆڵی جافایەتی کاک شێرکۆی شێخ عەلی و حاجی مەحموود گەورەدێی و کاک عوسمانی قادر منەوەر هێزی ئەوان بوون، گەرچی ئێمە لە شارباژێر زۆرترین خۆپارێزیمان دەکرد و پەیوەندیی دۆستانەمان هەرباش بوو تا لەگەڵیاندا تووشی شەڕ نەبین، ئەنجامیش هەر وا بوو؛ شەڕ لە شارباژێری تەخت ڕووی نەدا، بەڵام کە شەڕی نێوانمان درووست بوو، کاک عوسمان ناوچەکەی جێ هێشت و چووە شارەزوور و هەورامان و لەگەڵ هێزی سۆشیالیست یەکیان گرتەوە.

ئەو ماوەیەی لە ناوچەی پشدەر بووم دۆستایەتی و نزیکیم لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا سوور، کە فەرماندەیەکی سەربازیی دیاری سۆشیالیست بوو، پەیدا کرد. کاک عەبدوڵڵا لە ناوچەی پشدەر تا خۆشناوەتی چالاک بوو، لەناو خەڵکیشدا خۆشەویست بوو. ئەو جیابوونەوەیە کاری لەسەر پەیوەندییەکانی ئێمە و کاک عەبدوڵڵا سوور نەکرد، هەروەک جاران دۆستایەتیمان گەرم بوو، ناوبەناو لە کاتی جەولەکردندا- کە زیاتر لەگەڵ کەرتی شێخ هۆمەردا دەبووم کە زۆربەیان کۆمەڵە بوون- کە دەگەیشتینە یەکتر، قسە و گفتوگۆی دۆستانە و پێشمەرگانەمان دەکرد و زانیاریی پێویستمان لەسەر جموجۆڵی دوژمن لەناوچەکەدا ئاڵوگۆڕ دەکرد. وام دەبینی کە دڵسۆزێکی ئەم نیشتیمانەیە و تا سەر ئێسقان دوژمنی شەڕی خۆکوژی بوو. بەداخەوە ئەم و دەیان پێشمەرگەی قارەمانی تر لە شەڕی براکوژیدا شەهید بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پشدەر

وەک کادری کۆمەڵە لەو ناوچەیە مامەوە. لە بەشێکی ناوچەی پشدەر و (دۆڵە ڕەقە)وە و تا دەگاتە سنووری قەسرێ و چۆمان بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووم؛ لەناو پێشمەرگەی سنوورەکەشدا ڕێکخستنمان درووست کردبوو، سەرپەرشتی زۆربەی کارەکانی ڕێکخستنی ئەو ناوچەیەمان دەکرد و ڕایەڵەیەکی فراوانی ڕێکخستنمان درووست کردبوو کە لە چەندین پۆلی ڕێکخستن و شانەی سەربەخۆی کۆمەڵە و یەکێتی پێک هاتبوون. سنوورمان ناوچەکانی قەسرێ و گەلاڵە تا سەنگەسەر و ڕانیە و ئۆردوگاکانی سنوورەکەی لەخۆ گرتبوو.

کارەساتی هەکاری زەبرێکی گەورە بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو دەرگایەکی دیکە لەسەر یەکێتی کرایەوە: ئێرانی شاهنشاهی ڕووخا و شەڕی نێوان عێراق و ئێران هەڵگیرسا و هەشت ساڵی خایاند. شەڕەکە بووە بەهۆی ماندووکردن و لاوازکردنی ڕژێمی بەعس و ڕاکردنی دەیان هەزار سەربازی کورد لە بەرەکانی شەڕ، ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکان بوو بۆ ئەوەی گەنجی زیاتر پەیوەندیی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بکەن. جێگەی سەرنجە ژمارەیەک لە عەرەب و تورکمانەکانیش پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و سوودمان لە تواناکانیان وەرگرت.

هێزی دوژمن لە زۆری ناوچەکاندا توانای شەڕ و پەلاماردانیان نەمابوو، بۆیە پەیوەندییەکی ناچاری لەنێوان ئێمە و ئەواندا درووست بوو. لە هەندێک ناوچە و جێگەدا بەتایبەت ڕەبایەی سەرێی هاتووچۆمان، نە ئێمە هێرشمان دەکردە سەریان و نە ئەوانیش کاریان بە ئێمەوە هەبوو.

من زیاتر لەگەڵ کەرتەکەی شێخ هۆمەردا جەولەم دەکرد، زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەم کەرتە و فەرماندەی کەرت و مەفرەزەکانی ئەندام یان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دۆستی کۆمەڵە بوون. متمانەیەکی زۆرم بە فەرماندەی کەرتەکە، کە پیاوێکی ئازا و لەسەرخۆ و سادە بوو، هەبوو؛ دۆستایەتی و پەیوەندیی فراوانی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا هەبوو. سوودی زۆرم لەوە دەبینی و زۆریش هاوکاریی کارەکانمان بوو، فەرماندەی مەفرەزەکانی و پێشمەرگەکانی تا بڵێی دڵسۆز وریا و جێی متمانە بوون، زۆر هاوکار و پشتیوان و پارێزەرم بوون. نزیکەی سێ پێشمەرگەیەک دەبوون؛ بەشێک لە پێشمەرگەکان کەس و ناسیاو و نزیکی یەکتر بوون، چەند پێشمەرگەیەکیان لە نیشانشکێنیدا کەموێنە بوون. کاک زرار هیچ باڵندەیەکی لە ئاسمانیشدا لە دەست دەرنەدەچوو. زۆربەی چەکەکانمان کلاشینکۆف بوون، ناچار بووین خۆمان لە پەلاماری کۆپتەر بپارێزین، کە وەک واشەی برسی بەردەوام بە ئاسمانی ناوچەکەوە بوون، بەتایبەتی ئەو کاتانەی ئیخبارییان دەکرین و دوژمن دەیزانی پێشمەرگە لە ناوچەکە هەیە.

گوندەکانی ناوچەی پشدەرە ڕەقە- جەلکان و مەمکان، زەنگلان، دووگۆمان و پیرانە ڕەش و ماخوبزنان- ژیانێکی سادە دەژیان و زیاتر خەریکی حەیوانداری بوون. وەرزی بەهار دەردەکەوت و ئەوانیش مەڕوماڵاتیان دەبردە کوێستانەکانی سنوورەکە و خەریکی لەوەڕاندن و بەخێوکردنیان بوون؛ کەمتر لەناو گوندەکانیان دەمانەوە.

ئەم کۆمەڵە گوندە گرنگییەکی ئەوتۆیان بە خانوو و ماڵەکانیان نەدەدا، زۆربەی خانووەکانیان سادە بوون؛ پەنجەرەی ژوورەکانیان بچووک بوون. تاکە تاکە ماڵ هەبوون کە دەستکاری خانووەکانیان کردبوو بەشێوەیەک لە شوێنی حەوانەوە و ژیان دەچوون.

زۆربەی زۆری ماڵەکان دیواریان قوڕ و بەرد بوو؛ بە وشکەکەڵەک هەڵیاندەچنی و دار و گەڵایان دەخستە سەر سەربانەکە و گڵەبانیان دەکرد. دەتوانم بڵێم هەموو خانووەکە هۆڵێکی گەورە یان هەر ژوورێکی گەورەی فراوان بوو، لە ناوەوە بە تەیمان واتە بە پەرژینێکی لە چیلکەدروستکراو بەشبەشیان دەکرد و شوێنی مەڕوماڵات و خەوتن و دانیشتنیان هەر لەناو ئەو هۆڵەدا بوو. تەیمانەکان لە زەوییەوە تا حدودی مەترێک بەرز دەکرانەوە؛ ئەوی تری بۆشایی بوو؛ ئیتر هەموو ئەو چوارچێوەیە یەک هەوا بوو؛ ئاڵوگۆڕی هەوا زەحمەت بوو، کاتێک دادەنیشتیت، دەتوانی بەشەکانی تری خانووەکە، کە زیاتر شوێنی حەیوان و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ولاخەکانیان بوون، ببینی. وەک ئەوە وا بوو بۆ هەموو کات چاویان لەسەر مەڕ و ماڵاتەکانیان بێت، شوێنی دانیشتن و نانخواردنیان لە ناوەڕاستدا بوو، ئاگردانێکی گەورەی تێدا بوو، کە ئاگریان تێدا دەکردەوە دەبوو بە چڕەدووکەڵێک چاو چاوی نەدەبینی.

بۆ ڕووناککردنەوەی ژوورەکە تەنها فتیلەیان هەبوو: فتیلەکە بریتی بوو لە قوتوویەک، کە بەشی سەرەوەی بۆرییەکی باریکی پێوە لکێنرا بوو، ناو بۆرییەکەش پلیتەیەکی تێدا بوو، سەرێکی پلیتەکە دەچوو ناو قووتووەکەوە، کە نەوتی تێدا بوو، وەک پارچە بەنەخوێنێک دەخرایە ناو ئەو لوولەیەوە و ئەو بەشەی پلیتەکەش کە بەدەرەوە بوو ئاگری پێوە دەنرا و ڕووناکیی پەخش دەکرد. ئاگرەکەی کز بوو؛ دووکەڵێکی ڕەشی زۆری بڵاودەکردەوە.

ئەم گوندانە بەگشتی سەرچاوەی ئاویان لەناو گوندەکاندا نەبوو، نەشتوانرابوو ئاو لە دووری دێیەکانەوە بگەیەننە ماڵەکان؛ ئەوکات بیرلێدانیش لەناو گوندەکاندا زۆر دەگمەن بوو. بە هۆی کەمیی ئاوەوە نەتوانرابوو تەوالێت و حەمام درووست بکەن، گەر هەشبووایە، دەگمەن بوون. گەر کەسێک پێویستی بە تەوالێت بووایە، دەبوو مەسینەیەک ئاو بگرێت بە دەستتەوە و ڕوو بکاتە ئەو دەشتە. سەرچاوەی ئاوەکان زۆر دوور بوون، لەناو گوند بیر و کارێز و شتی وایان نەبوو، ئەمەش وای کردبوو لە ڕووی پاکوخاوێنییەوە لە ئاستی پێویستدا نەبن، ئاوی خواردنەوە و خۆشتن و هەموو شتێکی تریان هەر ئەو باراناوە بوو کە لەناو گۆمەکاندا کۆ دەبۆوە و سوودیان لەوە وەردەگرت، یان دەبوو بچن لە دوورەوە بە کەر و بار لە جەونەدا ئاو بهێنن بۆ خواردنەوە، زۆرجار حەیوانیش خۆی دەکرد بەناو ئەو گۆمەدا، خەڵکەکەش بەناچاری هەر بەکاریان دەهێنا. بە گشتی ژیانێکی سەخت و پڕەزاڵەتییان هەبوو.

تاکە تاکە ماڵ هەبوون هۆدەی ڕێکوپێکیان درووست کردبوو، بەجوانی سواغ درابوون و پەنجەرەکانیان گەورەتر بوون و باشتر ڕۆشنایی دەهاتە ناویانەوە. شوێنی ئامادەکردن و درووستکردنی خواردن لە شوێنی تر بوو. لەم گوندانە و زۆربەی زۆری گوندەکانی تری کوردستان بۆ خواردن درووستکردن و ئاوگەرمکردن و خۆگەرمکردنەوە هەر دار هەبوو؛ غاز و نەوت بەدەگمەن کاریان پێ دەکرا و دەستیش نەدەکەوتن، نەوت تەنها هەر بۆ کردنەوەی ئاگر و ڕووناکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەبوو، چرا یان لۆکسیان هەبوو بۆ ڕووناککردنەوە لەشەودا، بۆ زستانیش زۆپای دار هەبوو.

ئێمە وەک کۆمەڵە وا ڕاهاتبووین و بڕوا و قەناعەتی تەواومان بەو جۆرە ژیانەی خەڵکی هەژار زیاتر هەبوو، کۆمەڵە کادر و پێشمەرگەکانی خۆی وا ڕاهێنابوو زیاتر سەردانی ماڵە هەژارەکان بکەن و گوێ نەدەنە ئاستی سامان و دەوڵەمەندی و پلەی کۆمەلایەتیی خەڵکەکە.

سنووری گوندەکانی پشدەرە ڕەقە لە باشووری ڕۆژهەلاتیەوە سەنگەسەر و ژاراوەیە، ڕۆژئاواشی بە زنجیرەشاخێکی سەخت گیراوە، کە لە دەربەندی ڕانیەوە دەست پێ دەکات بە 'کێوەڕەش' ناسراوە. ئەم زنجیرەچیایە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە دیوی ئێندزێ و زارگەلی و دۆڵی شەهیدان. ناوچەیەکی چڕ و دارستاناوییە؛ دیوی ئەو دیویشی سەرکەپکان و چەند گوندێکی تر بوو. لە کاتی گەڕان جەولەماندا، دەیان جار لەو شاخانە بە کۆمەڵ حەیوانەکێویم بینیوە.

گەلێک دۆست و ناسیاوم لەم ناوچەیە و دەوروپشتیدا پەیدا کرد، سەرەڕای قورسیی ژیان لێرەدا زۆر زوو بە ژیانی ئەم ناوچەیە ڕاهاتم. هەندێک لەوانەی لەو ماوەیەدا لەو ناوچەیە ناسیمن، تا ئێستاش پەیوەندیی گەرموگوڕی دۆستایەتیمان لەگەڵیاندا هەیە. قەندیل و کوێستانەکانی ئەم ناوچەیە دەوڵەمەندن بە جۆرەها گژوگیا و گوڵ و ڕووەکی بەنرخ و دەگمەن، کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بەشێکیان نەناسێنراون، سوودی تەندرووستییشیان نەزانراوە، گەرچی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بە توانا و ئەزموونی سەدان ساڵەیان بەشێکیانیان دەستنیشان کردووە و بۆ سوودی تەندرووستی و خۆراکی خۆیان بە چەندین ڕێ بەکاریان دەهێنن، گژوگیاکانیش هەریەکەیان ناوی تایبەت و بۆن و تامی جیاوازی خۆیان هەیە.

گەنجان بە کچ و کوڕەوە کاتێک دەچوونە کوێستان بۆ هێنانی کنگر و ڕێواس و گیای بەهارە، لەوێ دەیانکرد بە شایی و ڕەشبەڵەک و چڕینی گۆرانیی بەسۆز بۆ یاری دڵخوازیان و دەنگیان لەو شاخ و کێوانەدا بە زولاڵی سەدای دەدایەوە. زیاتر لە سەیرانێکی فراوانی گەنجان و لە جەژنی تایبەتی خۆیان دەچوو، کە سرووشت هەموویانی بانگهێشت کردبوو بۆ فیستیڤاڵێکی وەرزیی گەورەی گەنجان. چەند جارێک دیمەنی ئەم ئاهەنگە دەگمەنەی گەنجانم لەو کوێستانانە بینیوە کە هەرچی گوڵ و گەلا و دار و بەردی ئەو ناو بوو لەگەڵ جووڵە و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەمای ئەم گەنجانەدا سەمایان دەکرد و لە باوەشی پڕ بۆنی خۆشی بەهاردا لەو کوێستانانەی بۆ خۆیان بەشێک بوون لە بەهەشتی خواکرد و گەنجانیان دڵخۆش و پڕجۆش دەکرد بە پژاندنی ئەو ڕەنگ و بۆنە سیحراوییە خۆشەی بەهار. ئەمە بۆخۆی پەیامێکی پڕمانای باوەڕبوون بوو بە بەردەوامبوونی ژیان و بە دوژمنی داگیرکەری دەگوت بۆنی بارووت و داگیرکارییان ناتوانێت ژیانمان لێ زەوت بکات.

دەنگی قریوەی کچان و گۆرانیی کوڕان و هەراوزەنای هەڵپەڕکێ ئاوازێکی ئەوەندە دڵگیریان دروست دەکرد حەزمان دەکرد لایان بمێنمەوە و گوێیان لێ بگرین و تا ماندوو دەبین لە ڕەشبەڵەکیاندا بەشداری بکەین. گەرچی هەندێ لەو پێشمەرگانەی زیاتر ناسراویان بوون، بۆ ساتێکیش بووایە لەو ڕەشبەڵەکەدا هەر بەشدار دەبوون. ئای خودایە ئەم وڵاتەت بەم جوانییە نەخشاندووە و دڵی خەڵکەکەشیت بە خۆشەویستی و ژیاندۆستی گۆش کردووە، کەچی داگیرکەرانت بۆ ناردوون بۆ تا لێ نەگەڕێن خەڵک بەو سادەیی و دڵە پڕخۆشەویستییەیانەوە بۆ مرۆڤبوونی خۆیان بژین!

ڕۆژێکیان لە یەکێک لەو دوو، سێ گوندەی جەلکان و مەمکان بووین، لە لای مزگەوت لامان دابوو. مزگەوت هەر ژوورێکی گەورە بوو بۆ نوێژکردن، شوێنی دەستنوێژ گرتنی لێ نەبوو. مەلای مزگەوت هاتە لام و ماوەیەک دانیشت. هەندیک قسەمان کرد و مامۆستای ئاینی لەناو قسەکانیدا گوتی، "ئەم گەنجانە ئاوا بە نامەحرەمیی دەچنە کوێستانەکان و دەیکەن بە گۆرانی و ڕەشبەڵەک تێکەڵ بەیەک دەبن، کارێکی ناشەرعی و نادینی دەکەن، پێویستە ئێوە هەوڵ بدەن ڕێگەیان لێ بگرن و نەهێڵن ئەم کارە بکەن."

"مامۆستا گیان، ڕاستی وام زانی ترس و ناڕەحەتییەکەت لەوەیە کە لەم دۆخەی کوردستاندا کە بۆنی بارووتی لێ دێ، دوژمن لەناکاو بە کۆپتەرە جەنگییەکانی پەلاماری ئەم گەنجانە بدا و زیانی گیانیی زۆریان پێ بگەیەنێ. مامۆستا گیان، ئەمە دابونەریتی جوانی خەڵکی ناوچەکەیە، هەر لە دێر زەمانەوە هەبووە و پێش جەنابیشت چەندین زانای ئایینی و مامۆستای پایەبەرزی ئایینی لێرە و لە ناوچەکانی تر بوون و خەڵکیان هان داوە بۆ چاکە و کەسیان داوای قەدەغەکردنی ئەم چوونە کوێستانەی گەنجانیان نەکردووە. ئەم سەیران و کارە هەرەوەزییانە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە کوێستان زیانیان بۆ کەس نییە و ئازار بە کەسیش ناگەیەنن و خوا نەخواستە کارێکی دوور لە دابونەریتی جوان و ڕەسەنی کوردییشیان تیا ڕوو نادا، ئەم گەنجە مەحرووومانە لە هەموو خۆشیی ژیان بەم سەیران و ڕەشبەڵەکە دڵخۆش دەبن و ئەوەش بەشێکە لە کولتووری ڕەسەنی کوردەواری. ئێمە ڕێ بە خۆمان نادەین دڵخۆشی خەڵک تێک بدەین و ناتوانین ڕێیان لێ بگرین."

مامۆستا قەناعەتی بە قسەکانم نەکرد و بە بێزارییەکەوە گوتی، "ئاخر ئەمە گوناهی گەورەیە!" منیش وەڵامم دایەوە، "مامۆستا گیان، جەنابتان باش دەزانن ئەمانە فەرزەکانی خوا جێبەجێ دەکەن، ناهەقی لەگەڵ کەس ناکەن، ئازار بە کەس ناگەیەنن، زوڵم و ستەم ناکەن. بەعس هەموو ڕۆژ باڕووت بە سەریاندا دەبارێنێ. دەبێ پێمان خۆش بێ گەنجی وڵاتەکەمان دڵخۆش بن و دەبێ ئێمەش دڵخۆشیان بکەین."

مامۆستا بێدەنگ بوو. وا دیاربوو قسەکانی منی بە دڵ نەبوو. خواحافیزیی کرد و ڕۆیشت، بەڵام پەیوەندیمان هەر باش مایەوە.

خەڵکی ئەم ناوچەیە ژیانێکی سادە دەژیان، لەگەڵ نارەحەتی ڕاهاتبوون، لەنێوان خۆیاندا بێ کێشە بوون و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوانیان لە ئاستێکی باشدا بوو.

بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی من لەوێ بووم، یەک جار ڕووداوی ناخۆش ڕووی دا. لە گوندی ماخوبزنان بووین؛ بیستمان دوو منداڵی تەمەن تازە هەڵکشاو لەو شاخە دەبن و شوانی مەڕ و بزنەکانیان دەبن، بە هەر هۆکارێک بێت لێیان دەبێتە دەمەقاڵە، یەکێکیان تەورداسێک دەدات لە دەست یان قاچی مێرمنداڵەکەی تر، ئینجا کە خوێن دەبینێت، دەترسێت و ڕادەکات، گەنجە بریندارەکەش لەو شاخە دوردەستە بەهۆی خوێن لێڕۆیشتنی زۆرەوە گیان لەدەست دەدا. ئێمە بەڕێکەوت لە ماڵێک بووین کە کەسی نزیکی کوژرارەکە بوو. کە ڕووداوەکەم زانی، بڕێک قسەی خێرمان تێدا کرد تا کێشەکە چارەسەر بکرێت و نەبێتە کێشەی دوو ماڵ و دوو بنەماڵە، گوتم "ئێستا ئێوە کوڕێکتان لە دەست داوە، ڕێگەی تر هەیە بۆ چارەسەرکردن، بۆچی ئەوەی تریان بکوژرێتەوە." زۆر پێداگرییان کرد لەسەر ئەوەی دەبێت بکوژەکە سزا بدرێتەوە تا کێشەکە قووڵتر و ئاڵۆزتر نەبێت، دواتر بکوژەکە کوژرایەوە و کۆتایی بە کێشەکە هات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاتوچۆی ناوزەنگ

دوو مانگ جارێک و بە پێی پێویست و ئیشوکار لە پشدرەوە دەچوومەوە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ. کە مامۆستا عەلی حەویز هاتە شاخ، گەیاندیانە لای ئێمە. بزووتنەوە تازە جیا ببۆوە؛ مام جەلال نامەی ناردبوو بۆ ئەو و زۆری تر لە شارەکان و ناوچە جیاوازەکان کە بێنە دەرەوە بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەندامانی سەرکردایەتیی بزووتنەوە کە زۆربەیان لەگەڵ کاک ڕەسوڵ مامەند ڕۆیشتبوون و تەنیا کاک عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) وەک سەرکردایەتیی بزووتنەوە مابۆوە. کادرەکانی بزووتنەوە لە شارەکانەوە دەهاتنە دەرەوە تا سەرکردایەتییەک بۆ بزووتنەوە درووست بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی وەک بزووتنەوەی پێش جیابوونەوە لە یەکێتی درووستی بکەنەوە.

ڕێکخستن مامۆستا عەلی حەویزیان گەیاندە لای ئێمە لە گوندی پیران لە پشدەرە ڕەقە، پاشان خۆم لەگەڵ مەفرەزەیەکدا بردمان تا بە سەلامەتی گەیاندمە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ. ڕێگە تا ڕادەیەک دوور و پڕ مەترسی بوو، بە لای قەڵاتووکان و گوندەکانی قەلاوێ و بناری ڕەزگە و مارەدوو و (زورگان)دا ڕێگەی وڵاخ و پیادە هەبوو. لەوێوە ڕۆیشتین، بەدەر لە هەورازی زۆر، ناچار بووین لە نزیکی ڕەبایەکانی دوژمنەوە، کە بەسەر ڕێگەکەدا باڵادەست بوون، ڕەت ببین، ئەوانیش چاودێریی بەردەوامی ئەو ڕێگەیەیان دەکرد و دەیانزانی ڕێی هاتوچۆی پێشمەرگەیە. چەندین جار بە گوللەهاوەن و فیشەکی دۆشکە زیانی زۆریان لە پێشمەرگە و وڵاخدار داوە. زۆرجار پێشمەرگە و وڵاخدارەکان بە ڕۆژ بەم ڕێگە مەترسیدارەدا هاتوچۆیان دەکرد و بەهۆی تەقەی دوژمنەوە چەندین پێشمەرگە و هاووڵاتی لەم ڕێگەیەدا شەهید یان بریندار بوون.

مامۆستا عەلی پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی و بزووتنەوەوە دەکات و وەک کادرێکی چالاکی ڕێکخستنی نهێنی کاری لەو ڕێکخراوەدا کردووە. لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ساڵی ١٩٧٩دا کۆیە جێ دەهێڵێت و لەسەر داوای مام جەلال ڕوو دەکاتە شاخ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات و دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

مام جەلال هەوڵی زۆری دا تا لەسەر داروپەردووی بەجێماوی بزووتنەوە، بزووتنەوە درووست بکاتەوە. زۆربەی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتیی بزووتنەوە و کادر و فەرماندە و هێزەکەیان لەگەڵ کاک ڕەسوڵ مامەند ڕۆیشتبوون و جیا ببوونەوە.

بەدەم ڕێگەوە دەربارەی بارودۆخی شار زۆر قسەمان کرد. مامۆستا حەوێز دەیگوت مام جەلال داوای لێ کردووە بێتە دەرەوە، هەر واش بوو، وەک پێشتر گوتم مام نامەی بۆ زۆرێک لەو تێکۆشەرانە ناردبوو بێنە دەرەوە، بەشێکی زۆریان بەدەم نامەکەوە هاتبوون. پاشان پرسیاری بەرنامەی کاری داهاتوویم لێ کرد. مامۆستا زۆری حەز دەکرد بچێتەوە ناوچەی کۆیە و لەوێ کاری ڕێکخستن بکات. شارەزایی و ئەزموونی زۆری لە ڕێکخستنی ناو جەماوەردا هەبوو؛ خۆشەویست و جێی متمانە بوو. ئەوم گەیاندە شوێنی مەبەست، پاشان دوو شەو لە لای کاک نەوشیروان مامەوە و بارودۆخی ناوچەکە و ڕێکخستنەکانم بۆ باس کرد. دیاربوو خۆیشی زانیاریی وردی لا بوو، دڵخۆش بوو بە کارەکانمان لەو سنوورە فراوانە و دەستخۆشییەکی زۆری لێ کردم. پێش ئەوەی بڕۆم، گوتی، "وریابە نەکەویتە داوی پیاوانی بەعسەوە؛ خۆت لە ئۆردوگا و شار و شارۆچکەکان بە دوور بگرە و نەچی بۆیان." هەر واشم کرد؛ چەندین جار هەوڵی وا درا کە بۆ کاری ڕێکخستن بچمە ناو ئۆردوگای سەنگەسەر و ئەو شوێنانە، بەڵام ئەو کارە مەترسیدارەم نەکرد و خۆم لێ لا دەدا. کاک نەوشیروان بە پێکەنینەوە لێی پرسیم، "ئەی بیری سلێمانی ناکەی؟" گوتم "نا، ڕاهاتووم." کاتی خۆی کە گواستیانمەوە بۆ ئەو سنوورە پێم خۆش نەبوو؛ کاک نەوشیروان ئەوەی هەر بیر مابوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دیداری دایکم

ڕۆژێکی هاوینی ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ (ئیسماعیلی مەلا عەبدول)دا چووین بۆ گوندی گوێزەڕەش. گوندەکە نزیکەی چل ماڵ دەبوو. گوێزەڕەش لە بناری (کێوی قووخان)دا شانی داداوە. قووخان شاخێکی سەخت و چڕ و دارستاناوییە، بەردەمی گوێزەڕەش دەشت و چەمی گۆگە سووری پێدا تێپەڕ دەبێت، ئەوەش سرووشتێکی هێندە جوان و دڵگیری بە هەڵکەوتەی ئەم گوندە بەخشیوە سەرسامت دەکات. هەر شوێنێکی کوردستان دەچیت، خوداوەند وەک پارچەیەک لە بەهەشتی خۆی خوڵقاندویەتی و داگیرکەریش زاڵمانە و بێڕەحمانە تەڕ و وشکی پێکەوە دەسووتێنێت.

جوگرافیای ئەم گوندە بە جۆرێک هەڵکەوتووە ڕەزەکانیان هەمووی لە شاخ و پشتی گوندەکەن و باخ و بەراوەکانیشیان لەبەردەمی گوندەکەدان. زۆربەی خاوەن ڕەزەکان ڕەزەکانیان بە پاچ دەکێڵن، چەمی گوگەسوورەش لەبەردەم باخ و بەراوەکاندایە. ئەم ڕووبارە زستان و بەهاران کە ئاو زیادی دەکرد، دەبووە کێشە و زەحمەتی زۆری بۆ هاتوچۆ و پەڕینەوەی خەڵک و پێشمەرگە لە پاڕەزان و گوێزەڕەشەوە بۆ بەری مکڵ و قەلاتێ درووست دەکرد. ئەو ئاوە زۆرە هاژەیەکی سامناکی هەبوو؛ مەلەوانی ئەو گوندانەش زۆر جار نەیاندەوێرا خۆیانی لێ بدەن. ئێمە، بەبێ بوونی ئەوان، هەر نەماندەوێرا نزیکی ببینەوە. کە کادری سنوورەکە بووم، چەندین جار ڕێ کەوتووە و لەوێوە ڕۆیشتووم و نەموێراوە خۆمی لێ بدەم؛ دەبوو مەلەوانێکی شارەزا هاوکاریی بکردینایە، ئەویش کاتێک تۆزێ هووڕژمی ئاوەکە کەمی دەکرد.

زۆربەی دانیشتووانی گوندەی گوێزەڕەش دۆست و هاوڕێمان بوون، هەرخۆیان بە گشتی دۆستی پێشمەرگە و بە تایبەتی یەکێتی بوون، بەردەوام پێشمەرگە لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گوندەکەیان هە بوو، گەر شەوو ڕۆژ خزمەتی پێشمەرگە و کەسوکاری پێشمەرگەیان بکردایە هەرگیز ڕوویان گرژ نەدەکرد. کە دەچووینە ئەوێ، وەک زۆربەی ماڵی گوندەکانی شارباژێڕ، هەستمان دەکرد لە ماڵی خۆمانین.

دەمێک بوو دایکم نەبینیبوو. ئەو چەند جارێک هاتبوو تا بەڵکوو بەخت یاوەری بێت و چاوی بە ئێمە بکەوێت. کە ڕێ نەدەکەوت، ئیتر بە دڵی شکاو و قورگی پڕلەگریانەوە دەگەڕایەوە. هەر چاوی لەوە بوو خوا گیان یارمەتیی بدات جارێکی تر چاوی پێمان بکەوێت. خۆ زۆر جار کە ئێمەی نەدەبینی، هەر پێشمەرگەی تری ببینایە خواردنەکەی بۆ دادەنا و باوەشی پێدا دەکرد و پێی دەگوتن ئەوانیش بۆنی شۆڕشی کوڕیان لێ دێت. کە دەهات، وا ڕێ دەکەوت من لە جێگەیەکی دوور بووم، دۆستەکانیشمان نەیاندەزانی لەکوێین، بەڵام ئیتر ئەمە دایکە! یەک تاکە خۆشەویستیی بێمەرج کە هەرگیز لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ڕۆڵەکەی ماندوو نابێت و بەردەوام دەبێت تا هەناسەی پڕ لە گوڵاوی ژینی دایک بەردەوام بێت، هێزی ئیلاهی و قەڵایەکی پڕمیهرەبانی سۆز و هاوشان و سایە و سێبەری بەردەوامتە. بۆیە دایکم کۆڵی نەدەدا لە سۆراخکردن و زانینی هەواڵێکم چوونکە ڕۆژگارێک بوو لە هەموو سووچ و قوژبنێکی ئەم وڵاتە داگیرکراوەدا داگیرکەران ئاگر و ئاسنیان بەسەر خەڵک و پێشمەرگەدا دەباراند و دایک و خوشک و برای پێشمەرگەش دەگیران و وەک تاوانبار سزای زیندانی و تەنانەت گوللەبارانیان بەسەردا دەدرا. بەناچاری جار لە دوای جار دەهات و چەند گوندێکی تەی دەکرد و پرسیاری زۆری دەکرد، پاشان بەنائومێدی دەگەڕایەوە. ناهەقیشی نەبوو؛ بێگومان زۆربەی زۆری دایکە پێشمەرگە ئەمە حاڵیان بوو، ئێمە تەنانەت لەناو خۆشماندا بەباشی نەماندەزانی پێشمەرگەکانی تر لەکوێن، بە تایبەتی لە سەرەتاکانی دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا، ئەوەش بۆ خۆپاراستن بوو لە گەمارۆی لەناکاوی دوژمن. ئی خۆ منیش ئەوە ئێشی یەکەم جار، نەبوو؛ ئەوەندە نارەحەتی و گرتن و نەهامەتیم تووش کردبوون کە بەتەواوی ژیانی خێزانەکەمم وێران کردبوو. لە شار ئارامی و دڵسرەوتن نەبوو؛ کە فیشەکێک لە شوێنێک دەتەقی، یان دەنگی کۆپتەرێک لە ئاسمانی شار دەبیستر‌ا، دڵی دایکم و سەدان دایکی تر رادەچڵەکی و دەکەوتنە نزا و پاڕانەوە. دایکم هەر ڕۆژەی لای کەسێک خۆی دەشاردەوە؛ کەم کەس هەبوو دایکە پێشمەرگە بەبەردەوامی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لای خۆ حەشار نەدات، ئەو کارە زۆر مەترسیدار بوو چوونکە دوژمن بەردەوام بەدوایانەوە بوو.

هەر لە شارباژێڕەوە جوابم بۆ دایکم ناردبوو بێتە گوێزەڕەش. لە ماڵی مام عەلی- ئەوکات حەجی نەکردبوو- چاوەڕێم دەکرد. لەگەڵ کاک ئیسماعیلدا چووینە گوندی گوێزەڕەش و بۆ باخ و بەراوەکانی بەردەم گوندەکە و لەبن دارگوێزێکدا تفەنگەکانمان لە باوەشمان نا. دانیشتبووین چاوەڕێی پیکابی گوندمان دەکرد بێت بەڵکوو بەخت یاوەری هەردووکمان بێت و دایکم لەناو پیکابەکەدا بێت.

شیوێکی بچووک لەبەردەمماندا بوو. لەناکاو هەستم بە خشەخشێکی زۆر کرد. بەزوویی سەرنجم چوو بەرەو ئەو شوێنە تا بزانم چییە، خۆ پێشمەرگەش هەمیشە دەستی بە تفەنگەوە بوو، بە هیچ جۆرێک پێشمەرگە نەدەبوو تفەنگ لە خۆی دوور بخاتەوە، تەنانەت شەوانیش لە تەنیشتی خۆی یان لەژێر سەریدا بوو.

لە شوێنی خۆمەوە زیاتر چاوم خستە سەر شوێنەکە و بینیم حەیوانە. بەخێرایی تێ پەڕی؛ گوتم ڕەنگە ڕێوی بێت و زۆر گوێم نەدایە، ئەویش ڕۆیشت و لە ئێمە دوور کەوتەوە، خولەکێک یان دوو خولەکی پێ نەچوو بوو بە قیژەقیژ. ژنێک بە هەموو هێزی خۆی دەیقیژاند و هاواری دەکرد، "فریام کەون." دەنگی نەما، تفەنگەکەم بەدەستەوە بوو؛ بەپەلە ڕووم کردە شوێنی هاوار کردنەکە، دیار بوو ژنەی فەقیر بۆ تەماتەچنین هاتبووە بەراوی ماڵی خۆیان.

ئەی هاوار چیم بینی! گیانم یەکپارچە کەوتە لەرزین کە دیمەنی ترسناکی ئەو گورگە هارەم بینی دەمی ژەنیبووە جەستەی ژنێک و ژنەش هەموو گیانی خوێنی لێ دەچۆڕا. خەریک بوو پارچەپارچە گۆشتی جەستەی ژنەکەی دەپچڕی و دەیخوارد. هەر بەڕاستی گورگەکە خەریک بوو گۆشتی ژنە بەستەزمانەکەی بەو کەڵبە تیژانەی دەپچڕی، ژنەش لەبەردەستیدا کەوتبوو. وردە وردە هەستم دەکرد ژنەکە توانای بەرگریکردنی نەما، گورگەکە ئەوەندە کەڵەبەی تیژی لە مل و دەست و دەموچاو و جەستەی گیر کردبوو، ئیدی ژنەی داماو هاوارکردنیشی نەمابوو.

تفەنگەکەم فیشەکی لەبەر بوو. چوومە پێشەوە و زۆر لێی نزیک بوومەوە. گورگەکە هەر حیسابیشی بۆ نەکردم. ویستم تەقەی لێ بکەم، بەڵام بە شێوەیەک کەڵبەی لە جەستەی ژنەکە گیر کردبوو، دەترسام فیشەکێکی پێوە بنێم و بەر ژنەکە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بکەوێت، بۆیە هەرچۆنێک بوو بە لوولەی تفەنگەکەم، کە سیخۆ بوو و دەمی تۆزی تیژ بوو، چەندین جار لە گورگەکەم دەدا تا وای لێ بکەم لمۆز و کەڵبەی لە ژنەکە بەر دا و ڕوو لە من بکا. ژنەی تەواو پەرێشان کردبوو، چەپۆک و لمۆزی گورک هەمووی خوێن بوو. چەند چوومە پێش و دەمویست گورکەکە دوور بخەمەوە، گورگەکە باکی بە من نەبوو، لوولەی تفەنگی سیخۆ تیژەکەم چەند جارێکی تر لە سمتی گورگە توند دەکرد و دەمویست ئازاری زۆری بدەم تا واز لە ژنەکە بێنێت، بڕیام دابوو سەد لە سەد دڵنیا نەبم کە فیشەکم تەنیا بۆ گورگەکەیە، تەقە نەکەم. بە هەموو هێزی خۆم تفەنگەکەم لە ورگ و ناوقەدی توند کرد؛ جارێک و دووان سوودی نەبوو، زیاتر دەستم داگرت. لەناکاو گورگە وازی لە ژنەکە هێنا و شالاوی بۆ من هێنا. ئاراستەی خۆم وا گۆڕی کە ئەگەر تەقەشم کرد، دوور بێت لە ژنەی بەستەزمان. گورگەکە بە دەم و لەوسی خوێناوییەوە زۆر ترسناک دەینواند. شالاوی بۆ من هێنا. دەمی بستێ کردبۆوە. لوولەی تفەنگەکەم ئاراستەی دەمی بوو، ئەوە فرسەتێکی چاک بوو. چەند فیشەکێکم نا بە دەمییەوە و دەستبەجێ کەوتە سەر زەوییەکە.

بەراوەکە نزیک بوو. بە دەنگی تەقەکان خەڵکی دێ کۆ بوونەوە، هەموو گیانی ژنە خوێن و جێ کەڵبەی گورگەکە بوو، بەتایبەتی شان و مل و دەستی کە لە چەند لایەکەوە گورگەکە گۆشتی لێ پچڕیبوون. خوێنی لێ دەڕۆیشت. جەستەی شەکەت و بێتوانا بوو. عەسر بوو؛ باش بوو پیکابی گوند کە ڕۆژانە هاتوچۆی گوندەکەی دەکرد، لەوێ بوو. بەپەلە بەو پیکابە بەرەو شاریان برد تا فریای خەستخانەی بخەن و چارەسەری بۆ بکرێت.

ژنەکە ناوی 'خاتوون' بوو؛ کچی مەلامارفی گوێزەڕەش، دەشیکردە بووکی حاجی عەبدول. پاش چەندین ساڵ چووە حەج و دایەگەورەی چەند نەوەیەکە. تا کاتی نووسینی ئەم بەشەی یادەوەرییەکانم لە ژیاندا ماوە و ئیشەڵا تەمەنی درێژ دەبێت. ڕزگارکردنی حاجی خاتوون لە خێروبەرەکەتی هاتن و چاوەڕوانی دایکم بوو.

خەڵکی گوند هەمووی حەپەسابوون. ئاخر زۆر بەدەگمەن ڕوو دەدات بە ڕۆژی ڕووناک و لە گەرمەی هاویندا گورگێک بەتەنیا بێت و پەلاماری مرۆڤ بدات. پێدەچوو گورگەکە هار بووبێت یان برسێتی هاری کردبێت. خەڵکی بەتەمەنی گوند دەیانگوت یەکەم جار بوو شتی وایان بینیبێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ژنەی بەستەزمان هاتبوو بۆ سەر بەراوەکەیان تا هەندێک تەماتە و سەوزە بکات و بیباتەوە، بەڵام ئەو بەڵایەی بەسەر هات، ئێمەش بووین بە ڕزگارکەری ئەو ژنە و لە تیاچوونێکی حەتمی پاراستمان. وەک باسیان کرد، باش بووە بەزوویی گەیاندویانەتە خەستەخانە و چارەسەری بۆ کراوە ئەگینا دەکرا تووشی گانگرین ببێت. پاش ماوەیەک چاک بۆتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ ناو ماڵ و خێزانی خۆی. تا ئەم دواییانەش کوڕێکی حاجی خاتوون دەهاتە سەردانم و هەموو جارێک دەیگوت، "تۆ فریشتەیەک بووی دایکم و ئێمەشت ڕزگار کرد."

لەم قەرەباڵغی و کۆبوونەوەی خەڵکی دێ و گەیشتنی سەیارە لە شارەوە دایکم گەیشت و چووینە ماڵی مام عەلی و هەموو نانی ئێوارەمان پێکەوە خوارد. ئیتر دایکی پێشمەرگە کە دەهات گەر دە جۆر خواردن و شیرینی بهێنایە دەبوو هەر شفتەی لەگەڵدا بێت.

مەکتەبی گوندەکە دوو ژووری گڵ بوو. تا پۆلی سێ و چواری سەرەتایی تێدا دەخوێنرا و دەبوو دوای ئەوە بچنە گوندی پارەزانی تەنیشتیان بۆ تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی، مام عەلی خانووەکە دابوو بە قوتابخانەکە و بەشێک بوو لە ماڵەکەی خۆی. ڕۆژی دواتر هەر لەماڵی مام عەلی گوتیان بە خۆشیی هاتنی حاجی ئایشێی دایکمەوە بۆ نیوەڕۆ کەلانەمان بە ڕۆنی کوردی و دۆشاوی ترێوە بۆ دەکەن. دەمێک بوو نەمانخوارد بوو. لە لەگەنێکدا چەند کەلانەیەکی گەرمیان بۆ من و مام عەلی هێنا. کەلانەکان لەناو ڕۆنە کوردییەکەدا نقووم ببوون. ئێمەش وەک ئەوەی چەند ڕۆژ بێت نانمان نەخواردبێت، دەستمان نەپاراست لە خواردنیان. بەگەرمی بۆیان دادەناین و ئێمەش تەواو تێرمان لە کەلانە خوارد. دەردی کوردەواری دەڵێت هەزار پلاو و گۆشتی بەقوربان بێت.

نیوەی دەورییەکە کەمتر لە ڕۆنی کوردی لە بنەکەیدا بوو، حاجی هەڵیگرت و نای بەسەریەوە و بە یەک جار هەموو ڕۆنی کوردیی ناو قاپەکەی خواردەوە و چۆڕبڕی کرد. گوتم، "مام عەلی، ئەوە چیت کرد؟!" ئەویش بە کەیف و زەوقێکی خۆشەوە دەستی چەوری بە دەم لێویدا هێنا و گوتی، "ڕۆنی کوردییە! خەمی منت نەبێ، ئێستا دەچمەوە بۆ ئەو شاخە و دەکەومە پاچەکۆڵە و زەوی کێڵان." زۆربەی ڕەزەکانیان هەر بە پاچ دەکێڵا و وەستانیان نەبوو. ئەم پیاوە میواندۆست و دەستودڵکراوەیە ئەوکات تەمەنی نزیک بە حەفتا ساڵ دەبوو، بەڵام لەشی وەک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پۆلا بوو، هەموو جارێک پێی دەگوتم، "زستان و هاوین هەرگیز بە ئاوی گەرم خۆم ناشۆم. ئەگەر تۆش بە قسەم دەکەی، هەر بە ئاوی سارد خۆت بشۆ؛ قەت تووشی نەخۆشی نابی." دەیگوت بە ژیانی حەبی نەخواردووە و نەشچۆتە حەمام و دەشمبینی تەندرووستیی چەند باش بوو!

مامۆستا وریا، مامۆستای مەکتەبەکە، هەموو جارێک داوای لە مام عەلی دەکرد سەردانیان بکات بۆ کەرکووک. ڕۆژێک مام عەلی سەردانیماڵی مامۆستا وریا دەکات. نیوەڕۆ زۆر خزمەتی دەکەن و ئێوارەش دوای نانخواردن حەمامی بۆ دادەخەن وەک ڕێزو خۆشەویستی بۆی، چوونکە مام عەلی خۆی ماڵی هەمیشە لە خزمەتی میوان و بەتایبەت پێشمەرگەدا بوو. پێی دەڵێن "ئەوە لەبەر خاتری جەنابت حەمامەمان گەرم کردووە و هەموو شتێکمان حازر کردووە و فەرموو بچۆ خۆت بشۆ." ئەویش بە مامۆستا وریا دەڵێت، "حەمامی چی! ناچم و خۆم ناشۆم." ئەوانیش وا دەزانن لەبەر هۆکارێکە و بە دڵی نییە، خۆ کە کەسێک لە لادێوە دەهاتە شار، دەبوو هەر کەباب و چوونە حەمامی تێدا بێ.

ماڵی مامۆستا وریا چەند هەوڵ لەگەڵ مام عەلی دەدەن بەڵام ئەو هەر ڕازی نابێت بچێتە حەمام تا دەگاتە ئەوەی مام عەلی تووڕە دەبێت و دەیەوێت ماڵەکە جێ بهێڵێت، دوا جار بە داواکەی ڕازی دەبن و دەزانن کە هەرگیز بە ئاوی گەرم و لە حەمام خۆی نەشتووە و خۆی ناشوات. ئیتر قەناعەتی وا بوو ئەگەر بە ئاوی گەرم خۆی بشوات، نەخۆش دەکەوێت. حەوزی مزگەوت هەبوو، بەیانیان دنیا بەستەڵەک و کڕێوەش بووایە، مام عەلی و زۆربەی گوندنشینان پێش نوێژی بەیانی خۆیان فڕێ دەدایە ناو حەوزی مزگەوت. ئیتر ئەوە باشترین حەمامی دڵخوازیان بوو، بۆیە مام عەلی وەک زۆرێکی تری گوندنشینان هەر گاڵتەی بە ئاوی گەرم و حەمام دەهات. مامۆستا وریا ئەم چیرۆکەی زۆر بە درێژی بۆ باس کردم، بە تووڕەبوونەکانی مام عەلییشەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆبوونەوەی فراوانی کۆمەڵە لە شێنێ

لە پێنجی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨دا، کۆبوونەوەی فراوانی کادرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لە گوندی شێنێ رێکخرا. ژمارەیەک لە کادرەکانی کۆمەڵە لە ناوچە جیاجیاکانەوە بۆ کۆبوونەوەکە بانگ کرابوون. ماوەی ساڵێک دەبوو ئاوا هەموو ئەو هاورێیانەم پێکەوە نەبینیبوو.

ناوی ژمارەیەک لەو هاورێیانەم لەیاد ماوە: کاک نەوشیروان، بەکری حاجی سەفەر، سالار عەزیز، مەلا بەختیار، ملازم عومەر، زێرۆ عەبدوڵڵا، ئازادی سەگرمە، مامۆستا سەرکەوت، شێخ تالیب، سەیفەدین هاواری، هاوار جەلال، حەمە سەعید، وەهاب شێخ ئەحمەد، هاورێ جەبار، برایم جەلال، دلێری سەید مەجید، توانا- کادر و خەڵکی کەرکووک بوو- ملازم سەید کەریم، رێباز، مامۆستا نەریمان، عەلی ئامە خان، سەیوان هاواری، مامۆستا جەعفەر، خەلیل جەلال و ئەبوو شەهاب.

کۆبوونەوەکە چەند رۆژێکی خایاند و پانزە ئەندامی بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژارد. مام جەلال لە بەشێکی دانیشتنەکاندا بەشدار بوو. بەدرێژی باسی مێژووی کۆمەڵەی کرد، وەک کۆمەڵە قسەی دەکرد و دەدوا، ئەوەی باسی کرد لەسەر کۆمەڵە زۆری هەمان ئەو باسانەی کۆبوونەوەی نۆکان بوو، چەند جارێک ئەوەی دووبارە کردەوە کە ئێستاش هەر خۆی بە کۆمەڵە دەزانێت و وازی نەهێناوە و دەستی لە ئەندامێتیی کۆمەڵە نەکێشاوەتەوە. زۆر راشکاوانە گوتی "ئەگەر کۆبوونەوە داوام لێ بکا واز لە یەکێتی دێنم و پەیوەست دەبم بە بریارەکانی ئێوەوە." بەدرێژی باسی رووداوەکانی سێ سنوور (تورکیا، ئێران، عێراق) و هەکاریی کرد و دەرئەنجامەکانی کارەساتی هەکاریی خستەروو.

ژمارەیەک لە سەرکردەی لایەنەکانی دیکەش بانگهێشت کرابوون بۆ کۆبوونەوەکە لەوانە دکتۆر مەحموود عوسمان، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لیژنەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تەحزیری، کاک ڕەسول مامەند، نوێنەری بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، مامۆستا برایم و دکتۆر جەعفەر لە کۆمەڵەی ئێران وەک میوان بەشدار بوون. ئەوان زیاتر باسی خەباتی چینایەتی و چینی پرۆلیتاریان دەکرد، بەڵام کاک نەوشیروان زۆر بڕوای بەو شێوەیە بە تەنها چینی پرۆلیتاری نەبوو؛ بەڕوونی باسی لەوە کرد کە ئەحزابی شیوعی بە گشتی لە پاشەکشە و شکستدان و نابێت کۆمەڵە خۆی بە هەندێک درووشمەوە گرێ بدات کە سوودێکی ئەوتۆیان بۆ جووڵانەوەی چەکداریی کوردستان نابێت.

دکتۆر مەحموود موحازەرەیەکی لەبارەی هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی ئەیلوولەوە پێشکەش کرد، کە زۆربەی زانیارییەکانی هەمان ئەو زانیارییانە بوون کە پێشتر و لە کۆبوونەوەی کۆمەڵە لە نۆکاندا باسی کردبوون. بەدرێژی باسی بەرنامەی حیزبەکەی خۆی- لیژنەی ئامادەکاریی پارتی دیموکراتی کوردستان- کرد. زۆر هەوڵی دەدا حیزبەکەی بەهێز بکات و خەڵکی لە دەور کۆ بکاتەوە، بەڵام تا ئەو کاتەدا ژمارەیان کەم بوو، مام جەلال و کاک نەوشیروان و برادەران زۆر ڕێزیان لێ دەگرت و پشتیوانیشیان دەکرد.

چەند ڕۆژێکی پڕ لە چالاکی و جموجۆڵمان تێ پەڕاند، جۆرەها باس و دید و بۆچوون خرانەڕوو، گفتوگۆی گەرموگوڕ و پڕ لە مشتومڕی بنیاتنەرانە کران لەبارەی قۆناغی ئەوکاتی کۆمەڵە، درووشم و بیر و گۆڕینی ناوی کۆمەڵە، باری ڕێکخراوەیی لە شاخ و شار و چۆنێتیی گەشەپێدانی کاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی؛ کۆمەڵێک بڕیاری گرنگیش دران.

کاک نەوشیروان بەدرێژی باسی کارەساتی هەکاریی کرد و شیکردنەوەی سیاسی لەسەر باری نێودەوڵەتی چین و سۆڤییەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات کرد و بە شێوەیەکی بابەتییانە ئەو ڕستە و دەستەواژانەی شی کردەوە کە سۆڤییەتیان بە لادەر لە بیروباوەڕی مارکسی دەناساند. کۆمەڵێک سەرنج و هەڵسەنگاندنی وردی لەبارەیانەوە خستەڕوو. ئەو کات باسی لەوە کرد کە چۆن کۆمۆنیزم بەرەو لاوازی و پووکانەوە دەچوو، داواشی کرد کۆمەڵە ئەم پاشگری (مارکسی-لینینی)یەی لێ بکرێتەوە و چیتر ڕێکخراوێکی مارکسی-لینینی-ماوی نەبێت. دەربارەی چۆنێتیی گەشەکردنی کۆمەڵە و گونجاندنی بەرنامە و درووشم و ناوەکەی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و باری ڕۆشنبیریی کوردستانیش بەدرێژیی قسەی کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک نەوشیروان ئاراستەیەکی تایبەتی خۆی بۆ سیاسەتی کۆمەڵە هەبوو کە تارادەیەک جیاواز بوو لە بیروبۆچوونی زۆرێک لە برادەران. ئەو وای دەویست کۆمەڵە خۆی بۆ کاری مەیدانی تەرخان بکات و واز لە ناوی زەق و ژمارەیەک درووشم بهێنێت کە ئەو پێی وا بوو هیچیان لێ سەوز نەدەبوو. لە قسەکانییەوە بە ڕوونی دیار بوو هیچ باوەڕێکی بە کۆمۆنیزم نەمابوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا دەستبەرداری بیروباوەڕ و جیهانبینیی ماویزم ببین و وەک ئەزموونێکی لاوەکی و ناوچەیی سەیری بکرێت و سوودی لێ وەبگیرێت. کۆبوونەوەکە دووپاتی کردەوە کە کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی مارکسی-لینینی درێژە بە خەباتی سیاسی و هزری و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگانەی خۆی دەدا؛ کۆمەڵێک پێشنیاریی تریش خرانە ڕوو سەبارەت بە گۆڕینی ناوی کۆمەڵە:

أ. هێشتنەوەی ناوی (کۆمەڵەی مارکسی-لینینی)،

ب. کۆمەڵەی کرێکاران و جوتیارانی کوردستان،

ت. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان،

پ. کۆمەڵەی ڕەنجدەران،

ج. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

برایم خەلیل کاتێک لە کۆمەڵە جیا بۆتەوە، ڕێکخراوەکەی ناو ناوە 'کۆمەڵەی ڕەنجدەران.' ئەو کات برایم خەلیل وەک سەرکردە و بەرپرسی ڕێکخراوەکە بڕوای وابوو بۆ واقیعی کوردستان ناوی 'کۆمەڵەی ڕەنجدەران' گونجاوترە، بۆیە ناوی هیچ سەرکردەیەکی کۆمۆنیستی نەلکاند بە ڕێکخراوەکەیەوە. لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا خۆی لەگەڵ هاورێکانیدا بە مەفرەزەیەک پێشمەرگەوە چوونە شاخ و ناوچەی هەڵەبجە، دواتر خۆی و پێشمەرگەکانی لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید بوون.

بۆ بڕیاری گۆڕینی ناوی کۆمەڵە دەسەڵات درایە دەست سەرکردایەتیی نوێ تا دوای کۆبوونەوەکان بڕیار لەسەر یەکێک لەو پێشنیارانەی کرابوون بدەن. هەر لە کۆبوونەوەکەدا بەدرێژی باس لە پرسی ئۆتۆنۆمی کرا و کۆدەنگیی هەبوو کە لەژێر چەتری ئۆتۆنۆمیدا ناتوانرێت پرسی کورد چارەسەر بکرێت. درووشمی کۆمەڵە و جووڵانەوەکە هەرچۆنێک بێت لا مەرکەزی یان سەربەخۆیی بێت، دوژمن هەر ئەو کوشت و بڕین و وێرانکارییە دەکات کە دەیکات و بەردەوامە و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەستی نەپاراستووە لە قڕکردنی کورد، بۆیە کۆبوونەوەکە لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە وەستا و مافی چارەی خۆنووسین بەتەواوی لە ئەدەبیات و نووسین و بڵاوەکراوەکانی کۆمەڵەدا چەسپا و ئەندام و کادرەکانی بە بڕوابوون بە مافی چارەنووسەوە پەروەردە دەکران، ئەمەش درێژەدان بوو بەو بڕوایەی کە کاک ئارام لە نووسین و کۆبوونەوەکانیدا بانگەشەی بۆ دەکرد، تا دواتر و لە هاوینی ساڵی ١٩٨٣دا سەرکردایەتیی یەکێتی لە گوندی بالیسانی ناوچەی خۆشناوەتی کۆ بۆوە و بڕیار درا لەجیاتیی ئۆتۆنۆمی، دروشمی (مافی چارەی خۆنووسین) ببێتە دروشمی سەرەکیی یەکێتی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لیستی ڕەش

ئەو لایەن و دەستە و ڕێکخراو و دەوڵەتانە کەم نەبوون کە لە دۆخێکی وادا یەکێتی دژایەتیی دەکردن. ئەم دوژمنکارییە لە نووسین و بڵاوکراوەکانماندا ڕەنگی دابۆوە، خۆ بە کرداریش لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی جووڵانەوەکەوە یەکێتی سیاسەت و درووشمی هەر پشتبەستن بوو بە خۆی و جەماوەر. ڕێکخستنەکان و پێشمەرگەکان بەوە پەروەردە دەکران و هەر ئەوەش وای کردبوو چاومان لە هاوکاری و پشتیوانیی ئەملاولا نەبێت. جووڵانەوەکە توانیی لەسەر قاچی خۆی ڕاوەستێت و گەشە بکات، گەر کەسێک ڕاستەوخۆ بێ ڕوونکردنەوەیەک گوێی لەم هەموو ناو و لایەن و دەوڵەتە بووایە کە یەکێتی دوژمنایەتیی دەکردن، دوور نەبوو بڕووخانایە. بۆ نموونە دەمانگوت:

- سۆڤییەت لادەرە.
- ئیمپریالیزمی ئەمریکی خوێنمژی گەلانە.
- ڕژێمی شاهنشایی کۆنەپەرستە و پاسەوانی ئیمپریالزمی ئەمەریکایە و دژ بە کورد و مافی گەلانە.
- بەعس فاشیست و داگیرکەری کوردستانە.
- تورکیا دوژمنی سەرسەختی کورد و نۆکەری ئەمەریکایە.
- قیادە مۆقەتە کۆنەپەرستە.
- حیزبی شیوعی تەحریفی و...
- حسک و قیادەی مۆقەتە و لایەنی تریش دەسکەلای دەستی داگیرکەرانن.
- ئاغا و دەرەبەگ و کۆنەپەرستان .....و دژی جووڵانەوەی کورد و مافەکانی کوردن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەکورتی، یەکێتی هەر خۆی بوو، هەموو ئەوانی تریش لە لیستی ڕەشی یەکێتیدا بوون. دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئەم دەستەواژانە لە هەندێک کات و ساتدا کاریگەریی خراپیان لەسەر حاڵەتی دەروونیی هەندێک کەس درووست دەکرد. دەیانپرسی، "ئەی کەواتە کێ دۆستی ئێمەیە؟!" بە دیویکی تریشدا پێشمەرگە چاوی لە هاوکاری و پشتیوانیی دەرەکی نەبوو؛ خۆی وا پێگەیاندبوو بەو هەلومەرجەشەوە توانیبووی لەسەر ئەرزی کوردستان ڕەگوڕیشەی خۆی دابکوتێت و ڕووبەڕووی بەعس ببێتەوە.

لێرەدا دوو ڕووداوی پەیوەست بەو بابەتەوەم بیر کەوتەوە:

جارێکیان لە مەکتەبی عەسکەری، هاوڕێ جەبار و حەمەسەعید، کە هەردووکیان کادری پێشکەوتووی کۆمەڵە بوون، خەریکی تایپکردنی بەیاننامەیەک دەبن. هاوڕێ جەبار ڕەشنووسی بەیانەکە دەخوێنێتەوە و کاک حەمە سەعید تایپی دەکات. چەند پێشمەرگەیەکی ناوچەکە لەوانەی شێنێ و پشدەر خۆیان دەکەن بە ژووردا، یەکسەر هاوڕێ جەبار لە خوێندنەوەی بەیانەکە ڕادەوەستێت و نایخوێنێتەوە، کاک حەمە سەعید چەند جارێک داوا لە هاوڕێ جەبار دەکات بەردەوام بێت لە خوێندنەوە و وازی لێ ناهێنێت! هاوڕێ جەباریش دەڵێت، " پەلە مەکە." حەمە سەعید تەحەمولی نامێنێت و بەتووڕەیی دەڵێت، "بۆ بۆم ناخوێنیتەوە؟ با تەواوی کەین. چاوەڕێمان دەکەن و دەیانەوێ سبەینێ بڵاوی بکەنەوە." هاوڕێ جەبار قسە ناکات تا میوانەکان دەڕۆن، دوایی دەڵێت، "مردووت مرێ بۆ تێ ناگەی؟ ئاخر ئەم پێشمەرگانە بزانن یەکێتی ئەم هەموو دوژمنەی هەیە، بەیانی تەسلیم دەبنەوە."

***

پێشمەرگەیەکی گەرمیان لە شەڕ گەڕاوەتەوە. لەناکاو میلی ڕاکێشاوە و ڕووی تفەنگەکەی کردۆتە ئاسمان و کەوتوتە تەقەکردن، لێیان پرسیوە، "بۆچی وا دەکەی؟" ئەویش وەلامی دابوونەوە، "هەر شەڕی ئاسمان ماوە پێمان بکەن، با ئەویش بکەین."

***

شەوانە کە پشوومان دەدا، ژمارەیەک لە برادەران دەڕۆیشتن و بۆ بەیانی دەهاتنەوە، بەڵام بەشی زۆرمان لە شێنێ دەماینەوە و دەستمان دەکرد بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەمەتەقێ و گفتوگۆکردن لەبارەی بابەتەکانی ناو دانیشتنەکانەوە؛ هەندێک جاریش دەبووین بە دوو گرووپەوە و دەکەوتینە شەڕە شیعر، ئەمە یارییەکی کۆنە، زیاتر فەقێکان خەریکی دەبوون، بەمجۆرەی خوارەوە دەکرێت:

دوو کەس دادەنیشن بۆ شەڕە شیعر، دەشێت دوو گرووپیش بن؛ یەکەمیان بەیتە شیعرێک دەڵێت، دەبێت ئەوەی دووهەمیان بەیتێکی تر بڵێت بەڵام بەو پیتە دەست پێ بکات کە بەیتی یەکەم پێی تەواو بووە، بۆ نموونە، یەکەم دەڵێت:

با هەموو جوتیار و پاڵە و ڕەنجبەران
یەکگرن تا دەبنە هێز و پشتیوان

ئەم بەیتە بە پیتی (ن) کۆتایی هاتووە، دەبێت دووەم بەیتێکی وەک ئەمە بڵێت:

نالی حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە
بەیتی ڕەدیفی کەس نییە، هەرزە نویسە گەپ دەکا

شەڕە شیعر کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای تریشی هەیە، وەک:

أ. نابێت کەسەکە لە گیرفانی خۆیەوە شیعر دروست بکات، چوونکە لەناکاو لێیان دەپرسییت، 'ئەوە شیعری کێیە؟'

ب. نابێت کەس بەیتێک بڵێت کە پێشتر خۆی یان کەسێکی تر لە مەجلیسەکەدا گوتوویەتی.

ت. هەرکەس بیتوانیایە بەیتێک بڵێت، خاڵێکی بۆ گرووپەکەی تۆمار دەکرد و دەبوو گرووپی بەرانبەر بەزوویی وەڵام بداتەوە.

پ. هەموو ئەندامانی هەردوو گرووپەکە بۆیان هەبوو بەیت بڵێن، هەر لایەک لە وەڵامدانەوە دوا بکەوتایە، خاڵ بۆ گرووپی بەرانبەر دەنووسرا. ئەوان بەیتی خۆیان دەگوت و ئیتر بەو شێوەیە شەو بەڕێ دەکرا.

لەبەرئەوەی کاک نەوشیروان شیعری زۆر لەبەربوو، لەگەڵ هەر گرووپێکدا بووایە، ئەو گرووپە براوە دەبوو، کاک دلێری سەید مەجیدیش شیعری زۆر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەبەربوو، بەڵام کاک شێخ تالیب چەند جارێک یاساشکێنیی کرد و ئینزار کرا. چ ژیانێکی سادە و چ رووحێکی کارکردنی بەکۆمەڵ بوو!

ئێمە لە گەرمەی کۆبوونەوەکاندا بووین، هاتن گوتیان کاک حاجی حاجی برایم کارێکی پەلەی بە مام جەلال هەیە و دەیەوێت چاوی پێی بکەوێت. کاک حاجی حاجی برایم فەرماندەی هەرێمی حەوت بوو؛ هاتە ناو کۆبوونەوەکە و نامەیەکی دایە دەستی مام جەلال. مام نامەکەی خوێندەوە. تێیدا نووسرابوو کە دوژمن هێزێکی زۆری هێناوەتە سەید ئەحمەدان و بە نیازە ئەمشەو پەلامار بدات، پێشتریش هەر زانیاریی هەبوو کە دوژمن نیازی هێرشی هەیە.

شێنێ تاقە گوندی کوردستان بوو کە بەر شاڵاوی داگیرکاری و ڕاگواستن نەکەوتبوو، دانیشتوانەکەی بەوپەڕی قارەمانێتی و خۆڕاگرییەوە لەگەڵ پێشمەرگە بەرگرییان لە گوندەکەیان و ناوچەی سەرکردایەتی دەکرد. گەورە و بچووکیان چەکیان لە شان بوو؛ هەڵکەوتەی گوندەکەش بە جۆرێکە کە پشتی داوە بە شاخی مامەندەوە، وەک بڵێی ئەم کێوەش بۆتە لەمپەرێکی سرووشتیی بەهێز و عاسی دژی پەلامار و داگیرکاری دوژمنان.

سرووشتی گوندەکە جوان و دڵڕفێن بوو، بەتایبەت بەیانیان کە دنیا ڕووناک دەبۆوە دەتبینی دووکەڵی زۆپای گوند تێکەڵی تیشکی زێوینی ئەو سرووشتە جوان دەگمەنە دەبوو، هەزار ڕەنگیی خواکردی دەبەخشییە گوندە تاقانەکەی کوردستان. وەک بڵێی تیشکەکە بە سۆزێکی دایکانەوە گەورە و بچووکی گوندەکە بێدار دەکاتەوە و پێیان دەڵێت هەستن لە خەو کاتی فرمانە، گەرچی لای ئەم خەڵکە پشوودرێژە شەویش هەر ئێشکگری پاراستنی گوندەکەیان بوون و گەنج و پیری ئەم گوندە کە شاکاری قارەمانێتی و پوازی سەری دوژمنانن، هەمووشیان وەک شارە مێروو کار دەکەن و بژێوی بۆ خۆیان و پێشمەرگە پەیدا دەکەن. شێنێ، سومبولی تاقە دێی پارێزراو لە ڕاگواستن، ببووە چقڵی چاوی دوژمن، بەڵام دوژمن وازی نەدەهێنا، بڕیاری دابوو بە هەر نرخێک بێت داگیری بکات و خاپووری بکات و تۆڵەی ئەو هەموو تێکشکانە لە خەڵکە فیداکارەکەی بکاتەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەڕی شێنێ

کارەکانی کۆبوونەوەکە تەواو ببوون، ئیتر باس گۆڕدرا بەوەی ئەگەر دوژمن پەلاماری ناوچەکەی دا، دەبێت پێشمەرگە لەوپەڕی ئامادەباشیدا بێت. بڕیار درا بە قایمکردنی لووتکەی مامەندە، کە بەرزترین لووتکەی ناوچەکەیە و دەڕوانێت بەسەر تەواوی ناوچەکەدا. ئەوەندەی هێزی لێ بوو دابەش کران بەسەر شوێنەکاندا بەتایبەت بەرزاییەکانی سنوورەکە بۆ بەرگری و بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی داگیرکەر بۆ سەرناوچەکە. لە نیوەشەوی ٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨دا شەڕ دەستی پێ کرد و دوژمن پەلاماری سەری مامەندەی دا.

کاک زێرۆ عەبدوڵڵا فەرماندەی هەرێمی باڵەک بوو؛ هێزێکی زۆر باشی شەڕکەری باڵەکایەتی لەگەڵدا بوو، بە تایبەت فەرماندەی کەرت ئەحمەد مەولود، کە لەناو ئەو قوڕ و سەرمایەدا خۆی و پێشمەرگەکانی بەوپەڕی ئازایەتییەوە شەڕی دوژمنیان کرد. کاک حەمەی وەتمان هێزێکی باشی خەڵکی گوندەکەیان و ناوچەکەی لەگەڵ بوو وەک فەرماندەیەکی دیار و خەڵکی شێنێ بۆ خۆشیان هەموو پێشمەرگەی شەڕکەری ئازا و بەئەزموون بوون؛ چەندین جار هێرشی داگیرکەریان لە ڕابردوودا تێک شکاندبوو. چەند مقەڕێکی تری پێشمەرگە لە ناودێ هەبوون، کاک مەلا بەختیار و پێشمەرگەکانی مقەڕیان لە شێنێ بوو، بەدرێژایی ماوەی شەڕەکە بارەگاکەیان نەگواستەوە و هەر لەوێ مانەوە و ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبوو لە شەڕەکەدا تا کۆتایی هات.

توانای یەکێتی و پێشمەرگە و دانیشتووانی گوندی شێنێ سنووردار بوو، ئەو هێزەی لەبەردەست بوو ئامادە کرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سوپا زەبەلاحەی دوژمن، کە لە ڕووی سەربازی و هەواڵگرییەوە پشتیوانیی دەوڵەتی ئێرانی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئیرادەیەکی بەهێز هەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و شکاندنی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مام جەلال و کاک نەوشیروان هەردووکیان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت لووتکەی مامەندە بەهێز بکرێت و هێزێکی یەدەک، ئەگەرچی بچووکیش بێت، لە بەردەست بێت تا لە هەر سەنگەر و بەشێکی جەبهەکە پێشمەرگە پێویستی پێی بوو، ئەو هێزە بگاتە لایان. چاوی زیاتر و گرنگی زۆر زیاتریش بۆ لووتکەی مامەندە بوو، چوونکە ئەو لووتکەیە لە بەرزترین لووتکەی شاخە سەختەکانی ئەو ناوچەیەیە و هەر هێزێک ئەو شوێنەی بەدەستەوە بێت بەسەر هەموو ناوچەکەدا زاڵ دەبێت. بێگومان بەردەمی شێنێ، کە ڕێگە بوو، جەیش بەئاسانی لە (سونێ)وە دەیتوانی بگاتە ناو شێنێ، بۆیە ئەو شوێنانە وەک فەرماندەکان باسیان دەکرد، تەواو قایم کرابوون، شوێنی تر دەیڕوانی بەسەر ناوچەکە و لەڕووی سەربازییەوە گرنگی لەڕادەبەدەریان هەبوو، بەڵام لەبەری ئێراندا بوون، ئەوەش مانای وا بوو بۆ سوپای عێراق کراوە و لەسەرپشت بوون و بۆ پێشمەرگەش بقە بوون.

کاک ملازم عومەر وەک بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری سەرپەرشتیی جەبهەکەی دەکرد و ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبوو، چەند جارێک ئێمەش لەگەڵیدا چووین بۆ بەرەی شەڕەکە. ملازم سەید کەریم هەر لە ناوچەی سەرکردایەتی بوو؛ ئەویان ناردە بەری بێدەلان تا سەرپەرشتیی ئەو پێشمەرگانە بکات کە لەو ناوە بوون.

لەو قۆناغەدا پێشمەرگە بەو توانا سنووردارەوە شەڕی جەبهەی بەردەوامی بۆ نەدەکرا. داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن دوژمنەوە بۆ یەکێتی و هێزی پێشمەرگە زۆر قورس بوو، بۆیە دەبوو تا ئەوپەڕی توانا بەرگری بکرێت. ساردوسەرما بوو، چەند مانگێک بوو یەکێتی بنکە و بارەگای دانابوو، یەکێتی ڕووی بکردایە هەرکوێ، هەر دوژمن بوو، بژارەی تر ئاسان نەبوو؛ دەبوو بە هەر شێوەیەک بووە بەرگری بکرێت. بۆخۆی وەستان و ڕووبەڕووبوونەوەی سوپایەکی بێشوماری بەتوانای وەک بەعس لە هەلومەرجێکی سەختی وادا و بەرانبەر پیلانگێڕیی دوو دەوڵەتی بەهێزی وەک عێراق و ئێران کارێکی قورس بوو، بەڵام پێشمەرگە بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە چەندین ڕۆژ لەناو ئەو بەفر سەرمایە شەڕی دوو دەوڵەتی کرد.

سەعات یەک بۆ دووی شەو، دوژمن پەلاماری لووتکەی مامەندە و سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دا. وەک عادەتی خۆی بە تۆپبارانی خەستی ناوچەکە دەستی پێ کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەر لە لووتکەی مامەندەوە دایگرتەوە تا دەگاتە ناو گوندی شێنێ و زەڵێ و ناوزەنگ. دەستی لە هیچ نەدەپاراست، شەوێکی زۆر سارد و تاریکی ئەنگوستەچاو بوو، لەشکرێکی بەژمارە زۆری تێروپڕی دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێکەوە هێرشی دەکرد و ئەو هێزەی لە شاخی مامەندە بەرانبەری وەستابوو بیست پێشمەرگە نەدەبوون. لەو کوێستان و شاخە سەخت و ساردەدا پێشمەرگەکان خێمەیەکی کۆنی خراپ و تەقەمەنی زۆرکەمیان لەبەردەستدا بوو، تا ئەوەندی توانیبوویان بەرگرییان کردبوو و زیانی زۆریان لە کوژراو بریندار لە دوژمن دابوو، تا دواجار فیشەکیان پێ نەماوە لە ناو بەفر و سەرما ناچار شوێنەکەیان چۆڵ کردووە. بەم شێوەیە دوژمن لووتکەی مامەندەی گرت، ئینجا بۆ ئەوەی بە هەمووان بڵێ ئەوا مامەندە بەدەستی ئەوانەوەیە بە دەستڕێژی فیشەکی بی کەی سیی گڕدار بە دەوری خۆی و بەو دۆڵە باریکەی لە مامەندەوە دەهاتەوە ناوزەنگ تەقەی دەکرد. بۆ ئێمە کە هاتبووینەوە ناوزەنگ ڕوون بوو کە جەیش مامەندەیان گرتووە، ئێمە لە خێمەیەکی شڕدا بووین نزیک خێمە و مقەرەکەی کاک نەوشیروان بوو. بەفر وردە وردە دەستی بە بارین کرد، بۆ بەیانی سەیرمان کرد بەفر بەتەواوی سەری مامەندە و لووتکەی جاسووسان و بەرزاییەکانی داپۆشیوە.

دوای داگیرکردنی مامەندە بۆ بەیانی بینیمان مامەندە هێندە سەرباز پێوە بوو، ڕەش دەچووە. پێشمەرگەکانی ناو شێنێ هەر مابوونەوە و بەرگرییان لە سەنگەرەکانی خۆیان لەناو گوندەکەدا دەکرد. دوژمن لە قۆڵێکی ترەوە پەلاماری ناو گوندی شێنێی دابوو، ئەم هێزەیان لە گوندی (بێگەلاس)ی (ناحیەی هەڵشۆ) وە بۆ سونێ و بەرەو ناو شێنێ هاتبوو. بە سەرپەرشتیی کاک مەلا بەختیار، پێشمەرگەکانی دەستەکەی و هەرێمی شەشی پشدەر و کاک محەمەدی وەتمان خۆی و هێزەکەی، کە زۆربەیان خەڵکی شێنێ بوون، بەوپەڕی فیداکارییەوە بەرگرییان لە سەنگەرەکانی پاراستنی گوندە تاقانە پارێزراوەکەی کوردستان دەکرد. ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ ئەحمەد مەولوودا بوون هێزێکی گورجوگۆڵی هەتا بڵێی شەڕکەر و ئازا بوون، بە جۆرێک بەناو ئەو بەفرەدا هاتوچۆیان دەکرد دەتگوت هەر لە بنەڕەتەوە لەناو بەفر و بەستەڵەکدا لەدایک بوون. ئەحمەد مەولوود، کە فەرماندەی کەرت بوو، لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا لە ناو ئەو بەفر و سەرمایەدا بەرگرییەکی قارەمانانەی کەموێنەیان کرد و نەیانهێشت دوژمن پێشڕەویی بکات،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەند سەنگەرێکیشیان لی سەندبوونەوە؛ لە قۆڵی باشووری ڕۆژئاواشەوە کاک قادر خەبات و هێزەکەی، بە پێچەوانەی هێرشەکەی چیای مامەندەوە، بەرگرییان کردبوو. دوژمن لەم هێرشەیاندا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکووخراپیش تێکشکابوو، سەربازێکی زۆریشی لێ کوژرابوو.

هێزی دوژمن لە ئاسمان و زەمینەوە پشتوانیی لی دەکرا، وایش خۆی لەبەر زەبری پێشمەرگەدا ڕانەدەگرت، خۆ ئەگەر پێشمەرگە چەک و جبەخانەی لەبەردەستدا بووایە، دەیتوانی سەد هێندە زیانی قورس لە دوژمن بدات.

کاک ئەحمەد مەولوود پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوو، لە زۆربەی شەڕە سەختەکانی ناوچەکەیاندا یان سەرکردایەتی شەڕەکەی کردووە. یان بەشداریی بەرچاوی کردووە. خەڵکی (گوندی سەرکان)ی ناحییەی قەسرێی چۆمانە. ماوەیەک دوای شەڕی شێنێ، یەکەیەک تایبەت لەناو هێزی پێشمەرگەدا درووست کرا و ناوی لێ نرا 'قووەت.'[١] ئەحمەد مەولوود کرا بە فەرماندەی قووەتی کارووخ و زۆی پێ نەچوو بوو بە فەرماندەی تیپی کارووخ. ئەحمەد باوەڕی بەوە بوو لە هەر جێگەیەک کورد پێویستی بە دەست و تفەنگی ئەو بێت، لەوێ ئامادە دەبێت. بەشدارییەکی زۆر کارای لە هێزی پشتیوانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیموکرات هەبوو. لە ساڵی ١٩٨٣دا لە کونەکۆتری قەندیل، لە شەڕی ناوخۆدا گیانی سپارد.

شەڕی شێنێ نۆ ڕۆژی خایاند. بەردەوام چەندین کۆپتەری دوژمن بە ئاسمانەوە بوون؛ هێزی سەربازییان دەگواستەوە و لە بەرزیی شاخەکاندا دایاندەبەزاندن؛ خواردن سووتەمەنی و تەقەمەنییشیان بۆ سەربازەکان دەگواستنەوە. پلانی دوژمنکارانەی دوو دەوڵەت بەوەی ئێرانی شاهنشاهی هێزێکی زۆری هێنابووە بەرانبەر ناوچەکانی سەرکردایەتیی یەکێتی و ناوچەکەی کردبووە ناوچەی شەڕ، لە زۆر شوێن ئاڵای سووریان دانابوو وەک نیشانەی مەترسی تا پێشمەرگە و هیچ

---

١ ئەمە داهێنانێکی تازە بوو، قووەت لە مەفرەزە گەورەترە، هێندەی کەرتێک زیاتر دەبێت. ئەم قووەتانە جۆرێک بوون لە تاقیکردنەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت هەرێمەکان هەڵبوەشێنرێنەوە و یەکەی بچووکتر درووست بکرێت. تاقیکردنەوەکە زۆر سەرکەوتوو بوو، هەرێمەکان ناوچەی زۆر فراوانیان دەگرتەوە، کۆنترۆڵکردن و هاتوچۆ لەنێوانیاندا ئاسان نەبوو. نزیکەی ساڵێک دوای درووستکردنی قووەت، هەرێمەکان بەسەر ژمارەیەک تیپدا دابەش کران و قووەتەکانیش لە ناوچەکانی خۆیاندا بوون بە تیپ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەس نەتوانن نزیکیان ببنەوە و سنوور بشکێنن. بە مانایەکی تر، جەیشی ئێران هێزێکی زۆری هێنابووە ئەو سنوورەی بەرانبەر ناوزەنگ و شێنێ و زەڵێ بوو تا بە شێوەیەک توند و قایمی بکات بە هیچ شێوەیەک پێشمەرگە نەتوانێت لە سنووری ئێرانەوە، گەر زۆری بۆ هات، پاشەکشێ بکات. ئامانجەکە ئەوە بوو لە دۆخێکی وادا هەردوو جەیش گەمارۆی تەواوی ناوچەکە و سەرکردایەتیی یەکێتی و پێشمەرگە بدەن و لەناومان بەرن.

کۆپتەرە جەنگییەکانی دوژمن هەر جووڵەیەکیان ببینیایە، جا هی پێشمەرگە بووایە یان هاووڵاتی، بە دۆشکەکانیان تەقەیان لێ دەکرد و ئەو خێمە و بنکانەی دیار بوون بەچڕی بۆردومانی دەکران. دەستیان لە هیچ شتێک نەدەپاراست؛ هەندێک لە کۆپتەرە بارهەڵگرەکان لەو شوێنانەش دەنیشتنەوە کە سوپای ئێرانی لێ بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ هەوا ساردتر دەبوو و بەفر لە لووتکەی شاخەکان زیاتر دەباری؛ چەندین جار دوژمن لە چەندین لاوە پەلاماری گوندی شێنێی دا، بەڵام هەموو جارەکان خراپ تێک شکا، لەگەڵ ئەوەشدا دوژمن هەر بەردەوام بوو لەسەر هێرش و پەلامارەکانی.

ڕۆژی دواتر لەدەمەوبەیاندا، لە چەندین لاوە هێرشێکی فراوانی دەست پێ کرد. لە باشووری گوندەوە هێزەکانی گەیشتنە دامێنی شێنێ. مەخفەرەکە کۆنەکەی پۆلیسی تەقاندەوە و دەیویست جێپێی خۆی قایم بکات. بەسەرپەرشتیی مەلا بەختیار و چەندین فەرماندەی پێشمەرگە هێرشیان کردەسەر دوژمن و لە شەڕێکی سەختدا زۆر بەخراپی سوپای دوژمن شکا و بڕێک چەک و کەلوپەلی سەربازی و کوژراویان لەدوای خۆیان جێ هێشت. ئەم شەڕە هەتا ئێوارە بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا دوژمن بەناچاری کشایەوە و کەوتەوە تۆپبارانکردنی گوندەکە و دوروبەری، ئەمە ڕەفتاری هەمیشەیی دوژمن بوو، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆدا دەشکا، ئینجا دەکەوتە تۆپبارانکردنی ناوچەکە، پێشمەرگە و ژن و منداڵی لە یەکتر جیا نەدەکردەوە، ئەم تۆپانە لە دوورەوە دەهاوێژران، هیچ جۆرە تۆپ و چەکێکی واشمان نەبوو تا وەڵامیان بدەینەوە، بۆیە تاکە ڕێگە خۆدانە دەستی قەدەر بوو، چوونکە ئەگەر گوللەتۆپێک ڕاستەوخۆ بیدایە لە جێگەیەک، نە پێشمەرگە و نە خەڵکیش حەشارگە و پەناگەیەکی قایمی وایان نەبوو خۆیانی تێدا بپارێزن.

***

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دۆخی خەڵکی گوندی شێنێ زۆر خراپ بوو، ئەوەی پێشمەرگە بوو یان چەکی پێ بوو بەشداریی شەڕ و پاراستنی گوندەکەیان کرد، ژن و منداڵیش گوندیان جێ هێشت و چوونەناو ئەشکەوت یان لە بن بەردەکان و لەناو ئەو قوڕەدا و بەو سەرمایە بەدرێژایی قەراغی ڕووباری نۆکان تا نزیک شێنێ خۆیان حەشاردا بوو. لەو پەڕی بێحاڵی و خراپیدا بوون، سەرماوسۆڵەکە بێئەندازە بوو، بەزەحمەت دەیانوێرا ئاگر بکەنەوە، منداڵان هەڵدەلەرزین، برسییان بوو، نان و پێخۆری پێویستیشیان پێ نەبوو. بیهێنەرە پێش چاوت ئەمە دیمەنێکە لە هەزاران دیمەنی ژیانی گوندنشینانی کوردستان لەژێر ڕەحمەتی داگیرکاری و هەوڵەکانی قڕکردنیاندا.

دوو ڕۆژی تریش دوژمن هەروا لە دەمەوبەیاندا پەلاماری دا و شەڕی قورس قەوما، بەڵام سەرئەنجام خراپ تێکشکا و دەسکەوتی بۆ پێشمەرگە جێ هێشت، ئەو چەند ڕۆژە بەردەوام کۆپتەرە بارهەڵگر و جەنگییەکانی دوژمن بە ژمارەی زۆر بە ئاسمانی ناوچەکەوە دەبینران و بۆردومانی ناوچەکە و سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد. چەمی نۆکان سنووری دوو وڵاتی عێراق و ئێران بوو؛ دووژمن ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەڵقەی گەمارۆی توندتر دەکرد و هێزی زیاتری ڕەوانەی ناوچەی شەڕەکە دەکرد. هەموو ئەو شوێنانەی لە ڕووی سەربازییەوە بۆ دوژمن گرنگ بوون بەتەواوی تەنرابوون تا هیچ کەس نەتوانێت ڕوو بکاتە ئێران یان لەو ئابلۆقە سەربازییەی دایاننابوو ڕزگاری ببێت؛ ئێرانیش تەواوکەری ئابلۆقە سەربازییەکەی دوژمن بوو. جگە لە شەڕکردن، چارێکی ترمان نەبوو، چوونکە دوژمن لە پێشەوە و هێزی شای ئێرانیش لە پشتمانەوە بوو، پێشمەرگەش بێباک لە هێز و توانای زۆر و فشەڵیی دوژمن، ئازایانە بەرگری لە خاک و ئاو و کەرامەتی کوردبوون دەکرد.

دیمەنێکی ڕوونی دوژمنایەتی و دژایەتی کوردت لەم دیمەنە بچووککراوەدا وەک فلمێکی سینەمایی دەبینی کە چۆن دوو دەوڵەت تواناکانیان بۆ لەناوبردنی کورد خستۆتە خزمەت یەکترەوە، بەڵام ئێمە سەدان جار دوژمن لە پشتمانەوە و لە پێشمانەوە و لە دەورمانەوە بوو، پێشمەرگە ئەم ڕاستییەی دەزانی بۆیە بەرگریی مان و نەمانی دەکرد.

دەمانبینی کە کۆپتەرە بارهەڵگرەکانی عێراق ئازادانە دەچوونە ناو خاکی ئێران دەنیشتنەوە و هەڵدەستانەوە. ئەمانە هەمووی ئاماژە بوون بۆ ئەوەی ڕەسەدەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تۆپ و جەیشەکەی بەعس لە پشتەوەی جەبهەی خۆیان و بە هاوکاریی ئێران بوو. ئەوان پێکەوە وەک دوو داگیرکەری کوردستان بڕیاریان دابوو شۆڕشی کوردستان تێک بشکێنن و لەناومان ببەن. لە سەر لووتکەی شاخەکان سەرباز دادەبەزێنران و سەنگەریان لێ دەدا، کۆپتەرە کۆبراکانی ئێران پێویستی و کەلوپەلی جەنگییان بۆ دەگواستنەوە. لووتکەی شاخەکانی پشتی نۆکان و گۆڕەشێر و بەرزاییەکانی تر پڕبوون لە سەربازی ئێرانی. ئێمە بۆمان نەبوو سنوورەکان ببەزێنین، بەڵام بۆ هەردوو دوژمنی کورد سنوور نەمابوو؛ ببووە یەک دەوڵەت و سەربازە عێراقییەکان لە دیوی ئێرانەوە و بە هاوکاریی هێزەکانی ئێران دەهاتنە پشتی سەنگەرەکانی ئێمە و پشتیان لە پێشمەرگە دەگرت، چەندین کۆپتەر بەردەوام بەسەر ئاسمانی گوندی شێنێ و زەڵێ و ناوزەنگ و و شاخ و دۆڵ و ناوچەکەوە بوون و بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی ئەو چەند ڕۆژە بۆردومانیان دەکرد.

شەڕەکە زۆر ناهاوسەنگ بوو، چەکی پێشمەرگە تەنها کلاشینکۆف و بڕنەو بوو، چەند ئارپیجییەک هەبوون، بەڵام گوللە ئارپیجی زۆر کەم بوو، هۆمەر ئاغا لەناو قیادەی مۆقەتەوە گەڕابۆوە ناو یەکێتی و دوو دۆشکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە پارچەیان نوقسان بوو، کاکەبرا قرگەیی دۆشکەیەکیانی ئازایانە بەکار دەهێنا لە باسکی ناوزەنگ کە بەسەر زەڵێدا دەیڕوانی. لەوێ دایدنابوو؛ سەنگەری بۆ دروست نەکردبوو، هەر وا بەپەلە دانیا و قایمی کرد. شەڕی دژی کۆپتەرە جەنگییەکانی دوژمنی پێ دەکرد. سندووقی فیشەکی دۆشکەی لەگەڵ نەبوو هەر دوو فیشەکی دەتەقاند و دەوەستا، دەبووایە بیکاتەوە و دەستکارییەکی بکات تا بتوانێت دوو، سێ فیشەکی تری پێ بتەقێنێت. واش دڵمان زۆر پێی خۆش بوو؛ وامان دەزانی باشترین چەکی دژە ئاسمانیمان بۆ هاتووە.

ئێرانییەکانیش جگە لەوەی ئاسانکارییان بۆ هاتوچۆی کۆپتەرەکان دەکرد، لای خۆشیانەوە بەباشی دەیانتوانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە ببینن، بۆیە ببوون بە ڕەسەد و جاسووسی تۆپخانەی عێراق و زانیاریی سەربازیی گرنگیان لەبارەی ئێمەوە دەدایە هێزی داگیرکەری بەعس. بەکورتی، ئێمە بەو هێزە کەم و چەکە سەرەتاییانەوە، بە کردەوە لەگەڵ دوو دەوڵەتدا دەجەنگاین.

ئێرانییەکان بۆچی هاوکاریی سوپای عێراقیان کرد لەکاتێکدا دوژمنایەتییەکی مێژوویی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەیە؟ زۆر بەسادەیی قۆناغێکی ڕەش بوو بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کورد، دوژمنانی کوردیش لە هەموو شتێکدا ناکۆک و ناتەبابن، بەڵام بۆ تێکشکاندن لەناوبردنی کورد کۆک و تەبان. ئێرانییەکان یەکێتیان بە کۆمۆنیست دەزانی و زۆر دژایەتییان دەکردین. یەکێتی لە درووشم و نووسین و بڵاوکراوەی خۆیدا عێراق، ئێران و تورکیاشی بە دوژمنی سەرسەخت و داگیرکەری کوردستان لەقەڵەم دەدا، پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەم دوو پارچەیەیَ کوردستاندا هەبوو، لە بەیان و بڵاوکراوەکانیدا بەئاشکرا پشتیوانیی لێ دەکردن و دژی هەردوو دەوڵەت و عێراق و ئێران وەستابۆوە. ئەم هەڵویست و درووشمانەشمان بەشێک بوون لە بڕوا و پرەنسیبی کۆمەڵە و یەکێتی، خۆ ئەم دەوڵەتانە هەرچیشیان بۆ بکەیت، هیچ لە هەڵوێستی خۆیان لەسەر ماف و دەستکەوتی کورد ناگۆڕن؛ ناکۆکی و ململانێی نێوانیان ڕێگر نییە لەوەی سەدان جار کۆ ببنەوە و پیلان دژی کورد بگێڕن.

***

وەک پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، زۆربەی سەربازەکان بەزۆرەملێ جلی سەربازییان لەبەر کرابوو و شەڕی کوردستانیان پێ دەکرا، ئەوان دەیانویست بە زیندوویی بگەڕێنەوە بۆ لای کەسوکاریان، پێشمەرگە وەک شاخ لەبەردەمیاندا وەستابوو، هەر کاتێک دوژمن دەکەوتە مەودای نیشانی تفەنگەکانی پێشمەرگەوە زیانی گەورە بەر سەربازەکانی دەکەوت. دوژمن جار لەدوای جار هێرشی دەکرد و بەو هەموو ئیمکانیاتە و ئەو هەموو زانیارییانەوە کە ئێرانییەکان پێیان دەدا، بەڵام زۆر بەخراپی تێک دەشکا، دیسان دەستی دەکردەوە بە تۆپبارانکردنی هەرەمەکیانەی ناوچەکە.

پێشمەرگە قارەمانانە لە سەنگەری بەرگریدا شەڕی دەکرد؛ سەرکردایەتیی یەکێتی، ئەوەندی من ئاگادار بووم، گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی گەر هێرشەکان بەردەوام بن، دەبێت ڕێگەی دەربازبوون و پاشەکشێ بدۆزینەوە و دەبوو هەر بە شەڕ ئابڵوقەی دوژمن تێکبشکێنن و ناوچەکە چۆڵ بکەین، چوونکە ناوچەکە بەتەواوی ئابڵوقە درابوو. ئێمە لە کاک نەوشیروانەوە نزیک بووین. بێگومان دەربازبوونیش نەک ئاسان نەبوو، بەڵکووقوربانیی دەویست، دوای بیرلێکردنەوە و هەڵسەنگاندن لەنێوان مام جەلال و کاک نەوشیروان و مەلازم عومەر و مەلا بەختیار و برادەرانی تر، چەند خاڵێک دیاری کران و بڕیار درا ئەگەر ناچار بووین، لەو خاڵانەوە ئابڵوقە بشکێنین و دەرباز ببین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جەنەڕاڵ بەفر

پێشمەرگە شەڕێکی پاڵەوانانەی کرد، بەڵام سرووشتی کوردستان زۆر هاوکار و پشتیوانمان بوو؛ ئەو پشتیوانییە ئیلاهییە هەرگیز پشتی لێ نەکردووین. زستانەکەی سەخت بوو؛ کەشوهەوا سارد بوو؛ خەڵکی ئەو ناوە دەیانگوت هەر ساڵێک زەردەزیڕە زۆر بێت، زستانەکەی سەخت دەبێت. دیار بوو پاییزی ئەو ساڵە زەردەزیڕە یەکجار زۆر بوو. پشتبەست بە توانای زۆری سەربازیی خۆی، دوژمن ڕۆژانە لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی دەکرد، بەڵام لەبەردەم زەبری پێشمەرگە قارەمانەکان و خەڵکی فیداکاری شێنێ دەشکان و لاشەی کوژراوەکانیان جێ دەما. وردە وردە هەواکە گۆڕا و ساردتری کرد. لە ١٦ و ١١/١٧ دەستی کرد بە بەفربارین. ڕۆژ و شەوەکەی بەفرێکی زۆر باری و ناچەکەی هەموو سپی کرد؛ ڕەشایی دیار نەمابوو، کۆپتەرە جەنگییەکانی دوژمن لە ئاسمانی ناوچەکە نەدەبینران؛ تۆپباران تا ڕادەیەک کەمی کردبوو، هەستت دەکرد بە هۆی بەفری زۆرەوە دەنگی تۆپ و تەیارە کپ بوون. ئیتر دوای ئەو هەموو ئاگر و ئاسنەی لە ئەرز و ئاسمانەوە بارێنرا بەسەر ناوچەکەدا، کاتی بوو پێشمەرگە و هاووڵاتی پشوویەک بدەن. ئەو سەربازانەی چووبوونە لووتکەی مامەندە ببوون بە ژێر بەفرەوە. بەفر هێندە زۆر باریبوو دوژمن بەو هەموو توانایەوە نەیتوانی دەربازیان بکات و ڕەق بوونەوە. دڵنیام لە چەند شوێنی تریش سەربازیان لێ ڕەق ببۆوە تەرمەکانیان هەتا بەهار و توانەوەی بەفر هەر لە ژێر بەفرەکەدا مابوونەوە. دواتر لاشەکانیان دەرکەوتن و چەک و کەلوپەلەکانیشیان کەوتنە دەستی پێشمەرگە.

پێشمەرگە و دانیشتوانی گوندەکان ئەو بەفرەیان زۆر پێ خۆش بوو؛ زۆر یارمەتیدەرمان بوو، لەناو خۆماندا بە 'جەنەڕاڵ بەفر' ناومان دەبرد. بەکورتی هۆی سەرەکیی شکاندن و پاشەکشەی دوژمن یەکەم ئەو بەرگری و فیداکارییەی خەڵک و پێشمەرگە بوو کە لەو چەند ڕۆژەدا ڕێیان نەدا دوژمن دەست و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قاچی گلاوی بگاتە شێنێ و ناوچەکە، دووەمیش پەروەردگار بۆ پشتیوانیی ئەو خۆراگری و پشودرێژییە جەنەراڵ بەفری کردە خەڵات بۆ شکاندنی دوژمن و سەرکەوتنی پێشمەرگە و خەڵک.

ناوچەکە یەک پارچە سپی دەچووە؛ دارەکان لەناو بەفردا دیار نەمابوون، ئێرانی شاهنشاهی کە لەشکری عێراقی بە شکاوی بینی، وردە وردە لەشکرەکەی خۆی پاشەکشە پێ کرد، ناوچەکەی چۆڵ کرد و ژیان گەڕایەوە ناوچەکە.

نۆ ڕۆژی تەواو هەموومان لە شەڕێکی ناهاوسەنگدا بووین؛ شەڕی ئەو چەند ڕۆژە بە یەکێک لە داستانە کەموێنەکانی شۆڕشی کورد ئەژمار دەکرێت، خۆڕاگری و قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگە، ورەبەرزیی خەڵک و هێزی بەرگریی شێنێ و بوونی مام جەلال و کاک نەوشیروان و سەرکردایەتیی و، هەروەها بوونی دەیان فەرماندەی قارەمانی فیداکاری ناوچەکە و ناوچەکانی تری کوردستان وای کرد ئەو مێژووە پڕ لە شانازییە بۆ گەلەکەیان تۆمار بکەین.

خۆش ئەوەیە سوپای عێراق و ڕژێمی بەعس لە دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەکانیدا ئەم بەزینە سەختەی ناوناوە "داستانی شۆڕەسوارەکان." خوای ئێمە کردی هەمووی دوو مانگی پێ نەچوو، شۆڕش لە ئێران هەڵگیرسا و شا قوژبنێکی بۆ نەمایەوە لەسەر زەوی تا خۆی تێدا حەشار بدات و بە داخی کورسیی دەسەڵاتەکەیەوە سەری نایەوە.

شێنێ گوندێکی گەورەی سەر سنوورە؛ زیاتر لە دووسەدماڵێک دەبێت، دوا گوندی خاڵی سنووریی باشووری کوردستانە. ئەم شکستەی دوژمن لە شێنێ، دوای کارەساتی هەکاری، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هێزی پێشمەرگە و هیوایەکی نوێی بەخشی بە جەماوەر و لایەنگرانی یەکێتی. ئەم سەرکەوتنە بۆ خۆی ئەوەی سەلماند کە یەکێتی هێزی خۆی بەدەست هێناوەتەوە و دەتوانێت لە ناوچەی ڕزگارکراوی خۆیدا دامودەزگا و هێزی خۆی گەشە پێ بدات. دەبێت سوپاسی پەروەردگار بکەین کە جەنەراڵ بەفری نارد بۆ هاوکاریمان، دەبێت مەدالیای ئازایەتی و وەفا بە بەرۆکی بەفر و پێشمەرگە و خەڵکی سنوورەکەدا هەڵبواسین.

دوژمن شکا و شەڕ کۆتایی هات، وردە وردە ژیان و ئاوەدانی گەڕایەوە ناوچەکە، دووکانەکانی بازاڕەکەی ناوزەنگ کرانەوە و هاتوچۆ و کاروانی ولاخدارەکان بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قاچاخێتی و گواستنەوەی کەلوپەل لە قاسمەڕەش و دیوی ئێرانەوە بۆ قەڵادزێ و دەوروبەری دەستی پێ کردەوە؛ هێزەکەی ئێرانیش سنوورەکەی چۆڵ کرد و تەنیا پادگان و ڕەبایە کۆنەکانی مانەوە؛ مەترسی لەسەر وڵاخدارەکان کەم بۆوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دۆخی ناوچەکە ئاسایی دەبۆوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مانەوەم لە سەرکردایەتی

لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا- کاک دلێری سەید مەجید، کاک وەهاب، کاک ئاوات قارەمانی، کاک ئازادی سەگرمە، کاک ملازم جەمال مەندەلاوی، مامۆستا سەیفەدین هاواری، هاورێ جەبار- پێکەوە لە لاچەپەکێکی گردی پشتی (زینۆ)ی ناوزەنگ لەژێر دەوارێکی بچکۆلەدا ماینەوە و نەگەڕاینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان. من دەبووایە بچوومایەتەوە بۆ ناوچەی پشدەرە ڕەقە، بەڵام بەهۆی شەڕەکە و خۆشەویستیی ئەو هاورێیانەوە ماوەیەک لایان مامەوە.

خێمەکەمان سەرمای نەدەگێڕایەوە، هەر ئەوەندە بوو باران و بەفر ڕاستەوخۆ لیی نەدەداین، دامێنی خێمەکەمان بە قوڕ و بەرد قایم کردبوو، قوڕەکە بۆ ئەوەی ئاو نەیەتە ژێرمان، بەردەکانیش بۆ ئەوەی ڕەشەبا هەڵینەکەنێت و نەیبات. بەیانیی وا هەبوو کە لەخەو هەڵدەستاین دەمانبینی خێمەکەمان لەناو بەفردا نغرۆ بووە، ڕەشەبایەکی هەبوو هەر فریای ئەوە دەکەوتین بەزەحمەت بەرد لەناو بەفرەکە پەیدا بکەین و لەسەر قەراخی خێمەکە دای بنێین تا ڕەشەبا نەیبات. بەڵام باکمان بە سەرما نەبوو، دوژمن شکا بوو، پێشمەرگە سەرکەوتبوو، هیوایەکی زۆریشمان بە داهاتوو هەبوو.

شوێنەکە کوێستان بوو؛ خەڵکی ناوچەکە و برادەرانی خۆشمان باوەڕیان وا بوو ئەو زستانە هیچمان دەرنابەین و هەموومان ڕەق دەبینەوە. سەرمایەکی زۆر سەخت بوو، شەوانە هەڵدەلەرزین و نەماندەتوانی بخەوین، زۆربەی کاتەکانمان شەو بە قسەکردنەوە بەسەر دەبرد. دوو، سێ جاریش ڕەشەبا دەوارەکەی هەڵتەکاندووە و ناچاری کردووین هانا ببەینە بەر ماڵ و مقەڕەکانی تر. بۆردومان و تۆپباران جار جار هەر بۆ هەڕەشە و ئیزعاجکردن بوو، جار جار گوللەتۆپەکان بەسەرماندا وژەیان دەکرد، ئێمە بەجۆرێک ڕاهاتبووین کە تەنانەت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قسەوباسەکانیشمان نەدەوەستاند، دڵمان بە سەرکەوتنەکە خۆش بوو، دوژمن پەندێکی بەسەرهات هەر بە چیرۆک بیگێڕێتەوە.

لە شەڕی شێنێدا، بەشی هەرە زۆری سەرکردەکانی یەکێتی لەگەڵ ئەو خەڵکە خۆڕاگرەی شێنێدا لەناو بازنەیەکی بچووکی گەمارۆدراودا بوون، لاکێشەیەک بوو درێژییەکەی نەدەگەیشتە ١٠ کیلۆمەتر، لە زۆر شوێنیشدا پانییەکەی لە کیلۆمەترێک کەمتر بوو. دوژمن ناوچەکەی بە گوللەتۆپ دەبێژا، کۆپتەرەکان هەموو ناوچەکەیان سەنگوسوژن دەکرد. بەڕاستی داستانێکی گەورە بوو، دوژمن زەبرێکی گەورەی بەرکەوت، تا ماوەیەکی درێژیش شەوانە باسی ئەو شەڕەمان دەکرد و لایەنەکانیمان لێک دەدایەوە و پەند و وانەی لێ فێردەبووین. کاتمان زۆر بوو، ترسی پەلاماری دوژمن نەمابوو، هەر دەشبوو قسە بکەین، چوونکە هیچی ترمان نەبوو، من ڕادوییەکەشم شکابوو، نەماندەتوانی گوێ لە گۆرانی یان دەنگوباس و شتی وا بگرین. چادرەکەشمان هەزار کونی تێدا بوو، کونێکمان دەگرت، سیانی دیکەی تێ دەبوو. هەر بەناو چادر بوو، زیاتر لە پەڕۆکۆنێکی بیست ساڵە دەچوو، بەڵام خۆ ئەوە سەرما بوو لەو شەڕەدا بەهانامانەوە هات، بۆیە خۆشمان دەویست و خۆمان لەگەڵی ڕاهاتبووین و هیچ گلەییمان لێی نەبوو.

ماوەیەکی پێ چوو لە تەختایی دۆڵی ناوزەنگ ژمارەیەک چادری دیکە هەڵدران و بوون بە دووکان و بازاڕ، هاتوچۆی ولاخدارەکان بووژایەوە ولاخدارەکان بوونە سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێمە. هەموو شتێکیان بۆ دەهێناین، تەنانەت نەوتیش، چوونکە نەوت هەر زۆر کەم بوو، دواتر تەباخێکی بچووکی نەوتیشمان پەیدا کرد بۆ خواردن دروستکردن و خۆگەرمکردنەوە. زۆر دەستمان بە نەوتەوە دەگرت و لە کاتی پێویستدا نەبووایە، بەکارمان نەدەهێنا. فانۆسمان پەیدا کرد، بەڵام فانۆسی چی، شەوانە لەگەڵ ڕەشەبادا دەکەوتە شەڕی دەستەویەخە و کە زۆری بۆ دەهات، دەکەوتە پرتەپرت و ناوبەناو ئاڵای سپیی هەڵدەکرد و دەکوژایەوە. ئەویش وەک ئێمە کێشەیەکی ناوخۆیی هەبوو، دوژمنێک لەبن دەستیدا بوو: نەوتەکەی ئاوی تێدا بوو، بۆیە دەکەوتە چاوشارێکی لەگەڵماندا و لەپڕ ڕووناکیی نەدەما و مانی دەگرت و دەبووایە شەومان بەتاریکی بەڕێ بکردایە.

لە زەڵێ، دوو، سێ ماڵی شێنێی لێ بوو نانیان بۆ پێشمەرگە دەکرد، ئێمەش ئاردمان بۆ دەناردن و بە پارەیەکی کەم بۆیان دەکردین بە نان. کێشەی نانمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەبوو، داوای شتێکمان لە دووکاندارەکان بکردایە، ئەگەر لای خۆشیان نەبووایە، دەیاننارد بۆ سەردەشت یان قەڵادزێ و بۆیان پەیدا دەکردین، جارجارەش بە قەرز شتیان پێ دەداین. کابرایەکی دووکانداری لێ بوو ناوی کاک ئەحمەد سارووخ بوو، کەسێکی هەتا بڵێی شارەزا و وریا بوو، کوردگوتەنی سەری لە کاسبی و مامەڵەکردندا سپی کردبوو، لە پارەگۆڕینەوەدا بلیمەتێک بوو بۆ خۆی؛ سەری لە هەموو دراوەکان دەردەچوو، لەو دوورەدەستە بێ ئامێرێکی پەیوەندی نرخی دراوەکانی دەزانی و هەر جۆر پارەیەکت پێ بووایە، بۆی دەگۆڕیتەوە.

کاک نەوشیروان مەقەڕێکی درووست کرد. ئەو ماوەیەی لەو ناوە بووین، هەموومان لەگەڵ خۆیدا کاری هەرەوەزیمان تێدا کرد تا زوو تەواو ببێت. دوو پێشمەرگە هەبوون کاک نەوشیروان خۆشی دەویستن؛ هەردووکیان ناویان 'مامە قالە' بوو، یەکیان لەو شاخە باخێکی بچووکی درووست کردبوو تەماتە و سەوزەی دەکرد. کەس نەیدەوێرا بەوەی تریان بڵێت 'مامە قالە،' دەبوو بتگوتایە 'هاوڕێ شێرکۆ.' کاک نەوشیروان زۆر حورمەتی دەگرتن؛ ئەو دووانە هەموو تەمەنیان پێشمەرگە بووبوون. هاوڕێ شێرکۆ هەموو بەیانییەک زوو خۆی ئامادە دەکرد بۆ وەرزشکردن؛ دەرپێی درێژی سپی و فانیلەی سپی لەبەر دەکرد. بەیانییەک دیقەتم دا تەنها هەر دوو دەستی چەند جارێک بۆ سەرەوە خوارەوە برد و تەواو. گوتم، "هاوڕێ شێرکۆ، ئەوە وەرزش...؟" ئەو خێرا گوتی، "بەڵێ" و نەیهێشت قسەی تر بکەم. گوتی، "من قەلبم ئەوهای پێ خۆشە و باسی شتی ترم بۆ مەکە." کێ دەیتوانی لە ئینزار و قسەی دەربچێت.

لەو شاخ و داخ و چۆڵەوانییە بەردەوام قژی بۆیاخ دەکردەوە. ڕۆژێک ئاگری دەکردەوە و جنێوی بە داروبەرد دەدا، تومەس زانیبوویان بۆیاخەکەی لە کوێ دەشارێتەوە، کەسێک دەرفەتی هێنابوو ناردبووی لە (سەردەشت)ەوە ڕەنگێکی تەواو جیاوازیان هێنابوو و خستبوویانە شوێنی بۆیاخەکەی خۆی، ئەویش کە دابووی لە قژی، قژی پرتەقاڵیی ببوو. گوتیان لە بەیانییەوە هەڕەشە دەکات. من خۆم ئەوەندەم گوێ لێ بوو کە گوتی، "کاک نەوشیروان، بەتەمای فلان و فلانی کوردت بۆ ڕزگار کەن! بەخوا نایبینی."

لە مقەڕی کاک نەوشیروان جارجار دەچوومە لای پێشمەرگەکان نانم دەخوارد، خۆ خواردنی سەرکردەو پێشمەرگە هەمووی یەک جۆر خواردن بوو. پێشمەرگە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چی بخواردایە، کاک نەوشیروان و هەموومان ئەوەمان دەخوارد. هەموو مقەڕەکان وا بوون. ئێوارە خورما و ڕۆن هەبوو. نانمان دەخوارد، پێم گوت، "هاوڕێ گیان، وەرە لەگەڵمان نان بخۆ." ئەو گوتی، "ددانم دێشێ بە خورما و نایخۆم." هەندێک بزە گرتنی بەڵام نەیانوێرا قسە بکەن. دواتر پرسیم چی بووە، گوتیان، "تاقمی لە دەمدایە؛ نەتزانیوە؟"

ئەوەم بیرکەوتەوە لەگەڵ خاڵە عەفان و چەند برادەرێک پێکەوە لەماڵێک بووین لە پارەزانی شارباژێڕی سەخت، دوای نانخواردن برادەرێک بە چیلکەی دەنکە شقارتەیەک ددانی پاک دەکردەوە، خاڵە عەفان ڕووی کردە برادەرەکە و گوتی، "چییە خاڵە، خۆ تۆ تاقمت لەدەمدایە. ئەم چیلکەیە چییە بە دانتەوە." برادەرەکەمان خراپ لێی تووڕە بوو تا جاری تر قسەی وا لە خۆیەوە نەکات.

ئێوارەیەکی تر هەر لە مەقەڕی کاک نەوشیروان بووین؛ لەگەڵ پێشمەرگەکان باسی دنیامان دەکرد، برادەرێک وێنەی خێزان و منداڵەکانی دەرهێنا و گوتی زۆریان بیر دەکات. وێنەکەی پیشانی ئێمەش دا، سەیرمان کرد و ئاسایی دامانەوە دەستی، برادەرێک 'توانا'ی ناو بوو، کە سەیری وێنەکەی کرد، نەیوێرا بڵێت "ماشەڵڵا هاوسەرەکەت جوانە" لەجیاتی ئەوە گوتی، "بەڕاستی خێزانەکەت بەڕێزە." هەموو کردمان بە پێکەنین گوتمان ئاخر چۆن دەیزانی بەڕێزە، ئەو گوتی ترساوە کاک..... عاجز و تووڕە ببێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تێکچوونی نێوانی شیوعییەکان لەگەڵ بەعس

سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی نێوان حیزبی شیوعی و بەعس بەرەو ترازان دەچوو. بەعس هیچ بڕوایەکی بە هاوبەشپێکردنی حیزب و لایەنی سیاسی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا نەبوو؛ لەجیاتی ئەوە، بڕوای تەواوی بە بەکارهێنانی هێز و کوشتار و تۆقاندن هەبوو. سەرباری ئەوەی حیزبی شیوعی هەموو توانا سیاسی و پەیوەندییەکانی بە پارتە کۆمۆنیست و دەوڵەتانی کۆمۆنیستییەوە بەکار دەهێنا بۆ بەرهەڵستیکردنی ڕژێمێکی دیکتاتۆری خوێنڕێژ و بوون بە ئەندام لە بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتووخواز، بەڵام دواجار دامودەزگاکانی ڕژێم دەستیان کرد بە دەستگیرکردنی کادر و پەرپرسەکانی حیزبی شیوعی. بەتەواوی تەنگیان پێ هەڵچنین. بەعس بوارێکی بۆ نەهێشتبوونەوە بۆ کارکردن، هەر ئەوەش وای کرد بەناچاری گەیشتنە ئەو باوەڕەی شارەکان جێ بهێڵن و ڕووبکەنە شاخەکانی کوردستان. ئەوە مایەی دڵخۆشیی بوو بۆ ئێمە بەتایبەت کۆمەڵە، چوونکە ئەوان شیوعی و چەپ بوون زیاتر لە ئێمەوە نزیک بوون. جیابوونەوەی شیوعییەکان لە بەعس ڕووداوێکی گرنگ بوو. دڵخۆش بووین کە بەرەی بەعسیان جێ هێشت و پاڵیان دا بە هێزی پێشمەرگە و جووڵانەوەی کوردەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠وە، شیوعییەکان چووبوونەناو بەرەی نیشتیمانیی پێشکەوتووخوازی (الجبهە الوطنیە التقدمیە)، کە بەعسییەکان درووستیان کردبوو. ئەو بەرەیە چوارچێوەیەکی کارتۆنی بوو؛ هیچ دەسەڵات و قسەیەکی لای بەعسییەکان نەدەڕۆیشت. بەو شێوەیە بە ویستی خۆیان یان بێ ویستی خۆیان کەوتنە مەیدانی شەڕەوە دژی پێشمەرگە.

ئەوکات کە شیوعییەکان لە بەرەی بەعسدا بوون، سەردەمی دووجەمسەریی بوو. کۆمۆنیزم لە جیهاندا برەوی هەبوو. بەعس زۆر زرنگانە شیوعییەکانی کردە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەکێک بۆ ناشرینکردنی شۆڕشی کورد و جووڵانەوەکەی لە دنیای دەرەوەدا، هەروەها بۆ پەیداکردنی پشتیوانیی وڵاتانی کۆمۆنیستی بۆ حیزبی بەعس.

لەسەر هاتنەدەرەوەی شیوعییەکان سەرکردایەتیی یەکێتی بە برووسکە تەواوی هەرێم و فەرماندە سەربازی و بەرپرسی ڕێکخراوەییەکانی ئاگادار کردەوە کە ئەوپەڕی هاوکاری و یارمەتیی برایانی شیوعی بکەن. هەموو پێشمەرگە و خەڵکیش ئەمەیان پێ خۆش بوو؛ هیوایان دەخواست شیوعییەکان ڕۆڵێکیان هەبێت لە نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و کۆکرنەوەیان لە ژێر چەتری بەرەیەکی یەکگرتوودا.

ماوەیەکی کەم دوای ئەم ڕووداوە نوێیە، چوومەوە بۆ ناوچەی پشدەر و درێژەم بە کارەکانی ڕیکخستن دەدا. بەدرێژاییی ئەو ماوەیە بۆ کاری ڕیکخستن نەچوومە هیچ شار و ئۆردوگایەکی ژێر دەسەڵاتی دوژمن. هەندێک لە ئەندامانی ڕێکخستن داوایان دەکرد سەردانیان بکەم لەناو شارۆچکە و ئۆردوگاکان و لە نزیکەوە بیانبینم، بەڵام من ڕێنماییەکانی سەرکردایەتی، بەتایبەت کۆمەڵەم، وەک خۆیان جێبەجێ دەکرد و بە موو لێم لا نەدەدا. ڕێگە و شێوازی دیکەم دەدۆزییەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، زۆرجار ئەوان دەهاتن بۆ لام و گفتوگۆمان لەسەر چۆنێتیی کارەکانی ڕێکخستن و خۆپاراستنیان لە چاوی دوژمن دەکرد و زانیاری و ڕێنماییەکانی سەرکردایەتیم پێ دەگەیاندن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی

گەڕامەوە بۆ سەرکردایەتی و چەند ڕۆژێک لەوێ مامەوە. کاک نەوشیروان پێی باش بوو بگەڕێمەوە شارباژێڕ. ئەو ماوەیەی لەو ناوچەی پشدەر و دۆڵە ڕەقە و ئەو سنوورە مامەوە دۆستایەتی و هاوڕێیەتیم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە درووست کردبوو؛ لەگەڵ هەندێکیاندا بووینە هاوڕێی هەمیشەیی و متمانەی زۆر لەنێوانماندا پەیدا بوو. ئەمانە پێشمەرگەی فیداکار و هاوڕێی سەرراستی ماوەی خەباتی پێشمەرگایەتی و ڕێکخراوەییم بوون. شێخ هۆمەر خۆی و پێشمەرگەکانی کەرتەکەی، کاک ئەحمەد مەولود، کاک قادر خەبات، کاک عوسمان بچکۆل و هاوڕێ لەتیف سەنگەسەری و دەیان فەرماندەی قارەمانی تر بەشێک لەو هاوڕێیانە بوون. لەگەڵ (عەبدوڵڵا سوور)یش، گەرچی ئەو بزووتنەوە بوو، دۆستایەتیمان پتەو بوو. تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت زۆربەی زۆری پێشمەرگە و فەرماندە و دانیشتووانی ناوچەکەم بۆ ساتێکیش لەیاد نەکردووە. داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر ناوی یەکێک یان زیاتر لە یەکێک لەو هاوڕێ و هەڤاڵە خۆشەویستانەم بیر چووبێت.

بۆ هەرکوێیەک و بە هەر لایەکدا ڕۆیشتبێتم پێشمەرگە و فەرماندەکانی کەرتەکە وەک هاوشان و هاوکار و چاوی خۆیان پاراستوویانم. کە چوومەتە ئەو ناوچەیە بۆ کارکردن، نە خەڵکی ئەو ناوە بووم و نە ناسیاویم لەگەڵ کەسدا هەبوو، نە هێزیشم هەبوو، بەڵام خەڵک و پێشمەرگە و فەرماندەکان لەو ڕۆژگارە سەخت و ئاڵۆزەدا هێندە هاوکار و پشتیوانم بوون و هێندە ڕێزیان لێ گرتم، تا مردن سوپاسگوزاریانم و جێی شانازیمن.

لە کۆبوونەوەی جەماوەریی دێهاتەکاندا و لە هاتوچۆی ناوچەکە و چوونی بەردەوامم بۆ سەرکردایەتیدا لە ناوزەنگ، دڵسۆزیی ئەم تێکۆشەرە ماندوونەناسانە،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

که زۆربەی زۆریان کوڕی هەژار و زەحمەتکێش بوون، بناغە و هەوێنی هەموو سەرکەوتنەکان و بەهێزبوونی یەکێتی بوو. ئەمە بۆ هەموو ناوچەکانی تری کوردستانیش ڕاستە کە تێیاندا ئەرکی قورسی خەبات و فیداکاری و قوربانیدان لە جووڵانەوەی کورد لە سەرشانی هەژار و زەحمەتکێش و جوتیارانی کوردستان بووە.

ساڵێک زیاتر لەو ناوچەیە مامەوە. پەیوەست ببووم و ڕاهاتبووم لەگەڵ سرووشت و هەڵسوکەوتی خەڵک و ناوچەکە. خۆشەویستییان لە دڵمدا چەسپیبوو؛ کە ڕۆژی جیابوونەوە هات و ماڵئاواییم لێکردن، خەمێکی قورس ناخمی داگرت و هەستم کرد دەستبەرداری بەشێک لە ڕووحی تێکەڵبووم پێیانەوە دەبم. ئەو قسەیە زۆر ڕاستە کە دەڵێت "مرۆڤ هەرگیز خۆشەویستانی جێ ناهێڵێت، بەڵکووبەشێک لە خۆی لەناو ئەواندا جێ دەهێڵێت و بەشێکیش لەوان لەگەڵ خۆیدا دەبات."

چوون و مانەوەم لە ناوچەی پشدەر ئەزموونێکی نوێی کارکردنم بوو لە پێشمەرگایەتی و کاری ڕێکخستندا، بڕواشم وا بوو لە هەر شوێن و جێگەیەکی کوردستان بتوانم ئەرکێکی شۆڕش و کۆمەڵە بەجێ بگەیەنم و بێ دوودڵییش ئەنجامم دەدا. کارکردن لە هەموو ناوچەکان بۆ من وەک یەک وا بوو. دەمزانی چوونم بۆ هەر ناوچەیەکی تر ئەزموونی جیاواز و وانەی بەسوودم فێر دەکات، جا لەوێ خەریکی ئەرکی پێشمەرگایەتی بم یان کاری ڕێکخراوەیی. دوای ناوچەی مەرگە و دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕ، قۆناغێکی نوێی گرنگی درێژەدان بە پێشمەرگایەتی دەستی پێ کرد. لە دۆخی وا جیاوازدا، سەرەتا هەندێ زەحمەتە تا ڕادێیت و کاتێک هەست دەکەیت، بە شێوەیەک دەتوانیت خزمەت بە خەڵکی ئەو سنوورە بکەیت، بۆ خۆت دەبیت بە بەشێک لەو خەڵکە دڵسۆز و بەئەمەکەی سنوورەکە و زۆر وانە و ئەزموونی نوێیان لێوە فێر دەبیت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرەو شاربازێر

ڕۆیشتن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر زۆر زەحمەت بوو. وێڕای هەوراز و نشێو و بەردەڵان و تینوێتی و برسێتی، ڕەبایە و مۆڵگەی دوژمن وەک گەڵای دار بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا وەر ببوون. سیخوڕ و هەواڵدەریش لە زۆر شوێن هەبوون، پەڕینەوە لە جادە سەرەکییەکان و خۆپاراستن لە بۆسە و کەمینەکانی دوژمن شتێکە قەڵەم دەرەقەتی تۆمارکردنی نایەت.

بە ناوچەکانی هەڵشۆ و هێرۆ و پشتی بێژوێ و بێتووشدا، کە لەناو خاکی ئێراندا بوون، تێ پەڕیم و گەیشتمە سەر چەمی کەڵوێ و لەوێوە بە سیمی قاچاخچییەکان پەڕیمەوە؛ لەوێشەوە بە ئالان و سیوەیلدا هاتم. زۆر شارەزا ببووم و بێ کێشە گەیشتمەوە شاربازێڕ.

هەمووی چەند مانگێک بوو بزووتنەوە جیا ببۆوە؛ دواتر لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکردنی دکتۆر مەحموود یەکیان گرت و حیزبەکەیان ناو نا 'حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسک)' بەڵام لە ناوچەی شاربازێڕ بوونێکی ئەوتۆیان نەبوو، هەر تەنیا هەمان هێزی بزووتنەوە بوو کە کاک عوسمانی قادر منەوەر سەرپەرشتیی دەکرد، ئەویش هاوڕێمان بوو؛ کێشەمان لەگەڵی نەبوو.

کاک وەهاب تازە کرابوو بە فەرماندەی کەرت و کەرتەکەی تازە درووست کرابوو؛ ژمارەشیان کەم بوو؛ لەگەڵ ئەویش هاوڕێی نزیکی یەکتر بووین و خۆشحاڵ بووین بەوەی دیسانەوە یەکمان گرتەوە. ماوەیەکی زۆر لە شاربازێڕ مامەوە تا لەلایەن کاک نەوشیروانەوە پاڵێورام بۆ خولی فەرماندەیی لە باشووری لوبنان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چالاکییەک لەناو دڵی دوژمندا

پێشمەرگە و فەرماندەکان بەردەوام لە هەوڵ و بیری ئەوەدا بووین کە چالاکیی سەرکەوتوو ئەنجام بدەین و پێشمەرگە توانا و باڵادەستی و جەربەزەیی خۆی نیشانی دوژمن بدا. ئەوە دوژمنی تێ دەگەیاند کە هیچ بستێکی خاکی کوردستان شوێن و جێی ئارامی و حەسانەوەیان نابێت، بەتایبەتییش ئەو جێگەیانەی کە بە حسابی دوژمن خۆی تا ئەوپەری تێیاندا پارێزراو بوو.

لەو قۆناغەدا دوژمن لە هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە جیاجیاکان بەردەوام بوو؛ دەوری شار و شارۆچکەکانی بە ڕەبایەی زۆری جەیش و کەمینی بەردەوامی جاش و هێزە تایبەتەکانی تری تەنیبوو تا پێشمەرگە نەتوانێت بێتە ناو شارەکان و چالاکی ئەنجام بدات.

دوژمن بەرنامەی بوو پێشمەرگە زیاتر لە دۆخێکی قەتیسماوی بێجووڵە لە ناوچە شاخاوییەکاندا بهێڵێتەوە و وای لێ بکات هەر سەرقاڵی خۆپاراستن بێت و لە بەرگریی سلبیدا بێت، ئینجا خۆشی بەردەوام هێرش بکات و پەلاماری بدات. بەو خەیاڵەیان پێیان وا بوو پێشمەرگە و جووڵانەوەکەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا کۆتایی پێ دەهێنن؛ سەرکردە سەربازییەکانی بەعسیش هەر ئەو بەڵێنەیان بە سەدام دابوو.

کەم هێرش و پەلاماری دوژمن هەبوو بۆ سەر پێشمەگە بێ زیانی زۆر لە کوژراو و بریندار و پاشەکشەکردن تەواو ببێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە بڵاوکراوەکانی ڕژێم و سوپاکەیدا هەمیشە وا نیشان دەدرا کە لە هێرشیاندا بۆ لەناوبردنی یاخیبووەکان زیانی قورسیان لە پێشمەرگە داوە. ئامانج لەمەش ئەوە بوو دۆخی دەروونیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێک بدەن.

ئێمە وەک مەفرەزەکانی شارباژێڕ بە بەردەوامی چالاکیی ناوشاریشمان ئەنجام دەدا. زستان و سارد و سەرما و باران بووایە یان هاوین و گەرما، هیچ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جیاوازییەکی بۆ ئێمە نەبوو، هەر دەرفەت و ئامانجێکی دیاریکراومان هەبووایە پێشمەرگە بۆی دەهاتە ناوشار.

دەمێک بوو بیرم لەوە دەکردەوە چالاکیی وا لە ناوشار ئەنجام بدەین کە جیاوازتر بێت، خۆ ئەوکات وا بوو هەر ماوەیەک مەفرەزەی شارمان نەبووایە، خەڵک دەکەوتە پرسیارکردن و دەیانگوت، "خێرە پێشمەرگە دەنگی نییە و نایەتە ناوشار؟!"

کە دنیا سارد و سەرما و تۆف دەبوو، خەڵکی شار هەر بۆ خۆشی دەیانگوت، "ئەمشەو شەوی پێشمەرگەیە." دەیانزانی پێشمەرگە هێندە ئیرادەی بەهێزە لە بارانی زۆر تۆفان و ساردی و بەستەڵەکدا هەرچی بوێت دژی دوژمن لە هەر شوێن بێت دەیکات.

خەڵکی شار بەدەست زوڵموزۆری بەردەوامی بەعسییەکانەوە زۆر ناڕەحەت و بێدەرەتان بوون. ڕژێم تا ئەوپەڕی سووکایەتی و زوڵمی لە خەڵک دەکرد، بۆیە دەبوو پێشمەرگە بە بەردەوامی جووڵە و چالاکی لە ناوشاردا هەبێت تا بە هەموو لایەک بڵێیت پێشمەرگە لێرەیە و لێ ناگەڕێت دوژمن و بەکرێگیراوەکانی لەناو شارەکاندا ئارام و ئاسوودە و بێترس سووکایەتی بە خەڵک بکەن. پێشتر چەندین دەرچوونی سەرکەوتوومان لەگەڵ هاوڕێکانمدا ئەنجام دابوو جا وەک کەمین بووبێت یان پەلاماردانی دوژمن لەسەر ڕێ و هێرشکردنەسەر بنکەکانیان لەناو شاردا. وەک پێشتر گوتم دەمویست شتێکی جیاوازتر ئەنجام بدەین.

زانیاریی زۆرم لەسەر ئەو شوێنەی کە جێی مەبەست بوو کۆ کردەوە. تا ئەو کات پێشمەرگە چالاکیی تێدا ئەنجام نەدابوو، ڕێگەکانی چوونە ناوشار و گەڕانەوەم بەوردی هەڵسەنگاند. بۆ ئەو چالاکییە دەبوو شەو لەماڵێکدا بمێنینەوە تا بتوانین ڕۆژی دواتر بچینە ناوشار. بابەتەکەم لەگەڵ وەهابدا باس کرد. وەهاب فەرماندەیەکی بەئەزموون بوو؛ بیرۆکەکەی بەدڵ بوو، گوتی، "حەز دەکەی هەموو پێشمەرگەی کەرت لەگەڵ خۆت ببە."

ماوەیەک بوو هەرچی لە شارەوە دەهات دەیگوت شار بێدەنگە و دەڵێی خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە؛ پیاوانی بەعس بە ئارەزووی خۆیان دەگەڕێن و ترسیان لە هیچ نییە.

کاک کەریم پێشمەرگەیەکی کەرتەکە بوو، کوڕێکی زۆر ئازا و چاونەترس بوو، لە خێزانێکی دڵسۆز و کوردپەروەر بوو، ماڵی باوکی لە گوندی کەندە سوورە بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم گوندە کەوتۆتە باشووری شار و نزیک بوو لەناو شاری سلێمانییەوە. ئەمە بۆ چالاکییەکەی ئێمە شتێکی زۆر باش بوو. کە باسی پلان و جۆری چالاکییەکی لەو جۆرەم بۆ کاک کەریم کرد، ئەو بەو هەموو مەترسی و سەرکێشییەوە وەک پاڵەوان بێ دوودڵی گوتی، "بە سەر و ماڵ چی بە من بکرێ بۆ کارێکی وا دەیکەم." گوتم، "ئەی ئەگەر بمانەوێ لە ناودێ بۆ چەند سەعاتێک یان ماوەیەک بمێنینەوە تا گورزی چالاکییەکە کاریگەر تر بێ، ئایا جێمان دەکەنەوە و نابینە کێشەی گەورە بۆیان؟" ئەو زۆر مەردانە گوتی، "خەڵکی گوند هەموو خزم و کەسی یەکین و هەموویان بە ڕووح و گیان لەگەڵ پێشمەرگەن." بەو قسەیە ئەوەندەی تر دڵی خۆش کردم. دڵنیا بووم کە چالاکییەکی سەرکەوتووی نموونەیی ئەنجام دەدەین. گوتی، ڕێم بدە خۆم زەمینەی ئەم چالاکییە گەورەیە ئاسان بکەم و ئێوەش دڵنیا بکەمەوە ڕۆیست و هاتەوەو هەموو شتی ئامادە کردبوو."

کەندە سوورە ئێستا بووە بە گەڕەکێک لەناو شاری سلێمانی و لە خوار (گەڕەکی چوارچرا)وەیە؛ کۆلێجی تەکنیکیی لێیە و ماڵەکانی هەموو تازەن، لە جادەی شەستییەکەوە یەک بۆ دوو کیلۆمەتر دوورە، بێگومان ئەوسا وا نەبوو، گوندێک بوو ٢٠ تا ٢٥ ماڵ دەبوو؛ جادەی خۆڵی هەبوو، شەقامی شەستییەکەش هەر خۆڵ و تازە کاری تێدا دەکرا؛ شۆفڵ هێندەی گڵ هەڵدابۆوە، هەستت نەدەکرد جادەی نوێ دروست دەکرێت.

زانیاریی تەواومان کۆ کردبۆوە. بۆ ئێمە بەپێ لە کەندە سوورەوە بە بیست دەقیقەیەک دەگەیشتینە شوێنی چالاکییەکەمان کە بنکەیەکی پۆلیسی گەورە و شوێنی هێزە تایبەت (قوات خاسە)کانی دوژمن بوو لە جادەی سەهۆڵەکەی سلێمانی. شوێنەکە سرییەیەکی ئیحتیاتی سەربازیی لێ بوو، بەرامبەر ماڵی پارێزگاری سلێمانی بوو. پلانەکەمان وا بوو شەو لە شارباژێڕەوە بەرەو کەندە سوورە بکەوینەڕێ. دەمەوبەیان دەگەیشتینە کەندە سوورە، ڕۆژەکەی لەوێ دەماینەوە، لای عەسریش بەرەو ناوشار دەکەوتینە ڕێ و تا خەڵک بمانبینن و بزانن کە پێشمەرگە دەتوانێت بەڕۆژ بێ ترس بێتە ناوشار. ئەوە پلانەکە بوو.

فیشەک و تەقەمەنیی پێویستمان ئامادە کرد، شەش پێشمەرگەی قارەمانم لەگەڵ خۆم برد و بەرەو کەندە سوورە کەوتینە ڕێ. لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان ئیسماعیلی مەلا عەبدول و کەریم کەندە سوورەیی، شوانە ڕەش، شەهاب گەڕەدێی،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کەریمە سووری زەلان و پێشمەرگەیەکی تر وا بزانم ناوی ڕزگار بوو. شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاوی سارد بوو، هەموومان شارەزایی تەواوی شەوڕۆیشتنمان هەبوو. بۆ خۆلادان لە کەمینی جاش و جەیش، شەوان ڕێگەمان دەگۆڕی و بە لاڕێدا دەڕۆیشتین. دوژمن زۆربەی ڕێگەکانیان دەگرت، بەڵام ئێمە ئەوەندە بەشەو ڕێگەمان کردبوو، ببووینە پسپۆڕ لە ڕێکردن بە لاڕێ و تووڵەڕێکاندا، بۆیە تاریکی کێشەی بۆ درووست نەدەکردین، دەڕۆیشتین و خۆمان لە ڕێگە دیار و بەرچاوەکان دەپاراست. هەوڵمان دەدا زۆر بێدەنگ بڕۆین، لە ڕێگەڕۆیشتنیشدا، بەتایبەت بەشەو، قسەکردن نەبوو، تەنانەت لە پشوو وەرگرتنیشدا نەدەبوو هیچ پێشمەرگەیەک جگەرە بکێشێت. بەڕێگەدا ڕۆیشتن. ببوو بە کاری شەو و ڕۆژمان و ماندووبوونمان نەدەزانی. زۆر بەوریایی دەڕۆیشتین و ئامادە بووین بۆ هەموو پێشهاتێکی کتوپڕ.

نزیکەی پێنج تا شەش سەعات ڕۆیشتین. شەو درەنگ ببوو. گەیشتینە ناو کەندە سوورە. چوونکە ڕێگە تەڕ و هەندێ شوێنیش قوڕ بوو، تەواو هیلاک و برسی ببووین. چوینە ماڵی باوکی کاک کەریم. پێشتر هەواڵمان پێ دابوون کە دەچینە ئەوێ. ئەوان هەموو ئامادەکارییەکان کردبوو، خواردنیان بۆ ئامادە کردبووین، دەمێک بوو سفرەی وا ڕازەوەمان بە جۆرەها خواردن نەدیبوو، بەشێک لە گەنجەکانی ناودێ لە خۆشی و خۆشەویستییان بۆ پێشمەرگە دەیانگوت، "ئێوە پشوو بدەن و بێخەم بن، هەموومان پێشمەرگەین و خۆمان بەکوشت دەدەین لەسەر ئێوە."

خواردنێکی زۆر باشیان بۆ ئامادە کردبووین. بەسەر ئەو سێ ماڵەدا کە خۆیان بۆیان دیاری کردبووین دابەش بووین، واتە هەر ماڵێک و دوو پێشمەرگەمانی بەرکەوت. ماڵەکان نزیکی یەکتر بوون، تا ئەگەر دوژمن پێی زانین و پەلاماری داین، بە شێوەی پێشمەرگانە بەرگری لە یەکتری و گوندەکە بکەین و زیانی زۆریش بە دوژمن بگەیەنین. پێشمەرگەکان ئەزموونی شەڕیان زۆر بوو؛ ئەگەر دۆخێکی وا درووست ببووایە، دەیانتوانی دەست بە فیشەکەوە بگرن و نەیەڵن فیشەکیان بە فیڕۆ بڕوات.

گەنجەکان ڕێیان نەدا ئێمە حەرەسیات بگرین گوتیان ئێوە هیلاکن و دەبێت پشوو بدەن، هەر خۆیان ڕۆژەکەشی حەرەسیاتیان گرتین. ئەم ئازایەتی و ڕووحی فیداکارییەی گەنجان و خەڵک وای لێ کردبووین باکمان بە مردن نەبێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دێیەک بەو ژمارە زۆرەی خێزان وماڵەوە بەگشتی سەر و ماڵی خۆیان لەپێناو کورد و ئێمە- ئەو حەوت پێشمەرگەیە- دەبەخشی. خەڵکی کەندە سوورە سوور دەیانزانی گەر دوژمن بزانێت پێشمەرگەیەک لە هەر شوێنێکدایە، تەڕ و وشکی ئەو ناوە پێکەوە دەسووتێنێت، بەڵام هێشتا باکیان بە هەڕەشەوگوڕەشەی دوژمن نەبوو؛ گوتیان، "ئێمەش وەک ئێوە و ژیان و مردنمان پێکەوەیە." هەڵوێستی جوامێرانەی ئەو گوندە وای دەکرد لە جێی جارێک سەد جار بکوژرێت، بەلاتەوە ئاسایی بێت. خەڵکی ئەو گوندە هەموویان خۆیان دانا بوو لەگەڵ ئێمە یەک چارەنووسیان هەبێت.

لەگەڵ ئیسماعیلی مەلا عەبدول و پێشمەرگەیەکی تردا چووینە ماڵێک، ئەو چوار پێشمەرگەیەی تریش چوونە دوو ماڵ. پێم گوتن پشووی باش بدەن و ئەرکیان زۆر قورس دەبێت. "خۆشتان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لەناکاو چاوتان کردەوە دوژمن لەسەرتان بێت."

ئەوەندەی ماینەوە لایان خەڵکی گوند بە هەموویان زۆر خزمەتیان کردین، چاوساغییان بۆ کردین، پشتیوانیی خەڵک بەو شێوەیە سەرسامی دەکردیت، ئەوەش مەرجی یەکەمی پاراستن و سەرکەوتنمان بوو. بەڵێ ئەوە ڕاستە، ئەگەر پشتیوانیی خەڵکت هەبوو، دڵنیا بە سەردەکەویت.

ئەم چالاکییە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، دەمێک بوو لە ناوشاردا چالاکی و شەڕی پێشمەرگە ڕووی نەدابوو، دەبوو چالاکییەکی گەورە ئەنجام بدەین، تا بێدەنگیی شار بشڵەقێ و خەڵکی شاریش بە بوونی پێشمەرگە لە شاردا دڵخۆش بکەین.

بەیانی، دوو گەنجی گوندەکەم نارد تا ڕێگەمان بۆ تاقی بکەنەوە و ئەوەندەی دەتوانن زانیاریمان لەسەر ئامانجەکەمان بۆ کۆ بکەنەوە کە ئەو مەقەڕی سریە ئیحتیات و جادەی سەهۆڵەی ئێستا بوو. بەوریایی و مەردانە چوون و هاتنەوە. بەوردی قسەیان بۆ کردین و زانیم هەتا لای ماڵی پارێزگار ڕۆیشتوون. ماڵی پارێزگار لە جادەی سەهۆڵەکە بوو؛ گردی بەرانبەر بینای وێستگەی کارەبای ڕزگاری. پێیان گوتین خزم و دۆستەکانیان لەو دەوروبەرە بۆیان باس کردوون کە بەردەوام کەمینی قوات خاسە بە تایبەت ئێواران لەو ناوە هەن. دڵسۆزانە تکایان لێ کردین کە دەبێت زۆر وریا بین، منیش دەستخۆشیم لێ کردن و وتم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەمی ئێمەیان نەبێت. وتیان دەیانەوێت لەگەڵمان بێن بۆ ناوشار، بەڵام نەمهێشت و رازیم کردن تەنیا تا دەگەینە یەکەم ماڵی ناو شار لەگەڵمان بن.

گەنجەکان باسی درووستکردنی شەقامێکی تازەیان دەکرد کە بەو هۆیەوە لە رێی چوونە ناوشاردا کەند و چاڵی زۆر دێتە رێمان. مەبەستیان ئەو شوێنە بوو کە ئێستا شەقامی شەست مەتری بوو، هەر هەمووی گڵ و قورِ و چاڵوچۆڵی و کەندڕ و شتی وا بوو. ئەمە زانیارییەکی گرنگ بوو، چوونکە ئێمە لە گەڕانەوەماندا شەومان بەسەردا دەهات، دەبوو بزانین بەکوێدا دەڕۆین. ئەوەشیان باس کرد کە هێزی سەربازی و پیاوانی رژێمیان بینیوە بەو گەڕەکانەی دەوروپشتی ماڵی پارێزگاردا بڵاوبوونەتەوە و پرسیاریان لە خەڵک کردووە و بێزاریان کردوون. ئەمە ئاکاری بەعسییەکان بوو، دەیانویست سووکایەتی بە خەڵک بکەن و چاوترسێنیان بکەن.

عەسر لە ماڵەکان هاتینە دەرەوە. پشووی باشمان دابوو، نانی چاکمان خواردبوو، زۆر مەبەستم بوو بە رووناکی بگەینە شار و زۆرترین خەڵک ببینین. هەر واشمان کرد. رۆژ بوو کە چووینە شار و ناو ئەو کۆلان و گەڕەکانەی پێیاندا دەڕۆیشتین ژن و منداڵ زۆربەیان لەبەر دەرگا بوون، زۆری تریش بەرەو ماڵەکانیان دەگەڕانەوە. کۆڵانەکان قەرەباڵغ بوون. ئەو کات خەڵک ترسی هەبوو، زۆربەیان لە ترسی چەکدارە بەعسییەکان ئێواران بەزوویی دەگەڕانەوە ماڵ. خەڵک کە ئێمەی دەبینی، وای دەزانی جاشەکانی سەر بە ئەمن و ئیستیخباراتین، زۆربەی خەڵک بە مۆنی و رقەوە و هەندێک بە جۆرێک لە گومانەوە سەیریان دەکردین. کێ بە ئەقڵیدا دێت پێشمەرگە ئاوا بەوپەڕی چاونەترسییەوە و بەو رۆژی رووناکە بێتە ناوشار و بە ئاراستەی جادەی سالم و سەهۆڵەکە بڕوات! پێشمەرگەکان جارجار ئەیانگوت، "مەترسن، پێشمەرگەین." لەم چوونەناو شارەماندا کەمینمان دانەنا، لەبەرئەوەش کە ژمارەمان کەم بوو، بڕیارم دابوو بە هەمان رێگەی هاتنماندا بۆ ناوشار نەگەڕێینەوە. کاتەکە مانگی چوار و پێنجی ساڵی ١٩٧٩ بوو. نزیکەی سێ ساڵێک دەبوو شارم جێ هێشتبوو.

هەر یەک لە ئێمە تاقمی مەخزەنی کلاشینکۆفەکەی و لای کەم شەش مەخزەنی فیشەکی کلاشینکۆف و روومانەیەک یان دوو رووما نەی پێ بوو. رزگارە سوور ئارپیجییەکی بە سێ گوللەوە پێ بوو. یەکێک لە پێشمەرگەکان بەبەردەوامی هاوکار و بەرپرسی پاراستن و بەرگریکردن بوو لێی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بە پێی ئەو بەرنامەیەی دامان نابوو، خۆمان گەیاندە نزیک مەرکەزی پۆلیس، کە بە 'سرییەی ئیحتیات' ناو دەهێنرا. باشترین شوێنمان هەڵبژارد کە پەنجەرەیەکی ئەو هۆڵە بوو کە هێزی دوژمنی تێدا بوو تا زۆرترین زیان بە دوژمن بگەیەنین. پێشمەرگەکانم نزیک خۆمان دامەزراند، من و کەریم و ئەو پێشمەرگەیەی ئارپیجییەکەی پێ بوو چووینە شوێنی مەبەست، لەوێوە دەتتوانی ئارپیجی ئاراستەی قەرەباڵغترین شوێنەی دوژمن بکەین کە بۆ پشوو تێدا کۆ دەبوونەوە.

لەناو یەکێتیدا عورف وا بوو فەرماندە سەربازییەکانی لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە و هێرشەکاندا لە پێشەوەی پێشمەرگەکاندا بن، چەکی ئارپیجییش بەزۆری هەر فەرماندەی سەربازییەکان خۆیان بەکاریان دەهێنا یان فەرمانیان دەکرد بە بەکارهێنانی.

یەکەم گوللە ئارپیجیم ئاراستەی ئەو جێگەیە کرد کە پێشتر دەستنیشانم کردبوو، دوو پێشمەرگەش نزیک دەرگای سەرەکیی مەخفرەکە بوون و فەرمانم پێ کردبوون کە دەنگی ئارپیجییان بیست، تەقە لە حەرەسی بەردەرگا و ئەوانە بکەن کە لە کاتی تەقەکردنەکەدا دێنە دەرەوە. ئەوان زۆر ئازایانە ئەرکی خۆیان جێبەجێ کرد، لەناو مەرکەزەکەدا هاوارهاواری زۆر درووست بوو، لە سەرلێشێوان و شپرزەبووندا، ئەوانە هەڕەمەکییانە کەوتنە تەقەکردن بە هەموو لایەک و دەوروپشتی خۆیاندا، لە زۆر شوێن و جێگەی ترەوە کرا بە تەقە، دەتگوت سەدان چەک پێکەوە دەستڕێژ دەکەن، بەڵام زۆربەی فیشەکی گڕدار بوو. وەک خەڵکی سلێمانی دەڵێن وەک بریشکە فیشەک دەتەقی. شار بوو بە ئاگرباران؛ وایان دەزانی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراون، بەڵام بەخۆمەوە تەنها حەوت پێشمەرگە بووین.

دوای چەند دەقەیەک شەڕ لەگەڵ ئەو هێزەی ناو مەرکەزەکە، جوڵەیەکمان کردوو و جولاین بە ئاراستەی جادەکەو گوللە ئارپیجییەکی ترم ئاراستەیماڵی پارێزگار کرد، کە دەیڕوانی بەسەر جادەی سەهۆڵەکەدا و بەرانبەر (دامەزراوەی سەردەم)ی ئێستا بوو. ئیتر هێندەی تر شەڕ گەرم بوو، شاریش بوو بە ئاگرباران، دوژمن نەیاندەزانی بە منەوە حەوت پێشمەرگەین، پێشمەرگەکان وەک پڵنگ هەڵمەتیان دەبرد، ئیسماعیل و کەریم و هەموو ئەوانی تر زۆر جوامێرانە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هاتنە دەست و ڕووبەڕووی ئەو هەموو قوات خاسانە بووینەوە کە بە فریای مەرکەزەکەوە دەهاتن.

ئەوەی دامان نابوو بەسەرکەوتوویی ئەنجام درا، گرنگتر ئەنجامی کۆتایی بوو کە چەند دەکرێت بێ زیان ناوچەکە جێ بهێڵین، چوونکە هێشتا ئێوارە بوو، خەڵک زۆری بەدەرەوە بوو؛ شەڕەکەیان دەبینی و لەو شوێنە دوور دەکەوتنەوە. لە شەقامی سەرەکیی (سالم)ەوە چەکداری زۆری دوژمن بەرەو ڕوومان دەهاتن و توشی شەڕێکی ڕووبەڕوو بووین لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی قوات خاسەی بەعس. بە هۆی ئاگری چەکەکانی ئێمەوە چەکدارە ترسنۆکەکانی بەعس، کە کوژراوی خۆیان دەبینی، نەیاندەوێرا نزیکمان ببنەوە، بەڵام دەبوو سەرباری زیانگەیاندن و شکاندنی دوژمن، هەنگاو بەهەنگاو لەو شوێنە دوور بکەوینەوە و بەوریایی و لەسەرخۆ خۆمان لە گەمارۆدانی دوژمن دوور بگرین.

سەدان فیشەکی گڕدار دەچوون بەیەکدا. ئیتر خەڵک دڵنیا بوون کە ئێمە پێشمەرگەین. دەیان گەنج و لاوی و کچ و کوڕ لێمان نزیک بوونەوە و باوەشیان پێدا کردین و لە خۆشیاندا کە پێشمەرگەیان بینیوە بە دەنگی بەرز هاواری خۆشەویستییان بۆ پێشمەرگە دەکرد. لەو ئاگربارانەدا، ئەوانیش وەک پێشمەرگەکان باکیان بە مردن و گیانبەخشین نەبوو، بۆنیان دەکردین و دەیانگوت خۆشترین بۆنی سەرزەوی بۆنی پێشمەرگەیە. داوا و تکامان لێ کردن دوور بکەونەوە، نەک خوا نەکردە تووشی زیانێک ببن. بۆ ئێمە سەرباری مەترسیی زۆر، هەڵوێستی ئەو خەڵکە هەستێکی پڕ لە شانازی بێسنووری بە ئێمە بەخشی و هەرچی ماندووبوونی ڕێگە و مەترسیی دۆخی ئەو شەڕە و سڵکردنەوە لەو هێزی زۆرەی لەلا دەڕەواندینەوە. هەڵوێستی ئەوان وەک کزەیەکی ئارامکەرەوە گڕوتینی زیاتری بە ئێمە بەخشی و دڵخۆش بووین کە بینیمان خەڵکی دڵسۆز بە کورد و کوردستان دەروونیان پڕ لەجۆش و پشتیوانییە بۆ پێشمەرگە.

لەگەڵ خۆدوورخستنەوە و کشانەوەمان لە شوێنی شەڕەکە دوژمن هێزی زۆری هێنایە ئەو نزیکانە، ئێمەش دەستمان لێ نەدەپاراستن و زیانی گیانیی زۆریان بەرکەوت. ئیتر نەیانوێرا و نەیانتوانی زیاتر بێنە پێشەوە. زۆرێک لە ماڵەکان بە ژن و پیاو مناڵەکانیانەوە لەو دۆخە مەترسیدار و ئاگربارانەدا هاتبوونە بەر دەرگا و ڕوو لە ئاسمان بە دەنگی بەرز دووعایان بۆ پاراستن و سەلامەتیی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێمە دەکرد و لە جیاتی جارێک سەدان جار بەقوربان و بەساقەمان دەبوون و شوکری خوایان دەکرد کە پێشمەرگە لە توانایدایە بەو نەترسییەوە شەڕی دووژمنێکی وا زاڵم و بێرەحمی بەتوانا بکات. ئێمە بەهێمنی و بە تەقەکردنەوە لەو شوێنە دوور دەکەوتینەوە، لە یەکێک لەماڵەکانی سەر ڕێماندا شێرە ژنێک وەک دایک کوڕی خۆی بانگ بکات گوتی، "کوڕم ئەم عەسرە ئەم کولیچانەم بە دەستی خۆم کردووە. لەگەڵ خۆتان ببەن بۆ ڕێگە." بە پێشمەرگەیەکم گوت لێی وەربگرێت. ژنەکە باوەشی بە پێشمەرگەکەدا کرد و وەک کوڕێکی کە چەندین ساڵ بێت نەیدیبێت ئاوا ماچی کرد.

دەڕۆیشتین و هەموو گیانمان خۆشی بوو! ئای خودایە لە کاتی ئاوا سەخت و ناڕەحەتدا خۆشەویستیی جەماوەر چ هێز و وزە و توانایەکی لەڕادەبەدەرت پێ دەبەخشێت! لەو کاتەدا باشتر دەزانی نرخ و سەنگی ئەوان مایەی سەرکەوتنتە! هەتا لە شاریش دەرچووین و دووریش کەوتبووینەوە هارەی دەستڕێژ دەهات و تەقەکردن بەردەوام بوو. پیاوانی دوژمن زۆر ترسنۆکن، وایاندەزانی سوپایەکی گەورەی پێشمەرگە داویەتی بەسەریاندا و هەموویان لەناو دەبەن، ماوەیەکی باش تەقەکردن بەردەوام بوو، دوژمن هەڕەمەکییانە تەقەی دەکرد و ئێمەش هەنگاو بە هەنگاو لە شوێنەکە دوور دەکەوتینەوە. یەکێک لە پێشمەرگەکان بە گاڵتەوە گوتی، "ئەوە بۆچی پێیان نەڵێین دەست بە فیشەکەوە بگرن." گەیشتینە نزیک جادەی شەستی، بارانی زۆر گڵەکەی کردبوو بە قوڕ و چڵپاو، بڕیارم دابوو کە بە هەمان ڕێگەی هاتندا نەگەڕێینەوە. بە پێشمەرگەکانم گوت، "کوڕینە، بەهۆی خۆشەویستی و پەرۆشیی خەڵکی شارەوە تۆزێک لە کاتی خۆی دوا کەوتووین، نەوەک دوژمن فریا کەوتبێ کەمینی جەیش و جاشەکانی لەسەر ڕێیەکانی گەڕانەوە بۆ دەرەوەی شار لەم ناوە دانابێ..." پێشمەرگەکان خۆیان وریا و نموونەی باڵای فیداکاری بوون. دوور لەو شوێنە پەڕینەوە بۆ ئەوبەری جادە و ڕۆیشتین. چاڵ و کەندەڵان و قوڕی سەر ئەو جادەیە ناڕەحەتی کردین، چوونکە ئێمە بە جێگەیەکدا پەڕینەوە کە ڕێگە نەبوو، بەڵام کەمتر ترسی کەمینی تێدا بوو. بە کەمێک پێش دەرچوونمان لە شار گوێمان لە بانگی خەوتنان بوو. نمە نمە باران دەباری و جار جار توندی دەکرد.

دەبوو ئێمە بڕۆینە پشتی سەیتەرەی عەربەت بۆیە بە خوار جادەی درووستنەکراوی شەستیدا بە ئاڕاستەی سەیتەرەی کۆنی عەربەت بەڕێ کەوتین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شارەزا بووین و لەودیو سەیتەرەکەوە بە ئاراستەی شاخی رەنگاورەنگی گۆیژە بەرێ کەوتینەوە بەرەو شارباژێر.

بەو شێوە رۆیشتنە دەمانتوانی خۆمان لە کەمینی دوژمن بپارێزین و تووشی زیان نەبین. ئەوە چالاکییەکی سەرکەوتووی پێشمەرگە بوو، یەکەم جاریش بوو لەو شوێنەدا چالاکی ئەنجام بدرێت. بە گۆیژەدا سەرکەوتین و بەدیوی شارباژێردا داگەڕین بۆ سەرجادەی دووکانیان، بەو رێیەدا چووینە گوندی شارستێن. نزیک بانگی بەیانی بوو، لەوێ چووینە ماڵی عەلی شینە کە ماڵیان وەک ماڵی خۆمان و مقەڕی پێشمەرگە وا بوو. عەلی شینە خۆی پێشمەرگەیەک بوو لە پێشمەرگە ئازاکانی سنووری شارباژێری تەخت و نموونە بوو لە فیداکاریدا. جلەکانمان ئاویان لێ دەچۆڕا، بە درێژاییی ئەو رێگەیە لە گەڕانەوەماندا باران لێی دابووین. هەر زوو خاڵە عەبدولکەریمی باوکی عەلی زۆپای گەرم کرد تا خۆمان و جلەکانمان وشک بکەینەوە. پێم گوت کە ئێمە هەر سەعاتێک دەمێنینەوە و دەڕۆین. گوندەکە سەرجادەی دووکانیانی شارباژێر بوو؛ بە کەڵکی مانەوە نەدەهات.

سیتەک مەعەسکەری گەورەی تێدا بوو کە زۆر نزیک بوو لەم دێیەوە، گەرچی خاڵە کەریم گوتی، "خەمتان نەبێ. لەماڵ بن و خۆتان دەرمەخەن، هیچ نابێ." کاک عەبدوڵڵای کوڕە گەورەی خاڵە کەریم، کە بەخزمەت و چاونەترس بوو، گوتی، "ئێمەش هەموو پێشمەرگەین ئیتر بۆ نامێننەوە." بەڵام من گوتم دەبوو برۆین. داوام لێ کردن بە تراکتۆرەکەی خۆیان بمانگەیەننە بزەینیان. پێشمەرگەکان تۆزێک گەرم و وشک ببوونەوە و خەریک بوو خەویان لێ دەکەوت؛ حەزیان بە مانەوە دەکرد. تراکتۆر حازر بوو. گوتم، "دەی با برۆین." دوای ئەو گەرمبوونەوەیە کە چووینەوە دەرەوە، سەرەتا ئەو هەوا ساردە وەک دەرزی جەستەی دەبڕین، بەڵام راهاتبووین، بۆیە وردە وردە ئاسایی بووینەوە. کە گەیشتینە بزەینیان رۆژ ببۆوە و برادەرانیش لەوێ بوون.

بەزۆری بە لاڕێدا دەڕۆیشتین. بە درێژاییی ئەو رێگە دوورە باران لێی داین بەڵام بەو هەموو باران قوڕ و رێیە هەستمان بە ماندووبوون نەدەکرد، بەدەم رێوە و لەژێر رەحمەتی بارانی بەردەوامدا سەرو دوو دانە لەو کولیچەیەمان خوارد کە لە شار وەرمانگرتبوو. ئای چ چێژ و لەزەتێکی ئەبەدییان هەبوو!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەسەرکەوتوویی و بەبێ زیان گەڕاینەوە. جەستە و دەروونی هەموومان پێدەکەنی و ماندووبوونمان پێوە دیار نەبوو. هەر پێشمەرگەیەک چیرۆکی خۆی و فیشەکەکانی، چۆن و چەندی تەقاندووە، چۆن و چەند لە قوات خاسەکان کەوتەنەتە ناویان و کەسیان دەربازیان نەبووە بۆ یەکتری دەگێڕایەوە، پێشمەرگەکان لە خۆشیی ئەو چالاکییە بەدەم پێکەنینەوە باسی مانەوەی ئەو ڕۆژیان لە کەندە سوورە دەکرد و ستاییشی ئازایەتیی گەنج و پیری گوندەکە و خواردنە بەلەزەتەکەیان دەکرد.

لە بزەینیان نانی بەیانیمان خوارد. خۆ نانی بەیانی لە ماڵەکانی ئەم گوندانەی شارباژێڕ وەک ماڵی خۆمان بوو. چی باشیان هەبووایە بۆ پێشمەرگەیان دادەنا. لەوێ پشوویەکمان دا و چووینە بەردەمی مزگەوتی دێ، پیکابەکانی شارباژێڕ هاتن؛ هەم ئەوەی بزەینیان و هەر سەیارەیەکیش بەرەو کانی دڕکە و شوکێ و باراو و وەندرێنە بچووایە هەر بە بزەینیاندا دەڕۆیشت. ئەوکات بۆ دێکان هەر پیکابی شۆفرلێت بوو، چوونکە جێی باری زۆر و خەڵکی زیاتری تێدا دەبۆوە. سەیارەکان لەبەردەمی مزگەوت دەوەستان و قەرەباڵغی لە دەوریان درووست دەبوو. ئیتر زۆر کات دەمانپرسی خەبەری شار چییە، ئەو خەڵکانەش کە لە شار گەڕابوونەوە هەواڵی شەوی ڕابردوویان باس کرد کە چۆن تا بەیانی ئاگر باران بووە. قسەی شار وا بووە کە دوێنێ شەو هێزێکی زۆری پێشمەرگە هاتوونەتە ناوشار و دەیان قوەخاسە و ئەمنیان کوشتووە. پێشمەرگەیەکمان پێی گوتن، "وەڵڵا شەش پێشمەرگە و فەرماندەکەمان- دەستی بۆ من ڕاکێشا- بووین. یەعنی حەوت پێشمەرگە؛ هەر ئەوەندە!"

بۆ ئێوارە، چووینە چنگیان و لە ماڵێک میوان بووین. چەند کەسێکی شار میوانی ئەو ماڵە بوون کە ئێمە لێی لامان دابوو. باسی شەڕی گەرمی شاریان کرد و گوتیان پێشمەرگە و قوات خاسە بەیەکدا هەڵپژاون و گوایە چەند پێشمەرگەیەک شەهید بوون و ژمارەیەکیان بە بریندارى کەوتونەتە دەست دوژمن، بەڵام هەر زوو خەڵک ڕاستیی هەواڵەکەی زانی کە ژمارەیەکی زۆری قوات خاسە کوژراون و بریندار بوون، منیش پێم گوتن، "ئێمە بووین و ژمارەمان تەنها شەش پێشمەرگە و بە خۆمەوە بووین بە حەوت. هەموو ساغ و سەلامەتین برینداریشمان نەبووە."

چالاکییەکە دەنگی دایەوە و بوو سەرکەوتنێکی گەورە بۆ هێزی پێشمەرگە، دواتر زانیاریی زیاترمان زانی کە دوژمن سەری لێشێواوە و وای زانیوە لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

قەرەداغــەوە ئــەو هێــزە دابەزیــون و هاتوونەتــە ناوشــار. ئەمــە هەواڵێکــی زۆر دڵخۆشکـەر بـوو، چوونکـە هەمـوو مەترسـییەکی لەسـەر دێـی کەنـدە سـوورە دوور خستەوە. ئـەم سـەرکەوتنە چەنـدە هێـی ئێمـە بـوو، دە هێنـدەش هێـی دانیشـتووانی گونـدی کەنـدە سـوورەیە؛ بـێ ئـەوان، هەرگیـز نەماندەتوانـی چالاکییەکـە سـەرکەوتووانە ئەنجـام بدەیـن.

***

کەرتەکـەی کاک وەهـاب تـازە بـوو، پێشـمەرگەی کـەم بـوو، چەکەکانیشـیان بـاش نەبوون. من و کاک وەهـاب هـەر لـە سـەرەتای هەڵگیرسـانەوەی شۆڕشـەوە هـاوڕێ بووین. هەردووکمـان لـە شـارباژێڕ کادری کۆمەڵە بووین. مـاڵ بـە ماڵی گوندەکانی ئەو ناوچانە وەک ماڵی خۆمانیان لێ هاتبوو، ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم پێکـەوە لـە هەمـوو ماڵەکانـی شـارباژێڕ نـەک جارێـک بگـرە چەندیـن جـار نانمـان خـواردووە و نووسـتووین. دۆسـت و هاوڕێـی چاکمـان پەیـدا کردبـوو، ڕێکخسـتنی دڵسـۆز و چالاکمان بنیات نابوو، خەڵکانی زۆر جەربەزە و چاونەترسمان لە خۆمان نزیک کردبۆوە، لەناویاندا خەڵکانێک هەبوون بەردەوام هاتوچۆی شاریان دەکرد و هـەواڵ و زانیارییـان بـۆ دەهێنایـن. لـەو ماوەیـەدا داروبـەردی ناوچەکـە شـارەزا ببووین، ئەو زانیارییانەی ڕێکخستنەکان بۆیان دەهێناین هەموویان بەسـەریەکەوە هـۆی سـەرکەوتنی کارەکانمـان بـوون. مـن حـەزم دەکـرد لـە شـارباژێڕ لـە لایـان بمێنمـەوە، سـەرکردایەتییش ئەوەیان پێ بـاش بـوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئۆردوگای زۆرەملێ

پێم باشە ئەم بەشە بە شیعرێکی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس دەست پێ بکەم:

که "دێڕەکانت" ڕیز ئەبن، لە چی ئەچن؟
لە تەنافی هەڵخراوی ئۆردوگاکان.
ئەی کە وەختێ "ووشەکانت" پڕ کەیت لە خەم، لە چی ئەچن؟
لە تەنەکەی ئاوی سەرشانی کچانی ئۆردوگاکان.
ئەی ئەو وەختەی «حەرفەکانت» چاویان تەڕە؟
لە چاوی نانی گریاوی ئۆردوگاکان.
ئەی کە وەختێ "وێرگولی" بەینی دوو وشە و
ڕستەیەکت خۆی لوول ئەدا، لە چی ئەچێ؟
لە پشتی کۆماوەی پیری ئۆردوگاکان.
ئەی «نوختەی» دوای ڕستەکانت لە چی ئەچن؟
لە تۆپی پەڕۆی منداڵی ئۆردوگاکان.
ئەی کە نیشانەی "سەرسوڕمان" ئەچەقێنن و
لەجێی خۆدا چاوەکانیان ئەبڵەق ئەبن، لە چی ئەچن؟
لە ستوونی بەردەم هەموو دەوارەکان.
ئەی نیشانەی "پرسەکانت" کە دێڕ ئەکەن
بە شەقامی دڵەڕاوکێ، لە چی ئەچن؟
لە سەروملی دایکانی ئۆردوگاکان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەی "کەوانەی" ئەملا و ئەولای مەبەستێکت لە چی ئەچن؟
لە دوو ساجی ساردوسڕی بەرامبەر یەک هەڵپەسێردراو.
ئەی ئەم هەموو دووبارەکردنەوە بێتامانەی
وشەی "ئۆردوگاکان"ی ئەم شیعرەت لە چی ئەچن؟
هەر لە دووبارەبوونەوەی تامی تاڵی گشت ژەمێکی ئۆردوگاکان!

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨وە حکومەتی عێراق پیلانە گڵاوەکەی لە ڕاگواستنی دێهاتەکانی سەرسنوور بەخێرایی جێبەجێ دەکرد. پێشتر بەرنامەی بۆ دارشتبوو، دەستی کرد بە ڕاگواستنی زۆرەملێی خەڵک و وێرانکردنی گوندە سنەوورییەکان و کۆکردنەوەیان لەناو ئۆردوگا زۆرەملێکاندا، مەبەستیشی لەم کارە درووستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی بوو بەدرێژایی سنوور و لەوەش ترسناکتر هەڵکەندنی خەڵک بوو لەسەر خاک و ئەرزی هەزاران ساڵەی خۆیان و باووباپیریان، ئەوەش وەک هەنگاوی یەکەمی سڕینەوە و قڕکردنی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان. ئەمە بۆخۆی دابڕینی جەماوەر و پێشمەرگە بوو لەیەکتر، ئەو دووانەش تەواکەری یەکتر بوون و بێ یەکتر ژیان و بەردەوامیان نەدەبوو.

ئۆردوگای زۆرەملێ چیە؟

ئەسڵی وشەی 'ئۆردوگا' دەچێتەوە سەر زمانی تاتار و مەغۆلەکان؛ ئەوان بۆ کامپی سەربازیی بەکاریان دەهێنا؛ کە دەیانویست پەلاماری جێگەیەک بدەن، لە نزیکی ناوچەکە ژمارەیەک چادریان هەڵدەدا و ژمارەیەک پاسەوانیان بە دیارەوە دادەنا. ئەوانە چوونکە ڕەوەند و کۆچەری بوون، بە خێرایی ئەو ئۆردوگایانەیان درووست دەکرد و بەخێراییش دەیانپێچایەوە. لە زمانی ئاساییدا 'ئۆردوگا' بۆ جێگەیەک بەکاردەهێنرێت کە خەڵکانێکی بە شێوەیەکی کاتیی تێیدا نیشتەجێ بووبێت، هاومانای 'هۆبە' و 'ڕەشماڵ'ی ئەوانەیە کە گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، یاخود خەڵکانێک کە خاوەنی ئاژەڵ و ماڵات بوون و لە هەر شوێنێک لەوەڕیان پەیدا بکردایە، لەوێ بە شێوەیەکی کاتی ڕەشماڵیان هەڵدەدا.

'ئۆردوگا' لای بەعس مانایەکی سیاسیی هەیە. لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەعس دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پیلانی نیشتەجێکردن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ئۆردوگاکاندا. لە قۆناغی یەکەمدا پیلانەکە بەرانبەر بەسەر دانیشتووانی گوندەکانی کوردستاندا جێبەجێ کرا و ئامانج لێی کۆکردنەوەیان بوو لە جوگرافیایەکی بەرتەسکی تەلبەندکراودا، ڕێک وەک ئەوەی نازییەکان لەگەڵ جوولەکە کردیان، ئەم سیاسەتەشی قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ کرد، سەرەتا لە گوندەکانی سنوورەکانەوە بە قووڵاییی سی کیلۆمەتر بۆناو خاکی عێراق دەستی پێ کرد. هەموو گوندەکانی کوردستانی سەر سنووری ئێران و تورکیا و سووریای داگرت و لە جێگەیەکدا کۆی کردنەوە کە خۆی دەستنیشانی کردبوو، چوار دەوریشیانی تەلبەند کرد و هەموو هاتووچۆیەکی خەڵکی ناو ئۆردوگاکەی دەخستە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی خۆیەوە.

ناوچەی گوندە ڕاگوێزراوەکانی کرد بە خاکی قەدەغە؛ سەربازگە و ڕەبایە و خاڵی چاودێریکردنی لێ دانا؛ بەردەوامیش کۆپتەرە جەنگییەکانی چاودێری ناوچەکانیان دەکرد، بۆ ئەوەی کەس نەگەڕێتەوە و کشتوکاڵ بکات و یان ئاوی دارو درەختەکانی بدات. هەرکەس لەو ناوچە چۆڵکراوانەدا ببینرایە کۆپتەرەکانی دوژمن یان دەیانکوشت یان دەگیرا و دواتر لەسێدارە دەدرا. مەبەستی سەرەکیی بەعس لەمە ئەوەبوو ئەو ناوچانە بەتەواوی وێران ببن و بۆ هەتاهەتایە ژیان و ئاوەدانی تیایاندا نەمێنێت و کەس نەوێرێت جارێکی تر بیر لە گەڕانەوە بکاتەوە. سوپای داگیرکەر جگە لە تەقاندنەوەی خانووەکان، مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانیشی دەتەقاندەوە. هیچ ڕێزیان بۆ قورئانی پیرۆز دانەدەنا و لەگەڵ تەقینەوەی مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانیشدا پەرەکانی قورئانی پیرۆز لەگەڵ بەرد و دووکەڵدا بە زەبری تەقینەوەکە بە دڕاوی و نیوەسووتاوی بەو ناوەدا بڵاو دەبوونەوە. سەربازەکانی بەعس دەیان جوتیاریان لەسەر ئەوە سزا دا کە دەیانویست قورئانی پیرۆز لە سووتان بپارێزن.

بەعس و سوپا دڕندەکەی دەستیان لە هیچ نەدەپاراست، زۆربەی کانیاو و سەرچاوە ئاوییەکانی گوندەکانیان بە تی ئێن تی دەتەقاندەوە و ژەهراوییان دەکردن، ئاگریان لە دارگوێز و ڕەز و باخەکان بەردەدا و ڕێگە و توولەڕێگەکانیان ئەڵغامڕێژ دەکرد، تا هەموو سەرچاوەی ژیان لەو گوندانەدا کوێر بکەنەوە و دانیشتووانەکەی لە گەڕانەوە بێهیوا بکەن. دوژمن خۆی لەو ڕاستییە گێل کردبوو کە خەڵک هەرگیز دەستبەرداری ئەرز و خاک و پیرۆزییەکانی نیشتیمانی خۆی نابێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خەڵکی ئەو گوندە ڕاگوێزراوانە هەموو سەرکێشییەکیان دەکرد لەپێناوی سەردانکردنی گوندەکەیان تا ئەوەندی بۆیان دەکرێت بەشێک لە باخ دارەکانیان بپارێزێن، بۆ ئەو مەبەستەش گوێیان بە هیچ مەترسییەک نەدەدا و لە چوونیشیان پێشمەرگەیان ئاگادار دەکردەوە.

چەندین لەو هاووڵاتییانە لەو ناوچە چۆڵکراوانە کەوتوونەتە دەستی جەیشی داگیرکەر یان دەکەوتنە بەر ئارگری چەکی کۆپتەرە جەنگییەکان کە بە بەردەوامی دەوریبەیان بەسەر ئەو ناوچانەوە هەبوو. پێشمەرگە نەیدەتوانی بەر بەم پیلانە گڵاوە مەترسیدارە بگرێت. بەعس لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، هاوپەیمانێتی لەگەڵ شیوعییەکان هەبوو، لەگەڵ ئێران و تورکیادا ڕێککەوتنی ئەمنی و سەربازی و ئابووریی بەهێزی هەبوو، سوپایەکی زەبەلاحی بەتوانا و چەندین دامودەزگای سیخوڕی و هەواڵگری و داپڵۆسێنەری هەبوو. سەدام و بەعسییەکان عێراقیان بە دەستێکی ئاسنین و تۆقێنەر بەڕێوە دەبرد.

یەکێتی لەگەڵ قیادەی مۆقەتە لە شەڕ و ململانێ و خوێناویدا بوو، پێشمەرگە ناوچەی ئازادکراوی نەبوو، بە واتایەکی تر دۆخی لە ڕادەبەدەر خراپی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هێزی زیاتری بە بەعسییەکان بەخشی بوو، بۆ کورد و جووڵانەوەکەشی خاڵی هەرە لاواز ئەوە بوو کە ئەو هێزانە نەیاندەتوانی بە یەکگرتوویی بەرەنگاری ئەو مەترسییە گەورەیە ببنەوە کە داگیرکەری بەعس لەسەر کوردستانی درووست کردبوو.

ئەم سیاسەتی ڕاگواستنە پێشتر بەعس لە سووریا پەیڕەوی کردبوو، گوند و شارە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی دەگواستەوە و لە جێگەیاندا عەرەبی دادەنا. ئەمەی ناو نابوو 'الحزام العربی' واتە 'پشتێنەی عەرەبی' و بەدرێژاییی سنووری تورکیا و سووریا ئەم سیاسەتە چەپەڵەی پەیڕەو کرد. گوندە کوردییەکانی لە یەک دابڕی و ئێستاش کاریگەریی ئەو سیاسەتە زۆرە بەسەر ڕۆژئاوای کوردستانەوە ماوە.

کورد و پێشمەرگە بە هیچ شێوەیەک لە توانایاندا نەبوو ڕووبەڕووی ئەم ڕاگواستنە زۆرەملێیەی دێهاتەکان ببنەوە. پێمان وا بوو گەر نەشتوانین ڕێ لە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە مەترسیدارە بگرین، ئەوا هەوڵی خۆمان بدەین تا لای کەم دوای بخەین. ئێمە هێز و توانای خۆمان دەزانی؛ تەنیا دەمانتوانی لەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شوێنانەدا کە دیاری کرابوون بۆ درووستکردنی ئەو ئۆردوگایانە هەندێک چالاکیی سنووردار بکەین وەک دانانی کەمین و شەو چوونەسەر ئەو شوێنانە و سووتاندنی ئەو کەرەستانەی دەهێنران و قابیلی سووتاندن بوون؛ ئەمانەشمان کرد، بەڵام توانامان هەر سنووردار بوو.

دەبوو بەناچاری ڕێکخستنەکانی خۆمان بۆ ئەو قۆناغە ئامادە بکەین کە بە زۆرەملێ دەبرێنە ناو ئۆردوگاکانەوە تا لە پەیوەندیی ڕێکخستندا بە شێوەیەکی گونجاو بەردەوام بن، چوونکە دۆخی ناو ئەو ئۆردوگایانە هەلومەرجێکی تەواو جیاواز بوو. بۆ دواخستنی کاری درووستکردنی ئۆردوگاکان، هەر دەرفەت هەبووایە پەلاماری شوێنی کارکردن و درووستکردنی ئۆردوگاکانمان دەدا، ئەوەی قابیلی سووتان بوو دەمانسووتاند، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا پێشمەرگە ئەم کارەی دەکرد، هەڕەشەمان لە بەڵێندەر و ئەو کەسانە دەکرد کە سەرپەرشتیی ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەی ئۆردوگاکانیان دەکرد، بەڵام ئەو کەسانەی ئەرکی درووستکردنی ئۆردوگاکانیان وەرگرتبوو دەوڵەمەندی چاوچنۆک بوون و زیاتر چاویان لە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان بوو.

ئەو هەنگاوانەی پێشمەرگە دەیگرتنە بەر کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەسەر ڕاگرتنی کاری درووست کردنی ئەم ئۆردوگایەنە، دوژمن قەبارەی ئەو هێزە دارایی و سەربازییەی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم پلانە مەترسیدارە ئامادە کردبوو بێئەندازە بوو. بە وێرانکردنی دێهاتەکان سەرچاوەی داهاتی ئاژەڵداری و بەروبوومی کشتوکاڵی و هەنگەوانی و زۆر داهاتی دیکەی جوتیاران کۆتاییان پێ دەهات، بەوەش زیانی گەورە بەر ئابووریی عێراق و کوردستان کەوت، دوژمن گوێی بەو زیانە زۆرە ئابوورییە نەدا چوونکە پارەی نەوت بەرچاوی گرتبوو، درووستکردنی ئۆردوگاکان و پێدانی بڕە پارەیەکیش وەک قەرەبوو بە جوتیارەکان هێندەی تر خەرجیی ئەم سیاسەتە چەپەڵەی بەعسی زیاتر و قورستر کردبوو.

بەعس وەک دەوڵەتێکی فاشستی نەیدەویست جوتیاری کورد و کورد هیچ سەرچاوە و داهاتێکی ئابووری و بژێویی خۆیان هەبێت. وەک دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان دەیویست کورد هەمیشە چاوی لە ناوەند بێت بۆ سەرچاوەی داهات و ژیانی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەعس بەهەموو توانایەوە بەردەوام بوو لە درووستکردنی ئۆردوگا زۆرەملێکان، بەڵێندەرە کوردەکان دەچوون سکاڵایان دەکرد کە پێشمەرگە هەڕەشەیان لێ دەکات و مەترسیی لەسەر ژیانیان درووست بووە، بەعسیش هەڕەشەی بەوە دەکرد کە دەتوانێت ئۆردوگاکان بەرەو ناوچە دوورەکان بەرێت لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق، یان بەڵێندەری عەرەب بێنێت تا کاری درووستکردنی ئۆردوگاکان بکەن.

بە بەرچاوەمانەوە دوژمنی داگیرکەر دێهاتەکانی ڕادەگواست و خانووەکانی بە تی ئێن تی دەتەقاندەوە، کانیاوەکانی وێران دەکرد خەڵکەکەش لەم بەهەشتە و لە زێدی باووباپیرانیانەوە هەڵدەکەندران و دەبرانە ئۆردوگا زۆرەملێکان، لەوێ وەک زیندانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرا و ناوچەکانیشیان بە ناوچەی قەدەغەکراوی سەربازی لەقەڵەم دەدران. قۆناغێکی زۆر سەخت و دژوار بوو، هاوسەنگیی هێز بە جۆرێک بوو، هەر پێشمەرگەیەک هەزاران سەرباز و دەیان تانک و هەلیکۆپتەری بەردەکەوت، ئەمە جگە لەو هەموو دامودەزگا جاسووسی و جاش و چڵکاوخۆرانەی بە ناوچەکەدا بڵاو بیوونەوە.

کاتێک بەعس دەیویست گوندێک ڕابگوێزێت، هێزێکی گەورەی سەربازیی بە چاوساغی جاشەکان دەبرد، لەگەڵیشیدا ژمارەیەک شۆفڵ و زیلی بەتاڵی عەسکەری، لە ئاسمانیشەوە چەندین کۆپتەری بارهەڵگر و سەربازی لە لووتکەی شاخەکان و شوێنە بەرزەکاندا سەربازیان دادەبەزاند و کۆپتەرە جەنگییەکانیشی دەسووڕانەوە و بەجۆرێک ئابلۆقەی گوندەکەیان دەدا کە کەس بواری دەربازبوونی نەدەما.

کاتێکی کەمیان دەدا بە هاووڵاتییان تا کەلوپەلی ناوماڵ بهێننە دەرەوە ئیتر خەڵکەکەیان جیا دەکردەوە و تەقەمەنییان لە خانووەکان دەبەست و بە بەرچاوی خۆیانەوە خانو و ماڵەکانیان دەتەقاندەوە و ئاگریان تێ بەردەدان، دەوەستان تا هەمووی دادەمرکایەوە و دەبوو بە خۆڵەمێش، ئینجا دار و درەختە سەوزەکانیان دەسووتاند و دەبڕییەوە. مەزاری پیاوچاکانیان وێران دەکرد. هەر فەرمانێکی ئەفسەر و سەربازەکانی دوژمن بهاتایە دەبوو خەڵکی ئەو گوندانە دەستبەجێ جێبەجێی بکەن. ئینجا خێزانەکان بە کەلوپەلە کەمەکانیانەوە دەخرانەناو زیلی سەربازی و بە کاروانێکی سەربازیی حیمایەکراو بە ناقیلە و زرێپۆش و سەربازی زۆرەوە دەبران بۆ ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیەی بۆیان دیاری کرابوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی بەعس لە قۆناغی یەکەمدا درووستی کردن لە زەڕایەن و نەسر و برایەتی و هەڵەبجەی تازە بوون، دەیان ئۆردوگای تریشی لە ناوچەی پێنجوێن و شارەزوور و هەڵەبجە و شارباژێڕ و تەواوی ناوچەکانی کوردستان درووست کرد. ئەم ئۆردوگایانە نزیکی شاری سلێمانین و لە دەشتی شارەزووردا درووست کراون و و خەڵکی گوندەکانی ئەوبەری (ئاوی سیروان) یان بۆ گوێزراوەتەوە، کە ژمارەیان نزیکەی شەست گوند دەبێت. لە ئۆردوگای شانەدەری ژمارەی ئەو خێزانانەی گوندەکانیان وێران کرا زۆریان دانیشتووی گوندەکانی شلێر بوون و هەزاران ماڵ دەبوون. لەو ئۆردوگایە جێگیر کران. ژیانی خەڵک لەناو ئۆردوگادا هەتا بڵێی ڕەزالەت و نەهامەتی بوو، هیچ جۆرە پێداویستییەکی سەرەتاییان بۆ دابین نەکرابوو، قوتابخانە و مزگەوت و دامەزراوەی خزمەتگوزارییان نەبوو، کارەبا و ئاو و نەخۆشخانەیان نەبوو. ئەوانە زیندانیکراوێکی بێماف بوون، لە شارباژێڕ لە کارێزە، سوورەقەڵات، قەڵاچوالان، کەناروێ... ئۆردوگا درووست کرابوون.

دانیشتووانی ناوچەی شارباژێری سەخت بە ئالان و سیوەیل و ناوچەی شینکایەتییەوە زۆربەیان بنەیەکیان لە سلێمانی هەبوو، بەو هۆیەشەوە پێش ئەوەی سوپای داگیرکەر بگاتە سەریان و ڕایانگوێزێت، بەشێک لە کەلوپەلی ماڵەکانیان گواستبووەوە شوێنی ناوشاریان.

لەگەڵ ئەنجامدانی کاری قێزەونی ڕاگواستندا، بەعس هەموو لووتکە و بەرزاییەکانی دەوروبەری ناوچە قەدەغەکراوەکان و دەوروپشتی ئۆردوگاکانی پڕ دەکرد لە ڕەبایە و شوێنی پاسەوانی و چاودێریکردن، هەرچییەک بجووڵایەتەوە تەقەیان لێ دەکرد. بەکورتی دوژمن ناوچەکەی کردبوو بە سەربازگەیەکی گەورەی مینڕێژکراو. بەردەوام هێزی سەربازیی بە ناوچەکەدا دەگەڕان و وەک گورکی برسی هەر جوڵەیەک ببینرایە دەوروبەریشیان پێوە دەسووتاند. ئێمەش لای خۆمانەوە بۆسەمان بۆ دادەنان و دەستمان لێ دەوەشاندن و شەوانە دەرفەتمان دەقۆستەوە و مینەکانی خۆیانمان هەڵدەگرتەوە و لەسەر ڕێگەکانیان بۆمان دادەنانەوە. بەم ڕێگەیە زیانی زۆرمان لە کوشتن و بریندارکردن لێ دان. بە هۆی ئەو شەڕی ئەڵغامەوە توانیمان دەیان ڕەبایەی دوژمن لە ناوچەکانمان ناچار بە کشانەوە و چۆڵکردن بکەین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەڕی ئەڵغام

ناوچەی شارباژێڕ بەگشتی کرابووە مەعەسکەر و زۆری لوتکەی ساخ وگردەکانیش کرابوونە ڕەبایە، هەڵسوکەوتی سەربازەکانی سوپای بەعس بەرامبەر دانیشتووانی دێهاتەکان دوژمنکارانە و بێبەزەییانە بوو، زۆر هەوڵمان دەدا ئەڵغام پەیدا بکەین تا بتوانین لە شەڕێکی نهێنی و نەبینراودا زۆرترین زیانیان پێ بگەیەنین.

بەناچاری و نەشارەزایی هەوڵمان دەدا ئەو ئەڵغامانەی دوژمن دایناببوون هەڵبگرینەوە و دژی خۆیان بەکاریان بێنینەوە. ئەو کاتە زۆر مەترسیدار بوو. وردە وردە چەند پێشمەرگەیەک تا ڕادەیەکی زۆر شارەزای هەڵگرتنەوەی ئەڵغام بوون، کاک عەلی چوارتایی و کاکە برا بەرزنجی لەو فەرماندە سەربازییە چاونەترسانە بوون.

زۆربەمان گرنگیمان بە ئەڵغامی شەخسی دەدا. هەموو ڕێگەی هاتووچۆی سەربازەکانی دوژمنان کردبووە ڕێی ئاگر و ڕۆژانە ئەڵغامیان پێدا دەتەقییەوە.

هەندێ دەیانگوت جوندییەکی دوژمن لێرە یان لەوێ دەکوژرێت یان بریندار دەبێت چی لەو هاوکێشە سەربازییە سەدان هەزارەی بەعس دەگۆڕێت، بەڵام دواتر ئەنجامەکانی ئەو پلانەی پێشمەرگە لەسەر دوژمن دەرکەوت. کۆی کوژرانی سەربازانی دوژمن لە مانگێکدا دەگەیشتە دەیان سەرباز؛ کەم شەڕ هەبوون هێندە سەربازی دووژمنیان تێدا بکوژرێت.

لە پشتی چنگیان ڕەبایەی لێ بوو، شەوێک لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک دوو ئەڵغامی شەخسیمان برد و چووین تا لەسەر ڕێی هاتوچۆی جوندییەکان دایانبنێین. من هەڵەیەکی کوشندەم کرد؛ لەپێشدا یەکەمیانم دانا و دواتر چووم ئەڵغامی دووەم لە سەرووتر دابنێم، ئەویشم دانا و خەریک بوو هەر بەو ڕێیەدا بگەڕێمەوە. پێشمەرگەیەکی لای خۆم پەلاماری دام و ڕای وەستاندم. ئەگەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برۆیشـتمایە، کێشـەی گـەورە بـۆ خـۆم بـۆ پێشـمەرگەش درووسـت دەبـوو. بۆیـە دەبێـت لـە کاتـی ئەنجامدانـی ئـەم جـۆرە کارە پڕمەترسـییانەدا سـەرنج و ئـاگات لەسـەر بچووکتریـن جووڵـە بێـت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆپیشاندانی خەڵکی ئێران

ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دژی ڕژێمی شاهنشایی لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا سەرەتا لە چەند شارێک ڕوی دا و دواتر زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئێرانی گرتەوە. ڕق و نارەزایی خەڵک دژ بە ڕژێمی شا بێئەنداز بوو. ڕژێمەکە دیکتاتۆر و کۆنەپەرست بوو؛ دژ بە هەموو ماف و ئازادییەکانی خەڵک و بە تایبەت دژی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو؛ لە هەر جووڵەیەک بۆ داوای ئەو مافە زەوتکراوانە بە ئاگر و ئاسن و وەلامی خەڵکی مافخوراوی دەدایەوە و سەرکوتی دەکردن. لە خۆپیشاندانەکاندا تەواوی خەڵکی ئێران لەسەر شەقامەکان چاونەترسانە درووشمی دژ بە ڕژێمی شا و 'مەرگ بۆ شا'یان دەگوتەوە. ڕژێم دەیوست بە زەبری هێز و کوشتنی زۆرترین خۆپیشاندەر کۆتایی بە خۆپیشاندان بهێنێت، بەلام بە پێچەوانەوە تا زیاتر لە ڕیزی خۆپیشاندەران خەڵک دەکوژران و بریندار دەبوون، توورەیی خەڵک زیاتر کلپەی دەسەند و بەردەوام ژمارەی زیاتری خەڵکی ناڕازی و خۆپیشاندەر دەڕژانە سەرشەقامەکان و نارەزاییەکان فراوانتر دەبوون.

هەردوو لایەنی عەلمانی و ئایینی لە خۆپیشاندانەکاندا پێکەوە بەشدار بوون. هەمووی دوو مانگی پێ نەچوو خۆپیشاندانەکان تەواوی ئێرانیان گرتەوە؛ وڵات پڕ بوو لە مانگرتن و خۆپیشاندان و چالاکیی مەدەنی دژی ڕژێمی شا، بە جۆرێک وڵاتەکە تەواو پەکی کەوت. سەرەتا، شارەکانی کوردستان هیچ جووڵە و خۆپیشاندانێکیان دژی شا تێدا نەبوو، وەک ئەوەی ترس و گومانێکیان لا بێت کە ڕژێمی شا نەڕووخێت و بەرەی خەڵک سەرنەکەوێت، بەلام دواتر شارەکانی کوردستانیش ڕاپەڕین و لە دەستی زوڵم و چەوساندنەوەی شا و ساواکی شا ڕزگار بوون و ڕۆژی ئازادییان لێ هەڵهات. شا وڵاتی جێ هێشت، شارە کوردییەکانی ڕۆژهەلات کەوتنە دەست خەڵکی ڕاپەڕیو، خەڵک خۆی ئیدارەی شارەکانی بەڕێوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەبرد و لە زۆربەی ئەو شارانەدا ئەنجوومەنێک، کە ناویان لێ نابوو 'شوورا' بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک دیاری کرا. زۆربەی ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنانە زیاتر کۆمەڵە یان لایەنگری کۆمەڵە بوون.

بۆ ئێمەی پێشمەرگە و یەکێتی ڕووخانی شا دەرگای خێر و بەخت بوو بە ڕووماندا کرایەوە، ڕژێمێک ڕووخا کە تا سەر ئێسقان دژی کورد و جووڵانەوەکەی بوو. وەک پێشتر باسم کرد هەر پێشمەرگەیەکی یەکێتی لەسەر سنوور یان ئەودیو سنوور بگیرایە ڕاستەوخۆ تەسلیم بە ڕژێمی سەدام دەکرایەوە و بەعس لە سێدارەی دەدا. ڕژێمی ئێرانی شاهنشاهی لە هەموو ڕوویەکەوە هەمان سیاسەتی بەعسی بەسەر هێزی پێشمەرگە و یەکێتیدا پەیڕەو دەکرد، بۆیە ڕووخانی ڕژێمەکە تەواو بە قازانجی کورد و یەکێتی بوو. ئیتر پێشمەرگە دەیتوانی ئازادانە بچێتە ناو خاکی ئێران و لە شارەکاندا بمێنێتەوە و نەخۆش و بریندارەکانی بباتە خەستەخانەکانی ئێران بۆ چارەسەر. ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە دەچوونە مهاباد و وێنەیان لە مەیدانی چوارچرا، کە پێشەوا قازی هاوڕێکانی تێدا لە سێدارە درابوو، دەگرت. هەرچۆنێکیش بووایە دەبوو بچن بە دیداری هونەرمەندی گەورە محەمەدی ماملێ شاد بن و وێنەی لەگەڵ بگرن. بەو شێوەیە بەدڵی ئاسوودەوە دەگەڕانەوە.

یەکێتی و پێشمەرگەکانی مەیل و خۆشەویستییان زیاتر بە لای مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێراندا هەبوو، ئەوەش بەشێکی ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان سەرکردایەتیی کۆمەڵە و مام جەلال و ئەوان بوو، کە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ئێران لە ڕۆژگاری زۆر تەنگانەدا زەمانی حوکمڕانی شاهنشادا بەوپەڕی فیداکارییەوە هاوکاری و پشتیوانیی زۆری یەکێتیان دەکرد.

بازاڕی کڕین و فرۆشتنی چەک لە شارەکاندا گەرم بوو؛ خەڵکی چەکی زۆری دەوڵەتی کەوتبووە دەست و لە شوێنەکانی تریشەوە دەیانهێنا بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵات و دەفرۆشران، هەرچی بۆ ئێمە باش بوو لەو چەک و تەقەمەنیانە دەمانکڕی، نەشبووایە، بۆیان پەیدا دەکرین و دواتریش سوودی زۆرمان لێ وەرگرتن.

پێشمەرگەکانی یەکێتی لای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆشەویست بوون ڕێزی زۆریان لێ دەگیرا، هۆکار زۆر بوون کە یەکێتی بە هەموو توانایەوە دژی ڕژێمی شاهنشاهی بوو، لە ڕاپەڕینی خەڵکی شارەکاندا دژی ڕژێم پێشمەرگەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکێتی هاوکار و پشتیوانی خەڵک بوو، پێش ئەوەی هێزی پشتیوانییش بچێتە فریایان، زۆربەی هێزەکانی یەکێتی شانبەشانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە یەک سەنگەردا بوون، هەر ئەوەش وای کردبوو زۆربەی خەڵک لەبەر ئەو خۆشەویستییە هاوکارییان دەکردین و ئەو چەک و تەقەمەنیانەیان پێ دەبەخشین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێران

لە سەردەمی ڕەزا شا و محەمەدی کوڕیدا، ئێران بە ڕووکەش ببوو بە دەوڵەتێکی سێکیولاریستی نزیک لە خۆرئاوا، بەڵام جەماوەرەکەی و بەتایبەتی ناوچە شیعەنشینەکان مۆرکێکی ئایینییان هەبوو؛ هەستی شیعەگەریتی لەناویاندا بەهێز بوو، حەزیان لە نزیکبوونەوەی ئێران و خۆرئاوا نەبوو؛ بۆ دەرفەتێک دەگەڕان ڕای خۆیان بخەنەڕوو و دژی ڕژێمەکە بوەستنەوە، بەڵام دەوڵەتەکە بەهێزتر بوو، وەک دەڵێن خاوەنی پێنجەمین سوپای جیهان بوو، پشتیوانیی خۆرئاواییەکان و بەتایبەتی ئەمریکاشی هەبوو.

داهاتی نەوتی ئێران زیادی کردبوو، بەڵام قەیرانی ئابووری سەری هەڵدا و بووە هۆی نارەزایی و تووڕەیی جەماوەر، شیعەکان ئەمەیان قۆستەوە و کەوتنە خۆپیشاندان. هەڵەی ڕژێمەکەی شا ئەوە بوو زۆر بەتوندی بەرانبەر خۆپیشاندانەکان وەستایەوە. دوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی شاهنشاهی دڕندانە ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە، وێنەی ڕژێمی ئێران لەبەرچاوی خۆرئاواییەکان کاڵ بۆوە، فەرەنسا وتارە ئاگرینەکانی ئیمام خومەینی لە ڕاگەیاندنەکانیەوە بۆ هاندانی زیاتری خۆپیشاندەران و جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران پەخش دەکرد. جیمی کارتەری سەرۆکی ئەمریکا دەستی کرد بە پێڕەوکردنی سیاسەتی مافی مرۆڤ لە جیهاندا و پەنجەی تۆمەتیش بۆ ئێران درێژکرا وەک یەکێک لەو دەوڵەتانەی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو ئەمریکای کارتەر وازی لە پشتیوانیکردنی شا هێنا و گرێبەستەکانی فرۆشتنی چەکی لەگەڵ هەڵوەشاندەوە دوای سەرۆکایەتیەکەی لە ساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی نۆبڵیشی وەرگرت.

خۆپیشاندانەکان شارە گەورەکانیان دەگرتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبوون و لێشاوی خەڵک لە ڕادەبەدەر بوو، ڕادیۆ جیهانییەکان بەشی زۆری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەواڵەکانیان بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کردبوو و بە زمانی عەرەبی و فارسی هەواڵەکانیان گەرماوگەرم بڵاو دەکردەوە. بۆخۆم بەردەوام ڕادیۆم بە گوێوە بوو تا ئاگاداری سات بە ساتی هەواڵەکانی پەیوەست بە خۆپیشاندانەکانی ئێران و دۆخی ئێران بم. دواتر و کاتێک لە شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان خەڵک ڕژانە سەرجادەکان و دژی ڕژێم ڕاپەڕین، لە هەر شوێن و ناوچەیەک خەڵکی ڕاپەڕیوی شارە کوردستانییەکان پێویستیان بە هاوکاریی پێشمەرگە بووایە، پێشمەرگە دەچوون بۆ هاوکاری و پشتیوانییان.

بڕیاری سەرکردایەتیی کۆمەڵە و یەکێتی ئەوە بوو کە دەستکراوە بن بۆ هاوکاری و بەهانەوەچوونی خەڵکی ڕاپەڕیوی شارە کوردییەکان. ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بووین کاک بەکری حاجی سەفەر چەندین مەفرەزەی ناردە بانە و سەقز و مەریوان و شوێنەکانی تر؛ کاک حەمە ئەمین ئاغای بارێ و کاک عەلی چوارتاییش، کە دوو فەرماندەی کەرتی دیار و دلێری یەکێتی بوون؛ خۆیان و هێزەکانیان چوونە شاری بانەی خۆرهەلات بۆ پشتیوانیکردنی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەو شارە. لە هەموو ئەو سنوورانەی هێزی یەکێتییان لێ بوو فەرماندە و بەرپرسەکانی یەکێتی ئەم کارەیان بە سەرکەوتوویی کرد. ئیتر پێشمەرگە دەبوون بە بەشێک لە جەماوەر و لەگەڵیاندا بوون تا شار کەوتە دەست خەڵکی شاری بانە. لە زۆر شوێنی تر پێشمەرگە و فەرماندەکان تێکەڵ بە خۆپیشاندەران دەبوون.

لە ڕۆژی ١٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩دا دواهەمین شای ئێران هەڵهات و وڵاتی جێ هێشت. ئەمە هەواڵێکی زۆر دڵخۆشکەر بوو بۆ ئێمە و بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بەگشتی. بوو بە جەژن و شادی؛ خەڵکی کوردستان پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد، گەرچی نەماندەزانی زەمانە شتێکی تری بۆ حەشار داوین!

هەمووی مانگێکی پێ نەچوو ئیمام خومەینی دوای ١٤ ساڵ لە ژیان لە تاراوگە گەڕایەوە بۆ ئێران. لە کاتی دابەزینیدا لە (فڕۆخانەی میهرئاباد)ی تاران سەدان هەزار هاووڵاتی چوونە پێشوازی و وەک ڕابەری ڕووحیی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران تەماشایان دەکرد. ڕۆژ و ساتی هاتنەوەی خومەینی بووە ڕۆژی پیرۆزی و سەرکەوتن.

خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکانی کوردستان ئاهەنگیان دەگێڕا، ئیتر ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە دەستی جەماوەر و دیموکرات و کۆمەڵە و خەبات و چەندین

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێکخراوی وەک چریکی فیدایی، پەیکان، حزبی تودەو.... چەندین ناوی جیاوازی تر پەیدا بوون؛ کۆمەڵە لە هەر شارێکدا و لەژێر ناوی شووراکاندا کارە ئیداری و ڕێکخراوەییەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد.

لەگەڵ گەڕانەوەی سەرکردەکانی دیموکرات و کۆکردنەوەی هێزەکانیاندا ئەوانیش ناوەندی هێز و بڕیار و بەشی زۆری ئیدارەی ناوەندی شار و شارۆچکەکانیان گرتە دەست و ناکۆکی و جیاوازیی کارکردن بە تایبەت لە نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە زیادی کرد، ڕۆژ دوای ڕۆژیش ناکۆکی و ململانێ لەسەر دەسەڵات و حاکمداری زیاتر دەبوو، ئەم دوو ڕێکخراوە تا دەسەڵات و هێزیان زیادی دەکرد، زیاتر بەرانبەری یەکتر توند دەبوون و هیچ پرۆژەیەکی هاوبەشی کارکردن لەنێوانیاندا نەکەوتە سەرپێ.

سەردانی شاری بانە و دواتر مهابادم کرد، کە زیاتر لە چل ساڵیان لە ژێردەستەیی و زوڵم و کوشتن لەلایەن ڕژێمی شاهنشای ئێرانەوە تێ پەڕاندبوو. ئێستا مەهابادی پایتەختی کۆماری کوردستان هەوای ئازادیی هەڵدەمژی. ئەو ساتە وەختەی سەردانم کرد، هەستم دەکرد شاری قازی و کۆمارەکەی کوردستان جارێکی تر هەر بە بەرگی قازییەوە بانگی ئازادیی دەدا. خەڵک لە شایی و خۆشی و بەخشینەوەی شیرینیدا بوون بەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەو ئازادبوونەی گرێی بەختی کوردانی جارێکی تر کرابۆوە و هەوری چڵکنی ستەم و زۆرداری شا ڕەوییبۆوە و ڕۆژی سەربەستیی کوردان هەڵهاتبوو.

سەردانی بەشێکی تری شار و شارۆچکەکانی وەک سەقز و سنە و شوێنەکانی تری کوردستانم کرد. زۆربەی خەڵک چەکیان پێ بوو، لە زەمانی کۆمارەوە ڕۆژی وای دوور لەژێردەستەییان بە خۆیانەوە نەدیبوو. چەند ڕۆژێک مامەوە، پێشمەرگە لەڕادەبەدەر خۆشەویستی خەڵک بوو، ڕێزی زۆریان لێ دەگرتین و خەڵک ڕێگەیان نەدەدا پێشمەرگە لە چێشتخانە و دەرەوە نان بخوات؛ دەیانبردەنەوە ماڵەکانیان و خزمەتی زۆریشیان دەکردین.

ناوبانگی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی وەک ڕابەرێکی گەورەی ئایینی و ڕووحیی خەڵکی کوردستان سنووری کوردستانی تێ پەڕانبوو. لە سەرتاسەری ئێراندا وەک سەرکردە و ڕابەرێکی ڕووحی و ئایینی خەڵکی کوردستان ڕێزلێگیراو بوو. کە چوومە تاران، وەک شارێکی گەورە و پایتەختی ئێران، لە شەقام و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شوێنە گشتییەکاندا ژمارەیەکی زۆر وێنەی مامۆستای لێ هەڵواسرابوو، بە گەورەییش لێی نووسرابوو "شێخ عیزەدینی حوسەینی/ ڕابەری ڕووحیی خەڵکی کوردستان." مامۆستا لای هەموو خەڵک بەتایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ناوەندی بڕیاری ئێراندا خۆشەویست بوو؛ سەنگ و قورسایی تایبەتی هەبوو، خودی خومەینی لە سەرەتای گەڕانەوەیدا ڕێزی لێ دەگرت و حیسابی جدیی بۆ قسە و هەڵوێستەکانی دەکرد.

دوای ڕووخانی شا، ئازادانە بریندار و نەخۆشەکانمان لە خەستەخانەی شارەکانی ئێراندا چارەسەر دەکرد و لەسەر سنوورەکان بارەگامان کردەوە، هاتوچۆی هاوولاتییانی هەر دوو بەشی کوردستان بە شێوەی فراوان زیادی کردبوو، سەدان و بگرە هەزاران کوردی باشوور دەچوونە تاران و لەوێ شوێنێک هەبوو پێیان دەگوت "کوچەی عەرەب." لەوێ هەموو شتێکیان تەزویر دەکرد و پاسپۆرتی عێراقییان بە پارەیەک بۆ دەکردی وەک خۆی، وێنەی ئەو کەسەیان لێ دەدا و ئاسانکاریی تەواویان بۆ ئەوانە دەکرد کە دەیانویست لە جەهەنەمی عێراق دەربازیان بێت و بچنە ولاتانی ئەورووپا و داوای مافی پەنابەریی بکەن.

پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵە لە پلەی یەکەمدا بوو؛ ڕێک بووین و بە هەموو توانامانەوە هاوکار و پشتیوانیان بووین، بە پێچەوانەوە هەر لەسەرەتاوە ساردی زۆر هەبوو لەنێوان سەرکردایەتیی یەکێتی و سەرکردایەتیی دیموکراتدا. ئەم هەڵوێستەی سەرکردایەتی تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر حاڵەتی دەروونیی پێشمەرگە و فەرماندەکان درووست کردبوو؛ زیاتر و زۆرتر مەیل و داشکاندنیان بە لای کۆمەڵەی ئێراندا زیاتر بێت بەوەی لە ڕووی فیکرییەوە تا ڕادەیەک نزیکتر بووین و کۆمەڵە ئاراستەی کوردستانی بوو.

کوردانی خۆرهەڵات لەناو لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا پێشمەرگەی یەکێتییان خۆشدەویست و بە هێزی خۆیانیان دەزانی و لەزۆربەی سەختی و نارەحەتی و شەڕەکاندا هاوکار و هاوشانیان بووین. چەندین فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی لەو شەڕاندا لەگەڵ پێشمەرگە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا گیانیان بەخشی و سەدانیش بریندار بوون.

بڕێک چەک و تەقەمەنی و کەرەسەی تری سەربازیمان، کە هیی جەیشی شا بوو، پەیدا کرد، زۆرترینیمان بە پارە کڕی، خەڵک بەتایبەت و بەشێک لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕێکخراوەکانیش لە سەرەتاوە هاوکارمان بوون. کردنەوەی دەرگای ئێران بۆ ئێمە وەک دیارییەکی خوایی وابوو.

دەیان ڕێکخراو و گرووپی جیاواز درووست ببوون، هەندێکیان چەپی زۆر توندڕەو بوون و زیاتر گرنگییان بە مشتومڕ و گفتوگۆی فیکری دەدا، زیاتر ئێرانی بوون و بەرنامەیان بۆ تەوای ئێران بوو؛ کوردستان بە لایانەوە گرنگیی نەبوو، شارەکانی کوردستانیان کردبووە بنکەی خۆیان و شارەکانی تری ئێرانیان چۆڵ کردبوو. ئەوەندەی دژی یەکتر بەیان و بڵاوکراوەیان بڵاو دەکردەوە ئەوەندە گرنگییان بە خۆڕێکخستن و خۆئامادەکردن بۆ مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان نەدەدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سجنیان بکەین یان بیانکوژین؟

ساڵ ساڵی ١٩٨١ بوو؛ بەشی زۆری هێزەکەی هەرێمی سێ گەڕابووینەوە و لە سەردەشت و لای مقەڕی کۆمەڵە بۆ پشوویەکی کاتی کۆ ببووینەوە. کاک سەلاحی موهەندیس و کاک وەهاب گوتیان دەچنە لای گەراج و ئەگەر کەسێک هەبوو نامەکانمان بۆ برادەرانی سەرکردایەتی پێدا ڕەوانە دەکەن. ئەو کات هیچ ئامرازێکی پەیوەندی نەبوو، بۆ هەواڵ پرسین و قسەوباس و نوکتەی تازە و هەندێ زانیاری و هەواڵی نوێ هەر نامەمان بۆ هاوڕێکانمان لە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ دەنووسی. بەشێکی کەم لە پێشمەرگەکانمان چووبوونە ناو بازاڕ و ئەوانی تر شەکەت و ماندوو لەناو مقەڕ مابوونەوە.

بەتەنیا لەبەردەمی بارەگای کۆمەڵەدا هیلاک و ماندوو چاوەڕێم دەکرد جەماعەت بگەڕێنەوە و بڕۆینەوە بەرەو شاربازێڕ. کاک بەکری حاجی سەفەر کە فەرماندەی هەرێممان بوو، هات و لێی پرسیم برادەران لە کوێ بوون، منیش گوتم، "چوونەتە بازاڕ؛ کارێکیان هەیە و تۆزێکی تر دەگەڕێنەوە." کاک بەکر زۆر تووڕە بوو، قسەکانیشی جۆرێک بوو ناڕەحەتی دەکردیت. گوتم، "کاک بەکر چۆن وا دەڵێی! جەنابت برا گەورەی هەمووانی." ئەوەندەم گوت و فەرمانی بە پێشمەرگەکانی دەوری خۆی کرد چەکم بکەن، پێشمەرگەش چەکیان لە شان داگرت و خەریک بوو دۆخەکە ئاڵۆز ببێت. بە ناچاری منیش بۆ بەرگریکردن لە خۆم و دەستم دایە چەک و چوومە پاڵ سەیارەکەوە. لەو قۆناغەدا چەککردنی فەرماندە و بەرپرسەکان قورس لەسەریان دەشکایەوە. بوو بە دەنگەدەنگ و تکام کرد کەس نەیەتە پێشەوە.

کاک دلێری سەید مەجید هات و لە دوورەوە بینیی هەرکەس بە چەکەێکەوە پەنایەکی گرتووە و دەنگەدەنگە و دۆخی نێوانمان بەرەو زۆر خراپی دەڕوات، هاواری کرد، "بیکەن بە خاتری خوا لەسەر چی یەکتر دەکوژن!" هاتە نێوانمانەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و ئەوانـی دوور خسـتەوە، کـە ژمارەیـەک پێشـمەرگە بـوون، منیش بەتەنیـا خـۆم چەکەکـەم. کاک دلێـر بـەرەو لای مـن هـات و گوتـی، "لەسـەر چـی خەریکـە یەکتـر لەنـاو دەبـەن؟" منیش حاڵومەسـەلەکەم بـۆ بـاس کـرد. لـەم قسـانەدا بوویـن کاک سـەلاح و کاک وەهـاب گەڕانـەوە و ئەوانیش کـە زانییـان کێشـەیەکی وا درووسـت بووە، ناڕەحـەت بـوون و خەریک بـوو دیسـان کێشـەکە گەورەتـر ببێت. کاک دلێـر کەوتـەوە هـەوڵ تـا تـۆزێ دۆخەکەیـان هێمـن بـۆوە، ئیتـر هێزەکەمـان بـوو بـە دوو لـەت و ئێمـە سلێمانییەکان هەمـوو کەوتینـە لایـەک.

مـام جـەلال، کاک سـالار عەزیـز و کاک مـلازم عومـەر بـۆ کارێکـی تـر هاتبوونـە بەردەپانـی لای (بێوران)ی سـەردەشـت. وەک بیسـتم زەبێحـی دێتـە ئەوێ یـان لـەوێ بـووە و ڕاسپاردەی حکومەتـی عێراقـی بـۆ مـام جـەلال هێنـاوە.

کاک دلێـر مـام جـەلال و کاک سـالار عەزیـز و کاک کاک مـلازم عومـەری لـەو کێشـەیە ئاگادار کرد بوو بەو هیوایەی کێشـەکە خراپتر نەبێت و بەزوویی چارەسـەر بکرێت. ئێمـە پێمـان باشـتر بـوو بچینـە ناوەنـدی کۆمەڵـە. ئـەو کات بارەگای سـەرەکی لـە ناوزەنـگ بـوو، بـەوەی هـەردوو لامـان کۆمەڵەییـن و باشـترە کۆمەڵـە کێشـەکەمان یەکلایـی بکاتـەوە. کاک سـالار عەزیـز و کاک مـلازم عومـەر گوتبوویـان ئـەوان لـە جیاتـی کۆمەڵـە هاتـوون، ڕازییـان کردیـن و ئێمـە بەشـێک لـە فەرماندەکان چووینـە بەردەپـان، کـە نزیکـی سـەردەشـت بـوو.

مـام جـەلال، کاک سـالار و بـرادەران گوێیـان لـە هـەر دوو لامـان گـرت(مـن و کاک وەهـاب)، ئەوان دڵنیا بوون کە هیچ هەڵەیەک یان کەمتەرخەمییەک لە لایەن ئێمەوە ڕووی نـەداوە، بەڵکوو هەڵەتێگەیشـتن ئـەو دۆخـەی درووسـت کـردووە، بۆیـە زیاتـر هەوڵیـان دەدا ئاشـتمان بکەنـەوە، ئێمـە کێشـەیەکمان نەبـوو لەگـەڵ کاک بەکـر، لـە هەمـوو کات و ئەرکێکـدا ئەومـان بـە بـرا گـەورە و بەرپرسـی خۆمـان دانابـوو، خـۆی دەبـوو مـن بـە پلـەی یەکـەم سـکاڵام هەبێـت لـەوەی بەرانبـەرم کـرا، کـە نزیـک بـوو خوێنـی تێـدا برژێـت.

ئێمـە بـەو دۆخـە ناڕەحـەت بوویـن و حەزمـان دەکـرد هەرچیـی زووە کێشـەکە چارەسـەر ببێـت لەبـەر ئـەوەی زیاتـر مـام جـەلال و ئـەو برادەرانـە بـەم کێشـە لاوەکییـەوە سـەرقاڵ نەکەیـن. هـەر زوو داوامـان کـرد کـە چـی لـە ئێمـە پێویسـتە دەیکەیـن، مـام جـەلال زانیـی کـە کاک بەکـر دڵـی ڕەنجـاوە و هـەر چۆنێـک بـوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەیویست کاک بەکر ڕازی بکات لەگەڵ ئێمە ئاشت ببێتەوە. لە پێشنیوەڕۆوە تا نزیکی عەسر و چەند سەعاتێک بەم کێشەیەی ئێمەوە سەرقاڵ بوون ئەنجامیشی نەبوو، مام و برادران هەرچیان دەگوت، کاک بەکر ڕازی نەدەبوو.

بۆیە گوتم، "کاک بەکر گیان، ئێمە لە ساڵی ١٩٧٦ەوە پێشمەرگەین و زیانی زۆرمان لە بەعس داوە دەستمان لێی نەپاراستووە، بەعس و دەسەڵاتە خوێناویەکشی هەرچی لە توانایدا بووە تەرخانی کردووە بۆ لەناوبردنمان و نەیتوانیوە، ئێستا بچین و داوای لێبوردنی لێ بکەین بەو هەموو کارەی بەرانبەری کردوومانە، ئەو عەفوومان دەکات، بۆیە داوای لێبوردن لە جەنابیشت دەکەین گەر هەڵەیەک بووە بمانبەخشە." ئەمەم بۆیە گوت هەر بۆ ئەوەی کۆتایی بەو وەزعە بێنین و مام و برادەران ئەوەندە ماندوو نەکەین.

مام قسەکەی وەرگرت و گوتی، "ئەها کاک بەکر، ئەم گەنجانە چەند ژیر و تێگەیشتوون، داوای عەفوت لێ دەکەن." مام بۆ خۆشی زۆری تری لەسەر پەیوەندی مێژووی دۆستایەتی و نزیکی خۆی و کاک بەکر باس کرد و گوتی، "منیش قسەی خۆم دەخەمە پاڵ قسەی ئەم فەرماندە گەنجانە و لێیان ببوورە." کاک بەکر هیچ وەڵامێکی نەبوو، بۆیە مام گوتی، "کاک بەکر چیت دەوێ؟ تەجمیدیان بکەین؟" کاک بەکر بێدەنگ بوو. مام جەلال گوتی، "دەریان بکەین، سجنیان کەین؟" کاک بەکر وەڵامی نەدایەوە. ئینجا مام جەلال گوتی، "ئیعدامیان کەین؟" لێرەدا کاک بەکر تۆزێ وەستا، پاشان گوتی، "مام جەلال، کەیفی خۆتانە."

مام لە وەڵامەکە زۆر ناڕەحەت بوو. گوتی، "کاک بەکر، ئەمانە چییان کردووە؛ چ تاوانێکیان کردووە وا دەتەوێ ئیعدام بکرێن؟ چۆن تەنیا بە کوشتن ڕازی دەبی؟" مام کەمێک خۆی عاجز کرد، ئیتر کاک بەکر گوتی، "تەواو عەفوویان دەکەم." دەستمان کردە ملی یەکتر. مام گوتی، "بەو موناسەبەیەی کاک بەکر بەس بە ئیعدامکردنتان ڕازی بوو، با وێنەیەک بۆ یادگاری بگرین."

لە کاتی وێنەگرتنەکەدا کاک بەکر گوتی، "مام جەلال، ئەم سەڵاحی موهەندیسەم لێ بووە بە خولەی حاجی." کاک مەحموود خاڵی کاک ملازم عومەرە و یەکێک بووە لە کەسایەتییە دیارەکانی سلێمانی و بە پیاوێکی ئازا و بەهەڵوێست ناسراوە. ئینجا کاک عومەر تووڕە بوو؛ خەریک بوو ڕیس ببێتەوە بە خوری. گوتی، "بۆ نموونە لەسەر خاڵم دەهێنیتەوە؟" دیسان مام هەر چۆنێک بوو کاک ملازم

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

عومەری هێواش کردەوە و کێشەکە تەواو بوو. کاک بەکر دواتر بە مەلازم عومەری گوت، "نموونەکەم بۆ خراپی نەهێنایەوە؛ بۆ کردت بە هەرا؟" ئێمە بەرەو بانە و لەوێشەوە بەرەو شاربازێڕ گەڕاینەوە. ئەو کات بەشی زۆری شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون و سەقز شەڕی خوێناویی چەندڕۆژەی کۆڵانەوکۆڵانی بەڕێ کردبوو؛ لە مەریوان و ناوچەکانی تریش دەیان هەزار پاسدار هێرشیان هێنابوو بۆ سەر شارەکان و شەڕ لە زۆربەی شوێنەکان دەستی پێ کردبوو.

بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، ڕەوشەکە بە جۆرێکی تر گۆڕا، سەرەتاکانی مەترسییەکی گەورە دەرکەوتن. کۆماری ئیسلامی بەباشی خۆی ڕێکخست و هێزی پێکەوە نا، بەسیج[1] و پاسدار و چەندین هێزی تری درووست کرد و سوودی زۆری لە ئەفسەرانی باڵای ئەرتەشی ئێرانی (جەیش) و ئەفسەرانی باڵای هەواڵگری (ساواک) وەرگرت. هەنگاو بە هەنگاو سوپای بەتەواوی کردە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

جمهوریی ئیسلامی نێوانی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ خراپتر دەبوو؛ چەند جارێک وەفدی حزبی دیموکرات و مامۆستا شێخ عزەدین حوسینی چوونە تاران و گفتوگۆیان لەگەڵ دەوڵەتدا کرد، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە ناوخۆدا یەک هەڵوێست نەبوون تا بەیەکگرتوویی پێداگری لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن. ئاڵۆزیی و شەڕ لە هەندێک ناوچەدا درووست بوو، ئاگری شەڕ لە خاڵی سەرەتایەوە لە (پاوە)وە دەستی پێ کرد و وردە وردە سەرتاسەری کوردستانی ئێرانی گرتەوە. هەڵگیرسانی شەڕ پەیامی کۆتایی بوو بۆ کۆتاییهێنانی گفتوگۆی ئاشتییانە بۆ چارەسەری کێشەی کورد.

ڕووداوێکی زۆر ناخۆش ڕووی دا: خەڵکی ڕاپەڕیوی پاوە پەلاماری مستەفا چەمرانی وەزیری بەرگریی ئێرانیان دا، کە هاتبوو بۆ پاوە بۆ وتووێژ. وەزیر بەپەلەپرووزکێ ناوچەکەی جێ هێشت. ئەم ڕووداوە زۆر گەورە کرا و گەیشتەوە لای ئیمام خومەینی. ئەویش فەتوای شەڕی دژی کورد دا. ئیتر ئەرتەش و سوپای

---

[1] هێزێکی چەکداری خۆبەخشی گەنج بوون؛ بەشێکن لە سوپای پاسداران. کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوشارەکان درووستی کردبوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پاسداران و تەواوی هێزەکانی دەوڵەت و دەیان هەزار خۆبەخش پەیوەست بوون بە سوپای پاسدارانەوە و ئامادە بوون بۆ شەڕ دژی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات، کە ئێران ناوی نان 'زدی ئینقیلاب.' ئیدی ئەو هێزانەی دەوڵەت پەلاماری شارە کوردییەکانیان دا و شەڕێکی ماڵوێرانکەر هەڵگیرسا.

دوای شەڕی قورسی خوێناوی و بەرگریی خەڵک و پێشمەرگە، ئێران توانیی زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. لەسەر داوای حیزبی دیموکرات، یەکێتی هێزێکی زۆری نارد بۆ پشتیوانیکردنی پێشمەرگە و ناوچەکانیان لە ڕۆژهەڵات. ئەوە یەکەمین جار بوو بەو شێوە بەرفراوانە هێزی بەشێکی کوردستان پشتیوانیی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی بەشێکی تری کوردستان و میللەتی کورد بکات- گەرچی بۆ ناردنی هێز بەو شێوەیە ڕای جیاواز لەناو یەکێتیدا هەبوو.

لە شەڕی قورس و خوێناویدا و لە دۆخێکی سەرما و بەستەڵەک و بەفردا دەیان فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی لەو شەڕانەدا بۆ پشتیوانی ڕۆژهەڵات شەهید و بریندار بوون. دڵنیام یەکێتی ئەو ڕاستییەی دەزانی هەر لەسەرەتاوە کە تەرازووی هێز بە لای دەوڵەتدا سەنگینە و هێزە کوردییەکان بەو دۆخە خراپەی نێوان خۆیان و بەو توانا کەمەوەی هەیانە تەنیا دەتوانن هێزەکانی دەوڵەت بە کاتی لە گرتنی شوێنەکاندا دوا دەخەن.

ئەزموونی ئەو شەڕە و هەموو شەڕەکانی کورد ئەوەمان پێ دەڵێن کە چەندین ساڵ وتوێژ و پشوودرێژی لە دانوستان لە یەک ڕۆژ شەڕ بە بایەختر و باشترە.

کورد نەک بەرەیەکی یەکگرتووی نەبوو، بەڵکووکۆمەڵە و دیموکرات ئەوپەڕی دوژمنایەتیی یەکیان دەکرد و دواتر شەڕی خوێناویی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات ئەوەی لە خەرمانی دەستکەوتەکانیان مابوو ئەوەشی سووتاند و ناوچەکانیان بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتدا نەما. حیزبی شیوعی و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئەفسەرانی پاسۆک وەک پشتیوانیی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات دژی سوپای ئێران دەجەنگان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ خۆشی

بەشێک لە پێشمەرگەکانی هەرێمی سێی یەکێتی لە لووتکەی (شاخی ئاربەبا)ی پشتی بانە دەبن. بۆ بەرگری لەو شاخە سەنگەریان گرتبوو. کاک بەکر و بەشێکی تر لە هێزەکەیان نزیک دەبن لەو هێزەی سەری شاخەکەی گرتووە، چاویان لەسەریان دەبێت و بە جیهازی دەستی بەردەوام لەگەڵ فەرماندەکەیان لە پەیوەندیدا دەبن. هەر دوو فەرماندەی پێشمەرگە کاک حەمەی تەیب و کاک جەباری عەلی عەوێز فەرماندەی ئەو هێزەی سەرشاخی ئاربەبا دەبن. ئامر هەرێم ئاگاداریان دەکات کە وا هێزێکی سوپای پاسداران بەرەو ڕوویان دەچێت و هێرش دەکاتە سەریان، بۆیە ئەمەیان پێ دەڵێت تا ئاگادار بن و ئیحتیاتی خۆیان بخەن. ئیتر بەردەوام بە جیهاز بانگیان دەکات و داوایان لێ دەکات ئامادە بن و هێرشیان بۆ بەرن و وا ئەوان بەرە ڕووتان دێن و وا نزیک بوونەوە و هێرشیان بۆ بەرن. چەندین جار داوا لەو دوو فەرماندەیە دەکات هێرش بەرن، بەڵام ئەوان هیچ نابیستن وەک ئەوەی گوێیان لە هیچ نەبێت، ئیتر بە کوردی نایانەوێت ببیستن و تێ بگەن! بێگومان ئەمە ماوەیەکی خایاند و بەرانبەر بەم هەموو داوایە دەنگ و جووڵەیان لە خۆیان بڕیبوو. پاسدار بە لێشاو سەردەکەون و نزیکە بەتەواوی بگەنە نزیکیان و پەلاماری پێشمەرگەگان بدەن. کاک بەکر بەناچاری بە جیهازەکەی بانگیان دەکات و پێیان دەڵێت ئینسیحاب بکەن تا هەموو نەکوژراون و نەگیراون. هەر ئەوەندە گوێیان لەم قسە و پەیامە دەبێت، ئیتر بە دەنگێکی زوڵاڵ وەڵام دەدەنەوە: "ئەوامر تەنفیز، ئەوامر تەنفیز، ئەوامر تەنفیز، بەسەر چاو." لە جیاتی جارێک چەندین جار ئەم وشانەی دووبارە دەکەنەوە و بەپەلە شوێنەکە جێ دەهێڵن.

ئیتر ئەوە بوو بە نوکتەیەکی باو لەناو پێشمەرگەی سنووری شارباژێڕدا؛ کە قسە دەهاتە سەر فەرمان، دەگوترا، "بەسەرچاو، ئەوامر تەنفیز."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سوپای پاسداران زۆربەی زۆری شارەکانی کوردستانی گرتەوە. ئەو هەموو هێزەی موجاهیدینی خەلق کە توانایەکی جەماوەری و مادی و سەربازیی لەڕادەبەدەریان هەبوو، بنکە و بارەگایان هێنایە باشووری کوردستان و لە ناوچە کوردستانییەکانی ڕۆژهەلات هیچ بەرگرییان نەکرد. هەر دیار بوو بڕوایان بە مافی گەلی کورد نەبوو.
خەلخالی، کە یەکێک بوو لە بەرپرسە بالاکانی حکومەتی ئێران، هاتە کوردستان؛ دادگایەکی دانا و ناونرا 'مەحکەمەی سەحرایی.' هەر کەسیان دەهێنایە بەردەستی، یەکسەر بڕیاری دەدا لە سێدارە بدرێت، بەم جۆرە سەدان لاوی کورد، بە کچ و کوڕەوە، بە مەرگ سپێردران. بەم جۆرە هێزو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆرهەلات لە زێدی خۆیان هەلکەنران و لەگەل ژمارەیەک هێز و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا ڕوویان کردە ناوچەکانی باشووری کوردستان و کۆمەلە و زەحمەتکێشان لە دۆلی جافایەتی لەنێوان مالوومە و چۆخماخدا. حیزبی دیموکرات چووە گەورەدێ. چریکەکان چوونە هەرمێلە و سەفرە و گەلالە، موجاهیدینی خەلق کەمپێکی سەربازییان لەنێوان گەلالە و قامیش دانابوو؛ سەیتەرەیەکیان هەبوو لە هەموو هاوولاتییەک و زۆر جار لە پێشمەرگەشیان دەپرسی. دواتر پێمان لابردن. چەندین ڕێکخراوی دیکەش هاتنە ناوچەکە.

***

یەکێتی لە پالپشتیکردنی حیزب و لایەنە کوردییەکاندا هەموو هەولی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ پرسەکەیان بدۆزێتەوە. مام جەلال نامەی نارد بۆ ژمارەیەک بەرپرسی بالای ئێران. لەگەل مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینی و کۆمەلە و دیموکرات کۆ بۆوە و هەولی دەدا بە هەر شێوەیەک بووە شەڕ ڕابگرن و هەولی ڕێگەی ئاشتییانە بدەن. ئامادەیی خۆشی پیشان دا لەنێوان مەهاباد و تاراندا ڕۆلی ناوبژیوان ببینێت.
مام جەلال بە مامۆستا شێخ عێزەدینی گوت ڕۆلی خۆی بگێڕێت، چوونکە ئێرانییەکان لایان وایە مامۆستا شێخ عیزەدین ڕابەری ڕووحیی خەلکی کوردستانە و دەتوانێت بە بەیانێک بڕیاری شەڕ و ئاشتی بدات. داوای لە حیزبەکانی تریش کرد پشتیوانی لە مامۆستا شێخ عێزەدین بکەن، بەلام ئەمە نەکرا.
بەشێکی زۆری هێزی هەرێمی سێ لە ناوزەنگ و دێهاتەکانی نزیک سەرکردایەتی و کانی زەرد و بنوخەلەف بووین. لە تەمووزی سالی ١٩٧٩دا مام

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەچووە گوندی نەشکۆلان تا شاندی کۆماری ئیسلامی ببینێت. سەرۆکی وەفدەکە داریوشی فرۆهەر بوو. دوای گفتوگۆ لەگەڵ وەفدی ئێرانی، دەگەڕایەوە بۆ لای پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەلات تا گفتوگۆ و ڕاوێژیان لەگەڵدا بکات. پاراستنی مام جەلال بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە لە چوون و هاتنەوەدا سپێردرابوو بە هێزەکەی ئێمە، واتە هەرێمی سێ، کە کاک بەکری حاجی سەفەر خۆی ئامادە بوو. لەگەڵ کاک بەکر و چەند برادەرێکی تردا بەدرێژایی ڕێگە لەگەڵ مام جەلال بووین و بەدەم ڕێوە قسەوباسی زۆر دەکرا. لە ڕێگەدا لە هەر شوێنێک مام جەلال هیلاک بیووایە، دەوەستا و بە پرسیارێک یان سەرگوزەشتەیەک مەجلیسی دەکردەوە و تا ماندووبوونی دەرەوییەوە باسەکەی درێژ دەکردەوە.

شاندی ئێران شەو لە سەردەشت مابوونەوە، ئەو شەوە لەناو سەردەشت وەک باس کرا تا بەیانی تەقە و ئاگرباران بیوو. مام لە پێشوازی وەفدی ئێراندا و لەمیانەی بەخێرهێنانیاندا ویستی نێوانێکی خۆشیان لەگەڵ دابمەزرێنێت، بە فارسییەکەی خۆی بە (فرۆهەر)ی گوت، "ئەمشەو دڵم زۆر لاتان بووە و خەمی سەلامەتیتانم بووە لەو تەقوتۆقە زۆرەی سەردەشتدا، بەڵکووبە هیممەت و هاتنی ئێوە ئاوێک بکرێ بەم ئاگری شەڕەدا و کوردستان ئارامیی بەخۆیەوە ببینێ و خوێنڕشتن کۆتایی بێ." پاشان چوونەماڵەکەی عەلی نشکۆلان و دەستیان بە کۆبوونەوە کرد.

لە گەڕانەوەماندا بۆ ناوزەنگ، مام بەشی زۆری قسە و گفتوگۆکانی بۆ کاک بەکری حاجی سەفەر گێڕایەوە و گوتی، "دوو بابەتمان باس کرد؛ یەکەمیان داوام لێ کردن هەوڵ بدەن کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکەن؛ ئەوان ئامادەییان بۆ ئەمە دەربڕی، بەلام گوتیان لەژێر ناوی ئۆتۆنۆمیدا نا، بەڵکووبە شێوازی خۆمان." لەناو کۆبوونەوەکەدا بە مامیان گوتبوو بەشێکی زۆری سیاسەتمەدارانی تاران لە ڕەفتاری حیزبی دیموکرات ناڕازین و تۆمەتباری دەکەن بەوەی چەک و تەقەمەنی لە عێراق وەردەگرێت و شەڕی دژی ئێرانی پێ دەکات. مامیش بۆی ڕوون کردبوونەوە کە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی پاسداران و تاوانەکانی خەڵخالّی لە دادگای سەحراوی دژی خەڵکی شارەکانی کوردستان بەنزینی کردووە بەو ئاگرەی لە کوردستاندا کەوتۆتەوە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کردبوو کە تاران دەتوانێت ئەو شەڕە بوەستێنێت و گفتوگۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگەڵ دیموکرات و لایەنە سیاسییەکاندا بکات، چالاکیی حیزبایەتی لە کوردستان ئازاد بکات، زیندانیانی کورد بگەڕێنێتەوە بۆناو خێزانەکانیان و هێزی پاسدار و بەسیج لە کوردستان بکشێنێتەوە. ئەمانە بناغەیەکی بەهێز بوون بۆ ڕێککەوتن و ئاشتی. لە کۆتاییی قسەکانیدا ڕووی کردە ئێمە و گوتی، "بەڵام بڕوا ناکەم ئێران داواکاریی کورد جێبەجێ بکا." ئینجا مام جەلال بەردەوام بوو، "بابەتی دووەمیش کە لەگەڵم باس کردن مەسەلەی پشتیوانیکردن و هاوکاری دەوڵەتی ئێران بوو بۆ خەباتی خەڵکی باشووری کوردستان دژی سەدام. بۆ ئەمەشیان بەڵێنیان پێ دام و گوتیان لە گەڕانەوەیاندا بۆ تاران هەوڵی تەواو دەدەن ئەمەش جێبەجێ بکرێ." ئەگەر ئاشتی سەربکەوتایە، ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاکامی ئەرێنیی دەبوو.

پردێکی باریکی پەیوەندیی لەنێوان یەکێتی و تاراندا بنیاتنرا. لەو کاتەدا ئەمە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو. بەرپرسانی ئێران بە مامیان گوتبوو بە لای ئەوانەوە ئاساییە ئەگەر لە سووریا و لیبیاوە چەک پەیدا بکەن و بە ڕێگەی تاراندا بیگەیەننە دەستی پێشمەرگە، ئازایەتیی پێشمەرگە بەو چەکە سەرەتاییانە لە بەرانبەر توانای بێسنووری بەعس هەمووانی سەرسام کردبوو.

لە کانی زەردەوە بەرەو ناوزەنگ دەچووین. کاک بەکر گوتی، "مام جەلال، نازانم بیستوتە یان نا، پێری فلانە کەس لە سنووری شارەزوور چۆتە ناو حسکەوە. مام زۆر توورە بوو و گوتی، "شتی وا نابێ! هەر دوو سێ ڕۆژ پێش ئێستا لام بوو و چەک و پارەم دایە!"

سەرکردایەتیی یەکێتی هەوڵی زۆری دا چەک، بەتایبەت هەندێک چەکی هێرشبردن و بەرگری لە بەرانبەر کۆپتەری داگیرکەر کە زیانی زۆری بە پێشمەرگە دەگەیاند، لە دۆستەکانییەوە لە لیبیا پەیدا بکات. لەسەر ئەو بەڵێنەی ئێران و داوای یەکێتی، لیبیا چەک و تەقەمەنیی زۆری نارد. چەکەکان گەیشتنە ئێران و یەکێتی چاوەڕوان بوو چەکەکانی بگاتە دەست، بەڵام لەوێ دەستیان بەسەردا گیرا و نەگەیشتن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برینداربوونم

ڕۆژی ٩ / تەمـوزی/ ١٩٨٠ بـوو؛ بـە تووڵەڕێیەکـی ناوقـەدی شـاخەکەدا، کـە جۆگەیەکـی ئـاوی بەتەنیشـتدا دەڕۆیشـت، لـە ناوزەنگـەوە بـەرەو گونـدی کانـی زەرد دەگەڕاینـەوە. بـەرەو مقەڕەکـەی کاک نەوشـیروان ملـی ڕێمـان گرتبـوو. ئەوەنـدە نەدەبـوو کاک نەوشـیروان مقەڕەکـەی وەک مقەڕێکـی هاوینـە لـە نزیـک کانـی زەرد و لـە (دۆڵـی مالمـۆس)دا دانابـوو. مـن وکاک ئـازادی سـەگرمە و کاک هێمن سـەراوی بووین. لەناکاو، دەنگی تەیارەمـان هاتـە گوێ؛ سـەرمان هەڵبڕی و بینیمـان چەند تەیارەیـەک بـە ئاسمانەوەن. ئێمـە لەنـاو خاکی ئێران و لـە شوێنێکدا بووین چۆڵەوانـی بـوو؛ بـە ناوقـەدی شـاخێکەوە بوویـن، بـە هەمـوو حسـابێک دەبێـت ئامانجـی فڕۆکـەکان ناوزەنـگ و قەرەباڵغیـی مقەڕەکانـی سـەرکردایەتی و ئـەو پێشـمەرگە زۆرەی ئـەوێ بێـت. تەیـارەکان بەنـاو خاکـی ئێرانـدا دەهاتـن، هەرسـێکمان پێکـەوە سـەیرمان دەکـردن لەبـەر خۆمانـەوە قسـەمان بـۆ یەکتـر دەکـرد و دەمانگـوت بـۆ مقەڕەکانـە و بـە حسـاب ئێمـە دووریـن. بـە سـەیرکردنێکی تـری تەریـارەکان بـۆ چاوترووکانێـک وامانزانـی لەپـڕ ژمـارەی تەیـارەکان زیـادی کـردووە، تومـەز ڕێـک لـەو سـاتەدا چەنـد سـارووخێکیان تەقانـدووە! بـۆ ساتەوەختێک وای بۆچـووم کە ئاڕاسـتەی تووژەڵـە و ناوزەنگیـان کردوون. فریـای بیرکردنـەوە نەکەوتـم و لەنـاکاو قاچـم لەسـەر زەوی نەمـا و بـە ئاسـمانەوە بـووم. چەنـد مەترێـک لەولاتـر کەوتمـەوە سـەر زەوی، خـۆم لـە جێگەیـەک و کڵاو و جامانـە لـە جێگەیـەک و تفەنگەکەشـم لـە جێگەیەکـی تـر.

لـە شـوێنی خـۆم کەوتبووم و جووڵـەم نەدەکرد تـا تەیـارەکان ڕۆیشـتن و دوور کەوتنـەوە. ورده ورده دەنگـی تەیـارەکان نەمـا، سـەیرم کـرد ئـەو دوو هاوڕێیـەی پێکـەوە بوویـن تەوژمـی بەهێـزی سـارووخەکە ئەوانیشـی هەریەکـەو بەلایەکدا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەڵدابوو. هەستم کرد شان و ملم تەڕ بووە، دەستم لە سەرم دا و دەستم چووە ناو برینەکەم. هەموو دەستم بوو بە خوێن. دیار بوو پارچە بەر پشتی سەرم کەوتبوو. کاک ئازادی و کاک هێمن بەپەلە هاتنە سەرم. جامانەکەم لە لایەکی ترەوە کەوتبوو؛ هێنایان و برینەکەمیان پێ پێچا. ئاسایی هەستام و دەمتوانی بەپێی خۆم بڕۆم، بۆیە ڕوومان کردە گوندی کانی زەرد و لەوێوە بەپەلە بردیانم بۆ سەردەشت. لە گوندی کانی زەردەوە تا ناو شاری سەردەشت و خەستەخانەکە جامانەکەم شەلاڵی خوێن ببوو.

لە خەستەخانەکە دکتۆر مەردانە هات بەلامەوە و بەزوویی کەوتە چارەسەرکردنم. چارەسەر پاککردنەوەی برینەکەم بوو بە دەرمانی پاککەرەوە. ئەو دەرمانە دەتگوت ئاگرە دەچێتە ناو مێشکمەوە؛ ئازاری ئەوەندە زۆر بوو! هەروا بە دانیشتنەوە دکتۆر دەستی بە دوورینەوەی برینەکەم کرد. خۆ نابێت بڵێی ئازارم هەیە، چوونکە هەر وایە و پێشمەرگە لە کاتی برینداربوون و برینپێچانیدا نابێ وا نیشان بدا بۆ ئازار خۆڕاگر نییە. بە هەشت تەقەڵ دەمی برینەکەی داخست و بە لەفاف بەستی، ماوەیەکی باش خەریکی تیمارکردنم بوو؛ زۆر دڵسۆزانە چارەسەری پێویستی بۆ کردم و منیش وەک تەلەبەیەکی گوێڕایەڵ بێ ورتە و بێ جووڵە لەبەر دەستیدا بووم تا تەواو بوو. زۆر سوپاسمان کرد. ئێوارە درەنگ بوو. هەر بە جلە خوێناویەکانمەوە بەرەو کانی زەرد گەڕاینەوە.

خەستەخانەکەش لەو کاتەدا داوودەرمانی پێویستی تێدا نەبوو، تازە شۆڕشی ئیسلامی ڕووی دابوو؛ حکومەتی ئێران دەسەڵاتی نەمابوو بەسەر شارەکاندا و داوودەرمانی پێویستی نەدەنارد بۆ خەستەخانەکان.

هۆکاری ئەوەی بە بۆردومانی تەیارەکان نەمردین یەکەم پەروەردگار بوو، دووەمیش هەڵکەوتەی جوگرافی کە زۆر لێژی بوو شوێنەکەمان. کە سارووخەکان دایان لە زەوی، بەشی زۆری پارچەکان بەرز بیوونەوە و دوور لە ئێمە دابوویان لە زەوییەکە. کە گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان، زانیمان هەر ئەو ڕۆژە تەیارەکان چەند شوێنێکیان لە ناوزەنگ و تووژەڵەش بۆردومان کردووە. لەناو تووژەڵە بورهانی شێخ مستەفا قەرەداغی شەهید ببوو. بورهان کادری پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو؛ ڕاگەیاندنکار و کادرێکی بەتوانا و بەئەزموون بوو لە کاری ڕێکخراوەییدا و تێکۆشەرێکی هەڵکەوتووی دیاری کورد و کۆمەڵە و یەکێتی بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بارەگای مام جەلال لای سەرچاوەی ئاوەکەی تووژەڵەوە بوو، لەوێش محەمەد ئەبوبەکر شەهید ببوو؛ ژمارەیەک پێشمەرگەش بریندار ببوون، لەوانە خاڵە سەید مەجید، ئەندامی مەکتەبی عەسکەری، پێشڕەو سەید ئیبراهیم، میران فوئاد مەستی، ئەندامی مەکتەبی دارایی، حەمە سەعیدە قەڵەو و هاوڕێ جەبار. دواتر کە کاک ئازاد سەیری تاقم و تفەنگەکەی خۆی کرد، بینیی پارچەیەکی سارووخەکە مەخزەنێکی تاقمەکەی، کە بە ناوقەدیەوە بوو، دوو کەرت کردبوو! ئەگەر ئەو مەخزەنە نەبووایە، پارچەکە دەچووە جەستەیەوە.

بازاڕەکەی ناوزەنگیش بێبەش نەکرا بوو لە پەلاماری دڕندانەی بەعس. بە بۆمببارانی دوژمن بەشی زۆری ئەو دووکانانەی لێی بوون بەو کەلوپەلانەشەوە کە تێیاندا بوون سووتابوون. ئەو خەڵکە کاسبە زەرەوزیانێکی ماددیی زۆریان کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەهیدبوونی جگەرگۆشەیەکی کاک بەکری حاجی سەفەر

بەکری حاجی سەفەر، کە پێشتر لە سنووری سلێمانی بەرپرسی لقی یەکی ڕێکخستنی یەکێتی بوو، کرایە لێپرسراوی هەرێمی سێ، کە شارباژێڕی تەخت و سەخت و شلێر و پێنجوێن و سلیمانیی دەگرتەوە. لە کۆبوونەوەی کادرانی کۆمەڵەشدا لە نۆکان لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨دا، کرابوو بە ئەندامی سەرکردایەتی.

کاک بەکر ژیانی خۆی و منداڵەکانی و کافیە خانی هاوسەری و بنەماڵەکەشی کردە خزمەتی شۆڕش و پێشمەرگەوە و لەو ڕێ سەخت و دژوارەشدا کافیە خان و منداڵەکانی لە زیندانی بەعسییەکاندا ئازار و ئەشکەنجەیان چەشت. لە شاخیش لە ژیانی مەمرەومەژیدا لەم گوند و چۆڵەوانی بۆ ئەو گوند دەچوون و لەژێر خێمە و دەواردا ڕۆژگاریان بەڕێ دەکرد. کاک بەکر بۆخۆشی نموونەی سەرکردەی دەستپاک و دەمپاک و داوێنپاک بوو؛ بە ژیانی پێشمەرگایەتی لە خەباتی شاخدا نەمدیوە و نەمبیستووە هاووڵاتییەکی عاجز کردبێت یان زوڵمی لە هاووڵاتییەک کردبێت، تەنانەت جارێک لە چنگیان لە کاتی دابەشبوون بەسەر ماڵەکاندا، کە هەموو پێشمەرگەکان بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ تەوزیع بووین، کاک بەکرد چووە ماڵێک و لەوێ پێیان گوتبوو کەسیان لەماڵ نییە، ئەویش بێ دەنگ چووبووە دووکانەکە و ساردی و بسکیتێکی خواردبوو، بێ ئەوەی لە کەسێک تووڕە ببێت یان گلەیی و سکاڵایەک بکات. ئێمەش دوایی بەڕێکەوت زانیمان شتێکی وا ڕووی داوە. ماڵەکەش دوایی زۆر بەخۆیاندا هاتن و کاک بەکر پێی خۆش نەبوو کە دوای بابەتەکە کەوتبووین، چوونکە لە شارباژێڕ حاڵەتی وا زۆر دەگمەن بوو. کاک بەکر، ماڵی لە هەر شوێنێک بووبێت، وەک ماڵی زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی لە شاخ بوون، دایم جمەی دەهات لە میوان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک بەکر فەرماندە و سەرکردەیەکی پشوودرێژی خۆڕاگر و نەبەز بوو، کافیە خان و منداڵەکانیشی وەک زۆربەی پێشمەرگەکانی تر دوای چەند جار دەسگیرکردنیان لە لایەن دوژمنەوە، دێنە شاخ و لەناو کونە تەیارە و کەلەبەری شاخ و گوندەکاندا وەک پێشمەرگە ژیان بەڕێ دەکەن و هەموو منداڵەکانیشی بە هۆی ئەو دۆخەوە لە خوێندن بێبەش دەبن. بەداخەوە هەر لە شاخیش کچێکی شەهید بوو.

ئێمە مەقەڕی تیپمان لە باراو دانا بوو، بە برووسکە زانیمان کچێکی کاک بەکر شەهید بووە. لەگەل کاک کەمال عەلی، بەرپرسی ڕێکخستنی کۆمەڵە و دکتۆر هەژار، بەرپرسی خەستەخانەی باراو، بەرنامەمان دانا سەردانی بکەین لە گوندی پارەزانی شارباژێری سەخت. بەیانییەک زۆر زوو بە جیپێکی لاندکرۆز دوو پێشمەرگەمان برد و بەرەو پارەزان بەڕێ کەوتین. گەیشتینە تەختایی پشتی گورگەدەر لە جامی سەیارەکەوە سەیرم کرد دوو کۆپتەر بەسەرمانەوەن. هەر هێندەم پێ کرا سەیارەکەم تۆزێک لادا و گوتم، "ڕاکەنە ناو ئەو دارانەوە تەیارە بە سەرمانەوەیە." تا کۆپتەرەکان گەڕانەوە سەرمان ئێمە گەیشتینە ناو دارەکان. بە دکتۆر هەژار و کاک کەمالم گوت نەچنە ناو دارە چڕەکان چوونکە ئەوێ جێی شکی زۆرە و مەترسیدارە، بەڵام تازە چووبوون. سەد مەترێک لە یەکتری دوور کەوتبووینەوە؛ چاوم لەوان و لە سەیارەکەش بوو، تا نەک کۆپتەر جوندی دابەزێنن بۆمان، چوونکە من و ئەو سێ پێشمەرگەیەی لەگەڵمان بوون لەناو چەند دەوەنێکی پەرشوبڵاوی کەمدا خۆمان حەشار دابوو، شوێنێک بوو جێی شک نەبوو، چاوێکیشم لە دەوروبەر بوو. کۆپتەر چەند سارووخێکی لە سەیارەکە دا و سەیارەی بەتەواوی سووتاند، ئیتر کەوتە دەسترێژی دۆشکە لە ئێمە بە تایبەت دارودەوەنە چڕەکان. هەموو تەرکیزی لەسەر ئەو ناوە بوو. چاوم لێ بوو سارووخێکی ڕێک لە نزیکی کاک کەمال و دکتۆ هەژار دا. ئەوان لە تەپوتۆز و دووکەڵدا دیار نەمان. زۆر ترسام و گوتم بەرکەوتوون؛ هاوارم لێ کردن. باش بوو هەر زوو وەڵامیان دامەوە. دڵم حەسایەوە.

کۆپتەرەکان هێندە سارووخ و فیشەکی دۆشکەیان پێوە نایەن هیچیان پێ نەما و گەڕانەوە بچن تەقەمەنیی تر بێنن. گوتم "دەبێت بەپەلە لێرە دوور بکەوینەوە." خۆمان گەیاندە گورگەدەر. نەگەیشتینە ناودێ کۆپتەرەکان پەیدا بوونەوە و چوونەوەسەر شوێنی پێشوومان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکەم جار بوو وا بە سەیارە بڕۆم و تووشی حاڵەتی وا ببم و پێشمەرگە و چەکی بیکەیسی و ئارپیجیم لەگەڵ خۆم نەبردبێت. گوتم بەیانیی زووە و ترسی تەیارەمان نابێت. کەمتەرخەم بووم کە وامزانی دوژمن بە بەیانی زۆر زوو مەترسیی نابێت. دووژمن کات و سات و شەو ڕۆژی بۆ نییە، هەر دوژمنە و بە دواتەوەیە. سەیارەی کاک ئاواتم هێنابوو، خۆی لەگەڵ بەشێکی تیپی ٣٣ وەک هێزی پشتیوانی چووبوونە ڕۆژهەلات بۆ پشتیوانیی حیزبی دیموکرات. سەیارەی خۆمم جێ هێشتبوو، خوا فریامان کەوت و لەو کەمینە ئاسمانییەی دوژمندا سەلامەت بووین. هاتینەوە باراو برووسکەی سەرەخۆشیمان بۆ کاک بەکر نارد و دواتر زانیی کە تووشی ڕووداوی لەو جۆرە بووین. گلەیی کرد کە نەدەبوو بچووینایە.

ئێمەش بەشێک بووین لە پێکهاتەی ئەو هەرێمە، زۆر جار لەبەر مەترسی و پەلاماری دوژمن هەموو هێزەکە یەکمان دەگرت و پێکەوە جەولەمان دەکرد. ئەم پێکەوەبوونە لە چەند ڕوویەکەوە سوودی هەبوو، لە لایەکەوە جۆرێک بوو لە نیشاندانی هێز و ئامادەیی بوو بۆ هەر ئەگەر و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فراوانی دوژمن و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان فەرماندەکان و یەکە سەربازی و پێشمەرگەکان، لە لایەکی تریشەوە خەڵک بەم ژمارە زۆرەی پێشمەرگە کە پێکەوە دەبوون دڵخۆش دەبوون و هەستێکی بەهێزی پشتیوانی تێیاندا جۆشی دەدا.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕۆیشتن بەرەو دۆڵی جافایەتی

بەشێکی هەرێمی سێ لەگەڵ فەرماندەی هەرێم کاک بەکری حاجی سەفەر پەڕینەوە بۆ دۆڵی جافایەتی، کە سنووری هەرێمی چوار بوو.کاک جەمالی عەلی باپیر فەرماندەی ئەو هەرێمە بوو. زۆر جار کە سەردانی سنووری ناوچەیەکی تر یان هەرێمێکمان دەکرد، مەبەست دوورکەوتنەوە و خۆ بزرکردن بوو لە چاوی دوژمن لە ناوچەکەی خۆمان و پشتیوانی و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە و فەرماندەی ئەو هەرێمەش کە بۆی دەچووین. دوای ڕۆژێک لە پەڕینەوەمان بۆ سنووری جافایەتی، لەگەڵ هێزەکەی کاک جەمالی عەلی باپیر لە مالوومە یەکمات گرتەوە.

بۆ نانی نیوەڕۆ لەگەڵ کاک جەمال و بەشێک لە فەرماندە و کادرەکان چووینە ماڵی کاک حاجی قادری مالوومە. حاجی قادر کەسایەتییەکی دیار بوو؛ مێژوویەکی جوانی لە نیشتیمانپەروەری و فیداکاری بۆ خۆی تۆمار کردبوو هەرچی هەیبوو بۆ پێشمەرگە سەرفکردبوو، دەستودڵکراوە بوو؛ ماڵەکەی ببووە مەقەڕی پێشمەرگە. وەک باسیان دەکرد لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا بە هەمان شێوە بووە. حاجی قادر بە 'حاجی قادری دێگەڵ' ناسرابوو. کەسایەتییەکی قسەخۆش بوو. هەر کەسێک لە هەر پلە و پۆستێکی حیزبی یان سەربازی یان کۆمەڵایەتیدا بووایە و تووڕەی بکردایە، ئەو بە دڵی خۆی جنێوی تەڕوبڕی وەک دیاری پێ دەبەخشی.

لە دیوەخانەکەی حاجی قادردا کاک بەکری حاجی سەفەر، کاک جەمالی عەلی باپیر، کاک حامیدی حاجی غالی، کاک وەهاب، کاک عەلی چوارتایی، کاک فەرەیدوون حەمەساڵح و کاک جەمالی حەمەی خواکەرەم و چەندین تر بووین. کاک جەمال حەزی بە گاڵتە و مەجلیس خۆشکردن بوو، ڕووی کردە کاک عەلی چوارتایی و گوتی، "ئەرێ دەڵێن دێهاتەکانی لای ئێوەش ڕاگوێزراون."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک جەمال شارەزای ئەو دێهات و ناوەکانیان بوو. کاک عەلی چوارتایی وەڵامی دایەوە، "بەڵێ، وایە."

- باشە کوێ و کوێ چۆڵ کراون؟

- گۆرانگە و گردەزبێر.

کاک حاجی قادر هەڵیدایە گوتی، "عەلی لە .... نزیک مەبەرەوە."

کاک جەمال وازی نەهێنا و گوتی، "کوێی تریش؟"

حاجی گوتی، "عەلی زۆرم خۆشدەوێی، بە قسەی جەمال هەڵمەخەڵەتێ؛ نزیک مەبەرەوە."

برادەرانیش کاک عەلی چوارتاییان هان دەدا درێژە بە ناوەکان بدات. کاک عەلی کە بەزمەکەی دەزانی بەردەوام بوو لە ناوهێنانی گوندەکان و تا لە کۆتاییدا گوتی، "ئەم حەفتەیەش دێگەڵ دەگوێزنەوە و دەیسووتێنن."

لێرەدا حاجی هیچ بۆی نەوەستا و حسابی بۆ ئەوە نەکرد مەجلیس کێی لێیەو کێی لێ نییە؛ ڕاست و ڕەوان ڕووی کردە کاک عەلی و هەرچیی گوت سەد هەنگاو پێش شێخ ڕەزاوە بوو. دیوەخانەکە کەسی تری نەدەگرت، هەموو پێکەوە هێندە پێکەنین ئاو بە چاوماندا هاتە خوارەوە. زۆر دەمێک بوو وا پێنەکەنیبووین. ئیتر خۆ هەر ئەو ساتە بوو؛ دواتر حاجی قادر شێوەیەکی تری جوامێریی نیشان دا، دەیگوت، "زۆرم خۆشدەوێن و تکاتان لێ دەکەم شتێک مەکەن و مەڵێن کە تووڕەم بکات وجنێوتان پێ بدەم." ئینجا ڕووی کردە کاک جەمال و گوتی، "بەخوا جەمال گیان، هەمووی تۆی."

بۆ ئێوارە چووینە گوندی یاخسەمەر و شەو لەوێ ماینەوە؛ بۆ بەیانی دوژمن پەلاماری ناوچەکەی دا. پێشمەرگە نانمان خواردبوو و لە مالان هاتبووینە دەرەوە کە کۆپتەرە جەنگییەکانی دووژمن لە ئاسمانی ناوچەکە پەیدا بوون. کاک بەکر خەریکی نامە نووسین بوو؛ نەیویست وا نیشان بدات کە مەترسی هەیە و بەردەوام بوو لە نامە نووسین. ئێمە چەند کەسێک نزیکی بووین؛ ئەوانی ترمان بەڕێ کردبوو بۆ شاخی ئاسنگەران بەدیوی یاخسەمەردا، بە شێکی پێشمەرگەکانیش بۆ بەرزاییی ئەو شاخە سەختەی بەسەر هەڵەدندا دەڕوانێت.

بەناچاری بە کاک بەکرمان گوت نامەکەی تەواو بکات، چوونکە هێرشی دووژمن بۆ ئەو ناوە بوو. لەسەر دارێکی گەورە دانیشتبوو؛ تا نامەکەی تەواو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نەکرد، نەجووڵا. سەرکردەیەکی نەترس و جوامێر بوو، کۆپتەرەکان بەنزمی بەسەر ئەو ناوەدا دەسووڕانەوە بە ئارەزوی خۆیان تەقەیان لە دار و دەون دەکرد دەستیان نەدەپاراست، ئێمەش ڕوومان کردە شاخی ئاسنگەران تا گەیشتینە ناوەڕاستی شاخ و بەرزتریش. هاوینێکی گەرم بوو، ئەو شاخەش ناوی خۆی بەخۆیەوە بوو؛ وەک ئاسن سوور ببۆوە. ڕۆژگاری هاوین درێژە و تەواو نابێت. هەندێکمان مەتارەی خۆمانمان پێ بوو؛ بەڵام دەبوو بەشی ئەوانی تریش بدەین. تا عەسرێکی درەنگ کۆپتەرەکان بەنزمی بە ئاسمانەوە بوون، بەڵام جەیش نەهاتە ناو یاخسەمەرەوە.

دوانیوەڕۆ لەو شاخەی بەرانبەرمان کە دەیڕوانی بەسەر هەڵەدندا و پێشمەرگەی خۆمانی لێ بوو، کۆپتەرێکی جەنگی بەنزمی بە ئاسمانەوە بوو. لەناکاو، گوللە ئارپیجییەک ئاڕاستەی کۆپتەرێکی جەنگی کرا. ئێمە ئەوانەی لەو ناو دار و بەردەی شاخی ئاسنگەراندا بووین کردمانە چەپڵە بۆیان کە فرسەتیان لێ هێناوە، بەڵام تەیارەکە ڕۆیشت و نەگەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی تەقەکەی لێ کرابوو.

حەزمان دەکرد شەڕەکە گەرم ببێت. دوانیوەڕۆ بوو؛ دەمانتوانی تا ئێوارە بەرگری بکەین و زیان بە دوژمن بگەیەنین. عەسرێکی درەنگ کۆپتەرەکان ئاسمانی ناوچەکەیان جێ هێشت و ئێمەش لە شاخ هاتینە خوارەوە بۆناو یاخسەمەر. پێشمەرگەکان هەموو تینوو بوون. بەو ڕۆژگارە درێژەی هاوین لەو شاخە وشک و بێئاوەی ئاسنگەرانەوە دابەزیبووین.

بڕیار بوو بچینە گوندی چاڵاوا. دوو دوو بەرەو ئەو گوندە بەڕێ کەوتین. لە خواری دێکەوە، کە شیوێکی بچووک بوو، کەمێک ئاوی پاشماوەی گوندەکەی پێدا دەهاتە خوارەوە، کە ڕەنگی شین ببوو. ئاوێکی پیس بوو، یەک دووانێک سەریان خستە سەر ئاوەکە و خواردیانەوە. کاک حامیدی حاجی غالی نزیک من بوو لەسەر سنگ خۆی دا بە زەویدا و دەمی خستە ناو ئەو ئاوە پیسەوە ویستی بیخواتەوە. خۆم پێ ڕانەگیرا و گوتم، "مەکە! ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە، هەناسە نادا." بەڵام ئەو گوتی، "هەزار جاریش بمرم، دەیخۆمەوە. بۆ قومێ ئاو کوێراییم داهاتووە." کاک حامید ئاوەکەی خواردەوە و گوێشی نەدایە. قسەیەکی کاک ئازاد هەورامیم بیر کەوتەوە؛ زۆر جار دەیگوت، "کەس بە پیسی نەمردووە."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە چووینە گوندی چالاوە، خەریک بوو دنیا تاریک دەبوو. دوو دوو دابەشی ماڵەکانیان کردین بۆ نانخواردن. لەگەڵ کاک وەهاب پێکەوە چووینە ماڵێک. برسی و تینوومان بوو، خواردنیان بۆ هێناین: ساوەر بە نانی تیرییەوە. دەستمان کرد بە خواردنی و گوێمان بە هیچ نەدەدا. ئێمە وردە ڕەشیمان لەناو ساوەرەکەدا بینی، بەڵام هێندەمان برسی بوو سەرنجمان نەدا، تا دواتر فتیلەیەکیان هێنا و ژوورەکەی پڕ کرد لە دووکەڵ و ژوورەی ڕووناک کردەوە. ئینجا سەرنجمان دا ساوەرەکە شتی ڕەشی تێدایە. وامان زانی لەتکە نۆکە، فتیلەمان زیاتر نزیک کردەوە و زیاتر لە ڕەشییەکە وورد بوینەوە تا بزانین چییە. ڕەشی هەمووی گوو مشک بوو. خۆ نیوەیمان خواردبوو! برسێتی ئەوەش نازانێت، نەمان دەزانی سەعاتێکی تر چی ڕوودەدا، بۆیە ئیتر نانمان زیاتر دەخواردوو ساوەر کەمتر و ڕەشیمان جیا کردەوە تا تێر بووین ساوەرمان خوارد، گلەییشمان نەکرد.

زۆرمان برسی بوو، پێشمان جوان نەبوو بە خاوەنماڵ بڵێین شتێکی وا هەبوو، دەمانزانی ئەوان ژیانێکی سادە و هەژارانە دەژین، زیاتر خەریکی حەیوانداری بوون، پرۆژەی ئاو و کانی و کارێزیان نەبوو، خۆشیان هەر لەو خواردنەیان دەخوارد کە بۆ ئێمەیان دانا و خواردمان. کە دەبووینە میوان لە ماڵەکان، هەرچییەکیان بۆ دابنایانایە دەمانخوارد و ناشکوریمان نەدەکرد. چەندین جار خواردنیان هێناوە لەوە خراپتریش بووە و خوردوومانە و هیچیشمان نەگوتووە.

ئەو گوندە خەستەخانەی لێ نەبوو، سەرچاوەی ئاوی خواردن لەناو گوند نەبوو، زۆر گوێشیان بە تەندرووستیی خۆیان نەئەدا، بەڵام هەموویان شاخاوی و ساغ بوون، زۆر کەمتریش لە خەڵکی شار تووشی نەخۆشی دەبوون.

ئێوارە زانیمان کاک عەلی چوارتایی و هێزەکەی، کە لە مالوومە مابوونەوە، لە کاتی هێرشی دوژمندا بەرەو شاخی ئاسنگەران چوون و لەوێ لەگەڵ دوژمن تووشی شەڕ بوون و پێشمەرگەیەکیان شەهید بووە.

بەیانیی زوو، هێزەکەمان بە (شاخی کورکوڕ)دا، کە دەکەوتە پشتی چالاوەوە، سەرکەوتین و بەرەو دۆڵی شێخ محەمەد ڕۆیشتین. کاک بەکر بە لای گوندی سەفرە و (بەرگورد)دا دەگەڕایەوە بۆ بەری شارباژێڕ. ئەو گوندانە ڕاگوێزرابوون و بە شێوەیەک سووتێنرابوون و تەختی زەوی کرا بوون دەتگوت دەیان ساڵە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چۆڵ و ویـران کـراون، ئێمـەش دەبـوو بـۆ هەنـدێ کاری پێویـست سـەرێک لـە سـەرکردایەتی بدەیـن لـە ناوزەنـگ.

کۆمەڵـێ بـرادەر بوویـن، لـە ڕووبـاری کەڵـوێ پەڕینـەوە و چووینـە خاکـی ئێرانـەوە، ئـەو کاتـە هێشتا شا لەسـەر حوکـم بـوو. بـە پشتی (گونـدی بێتـووش)دا ڕۆیشـتین و چووینـە کوێستانەکانی پشـتی هەڵشـۆ و هێـرۆ. لـەوێ بـە توولەڕێیەکدا ڕۆشـتین تـا گەیشـتینە شـوێن هەوارێکـی ئـەو ماڵـە مەڕدارانـەی دێنـە کوێسـتان. کاتێکمـان زانـی لـە هـەر چـوار لاوە چریکـی ئێرانـی چەکیـان لـێ ڕاکێشـاین. ئێمـەش بڵاو بووینـەوە و هەمـوو خۆمـان ئامـادە کـرد بـۆ وەڵامدانـەوە. زۆربەمـان کادر و بەرپـرس بوویـن- کاک ئـاوات قارەمانـی، کاک شـیروان شـیروەندی و کۆمەڵێکـی تـر. ئـەوان داوایـان کـرد یەکێـک لـە ئێمـە بچێـت قسـەیان لەگـەڵ بکـات. کاک شـیروان شـیروەندی فارسـی بـاش دەزانـی؛ چـوو قسـەیان لەگـەڵ بکـات. زۆر نزیـک بوویـن لـە یەکتـر، هەڕەشـەیان دەکـرد چـۆن سـنوورمان بەزانـدووە.کاک شـیروان بـە سـەربازە ئێرانییەکانـی گوتبـوو ئێمـە پێشـمەرگەی شـێخ سـەدرەدینین؛ خەڵکـی ئـەو ناوچەیەیـن و نامێنینـەوە و دەڕۆیـن. ئـەوان گوتیـان، "بـەو ڕێیـەدا بـڕۆن و جارێکـی تـر بـەم نـاوەدا نەیەنـەوە." ئێمـەش بـەرەو پشـتی هەڵشـۆ و هێـرۆ ڕۆیشـتین و لەوێشـەوە بـەرەو ناوزەنـگ.

❊❊❊

لـە سـەردانێکی هەرێمـی سـێدا بـۆ ناوچـەی دۆڵـی جافایەتـی و هەرێمـی چـوار، جارێکـی تـر لـە مالوومـە چاومـان بـە کاک جەمالـی عەلـی باپیـر کەوتـەوە. فەرمانـدەی هەرێمـی چـوار باسـی ئـەوەی کـرد ماوەیەکـە چەنـد چەکدارێکـی گومانلێکـراو هاتوونەتـە سـنووری هەرێمەکـەی و ڕاووڕووت دەکـەن و سـەرانە دەسـتێنن و ئـازاری خەڵکـی ناوچەکـە دەدەن. جەمالـی عەلـی باپیـر زانیاریـی وردی لـە ڕێکخسـتنی شـارەوە بـۆ هاتبـوو کـە ئـەم گرووپـە لـە لایـەن دوژمنـەوە نێـردراون بـۆ ناوزڕاندنـی پێشـمەرگە و لـە دەرفەتێکیشـدا بەرپرسـێک یـان فەرماندەیـەک لـە پـاڵ متمانـە و هاوڕێیەتیـدا بەرانبـەر بـە مەفرەزەیەکـی پێشـمەرگە ئەنجـام دەدەن و لـە ڕێـی کوشـتنی پێشـمەرگەوە دڵسـۆزیی بـۆ دوژمـن نیشـان بـدەن.

کاک جەمـال پێشـتریش بەرنامـەی هەبـوو چەکیـان کات، کـە زانیـی هێـزی هەرێمـی سـێ هاتـوون و سـەردانی ناوچەکـەی دەکەیـن، وای بـە بـاش زانیبـوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕاوێژ لەگەڵ فەرماندەی هەرێمی سێ کاک بکات تا بڕیار لە هەنگاوی پێویست بدەن بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە.

کاک جەمال بابەتەکەی باس کرد؛ دیار بوو کاک بەکری حاجی سەفەریش زانیاریی هەبوو؛ لە ڕێکخستنی شارەوە نامەی لەسەر ئەم چەکدارانە بۆ هاتبوو و دەیزانی نیازیانە دەرفەت بێنن و چەند پێشمەرگەیەک شەهید بکەن و بچنەوە پاڵ دوژمن. ئەمانە بە چەکی خۆیانەوە پەیوەندییان بە جەمالی عەلی باپیرەوە کردبوو. کاک جەمال بۆی باس کردین کە بەردەوام چاودێریی کردوون.

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨دا، لە تەختاییی لای شانی مزگەوتەکەی گوندی مالوومە بەشی زۆری فەرماندە و کادرەکانی هەر دوو هەرێمەکە دانیشتبووین. کاک جەمال باسەکەی کردەوە و گوتی، "ئەم گرووپە کە پێنج چەکدارن، هەندێک جار دەبنە شەش و حەوت و دواتر دەبنەوە بە پێنج! مەترسین لەسەرمان و جووڵە و هەڵسوکەوتیان زۆر گوماناوییە. هەر دەرفەتێک بێنن چەند پێشمەرگەیەک شەهید دەکەن، سەرکێش وسەربەخۆ دەگەڕێن و بە ڕۆژ لەناو گوندەکان دەمێننەوە و ترسیان لە دوژمن نییە و بەناوی پێشمەرگەوە بێحورمەتی بە دانیشتووانی ئەو گوندانە دەکەن."

کاک جەمال ڕووی کردە کاک بەکر و بەردەوام بوو، "زۆرم پێ خۆشە ئێوە هاتوون و دەرفەتێکی لەبارە ئەم گرووپە مەترسیدارە لە کۆڵ ناوچەکە بکەینەوە و چەکیان بکەین."

گفتوگۆی زۆر کرا؛ هەندێک ڕایان وا بوو مادام لەناو مزگەوتەکەدان، هەر لەوێ داوای چەکدانانیان لێ بکرێت و مەجالی دەربازبوونیان نەدرێت، بەڵام کاک جەمال ڕای وابوو بەرپرسەکەیان، کە ناوی 'حەمەی حەسۆلی' بوو، بانگ بکرێت و لەناو مەجلیسەکەدا داوای چەکدانانی لێ بکەین و دواتریش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. فەرماندەی کەرتی هەرێم کاک حەمەی دەروێش عەبدوڵڵا، کە قەڵغانی کاک بەکر بوو، لە پشتی کاک بەکر وەستا بوو. حەمەی دەروێش گوتی، "پێویستە بۆ هەر حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراو ئامادە بن؛ لەگەڵ حەمەی حەسۆلی هاوڕێیەتیمان هەیە و ساڵی ٧٤ پێکەوە پێشمەرگە بووین؛ کوڕێکی ئازا و بەدەستە و دەبێ وریای بن."

حەمەی حەسۆلی لە مزگەوتەکەی مالوومە بوو. ناردیان بەدوایدا هات بۆ دانیشتنەکە، کە دانیشتنێکی ئاساییی پێشمەرگەکانی هەرێمی سێ و چوار بوو؛

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هیچ خۆئامادەکردنێکی ئەوتۆ نەکرابوو بۆ چەکردنیان لەو قەرەباڵغییەدا، تەنانەت چەند پێشمەرگەیەکیش ئامادە نەکرابوون تا ئەگەر شتێک ڕووی دا، ئامادە بن. حەمە هات و دانیشت؛ تفەنگێکی کلاشینکۆفی پێ بوو، کە مەخزەنێکی حەفتاوپێنج-فیشەکیی لەسەر بوو. دیار بوو هەر پێش هاتنی، فیشەکی بەر تفەنگەکەی نابوو. ئامادەی تەقەکردن بوو. تفەنگی خستە سەر ڕانی و حازر و ئامادە و دەستی لەسەر تفەنگەکەی بوو؛ تەواو خۆی ئامادە کردبوو.

کاک بەکر دەستی بە قسە کرد و هەندێ مجامەلەی حەمەی کرد؛ پێی گوت کە بڕیاری سەرکردایەتیمان هەیە ئەوەی بە چەکەوە بێتە دەرەوە، پێویستە چەکەکەی لای ئێمە دابنێت، ئینجا ماوەیەک لە سەرکردایەتی دەمێنێتەوە و پاش دڵنیابوون لێی، چەکەکەی دەدرێتەوە، "بۆیە پێویستە ئێوەش کە بە دڵسۆزی بۆ کورد و بە چەکی خۆتانەوە هاتوون بۆ پشتیوانیی لە شۆڕش، چەکەکانتان ڕادەست بکەن. ئێمە تەقدیری زۆرمان بۆتان هەیە، ئێوە کەسانی دڵسۆزن و ..." کاک بەکر قسەکانی تری تەواو نەکرد کە حەمەی حەسۆلی دەستی دایە چەکەکەی. کاک حەمەی دەروێش عەبدوڵڵا لە پشتی حەمەی حەسۆلییەوە وەستابوو، ئەگەر ئەو ئاوا نزیک نەبووایە، حەمەی حەسۆلی کەتنی گەورەی دەنایەوە. حەمەی دەروێش عەبدوڵڵا خۆی بەسەردا دا و ڕێگەی نەدا ڕووی چەکەکەی لە کاک بەکر بکات. حەمە دەیویست چەکەکەی لێ بستێنێت، گەر بیویستایە دەیتوانی بشیکوژێت. سوێندی بۆ حەسۆلی خوارد کە نایەڵێت هیچی لێ بکەن و بەڵێنی شەرەفی پێ دا، چوونکە هاوڕێ بوون و لە شەڕی زۆزگ لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێکەوە پێشمەرگە ببوون. چەند هەوڵی لەگەڵ درا، بەڵام ئەو هەر چەک لەدەستیدا مایەوە. گەرچی کەوتبووەوە ژێر باوەشی کاک حەمەوە، بەڵام دواجار تاوانبار دەستی خۆی وەشاند و ڕیزێک فیشەکی کلاشینکۆفی نا بەسەر سنگی حەمەی دەروێش عەبدوڵڵاوە و حەمە دەستبەجێ لەوێدا کەوت. بەشێکمان سەرقاڵی حەمەی دەروێش عەبدوڵڵا بووین؛ هاوڕێمان بوو، دەمانویست فریای بکەوین. گەر ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی حەمەی دەروێش عەبدوڵڵا نەبووایە، زەفەربردن بە کاک بەکر ئامانجی ئەو تاوانبارە بوو. کاک حەمە هەر لەوێدا شەهید بوو، بە هۆی نەبوونی پلانی پێش وەختە و ئاگادارنەبوونی زۆربەی پێشمەرگەکانەوە لە بابەتەکە جۆرێک شپرزەیی و شڵەژان درووست بوو؛ ئەوانەی لەوێدا بوون لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ترسیی گیانی یەکتری نەیانتوانی هیچ کاردانەوەیەک نیشان بدەن، بۆیە تاوانبار لەو پشێوییەدا توانیی خۆی دەرباز بکات.

عەلادین کانی ساردی، کە لە ئازایەتی و دڵسۆزیدا پێشمەرگەیەکی نموونەیی بوو، بە فیشەکی ئەو جاشانە لەوێدا شەهید بوو، عەلادین پێشتریش برایەکی بە ناوی 'شەریفی خالە،' کە لە کەرتی ملازم ئەنوەر بوو، لە چالاکییەکی ناوشاردا لە سەرەتای ساڵی ۱۹۷۸دا شەهید ببوو.

بەهۆی تەقوتۆقی زۆر و ئاگادارنەبوونی زۆربەی پێشمەرگەکان لە بڕیاری چەککردنی ئەم پیاو خراپانە، حەمەی حەسۆلی و دوو چەکداری بۆی دەرچوون، یەکیان کوژرابوو، یەکێکیشیان گیرابوو؛ گوتیان هاواری کردووە، "من تەنزیمم." ئەم تاوانبارە بەرنامەی هەبوو دەست بوەشێنێت؛ شوێنی نیشتەجێبوونی زۆری پێشمەرگەکانی گوندەکانی سنوورەکەی دەزانی، لە دەربازبوون و ڕاکردنیدا، بە ناوی پێشمەرگەوە چووبووە گوندی گاپیلۆن، زانیبووی عوسمان ئەحمەد پێشمەرگەیە و ئیجازەیە و لە ماڵەوەیە، بە ناوی دۆستایەتییەوە بۆ هەواڵپرسین چووبووە ماڵەکەی. بانگی کردبووە دەرەوە و لەوێ هەر لەبەر دەرکی ماڵی خۆی بە بەرچاوی منداڵەکانییەوە دابوویە بەر دەستڕێژ و شەهیدی کردبوو، ئینجا هەر لەوێوە خۆی گەیاندبووە کارێزە.

شەهید محەمەدی دەروێش عەبدوڵڵا لە مالوومە بەخاک سپێردرا و تەرمی شەهید عەلادینیشیان هەر بەو شەوە ناردەوە بۆ کانی سارد لە شارباژێری تەخت. تا درەنگ خەریکی شەهیدەکان بووین و دابەشی ماڵەکانی مالوومە نەبووین بۆ نانخواردن. ئای چ ڕۆژێکی سەخت بوو!

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خولی ڕاهێنان لە لوبنان

سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ سەردانی ناوزەنگم کرد. لە سەرکردایەتیی یەکێتی، کاک نەوشیروان باسی کردنەوەی خولێکی ڕاهێنانی کرد و گوتی، "فەڵەستینییەکان بەڵێنیان داوە خولێکمان بۆ بکەنەوە و ڕاهێنان بە چەند کادرێکی سەربازیی ئێمە بکەن بۆ بەرزکردنەوەی توانای سەربازییان."

خولەکە لە لوبنان و لای بەرەی دیموکراتی فەڵەستین ئەنجام دەدرا. سکرتێری بەرەکە ناوی 'نایف حەواتمە' بوو. خولەکە بۆ ڕاهێنان بوو لەسەر چۆنێتیی فەرماندەییکردن و سەرکردایەتیکردنی شەڕ و چۆنێتیی خوێندنەوە و بەکارهێنانی نەخشە تا بتوانین لە بەکارهێنانی هاوەن و جۆرەکانیدا، تەنانەت لە بەکارهێنانی جۆرەکانی سارووخی گرادو و کاتیوشاشدا، بەکاری بهێنین. خولەکە باسی شەڕی ناوشار و چەندین بابەتی تریشی تێدا بوو، کە بۆ ئەو کاتی هێزی پێشمەرگە پێویستییەکی لەڕادەبەدەر بوون. زۆربەمان کە فەرماندەی سەربازی بووین سەرەتا لە بورای کاری ڕێکخراوەییدا کارمان دەکرد و تەنها بە تیۆری لەسەر جەنگ و چۆنێتیی سەرکردایەتیکردنی جەنگ زانیاریمان وەرگرتبوو. دواتر لە مەیدانی خەباتی پێشمەرگانە و شەڕ و هێرشەکانی پێشمەرگایەتیدا بۆسەر دوژمن و توانیبوومان تا ڕادەیەک ئەزموونی پێویست بۆ فەرماندەییکردنێکی سەرکەوتوو پەیدا بکەین.

دیاریکردن و هەڵبژاردنی ناوەکان بۆ بەشداریکردن لەو خولەدا لای کاک نەوشیروان بوو. زانیم کە ناوی منیشی تێدایە زۆرم پێ خۆش بوو. سوپاسی کاک نەوشیروانم کرد بۆ ئەو متمانەیەی بە منی بەخشیبوو. دیار بوو بۆ دیاریکردنی ناوەکان ڕاوێژی لەگەڵ مام جەلال وکاک ملازم عومەر و هەندێ برادەری تریش کردبوو. بۆ ئەم دەورەیە وەختی خۆی کاک شازاد سائیب داوای

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە فەڵەستینییەکان کردبوو یارمەتیی یەکێتی بدەن و لەو خولە سەربازییانەدا کە دەیانکەنەوە بەشداریی بە کادرەکانی یەکێتی بکەن.

کاک نەوشیروان بۆی ڕوون کردینەوە کە ئامانجی ئەو خولە ئەوەیە سوود لە ئەزموونی فەڵەستینییەکان وەربگرین و ئاشنا ببین بە شێوازەکانی ئەوان لە چۆنێتیی سەرکردایەتیکردنی جەنگ و ئەزموونی ئەوان لە هونەری جەنگ و شەڕی ناوشار. ئەوە بۆ شەڕی پێشمەرگانەی ئێمە سوودی زۆری دەبوو. هیواشی خواست کە خولەکە زۆر بەجدیی وەربگرین بە جۆرێک کە هاتینەوە، بتوانین زۆرترین زانیاری و فێربوون بگەیەنین بە پێشمەرگەکانی کوردستان و لە مەیدانی چالاکی و فیداکاریدا پەیڕەویان بکەین.

هەستم بەوپەڕی شانازی دەکرد کە سەرکردایەتی ئەو متمانە گەورەیەی بە من بەخشیوە و بەو تەمەنە کەمەمەوە دەستنیشانیان کردووم بۆ خولیکی باڵای فەرماندەیی لە دەرەوەی کوردستان. ئەوە دەرفەتێکی زۆر گرنگ بوو بۆ من. لە ناخی دڵمەوە بەڵێنم بە خۆم دا چرکەیەکیش کات بەفیڕۆ نەدەم و هەرچی لەو خولەدا پێمان دەڵێن بەباشی فێری ببم. ئیتر ناوەکانمان نێردرابوون و چاوەڕێ بووین لە هەر کاتێکدا بێت ئاگادارمان بکەنەوە و بڕۆین. دەبوو سەرەتا لە تارانەوە لە ڕێی سەفارەتی سووریاوە ڕێگەپێدانمان بۆ بکەن و بچینە سووریا و و لەوێشەوە بچینە لوبنان.

پاش ماوەیەکی کەم، ڕۆژێک لەگەڵ هێزەکەی هەرێمی سێی کاک بەکری حاجی سەفەر لە بانە بووین؛ ئاگاداریان کردم بچمە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ بۆ ئەوەی ئامادەکاریمان بۆ بکەن و سەفەرەکەمان بکەین. چووینە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ و لەوێوە بەرەو تاران بەڕێ کەوتین. چەند ڕۆژێک لە تاران ماینەوە و چاوەڕوان بووین مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە تاران ئاسانکاریمان بۆ بکات، چوونکە ئێمە پاسپۆرتمان نەبوو، بەناچاری وەرەقەیەکیان بۆ کردین بۆ ڕێگەپێدان؛ پێیان دەگوت 'لیزەپاس.'

وەک پێشتر گوتم، شازاد سائیب ڕێکخەری خولەکەمان بوو. لەو کاتەدا لە سووریا بەرپرسیارێتیی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەئەستۆ بوو. خۆشی سەرکردایەتییەکی دووربین و مشورخۆر بوو بۆ میللەتەکەی و جووڵانەوە ڕزگاریخوازییەکەی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەم هەڤاڵانەی خوارەوە لە خولەکەدا بەشدار بوون:

١. سەلاح چاوشین،

٢. ئاوات قارەمانی،

٣. ئەنوەر حەسەن،

٤. ئازادی سەگرمە،

٥. حامیدی حاجی غالی،

٦. دانای ئەحمەد مەجید،

٧. ڕەفیق عەبدوڵلا سەبری (مامۆستا ئەنوەر)،

٨. شاخەوان عەباس،

٩. ئەسکەندەر حاجی ئاغا،

١٠. شۆڕش ئیسماعیل.

لە ناوزەنگەوە چووینە سەردەشت و لەوێشەوە بۆ تاران، دەبووایە بۆ چوون بۆ تارانیش نامەی قەرارگای ڕەمەزانمان پێ بێت تا لە سەیتەرەکانی سوپای پاسداران، کە بەشی زۆری ڕێگەکانیان بەدەستەوە بوو، ڕێگریمان لێ نەکرێت.

ڕۆژەکەم لەبیر نەماوە، بەڵام لە مانگی ئاب بوو کە گەیشتنە تاران. چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە. یەکێتی مەکتەبی پەیوەندییەکانی هەبوو، بەرپرسی مەکتەب مامۆستا موحسین عەلی ئەکبەر بوو، کە تێکۆشەرێکی گەورە و سەرکردەیەکی ماندوونەناس و پیاوێکی ژیر و بەتوانا بوو لە ئیدارەدانی پەیوەندییەکاندا. پێشتر بەرپرسیارێتی باڵای لە کۆمەڵە و یەکێتیدا هەبوو. لەبەر گرنگیی پۆست و جێگەکە، ئەو ئەرکەیان بەو سپارد بوو. مامۆستا موحسین هاوڕێی هەمووان بوو. هاوکاریی کردین و بۆی ڕوون کردینەوە کە سەفەری سووریا پێویستی بە پاسپۆرت نییە. لە سەفارەتی سووریا بەڵێنیان پێ داوین کە لیزەپاسمان بۆ دەکرێت و دەتوانین بەوە سەفەر بکەین.

ئەو کاتە من هەر نەشمدەزانی لیزەپاس چییە، بەڵام بە لامەوە گرنگ نەبوو، زۆری پێ نەچوو هەرکەس لیزەپاسی خۆیان پێ داین، کە پارچە کاغەزێک بوو، کات و ڕۆژی فڕینی تەیارەیان بۆ دیاری کردین و لە کاتی خۆیدا چووینە ناو تەیارەکە و بەرەو دیمەشق بەڕێ کەوتین. ئەوە یەکەم جارم بوو سوار تەیارە ببم. تەیارەکە کۆن بوو؛ کە سەیری کورسی و ناوەوەیت دەکرد، دەمانگوت قەت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناگاتـە جـێ. زوو زوو بەهـۆی بەرزونزمـی پاڵەپەسـتۆی هـەواوە هەڵبەزودابـەزی دەکرد. دەمانگوت تـەواو دەکەوینـە خوارەوە؛ لەو هەموو شـەڕە قورس و سـەختانەدا نەکوژراویـن و وا لێرە دەبینـە شـەهیدی نـاو تەیـارە. هەتـا گەیشـتینە دیمەشـق، دڵمـان لـە مشـتماندا بـوو، هـەر دەمانگوت ئێسـتا نـا ئێسـتا دەکەوێتـە خـوارەوە.

کـە گەیشـتین، شـوێن و ڕێیـان لـە ئوتێـل ڕامـی لـە سـەنتەری شـاری دیمەشـقدا بـۆ ئامـادە کردبوویـن. ماوەیـەک لـە دیمەشـق ماینـەوە و دواتـر بـۆ ئـەوەی کاتمـان بـە خۆڕایـی لـێ نـەڕوات، بردینیـان بـۆ مەعەسـکەری مەعلوولـە، کـە هـەر هـی جەبهـەی دیموکراتـی بـوو. شـوێنەکە نزیـک شـارۆچکەی مەعلوولـە بـوو. مەعلوولـە ناحیەیەکـە زۆربـەی دانیشـتووانەکەی مەسـیحین؛ لەپـاڵ چیادایـە و شـارۆچکەیەکی جوانـە و خـاوەن مێژوویەکـی هـەزاران سـاڵەیە. مـاوەی مانگێـک لـەو مەعەسـکەرە ماینـەوە و سـەرقاڵی وەرگرتنـی وانـە سـەربازییەکان بوویـن، دواتـر ئاگاداریـان کردیـن و کـە خۆمـان ئامـادە بکەیـن بـۆ ڕۆیشـتن لـەو شـوێنە. بـە دوو سـەیارە بـەرەو لوبنـان بـەڕێ کەوتیـن و کـە گەیشـتینە لوبنـان، بردینیانـە مەعەسـکەری نیعمـە.

مەعەسـکەری نیعمـە ناوەندێکـی سـەرەکیی سـەربازیی جەبهـەی دیموکراتـی بـوو. لـە دۆڵێکـی قوڵـی چڕ و دارسـتاناویدا بـوو، زۆربـەی چەکـی قـورس و مەخزەنـی چەک و تەقەمەنییـان لـەوێ لەنـاو تونێلـە قووڵەکانـی دڵـی ئـەو شـاخانەدا هەڵگیرابـوون.

ئـەو ماوەیـەی لـە ئوتێـل ڕامـی بوویـن، هـەر لـە یـەک، دوو ڕۆژی سـەرەتادا، بەڕێـز عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان سـەردانی کردیـن. کاک شـازاد مەبەسـتی بـوو ئاپۆ بـە گرووپەکەی ئێمـە بناسـێنێت، کـە کۆمەڵێـک کادری پێشـکەوتووی کۆمەڵەیـن و هاتووینەتـە سـووریا. پێشـتر ئۆجـەلان هەواڵـی ئێمـەی زانیبـوو، بۆیـە زۆر دڵـی پێمـان خـۆش بـوو، بـەوەی ئێمـە کۆمەڵەیـن و لـەڕووی فیکرییـەوە زیاتـر لێـک نزیکیـن.

نەجمەدیـن بیـوکا، کـە سـکرتێری ڕێکخـراوی ئـازادی بـوو، زوو زوو سـەردانی دەکردیـن. بەشـێکمان ئەومـان دەناسـی، چوونکـە زۆر هاتبـووە کوردسـتان و دۆسـت و هاوڕێمـان بـوو. لـە ناوزەنـگ بووایـە، لای کاک نەوشـیروان دەمایـەوە، ئیتـر بـەردەوام کـۆڕی گفتوگـۆی سیاسـی و فیکـری لـە کافتریـای ئوتێـل ڕامـی گـەرم بـوو. کاک دارۆی شـێخ نـوری و (شـێخ شـەماڵی باخ)یش ماڵیـان لـە دیمەشـق بـوو؛ ناوبەنـاو سـەردانیان دەکردیـن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاتمان بە گفتوگۆکردن لەبارەی مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژەوە بەسەر دەبرد، بەتایبەتی ئەو باسانەی تایبەت بوون بە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەو ڕۆژگارەدا پەکەکە لە خۆئامادەکردندا بوو بۆ درووستکردنی دەستەی چەکدار و دەیانویست لە چۆنێتیی ئامادەکردن و ناردنە شاخی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا سوود لە ئەزموونی کۆمەڵە و یەکێتی وەربگرن. مام جەلال و یەکێتی لە زۆر ڕووە زۆر هاوکاری و پشتیوانییان دەکردن، هەم لە سووریا لەناو فەڵەستینییەکان و هەم لە شوێنی تریش.

زۆربەی عەسران بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەهاتە لامان و ماوەیەک لامان دەمایەوە. ئەو کات ڕۆژنامەکەنی تورکیا دژی ئۆجەلان و ڕێکخراوەکەی زۆر بابەتیان بڵاو دەکردەوە؛ دیاربوو ئەو ڕۆژنامەکانی تورکیای بەبەردەوامی بۆ دەهات. ئەو بابەتەی پەیوەندیدار بوو بە کوردەوە ئەو بەکورتی بۆ باس دەکردین، گفتوگۆکانیشمان کراوە و هاوڕێیانە بوون، گەلێک پرسیاریان دەربارەی چۆنێتیی ڕێکخستنی دەستە چەکدارەکان و شارەزاییمان لە بەکارهێنانی چەک و چۆنێتیی پەیداکردنی چەکەکانمان لێ دەکردین. ئێمەش ئەوەندەی پێویست بووایە و زانیاریمان لەسەر هەبووایە، قسەمان بۆ دەکردن. بەلای ئێمەوە ڕێکخراوەکەی ئەوان زۆر تازە بوو، بگرە هەندێک هەر ناویشیان نەبیستبوو. زۆر دڵمان پێیان خۆش بوو؛ خۆشمان بە بەشێک لەوان و ئەوانیشمان بە بەشێک لە خۆمان دەزانی.

هەڤاڵ نەجمەدین ڕێک وەک کۆمەڵەی خۆمان بیری دەکردەوە، بگرە خۆی هەر بە کۆمەڵە دەزانی و دۆستایەتی و هاوڕێیەتی نزیکی لەگەڵ کاک نەوشیرواندا هەبوو. دوای لێکتێگەیشتن و ئاشنابوون بە یەکتریی، بۆمان دەرکەوت لە ڕووی ڕێکخراوەییشەوە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکەی نەجمەدین- کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان- جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

بەڕێز ئۆجەلان لە قسەکانی دا بڕوا و متمانەی زۆری بە یەکێتی نیشان دەدا؛ تەقدیری زۆری نیشان دا بۆ هاوکاری و پشتیوانییەکانی یەکێتی لەو قۆناغەی سەرەتای خۆڕێکخستنی پەکەکەدا لە دابینکردنی چەک و ناساندنیان بە ڕێکخراوە فەڵەستینییەکان و بەشێک لە دەوڵەتانی عەرەبی وەک سووریا و لیبیا. یەکێتییش لای خۆیەوە هەموو کارێکی دەکرد تا پەکەکە بتوانێت جێپێی خۆی لە کوردستانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

باکووردا بچەسپێنێت و خەباتی چەکداری دەست پێ بکات، چوونکە کورد لەو وڵاتەدا لە سەرەتاییترین مافی خۆی، کە قسەکردن بوو بە زمانی دایک، بێبەش کرابوو، تەنانەت قسەکردن بە کوردی سزاکەی زیندانیکردن بوو.

ئەم پەیوەندییەی یەکێتی و پەکەکە گەرچی بەرزی و نزمیی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی باڵادا هەر بەردەوامیی هەبوو. ئەو سەردانە بەردەوامانەی بەڕێز ئۆجەلان و هاوڕێکانی بۆ لامان نزیکی و ڕێز و هاوڕێیەتی لە نێوانماندا درووست کرد. ئۆجەلان کەمتر لە شوێنی تر دەردەکەوت چوونکە دەوڵەتی تورکیا بەدوایەوە بوون، بەڵام نەیاندەزانی لە سووریایە.

لای خۆمانەوە زۆر خۆشحاڵ بووین بەوەی خەباتی چەکداریی دوای دەیان ساڵ هەوڵدان بۆ سڕینەوەی و نکووڵیکردن لە بوونی کورد لە باکووری کوردستان دەستی پێ دەکردەوە، چوونکە کورد بە شێوەیەک دەچەوسێنرایەوە کە تەنیا کوردی ئەو بەشەی کوردستان بوو سەرسەختانە توانیبووی خۆی لە تواندنەوەی لەنێو قاڵبی تورکبووندا بپارێزێت. وەزعی ئەوان لە هیی ئێمە زۆر خراپتر بوو، ئەوان لە قۆناغێکی ترسناکی ئەوتۆدا بوون تەنانەت بەشێک لە نەوەکانیان زمانی دایکیان نەدەزانی کە کوردییە، ئەوەی زمانەکەشی دەزانی، نەیدەتوانی لەدەرەوە قسەی پێ بکات. ئەو کاتە هیچ ڕێگەیەک لەبەردەم کورد لە باکووردا نەبوو غەیری خەباتی چەکداری. یەکێتی خۆی بە بەرپرسیار دەزانی لە هەموو ڕووەیەکەوە هاوکاریان بێت بۆ دەستپێکردنەی ئەو خەباتە.

ڕۆژێکیان لە هۆڵی ئوتێلەکە دانیشتبووین، بەڕێز ئاپۆ و نەجمەدینیش هاتبوون، ئێمەش زۆربەی برادەران لەوێ بووین و گفتوگۆمان لەسەر کۆمەڵێک بابەتی پەیوەست بە حیزب و حیزبایەتیەوە دەکرد. ڕێز و خۆشەویستی لەنێوانماندا زۆر بوو، بۆیە بە ئاساییم زانی و باسی بابەتێکم کرد و گوتم چەند ڕۆژێک دوای ڕووخانی شا لە شاری شنۆی ئێران بووم و سەردانی ئەو ناوچانەی سنوورم کردووە. باسی ئەوەشم کرد کە کەسانی تێکۆشەری باکوور لە ترسی گرتن لایەن دەزگاکانی تورکیاوە هاتبوونە ئەو ناوچانە و زانیاریی وردیان لەسەر جووڵانەوەی چەپ لە تورکیا بەگشتی و بەتایبەتی لە باکووری کوردستان هەبوو. هەندێک زانیاریم لەو ڕووەوە لا گەڵاڵە ببوو، کە ڕەنگە سەدا سەد وەک ئەوە نەبووبێت کە لای من بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگەڵ زۆربەی برادەرانی خۆمان لە کافتریای ئوتێلەکە دانیشتبووین. بە دەرفەتم زانی لای ئۆجەلان باسی ئەو بابەتەی بکەم و بزانم ئەو زانیارییانەی من تا چەند ڕاست بوون. بابەتەکەم بۆ باس کرد و بەڕێز ئۆجەلان بە زمانێکی هاوڕێیانە کە لە بەرژەوەنی خۆیان وەک حیزب دەشکایەوە- زیاتر پەیوەست بوو بە پرەنسیبە حیزبییەکانەوە- گوتی، "ئەو بابەتە سەدا سەد وا نییە و ئەو زانیارییانە ڕاست نین و ڕەخنەی درووستکەر لای ئێمە ڕێز لێ گیراوە."
ئەوەی ناخۆش بوو ڕووی کردە نەجمەدین بیوکا و بەتوورەیی گوتی، "ئەم قسانە پڕوپاگەندەی تۆن." من لای خۆمەوە ئاپۆم دڵنیا کردەوە کە مەسەلەکە وا نییە و هەڤاڵ نەجمەدین هیچ بابەتی لەو شێوەیەی بۆ ئێمە باس نەکردووە.
نەجمەدین خۆشی بەو زمانە لەسەرخۆ و شیرینەیەوە وەڵامی دایەوە و گوتی، "هەڤاڵ گیان، ئێمە تەدەخولی ئەو بابەتانە ناکەین و خۆت باش دەزانی ئێوە بە دۆست و هاوخەباتی نزیکی خۆمان دەزانین." بە هەڤاڵ ئۆجەلانم گوت، "دڵنیا بە بابەتەکە بەو شێوەیە کە بۆم باس کردی؛ خۆم ماوەیەک لەو سنوورەی ڕۆژهەڵات بووم لە نزیک لە باکوور و زانیارییەکان هیی خۆمن."
دانیشتنەکە تۆزێک ساردیی تێ کەوت؛ هاوڕێکانم ڕەخنەیان لێ گرتم کە بۆچی قسەم لەسەر بابەتی وا کردووە، منیش گوتم، "ئەمانە هاوڕێ و هاوخەباتی ئێمەن و ڕەخنەی منیش زۆر هاوڕێیانە و دۆستانە بووە، ئێ ڕۆژانە لێرەین پێکەوە وەک هاوڕێی و ئەندامی یەک ڕێکخراو مناقەشەی زۆر بابەت دەکەین."

***

لە سووریا لە مەعەسکەری نزیک مەعلوولە، کۆمەڵێک زانیاریمان لەسەر بەکارهێنانی چەک و هونەریی سەربازی وەرگرت. مامۆستاکانی ئەو سەربازگەیە شارەزای بەکارهێنانی چەکە مامناوەند و قورسەکان بوون، پێشمەرگەی خۆمان زۆر ئاشنای ئەو چەکانە نەبوو، ڕاهێنانی تایبەتیان لەسەر بەکارهێنانی چەکە دژە ئاسمانییەکان پێ کردین، واتە جۆرەکانی دۆشکە (١٢.٥ و ١٤.٥، ٢٣ملم)، دۆشکەی دوولوولە و چوارلوولە. ئەوە یەکەم جارم بوو دۆشکەی چوارلوولە ببینم.
زۆربەی کاتەکان لەناو سەربازگەکەدا دەماینەوە و خۆمان بە قسەکردن و پیاسەکردنەوە سەرقاڵ دەکرد. لەو ماوەیەدا هاوڕێیەتیمان لەگەڵ زۆربەی بەرپرس و مامۆستاکاندا درووست کرد و زیاتر ئاشنای موعاناتیان بووین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کێشـەیان زیاتـری ڕێکنەکەوتـن و ناکۆکیـی بێچارەسـەری ناوخـۆی ڕێکخراوەکانـی فەڵەسـتین بـوو کـە بەڵایەکـی گـەورەی بەسـەر هێنابـوون.

بـۆ پشـتیوانی لـە خەباتـی فەڵەسـتینییەکان، چەندیـن جـار کـورد بەشـداریی شـەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکانیانی کردووە، دەیان خۆپیشاندان بۆ پشتیوانیکردنی ئەوان سـاز کـراون، شـاعیران و نووسـەرانی کـورد زۆریـان بـۆ فەڵەسـتینییەکانِ گوتـووە و نووسـیوە. لـە بەرامبەریشـدا، دڕندەتریـن پیـاوی بەعـس لـە کۆتاییـی حەفتـاکان و هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا- مـولازم موحسـین- فەڵەسـتینی بـوو. حکومەتـی بەعـس پلانـی هەبـوو ژمارەیـەک لـە فەڵەسـتینییە ئـاوارەکان لـە چەنـد ناوچەیەکـی داگیـراوی کوردسـتاندا نیشـتەجێ بـکات بـەڵام فریـا نەکـەوت.

چووینە باشووری لوبنان و لە مەعەسکەری ڕاشدیە، تەڕابلوس، سەبرا، صور، صەیدا و نیعمە و زۆری مەعەسکەری جیاواز ڕاهێنانمان کرد. دەیانهێشتینەوە و داواشیان لێ کردین بە ئاگاداریی ئەوان بچینە دەرەوەی مەعەسکەر و ناوشار. خۆشمان ئەوەمان پێ باش بوو. ئەو کات ڕۆژانە تەقینەوە و کوشتن، بەتایبەت لەناو بەیرووتدا، ڕوو لە هەڵکشان بوون. مەبەستیان بوو لە چاوی کەسانی بەکرێگیراوی سەر بە ڕژێمەکەی سەدام پارێزراو بین. ئەو کات عێراق لە باشووری لوبنان و بەیرووتی پایتەخت دەزگا سیخوڕییەکانی لەوپەڕی باڵادەستیدا بوون.

بـەرەی دیموکراتـی فەڵەسـتینییەکان پارێزگاریـی زۆریـان لـێ دەکردیـن و دەیانگوت، "ئێـوە ئامانەتـن لامـان؛ ئـەم لوبنانـە ئەمینیی لەدەسـت داوە." مەبەسـتیان بوو لـە شـوێن و مەعەسکەریکدا بین دوور لـە مەترسـی و شـوێنەکە پارێزراو بێت، خـۆ بەعـس بـاڵا دەسـت بـوو؛ لـە هـەر شـوێنێک بیویسـتایە، بەتایبـەت باشـووری لوبنـان، کاری خـۆی دەکـرد. بـۆ هـەر کوێیـەک دەچوویـت، وێنـەی زۆر گـەورەی سـەدام هەڵواسـرابوون.

سەردانی بەیرووتمان کرد. یەک دوو ڕۆژ پێشتر تێکۆشەرێکی دیاری حیزبی شیوعیی عێراق- وا بزانم ناوی 'حەسەن کعێبی' بوو- شەهید کرابوو. شوێنەکەیان نیشان داین و بینیمان هێشتا خوێنەکە بە قەراخی شۆستەکەوە بوو. شوێنەکە نزیک ئەو مقەڕە بوو کە ئێمە بۆی چووبووین. ئێمە لە بەیرووت لە جادەی فاکانی بووین.

تەڕابلوس پایتەختی باکووری لوبنانە و هەشتا و پێنج کیلۆمەتر لە بەیرووتی پایتەختەوە دوورە. ڕاشیدییە، کە ئۆردوگایەکی گەورەی فەڵەستینی لێ بوو، نزیک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سنووری ئیسرائیله و بۆ خۆی بۆته شارێکی گەورەی فەڵەستینییه ئاوەرەکان. دواتریش هەر له باشوور جارێکی تر چووینه مەعەسکەری نیعمه. ئەو مەعەسکەره مێژووەکەی کۆنه و له زەمانی عوسمانییەکاندا ئەرمەنیی زۆری تێدا سجن کراوه.

له مەعەسکەرەکانی خوێندن و ڕاهێناندا له باشووری لوبنان بەرنامەی فێربوونی چڕ و بەردەواممان هەبوو. وەرز گەرم بوو، بۆیه زیاتر له دەرەوه کارەکانمان جێبەجێ دەکرد. ئەو شوێنانەی تەرخان کرابوون بۆ وانەخوێندن و ڕاهێنانی کردەیی له شوێنێکی چەپەکی مەعەسکەرەکەدا بوون. شوێنەکه ماڵ و باخی خەڵکی لوبنان بوو، بەهۆی شەڕ و مەترسییەوه چۆڵیان کرابوو.

ئەم بنکه یان مەعەسکەرانه له ناوەڕاستی ئەو باخه لیمۆ و پرتەقاڵانەدا به جۆرەها داری میوەی دەوره درابوون، باخەکانیش زۆر گەوره و بەرین بوون، له هەندێک شوێنی تایبەتی ئەو باخانەدا هەم خانووی بچووک هەبوون که دیار بوو بۆ باخەوانەکان کرابوو، هەم ڤێلای خاوەن باخەکانیش له ناوەڕاستی باخه گەورەکانیاندا به جوانترین شێوه دروست کرابوون. ئیتر قەدەر شتێکی تری ڕووبەڕووی ئەو خاوەن باخانه کردبۆوه و ناچاری کردبوون ماڵ و حاڵیان جێ بهێڵن. دواتر ئەو باخ و ڤێلایانه ببوونه سەنگەری خۆبەخشه فەڵەستینییەکان و ماوەیەکیش بۆ ئێمه بوون.

هەندێک بارەگای فەڵەستینییەکان به قەدپاڵی شاخەکانەوه بوون. جۆرەها پەناگه و حەشارگەی گەورەی چەک و تەقەمەنییان هەبوو، بەتایبەت له دۆڵه قووڵەکاندا، که تونێلی هێنده دووروودرێژ و قووڵیان تێدا دروست کردبوون بارهەڵگری گەوره بێ کێشه به قووڵایی دەیان و سەدان مەتر زیاتر هاتوچۆی تێدا دەکردن.

بەیانیان زوو هەڵدەستاین بۆ ڕاهێنانی جەستەیی، جووڵەی وەرزشیی تەندرووستیان پێ دەکردین. ماوەیەکی باش ڕامان دەکرد، سەرسام بوون به توانا جەستەییەکانمان، دوایی بۆیان ڕوون بۆوه ئێمه ساڵانێکه شەڕی پارتیزانی دەکەین و بەردەوام له جووڵه و گەڕانداین و ناوچەکانیشمان زۆرینەی شاخاوی و سەختن. ڕۆژ داوی ڕۆژ زیاتر شارەزای بەشێک له تواناکانمان دەبوون، فەرماندەکانیان زیاتر لێمان نزیک دەبوونەوه و هاوڕێیەتی و دۆستایەتیی بەهێز له نێوانماندا دروست دەبوو. ئیتر وەرزشی بەیانیانیان پێ دەکردین هەر بۆ جووڵه و وەرگرتنی وزەی باشی بەیانیان و ئامادەبوون بۆ بابەتی نوێ. ئێمه

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕاهاتبووین بەیانیان هەر زوو لە خەو هەڵدەستاین، سەعاتەکانی زووی بەیانی وانەی تیۆریمان دەستی پێ دەکرد و هەر وانەیەکی خوێندن سەعاتێک بوو. لەنێوان هەر وانەیەکی تیۆریدا دە، پانزە خولەکێک پشوومان هەبوو. ئەمە تا عەسرێکی درەنگ بەردەوام دەبوو؛ ئیتر ئەو ڕۆژە کۆتایی دەهات.

کاتێکی بەسوودمان بەسەر برد. وەک خوێندکاری پەرۆش بۆ وانەکان دەمانخوێند و تینووی وەرگرتنی زانیاریی نوێ و بەسوود بووین؛ دەمانزانی بۆ داهاتوو لە مەیدانی شەڕ و ڕووبەڕووبونەوەی دوژمنی داگیرکەری کوردستاندا بۆ ئێمە سوودی بێسنووریان دەبێت.

هەموو ئەو شوێن و جێگەیانەی وەک مەعەسکەر بۆیان دەچووین هەڵکەوتەی جوگرافیاییان وەک کوردستان دارستانی چڕ و ناو باخ بوو؛ هەندێک شوێن نزیک دەریا بوو.

بەردەوام لەنێوان خۆماندا قسەی خۆش و پێکەنین و نوکتە هەبوو. فەرماندە و فیدائییەکان باوەشیان بۆ دەکردینەوە و خۆشەویستی و هاوسۆزییان بەرانبەرمان نیشان دەدا. کە ماوەیەک لایان دەماینەوە و دواتر دەیانگواستینەوە، تکایان دەکرد نەڕۆین و بمێنینەوە، بەڵام فەڵەستینیەکان ئەو جێگۆڕینەیان پێ دەکردین زیاتر پەیوەست بوو بە خۆمانەوە، ئەوەش بۆ دوو بابەت بوو. یەکەم: بۆ پاراستنمان لەوەی مانەوەی زۆرمان لە شوێنێک دەبێتە هۆی ئاشکرابوونمان. دووەم: تا زۆرترین مەعەسکەر و مقەڕاتی فیدائیەکانیان و شوێنە جیاجیاکانیان و ببینین و سوود لە زۆرترین مامۆستا و ئەو پسپۆڕە سەربازییانە ببینین کە لەو شوێنە جیاوازانەدا لەگەڵمان بوون.

ئێمە لە هەر مەعەسکەرێکدا بووبین، شەوانە حەرەسیاتی تەواوی خۆمان و ئەو دەوروپشتەکەمان دەگرت و خۆمان خواردنمان بۆ خۆمان دروست دەکرد. هەرچی پێویست بووایە بە زیادەوە بۆیان دەهێناین. ئەو شوێنەی لێی بووین بەتەواوی دەمانپاراست لە هەر مەترسییەک و دڵنیاییمان دەدا بە هەموویان، بۆیە لە هەر مەعەسکەرێک بووینایە، هەموو دڵنیا دەبوون لە پارێزراویی شوێنەکە لە هێرشی لەناکاوی ئیسرائیلییەکان.

شەوانە فەرماندەی کەتیبە سەردانی دەکردین تا دڵنیا بێت لە سەلامەتیی ئێمە و ناوچەکە. سوپای ئیسرائیل شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو، دەیان و سەدان هێرشی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەوانەی سەرکەوتووی دەکرد و زەرەوزیانی زۆری لە فەڵەستینییەکان دەدا. فەڵەستینییەکان زۆر دەترسان لەو پەلامارانە بۆیە هەمیشە ئاگاداریان دەکردین لە مەترسی پەلاماری کتوپڕی کۆپتەرە شەڕکەرەکانی ئیسرائیل و دابەزاندنی سەربازەکانیان بۆ گەمارۆدان. زیاتر بە شەو ئەو هێرشانەیان دەکرد.

ڕاهێنانمان لەسەر جۆرەکانی هاوەن کرد (٦٠-٨٠-١٢٠ ملم)، هەروەها دژە ئاسمانیی ٢٣ ملم و مووشەکی گرادیش، ڕاهێنانمان لەسەر جۆری نیشان شکێنی چواردە و نیو (قەناس) کرد، کە یەکەم جارمان بوو ببینین. زۆر بەوردی باسی چۆنێتیی و ناسینەوە و بەکارهێنانی جۆرەکانی موتەفەجیرات و چۆنێتیی داڕشتنی و پلانە جۆراوجۆرە سەربازییەکان لە هێرش و بەرگری و لە شار و شاخدا بۆ کردین. ڕاهێنانمان لەسەر بەکارهێنانی مووشەکی گراد، کە مووشەکێکی نزیکمەودایە و بەکارهێنانی ئاسانە، کرد. ئەو مووشەکە درێژییەکەی لە مەترێک زیاترە و دوو جۆری هەیە: یەکەمیان مووشەکی تاکە و لە سێپایەکی زەمینییەوە دەتەقێنرێت، تا بیست کیلۆ مەتر ئامانجی خۆی دەپێکێت، ئەوەی تریشیان لەسەر سەکۆیەکی تایبەتەوە دەتەقێنرێت. ژمارەی بۆرییەکانی چل بۆرییە، واتە چل سارووخ دەتەقێنێت و هەمووشی لە ماوەی بیست سانیەدا. دەتوانرێت لەسەر ناقیلەی سەربازیی یان لەسەر زەوی دابنرێت. ئەم مووشەکە دەستکردی یەکێتیی سۆڤێتی جارانە و کاتی خۆی بەسەر ئەندامانی (پەیمانی وارشۆ)دا دابەش کراوە. ڕووسەکان ناویان نابوو 'ئۆرگۆنەکەی ستالین' (ئۆرگ یان ئۆرگۆن، ئامێرێکی موزیکە). ئەم سارووخە چەکێکی کاریگەرە بۆ شەڕە ناوچەییە نزیکەکان و بە یەکێک لە چەکە زەمین بە زەمینەکان دادەنرێت؛ لەچاو چەکەکانی تریشدا نرخی هەرزانترە و ئاسانتر پەیدا دەبێت. لە ساڵی ٢٠١٤دا، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش (شاری موسڵ)ی داگیر کرد و عەمبارێکی گەورەی سارووخی گرادی کەوتە دەست. دواتر، لە شەڕەکانیدا سوودی زۆری لێ وەرگرت.

کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن دەوڵەتی سووریای بەعسی نەک هەر بە هاووڵاتی پلە دوو حساب دەکران بگرە وەک میوان لەسەر خاکی هەزاران ساڵەی خۆیان تەماشا دەکران. لە هەموو مافێکی هاووڵاتیبوون بێبەش کرابوون؛ پێناس و بەڵگەنامەی فەرمی بۆ کوردەکان نەدەکرا. بە کورتی، کورد لەوێ هەبوو بێ ئەوەی هەبێت، کەچی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ڕۆژئاوام دەبینی لەناو کەمپی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فەڵەستینیەکان ڕاهێنانیان دەکرد و ببوون بە فیدائی. لەو دۆخە ژێردەستەیی و زوڵم و چەوساندەوەی دەسەڵاتدا زۆریان وەک ڕێکخستن چووبوونە ڕیزەکانی پەکەکەوە و دواتر بوونە گەریلا. حکومەتی سووریا دەستی نەدەهێنایە ڕێگەیان، بەڵکووئاسانکارییشی بۆ دەکردن، بە تایبەت ئەگەر بچوونایەتەناو ڕێکخراوە فەڵەستینیەکانەوە.

لە شار و شارۆچکەکانی باشووری لوبنان زۆربەی ئەو مەعەسکەرانەی بۆ مەشق و ڕاهێنان بۆیان دەچووین چەندین کوردی ڕۆژئاوای کوردستانیان تێدابوو کە ببوون بە فیدائی. لە باشووری لوبنان و لە زۆربەی مەعەسکەرەکان ئەفسەر و فیدائییەکان ناوی گوندی قزلەر و ڕوودانی شەڕی قزلەریان دەزانی؛ ئەمە شتێکی سەیر بوو، دواتر زانیمان ڕاگەیانی حیزبی شیوعی لە لوبنان و ناو فەڵەستینییەکان زۆر چالاک و کاریگەر بوو، بەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی فەڵەستین بەگشتی بەهێز بوو. زۆرێک لە کادر و سەرکردەکانیان هاتوچۆی بەردەوامیان بۆ ئەو وڵاتە هەبوو، بەشداریشیان لە خولەکانی فەڵەستینییەکاندا کردبوو.

پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعیی عێراق لە گوندی قزلەری دۆڵەڕووت دەبن. سوپای عێراق بەیانیی زوو پەلاماری پێشمەرگەکانیانی دابوو بە کۆپتەریش سەربازی لە پشت و دەوروبەریان دابەزاندبوو. لە بەیانییەوە شەڕ دەستی پێ کردبوو. شیوعییەکان شەڕێکی ئازایانە و بەرگرییەکی قارەمانانەیان دژ بە جاش و سەربازەکانی ڕژێم کردبوو. سوپای عێراق لە ئاسمانەوە بە کۆپتەرە جەنگییەکانی لە پێشمەرگەکانی دەدا و بە مەبەستی گەمارۆدان و لەناوبردنیشیان، بە کۆپتەرە بارهەڵگرەکانیشی سەربازی دادەبەزاند.

لەو کاتەدا هێزێکی یەکێتی لەو نزیکانە و لە (گوندی چۆخماخ)ی دۆڵی جافایەتی دەبێت. فەرماندەکەیان ئیسماعیل گەورەدێی دەبێت، کە ئەوکات فەرماندەی کەرت بوو. کاک ئیسماعیل لە فەرماندە ئازاو فیداکار و نەبەزەکانی یەکێتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. بە خۆی و کەرتەکەیەوە زۆر مەردانە لە چۆخماخەوە بەرەو شەڕەکە دەچن تا بە هانای پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانی حیزبی شیوعییەوە بچن. پێکەوە سوپای داگیرکەری بەعس دەشکێنن و ناچار بە پاشەکشەی دەکەن. ئەو هێزە فریایان نەکەوتایە، ئەنجامی شەڕەکە خراپتر دەبوو؛ بێگومان زیانەکانیش قورستر دەبوون. لەو شەڕەدا چەند پێشمەگەیەکی حیزبی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شیوعی شەهید دەبن. شیوعییەکان لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا، کە بە فراوانی لەناو بارەگای فەڵەستینییەکان دەبینرا و ئێمەش هەر لە بارەگاکانی جەبهەی دیموکراتی دەمانبینی، بە داستانێکی مێژوویی باسیان لە فیداکاری پێشمەرگەکانی خۆیان کردبوو، هەقیشیان بوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی چوونی ئەو پێشمەرگانەی یەکێتیان نەکردبوو. جارجار کە پرسیاریان لێ دەکردین و باسی ناوچەکانی خۆمانمان بۆ دەکردن، لەناکاو یەکێکیان دەیپرسی، "بەڕاست! شوێنی ئێوە لەکوێی قزلەرەوەیە؟" ئیتر بۆمان ڕوون دەکردنەوە کە ئەوە ناوی یەکێک لە گوندەکانی سەر بە سلێمانییە.

گوندی قزلەر سەر بە ناحیەی بەکرەجۆی سلێمانییە، لە گوندی چۆخمانەوە نزیکەی سێ چارەکە سەعات دوورە. چۆخماخ گوندێکە لە گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و قزلەریش ڕووی لە پیرەمەگروونە و دەکەوێتە کۆتایی دۆڵەڕووت. ئەگەر لە سلێمانییەوە بە دۆڵەڕووتدا بچیت بۆ مێرگەپان، دەبێت بەناو ئەم گوندەدا بڕۆیت.

ئەو ماوەیەی لە باشووری لوبنان بووین، کۆمەڵێک ڕێکخراو و گرووپی سەر بە عێراق و ڕژێمی سەدام حسێن دەبینران. بەعسییەکان هێز و پارەیەکی زۆری عێراقیان خستبووە بەردەستیان بۆ کاری سیخوری و تیرۆر و ڕاگەیاندن بۆ بەرژەوەندی سەدام. ئەمانە هەرچیان بویستایە دەیانتوانی بیکەن، تەنانەت لایەنە فەڵەستینییەکان ترسیان لێیان هەبوو. دواتر ڕوون بۆوە کە سەدام چەک و پارەیەکی زۆری بۆ ئەو ڕێکخراوانە هەڵڕشتووە، ئەوانیش لە بەرانبەردا هەندێک کاریان بۆ بەعس ئەنجام دەدا و بە شان و باڵی سەدامدا هەڵیان دەدا.

جەژن بەسەردا هات و یەکەمین ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو. نایف حەواتمە سەردانی ئەو سەربازگەیەی کرد کە ئێمەی لێبووین. پێ دەچێت هەر بە مەبەست ئەو شوێنەی هەڵبژاردبێت. جەژنە پیرۆزەی لە هەمووان کرد و ماوەیەک مایەوە.

نایف حەواتمە بە شەخسی و ڕێکخراوەکەشیان پەیوەندیی پتەویان لەگەڵ یەکێتی و بەتایبەت مام جەلال و کاک نەوشیروان و بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی هەبوو. ڕۆژێکیان یەکێک لە مامۆستاکان باسی ئارپیجی و چۆنێتیی بەکارهێنانی دووربینەکەی بۆ دەکردین، لەڕووی زانستییەوە گوتی باشترین و گونجاوترین دووری بۆ پێکانی ئامانجی دیاریکراو وەک دەبابە و زرێپۆش و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گولله نەبڕەکان لە دووریی ٣٠٠ مەترەوە دەبێت و کەمتر لەو دوورییە، چەکەکە کاریگەریی نابێت، بەتایبەت لەسەر تانک، چوونکە تا گوللەکە دەگاتە لای تانکەکە، پلەی گەرمیی لە پێشەوەی گولەکە بەڕادەیەک بەرز دەبێتەوە کە دەتوانێت قەڵغانی ئەستووری تانکەکە ببڕێت. لەناو قسەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە شێوەی ئەندازەییی ئەم گوللەیە زۆر ئاڵۆزە، تەنیا لە کارگەی دروستکردنیدا دەستکاریی دەکرێت و ئامادە دەکرێت. بۆ ئەوەی بزانین لە چیی دروست کراوە و پێکهاتەکەی چۆنە، بە نەخشە بۆی ڕوون کردینەوە.

گوللەیەکی ئارپیجی لەبەردەستماندا دانرابوو؛ زوو زوو ئاماژەی بۆ دەکرد، بەڵام دەستی بۆ نەدەبرد. کە مامۆستا قسەکانی خۆی تەواو کرد، بواری بۆ پرسیارکردن ڕەخساند. کاک حامیدی حاجی غالی گوتی، "جا خۆ ئێمە گوللەی ئارپیجییەکە هەڵدەوەشێنین و هەرچییەکمان دەست بکەوێت دەیکەینە ناو بۆشاییەکەیەوە، بەنزین بێت یان شتی تر." دەستی بۆ برد و گوتی، "بەو شێوەیە بۆ لێدان لە دوژمن بەکارمان هێناوە و هیچیش نەبووە." مامۆستاکەمان پسپۆڕێکی شارەزای ئارپیجی بوو؛ لە ڕووسیا لەو بوارەدا خوێندبووی و شارەزاییی تەواوی لە ڕووی هەندەسەی کارەباییەوە لەو گوللەیەدا هەبوو، بەتایبەت بەکارهێنانی دووربینەکەی لە شەو و ڕۆژ و سەرما و گەرما و بای بەهێزیشدا. کاریگەریی هەموو ئەو فاکتەرانەی لەسەر گوللەکە بۆ ڕوون کردینەوە. کە چاوی بەو کردار کەوت گوللە کراوەتەوە و گوێی لەو قسانە بوو، نارەحەت و تووڕە بوو. پێ دەچوو یەکەم جاری بێت بەو شێوەیە کەسێک ببینێت بە دیار چاوییەوە کردەوەیەکی شتی وا بکات.

مامۆستا بەتووڕەیی گوتی، "من دەرس بە ئێوە نالێم، ئەوەی برادەرەکەتان کردی هەڵەیەکی مەترسیدار و کوشندەیە، ئەم جۆرە هەڵانە یەک جارە و دووبارەی نییە و کارەسات دروست دەکا. نەک خۆت، بەڵکوو دەورووپشتەکەشت لەناو دەبا. شتی وا لە زانستی سەربازیدا بە هیچ جۆرێک نابێت و ڕێگەپێدراو نییە." ئیتر دەرسەکەی وەستاند و دەیویست بڕوات.

دوایی زۆر لەگەڵی خەریک بووین بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لامان و وانەکانمان بۆ تەواو بکات، لە کۆتاییدا توانیمان ڕازیی بکەین، بەڵام ئەو ڕۆژەمان لەدەست چوو؛ دەرسی پێ نەگوتین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە مەعەسکەرەکاندا هەر لەسەر زەوی دادەنیشتین و مامۆستا بە پێوە بوو، لە تەنیشتی بۆردێکی سپی دەوەستا. گەر پێویست بووایە، بە ماجیک ڕوونکردنەوەی پێویستی دەنووسی، بۆ هەر بابەتێکیش مەلزەمە و کوڕاسی پێوستی ئەو وانانەیان بە عەرەبی بۆ کۆپی دەکردین. سوودی زۆرمان لەوانە دەبینی.

مامۆستایەکمان هەبوو هیی موتەفەجیرات بوو. کە دەرسی پێ دەگوتین، وشە و ڕستەی ڕووسی زۆر تێکەڵاوی قسەکانی دەکرد. ڕۆژێک کاک دانای ئەحمەد مەجید هەندێک قسەی کرد مامۆستا گوتی، "ئەوە چی دەڵێی؟ ئەوە چ زمانێکە؟" کاک دانا گوتی، "زمانی کوردییە. جەنابت تێدەگەی؟" مامۆستا گوتی، "هیچ تێ ناگەم." کاک داناش گوتی، "مامۆستا، ئێمەش لە ڕووسییەکەی تۆ تێ ناگەین." بوو بە پێکەنین و لەوەبەدوا ئیتر کەمتر وشەی ڕووسیی تێکەڵ بە دەرسەکەی دەکرد.

وەرگێڕانی زۆربەی وانەکان بۆ کوردی زیاتر کەتبووە سەر ئەنوەر حەسەن و دانای ئەحمەد مەجید. زۆر جار برادەرانی تریش، بۆ نموونە سەلاح چاوشین و ئەسکەندەر بادینی، یارمەتییان دەدان.

فێربوون و خوێندنەوەی نەخشەمان تەواو کردبوو، ئامانج لەمەش ئەوە بوو لە مەیداندا لە بەکارهێنانی جۆرەکانی هاوەن و گراد و چەکی تردا زانیارییەکان بەکار بهێنین. زۆرجار مامۆستای وانەی هاوەنەکان لەگەڵ قسەکانیدا ڕستەی 'موش موشکیلە- کێشە نییە-'ی بەکار دەهێنا. لە ڕۆژی ڕاهێنانی کردەییدا، کە چووینە دەرەوەی مەعەسکەر تا هاوەنی ٨٢ ملم تاقی بکەینەوە، مامۆستا لەگەڵ دانان و جێگیرکردنی هاوەنەکەدا، بۆی ڕوون دەکردینەوە چۆن لە مەیداندا بەکاری بهێنین و پێوانە و دوورییەکان وەربگرین. نەخشەی ناوچەکەی دانا و جێی خۆمان و هاوسەنگی هاوەنەکە و ئامانجەکەی کە لێمان دیار بوو دیاریی کرد، پاشان لەسەر نەخشە و لەدوورەوە ئامانجێک دیاری کرابوو کە دەبووایە بەچاو بیبین. ئەو شوێنانەی هەڵیاندەبژارد شاخی گەورەی دارستاناوی و دوور لە ئاوەدانی بوون. مامۆستا بە ئاراستەی ئامانجی دیاریکراو، کە ناوەڕاستی چیاکە بوو، گوللەیەکی تەقاند. ئێمە هەمووومان چاومان لەسەر پێکانی بازنەی ئامانجەکە بوو. هیچمان نەبینی چوونکە هاوەنەکە دوورتر ڕۆیشتبوو. مامۆستا گوللەیەکی تری تەقاند و ئەم جاریش نەمانبینی گوللەکە ئامانجەکە بپێکێت و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەر نەمانزانی بەر کوێ کەوتووە، زۆری پێ نەچوو جیهازیان بۆ کرد و گوتیان گوللەکە لە سەری چیاوە دەرچووە و لە ئاوەدانیی داوە. مامۆستا شپرزە بوو؛ ڕەنگی تەواو تێک چوو. گوللە هاوەنەکان دوور کەوتبوونەوە و یەکێکیان لە ناوچەیەکی ئاوەدانیی کەوتبوو؛ زیانی بە سەیارەیەک گەیاندبوو. مامۆستا هەر دەیگوت، "تووشی کێشەیەکی گەورە بووم. سزا دەردێم و سجنم دەکەن." سەلاح چاوشین بۆ دڵدانەوەی گوتی، "یا رفیق موش موشکیلە." مامۆستا ئەوەندەی تر تێک چوو. "ڕەفیق، چۆن وا دەڵێی ئەمە موشکیلەیەکی زۆر گەورەیە!" سەلاحیش بۆ قسە دانامێنێ؛ گوتی: "مامۆستا، تۆ ئەوە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵمانیت، ئێمە هەرچییەک دەڵێین تۆ هەر دەڵێی 'موش موشکیلە.' دەی با ئێمەش جارێک وات پێ بڵێین." دواتر گوتیان گوللە هاوەنەکە خراپ و کۆن بووە و نەدەبوو بەکاری بهێنین. ئەوانەی تریان لابرد و نەیانتەقاندن.

هەر گەڕەک و شەقامێکی ئەو ناوچەیە بەدەست گرووپێک چەکدارەوە بوو، ئەگەر گوللەیەکی دیکە ئاوا سەری بکردایە و زیانی گیانی لێ بکەوتایەوە، دوور نەبوو پشێوی لێ بکەوێتەوە. دواتریش دەرکەوت گوللەی هاوەنەکە نزیک بارەگای حەرەکەی ئیشتیراکی لە زەویی دابوو. ئەی مامۆستا چی بەسەرهات؟ ئەوەیان نازانم، بەڵام دڵنیا بووین کە لێپێچینەوەی سەربازیی لەگەڵ دەکرا.

❊❊❊

ڕۆژێکیان بردیانین بۆ تەقاندنی ئارپیجی؛ سەرو گوللەیان بۆ هەر یەکەمان دانا و نیشانەیان بۆ دیاری کردین، ئێمەش نزیکەی هەر هەموومان زۆر بەسەرکەوتوویی نیشانەکەمان پێکا! پسپۆری بوارەکە و ئەوانەی لەگەڵماندا بوون کە بینیان ئامانجی دیاریکراو وەک خۆی دەپێکین دڵخۆش بوون بەوەی ئەوەی پێیان گوتبووین سەرکەوتووانە وەرمان گرتبوو. بێگومان لە کوردستانیش ئەزموونی زۆری تەقاندنی ئارپیجیمان هەبوو، گەرچی پێشمەرگە و فەرماندەکانی ئێمە سوودیان لە دووربینی ئارپیجی وەرنەدەگرت و بەکاریان نەدەهێنا بەڵام دوای ئەو ڕاهێنانانە، ئەو چەکەم لە شەڕدا بێ دووربین بەکار نەهێنایەوە.

بەگشتی خولەکە زۆر بەسوود بوو، گەلێک بابەتی سەربازیی جیاجیا فێر بووین؛ لە زۆر ڕووەوە گەشەمان کرد، بۆ نموونە لە ڕووی زانستی سەربازی، هونەری سەرکردایەتیکردنی شەڕ، بەکارهێنانی نەخشە، جۆرەکانی هاوەن و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سارووخی گراد و جۆرەکانی تی ئێن تی، بەکارهێنانی تی ئێن تی لە بوارە جیاوازەکاندا، مەلەوانی، شێوەکانی شەڕی ناوشار و شەڕی پارتیزانی و هتد. هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵماندا ماندوو بوون زۆر شارەزا بوون بەردەوام دەرگای ئەکادیمیا سەربازییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوسایان بۆ کراوە بوو بۆ فێربوونی زیاتر.

ڕۆژێکیان لە گەرمەی وانەخوێندندا بووین و مامۆستا وانەی شی دەکردەوە، وا ڕێک کەوتبووین کە مامۆستا وانەی دەگوتەوە دواتر برادەران بەش بەش وەری بگێڕن بۆ کوردی. کاک حامید حاجی غالی پرسیاری هەبوو، بردەرانیش دەیانگوت، "پەلە مەکە، دواتر بۆت ڕوون دەکەینەوە، ئێستا مامۆستا قسە دەکا." مامۆستا نەیتوانی باسەکە بپچڕێنێت، بۆیە وەڵامی پرسیاری نەدایەوە. کاک سەلاح چاوشین کە قسەکانی مامۆستای بۆ کاک حامید تەرجومە دەکرد، دەیویست مامۆستا قسەکانی تەواو بکات و دواتر بۆی وەربگێڕێت بە کوردی، بەڵام کاک حامید وازی نەهێنا؛ هەر دەیویست پرسیارەکەی بکات. تا لەکۆتاییدا ئارامی نەما و بە دەنگی بەرز گوتی، "ئوستاز... ئوستاز... ئەنتوم تەعلەموونە، بەس ئانی ما یەعلەموونە." کاک سەلاح چاوشین یەکسەر هاتە قسە و گوتی، "سەدەقەلاهولعەزیم." بوو بە پێکەنین و حامید زۆر تووڕە بوو، سەلاحیش بەهێمنی بۆی ڕوون کردەوە: "کاکە بۆچی تووڕە دەبی! تەشبیهـ نەبێ، لە شتی ئایینی دەچوو."

لە باشووری لوبنان شەو و ڕۆژ هەردوو جۆری تەیارە- کۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی- بە ئاسمانی ناوچەکەوە بوون. دەنگی فڕۆکە جەنگییەکان هێندە بەرز و بێزارکەر بوو، هیچ دەنگی ترت نەدەبیست، ئەمەش بۆ ئەوە بوو لە کاتێکدا سوپای ئیسرائیل هەر چالاکییەکی سەربازی دژی فیدائیەکانی فەڵەستین بکردایە، بەتایبەت لە شەودا، ئەم تاکتیکەیان بەکار دەهێنا تا کەس دەنگی کۆپتەرە بارهەڵگرەکانی ئیسرائیلی نەبیستێت کە دەهاتنە ناوچەی مەبەست. بەو شێوەیە سەربازە ڕاهێنراوەکانیان بۆ ئەو جۆرە چالاکییانە دادەبەزاند و لەناو بارەگای بەئامانجگیراودا زیانی گەورەیان لە فیدائیەکانی فەڵەستین دەدا. یەکێک لە فیدائیەکان کە زوو زوو دەهاتە ناو مەعسکەری باشوور لە ڕاشدییە تووشی جۆرێک لە شڵەژانی دەروونی ببوو؛ بەردەوام دەیگوت 'هەجەمودنی هەجەموونی'

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

واتە 'هێرشیان بۆ کردم، هێرشیان بۆ کردم'. هەرچی قسەمان لەگەڵ دەکرد ئەو هەر ئەو وشەی 'هەجەمووونی' دووبارە دەکردەوە. کە پرسیارمان کرد، گوتیان لە پەلامارێکدا بۆ سەر بارەگاکەیان لە باشووری لوبنان، لە خەو راپەڕیوە و بینیویەتی چۆن هاوڕێکانی بەشێوەیەکی تراجیدییانە بە دەستی سەربازەکانی ئیسرائیل دەکوژرێن. ئەو بەتەنیا دەربازی بووە و دواتر حاڵەتی دەروونیی تێک چووە.

شەوێک لە باشوور بووین لە نزیک سنووری ئیسرائیل لە مەعەسکەرێکی نزیک ئۆردوگای ڕاشدیە. تۆپباران و هەمان دەنگی بەرز و بێزارکەری فڕۆکە جەنگییەکان وای کردبوو بەزەحمەت دەنگی کەسی نزیکی خۆت ببیستیت. دەتگوت لە یەک ساتدا چەندین فڕۆکە بە ئاسمانەوەن؛ لەگەڵیشیدا ڕووناکەرەوە (تەنویر) ی بەردەوام لە ئاسمانی ناوچەکە دەبینرا. ئەوە تەواوی ناوچەکەی کردبوو بە ڕۆژی ڕووناک. ئەو شوێنەش کە لێی بووین نزیکی سنووری ئیسرائیل بوو، بۆیە مەترسیی زیاترمان لەسەر بوو و دەبوو وریاتر بین.

کاک شاخەوان عەباس لە دەرەوە حەرەس بوو. کە ئەو حاڵەتە هاتبووە پێش، ئامر کەتیبەکەمان بەپەلە هاتبوو تا ئاگادارمان بکات کە مەترسیی گەورە لە لایەن ئیسرائیلەوە لەسەر ناوچەکە هەیە، بەتایبەت ئەم شوێنەی ئێمەی تێدابووین، کە ژوورێکی گەورەی ناو مەزرەعەیەکی گەورە بوو. ئامر کەتیبەکە بەدیاریکراوی بە کاک شاخەوانی گوتبوو، "دەبێ هەر ئێستا لێرە بڕۆن و ئەم ناوە چۆڵ کەن؛ ئیسرائیل بەنیازی پەلامارە و ئینزال دەکا، بە دووری نازانین بۆ ئێرەش بێن، ئێوەش نەشارەزان، با تووشی زیان نەبن و پارێزراو بن." ئامر کەتیبەکە بەرپرسیارێتیی پاراستنی ئێمەی لەئەستۆ بوو؛ دەترسا تووشی کێشەیەک ببین. پاش ماوەیەک کە زانیبووی هەر لە شوێنی خۆمانین، دیسان هاتبۆوە و بەلایەوە سەیر ببوو کە ماوینەتەوە و شوێنەکەمان چۆڵ نەکردووە. هەردوو جارەکە کاک شاخەوان دەهاتە ژوورەوە و پەیامی ئامری کەتیبەکەی دەداینێ و کاک سەلاح بە گۆرانی ڕەشۆڵ وەڵامی دەدایەوە. ئێمە خۆمان بۆ شەڕ و بەرگری ئامادە کردبوو، ڕاستییەکەی نەشماندەزانی بۆ کوێ بچین، هەروا لەو نزیک شوێنی مانەوەکەمان هەمووومان دامەزراین. زۆری پێ چوو تا دەنگی بەرزی فڕۆکەکان و تۆپباران و بۆردومانکردن نەما، فەرماندەی کەتیبەکە هات و بینیی هەموومان لە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەورووپشتی بارەگاکەین و بۆ شەڕ ئامادە و دامەزراوین. ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو؛ سەرسام بوو بەو هەڵوێستەمان و ئەم بابەتەی گەیاندە سەرووی خۆی و لەناو هاوڕێ ئەفسەر و فیدائیەکاندا باسی کردبوو. هەڵوێستەکەمان ببووە جێی سەرنجی زۆرێک لە فەرماندە و فیداییەکانی باشوور. هەر هەمان ڕۆژ نزیکی نیوەڕۆ هاتەوە لامان و سوپاسی جوامێری و خۆڕاگریی کردین، لەگەڵ ئەوەشدا بەرچاوڕوونیی داینێ کە ئەوەی ئێمە ئازایەتی و خۆڕاگرییە، بەڵام دوورکەوتنەوە لە جێگەی دیاریکراوی خۆتان باشترە. کاک سەلاح چاوشین پێی گوت، "تەنیا فیشەک و تەقەمەنیی پێویستمان پێ بدەن، ئیتر پێویست ناکا خەمی ئێمە بخۆن. هەر کات بێن، ئێمە ئامادەین بۆ بەرگری."

دواتر زانیمان ئیسرائیلییەکان لە نزیکی ئێمەوە پەلاماری بارەگایەکی (بزووتنەوەی فەتح)یان دابوو، چەند کەسێکیان لێ کوشتبوون و خۆشیان بێ زیان گەڕابوونەوە. جووڵانەوەی فەتح یەکەم ڕێکخراو و گەورەترین ڕێکخراوی خاوەن توانای دارایی و سەربازیی فەڵەستینییەکان بوو. لە ساڵی ١٩٦٥وە خەباتی چەکداریی دژ بە ئیسرائیل ڕاگەیاندبوو. دامەزرێنەرەکەی یاسر عەرەفات بوو. ئەم جووڵانەوەیە دان بە بوونی ئیسرائیلدا دەنێت و مافی دەداتێ لەسەر ئەو خاکە بێت کە پێش ساڵی ١٩٦٧ لێی بووە. فەتح لە ساڵی ٢٠٠٧وە دەستبەرداری خەباتی چەکداریی بووە.

دوای ماوەیەک مانەوەمان لە نزیک سنوورەکانی ئیسرائیل، بەشێک دەیانزانی ئێمە لە ناوچەکەداین، ئیتر گرووپەکەی ئێمە لە هەر سەربازگەیەک بووایە، فیداییەکان بێ ترس لێی دەخەوتن، چوونکە دەیانزانی شەوانە ئامادەین و بەردەوام پاسەوانیی باشی خۆمان و دەورووپشت دەکەین و بەئاگاییەوە جووڵە دەکەین، گەرچی فەڵەستینییەکان زوو زووش جێگەی مانەوەی مەشق و خوێندنیان دەگۆڕین لەپێناو سەلامەتیماندا، بەتایبەت کە دەیانزانی بەعس لە لوبنان دەسەڵاتدارە.

لە مەعەسکەرێک بووین لە باشووری لوبنان؛ مەعەسکەرەکەی ڕێکخراوی فەتح نزیکی ئێمە بوو. جار جار ئێمەشیان دەبینی و قسەیان دەکرد. نەیاندەزانی کوردی عێراقین. جەبهەی دیموکراتی لە ڕووی سیاسی و فیکرییەوە هەموو شتێکیان لە فەتح جیاواز بوو. یەکێتیی سۆڤییەت بە هەموو شێوەیەک هاوکار و یارمەتیدەری هەموو ڕێکخراوەکان بوو، بەتایبەت جەبهەی دیموکراتی. بەردەوام

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کادر و ئەفسەر و پلەدارە سەربازییەکانیان بۆ مەشق و ڕاهێنان دەچوونە سۆڤییەت و توانای سەربازیی لەڕادەبەدەریان هەبوو. فەڵەستینییەکان لەناو خۆیاندا ڕێک نەبوون و کێشە و ململانێی زۆریان هەبوو، نەک قسەی باشیان لەسەر یەکتر نەدەکرد بەڵکووهەرچی خراپ بوو بە یەکتریان دەگوت، تەنانەت لە دۆخێکیشدا کە بستێک زەوییان بەدەستەوە نەبوو. هەموویان لە ڕوی دەروونییەوە بۆ شەڕی یەکتری ئامادە کرابوون.

ناوبەناو دەیانبردینە کەناری دەریای سپی بۆ فێربوونی مەلە. پێوست بوو هەموو فەرماندەیەکی سەربازی، تەنانەت پارتیزانەکانییش، مەلە بزانن. بۆیە بەدەم شەپۆلە گەورەکانی ئەو دەریایەوە فێری مەلەیان دەکردین، من لەوێ فێری مەلە بووم. لەکاتێکدا دەچووینە ئاوی دەریاکەوە، یەک، دوو کەس چاودێرییان دەکردین تا گەر تەیارەی ئیسرائیل پەیدا بوو، بەپەلە لە دەریاکە دوور بکەوینەوە. ڕووی دا لەناو ئاوەکەدا بووین و فڕۆکەی جەنگیمان لێ پەیدا بوو. دیاربوو ئامانجی تریان بۆ دیاری کرابوو، ئەوان دەترسان لە دەریاوە پەلامار بدرێن، بۆیە بەردەوام بە سەیارەی سەربازی، کە دۆشکەی ١٤.٥ ملیمی لەسەر بوو، دەچووین بۆ سەر دەریا و دەگەڕاینەوە. لەبەرئەوەی ئێمە شارەزای ناوچەکە نەبووین، هەموو شوێن و ناوچەیەک بۆ ئێمە یەک شت بوو بەڵام نزیکی و چوونمان بۆ دەریا تایبەتمەندیی خۆی هەبوو.

لە زۆربەی زۆری مقەڕەکانی فەڵەستینییەکاندا، بە جیاوازی ناوی حیزبی و ڕێکخراوەییانەوە، کوردانی ڕۆژئاوا وەک فیدائی دەبینران. لە وڵاتی خۆیاندا لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەش بوون، ڕێگەی کارکردن و خوێندن و دامەزراندنیان لێ حەرام کرابوو، بەڵام دەوڵەتی سووریا تەنیا یەک ڕێگەی بۆ ئەوان دیاری کردبوو ئەویش ڕێگەی چوونە ناو فەڵەستینییەکان بوو وەک فیدائی. دەیویست بچن و لەپێناو فەڵەستین بجەنگن، بەوەش دەتوانن سەرچاوەی ژیان و مووچە بۆخۆیان دابین بکەن؛ دواتریش ڕێگەی پێ دەدان ببنە گەریلا، واتا لەپێناو نان و ژیاندا دەبوونە چەکداری فەڵەستینییەکان و دوور لە نیشتمانی دایک بەناچاری دەچوونە لوبنان و ئەرکی قورسیشیان پێ دەسپێردرا. سەدانیان لێ شەهید بوون، بەوەش بەعسییەکان دوو ئامانجیان پێکا. یەکەم: دوورخستنەوەی گەنجی کورد لە خاکی خۆیان. دووەم: هەڵدانی ئەو گەنجانە بۆناو ئەو ئاگرە فراوانەی شەڕ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کە لە لوبنان ڕۆژ دوای ڕۆژ گەرمتر دەبوو؛ ئەو گەنجانەش دەبوونە سووتەمەنی بۆی. بەڵام دواتر کە توانییان بچنە ناو یەکەکە، بە سەدانیان چوون و دەیانزانی ئەمەیان بۆ مەسەلەیەکی نەتەوەییی خۆیانە.

بۆ دژایەتی و سڕینەوەی کورد لەسەر خاکی خۆیان و بەعەرەبکردن و ڕاگواستن بەعسییەکانی سووریا هەمان سیاسەت و بیرکردنەوەی بەعسی عێراقیان هەبوو؛ ئەسڵەن بەعسییەکانی سووریا ئەندازیاری ئەو پلانانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەکوردستانییەکانی ڕۆژئاوا بوون و خوێندکارە بەعسییەکانیان لە عێراق هەمان نەخشەیان جێبەجێ دەکرد.

ئێمە لە مەعسکەر نیعمە بووین. تەیارە جەنگییەکانی ئیسرائیل بۆردومانی مەعەسکەرەکەیان کرد. کەسێک شەهید بوو؛ ئەویش گەنجێکی کورد بوو کە ڕۆژێک پێش ئەوە بینیمان و خۆی پێ ناساندین. کوردی ڕۆژئاوا بوو؛ ماوەیەکی کەم بوو ببووە فیدایی. باسی کرد کە سەدان کوردی وەک ئەو پەیوەندییان کردووە بە فەڵەستینییەکانەوە لەپێناو دابینکردنی مووچەیەک بۆیان کە بتوانن هاوکاریی خێزانەکانیان بکەن پێی.

لە باشووری بەیرووت لە سەربازگە نیعمە بووین. ئێوارەیەکی درەنگ خێمەیەکیان بەدووری سەد بۆ سەد و پەنجا مەتر لە ئێمەوە هەڵدا. بۆ بەیانی کە بینیمانن کۆمەڵێک گەنج بە جلی سەربازییەوە بەیانییان زۆر زوو لە پێش ئێمەوە هەڵدەستان و ڕاهێنانی جەستەیی و وەرزشی بەیانیانیان دەکرد. چاک ماندوویان دەکردن، دە کەسێک دەبوون. دوای چەند ڕۆژێک دوو، سێ برادەری ئێمە سەردانیان کردبوون و ویستبوویان بە عەرەبی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن، بەڵام ئەو گرووپە کەسیان عەرەبییان نەزانیبوو. کە پرسیاریان لێ کردبوون خەڵکی کوێن و لەگەڵ چ ڕێکخراوێکدا کار دەکەن، گوتبوویان لە کوردستانی عێراق و کادر و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانن. دواتر لێک ئاشکرا بووین و کە زانییان ئێمەش کۆمەڵەین و لە کوردستانی عێراقەوە هاتووین، جۆرە متمانەیەکیان لا درووست بوو، ئیتر خۆیان ئاشکرا کرد کە ئەوان ئەندامی یەکەکەن. هاتووچۆمان دەکردن.

زانیاریی زۆریان لەسەر کۆمەڵە و یەکێتی هەبوو؛ دیاربوو ئەوان لە کادرە دیار و لە پێشینەکانی یەکەکە بوون؛ گوتیان چەندین ساڵە لە ئەڵمانیا دەژین و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ماوەیەکی کەم بوو لەسەر داوای پەکەکە گەڕابوونەوە. خۆیان ئامادە دەکرد بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە باکوور. دڵیان بە ناسینی ئێمە خۆش بوو.

بەشانازییەوە باسیان کرد و گوتیان لەگەڵ هاتنەوەیاندا بۆ سووریا پاسپۆرتەکانیان و هەرچی پێیان بووە ڕادەستی سەرکردایەتیی پەکەکەیان کردووە و بڕیاریان داوە بە یەکجاری بمێننەوە نەگەڕێنەوە ئەڵمانیا، مەگەر پەکەکە بۆ کارێکی حیزبی داوایان لێ بکات.

لەو ڕۆژەوە بووین بە دۆست و سەردانی یەکترمان دەکرد؛ هەر دوو لامان بێپارە بووین، بەتایبەت ئەوان؛ هەر هیچ پارەیەکیان پێ نەبوو. پارەی کڕینی چەند پاکەتێک جگەرەشیان پێ نەبوو، هەرچۆن بوو پارەی پارچەیەک جگەرەمان بۆ دابین کردن. دوای ماوەیەک ئەوانیان گواستەوە بۆ شوێنێکی تر و پەیوەندیمان لەگەڵیان پچڕا. بە هەمان شێوەی ئێمە جێی ئەوانیشیان گۆڕی.

یەکێتی بارەگا و مەکتەبی پەیوەندیی لە دیمەشقی پایەختی سووریا هەبوو؛ توانای دارایی و هاتوچۆ و پەیوەندیکردن بە بەیرووت و بەسەرکردنەوەی ئێمە ڕەنگە تا ڕادەیەک بۆیان زەحمەت بوو بێت، بەڵام دەیانتوانی سەردانێکمان هەر بکەن یان لە فەڵەستینییەکانەوە هەواڵمان بزانن و بپرسن ئایا هیچ پێویستییەک یان کێشەیەکمان هەیە و ئێمەش لای کەم هەواڵی کوردستان و برادەرانیان پێ بڵێن. کەسمان پارەشمان پێ نەمابوو، ناو بەیرووت و باشوور هەموو ڕۆژێک کوشتن و تەقینەوە و شەڕ بوو. لە کاتی هاتنمان بۆ سووریا و لوبنان لە تاران بلیتی تەیارە و بڕی ٢٠٠ دووسەد دۆلاریان بە هەر یەکەمان دا. من هەر ئەو پارەیەم پێ بوو. کیسەی هەرێمی سێش بەتاڵ بوو، بۆیە کە لە بانە خواحافیزیم لە کاک بەکری حاجی سەفەر و برادەران کرد، نەمتوانی هیچ پارەیەک لە ئەوانیش وەربگرم. کاک بەکر دەیویست لە یەکێک پارەم بۆ قەرز بکات بەڵام ڕازی نەبووم. ئەوەی لە تاران لە یەکێتی وەرمان گرت هەر ئەوە بوو، بەڵام چەند هەڤاڵێک شتێک پارەی زیاتریان پێ بوو. ئەویشمان پێکەوە خەرج کرد و تەواو بوو.

ئیتر ئێمە ئەو چەند مانگە لە هەر هەواڵ و زانیارییەکی تایبەت بە کوردستان و شۆڕش و پێشمەرگە و هاوڕێکانمان بەتەواوی دابڕاین. ڕۆژانە لە لوبنان لە هەر گۆشەیەکدا شەڕ و کوشتار ببووە ڕۆتینی ڕۆژانە و کارێکی ئاسایی، خۆ ئەگەر ئێمەش بەر ئەو تەوژمی ئاگرە بکەوتینایە، بە دڵنیاییەوە دوای چەند مانگێک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەواڵی لەدەستدانی ئێمەش دەگەیشتە یەکێتی. جار جار لەناو خۆماندا گلەیی و گازندەمان دەکرد، بەڵام ئێمە لە دۆخی خراپی بێپارەیی ڕاهاتبووین؛ پشوودرێژ بووین و هەرگیز نەمانهێشت بەرپرسە فەڵەستینییەکان بە کێشەیەکی لەو جۆرەی ئێمە بزانن. دانمان بە خۆماندا گرت تا خولەکەمان تەواو بوو. پێڵاوەکانی کاک سەلاح چاوشین دران و کەڵکی لەپێکردنیان نەما، بۆیە بەناچاری نەعلی لەپێ کرد؛ کە لێشیان دەپرسی، "هەڤاڵ بۆ پێڵاو لە پێ ناکەی؟" دەیگوت، "ناتوانم، چوونکە پەنجەکانم برینداران." ئیتر ئاوا مەجالی موناقەشەی بۆ نەدەهێشتنەوە.

فەڵەستینییەکان لە خواردن و ئازووقەدا دریغییان لێ نەدەکردین؛ ڕۆژانە چیمان بویستایە لە سەوزە و گۆشت و خواردنی ڕۆژانەی هەر سێ ژەم بۆیان دابین دەکردین، بەڵام بە هیچ جۆرێک داوای پارە و هاوکاریی مادیمان لێ نەدەکردن.

چەند جارێک بردیانین بۆ بەیرووت. زۆربەی گەڕەکانی بەیرووت شەڕ و پشێوییان تێدا بوو، بەڵام شەقامی حەمرا زۆر ئاوەدان و ئارام و دوور لە ئاژاوە بوو؛ هە دەتگوت وڵاتێکی ترە. حەمرا شەقامێکی سەرەکیی بەیرووت بوو، لە خۆرئاواوە درێژ دەبێتەوە و ناوەڕاستی شار و ناوچەی سەرەکیی بەیرووت پێکەوە دەبەستێتەوە. زۆربەی شوێنە گەشتیاری و ناوەندە ئابووری و دیپلۆماسییەکانی وڵاتەکە لەوێن. جۆرەها گازینۆ و قاوەخانەی لێیە، ژمارەیەکی زۆر لە باڵەخانە ناودارەکانی شانۆی لوبنان لەوێن، بەردەوام شوێنی چالاکیی هزریی وڵاتەکە بووە. ئەم ناوچەیە ئازادترین شوێنی لوبنانە لەڕووی فرەیی و زۆریی بیروباوەڕ و ئایین و مەزهەبەکانەوە. خەڵکی بەیرووت تێکەڵەیەکن لە مەسیحی، شیعە، سوننە و دوورزییەکان. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام کەنیسە و مزگەوت و سەماخانەکان و باڕ و شوێنە گەشتیارییەکان لە زۆر جێگەدا بەتەنیشتی یەکەوە بوون و ژیانیش زۆر ئاسایی تێ دەپەڕی.

لە دەوروبەری کۆتاییی خولەکەدا بۆ هەر یەکەمان هەویە و ڕەگەزنامە و پاسپۆرتی لوبنانیان بە ناوی خوازراوەوە بۆ دەرهێناین؛ ئیتر دەمانتوانی بەئاسانی وەک هاوڵاتییەکی لوبنانی هاتوچۆی هەر شوێنێک بکەین. لەو بەڵگەنامانەدا من ناوم 'فادی' بوو، دانیشتووی شاری بەیرووتیش بووم.

وەک باسم کرد، زۆربەی بارەگا سەربازییەکانیان لەناو باخ و مەزرەعەی گەورەی میوەدا بوون، جۆرەها درەختی میوە لەدەوروپشتمان بوون. مۆز، سێو، پرتەقاڵ، لیمۆ، ترێ، لالەنگی، هەنار و هەرچی جۆری میوەی تر. هەرجارەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکێکمان دەچوو بۆ لێکردنەوەی میوەکان. هەر کەس بچووایە، چەند جۆرێکی دەهێنا. بردەرێکمان هەر میوەیەکی ببینیایە و بییان هێنایە دەیگوت، "بەڕاستی من لە میوەدا ڕێک حەزم لەم جۆرەیە." کاک سەلاح چاوشین سەرنجی ئەم قسەیەی دابوو، ڕۆژێکیان میوەیان هێنا، برادەرەکەمان گوتی، "ئای، بەخوا چاک بوو، حەزم لەمەیانە!" ئیتر کاک سەلاح بۆ خۆشکردنی مەجلیسەکە گوتی، " کاکە پرسیارێکت لێ بکەم، عاجز نابی؟" ئەویش دەیزانی کاک سەلاح هەمیشە گۆبەنێکی لەژێر سەردایە، کەمێک سەیریی کرد و پاشان بەنابەدڵی گوتی، "فەرموو!" کاک سەلاحیش بێ وەستان لێی پرسی، "بێزەحمەت دەتوانی پێمام بڵێی تۆ ڕقت لە چ میوەیەکە؟" گوتی، "بۆچی وا دەڵێی؟" کاک سەلاحیش هاوڕێیانە پێی گوت، " هەرچی میوە دێنن، تۆ دەڵێی حەزم لەمەیانە، ئێ گوتم بەڵکوو ڕقت لە یەکێکیان بێ." هەموو دامانە قاقای پێکەنین. خۆ ئێمە هەمووان بە قسە خۆشەکانی کاک سەلاح دڵخۆش دەبووین و کەسمان قسەی ئەومان بە خراپ وەرنەدەگرت.

کاک حامیدی حاجی غالی حەزی زۆری لە پرتەقاڵ بوو؛ بەردەوام بە دەست دەیکرد بە دوو کەرتەوە؛ مەگەر چەقۆ وا بە ڕێکی دووڵەتی بکردایە. پاکی نەدەکرد، تەنها شەربەتی ناو پرتەقاڵەکەی دەخوارد و ئەوی تری فڕێ دەدا. تەواو شارەزا ببوو لە خواردنیدا. دەیگوت پرتەقاڵ ئاوا دەخورێت. خۆ ئەو میوانە نەشخورانایە، هەڵدەوەرینە بنی دارەکان و دەڕزین. خاوەن باخەکان ڕۆیشتبوون و بەری میوەکان کەمتر لێ دەکرانەوە. جار جار باخەوانێک دەهات و تۆزێک خزمەتی باخەکەی دەکرد. بەهۆی زۆر خواردنی پرتەقاڵەوە بەو شێوەیە برینێک لە لێوەکانی کاک حامید هات و ئیتر نەیتوانی تا ماوەیەک پرتەقاڵ بخوات. دواتر چارەسەری وەرگرت.

***

لە ماوەی خولەکەدا زۆر شار و ناوچەی باشووری لوبنان گەڕاین و گەلێک سەربازگەمان بینی، بەتایبەت ئەوانەی بەرەی دیموکراتی بۆ ئازادکردنی فەلەستین. دۆستایەتیمان لەگەڵ زۆربەی فەرماندە و تێکۆشەرە فەلەستینییەکاندا درووست کردبوو؛ ئەوان زۆر هاوسۆزی کێشەی کورد و مافەکانی بوون و بە لایانەوە سەیر بوو کە ئێمە لە کوردستان کێشەی کەمیی چەک و تەقەمەنیمان هەیە. لای ئێمە خەڵک زۆر بوون ئامادەی چەکهەڵگرتن بوون و چەک نەبوو، لای ئەوان هەموو تونێلەکانیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جۆرەها چەکی تێدا دانرابوو، بەڵام خەڵک نەبوو بیکەنە فیدایی و چەکی بدەنێ. ئاخر نیوەی دنیا هاوکاری ئەوان بوو؛ چەک و پێداویستییان بۆ دابین دەکرا و کێشەی گەورەیان بێنیشتیمانی و ئاوارەبوونیان بوو. ئێمەش تاکە سەرچاوەمان بۆ پەیداکردنی چەک دوژمن بوو! لە شەڕ و هێرشەکانی پێشمەرگە بۆ سەریان وەک دەستکەوتی شەڕ دەستمان دەکەوتن، یان قاچاخچیمان دەکڕین، کە ئەوانیش هەر لە بەرپرسەکانی بەعس بۆیان دەیانکڕین و ئێمەش شەڕی خۆیانمان پێ دەکردەوە. فەڵەستینییەکان حەزیان دەکرد چەک و پێویستیمان بۆ بنێرن و خۆیان بێنە کوردستان بۆ کردنەوەی سەربازگەی ڕاهێنان. شارەزا و پسپۆڕی زانست و هونەرە سەربازییەکان بوون، بە ژمارەی زۆر ڕەوانەی یەکێتیی سۆڤێت دەکران بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانیاری؛ هەموو جۆرە خولێکیان بۆ دەکرایەوە؛ تێیاندا بوو پێی خۆش بوو لەگەڵماندا ببێتە پێشمەرگە، بەڵام ئێمە، جوگرافیا و دەوروبەر وەک تەوقی ئەبەدی جووڵەی پشتیوانیی لێ بڕیبوون.

***

هەر لە سەرەتای خولەکەوە هەوڵی زۆرم دەدا تا ئەوەی دەیخوێنین و فێرمان دەکەن بەباشی وەری بگرم و زۆرترین سوود بەرمەوە بۆ پێشمەرگە. لە کاتی پشوودا، ئەوەی دەمانخوێند لەسەر مەلزەمەکان بەباشی پێیدا دەچوومەوە تا بەباشی تێیان بگەم، گەر ناڕوونییەکیش لە هەر بابەتێکدا هەبووایە، لە کاتی تردا داوام لە مامۆستا و ئامری کەتیبە دەکرد ڕوونکردنەوەی زیاترم بدەنێ. وانەکان بە عەرەبی بوون، بەڵام کێشەی تێگەیشتنم نەبوو. گەر وشەیەکم نەزانیایە، لای خۆم تۆمارم دەکرد و دواتر لە ئەنوەر حەسەنم دەپرسی، بەوە چارەسەر دەبوو. هەوڵم دەدا هەرچی مامۆستا و شارەزاکان پێیان دەگوتین وەک تێبینی لای خۆم بینووسمەوە تا هەرگیز لەیادم نەچێتەوە. چەند جارێکیش داوایناملیکە و هەر شتێکم کرد کە زانیاریی پێویستی لەسەر بابەتەکانی ئێمە تێدا بێت، ئەوانیش بۆیان دابین کردین.

باسی هەیکەلی مەفرەزە و جووڵەی کاتی شەڕ و چالاکی لە چوارچێوەی کەرتەکانی خۆمانمان بۆ کردن. لە باسی ڕۆڵی فەرماندەی مەفرەزە یان کەرت و باڵاتر لە کاتی شەڕدا، پێمان گوتن کە فەرماندەکان لە ڕیزی پێشەوە و هەمیشە لەدەستەی هێرشبردندان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

با کەمێک بۆ خوێنەری ڕوون بکەمەوە: لە یەکەی پێشمەرگایەتیدا، دەستە بچووکترین یەکەی پەیکەری سەربازییە؛ لە سێ بۆ پێنج پێشمەرگە پێک دێت. دوای ئەویش مەفرەزە دێت کە بە فەرماندەکەیانەوە دەگەنە دە پێشمەرگە کەمتر یان زیاتر بە پێی ئەرک و جوگرافیای ناوچەکە و چەکەکانیان جۆراوجۆرن. کەرت لە سێ مەفرەزە پێک دێت و ژمارەیان لە بیست بۆ سی پێشمەرگە دەبێت بەڵام مەرج نییە ئەو ژمارە مەوجود بێت. زۆر جار ژمارەی مەفرەزەکان بەپێی جوگرافیای ناوچەکە دەگۆڕێت؛ جار هەبووە سێ پێشمەرگە یان پێنج پێشمەرگە بۆ کارێک پێویست بووە. لەسەرەتادا، یاریدەدەری پزیشکی لەناو پێشمەرگەدا زۆر کەم بوو بەڵام دوای ساڵی هەشتاکان ژمارەکە تا ڕادەیەک زیادی کرد هەر ئەوەش وای کردبوو زۆربەی مەفرەزە و کەرتەکەکان برینپێچ یان پزیشکیان لەگەڵدا بوو.

مەفرەزە یان کەرتێک کە کەمین بۆ دوژمن دادەنێت، بۆ نموونە لەسەر ڕێگەیەکی هاتووچۆ، فەرماندەکە شوێنێکی گونجاو هەڵدەبژێرێت و کاتێک دوژمن کەوتە بازنەی کەمینەکەوە، زۆرترین زیانی لێ دەدرێت و کارەکە وا پلانی بۆ دادەنرێت دەرفەتی دەربازبوونیان سفر بێت. مەفرەزەکە بەسەر سێ گرووپدا دەبەش دەبن: گرووپی یەکەم لە خاڵی یەکەمی گەیشتنی هێزی دوژمن دەبێت. چاودێر دەبن تا هێز دەگاتە جێ. تا فەرماندەکە فەرمانیان پێ نەکات، هیچ کارێک دژی دوژمن ئەنجام نادەن. گرووپی دووەم، کە زۆربەی فەرماندەکانی یەکێتی خۆیان لەم گرووپەدا دەبوون، ئاگادری تەواوی هەر دوو گرووپی یەکەم و سێیەمیشە. لە ناوەڕاستدایە و تەواوی هێزەکە لەژێر چاودێری و فەرمانی خۆیدایە، ئیتر بەم شێوەیە دوژمن زیانی قورسی بەردەکەوت. هەر چەکدارێکی دوژمن لە گرووپی دووەم دەربازی دەبێت، دەکەوێتە بۆسەی گرووپی سێیەمەوە زۆری کەمینی ئێمە بەو شێوەیە بووە.

لە ناوشاریش چەندین جار کەمینی لەو جۆرەمان بۆ دوژمن داناوە بەڵام تۆزێک جیاوازتر بووە کەمترین دوژمن دەربازیان بووە. بۆ ئامانجی نەجووڵاو، وەک ڕەبایە و مەعەسکەر بە جۆرێکی ترە، لای ئێمەو لە چالاکی پێشمەرگانەدا سەدا نەوەتی فەرماندەکان بە بەردەوامیی لە سەنگەری یەکەم و لە دەستەی پێشەوەی پەلامار و هێرشبردندان، هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکیی شەهیدبوون

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و برینداربوونی زۆری فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە. لەو قۆناغانەدا سەرباری ئەو زیانە گیانییە زۆرەی بەر سەرکردە و فەرماندەکان دەکەوت، بەڵام ئەم داهێنانە فیداکارییە بۆ ئەو قۆناغە بۆ خۆی هاندان و حەماسییەتی فیداکاری و نەبەزی و قارەمانێتیی بێسنووری بە پێشمەرگەکان دەبەخشی. لە هەر جێیەک فەرماندەکان بەم پێوەر و بنەمایانە جووڵابێتنەوە، پێشمەرگەکان هەر یەک بۆخۆیان بوونەتە ئەو جەنگاوەرەی لە مەیدانی شەڕدا دوژمن خۆی لەبەر هەڵمەتی شێرانەیدا ڕانەدەگرت.

فەرماندە و شارەزایانی سەربازیی فەڵەستینییەکان ئەوەیان بە لاوە ڕاست نەبوو کە فەرماندەکانی پێشمەرگە لە دەستەی هێرشدا بن؛ دەیانگوت ئەمە لەگەڵ هونەری سەرکردایەتی و تاکتیک و یاسای جەنگدا ناگونجێت. دواتر فەرماندەکەش دەبێتە پێشمەرگەیەکی ئازا، بەڵام کۆمەڵە و یەکێتی زیاتر بەم بەها بەنرخ و بەرزانەی گیانبەخشین ئەندامەکانیان پەروەردە دەکرد، ئیتر بشبوو بە ڕەفتارێک کە فەرماندە دەبێت وا هەڵسوکەوت بکات، هەر وەک خالە شەهاب کە بەر چوونەبەر پەتی سێدارە بە هاوڕێکانی گوتبوو، "بە حوکمی لێپرسراوێتیم، دەبێ پێش ئێوە پەتی سێدارە لە مل بکەم."

ئێمە خۆشمان دەمانزانی کە نابێت فەرماندەی سەربازی ڕۆڵی پێشمەرگەیەکی ئازا ببینێت، دەبێت سەرپەرشتی و سەرکردایەتیی شەڕەکان بکات و ئاگای لە جووڵەی پێشمەرگەکان بێت و دۆخەکە و کۆی وێنەی شەڕەکە هەڵبسەنگێنێت، هەروەها بتوانێت لە هەر ساتێکدا بڕیاری پێویست لە مەیداندا بدات، بەڵام تایبەتمەندیی شۆڕش ئەوەی گۆڕیبوو. فەرماندەکان لە پێشەوەی هێزەکەیان بوون، بێگومان ئەمە لایەنی نەرێنیی هەبوو، بەڵام لایەنی زۆر باشیشی هەبوو چوونکە ببووە هۆی ئەوەی پێشمەرگەکان لە کێبڕکێدا بن بۆ فیداکاری و قارەمانێتی، ترس و دوودڵییان نەبێت، هەروەها ئەو خۆبەختکردنە فەرماندەکانی لای پێشمەرگە و جەماوەریش زۆر خۆشەویست کردبوو. هەر ئەو ئازایەتییەی بەشێکی زۆری فەرماندەکان بوو وای کردبوو لە دۆخە مەترسیدارەکاندا پێشمەرگە بۆ پاراستنی گیانی فەرماندەکەی خۆی بکاتە قەڵغان تا مەترسییەکەی لێ دوور بخاتەوە.

دەیان جار ڕووی داوە لە کاتی مەترسیدا ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپ یان کەرت یان ئەو مەفرەزەیەی لەگەڵمدا بوون خۆیان کردووە بە قەڵغانم و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پارێزگارییان لێ کردووم بۆ ئەوەی گەر فیشەکێک یان مەترسییەک هات، ئەوان ببەنە قوربانیی پاراستنی فەرماندەکەیان. بەدڵنیاییەوە ئەمە بۆ زۆربەی فەرماندە سەرەتاییەکان کراوە. ئەمە نموونەی قارەمانێتی و فیداکاریی پێشمەرگە بوو.

***

ورده ورده لە کۆتاییی خولی ڕاهێنان نزیک دەبووینەوە. زیاتر تینووی هەواڵی کوردستان بووین. گەرچی ماندوو کرابووین، بەڵام دڵخۆش بووین بەوەی بەسەرکەوتوویی هەموو قۆناغە ناخۆشەکانمان تێ پەڕاندبوو، ئەوەش هەم بە هاوکاریی زۆری مامۆستا و پسپۆڕە سەربازییەکان، هەم بە پشوودرێژیی خۆشمان.

فەرماندە فەڵەستینییەکان پێیان ناخۆش بوو ئیتر دەگەڕاینەوە. ماوەی ئەو چەند مانگەی کە لەگەڵیاندا بووین هیچ جۆرە کێشە و ناخۆشییەک یان کەموکوورییەک ڕووی نەدا، هیچ ڕەخنەیەک ڕووبەڕوومان نەکرایەوە. لە هەموو جێگەیەکدا خۆمان دەگونجاند، بۆ هەر شوێنێکیان دەناردین، دەچووین، چییان بگوتایە، جێبەجێمان دەکرد. زۆر دڵیان پێمان خۆشبوو. لە پۆلی وانەخوێندن و مەیدانی عەمەلییشدا ڕێزی زۆریان لێ دەگرتین. دەیانزانی سوودی زۆرمان لە ماندووبوون و زەحمەتی ئەوان وەرگرتووە. زانیاریی زۆر باشی سەربازییان بە ئێمە گەیاند، وەک فیدائیی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین و پەیوەست بووین بە هەموو یاسا و ڕێساکانیانەوە. زۆرتر ڕێزمان بۆ مامۆستا و ئامری کەتیبەکە و فەرماندەکانیان نیشان دەدا و بێ پرسی ئەوان، هیچ هاتوچۆ و دابەزین و جووڵەیەکمان نەدەکرد. بەو ماوەی مانەوەیەمان لە شوێنە جیاوازەکاندا دەتوانم بڵێم نموونەیەکی جوانی کوردستانیمان پیشانی هەموویان دا. فەڵەستینییەکان زۆر دڵسۆزانە پارێزگارییان لێ دەکردین، شوێنی مانەوەمانیان بە نهێنی دەهێشتەوە.

لە گەڕانەوەماندا بۆ بەیرووت، کەوتینە ناو شەڕی نێوان بزووتنەوەی ئەمەل و گرووپێکی فەڵەستینییەکانەوە. ببوو بە تەقوتۆق و هەموو چەکێک بەکار دەهات هەرایەک بوو هەر مەپرسە! سەدان فیشەک بەملاولاماندا گیزەیان دەکرد. زۆری نەمابوو دووچاری گرفت و ناخۆشیی ببین. بەپەلە ئەو فەڵەستینیانەی بەرپرسی گەیاندن و پاراستنمان بوون بۆ بەیرووت لە ناوچەکە دووریان خستینەوە و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بردیانین بۆ جێگەیەکی دیکە. نەمانزانی ئەو گرووپە فەڵەستینییە کامەیانە، بەڵام بزووتنەوەی ئەمەل پارتێکی سیاسیی لوبنانی شیعەی بەهێز بوو.

جارێکی تر بەیرووتمان بینیەوە. فەڵەستینییەکان، لە ترسی پەلامارە بەردەوامەکانی سوپای ئیسرائیل، بنکە و بارەگاکانیان لەڕادەبەدەر قایم کردبوو. باسیان لە کردەیەکی سەربازی تازەی ئیسرائیلییەکان کرد کە چۆن چوونەتە ناو بینایەکی فەرماندەیی فەڵەستینییەکان و چەند کادر و فیدایی جەبهەی دیموکراتیان شەهید کردووە و ویرانەیەکیان دوای خۆیان جێ هێشتووە.

فەڵەستینییەکان پێیان ڕاگەیاندین کە برادەرەکانمان لە دیمەشقەوە دەیانویست بێنە سەردانمان، ئێمەش گوتمان زۆرمان پێ خۆش بوو، گەرچی سەرەتا کەمێک دوودڵ بووین لە بینینیان. ئاخر ئەوە چەند مانگ بوو ئێمە لەوێ بووین و لەناو ئەو هەموو شەڕ و ئاگرەدا ڕاهێنانمان دەکرد، هەر هەفتەیەی بۆ مەعەسکەر و ناوچەیەکی جیاواز دەنێردراین بۆ باشووری لوبنان کە بۆ خۆی مەیدانی شەڕێکی گەورەی بەردەوام بوو، کەچی ئەوان هەواڵێکیان نەپرسیبووین. حاڵی گیرفانیشمان هێندە خراپ بوو بە گیرفانی هەموو برادەران نەماندەتوانی جووتێک پێڵاو بۆ کاک سەلاح چاوشین بکڕین. من خۆم لە دەورەکە، تا تووشی تەواو گیرفانبەتاڵی نەبم، وازم لە جگەرە هێنا. تەنیا ئەو دوو سەد دولارەم پێ بوو کە لە سەرکردایەتی وەرم گرتبوو؛ نیوەشیم بە قەرز دابوو بە یەکێک لە برادەران، دوای ئەوەی گفتوگۆی زۆرمان لەنێوان خۆماندا کرد، بڕیارمان دا باشترە بیانبینین و گلەیی خۆمانیان لێ بکەین.

ئەو برادەرانەی هاتبوون بۆ بینینمان کاک دکتۆر فوئاد و کاک دارۆی شێخ نوری و هەڤاڵ خەجۆ بوون. برادەران ڕەخنەی زۆریان هەبوو، بە دڵی خۆمان ڕەخنەی هەڤاڵانەمان لێ گرتن و ئەوانیش بە دڵی گەورە و هاوڕێیانەوە ڕەخنەکانیان وەرگرت و هیچیان نەیانگوت وا نییە و هەقیان پێ داین. هەندێ پارەشیان داینێ و ئیتر توانیمان بچینە بازاڕی بەیرووت. من خەجۆم لە نزیکەوە دەناسی؛ پێشتر لە ناوزەنگ لە مقەڕی کاک نەوشیروان دەمایەوە و سکرتێری پارتی ئاڵای ڕزگاری باکووری کوردستان بوو. ئەو کات ئەو ڕێکخراوە خاوەن هێزی چەکدار بوو؛ مقەڕێکیان لە شێنێ هەبوو؛ پێشمەرگەکانیشیان لە سەد پێشمەرگە زیاتر دەبوون. جگە لەوە، لە شوێن و جێگەی تریش مەفرەزەیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەبوو. ئیتر زۆریان خەجۆیان نەدەناسی بۆیە بەساردی مەرحەبایان کرد، گەرچی ئەو تەنیا بەخۆشی و خۆشەیستیی ئێمەوە هاتبووە بەیرووت. سەرەتا هەندێک دڵگران بوو، بەڵام دواتر قسەی کرد و خۆی بۆ برادەران ئاشکرا کرد. بەهێمنی و بە ڕووحێکی هەڤاڵانەوە وەڵامی داینەوە و گوتی، "هەر گلەیەکتان هەبێ، هەقی خۆتانە." هەڤاڵان داوای لێبوردنیان لێ کرد و ئیتر هەتا کۆتاییی دانیشتنەکە هەر پێکەنینی دەهات.

نزیک بە گەڕانەوەمان بوو بۆ دیمەشق. لە بەیرووت، فەڵەستینییەکان بۆ هەندێک شوێنیان بردین، یەکێکیان کۆگاییەکی فرۆشتنی چەک بوو لە ناوچەگەی بەیرووتدا. جۆرەها چەکی لێ بوو بۆ فرۆشتن، هەر لە چەکی قورس و چەکی سووک و چەندین جۆری دەمانچەوە. بە نرخێکی زۆر هەرزانیش لە چاو لای خۆمان. خاوەنی کۆگاکە گوتی، "هەر جۆرێکی تری چەکتان بوێ، بۆتان پەیدا دەکەم." ئەو ڕۆژە کە چووین و ئەو چەکە جۆراوجۆرو باشانەمان بینی و نەشماندەتوانی بیانکڕین و بیانهێنینەوە بۆ کوردستان، خەفەت دایگرتین. دڵتەنگ بووین بەوەی کورد و جووڵانەوە چەکدارییەکەی لە جوگرافیایەکی هێندە خراپ و بە جۆرێک گەمارۆ دراوین تەنانەت ناتوانین بە دڵی خۆمان چەکی پێویست بۆ بەرگریکردن لە نیشتیمان و میللەتەکەمان و خۆمان لەم بازارە ئازادەدا بکڕین. بە خاوەنی کۆگاکەمان گوت، "دابینکردن شتێکە و گەیاندنی بۆ دەستی پێشمەرگە لە کوردستان شتێکی ترە." بە کۆڵێک خەفەتەوە شوێنەکەمان جێ هێشت.

ئیسرائیلییەکان لەناو بەیرووتیشدا چالاکیی سەربازی و هەواڵگرییان دژ بە سەرکردە و فەرماندەی ڕێکخراوە جیاجیاکانی فەڵەستین ئەنجام دەدا. فەڵەتستینییەکان ترسی تەواویان لە ئیسرائیلییەکان هەبوو. ئەوەیان نەدەشاردەوە. بەشێوەیەکی بەردەوام لە ئامادەباشیدا بوون و ڕێوشوێنی توندی خۆپاراستنیان پێڕەو دەکرد. زۆربەی سەرکردە و کادرە دیارەکانیان شوێن و جێگەیان تەواو نهێنی بوو. لە کۆتاییدا، بە سوپاس و دەسخۆشیی زۆرەوە لێیان بۆ هەموو ئەو ماوەیەی پێمانەوە ماندوو بوون و لایان مابووینەوە ماڵاواییمان لێ کردن.

سەیارە ئامادە کرابوو. بە دوو سەیارە بەرەو دیمەشق بەڕێ کەوتین. دڵخۆش و ئاسوودە هەستمان دەکرد لەو کارەی یەکێتی ئێمەی بۆ ناردبوو سەرکەوتوو بووین و سوودی زۆرمان لەو دەرفەتە وەرگرتبوو. ئێستا دەمانتوانی بەو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەزموونـە پێشـمەرگەی كوردسـتان پـەروەردە بكەیـن. خـۆم زۆربـەی وێنـە و نووسـراو و مەلزەمەكانـم لەگـەڵ خـۆم هێنابوو تـا بتوانیـن گـەر خولێكی ڕاهێنانمـان بـۆ پێشـمەرگە كـردەوە، سـوودیان لـێ وەربگریـن.

گەیشـتینە دیمەشـق. بـرادەران سـەرەتا بردیانینـە ئوتێـل، هەندێـك پارەشـیان بـۆ ئوتێـل و خەرجـی پـێ دایـن. چەنـد ڕۆژێـك لـەو ئوتێلـە ماینـەوە. خەرجـی گران بوو؛ دیاریش نەبوو كـەی پاسـپۆرت یـان شـتێكمان بۆ گەڕانـەوە بـۆ تـاران دەدەنـێ و لەوێـوە بـۆ كوردسـتان دەگەڕێینـەوە.

دواتـر خانوویەكـی چوارژووریـان بـۆ گرتیـن. خۆمـان خواردنمـان درووسـت دەكرد. هـەر ژوورەی سـێ تەختی نووسـتنی تێدا بوو. لەگـەڵ مامۆسـتا ئەنوەر و كاك سـەلاح چاوشـین پێكـەوە لـە ژوورێكـدا بوویـن، تـا ڕادەیەكـی زۆر ماڵەكـە بـۆ ئێمـە باشـتر بـوو؛ ژیانـی ئاسـان و خەرجیی كەمتر. كاك سـەلاح چاوشـین دنیایـەك بـوو لـە وەفـاداری بـۆ هاوڕێكانـی. بەتەنیـا خـۆی فەرهەنگێكـی گـەورەی پـڕ لـە قسـەی خـۆش و بەسـەرهات و سـەرگوزەشـتە و قسـەی نەسـتەق و شـیعر بـوو، دەنگیشـی خـۆش بـوو؛ زۆر جـار گۆرانییەكانـی (ڕەشـۆل)ی وەك خـۆی دەچـڕی و تـا درەنگانـی شـەو درێـژەی پـێ دەدا. مامۆسـتا ئەنـوەر حـەزی دەكـرد شـەو زوو بخەوێـت، بۆیـە بـە كاك سـەلاحی دەگـوت، "تكایـە لەبـەر دەرودراوسـێ وازبێنـە و بخـەوە." ئەویـش دەیگـوت، "باشـە دەخـەوم، بـەلام تینوومـە، پەرداخـێ ئـاوم بـۆ بێنـن." مامۆسـتا ئەنـوەر یـان مـن ئاومـان بـۆ دەهێنـا. یـەك، دوو قومـی لـێ دەدا و وەك ئـەوەی لـە قورگـی گیرابێـت، هەمـووی دەهێنایـەوە و لەگـەڵ فـووی بەهێـزی خۆیـدا ئـاوەی بـە هەمـوو لایەكـدا دەپیرژانـد. بـە دڵـی خـۆی بەمەبەسـت هەنـدێ شـوێنی تـەڕ دەكـرد و پریشـكی زۆریـش بـۆ مـن دەهـات، ئیتـر سـەرجێگە پـاك بكـەرەوە و بیگـۆڕە و وشـكی بكـەرەوە و ئینجـا لـە كۆتاییـدا دەنووسـتین. بـۆ سـبەینێ مامۆسـتا ئەنـوەر گلەیـی زۆری لـە كاك سـەلاح دەكـرد كـە بۆچـی شـەوی ڕابـردوو كارێكـی وای كـردووە و نەیهێشـتووە بخەویـن؛ كاك سـەلاحیش نكوولیـی دەكرد و دەیگوت شتی وا نەبـووە، منیشـیان دەكردە شـایەتی ئیجبـاری و ئیلزامـی لەنێـوان دوو هـاوڕێی ژیـان و مەرگـدا. خـۆ كـە ڕاسـتیم دەگـوت و دەمگوت، "بەڵـێ، كاك سـەلاح وات كـردووە" ئـەو هەرگیـز نـە ڕووی گـرژ دەكـرد و نـە لێـم زویـر دەبـوو، دەیگـوت وا بـووە و ئیتـر كاری وا ناكاتـەوە. ئینجـا دەبـووە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێکەنین و گێڕانەوەی وردی شەوی ڕابردوو. بێگومان، کاک سەلاح بۆ خۆشی و شەو بەڕێکردن وای دەکرد و شەوەکەی دەکردە شەوێکی لەیادنەچوو. ئای لەو سەردەمە! بناغە و بەهاکانی هاوڕێیەتی ئەوەندە پتەو بوون، نەک ڕەخنە لەیەکترگرتن، بەڵکوو بوومەلەرزەش نەیدەلەرزاندن و نەیدەشێواندن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێزەکانی ڕەفعەت ئەسەد

دیمەشق هەتا بڵێی شارێکی دڵگیرە، ئاووهەوایەکی سازگاری هەیە. یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی جیهان و مێژووەکەی زۆر دەوڵەمەندە. ژمارەیەکی زۆر کورد لەم شارە دەژین، گەڕەکێکیشیان هەیە ناوی 'گەڕەکی کوردان'ە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٩٠٠ ساڵ لەمەوبەر. زۆر زەحمەتە ڕۆژێک بە دیمەشقدا تێ بپەڕیت و لای کەم چەند کەسێکی کورد نەبینیت. زۆربەیان لە شار و شارۆچکەکانی ناوچە کوردییەکانەوە ڕوویان کردۆتە دیمەشق و لە گەڕەکی کوردەکاندا نیشتەجێ بوون. کورد لە سووریا لەژێر باری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی بەعسییەکاندا بوو تا کەوتنی ڕژێمەکە لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٢٤دا. ئەرز و ئاو و ماڵی کوردەکان لە ناوچەکانی خۆیان داگیر دەکران و عەرەبیان تێدا نیشتەجێ دەکرا. گەلێک پیاوی گەورەی کورد لەم شارە ژیاون، دیارترینیان (جگەرخوێن)ی شاعیرە، کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا شیعرەکانی دەخوێندران و زۆربەمان چەند دێڕێک لە هۆنراوە ناودارەکەیمان بیر ماوە: "شام شەکرە/ وڵات شیرینترە." سیاسەتمەداری ناوداری کورد (عیسمەت شەریف وانلی)یش هەر لە گەڕەکی کوردەکانی دیمەشق ژیاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کورد لێرە هیچ جۆرە مافێکی نەبوو بەتەواوەتی پشتگوێ خرابوو؛ هیچ جۆرە بەڵگەنامەیەکی فەرمییان بۆ نەدەکرد. لێرە کەس ناوی کورد نابات و لە گوتاری سیاسیی فەرمیی دەوڵەتدا وشەی 'کورد' بە هیچ جۆرێک بەکار ناهێنرێت، تەنانەت کوردەکان ناتوانن لە قوتابخانە بخوێنن. کورد بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕۆژئاوا بژی، دەبێت لە شوناس و بەڵگەنامە فەرمییەکاندا بە عەرەب بنووسرێت، ئینجا ئەگەر عەرەبێکی شیعەی عەلەویی بێت ئەوە زۆر باشترە. هەر ئەو زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە بێسنوورە بوو وای کردبوو گەنجی کورد

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەدوای سەنگەرێکەوە بن بۆ سەلماندنی کوردبوونی خۆیان و بە زۆری دەچوونە ناو (پارتی کرێکارانی کوردستان)ەوە.

ئەم شارە پڕە لە چێشتخانەی بەناوبانگ و گازینۆی خۆش و خواردن و خواردنەوەی زۆر تایبەت؛ خەڵکەکەشی زۆر بەخزمەتن. بە هەر لایەکدا دەڕۆیت، بینا و باڵاخانەی دێرین و کەلەپووریی لێیە. ژمارەیەکی زۆری سوڵتان و پادشاکانی سەردەمانی ڕابردوو لەم شارە ژیاون.

ئەو ماوەیەی لەوێ ماینەوە دیاردەیەکی زۆر سەیرمان بینی. لەناکاو بەتایبەتی ڕۆژانی هەینی، ئەو شارە هێمن و پڕ لە جموجۆڵ و ڕەنگاوڕەنگە سیمای دەگۆڕا، دەبوو بە سەربازخانەیەکی ترسناک، شار پڕ دەبوو لە سەرباز و ئۆتۆمۆبێلی سەربازی و ترس و تۆقاندن. پرسیارمان کرد ئەوانە کێ بوون. بۆیان ڕوون کردینەوە کە هێزەکانی (سەرایای دیفاع- هێزەکانی بەرگری)ن و تایبەتن بە (ڕەفعەت ئەسەد)ی برا بچووکی (حافز ئەسەد)ی فەرمانڕەوای سووریا.

ئەوکاتە حافز ئەسەد مابوو، وڵاتەکەی بە دەستی ئاسنین بەڕێوە دەبرد، لەوێش حیزبی بەعس فەرمانڕەوا بوو، هەر ئەساڵەن حیزبی بەعس سەرەتا لە سووریا دامەزرێنراوە، بەڵام ناکۆکیی زۆری لەگەڵ سەدام و حیزبی بەعسی عێراقدا هەیە، تەنیا لەسەر دەسەڵاتیش. وەک دەڵێن دوژمنی دوژمنم دۆستمە. بەهۆی ئەو ناکۆکییانەوە، حافز ئەسەد زۆر یارمەتی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستانی دەدا.

لەو کاتەدا، سەرایای دیفاع هێزێکی نیمچەنیزامی بوون و ئەرکی سەرشانیان پاراستنی حکومەتەکەی ئەسەد و دیمەشقی پایتەخت بوو لە هەر هێرشێکی دەرەکی و ناوخۆیی. تا ڕادەیەکی زۆر هەمان پێکهاتەی گاردی کۆماریی عێراقیان هەبوو. چەند ساڵێک دواتر، بەدیاریکراوی لە ساڵی ١٩٨٤دا، ئەم هێزە لە سوپای سووریادا جێگەی کرایەوە و ناوی 'فیرقەی چوارەم' و 'گاردی کۆماری' پێ درا و لە پێنج فەوجی تایبەتدا ڕێک خرا. هەر لەو ساڵەدا، ڕەفعەت نێوانی لەگەڵ حافزی برا گەورەیدا تێک چوو، دوای چواردە ساڵ لە وەحشیگەریی و تۆقاندنی هاوڵاتییان و ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، ڕەفعەت نەفی کرا و ڕووی کردە ئیسپانیا.

ڕەفعەت ئەسەد پێشتر لە ساڵی ١٩٦٣دا چووبووە ناو دامەزراوەی سەربازییەوە و پشتیوانیی لە کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٦ کردبوو، کە تێیدا کاکی ببووە وەزیری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرگری و دوای چوارساڵ بە ناوی ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی حوکمڕانی، حافز ئەسەد بووە فەرمانڕەوای ڕەهای وڵاتەکە.

کاتێک هێزەکانی ڕەفعەت ئەسەد دادەبەزینە سەر شەقامەکانی دیمەشق، وەک شەپۆلی کوللە هەموو کون و قوژبنێکیان داگیر دەکرد و بە چەکە ڕووسییە پێشکەوتووەکانیانەوە دەهاتە ناوشار و بە شەقامەکاندا بە قەرەباڵغی دەڕۆیشتن. خەڵک هەمووی سرتەیان لە خۆیان دەبڕی و کەس نەیدەوێرا سەیری چاویان بکات. جگە لە سەربازی پیاو، ژمارەیەکی زۆر ژنیشیان لەگەڵدا بوو. زۆربەی زۆریان گەنجی مەشقپێکراو بوون و یەک بەیەک چاویان دەخستە سەر چاوی زۆربەی خەڵکی سەر شەقامەکان. ئیتر خەڵکی ڕاڕەوی شار بە خاوەن دووکان و کۆگانەی فرۆشتنەوە ڕووحیان تێدا نەدەما. دۆخەکە وەک گرتەیەکی سینەمایی لێ دەهات. ئەم هێزە هەر لەخۆیەوە بەهانەی بە خەڵک دەگرت، سووکایەتیی پێ دەکردن و کەسیش نەیدەوێرا فزە بکات. هەرکەسیان بەدڵ نەبووایە، دایاندەپاچی.

عەسرێکی هەینیی زۆربەی خەڵک لەدەرەوە و لەسەر شەقامەکان بوون، ئێمەش بە (شەقامی ساڵحییە)دا پیاسەمان دەکرد. ئەم شەقامە لە گۆڕەپانی (یوسف عەزمە)وە درێژ دەبێتەوە بەرەو خوار دەڕوات. پەرلەمانی وڵاتەکە لەو شەقامەدایە. شەقامەکە پڕیەتی لە سینەما و کۆگا و دووکانی دڵگیر، شەقامێکی کەلەپووریی دێرینە و دەڵێن مەئموونی خەلیفەی عەباسی ماوەیەک لێرە ژیاوە. شەقامەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، ژمارەیەکی زۆری ئەم هێزە بە شێوەیەکی ناسرووشتی بۆ چاوترساندنی خەڵک لەسەر شۆستەی شەقامەکە بوون. ئێمە دوو دوو بەیەکەوە بەسەر شۆستەکەدا دەڕۆیشتین. چەکدارانی ئەم هێزە بە ژمارەکی زۆر کچ و کوڕەوە پەلاماری یەکێک لە برادەرەکانی ئێمەیان دا و وەک شارە زەردەواڵە تێی وروکان. بە شەق و بۆکس تێی بەربوون و هەوڵیان دەدا بیخەنە سەر زەوی. ئەو زۆر بەهێز بوو؛ دەستی لێ کردنەوە و ئەوانیش بەوە هێندەی تر ئاگریان گرت. خۆ کەس نەیدەوێرا هەر سەیریان بکات، چ جای تێیان هەڵداتەوە. هەرچەندیان کرد بۆیان نەدرا بە زەویدا، ئێمەش چووینە پێشەوە و بە هەر حاڵێک بێت لە ژێر دەستیان دەرمان هێنا و گوتمان "ئێمە خەڵکی عێراقین و بۆ گەڕان هاتووین." بەڵام خۆ ئەوان گوێیان لە هیچ نەدەگرت. بکوژ و ببڕی شار و وڵاتەکە خۆیان بوون، مەرکەزێکی پۆلیس لەو نزیکانە بوو، چووینە ئەوێ بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سکالاکردن. هەر کە زانییان ئەو هێزە گێچەڵیان پێ کردووین، زەندەقیان چوو، نەیانوێرا هیچ بکەن. خێرا گوتیان کە ئەوان ئەو جۆرە کەیسانە وەرناگرن. بە ئێمەشیان گوت بێدەنگەی لێ بکەین باشترە، ئینجا تێگەیشتین کە بۆچی کاتێک ئەم هێزە لەناو دیمەشق بڵاو دەبنەوە، سەر شەقامەکان چۆڵ دەبن و خەڵکەکە بڵاوەی لێ دەکەن. چەند برادەرێک بڕیاریان دا لەوەبەدوا ڕۆژانی هەینی لە ژوورەوە بمێننەوە و نایەنە دەرەوە. هەر واشیان کرد، ئیتر ڕۆژانی جومعە هەر لە ئوتێل یان ماڵەکە دەمانەوە.

بەدبەختی بەرۆکی ڕەفعەت ئەسەدی گرتەوە. ساڵی ١٩٨٤ حافز ئەسەد نەخۆش دەکەوێت و پزیشکەکان دەڵێن زۆری لەژیاندا نەماوە، ڕەفعەتیش دەکەوێتە خۆی بۆ ئەوەی جێگەی بگرێتەوە، بەڵام لەناکاو ئەسەد زیندوو بۆوە و ئەوی لە وڵات وەدەرنا و خۆشی شەش ساڵی تر ژیا، تا دواجار لە ساڵی ٢٠٠٠دا جێگەکەی بۆ (بەشار)ی کوڕی چۆڵ کرد.

***

ئێمە هەروا ڕۆژانە خۆمان خەریک دەکرد و بە ناوشاردا پیاسەمان دەکرد و هەوڵمان دەدا ئەوەی لەگەڵ هێزەکانی ڕەفعەتدا ڕوویدا جارێکی دووبارە نەبێتەوە. حامید نەیتوانی قسەی خۆی بباتە سەر و لە ماڵەوە خۆی نەگرت، بەڵام لە هەر جێگەیەک هەستمان بکردایە ئەو هێزانە دابەزیون، ئێمەش وەک باقی خەڵکەکە خۆمان دەدزییەوە و لەو ناوە دوور دەکەوتینەوە.

ماڵی دکتۆر کاک خالید لەسەر شەقامی بەرزە بوو، گەڕەکەکەش هەر ناوی 'بەرزە' بوو. بەپێی زانیارییەکان، لە سەردەمی ڕۆمانییەکاندا دروست کراوە. کاک (شۆڕش)ی کوڕی شەهید دکتۆر دکتۆر خالید داوەتی کردین بۆ لای گۆماوی بەڕەدا، کە شوێنێکی دڵگیرو خۆش بوو. جگە لە گرووپەکەی ئێمە، کاک دارۆ و کاک شێخ شەماڵی باخ و کاک حەمە سەعیدە قەڵەو و کاک عەبدولڕەزاق کۆیی لەوێ بوون. نزیک بووین لە گۆماوەکەوە، ماوەیەک پشوومان دا و نانمان خوارد. خواردنێکی خۆش و شاهانەیان بۆ دروست کردبووین. باسی مەلەوانی کرا و کێ مەلە باش دەزانێت و دەتوانێت لەو گۆمە مەلە بکا. هەر ئەوەندە گوترا، کاک حەمە سەعید جلەکانی داکەند و خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە. وەرزەکەی تا ڕادەیەک سارد بوو؛ ئاوەکەش دیاربوو زۆر سارد بوو. کاک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حەمە سەعید بەخێرایی هاتە دەرەوە و گوتی، "کوڕینە! زۆر ساردە؛ خەریک بوو بمبەستێ. باشە بۆ کەسێک نەبوو دەستم بگرێ بڵێ مەکە."

چەند ڕۆژێک دوای ئەو سەردانە، کاک شازاد سائیب لە ناو دیمەشق داوەتی کردین بۆ چێشتخانەیەکی زۆر نایاب. کاتێک لیستی خواردنەکانیان هێنا و سەیرمان کرد، یەکێک لە وەجبەکان خواردنی بۆق بوو! ئەوە یەکەم جارم بوو من و هاوڕێکانم بۆق وەک خواردن لە لیستی چێشتخانەدا ببینین، نرخەکەشی لە چاو خواردنەکانی تردا گران بوو. ماوەیەک گفتوگۆمان لەبارەیەوە کرد، کاک شازاد ئاماژەی بەوە کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لەسەر کۆکردنەوەی ئەم بۆقانە دەژین و بۆقیش لە چێشتخانەکاندا داواکاریی لەسەرە.

کاک شازاد لە ڕووی سیاسی، دیبلۆماسی، یاسای نێودەوڵەتییەوە سەرکردەیەکی بەتوانا و بە مانای وشە ڕۆشنبیر بوو؛ پەیوەندیی فراوانی لەگەڵ سەرکردە دیارە فەڵەستینییەکان هەبوو، پێشمەرگەی زۆر خۆشدەویست و هەرچی بۆ بکردینایە، هەر دەیگوت "پێشمەرگە و فەرماندەکان زیاتریان قابیلە." کاری بەهاجوان و کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتییەکان دەکرد و پاراستبوونی، بێ سنوور ڕێزی لە ماندووبوونی هەموو تێکۆشەرەکانی کوردایەتی دەگرت، لە لووتکەی بەرزی وەفاداری دابوو، لە هەموو بوارەکانی کارکردنیشدا نموونەی بالای سەکردایەتیکردن بوو. کاک شازاد سەرنج و تێبینی و ڕەخنەی لەسەر هەر بابەتێک هەبووایە ڕووبەڕوو بە سەرکردە بالاکانی دەگوت. لە بەرگریکردن لە مافی میللەتەکەیدا، سەکردەیەکی سەرڕاست و ڕاستگۆ و نەترس بوو.

***

دوای یەک، دوو ڕۆژ لە هاتنی کاک عومەری سەید عەلی بە برینداری هێنراوەتە ئەوێ و تەندرووستیی تەواو نییە. برادەرانی خۆمان ڕایان وەرگرتین و گوتیان گەر بیهێننە لای ئێوە بۆ ئەو خانووەی بۆیان بەکرێ گرتبووین، ئایا دەتوانین خزمەتی بکەین؟ ئێمەش گوتمان بەڵێ و زۆریشمان پێ خۆش بوو خزمەتی هاوڕێیەکی خۆمان بکەین، کە لە شەڕی دژ بە داگیرکەری بەعسدا بریندار ببوو. کە کاک عومەر هاتە لامان، تەندرووستیی خراپ بوو؛ بە هۆی سەختیی برینەکەیەوە نەیدەتوانی لەسەر قاچەکانی ڕابووەستێت. لە پەلامارێکی کۆپتەرە جەنگییەکانی دوژمندا لە ڕۆژی ١٨/١١/١٩٨٠ لە (گوندی پیرانە ڕەش)ی پشدەرە ڕەقە پارچەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فیشـەکی دۆشـکە لـە بڕبـڕەی پشـتی دابـوو. لـەو شـەڕەدا نـۆ پێشـمەرگە شـەهید ببـوون و لـە ناویاندا سـەرکردەی دیـاری گەلەکەمـان جەمیل ڕەنجبـەر هەبـوو؛ ١٢ پێشـمەرگەش برینـدار ببوون؛ یەکێکیـان کاک عومـەری سـەید عەلـی بـوو.

لای خۆمان بە هەمووومان خزمەتمان دەکرد؛ پاکوخاوێنی و حەمام و پێویستییەکانی تریمان بۆ جێبەجێ دەکرد. مامۆستا ئەنوەر چوونکە لە هەموومان بەخۆوەتر بوو باوەشی پێدا دەکرد و دەیبردە حەمام. خزمەتی باش دەکرا. مامۆستا ئەنوەر شوێنی خەوەکەی خۆی بۆ چۆڵ کرد چوونکە باشتر و گونجاوتر بوو بۆ دۆخی کاک عومەر. لە ژوورەکە، من و کاک سەلاح و کاک عومەر بووین، شەوانیش بە قسەی خۆش و پێکەنین و گۆرانیی ڕەشۆلەوە بە دەنگی کاک سەلاح دەمانگوزەراند. بەشێکی ئازار و ناڕەحەتیی کاک عومەرمان کەم دەکردەوە.

دوای ماوەیـەک، تـەواو لـە دیمەشـق وەڕز و بێتاقـەت ببوویـن؛ ڕۆژانـە لـە برادەرانمـان دەپرسـی کـەی دەگەڕاینـەوە بـۆ کوردسـتان. بێتاقـەت ببوویـن و دەمانویست هەرچی زووە بگەینەوە کوردستان بۆناو هاوڕێکانمان و بۆ درێژەدان بـە خەباتـی پێشـمەرگایەتی. ئیـدی دانیشـتن و مانەوەمـان لـەو شـارە سـوودێکی بـە یەکێتـی و خۆمـان نەدەگەیاند، دەبووینـە مەسرەفی زیـادەش لەسـەر برادەران. سـەفەرەکەمان گرفتـی تـێ کەوتبـوو؛ پەیوەندیـی یەکێتـی و ئێـران سـاردییەکی تـێ کەوتبوو، ماوەیەکی زۆری خایاند تا پەیوەندییەکەیـان بایـی ئەوەندە بـاش بـۆوە کە ئێمـە بتوانیـن سـەفەرەکەمان بکەیـن. بـە گەڕانەوەمـان، مـام جـەلال و برادەرانیـش لـە بۆڵـەی ئێمـە ڕزگاریـان بـوو.

بەئاسـانی هاتوچۆمـان بـە ئـەو پێناسـانە دەکـرد کـە فەڵەسـتینییەکان بۆیـان درووسـت کردبوویـن. وەک هاووڵاتـی لوبنانیـی هەڵگـری ناسـنامەی ئـەو وڵاتـە بـۆ هـەر جێگەیەکـی نـاو لوبنـان و سـووریا دەچوویـن. کە گەڕاینـەوە بۆ سـووریا، لێیان وەرنەگرتینـەوە و گوتیـان وەک یادگاریـی لای خۆمـان بیهێڵینـەوە و بۆ ئاییندەش گەر پێویسـمان بـوو، سـوودی لـێ وەربگریـن. مـن تـا ئێسـتاش بەشـێکیانم پاراسـتووە. دوای گەڕانـەوەم بـۆ کوردسـتان، کاکـە ئەحمـەدم سـەردانی کـردم. کـە بەڵگەکانـم نیشـان دا، گوتـی، "خەمـت نەبـێ، جێگـەم هەیـە و دەیانپارێـزم." دوای ڕاپەڕیـن و هاتنـەوەی بـۆ کوردسـتان، ئـەو هێشـتا لـە شـوێنی باشـدا پارسـتبوونی و وەک خـۆی هەموویانـی دایـەوە دەسـتم.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە پرسی گەڕانەوەماندا بۆ کوردستان، ئێرانییەکان هەر ئەمڕۆ و سبەینێیان پێ دەکردین و لێ نەدەگەڕان بە هەمان ڕێگەدا بگەڕێینەوە. گەیشتبووینە ئەوەی بیر لە ڕێگەی دیکە بکەینەوە. لەنێوان خۆماندا گفتوگۆمان کرد و بیرمان لەوە کردەوە گەر هەر گەڕانەوەمان دواکەوت، بە چەکەوە بەپێ بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. یەکێتی چەکی دانراوی زۆری لە قامیشلۆ هەبوو. بۆ ئەو مەبەستە برادەرانمان ئاگادار کردەوە کە نیازمان وایە کارێکی وا بکەین. زۆریان بە لاوە سەیر بوو تەنانەت بە جۆرێک لە سەرشێتییان دادەنا و تێ نەدەگەیشتن بۆچی ئێمە ئەوەندە پەلەی گەڕانەوەمانە، بەلام ئێمە دڵمان هەر لای کوردستان و ئەو دۆخە سەخت و ناخۆشەی ئەوێ بوو.

دوای ماوەیەک، مام جەلال بە سەفەر هات بۆ دیمەشق. سەردانمان کرد و هەر یەکەی بڕێ پارەی پێ داین؛ بەڵێنیشی پێ داین بەوپەڕی توانایەوە کار بۆ گەڕانەوەمان بکات. هەردووکیان بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوون، چوونکە بۆ خۆمان خواردنمان درووست دەکرد و تا ڕادەیەکی زۆر خەرجیمان کەم ببۆوە، بەلام خۆ هەر دەبوو جار جار لەو گەس و خواردنە خۆش و بەتامەی دیمەشق بخۆین.

مام بەڵێنی دا کێشەی سەفەرەکەمان چارەسەر بکات. دوای نزیکەی مانگێک وەلامەمان وەرگرت کە ئێرانییەکان ڕەزامەندییان لەسەر گەڕانەوەمان بۆ تاران داوە. شەش کەسمان کە پەلەمان بوو خۆمان ئامادە کرد و لە کاتی دیاریکراودا گەڕاینەوە تاران تا لەوێوە خۆمان بگەیەنینەوە کوردستان. کاک شاخەوان عەباس و کاک دانا ئەحمەد مەجید و کاک ئەسکەندەر و کاک ئەنوەر حەسەن مانەوە. فەلەستینییەکان بەڵێنیان دابوو بۆ دەورەیەکی سەربازی ڕەوانەی یەکێتیی سۆڤیەتیان بکەن، بەلام کارەکەی ئەوانیش سەری نەگرت ماوەیەکی کورت دوای ئێمە، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ کوردستان.

ئەم شەش هاوڕێیە پێکەوە لە تارانماینەوە تا بەرگەی هاتوچۆ واتە (نووسراوی ڕێگەپێدان)یان بۆ کردین بۆ ئەوەی بێ گرفت و ڕێگری لە بازگەکانی سوپای پاسداران، کە بەشی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەلاتیان کۆنترۆڵ کردبوو، تێ بپەڕین و بگەینەوە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ. خۆ نووسراوێکی وات پێ نەبووایە، لەو هەموو بازگە جۆراوجۆرانە و لەو دۆخەی شەڕدا کە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کوردستانی ڕۆژهەڵاتی گرتبۆوە، نەتدەتوانی دەرباز ببیت. دەگیرایت و ماوەکی زۆر ئەم زیندان و ئەو زیندات پێ دەکرا، بۆیە هەر دەبووایە ئەو نووسراوەمان پێ بێت، چوونکە لە کوردستان لە زۆربەی شوێنەکان شەڕ و پێکدادان بوو لەنێوان پێشمەرگە و سوپای پاسداراندا.

ئەو چەند ڕۆژەی لە تاران ماینەوە بۆ خۆمان هەر خەریکی گەڕان بووین بە شەقامی دڵگیری وەلی عەسر و بازاڕە گەورەکاندا. لە ماوەی چوونماندا بۆ دیمەشق و گەڕانەوەمان گۆڕانی زۆرمان لەناو شاری تاراندا بەدی دەکرد؛ بە هەر جێگەیەکدا دەڕۆیشتین، جۆرەها درووشمی 'مرگ بر امریکا' و 'مرگ بر اسرائیل' نووسرابوو: مردن بۆ ئەمریکا! مردن بۆ ئیسرائیل! سەر شەقامەکان پڕ بوون لە مەفرەزەی پۆلیس و هێزی تایبەتی سەر بە سوپای پاسداران. ئێمە لە باشووری لوبنان بووین کە سوپای عێراق لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠دا هێرشی بۆسەر ئێران کرد و شەڕی ئەم دوو دەوڵەتە هەشت ساڵی خایاند. لە ئەنجامدا سەدان هەزار کوژرا و لە هەر دوو لا و چەند هێندە زیاتریش بریندارییان دا. زیانی گیانیی زۆریش لە هاووڵاتییانی ئاسایی کەوت و هەر دوو وڵات سەدان ملیار دۆلار زیانیان کرد.

ئێمە پێمان خۆش بوو عێراق لەو شەڕەوە ئاڵا؛ بەشێکی زۆر لە پیلان و توانا سەربازی و دارایی و مرۆییەکانی بۆ قڕکردنی کورد لەدەستداوەو پەکیان کەوتوە. دەبوو ئەو توانایانە بۆ ئەو شەڕە گەورەترە تەرخان بکات نەک بۆ میللەتی خۆی. لە سێ مانگی یەکەمی شەڕەکەدا، سوپای عێراق توانیی هەزاران کیلۆمەتر چوارگۆشەیەی خاکی ئێرانی داگیر بکات، بەڵام دوای ئەوە ئێران خۆی کۆ کردەوە و کەوتە پەلامار و بەگریی سەخت، تا ئەو کاتەی ئێمەش لە تاران بووین بەئاشکرا دیار بوو ئێران لە شەڕدایە، بەڵام هێشتا بۆنی باروت و دووکەڵی شەڕ نەگەیشبووە بازاڕ و شەقامەکانی تاران.

هەر لە سەرەتای دەسەڵاتیەوە، جمهوری ئیسلامی دەستی کردبوو بە پیادەکردنی دەستووری ئیسلامی و کۆمەڵێک شتی قەدەغە کردبوو، وەک داخستنی هەموو شوێنەکانی مەی فرۆشتن یان مەی خواردنەوە، جلوبەرگی باڵاپۆش و حیجابی بەسەر ژناندا فەرز کردبوو، دەبووایە بەتەواوی جێبەجێ بکرێت و لادان لێی قەدەغە و حەرام

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بوو. هێزێک هەبوو پێیان دەگوت 'گەشتی سارولا' کە بەرپرس بوو لە سەپاندنی ئەو یاسایە. حاڵ بەوەی سەرپێچیی دەکرد!

وێنەی گەورەی ئیمام خومەینی لە هەموو شوێنێک بوو، ڕەمزە دیارەکانی وەک بەهەشتی و تاڵەقانی چەندینی تر لە زۆر جادە و شوێنە گشتییەکانیاندا هەبوون، لە چەند شەقامێکی سەرەکیی ئێران وێنەی یاسر عەرەفات هەڵواسرابوو، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ خۆشەویستییان بۆ فەڵەستین.

ئەو کات ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق، کە ڕێکخراوێکی ئیسلامیی سیاسی بوو، بڕوای بە خەباتی چەکداری هەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شای ئێران و دواتریش جمهوری ئیسلامی. لە سەرانسەری ئێراندا جووڵەی کوشتن و تەقینەوەی لە دژی کاربەدەستانی ئێران بەفراوانی ئەنجام دەدا و گەورەترین و پڕجووڵەترین ڕێکخراوی موعارەزەی ئێرانی بوو. ڕێکخراوەکە زۆرترین دۆست و ئەندامی لە شاری تاران و زۆربەی شارەکانی تری ئێران هەبوو جگە لە ناوچە کوردییەکان. ڕێکخراوی موجاهیدین هیچ باوەڕی بە پرسی کورد و مافەکانی نەبوو، بۆیە لە کوردستانیش کەمترین پشتیوانییان لێ دەکرا. ئەم ڕێکخراوە مێژوویەکی درێژی هەبوو لە بەرەنگاربوونەوەدا، لە ساڵی ١٩٦٥دا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی شا دامەزرابوو؛ پشتیوانیی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩یان کرد تا ئیمام خومەینی توانیی جمهوری ئیسلامی دابمەزرێنێت، بەڵام دواتر وردە وردە کێشە کەوتە نێوان ئەمان و بەرپرسانی شۆڕشەوە لە تاران و دواتریش گۆڕا بۆ ململانێی چەکداریی. نزیکەی چارەکە سەدەیەک دواتر کوردی باشووریش لە ڕماندن و دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقیدا چیرۆکێکی هاوشێوەی تۆمار کرد و دیاریش نییە کۆتاییەکەی بە کوێ دەگات.

ئەو ماوەیەی لە تاران بووین و دواتریش کە هاتینە ناوچە ئازادکراوەکانی پێشمەرگە زانیاریی زیاترمان لەبارەی ئەم ڕێکخراوەوە زانی. ئێران زۆر بەتوندی دژیان وەستابۆوە بە مەترسیی بۆسەر خۆی دەزانین و دەستی لێ نەدەپاراستن، ئەوانیش بارەگای کاربەدەستانیان دەتەقاندەوە و لە هەر شوێنێک کاربەدەستی باڵای جمهوری ئیسلامییان ببینیانە، ڕووبەڕوویان دەبوونەوە. لە هەموو جێگەیەکدا توانای چالاکییان هەبوو، لە تاران و زۆربەی شارە گەورەکاندا چەکداریان هەبوو، بەڵام تا دەهات شۆڕشی ئیسلامی بەهێزتر و باڵادەستر دەبوو؛

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕۆژ دوای ڕۆژ دەستی بەسەر جومگە گرنگ و ستراتیجییەکانی وڵاتەکەدا دەگرت، دادگای سەحراوی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەی لەناو برد.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شەڕ و کوشتار لە هەڵکشاندا بوو. موجاهیدینی خەڵق هیچ دۆستایەتییەکی لەگەڵ حیزب و لایەنە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتدا نەبوو، هەر بڕوای بە داواکاری و مافی کوردیش نەبوو. پەیوەندی و نزیکییان لەگەڵ بەغداد هەبوو، ئەوەشیان ڕاستەوخۆ گواستەوە بۆ کوردستانی عێراق و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس. لە چەند جێگەیەک بارەگایان بۆ خۆیان پێک هێنا؛ بنکەیەکی گەورەشیان لەنێوان سەفرە و قامیش و ناوچەی ئازادکراوی سنووری تیپی ٤٧ی پیرەمەگروونداا دانابوو. بەدرێژایی ماوەی شەڕی عێراق-ئێران لە باشووری کوردستان و چەند ناوچەیەکی دیکەدا بارەگایان هەبوو. حکومەتی عێراق یارمەتیی زۆری دەدان. ئەمانە هەروا مانەوە تا لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا خۆیان یەکلایی کردەوە و لەگەڵ حکومەتی بەعسدا پەلاماری جەماوەری ڕاپەڕیوی باشووریان دا. دەستیان هەبوو لە شەهیدکردنی چەندین پێشمەرگە و هاووڵاتیی کوردی سنووری شارەکانی دوز و جەلەولا و کەلار.

***

وەرەقەی ڕێگەپێدانمان بۆ گەڕانەوەمان تەواو ببوو. من و کاک ئاوات قارەمانی و کاک حامیدی حاجی غالی سێقۆڵی لە تارانەوە بە سەیارە بەرەو سەقز هاتین تا لەوێوە بچینە سەردەشت. لە تارانەوە هەتا سەیتەرەی دیواندەرە لەنێوان سەقز و سنەدا کەس هیچی پێ نەگوتین و بگرە هەر سەیتەرەش نەبوو. یەک جار بۆ نانخواردن و ئیسراحەت کردن وەستاین. لە سەیتەرەی دیواندەرە ڕایانگرتین، دنیا خەریک بوو تاریکی دەکرد، سەیری ڕێگەپێدانەکەیان کردین و داوایان لێ کردین دابەزین. چەند هەوڵمان دا و قسەمان لەگەڵ کردن، سوودی نەبوو، هەر دەیانگوت 'نەمیشێ' واتە 'نابێ.' دابەزین و ناچار جانتاکانمان داگرت و سەیارەیان ئێزن دا. بردیانین لە ژوورێکدا دایاننابین و تا بەیانی کەس پرسیاری لێ نەکردین و جانتاشمان نەپشکێنرا. چاوەڕێ بووین لە هەر کاتێکدا بێت بێن و بکەونە پرسیارلێکردنمان. جۆرەها گومان بە خەیاڵماندا گوزەریان دەکرد، ناهەقیشمان نەبوو، لە دۆخی شەڕدا ئێتر لە هەر سنوور و ناوچەیەک کۆمەڵێک چەکدار بۆ خۆیان هەموو شتێکن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

حکومەتـی ئێـران یەکێتیـی بـەوە تاوانبـار دەکـرد کـە پشـتیوانیی لـە کۆمەڵـە و دیموکـرات دەکات. بـەو هۆیـەوە ترسـێکمان هەبـوو بەهـۆی ئـەوەی ئێمـە ئەندامـی یەکێتـی بوویـن ڕایانگرتبیـن.

ئێمـە هـەر یەکەمـان چەندیـن دۆکۆمێنـت و پێناسـی فەڵەستینییەکانمان پـێ بـوو، دەیـان وێنـە و چەندیـن ناملیکـە و دەفتەرمـان پـێ بـوو کـە تێبینییـان تێدا نوسـرابوو. بابەتـە گرنگەکانـی کۆرسـەکەمان هەمـووی پـێ بـوو؛ لەنـاو مەلزەمەکانیشـدا وێنـەی جۆرەهـا چەکـی گـەورە و بچـووک و مامناوەنـدی تۆمـار کرابـوو، بـەڵام دیـار بـوون کـە چاپکـراوی ڕێکخـراوی فەڵەسـتینە، بۆیـە خـۆم بەشەخسـی ترسـێکم نەبـوو، بـەڵام گـەر لـە بیانووگرتـن بوونایـە، ئـەوە هـەزار سـەریان بـۆ شـتەکانمان درووسـت دەکـرد.

دنیـا زۆر سـارد بـوو، خەریـک بـوو شـەو هەڵدەکشـا. سـێقۆڵی لای زۆپاکـەوە دانیشـتبووین و چاوەڕێ بووین پاسـدارەکان بێن و یەک یەک بمانبەن بۆ لێکۆڵینەوە. هیـچ دیـار نەبـوو. دەچوویـن بـۆ تەوالێـت و بـێ کێشـە دەجووڵایـن. کاک حامیـد بەبێدەنگـی و بـێ ئـەوەی هیـچ بڵـێ ڕۆیشـت و ماوەیەکـی پـێ چـوو. تومـەس چووبـوو لـە تەوالێتەکـەدا هەرچـی وێنـە و دۆکۆمێنتـی هەبـوو هەمـووی دڕاندبـوون و فڕێـی دابوونـە زێرابەکـەوە. کـە هاتـەوە، دڵخـۆش بـوو. بەپێکەنینـەوە بـە ئێمـەی گـوت، "خـۆم ڕزگار کـرد و هەرچـی مەمنووعەکانـم بـوو لـە نـاوم بـردن. ئێـوەش وەک مـن بکـەن و بـڕۆن چیتـان پێیـە لەنـاوی ببـەن." ئێمـەش گوتمـان، "شـتی چـی؟" کاک حامیـد گوتـی، "ئـەو وێنـەو هەویـە و شـتانەی پێتانـە. بەخـوا ئەمانەمـان پـێ ببینـن، ئیعدامـان دەکـەن."

هەرچەنـد بیـرم دەکـردەوە دەسـتم نەچـووە ئـەو هەمـوو شـتەی کـە چەنـد پێیانـەوە مانـدوو ببـووم. گرنـگ بـوون و بەشـێکیان وەک یـادگاری و بابەتێکـی مێژوویـی بـوون، بەشـێکی تریشـیان ڕەنگـە پێشـمەرگە لـە داهاتـوودا سـوودی لـێ وەربگرتنایـە.. لەناوبردنیـان بـەو شـێوەیە و بـە دەسـتی خـۆم قـورس و مەحـاڵ بـوو. بـە پێداگرییـەوە پێـم گـوت، "بەخـوا ئیعدامیشـم کـەن، دەسـتیان لـێ نـادەم." کاک ئاواتیـش هـەر هەمـان شـتی گـوت. کاک حامیـد چەنـد لەگەڵمـان خەریـک بـوو، هیـچ سـوودی نەبـوو و نەیتوانـی ڕازیمـان بـکات، بۆیـە کەوتبـووە دۆخێکـی خراپـەوە. ئاخـر ئـەو کـە شـتەکانی خـۆی لەنـاو بردبـوو پێشـتر پرسـی بـە کەسـمان نەکردبـوو تـا پێکـەوە بڕیـار بدەیـن، خـۆ ئەگـەر بۆچوونەکـەی ڕاسـت بێـت و ئـەو شـتانەمان پـێ بگـرن و لێپرسـینەوەمان لەگـەڵ بکـەن، بـڕوا ناکـەم ئەویـش پریشـکێکی ئاگـری ئێمـەی بەرنەکەوێـت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئیتر لەبەر خۆیەوە گلەیی دەکرد و دەیبۆلاند. هیلاک بووین و ڕاستی زۆریش گوێم بە بابەتەکە نەدا. شەو درەنگ بەڕێگەی دووردا هاتبووین. لێی خەوتم و بەیانی بە دەنگە دەنگی پاسدارەکان و پێلاوەکانیان خەبەرم بۆوە. خۆ ژوورەکە پەنجەرەی تێدا نەبوو تا ڕووناکی ببینین.

جار جار قسەی پاسدارەکانمان گوێ لێ دەبوو کە یەکتریان بانگ دەکرد، هەر چاوەڕێ بووین بێن بەلامانەوەو دەنگ نەبوو؛ کەس نەهات و نەیان پرسی، من شتێک فارسی فێر ببووم، چووم لە یەکێکیانم پرسی، "لە ئێوارەوە ئێمەتان لێرە ڕاگرتووە، چیمان لێ دەکەن؟" فەرماندەکەیان هات و داوای لێبووردنی کرد و بۆی ڕوون کردینەوە: "شەو ڕێگە باش نەبوو، چەکدارانی زدی ئینقیلاب (دژە شۆڕش)[1] لەسەر ڕێ بوون. لەبەر سەلامەتیی خۆتان ئێوەمان لای خۆمان هێشتۆتەوە، ئێستا نانی بەیانی بخۆن و سەیارەتان بۆ پەیدا دەکەین و خواتان لەگەڵ."

***

تەواو دڵئاسوودە بووین. بەخێرایی نانی بەیانیمان خوارد، کە نان و پەنیر و چا بوو. سەیارەیان بۆ پەیدا کردین بۆ سەقز و لەوێوە بۆ سەردەشت و لەوێشەوە بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی لە ناوزەنگ.

یەک وەرەقەیان لە تارانەوە بۆ دوا سەیتەرەی سەردەشت بۆ کردبووین. کە سەیری وەرەقەکەیان دەکرد، ئیجازەی ڕۆیشتنیان پێ دەداین و بۆ یەک جاریش جانتایان پێ نەکردینەوە بۆ پشکنین.

گەیشتینەوە ناوزەنگ و چووینە مەقەڕی کاک نەوشیروان. لەوێ پشوویەکمان دا و زانیمان کاک نەوشیروان لای حسک (حیزبی سۆسیالیستی کوردستان) دەستبەسەر کراوە. ئەوە شتێک بوو نەدەچوو بە عەقڵماندا. دوایی کە چیرۆکی چوونی کاک نەوشیروان بۆ ئەو ناوچەیەیان بۆ گێڕاینەوە کە چۆن لەپاڵ متمانە و بڕوابوون بە دۆستایەتی و هاوڕێیەتیدا کەوتۆتە ناو دۆخێکی لەو جۆرەوە زۆرمان پێ ناخۆش بوو. دۆخەکە پێشێلی هەموو عورف و بەهایەکی کۆمەڵگەی کوردەوای دەکرد.

---

١ مەبەستیان پێشمەرگەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات بوو کە شەوان زۆربەی ڕێگەکانیان لەژێر دەستدا بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک نەوشیروان بە سەردانێک لە چەمی گەڵاڵ دەبێت و نامەیەک بۆ ملازم تایەر، کە لەو سنووورە نزیک دەبن، وەک هاوڕێ و دۆستی نزیک دەنووسێت تا زانیاریی بداتێ کە لەو ناوەیە و پێی خۆشە چاوی پێی بکەوێت. کاک حەمەی حاجی مەحموود و کۆمەڵێک فەرماندەی تر لەگەڵ ملازم تایەر پێکەوە دەبن، کاک نەوشیروان ناوەڕۆکی نامەکە بۆ دکتۆر کەمال شاکیر دەخوێنێتەوە و هەر بەودا نامەکەیان بۆ ڕەوانە دەکات. کاک دکتۆر کەمال دەچێت و لە (گوندی هۆزخواجە)ی چەمی گەڵاڵ دەیاندۆزێتەوە. شەو زۆر درەنگ دەبێت. نامەکەیان پێ دەدا و وەڵامەکەش دەگەیەنێتەوە دەستی کاک نەوشیروان.

کاک دکتۆر کەمال لە فەرماندە دیار و ئازا و پشوودرێژەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو؛ لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشەوە هاتبووە دەرەوە. پێشتر لە ڕێکخستنی کۆمەڵە لەناو شاری هەڵەبجەدا وەک کادرێکی دیار و چالاک و شارەزا لە ڕێکخستندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، لە شاخیش وەک فەرماندەیەکی سەربازیی فیداکار و نەبەز سەرکردایەتیی دەیان شەڕ و ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ دوژمن کردبوو.

کاک نەوشیروان لە قەویلە لە ماڵێک دەبێت. شوێن و جێی پارێزراو و سەلامەتە، ملازم تایەر و کاک حەمەی حاجی مەحموود و جەماعەتی حسک دێنە هەمان دێ، خۆ ئەوان نازانن کاک نەوشیروان لەو دێیەیە، ئیتر کاک نەوشیروان بەو نییەتپاکی و دڵنیابوونەی خۆیەوە دەچێت بۆ لایان و ئیتر ئەوە ڕوو دەدا کە ڕووی دابوو.

زیاتر بەرچاو ڕوون بووم قەدەری وڵاتی ئێمە هەر دەبێت بەو شێوەیە بێت کە سێ، چوار کەس پێکەوە دانیشتن، دەبێت بیر لە گرتن و لەناوبردنی پێشمەرگەیەک، تێکۆشەرێک، فەرماندەیەک یان سەرکردەیەک بکەنەوە.

سەرکردایەتی و فەرماندەکان و پێشمەرگە و خەڵک هەمووی بێتاقەت و تووڕە بوون لە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) بۆ ئەو هەڵە قورسە سیاسییە کۆمەڵایەتییەی بەرانبەر کاک نەوشیروان کردبووی. کاک مەلا بەختیار کە ئامر هەرێمی شارەزوور بوو، بە هێزێکی زۆرەوە لەو سنووورە دەبێت تا بە چەندین ڕێی دۆستانە و هێمنانە و هەوڵی بەردەوام بتوانن بە هەر نرخێک بووە و هەر چیی پێویست بکات بۆ پاراستنی گیانی کاک نەوشیروان بیکەن. زیاتر هەوڵەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چڕ کرابوونەوە تا لە ڕێی دۆستەکانی یەکێتییەوە لەناو حسکدا کارێکی لەو جۆرە بکرێت نەک بە شەڕ. کاک مەلا بەختیار لەوەشدا ڕێگر بوو و پێی وا بوو نابێت ڕێ بە هەڵگیرسانی شەڕ بدرێت لەگەڵ حسک، چوونکە بە کارێکی لەو شێوەیە، کاک نەوشیروانیش وەک کاک ئارام شەهید دەکرێت.

لە لایەکی ترەوە کاک فەرەیدوون عەبدولقادر و کاک جەمال ئاغا لەڕێی حیزبی شیوعی و سەرکردایەتیی حسکەوە لە هەوڵدا بوون تا بتوانن لەو ڕێیەوە کارێک بکەن بۆ ئازادبوونی. بێگومان عێراق پارەی زۆری دەدا تا هەرچۆن بووە لەڕێی بەکرێگیراوەکانیەوە بە هەر نرخێک بووە کۆتایی بە ژیانی کاک نەوشیروان بهێنرێت، بەعس و دوژمنەکانی کورد بۆ هەلی وا دەگەڕان تا ئاگری شەڕی براکوژی گەرم و خوێناویتر بکەن.

جوامێریی کاوەی شێخ لەتیفی حەفید و خەلیفەی عەبدوڵڵا مارف و هاوکاری کاک عەلی ڕەشاش لە شیوعییەکان گرنگ بوو. هەموو ئاسانکارییەکیان کرد تا کاک نەوشیروان دەرباز ببێت. خەلیفەی عەبدوڵڵا مارف بەوپەڕی ئازایەتییەوە بەسەلامەتی گەیاندیەوە ناو پێشمەرگەکان لە چەمی گەلاڵ و لەگەڵ ئەو هێزانەی یەکێتی کە لەو سنوورە بوون یەکیان گرتەوە. کاک حەمەی حاجی سابیر، کە لەگەڵ کاک نەوشیروان دەستبەسەر کرا بوو، زووتر ئازاد کرا. ئێمە لە ناوزەنگ بووین کە هەواڵی ڕزگارکردنی کاک نەوشیروان گەیشت و بەو بۆنەیەوە هەندێ تەقەی خۆشی کرا.

لە ناوزەنگ بووین کە کاک نەوشیروان گەیشتەوە بارەگاکەی خۆی. پێشمەرگە و فەرماندەکان خۆشحاڵ بوون و سەردانیان دەکرد. ئێمەش زیاتر لە لای دەماینەوە، باسی چوونی بۆ چەمی گەلاڵ و ئەو ڕووداوەی بۆ کردین کە ڕووی دابوو. پێی خۆش بوو بەسەرکەوتوویی گەڕاوینەتەوە، لە بارەی هەموو ڕوویەکی دەورەکەشەوە پرسیاری زۆر لێ کردین و گوتی، "لەمەودوا وا دەکەین کە ئیتر پێشمەرگە دەبێ بە مەرکەزی وەربگیرێ و بنێردرێن بۆ سەرکردایەتی. دەبێ خولی ڕاهێنان تەواو بکا ئینجا دەتوانێ وەک پێشمەرگە لە هێزەکاندا وەربگیرێ."

برووسکە بۆ هەموو هەرێمەکان کرا کە هەر کەس تازە پەیوەندیی کردووە یان دەکات بە هێزەکانیانەوە، دەبێت بنێردرێت بۆ سەرکردایەتی بۆ خولی ڕاهێنان بۆ فێربوونی بەکارهێنانی چەک و ئاشنابوون بە بەرنامە و پەیڕەوی یەکێتی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مالیمۆس وەک شوێنی بەڕێوەچوونی دەورەکە دیاری کرا. شوێنێکی گونجاو بوو بۆ کردنەوەی خولێکی لەو جۆرە. لیژنەیەکی ئیدارییش دانرا بۆ ئامادەکردن و دابینکردنی پێویستییەکانی خولەکە لەگەڵ دیاریکردنی ئەوانەی لە گوتنەوەی وانە جیاوازەکاندا بەشدار دەبوون.

دەمویست تا پێشمەرگەی خولەکە ئامادە دەبن دەرفەت بێنم و بۆ دوو هەفتەیەک سەردانی شارباژێڕ بکەم و چاوم بە دایکم بکەوێت. دەمێک بوو نەمبینیبوو. ئیجازەم لە کاک نەوشیروان وەرگرت بچم. سامان گەرمیانی و چەند برادەرێکی تر دەگەڕانەوە بۆ گەرمیان و ناوچەکانی خۆیان، وا ڕێک کەوتین پێکەوە بەناو ئێراندا بگەڕێینەوە. دەمانتوانی وەرەقەی ڕێگەپێدانی بەبێ چەک بەدەست بهێنین بۆ هاتوچۆی ناو شارەکانی ئێران. پاسدار زۆربەی زۆری شارەکانی ڕۆژهەڵاتی گرتبۆوە، بەڵام دەرەوەی شارەکان هەر بەدەست پێشمەرگەوە بوو.

وەرەقەی هاتوچۆیان بۆ کردین بەبێ چەک، ئێمە شەش تا حەوت پێشمەرگە دەبووین. بە پاسێک، کە 'مینی بووس'یان پێ دەگوت و بیست کەسێکی دەگرت، لە سەردەشتەوە بەرەو بانە بەڕێ کەوتین. لەنێوان بانە و سەردەشتدا کەوتینە نزیکی نیوەڕۆ. کەمینێکی پێشمەرگەی لێ بوو. سەیارەکەیان ڕاگرتین و پرسیاریان لێ کردین، زانییان ئێمە پێشمەرگەین، دایانبەزاندین و زیاتر لە پەنجا مەترێک لە جادەکە دووریان خستینەوە، چەپەکێک بوو لە جادەکەوە دیار نەبوو. تا ئەو کاتە تەنیا شارەکان بە دەستی جمهوری ئیسلامییەوە بوون و دەرەوەی شارەکان و جادە سەرەکییەکان بەدەستی پێشمەرگەوە بوون.

پێشمەرگەکان پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوون و فەرماندەکەیان حەبیبوڵڵای ساوانی بوو، کە دووربەدوور دەمناسی. یەکێک لە فەرماندەکانی سنووری بانە بوو. بەتووڕەیی و لاقرتێوە کەوتە هێرشکردنە سەرمان و گوتی گوایە ئێمە بووینەتە جاشی ئێران. دەشیزانی کە ئێمە پێشمەرگەی یەکێتیین و ئەوە لە ئێمە ناوەشێتەوە. ئێمە بەبێ چەک و بە جلی مەدەنیەوە هاتبووین. قسەکانی زۆر نابەجێ بوون و دڵی هەمووومانی ئازار دا. بەڕاستی بە لامانەوە سەیر بوو ئاوا قسەی کرد. گەرچی ئەو بەتەمەن لە ئێمە گەورەتر بوو و دەشبوو بەئەزموونتر بێت. بە زمانێکی نەرم گوتم، "ئێمە لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئێوە پەیوەندیی زۆر باشمان هەیە و هاوکاری یەکترین. ئێمە نابینە جاش. دەیان پێشمەرگە و فەرماندەی یەکێتی لێرە بۆ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پشتیوانیی ئێوه شەهید بوون." زۆر بەتووڕەیی گوتی، "بەڵێ! جاشن و خراپتریش."
ئەم تاوانبارکردنە بۆ ئێمەی گەنج و کۆمەڵە و خوێنگەرم زۆر ناخۆش بوو. وەڵامم دایەوە. بە وەڵامەکەم هێندەی تر تووڕە بوو، ئاگری لێ بەرز دەبۆوە. ئیتر دەممان لێک گیر بوو؛ تفەنگی لە شانی داگرت و گوتی، "تۆ ڕەمی دەکەم. چۆن وەڵامی من دەدەیتەوە؟"

منیش گوتم، "ئەی جەنابت وا بە ئێمەی بێ چەک دەڵێی، ئێمەش بەناچاری لەوە خراپتر دەڵێین. فەرموو تۆ چەکت پێیە و ئێمەش بێ چەک، دەتوانی بمانکوژی، بەڵام ناتوانی تاوانی وا گەورە بدەیتە پاڵمان."

ئەو پێشمەرگانەش کە لەگەڵیدا بوو هەموو چەکیان لە دەست بوو و تووڕە دەردەکەوتن، وەک چاوەڕێی فەرمان بن. کاک سامان گەرمیانی کەوتە نێوانمان، حەبیبوڵڵاش هەر دەیگوت، "دەیکوژم. تۆ لاچۆ." گەرچی من تەنیا بەرگریم لە ناو و ناوبانگی خۆمان وەک پێشمەرگەی یەکێتی کرد، ئەویش سنووری تێپەڕاندبوو، کەچی من بوومە تاوانباری سەرەکی و دەبوو بکوژرێم. سامان ئاوی کرد بە ئاگرەکەدا و لەو کەمینە لەناکاوە و لەو بێبەختییە ڕزگارمان بوو. هاتینەوە لای پاسەکەمان و تەپەتەپ بە پاس بەرەو بانە بەڕێ کەوتین، لە بانەوە بۆ بلەکێ و لەوێشەوە بەرەو شاربازێڕ.

هاوین بوو؛ وەرزی پێگەیشتنی میوە، بە تایبەت تری. ڕۆژانە پیکابەکان دەهاتن بۆ باری میوە و هێنانی پێوستیی گوندنشینەکان و هاتووچۆی خەڵکیش. زیاتر هەر ئەو جۆرە سەیارانە دەیانتوانی بەو ڕێگە خۆڵ و خراپانەدا هاتوچۆ بکەن.

چوومە گوندی گوێزەڕەش و جوابم نارد تا دایکم بێت بۆ ئەوێ. دەمێک بوو کەسم لە ئەندامانی خێزانەکەم نەبینیبوو. بەختیار پێشمەرگە بوو، بەڵام وەستا ئەحمەد لە شار و محەمەدیش لەبەرئەوەی سەرباز بوو، خۆی لەبەرچاو ون کردبوو. کەمتر ئیجازەی وەردەگرت و دەهاتەوە شار. هەر کە وەستا ئەحمەد هەواڵی هاتنەوەی منی پێ گەیشت، بۆ بەیانیی عەسر خۆی گەیاندە لام و ئیتر بە بینینم وەک ئەوەی تازە تەمەنی نوێ بووبێتەوە و خوادا ڕۆڵەی پێ بەخشیبێتەوەوە دڵی خۆش بوو. لە تێرامان و چاونەترووکاندنی لێم هەناسەی لە خۆی بڕی بوو. گوتم، "دایە گیان، بۆ وا تاسە بردووتییەوە!" هاتەوە لام و گوتی،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

"نا، نا، لەخۆشیدا وەک منداڵ هەستم دەکرد هێشتا زمانم نەگرتووە." ئیتر خۆ ناتوانیت باش ئەو ساتەوەختە بگێڕیتەوە کە تێیدا دایک و ڕۆڵە یەک دەگرنەوە، ڕۆڵەیەک کە شەو و ڕۆژ لەناو ئاگری دەڕندەیی و بێڕەحمیی داگیرکەردایە و شەوو ڕۆژ سەدان خەیاڵ و هەواڵی نادرووست دڵ و جەستەی هەر دوو لا ئازار دەدات. بۆیە دایکم دەیگوت، "ڕۆڵە گیان، بەخوا سەرین ناخەمە ژێر سەرم دەڵێم با هێندە خەوی ناخۆش نەبینم."

چەند دڵخۆش و ئاسوودە دەبووم کە دایکم دەبینی، بەڵام لە ناخمدا سەد هێندە ئازار دەچووە دڵمەوە کە دەمزانی ژیانی ڕۆژانەی چەند لە سەختی و نارەحەتیدایە، بەڵام دەری نەدەبڕی و لە منی دەشاردەوە. بەزۆر هەندێ شتم لێ دەپرسی، بەڵام ئەو بۆ دڵخۆشیی ئێمە دەیگوت هەموو شت باشە و خەمم نەبێت. زۆرم گوت چۆن و لەکوێ دەخەوی و بۆ هاتوچۆی هەندێ ماڵ ناکەی، دواتر زانیم کە دەچێتە هەر ماڵێک، هەر دوای چەند کاژێرێکی کەم ئیتر باس دەبێتە باسی ئەوەی قوات خاسە ئەو ڕۆژە چوونەتە سەر ئەو ماڵەی درواسێمان و دایک یان باوکی پێشمەرگەیەکی لێ بووە و قوڕیان کردووە بەسەر ماڵەکەدا و هەموویان گیراون. ئەمە حاڵی زۆربەی دایک و باوکی پێشمەرگە بوو، لەو عەزابە دەروونییەدا دەژیان و جێ نەبوو تێیدا پشوویەک بدەن.

دوو سێ ڕۆژ لە ماڵی حاجی عەلی مایەوە. ڕۆژی دووەم وەستا ئەحمەد لەگەڵ خێزانی هاتن و چەند سەعاتێک مانەوە. لەو هاتنەیاندا بوو کە وێنە و دۆکۆمێنتەکانم تەسلیم کرد و ئەویش دوای ڕاپەڕین دانیەوە دەستم. هەر ئەو کاتە زۆر هەوڵم دا قەناعەت بە دایکم بکەم تا لە گوێزەڕەش یان گورگەدەر یان هەر شوێنێک ئەو بەدڵی بێت شوێنێکی بۆ چاک بکەین و لەوێ بمێنێتەوە. بەڵێنم پێ دا کە بە زۆری دێمەوە بۆ لای و ئیتر ڕزگاریشی دەبێت لەم ماڵ و ئەو ماڵ. ئەو ڕازی نەبوو؛ دەیگوت باشترە زوو زوو جوابی بۆ بنێرم بێت و لەو گوندە یەکتر ببینین. خۆ ئەو مووچەی شەهیدانە و خانەنشینیەی وەری دەگرت دیناری بۆخۆی خەرج نەدەکرد. هەموو کات بەدەستی پڕەوە دەهات و دڵ و دەروونی ئاوەدان دەکردم و گیرفانیشمی گەرم دەکردم. ئەوان بەرەو شار گەڕانەوە. دایکم تەنیا داوایەکی هەبوو کە بێهەواڵی نەکەم و زوو زوو جوابی بۆ بنێرم.

***

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ خولی مەشقی مالیمۆس نزیکەی دوو سەد پێشمەرگەیان لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە ناردبوو. خوێندکارەکان کرابوون بە چەند پۆلێکەوە و لە هەر پۆلێکدا وانەی جیاواز دەخوێنرا. خێمەش هەڵدرا بوو بۆ خەوتنی ئێمە- ئەوانەی وانەکانمان دەگوتەوە- بۆ پێشمەرگەکانیش خێمەکان گرووپ گرووپ و دوور لە یەکتر ئامادە کرابوون. دنیا گەرم ببوو؛ لە هەر کوێ لەو دەشتەدا دەمانتوانی مەشق و ڕاهێنان بکەین و زانیاریی پێویست بە پێشمەرگەکان بدەین. هەرچەندە شوێنەکە سەخت بوو؛ بەڵام هەر لە پەلاماری کتوپڕی تەیارەکانی بەعس دەترساین، بۆیە گرووپەکانی ڕاهێنان و فێرکردن تاڕادەیەک لێک دوور کۆ دەبووینەوە لەژێر ئەو داربەڕووانەی کە هەر یەکەیان تەمەنی سەد ساڵ زیاتر دەبوو. دۆڵی مالیمۆس سرووشتێکی جوان دڵفرێن و پڕکانیاو و ئاوی زۆر و چڕستانی هەبوو؛ لەشکرێکی گەورەی لە خۆیدا حەشار دەدا.

خولی مەشق و ڕاهێنانەکە لەناو پێشمەرگەی ناوچە جیاوازەکاندا دەنگێکی زۆر باشی دابۆوە و متمانەی زیاتری لای فەرماندە و پێشمەرگە درووست کردبوو. پێیان خۆش بوو کە ڕاهێنانی پێشمەرگە بەو شێوەیە و ئەوەش بۆ خۆی گۆڕانکارییەکی گەورە بوو. پێشمەرگە فێر دەکرا و پەروەردە دەکرا بە زانیاریی نوێ لەسەر بەکارهێنانی جۆرەکانی چەک و بەکارهێنانی جۆرەکانی تی ئێن تی و کلاشینکۆف، ئارپیجی و قەناس و دووربینەکانیان، هەروەها مێژووی جەنگ و بابەتەکانی چۆنیتیی ڕووبەڕبوونەوەی دوژمن و دیسپلینی سەربازی، پاشانیش پەیڕەو و بەرنامەی یەکێتی. خولەکەشمان چڕ کردەوە تا بەزوویی و لە ماوەی مانگێک بۆ مانگ و نیوێکدا کۆتایی پێ بێت.

بەشێک لە مامۆستاکانی خولەکە ئەمانە بوون: کاک ئەنوەر حەسەن، مامۆستا ئەنوەر (ڕەفیقی عەبدوڵلا سەبری)، مامۆستا عەبدوڵلا، کاک مەحموود کۆمەڵە، مامۆستا سۆران.

خولەکە مانگێک زیاتری خایاند و مامۆستا ئەنوەر لەسەر بەکارهێنانی کلاشینکۆف لە کاتی شەڕ و پێویستیدا و جۆرەکانی ڕوومانە و چۆنیتیی خۆپاراستن لە تەقینەوەکان وانەی گوتەوە؛ مامۆستا عەبدوڵلاش بەرنامە و پەیڕەوی یەکێتیی گوتەوە، بەندەش بەکارهێنانی ئارپیجی بە دووربینەوە. لەپاڵ ئەم بابەتانەدا، زۆر بابەتی تری پەیوەست بە شەڕی پێشمەرگانەوە تاووتوێ کران.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە کۆتاییی خولەکەدا مام جەلال ئامادە بوو. وتارێکی پێشکەش کرد و زیاتر لەسەر درندەییی دەوڵەتی داگیرکەری بەعس دژی خەڵکی کوردستان قسەی کرد. ئامۆژگاری پێشمەرگەکانی کرد لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ناوچەکانی خۆیان وەک نموونەی پێشمەرگەی ژیر و وشیار و قارەمان لەناو کەرت و مەفرەزەکانی سنوورەکانیاندا مامەڵە بکەن، بیریشی خستنەوە کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا سەرچاوەی سەرەکیی پشتیوانی و هێزی لەبنەهاتووی شۆڕشەکەمانە و دەبێت ببنە نموونەی پێشمەرگەی قارەمانی پشوودرێژ بۆ گەلەکەیان.

خێمەیەکمان هەبوو وەک شوێنێک بۆ جێبەجێکردنی کاری ئیداری بەکارمان دەهێنا، جارجاریش برادەران سەردانیان دەکردین و لەوێدا لە گەڵیان دادەنیشتین بۆ قسە و باسی ڕۆژ و چۆنێتی بەڕێوەچوونی بەرنامەی خولەکە.

داوی تەواوبوونی خولی مالیمۆس، کاک نەوشیروان پێشنیاری کردبوو کە پێویست دەکات بچمەوە شارباژێڕ و ببمە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی سێ لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لەو ناوچەیە بووم و پەیوەندیی زۆر باش و هاوڕێیانەم لەگەڵ زۆربەی پێشمەرگە و فەرماندەکان و خەڵکەکەیدا هەبوو؛ چەندین چالاکیی دیار و سەرکەوتووشم لە شار ئەنجام دابوو.

سەردانی کاک نەوشیروانم کرد و قسەمان کرد. پیی باشبوو وەک فەرماندەی کەرت بچمە هەرێمی سێ وتم "پێم خۆشە و سوپاسی پشتیوانیت دەکەم". ئەویش گوتی بە ملازم عومەری گوتووە نووسراوی ڕەسمیی مەکتەبی عەسکەریی بۆ ئامادە بکات. نامەم وەرگرت و ناوی خوام هێنا و بەرەو شارباژێڕ گەڕامەوە.

دوای دابڕان، جارێکی تر گەڕامەوە ناوچەکە و ماوەیەک لەگەڵ کاک بەکری حاجی سەفەر و بەشی زۆری پێشمەرگەی هەرێم جەولەمان کرد. لە گوندی گورگەدەر، بەکری حاجی سەفەر، کە فەرماندەی هەرێمی سێ، بوو کۆبونەوەی لەگەڵ پێشمەرگەکانی کەرتی پێنج کرد.لە شوباتی ساڵی ١٩٨٢دا بوومە فەماندەی کەرتی پێنج لە هەرێمی سێ.

کەرتەکانی تری هەرێم ئەمانە بوون:

١. کەرتی حەمە ئەمینی خەجێ،

٢. کەرتی کاک وەهاب،

٣. کەرتی کاک عەلی چوارتایی،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٤. کەرتی شەهید حەمە ئەمین ئاغای باریّ، کە کاک سەردار حەمە ئەمین ئاغای کوڕی فەرماندەی بوو،

٥. کەرتی کاک جەمالی حەمەی خواکەرەم،

٦. فەرماندەی کەرتی هەرێم فەرەیدوونی حەمە ساڵح بوو.

کاک جەمیل هەورامی بەرپرسی ناوچەی شۆڕشگێران بوو لە سنورەکە.

لە سنووری شارباژێڕی تەخت هەر کەرتەکەی کاک وەهاب و کەرتەکەی منی لیّ بوو. کاک حەمە عەلی بەرزنجی جێگری فەرماندەی کەرت بوو؛ شەهابە سوور و کاکەبرا بەرزنجی فەرماندەی مەفرەزە بوون، لە هەمان کاتدا کاکەبرا بەرپرسی دارایی کەرتیش بوو. زۆری پێشمەرگەکانی کەرتەکە، بۆ نموونە ئازاد وەندرێنەیی و جەمال چاوشین و چەندین قارەمانی تر، نموونە بوون لە ئازایەتی و نەبەزیندا. زۆربەی زۆری پێشمەرگەکان خەڵکی شارباژێڕ بوون بەتایبەت وەندرێنە و گێڵەرە کاژاو و مۆریاس و بەرزنجە. دەتوانم بڵێم گوندی وەندرێنە تەنیا گوند بوو لە سنووری شارباژێڕی تەخت و سەخت زۆرترین پێشمەرگەی نموونەیی ئەو ڕۆژگارە سەختەیان هەبوو.

کاک عومەر غەریب ڕابەر سیاسیی کەرت و بەرپرسی ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی کەرت بوو. ئاوێنەیەکی ڕوون و ڕوویەکی جوانی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیەکی ئازا و پشوودرێژی سنوورەکە بوو. کاک عومەر غەریب توانیی ڕێز و خۆشەویستی نەک پێشمەرگەی کەرتەکەی خۆمان بەڵکووزۆربەی زۆری پێشمەرگەی هەرێم و خەڵکی ناوچەکە بە لای خۆیدا ڕابکێشێت؛ ئێمەش هەموو پشتیوانی بووین لە کارەکەی دا. کادرەکان تەنیا لەناو پێشمەرگەدا کاری ڕێکخستنیان نەدەکرد، بەڵکوو دەبوو پەیوەندیی توندوتۆڵ لەنێوان خۆیان و خەڵکیشدا دروست بکەن، ئەوەش ڕێخۆشکەر دەبوو بۆ دروستکردنی ڕایەڵەی ڕێکخراوەیی لەناو دانیشتووانی گوند و شار و شارۆچەکانی سنوورەکەدا. چوونکە خۆم لە ڕێکخستنەوە هاتبووم، گرنگیی لەڕادەبەدەری ڕێکخستنم باش دەزانی، دەمزانی بەبیّ کاری ڕێکخراوەییی تۆکمە و سەرکەوتوو و پشتیوانیی ڕێکخستن و خەڵک، مەحاڵە پێشمەرگایەتی بەتەنیا بەختی بەردەوامی و ئەنجامی سەرکەوتووی هەبێت. پشتیوانی زۆرم لە مامۆستا عومەر دەکرد تا گرنگیی زیاتر بە بواری ڕێکخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی پێشمەرگەکان بدات تا پەیوەست بن بە پرنسیپەکانی ڕێکخستن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و بنەما سەربازییەکانەوە، ئەویش خوا هەڵناگریێ دێر بەدێر و خاڵ بەخاڵ بەرنامە و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بۆ باس دەکردن و پەیوەستی دەکردن بە جێبەجێکردنیانەوە.

خوا بە حاڵی ئەو پێشمەرگەیەی کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەو بنەما و خاڵانەدا دەکرد کە پێیان گوترابوون. خۆم لە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا ئامادە دەبووم و دۆخێکی وام خوڵقاندبوو یەکەم خاڵی سەرەکیی کۆبوونەوە بابەتی ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن بوو. درووشمی سەرەکیی ڕێکخراوەیی لەسەر ئەم بنەما سەرەکییە دانرابوو، ئەوەش خاڵی بەهێزی کۆمەڵە و یەکێتی بوو؛ ڕۆڵیشی هەبوو لە گەشەکردن و فراوانبوونی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانیدا. دەبوو ئەم بنەمایانە و ئەو فێربوونە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی کادر و پێشمەرگە و فەرماندەکاندا ڕەنگ بدەنەوە. ئەم بەها بنەڕەتییە کۆمەڵەی کردبوو بە هێزێکی تۆکمە؛ هێزێک کە لە شکان نەدەهات.

ئەو کات پێشمەگەرگە زۆرترین جووڵە و گەڕان و بەریەککەوتنی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک هەبوو، بەدڵنیاییەوە هەڵەی زۆریشی دەکرد، چەکی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن باشترین چەکی خۆڕێکخستنەوە و خۆ نوێکردنەوە بوو بۆ هێزی پێشمەرگە و یەکێتی.

ئەو پێشمەرگانەی بەباشی پەروەردە دەکران، بەتایبەت لە ناسینی دۆست و دوژمنی داگیرکەری کوردستاندا، لە مێژوو و هۆکارەکانی شکست و سەرکەوتنەکانی میللەتەکەی، لە خۆڕاگری و پشوودرێژی، دەگەیشتنە ئەوەی ڕووحی بە خاکی نیشتیمانەوە دەبەسترایەوە و هەموو کات ئامادەی گیانبەخشین بوون لەپێناو گەل و نیشتیمانیاندا. پێشمەرگەکان بەو پەروەردەکردنە هێندە شانازییان بە خۆیانەوە دەکرد کە پێشمەرگەن و لەپێناو نەتەوەکەیاندا خەبات دەکەن باکیان نەبوو لە بەخشینی گیانی خۆیان بەڵکوو ژیانی کەسوکار و سەروەت و سامانیشیان دەکردە قوربانیی گەلەکەیان. زۆر لە پێشمەرگەکان وێنەیان دەگرت و دەیانگوت، "دەزانین شەهید دەبین دەمانەوێ ئەو وێنەیەمان بۆ بکەنە پۆستەری شەهید" بۆیە هەر دەستە یان مەفرەزەیەک پێشمەرگە بەتەنیا ڕووبەرووی سەدان و هەزاران لە سەربازانی دوژمن دەبوونەوە.

لە سەدا نەوەت و پێنج زیاتری پێشمەرگەکانی هەرێمەکە کۆمەڵە بوون و هەر یەکەیان بۆ خۆی ڕۆڵی کادری دەبینی لە پەیوەندی درووستکردن

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگـەڵ خەڵکـدا و تێکەڵبـوون لەگەڵیـان، ئەمــەش وەک ئــەرک پێـی ســپێردرابوو. بـەم شـێوەیە پەیوەندییەکی فراوانیـان بۆ خزمەتکـردن بـە ڕێکخسـتن و پێشـمەرگە درووسـت کردبـوو.

لـە ڕووی جوگرافییـەوە سـنووری شـارباژێڕی تەخـت، ناوشـاری سـلێمانی بـە پلـەی یەکەم و جادەی چوارتـا و بەرزنجە و ڕەبایەکانی دەورووپشـتی ئەو شـوێنانە مەیدانێکی تـری چالاکیی پێشـمەرگەکان بوون. لـە سـنووری شـارباژێڕی تەخت جگە لـەو هێزە دیاریکراوەی حسـک، سێ مەفرەزەی مەکتەبی عەسـکەرییش هەبوون کە ئەمانە بـوون:

١. مەفرەزەی جەزای کەوێ،

٢. مەفرەزەی عومەری ڕەشید،

٣. مەفرەزەی خەلیفەی عەبدوڵڵا مارف.

چەنـد ڕۆژێـک بـوو ئێمـە وەک فەرماندەی کـەرت دەسـتبەکار ببووین. لـە گونـدی ئاڵەسـیاوی نزیـک عازەبـان بووین. لە گورگەدەر لـە ڕووداوێکی کارەسـاتاوی ڕووی دابـوو. تەقـە لـە عومـەر ڕەشـید کرابـوو. شـەهیدیان کردبـوو.

کەرتەکـەی ئێمـە بـەردەوام لـە ناوشـار و بەرزنجـە و قەڵاچـوالان و جادەی چوارتا چالاکیی پێشـمەرگانەمان هەبوو؛ جار جار مەفرەزەکانمـان کەمینمان لەسـەر جادەی سـەرەکیی چوارتـا یـان بەرزنجە دادەنـا و جـاش و جاشـی خەفیفە و جەیش شـەعبی و کەسـانی سـەر بـە ڕژێم دەگیـران و سـزا دەدران یـان دەنێـردران بـۆ زیندانـی بـۆ هەرێـم و دواتـر مەڵبەنـد. خـۆ جـاش و کەسـانی سـەر بـە ڕژێـم زۆر زۆر بـوون. بەهـۆی چالاکـی پێشـمەرگەکانی کەرتەکەمانـەوە توانـرا ڕێـژەی جـاش و پیاوخـراپ لـە بەرزنجـەدا لـە نزمتریـن ئاسـتدا بێـت و وەک پێشـتریش باسـم کـردووە پێکـەوە هـەردوو کەرتـی پێنجـی ئێمـە و کەرتـی دووی وەهـاب بـە چالاکییە بەردەوامەکانمـان و گرتـن و سـزادانی جەیشـی ناشـەعبی[١] توانیمـان تـا ڕادەیەکـی زۆر لەنـاو شـاری سـلێمانی کۆتایـی بـە بوونـی حەشـدی شـەعبی بهێنیـن.

---

١ ڕژێمی داگیرکـەری بەعـس پێی دەگـوت "جەیشـی شـەعبی" بـەڵام لەنـاو ئەدەبیاتـی پێشـمەرگەدا بـە "جەیشـی ناشـەعبی" نـاوی دەهـات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەربازانی هەڵاتوو بۆ سنووره ئازادکراوەکان

بە هۆی شەڕی ئێران-عێراقەوە، ژمارەیەکی زۆر سەرباز سوپایان جێ هێشتبوو و پەنایان هێنابووە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. هەرچۆن بوو لە دێهاتەکاندا هەر چەند کەسێکیان ژوورێکیان لەماڵەکان بۆ خۆیان چاک کردبوو، تاکە تاکەشیان لێ دەبوو بە پێشمەرگە.

زۆریان دوورونزیک بڕوایان بە بوون بە پێشمەرگە نەبوو، خەریکی ژیانی خۆیان بوون و بەشێکیان لەڕێی ئێرانەوە هەوڵی چوونە دەرەوەیان دەدا و دەڕۆیشتن. ئێمە دەمانپاراستن و گەر کێشەیەکیان هەبووایە، بۆمان چارەسەر دەکردن. هەوڵمان دا تا ڕادەیەکی سنووردار ڕێکخستنیان تێدا دروست بکەین و بە هەموومان پێکەوە لەگەڵ کادرە ماندوونەناسەکانی سنوورەکە بەردوام بووین لەم کارە.

ژیانی ئەم سەربازانە لە چاو ژیانی خەڵکی گوند و پێشمەرگە جیاواز بوو، بەردەوام کەسوکار و دۆستیان لە شارەوە دەهاتن و خواردنی باشیان بۆ دەهێنان. زۆربەیان بۆ خۆیان توانای مادییان زۆر باش بوو، داینەمۆی کارەبایان بۆ خۆیان دادەنا و وەک شار دەژیان. بەشێکی تریان بۆیان نەدەگونجا بێن بۆ ناوچەکانی پێشمەرگە، وەرەقەی جاش خەفیفەیان وەردەگرت یان هەر بە ئازایەتیی خۆیان ئەمانەیان نەدەکرد، لە شاردا دەمانەوە و خۆیان لە دوژمن ون دەکرد. هەر کات بگیرانایە، گوللەباران دەکران.

ڕۆژێک دوو، سێ پێشمەرگە دەبنە میوانی یەکێک لەو ماڵی سەربازە هەڵاتووانە. چەند سەربازێک پێکەوە ئەو ماڵەیان گرتووە. دەکەونە قسە بۆ پێشمەرگەکان و هانیان دەدەن چەک دابنێن و پێیان دەڵێن بۆ کێ خۆیان بە کوشت دەدەن و قسەی زۆر بێتامی تر. لەڕاستیدا، ئەو جۆرە قسانە خەڵکی سادەیان دەڕووخاند،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەلام پێشمەرگەکان سەربارى ئەوەى دۆست و ناسیاویان بوون، زۆر بەژیرانە وەلامیان دابوونەوە. هاتنەوە بۆ لام و بابەتەکەیان وەک خۆى باس کرد.

منیش سەربازە ڕاکردوەکانم بانگ کرد. زۆر دەترسان. گوتم، "ئێوە لەجیاتى ئەوەى هانى پێشمەرگە بدەن تا بەردەوام بێ و کۆڵ نەدا، دێن ئەم قسانە دەکەن. پێشمەرگە بەرگرى لە ئێوە و لە کوردستان دەکا. باشە بەعس بە هەموو کەرەستەیەک دەیەوێ پێشمەرگە نەهێڵێ، خۆ دەبێ ئێوە جیاوازتر بن. گەر پێشمەرگە نەبێ، جاش و بەعسییەکان بە ڕۆژى نیوەڕۆ باڵبەستان دەکەن هەر لە قەیماسە گوللەبارانتان دەکەن."

بەناچارى، دەبوو یەکێتى و هێزەکەمان زیاتر چاودێریى ئەو سەربازانە بکات. بە دڵنیاییەوە لە شوێن و جێگەى تر ئەم حاڵەتانە ڕوویان دابوو؛ کاریگەریى نەرێنیشیان لەسەر پێشمەرگە هەبوو. دواتر کە ڕژێم لێبوردنى گشتیى دەرکرد، دەیان هەزار سەربازى هەڵاتوو تەسلیم بوونەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گەڕانەوە بۆ پیرمەسوور و حاجی حان

بەردەوام مەفرەزە و چالاکیمان لە شاردا هەبووە. شار لەبەر دەستی خۆماندا بوو. مامۆستا پێشڕەو کادرێکی وشیار و فیداکاری کۆمەڵە بوو؛ خەڵکی مەڵکەندی بوو. نزیکیمان زۆر بوو، هاتە لام و گوتی کەسێکی بەعسیی خراپ هەیە ترسی لە دڵی خەڵکی گەڕەکی پیرمەسوور و حاجی حاندا درووست کردووە. ناونیشانیم لێ پرسی و مامۆستا پێشڕەو پێی گوتم کە کابرای بەعسی چۆتەماڵی وەستا ئەحمەدی خەیات و پێ دەچوو بە زۆرداریش چووبێتە ناو خانووەکە. وەستا ئەحمەد دراوسێی خۆمان بوو. گوتم، "با خۆشم پرسیارێک بکەم و چارەسەری دەکەین، خەمت نەبێ." زانیاریی تەواوم لەسەر کابرا وەرگرت و دەرکەوت بەئاشکرا چەکی دوژمنی پێیە. مامۆستا پێشڕەوم ئاگادار کرد کە بەرنامە و پێشمەرگەم ئامادە کردووە و دەڕۆین.

هەر عەسر بوو کە لە (گوندی وەلان)ەوە بەڕێ کەوتین. بە لای قرگەدا ڕوومان کردە گردی سەیوان و گەڕەکی سەرچیمەن. لەو شوێنەی کە بەرەو سابونکەران دەپەڕیتەوە کەمینێکی باشمان دانا. خۆم لەگەڵ زیاتر لە پانزە پێشمەرگە جادەی سابونکەرانمان بڕی و بەرەو جادەی ئۆرزدی باک ڕۆیشتین. تەواو شارەزا بووم. بەوریایی لە شەقامی ئۆرزدییەوە پەڕینەوە بەرەو مزگەوتی حاجی حان و پیرمەسور. نزیک بووینەوە لەو ماڵەی ئەو تاوانبارەی تێدا بوو. شوێنەکە ناوجەگەی شار بوو؛ دەبوو زۆر بەوریایی بجووڵێن و بەرەو ئامانجەکەمان بڕۆین. شار خامۆش بوو، هەموو لە خەودا بوون، گەیشتینە بەردەمی ماڵەکە. دەرگا داخرا بوو، خۆ بە شەوی وا ماڵی تاوانبار دەرگا بەئاسانی ناکەنەوە. چەند پێشمەرگەیەک هاوکاریی مامۆستا پێشڕەو و ئازاد وەندرێنەیی و عەریف بەکریان کرد تا بڕۆنە سەر سەربانێک و لەوێوە دابەزنە حەوشە و دەرگا بۆ ئێمە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بکەنەوە. چوونە حەوشەی ماڵ و دەرگایان بۆ ئێمە کردەوە. ماڵ ئاگایان لە هیچ نەبوو، هێندە بە کتوپڕی و بێدەنگ کارەکە ئەنجام درا، کاتێک ماڵەکە خەبەریان بۆوە، چەکی پێشمەرگە قارەمانەکان لەسەر سەریان بوو، نەیانتوانی جووڵە بکەن. تاوانبار دەستگیر کرا. دەمانچەیەکی چواردەخۆر و کلاشینکۆفێکی مزەلی لە پاڵ سەریدا بوو. ئەو باڵی بەسترا و بوو بە شین و گریانی ژن منداڵەکانی. گەڕەکیان هەموو هێنایە دەرەوە. گوتمان، "هیچی لێ ناکەین. بەیانی وەرن بۆ شارباژێڕ." تاوانبارمان لەگەڵ خۆمان برد و گەڕانێکمان بەگەڕەکی یادەورییەکانم کردەوەو مامۆستا پێشڕەو عەریف بەکرو چەند پێشمەرگەی گەڕەکی خۆمان کە بۆ یەکەم جار بوو پێشمەرگە بچێتە ئەو گەڕەکە و بەرەو شەخسی پیرمەسوور و سەید حەسەن ڕۆیشتین. گەڕەک هەموو هاتنە دەرەوە. زۆر کەس ئێمەیان ناسییەوە و گەڕەک زۆر دڵخۆش بوون کە لەو گەڕەکە تەنیا ئەو پیاوخراپە هەبوو ئەویشمان گرتوە، ئەم گەڕەکانە ناوجەرگەی شارەحەیاتەکەن.

دەبوو بەپەلە بگەڕێینەوە. ڕێمان دوور بوو زۆریش هاتبوینە قوڵایی شارەوە چەند شەقامی سەرەکی شارمان بڕیبوو، مەترسیی کەمینیش بەردەوام چاوەڕوانکراو بوو، بۆیە حەزەرمان دەکرد دوانەکەوین بەتایبەت قسەکردن لەگەڵ کەسانی خۆشەویستی گەڕەک. تاوانبارمان بێ تەقە گرت ئەوە شتێکی باش بوو. ڕێی گەڕانەوەم گۆڕی. چووینەوە سابونکەران و نزیک ئەو جادەیەی بەرەو گردی سەیوان دەبێتەوە نزیک بە کەمینەکانی خۆمان. کەمینەکانمان هەستیان بە هاتنی قوە خاسەی دوژمن کرد. کە قوە خاسەکان نزیک ببوونەوە، لێیان هاتبوونە دەست. لای ئێمەشەوە بە هەمان شێوە لێیان درا و ئیتر بوو بە شەڕێکی قورس. لە دەنگی زۆری تەقە کەمتر گوێمان لە دەنگی یەکتر بوو، گەیشتینەوە لای کەمینی پێشمەرگەکانی خۆمان و بەرەو دەرەوە شار بەڕێ کەوتین. ڕێم گۆڕی و بە گردی سەیواندا نەگەڕاینەوە. ترسی کەمینم هەبوو. نەچووینەوە قرگەش و بە لاڕێدا چووینە وێڵەیەر و لەوێشەوە بەرەو شارباژێڕ.

پێشمەرگەکان هێندە جوامێر و ئازا بوون لە هەڵمەتبردندا، هێز نەبوو خۆی لە بەردەم ئاگری چەکەکانمان ڕابگرێت. مامۆستا پێشڕەو کادر و پێشمەرگە بوو. ئەو شەوە هێندە نەترس و قارەمان و وریا بوو، وەک ئەوەی دەیان و سەدان جار چالاکی و شەڕی سەرکەوتووی بە دەست و هیمەتی خۆی ئەنجام دابێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەخابن، ساڵی ١٩٨٤، لە کاتی مفاوەزاتەکەدا، لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تردا، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جاشەکاندا بەتەنیا ئەو گیان دەبەخشێت و دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە.

شوێنێک لە شاردا نەمابوو دەستمان پێ نەگات و تاوانبار بتوانێت پشووی تێدا بدات. بە سەدان سەربازی جەیش شەعبی پیاو خراپمان دەهێنا بۆ لای خۆمان. ماوەیەک زیندانیمان دەکردن و کە دڵنیا دەبووین ناچنەوە سەر ڕێی خیانەت، ئازازمان دەکردن.

هەفتە نەبووە بە مەفرەزەوە نەچینە ناوشار، هەر ئەوەش وای کرد جەیش شەعبی لە سەدا نەوەد زیاتر لە شاردا کۆتاییان پێ بێت. بەعسی لەناو شاردا بە ڕێژەی بەرچاو کەم ببنەوە، یان زۆر بەنهێنی کاریان بۆ بەعس دەکرد. شەپۆلی بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی شاری سلێمانیی فیداکار بۆخۆی وای کردبوو بەعسیبوون عەیبەیەکی گەورە بێت و بەعسی ڕسوای ناو خەڵکی شار بوو.

ئیتر وامان لێ هات کێشەی چەکمان نەمابوو، بەڵکووچەک و تەقەمەنیی زیادەشمان هەبوو. ئەو گەنجانەی دەهاتنە دەرەوە بێ کێشە چەکمان دەدانێ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە

کۆنفرانس لە ٥ی ئایاری ساڵی ١٩٨١دا لەژێر درووشمی (لە پێناوی پتەوکردنی ڕیزەکانی کۆمەڵە و ڕاپەڕاندنی جەماوەی گەلەکەمان) دەستی بە کارەکانی کرد. کۆنفرانس لە بناری شاخێکی سەخت بە ناوی 'شاخی بلفەت،' کە بۆتە سنووری نێوانی باشوور و ڕۆژهەلات، لە دۆڵێکی سەخت و چڕی پڕکانیاودا بە ناوی 'دۆڵی مالیمۆس' بەسترا. شوێنەکە پشتی گوندی کانی زەرد بوو، نزیک بنکەکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ و سەر بە شاری سەردەشتی ئێران. ١٨٥ ئەندام بەشدارییان لە کۆنفرانسدا کرد؛ لە سەدا نەوەت زیاتریان فەرماندە و کادر و سەرکردەکانی کۆمەڵە بوون لە شاخ. زۆربەیان گەنج بوون تەنیا دە ئەندام تەمەنیان لە چل ساڵ زیاتر بوو. زۆرینەشی بیست تا سی ساڵ بوون.

برووسکە بۆ هەموو ئەوانەی بەشدار دەبوون لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کرا؛ ناوەندی کۆمەڵەش ڕێکخستنی شارەکانیان ئاگادار کردبوو بۆ ئامادەبوونیان وەک نوێنەری سەرجەم ڕێکخستنەکان لە شارەکان. ئامادەکاریی تەواو کرابوو لە کاتی دیاریکراودا کۆنفرانس دەست پێ بکات، ئێمەش گەڕابووینەوە ناوزەنگ و لای کاک نەوشیروان دەماینەوە. گەر بە ڕۆژ بچووینایەتە سەردانی هاوڕێیەک یان شوێنێک، شەو هەر دەگەڕاینەوە مەقەڕەکەی کاک نەوشیروان، کە شوێنی خۆمان بوو. زۆربەی کاتەکان لەگەڵ کاک نەوشیروان قسەمان لەسەر کۆنفرانس و ڕێوشوێنەکانی دەکرد.

دوو، سێ شەوی پێش کۆنفرانسەکە کاک نەوشیروان دەستی کرد بە نووسینی ڕاپۆرتی گشتیی کۆمەڵە وەک هەڵسەنگاندێک بۆ مێژووی چەندساڵەی کۆمەڵە لە خەباتی نهێنیی شار و خەباتی چەکداری دا و دیاریکردنی خاڵە بەهێزەکانی خەباتی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی و چۆنێتیی بەهێزکردنی خاڵە لاوازەکان و گەشەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چۆنایەتی و چەندایەتی کۆمەڵە. دەبوو وەک سکرتێری کۆمەڵە ئەو ڕاپۆرتە ئامادە بکات، ئێمەش لەگەڵ برادەران- کاک حەمە تۆفیق، کاک سەلاحی موهەندیس، کاک وەهاب، کاک ئاوات قارەمانی، کاک ئازاد کاک حەمە غەریب، کە هەر لەو ژوورە بچوکەکەی کاک نەوشیروان دەخەوتین- لەگەڵی دانیشتبووین. کاک نەوشیروان گوتی کە تا ئەو کاتە ڕاپۆرتی گشتیی نەنووسیبوو. پێم وایە هەر دوو شەو پێش دەستپێکردنی کۆنفرانس بوو کە دەستی کرد بە نووسینی ڕاپۆرتەکە، ئێمە هەموومان خوێندمانەوە و دەستخۆشیمان لێ کرد. لە کاتی نووسینی ئەو ڕاپۆرتە نەمانبینی ڕستەیەک یان لاپەڕەیەک بسڕێتەوە، یان بدڕێنێت وەک ئەوەی هەموی لەبەر بێت.

لە مزگەوتی کانی زەرد کۆنفرانس دەستی بە کارەکانی کرد. دوای گوتنی سروودی ئینتەرناسیۆنال، ڕاپۆرتی گشتیی کۆنفرانس خوێندرایەوە. ئیتر دوای ڕاپۆرتەکە ڕەخنەی توند گیران و گلەیی تا ڕادەیەک تووڕەبوون درووست بوون، بەلام کارەکانی کۆنفرانس ڕانەگیران. گەرچی چەند جارێک لەبەر باران کۆبوونەوەی کۆنفرانس دەچووە مزگەوتەکەی کانی زەرد، بەلام زیاتر لە دۆڵی مالیمۆس کارەکان بەڕێوە دەچوون.

کۆمەڵە ڕێکخراوێکی مارکسیی لینینی بوو، ئەندام کادرەکانی بەو بیروباوەڕە گۆش کرابوون. سەرەڕای فراوانبوون و بەهێزبوونی کۆمەڵە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، بە بڕوای خۆم لە کۆبوونەوەی فراوانی کۆمەڵە لە نۆکانەوە ئەم بیروباوەڕە ڕۆژ دوای ڕۆژ کاڵتر ببۆوە. دڵنیام زۆربەی برادەرانی ئەو کات لەم ڕاستییە ئاگادارن بۆیە ئەو ڕاپۆرتە وەک ڕاپۆرتی پارتێکی کۆمۆنیستی نەنووسرا بوو بەلام بەڕوونی و بە چاوێکی ڕەخنەرگرانەوە مێژووی یانزە ساڵی کۆمەڵە و مەترسیی قۆناغەکەی دیاری کردبوو. بەکورتی، زۆر لایەنی سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی جەماوەی ڕوون کردبۆوە.

ناکۆکیی نێوان هاوڕێیانی کۆمیتەی هەرێمەکان و تەکەتولی زیندان لە دۆخێکی خراپدا بوو. کاک نەوشیروان لە ناخەوە بریندار ببوو بەوەی کاتێک دەستبەسەر ببوو، گوایە وتاری لەسەر نووسرابوو. تەکەتولی زیندان، کە زۆربەیان سەرکرداتیی کۆمەڵە بوو، خۆیان بە خاوەنی کۆمەڵە و خاوەنماف و دەزانی. دەیانگوت، "کاتێک ئێمە لە زیندان بووین و هەڕەشەی مەرگمان لەسەر بووە، بەیانمان لەسەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بڵاو کراوەتەوە." کۆمیتەی هەرێمەکان و سەرکردەکانی، کە ڕۆڵی بەرچاو و یەکلاکەرەوەیان هەبوو لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش قایمکردنی جێپێی پێشمەرگە دوای ئەو شکستی گەورەی شۆڕشی ئەیلول، ئەوانیش مافی خۆیان بوو خۆیان بە خاوەنماڵ بزانن. لەناو تەپوتۆزی ئەو ململانێیەدا هاوڕێیانی زیندان ژیرانە و لێزانانە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ مام جەلال و کاک نەوشیروان ڕێک خستبوو، بەمەش بەشێکی زۆر لەو مافانەیان بۆ خۆیان گەڕاندەوە کە بە ڕەوایان دەزانین.

کەسانی تر هەبوون بەئاشکرا ڕۆڵی قووڵکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوان کاک نەوشیروان و برادەرانی کۆمیتەی هەرێمەکانیان دەبینی. ئێمە ئەو برادەرانەمان خۆش دەویست و لە قۆناغی سەختی سەرکردایەتیکردن و دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا بەرپرس و سەرکردەمان بوون، حەزمان نەدەکرد ئەو ناکۆکییانە بگەنە ئاستێک زیان لە کۆمەڵە و یەکێتی و شۆڕش بدەن. خۆم چەندین جار سەردانی کاک سالار عەزیزم کرد و قسەمان دەکرد لەسەر خراپی متمانەی نێوانیان. پێشنیارم دەکرد بۆچی کارێک ناکەن پێش کۆنفرانس پەیوەندییەکانیان باشتر بکەن، چوونکە من کاک سالارم لە نزیکەوە دەناسی و دەمزانی لە سەرکردایەتیکردن لە قۆناغی زۆر سەختدا چەند بەتوانایە و بۆ یەکێتی و کۆمەڵە چەند پێویستە خۆم شاهیدی ئەوە بووم. بێگومان ئەمە بۆ هاوڕێیانی تریش وەک کاک مەلا بەختیار و کاک ئازاد هەورامی و مامۆستا جەعفەر.... ڕاست بوو. بۆیە دەبوو هەنگاوێک بنێن. کە چووم بابەتەکەم باس کرد، کاک سالار گوتی، "ئەو شەڕەی ئێمە دەیکەین لەسەر ئاییندەی کۆمەڵەیە و شەخسی نییە، با کاک نەوشیراون دڵنیا بێ و ئەو بە بەرپرسی خۆمان دەزانین، بەڵام ئێمەش قسەمان هەیە." زۆر بابەتی باس کرد و منیش بە ئامانەتەوە بەئیجابی قسەکانی کاک سالارم بۆ کاک نەوشیران گێڕایەوە. قسەکانی پێ خۆش بوو. دڵنیام گەر هەوڵی بەردەوامی چەند لایەنە هەبووایە، پێش کۆنفرانس کێشەکان کەمتر دەبوونەوە و تەمی گلەیی و ڕەخنەکانی کاک نەوشیروانیش دەڕەوییەوە، بەڵام برادەرانی کۆمیتەی هەرێمەکان وایان دەزانی لەبەرئەوەی ئەوان و هاوڕێکانیان یەکێتیان لەناو وڵات درووست کرد و شۆڕشیان هەڵگیرساند، کۆمەڵەیان لەو پەرش بڵاوی یە کردە ئەو کۆمەڵەیەی بۆتە داینەمۆی یەکێتی شۆڕش ئیترهەق و ڕاستی و پشتیوانیی زۆرینەی ئەندامانی کۆنفرانس بۆ ئەوانە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

که کۆنفرانسیش بەسترا، هەر لەسەرەتاوە کار و گفتوگۆکان بە پێچەوانەی درووشمی سەرەکیی کۆنفرانسەکە شکانەوە و ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان هاورێیان لە ئاستی سەرەوە قووڵتر بوونەوە. هەڵچوونی زیاتر و یەکتر تاوانبارکردن ڕوویان دا، جیاوازییە سیاسییەکان زەق بوونەوە و وشەی 'ئۆپۆرتۆنیست-هەلپەرست' بەکار هات. ئەو کاتەی کاک نەوشیروان لای حسک گیرابوو، وشەکە لەو وتارێکدا لە ئۆرگانی سەرەکیی کۆمەڵەدا نووسرا بوو. وشەکە زۆرترین قسەی لەسەر کرا. مام ڕۆستەم هەر کەسی ئەبینی، لە جیاتی 'ڕۆژباش' و 'بەیانی باش' دەیگوت، 'ئۆپۆرتۆنیست باش.' بەم شێوەیە کاری کۆنفرانس لە ڕێڕەوی ڕاستی خۆی لای دا.

هەنگاو بەهەنگاویش هێڵی فیکریی کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی مارکسی- لینینی بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو. خۆ کاک نەوشیراوان نەیدەشاردەوە و بەئاشکرا لە کۆبوونەوەی فراوانی نۆکان و شێنێ و پێشتریش زۆربەمان لێمان بیستبوو کە دەیگوت حیزبە کۆمۆنیستەکان لە دنیادا بەرەو پووکانەوە دەچن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە ڕۆژ دوای ڕۆژ لەڕووی پێشمەرگایەتی و ڕێکخراوەییەوە گەشەی دەکرد و زۆربەی هێزی یەکێتی کۆمەڵە بوو. خۆ ئەگەر ئەو ناکۆکییانەی ناوخۆی کۆمەڵە نەبوونایە، بەدڵنیاییەوە کۆمەڵە دەبووە ئەو حیزبەی چۆنی بویستایە، یەکێتی بەو ئاڕاستەیەدا دەبرد، نەک یەکێتی کۆمەڵە ئاڕاستە بکات و دواجار لەناو خۆیدا قووتی بدات.

هەر ئەندامێکی کۆنفرانس بۆ سەرکردایەتی خۆی دەپاڵاوت، دوو کەس بۆیان هەبوو ڕەخنەی لێ بگرن، بەشداربوویەکی کۆنفرانسیش ستاییشی بکات و هەڵسەنگاندی بۆ بکات. بەهۆی بوونی کێشەوە کۆنفرانس دە ڕۆژ درێژەی کێشا. کە ئەنجام دەرچوو، زۆرێک لە هاورێیان تووڕە و عاجز بوون، ئیتر زۆربەی کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی کورد لەمانە باشترە نابن. زۆربەی فەرماندە و کادرەکان بەم کێشانە نارەحەت بووین و دەمانزانی کێشەی زۆرتر بەدوای خۆیاندا دەهێنن، بەڵام ئێمە زۆربەمان سەنگەری بەرگریمان لە نیشتیمان هەڵبژاردبوو و پەیوەست بووین بەو بنەمایەوە و دوورکەوتنەوەمان لە ناکۆکییەکان لە هەموو شت پێ گەورەتر و گرنگتر بوو.

کاک دکتۆر کەمال خۆشناو ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی بوو؛ دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی کادرە سیاسی و فەرماندە سەربازییەکانی کۆمەڵەدا هەبوو. هەموو کات

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەیگوت، "من لەبەر کۆمەڵە هاتوومەتەوە و بڕوام بە هیچ پۆستێکی یەکێتی نییە. بەیانی کۆمەڵە پێم بڵێ واز لە سەرکردایەتیی یەکێتی بێنە، واز دێنم و دەبمە ئەندامێکی ئاسایی کۆمەڵە." ئێمە زۆربەی فەرماندەکانی سنووری سلێمانی- کاک سەلاحی موهەندیس، کاک سەلاح چاوشین، کاک ئازاد سەگرمە، کاک ئاوات قارەمانی، کاک وەهاب، کاک حەمەی تەیب، کاک شێخ تالیب، کاک حەمە سەعیدە قەڵەو، هاوڕێ جەبار و چەندین هاوڕێی تر- بەڵێنمان پێ دابوو ئەگەر بەشدار بێت و خۆی بپاڵێوێت، هاوکاری دەبین. ئەنجامی کۆنفرانس دەرچوو. دکتۆر کەمال دەنگی باشی هێنا و بووە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە، چوونکە بە کردەوە کۆمەڵە بوو.

زۆر هەوڵ درا هەموو لایەنە عاجزەکان ئاشت بکرێنەوە. کاک نەوشیروان سەردانی برادەرانی کرد تا دڵنیایان بکات کە پێکەوە درێژە بە سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵە دەدەن، بەڵام عاجزی و گومانەکان بەردەوام بوون چوونکە کۆمیتەی هەرێمەکان، کە زۆرترین قوربانییان بۆ پاراستن و گەشەپێدانی کۆمەڵە دابوو تا گەیاندبوویانە ئەوەی ببکەنە داینەمۆی شۆڕش، ئێستا بە حاڵەحاڵ لە کۆنفرانسەکەدا لێیان دەرچووبوو. بەڵام ئایا هەڵەی خۆیانی تێدا نەبوو کە خوێندنەوەی ورد و بابەتییانەیان بۆ دۆخی ناو کۆمەڵە و یەکێتی و دابەشبوونەکان نەبوو؛ کە نەیانزانیبوو یاریەکە باش ئیدارە بدەن تا نەگات بەو ئاستە؟

هاوڕێی خۆشەویستمان کاک شێخ تالیب بەرزنجی، کە کادرێکی دیار و تێکۆشەرێکی پشوودرێژ و جێی ڕێزی هاوڕێکانی بوو، گوتی خۆی بۆ ئەندامی سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێت و لە ساڵی ١٩٧٠وە ئەندامی کۆمەڵەیە و بە مافی خۆی دەزانێت- ئەوەش سەرەتاییترین مافی هەر ئەندامێکی بەشدار بووی کۆنفرانس و کۆنگرەکانە. دوای جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان، دەرکەوت کە بەخت یاوەری نەبووە و دەرنەچوو. هاتە سەر ئەو شوێنەی کە وەک سەکۆیەک درووست کرابوو- هەر کەس قسەی بکردایە دەچووە ئەو شوێنە- کاک شێخ تالیب ڕووی کردە ئەندامانی کۆنفرانس و سوپاسی ئەوانەی کرد کە دەنگیان پێ دابوو، گوتی، "خۆشحاڵم توانیومە لەناو ئەو هەموو حوتەدا ئەو دەنگانە بێنم، کە دەنگی حەلاڵ و زوڵاڵی خۆمن."

ئێمە تەپوتۆزی ناکۆکییەکانمان جێ هێشت، خواحافیزیمان لە برادەران کرد و بۆ لای کاری خۆمان لە ناوچەی خۆمان گەڕاینەوە. لەگەڵ کاک وەهاب و کاک سەلاحی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

موهەندیس پێکەوە لە (کانی زەرد)ەوە سێقۆلّی بەرەو بێوران و لەوێوە بەرەو خوار بە ئاڕاستەی سەردەشت ڕۆیشتین. پێش نزیکبوونەوەمان لە سەردەشت، بە لای ڕاستدا بە ڕێگەیەکی چەوڕێژدا لامان دەدا و بەرەو هەورازی سەختی ئەسپە نێزە کشاین. لەوێ چایخانەیەکی لێ بوو، لامان دا و تەماتەی سوورەکراومان بەهێلکەی کوردی و بە نان و پیازەوە خوارد. پاسدار و جەیش سەردەشتیان گرتبوو.

ئێمەش چەکمان پێ بوو؛ نەماندەتوانی بەناو شاردا هاتوچۆ بکەین. لە چایخانەکە جێبێکی لێ بوو نەفەری دەگواستەوە؛ داوامان لە کابرای سایەق کرد بمانبات بۆ گوندەکەی، کە نزیک هەورازی ئەسپەنیزە بوو. جێبێکی بچووکی سەربازیی کۆنی ئێرانی بوو. هەرسێکمان چووینە جێبەکەوە- یەک لە پێشەوە و دووانمان لەدواوە بەرانبەری یەکتر دانیشتین. ماوەیەک ڕۆیشتین و کەوتینە سەر سەرەولێژییەک کە دەچووە دۆڵێکی قووڵەوە. ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو جێب بوو بە تەیارە. کابرای سایەق گوتی، "ئاغایان ترمز(ئیستۆپ)م نەماوە." ئیتر چار نەما، ئەوەندەمان دەتوانی پێی بڵێین نەشڵەژێت و جادەکە بگرێت. ئێمە ئەوپەڕی ئارامیی خۆمان پاراست و هەر سێکمان قسەمان نەدەکرد تا سەری لێ نەشێوێنین؛ هەر ئافەرینمان دەکرد و هانمان دەدا تا حاڵەتی دەروونیی تێک نەچێت. کۆتاییی سەرەولێژییەکە پردێکی باریک بوو، دەچووە ئەوبەری دۆڵەکە و لەوێش گڵی زۆر هەڵدرابوەوە. ئازایانە و ژیرانە ڕێک بە پردەکەدا ڕۆشت و خۆی کرد بەناو گڵەکەدا، کە وەک تەپۆلکەیەک کۆ کرابووە و و فشەڵ بوو. سەیارە گیرسایەوە و ئێمە و سەیارەکەش ڕزگارمان بوو. کابرای سایەق زۆر مەمنون بوو کە ئێمەی لەگەڵ بووین و گوتی، "وەڵا خوا و ئێوە فریام کەوتن. وا نەبووایە، خۆم و سەریارەکەشم تێدا دەچووین."

ئینجا لەوێوە بەپێ بەرەو هەورازی ئەسپە نێزە بەڕێ کەوتین. هەورازێکی سەخت بوو؛ بڕینی هەر لە تاقەت و توانای پێشمەرگەدا بوو. بۆ سەردانی سەرکردیەتی و گەڕانەوە لێی، ساڵی دەیان جار ئەو هەورازەمان دەبڕی. بەردەوام ڕوومان لەم هەورازە کووڕ و سەختانە بوو. چووینە بێژوێ و لە ماڵی کاک حەمەی مەلا عەلی بێژوێ پشوویەکمان دا. هەر ئەو ڕۆژە گەیشتینە بلەکێ و بۆ سبەینێ چووینەوە شارباژێڕ.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چالاکیی هاوبەش لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی

لە ناوچەی شارباژێڕ، لەگەڵ حیزبی شیوعی پەیوەندیمان نزیک و دۆستانە بوو. ئەوان بە گشتی لەگەڵ خەڵک و یەکێتی بێکێشە بوون. زۆر جار پێکەوە لە دێیەک دەماینەوە و قسە و گفتوگۆی پێشمەرگانەمان گەرم دەبوو. وا ڕێک کەوتین پێکەوە لە شار چالاکییەکی گەورە ئەنجام بدەین. ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست لەسەر چوون و هاتنەوە و ئامادەکردن و دیاریکردنی ئامانجی چالاکییەکە کەوتەسەر من.

کارەکانم تەواو کرد و کات و شوێن و ڕۆژی چوونمان بە ڕاوێژ لەگەڵ کاک عومەر حامی، کە فەرماندەی سەربازیی هێزی پێشمەرگەی شیوعی بوو لە شارباژێڕ، دیاری کرد. کاک عومەر حامی فەرماندەیەکی ئازاو گورجوگۆڵ و سادە بوو؛ هاوڕێشمان بوو. لە ناوچەکەشدا ڕێزی خەڵکیان دەگرت و لای خەڵکی ناوچەکەش ڕێزیان لێ دەگیرا.

بەرنامەمان دانا. عەسر بوو، خۆم سەرپەرشتیی هێزە هاوبەشەکەم دەکرد. چووینە گوندی وێڵەیەر، کە بەدیوی سلێمانیدا دەیڕوانی، خەڵکی ئەم گوندە هەموو دڵسۆز و هاوکاری پێشمەرگە بوون. لە چوون و هاتندا ترسی ناو دێمان نەبوو، هێشتا دنیا ڕووناک بوو کە بەرەو شار بەڕێ کەوتین.

بێ لە کەرتەکەی خۆمان و مەفرەزەی شیوعییەکان، کاکە برا قرگەیی و مەفرەزەکەشی لەگەڵمان هاتن. ماوەیەک بوو داوایان دەکرد بێن و لە چالاکییەکی ناوشاردا بەشدار بن. دوژمن بەردەوام کەمینی بەدەوری شاردا دادەنا و ئەگەر زانیاریی لەسەر هاتنی پێشمەرگە هەبووایە، کەمینەکانی چەند هێندە زیاد دەکرد. بەردەوام لەسەر ڕێگەکاندا کەمینی بە جاش و مەفرەزەی جاشە تایبەتەکان دادەنا؛ هێزی ئامادەشی لە چەند شوێنێکی شاردا دادەنا بۆئەوەی کە پێشمەرگە هاتنە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوشار، بەخێرایی بتوانن فریای هێزەکەیان بکەوێت یان ڕێی گەڕانەوە و شەقامە سەرەکییەکانی شار لە پێشمەرگە بگرێت. زۆر جار لە چوونمان بۆ شار بە لاڕێدا ڕۆیشتووین و خۆمان بەدوور گرتووە لە ڕۆیشتن بە تراکتۆر و سەیارە یان بە ڕێگە گشتی و تەنانەت توولەڕێکانیشدا. هەر بەو شێوە بەرنامەیە دەچووینە شار و دەهاتینەوە، بۆیە لە زۆربەی زۆری چوونەکانماندا بۆ شار سەرکەوتوو بووین، ئەگەر تووشی کەمینیش بووبین، بە کەمترین زیان لێی دەرباز بووین.

پێشتر شوێنی کەمینەکانم دیاری کرد و بە بەرپرسی پاراستنی ئەو جێگەیەم گوت کە کاکەبرا قرگەیی لە یەکێتی و مامۆستا دارا لە حیزبی شیوعی و چەند پێشمەرگەیەک دەچنە ئەو شوێنە. شوێنەکەمان پێ سپاردن و پێم گوتن، "چوونی ئێمە و گەڕانەوەمان بەسەرکەوتوویی و پاراستنی گیانی هەمووومان پەیوەستە بە مانەوەی ئێوە لەم شوێنەدا؛ دەبێ بە هەر نرخێک بووە پارێزگاری لەم شوێنە بکەن و چۆڵ نەکرێ، ئەگەر کێشەیەکتان بۆ درووست بوو و دوژمن هاتە سەرتان، بەهەر شێوەیەک بووە بەزوویی ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی لەو گەنجە خوێنگەرمانەی گەڕەکی خەبات چەند گەنجێکتان بنێرن هەرچۆن بوە دەبێت ئاگادارمان بکەن. ئاڕاستەی ئێمە بەرەو فولکەی خانەقایە و دەتوانن ئاسان بماندۆزنەوە. ئێوەش دەبێ ئاگاداری دەوری خۆتان بن."

چووینە ناوشار و دوو کەمینمان دانا، یەکێک لە لای شەستی و یەکێک لە خانووەکانی نزیک فولکەی دەستاڕەکە لە گەڕەکی خەبات. خۆمان و پێشمەرگەکانی تر و شیوعییەکان ژمارەمان دوانزە بۆ پانزە پێشمەرگە دەبوو. بەرەو قووڵایی شار بەڕێ کەوتین. لای فولکەی خانەقا لەگەڵ قوە خاسەکانی بەعسدا، کە شەوانە بە چەند پیکابێکی شۆفرلێت دەهاتنە ئەو فولکەیە و کەمینیان دادەنا، تووشی شەڕ بووین. ئەوان خەریک بوو لە سەیارەکانیان دادەبەزین کە بەر هێرش و ئاگربارانی چەکەکانمان کەوتن. لە یەکەم دەستڕێژی ئێمەدا زیانی زۆریان لە کوژراو و بریندار لێ کەوت. زیاتر لە سێ پیکابیان سووتا. ئێمە لە گەرمەی شەڕدا بووین لەگەڵیان، چوار، پێنج پێشمەرگەم لەنزیک یەکتری بۆ ئیحتیات جێ هێشتبوو بۆ پاراستنی پشتی خۆمان، دووانیان بەناو ئەو ئاگربارانەدا خۆیان گەیاندە لامان و گوتیان دەسرێژی زۆر و تەقەی بەردەوام لە پشتمانەوە دەکرێت- وەک ئەوەی کەمینەکەمان تووشی شەڕ بووبن. لێم پرسین کە ئایا کەس هاتبوو هەواڵی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شتێکی وای بۆ هێنابن، ئەوان بە 'نا' وەڵامیان دایەوە. پێم گوتن کە بەپەلە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. لەگەڵ کاک عومەر حامی پێکەوە بووین؛ ئێمە زیانی قورسمان لە دوژمن دابوو. شەڕ گەرم بوو؛ وردە وردە پێشمەرگەکانم لە شوێنی شەڕەکە دوور خستەوە، ئیتر خۆ شار ببووە ئاگرباران و لە هەموو شوێنێکەوە هەر تەقە بوو. هەموو پێشمەرگەکان بەسەلامەتی هاتنە کۆڵانی بەرانبەر مزگەوتی خانەقا، بە کۆڵانەکانی گەڕەکی خانەقادا وردە وردە بەرەو شوێنی کەمینەکەمان و دورکەوتنەوە لە شوێنی شەڕەکەمان جووڵاین. بۆ دوورکەوتنەوە لە فولکەو گەڕەکی خانەقا، چەند پێشمەرگەیەک پێش کەوتن و بەهەڵە چوونە کۆڵانێکەوە. بانگم کردن. لەو کاتەدا سەمیرە خانی کچی خالم، کە ماڵیان لەو ناوە بوو، گوێی لە دەنگم دەبێت و لەناو ئەو هەموو تەقوتۆقەدا بەپەلە دێتە دەرەوە. سڵاوی کرد و گوتی دەنگی ناسیومەتەوە، گوتیشی کە ئەو کۆڵانە دەرناچێت. شتەکەم بە لاوە سەیر بوو! چەند ساڵێکی زۆر بوو چاوم پێیان نەکەوتبوو، خۆ ئەوکات کە پێشمەرگە کە دەچووە شار و دەبوو بە تەقە، خەڵکە هەموو لە سووچێکی ماڵەکەیانەوە چاودێریی دەنگ و ڕەنگی پێشمەرگەیان دەکرد.

دنیاش ئاگر بارانە و فیشکی گڕدار بەسەر ئەو کۆڵانەشدا گیفەی بوو. پێشمەرگەکانم دابەش کردەوە و پێم گوتن مەترسی زۆرە و کەس لەخۆیەوە پێش نەکەوێت. خۆم و ئازاد وەندرێنەیی و دوو، سێ پێشمەرگە و عومەر حامی پێش هێزەکە کەوتین، لام ڕوون بوو ڕێگەکانمان لێ گیراوە. زۆر بەوریایی خۆمان نزیکی جادە و لای فولکەی دەستارەکە کردەوە. ئەو ناوە هەمووی قوات خاسە بوو. دەرکەوت شوێنی کەمینەکەشمان گیراوە و ئەوانی لەوێ بوون یان شەهید بوون یان ڕۆیشتوون.

هەر زوو زانیم شوێن کەمینەکەمان دوژمنی لێیە. ئەو ناوەیان بە فیشەکی گڕدار کردبووە ڕۆژی ڕووناک. بەپەلە شوێنی گەڕانەوەم گۆڕی و بە شەڕ بەشێکی ئەو کەمینەی نزیک جادەکەمان شکاند. دوژمن کوژراو و برینداری زۆری هەبوو. هەر پێشمەرگەیەک لە و جادە پانە بە ئاگری ئێمە دەربازی دەبوو، لەو بەرەوە بەرگری لە هاوڕێکانی دەکرد تا دەگەیشتنە لای ئەوان. لە پشتمانەوە بینایەکی بەرز هەبوو، بە بیکەیسی و قەناس تەواو نارەحەتیان کردبووین، ئازاد هۆندەرێنەیی و دوو پێشمەرگەم گوت ئەو شوێنە بێدەنگ بکەن دوو گوللە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئارپیجییان نا بەو شوێنانەوە کە لێیانەوە تەقەمان لێ دەکرا. ئیتر ئەوانمان لە کۆڵ بۆوە، کەمینەکەشمان بە تەواوی تێکشکاند و دوژمن بە چەندین کوژراو و بریندارەوە شکا. بە قارەمانێتیی پێشمەرگەکانی هەر دوو لا ئابلۆقەی دوژمنمان تێکشکاند.

کاتێ ئەوتۆمان بەدەستەوە نەمابوو، دەبوو بەرەو دەرەوەی شار بجووڵێین. لە شوێنێکی دوور لە شوێنی کەمینەکەی خۆمان توانیمان بە شەڕ و سەرکێشیی زۆرەوە بەناو ئەو ئاگربارانەی دوژمندا هێزەکەمان بە ڕێگەی جیاوازدا بەرینە دەرەوەی شار. لەوێ لەگەڵ ئەو کەمینەی لە دەرەوەی شەستێ دامان نابوو یەکمان گرتەوە. هەواڵی کاکەبرا قرگەیی و مامۆستا دارا و پێشمەرگەکانی هەر دوو لایانم لێ پرسین، بەڵام ئەوان زانیارییان نەبوو. کەوتمە گومانەوە کە هەمویان شەهید بوون یان گیرابن. ژمارەیان حەوت پێشمەرگە بوو. هەر لەو شوێنەدا دوو شوێنم بۆ دیاری کردبوون بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بگەڕێنەوە. گەر خۆمان ئەوپەڕی وریا نەبووینایە، دەڕۆیشتین و دەکەوتنیە ناو بۆسەی دوژمنەوە و کارەساتی گەورەتر دەقەوما. دڵنیا بووم برادەران تووشی کارەساتێک ببوون، ئیتر هەر بە لاڕێدا سەرەڕای هیلاکی ماندووبوونمان، بەرەو وێڵەیەر ڕۆیشتین. هەندێک پێشمەرگەکان بۆڵەی ئەوەیان بوو کە بۆ بەناو ئەو دەغڵە و بە لاڕێیەدا دەڕۆین. چووینە (گوندی شارستێنە)ی شارباژێر، لەوێش پرسیارێکمان کرد و وەڵامێکی برادەرەکانمان دەست نەکەوت.

خودایە ئێمە لەو هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەی دوژمندا لەناوجەرگەی شاردا بێ زیان و بە سەرکەوتوویی چووینەوە شوێنی دیاریکراومان لە دەرەوەی شار و زیانی گەورەشمان بە دوژمن گەیاند. کوژراو و برینداری زۆر و سووتاندنی زیاتر لە سێ سەیارەی شۆفرلێتی قوات خاسەکانی بەعس، بەڵام شەهیدبوونی مامۆستا دارا کادری بەتوانا و لێهاتووی حیزبی شیوعی و بەجێمانی لە شوێنی کەمینەکە بۆ ئێمە زیانێکی گەورە بوو. یەکەم جار بوو لە شاردا بەو شێوەیە پێشمەرگە کەمین دابنێت و تووشی ڕووداوی لەو شێوەیە ببێت.

ڕۆیشتن و چۆڵکردنی شوێنی کەمینەکەی گەڕەکی خەبات لەلایەن ئەو مەفرەزەیەی داوایان کرد لەگەڵمان بێن، بەبێ ئاگادارکردنەوەی ئێمە، مەترسیی گەورەی لەسەر هەموومان درووست کردبوو. ئێمە لەناوجەرگەی شاردا بووین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەک گوتم، ئەگەر بڕیاری گۆڕینی ڕێگەکەم نەدایە، بەدڵنیاییەوە دەکەوتینە ناو ئاگری تەندووری پیسی قوات خاسە و مەفرەزە جاشەکانی سەر بە دائیرەی ئەمن و ئیستیخباراتەوە.

زانینی شەهیدبوونی ئەو هاوڕێیەمان بۆ بەیانییەکەی و بەجێمانی جەنازەکەی لە شوێنی ڕووداوەکە بۆ ئێمە چاوەڕواننەکراو بوو. گەرچی هەر ئەو شەوە بە دەیان جار تۆڵەی شەهید مامۆستا دارا و چەندین شەهیدی تر کرانەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ڕووداوەکە لەسەرمان قورس بوو، بەتایبەت بەو شێوەیەی کە ڕووی دابوو. تۆ لە کەمیندا بیت بۆ لێدانی دوژمن و پاراستنی هاوڕێکانت، بەڵام لە لایەکی ترەوە کەمتەرخەمی بکرێت یان بەرپرسیارێتییەکان بە هەند وەرنەگیرێن. بەو شێوەیە خۆیان و ئێمەشیان تووشی ئەو دۆخە کرد. گەر ئێمەش وریایی و ئیحتیاتی پێویستمان نەکردایە، زیانەکان دەبوونە چەند هێندە.

لەگەڵ ئەوەی لەم چالاکییە هاوبەشە کەموێنەیەدا سەرکەوتنی گەورەمان بەدەست هێنا، وانەیەکی جوان و لەبیرنەکراوی هاوخەباتی و کاری پێکەوەیی نێوان پێشمەرگەکانی شیوعی و یەکێتیمان نیشانی دوژمن دا. لە قۆناغێکدا کە لەزۆربەی ناوچەکانی تری کوردستاندا پەرتەوازەیی و دژبەیەکی و لێک دوورکەوتنەوە لەنێوان لایەنەکاندا هەبوو، تەنانەت شیوعی و یەکێتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەنگەردا بوون دژی یەکتر، ئەم جۆرە چالاکییە هاوبەشانە دەستکەوتێکی سیاسی و پێشمەرگایەتی گەورە بوون و پەیامێکیش بوون بۆ دوژمن کە ئێمە تا توانا و دەسەڵاتمان هەبێت، کاری پێکەوەیی دەکەین نەک پێچەوانەکەی. ئەم چالاکییە سەرکەوتووەی شار ڕۆڵی فەرماندە و پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی تێکەڵ بە فیداکاری و نەبەزیی پێشمەرگەکانی یەکێتی کرد و بە کردەوە نیشانمان دا بە پێکەوەبوونمان سەنگەرمان لەو پەڕی بەهێزیدایە.

چوونە شار و چالاکیی پێشمەرگانە لە ناوجەرگەی شاردا و گەیاندنی زیانی گەورە بە دوژمن چێژێکی شۆڕشگێڕییان زۆریان هەبوو؛ هێزی دەروونیی زیاتر و شانازیی بێسنووریان بە پێشمەرگە دەبەخشی. لەو قۆناغەدا، هەر لە ئێوارەوە پێشمەرگە دەسەڵاتی یەکەمی شار بوو، دوژمن شەڕی پێشمەرگەی لەناو شاردا زۆر پێ قورس بوو، ئەو پڕوپاگەندەی ئەوەی دەکرد پێشمەرگە نەماوە یان لاوازە و هەر خۆیان دەشارنەوە، بەڵام کە پێشمەرگە بەردەوام دەچووە ناوشار

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و چالاکیی ئەنجام دەدا و لە شاردا هەموو جۆرە چەکێک دەنگی دەهات ئێمە تەنها کلاشینکۆف و ئارپیجیمان دەبرد گونجاوترین بوو بۆ شەڕی ناو شار، هەموو ئەو پرۆپاگەندانەی بەعسی هەڵدەوەشانەوە. سەرباری هەموو ئەوانە، هێزی بێسنووری مەعنەوی بە خەڵک دەبەخشی و پێگە و سەنگی پێشمەرگەی لەناو دڵی خەڵکی شاردا زیاتر دەچەسپاند.

جاش و بەکرێگیراوەکانی دوژمن بەشەو لەناو شاردا جورئەتی هاتنە دەرەوەیان بۆناو خەڵک و کۆڵان و شەقامە گشتییەکان نەبوو، زیاتر لە نزیک بنکە و مۆڵگە سەرەکییەکانی بەعس دەمانەوە و بە سەدان پاسەوان و زرێپۆش دەیانپاراستن. خەڵکی تینوو بۆ پێشمەرگە هەر لە ئێوارەوە چاوەڕوانی هاتنی ڕۆڵەکانیان بوون تا پێیان شاد ببن. ئیتر بەو شێوەیە ژن و پیاو و کوڕ و کچی گەنج لەبەردەمی ماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە و باوەشیان بە پێشمەرگەدا دەکرد و ماچیان دەکردین و بە قوربانی پێشمەرگە دەبوون؛ دووعایان دەکرد تا پەروەردگار پشتیوانی پێشمەرگە بێت و سەرکەوتوومان بکات. کچان بە دەستێک بەفراو و بە دەستەکەی تریان شیرینییان دەدایە دەست پێشمەرگە، بە تیشکی چاو و خەندەی خۆشەویستییان بۆ جلی خاکی و بۆنی عەتری ماندووی برا پێشمەرگەکانیان دەنارد و سەدان جار ڕووبەڕوو بە قوربانی پێشمەرگە دەبوون. ئەوە هێندەی تر ڕووحی فیداکاریی بە پێشمەرگە دەبەخشی. ئیتر هەموو خێزان لەبەر دەرگا بوو؛ یەکێک میوە و یەکێک قاپە شفتە و کوبەی یان مریشکی سورەکراوی بە سوێندەوە دەدایە پێشمەرگەکان. هەر لەوێدا بەو برسێتیە ئەو خواردن و باوەش پێداکردن و وشە پڕخۆشەویستییانەی خەڵک بێسنوور هێز و وزەیان بە پێشمەرگەکان دەدا. ئەو پێشمەرگانەی زیندوون تا ئەمڕۆش و تاموچێژی ئەو خواردنانە لەبیر ناکەن. بەشێک لەو شفتە و کوبانە بە سەوزە و تەماتەوە یان مریشکی سوورەکراو لەگەڵ نان دەپێچرایەوە و دەیانگوت "ئەوەش بۆ ڕێگەتان، برسیتان دەبێ." شەوان زۆربەی گەڕەکەکانی شار بە دەست پێشمەرگەوە بوون. دوژمن بەئاسانی نەیدەتوانی نزیک بەو گەڕەکانە بکەوێت، مەگەر بە هێزی زۆر و کەمینی پێشوەختەی جاشەکانەوە بیتوانیایە شەوانە جووڵەیەک بکات.

لە گەڕەکانی خەبات و سەرچیمەن یان ئازادی و تووی مەلیک و مەڵکەندییەوە بۆ هەر شەقام و کۆڵانێک بڕۆیشتینایە، گەنجەکانی شار پێش ئێمە دەڕۆیشتن و ڕێگەیان تاقی دەکردەوە. زانیاریی بەردەوامیان لەسەر دوژمن و جووڵەکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دەداینێ. ئەگەر زانیاریی مەترسیدار و پەلە هەبووایە، دەهاتن بۆ شارباژێڕ و ئاگاداریان دەکردینەوە. شارمان وا لێ کرد لە هیچ گەڕەکێک پیاوخراپ و بەعسی و کەسانی سەر بە دوژمن نەمابوون، یان تەسلیم بە پێشمەرگە دەبوون و ڕایان دەگەیاند کە وازیان لە بەعس هێناوە، یان ماڵیان باری دەکرد بۆ نزیک بنکە سەرەکییەکانی بەعس.

چالاکیی پێشمەرگە لە ناوشار بایەخ و گرنگیی لەڕادەبەدەری بۆ پێشمەرگە و خەڵک هەبوو. دوژمن لە هەر شوێنێکی شار و شارۆچکەکانی سنووری شارباژێڕ هەبووبێت، ئەوەندەی بۆمان کرابێت دەستمان لێ نەپاراستووە. ناو شاری سلێمانییش وەک قووڵاییی چالاکیی پێشمەرگایەتیمان وا بوو؛ زۆرجار پێشمەرگەکانی دەوروپشت یان ئەوانەی لە سەرکردایەتییەوە دەهاتن بۆ سنوورەکە حەزیان دەکرد لەگەڵ ئێمەدا بێن و بەشدارییی لە مەفرەزەکانی شاردا بکەن. ئەوەی جارێک لەگەڵماندا دەهاتە شار و لە چالاکییەکدا بەشدار دەبوو، حەزی بوو چەندین جاری تر زەلیلیی بەعسییەکان لە هێرشی ئازایانەی پێشمەرگە و دیمەنی پشتیوانیی بێسنووری جەماوەر و هەڵوێستی جوامێرانەیان ببینێت. کە شەو دادەهات، دزۆربەی گەڕەکەکان، بە پشتیوانیی پێشمەرگە، دەبوونە حکومەتێکی سەربەخۆ دژی بەعس.

کاک عومەری قادر گوڵباخ لە هاوڕێ خۆشەویست و نزیکەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیمان بوو؛ لە خەباتی شاخ و شاریشدا یەکێک بوو لە پێشمەرگە و فەرماندە ئازا و دیار و هەرە ماندووەکانی خەباتی چەکداریی نیو سەدەی کوردستان. چەند جارێک داوای کردبوو لە چالاکیی شاردا لەگەڵ ئێمەدا بەشدار بێت. جارێک لەگەڵماندا هاتە ناوشار. گەنجی ناو شار بە کچ و کوڕەوە ئەمەندەیان ماچ کرد و باوەشی خۆشەویستییان پێدا کرد، دەیگوت، "گوناهە لەناو ئەم شارەدا بۆ ئەم خەڵکە پڕجۆشوخرۆش و پێشمەرگەپەروەرە خۆت بە کوشت نەدەی و شەهید نەبی... یەکەم جارە لە ژیانی دەیانساڵەی پێشمەرگایەتیمدا بەو شێوەیە گەنجی شار بە کچ و کوڕەوە ماچبارانم دەکەن." سوێندی داین کە هەرجارێک چووین، ئەویش ببەین.

چەندین جار کاک شۆڕش عەلی سەعید- برای شەهید شوان و شەهید شێرکۆ و شوعلە خان- هەوڵی دەدا لەگەڵماندا بەشداری چالاکییەکانی ناو شار بکات. هەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جارەی بە بیانوویەک خۆمان لێ بزر دەکرد، چوونکە وەک خێزان و بنەماڵەیەکی تێکۆشەری دیاری کوردایەتی قوربانیی زۆریان بە کورد و کوردستان بەخشیبوو بۆیە نەمدەویست هەرگیز بەشداری لە چالاکیی پێشمەرگانەدا بکات. دواجار گلەیی زۆری لێ کردین، بەس ئەو خۆی دوو برای شەهیدی دیاری کوردستان بوون هاتنە ناوشار مەترسیی زۆری لەسەر ژیانی درووست دەکرد.

لە ڕوودانی هەر حاڵەتێکی شەڕی دەستەویەخەدا، کە هەمیشە چاوەڕوانکراو بوو لە شەڕی ناوشاردا، دەبوو هەموو چاومان بخەینە سەر ئەو تا بیپارێزین. ئەگەر تووشی زیانێکی جەستەیی ببووایە، ئەوکات بۆ ئێمەی هاوڕێی شەهید شوان و دۆست و نزیکی بنەماڵە تێکۆشەرو فیداکارەکەیان دەبووە برینێکی قووڵی سارێژنەبوو. ئینجا زۆر کەسیش دەیانگوت "بۆ بردتان و بەکوشتتان دا!" بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەناچاری بۆ چالاکییەک بردمان. لە کاتی چالاکییەکەدا، دڵم هەر لای ئەو بوو؛ خۆم و چەند پێشمەرگەیەک ئاگامان لێی بوو تا بەسەلامەتی بیگەیەنینەوە شارباژێڕ.

جادەی شەست مەتری ئەو کات وەک پشتێنەیەکی ئەمنی دوژمن بەبەردەوامی چاوی لەسەری بوو، بە حسابی خۆی ڕێگری لە هاتنی پێشمەرگە بۆ ناوشار دەکات. بۆیە زۆر جار هێزی تایبەت و کەمینی جاشەکانی لێ دادەنا لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جار لەو شوێنانە زیانی قورسمان لە کەمینەکانی دوژمن دابوو.

لە چالاکییەکی سەرکەوتووی ناوشاردا گەڕابووینەوە و نزیک جادەی شەستی بووین. بۆ دڵنیایی چەند پێشمەرگەیەکمان ناردە نزیک جادەکە، کە لە زۆر شوێنیەوە گڵی زۆر هەڵدرابۆوە. ناردمانن تا بزانن هیچ جووڵەیەک هەیە یان هەست بە هیچ شتێک دەکەن. لەمبەری جادەی شەست مەتری بە دیوی ناوشاردا مەفرەزەیەکی چوار، پێنج پێشمەرگەیی حسک کەوتبوونە ناو کەمینی پێشمەرگەکانی ئێمە. پێشمەرگەکانی حسک هاتن بۆ لای ئێمە، من هیچیانم نەدەناسی و گومانم لێ کردن. پرسیارم لێ کردن و گوتیان بە ئیشێکی حیزب هاتبوون نەک بۆ چالاکی و دەگەڕێنەوە. کە لێم پرسین، "بۆ شارباژێڕ؟" ئەوان تۆزێک تێکەڵیان کرد و وەڵامەکەیانم بەدڵ نەبوو. ئەوان ڕۆیشتن و ئێمەش خۆمان ئامادە کردبوو بۆ پەڕینەوە لە شەستی. بە برادەرانم گوت جارێ نەڕۆن. ماوەیەک بەوریاییەکی زۆرەوە ماینەوە، وەک ئەوەی بڵێیت شتێک بەڕێوەیە. من دڵنیا نەبووم و گومانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆرم لەو گرووپە هەبوو؛ دەمویست ئەوانەی حیزبی سۆسیالست بڕۆن دوور بکەونەوە، بەڵام جووڵەیانم دەبینی و ترسم هەبوو نیازی خراپیان هەبێت. بە کاک شۆڕش عەلی سەعید و ئەو سێ چوار پێشمەرگەیەی دەوری خۆم گوت لەبەر ڕووناکییەکە لاچن و بچنە پاڵ دیوارەکە. قسەکانم تەواو کرد و بە چەند کلاشینکۆفێک دەستڕێژی گوللەیان لێ کردین. ئیتر من خۆم دا بەسەر کاک شۆڕشدا تا بیپارێزم و بتوانم دووری بخەمەوە. کە دڵنیا بووم سەلامەتە، ئاهێکم پێدا هاتەوە. ئەوم دوور خستەوە. لەگەڵ تەقەی ئەواندا ئێمە وەڵامی دەستبەجێمان دانەوە. پێشمەرگە شارەزاییەکی زۆری لە ڕووبەڕووبوونەوەی کوتوپڕی دوژمن و کەمینەکانیدا پەیدا کردبوو؛ لە چاوترووکاندا بە ئاگری چەکی هەمیشەئامادەییان چەکی بەرانبەریان بێدەنگ دەکرد. چەند پێشمەرگەیەک بە ئاراستەی ئاگری تەقەکان ڕۆیشتن، کە زانییان دەستبەتاڵن، لەژێر چەتری تاریکیی شەودا ڕۆیشتن و خۆیان ون کرد. خۆ من لەتاو کاک شۆڕش هەر ڕووحم تیا نەمابوو؛ خواخوام بوو بەوریاییەوە هەرچی زووە لەو شوێنە بڕۆین. گوتم، "کاکە شۆڕش، دەزانم تۆ پیاوێکی ئازا و قارەمانی و خێزان و بنەماڵەشتان نموونەی فیداکاری و قوربانیدانن، بەڵام ئەمە دۆخەکەیە!" بیرم خستەوە کە ئەوان بەزیادەوە قوربانیی خۆیان دابوو؛ داوام لێ دەکرد ئەم دواجاری بێت بۆ ناوشارو بۆ هەرشەڕێک تکام لێکرد دوورەپەرێز بێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گلەییی مام جەلال و وەڵامی من

ساڵی ١٩٨٠، کاک ملازم عومەر سەردانی شارباژێڕی تەختی کرد و چەند ڕۆژێک لامان مایەوە. ئەو کات تازە دەمانتوانی زیاتر لە گوندەکان بمێنینەوە و بەرگری لە خۆمان لە هەر پەلامارێکی دوژمن بکەین. تازە بە تازە چەند لە کادر و پێشمەرگەکان دەیانتوانی بێ ترس لە گوندەکاندا ماڵ پێکەوە بنێن و خێزانەکانیان بمێننەوە. گەرمەی شەڕی عێراق-ئێران بوو، کە ناوی 'قادسیەی سەدام'ی لێ نرابوو. گوندەکانی شارباژێڕ ڕۆژانە هاتوچۆی سەیارەیان لە سلێمانییەوە بۆ شارباژێڕ و بە پێچەوانەوە لەسەر بوو. ڕۆژانە زانیاریی زۆری ناوشارمان لەسەر تاوانەکانی دوژمن بەرانبەر بە هاووڵاتییان بۆ دەهات. هاتوچۆکردن و سەردانکردنی کەسوکاری پێشمەرگە تا ڕادەیەکی زۆر ئاسان و بێ گرفت بوو. کەسوکاری پێشمەرگە کە دەهاتن، خواردنیان بەشی چەندین پێشمەرگە دەهێنا. بە خواردنی چەوری شار هاوین و بەهار دەبوونە سەیران و وەک جەژنیش وا بوو بۆ پێشمەرگە. لە شووکێ لە ماڵی کاک شێخ ئەحمەدی شووکێ بووین. کاک شێخ خۆی و منداڵەکانی و کاک شێخ مەحموودی براشی زۆر خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد بە گشتی ماڵەکانی گوندی شوکێ وەک ماڵی خۆمان بوون .

کاک ملازم عومەر پێی گوتم، "مام جەلال گلەیی زۆری لێ کردووی؛ دەڵێ نامەم بۆ شۆڕش ناردووە و نامەکەی بە بەرچاوی پێشمەرگەکانەوە دڕاندووە."

گوتم، "کاک عومەر، جەنابت ئێمە دەناسی و کاری وا هەرگیز لە ئێمە ناوەشێتەوە. ڕۆژانە چەندین نامەمان لە دۆست و نەیارەوە بۆ دێ، کاری لەو شێوەیە نەک لەگەڵ سەرکردەکانمان و هاوڕێکانمان ناکەین، لەگەڵ ناحەز و نەیاریشدا نایکەین. ئێمە لە ئاستی بەرپرسیارێتیداین. کاری لەو شێوەیە لە فەرهەنگی مندا نییە و مام جەلال نامەی بۆ من نەناردووە تا قسەی وای بەدوادا بێ."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک ملازم عومەر بەردەوام بوو، "تۆ بیر بکەرەوە، لە کاتی تووڕەییدا یان ناڕەحەتکردنتدا لەسەر بابەتێک ئەوە ڕووی دابێ، چوونکە مام لە خۆیەوە گلەیی ناکا."

وەڵامم دایەوە، "کاک عومەر، گەر شتێکی وا ڕووی بدایە، پێم دەگوتی و داوام لێ دەکردی بۆمان چارەسەر بکەی. جەنابت بەرپرسی هەموومانی و هاوڕێی نزیک و جێی متمانەمانی؛ بڕوا بکە هیچ ڕاستیی تێدا نییە و فاشیل و بێتواناکان لە مەیدان بەجێ ماون و نامانگەنێ، لەجێی ئەوە دەچن و ئەو درۆ و بوختانانە دەکەن."

کاک ملازم عومەر گوتی، "پێم باشە نامەیەکی بۆ بنووسی و دڵنیایی بدەیتێ." بە پێشنیارەکەی کاک ملازم عومەر ڕازی بووم و "بەسەرچاو"یکم بۆ کرد. ناوەرۆکی نامەکەم بۆ مام جەلال، ئەوەندەی بیرم مابێت، بەم شێوەیە بوو:

> دوای حورمەت و ڕێزی زۆر. ئێمە شەو و ڕۆژ لەناو قوڕگی دوژمندا لەگەڵ مەرگ لە شەڕ و ململانێداین لەپێناو سەرخستنی سیاسەتی یەکێتی، سەرباری ئەوەی کۆمەڵەبوونیشمان بەخشیوە بە یەکێتی و کۆمەڵەش بەڕێزتانیان وەک سکرتێری یەکێتی لا پەسەندە و بە شانازییەوە جەنابتان قسە و فەرمانەکانتان جێبەجێ دەکرێت، جەنابیشتان دڵنیا دەکەم کە دوورونزیک نامەی بەڕێزتانم بۆ نەهاتووە و شتی وا نە ڕووی داوە و هەرگیز ڕوونادا.

نامەکەم بۆ کاک ملازم عومەر خوێندەوە و زۆری بەدڵ بوو؛ دامە دەستی و بردی. کاک ملازم عومەر کە نامەکەی دابوو بە مام، بۆ دڵنیایی مام، خۆشی قسەی باشی کردبوو.

دوای ماوەیەکی زۆر کە ڕێمان کەوتە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ، چاوم بە مام جەلال کەوت. سوپاسی کردم بۆ نامەکە. دەبێت ئەوەش بڵێم هێرۆ خان، کە هەمیشە وەک خوشکی گەورە و هاوڕێی دڵسۆز و سەرکردەیەکی بەوەفا پشتیوانمان بوو، گوتی، "مام جەلال، نەمگوت ڕاست نییە." مام ڕێزی زۆری لێ گرتم و گوتی، "من هەر ئەوە لە فەرماندەکانی کۆمەڵە ڕەچاو دەکەم کە تێکۆشەری ڕاستگۆن و" زۆر مەدح و سەنای کردم لەوەی شەو ڕۆژ لە سەنگەری پێشەوەی فیداکاریداین و ئەو بوختانەش بۆ خۆی بووە هێز و

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پشتیوانیی زیاتری مام بۆم. خۆزگە هەموو فیتنەیی و دووزمانییەک ئەنجامەکەی وا دەبوو، ئیتر چەرخی زەمانە بە بارێکی تردا دەگەڕا و دنیا ڕەنگێکی تری دەبوو. بیرم دەکردەوە چۆن بێتوانا و لاوازەکان بوونەتە شارەزا لە هونەری درووستکردنی درۆ و بوختان بۆ سەرکەوتووەکان و تا ڕادەیەکی زۆریش توانیویانە بەرپرسان قایل بە ڕاستیی بوختانەکانیان بکەن. دەبێت بەم جۆرە درۆ قێزەونانە چەند فەرماندە و پیاوی قارەمانیان لە لووتکەی سەرکەوتندا بە پاشقولی ترسنۆکانە فڕێدابێتە خوارەوە و لە مەیدان دووریان خستبنەوە یان بەکوشتیان دابن، یان ناچاریان کردوون بچنە سەنگەری دوژمنەوە، گەرچی زۆری درۆکان ناسنامەی ڕسواییان بۆ درۆزنەکان پێوەیە و هەر زوو لەسەر دەستی سەرکردە بەئەزموونەکان کراونەتە نەخشی سەر ئاو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەنجوومەنی دێهاتەکان

لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەدا، بڕیاری دروستکردنی ئەنجوومەنی دێهاتەکان درا. ئەوە هەنگاوێکی سەرەتاییی گرنگ بوو بۆ پرۆسەی خۆبەڕێوەبردن یان کار بەڕێوەبردنی بەکۆمەڵی ڕۆژانەی گوندنشینەکان. پێشتر، بە دەستپێشخەریی کاک شێخ عوسمان سەرگەڵوویی، کادر و پێشمەرگەی سنووری دۆڵی جافایەتی، ئەزموونێکی لەو شێوەیە لە (گوندی سەرگەڵوو)ی دۆڵی جافایەتی تاقی کرابۆوە و سەرکەوتووش ببوو.

لە زۆربەی ئەو گوندانەدا کە ئازاد بوون و لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون، بەردەوام و بەبێ کاتی دیاریکراو لە شەو و ڕۆژدا پێشمەرگە بۆ نانخواردن و پشوودان یان هەر کارێکی تر کە پێویستی بوو، ڕێکارێک نەبوو تا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرکەکان بەسەر خەڵکی گونددا دابەش بکرێن؛ زۆر جار ئەرکی قورس دەکەوتە سەر چەند ماڵێک و کەسانی تریش هەبوون کەمترین ئەرکیان دەکەوتە سەرشان.

سەرکردایەتی بڕیاری دا بۆ هەر گوندێک بە هەڵبژاردن ئەنجوومەنێک بە شێوەیەکی دیموکراتی و ئازاد دیاری بکرێت تا کاروباری ڕۆژانەی ناو دێهاتەکان بە شێوەیەکی گونجاو و یەکسان بەسەر ماڵەکاندا دابەش بکات و گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی یان زەویوزار یان هەر کێشەیەکی تری لەو جۆرە بە ڕاوێژ لەگەڵ بەشی کۆمەڵایەتیی سنوورەکە چارەسەر بکەن. بێگومان هەنگاوێکی لەو شێوەیە کارئاسانیی بۆ دانیشتووان دەکرد. لەم پرسەدا تەنیا پیاوەکان بە گەنج و پیرەوە لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی گونددا بە شێوەیەکی ئازادانە چەند کەسێکیان بە ویستی خۆیان بۆ ئەنجوومەنی گوند هەڵدەبژارد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دێهاتەکان ئەرکی زۆری پێشمەرگەیان کەوتبووە ئەستۆ، هەر لە دابەشکردنی پێشمەرگەوە بەسەر ماڵاندا بۆ دابینکردنی نان و خواردن، لەو کاتانەدا پێشمەرگە لە سەنگەر و بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەردا بوو یان کە لە دەرەوەی گوند دەمایەوە و دەبوو خواردن بۆ بەیانی یان نیوەڕۆ بگات پێیان، پەیداکردنی وڵاخ و تراکتۆر و سەیارەش بۆ گواستنەوەی پێشمەرگە یان بریندارەکان، هەروەها چاوساغیکردنی پێشمەرگە لە پەڕینەوە بەتایبەت لە شوێنی مەترسیداری نزیک جادە و مەعەسکەرەکان و چەندین ئەرکی تریش هەر لەسەر خەڵکی گوندەکان بوون.

ئەنجوومەنەکان پەیوەندییەکی باش و بەردەوامیان لەگەڵ پێشمەرگە و فەرماندەکان و ئەو کادرانەی یەکێتی هەبوو کە کاری ناو جەماوەریان دەکرد. ئیتر زۆربەی کاروباری ڕۆژانەی گوندەکان لەلایەن ئەو ئەنجوومەنەوە بەڕێ دەکران؛ هەندێک جاریش ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە تووشی نارەحەتی و گێچەڵ دەبوونەوە، بۆ نموونە لەلایەن هەندێک پێشمەرگە و بەرپرس یان پێشمەرگەی لایەنەکانی ترەوە بیانوویان پێ دەگیرا و نارەحەت دەکران بەوەی کە یەکێتی داینراون و سەر بە یەکێتین.

بێگومان هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکان بێ کێشە و کەموکوڕی نەبوو. یەکەم جار بوو پرۆسەیەکی لەو شێوەیە لەو گوندانەدا پەیڕەو بکرێت کە دوور لە دەسەڵاتی بەعس بوون و زیاتر لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون. یەکێتی و هێزی پێشمەرگە ئەزموونێکیان لەو بارەیەوەی نەبوو. بەگشتی، درووستکردنی ئەنجوومەنی گوندەکان وێنەکی جوانی قۆناغی خەباتی چەکداری بوو لە شاخ.

***

یەکێتیی مامۆستانی کوردستان لە شاخ نەیانهێشت دەرگای مەکتەبی زۆربەی گوندەکان دابخرێت؛ مامۆستا خۆبەخشەکانی شۆڕش پێشمەرگەئاسا بەردەوامیان دەدا بە پەروەردەکردنی خوێندکارەکان- هەرچەندە کارەکە زۆر سەخت بوو چوونکە کەرەستەی خوێندن نەبوو. مامۆستایان بەهەمان ڕووحی فیداکارانەی پێشمەرگە نەیانهێشت زەبری داگیرکاری دوژمن کۆتایی بە خوێندن و فێربوونی منداڵی دێهاتەکانی کوردستان بهێنێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوچەی قەدەغەکراو و چالاکی

گوندەکانی ناوچەکانی ئالان و سیوەیل و بەتەواوی چۆڵ کرابوون و لەلایەن سوپا و دەسەڵاتی بەعسەوە کرابوونە 'ناوچەی قەدەغەکراو'. هیچ کەس، تەنانەت خەڵکی ناوچەکەش، بۆی نەبوو سەردانی ئەرز و ئاوی سنووری گوندی خۆی یان ناوچە چۆڵکراوەکان بکات. خەڵک ئاگادار کرابوونەوە کە هەر کەس بچێتە ناوچەکە، ڕاستەوخۆ دەبێتە ئامانجی سوپا و هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانی بەعس. سوپای داگیرکەری بەعس هێز و سوپاکەی لە زۆر شوێندا هێشتبۆوە و قایمتری کردبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵک لەبەر خۆشەویستیی خاکی باووباپیریان، نەیدەتوانی دەستبەرداری خاکەکەیان ببن و هەموو قوربانییەکیان لەپێناویدا دەدا. دەیان کەس بە ئەڵغام و پەلاماری تەیارە شەهید بوون یان لەلایەن سوپاوە گیران و سزای قورس دران، بەڵام خەڵک زۆر گوێی بەو مەترسییانە نەدەدا.

لەگەڵ کاک وەهاب، زانیاریی پێویستمان لەسەر جووڵەی ئەو هێزە سەربازییە کۆ کردەوە کە لە (مەعەسکەری باسنێ)وە بە چەند زیلێکی عەسکەری پڕ لە سەرباز ڕۆژانە بە ڕێگەیەکی چەوڕێژی سەربازیدا دەچوونە مەعەسکەری شیوەکەڵ و خواردن و کەلوپەلی پێویستیان بۆ ئەو مەعەسکەرە دەبرد. بەرنامەیەکمان دانا تا کەمینێک دابنێین و ڕێ بە دەرچوونی کەسیان نەدەین. تەقەمەنیی پێویستمان برد، تا ئەگەر تووشی شەڕی تا ئێوارە بووین، پەکمان نەکەوێت. هێزەکەمان دیاری کرد: چل پێشمەرگە زیاتر بووین. لەدەوری موبرە و مامەخەلان بووین بۆ ئەوەی نزیکی ئێوارە بەرەو شوێنی دیاریکراو بڕۆین.

عەسرێکی درەنگ بەڕێ کەوتین بۆ ناوچەی سیوەیلی ڕاگوێزراو و قەدەغەکراو. هەر پێشمەرگەیەک لای کەم خواردن و پێویستیی دوو شەو و ڕۆژێکی پێ بوو. کاک دکتۆر هەژار، وەک پێشمەرگەیەکی فیداکار و پزیشکێکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەئەزموون، خەستەخانەیەکی فریاگوزاریی گەڕۆکی لە کۆڵەپشتەکەیدا هەڵگرتبوو. ئەوە هێزی مەعنەویی زیاتری بە پێشمەرگەکان دابوو. ناوچەکە چۆڵ و پڕ لە حەیوانی درندەو بەراز بوو، چەند ڕەبایەیەکی دوژمن نزیک بوون و چاودێریی ڕێگاکانیان دەکرد.

بۆ ئەوەی دوژمن زانیاریی نەبێت لەسەر هێزەکەمان، دەمەوبەیان زوو بەنهێنی چووینە ئەو شوێنەی دیاریمان کردبوو بۆ دانانی کەمینەکەمان. هەر دوو یان پێشمەرگە و سەنگەرێکی کاتیمان درووست کرد و دابەش بووین. بە گەڵا سەنگەرەکانمان حەشار دا؛ بە شێوەیەکیش دابەش بووین دوژمن بکەوێتە ناو بازنەیەکی گەمارۆدراوەوە و لە یەکەم جووڵەیدا، دوژمن لەژێر چاودێریماندا بێت بەتەواوی بکەونەناو کەمینەکەوە. بەشێکی هێزەکەشمان وەک هێزی یەدەگ و پشتیوان و بۆ حاڵەتی پێویست لە نزیک خۆمان دانابوو.

دەمەوبەیان کە تازە تیشکی زێڕینی هەتاو ڕووناکیی دەبەخشی بەو ناوچە چۆڵکراو و وێرانکراوە، نانێکی بەیانیی پێشمەگارنەمان خوارد- نانی وشک و چەند دەنکە خورمایەکی ڕەق، ئەوە بۆ ئێمە ئاسانتر بوو لەگەڵ خۆمان بیبەین و چەند ژەمێکی پێ بەڕێ بکەین. کاتێک بەرەو سەنگەرەکانمان دەچووین، بێچووە بەرازێک- جوتیارەکان پێی دەڵێن 'فەرخە بەراز-' لەژێر دەوەنێکەوە دەرپەڕی و چەند پێشمەرگەیەک دوای کەوتن. گرتیان و دواتر کوشتیان. پێم ناخۆش بوو وایان کرد؛ ڕەخنەم لێ گرتن کە چۆن دەبێ کاری لەو شێوەیە بکەن. گوتیان بەراز زەرعاتەکەی وێران کردوون و زۆر داخلەدڵ بوون لێیان.

پێش ئەوەی پێشمەرگەکان دابەشی سەنگەرەکانی خۆیان ببن، لەگەڵ کاک وەهاب کۆبوونەوەیەکمان بە فەرماندەی مەفرەزە و ئەوانی دەوری سەردەستە یان فەرماندەی دەستە کرد تا جارێکی تر ئاگاداریان بکەین کە تا فەرمانی تەقەکردنیان پێ نەدرێت، بە هیچ شێوەیەک کەسیان تەقە نەکات. هەر پێشمەرگە و چووە شوێنی دیاریکراوی خۆی؛ من و کاک وەهابیش چووینە سەنگەرێک لە قەراغی جادەکە تا دۆخەکەدا بەتەواوی کۆنترۆڵ بکەین. ئەو شوێنەی دیاریمان کردبوو زۆر موسەیتەر بوو، هەر جووڵەیەک لە مەعەسکەری باسنێ بکرایە، دەمانبینی. چاومان لێ بوو دوو سەرباز بۆ پاککردنەوەی ڕێگە لە هەر ئەڵغام و تەقەمەنی چێنراو جووڵان. سەربازێکیان جیهازێکی ئاشکراکردنی ئەڵغامی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەدەستەوە بوو، ئەوی تریش کلاشنیکۆفێکی بەدەستەوە بوو. بە ئاراستەی سەنگەرەکانی ئێمە دەهاتن. جار جار دەوەستان و قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. تۆزێک سەروی ئێمە بە دەستە چەپدا سێ پێشمەرگەمان لە یەک سەنگەردا بوون- کاکە برا بەرزنجی، ئازاد وەندرێنەیی و جەمال چاوشین. هەر سێکیان لە پێشمەرگە هەرە ئازاکان بوون. پێمان گوتن رێگە بدەن سەربازەکان تێپەڕن و بڕۆن. ئامانجی ئێمە هێزە زۆرەکەی دوژمن بوو کە بە چەند زیلێکی سەربازی دەهاتن. ئەو دوو سەربازە زۆر نزیک بوونەوە لێمان؛ دەمانتوانی بیشیانگرین. لە نزیک ئێمە ماوەیەک وەستان و هەندێک قسەیان کرد. بە ئاسانی گوێمان لە قسەکانیان بوو، باسی ئیجازە و چوونەوەیان دەکرد و دڵخۆش بوون بەوەی کە ئیجازەیان نزیک بۆتەوە. بە قسەکانیاندا دیار بوو دەرچووی زانکۆ بوون، لەگەڵ کاک وەهاب لە سەنگەرێکدا بووین، چاوەڕێ بووین دوو سەربازەکە لە ئێمە تێپەڕن و هێزە سەربازییەکە بە سەیارەکانیانەوە بێن و بکەونە ناومان. کاتێکمان زانی بوو بە تەقە و هەر دوو سەربازەکە دەستبەجێ لەوێدا کوژران. وەک گوتم دەمانتوانی بەزیندوویی بیانگرین.

زۆر لێیان تووڕە بووین؛ ئێمە بۆچی چووین و چۆن بەرنامەکە بەو هەڵە و خۆنەگرتنە تێکچوو. پێمان گوتن کارێکی زۆر خراپیان کردووە، کاکە برا و ئازاد وەندرێنەیی و جەمال چاوشین گوتیان کاک بێستونی مەلا عومەر، کە لەگەڵ هێزەکەدا بوو، لەگەڵ کاک سورکێو، کە ڕابەری سیاسیی تیپ و پێشمەرگەیەکی چاو نەترس بوو، لە سەنگەرەکەی سەرووتردا بوون و بێستونی مەلا عومەر، کە پێشمەرگەیەکی قارەمانی هەردوو شۆڕشەکە بوو، هەندێ جووڵەی کردووە و وایان هەست کردووە ئەو جووڵانە بوونەتە جێی سەرنجی سەربازەکان و ئاشکرا بوون، بۆیە تەقەیان کردووە. ئێمە ئەوەمان قبووڵ نەکرد و پێمان گوتن زۆر لەوان زیاتر لە سەربازەکانەوە نزیک بووین و گوێمان لە وشە بە وشەی گفتوگۆکەیان بووە، تەنیا هیلاک بوون و بۆ ساتێک وەستاون. نەم زانی بۆ ئەو برادەرانە ئەو وەستانەیان بە ئاشکرابوونی خۆیان زانیوە. بەم شێوەیە ئەو چالاکییە گەورەیەی ماوەیەک بوو پلانمان بۆ دانابوو بە هەڵەیەکی بچووک لەو ناوچە چۆڵکراوەدا، لەدەست چوو، لە سەدا سەد دەستکەوتی زۆری چەک و تەقەمەنیی جۆراوجۆری دەبوو، بەڵام لێمان شێوا و پاش ماوەیەک دەنگی کۆپتەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەیدا بوو. ئێمەش وردە وردە لەو شوێنە دوور کەوتینەوە. ناوچەکە چوونکە چەند ساڵێک بوو خەڵکی تێدا نەدەژیا، چڕ و زەبەڵاح بوو. هاتنی کۆپتەر هیچ کاریگەریی نەبوو. کۆپتەر هەڕەمەکییانە کەوتە بۆردومانی ناوچەکە و لە چەند شوێنێک ئاگر لە دار و پوشوپەڵاشی ناوچەکە بەربوو. ئەو هەڵەیە بووە هۆی ئەوەی دوژمن بە کەمترین زیان لەو زیانە قورسە چاوەڕوانکراوە دەرباز ببێت و ئێمە تەنیا دوو کلاشینکۆف و جیهازێکی ئاشکراکردنی ئەڵغاممان دەست کەوت. ئا لەم کاتانەدا دەردەکەوێت کە دیسپلینی سەربازی چەند گرنگ و چارەنووسسازە و چەند پێویستە جەنگاوەرەکان پێیەوە پابەند بن تا بە هەڵەی تاکە کەسێک زیانی گەورە ڕوو نەدات و سەرکەوتنی گەورەی هێزەکە لەدەست نەچێت.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وازهێنانی کاکە حەمەی حاجی مەحموود لە یەکێتی

هێزەکانی شارەزوور زۆر جار بۆ حەوانەوە و دوور کەوتنەوە لە ناوچەی خۆیان سەردانی شارباژێڕیان بە سەخت و تەختەوە دەکرد. لەگەڵ زۆربەی فەرماندە سەربازی و بەپرسە حیزبیەکانی هەرێمی شارەزوور هاوڕێیەتیی نزیکمان هەبوو؛ بۆ ئێمەش دەرفەتێکی گرنگ بوو پێکەوە لەو گوندانە، بەتایبەت پارەزان و حاجی مامەند و گوێزە ڕەش و دۆڵپەموو، دەماینەوە. چەندین جاریش دەهاتنە چنگیان و باراو و شارباژێڕی تەخت، زۆر جاریش باسی کێشەکانی ناوچەکانی خۆمان بۆ یەکتری دەکرد. ئێمەی کۆمەڵە زیاتر بڕوامان بە ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن هەبوو. بەشێک لە فەرماندە سەربازییەکان، بەتایبەت دوای ساڵەکانی هەشتا، کەمتر گوێیان بەم پرەنسیپە حیزبییە دەدا، ئەوانیش بیانووی خۆیان هەبوو بۆ جێبەجێنەکردنی، هەر بەو هۆیەوە کادرەکانی کۆمەڵە گلەییی زۆریان لە کاک حەمەی حاجی مەحموود هەبوو، زیاتر لەسەر ئەوەی کە کەمتر بڕوای بە لێپرسینەوە و سزادانی بەرپرسانێک هەبوو کە لەژێر فەرمانی ئەودا بوون و چاوپۆشیی لە هەڵە و کەموکوڕییەکانیان دەکرد و لە هەر کارێکدا کە دەیانکرد، جۆرە سەربەخۆییەکی پێ دابوون و ئەوەی لای گرنگ بوو ئەوە بوو لەگەڵ ئەو و هێزەکەی ئەودان.

زۆربەی ئەوانەمان کە لە شارباژێڕ بووین دەمانزانی ئەو کێشانە ڕۆژ دوای ڕۆژ زۆرتر دەبن. کاکە حەمە، کە بۆ خۆی فەرماندەیەکی گورجوگۆڵ و ئازا و کۆمەڵایەتی بوو، باکی بە ڕەخنە نەبوو. سەرکردایەتی تا ڕادەیەکی زۆر ڕێزیان دەگرت، چوونکە دەیانزانی سەکردەیەکی سەربازیی پێویستە بۆ هێزی پێشمەرگە.

بەدەر لە هەموو هەوڵەکانی سەرکردایەتی، دەیان جار کاک بەکری حاجی سەفەر وەک هاوڕێ و دۆستی هەموو لایەکیان داوای لە کادر و فەرماندە هاوڕێکانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە شارەزوور دەکرد کە تەحەمولی یەکتر و کاکە حەمە بکەن، بەڵام دۆخەکەیان هەر بەردەوام بوو تا کار گەیشتە ئەوەی کاکە حەمە وازهێنانی خۆی لە یەکێتی ڕاگەیاند و چووە ناو حیزبی سۆسیالیست. پێش ئەوەی بڕیاری واز هێنان بدات، لە کاتی گەڕانەوەی لە سەرکردایەتییەوە بۆ ناوچەی شارەزوور بە لای (بلەکێ)ی نزیک بانەی سەر سنووردا تێدەپەڕێت. لەوێ بارەگایەکی سۆسیالیستی لێ بوو کە کاک عوسمانی قادر منەوەر فەرماندە و بەرپرسی بوو. کاکە حەمە هێندە ڕقی لێیان دەبێت، بێ ئەوەی لە سەرکردایەتیی یەکێتییەوە فەرمانی پێ کرابێت، خۆی بڕیاری گرتنی بارەگاو چەککردنی پێشمەرگەکانی دەدات و کردیشی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شاربازێڕ و حسک

خەڵکی شاربازێڕ لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر باش و بەخزمەت بوون بۆ پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگەکانی حسک بەردەوام کێشەیان لەناو گوندەکان دروست دەکرد، جا یان لەنێوان خۆیاندا یان لەگەڵ خەڵکدا بە ناڕەحەتکردن و بێزارکردنیان. بەشێکی پێشمەرگە و بەرپرسەکانیان کەمتر پەیوەست بوون بە بنەماکانی پێشمەرگایەتییەوە، گوێیان تەنانەت لە سەروی خۆشیان نەدەگرت، سەربەخۆ بوون لە هەموو هەڵسوکەوتێکدا و کەسیش بۆی نەبوو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات. مەشروب خواردنەوە و کۆڕی شەوانە و قەرەباڵغی دروستکردن و تەقەکردن و ئازاردانی هاوولاتییان و هتد کاری بەردەوامیان بوون. ڕەفتارەکانیان ڕاستەوخۆ دەبوونە کێشە بۆ ئێمە. هەوڵمان دەدا بە شێوەیەک لەگەڵیاندا بجووڵێینەوە نەبێتە هۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لەنێوانماندا؛ زۆر جار قسەمان لەگەڵدا دەکردن و هانمان دەدان دوور بکەونەوە چوونکە خەڵک بێزار بوو لەو جۆرە ڕەفتارانەیان، زۆربەی ئەوانەشی وایان دەکرد ماوەیەک دەمانەوە و تەسلیم بە ڕژێم دەبوونەوە. چەند پێشمەرگە و فەرماندەیان تێدا بوو کوڕی باش و پێشمەرگەی باش بوون و کەمتر ئالا بوون لەو کارە خراپانەوە و کەسایەتیی خۆیان پاراستبوو.

ئەمە مانای ئەوە نییە پێشمەرگەی یەکێتی هەڵە و کەموکوورییان نەبووبێت و کاری هەڵەیان نەکردبێت، بەڵام لای ئێمە پێشمەرگە، لە هەر ئاست و پلەیەکدا بووبێت و هەڵەی بەرانبەر پێشمەرگە یان هاوولاتی کردبێت، لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە. ماوەیەک هەرچی دەهات بۆ پێشمەرگایەتی، تەمەنیشی چەند منداڵ بووایە، ڕوومانەیان دەدایە و دەیانگوت بڕۆ فڕێی بدە ناو عەسکەرەوە. فەقیرە نەیدەزانی ئەڵقەکەشی دەربێنێت جەندین ڕوداوی نەخوازراو ڕوویان داوە. بەهۆی ئەمەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کێشـه بۆ هاووڵاتییانی شـار درووسـت دەبوو، ئەگـەری گرتنی ئـەم گەنجانـەش لـه لایەن دوژمنـەوە زیاتـر بوو.

چەندیـن بەرپـرس و ئـۆرگان هەبـوون هـەواڵ و هەڵەکانیـان دەگەیانـد بـه سـەرکردایەتی و مەڵبەنـد یـان ڕێکخـراوە حیزبییـەکان، وەک کادرەکانـی کۆمەڵـە، شۆڕشـگێڕان، هاووڵاتیـان، پێشـمەرگەش خـۆی هەرچـی هەڵـە هەبووایـە وەک ڕێکخسـتن دەیگەیانـد و لێپێچینـەوە لـە کەسـی سـەرپێچیکەر دەکرا و سـزا دەدران.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فیداکاریی موکەڕەم

لە شارباژێڕی تەخت، ئەگەر کەسێک تەمەنی نەگەیشتبووایە تەمەنی پێشمەرگایەتیی، وەرمان نەدەگرت. ڕۆژێک لە گورگەدەر بووین؛ کوڕێکی گەنج هات و دیار بوو تەمەنی کەم بوو؛ گوتی هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی. زۆر هەولّم دا ڕازی بکەم بڕواتەوە بۆ شار و مەکتەب تەواو بکات؛ بەڵێنیشم پێ دا کە ئەگەر دوای ئەوە هاتەوە، وەری بگرین. دوای یەک، دوو ساڵ هاتەوە لامان و گوتی هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی. لێم پرسی خەڵکی کوێ بوو و کێی دەناسی، ئەو گوتی کە ئەو ساڵە هاتووە و پێم گوتووە بڕوات مەکتەب تەواو بکات. ئیتر ناسیمەوە و لای خۆمان کردمان بە پێشمەرگە. ناوی 'موکەڕەم' بوو، بوو بە یەکێک لە پێشمەرگە و فەرماندە هەرە ئازا و نموونەییەکانی هێزی پێشمەرگە و یەکێتی. لە زۆر شەڕیشدا سنگی دەکردە قەڵغانی پاراستنمان. ترس لە دڵ و ڕووحیدا نەبوو. ڕازییان کرد بچێتەوە قەرەداغ،کە ناوچەی خۆیان بوو. دواتر لە شەڕێکی قارەمانانەی دەستەوئێخەی ناوشاردا شەهید بوو. پێشتریش دوو برای پێشەرگەی قارەمان و فیداکاری تری شەهید ببوون، باوکیشی، کە هەواڵی شەهیدبوونی کوڕی سێیەمی لە دوای ڕاپەڕین و لە شەڕی ناوخۆدا بۆ دەهێنن، هەر لەوێدا گیان دەبەخشێت و دەبێتە چوارەم شەهیدی هەمان خێزان. دایکیشیان هەر بە ناسۆر و خەمی سێ کوڕ و هاوسەرەکەیەوە سەری نایەوە و چووە بەر میهرەبانیی پەروەردگار.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

درووستکردنی مەڵبەند و تیپەکان

هەرێمەکان وەک گەورەترین یەکەی سەربازیی یەکێتی لە قۆناغێکدا و لە کاتی هاتنەوەی مام جەلال و کاک نەوشیروان و کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی لە سێ سنوور بڕیاریان لێ درا. لە ساڵی ١٩٧٧دا درووست کران و توانییان ڕۆڵی مێژوویی خۆیان لە سەرکردایەتی و سەرپەرشتیی هێزی پێشمەرگەکانی سنوورێکی فراواندا ببینن. ژمارەی هەرێمەکان هەشت هەرێم بوو؛ هێز و توانای سەربازی و جەماوەرییان لە دەستە سەرەتاییەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشەوە وەرگرت، کە وەک بناغەیەکی پتەوی هێزی پێشمەرگەی هەرێمەکان و دواتر مەڵبەند و تیپەکان و هێزی پێشمەرگەی لەسەر بنیات نرا. هێزی پێشمەرگە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە ژمارە زیادی دەکرد و ناوچەی ئازادکراوی زیاتری دەکەوتە دەست و دەیتوانی بەو هێزەی لەبەر دەستیدایە تا ڕادەیەک بەرگری لە خۆی و ناوچەکە بکات. عێراق ئاڵا بوو لە شەڕی ئێران و پێشمەرگە لە چەند شوێن و ناوچە بنکە و بارەگای دامەزراندبوو، بۆیە دۆخەکە دەیخواست تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگە گۆڕانکاریی تێدا بکرێت و سەرکردایەتی و ئیدارەدانی هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەک بێت هەر ناوچەیەک جۆرە سەربەخۆییەکی لە ڕووی دارایی و ئیداری و یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە هەبێت، بەو ئامانجەی ڕۆتین و مەرکەزییەت لاواز بکرێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان دابەشی یەکەی سەربازی و پێشمەرگانەی نوێ بکرێت کە لەگەڵ دۆخی قۆناغەکەدا بگونجێت.

ساڵی ١٩٨٢، لەسەر پێشنیاری کاک نەوشیروان یەکێتی بڕیاری دا مەڵبەند و تیپەکان درووست بکرێن. ئەوەندەی ئاگام لێ بوو پێشتر کاک نەوشیروان نەخشەی دابەشکاری و ناوی نوێی بۆ یەکە سەربازییە نوێیەکان دیاری کردبوو. لای زۆربەمان مەیدانی کارکردن و زەبرگەیاندن بە دوژمن گرنگتر و بەبایەختر بوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە وەرگرتنی هەر پۆست و پلەیەکی حیزبی یان سەربازی. نەریتی هاوسەنگەری و بەهای بەرزی هاوڕێیەتی لای زۆربەمان شارێی کارکردن و تێکۆشان بوو. هەر ئەو پرەنسیپانە وایان کردبوو هەمیشە هاڕێکانم پێش خۆم دابنێم لە وەرگرتن و پێدانی بەرپرسیارێتیی زیاتردا.

بەرچاوڕوون بووین کە سنووری ناوچەکەی ئێمە- شارباژێڕی تەخت- دەبێتە تیپ. لە ڕۆژئاواوە جادەی ئەزمەڕ-چوارتا، لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتیشەوە جادەی عەربەت بۆ بەرزنجە، هەروەها ناو شاری سلێمانییش دەبنە سنوور و مەیدانی چالاکییەکانی تیپەکە. هەرێمی سێ کرایە سێ تیپ کە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ کاک عەلی چوارتایی و تیپی ٣١ کاک سەلاح چاوشین و دواتر کاک دانای ئەحمە مەجید هات و بووە فەرماندەی تیپ، تیپی ٣٣ی سلێمانی کاک ئاوات قارەمانی فەرماندەی تیپ بوو. پێش دانانی فەرماندەی تیپ بۆ ئەو تیپەی ناوچەکەی ئێمە لەگەڵ کاک وەهاب پێمان باشبوو کاک ئاوات بێ، لەگەڵ کاک نەوشیروان و ملازم عومەر قسەمان کرد و خواستمان بوو کە ئاوات قارەمانی بکرێتە فەرماندەی تیپ بۆ تیپی ٣٣ی سلێمانی. بەڵێنمان پێ دا لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکار و پشتیوانی تەواوی بین. گرنگترین مەسەلە لای من بەجێگەیاندنی ئەرکی قورسی قۆناغەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر بوو.

کاک وەهاب تۆزێ دڵسارد بوو لەوەی نەکراوە بە فەرماندەی تیپ، دواتر کرایە فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە، من بوومە جێگری فەرماندەی تیپی ٣٣، مامۆستا کاکە ڕەش بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە و کاک سورکێویش ڕابەر سیاسیی تیپەکە. کاک سورکێو یەکێک بوو لە تێکۆشەرە نەبەز و فیداکار و گورجوگۆڵ وشیارەکانی ناو هێزەکە. لە زۆربەی زۆری مەفرەزە و چالاکیی پێشمەرگانە لە ناوشار و لە شاخ شانی بە شانمانەوە بوو. کاک بەختیاری حاجی فارس بەرپرسی ئیدارە و دارایی تیپ بوو؛ دواتر کە کاکە برا شەهید بوو، بوو فەرماندەی کەرتی چوار. کاک بەختیار تێکۆشەرێکی خوێندەواری پشوودرێژ بوو؛ پەیوەندیی فراوانی کۆمەڵایەتی هەبوو؛ پێشمەرگەیەکی نەبەز و چاونەترس بوو. مامۆستا سەردار بەرپرسی کۆمەڵایەتیی سنووری تیپ بوو. مامۆستا کادرێکی جەماوەریی بەئەزموون و خۆشەویستی ناو گوندنشینان بوو، کاک جەمیل هەورامی بەرپرسی ناوچەی شۆڕشگێڕان بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک حاجی ئاراس بووە فەرماندەی کەرت، کاک عەلی ڕەشید لەجێی شەهید عومەری برای کرایە فەرماندەی کەرت، کاک حەمە عەلی بەرزنجی فەرماندەی کەرت بوو، کاکە برا بەرزنجی فەرماندەی کەرتی چوار بوو، دواتر کاک جەزای کەوێ کرایە فەرماندە کەرت، ڕەئیس (سامان) فەرماندەی کەرتی تیپ بوو لەگەڵ کاک وەهاب چووە ٥٧ی سەگرمە. پێشمەرگە و فەرماندەیەکی لەسەرخۆو فیداکار و پشوودرێژ بوو. لە تیپەکەدا چەندین فەرماندەی مەفرەزە و جێگری کەرت و پێشمەرگەی قارەمانی تێدا بوو، کە زۆربەیان شایستەی پلەی زیاتری سەربازی بوون، بەڵام وەرگرتنی هەر پلەیەکی پێشمەرگایەتی کات و وەخت توانای لەڕادەبەدەری ئازایەتی و فیداکاری و بوونی سیفاتی سەرکردایەتیی سەربازی دەویست. هەموو ئەو فەرماندانە و پێشمەرگەی سنوورەکان بە شەو و ڕۆژ سرەوتیان نەبوو؛ لە جووڵە و چالاکی بەردەوام بوون و قەڵغانی پۆڵایینی پاراستنی سنووری شارباژێڕ بوون.

بە هەموو توانای خۆمەوە شەو ڕۆژ کارم بۆ سەرکەوتنی تیپی ٣٣ دەکرد، بەتایبەت چالاکیی پێشمەرگانە دژی بەعسی داگیرکەر، کە ڕەواترین جۆری شەڕ بوو بۆ هێزی پێشمەرگە. سەرباری ئەو گرفت و کێشانەی ڕووبەڕووی یەکێتی و کۆمەڵە ببوونەوە- کزی و نەبوونی پارەی پێویست بۆ ئیدارەدانی هێزی پێشمەرگە، نەبوونی چەکی پێویست، نەبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ کورد بەگشتی، شەڕی براکوژی، هەبوونی دەیان و سەدان هەزار جاش و بەکرێگیراوی دوژمن بۆ لاوازکردنی ئیرادەی پێشمەرگە- بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ هێزی پێشمەرگە بەهێزتر دەبوو. تیپی ٣٣ سەدا نەوەت زیاتری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون. دەتوانم ئەوە بۆ هەر سێ تیپی تازە درووستبوو بڵێم. تیپی ٣٣ی سلێمانی لەو قۆناغەدا بە هۆی چالاکی و زیانی زۆر گەیاندن بە دوژمن بووە ئەو تیپەی یەکێتی و شاری سلێمانی شانازی پێوە بکات.

برووسکەمان بۆ هات کە دیسان حسک و پارتی هێزیان هێناوە و هاتوونەتە سنووری چەمی گەڵاڵ. چەمی گەڵاڵ ناوچەیەکی چەپەکی دوورەدەستە و کەمتر هاتوچۆی لەسەر بوو. بە هیچ جۆرێک پێشمەرگەی سنووری شارباژێڕ حەزی بە چوون و مانەوە لەو گوندانە نەبوو. وەک پێشتر گوتم، ئەم گوندانە چوونکە زیاتر بە ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون، سەرچاوەی ئاوی خوارنەوەیان کەم بوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یان هەر نەبوو. ئەو خواردنەی پێشمەرگە لە شارباژێڕ دەستی دەکەوت هەرگیز لەو گوندانە پەیدا نەدەبوو. بێگومان دانیشتووانی ئەو سنوورە پێشمەرگەیان زۆر خۆشدەویست و وەک چاوی خۆیان دەیانپاراستن و کەسی خراپی دژ بە کورد و پێشمەرگەیان تێدا نەبوو، بەڵام پێشمەرگەی شارباژێڕی تەخت ناچار نەبووایە پێی خۆش نەبوو بچێت و بمێنێتەوە.

بەشێکی زۆری هێزەکەمان وەک هێزی پشتیوان بۆ هاوکاری و یارمەتیی حیزبی دیموکراتی ئێران لەگەڵ فەرماندەی تیپ چووبوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو ماوەیەی پێشمەرگەی سنووری ئێمە ڕۆیشتن، دەبووایە بەو هێزەی هەمانە پارێزگاری لە ناوچەکەمان بکەین و چالاکیی بەردەوامی پێشمەرگانە لە ناوشار و ئەو شوێنانەی دوژمنی لێیە ئەنجام بدەین.

کاک عومەری ڕەشید فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٣٣، تەمەنێکی زۆری لە پێشمەرگایەتی و خەباتی ڕەوای گەلەکەیدا بەخشی بوو؛ خاوەن ئەزموونێکی زۆر و فەرماندەیەکی ئازا بوو، زۆربەی خوشکەزا و کەسە نزیکەکانی ببوونە پێشمەرگە. نموونەی ئازایەتی بوو.

کەریمی عەبدوڵڵا مارف پێشمەرگەیەکی ئازا دەبێت لە کەرتەکەی کاک خەلیفە، کە سەر بە مەکتەبی عەسکەری بوو. خەلیفە خۆی برا و بنەماڵەکەیان ئەوپەڕی دڵسۆز بە نیشتیمان و پێشمەرگە بوون و خزمەت و فیداکاری زۆریان لەو مەیدانەدا پێشکەش کردووە. کاک خەلیفەش فەرماندەیەکی سەربازی هەڵکەوتووی گورجوگۆڵ و فیداکار بوو. لە گوندی گورگەدەر کاک عومەر ڕەشید لەگەڵ کەریمی برای کاک خەلیفە لەسەر هەڵە لێکتێگەیشتنێک دەبێتە دەمەقاڵێیان. کەریم تەقە لە عومەر دەکات و هەر لەوێدا کاک عومەر گیان دەبەخشێت. ئەوەی تاوانەکەی ئەنجام دابوو خۆی ون کرد، دوورونزیک کاک خەلیفە پەیوەندیی بەم ڕووداوەوە نەبوو، بەڵکو هێندەی هەمووومان ناڕەحەت و دڵگران بوو پێی، بۆیە خۆی هات تا بێتاوانیی لەو کارە قێزەونەی براکەی دەرببڕێت. یەک، دوو شەوێک لەگەڵ ئێمە- من و کاک وەهاب- بوو. لە گوندی (ئەحمائاوا)ی شارباژێڕ بووین؛ ئەگەر فریای نەکەوتینایە، لەداخا هێندەی حەب خوارد، مەترسیی لەسەر ژیانی درووست دەبوو. زۆر بێتاقەت و بێزار ببوو لەو وەزعەی خۆی، بەڵێن بە خەلیفە درا کە گیانی پارێزراو دەبێت خۆ خۆی بە پێی خۆی هات و هیچ ترسی نەبوو. برا تاوانێک دەکات برای تری قارەمانی چ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پەیوەندی هەیە. فەرماندەی هەرێم بەڵێنی بە ئێمە- من و کاک وەهاب- دا کە گیانی پارێزراو دەبێت. کاکە خەلیفە خۆشی بەڵێنی دا ئەگەر کاتی پێ بدرێت، بە دەستی خۆی کەریمی برای ڕادەستی دادگای شۆڕش دەکا.

سەرەتا، سەرکردایەتی بەهەڵە بڕیاری دابوو خەلیفە لە جیاتی براکەی ئیعدام بکرێت. دڵنیا بووین زانیارییەکان بە ڕاستی و بەڕوونی نەگەیشتبووە دەستیان بۆیە بڕیارێکی توندی لەو جۆرەیان بەبێ لێکۆڵینەوە دابوو، بەڵام هەر زوو سەرکردایەتی بە بڕیارەکەیاندا دەچنەوە و بەپەلە برووسکەی نوێ دەنێرن بۆ هەرێم و دەڵێن ئەو بڕیارەمان ڕاگرن و خەلیفە ئیعدام نەکرێت بەڵکوو بینێرن بۆ سەرکردایەتی.

لەگەڵ کاک وەهاب پێکەوە بووین، کە زانیمان خەلیفە گوللەباران کراوە، بڕوامان نەدەکرد، ئێمە دڵنیا بووین کە فەرماندەی هەرێم خەلیفە دەپارێزێت بەوەی خەلیفە خۆی هاتووە و کەسێکی تر تاوانەکەی کردووە. دووروونزیک خەلیفە پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە نەبوو. فەرماندەی هەرێم هەر لەسەرەتاوە بە بڕیارەکە ناڕازییە و دوودڵ دەبێت لە جێبەجێکردنی بۆیە دواشی دەخات و نایەوێت جێبەجێی بکات و بڕیاری وا بە ڕەوا نازانێت، بەڵام بۆ نەگبەتیی یەکێتی و بێشانسیی خەلیفە، کەسێک بە سەردان لەو ناوە دەبێت و بە میوانی ڕێی دەکەوێتە چنگیان و هانی کاک بەکری حاجی سەفەر دەدا کە هەرچی زووە بڕیارەکە جێبەجێ بکات وبڕیاری سەرکردایەتی نابێت دوا بخرێ. بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت و خەلیفەی بێتاوان شەهید دەکرێت. ئەوەش بڕیارێکی پەلە و نادادپەروەرانە بوو. دواتر بیستمان کە یەک، دوو سەعات دوای ئەو بڕیارە، برووسکەی تازە هاتووە کە بڕیارکە جێبەجێ نەکرێت بەڵام تازە خەلیفە شەهید کراوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێشمەرگە لە بەرزنجە

کەرتی بەرزنجە ئاگاداریان کردین مەفرەزەیەک بەسەرپەرشتیی کاک حەمە عەلی بەرزنجی لەگەڵ حەوت پێشمەرگەدا چالاکییەک لەناو بەرزنجە ئەنجام دەدەن. ئێمە مەقەڕی تیپمان لە باراو بوو، خەستەخانەیەکمان بۆ ئەو قۆناغەمان درووست کردبوو، سەرچاوەی پەیداکردنی دەرمانیش ئەندامانی ڕێکخستن و کەسانی دڵسۆز بوون؛ بەرنامەشمان هەبوو کەرەستە و دەرمانی خەستەخانەیەک لە شار بهێنین.

بەیانی زوو هەواڵیان داینێ کە لە چالاکیی شەوی ڕابردووی سەر بارەگاکانی دوژمن لەناو بەرزنجە زیانی زۆر لە دوژمن دراوە لە کاتی گەڕانەوەی پێشمەرگەکان، دوژمن بە هاوەن قەسفی ئەو ڕێیە دەکات و لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەی قارەمان کە هەردووکیان ناویان 'بەکر' بوو، شەهید دەبن. بەکری حەمە لاو کادری کەرت بوو، ناسناوەکەشی 'ئارام' بوو؛ بەکری حاجی عەبدوڵڵا ناسراو بە 'سەلام' لەگەڵ کاک ئارام شەهید دەبن. حەمە عەلی بەرزنجی فەرماندەی کەرت و پێشمەرگەیەکی کەرتەکە بە ناوی 'گۆردە' بەسەختی بریندار دەبن. گۆردە تووشی خوێنبەربوون دەبێت. جەمال چاوشین، کە گەنجێکی نەبەز و فیداکار و فەرماندەی مەفرەزەش بوو، بەشداریی ئەو چالاکییەی کردبوو. توانیبووی لەگەڵ ئەو سێ پێشمەرگە ساغەی تر بریندارەکان دوور بخەنەوە لە مەترسی. مەلا عەلی یەکێک بوو لەو پێشمەرگە قارەمانانەی هاوکاری دەربازکردنی بریندارەکان ببوو. عومەر، کە یەکێک لەو دوو پێشمەرگەیەیە کە هاوکاری جەمال چاوشین دەبن، هات و ئاگاداری پێشمەرگەی کرد بچن شەهید و بریندارەکان بهێننەوە بۆ شووکێ.

سەرەتا بەرزنجە جاش و جەیش شەعبی و بەعسیی زۆری تێدا بوو. قارەمانێتیی پێشمەرگەکانی بەرزنجە- حەمە عەلی و کاکە برا و پێشمەرگە قارەمانەکانی ناو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرزنجە و فەرەج وەندرێنەیی و مەلا حسێن و ئازاد وەندرێنەیی و جەمال چاوشین و فەقێ جەمال و مستەفا و چەندین پێشمەرگە نەبەز و ئازاکانی وەندرێنە و سنوورەکە توانییان لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی چالاکیی پێشمەرگانەی بەردەوام زۆربەی زۆری جاش و جاش شەعبییەکان بگرن یان بکوژن و تا ڕادەیەکی زۆر بەرزنجە لە خائین و خۆفرۆش پاک بکەنەوە.

لە خەستەخانەکەی تیپ لە باراو دکتۆر هەژار و دکتۆر جەبار بەپەلە کەوتنە چارەسەری بەپەلەی گۆردە، کە خۆی ناوی 'بەکر' بوو. گۆردە پێشمەرگەیەکی چاونەترس و ئازا بوو، هەموو لەشی برین و شوێن پارچە هاوەن بوو. هێندەی برین پێوە بوو، دکتۆرەکان نەیاندەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەن. خەریک بوو خوێنی تێدا نەدەما، داوای خوێنیان کرد. خوێنی منی بۆ دەبوو. بەپەلە بتڵێک خوێنم بەخشی، کاک شێخ کەمالی زەرنگەریش قاپێک خوێنی دا. دکتۆر هەژار دەیگوت خوێنەکەی کاکە شێخ هەر قاپێکی بە چەند قاپێک دەشیا هێندە خەست و جوان بوو، منیش بۆ خۆشی گوتم، "هیی ڕۆنی کوردیی و پاقلاوەیە." کوڕێکی وەندرێنەیش قاپێک خوێنی پێ دا. بە هیمەتی زۆری دکتۆر هەژار و دکتۆر جەبار گۆردە لە شەهیدبوونی حەتمی ڕزگاری بوو.

ڕزگارکردنی شەهید و بریندارەکان لەناو بەرزنجە و گەیاندنیان بۆ سنووری ئازادکراو بۆخۆی نموونەی پاڵەوانێتی و چاونەترسی و گیانبەخشینی هاوڕێ پێشمەرگەکان بوو بۆ هاوڕێ شەهید و بریندارەکانیان. ئەو قارەمانانە بە خوێنی خۆیان نەیاندەهێشت جەستەی هاوڕێکانیان بکەوێتە دەستی بەعسییەکان.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هێنانی دەرمانی خەستەخانەیەک لە شارەوە

خەستەخانەکەمان لە باراو بێ دەرمان بوو، ئەو دەرمانەشی ڕێکخستن و دۆستەکانمان بۆیان دەهێنایەن بەشی پێشمەرگە و خەڵکی ئەو گوندانەی ڕوویان کردبووە خەستەخانەکە، نەدەکرد. بیرم لەوە کردەوە چالاکییەکی تایبەت بە هێنانی خەستەخانەیەک لە ناوشارەوە ئەنجام بدەین. داوام لە ڕێکخستنەکانی شار کرد خەستەخانەیەکمان بۆ دەستنیشان بکەن تا دەرمانەکانی بهێنینە دەرەوە. زۆر پێویستمانە بەوە بوو تا تۆزێک خەستەخانەکەی خۆمانی لە باراو پێ ببووژێنینەوە.

خەستەخانەی سەرشەقام نزیک ماڵی (مەلا کەمالی محامی)یان بۆ دیاری کردبووین. کاک حەمەی تەیب فەرماندەیەکی سەربازیی ئازا و گورجوگۆڵ بوو. ڕێک کەوتین پێکەوە ئەو چالاکییە ئەنجام بدەین. پێکەوە لەگەڵ هێزەکەماندا لە شارباژێڕەوە بەڕێ کەوتین تا بچینە شار. من سەرپەرشتیی هێزەکەم دەکرد. شەو خۆمان کرد بە شاردا، شارەزا پێشمان کەوت. بە جادەی شەستی و (گەڕەکی خەبات)دا چووینە بەر دەرگای خەستەخانەکە. دەرگامان شکاند و چووینە ناو ژوورەکانەوە. گوێنیمان پەیدا کرد و دەستمان کرد بە دەرمان هێنانە دەرەوە. هەرچیی تێدا بوو هێنامان. پیکابی فەلاحیمان پەیدا کرد و زۆریمان کردە ناوی. هەر پێشمەرگەیەیش کۆڵێک دەرمانمان بە شاندا دا و شوێنەکەمان جێ هێشت و بەرەو دەرەوەی شار گەڕاینەوە. کەمینمان لە زۆر شوێن دانا بوو. سەرکەوتووانە گەیشتینەوە ویڵەیەر و دەرمانەکانمان گەیاندە خەستەخانەی باراو و خەستەخانەکە بووژایەوە.

ئێمە کەسمان لە دەرمانمان نەدەزانی؛ چەندین کارتۆنی قەبە و قورسمان هێنابوو، کە شرووبی کۆکە و ئیلتیهاباتی منداڵان بوون، بەڵام ئەوە خێری زۆری بۆ منداڵانی سنوورەکە دایەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جاشێتی

ترسی بەشداریکردن لە شەڕی عێراق-ئێراندا، لەگەڵ کۆمەڵێک هۆکاری تری کۆمەلایەتی و عەشایەری و عەشرەتچێتی و حەزی خیانەت و خۆفرۆشتن بە دوژمن، وای کردبوو خەڵکێکی زۆر چووبوونە ناو فەوجی جاشی خەفیفەوە؛ بێ هیچ شەرمێک لە نیشتیمان و شەهیدەکانی کوردستان، چەکی جاشێتیان دەکردە شان؛ دەیان هەزاری تریش تەنها وەرەقەی جاشی خەفیفەیان دەخستە تەنگەی باخەڵیان و مورتاح بوون کە ناچنە سەربازی. مووچەکانیان بۆ سەرۆک جاشەکە بوو. حکومەت ئەمەی باش دەزانی و ئاگای لێ بوو زۆر لەو جاشانە بۆ خۆدزینەوەیە لە جەبهەی شەڕ زۆر شت دەکەن، بەلام دوژمن بە لایەوە گرنگ بوو کەسەکە ناوی وەک 'جاش' تۆمار کراوە و هەویە یان وەرەقەی جاشێتی پێیە. بەعس مەبەستی بوو کەسەکە بەس نەبێتە پێشمەرگە یان هاوکاریی پێشمەرگە بکات، ئیدی لە هەموو شتێکی تردا چاوپۆشیی لێ دەکردن.

هیچ عەیبە و شەرمێک لە بوون بە جاش نەمابوو، ئەمەش وای کردبوو سەدان هەزار جاش لەم فەوجانەدا کۆ ببنەوە. ئیتر پێشبڕکێ بوو بۆ خۆفرۆشتن و نیشتیمان فرۆشتن. باسی کەسانێکیان دەکرد کە لە بەعسییەکانەوە زۆر نزیک بوون و ئیجازەی فەوجێک یان دوو فەوجیان بەهەدیە لە بەعس وەردەگرت و بە پارەیەکی زۆر دەیانفرۆشتەوە. گرنگ گیرفان بوو پارەی تێدا بێت. بێگومان هەزار کەسی تر کە لە سەربازی ڕایانکردبوو ئامادە نەبوون کاری لەو جۆرە بکەن و ببن بە جاش، یان تەنانەت وەرەقەی جاشێتییەکەش بخەنە گیرفانیانەوە. ئەوانە لە ناوشار کەناریان دەگرت یان دەچوون ناوچە ئازادکراوەکان یان دەبوونە پێشمەرگە لە شاخ و لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا گیانیان دەبەخشی یان بە ڕێی ئێراندا دەچوونە دەرەوەی وولات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له بەرانبەر ئەو ڕێژە زۆرە جاشدا، لەناو هێزی پێشمەرگەدا پێشبڕکێی فیداکاری و گیانبەختکردن هەبوو بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان و تێکشکاندنی بەعس.

زۆربەی ڕێگەکانی هاتوچۆی نێوان شار و شارۆچکەکان بە ڕەبایەی جاشەکان دەپارێزرا؛ زۆربەی پەلامار و شەڕەکانی دوژمنیش بەرانبەر بە پێشمەرگە بەم جاشی فەوجە سووکانە یان جاشی مەفرەزە تایبەتەکان دەکرا. ئەوان پێش جەیش دەکەوتن، جا بۆ هێرشی سەر پێشمەرگە بووایە یان بۆ سووتاندنی گوندەکان و ڕاگواستنیان. ئەم جاشانە بۆشاییەکی گەورەی ئەمنی و سەربازییان بۆ دوژمن پڕ کردبۆوە، چوونکە عێراق زۆربەی جەیشەکەی بردبوو بۆ بەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئێران. بەکورتی وای لێ هاتبوو جاشێتی هیچ عەیبە و شەرمێکی تێدا نەمابوو، سەدان کەسمان دەبینی کە لێمان دەپرسین چۆنە ناچنە سەربازی، دەیانگوت، "وەرەقەیەکی جاش خەفیفەیان بۆ کردووم و کەس دەست ناهێنێتە ڕێم."

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەهیدبوونی کاک جەزای عەلی کاتب

کاک ئەبوو شەهاب لە سەرکردە دیارەکانی کۆمەڵە و یەکێتی بوو لە سەرەتای درووستبوونی کۆمەڵە جێ پەنجەو ڕۆڵی بەرچاوی هەبوە لە دانانی بناغەی کۆمەڵەو گەشەکردنی و لە دەستە هەرە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی شۆڕش بوو، وەک بەرپرسی ڕێکخراوی کۆمەڵە بوو لە سنووری سلێمانی. بارەگاکەی لە گوندی دۆڵپەمووی شارباژێری سەخت بوو. هاوڕێ و بەرپرسمان بوو. دەمێک بوو بەڵێنم دابوو سەردانی بکەم و چەند ڕۆژێکیش لای بمێنمەوە. خەڵکی دێیەکەش زۆربەیان دۆست و ناسیاوم بوون. هێزەکەمان هاتبووین بەرەو شارباژێری سەخت و لەوێوە بۆ دۆڵی گەلاڵ بە مەبەستی ڕێگەنەدان بە هێزەکانی حسک و قیادەی مۆقەتە تا نەتوانن لەو سنوورە بمێننەوە. ئەو سنوورە سنووری هێزێکی دیاریکراوی یەکێتی نەبوو، کەمتر پێشمەرگەی شارباژێڕ دەچوون بۆ ئەو سنوورە، مەگەر بۆ حاڵەتێکی وا. تا هێزەکانی یەکێتی گەیشتینە ناوچەکە، قیادەی مۆقەتە و حسک ناوچەکەیان چۆڵ کردبوو، بۆیە ئێمەش گەڕاینەوە بەرەو ناوچەی شارباژێڕ. هەر دوو مانگ جارێک لەپڕ بروسکەیەکمان بۆ دەهات دەبوو هێز کۆ بکرێتەوە و ڕوو بکەینە ئەو ناوچانە. دەمانزانی کە حسک و قیادەی مۆقەتە هاتوونەتە ناوچەکە و نیازی مانەوەیان هەبووە، بەڵام ئەوانیش کە هێزی زۆری پێشمەرگەیان دەبینی، زۆر جار دەکشانەوە. جاری تریش بە شەڕی خوێناوی و کوژراو و برینداری هەر دوو لا تەواو دەبوو، ئەمەش بەدبەختیی کورد بوو. دوژمن لە شەڕدا بوو لەگەڵ ئێران و هێزە کوردییەکانیش لە شەڕدا لەگەڵ یەکتر.

لە گەڕانەوەماندا بەرەو شارباژێڕ، لە هێزەکەی خۆمان جیا بوومەوە. ئەوان بەرەو شارباژێڕی تەخت ڕۆیشتن و من، بەنیازی مانەوە، لام دایە بارەگای ئەبوو شەهاب. دوو ڕۆژ بوو لە دۆڵپەموو بووم. ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١ بوو؛ بررووسکەیەک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ جیهازەکەی ڕێکخراو هات و هێنایان بۆ کاک ئەبو شەهاب. پاش کەمێک ئەبوو شەهاب گوتی، "بە داخێکی زۆرەوە کاک جەزای عەلی کاتب لەگەڵ چەند پێشمەرگەی یەکێتی لە چوونیان بەرەو بزەینیان و بەرەو خەستەخانەی باراو، لە گوندی گورگەدەر کەوتوونەتە کەمینی پێشمەرگەوە بەهەڵە شەهید کراون." بڕوام نەدەکرد چوونکە جەزا دژی هەموو جۆرە گرژی و گرفتێکی نێوان لایەنەکان بوو، ڕێزی زۆری لای زۆربەمان هەبوو، زۆری فەرماندەکانی سنوورەکە خۆشمان دەویست، خۆشی وەک کۆتری ئاشتی بوو، بە هەموو شێوەیەک دژی شەڕی براکوژی بوو، بەڵام لە دۆخێکی وا پڕ لە ڕق و ڕقلێبوونەوە لەناو هێزە شەڕکەرەکاندا، ئەگەر بەشێکیش نەبیت لەو شەڕە، هەر پریشکت بەردەکەوێت چوونکە زۆر جار ئەوەی شەڕەکە هەڵدەگیرسێنێت خۆی دەرباز دەبێت و کەسانی تر گیرۆدە و زەرەرمەندی ئاگری شەڕەکە دەبن. بەڵام لە دۆخێکی وای شەڕی گەرمی سیاسی و ئیعلامی و ڕێکخراوەییدا ئەگەری هەر ڕووداوێکی خوێناویی لەو جۆرە چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام بۆ کاک جەزا هەرگیز بڕوامان نەدەکرد و نەدەبوو. پێش ئەو ڕووداوە چەند جارێک ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕ لەنێوان هێزەکانی حسک لە سنووری کۆیە و دۆڵی جافایەتی و شارەزوور و ناوچەکانی تر ڕوویان دابوو. چەندین پێشمەرگە شەهید ببوون، بەڵام گەر ناوچە هەمووی ئاگری شەڕ بووایە، کاک جەزا هێندە ڕێز و خۆشەویستی لای ئێمە لە شارباژێڕی تەخت هەبوو، نەدەبوو تووشی کارەساتی وا ببێت.

کاک جەزا هاوڕێی نزیکی عەلی فەرەج و ملازم حەمەی فەرەجی کوڕی خوشکم بوون. عەلی لەگەڵ دوو، سێ هاوڕێی تریاندا زوو زوو سەردانی کاک جەزایان دەکرد و ڕۆژەکە لای دەمانەوە تا عەسر درەنگ. هەرچی بهاتنایە، منیان ئاگادار دەکرد و دەچوومە لایان. چەند سەعاتێک دەمانەوە، نانی باشیان لە شارەوە دەهێنا، بە قسەی خۆش و نوکتە و پێکەنینەوە نان دەخورا و دواتر دەگەڕانەوە. خۆ ئەوکات هەر عەسر دەبوو هاووڵاتیی هاتووچۆکەر بەو جادانەوە نەمێنێت.

لەگەڵ کاک جەزا دۆستایەتیمان نزیک بوو، ڕێزی زۆرم لێ دەگرت، وەک پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی نیشتیمانپەروەر دەمبینی و هەر بە چاوی گەورەیی و خۆشەویستیی خزمەکانمەوە بۆم دەڕوانی. هەموو کات دەمگوت، "هەر ئەمرێکت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەبوو، تکایە پێم بڵێ. تۆ لەجێی ملازم حەمەی فەرەجی بۆ من." ئەویش زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کۆمەڵە ئەو هەموو گەنجە بەتوانا و ئازایانەی لە دەور کۆ ببۆوە.

هەر زوو بەرەو شارباژێر گەڕامەوە. لەڕادەبەدەر بۆیان بەداخ بووم. کاک جەزا کوردپەروەر، دڵسۆز، فیدکار بوو بۆ خاک و نەتەوەکەی، تاڵاوی زۆری بە دەستی شەڕی براکوژی و شکاندنی ئێسکی براکانەوە چەشتبوو، هاتنەدەرەوەشی ترس بوو لەوەی بکوژرێ، تا زیاتریش دەمناسی، ڕێز و گەورەییی لام زیاتر دەبوو. زۆر بێزار بوو بەدەست ناکۆکی و ململانێی خوێناویەوە، بەرپرسی یەکەمی پارتی بوو لە ناوچەکە و کەسایەتییەکی خۆشەویست و بێ ئەرک بوو لەسەر خەڵکی سنوورەکە بۆیە خەڵک ڕێزی زۆریان لێ دەگرت؛ خۆشی زیاتر حەزی بە دوورەوپەرێزی بوو لە هەموو ئەو کێشانە، حەزی دەکرد لە دەرفەتێکدا بۆ ماوەیەک دوور بکەوێتەوە و بەرەو هەندەران بڕوات. خاوەن ئەزموونی زۆری قۆناغە جیاجیاکانی شەڕی ناوخۆ بوو؛ دووربین بوو. چەندین جار کە پێکەوە دەبووین، بە هاوڕێکانی شاری دەگوت، "ئەم شەڕی براکوژییە وا زوو کۆتایی نایەت."

ڕووداوەکە بەم شێوەیە بوو: پێشمەرگەیەکی یەکێتی لە سێتەک فیشەکی لەدەست دەردەچێت و هاوڕێیەکی خۆی بریندار دەکات. دەیانەوێت بیگەیەننە خەستەخانەی باراو. کاک جەزا سەیارەی کاک عوسمانی قادر منەوەری پێ دەبێت؛ نازانم ئەو ڕۆژە لێی وەردەگرێت یان پێشتر لێی وەرگرتووە. ئەو کات سەیارە زۆر کەم بوو؛ ئەگەر هەشبووایە، کێشەی بەنزینیان هەبوو. کە بە کاک جەزا دەڵێن، ئەو یەکسەر بریندارەکە و چەند پێشمەرگەیەکی خۆی، کە پارتین، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی بە سەیارەکە بەرەو باراو دەبات، کە خەستەخانەیەکی باش و چەند دکتۆرێکیشی لێ بوو. بێگومان کاک عوسمان زۆر وریایە و ئەزموونێکی زۆری لە تێگەیشتن و خوێندەوەی دۆخەکە هەبوو. دەیزانی مەترسی بەڕێوەیە، زۆر زوو هەستی بەو حاڵەتانە دەکرد و زۆر جار دەیگوت کە ڕادیۆکەتان دەڵێت، "لە ژمارە ٣ەوە بۆ ٧،[١] یەکسەر دەڵێم بە زاتی خوا یەکێتی

١ هەر بڕیار یان فەرمانێکی سەرکردایەتی بۆ تیپەکان دەربچووایە، لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە بڵاو دەکرایەوە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەزمێکی بەدەستەوەیە و ئیتر خۆم بە دوور دەگرم." بە پێکەنینەوە دەیگوت، "برووسکەکانتان قابیلە بۆ چییە؟ هەر بۆ من و بۆ شەڕە."

ئەو کات لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بە جفرە ئاگادارییان بڵاو دەکردەوە. بۆ هەر بابەتێک یان بڕیارێکی سەرکردایەتی یان ئاگادارکردنەوەمان لە پێویستییەک، هەموو فەرماندەی تیپێک جفرە و کلیلی کردنەوەی جفرەی لا بوو، هی هەر تیپێک جیاواز تر بوو لە تیپێکی تر. گەر برووسکەکە پەیوەست بووایە بە هەر تیپێکەوە، ئەوا بەئاسانی دەیتوانی برووسکەکە بکاتەوە و پەیامەکە وەربگرێت.

کاک بەختیار مستەفا، برای کاک نەوشیروان، بەرپرس و ئەندازیاری و دروستکەری جفرەکان بوو؛ شارەزاییەکی بێوێنەی لەو بوارەدا هەبوو. کلیلی ئەو جفرانەی دابوو بە زۆربەی زۆری فەرماندەی تیپەکان. کاک بەختیار وەک سەربازێکی ون بە بلیمەتی و شارەزاییی زۆرەوە ئەم کارەی دەکرد و هیلاکی و شەونخونیی زۆری پێوە چەشتبوو. بەم کارە کەموێنەیە، هەموو تیپ و مەڵبەندەکانی بە سەرکردایەتی و مەکتەبی عەسکەرییەوە گرێ دابوو هەر بڕیار و فەرمان و ئاگادارکردنەوەیەک بۆ هەر تیپێکمان هەبووایە، لەڕێ ڕادیۆوە بەئاسانی دەگەیشت.

پێشمەرگەکانی تیپی ٣٣ لە شەخسەکەی گورگەدەر دەبن؛ کەمینان لەسەر ئەو ڕێگەیە دەبێت کە لەخوار شەخسەکەوە کە بەرەو بزەینان دەڕوات. ئامانجیان ئەوەیە کە کاک عوسمان هات، بیگرن. ئیتر کە سەیارەکە هاتووە و زانیویانە سەیارەکەی خاڵە عەفانە،هەڵەیەک درووست دەبێت و تەقە لە سەیارەکە دەکەن. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە لە ١٩٨٣/٤/١دا ڕوو دەدات و کاک جەزا و چوار پێشمەرگە شەهید دەبن.

هەموومان دڵگران بووین و ناڕەزاییی توندمان هەبوو لەسەر ئەو ڕووداوە. داوامان کرد دەستبەجێ لێکۆڵینەوە بکرێت و سزای توندی ئەوانە بدرێت کە دووروونزیک پەیوەندییان بەو کارەساتەوە هەبووە. بێگومان ئاوات قارەمانی، کە خۆی فەرماندەی تیپ بوو، هەمان داوای هەبوو.

سەرکردایەتیی یەکێتی ئەم ڕووداوەی بەگرنگییەوە وەرگرت و لە ڕادیۆی گەلی کوردستانەوە بە ڕێزی زۆرەوە ناوی کاک جەزای وەک شەهیدی کوردستان هێنا و ڕایگەیاند ڕووداوەکە لە ئەنجامی هەڵەوە بووە. داواشی لە مەڵبەندی یەک کرد دەستبەجێ لێکۆڵینەوە بکات و سزای توندی ئەوانە بدات کە هۆکاری ئەو کارەساتە بوون. مەڵبەند بڕیاری دا لیژنەی هاوبەشی لێکۆڵینەوە لەنێوان پارتی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

و یەکێتی درووست بکرێت بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان، بەڵام پارتی نەیتوانی دەرفەتێک بدات بە یەکێتی تا بزانێت هەڵوێستی لەسەر سزادانی ئەوانەی ئەو تاوانەیان بە هۆی کەمتەرخەمییەوە ئەنجام داوە چییە.

هەر لە شارباژێڕی تەخت مامەوە. لە کاتی ناشتنی جەنازەی شەهید جەزا، پێشمەرگەیەکی یەکێتی بە ناوی 'هەڤاڵ ئەحمەد بەگ' کە خزمی نزیکی شەهید جەزا بوو و وەک مامی خۆی سەیری دەکرد و هەر بە 'مامە جەزا' بانگی دەکرد، بە بێ چەک چووبوو تا بەشدار بێت لە مەراسیمی ناشتنەکەیدا. هەر لەوێدا سێ، چوار پێشمەرگەی حسک و پارتی دەیگرن و شەهیدی دەکەن. هەڤاڵ پێشتریش برایەکی تری شەهید ببوو. لە ناوچەی جافایەتییەوە بە داخی شەهیدبوونی جەزاوە هاتبوو.

برووسکەمان بۆ هات کە ڕۆژی ٢ی نیسان هێزێکی پارتی و پاسۆک لە پشتی گۆڕەدێم لای چوارتا ترکتۆرێکی پڕ لە پێشمەرگە دەدەنە بەر دەستڕێژ و نۆ پێشمەرگەی قارەمانی یەکێتی و شۆفێرەکە شەهید دەکەن کە دەبنە دە شەهید. پێشتریش لەو ئۆتۆمبێلەکەی شەهید جەزادا سێ پێشمەرگەی یەکێتی لەگەڵ شەهید جەزا شەهید دەکرێن. بەم شێوەیە دواجار بە هۆی هەڵە و کەمتەرخەمییەوە، بە شەهید جەزاوە، پانزە پێشمەرگە و ڕۆڵەی قارەمانی ئەم میللەتە شەهید دەبن و ئیتر ئەوە بووە سەرەتای شەڕێکی خوێناویی براکوژیی تر.

بارودۆخ بەتەواوی تێکچوو. پارتی و حسک هێزەکانیان بۆ پەلاماردان کۆ کردەوە و لە شارباژێڕی سەخت پەلاماری هەندێک شوێنیان دا کە پێشمەرگە و هێزی یەکێتی لێ نەبوو. ئەوان لێی دامەزران. لە ناوچە جیاجیاکانی تریش چەندین ڕووداوی شەهیدکردن ڕوویان دا.

دیسان هێزەکانمان بردەوە بۆ شارباژێڕی سەخت و هێزەکانی گەرمیان و قەرەداغ و شارەزوور و هەورامانیش هاتبوونە سنووری شارباژێڕی تەخت. ئامادەکاریی دەکرا بۆ پەلاماردانی هێزەکانی حسک و پارتی، حیزبی شیوعی هەوڵی دەدا نێوەندگیری بکات. ئێمەش چاومان لەوە بوو بگەینە ڕێککەوتنێک و ئەو شەڕە ڕوونەدات.

هێزەکانی ئەوان بەشێکی زۆری شارباژێڕی سەختیان گرت و هێزی زۆریان هێنایە بەرانبەر گوێزەڕەش و دڵۆپەموو. کەوتنە سەنگەر درووستکردن و هێزهێنان،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئێمەش هێزەکەمان لە دۆڵپەموو بوو، بۆیە لەگەڵ حەمەڕەش گەرمیانی هێزێکمان برد و چەند شوێنێک مابوو لە بەرانبەر گوێزەڕەش؛ لەوێ پێشمەرگەکانمان جێگیر کرد و خۆشمان لەگەڵ حەمەڕەش ماینەوە. دەمەوعەسر بوو کاتێکمان زانی بە هاوەنی شەست و هەشتا کەوتنە تۆپبارانمان و دوای ئەوەش کەوتنە هێرشکردن بۆسەر سەنگەرەکانمان. لە چەند لایەکەوە هێرشیان کرد و هێرشەکەیان شکا و بەناچاری لە سەنگەرەکانمان دوور کەوتنەوە. شەڕەکە بۆ هەر دوو لا بێ زیان بوو.

دانیشتووانی هەردوو گوندی دۆڵپەموو و گوێزەڕەش- هێزەکەی تری یەکێتی لە دۆڵپەموو بوون- وەک فیلمێکی پڕ تراژیدیای میللەتێک کە خەریکی لەناوبردنی یەکتری بوو، سەیری شەڕی براکانیان دەکرد و دەیانبینی چۆن هەڵمەت بۆ کوشتنی یەکتر دەبەن، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە بەعسی دوژمن بڕیاری قڕکردنی میللەتەکەیانی دابوو! من خۆم تێنەدەگەیشتم ئەو سێ لایەنە، کە سوور دەیانزانی لە ڕووی ژمارەی هێز و توانای پێشمەرگەکانیانەوە، زۆر لەگەڵ یەکێتی لاسەنگن و ناتوانن ئامانجێک بەدەست بهێنن، بۆچی ئەو شەڕەیان هەڵگیرساند.

ئەنجامەکان:

بەدەر لە شەهیدبوونی جەزای عەلی کاتب و ئەو سێ پێشمەرگەیەی لە سەیارەکەدا لەگەڵی بوون، هەروەها شەهیدبوونی هەڤاڵ ئەحمەد بەگیش لە ناشتنەکەیدا، لە تراکتۆرێکدا نۆ پێشمەرگەی تیپی ٣١ و سایەقەکە لە بەندەنی گۆڕەدێم شەهید کران، چەندین پێشمەرگەی سۆسیالیست و پارتیش لە شەڕەکەدا شەهید بوون. من نامەوێت چۆنێتیی ڕووداوەکانی ناو ئەو شەڕە نەگریسە باس بکەم کە هەندێ بەشانازییەوە باسی ڕۆڵی خۆیان وەک پاڵەوان لەو شەڕانە و شەڕەکانی تری ناوخۆدا کردووە.

هەر سێ لایەنی شەڕکەر- حسک و پارتی و پاسۆک- بەزوویی ناوچەکەیان چۆڵ کرد و بەرگریی ئەوتۆیان نەکرد، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەم شەڕانە دوور بوون لە هەموو بەهایەکی کوردبوون و مرۆڤبوون؛ هیچ لایەک دەستی لە بەرانبەرەکەی نەدەپاراست. دوایی بۆیان باس کردم کە ئەو بەیانییەی شەڕ هەڵگیرسا بوو، لە شەڕی پشتی مووبرە و مامەخەلان چەند گەنجێک، کە تازە هاتبوونە دەرەوەوە و ببوون بە پێشمەرگەی پارتی، لە پەلامارێکدا شەهید ببوون. ئەو گەنجانە کە هێشتا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

چەکیان نەکردبۆوە شان، ڕەنگە هەرگیز چاوەڕێی ئەوەیان نەکردبێت لە دوو، سێ ڕۆژی سەرەتای هاتنەدەرەوەیاندا ئاوا شەهید ببن.

لەگەڵ برادەرانی حیزبی شیوعی لە سنووری شارباژێر بەردەوام پەیوەندیمان باش و دۆستانە بوو. کاک مەلا بەختیار بەرپرسی مەڵبەندی یەکی سلێمانی بوو؛ ڕێزی زۆری شیوعییەکانی دەگرت؛ شیوعیەکانیش هەڵوێستی دۆستانەیان نیشان دەدا. زۆر هەوڵیان دا نێوەندگیری بکەن و ڕێگە بگرن لە ڕوودانی ئەو شەڕە. کە نەیانتوانی ئەوە بکەن، دوورەوپەرێز بوون و دۆستایەتیی خۆیان لەگەڵ مەڵبەند و هێزی یەکێتیی سنوورەکە پاراست.

بێگومان کاک مەلا بەختیار وەک بەرپرسی مەڵبەندی یەک لەگەڵ کاک بەهادین نووری ڕێک کەوتبوون کە هێزەکەی شیوعی پارێزراو دەبن. ئەم بڕیارەی بەرپرسی مەڵبەند لای زۆربەی فەرماندە و بەرپرسانی سنوورەکە جێی دەستخۆشی بوو. بەم شێوەیە بەرپرسی یەکەمی مەڵبەند نەیهێشت شەڕی یەکێتی و شیوعییەکان لە سنووری مەڵبەندی یەکی سلێمانی دروست ببێت.

هێزەکانی حیزبی شیوعی بە فەرماندە و پێشمەرگەکانیانەوە بەسەلامەتی و بەبێ کێشە ناوچەی شارباژێریان چۆڵ کرد و چوونە ناوچەی قەرەداغ.

کاک بەهادین نووری خۆشی جیاواز لە سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی بیری دەکردەوە. هەڵوێستی وەرگرت و نەچووە ژێرباری بڕیار و فەرمانەکانی سەروی خۆی و تێکەڵ بەو شەڕە سەرتاسەریە نەبوو کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان شەڕی گەورەی نێوان یەکێتی و بەرەی جود- پارتی و حسک و حیزبی شیوعی و پاسۆک- بوو. هێزەکانی جود لە زۆربەی ناوچەکان شەڕیان هەڵگیرساند و بارەگای مەڵبەندیان لە بالیسان گرت و چەندین پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون.

شەڕ لە سنووری ئێمە کۆتایی هات. حسک و پارتی و پاسۆک چوونەوە دیوی ئێران و لە شارباژێری سەخت نەمان.

مەڵبەندی یەکێتی دەیویست چۆنێتیی شەهیدبوونی جەزا ساغ بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی دروست کردبوو کە بریتی بوون لە کاک حەمەی فەرەج، کاک ڕەفعەتی مەلا، کاک کەمال عەلی و کاک ئاسۆی شێخ نوری. لیژنەکە هاتنە شوێنی ڕووداوەکە و لێکۆڵینەوەیان کرد. هەموو ئەو فەرماندە و پێشمەرگانەی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەوێ بوون قسەیان لەگەڵ کردن. من دوورونزیک قسەم تێدا نەکرد، پرسیارم لەسەر ئاڕاستەی بەڕێوە چوونی لێکۆڵینەوەیان نەکرد، بەڵام پێشتر هەر زوو پێشمەرگەکان وردەکاریی ڕووداوەکەیان بۆ باس کردبووم، بەڵام چوونکە لەو ناوچەیە نەبووم، باشتر بوو قسەی تێدا نەکەم. هەموو هەڤاڵانی لیژنەکە کەسانی دڵسۆز بوون. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە بەرژەوەندیی ئاوات قارەمانی بوو.

مەڵبەند بڕیاریان دابوو کاک ئاوات قارەمانی لە فەرماندەیی تیپی ٣٣ نەمێنیت و بچێتە تیپێکی تر. پێشتریش مام جەلال و کاک نەوشیروان پێیان گوتبووم دەمکەنە فەرماندەی تیپ لە سنووری تر، چەند جارێکیش کاک مەلا بەختیار پێشنیاری کردبوو ببمە فەرماندەی تیپی ٣٣؛ بەڵام من پێم خۆش نەبووە و هەر جارەی بە بیانوویەک خۆم لێ دوور خستۆتەوە. وەک خۆم ماوەیەکی زۆر بوو لە سنووری شارباژێڕ کاری سیاسی و پێشمەرگایەتیم دەکرد؛ لەگەڵ زۆربەی خەڵکی ناوچەکە و شاردا دۆست و ناسیاو بووم، ئەرک و بەرپرسیارێتیم هەر وەک سەرتیپ و زیاتریش لە شەڕ و چالاکیی دژی دوژمن لە ئاستێکی باڵا و بەرچاو بوو؛ بەقەدەر چەند تیپێک چالاکی سەرکەوتوی شارم ئەنجام دەدا ئەوە بۆ من جێی شانازی بوو. بچوومایەتە هەر تیپێکی تر، یان سەرتیپی تیپی ٣٣ بوومایە، هەر ئەو چالاکییە سەرکەوتووانەمان ئەنجام دەدا کە پێکەوە لەگەڵ پێشمەرگەی سنوورەکەمان ئەنجاممان دەدان. وەک بەرپرسی هەموویان کارەکانمان بەباشی و سەرکەوتووانە بەڕێوە دەچوو.

کاک مەلا بەختیار، چەندین جار لە یەکتربینینەکانماندا و بە نامەش بۆی نووسیوم و پێی گوتووم و داوا و پێشنیاری کردووە کە بکرێمە فەرماندەی تیپ لە سنووری مەڵبەندەکەدا. لە تیپی ٣٣ لەگەڵ کاک ئاوات گونجابووین، بۆیە حەزم نەدەکرد نە بڕۆم، نە لەجێی ئەویش ببمە فەرماندەی تیپ. لە شار کاک مەلا بەختیارم لە دوورەوە دەناسی و لە شاخ و لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕش و دەستە سەرەتاییەکانەوە، بەباشی ناسیم. ئەو بەرپرسمان بووە و لە سەرکردە بەتوانا و دیارەکانی قۆناغێکی زۆر سەختی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بووە. لەنزیکەوە ئاگای لە توانای زۆربەی زۆری کادرە سیاسی و سەربازییەکان بووە و هەڵسەنگاندنی هەبوو، لە نزیکەوە ناسیومی و ئاگاداری کار و چالاکییەکانمان بووە، بۆیە زۆر ئاسایی بوو داوا یان فەرمان یان پێشنیارێک بکات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەسەر پێشنیاری لیژنەکە کاک مەلا بەختیار بە کاک ئاوات قارەمانیی گوت، "مۆرەکە تەسلیم بە شۆڕش ئیسماعیل بکە و ئیتر ئەو سەرتیپە." بڕیارەکەم پێ ناخۆش بوو. پێم گوتن کە من بەکاتی ئەو مۆرە وەردەگرم و سەرپەرشتی تیپەکە دەکەم، بەڵام هەستم کرد کاک ئاوات جۆرێکی تر ئەو بڕیارەی وەرگرت. وەک خۆم پێم خۆش نەبوو، بەڵام دەبوو بڕیارەکە بە شێوەیەک قبووڵ بکەم چوونکە ئەوە ڕای سەرکردایەتیی یەکێتی و مەکتەبی عەسکەرییش بوو. کاک ئاواتیش بۆخۆی بێزار ببوو، سەرکردایەتیش، وەک باس کرا، کاری تریان پێ دەسپارد. ئیدی بەزوویی گواستیانەوە بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون، بۆیە تەئکیدم کردەوە کە بەکاتی ئەو ئەرکە وەردەگرم تا کاک ئاوات دەگەڕێتەوە سەرکارەکەی یان بڕیاری تر دەدرێت. ئەنجامیش هەر وام کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دووربینەکەی

ماوەیەک بوو نەچووبووینە شارباژێڕی سەخت و گوندەکانی پاڕەزان و گوێزەڕەش. کە وەرزی هاوین و بەهار بووایە، بەیانیان زیاتر دەچووینە دەرەوەی گوندەکان بۆ ئەوەی ئەگەر دوژمنیش بە کۆپتەرە جەنگییەکانی هێرشی کرد، هاوولاتیانی دێیەکە بەهۆی پێشمەرگەوە تووشی زیان نەبن. ڕۆژێک لە پشتی گوندی پاڕەزان بووین. دەنگی کۆپتەر دەهات. بەو دەنگە دەبووایە ئێمە وریا بین نەک کۆپتەرەکان مەبەستیان پەلاماردانی پێشمەرگە بێت. ئەو کات دووربین کەم بوو؛ جار جار دەستمان دەکەوت، بەڵام لە کاتی حەرەسیاتدا کە پێشمەرگە دووربینەکەی لا دەبوو، ئەوەندەی دەستکاری دەکرد و ئیتر تێکدەچوو. پێشمەگەرگەیەکی شارەزور، وا بزانم ناوی 'حەمە سۆیلەمیشی' بوو، بە دووربین سەیری کۆپتەرەکانی دەکرد. دەنگی لێ بەرز بۆوە و گوتی، "ئەرێوەڵا ئەوە یەک و ئەوە دووان و ئەوە سیان و.." هەر زیادی دەکرد. ئیتر ئەمە مانای هێرشە. هەرچەند سەیرمان دەکرد، هەر دوو کۆپتەرمان دەبینی. نزیک ناڵپارێز بوون. دووربینەکەم لێ وەرگرت تا خۆشم سەیرێک بکەم. منیش زۆر زیاتر لە دوو کۆپتەرم دەبینی، یەک، دوو جار بە چاو و بە دووربین سەیرم کردەوە، بە چاو دووان بوون، بەڵام بە دووربین یەکی دەکرد بە سێیان و چوار، تومەس تێک چووبوو؛ گوتم، "ماڵی خۆت و دووربینت ئاوا بێت! ئەم دووربینە هێز دەڕووخێنێ. لای بە؛ هەر دوو کۆپتەرن و بەرەو جەبهەی شەڕی پێنجوێن دەچن." شەڕی ئێران-عێراق لەو ناوە گەرم بوو. لەو کاتەدا پێشمەرگە خەریکی چالێنان بوون؛ هەر کە گوتیان کۆپتەرە؛ ئاگر کوژایەوە و پێشمەرگە خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد، بەڵام کە زانییان بۆ لای ئێمە نایەن، ئاگر دیسان بۆ چالێنان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کرایەوە. کە پێشمەرگە دەیزانی کۆپتەرە، بە شێوەیەک لەناو داروبەردی ئەو شاخانەدا دابەش دەبوون، خۆشمان بەئاسانی جووڵەیانمان نەدەبینی. ئەوەندە شارەزای خۆونکردن لە چاوی دوژمن ببوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگە

لە (گوندی مامەخەلان)ی شارباژێڕ، مەفرەزەیەکی یەکێتی و ڕابەری سیاسیی هەرێم لە لایەک لەگەڵ مەفرەزەکەی پاسۆک لە لایەکی تر لەسەر بابەتێکی سادە دەبێتە دەمەقاڵێیان. ئەو مەفرەزەیەی پاسۆک چوونەتە قەڵاچوالان و کارێکیان کردووە کە نەدەبوو بکرێت. دەمەقاڵێکە لەسەر ئەوە درووست دەبێت و لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەی پاسۆک بە ناوەکانی 'بێستون محەمەد کەریمی فەرشفرۆش- بێستونی خانم- و فارس، پێشمەرگەیەکی یەکێتییش بە ناوی 'عومەری حاجی عەبدوڵڵای گەنکی،' کە فەرماندەی مەفرەزە بوو لە کەرتی یەکی هەرێمی سێ، شەهید دەبێت.

دوای ڕووداوەکە، مەفرەزەیەکی پاسۆک لە گوندی گەڕەدێ دەبن. چەند پێشمەرگەیەکی هەرێمی سێ لەناو گوندەکە دەبن و بە نیازی دیدەنیی کەسوکاریان هاتوون. ئەوەی جێی سەرنج بووە ئەو مەفرەزەیەی پاسۆک زۆربەی زۆری ئەو ئەفسەرە بەئەزموونانەیان لەگەڵ بووە کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەرپرسیارێتیان هەبووە، هەروەها چەندین بەرپرسی تری پاسۆکیشان لەگەڵ بووە کە ژمارەیان ٢٠ بۆ ٢٥ پێشمەرگە بوون. پێشمەرگەکانی یەکێتی دڵنیا بوون لە پاسۆک و پاسۆکیان بە دۆست و هاوسەنگەری خۆیان زانیوە. بۆیە بەدڵنیاییەوە لێیان نزیکیان بوونەتەوە- ئەگەر تۆزێک گومانیان لێیان هەبووایە، دوورەوپەرێز دەوەستان- پێشمەرگەکانی پاسۆکیش لەوێدا ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی یەکێتییان شەهید کردووە. ئەو دڵنیایی و متمانەیە نەبووایە، ئەوان هەرگیز نەیاندەتوانی لەپاڵ دۆستایەتیدا تاوانی وا گەورە ئەنجام بدەن. شەهیدەکان ئەمانە بوون:

١. مامۆستا جەمال عەزیز: فەرماندەی کەرتی سێی هەرێمی سێ و یەکێک لە پێشمەرگە و فەرماندە و ئازا و قارەمانەکان،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

٢. وەستا ڕەحیمی بەنا،

٣. بایز. شەهید ڕەحیم و شەهید بایز دوو پێشمەرگەی فیداکاری نموونەیی ناو شاری سلێمانی بوون. لە کار و چالاکیی پێشمەرگانەی ناوشاردا بەئەزموون کەموێنە بوون. شەو لە چالاکیی ناو شار گەڕابوونەوە بۆ سیتەک و هەر ئەو بەیانییە گەڕابوونەوە بۆ گەڕەدێ.

٤. وەستا فایەقی بەرگدروو: ئەندامی کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە و پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو؛ فەرماندەی مەفرەزە بوو لە هەرێمی پێنجی قەرەداغ، کەسوکاری لە شارەوە هاتبوون بۆ لای.

(مارف سیتەکی)یش بەخەستی بریندار بوو، بەشێوەیەک دڵنیا بوون شەهید بووە بۆیە بەجێیان هێشتبوو، بەڵام هەر خوا پاراستی. چەندین فیشەکی پێوە بوو.

کە هەواڵەکەمانی زانی، لەگەڵ کاک وەهاب و هێزەکانمان بەزوویی گەیشتینە گوندی گەڕەدێی لای سیتەک. خودایە چیمان بینی و چ قسابخانەیەکیان درووست کردبوو! بۆ ئەم پۆلە پێشمەرگە قارەمانە، کە هەر یەکەیان چەندین ساڵ بوو لە سەنگەری بەرگریی دژی داگیرکەردا دەجەنگا، وایان لێ بکرێت! بۆچی و لەپای چی ئەم تاوانە گەورەیە ئەنجام دەدەن! دواتر خەڵکی دێ چیرۆکی پڕ تراژیدیاو هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە و دەستڕەشانەی هەندێ لەو ئەفسەرانەیان بۆ باسکردین کە باسناکرێ!

ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە چاوەڕواننەکراو بوو چوونکە لەگەڵ پاسۆک پەیوەندیمان دۆستانە بوو، بەتایبەت لەگەڵ کۆمەڵە لە شار و شاخ هاوکار و پشتیوان بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕزگارکردنی سەرکردەیەکی پاسۆک

لە چنگیان، جەیش گەمارۆی کاک جەلالی حاجی حسین و ئەو مەفرەزیەی دابوو کە لەگەڵیدا بوون. کاک جەلال خۆی بەرپرسی یەکەمی پاسۆک بوو؛ ئەوانەش کە لەگەڵی بوون زۆریان بەرپرس بوون. ئێمە لەگەڵ کاک وەهاب بەرەو لایان ڕۆیشتین و فریایان کەوتین. ئەوە نەبووایە، ڕەنگ بوو هەموویان تیاچن. ئێمە سەرکەشیمان کرد و فریایان کەوتین، دواجار جەیشەکەمان شکاند و ڕزگارمان کردن.

لەگەڵ کاک بەکری حاجی سەفەر و بەشێک لە پێشمەرگەکانی هەرێمی سێ لە باراو بووین. دوانیوەڕۆ، کۆپتەرە جەنگی و حەماڵەکانی دوژمن هاتنە ئاسمانی ناوچەکە، وامان دەزانی هێرشەکە بۆ ئێمەیە و خۆمان بۆ شەڕ ئامادە کرد، دواتر دەرکەوت بۆ چنگیانە. شەوی پێشتر ئێمە لە چنگیان مابووینەوە و دەمەوبەیان لەوێوە هاتبووین بۆ باراو. لە باراو کەسمان نەدی و کەسی لێ نەبوو. دیار بوو جەماعەتی کاک جەلال بەیانیی زوو هاتبوون و چووبوونە سەر کانییەکەی پشتی چنگیان. بێئاگا ببوون لەوەی دەوریان بە جەیش گیراوە. کاتێکیان زانیبوو پەلامار درابوون. تەقەی زۆر هەبوو. ئێمە دڵنیا بووین پێشمەرگەن و تووشی شەڕ بوون. لەگەڵ کاک وەهاب و مەفرەزەیەک پێشمەرگە چووین لە پشتەوە هێرشمان بۆ جەیشەکە کرد و شەڕەکە بوو بە شەڕی ئێمە و دوژمن، جەیشەکەمان شکاند و زیانی زۆرمان لێ دان؛ پێشمەرگەکانیشمان ڕزگار کرد. کە گەیشتنە لامان دەرکەوت کاک جەلالی حاجی حسێن بوو. دەیگوت "نازانین چۆن و بە چ زمانێک سوپاستان بکەین." ناوی کاک وەهاب و منی دەهێنا کە بە ڕووح قەرزارمانە و لە چەندین شوێنیش باسی قارەمانێتیی ئێمە و مەفرەزەکەمانی دەکرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە گەڕەدێ چەند پێشمەرگەیەکمان بە دیار جەنازەکانەوە جێ هێشت و دوای هێزەکەی پاسۆک کەوتین. دیار بوو بەلاڕێدا خۆیان گەیاندبووە چاڵەخەزێنە لەسەر سنوور، کە بارەگای قیادەی مۆقەتەی لێ بوو.

ئەو کێشەیەی گوندی مامەخەلان بەبێ بەرنامە و لە ئەنجامی هەڵچوون و دەمەقاڵێدا ڕووی دابوو. وەک یەکێتی هەموو پێمان ناخۆش بوو؛ یەکێتی چاپۆشی لێ نەدەکرد. لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە درووست کرد. ئەگەر پاسۆک، دوای ئەو ڕووداوە، چەند ڕۆژێک چاوەڕێی بکردایە، ئەوا خۆیان دەبوون بە بەشێک لە لێکۆڵینەوە لەگەڵ یەکێتیدا و کارەساتی گەورەتری بەدوادا نەدەهات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

فێری کەوچکی ماڵان بوون

لە پارەزانەوە هێزەکەمان دوو دوو بەرەو گوندی (ڕەزڵە)ی نزیک ناڵپارێز دەڕۆیشتین. من و کاک وەهاب لەگەڵ سێ چوار پێشمەرگە لەکۆتایی هێزەکەوە دەڕۆیشتین لەدەرەوەی گوندەکە، مام حەسەن، کە بە 'حەسەنە شێت' ناسرابوو، لە بندارێک دانیشتبوو. سڵاومان لێ کرد و لێی نزیک بوینەوە هەواڵمان پرسی و ئەو لێی پرسیین بۆ کوێ دەچووین، گوتمان، "دەڕۆین تەسلیم دەبینەوە و پێشمەرگایەتی بە ئێمە ناکرێ و ناتوانین." مام حەسەن ئحەیەکی کرد و پێکەنی، گوتی، "قوڕتان بەسەر! ئێوە فێری کەوچی ماڵان بوون و بە حەیاتی ناتوانن وازی لێ بێنن، بۆیە بەخوا تا ماون هەر دەبێ بەم شاخەوە وەک من ماڵەوماڵ بکەن بۆ کەوچێک شۆربا."

ئێوارەیەک لە (گوندی سەرخوار)ی نزیک مووبرە لەگەڵ کاک وەهاب لە ماڵێک بووین. حەیوانیان سەربڕی بوو. ئێمە خەریک بوو لە نانخوارد تەواو دەبووین. مام حەسەن پەیدا بوو. سینییەکی پڕ خواردنیان بۆ هێنا- برنج و شلە و گۆشت و لەگەنێک ماستاو. مام حەسەن تێروپڕی خوارد و ڕووی کردە خاوەنماڵ و گوتی، "لای بە! لە ماڵەکەتدا خەڵک لە برسانا دەمرێ." هەندێ قسەی تریشی بۆ خاوەنی ماڵ نارد. گوتمان، "مام حەسەن ئەو هەموو خواردنەیان بۆ داناوی و خواردت، بۆ وا ناشکوری؟" بەڵام ئەو لەسەر بەزمی خۆی بەردەوام بوو؛ قسەی وا سەیری دەکرد کەسی ساغی بەئاگا نەیدەکرد. خۆی دایناببوو لە برسان و لەسەرمادا گیان لەدەست دەدا، هەر واش دەرچوو، لە گوندی ڕەزڵە بە چلەی زستان و لە برساندا مردبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵە

کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵە لە ٢١ی ئابی ساڵی ١٩٨٢دا لە هۆڵی شەهید شەهاب لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ، دەستی بە کارەکانی کرد. نوێنەرانی سەرجەم ڕێکخستنەکان لە شاخ زیاتر و نوێنەرانی شارەکانیش تێیدا بەشدار بوون.

هەموو ئەو کێشانەی کە کۆنفرانسی یەک نەیتوانی چارەسەریان بکات بە هەڵواسراوی مانەوە و قووڵتر و ئاڵۆزتریش بوون. کێشەی نێوان کۆمیتەی هەرێمەکان و سیاسەتی کۆمەڵە دوای کۆنفرانسی یەکەم زۆر زیادیان کردبوو؛ چەندین کێشەی تریش هاتبوونە سەریان. جەوی کۆنفرانس ئاسایی نەبوو، قسەی توند و دەنگەدەنگی تێدا بوو. یەکێک لە بەرپرس و هاوڕێیانی زیندان هەستابوو قسەی دەکرد، هاوڕێیەکی دیار چەند جارێک قسەکانی پێ بڕی. کاک نەوشیروان داوای لێ کرد قسە نەکات و ئینزاری کرد کە دەیکاتە دەرەوە، بەڵام ئەو هەر کۆڵی نەدا. کاک نەوشیروانیش گوتی، "بڕۆ دەرەوە." پەنجەرەی هۆڵی کۆنفرانس نزم و گەورە بوو، برادەرەکەمان هەر لەوێوە خۆی هەڵدایە دەرەوە.

ئێمە بەشێکی زۆر لە فەرماندەکان چووبووینە دواوەی هۆڵەکە، کە دەرگای سەرەکیی هاتنەژوورەوە بوو. ساڵ دوای ساڵ مەسەلەی فیکری و ئایدۆلۆجیی کۆمەڵە کاڵتر دەبۆوە و سیاسەت و درووشمەکانی زیاتر بە ئاڕاستەی نیشتیمانی و نەتەوایەتیدا دەڕۆیشتن.

دووەم یان سێیەم ڕۆژی کۆنفرانس بوو مامە ڕیشە هاتە هۆڵی کۆنفرانس و لای ئێمەوە دانیشت. باسی چۆنێتیی هاتنی خۆی بۆ کردم کە چۆن و بە چ مجازەفەیەک بە گەلابەی چەو و لم ئەو هەموو سەیتەرە و ڕێگەیەی بڕیوە تا گەیشتۆتە کۆنفرانس.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

زۆربەمـان مانـدوو ببویـن لـەو کێشـانەی نـاو کۆمەڵـە و یەکێتـی. ئەرکـی پێشمەرگایەتی و سـەختی قۆناغەکە و دڕندەیی بەعس ڕووبەڕووی بەرپرسـیارێتیی مێژوویی کردبووینەوە؛ کەمتر تێکەڵی وردەکاریی ناکۆکییە سیاسییەکان دەبووین. هەمـوو توانـای زۆرێکمـان هەوڵـدان بـوو ناکۆکیـی کەمتـر و کەمتـر بکەینـەوە تـا کاریگەریی خراپیان لەسـەر ورە و توانای پێشـمەرگە نەبێت. بۆیە هەمیشـە لەبەرەی خێر و چارەسـەر بووین، جاریش هەبووە کە لـەو نێوەندەدا دەوەسـتاین، بە خراپ دەشـکایەوە. بـەڵام ئەمـە وای لـێ نەکـردم پەیوەندیـی هاوڕێیەتـی و ڕێکخراوەیـی و کۆمەڵاتیـم لەگـەڵ هیـچ برادەرێـک تێکبچێـت. تـا ڕادەیەکـی زۆر هاوسـەنگیمان پاراسـتبوو.

لـە دوانیـوەڕۆ دووەم ڕۆژی کۆنفرانـس، کاک نەوشـیروان هاتەنـاو هۆڵەکـە؛ لـە ڕیـزی لای ئێمـەوە دانیشـت و زانیی ئێمـە لـە پشـتەوە دانیشـتووین و کەمتر تێکـەڵ بە مناقەشـەکان دەبوویـن. هاتـە لامـان و گوتـی، "وەڵا جێگـەی ئێوە خۆشـترە." لـەو قسـانەدا بوویـن، ئـەو برادەرەی بەیانیی زوو کاک نەوشـیروان کردبوویـە دەرەوە، لـە دەرگاوە هاتـەوە ژوورەوە. کـە کاک نەوشـیروان ئـەوەی بینـی، گوتـی، "وەڵا کـورد ڕاسـتی گوتـووە لـە پەنجـەرەوە دەری بکـە، لـە دەرگاوە دێتـەوە ژوورەوە."

سـەرباری گرفت و کێشـەکانی، کۆنفراس لەسـەر چەند بابەتێکی گرنگ بڕیاری دا. گفتوگۆی لەگـەڵ ڕژێـم پەسـەند کـرد، ڕێکخسـتنەکانی هـەر شـارێک ڕاسـتەوخۆ بەسـترانەوە بـە ناوەنـدی کۆمەڵـەوە، حـەوت ئەندامـی بـۆ سـەرکردایەتیی کۆمەڵـە هەڵبـژارد کـە ئەمانـە بـوون: کاک نەوشـیروان، کاک مـەلا بەختیـار، مامۆسـتا جەمـال تایـەر، کاک مـلازم عومـەر، کاک فەریـدوون عەبدولقـادر، کاک عەلـی بچکـۆل، دکتـۆر کەمال خۆشـناو. کاک نەوشـیروان و کاک فەرەیدوون عەبدولقادر و مامۆسـتا جەمال تایـەر بـە ناوەنـدی کۆمەڵـە دانـران.

ڕۆژی دەنگـدان، مامـە ڕیشـە لـە تەنیشـتم بـوو. داوای کـرد بەربژێرەکانـی بـۆ سـەرکردایەتیی بـۆ بنووسـم. ناوەکانـم یـەک یـەک بـۆ دەخوێنـدەوە. هەموویانـی دەناسـی. جـار جـار دەشوەسـتا و دەیگـوت، "ئەمـەت پـێ چۆنـە؟" دەنـگ درا و کۆنفرانـس کۆتایـی هـات و لەگـەڵ خۆیـدا چەندیـن کێشـەی قـووڵ و چاسـەرنەکراوی دایـە دەسـتی قـەدەر.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کۆمەڵکوژیی وڵاخدارەکان

کۆپتەرەکانی دوژمن بەردەوام چاودێریی ناوچە ڕاگوێزراوەکانیان دەکرد. هەموو جووڵەیەکی هاووڵاتییان لەو ناوچەیە قەدەغە بوو؛ تەنانەت کوشتنی لەدوا بوو. لە نزیکی گوندی سوورەبان و (چاڵەخەزێنە)ی ناوچەی سیوەیل، وڵاخدارەکان ئەو بارانەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد کە لە ئێران یان سلێمانییەوە دەهاتنە شارباژێڕ. لە ناچاری و بێکاریدا ژیانی خۆیان خستبووە مەترسیی گەورەوە. سەرلەبەیانیی ڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٢، کۆپتەرە جەنگییەکانی دوژمنی داگیرکەر پەلاماریان دەدەن و ڕۆژی ڕووناک لە هاووڵاتی و وڵاخدار و وڵاخەکانیان دەکەنە شەوەزەنگ. خوێنی ئەسپ و ئێستر و هاووڵاتی و وڵاخدارەکان بەشێوەیەک تێکەڵ بەیەک دەکەن کە بە خەیاڵیش ناتوانیت وێنەی دڕندەییی وا بکێشیت. دوژمن کۆمەڵکوژییەکی تری کرد دەستی لە هیچ شتێک نەپاراست؛ داروبەرد و بێزمانەکانی کوردستانیشی بە دوژمنی خۆی دەزانی. ژمارەیەکی زۆر لە وڵاخدار و وڵاخەکانیان کوژران یان بریندار بوون.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وەرگەڕاین

دەمەوئێـواره بـوو. چووینـه گونـدی چنگیـان و ئەوەنـدەی ڕێ هەبـوو چووینـه بەشـی سـەرەوەی گوندەکـە. ئیسـتۆپی سـەیارەکەمان تـەواو نەبـوو. کاک حەمـە سـەعیده قەڵـەو گوتـی، "کێشـه نییـه و مـن چاکـی دەکـەم؛ ئـەوه هـەوای کـردووه." سـەیارەمان دانـا و بەشـێکمان چووینـه ماڵـی پـووره فـەرەح؛ ماڵەکەیـان لـه پشـەوەی دێ بـوو؛ وەک مقـەڕی پێشـمەرگه بـوو؛ پـووره فـەرەح خۆیشـی وەک دایـک بـەدەوری هەمووماناـەوه بـوو؛ حـەزی دەکـرد چـی لـه ماڵەکەیدایـه بیـدا بـه پێشـمەرگه. پێشـمەرگەکانی تریـش دابـەش بـوون. ئـەو شـەوه هـەر لـه پشـتی دێ لـه سـەربانێک خەوتیـن. بەیانـی شـەبەقی لـه ترسـی کۆپتـەر بڕیارمـان دا بڕۆیـن. پێشـمەرگەکان لـه دواوه سـوار بـوون و کاک سـورکێو و کاک حەمـە سـەعیدیش لـه پێشـەوه بـوون. ئێـوارەی ڕۆژی پێشـوو کاک حەمـە سـەعید زۆر خەریکـی ئیسـتۆپەکه ببـوو. گوتـی، "تـەواو چاکـم کـردووه و خەمـت نەبـێ."

نـاوی خوامـان هێنـا و سـەیارەم جووڵانـد. ڕێگەمـان ڕوو لـه سـەرەولێژی بـوو. کاک حەمـە سـەعی گوتـی، "کلاجێک بکە، با بیخەمە دەبڵ، ئاوا سـەیارەکه قورسـتر دەبێ و ئەگـەر کێشـەی بۆ درووسـت بـوو، بۆ ئیسـتۆپ ئاسـانتره." نزیکـەی بیسـت پێشـمەرگه لـه پشـتی سـەیارەکه سـوار ببـوون. هـەر ئەوەندەمـان خۆشـبوو سـەیاره چەنـد مەترێـک ڕۆیشـت و خێراییەکـەی زۆر زیـادی کـرد، پـێ لـه ئیسـتۆپ دەنێـم، وەک پـێ لـه بۆشـایی بنێـم، هیـچ سـوودی نەبـوو. دەبڵ کەوتبـووه بـۆش و سـەیاره سـەرەولێژ باڵـی گرتبـوو. خـوا ڕەحمـی کـرد بەیانـی زوو بـوو، سـەیارەکانی سلێمانی نەهاتبـوون، ئەگینـا زیانـی زۆرمـان لـه خەڵـک و سـەیارەکانیان دەدا و خۆشـمان پشـکی شـێرمان لـه زیانـەکان بەردەکـەوت. دەسـەڵاتم بەسـەر سـەیارەدا نەمـا؛ تەنهـا سـووکانەکەم گرتبـوو. توانیـم ڕوو بکەمـه ڕێـی نۆدێ بـه چەمەکـەدا و لەوێـوه لووتـی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سەیارەم بەرەو ڕووی شاخی پشتی چنگیان گۆڕی. سەیارە وەرگەڕاو کەوتە سەر پشت و هەر چوار تایەی ڕوو لە ئاسمان. من توانیم بێمە دەرەوە، خەمی کاک سورکێو و کاک حەمە سەعیدم بوو؛ هەردووکیان بەخۆوە بوون و لەپێشەوە بوون، ئەوانیش بەسەلامەتی هاتنە دەرەوە. هەندێک لە پێشمەرگەکان کەمێک ئازاریان پێ گەیشتبوو. کاک حەسەنی برای کاک حەمە سەعید شانی زۆر ئازاری گەیشتبوو؛ ناردمانە خەستەخانەی باراو بۆ چارەسەر. خەڵک هاتن و بە هەموو سەیارەیان ڕاست کردەوە. سلفیان لێ دا و سەیارە کەوتە ئیش. کێشەی نەبوو تەنیا ئیستۆپ نەبێت. بە ئیسراحەت چاکمان کرد، ئیتر پێشمەرگە کردیانە گاڵتە و دەیانگوت، "تەیارە نەیکوشتین، خەریک بوو لە سەیارەدا شەهید ببین."

خۆ زۆربەمان هەر لە شاخ فێری سایەقی ببووین. سەرەتا کە سەیارەمان دەشکا، کەس نەبوو بۆمان چاک بکات، بەڵام دوای ساڵی ١٩٨٠ فیتەر و میکانیکیمان زۆر بوو. ئەوەی باش بوو سەیارەی زۆرمان لە دوژمن دەگرت و بەناچاری پێشمەرگەکان فێری چاککردنیان دەبوون.

ئێمە بەردەوام سەیارەی باشمان لە دوژمن دەست دەکەوت و هەرگیز بێ سەیارە نەبووین، بە هۆی چالاکیی ناوشارەوە باشترین سەیارەمان لا بوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گوندی دۆڵپەموو و پەلاماری دوژمن

وا ڕێک کەوت لەگەڵ کاک حەمەی تەیب و چەند پێشمەرگەیەک بچینە گوندی دۆڵپەموو. نیوەڕۆیەکی هاوین بوو؛ دنیا گەرم بوو، وەرزی بەروبووم بوو. خەڵک هەموو لە ئیش و ناو باخ و ڕەزەکانیان بوون، بۆیە ناودێ کەسی ئەوتۆی تێدا نەبوو. زۆربەی ماڵەکان چۆڵ بوون، بەڵام وەک ماڵی خۆمان وا بوون. زۆر جار خۆمان خزمەتی خۆمانمان دەکرد، بۆیە دابەشی دوو ماڵ بووین. گوتمان دەنێرین هێلکەمان بۆ بکرن. پێشمەرگە زۆربەی ماڵەکان گەڕابوون تەنیا سێ هێلکەیان بۆ پەیدا کردین، من و کاکە حەمەی تەیب ودوو پێشمەرگە لەو ماڵە بووین. ڕۆژگاری هاوین دووردودرێژ بوو؛ بەیانیانیش زوو شەش یان شەش و نیو نانمان دەخوارد و نانەکەشمان نان و ماست و چا بوو جوڵەشمان زۆر بوو. تا نیوەڕۆ پێشمەرگە زۆری برسی دەبوو. لەگەڵ هێلکەکاندا تۆزێک تەماتەشمان دەستکەوت، گوتمان نانی زیاد پێوە دەخوێن تا تێرمان بکات. لەسەر ئاگردانی ماڵ ئاگرمان کردەوە و ڕۆنی کوردیمان لە تاوە کرد. تەماتەکەمان کردە ناو ڕۆنەکەوە و سوورمان کردەوە. کتوپڕ دەنگی چەند کۆپتەرێک لەو نزیکانە هات. لە هەیوانی ماڵەکەوە سەیرمان کرد ئیتر تەیارەکان بە نزمی بەسەر ناودێوە دەسووڕانەوە. خواردنمان جێ هێشت و بەوریایی بەرەو دەرەوەی دێ ڕۆیشتین.

هەر لە ماڵەکە دەرچووین، بینیمان کۆپتەرێکی حەماڵ لای دار و شەخسەکەی نێوان دۆڵپەموو و گوێزەڕەشدا سەرباز دادەبەزێنێت. شوێنەکە چەند سەد مەترێک لە ئێمەوە دوور بوو. ئەو ڕۆیشت و کۆپتەرێکی تر هات، ئەویش کۆمەڵێک سەربازی تری دابەزاند. سەرباز دابەزاندن لەو دەورووپشتە هەر زیادی دەکرد، ئێمەش هەشت، نۆ پێشمەرگە دەبووین. ترسم هەبوو بەرزاییەکانی دۆڵپەمووش بەهەمان شێوە سوپای لێ بێت. کۆپتەرە جەنگییەکان بەسەر دۆڵپەموو و گوێزە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ڕەشدا بەنزمی دەسووڕانەوە. لە ناودێ دەرچووین و دەستمان لە شاخ گیر بوو. ترسمان نەبوو؛ شوێنەکە سەخت و جێگەی شەڕ بوو. بە کاکە حەمەم گوت بەرەو شاخەکە نەچن نەک سەری شاخەکەش گیرا بێت. لێرە و لەم شوێنە قایم و موسەیتەر بووین و چاومان لە ڕێگە و جوولەی سوپا بوو. لە هەر جێگەیەکەوە سەرباز بەرەو ڕوومان بهاتنایە، لەژێر ڕەحمی چەکی ئێمەدا دەبوون. ئەو شوێنەی دەمویست لێی بمێنینەوە هەر شەش سەد بۆ حەوت سەد مەترێک لە ناودێوە دوور بوو. دەمزانی ئەگەر دوژمن لە بەرزاییەکانی دەوری دێ سەربازی دابەزاندبێت، هەر بە ڕۆیشتنەوە زیانی زۆرمان پێدەگەیەنن. کاکە حەمەی تەیب و مەفرەزەکەی پێداگرییان کرد منیش بڕۆم بەڵام گوتم شوێنی خۆمان باشتر بوو. ئەوان ڕۆیشتن و من و ئەو چوار پێشمەرگەیە لەو شوێنە ماینەوە. شوێنمان قایم بوو؛ ترسم نەبوو، دەمانتوانی تا ئێوارە شەڕ بکەین، دوژمنیش بهاتایە زیانی زۆرمان لێ دەدا.

دوو سەعاتێکی پێچوو کۆپتەرە بارهەڵگرەکان هاتن و بە نۆرە سەربازەکانیان هەڵگرتەوە. کۆپتەرە جەنگییەکان چاودێری و پارێزگاری هەڵگرتنەوەی سەربازەکانیان دەکرد. پاشان لە ناوچەکە دوور کەوتنەوە. کەسێکم بانگ کرد گوتم، "بەپەلە بچۆ بۆ گوێزەڕەش بزانە چی ڕووی داوە." ئەم دوو دێیە زۆر لەیەکەوە نزیکن و تەنها ئەو دار و شەخسەیان نێوانە. ئەوەندەی پێنەچوو گەڕایەوە گوتی، "جەیش چۆتە ناودێ بۆ گرتنی خێزانی پێشمەرگە." لەوێ خێزانی شەوکەتی حاجی مشیر و خێزانی دلێر جافیان گرتبوو. خۆشیان لەوێ بوون و بەناڕەحەت دەرباز ببوون.

بە ماوەیەکی کەم چووینەوە ناودێ و نان و تەماتە سوورەکراوەکەمان خوارد. کابانی ماڵ ئامادەی کردبوو. گوتی، "بەخوا دووعام زۆر بۆ کردوون تا خوا لەم دڕندانە بتانپارێزێت." خەڵک ئێمەی بە برا و کەسی خۆی دەزانی و لە خزمەتکردندا درێخییان لێ نەدەکردین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شەڕی ئێران-عێراق و بارەگای مەڵبەندی یەک

شەڕی ئێران-عێراق تا دەهات گەرمتر دەبوو. لەشکری ئێران بەردەوام شوێنی نوێی داگیر دەکرد و لە پێشڕەویدا بوو. پێنجوێن و ناوچەی شلێری گرتبوو. پاسداری ئێران شاخی سەختی سورکێو و زۆربەی ناوچەی ئالان و سیوەلیان گرتبوو، زۆربەی ناوچەکە لەژێر ڕەحمی هاوەن و دۆشکەی پاسداراندا بوو. خۆی ئەو ناوچانەش لەسەر دەستی سوپای داگیرکەر لە خەڵک چۆڵ و ویران کرابوون، پاسدار نزیک بوو چوارتاش بگرن بەڵام خۆیان نەیانویست. لەو لاشەوە شەڕی گەرم لە نزیکی ماوەت هەبوو، سوپای عێراقمان دەبینی چەند دڕندە و تاوانکارە بەرانبەر بە کورد و بەدەست جەیش و پاسداری ئێرانیشەوە چەندیش زەلیلە؛ هەر رایدەکرد و لەبەردەم هێرشەکانی ئێراندا خۆی ڕانەدەگرت. بە فەرمانی سەدام لیژنەی ئیعدامات لە پشتی جەیشی عێراقییەوە بوو؛ هەر جوندی یان ئەفسەر و پلەدارێک ڕای بکردایە، دەگیرا و هەر لەوێدا گوللەباران دەکرا.

پەلامارە بەردەوامەکانی پاسدارانی ئێران لە جەبهەی پێنجوێن تا ماوەت زیاتر بۆ ئەوە بوون پاڵپەستۆی هێرشەکانی هێزەکانی عێراق لەسەر سوپای ئێران لە باشووری عێراق کەم ببێتەوە، لە بەرانبەریشدا سوپای عێراق هێڵی بەرگری لە بەرانبەر هێرشەکانی ئێراندا لە سنووری ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە فراوانتر و قایمتر دەکرد. پێشمەرگە نەیدەتوانی لەنێوان ئەو دوو هێزە شەڕکەرەدا بمێنێتەوە، بۆیە بەناچاری بنکە و بارەگاکانی گواستەوە و پاشەکشەی بە هێزەکەی کرد بۆ پشتی سوپا. بەم شێوەیە بەناچاری مەقەڕی مەڵبەند لە حاجی مامەندەوە گواسترایەوە شووکێ لە شارباژێری تەخت. زۆر جاریش لەو نێوەندەدا پێشمەرگە تووشی شەڕی قورس دەبوو. لە یەکەم ڕۆژی تەقە وەستاندا لەگەڵ سوپای عێراق و دەستپێکردنی مفاوەزات لەگەڵ بەعسدا،

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوژمن هێرشی گەورە و بەرفراوانی کردەسەر گوندی حاجی مامەند و ناوچەکە و پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک بە سەرپەرشتی و فەرماندەیی فەرەج وەندرێنەیی تووشی شەڕێکی قورس بوون لەگەڵ سوپای عێراقدا. لە نزیک گوندی حاجی مامەند، فەرماندەی نەبەز و قارەمان و بەئەزموونی پێشمەرگایەتی و پێشمەرگەی سەرەتاکانی هەڵگیرسانی شۆڕش فەرەج وەندرێنەیی، دوای بەرگرییەکی کەموێنە لەگەڵ جەیش و کوشتاری زۆر لە هێزی داگیرکەر، بریندار دەبێت، بەڵام قسە ناکات و ناڵێت بریندارە تا پێشمەرگە پێیەوە سەرقاڵ نەبن. خوێنی زۆر لێ دەڕوات و دواتر هەر ئەو ڕۆژە- ٢٨/ ١٩٨٣/١١- شەهید دەبێت.

شەهید فەرەج لە شۆڕشی ئەیلوولدا وەک لاوێکی تازەپێگەیشتوو دەبێتە پێشمەرگە و بەو تەمەنە بچووکەیەوە نموونەی قارەمانێتی دەبێت. لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە کرد. چەندین جار دوژمن لە بەرزنجەوە بە جەیش و جاشەوە پەلاماری وەندرێنەیان داوە بۆ گرتنی، بەڵام بە هۆی ئازایەتی و وریایی خۆی و خەڵکی قارەمانی دێیەکەوە خۆی دەرباز کردووە. شەهید فەرەج سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ دەبێتە پێشمەرگە و پاشانیش یەکێک لە باشترین و بەتواناترین فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە. هاوڕێ و هاوسەنگەرمان و بەو برینە سەختەیەوە لە لووتکەی خۆڕاگریدا تا دواهەناسەی شەڕی داگیرکەری کرد.

مەلا حوسێن، کە برا بچوکی فەرەج وەندرێنەیی بوو، لە ساڵی ١٩٧٦دا دەبێتە پێشمەرگە و لەکاتێکدا بە کارێکی پێشمەرگانە دەچێتە شار، لەلایەن دوژمنەوە دەگیرێت و بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت. مەلا حوسێن لە زیندانی کەرکووک لەگەڵ مامۆستا سەلام عەبدوڵڵا و چەند زیندانییەکی تر لە زیندان هەڵدێن و دەگەنەوە شارباژێڕ. مەلا حسێن پێشمەرگە و فەرماندەیەکی پشوودرێژی بەتوانا و ئازا بوو؛ تا ڕاپەڕین لە پێشمەرگایەتی بەردەوام بوو. لە هەموو شەڕەکانیشدا نموونەی قارەمانێتی بوو.

بارەگای مەڵبەند بە کاتی هاتبووە گوندی شووکێی شارباژێڕی تەخت. دەمەوعەسرێکی هاوین بوو لە سەربانی بارەگای مەڵبەند بووین. کاک بەکری حاجی سەفەر لێپرسراوی مەڵبەند بوو. لە سەربان لەگەڵ کاک ئەبوو شەهاب مناقەشەیەکیان بوو؛ تۆزێک دەنگیان بەرز بوو. لێیان نزیک بوومەوە. هەردووکیان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرپرس و هاوڕێم بوون. کاک ئەبوو شەهاب تووڕە بوو؛ کاک بەکریش هێواش، بەڵام قسەکانی بە جۆرێک بوون، هێندەی تر ئەبوو شەهابیان تووڕە دەکرد.

کاک بەکر لەسەر ئەوە ناڕەحەت بوو کە ئەبوو شەهاب لەسەر هەڵەیەک لە پێشمەرگەیەک تووڕە بووە. قسەکە وا دەکەوێتەوە کە ئەگەر پێشمەرگەکە خۆی ڕێک نەکات، ئەبوو شەهاب یەک مەخزەنی پێوە دەنێت و دەیکوژێت. قسەکە زۆر جدی نەبووە. کاک بەکری دەیویست ئەبوو شەهاب تووڕە بکات بۆیە بەو هێمنیەی خۆی دەیگوت، "ئەبوو شەهاب، ئەگەر ئەو کەسە بکوژی، دەزانی دەیبەن بۆ سەرقەبران و دەینێژن و بەقەدەر ئەم مقەرە خۆڵ دەکەن بەسەریدا و مەلا تەلقینی دەدات و تەوا نایەتەوە و دەمریێ؟" ئەبوو شەهابیش هێندەی تر تووڕە دەبوو؛ دەیگوت، "بەڵێ، سەد جار دەیکوژم" و واو وای لێ دەکەم. کاک بەکر بەهێواشی دەیگوت کە ئیتر دوای تەعزیێ بۆ دادەنێن و چی و چی و بە حەیاتی زیندوو نابێتەوە. ئەبوو بەو قسانە وای لێ هاتبوو دەتگوت بەنزین بە ئاگری تووڕەبوونیدا دەکرێت. زۆر هەوڵم دا خاویان بکەمەوە. بە ئەبووم گوت، "قسەکانی کاک بەکر جۆرێک لە سوعبەتن و دەیەوێ زیاتر تووڕەت بکا." کاک بەکر هەندێ بزە گرتی؛ ئەبووش خاو بۆوە و بووە پێکەنین و شتەکە کۆتایی هات.

جەیشی عێراق لە ناوچەی لە قەڵاچوالان، شاخی کەتوو، پیری شەوکێڵ و ناوچەی شارباژێڕ بەگشتی خەریکی سەنگەرلێدان بوو؛ دەیویست لە شکانی هێزەکەیدا هێڵی بەرگری بێنێتە ناوچەی شارباژێڕی تەخت و چەند هێڵێکی تریشی بەدوای ئەو هێڵەدا درووست کردبوو بۆ ئەوەی لە کاتی شکانیدا بەرانبەر سوپای پاسداران، ئەو سەنگەرانە بکاتە هێڵی بەرگریی نوێ. بەهۆی مفاوەزاتەوە ئیتر ئێمە کەمتر بەرکەوتنمان لەگەڵ جەیشدا هەبوو؛ لە هەڵکەندن سەنگەری تازە و درووستکردنی هێڵی بەرگریی نوێدا کێشەمان بۆ درووست نەدەکردن.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گواستنەوەی مەڵبەند

بەرەی نوێی شەڕی ئێران-عێراق لە سنووری شاری پێنجوێن و ماوەت و چوارتاوە تا دەگەیشتە ناوچەی حاجی ئۆمەران و گردمەندیل بە ناوی 'فەجری یەک و دوو'ەوە بەردەوام بوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەڕ و هێرشی ئێران گەرمتر و فراوانتر دەبوو؛ سوپای پاسداران بە ژمارەی زۆر هێرشیان دەکرد. بە هەزاران کوژراو لەو بەرەیەیدا هەبوو. پاسداری نوێ بە لێشاو جێی پاسدارانی ئێرانیان دەگرتنەوە. لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا، ئێران ئەرزی زیاتر و ناوچەی زیاتری داگیر دەکرد؛ جەیشی عێراقیش بەناچاری پاشەکشەی دەکرد و هێڵی بەرگریی نوێی بۆ خۆی درووست دەکرد. لە هەرکوێیەک بارەگا و بنکەی یەکێتی هەبووایە، ئێران و عێراق بە هەردووکیان تۆپبارانیان دەکرد و پەلاماریان دەدایەن، گەرچی ئێمە لە سەرکردایەتییەوە ئاگادار کرابووین کە لە پشتی جەبهەی عێراقییەوە هێرش و پەلامار بۆسەر هێزەکانی عێراق بووەستێنین و زۆربەی هێزەکانی سنوورەکەش پەیوەست بووین بە فەرمانەکەوە، بەڵام دوو، سێ مەفرەزەی پێشمەرگە سەرپێچیی فەرمانەکەیان کرد. کاتێک سوپای عێراق لە بەرەی شەڕ ڕایان کردبوو، پێشمەرگەکان چەکەکانیان لێ سەندبوون و بۆ ماوەیەک سەرباز و ئەفسەرەکانیشیان لای خۆیان ڕاگرتبوو. ئەم کارە سەربەخۆیەی ئەو مەفرەزانە لە سنووری شارباژێڕی سەخت عێراق و سوپاکەی توورە کرد، بەتایبەت فەیلەقی یەک، کە تەواوی فەیلەقەکە لە کوردستان بوون و بە شەڕی پێشمەرگەوە ئالا بوون؛ پێشتریش تاوانی زۆر گەورە و کۆمەڵکوژییان ئەنجام دابوو. بە ئاسمانی شارباژێڕدا بلاوکراوەیەکیان فڕێ دا تا دەست هەمووان بکەوێت. تێدا هەڕەشەی زۆر و قسەی زۆر ناشیرینیان لەسەر هێزی پێشمەرگە و کورد کردبوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

کاک بەکری حاجی سەفەر لێپرسراوی مەڵبەند، کاک حەمەی فەرەج، لێپرسراوی سەربازی، کاک ئاسۆی شێخ نوری، لێپرسراوی ڕاگەیاندن، کاک ڕەفعەتی مەلا، لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی، مامۆستا ساڵح ژاژڵەیی لێپرسراوی دارایی، کاک ئاوات عەبدولغەفور لێپرسراوی پەیوەندییەکان و هەماهەنگی بوون. ئیتر بەیەکجاری مەڵبەند هاتە گوندی شووکێ و دواتریش بۆ گوندی گورگەدەر و سیتەک.

دەنگۆی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم بڵاو بۆوە. زۆربەمان پێمان خۆش بوو و بە هەنگاوێکی پێویست و باشمان دەزانی، هێزی پێشمەرگە هیلاک و ماندوو بوو؛ لە چەند لایەکەوە گەمارۆ درابوو. لەسەر داوای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بڕیاری سەرکردایەتیی یەکێتی بەشێکی زۆری هێزی پێشمەرگەی یەکێتی چووبوونە ڕۆژهەڵات و بۆ پشتیوانی و بەرگری لە سەنگەری پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات، شەڕی دەوڵەتی ئێرانیان دەکرد. چەندین فەرماندە و پێشمەرگەی قارەمان لەو شەڕەدا شەهید یان بریندار بوون. دوای ئەو شەڕانە ئیتر ئێران بە هەموو شێوەیەک سەنگەری دژی یەکێتی گرت. لە لای تریشەوە، یەکێتی دەبوو شەڕی ناوخۆ و لایەنەکانی بەرەی جوود- پارتی، سۆشیالیست، شیوعی و پاسۆک- بکات. ئەو بەرەیە لە هەرکوێ دەرفەتیان هەبووایە، شەڕیان دژی یەکێتی گەرمتر دەکرد. سەرەڕای ئەمانە، لە هەموو ناوچەکان شەڕی یەکێتی لەگەڵ سوپای داگیرکەری بەعسیش بەسەختی بەردەوام بوو. بۆیە پێویست بوو یەکێتی دەرفەتێکی دەست بکەوێت تا بتوانێت بە شێوەیەک هێزەکەی ڕێک بخاتەوە و کوردستان لە وێرانکاریی زیاتر بپارێزێت. ماوەی چەند مانگێک بوو دەمانزانی کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەنێوان سەرکردایەتیی یەکێتی و ڕژێمی عێراقدا هەیە و زەمینە خۆش دەکرێت تا ڕاستەوخۆ و بەئاشکرا بکەونە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم.

مام جەلال، بە یاوەریی کاک دکتۆر قاسملۆ، لە کۆتا مانگی ساڵی ١٩٨٣دا دەگاتە بەغداد. ئەم هەواڵە خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەی بەگشتی و دڵخۆش کردبوو؛ هەموو چاوەڕێمان دەکرد هەرچی زووە مام جەلال و سەدام پێکەوە لە تەلەفیزیۆن دەربکەون و بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە شەڕی کورد و عەرەب بهێنن.

کاک دکتۆر قاسملۆ هەوڵی زۆری دابوو یەکێتی و حکومەتی بەعس ڕازی بکات بەوەی ڕێککەوتن لە بەرژەوەندیی هەردوو لایانە و باشترە بە ئاشتی کێشەی کورد چارەسەر بکەن. کاک دکتۆر ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرەوپێشچوونی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەنگاوەنی گفتوگۆدا دەبینی. ئەگەر بەرەی جوود لەگەڵ یەکێتی بەشدار بوونایە و پێکەوە مفاوەزاتیان بکردایە، بەدڵنیاییەوە مفاوەزات سەردەکەوت، ئیتر نە ئەنفال و نە کیمیاباران و نە وێرانکردنی دێهاتەکان ڕوویان دەدا و کوردستانیش نەدەبووە خاکێکی سووتاوی بێ ژیان.

دەرفەتی مفاوازات لەبەردەست بوو. لەگەڵ ئەوەدا کە کەرەستەی پێویست بۆ خۆڕێکخستنەوەی پێشمەرگە هەبوو، هیچ بەرنامەیەک بۆ ئەو کارە نەبوو. دەتوانرا بەباشی بکرێت. مفاوەزاتەکە خاڵی بەهێز و لاوازی هەبوو؛ خاڵی لاواز ئەوە بوو هیچ بەرنامەیەکی ئاراستەکراو نەبوو بۆ چۆنێتیی هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لە کاتی شەڕوەستاندا، ئەگەر هەشبووبێت، کاری پێ نەکرا. خاڵێکی تریش چۆنێتیی چوونی پێشمەرگە بوو بۆناو شارەکان. لە ماوەی ئەو گفتوگۆیەدا، دەبوو پێشمەرگە و فەرماندەکان لە چەندین خولی ڕاهێناندا سەرقاڵی فێربوونی هونەری شەڕ و سەرکردایەتیکردن و جۆرەها بابەتی سەربازیی تر ببن، بەڵام هەر لەگەڵ تەقەوەستاندا لە ١٩٨٣/١٢/٣دا، بەشێک لە پێشمەرگە لە سنووری ناوچەکەی خۆیانەوە سەربەخۆ و بێ پرس چوونەناو شارەکانەوە- جا بە کۆمەڵ یان بە گرووپی بچووک. بەم شێوەیە لەو قۆناغە نوێیەدا، لە مەعەسکەر و بنکە سەربازییەکانی سوپا نزیک بوونەوە و بەو هۆیەشەوە پێشمەرگە لەگەڵ جاش و جەیشدا تووشی چەندین کێشە و شەڕ بوو. ملازم سەید کەریم لە تاسڵوجە لەلایەن حەمەی حەسۆل و جاشەکانیەوە شەهید کرا و چەندین پێشمەرگەی تریش لە زۆری ناوچەی تردا بەهەمان شێوە شەهید کران. ڕۆژانە شەڕو ئاڵۆزیی نێوان پێشمەرگە و جاش درووست دەبوو. سەرکردایەتی و لیژنەکانی هەماهەنگیی نێوان یەکێتی و بەعس هەر خەریکی چارەسەرکردنی کێشەکان و بەردانی ئەوانە بوون کە لەلایەن سەیتەرەکانی بەعسەوە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا دەگیران. گەرچی سەرکردایەتی چەند جارێک فەرماندەکانی کۆ کردەوە ئاگاداری کردین کە نابێت بچنە شارەکان، بەڵام چوونە شار و ڕۆیشتن بەو جادە سەرەکییانەدا کە جاشیان لێ بوو بەردەوام بوو.

مام جەلال برووسکەی بۆ کردبووم تا بچم بۆ سووورداش و سەردانی بکەم. لە چوونمدا بۆ سووورداش یان سێروان بەزۆری بە مێرگەپاندا هاتوچۆم دەکرد، ئەوەش بۆ خۆلادان بوو لە جاشەکانی تاسڵوجە و ناو شاری سلیمانییش. دۆستێکی دڵسۆزمان هەبوو ماوەیەکی زۆر بوو نەخۆشییەکی گرتبوو، لەگەڵ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

خۆم بردم تا لە خەستەخانەی سووورداش چارەسەر وەربگریت. ناوی کاک 'عەلی پوشینی' بوو؛ ماڵی لە پوشین بوو؛ خزمەتی زۆری پێشمەرگەی دەکرد و زۆرجار فیشەک و تەقەمەنیی بۆ پەیدا دەکردین. ئەوم لە خەستەخانەکە جێ هێشت و چوومە لای مام جەلال. سەرەتا پیرۆزبایی ژنهێنانی لێ کردم و زەرفێکیشی دایە دەستم، گوتی، "ئەو دیارییە بچووکەشم بۆ داناوی." لێم وەرگرت و سوپاسم کرد. ئەو بۆ من خەڵاتێکی زۆر گەورە بوو، چوونکە نە پێم گوتبوو نیازی ژنهێنانم هەیە و ژن دەهێنم، نە داوای یارمەتیشم لێ کردبوو نە بەکەسیشم ووتبوو پێی بڵێت. دواتر زانیم دیارییەکە ١٥٠٠ دیناری سویسری ئەو کات بوو.

ژنهێنانی من ئەو پارەیەی نەدەویست، بۆ ژنهێنان هیچ داوایەکی ئەوتۆیان لێ نەکردبووم. پێشمەرگە هێندە خۆشەویست بوو، داوای کچی هەر خێزانێکی دەکرد، کوردگوتەنی بە کراسی بەری خۆیەوە پێشکەشیان دەکرد. ئەوەی منیش هەر وا بوو. مام کە پارەیەکی دەهاتە دەست، چاوی لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بوو بۆ ئەوەی ئەگەر پێداویستی و کەموکوورییەکیان هەبێت، ئەوەندەی ئیمکان هەبێت بۆیان چارەسەر بکات.

مام رۆستم هات و ماوەیەک پێکەوە لای مام دانیشتین. مام هەندێ باسی سەردانەکەی بۆ بەغدا و بینینی سەدامی بۆ کردین. دڵنیای کردین کە مفاوەزات سەرکەوتوو دەبێت. لە ماوەی مفاوەزاتەکەدا حکومەت ئازووقە و هەندێک خێمە و کابینەی دایە مەڵبەندی یەک. کابینەکان لە سیتەک دانرابوون؛ دواتر کردمانە ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوون. عێراق جۆرێک گۆشتیان دابەش دەکرد و دەیان دا بە پێشمەرگە. گۆشتەکە بۆنساردێکی لێ دەهات و پێشمەرگە نەیدەخوارد. خۆ هەر ئەوەشیان دەدا بە سوپاکەی خۆیان و ئەوان دەیانخوارد. وەک باس دەکرا گۆشتەکە لە ئوسترالیاوە هاوردە دەکرا و هەموو جەیشی عێراق لەوەی دەخوارد.

کاتێک کاک جەبار فەرمان بوو بە لێپرسراوی مەڵبەندی یەک، بارەگای مەڵبەندی هێنایە سیتەک. نزیکی جادەی سەرەکی بوو؛ کارەبای بەردەوامیشی هەبوو. ئەو ماوەیەش کە من بەکاتی سەرپەرشتیی تیپی مەڵبەندم دەکرد، مقەڕەکەمان هێنایە سیتەک. تیپی مەڵبەند هێزێکی پێشمەرگەی باشی هەبوو؛ بەشێک لە ئەرکی چاودێریکردن و پاراستنی سنوورەکەشی پێ سپێردرابوو. وەک باسم کرد، رۆژ لە دوای رۆژ سنووری ناوچەی شارباژێڕ- بە سەخت و تەختەوە- بەرتەسک دەبۆوە. بە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هۆی پاشەکشەی سوپای عێراقەوە لە بەرانبەر هێرشەکانی ئێراندا و بوونی ناوچەکە بە ناوچەی شەڕ، شارباژێڕی سەخت هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی لێ نەمابوو. یەکەم کۆبوونەوەی فەرماندەی تیپەکانی مەڵبەندی یەک لەگەڵ هاتنی کاک جەبار فەرمان لە سیتەک ئەنجام درا و بەرنامەی نوێی کارکردنی مەڵبەندی تێدا دانرا.

برووسکەمان بۆ کرا هەموو فەرماندە سەربازییەکان بۆ کوبونەوەیەکی گرنگ لە سووورداش ئامادە بین. کۆبوونەوەکە لەسەر دۆخی مفاوەزات بوو لەگەڵ بەعس، ئامانجیش لێی ئەوە بوو ڕای فەرماندەکان وەربگیرێت لەسەر ئەوەی بەردەوامی بەم شێوەیەی مفاوەزات بدرێت یان کۆتایی پێ بهێنرێت و شەڕ دەست پێ بکەینەوە. مام جەلال و کاک نەوشیروان سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکەیان دەکرد. بەدرێژیی باسی ڕەوتی بەڕێوەچوونی گفتوگۆکانیان کرد و باسی ئەو گرفت و تەگەرانەشیان کرد کە هاتبوونە ڕێی گفتوگۆکان. مەبەستیان بوو ڕای هەموومان بزانن لەگەڵ شەڕین یان ئاشتی، دوو، سێ برادەر نەبن، هەموو فەرماندەکان بەگشتی پێداگریمان لەسەر بەردەوامیدان بە گفتوگۆکان کرد و هەمووان لەگەڵ ئاشتیدا بووین. زۆربەی زۆری فەرماندەکان دەمانزانی بە شەڕ- کە سەدا سەدی ئەرکەکەی دەکەوتە سەرشانی ئێمەی سەکردە سەربازییە مەیدانییەکان- هەموو شتێک لەدەست دەدەین، بە تایبەت کە دەمانزانی هێزی ئێمە و بەعس لەڕادەبەدەر ناهاوسەنگ بووین.

ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٤بوو. هەر لە سووورداش بووین. عەسرێک هەواڵیان هێنا جاشەکانی حەمەی حەسۆلی لە تاسلوجە سەیتەرەیان داناوە و ملازم سەید کەریم و دوو پێشمەرگەیان شەهید کردووە. ملازم سەید کەریم یەکێک بوو لە فەرماندە هەڵکەوتووە دیارەکانی هێزی پێشمەرگە. ئەم تاوانە گەورەیەی جاشەکان هێزی پێشمەرگەی زۆر تووڕە کرد. بۆیە سەرکردایەتی دەیویست هەرچی زووە هێزی پێشمەرگەی پێویست کۆ بکاتەوەو هێرش بکاتە سەر مۆڵگەی جاشەکان لە تاسلوجە. ئێمەو ئەوانەشی لەوێ بووین، کاک ملازم عومەر داوای لێ کردین بمێنینەوە تا لە هێرشەکەدا بەشداری بکەین. ئیتر هەمووان چاوەڕێی ملازم عومەر بووین کە لەگەڵ مام جەلال کۆ ببێتەوە و نەخشەی هێرش و ئەرکی هەر قوڵ و هێزێک دیاری بکرێت. مامە ڕیشە هاوڕێمان بوو. ئەو ماوەی چاوەڕوانییە پێکەوە بووین و قسەوباسمان زۆر کرد. ئەو کات فەرماندە و پێشمەرگەکان چەند لێک دوور بووینایە، بە دڵ هەر نزیک بووین لە یەکتر.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مامە ڕیشە هاتە لام و گوتی، "مام جەلال بانگی کردووم و ئامۆژگاریی کردووم و تەنانەت ئینزاریشی کردووم کە خۆم بەدوور بگرم لە تەحسین شاوەیس. چەند جارێکیش کاک نەوشیروان لەسەر هەمان بابەت ئاگاداریی توندی کردووم دوور بم لە تەحسین و متمانەیان پێ نەکەم."

مامە ڕیشە پەیوەندیی خۆی و تەحسین شاوەیسی بەدرێژی بۆ باس کردم و گوتی کە تەحسین جدییە و بەڵێنی داوە و دەیەوێت خۆی لەو هەموو خراپە و خیانەتە پاک بکاتەوە. هەستم کرد مەیلی بەردەوامی ئەو پەیوەندییەی هەر هەیە. منیش پێم گوت، "مام جەلال و کاک نەوشیروان لەخۆوە قسە ناکەن. ئەو جەماعەتە ماری بێئیجازەن. تکایە وریای خۆت بە؛ دوژمن زۆر مەبەستییەتی بە هەر نرخێک بووە لەناوت بەرێ." بەڵام ژیانی مامە ڕیشە هەمووی موجازەفە بوو؛ ئازایەتییەکەی وای کردبوو ترسی لە هیچ شتێک نەبێت. ئێوارە درەنگ ببوو. ئاگاداریان کردین کە هێرشکردن بۆسەر مۆڵگەی جاش لە تاسلوجە دواخراوە و دەتوانین بڕۆینەوە بۆ شوێنی خۆمان. ئێمەش خواحافیزیمان لە یەکتر کرد و هەر یەکەمان بەڕێگەیەدا بۆ ناوچەکانی خۆمان گەڕاینەوە.

ڕۆژی ٢٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥، مامە ڕیشە خۆی و دوو پێشمەرگەی هاوڕێی بە ناوەکانی 'سەردار حەمە شەریف' و 'موحسین مەجید' لە کەمینی جاشەکاندا شەهید دەکرێن. بە شەهیدبوونی ڕیشە خەڵکی سەرتاسەری کوردستان دڵتەنگ بوون و ماتەمیان گێڕا. هەر کەس لە ماڵ و دڵی خۆیدا پرسەی بۆ دانا و پێیان وا بوو کوردستان باشترین و قارەمانترین فەرماندەی پێشمەرگەی لەدەست داوە. ڕیشە نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە ناوەڕاست و باشووری عێراقیشدا وەک 'پیاوە ئاسنینەکە' باس دەکرا؛ پیاوێک کە هیچ شتێک کاری تێ ناکات. لە مفاوەزاتەکەدا بۆ سەردان چووینە کەرکووک و بەغدا، لەوێ زۆربەی خەڵک بە 'کەسە ئەفسانەیی' و زۆری تریش، وەک گوتم، بە 'فەرماندە ئاسنینەکە' ناویان دەهێنا. ڕیشە هەمیشە دەچووە قووڵاییی دڵی دوژمنەوە؛ تەنانەت لە خوار کەرکووک و (جەبەل حەمرین)ەوە چالاکیی کەموێنەی ئەنجام دەدا؛ چالاکییەک کە دوژمن هەرگیز بەخەیاڵیدا نەدەچوو پێشمەرگەیەک لەو ناوچانەدا ئەنجامی بدات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دانوستان

یەکێتی هەمیشە گفتوگۆ و دانوستانی بە شێوەیەک لە شێوەکانی خەبات دەزانی و دەیویست لەو ڕێیەوە بە دوژمنان و داگیرکەر بڵێت کە کورد، ئەگەر مافی ڕەوای خۆی پێ بدرێت و دەرفەت هەبێت ئامانجەکانی بە ئاشتی دەستبەر بکرێت، شەڕی ناوێت و پەنا بۆ چەک و توندوتیژی نابات. کورد ئەزموونێکی زۆری لە دانوستان لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی قۆناغە جیاجیاکانی حوکمڕانیی عێراقدا هەبووە و ئامانجی بووە لەو ڕێگەیەوە بتوانێت مافی زەوتکراوی گەلەکەمان بەدەست بێنێتەوە. هیچ کاتێک مەبدەئی گفتوگۆ وەک بەشێک لە چارەسەر لەلایەن سەرکردەکانی جووڵانەوەی کوردەوە ڕەت نەکراوەتەوە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٧یشدا کە یەکێتی لە قۆناغی سەرەتای گەشەکردنیدا بوو، بەعسیش لەوپەڕی هێز و دەسەڵات و لووتبەرزیدا بوو، کاک عەلی عەسکەری نارده بەغدا تا ئەگەر بچووکترین دەرفەت بۆ ئاشتی هەبێت، دەستی پێوە نەنێن.

بەعس لە هەنگاوەکانی بۆ بە جاشکردنی کورد و بەکوشتدانی کورد بە دەستی کورد بەردەوام بوو، هەر کەس بیتوانیایە ژمارەیەک کەس کۆ بکاتەوە بۆ جاشێتی حکومەت چەک و مووچەیەکی مانگانەی پێ دەدا و لە چوون بۆ سەربازییش دەیبەخشی. کەسی یەکەمیان دەکردە سەرۆک جاش و ئەرکی پاراستنی ڕێگە سەرەکییەکانی پێ دەسپێردرا؛ هەر کاتیش پێویستی بکردایە هێرش بکرێتەسەر پێشمەرگە، جاشەکان دەبوونە چاوساغی جەیشی داگیرکەر.

هێزەکانمان لە چەندین بەرەوە شەڕیان دەکرد؛ پێشمەرگە تەواو سەرقاڵ بوو، توانای زۆری لە ئازایەتی و هونەری شەڕ لەگەڵ دوژمندا بەدەست هێنابوو، دەیتوانی بەردەوام گورزی قورس لە دوژمن بوەشێنێت، عێراق کەموکووڕیی زۆری لە کەرەستە و پێویستیی شەڕدا بۆ درووست ببوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەتایبەت لە ڕووی سەرچاوەی مرۆییەوە. هێزی پێشمەرگەش ماندوو بوو؛ پێویستیی بە پشوو بوو، بەڵام هەموو ئەو هێزانەی لەو سنوورەوە نزیک بوون، وەک مەڵبەندی یەک و تیپەکانی، ئەرکیان چەند هێندە قورس ببوو؛ لەو موفاوەزاتەشدا هێزەکانیان سەرقاڵی پاراستنی سنوورەکە بوون تا ڕێگە نەدەن هێزەکانی جوود بێنە سنوورەکە.

بۆیە بۆ ئێمە، سەرباری بێمتمانەییمان بە بەعس، مفاوەزات زۆر پێویست بوو. خۆ ئەگەر بگەیشتینایەتە ئەنجامێکی دیار و بەعس بیتوانیایە لەڕێی گفتوگۆوە بە ڕێگەی ئاشتییانە مافەکانی کورد بدات، زۆر کارەساتی گەورەی وەک کیمیاباران و ئەنفال و وێرانکردنی کوردستان ڕوویان نەدەدا، بەڵام کاربەدەستە بەعسییانەی لە کوردستان بوون بەرژەوەندییان لە شەڕدا بوو. هەمیشە ڕێککەوتنیان لەگەڵ کورد بە مەترسیی گەورە زانیوە. قازانجیان لە شەڕدا بوو؛ بە هۆی شەڕەوە لە کوردستان ببوونە بکوژوببڕ و دەیانویست گفتوگۆکان سەرنەگرن.

پاش چەند مانگێک لە دانوستان، بڕیاری ئاگربەست لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقدا درا و شەڕ وەستا. جەماوەر و هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی حیزب ئەم هەنگاوەی یەکێتییان بە لاوە دڵخۆشکەر بوو، هیوایان دەخواست لەو ڕێیەوە بتوانرێت سنوورێک بۆ شەڕ و خوێنڕشتن و دڕندەیی بەعس دابنرێت یان کۆتایی پێ بهێنرێت. لەڕێی حیزبی شیوعییەوە پارتی و لایەنەکانی تر لە گفتوگۆی نێوان یەکێتی و بەعس ئاگادار کرابوون، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم ئاراستە گشتییە جەماوەرییە، کورد لەم کایەیەشدا یەک نەبوون. پارتی و حیزبی شیوعی و حسک و پاسۆک، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئێران، بە هەموو توانایەنەوە دژایەتی ئەم هەنگاوەی یەکێتییان کرد و دژی وەستانەوە. ڕێگەیان نەدەدا کورد یەکگرتوو بێت، لەناو سەرکردایەتیی یەکێتیدا جۆرێک لە دوودڵی و بێبڕوایی بە مفاوەزاتەکە هەبوو؛ ترسیان لە ئەنجامەکەی هەبوو. لە سەرەتادا دانوستانەکە بە ئاراستەی درووستدا ڕۆیشتبوو بەڵام یەکێتی دوودڵ ببوو لە واژۆکردنی وەرەقەی داواکارییەکانی خۆی- جا مەسەلەکە بێبڕوایی بووە بە بەعس یان هەر ترسێکی تر. دوای درێژەکێشانی گفتوگۆ و نەگەیشتن بە ڕێککەوتن، کۆبوونەوەکان بوونە کاتکوشتن؛ بەعسیش بۆ ئەوەی یەکێتی نەچێتە بەرەی ئێران، لە هەموو کەناڵەکانیەوە هەڕەشەی ئەوەی دەکرد ئەگەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

یەکێتی لەگەڵ ئێران ڕێک بکەوێت، هەرچی لە توانایدا هەیە بۆ لێدان لە یەکێتی دەیخاتەگەڕ.

لە ماوەی مفاوەزاتەکەدا، لە زۆربەی شارەکان 'مەرکەزی تەنسیق' واتە 'ناوەندی هەماهەنگی' دروووست کرا تا چوونی پێشمەرگە بۆ شارەکان بە هەماهەنگی بێت و لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە جۆرە ڕێگەپێدانێکیان بۆ بکرێت، بەڵام پێشمەرگە زۆر پەیوەست نەبوو بەوەوە، هەر کەس و دەستەیەکی پێشمەرگە بە ڕێگەی خۆی خۆی دەکرد بە شاردا. لە سنووری سلێمانی تا ڕادەیەک بەم شێوەیە بوو؛ هەر کات بمانویستایە بۆ ناوشار بچین، جۆرە ناسیاوییەکمان لەگەڵ بازگەکانی سیتەک و ئەزمەڕ و دەباشان درووست کردبوو، هەر سەلاممان دەکرد و دەڕۆیشتین. خۆ پێشمەرگە هێندە زیانی گیانیی لە دوژمن دابوو، جەیش و جاش ترسی بێسنووریان لە پێشمەرگە هەبوو، جار جارەش شیرینیمان دەدانێ و ئەوانیش هەرگیز ڕێگرییان لێ نەدەکردین. بە قەرەباڵغی و هێزی زۆرەوە نەدەچووینە شار و لێپێچینەوەمان لەگەڵ پێشمەرگەکان دەکرد و دەبوو بە ئیجازە بڕۆن، بەڵام لای ئێمەشەوە هەر سەرپێچی دەکرا. لەڕاستیدا، سوپا حەزی بە کێشە درووستکردن نەبوو لەگەل پێشمەرگە؛ ئەوە زیاتر جاشەکان بوون کە بەرژەوەندییان لە ئاژاوەنانەوە و شەڕدا هەبوو. سنووری شارباژێڕ جاشی وای تێدا نەبوو تا بتوانن سەیتەرە لەسەر جادەکان دابنێن. چوونە ناوشاری پێشمەرگە بەو بێبەرنامەییە و بەتاک و بە قەرەباڵغی بەردەوام بە شەو و ڕۆژ و بە چەکەوە دەبووە هۆی درووستبوونی کێشە لەگەڵ جاش و مەفرەزەکانی ئەمن و مەفرەزە خاسەکانی ئیستیخبارات.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

گرتنی مەقەڕی عوسمان فایەق

بڵاوبوونەوەی هەواڵی گوللەبارانکردنی شانزە عەسکەری فیراری کوردی خەڵکی سلێمانی لەناو مەعەسکەرێکی سلێمانی لە ٧/ ١٩٨٤/٣دا نەفرەت و ناڕەزایی خەڵکی شاری لێ کەوتەوە. خەڵک و ئەو پێشمەرگانەی بۆ سەردانی کەسوکار لە شار بوون پێکەوە پەلاماری (مقەڕی عوسمان فایەق)یان لە نزیک فولکەی کاوە دا، کە تا نووسینی ئەم کتێبە (ئاسایشی سلێمانی)ی تێدایە- ئەو کات پڕ کرابوو لە جەیش ناشەعبیی عەرەب. هێرشەکە زیاتر وەک کاردانەوەیەک بوو بۆ ئەو تاوانە قێزەونەی بەعس دەرهەق بەو گەنجانەی شار کردبووی. پەلامار بۆ سەر ئەو مۆڵگەیە پەرشوبڵاو و بێبەرنامە بوو، هەر پێشمەرگەیەی سەر بە تیپ و کەرت و ناوچەیەک بوو؛ پێشمەرگە و خەڵکی تووڕەی شار چوونەناو مقەڕەکە و داگیریان کرد، چەندین جەیشی ناشەعبیان بە کوژراوی لە سەربانی بەرزی بیناکەوە فڕێدایە خوارەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و بیناکەش سووتێنرا. شار بە شێوەیەک ئاڵۆز بوو مەترسیی شەڕ و تێکچوونی مفاوەزاتی لێ دەکەوتەوە. بەعس زانی دۆخەکە مەترسیدارە بۆیە بەناچاری و بە هاوکاریی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای یەکێتی، بەتایبەت کاک فەرەیدوون عەبدولقادر، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی باڵای شاندی مفاوەزاتی یەکێتی و عێراق بوو، ئازایانە لەناو ئەو هەموو مەترسییەدا چووە ناو ئاگرەکە و بە هەمووان دۆخەکەیان هێور کردەوە.

سەرکردایەتیی یەکێتی چەند جارێک لە گوندی مەرگە کۆبوونەوەی فراوانی بە فەرماندە سەربازی و کادرەکانی کرد. زیاتر کاک نەوشیروان قسەی تێدا کرد و بۆ چەندەیەمین جار داوای لە پێشمەرگەکان کرد خۆیان لە چوونە ناوشار بپارێزن بۆ ئەوەی تووشی زیان نەبن و یەکێتییش بەم بابەتە لاوەکییانەوە مەشغوڵ نەکەن؛

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئەگەر مفاوەزاتیش تێکچوو، با لەسەر مافەکانی گەلی کورد بێت، نەک ئەم بابەتانە. لە کۆتاییدا گوتی هەر کەسێک سەرپێچی بکات، سزای دەدەن.

مەقەڕی مام جەلال هاتبووە سووورداش. ئێمە هەرکات بچووینایە بۆ سووورداش یان مەرگە، بە مێرگەپاندا دەڕۆیشتین. جاش لە زۆر خاڵی سەر ڕێگەکەدا بازگەیان دانابوو و بەئاشکرا سووکایەتییان بە خەڵک دەکرد. چەندین جار داوا لە دامودەزگاکانی بەعس کرا جاش لە سەیتەرەکان دانەنێن چوونکە جاشەکان ببوونە سەرچاوەی ئاژاوە و تێکدان. دۆخەکە وا تێکچووبوو مفاوەزات بەرەو خاوبوونەوە دەچوو، بۆیە بە پێچەوانەوە بەعس دەستی جاشەکانی کردەوە و هانی دەدان بۆ خراپەکاری دژی پێشمەرگە.

لە مفاوەزاتەکەدا دەرفەت درووست بوو هاوسەرگیری بکەم. وەستا ئەحمەدی برام کچێکی لە خێزانێکی ناسراوی شار و کچی مامۆستای پایەبەرز مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان داربەڕوولەیی بۆ دیاری کردم. کارەکە بە خێر گەڕا و هەموو پرۆسە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانمان وەک خۆی بەجێ هێنا. ماڵمان سەرەتا لە بزەینیان دانا و دواتر چووینە سیتەک. چووینە یەکێک لەو کابینانەوە کە عێراق بۆ مەڵبەندی ناردبوون. لەوێ لەسەر داوای کاک جەبار فەرمان بوومە لێپرسراوی تیپی مەڵبەند. لەبەر ئەو کێشەیەی پێشتر باسم کرد، لە تیپی ۳۳ی سلێمانیدا خۆمم هەر بە کاتی دەزانی.

لەو شەڕوەستان و مفاوەزاتەدا دەرفەت درووست بوو سەردانێکی خێزانی بۆ چەند شوێنێک بکەین، لەگەڵ کاک ئەبووشەهاب ڕێک کەوتین بۆ چەند ڕۆژێک بچینە بەغدا و هەولێر و هاوینەهەوارەکانی سنووری هەولێر و دهۆک. مفاوەزات دۆخێکی لەبار و بەنرخی ڕەخساندبوو؛ لای کەم بۆ بەشێک لەو فەرماندە و پێشمەرگانەی لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشەوە نەیانتوانیبوو بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت دوور بن لە بۆنی باروت و شەڕ و کاولکاری. بۆ ئێمەیەک کە چەندین ساڵ بوو بەبێ پشوو لە شاخ بووین و دوور بووین لە هەموو بۆنە نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، دۆخێکی وا بۆ ئێمە دەرفەت بوو تا تۆزێک لە تەپوتۆزی چەندین ساڵی ماندووبونی خەباتی شاخ بدەینە دەم هەوای فێنکی کوردستانێکی دوور لە شەڕ و داگیرکاری.

خەڵک بە گشتی زۆر دڵخۆش بوون بە وەستانی شەڕ و مفاوەزاتی یەکێتی و بەعس، چوونکە بەردەوام لە نارەحەتی و ترس و ماڵوێرانبوونی چاوەڕوانکراودا

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بوون؛ لەسەر دەستی ڕژێمێکی دڕندە و بێبەزەیی هیچ هاووڵاتییەکی کوردستان لە دێهات و شار و شارۆچکەکان، لە سەر و ماڵ و منداڵ و خێزانی دڵنیا نەبوو. خەڵک تەنیا پێشمەرگەیان بە پشتوپەنا و سەنگەری پاراستنی خۆیان دەزانی، هەر ئەوەش وای کردبوو پێشمەرگە خۆشەویستی و متمانەی بێسنووری خەڵکی هەبێت. لە هەر جێگەیەک پێشمەرگەیەک دەربکەوتایە، خەڵک باوەشی بۆ دەکردەوە و دەیان کەس وێنەی پڕشانازییان لەگەڵ دەگرت، ئەمە لەکاتێکدا دەشیانزانی بەعس هەر وێنەیەک لە ماڵ یان گیرفانی هەر کەسێکدا بدۆزێتەوە زیندانیی دەکات و لەسێدارەی دەدا و دەیان نموونەی زیندووی لە جۆرەش هەبوون.

بڕیاری ئەو گەشتە خێزانییەمان لە کاتی خۆیدا بوو. لەڕاستیدا، بڕیارەکە زیاتر هیی کاک ئەبوو شەهاب بوو؛ ئەو وەک برا گەورە هێزی دایە بەر ئێمەش تا بڕۆین. بە قەمەرەیەکی (مامە تۆفە)م- حاجی تۆفیقی مەڵکەندی- بە درێژاییی ماوەی ئەو مفاوەزاتە بەبێ ترس لە ناوەوە و دەرەوەی شار هاتوچۆمان دەکرد و دوور بووین لە چاوی جاش و بەعسییەکان.

لیژنەی تەنسیق وەرەقەیان بۆ کردبووین و لە هەر شوێن و سەیتەرەیەک نیشانمان دەدان، ڕایاننەدەوەستاندین و تەفتیش نەدەکراین. ئێمەش لە سلێمانییەوە چوارقۆڵی- من و (نەرمین)ی هاوسەرم لەگەڵ ئەبوو شەهاب و (سروە خان)ی خێزانی- ناوی خوامان لێ هێنا و بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتین. ئەبوو شەهاب سەیارەکەی لێدەخوڕی. لە بەغدا، دوو، سێ شەو لە ئوتێل شیراتۆن ماینەوە و چووینە بازاڕ و چێشتخانە و بە شارەکەدا گەڕاین. بۆ من هەموو ئەو شوێنانە نوێ بوون؛ یەکەم جاریشم بوو بچمە بەغدا و ئەو شارە ببینم. حەزم دەکرد زیاتر تێیدا بمێنمەوە بەڵام بۆ دۆخی ئێمە هەر ئەوەندە پێویست بوو.

گەڕاینەوە بۆ کەرکووک و لە ماڵی برایەکی ئەبوو شەهاب کە ناوی 'کاک برایم' بوو لامان دا و چەند ڕۆژێک میوانیان بووین. وەک ماڵێکی خانەدانی دەست و دڵکراوەی کەموێنە هێندە خزمەتیان کردین دەتگوت ئەزیزێکی دووروڵاتیان گەڕاوەتەوە. دەرگای دڵ و ماڵیان بۆ کردبووینەوە وامان هەست دەکرد بەشێکین لە خۆیان.

بڕیارمان دا سەردانی هەولێریش بکەین و لەوێشەوە بچینە هاوینەهەوارەکانی سنووری پارێزگاکە و چەند ڕۆژێک لەو ناوچانە بمێنینەوە. سەرلەبەیانییەک

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتین و لەگەڵ نزیکبوونەوەماندا لە شارەکە، کۆترێک خۆی کێشا بە جامی سەیارەکەدا. کاک ئەبوو شەهاب خێرا لای دایە سەر گڵەکە و جامەکەمان پاک کردەوە. سوار سەیارە بووینەوە و جارێ هەر لەسەر خۆڵەکە دەڕۆیشتین؛ ویستمان بچینەوە سەر جادەی سەرەکی، لەو کاتەدا دوو، سێ پیکابی شۆفرلێتی پڕ لە جاش بەخێرایی بە لاماندا تێپەڕین و کەوتنە پێشمانەوە. پیکابەکان پەنجا مەترێک لە پێش ئێمەوە دەڕۆیشتن. ئێمە چووزانین پێشمەرگە بۆسەیان بۆ داناون! کاتێکمان زانی کەوتینە ناو ئاربیجی و دەسڕێژی زۆر و بەردەوام و بۆ ماوەی چەند خولەکێک لەو حاڵەدا بووین. سەیارەکانی جاشەکان لە قەراغ جادەکە لە نزیکی پێشمەرگەکانەوە وەستان. ئاگریان لێ دەبۆوە. هەندێک لە چەکدارەکان کوژران و هەندێکیش بە برینداری یان ساغی خۆیان هەڵدایە خوارەوە. ئێمە کەوتینە ناو شەڕەکەوە؛ چەکیشمان پێ بوو. لە سندووقی سەیارەکەماندا بوو، بەڵام خۆ لەو نێوەند و ئاگرەدا کارێکمان پێ نەدەکرا. دەبوو بە هەر شێوەیەک بووە لەو شوێنە دوور کەوینەوە. من و کاک ئەبوو شەهاب و هاوژینەکانمان بووین. ئەوان شتی وایان نەدیبوو بۆیە تۆزێک ترسان. ئەبوو سەیارەکەی کۆنترۆڵ کردبوو. ماوەیەک وەستاین و پاشان ویستمان بگەڕێینەوە، لەو کاتەدا تەقەمان لێ کرا، ئیدی ئەبوو شەهاب بەناچاری بەناو بریندار و جەنازە و سەیارەی شکاو و شەڕە تەقەدا بەخێرایی تێپەڕی و لە سەیتەرەکەش نەوەستا و بەرەو هەولێر چووین؛ لە ویشەوە بەبێ وەستان بۆ پیرمام.

پیرمام شوێنێکی گەشتیارییە و تا بڵێی ناوچەیەکی خۆش و دڵڕفێنە. ناسیاوێکی کاک ئەبوو شەهاب بەڕێوەبەری شوێنە گەشتیارییەکەی پیرمام بوو کە ئوتێل و چێشتخانە و کابینەی گەشتیاریی تێدا بوو. پیاوێکی زۆر بەلوتف بوو؛ خزمەتی کردین و بۆ نانی نیوەڕۆ دەعوەتی کردین. کاک ئەبوو شەهاب ئەو ڕووداوەکەی بۆ باس کرد کە لەسەر جادەکە بەسەرمان هات. لەو خزمەیەوە بیستمان کە ئەوانەی لەناو پیکابە شۆفرلێتەکاندا بوون جاش بوون و (سەید قەهار)یش کە سەرۆک جاش بوو لەگەڵیان بووە. پێشمەرگە لێی داون قەهار و چەند جاشێک لەوانەی لەگەڵی بوون کوژراون.

ئێمە لای خۆمانەوە بڕیارمان دابوو چەند ڕۆژێک بمێنینەوە. ناسیاوەکەی کاک ئەبوو شەهاب پێی گوتین کە تەنیا یەک کابینەی چۆڵیان هەبوو، ئێمەش

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

پێویستیمان بە دوو کابینە بوو. گوتی کە کابینەیەکیان بۆ پارێزگاری هەولێر دانابوو، بەڵام دای بە ئێمە و گوتی "چەند دەمێننەوە، بێ ترس بمێننەوە." پاشان ئاگاداری بەڕێوەبەری پۆلیسی پیرمام و (شەقلاوە)ی کرد کە دوو خێزانی خزمی خۆی لە سلێمانییەوە هاتوون بۆ لای و کابینەکە دەدات بە ئێمە بەڵام گوتیشی هەر کات و ساتێک پێویستییان بە کابینەکە بوو، بۆیان چارەسەر دەکات و پێویست ناکات خەمیان بێت. بەو شێوەیە بۆخۆمان چەند شەوێک دوور لە ژاوەژاوی سیاسەت و هەواڵی ناخۆش پشوومان دا و دواتر بەرەو سلێمانی گەڕاینەوە.

ئەو کات کەرەستەی پەیوەندیکردن و هەواڵ و زانیاری وەرگرتن تەنیا ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن بوون، بۆیە دەمانتوانی دوور لە هەواڵی ناخۆش لە دنیایەکی تا بڵێی ئارامدا کاتەکانمان تا ڕادەیەک بە خۆشی بەڕێ بکەین. من بۆ خۆم یەکەم جارم بوو شوێنی گەشتیاریی وا دڵگیر و خۆش ببینم، ئێمە لە شاخ و پێشمەرگایەتیدا شوێنی لەوێ خۆشترمان زۆر بینیبوو بەڵام لەژێر هەورو دووکەڵی باروت و شەڕ و وێرانکاریدا. ژیانی پێشمەرگایەتی دوور بوو لە هەموو خۆشییەکی ژیان، دووژمنی داگیرکەر بەسەرماندا سەپاندبووی و ناچاری بوو، وەکوو تر کەسمان عاشق و سەودای چەک و چەکداری نەبووین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

برووسکەیەک بۆ هەمووان

برووسـکەیەک بـۆ هەمـوو کادر و فەرمانـدە سـەربازییەکان کـرا بـۆ ئـەوەی لـە کۆبوونەوەیەکـدا لـە سـورداش ئامـادە بـن. مـام جـەلال و کاک نەوشـیروان سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکەیـان دەکرد. لە کۆبوونەوەکەدا بە درێژی باسی ڕەوتـی بەڕێوەچوونـی گفتوگۆی نێوان یەکێتی و حکومەتیان کرد و هەمـوو گرفت و لایەنە بـاش و خراپەکانیـان ڕوون کـردەوە. دەیانوسـت ڕای هەمـوو فەرمانـدەکان بزانـن کـە ئایا شـەڕ بکەینـەوە یـان درێژە بـەو دۆخـە بدەیـن کـە لەڕاسـتیدا نـە شـەڕ بـوو، نـە ڕێککەوتـن. گفتوگـۆی زۆر لەسـەر هەلومەرجـی قۆناغەکـە و هێـزی پێشـمەرگە و لایەنـی لاواز و بەهێزەکانـی مفاوەزاتەکـە کـرا. دوو، سێ هەڤاڵ نەبێت کـە داوای دەسـتبەجێ شـەڕکردنەوەیان لەگـەڵ بەعـس کـرد، هەمـوو فەرمانـدە سـەربازی و کادرەکان لەگـەڵ ئاشـتی و درێـژەدان بـە مفـاوەزات بـوون و پێیـان وا بـوو تـا تروووسـکاییەک ببینرێـت، شـەڕ لـە بەرژەوەندیمـان نییـە.

تا ئێمە لە گەشتەکەمان گەڕاینەوە، کۆنفرانسی سێ لە مێرگەپان لە نزیک شەدەڵە تەواو ببوو. سەرەڕای ئەو هەموو کاتەش کە لەبەر دەستی بوو، کۆنفرانس نەیتوانی ناکۆکی و کێشەکانی کۆنفراسی دوو چارەسەر بکات و بگرە لەم کۆنفرانسەدا ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵە قووڵتر و فراوانتر بوون و دواتر گەیشتە حاڵەتی لێکترازان. ئیدی ڕۆژ دوای ڕۆژ کەلێنی ناکۆکی و بێمتمانەیی و لێکدوورکەوتنەوەی نێوان برادەران زیاتر و زیاتر دەبوو؛ ناکۆکی سنووری برادەرانی سەرکردایەتی کۆمەڵەی تێپەڕاند و هاتەناو پێشمەرگە و کادر و فەرماندەکان.

بۆ نـەورۆزی سـاڵی ١٩٨٤، لـە (ڕادیـۆی دەنگی گەلی کوردسـتان)ەوە کۆمەلانـی خەڵـک ئاگادار کرانـەوە کـە بۆ یـادی جەژنـی نـەورۆز، یەکێتی ئاهەنگێک لە سـورداش سـاز دەکات. دیـار بـوو مـام جەلالیش وتارێـک پێشـکەش دەکات. دەیـان هـەزار کـەس

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئامادەی ئاهەنگەکە بوون و ئەوەش بۆ خۆی پەیامێک بوو بۆ بەعسییەکان کە خەڵکی کوردستان ئاشتیی دەوێت و پێداگرە لەسەر داواکانی.

لە وتارەکەیدا، مام داوای لە لایەنەکان- پارتی و شیوعی و سۆسیالیست و پاسۆک- کرد تا بێنە پێشەوە و پێکەوە هەموو دەست بخەینە ناو دەستی یەکتر و ئاشتبوونەوەی گشتی ڕابگەیەنین و پێکەوەو لە یەک سەنگەردا داوای مافەکانی گەلی کوردستان بکەین. خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە بەگشتی ئەو پەیامەیان پێ خۆش بوو و پشتیوانیان لێ کرد، ئەوەش بەو هیوایەی ئیتر کۆتایی بە شەڕی براکوژی بێت و قۆناغێکی نوێی پێکەوەیی دەست پێ بکات.

بێگومان ئەگەر ئاشتبوونەوەی گشتی سەری بگرتایە و هەموو لایەنەکان پێکەوە لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لەگەڵ بەعس گفتووگۆیان بکردایە، دەرفەتێکی لەبار درووست دەبوو بۆ بەدەستهێنانی ماف و داواکانی گەلەکەمان. لەو کاتەدا بەعس بە هۆی شەڕی لەگەڵ ئێران لەوپەڕی خراپیدا بوو؛ پێویستی زۆریشی بە کورد هەبوو تا لە ناوخۆدا لەو شەڕەدا پشتیوانیی بکات.

سەرەڕای ئەو هەموو گرفت و کۆسپانەی هاتنەسەر ڕێی گفتوگۆی نێوان یەکێتی و حکومەت، لە چەند کۆبوونەوەیەکی فروان و دیاریکراودا زۆربەی فەرماندەکان و بەشێکی سەرکردەکان ڕایانگەیاندا کە نەیاندەویست شەڕ هەڵبگیرسێتەوە و پێیان باش بوو هەرچۆنێک بووە درێژە بە گفتوگۆکان بدرێت؛ وەک گوتراویشتە "هەزاران کاتژمێر لە گفتوگۆ سەدان جار باشترە لە ساتێک یان ڕۆژێک شەڕ."

لە کاتی گفتوگۆدا، عێراق هەندێک ئازووقەی دەنارد کە شتێکی ئەوتۆ نەبوو. ئێمە چاومان لە پەیداکردنی چەکی پێویست و تەقەمەنی بوو. هەر دوای چەند مانگێک لە مفاوەزات، زۆرمان لە فەرماندەکان دەمانزانی عێراق هیچ بۆ کورد ناکات و شەڕ دەست پێ دەکاتەوە؛ یەکێتییش نایەوێت بەتەنیا لە پرۆسەیەکی مفاوەزاتدا بێت کە حیزبەکانی تر دژی بن. دەبوو یەکێتی لەوە نەترسایە و هەر لەیەکەم ڕۆژەوە ڕێککەوتنی بکردایە، بۆیە ئیتر ئێمە چاومان لەسەر کۆکردنەوەی زانیاریی زۆر بوو لەسەر مەعسکەراتی جەیش و مقەڕاتی بەعس لە شار و ڕەبایەکانی دوژمن، لە هەمان کاتیشدا پەیداکردنی تەقەمەنی و پێویستی تر. هەر واشمان کرد؛ کاری زۆرمان لەسەر هەموو ئەوانە کرد و دواتریش لە هەڵگیرسانەوەی شەڕدا سوودی زۆرمان لێ بینین.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مـام جـەلال و مەکتەبـی سیاسـی سـێروان و سووورداشـیان چـۆڵ کـرد و بارەگاکانیـان بـردەوە مەرگـە و ئـاوەژێ؛ دواتریش چوونـە یاخسـەمەر. برووسـکەم بـۆ کـرا بچـم بـۆ سـێروان و بـۆ کارێـک سـەردانی مـام بکـەم. بـە سـەیارە لـە پـردی تەگـەران بەدیـار چـاوی سـەربازەکانەوە پەڕینـەوە بـۆ هۆمـەراخ. ئـەو کاتە ئـەو نـاوە هەمـووی ڕەبایـەی جەیـش بـوو بـەڵام نەیاندەویسـت لەگـەڵ پێشـمەرگە گرفـت و ئاڵـۆزی درووسـت بکـەن. بـە دۆڵـی جافایەتیـدا بـە قومەرغـان و مـەولان بـەو جـادە گڵـەدا چووینـە سـەر جـادەی بنگـرد و لەوێشـەوە بـەرەو سـێروان. ئـەو کات سـەیارەی زۆر بـاش و نوێمـان هەبـوو، کـە هەموویمـان پێـش مفـاوەزات لـە دوژمـن گرتبـوو. ئـەم سـەیارە یابانییانـە بـە هەمـوو ڕێگەیەکـدا دەڕۆیشـتن. زۆربـەی ڕێگـەکان خـۆڵ بـوون. لـە سـێروان چوومـە لای مـلازم عومـەر، کـە بەرپرسـی مەکتەبـی عەسـکەری بـوو. مقـەڕ و ماڵـی لـە ئـاوەژێ بـوو. پێکـەوە چووینـە لای مـام جـەلال. مـام گوتـی، "دەزانـی بـۆ ناردوومـە بەدواتـدا؟" گوتـم، "نەخێـر." گوتـی، "دەستنیشـانم کـردووی تـا ببیتـە فەرمانـدەی تیپـی ٤٧ی پیرەمەگـروون." گوتـم، "جەنابتـان ئەمـر دەکـەن. مـن پێشـمەرگەی کوردسـتانم و بـۆ هەرکوێ بنێردرێـم و لـە هەرشـوێنێک پێویسـت بێـت، فەرمـان جێبەجـێ دەکـەم، بـەڵام یـەک داوام هەیـە لێـم قبـووڵ بکـەی،" مـام فەرمـووی لـێ کـردم داواکـەم بکـەم، منیش گوتـم، "کاک ئـاوات قارەمانـی هاوڕێمـە و لـە زۆر قۆناغیشـدا بەرپرسـم بـووە. پێـش ئـەوەی بڕیارەکـە بـدەم، دەمـەوێ ڕایەکـی ئەویـش وەربگـرم و نامـەوێ دڵـی لێـم عاجـز ببـێ. کـە گەڕامـەوە، دەچمـە لای و لەوێـوە برووسـکە بـۆ بەڕێزتـان دەکـەم." مـام گوتـی، "ئێمـە بڕیـاری گۆڕینیمـان داوە، بـەڵام بـڕۆ بـە دڵـی خـۆت قسـەی لەگـەڵ بکـە و ئاگادارمـان بکـەرەوە." مـام تـا ڕادەیـەک داواکەمـی پـێ سـەیر بـوو، چوونکـە ئـەو تیپـە داوای زۆر لەسـەر بـوو، مـن خـۆم نـە باسـم کردبـوو، نـە داواشـم کردبـوو، تەنانـەت بیریشـم لـێ نەکردبـۆوە. مـام جـەلال و کـاک نەوشـیروان چاویـان لەسـەر هەمـوو کەسـەکان و تواناکانیـان بـوو. خواحافیزیـم لـە مـام کـرد و نیـوەڕۆ لای کـاک مـلازم عومـەر نانمـان خـوارد. چەنـد فەرماندەیەکـی پێشـمەرگە لـەوێ بـوون، کـە باسـی بڕیـاری چوونـم بـۆ تیپـی ٤٧ کـرا، گوتیـان چەنـد فەرماندەیەکـی تـر لـە هەوڵـدان و داوای ئـەو شـوێنە دەکـەن. هاوڕێیەکـی خـۆم لـەوێ بـوو؛ بـە مـلازم عومـەری گـوت، "کاک عومـەر، دیـارە ئێمـە جـاو دەنێینـەوە، ئـەو هەمـوو

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

جاره بانگمان دەکەن بۆ سەرتیپی و هەروا دەگەڕێینەوە." ئیتر بوو بە پێکەنین. ملازم عومەر گوتی، "مام فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەیە و بڕیار ئەو دەیدا." مام جەلال و کاک نەوشیروان و ملازم عومەر پێکەوە قسەیان لەسەر ئەو بابەتە کردبوو و بڕیاری دانانی منیان بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون دابوو. دواتر سەردانی کاک نەوشیروانم کرد تا لەسەر ئەو بابەتە قسەی لەگەڵ بکەم، ئەو گوتی، "پێم خۆشە و ئەوە رای منیشە، بەڵام گوتومە مام جەلال پێم باشە رایەکی خۆیشی وەربگرین." گوتم، "هەرچی ئێوە بڕیار بدەن وەک فەرمان جێبەجێی دەکەم، بەڵام ئەو داوایەم لە مام جەلال کردووە، ئەوە ئێستا لە بەڕێزیشتی دەکەم. کاک نەوشیروان گوتی، "ئەوەیان کەیفی خۆتە."

بە ڕێی خۆماندا گەڕاینەوە. کاک ئاوات قارەمانی لە (گوندی باڵخ)ی دۆڵی جافایەتی بوو. سەردانم کرد و بابەتەکەم بۆ باس کرد؛ بەئامانەتەوە گوتم، "ئەگەر نابەدڵ و نارەحەت بی لەو بڕیارە، ئەوا هەرگیز نایەم بۆ تیپی ٤٧ و نامەوێ دڵی ئێوە بشکێ. بە جەنابی مام و برادەرانم گوتووە دوای بینینی تۆ ئینجا من بڕیاری بەڵێ و نەخێر دەدەم و بە برووسکە بۆیان دەنێرم." کاک ئاوات گوتی، "ئەوان من هەر دەگۆڕن. تۆ هاوڕێمی و زۆرم پێ خۆشە و بەخێر بێی." ئینجا بەردەوام بوو گوتی، "ئەوەی من بیستبووم دوو برادەری تر باس دەکران بۆ سەرتیپیی ئێرە. تۆ هاوڕێمی و لە هەمووان پێم خۆشترە تۆ بی." گوتم، "ئەوەی پێتان دەڵێم ئەوەیە کە ئەمڕۆ جەنابی مام و کاک نەوشیراون و ملازم عومەر پێیان ڕاگەیاندوم." دوای تەواوبوونی قسە و گفتوگۆکانمان لەگەڵ کاک ئاوات، هەر بە جادەی گڵدا و بە ڕێی کارێزە کۆن و مۆکەبەدا و لە تەگەرانەوە پەڕینەوە بەری شارباژێڕ و چوومەوە سیتەک.

خۆلادانمان لە جادەی قیری کارێزە و سوورەقەڵات و قەڵاچوالان بۆ ئەوە بوو لەگەڵ سەیتەرەکانی بەعس تووشی کێشە نەبین. تا ئەو کاتەش لەلایەن هەر دوو لاوە جۆرێک لە ئاگربەست پەیڕەو دەکرا. چووینەوە ماڵ و مقەڕ لە سیتەک. برووسکەم بۆ ملازم عومەر کرد و داوام لێ کرد جەنابی مام ئاگادار بکات کە ئامادەم بۆ ئەرکی نوێ و کەی فەرمانیان دەرکرد، ئاگادارم بکەنەوە تا بچم و پەیوەندیی بە تیپی ٤٧وە بکەم. هەر زوو بە نووسراوی تایبەتی مەکتەبی عەسکەری بڕیاری بوونم بە فەرمادەی تیپی ٤٧ دەرکرا و ئاراستەی مەڵبەندی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دوو، کە بارەگاکەی لە سەرگەڵوو بوو، کرا؛ وێنەیەکیشیان بۆ خۆم نارد. ئیتر وردە وردە خۆم کۆکردەوە و یەک پیکاب گوللە ئارپیجی و فیشکم- لەوانەی مفاوەزاتەکەدا پەیدام کردبوون- لەگەڵ خۆم برد و پەیوەندیم بە تیپی ٤٧ی پیرەمەگروونەوە کرد.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وتەی کۆتایی

ئەو چەند ساڵەی فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بووم، ڕووداو و بەسەرهات و شەڕی خوێناویی زۆرمان لەگەڵ سوپای داگیرکەر کرد و سەرکەوتنی گەورە و دەستکەوتی سەربازی و پێشمەرگایەتی کەموێنەمان بەدەست هێنا. بەشداریی سەرەکیمان لە شەڕەکانی قەیوان-ماوەت و (داستانی ڕزگاری)دا کرد و پێکەوە لەگەڵ فەرماندە و پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٤٧ و فەرماندە و پێشمەرگەکانی تیپەکانی تری هێزی پێشمەرگەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، زۆر دەستکەوت و سەرکەوتنی مێژووییمان تۆمار کرد. لە مەیدانی شەڕی ناوشار و شەڕی جەبهەیی و ڕووبەڕووشدا، بۆ پاراستنی سنووری سەرکردایەتی و ناوچەکە لە هێرشی سوپای داگیرکەر لە حەسەن بەگ و کارێزە و قەرەداغ و ولاغلوو و قەیوان، کاری گەورەمان کرد و شەڕی سەختمان لەگەڵ چەند فیرقەیەکی سەربازیی پڕچەکی خاوەن توانای سەربازیی بێسنوور کرد. هەموو ئەمانە ناو و ناوبانگی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروونیان گەیاندە ئاستێکی باڵای شانازیکردن بە جوامێریی پێشمەرگە و فەرماندەکانییەوە. ناسناوی 'شۆڕشی سەرتیپ' بە ئێمە بەخشرا، کە ئەوە بۆ تەمەنم شانازییەکی گەورەیە، بێگومان ئەوەش دوای تۆمارکردنی ئەو هەموو داستانە لە ئازایەتی و دەستکەوت و چەندین جار بریندار بوون و گەڕانەوە لە مەرگ لەگەڵ هاوڕێکانم و پێشمەرگە فیداکارەکانی تیپەکەمان. هەموو پێکەوە مێژوویەکی دروشاوەمان بۆ کورد و یەکێتی و نەوەکانی داهاتوو تۆمار کرد.

❊❊❊

بەهۆی سەرقاڵیم بە کارەکانی (وەزارەتی پێشمەرگە)وە، نەمتوانی قۆناغی یادەوەرییەکانم لە سەرەتای دەستبەکاربوونمەوە وەک سەرتیپی تیپی ٤٧

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

تـا ئەنفالـی بەدنـاو و ڕاپەڕیـن لـەم بەرگـەدا تۆمـار بکـەم، بـەڵام خۆشـبەختانە ڕەشنووسـەکەم تـەواو کـردووە و پشـت بـە پـەروەدگاری میهرەبـان لـە دەرفەتێکدا تـەواوی دەکـەم و دەیخەمـە بەردەسـتی خۆشەویسـتانی تینـوو بـە زانیـاری لەسـەر دیوێکی بەرگریی کەموێنـەی پێشمەرگەی کوردسـتان لـە قۆناغێکی هـەرە سـەختی خەباتـی سیاسـیی چەکداریـی میللەتەکەمانـدا. خەباتـی ئێمـە بەرانبـەر سـوپایەکی زەبەلاحـی داگیرکـەر بـوو، سـوپایەک کـە جگـە لـە توانـای خـۆی، پشـتیوانیی نێودەوڵەتییشـی هەبـوو.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

مەبەستمە زۆر سوپاسی بەڕێز دکتۆر مەجید سالح بکەم، کە دوای خوێندنەوەی کتێبەکە، چەندین پێشنیازی بەسوودی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم کتێبە خستە بەردەستم و سوودم لە تێبینییەکانی بینی. دەستخۆشیی لێ دەکەم.

زۆر سوپاسی دکتۆر جوتیار ژاژڵەیی دەکەم کە هەڵەبڕی و پێداچوونەوەی زمانی بۆ کتێبەکە کرد. لە ناخی دڵمەوە سوپاسی ماندوونەبوونیان دەکەم.

سوپاس و پێزانینی بێئەندازەم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی بە هەر جۆرێک هاوکارم بوون لە نووسینەوەی ئەم بەشەی یادەوەرییەکانمدا.

سوپاسی تایبەتی هاوسەری خۆشەویستم و منداڵەکانم دەکەم کە زۆربەی کاتەکانی ئەوانیشم بۆ خۆم برد. سوپاس کە کەشێکی وایان بۆ درووست کردم بتوانم یادەوەرییەکانم بنووسمەوە و کارە بگەیەنمە کۆتایی.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

وێنەکان

وێنەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



باوکم- شەهید ئیسماعیل عەبدوڵڵا

دایکم- (عائیشە حەسەن محەمەد)، فریشتە فریادڕەسەکەی ژیانمان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



شەهیدی جوانەمەرگ محەمەد ئیسماعیلی برام



لەگەڵ بەختیاری برام لە ناوزەنگ، ساڵی ١٩٨١

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ساڵی ١٩٨١ بەیانە و دەرەمیانە - ئەوەی دواوە جوامێری سەرتیپ، لە چەپەوە فایەق کانی دڕکەیی، شۆڕش ئیسماعیل، بەختیار ئیسماعیل، ئەوەی دانیشتووە پێشمەرگەیەکە کە ناوی نایاتەوە یادمان.



لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال،

کۆبوونەوەی فراوانی کادرانی کۆمەڵە لە گوندی شێنێ- ١٩٧٨

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

دووکانی عوسمانی مام عەلی – بەرانبەر حەمامی بەرخی- گەڕەکی حاجی حان، ١٩٦٧

لە چەپەوە: کاک عوسمانی مام عەلی، کاک ئارامی حەمەسەعید بەگ، کاک هیوای ڕەئوفی عەلی فەنی، کاک حاجی ئاسۆ، شۆڕش ئیسماعیل، کاک عومەری مروور، ئاسۆی ڕەئوفی عەلیە فەنی، کاک ڕەحمان ئەحمەد عەلیە فەنی

لە چەپەوە: کاک فوئاد یاسین، کاک ملازم عومەر، کاک بەکری حاجی سەفەر، شۆرش ئیسماعیل- نۆکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

هەرەوەزی درووستکردنی بارەگای نوێی کاک نەوشیروان مستەفا-
ناوزەنگ، ١٩٨١

مام جەلال، کاک سەلاح چاوشین، کاک ئەنوەر حەسەن، مامۆستا عەبدوڵڵا، شۆڕش
ئیسماعیل، مامۆستا سۆران- کۆتاییی خولی ڕاهێنانی سەربازیی مالیمۆز،
ساڵی ١٩٨١

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەچەپەوە: ١-کاک بەکری حاجی سەفەر ٢- کاک سەڵاحی موهەندیس٣- کاک حەمەی تەیب ٤- کاک ملازم عومەر ٥- نەناسراو ٦- کاک وەهاب ٧- مام جەلال ٨- شۆڕش ئیسماعیل ١١- کاک جەمالی حەمەی خوا کەرەم ١٢- کاک عەبدوڵای حاجی عەزیز- بەردەپانی بێوران، ساڵی ١٩٨٠،
دوای چارەسەری کێشەکانی هەرێم.



لەگەڵ کاک ملازم عومەر- ناوزەنگ، ١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ناوزەنگ، زستانی ١٩٨٠



بارەگای کاک نەوشیروان - ساڵی ١٩٨١

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



لەگەڵ کاک عەلی ئامەخان – ناوزەنگ، ١٩٧٩



لەگەڵ مامۆستا سەلام عەبدوڵڵا- ناوزەنگ

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



شۆڕش ئیسماعیل- شارباژێر، ١٩٧٩

شۆڕش ئیسماعیل، خاڵە نەبەز

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەڕاستەوە : کاک کامەران حەمە صاڵح، کاک فەرەیدون حەمە صاڵح، شۆڕش ئیسماعیل- شاری بانە، ساڵی ١٩٨٠

لە ڕاستەوە: کاک شەوکەتی حاجی موشیر، شۆڕش ئیسماعیل، کاک حەمەی حاجی سابیر- شاری بانە، کۆتاییی ساڵی ١٩٧٩

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



کاک شەوکەتی حاجی موشیر، شۆڕش ئیسماعیل

لە ڕاستەوە: کاک عوسمانی قادر منەوەر، ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان، شۆڕش ئیسماعیل، شەشەم لە وێنەکە: کاک عومەر، هەشتەم: خاڵە نەجم وەندەرێنەیی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگەڵ پێشمەرگەی کەرتەکەمان – ناوچەی شارباژێر

لەڕاستەوە: شۆڕش ئیسماعیل، کاک فەرەیدون حەمە ساڵح، عەبدوڵا بچکۆل- شاری بانە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له ڕاستەوە: هاوڕێ کامەران، کاک بەکری حاجی سەفەر، ئاوات شێخ جەلال، شۆڕش ئیسماعیل



کاک ئەبو شەهاب، کاک جەمالی عەلی باپیر، شۆڕش ئیسماعیل

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



شۆڕش ئیسماعیل

لەڕاستەوە: دانیشتووان یەکەم؛ موکەڕەم دەلوجەی،

ڕیزی پشتەوە لە چەپەوە: کاک عەلی شامار، کاک سورکێو، شۆڕش ئیسماعیل

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له چەپەوە: کاک ئازاد سەگرمە، مامۆستا ساڵح عەبدوڵڵا، مامە قالە، شۆڕش ئیسماعیل- بارەگای کاک نەوشیروان، تووژەڵە ساڵی ١٩٨٠

شۆڕش ئیسماعیل لەگەڵ کاک محەمەدی حاجی سابیر، ١٩٧٩

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شۆڕش ئیسماعیل- بانە ساڵی، ١٩٨٠



کاک سەلاح چاوشین، هاوڕێ و سەرکردە و فەرماندەی ڕۆژگارە هەرەسەختەکانی
خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەڕاستەوە: کاک شێخ طالب بەرزنجی – کاک وەهاب شێخ ئەحمەد – شۆڕش ئیسماعیل- ١٩٧٩

لە چەپەوە: کاک وەهاب، گۆردە، کاک حەمە جەزای هونەرمەند، کاک سەلاح چاوشین، شۆڕش ئیسماعیل- شارباژێری سەخت، ١٩٨١

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له ڕاسته‌وه: کاک وه‌هاب، کاک شێخ ئیبراهیم، شۆڕش ئیسماعیل، کاک جه‌مالی
عه‌لی باپیر، دکتۆر شێرکۆ- ناوچه‌ی ئالان – کۆتاییی ١٩٧٩

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



لە ڕاستەوە: کاک دانای ئەحمەد مەجید، شۆڕش ئیسماعیل، کاک ئەنوەر حەسەن-
تاران، کۆتاییی ساڵی ١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ڕاستەوە: کاک شازاد صائیب، شۆڕش ئیسماعیل، دکتۆر ئیبراهیم (بلەڕەش)-
سووریا، دیمەشق، ساڵی ١٩٨٠

شۆڕش ئیسماعیل لەگەڵ مامۆستا سەیفەدین هاواری

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



کاتی گفتوگۆی ئێمە و ڕژێمی عێراق لەگەڵ کاک عەبدولڕەزاق کۆیی- سووورداش
ساڵی ١٩٨٤



نۆکان – شەهید ساجد کەرکووکی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له چەپەوە: کاک وەهاب، کاک فەرەیدون حمەصاڵح، هاوڕێ کامەران، شۆڕش ئیسماعیل، هاوڕێ سۆران، کاک پشکۆ ناکام، کاک عوسمان کاژاوی



له ڕاستەوە: کاک هەڵۆی ئەحمەد سمێل، مامۆستا سەرکەوت (هەڵەبجە)، وەستا شیروان، شۆڕش ئیسماعیل- یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



ناوزەنگ – بارەگای کاک نەوشیروان

مام حەسەن ناسراو بە (حەسەنە شێت) – شارباژێری سەخت

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

له ڕاستەوە: کاک نەوزادی نوری بەگ، کاک فەرهەنگی وەستا تۆفیقی کەبابچی،
شۆڕش ئیسماعیل، مام هێرش.

له چەپەوە: کاک بەختیار مستەفا، شۆڕش ئیسماعیل، پێشمەرگەیەک- مالیمۆس -
بارەگای کاک نەوشیروان، ١٩٨١

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شۆڕش ئیسماعیل- شاربازێری سەخت، ١٩٨٢



لەگەڵ کاک ئاوات قارەمانی- تاران، ١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



ڕاگەیاندنی بەرەی نیشتمانی قەومی دیموکراتی (جوقد)- سووریا – دیمەشق، ١٩٨٠

مام جلال لە ڕاگەیاندنی بەرەی نیشتمانی قەومی دیموکراتی (جوقد)- سووریا –
دیمەشق

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگەڵ کاک مەحمود حاجی فەرەجی کۆکۆیی- تاران، کۆتاییی ١٩٨٠



شۆڕش ئیسماعیل، یەکێک لە مەعسکەرەکانی فەڵەستینییەکان – باشووری لوبنان،
ساڵی ١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



شۆڕش ئیسماعیل، یەکێک لە مەعسکەرەکانی فەڵەستینییەکان – باشووری لوبنان، ساڵی ١٩٨٠

لە ڕاستەوە: کاک سەڵاح چاوشین، کاک ئەسکەندەر، شۆڕش ئیسماعیل، کاک حامیدی حاجی غالی، کاک ئەنوەر حەسەن- مەعلوولە – سوریا، ١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



لەگەڵ یەکێک لە فەرماندە فەڵەستینییەکان- باشووری لوبنان



لەگەڵ کاک حەمەسەعید قەڵەو- سووریا – دیمەشق، کۆتاییی ساڵی ١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لەگەڵ کاک شاخەوان عەباس- باشووری لوبنان، ١٩٨٠



شۆڕش ئیسماعیل- باشووری لوبنان، ١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



شۆڕش ئیسماعیل- کۆتاییی خولی سەربازی- بەیروت، ١٩٨٠



کاتی برینداریی کاک عومەری سەید عەلی، سووریا – دیمەشق، ١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شۆڕش ئیسماعیل- باشووری لوبنان، ١٩٨٠

لە ڕاستەوە: کاک حەمەسەعید قەڵەو، مامۆستا ئەنوەر (ڕەفیق عەبدوڵڵا سەبری)، دکتۆر شادمان مەستی، کاک ئاوات قارەمانی، کاک حامیدی حاجی غالی، شۆڕش ئیسماعیل- تاران، کۆتاییی ١٩٨٠.

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شۆڕش ئیسماعیل- باشووری لوبنان، ١٩٨٠

لەڕاستەوە : مامۆستا ئەنوەر، کاک شاخەوان عەباس، شۆڕش ئیسماعیل، کاک ئەسکەندەر، کاک حامیدی حاجی غالی

ڕاوەستاوەکان لە چەپەوە: کاک ئازادی سەگرمە، فەرماندەیەکی فەڵەستینییەکان، کاک دانای ئەحمد مەجید، کاک ئاوات قارەمانی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شۆڕش ئیسماعیل- باشووری لوبنان، ١٩٨٠

شۆڕش ئیسماعیل له باشووری لوبنان، ١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

شۆڕش ئیسماعیل لە باشووری لوبنان –١٩٨٠

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

لە ١٢ی مایسی ساڵی ١٩٨٠دا، دوو کۆپتەری جەنگی و چوار کۆپتەری بارهەڵگری پڕ لە سەرباز لە شارباژێڕی سەخت گەمارۆی مەرزی چاڵەخەزێنە دەدەن. سەربازەکانی بەعس دادەبەزن و دەستبەجێ دەیان ئەسپ و هێستری خەڵکی ناوچەکە بەر فیشەک دەدەن، کەپر و چادرەکان بە هەموو ئەشیاکانی ناویانەوە دەسووتێنن، چەندین سەیارەی شۆفرلێت و تویێتا و تراکتۆر دەسووتێنن و دواجاریش ١٨ هاووڵاتیی بێتاوان بەقۆڵبەستکراوی لەگەڵ خۆیان دەبەن. هەر ئەو شەوە، دوژمن لە سەربازگەیەکی نزیک پێنجوێن هەر ١٨ هاووڵاتییەکە بە ئەشکەنجەیەکی زۆر شەهید دەکات و دواتر بە دەست و پەنجەی بڕاو و چاوی هەڵکۆڵراوەوە دەیانهێننەوە بۆ چاڵەخەزێنە. پاشان خەڵکی دڵسۆزی گوند بەخاکیان دەسپێرن. ئەو پۆلە شەهیدە یەک شەهیدیان خەڵکی چاڵەخەزێنەیە و ئەوانی دیکە هەریەکەو ڕۆڵەی جێیەکی تری ئەم کوردستانەیە و بۆ کاسبی هاتووەتە ناوچەکە؛ بەڵام بۆ دوژمن خاڵی هاوبەشی هەموویان ئەوەیە 'کورد'ن!

ئەم کتێبە دڵۆپێکە لە دەریای گیانی بەرگری و فیداکاری و کۆڵنەدانی ئێمە و دەیان هەزار تێکۆشەر و فیداکاری گەلەکەم؛ لە هەمان کاتیشدا مشتێکە لە خەرواری داگیرکاریی بەعس و چەوساندنەوەی نەتەوەکەم و سڕینەوەی نیشتیمانەکەم. خۆم لە زۆبەری ئەو چیرۆکانەدام کە تۆمارم کردوون، بەتایبەت ئەوانەی تایبەتن بە سەرەتاکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری. لە دووتوێی لاپەڕەکانی کتێبەکەدا ڕۆژەکان دێن و دەڕۆن؛ لە هەر یەکێکیشیاندا سوپای داگیرکەر و جاشەکان دەیان چیرۆکی پڕتراجیدیا و خوێناویی ئەنجام دەدەن. پاڵەوانی چیرۆکەکان خەڵکی کوردستانن؛ دایکانی بێدەرەتان و ناخهەڵقرچاوی چاو-بە-فرمێسکن، بەزیو و شکسخواردووەکانیش بەعسییەکانن، کە سەرگەرمی وێرانکردنی کوردستان بوون؛ ئەو جاشانەش کە بێباکانە پارەی خوێناوییان دەخستە تەنگەی باخەڵیانەوە.

٢٠٢٥

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM